# ئێرانی

# سەردەمی پادشایەتیی قاجاران

(سەدەی سێزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی چاردەهەمی کۆچی)

نووسەر

عەلیئەسغەر شەمیم

وەرگێر

سەلاحەددین ئاشتی

بنکەی ژین

بنکەی ژین

پرۆژەی هاوبەش

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکەی ژین: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٨٢
کتێب: ئێرانی سەردەمی پادشایەتی قاجار (سەدەی سێزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی چاردەهەمی کۆچی)
دانەر: عەلی ئەسغەر شەمیم
وەرگێر: سەلاحەددین ئاشتی
پێتچن: پەروین پیرەبابی
بەرگ: ئاوات حەکیمزادە
ساڵ و شوێنی چاپ: تاران، ٢٠٢١
تیراژ: ٧٥٠
نرخ: ٩٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٣٢١ی ساڵی ٢٠١٩ی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

سەرچاوە: علی‌اصغر شمیم. ایران در دورەی سلطنت قاجار (قرن سیزدهم و نیمەی اول قرن چهاردهم). چاپ ششم. ١٣٩٠ خورشیدی. تهران. انتشارات زریاب.

تێبینی: کەسانی سەر رووبەرگەکە بریتین لە: ئاقامحەممەدخان، فەتحعەلیشا، محەممەدشا، ناسرەددینشا، موزەفەرەددینشا، محەممەدعەلیشا، ئەحمەدشا، مەهدی عولیا، سەید جەمالەددین ئەسەدئابادی و ئەمیرکەبیر، پشتبەگ: ڕۆژنامەکانی سەردەمی قاجاران.

**بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین**

عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی، شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ پەرانان
ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦١ - یان ٠٧٧٠٤٥٣٣٨٩٦ - ص.پۆست: ١١ بەختیاری

ئاونیشان: zheen@zheen.org پێگە: www.zheen.org

---

**بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید**

زنجیرە: ٧٠

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: شەقامی سالم. بەرامبەر بە ماکسیمۆڵ

# پێڕست


پێشەکی ..... ۱۲
ئاوردانەوەیەک بۆ سەر رابردوو ..... ۱۳
چەند لایەنێکی فرەچەشنی بزووتنەوەی خێڵاتان ..... ۱۵


## بەشی ۱


هەڵپە و هەڵسووڕانی قاجارەکان لەپێناو فەرمانڕەوایەتیدا ..... ۱۹
بنەچەکەی قاجارەکان ..... ۱۹
ئاشاقەباش یان قۆیووتلوو ..... ۲۳
پەیوەندی و نێوانی سەرۆکانی ئاشاقەباش لەگەڵ شاتزماسبی دووهەم ..... ۲٤
یەکەم کەس کە دەکەوێتە بەر زەبری دەسەڵاتپەرستانەی نادر و... ..... ۲۵
محەممەدحەسەنخان دەکەوێتە سەر رچە و رێبازی تۆڵە ..... ۲۷


## بەشی ۲


جووڵانەوەی چەکدارانەی قاجارەکان ..... ۲۹
داگیرسانی کێشە و ملانەی نێوان خانەکان یان زۆرەوانیی مابەینی... ..... ۲۹
گیرانی ئیسفەهان ..... ۳۰
شەڕی سێجارە لەگەڵ خانی زەند ..... ۳۲
ئاکامی هەڵوێستی نەرمونیانی کەریمخان سەبارەت بە قاجاران ..... ۳٤
یەکەمین پادشای بێ تاج و تەختی قاجار ..... ۳٤
رەخسانی هەلی لەبار بۆ قاجاران ..... ۳۵


## بەشی ۳


پێکهاتنی حکوومەتی قاجار (۱۱۹۳-۱۲۰۹ی ک/۱۷۷۹- ۱۷۹٤ی ز) ..... ۳۷
تێکهەڵچوون لەگەڵ جێنشینەکانی کەریمخان ..... ۳۷
سەرەتای هەوڵەکانی ئاغامحەممەدخان (۱۱۹۳-۱۱۹۸ی ک/۱۷۷۹- ۱۷۸۳ی ز) ..... ۳۸
زۆرانبازی و ملانەی نێوان دوو خەنیم (۱۲۰۳-۱۲۰۹ی ک/۱۷۸۸- ۱۷۹٤ی ز) ..... ۳۸
شەڕی یەکەمجار (۱۲۰۳ی ک/۱۷۸۸ی ز) ..... ۳۹
شەڕی دووهەمجار (۱۲۰۵- ۱۲۰٦ی ک/۱۷۹۰- ۱۷۹۱ی ز) ..... ٤۰
کارەساتی کرمان (۱۲۰۸- ۱۲۰۹ی ک/۱۷۹۳- ۱۷۹٤ی ز) ..... ٤۲
پەلاماردانی قەفقاز (۱۲۰۹ی ک/۱۷۹٤ی ز) ..... ٤٤
گیرانی تفلیس (۱۲۱۰ی ک/۱۷۹۵ی ز) ..... ٤۵
تاج لەسەرنانی ئاغامحەممەدخان (۱۲۱۰ی ک/۱۷۹۵ی ز) ..... ٤٦

### بەشی ۴

خولی یەکەمی فەرمانڕەوایەتیی قاجاران(١٢١٠-١٢٥٠ی ک/١٧٩٥-١٨٣٤ی ز)..........٤٧
ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات..........٤٧
ئاغامحەممەدشا..........٤٧
لەشکرکێشانی ئاغامحەممەدشا بۆ سەر خوراسان(١٢١٠ی ک/١٧٩٥ی ز)..........٤٨
شەڕەکانی قەفقاز..........٤٩
هەڵوێست و سیاسەت و تایبەتمەندییەکانی ئاغامحەممەدخان..........٥١
فەتحعەلیشا..........٥٥
چۆنیەتیی بارودۆخی سەردەمی فەتحعەلیشا..........٥٥
ڕووداوە گرینگەکانی نێوخۆی خوراسان و هەرات..........٥٧
ڕاپەڕینەکانی نێوخۆی وڵات..........٦٠

### بەشی ٥

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ فەرانسە و ئینگلیس..........٦٣
سەرەتا..........٦٣
پەیوەندییەکانی ئێران و فەرانسە..........٦٦
سەرەتای پەیوەندییەکان..........٦٦
پەیماننامەی فینکێنشتاین..........٦٨
ئەرک و ڕاسپاردەکانی ژەنەراڵ گاردان..........٧٠
هاتنی شاندی فەرانسەوی..........٧١
کار و چالاکییەکانی شاندی فەرانسەوی لە خاکی ئێراندا..........٧٢
بۆچی گاردان بە سەر ناکامیدا کەوت؟..........٧٣
پەیوەندییەکانی ئێران و ئینگلستان..........٧٧
سەرەتای پەیوەندییەکان و یەکەمجار کە سێر جان مەلکوم..........٧٧
کوژرانی باڵوێزی ئێران لە هیندووستان..........٧٩
پچران و تێکچوونی پەیوەندییەکان (١٢١٩-١٢٢٢ی ک/١٨٠٤-١٨٠٧ی ز)..........٨٠
ڕاسپێردرانی هارفۆرد وەکوو باڵوێز(١٢٢٣-١٢٢٤ی ک/١٨٠٨-١٨٠٩ی ز)..........٨٣
ناردنی باڵوێز بۆ ئینگلستان..........٨٥
سێر جان مەلکۆم بۆ سەری سێجارە وەک باڵوێز دەنێردرێتەوە ئێران..........٨٦
گەڕانەوەی باڵوێزی ئێران لەگەڵ باڵوێزی تازەی ئینگلیس..........٨٧
پەیماننامەی ئێران و ئینگلیس..........٩٠

### بەشی ۶

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا..........٩٣
خولی یەکەمی شەڕەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا..........٩٣
بۆچی شەڕ هەڵگیرسا؟..........٩٣

باروودۆخی سیاسیی گورجستان ..... ٩٤
پەلاماری سپای رووس بۆ سەر گەنجە (شەشەکانی ١٢١٨ی کۆچی) ..... ٩٦
شەڕەکانی ساڵی ١٢١٩ (شورەگۆل – ئیرەوان) ..... ٩٧
تێکهەڵچوونەکانی عەسکەران، گەنجە و بادکووبە ..... ٩٩
شەڕەکانی ساڵانی ١٢٢٢- ١٢٢٨ی ک/١٨٠٧- ١٨١٣ی زایینی ..... ١٠١
خولی دووهەمی شەڕەکانی نێوان ئێران و رووسیا ..... ١٠٥
گۆڕینەوەی باڵوێز و هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ ..... ١٠٥
پرەنس مینچیکۆڤ دەبێتە باڵوێز ..... ١١٠
شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی جاری دووهەم ..... ١١٣
پێشرەویی هێزەکانی رووس بەرەو پایتەخت ..... ١١٤
پەیماننامەی تورکمانچای (١٢٤٣ی ک/١٨٢٨ی ز) ..... ١١٥
گریبایدۆڤ دەبێتە باڵوێزی رووسیا ..... ١١٩

**بەشی ٧**

پەیوەندەییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی ..... ١٢٧
کێشەی مەزارگە پیرۆزەکان ..... ١٢٧
کێشەی حوکمڕانییەتیی سولەیمانی ..... ١٢٩
شەڕی مەریوان (١٢٢١ی ک/١٨٠٦ی ز) ..... ١٣٠
هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر بەغدا (١٢٢٧ی ک/١٨١٢ی ز) ..... ١٣٢
نەپسانەوەی شەڕ و تێکهەڵچوونی سەر سنوورەکانی خۆرنشین ..... ١٣٥
شەڕی تۆپراققەلا ..... ١٣٨
پەیماننامەی ئەرزەرۆم (١٢٣٩ی ک/١٨٢٣ی ز) ..... ١٣٩

**بەشی ٨**

خولی دووهەمی فەرمانڕەوایەتیی قاجاران ..... ١٤٣
پادشایەتیی محەممەدشا و ناسرەددینشا ..... ١٤٣
پادشایەتیی محەممەدشای دووهەم (غازی) ..... ١٤٤
سەرهەڵدانی شازادەکان ..... ١٤٤
حکوومەتی سێ مانگەی شازادە زیللوسسولتان ..... ١٤٤
چەند کەسێکی دیکە کە خۆیان بە خاوەنی تەختی پادشایەتی دەزانی ..... ١٤٧
میرزا ئەبولقاسمی قایمەقامی فەراهانی ..... ١٤٨
حاجی میرزا ئاغاسی ..... ١٥١
گەمارۆی هەرات ..... ١٥٨
چالاکیی پیاوەکانی ئینگلیس ..... ١٦٦
راپەڕینی ئاقاخان ..... ١٦٨
سەید عەلیمحەممەدی باب ..... ١٧٢

ڕاپەڕینی سالار لە خوراسان .................... ۱۷۵
پادشایەتیی ناسرەددینشا (۱۲٦٤- ۱۳۱۳ی ک/۱۸٤۷- ۱۸۹۵ی ز) .................... ۱۷۸
پاڵدانەوەی ناسرەددینشا لەسەر تەختی پادشایەتی .................... ۱۷۸
ئەمیرکەبیر .................... ۱۷۹
برانەوەی ئاژاوەی سالار .................... ۱۸۳
چاکسازییەکانی ئەمیرکەبیر .................... ۱۸٤
کارەساتی کوژرانی ئەمیرکەبیر .................... ۱۹۱
هەڵسەنگاندنی ئەمیرکەبیر .................... ۱۹۷
شەڕی ئاقدەربەندی سەرەخس .................... ۲۰۳
گیرانی هەرات (۱۲۷۳ی ک/۱۸٥٦ی ز) .................... ۲۰۵

**بەشی۹**

بزووتنەوەی هزری و چاکسازییەکانی نێوخۆی وڵات .................... ۲۱۱
بزووتنەوەی هزری و سیاسی .................... ۲۱۱
پوختەی ژیان و بەسەرهات و بیر و بۆچوونەکانی سەید جەماڵەددینی ئەسەدئابادی .... ۲۱۳
سەرەتا .................... ۲۱۸
گەشتی ناسرەددینشا بۆ دەرەوەی وڵات .................... ۲۱۹
ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی بارگای بەرز .................... ۲۲۲
پۆست و تەلگراف .................... ۲۲۵
ڕێچکەی ئاسن [هێڵی شەمەندەفەر] .................... ۲۲۷
لێدرانی سکە .................... ۲۲۷
کاروباری فەرهەنگی .................... ۲۲۸
سپا .................... ۲۳۰
کوژرانی ناسرەددینشا .................... ۲۳٤
تایبەتمەندییەکانی ناسرەددینشا .................... ۲۳٤

بنکەی ژین

**بەشی ۱۰**

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی لە قۆناخی دووهەمی پادشایەتیی قاجاراندا
(۱۲۵۰- ۱۳۱۳ی ک/۱۸۳٤- ۱۸۹۵ی ز) .................... ۲۳۹
هێرشی سپای عوسمانی بۆ سەر خاکی ئێران .................... ۲۳۹
ڕاسپێردرانی موشیروددەولە وەک نوێنەری ئێران .................... ۲٤۰
ئەرک و ڕاسپاردەی وەزیرنیزام .................... ۲٤٤
لێکدانەوەی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم .................... ۲٤٦
میرزا محەممەدعەلیخانی شیرازی دەبێتە باڵوێز .................... ۲٤۹
ئەرک و ڕاسپاردەی موشیروددەولە .................... ۲٥۳
هەڵگێرانەوەی نەخشە و دیاریکرانی سنوور .................... ۲٥٥

## بەشی ١١

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئینگلیس لە قۆناخی دووهەمی پادشایەتیی قاجاراندا
١٢٥٠ - ١٣١٣ی ک/١٨٣٤ - ١٨٩٥ی ز) ........ ٢٦١
سەرەتا ........ ٢٦١
تێکچوونی پەیوەندییەکان ........ ٢٦٢
داگیرسانەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان ........ ٢٦٦
گیرانی خارک و قەومانی شەڕی بووشێهر ........ ٢٦٨
گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێک لە سەرچاوەکانی نێوخۆی وڵاتدا ........ ٢٧٢
شەڕی موحەممەرە و ئەهواز ........ ٢٧٦
پەیماننامەی پاریس (١٢٧٣ی ک/١٨٥٧ی ز) ........ ٢٧٧
پەرەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی ئینگلستان لە ئێراندا ........ ٢٨٠
بەندەرعەبباس و ئیمامی مەسقەت ........ ٢٨٣
کۆمەڵێک قاتی سیاسی و ئابووری ........ ٢٨٨
دامەزرانی بانکی شاهانشاهی ........ ٢٩٠
مافی ئاژۆتنی گەمی لە ڕووباری کاروون‌دا ........ ٢٩١

## بەشی ١٢

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا لە قۆناخی دووهەمی پادشایەتیی قاجاراندا
١٢٥٠ - ١٣١٣ی ک/١٨٣٤ - ١٨٩٥ی ز) ........ ٢٩٥
هاوکاریی نێوان ئێران و ڕووسیا ........ ٢٩٥
دەستدرێژی بۆ سەر سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران ........ ٢٩٧
دورگەکانی ئاشووراده ........ ٣٠١
سەیفولمەلیک دەبێتە باڵوێزی ئێران ........ ٣٠٥
ڕێککەوتننامەی ئێران و ڕووسیا سەبارەت بە گەشت و گەرانی... ........ ٣٠٧
کۆمەڵێک قان و پشکی ئابووری و سیاسی ........ ٣٠٧
ڕێچکەی ئاسن ........ ٣٠٩

## بەشی ١٣

پەیوەندیی نێوان ئێران و وڵاتانی ئورووپای ناوەندی و خۆراوایی و ئەمریکا
١٢٥٠ - ١٣١٣ی ک/١٨٣٤ - ١٨٩٥ی ز) ........ ٣١١
بەرایی ........ ٣١١
پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ بلژیک و ئیسپانیا ........ ٣١١
ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و بلژیک ........ ٣١١
ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و ئیسپانیا ........ ٣١٤
پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و فەرەنسە ........ ٣١٥

سەرەتا ........................................ ٣١٥
میرزا محەممەدخانی شیرازی دەبێتە ئێردراوی ئێران ........................ ٣١٨
داگیرسانەوەی پەیوەندییەکان و نووسرانی ڕێکەوتننامەی بازرگانی ........................ ٣٢١
درانی ئیزنی کاری شوێنەوارناسی و کەندەوکۆژە لە شووش ........................ ٣٢٤
ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکووری ........................ ٣٢٥
ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانی ........................ ٣٢٥

## بەشی ۱۴

سێهەم قۆناخی پادشایەتیی قاجاران (١٣١٣- ١٣٤٤ی ک/١٨٩٥- ١٩٢٥ی ز) ........................ ٣٢٩
پادشایەتیی موزەففەرەددینشا ـ قان و پاوان و قەرزەکان... ........................ ٣٣٠
پاڵدانەوەی موزەففەرەددینشا لەسەر تەختی دەسەڵات ........................ ٣٣٠
دەستاودەستکردنی پلەی سەرۆکوەزیرایەتی ........................ ٣٣٢
ڕەوشت و ئاکاری موزەففەرەددینشا و دۆخی بارگا ........................ ٣٣٥
بەخشرانی پاوانان ........................ ٣٣٨
سەرەتا ........................ ٣٣٨
لێدانی ڕێگاوبان ........................ ٣٤٠
کانگاکانی قەراجەداغ ........................ ٣٤١
ماسیگرتن ........................ ٣٤٢
کەندەوکۆژەی زانستی لە ئێراندا ........................ ٣٤٣
تەلگراف ........................ ٣٤٤
نەوت ........................ ٣٤٦
پێشینەی پاوانی نەوت ........................ ٣٤٦
نوێکرانەوەی پاوانی کانگاکان ........................ ٣٤٨
پاواننامەی دارسی ........................ ٣٥٠
دەستپێکردنی کار و وەسەریەکنانی سەرمایە ........................ ٣٥٧
بەرەوپێشچوونی کارەکان و گەشەی کۆمپانیای دەوڵەتی ئینگلیس ........................ ٣٦٢
ئەو وامانەی کە دەوڵەت لە دەرەوەی وەردەگرتن و گەشت و گەڕانەکانی پادشا بۆ
دەرەوەی وڵات ........................ ٣٦٧
وەرگیرانی یەکەم وام لە ئینگلستان ........................ ٣٦٧
وەرگیرانی یەکەم وام لە ڕووسیا ........................ ٣٦٨
یەکەم گەشتی پادشا ........................ ٣٧٠
وەرگیرانی وامی دووهەم لە ئینگلستان ........................ ٣٧٠
وەرگیرانی وامی دووهەم لە ڕووسیا ........................ ٣٧١
برینەوەی گوومرگانەی نوێ ........................ ٣٧٢
سێهەم گەشتی پادشا بۆ ئورووپا ........................ ٣٧٤

## بەشی ١٥

دامودەزگای بەڕێوەبردنی وڵات ........ ٣٧٧
شێوازی حکوومەت ........ ٣٧٧
بارگا ........ ٣٨٢
وەزارەتی بارگای بەرز ........ ٣٩٠
بەرایی ........ ٣٩٥
چۆنیەتیی بەخشرانی پلە و پایەکان ........ ٣٩٧
تان‌وپۆی پێکهاتەی پایتەخت (دارولخەلافە) ........ ٤٠١
وەزارەتی کاروباری دەرەوە ........ ٤٠٣
وەزارەتی دارایی و داهاتەکانی دەوڵەت ........ ٤١٠
ملکانە یان پیتاکی کشت‌وکاڵ ........ ٤١٠
باجی ئاژەڵان ........ ٤١١
پیتاکی کاسپکاران ........ ٤١١
پیتاکی کانگاکان ........ ٤١١
وەزارەتی پەروەردە و تەلگراف و کانگاکان ........ ٤٢١
وەزارەتی بڵاوکراوەکان و خانەی وەرگێرانی تایبەت ........ ٤٢٢
وەزارەتی کشت‌وکاڵ و بازرگانی ........ ٤٢٢
ئەنجومەنی بەرزی حکوومەتی ........ ٤٢٢
وەزارەتی بەرزی دادوەری ........ ٤٢٥

## بەشی ١٦

شارستانییەتی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا ........ ٤٢٩
بارودۆخی کۆمەڵایەتی ........ ٤٢٩
کۆمەڵ ........ ٤٢٩
پەروەردەبوون و رەوشتی کۆمەڵ ........ ٤٣٦
بیروباوەری گشتی ........ ٤٣٩
کۆمەڵاتی کاسپکاران و پیشەوەران ........ ٤٤٢
بارودۆخی ئابووری ........ ٤٤٨
کشت‌وکاڵ ........ ٤٤٨
بەرهەمە دەستکردەکان ........ ٤٥٠
بازرگانی ........ ٤٥٣
هەنارده و هاوردە ........ ٤٥٦
دراو و دەوری بانکەکان لە بواری ئابووریی ئێراندا ........ ٤٦٠
ڕێگاوبانەکان و ئامرازگەلی هات‌وچۆ ........ ٤٦٨
زانستەکان و ویژە و هونەر ........ ٤٧١
بەرایی ........ ٤٧١

فرەزانی.................................................................٤٧٣
زانستە کۆمەڵایەتییەکان..................................................٤٧٥
بەسەرهات و ژیاننامەی گەورەپیاوان.......................................٤٧٨
هۆنراوە.................................................................٤٧٩
پەخشان.................................................................٤٩٢
شانۆ....................................................................٤٩٧
شانۆی سەردەم...........................................................٥٠٣
مووسیقا.................................................................٥٠٤
تەسنیف [شیعری گۆرانی]..................................................٥١٠

## بەشی ١٧

شۆرشێکی ئارام و گۆرانی سیستەمی سیاسی....................................٥١٥
گرینگایەتی و بایەخی شۆرش................................................٥١٥
چۆن بوو شۆرش قەوما؟....................................................٥١٧
بەرهەمەکانی نووسەرانی ئێوخۆ.............................................٥١٧
شوێنەواری نووسەرانی ئینگلیسی...........................................٥٢٥
شوێنەواری نووسەرانی رووسی..............................................٥٢٩
رەوتی شۆرشی ئارام.......................................................٥٤٦
عەینوددەولەی سەرۆکوەزیر.................................................٥٤٦
دەسپێکی رەوتی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە....................................٥٤٧
باڵوێزی عوسمانی دەبێتە نێوبژیوان........................................٥٤٨
فەرمانی دامەزراندنی عەدالەتخانە..........................................٥٥٠
دووهەمین قۆناخی بزووتنەوەکە.............................................٥٥٢
دوایین قۆناخی شۆرشی ئارام...............................................٥٥٨
نووسرانی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردن.......................................٥٦٣
دەست بە کاربوونی پارلمانی نیشتمانی......................................٥٦٥
یاسای بنەرەتیی مەشرووتە.................................................٥٦٨

## بەشی ١٨

فەرمانرەوایەتیی محەممەدعەلیشا، شۆرشی مەزن (١٣٢٤- ١٣٢٧ ی ک/
١٩٠٦-١٩٠٩ی ز)...........................................................٥٧١
یەکەمین ساڵی حکوومەتی مەشرووتە..........................................٥٧١
پاڵدانەوەی محەممەدعەلیشا لەسەر تەختی فەرمانرەوایەتی.......................٥٧١
کار و چالاکییەکانی پارلمان................................................٥٧٣
تەواوکەری یاسای بنەرەتی..................................................٥٧٧
گەرانەوەی ئەمینوسسوڵتان (ئەتابەک) بۆ ئێران...............................٥٨٧

تاواتی گەورەی رووس و ئینگلیس(١٩٠٧)........................................٥٨٨
کوژرانی ئەتابەک ......................................................................٥٩٨
شۆرشی مەزن(١٣٢٥- ١٣٢٧ی ک/١٩٠٧- ١٩٠٩ی ز) ...............................٦٠٣
دەوری رۆژنامەکان ...................................................................٦٠٣
کومیتەی شۆرشی نیشتمانی ......................................................٦٠٩
بارودۆخی سنوورەکانی ولات .......................................................٦١٢
پیلانگیرانی محەممەدعەلیشا دژی مەشرووتە ..................................٦١٤
باغیشا و بەهارستان ..................................................................٦٢٢
ئەسەدوللاخانی جانگیر ...............................................................٦٣٠
کارەساتەکانی باغیشا و پەنابەرییەتی ...........................................٦٣٣
قۆناخی کورتی کامرەوابوونی شا ...................................................٦٣٩
تەوریز، شاری قارەمان ...............................................................٦٤٢
یاریدەدرانی ئازادیخوازان لە دەرەوەرا ...........................................٦٤٦
پەیمانشکاندنی محەممەدعەلیشا ...................................................٦٥١
سەرکەوتنی یەکجارەکی ...............................................................٦٥٨
نێوەرۆک و پێناسەی شۆرشی ئێران ...............................................٦٦١

**بەشی ١٩**

پادشایەتیی ئەحمەدشای قاجار(بەشی یەکەم) (١٣٢٧- ١٣٣٨ی ک/١٨١٢- ١٨٢٢ی ز)...٦٦٥
دەولەتی نوێ ..........................................................................٦٦٥
خولی دووهەمی پارلمان و حیزبەکان ...............................................٦٦٩
هاڵۆزیی سیاسی و ترۆر ............................................................٦٧٤
دوایین هەوڵی محەممەدعەلیمیرزا ..................................................٦٧٩
بارودۆخی دارایی و سیاسیی ولات .................................................٦٨٣
دەسگیرۆیی و وامی تازە ............................................................٦٨٨
تاج لەسەرنانی شا و پارلمانی خولی سێهەم و حیزبەکان ......................٦٩١
ئێران لە قۆناخی شەری یەکەمی جیهانیدا(١٣٣٢- ١٩١٤/١٣٣٦- ١٩١٨ی ز) ..........٦٩٣
بەرایی ....................................................................................٦٩٣
هەشت مانگ قەیرانی سیاسی .......................................................٦٩٤
دەوری خەڵکی ئێران لە شەری یەکەمی جیهانیدا ................................٦٩٥
کۆچکردن و حیزبەکان ................................................................٦٩٨
دەولەتی نیشتمانی ...................................................................٧٠١
نەوتی باشوور .........................................................................٧٠٢
کومیتەی سزادان .......................................................................٧٠٧
شۆرشی رووسیا ........................................................................٧١١
دەولەت و بزووتنەوەی باشوور ......................................................٧١٨

حیزبەکان و خولی چوارەمی پارلمان ........................ ٧٢٤
نەوتی باکوور ........................ ٧٣٠
ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٣٣٧ی ک/١٩١٩ی زایینی ........................ ٧٣٥
نەوتی باشوور ........................ ٧٤٢

### بەشی ٢٠

لە سەروبەندی کودەتاوە هەتا ڕووخانی حکوومەتی قاجاران (بەشی دووهەم) ........ ٧٤٧
پادشایەتیی ئەحمەدشا(١٣٣٩- ١٣٤٤ی ک/-١٩٢٠- ١٩٢٥ی ز) ........ ٧٤٧
ڕووداوەکانی ساڵانی ١٣٣٧- ١٣٣٨ ........................ ٧٤٧
نوێنەری ئێران لە کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریسدا ........................ ٧٤٧
پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیا ........................ ٧٤٩
سەرکۆمیسێر و کۆمیسێری بەرگری، میرزا کووچکخان ........................ ٧٥٤
خەیابانی و ئازادیستان ........................ ٧٥٥
کابینەی موشیروددەولە ........................ ٧٦٢
کابینەی فەتحوڵلا ئەکبەر(سپادار) ........................ ٧٦٤
کودەتای ٣ی ڕەشەمەی ١٢٩٩ی هـ/٢٢ی فێورییەی ١٩٢١ی زایینی ........................ ٧٦٥
کابینەی سەید زیائەددین ........................ ٧٧٠
پەیماننامەی ئێران و سۆڤییەت ........................ ٧٧٣
کار و هەنگاوەکانی سەید زیائەددین و ڕووخانی کابینەکەی ........................ ٧٧٧
کابینەی قەوامولسەڵتەنە ........................ ٧٨٠
چارەنووسی میرزا کووچکخان [١٨٧٨ ـ ١٩٢١ی ز] ........................ ٧٨٣
ڕاپەڕینی پێسیان و چارەنووسی ........................ ٧٨٦
نەوتی باکوور و ئەمریکاییەکان ........................ ٧٩٢
کابینەی موشیروددەولە ........................ ٨٠٠
کابینەی قەوامولسەڵتەنە ........................ ٨٠٣
کابینەی موستەوفیولمەمالیک ........................ ٨٠٥
کابینەی یەکەمی سەردارسپا ........................ ٨٠٦
کابینەی دووهەمی سەردارسپا و [ورووژانی پرسی دامەزرانی] کۆمار ........................ ٨٠٨
درانی چەند دەسەڵاتێک بە سەردارسپا ........................ ٨١١
نەوتی شۆرەکانی خووریان ........................ ٨١٢
ڕووخانی حکوومەتی قاجاران ........................ ٨١٤
سەرچاوەکان ........................ ٨١٧
لیزگەی ناوەکان ........................ ٨٢٣

# پێشەکی

«بە درێژایی سەدان ساڵ هۆز و خێڵاتی ئێران توانیویانــە وەک لایــەنێک دەوری گرینــگ و کاریگــەری خۆیــان لــە ئــاڵوگۆڕی سیاســی و کۆمەڵایەتیدا بگێڕن.»

## ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر ڕابردوو

هێرشی مەغۆل بۆ سەر ئێران کە ساڵی ٦١٤ی کۆچی/١٢١٧ی زایینی دەستی پێکرد، حکوومەتی خارەزمشاهییەکانی تێکرووخاند و لە سەرتاسەری وڵاتدا دەسەڵاتی خۆی داسەپاند و خێڵاتی وەک دەورگێڕێکی تازە لە نێو پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵدا پەدی هێنا. خێڵات سەرەڕای تێپەڕبوونی ڕۆژگار داب و نەریتی کۆنباوی خۆیان پاراست و نەیانهێشت خاڵی جیاوازیان لەگەڵ کۆمەڵانی شارنشین و تەنانەت دێنشینیش کوێر ببێتەوە.

گێڕانەوەی چۆنیەتیی تراتێن و کارەساتی پەلاماری دڵتەزێنی مەغۆلەکان و بەسەرهاتی تێداچوونی سەر و ماڵ و ماڵەوەی شوێنەواری لەسەر گیان و دەروونی مرۆڤ، ڕووداوێکی سەرسوڕهێنە لە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلی ئێمەدا و دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی باسەکەمانەوە. وەکوو دیارە هاوکارانی هێژا و زانای نووسەر، لە چەند بەرهەمێکی دیکەدا بەو پرس و کێشانەدا چوونەوە و بە شێوەیەکی چڕوپڕ لێیان کۆڵیونەوە و لەسەر شانی هەموو کەسێکی ئێرانییە کە بەوردی بیانخوێنێتەوە. ئەوەی شایانی باسە و بۆ تێکخستنەوەی گەوی زنجیری مێژووی کۆن و نوێ پێویستە، ڕوونکردنەوەی تێوەدرانی خێڵاتە لە تانوپۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی سیاسی و خەباتی چینایەتی لە ئێراندا. ئێمە دەمانهەوێ بزانین کە ئەم دەورگێڕە تازەیە هەتا چ

رادەیەک توانیویەتی شوێن بکاتە سەر گەلی ئێران و بە مەبەستی دەربڕینی بابەتەکە پێویستە سرنج بدەینە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ئەمڕۆ کە سەدان ساڵ بە سەر هێرشی مەغۆل و گووراتی ژیانی خێڵات لە ئێراندا تێپەڕیوە، سەرەڕای گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ڕێوشوێنی ژیانی خەڵکدا، بەڵام خۆ ژیان و مانی خێڵ و هۆزان لەچاو سەدان ساڵی ڕابردوو، گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە. ئێستاکەش خێڵی «قەشقایی» هەروەک دابی پێشووی گەرمێن و کوێستان دەکا و ئەمەش لەگەڵ هەڵوێستی دەروون و جیاوازەکانی ژیانی ساکاری خێڵاتییانەی خۆی دێتەوە. تەنانەت ئەگەر بڵێین شێوەی بیرکردنەوە و ڕوانگەی جەماوەری خێلی قەشقایی لەچاو چوار سەدەی ڕابردوو، تووشی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو نەبووە، پێمان لێ هەڵنەهێناوە. ئەم چەقبەستن و داوەستانەی عێلاتی ئێران لە بەستێنی بیر و بواری کۆمەڵایەتیدا، دەگەڕێتەوە سەر زنجیرەیەک هۆکاری پێویستی سەر بە شوێنی نیشتەجێبوونیان. هەر ئەم نەبزووتن و داوەستانە وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی نێو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی گەلی ئێران ڕەنگی داوەتەوە. لەم کتێبەدا دەکەوینە سەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاکام و شوێنەواری ئەم هۆکارە گرینگانە، یانی باسی ئەوە دەکەین کە پاش هرووژمی بە سەرڕەوی مەغۆل، چینێکی تازەی جیاواز لە نێو چینەکانی کۆمەڵانی وڵاتی ئێمەدا پەیدی هات کە نە دەکەوێتە شانی گوندنشینان و نە لە ڕیزەی جەماوەری شارنشیندایە. وەکوو باسمان کرد خێڵ خۆی پێکهاتەیەکی جیاوازی خۆپارێزە و لە ڕێوشوێن و دابی کۆنباوی تیرەی لانادا و لە نێو شووره و حەساری سەخت و چڕی چیا و دوور لە غەڵبەغەڵب و زەنازەنای شارنشینان، سەدان ساڵە بە ژیانی ساکاری خۆیەوە خافڵاوە. خێڵ سەرقاڵی گەرمێن و کوێستان و جووڵانەوەیە و ئەمڕۆش درێژە بەم شێوە ژیانەی دەدا و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی پەک دەخا و پووچەڵی دەکاتەوە کە بۆ پەدی هێنانی یەکییەتی و هاوهەنگاوی لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا پێویستە و دژی هەموو بیر و بنەمایەکی نوێ ڕادەوەستێ و سەری وەبەر ناهێنێ.

٢- هۆز و خێڵاتی ئێران چونکە ویست و بڕیاری یەکەیەکەی جەماوەریان وەبەرچاو نەگیراوە، نەیانتوانیوە خاوەنی هەڵوێستی نەگۆڕ و یەکلاکراوە بن، جا هەر بۆیە خوایینەخوایی لە ماوەی سەدان ساڵدا وەکوو داشی دامە لە کایەی

سیاسی و خەبات و کێشمەکێشمی نێوخۆی ئێران‌دا دەوری بەرچاویان گێراوە و چالاکانە جوولاونەوە و جاری وایە بوونە تەوەرەی سەرەکی لە بواری ئاڵوگۆڕی سیاسی‌دا. وەکوو ئاشکرایە خێڵ لە پلەی یەکەم‌دا گوێ لە مستی مەزن و سەرۆکی خۆیەتی و ئەم ڕێوشوێنە وەهای ریشە لە نێو خوێن و دەمار و دەروونی خەڵکی خێڵەکی‌دا داکوتاوە کە جڵەوی بوون و نەبوونیان دەکەوێتە دەست سەرخێڵانەوە. بۆ وێنە جەماوەری خێڵی قەشقایی، بۆیرئەحمەدی یان هۆزە عەرەبەکانی هەرێمی فارس وەکوو مرۆڤێک دەجووڵێنەوە کە پێکهاتووە لە هەزاران مرۆڤ و بوونە هێزێکی گەورە. لە ڕاستی‌دا هەوساری جووڵاندنەوەی ئەم هێزە لە جەنگەی پێویست‌دا بە چنگ سەرخێڵ یان مەزنی هۆزەوەیە. وەکوو دیارە ئەم مەبەستە هەمان پرسی گرینگ و شایانی باس و جێی وردبوونەوەی سەردەمی قاجارەکانە کە بۆ ئێوەی بەرێز ڕوون دەکرێتەوە و گەلێک ڕاستەقینە کە ڕایەڵکەی ڕابردووی مێژوومان پێکدێنن، بە ئاشکرا قسەیان لێ دەکرێ و پەردەیان لە بەر نامێنێ.

لێرەدا جارێ هەر باسی ئەوەندە دەکەین کە زۆربەی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم سێ سەدەیەی دوایی و بەشی هەرە بەرچاوی کێشە و هەرا و مڵانە و شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی نێوخۆی ئێران دەگەڕێنەوە سەر هەبوونی خێڵات و شێوەی ژیان و هەڵوێستی دەروون و خاڵە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکانە، بە چەشنێک کە دەکرێ بە بارێک‌دا مێژووی ئەم سێ سەدەیەی دوایی بە مێژووی ڕاپەڕین و جووڵانەوەی چەکداری و سیاسیی هۆز و خێڵان دابندرێ.

**چەند لایەنێکی فرەچەشنی بزووتنەوەی خێڵاتان**

هەروەک باسمان کرد دەبێ لەو سێ سەدەیەی دوایی‌دا خێڵات بە هۆکارێکی مێژوویی دابندرێن. ئێستا دەبێ بە چەند باران‌دا بزووتن و کاریگەری و دەوری دیرۆکیی خێڵات بێنینە گۆڕ و ئەوەندەی بۆ ڕوونبوونەوەی مێژووی قاجارەکان پێویستە بیخەینە بەرباس و لێکدانەوە.

لە ڕاستی‌دا بۆ وڵام‌دانەوەی ئەو پرسیارە کە ئاخوا بەگشتی هەبوونی خێڵات لە جەغزی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نیشتمانەکەمان‌دا خێروبێری پێوە بووە یان بە زیان و زەرەر شکاوەتەوە، دەبێ چەند هۆکارێک وەبەرچاو بگیرێن؛ یانی بۆ باس و لێدوان دەربارەی لایەنەکانی جووڵانەوەی خێڵەکی دەبێ بزانین کە ماکە و

هەویێی وەکوو دین، تۆرەمە، زمان، زاراوە، باوەڕ و خدە و خووی سەرۆک خێڵان، کۆمەڵێک جیاوازیی دیار و ئاشکرایان خستۆتە نێوان هۆزان و خێڵان. ئەم تایبەتمەندییانە کاریگەری وایان کردووە کە کۆمەڵانی بەرباس لە شوێنی مانەوەی سەدان ساڵەیاندا هەرکام بە شێوەی خۆیان لەپێناو بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتدا بکەونە هارووژان و جووڵانەوە. وەکوو دیارە کۆمەڵانی خێڵات بە مەبەستی پەرەی هێز و دەسەڵاتی خۆیان سەدان ساڵ پێکەوە کەوتوونە کێشە و ملانە و جاری واشە پالیان بە یەکترەوە داوە و هێزێکی گەورەیان بەدی هێناوە و بە سەر کۆمەڵێک ناوچە و هەرێمدا زاڵ بوون. ئەم دوو شێوە هەڵوێستە ناکۆکەی خێڵات، ماوەی سێ سەدەیە کە ئێرانی گرتۆتەوە و پرسی بنەڕەتی و گرینگی مێژووی ئێمەی پێکهێناوە. ئەم ڕەوتە کاریگەری وای کردووە کە لەو دیوی پەردەی گەمەی سیاسی و چەکداریی خێڵەکاندا، بەئاشکرا دەستێوەردانی بێگانان و دنەدان و کاکەوبرالەی کاربەدەستانی سیاسیی دەرەکی هەستی پێ بکرێ کە لەگەڵ سەرۆکانی هۆز و خێڵان تێوەگلاون، تێکرای ئەم خاڵانەی باسیان کرا ڕێگایان بۆ گۆڕبوونەوەی ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران خۆش کرد و دەبێ بە هۆکاری کاریگەر دابندرێن. بێگومان کۆکرانەوەی دەسەڵات لە چنگ یەک یان چەند خان و سەرۆک خێڵدا، بۆ پارێزرانی یەکییەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات خەساری پێوەیە، چونکە ئەو جەماوەرە زۆر و زەوەندەی کەوتوونە بەررکێفی مەزنان، کۆمەڵێک خەڵکی ساکاری چیانشینی نەخوێندەوار و گوێ لە مستن. ئەم ڕەوتە لەسەر ڕێگای پەرەگرتن و تەنینەوەی دەسەڵات و حکوومەتی ناوەندیدا بە کۆسپێکی گەورە دادەندرێ و لێرەوەیە کە پەردە لەسەر نەهێنییەکانی ناشکانی سیاسی و چۆنیەتیی فەرمانی شەرەکان و هەرا و ئاژاوەکانی نێوخۆیی لادەدرێ. ئەم کەلێن و کەلەبەرانە خۆیان ڕێخۆشکەری دژەی هەڵوێست و ڕوانگەی داگیرکەرانەی بێگانەکانن لە وڵاتی ئێمەدا. وەکوو دیارە خۆ بۆمان ناکرێ کە تۆمەتی خەیانەت و نیشتمانفرۆشی بخەینە ئەستۆی جەماوەری خێڵ و هۆزێکی ئێرانی یان تورکزمانەوە و دەبێ پێی لێ بنێین کە سەرۆک خێڵ و خانە ملهوڕ و غللوور و لووتبەرزەکان جەماوەری بەرفەرمانی خۆیان خستوونە سەر ڕێچکەی خەیانەت و سەر لەپێناوبوونی بێگانان. دەربەگان و سەرخێلان لە جەنگەی خۆیدا بە مەبەستی لاواز کردنی حکوومەتی ناوەندی و پێملبوونی کاربەدەستان لە ئاست

ویست و ئامانجی بێگانان‌دا. کەوتوونە ئیلجاری و جەماوەری کاڵفام و گوێ لە مستیان بۆ کوشت و کوشتار و خوێنڕێژی هان داون و هەرا و ئاژاوەیان پێ ناونەوە.

لە لایەکی دیکەوە جاری وایە ترووسکەی یەکجار ورشەدار لە ئاسۆی تاریک و لێڵی مێژووی ئەم سێسەت ساڵەی دواتری ئێران‌دا وەبەرچاو دێ کە دەیسەلمێنێ ئەگەر بێتوو جەماوەری هۆز و خێڵان بخرێنە سەر ڕەوگەی خزمەتی نیشتمان بە هێزێکی پێویست و خاوەنی خێروبێر دادەندرێن. بەرخۆدانی دلێرانەی خێڵاتی کورد لە حاند قۆشەنی خوێنخۆرەوەی عوسمانی لە سەرتاسەری سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوی و ئەفشار و زەندەکان‌دا وەکوو ڕۆژ ڕوونە. خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی ئازایانەی عیل و عاشیرەتی «تەنگستان» و «دەشتی» لە ئاست شاڵاوی سپای ئینگلیس لە ڕۆژگاری قاجارەکان‌دا و پارێزرانی سنوورەکانی ئێران بە ڕووراستی لە لایەن کوردەکانی باکووری خوراسانەوە و بەرپەرچدانەوەی هێرووژم و شەپۆلی تاڵانوبڕۆ و کوشتاری ئۆزبەکان و تورکمانان و ڕووداوی ئەوتۆ، بەڵگەی دیار و ئاشکران لەسەر سەلماندنی ئەم بۆچوونە. ئەم هێزە ڕەمزاوییە کە دەبێ بە دابی ئەمڕۆ بە «هێزی پارتیزانی» ناودێر بکرێ، شەقڵی شوێن‌پێی لە مێژووی ئێمەدا دیارە و چەند لایەنێکی دژاودژ لە بواری بزواندنی بڕشت و توانستی‌دا وەبەرچاو دێ. ئەوەی ڕاستی بێ کاتێک قۆشەنهیبیانی تەیار، بەڵام تەوەزەلی سەفەوی بەرگەی هەڵمەتی پیاوانی سەربەگێچەڵی وەکوو «مەحموود» و «ئەشرەف»ی ئەفغانیان نەگرت، هێزی چەکداری خێڵاتی ئازایانە لێیان وەدەست هاتن و بەرەنگاری داسەپێنی دەسەڵاتیان بوونەوە.

لە ڕووی ئەم سەرەتایەوە وڵامی پرسیاریکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێ بۆچی هەر حکوومەتێکی تازە ویستوویەتی لە ئێران‌دا بێتە سەر کار تووشی شەڕ و کێشە و هەرای درێژخایەنی نێوخۆیی بۆتەوە؟ هۆز و خێڵاتی ئێران سپایەکی پاشەکەوتی هەمیشەیی بوون کە دەکرا بەرەنگاری ئەو هێزانە ڕاوەستن کە خۆیان دەنواند. ئەم چەکدارانە بێ‌وچان سەرقاڵی هەرا و تێکهەڵچوون بوون و مەزنانی هۆزان و سەرۆکانی خێڵان، بە وەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی خۆیان دەبوونە دژ یان هاوپشتی ئەوانەی تازە هەوساری دەسەڵاتیان بە دەستەوە دەگرت. ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی سەرخێڵان لە تەواوی شەڕ و هەراکانی

نێوخۆییدا وەچنگهێنانی دەسەلاتی زیاتر یان لانیکەم پاراستنی پلە و پایەی خۆیان بوو لەو جەغزەدا کە تێیدا هەلدەسووڕان. خانی خێلان لە هەر راپەڕین و بزووتنەوەیەکدا کە بە مەبەستی وەدەستهێنانی پلەی پادشایەتیی ئێران دەیانخولقاند. خۆ ئەگەر سەرکەوتووش نەدەبوون، لانیکەم بە ئامانجی بەرەژێرتری خۆیان دەگەیشتن. جا هەر بۆیە ئێستا سەدان ساڵە کە وارگە و جیژیانی هۆز و خێلاتی ئێران کەمترین ئاڵوگۆڕیان بە سەر نەهاتووە. ئەو هۆز و خێلانەی کە بە زۆرەملی لە لایەن چەند پادشایەکی بەهێزی وەکوو شاهەباسی[1] یەکەمی سەفەوی و شاهەباسی دووهەمی سەفەوی و نادرشای ئەفشارەوە راگوێزرابوون، هەر لەرێوە پاش تێکچوونی دەسەلات یان نەمانی ئەم فەرمانرەوایانە، گەرابوونە سەر دۆخی پێشوویان.

بۆ ئەوەی زۆرم درێژدادری نەکردبێ، سەری قسانم دادەکووژێنم. هەرکام لەو بابەتانەی پێشتر باسیان کرا، پێویستیان بە نووسینی کتێبێکی سەربەخۆیە، جا بۆیە لێرەدا مووقەلێشی و وردبوونەوەی دیکە دەخرێتە ئەستۆی خوێنەرانی بەرچاوروون.

***

بنکەی ژین

---

١- شاعەبباس

بەشی ١

# هەڵپە و هەڵسووڕانی قاجارەکان لەپێناو فەرمانڕەوایەتی‌دا

«خێڵی قاجاریش هەروەک تێکرای هۆز و عێلاتی دیکە بە شوێن دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی‌دا دەگەڕا، بەڵام لەسەر رووبەری شەترنجی سیاسەتی ئێران‌دا، هەتا ماوەیەکی درێژخایەن هەر سەربازێکی پیادە بوو.»

## بنەچەکەی قاجارەکان

هرووژمی مەغۆل ڕێگای بێ گرێ و گۆسپی بۆ گەلێک تیرە و هۆزی تورک و تاتار خۆش کرد هەتا بڕژێنە خاکی ئێرانەوە. ئەو توخم و تۆرەمانەی کە لەپێناو ئامانجەکانی «چەنگیز»دا دەستیان لە کوشتاری دڵتەزێن و تالانی ماڵ و سامانی خەڵکی شار و گوندەکانی ئێران نەپاراستبوو، توانییان کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی چەکدارانەی مەغۆل و پاشان لە سایەی کار و خزمەتیان‌دا بۆ میرانی مەغۆل گەلێک پێدەشت و بناری زەمەند و زەنویری شاخستانەکانی ئێران و قەفقاز بکەنە خانە و لانەی خۆیان. لە ماوەی دوو سەدە حکوومەتی ئیلخانانی مەغۆل لە ئێران‌دا، لەبەر کۆچ پێکران و ڕاگوێزرانی ئەم تیرە و هۆزانە، توخم و تۆرەمەی تورک و تاتار لێکدران. ئەم ڕەوتە کارێکی وای کرد کە بەشێکیان بە ناوی شوێنی ژیانی خۆیان ناودێر بکرێن و بەشێکی دیکەیان بەپێی کۆمەڵێک ڕێ‌وشوێنی کۆمەڵایەتی ناوێکی نوێ بە باڵایان ببڕێ کە دەکرێ لێرەدا باسی ئۆزبەکان و تورکمانان بکرێ.

هەڵمەت و شاڵاوی «تەیموور» کە بە باری مێژوویی‌دا توانی زەبر لە کۆمەڵگای گەلی ئێران بوەشێنێ، بوو بە تەواوکەری هێرشی دڵڕەقانەی مەغۆل و جارێکی دیکە وڵاتەکەمانی کردەوە مەیدانی تراتێن و خۆنواندنی هێزی شەڕخوازانەی هۆز و

خێڵاتی تورک و تاتار. لە گەرمەی ئەم کێشە و هەرا و تێکهەڵچوونانەدا تیرە و تۆرەمە لێکدراوەکانی تورک و مەغۆل بە ناوی نوێی تورکمان و ئۆزبەک و چی‌وچی هاتنە مەیدان و تاقمێک لە سەرۆک و سەرکردەکانی خێڵات لە چاکەی کوشت و کوشتار و خوێنڕێژی، بەگوێرەی فەرمانی تەیمووری خوێنخۆری گوورەکانی لە ئێران و وڵاتانی ئاسیای خۆرنشیندا، بوونە حوکمدار و سەرکردەی سپا. بەم شێوەیە تورکمانەکان و خێڵاتی هاورەگەزیان کە هەتا زەمانی پەلاماری تەیموور تەنیا بە باری چەکداریدا میرانی سەردەم ئاوڕیان لێدابوونەوە، وردەوردە کەولی کاروباری سیاسی و فەرمانڕەوایەتی خرایە سەر شانیان. ئەم تیرە و خێڵانە لە سەرتاسەری قەفقاز و دەشتەکانی باکووری دەریای خەزەر، تورکستانی خۆرنشین، ئازەربایجان، ئاسیای بچووک و هەرێمەکانی شام و فەلەستین چەند حکوومەتێکیان دامەزراند. دەستەیەک لەو حکوومەتانە وەکوو حکوومەتی ئالی عوسمان دەسەڵاتی پەرەی ئەستاند و بەرەبەرە بوو بە ئیمپراتۆرییەکی بەهێز.

برەوئەستاندنی زمانی تورکی لە ئازەربایجان و قەفقاز روونی دەکاتەوە کە لە سەرتاسەری سەردەمی دەسەڵاتی جێنشینانی «تەیموور»دا لە ئێران و ئاسیای خۆرنشین، ئەم هەرێمە کراوەتە جەرگەی دەسەڵات. بێگومان ئازەربایجان بە یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی گرینگی پاشەکەوتی چەکداری و وارگەی هێزی فرەچەشن داندراوە. جێنشینەکانی تەیموور هەتا ئەو دەمەی کە شوێنەواری دابەش‌بوون لە دیمەن و قەڵافەتی ئیمپراتۆرییەکەیاندا خۆی نەنواندبوو، زۆر چاکیان ئاوڕ لەم بەشەی ژێر دەسەڵاتیان دەدایەوە. بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەم رەوتە کارێکی وای کرد کە تیرە و خێڵاتی دانیشتووی ناوچەکە بکەونە نێو هەڵکشان و داکشانی شەپۆلی رووداوە سیاسی و تێکهەڵچوونە چەکدارییەکان. یەکەمین شوێنەواری لێکدابڕان و دابەش‌بوونی حکوومەتی تەیمووری لەم ناوچەیەوە خۆی نیشان دا و تورکمانەکانی ئاق‌قۆیوونلوو و قەرەقۆیوونلوو بەوپەڕی هێزەوە خۆیان لە سوار بوون بە سەر ئازەربایجان و قەفقازدا خۆش کرد. ماوەیەک دواتر هێزێکی بەرچاوی چەکداری تورک و تاتار لە تورکستانی خۆرنشین و پێدەشتەکانی باشووری رووسیا و باکووری قەفقاز پێکهات. ئەم چەکدارانە بۆ ئەوەی دزە بکەنە نێو خاکی ئێران تەنگیان بە پادشایانی سەفەوی

هەڵچنی و بوونە هۆی قەومانی کۆمەڵێک شەڕی خوێناوی و گێرە و کێشەی بێ‌بڕانەوە.

تورکمانانی ئاق‌قۆیوونلوو کە ماوەیەک بوونە حوکمداری ئازەربایجان و دەکرێ بڵێی لە سەرەتادا بوونە بەردی بناغەی هێزی سەفەوی، ناوی خۆیان بە باڵای تاقمێک لە تورکمانان بڕیوە کە چەند سەدە دواتر وەکوو «قاجارییە»[1] لە مەیدانی سیاسەتی ئێراندا دەرکەوتن. ئەگەر بێتوو لەبەر ڕۆژگاری تێپەڕیوی درێژخایەن نەکرێ قاجارەکان بە پاشەواری تورکمانەکانی ئاق‌قۆیوونلوو دابنێین، بەڵام خۆ لێمان سووورە کە قاجارەکان بە تورکمان‌بوونی خۆیان دەنازین. هەر بۆیە تەنانەت پاش ئەوەی دەستیان بە سەر تاج و تەختی پادشایەتیی ئێراندا داگرت، دیسانیش دەستیان لە ناو و ناوبانگی «قۆیوونلوو» و «دەوەللوو»ی خۆیان هەڵنەگرت کە نیشانەی ژیانی ساکاری شوانی بووە لە سەردەمی بەرلە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی‌دا[2].

بەپێی چەند نیشانە و ئاماژەیەکی نێو هێندێک بەڵگەنامەی مێژوویی وا دەردەکەوێ کە لە سەردەمی سەفەوییەدا، ڕەنگە لەبەرەوەی میرانی پێشوو لە دایکەوە بە خزمایەتی دەگەیشتنەوە سەر تورکمانان، ئەم خێڵەی دانیشتووی دەوروبەری ڕووباری ئاراس بە مەبەستی پارێزرانی سنوورەکان لە ئاست هێرش و تراتێنی ئۆزبەکان گوێزرابنەوە ئەستەراباد، واتە گورگانی ئەمڕۆ. ئەم ڕاگوێزرانە خۆی نیشانەیەکی ڕوونە کە تورکمانانی ئاراسی هێشتاش پیاوی ئازا و دەسکەرەوە و قۆشەنچی بوون و توانیویانە ببنە بەرگیرەوەی تەوژم و هرووژمی ئۆزبەکان و تورکمانانی تورکستانی خۆرنشین.

بنکەی ژین

---

١- لە بەشەکانی دواتردا سەبارەت بە ناوی قاجار [قەجەر] دەدوێین.

٢- با هەموو کەس بزانێ و پووش بە سەر و دیزە بە دەرخۆنە نەکرێ کە ڕەچەڵەکی ڕەسەنی خێڵی پایەبەرزی قاجار دەگەڕێتەوە سەر تورکی کوڕی یافسی کوڕی نووح، سەلامی خودای لەسەر بێ. قاجار لە تیرە و تۆرەمەی تورکانن و دەڵێن چونکە بە ڕەگەز دەچنەوە سەر بەرەبابی قاجار نۆویانی کوڕی سەرتاق نۆویانی کوڕی سابا نۆویانی کوڕی جەلایر ئیروون، بە ناوی باوەگەورەیان ناودێر کراون. ڕەوزەتوسسەفا، نووسینی هیدایەت، بەرگی ٩. بەگوێرەی دەقی «ناسیخوتتەواریخ» سەرتاق نۆویان یەکێک بووە لە مەزنانی بارگا و سەرکردەکانی سپای هۆلاکۆخانی مەغۆل.

خێڵی قاجار لە سەردەمی پادشایەتیی سەفەوییەکاندا، زۆربەی ئەو بەڵێنانەیان دەبردە سەر کە سەبارەت بە پاراستنی سنوورەکانی ئێران سپاردبوویان و بە وەفاداری لەگەڵ بارگای سەفەوی دەجووڵانەوە. لەو ڕۆژگارەدا هیچ ڕاپەڕین و جووڵانەوەیەکی دژی دەسەڵاتی ناوەندی خێڵی قاجاری نەگرتۆتەوە، بەڵکوو سەرۆکان و بوێرانی قاجار لە زۆربەی شەڕە گەورەکانی دژی هێزەکانی ئێراندا بەشدار دەبوون و بەرەنگاری چەکدارانی عوسمانی و ئۆزبەک لە خۆرهەڵات و خۆرنشینی ئێران، شانبەشانی قزڵباشەنجییانی حکوومەتی ناوەندی دەکەوتنە بەرخۆدان. پێمل بوون و نەهاروژانی قاجارەکان لێرەدا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە سەر خزمایەتی لەگەڵ پادشایانی پێشووتری سەفەوی و لە پلەی دووهەمدا سەبارەتە بە هەڵگیرسانی ناکۆکی و لێکترازانی نێوان سەرۆکەکانی.

ئەو دەمەی کە تورکمانەکانی قاجار وەک پارێزەری سنوورەکانی ئێران لە «گورگان» و «دەشت» نیشتەجێ کران، بەپێی پێویستیی ژیانی مەڕداری، دەشتەکانی قەراخ چۆمی گورگان و «ئەترەک»یان کردە وارگەی خۆیان. هەتا هەم مەڵبەندێکی وەکوو مەوتەنی پێشوویان بە دەستەوە بێ و هەمیش ئاژەڵیان لە مێرگ و لەوەڕگای کەناری ئەترەک و گورگان بلەوەڕێن و بحاوێنەوە. تیرە و بەرەبابەکانی خێڵی قاجار بە درێژاییی لێواری چۆمی گورگان کۆخ و کەوێلیان ساز کردن و پاش ماوەیەک کە لێمان روون نییە دەبێتە کەنگێ، لەسەر جێوڕێی نیشتەجێبوون لێیان دەبێتە هەرا و ناتەبایی لە نێوانیاندا دەتەنێتەوە. ڕدێنسپی و مەزنەپیاوانی قاجاری نێوانێک بۆ شوێنی ژیانی جەماوەر و لەوەڕگا دیاری دەکەن کە دەبێتە چۆمی گورگان. بەم شێوەیە تاقمێک دەکەونە سەرەوەی چۆمی گورگان و تاقمێکی دیکە لە لای بەرەوە نیشتەجێ دەبن. لەو کاتەوە ئەوانەی لای سەرەوە بە «یوخاریباش» و ئەوانەی لای بەرەوە بە «ئاشاقەباش» ناودێر کران[١]. ئەم ناوانە تورکین و دواتر یوخاریباش بوونە دەوەڵلوو و ئاشاقەباش بە قزیووئلوو ناوبانگیان رۆیی[٢].

---

١- لە زمانی تورکیدا یوخاری یانی لای سەرەوە و ئاشاقە [ئاشاغیە] واتە لای بەرەوە، ئەم ناوانە نیشانەی شوێنی نیشتەجێبوونی قاجارانە لە لای چۆمی گورگان.

٢- خێڵی قاجار توانیبووی چوارچێوەی ژیانی ساکاری خێڵاتییانەی هەروا بپارێزێ و لەگەڵ مەڕ و ماڵاتی کەوتبوویە دەشتی گورگان. زاراوەی دەوەڵلوو و قزیووئلوو←

**ئاشاقەباش یان قۆیووتلوو**

جەماوەری ئاشاقەباشی خێڵی قاجار کە پاش بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات زیاتر بە قۆیووتلوو ناوبانگیان ڕۆیی. بەپێی هەل و هەلکەوتی شوێنی ژیان و بە باری خزمەت کردنی پادشایانی سەردەمی خۆیان‌دا، وردەوردە هێزیان وەبەرهات. پادشایانی سەفەوی ناکۆکیی نێوان تیرە و بەرەباب و تایفەکانی خێڵی قاجاریان دەخواستەوە و نەیاندەهێشت پاڵ بە یەکترەوە بدەن و یەکگرتووبن، نەکا بە پشتیوانیی یەکتر دژی حکوومەتی ناوەندی ڕاپەڕن و بکەونە بەرەنگاربوونەوەی. بەم شێوەیە هەر باڵێک توانیبای زیاتر دڵی پادشایانی سەفەوی وەدەست بێنێ و سەرنجیان ڕابکێشێ، پتر دەکەوتە بەر شەپۆلی لاوانەوە و خێروبێری میرانەی بە سەردا دەڕژا.

جەماوەری ئاشاقەباش لە ڕۆژگاری پادشایەتیی شاسولەیمانی سەفەوی‌را، کەم‌وزۆر کەوتبوونە ڕیزی پێش‌پێشەوەی هۆز و خێڵاتی باکووری ئێران و لە کۆشک و بارگای خانەدانی سەفەوی‌دا بە پیاوانی دەمڕاست و باوەڕپێکراو و خۆشەویست دانرابوون. تاقمێک لە گەورەپیاوانی ئاشاقەباش بوونە خاوەن پلە و پایە و کەڵەبریان بۆ دیاری کرا و لە ناوچەی دەشت و گورگان خانەمیریان پێکەوەنا. ئەم ڕەوتە کارێکی وای کرد کە یوخاری‌باش پتر لە پێشوو ناخۆشیان بوێن و ئێرەیی‌یان پێ‌بەرن و دواتر شەڕی خوێناوی لە نێوانیان‌دا هەڵگیرسا. بناغەدانەری حکوومەتی قاجاران کە لە باڵی ئاشاقەباش بوو، هەڵومەرجی تاڵ و ناڵەباری پێشووی تێهێنا و بە شێوەیەکی دڵرەقانە لەگەڵ یوخاری‌باش یان هەمان دەوەللووەکان جووڵایەوە و بۆسۆی لە خانەدان و خانە و لانی هەستاندن.

واوێدەچێ کە هەر لە سەرەتاوە هێز و جەماوەری ئاشاقەباشەکان لە دەوەللووەکان پتر بووە یان ڕەنگە پشتیوانیی کۆشکی سەفەوی برشتی تاقمی یەکەمی پێهەڵابردبێ و ئەوانەی دیکەی بە باری لاوازی‌دا خستبێ، وەکوو ئاشکرایە ئەو دەمەی خێڵی قاجار لێبڕا هەتا هەوساری حکوومەت بە دەستەوە بگرێ، ناوی یوخاری‌باش وەبەرچاو نایە، بەڵام لە ڕۆژگاری تێکهەڵچوونی سەرۆکانی

---

بەشێکن لە پێناسەی ئەم خێڵە، چونکە «دەوە» بە واتای «وشتر»ە و «قۆیوون» دەبێتە مەڕ. وادیارە کە بەرەی دەوەلوو پتر سەرقاڵی وشترەوانی و بەرەی قۆیووتلوو زیاتر خەریکی مەڕداری بوون.

ئاشاقەباش لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە سەردەمی «زەندییە»دا. زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری خێڵی قاجار بە سەر و خوارەوە بەشدار بوون. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە لەپێناو وەچنگهێنانی دەسەڵاتدا. ناکۆکی و دووبەرەکایەتیی جەماوەری خێڵ تێدا دەچێ و تەنیا سەرۆکان و مەزنانی یوخاریباش خوازیاری دەسەڵات بوون و ئەوانیش ئاغامحەممەدخان خاشەی کێشان.

**پەیوەندی و نێوانی سەرۆکانی ئاشاقەباش لەگەڵ شاتۆماسبی[1] دووهەم**

پاش بەزینی سەرشۆڕانەی شاسولتان حوسێنی سەفەوی لە ئاست چەکدارانی کەم و کورتی مەحموودی ئەفغان و گیرانی پایتەختی ئێران (١١٣٥ی ک/١٧٢٢ی ز) تۆماری تەمەنی یەکییەتی سیاسی و ئیداریی ئێران پێچرایەوە و بنەی هات. وای لێهات کە لە هەموو گۆشە و کەناری وڵاتی پەرباڵومان چەکدارانی خۆماڵی و هێزەکانی وڵاتانی دراوسێ کەوتنە تراتێن و خۆنواندن، یانی دوای تێپەڕینی سێ ساڵ بە سەر گیرانی پایتەختی سەفەوی و زاڵبوونی ئەفغانەکاندا هەر کەس هەستا کەولی خۆی راخست. ساڵی ١١٣٨ی ک/١٧٢٥ی ز. لە باڵی خۆرنشینی ئێران قۆشەنی عوسمانی و لە قۆڵی باکووری خۆرنشین و کەناراوەکانی دەریای خەزەرەوە هێزەکانی رووسیای قەیسەری بوونە خاوەن دەسەڵات. لە ئازەربایجان و قەزوێن هێزەکانی شاتۆماسبی دووهەمی کوری شاسولتان حوسێن و لە خوراسان مەلیک مەحموودی سیستانی و ئەفغانەکانی ئەبدالی بوونە فەرمانڕەوا. لە راستیدا بۆ ئەشرەفی ئەفغان کە لە ئیسفەهان و فارس بە مەبەستی پەرەی چوارچێوەی دەسەڵاتی زۆر چاکی هەوڵ دەدا. حکوومەتی ئێران تەنیا ناوی هەبوو، ناوکی نەبوو، ئەم بارودۆخە هەلێکی گونجاوی بۆ پێشکەوتنی ئامانجەکانی نادر بەدی هێنا کە ئەو کاتە لە باکووری خوراسان توانیبووی هێزێکی بچووک لە دەوری خۆی بهاڵێنێ.

شاتۆماسبی دووهەم کە بە یاریدەی تاقمێک لە راکردووانی قزڵباش و خێڵاتی «خەمسە» و «ئەفشار» توانیبووی بە سەر ئازەربایجان و قەزوێن و گیلاندا سوار بێ. بە مەبەستی دەستەبەرکردنی هاریکاری و یارمەتییەکانی تیرە و تایفەکانی خێڵی قاجار وەخۆ کەوت و ساڵی ١١٣٧ی ک/١٧٢٤ی ز. رووی کردە گورگان.

---

١- تەهماسب، تەهماسپ

فەتحعەلی‌خانی قاجار یەکێک لە سەرۆکانی گەورەی ئاشاقەباش، وێڕای شەرکەرانی دەستەبژێری خۆی و چەند پەل و پۆلێکی پیاوانی بوخاری‌باش کەوتە نێو ریزی هۆردووی شاتۆماسبی دووهەم و بە مەبەستی گرتنی تاران ڕکێفی کوتا و ئەسپی تاودا.

فەتحعەلی‌خانی قاجار لەو شەڕ و بەرەنگارییەدا ناوی درەوشایەوە، چونکە لەگەڵ چەکدارانی کەم و کورتی توانی بەرەگە لە ئەشرەفی ئەفغانی بتەنێ و نەهێڵێ بەرەو باکوور بڕوا. خزمەتی شایانی باسی سەرکردەی قاجار هەلی بۆ ڕەخساند کە شاتۆماسبی دووهەم بیکاتە سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی سەفەوی و بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار یەکێک لە پیاوانی خێڵی قاجار بەرزترین پلەی لە نێو هێزە چەکدارەکانی سەفەوی‌دا وەچنگ هێنا.

**یەکەم کەس کە دەکەوێتە بەر زەبری دەسەڵاتپەرستانەی نادر و تێدا دەچێ**

وەکوو ئاماژەمان پێکرد، خوراسان کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی مەلیک مەحموودی سیستانی و سێ هێزی جیاواز لێبرابوون هەتا شاری مەشەد بگرن کە بریتی بوون لە ئەفغانەکانی ئەبدالی و چەکدارانی نادر و سپای شاتۆماسبی دووهەم. شاتۆماسب بە مەبەستی پتەوکردنی جێگە و پێگە و برەوی دەسەڵاتی دەیهەویست هەر چۆنێک بێ خوراسان بگرێ و بۆ ئەوەی هەر نەبێ بتوانێ یەکێک لە هێزەکانی بەرەوڕووی خۆی پەک بخا. لە گورگانەوە پیاوێکی نارده لای نادر و نامەیەکی پرسوز و لاواندنەوەی بۆ نووسی و هانی دا هەتا خۆی لە یاریدەی پادشای سەفەوی نەدزێتەوە.[1] ئەم ڕەوتە درێژە دەکێشێ و چەند جارێک کاغەزیان لە نێوان‌دا دێ و دەچێ و سەرەنجام نادر دەچێتە پاڵ سپای تۆماسب. بەم شێوەیە یەکێک لەو دوو کۆسپانەی سەر ڕێی شاتۆماسب دەڕەوێ و هیوای شا بۆ گرتنی خوراسان پتر گەشە دەکا.

نادر ڕوویەکی خۆشی بە سپاسالاری شاتۆماسب نیشان نەدا و هەر لە سەرەتاوە و ڕەنگە بەرلەوەی بچێتە نێو ڕیزی هێزەکانی میری، بوونی فەتحعەلی‌خانی قاجاری بە کەند و کۆسپی سەر ڕێی ئامانجەکانی خۆی دەزانی. وەکوو دیارە فەتحعەلی‌خانیش بە چوونی نادر بۆ نێو سپای پادشا دڵخۆش نەبوو.

---

١- نێردراوی شاتۆماسب، حەسەن‌عەلی‌بەگی ناسراو بە موعەییرولمەمالیک بوو.

ئەم دوو پیاوە دەسەڵاتپەرستە لە ژێر سایە و سێبەری خۆشناویی سەفەوییەدا خۆیان بە دەوڵەتخوا و شاپەرست دانا و ڕانا و بە گرژی مەچەکەیان لە یەکتر ئەنگاوت و کەوتنە ملانەی بە دەستەوە گرتنی هەوساری کاران. هێرشی شاتۆماسب بۆ سەر مەشەد هەلی خۆنواندن و مەیدانی شەڕی یەکلاکەرەوەی نێوان ئەم دوو سەرکردەیە بوو. لەم زۆرانبازییەدا چونکە فەتحعەلیخانی قاجار نەیتوانیبوو شان لە شانی دەستوبردی چەکدارانە و ئازایەتیی بێوێنەی نادر بدا و تێشکابوو. ڕۆژی چاردەی مانگی سەفەری ساڵی ١١٣٩ی ک/ ١٧٢٦ی ز. بەرلەوەی لەشکری پادشا بگاتە مەشەد کوژرا. لەو هاتوباتەدا زۆربەی چەکدارانی ئاشاقەباش بە فەرمانی نادر چەک کران و نێردرانە گورگان.[1]

کوژرانی فەتحعەلیخانی قاجار یەکێک بوو لە هەڵە سیاسییەکانی شاتۆماسبی دووهەم و پێی وانەبوو کە نادر پاش گیرانی مەشەد و سەرکوتی ئەفغانەکان کەلکەڵەی پادشایەتی دەکەوێتە سەری. وەکوو ئاشکرایە تێداچوونی فەتحعەلیخان سەرکردەکانی خێڵی قاجاری لە شاتۆماسب هەڵنەبری و سەرلەبەریان بوونە بەشداری شەڕەکانی لەگەڵ عوسمانی و چوونی هێزەکانی بۆ سەر ئازەربایجان. جا چونکە تۆماسب لە حاند هێزەکانی عوسمانی بەزی و ڕێککەوتننامەیەکی شەرمەزارانەی لەگەڵ مۆر کردن، ڕێگای لابردنی لەسەر دەسەڵات خۆش کرا. نادر هەر لەو کاتەوە هەڵوێستێکی توندی دژی قاجاران ڕەچاو کرد کە هەمیشە ببوونە پشتیوانی شاتۆماسب. لە سەرتاسەری ڕۆژگاری حکوومەتی نادردا ڕێی هەر چەشنە جووڵانەوە و بزووتنەوەیەکی خێڵی قاجار بەسترابوو و تەنانەت جێنشینەکانی «نادرشا»ش هەر ئەم ڕەوتە بێڕوحمانەیان درێژە پێدا و قڕوقپیان کردن.

لە کلکەی برانەوەی دەسەڵاتی «نادرشا»دا، پاش ئەوەی دڵرەقی و بێبەزەیی و هەڵوێست و ڕێبازی توندوتیژ و نەسازاوانەی پادشا تەنگی بە خەڵکی ئێران هەڵچنی و لە هەر ناوچەیەک ڕاپەڕینێک ڕەنگی دایەوە. تورکمانەکانی «یەمووت»ی لای «ئەترەک» دژی حوکمداری دەشت و گورگان ڕاپەڕین و تیرە و تایفەکانی قاجار کە لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە لانی حکوومەتیان دەگرت و دژی

---

[1] ١- دەڵێن موعەییرولمەمالیک و نادر پێشتر قسەیان لە کوشتنی فەتحعەلیخانی قاجار کردبوو.

بنکەی ژین

جووڵانەوەکان ڕادەوەستان. ئەمجار دایانە پاڵ تورکمانەکان و بوونە هاوپشتیان، بەڵام ئەو لەشکرەی کە نادر ناردبوویە گورگان زۆربەی سەرکردەکانی قاجار و یەمووتی کوشتن و منارەیان لە کەللەی سەری کوژراوەکان هەڵچنی. لەو شەڕ و هەرایەدا کۆمەڵێکیان زیندەبەگۆڕ کردن و ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە خانەدانی ئەفشار و جێنشینەکانی «نادرشا»ی لەبەرچاوی تیرە و تۆرەمەکانی خێڵی قاجار پتر بێزراندن.

## محەممەدحەسەن‌خان دەکەوێتە سەر ڕچە و ڕێبازی تۆڵە

محەممەدحەسەن‌خانی کوڕی فەتحعەلی‌خانی قاجار کە مەزنایەتیی تیرەی «ئاشاقەباش»ی بە ئەستۆوە بوو، لە سەروبەندی ئەمانی دەسەڵاتی نادری‌دا زۆر بە دڵخۆشی لە تێداچوون و برانەوەی حکوومەتەکەی دەڕوانی و هەمیشە لە هەلێک دەگەڕا هەتا پاش لێکهەڵوەشان و ڕووخانی حکوومەتی نادر بەشێک بۆ خۆی بەرێ. کاتێک لە جەنگەی یەکەم ڕاپەڕینی دژی نادردا چاوی بە هێرش و پەلاماری تیژ و دڕەقانەی هێزەکانی کەوت، بە هەر فێڵوفرتێک بوو توانی خۆی و خزمانی لە چنگ دەرباز بکا. ماوەیەک دواتر کە نادر لە خوراسان کوژرا و عەلی‌قولی‌خانی برازای ناسراو بە «عادڵشا» بوو بە حوکمداری خوراسان و باکووری ئێران، تیرە و تایفەکانی خێڵی قاجار وەکوو خێڵەکانی باشوور و خۆرنشینی ئێران لە ساڵی ١١٦١ی ک/١٧٤٨ی زایینی‌دا ڕاپەڕین.

هێزەکانی عادڵشا هەڵیانکوتایە سەر گورگان و کۆمەڵێک مەزن و ماقووڵی خێڵی قاجاریان گرتن و لە نێو دیلەکان‌دا «محەممەد»ی کوڕی محەممەدحەسەن‌خان بە فەرمانی عادڵشا خەسێندرا. ئەم کردارە جارێکی دیکەش ئاوری ڕق و تووڕەیی و بێزرانی سەرۆکانی قاجاری سەبارەت بە جێنشینانی نادر و پیاوانی سەر بەو دەسەڵاتەی پتر تێل دا.

لەم کاتەدا ناکۆکی و ملانەی نێوان عادڵشا و برایمخان کە برازای نادر بوون و خۆیان بە خاوەنی تاج و تەختی دەسەڵات دەزانی، هەلی بۆ خۆنواندنی خێڵی قاجار ڕەخساند و محەممەدحەسەن‌خانی مەزنی ئاشاقەباش خۆی لەو کێشمەکێشە وەردا و هەر جارەی لە بەرژەوەندیی یەکێک لەو دووانە شیری وەشاند. پاش ئەوەی عادڵشا و برایمخان تێداچوون و «شاروخ»ی نەوەی نادر لە خوراسان بوو

بە پادشا و کاری دابەشبوونی ئێران گەیشتە سەرەنجام. زۆربەی ئەو سەرۆک خێڵ و سەرکردانەی کە زەمانێک لە ژێر ئاڵای دەسەڵاتی نادردا کۆ ببوونەوە، دەرفەتیان لە بێهێزیی حکوومەتی ئەفشاران هێنا لە خوراسان و هەرکام بە شێوەیەک هەوای سەربەستی کەوتە سەریان. محەممەدحەسەنخانی قاجاریش یەکێک لەو کەسانە بوو کە خۆی بە شیاوی فەرمانڕەوایەتیی ئێران دەزانی و لە گورگان و مازندەران سەرقاڵی تەخت کردنی ئەم ڕێگا بوو.

یەکێک لە هەنگاوەکانی محەممەدحەسەنخانی قاجار بەستنی پەیمانی یەکییەتی و دۆستایەتی بوو لەگەڵ مەزنانی عێلی یەمووت و تورکمانەکانی کووکەلان کە لە کۆنزەمانەوە ناخۆشی و دوژمنایەتی کەوتبوویە نێوانیان. خانی قاجار بە ڕەچاو کردنی پشوودرێژی و تەگبیرورا، توانی لە گورگان تورکمانان لێکهاڵێنێ و دەسەڵاتێک بەدی بێنێ و ئەگەر ڕووداوەکانی ئێرانی ناوەندی لێگەڕابان و خێڵی زەند ئاوا گەشەی نەکردبا و زۆربەی خەڵک نەبووبانە پشتیوانی حکوومەتی زەندییە، بێگومان محەممەدحەسەنخان دەبوو بە پادشا. بەڵام وەکوو دواتر باسی دەکەین، ڕوون دەبێتەوە کە هەوڵ و هەڵسووڕانی خانی قاجار لە ئاست دەسەڵاتی زەندییەدا نەگەیشتە هیچ ئاکامێک.

***

بنکەی ژین

بەشی ٦

## جووڵانەوەی چەکدارانەی قاجارەکان

«لە نیوەی دووهەمی سەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا ڕاپەڕین و بزووتنەوەی تیرە و تایفەکانی قاجار پەرە دەستێنێ و ئەم خێڵە لە هەمبەر حکوومەتی زەنداندا هێزێکی تازە پێکدێنێ کە دەبێ بە بەردی بناغەی حکوومەتی داهاتووی قاجاران دابندرێ.»

**داگیرسانی کێشە و ملانەی نێوان خانەکان یان زۆرەوانیی مابەینی خێڵاتی زەند و قاجار**

کەریمخانی زەند کە لەمێژ ساڵ بوو لەگەڵ جەماوەری زەندی سەر بە خێڵاتی لوڕ لە ناوچەی بەختیارییەوە ڕاگوێزرابوویە باکووری خوراسان. لە ڕکێفی نادرشای ئەفشاردا ببوو بە قوشەنچی و لە شەڕگان ڕاهاتبوو. بەپێی گێرانەوەی دەقی مێژووی زەندان. کەریمخان پاش کوژرانی نادرشا بە مەبەستی وەدەستهێنانی دەسەڵات وەخۆ دەکەوێ و لە ئیسفەهان و فارس حکوومەتێک دادەمەزرێنێ و تووشی بە تووشی دوو ڕقەبەری زۆردار دەبێ؛ یەکیان ئازادخانی ئەفغان بوو کە دەسەڵاتی بە سەر ئازەربایجان و بەشێک لە خۆرنشینی ئێراندا شکابۆوە و ئەوی دیکەیان محەممەدحەسەنخانی قاجار و سەرۆکی ئاشاقەباش بوو کە لە مازندەران و گورگان حکوومەتی دەکرد و هەڵدەسووڕا هەتا دەسەڵاتی ئازادخان تێدابەرێ و ئازەربایجان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

ئەو دەمەی کەوا کەریمخان بە هێنانە سەر کاری کوڕێکی نۆ ساڵانەی خانەدانی سەفەوی بە ناوی شاسمایلی سێهەم. بەڕواڵەت پێوە بوو هەتا پادشایەتیی سەفەوییە بژێنێتەوە و دەیهەویست هەرێم و ناوچە و مەڵبەندەکانی ئێران لێکهەڵنەوەشێن. محەممەدحەسەنخان بۆ یەکەمجار ساڵی ١١٦٥ی ک/١٧٥١ی ز. بە

خۆی و چلهەزار پیاوی شەڕکەری تورکمانەکانی قاجار و یەمووت بە مەبەستی گرتنی گیلان (گیلان) بە ڕێگای مازندەران و لێواری دەریای «خەزەر»دا بزووت. خانی قاجار دەیهەویست دوای گرتنی گیلان بە ڕێی مازندەران و لێواری دەریای خەزەردا هەلکوتێتە سەر ئازەربایجان و ئازادخانی ڕقەبەری تێدابەرێ؛ بەڵام جووڵانی لەناکاوی سپای زەندان بەرەو باکوور، ناچاری کرد دامەزرێ و بۆ پاراستنی گورگان بکەوێتە بەرەنگاری.

یەکەمین تێکهەڵچوونی خانەکان لە باکووری تاران، شکانی محەممەدحەسەنخانی قاجاری لێکەوتەوە، بەڵام لە گورگان چەکدارانی پاشەکەوتکراو و هێزی بەرگریی خان، تەگەرەیان خستە بەر پێی لەشکری زەندان و دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بە سەر گەمارۆی گورگاندا، چەکدارانی زەند ورەیان دۆڕاند. ئەو کاتەی کە سووکەڵەسوارانی یەمووت بە فەرمانی محەممەدحەسەنخان لە پشتەوەڕا بە سەر هۆردووی زەندیان دادا و مەودایان خستە نێوان لەشکر و بار و بارخانەی خوردوخۆراک و هێزە پشتیوانەکان. خانی قاجار لە گورگانەوە هاتەدەر و هەڵیکوتایە سەر سپای زەند. لەو بگرە و بەردەیەدا شاسمایلی سێهەم وێرای پیاوانی دەوروبەری کە لە جەرگەی سپای زەنداندا گیرسابۆوە، دایە پاڵ خانی قاجار و کەریمخان بەبێ شەڕ و تێکهەڵچوونێکی زۆر، دەورەی گورگانی بەردا و گەڕایەوە ئیسفەهان. ئەم شەڕ و لێکدانە بەرچاوی خانی زەندی ڕوون کردەوە و بۆی دەرکەوت کە هێزی قاجار بوونە کۆسپی سەر ڕێگای و لە باڵی باکوورەوە هەڕەشەن بۆ سەر دەسەڵاتی، جا هەر بۆیە بڕیاری دا کە شانی لە قەڵتوبڕی قاجاران شل بکا و خاشەی بڕست و بڕشتی محەممەدحەسەنخان بکێشێ.

**گیرانی ئیسفەهان**

سپای زەند سەرەڕای ئەوەی کە دەرەقەتی خانی ڕقەبەر و بەهێزی قاجار نەدەهات، گیرۆدەی خەنیمێکی دیکەی وەکوو ئازادخانی ئەفغانیش ببۆوە و لەگەڵی تێکگیرابوو. بەگوێرەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١١٦٦ تا ١١٦٨ی ک/١٧٥٢-١٧٥٤ی ز، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئازادخانی ئەفغان لە لایەکەوە نەیدەهێشت دەسەڵاتی قاجارەکان پەرە بگرێ و لە لایەکی دیکەوە ببوو بە کۆسپی سەر ڕێی سپای زەند.

ئەوەی راستی بێ لە کێشە و هەراکانی چەندین ساڵەدا ئازادخان توانی هەردک ڕقەبەری خۆی بەرەو لاوازی و کەمدەسەڵاتی بەرێ. جێگای خۆیەتی کە لە بیرمان بێ دوو ڕقەبەری زەند و قاجار هێزێکی زۆریان بەختی کێشانی خاشەی خانی ئەفغان کرد. کەچی هیچ ئاکامێکی ئەوتۆیان وەچنگ نەهێنا؛ بەڵام ئەگەر قاجار و زەند یەکتریان گرتبا، بێگومان لە یەکەم تێکهەڵچووندا دەیانتوانی بەرەو هەڵدێری بەزینی بەرن.

شەڕ و لێکدانەکانی خانی زەند لە ساڵی ١١٦٧ی ک/١٧٥٣ی زایینیدا لەگەڵ ئازادخانی ئەفغان، شکانی خانی ئەفغانی لێکەوتەوە و کاتێک گەرایەوە ئازەربایجان هێزی تازەپشووی خانی قاجار بەرەنگاری راوەستا و بەناچاری پەنای بردە بەر میرهەرێمی بەغدا و داوای لێکرد هەتا بە هانایەوە بچێ. بەڵام لای لێنەکرایەوە. بەزینی ئازادخان بە دەست سپای زەند کە دەگەڕێتەوە سەر ئازایەتیی کۆمەڵێک شەرکەری خێڵاتی «دەشتی» و «تەنگستانی»، خانی قاجاری خاترجەم کرد و بە خۆی و بیستهەزار چەکدارەوە بەرەو ئیسفەهان بزووت.

سپای زەند لە ئێراق و دەوروبەری ئیسفەهان بەرگەی پەلاماری لەشکری قاجاریان نەگرت و شاری ئیسفەهان کە یەکەم ناوەندی دەسەڵاتی زەندان بوو گیرا و هێزەکانی محەممەدحەسەنخان هەتا دەروازەی شیراز سپای زەندیان راونا و کەریمخان وێرای کۆمەڵە چەکدارێک دەرگای شاری بە روویدا گاڵەدان. لەم کاتەدا سەرلەنوێ قۆشەنی ئازادخان کە لە ئازەربایجانەوە بەرەو تاران بزووت، خانی زەندی لە تێداچوونی یەکجارەکی رزگار کرد. چونکە محەممەدحەسەنخان وەختایەک بۆی دەرکەوت ئەوە ناوەندی دەسەڵات و کوانووی کۆکردنەوەی هێزی چەکداری لە باکوور کەوتۆتە مەترسی، دەورەی شیرازی بەردا و بەلەز بەرەو باڵی باکووری ئێران گەرایەوە. خانی قاجار هێزی شڕ و شپرێو و ناهومێدی ئازادخانی شەقوپەق کرد و ئەم سەرکەوتنە بوو بە هۆی پتەو بوونی بناغەی دەسەڵاتی خان لە باکووری ئێران و لەو ساڵەوە کە دەبێتە ١١٦٩ی ک/١٧٥٥ی ز. ئازادخان لە شانۆی سیاسەتی ئێراندا هیچ دەورێکی نامێنێ و وەدەردەکەوێ.

## شەڕی سێجارە لەگەڵ خانی زەند

خانی قاجار پاش ئەوەی توانی بە یەکجاری ئازادخانی ئەفغان بشکێنێ، بە مەبەستی تەفروتونا کردنی دەسەڵاتی زەندان لەشکری تەیار کرد و تەنانەت تاقمێک لە شەرکەرانی ئەفغانیشی هێنایە ژێر رکێفی خۆی. پاشان بۆ قەرەبووی چەکدارانی تێداچووی، کۆمەڵێک پیاوی خێڵاتی «ئەفشار» و «خەمسە» کە خۆیان خوازیار بوون ببنە قزشەنچی، هێنانی و بەرەو فارس کەوتەڕێ، چونکە کەریمخان شیرازی کردبوویە پایتەختی خۆی و هەڵکەوتی ئەو شارەی بۆ بەرپەرچدانەوەی خەنیمی بە باشتر دانابوو.

هێزەکانی قاجار بە رێگای «ئابادە» و «مەمەسەنی» و «دەشتی ئەرژەن»ی باشووری شیرازدا بزووتن. لە دەشتی ئەرژەن یەکێک لە خانەکانی «لارستان» بە خۆی و تفەنگچییەکانی دایە پاڵ قوشەنی قاجار و وێکرا هەڵمەتیان بردە سەر شیراز؛ بەڵام کەریمخان ئەو شارەی لە ئاست هێرشی قاجاران چاک دابەستبوو. لە ماوەی گەمارۆی شیرازدا هێز و پەلە چەکدارەکانی زەندان لە دەوروبەرانەوە هەڵیاندەکوتایە سەر سپای قاجار و چونکە دابینی تفاق و نان و پێخۆری قزشەنچییانی خانی قاجار تەگەرەی تێکەوت و بەجارێک دەستی نەدەدا، لەشکری بە سەر دلەکوتە و راوراوێنی دەروونیدا کەوت. خانی قاجار کە بە چاوی سووکەوە لە سەرکردەی چەکدارانی ئەفغانی دەڕوانی، کارێکی وای کرد کە لێیهەڵگەڕێنەوە و بچنە پاڵ سپای زەند. محەممەدحەسەنخان شکستی بە سەر شانیدا هات و بەشێک لە بارگە و بنە و جبەخانەی هۆردووی کەوتە چنگ سپای زەند (سالی ١١٧١ی ک (١٧٥٧ی زایینی).

ئەم هێرشە جگە لەوەی کە ورەی هێزەکانی قاجاری دابەزاند، توانی لە نێو سەرکردەکانیشدا نارەزامەندی بەدی بێنێ و تەنانەت خزمان و نیزیکانی خانیش بە سەری رۆیشتن و سەرکۆنەیان کرد. بەم شێوەیە برشتی هێزی چەکداری خانی قاجار لە کەمی و کورتیی دا و کاتێک سپای زەند بە سەرکردایەتیی شێخالیخانی[1] زەند لە جەنگەی پەیکەردەی هێزەکانی خەنیمدا گەیشتنە تاران، محەممەدحەسەنخان بەرەو گورگان رەوی و لەوێ بنەی داکوتا و بارودۆخی شەڕ و تێکهەڵچوون خێرایەکی گۆڕا.

---

١- شێخ عەلیخان

ئەو دەمەی کە سەرداری زەند گەیبوویە تاران، خانی قاجار دەورەی «دامغان»ی دابوو هەتا دوژمن بەو رەوگەیەدا نەتوانی بگاتە گورگان، بەڵام شێخالیخان بە «فیرووزکۆ»دا هەڵمەتی بردە سەر «ساری» و گرتی و بەرەو گورگان ئەسپی تاودا. خانی قاجار دەستی لە دامغان هەڵگرت و رووی کردە گورگان هەتا دوایین بنکە و پێگەی خۆی بپارێزێ. خان لە نێزیک «ئەشرەف»ی مازندەران تووشی سپای زەند هات و پاش تێکهەڵچوون بەزی و بە ناهومێدی رووی کردە گورگان.

یەکێک لە مەزنانی تیرەی یوخاریباش (دەوەللوو)[1]، خانی قاجاری گرت و کوشتی و بۆ دەربڕینی هەستی سەر لەپێناوی سەری براوی محەممەدحەسەنخانی رادەستی سەرداری زەند کرد. پاش ئەم رووداوە بنەماڵەی محەممەدحەسەنخان بە باری سیاسیدا لە گورگان بوونە پرووشی سووتاو و کورانی خان[2] لە ترسی تۆڵەی سەرۆکانی یوخاریباش پەنایان بردە بەر تورکمانانی «دەشت» (۱۱۷۲ی ک/ ۱۷۵۸ی ز).

کوژرانی محەممەدحەسەنخان بە دەست مەزنی یوخاریباشان، گری ئاوری قینەبەرایەتی و تۆڵەی لە نێو دوو لقی خێلی قاجاردا خۆش کرد، هەر بۆیە پاش ئەوەی کورانی محەممەدحەسەنخان بوونە خاوەن دەسەڵات بەوپەڕی زەبروزەنگ و دڵرەقی دەستیان لە مەزن و ماقووڵانی یوخاریباش وەشاند و هەموویان تێدابردن و بۆ هەتاهەتایە تیرەی دەوەللوویان تاساند و پەکیان خست.

هەڵسوکەوتی کەریمخان لەگەڵ پاشەوارەکانی خانی قاجار و هەڵوێستی سەبارەت بە کوژرانی خان، نیشانەی بەرزەناکاری و لێبووردەیی و سرشتی بێگەردی بوو. خانی زەند بۆ کوژرانی محەممەدحەسەنخان گریا و فەرمانی دا هەتا بە گوڵاو بیشۆن و لە موغبەرەی حەزرەتی «عەبدولعەزیم»ی تاران بەوپەڕی رێزەوە بینێژن. هەروەها تەواوی ئەو چەکدارانەی ئەفغان کە لە پەلامارەکەی محەممەدحەسەنخاندا بۆ سەر شیراز لە خانی قاجار هەڵگەرابوونەوە، هەمووی قەڵتوبڕ کردن.

---

١- محەممەدعەلیخانی دەوەللوو

٢- محەممەدخان، حوسێنقولیخان، مورتەزاقولیخان و جەعفەرقولی.

## ئاکامی هەڵوێستی نەرمونیانی کەریمخان سەبارەت بە قاجاران

هەروەک پێشتر باسمان کرد، پاش کوژرانی محەممەدحەسەنخان و گیرانی گورگان، کورەکانی پەنایان بردە بەر عێلاتە تورکمانەکانی ناوچەی «دەشت». بەڵام کچەکەی یەخسیر کرا. ئەوەی راستی بێ چونکە کەریمخان لێبرابوو هەتا سەرنج و رێزی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ و دڵیان وەدەست بێنێ و هەروەها خانەدانی محەممەدحەسەنخان و جەماوەری ئاشاقەباش بلاوێنێتەوە و دەستەمۆیان بکا، کیژی خانی کوژراوی مارە کرد و بردی بۆ گەلەژنخانەی خۆی و لەرێوە کەوتە دڵخۆشیدانەوەی کورانی خانی قاجار و زەحمەتێکی زۆری لەو پێناوەدا کێشا هەتا بگەرێنەوە. هەر چوار کورەی خانی کوژراو هیوادار بوون کە بتوانن لە نێو تیرە و عێلاتی تورکماندا کۆمەڵێک لایەنگر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و سەرلەنوێ گورگان بگرنەوە، بەڵام پاش چوار ساڵ هەوڵ و هەڵسوورانی بێهوودە، بە نابەدڵی خۆیان هاویشتە ژێر داڵدەی کەریمخانی رقەبەریان. محەممەد، حوسێنقولی، مورتەزاقولی و جەعفەرقولی کە ببوونە ژنبرای پادشای زەند و خزمی بەرێ، زۆر بە گەرموگوری لە بارگای میریدا وەرگیران و رێزیان لێگیرا. هێندەی پێنەچوو کە محەممەدخان لە بارگادا دەستی کرد بە جووڵانەوەی نالەبار لەگەڵ پیاوانی میری و ئەوەندەی شوو لێهەڵکێشا کە کەریمخان بەوردی خستییە ژێر چاوەدێری و نەیهێشت لە شیراز وەدەرکەوێ.

## یەکەمین پادشای بێ تاج و تەختی قاجار

هەڵسوکەوتی نەرمونیان و جووڵانەوەی جوانی کەریمخان لەگەڵ کورانی خانی قاجار و خزمەکانی دیکەی کە خەڵکیش هەر بەو پێیە لەگەڵیان دەبزووتنەوە، هەرا و ئاژاوەی «جیهانسوزشا»ی لێکەوتەوە. ئێمە لێرەدا جیهانسوزشا بە یەکەمین پادشای بێ تاج و تەختی قاجار ناودێر دەکەین.

حوسێنقولیخان داوای لە کەریمخانی زەند کرد هەتا بیکاتە حوکمداری دامغان و مورتەزاقولیخانی براشی بکاتە بریکاری. وەکیل (کەریمخان) ئەم داوایەی قبووڵ کرد و هەر پاش ئەوەی حوسێنقولیخان و براکەی گەیشتنە دامغان، دەستیان لەگەڵ عێل و عاشیرەتی قاجار و تورکمان تێکەڵ کرد و راپەرین.

حوسێنقولیخان بوو بە «جیهانسوزشا» و بە یاریدەی براکانی دەستی گەیاندە حوکمداری مازندەران و کوشتی و لە بابول پادشایەتیی خۆی ڕاگەیاند[1].

فەرمانڕەوایەتیی پادشای بێ تاج و تەختی قاجار لە مازندەران هێندەی نەکێشا، چونکە نەیتوانی خۆی لە حاند سپای نێردراوی زەند ڕابگرێ کە پیاوێکی بێبەزە و دلڕەقی وەکوو زەکیخانی زەند سەرکردەی بوو.

جیهانسوزشا ڕایکردە گورگان هەتا جارێکی دیکە بتوانێ کۆمەڵێک پیاوی سەر بەگێچەڵی تورکمان و قاجار لە خۆی هاڵێنێ و سپایەک پێکەوە بنێ. لەم ڕووداوەدا جەماوەرێکی زۆری بابول بە تاوانی لایەنگری کردنی جیهانسوزشا بە فەرمانی زەکیخان بە شێوەیەکی یەکجار کارەساتبار کوژران. جارێکی دیکە سەرهەڵدانی بنەماڵەیەکی قاجار کوشت و کوشتاری بە دوای خۆیدا هێنا و مازندەران بوو بە گۆمی خوێن و ڕەنگە هەر بۆیە بێ کە پاش ئەوەی جیهانسوزشا لەگەڵ تاقمێک چەکدار گەیشتە سەر حوکمداری مازندەران و گرتی، چەکدارەکانی قاجار بە دنەی خەڵک بەریان دا.[2] دوو کەس لە غولامەکانی خانی قاجار هان دران هەتا لە مەزنی خۆیان هەڵگەڕێنەوە و بیکووژن و ئەوانیش سێودوویان لێنەکرد و دە سەرییەوە نەچوون و کوشتیان و تاقە کوڕێکی بچووکی بە ناوی «باباخان» لە پاش بەجێما (١١٨١ی ک/١٧٦٧ی ز).

## ڕەخسانی هەلی لەبار بۆ قاجاران

کۆچیدوایی کەریمخانی زەند، کە لە ماوەی دە ساڵەی بنەبانی دەسەڵاتیدا سەردەمێکی یەکجار ئارام و هێوری بێوێنەی تێپەڕ کردبوو. پەشێوی و هاڵۆزکانێکی سەیری خستە نێو دامودەزگای حکوومەتی زەندییە. تەواوی ئەو میر و بەگەرە سەربزێوانەی کە بە فەرمانی وەکیل (کەریمخان) لە بارگای میری ڕاگیرکرابوون هەتا نەکا هەلی ئاژاوەیان بۆ برەخسێ، ڕایانکرد و تێکڕای خانزادەکانی زەند و کەسوکار و سەرۆک و سەرکردەکانی بە گژ یەکتردا چوون.

---

١- ئەم حوکمدارە محەممەدخان بوو کە لە بارفرۆش (بابولی ئێستا) بە فەرمانی مورتەزاقولیخان کوژرا.

٢- ئەم حوکمدارە تازەیە مەهدیخانی کوڕی محەممەدخانی حوکمداری کوژراوی پێشوو بوو.

لەو هەرا و بگرەدا محەممەدخانی قاجاریش لە شیراز رایکرد و لە گورگان خۆی گەیاندە لای براکانی و ئاورێک کە چەند ساڵان لە دەروونیدا داییسا و بیوو بە هەوێنی کەسایەتی و ئاکار و کرداری، بڵێسەی لێهەستا. ئەو پیاوە توندوتیژ و رقئەستوور و بێبەزە و شێلگیرە کە لە بارگای «وەکیل»دا[1] فێری خوارەکەوپێچەکەی فەرمانرەوایەتی و دابینکردن و رێکخستنی سپا ببوو و لە نیزیکەوە سرشت و دەروونی پیاوانی پایەبەرز و مەردانی دەرک و دیوانی ئەو سەردەمەی دەناسی و زۆر بە چاکی خاڵی بەهێز و لاوازی حکوومەتی زەندانی بۆ روون ببۆوە، هەوساری کاروباری گورگانی بە دەستەوە گرت. خانی قاجار لە سەرەتاوە بە چاوچڵێسی و هەڵپەی دەروونەوە لە بێسەرەوبەرەیی و ئاژاوەی فارس و کێشە و هەرای سەرداران و خزمانی بنەماڵەی زەندی دەروانی کە بە دەستی خۆیان تیشەیان لە ریشەی ژیانی ئەو دەوڵەتە هەراش و ئازایە دەدا و لە هەلێکی لەبار دەگەرا هەتا بتوانێ ئاواتەکانی وەدی بێنێ.

* * *

بنکەی ژین

١- کەریمخان بە خۆی نەگوت پادشا و سەرناوی «وەکیلی رعیتان»ی بۆ خۆی دانا و گوتی «دەمراستی مسکێنان»م.و.

بەشی ٢

# پێکهاتنی حکوومەتی قاجار

**(١١٩٣- ١٢٠٩ ی ک/ ١٧٧٩ - ١٧٩٤ی ز)**

## تێکهەڵچوون لەگەڵ جێنشینەکانی کەریمخان

سەردەمی حکوومەتی جێنشینەکانی کەریمخانی زەند دەبێ بە یەکێک لە سەردەمە پڕ هەرا و ئاژاوە و قەیرانەکانی نێوخۆی ئێران دابندرێ. خان بێجگە لەوەی جێنشینێکی دیاریکراوی نەبوو، کەسیش نەیتوانی دەسەڵاتخوازانی بەهێز و ڕقەبەرانی سیاسی تێدابەرێ و هیچکام لە سەرکردە و شازادەکانی زەندیش نەیانتوانی بۆ مانەوەی حکوومەتی زەندییە و پتەو کردنی بناغەی پادشایەتی هەنگاوێکی گرینگ باوێن. هەست و ویستی دەروونی ئەوسن و دەسەڵاتپەرەستیی جێنشینانی کەریمخان قەیرانێکی ئەوەندە بەربڵاوی لە فارس و ئیسفەهان نایەوە کە هەر بە چەند مانگان جارێک میرێک لە خانەدانی زەند دەهاتە سەر دەسەڵات و لە شیراز حکوومەتی دەکرد و سەرەنجام دەکوژرا.

بەگشتی لە سالی ١١٩٣ی کۆچیرا هەتا ١٢٠٣، یانی لە ماوەی دە ساڵدا، تەختی دەسەڵاتی زەندان و پلەی پادشایەتیی ئێران لە نێو تاقمێک برازا و ئامۆزای کەریمخاندا دەستاودەستی دەکرد و لەو ماوەیەدا هەلێکی یەکجار لەبار بۆ خانی قاجار ڕەخسا. وەکوو پێشتر باسمان کرد محەممەدخان هەوڵی دەدا هەتا دەسەڵاتی لە باکووری ئێران پەرە بگرێ و هەر جارێک بێسەروبەرەیی و شەڕ و لێکدانی خوازیارانی پادشایەتی دەگەیشتە ئەوپەڕی خۆی، زەبری دەوەشاند و هێزی خۆی بە تاقی دەکردەوە و هیچ دەرفەتێکی دوای ڕووداوەکانی لە کیس نەدەدا. وای لێهات کە سەرەتای سالی ١٢٠٢ی ک/١٧٨٨ی ز. بە هەموو بارێکدا هەلی دامەزرانی حکوومەتی قاجار ڕەخسابوو، بەڵام هێز و برستی لوتفعەلیخانی زەند و پشتیوانیی خەڵکی باشووری ئێران کە هەر چۆنێک بێ شازادەیەکی ئێرانیی زەندیان

پێ لە بنەماڵەی قاجاران باشتر بوو. چەند ساڵێک دامەزرانی ئەم حکوومەتەی وەدوا دا.

## سەرەتای هەوڵەکانی ئاغامحەممەدخان (١١٩٣- ١١٩٨ی ک/١٧٧٩ - ١٧٨٣ی ز)

ئاغامحەممەدخان کە لەبەر نەمانی هەستی نێرانەی، ببوو بە کەسێکی ڕقەوەن و لاسار و بێبەزە. پاش ڕاکردنی لە شیراز خۆی گەیاندە گورگان و مازندەران و حەشامەتی تیرە و تایفەکانی قاجاری کۆ کردنەوە. لە یەکەم هەنگاودا بە یاریدەی جەعفەرقولیخانی برای کە پێی وەفادار بوو سەری گەردنکەشان و دەملەپێشانی قاجاری تێدا بردن. خانی قاجار لە ماوەی مانەوەیدا لە بارگای کەریمخان پەندێکی زۆری وەرگرتبوو و چارەنووسی جێنشینەکانی میری زەندی هێنابوویە بەرچاو و پێی وابوو کە دوژمنانی خۆماڵی و کەڵەوەکێشانی زۆرداری خانەدان لە دوژمنان و ڕقەبەرانی سیاسی مەترسیدارترن؛ هەر بۆیە دواتر تەنانەت ڕوحمی بە براکانی خۆشی نەکرد و دوای ئەوەی توانی خەنیمی بشکێنێ، بێجگە لە جەعفەرقولیخان بە فێڵ و تەڵەکە هەمووی تێدا بردن. ئاغامحەممەدخان وردەوردە هێزەکانی خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕقەبەران و خەنیمانی باشووری ئێران ساز و تەیار کردن و لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا کە شیراز و ئیسفەهان لە ئاگری قەیران و ئاژاوەدا دەسووتان، توانی بە سەر تەواوی ناوچە و مەڵبەندەکانی باکووریدا زاڵ بێ. خان تەواوی تیرە و تایفە و بەرەبابەکانی قاجاری ناوچەی دەشت و گورگانی لە جێی خۆیان هەڵکەندن و بەرەو بنارەکانی باشووری ئەلبورز، واتە مەڵبەندی تاران و دامغانی بردن و هەوڵی دا کە بەرەبەرە ڕێی خۆی بەرەو فارسی ناوەندی دەسەڵات و حکوومەتی زەندان تەخت بکا، بەڵام لە ئاست پەلامارەکانی چەکدارانی زەندا هیچی بۆ نەکرا و بە گشتی پاش پێنج ساڵ شەڕ و لێکدان و تێکۆشان تەنیا توانی دەسەڵاتی بەشێک لە هەرێمەکانی باکووری ئێران بۆ خۆی دەستەبەر بکا.

## زۆرانبازی و ملانەی نێوان دوو خەنیم (١٢٠٣-١٢٠٩ی ک/١٧٨٨-١٧٩٤ی ز)

لوتفعەلیخانی زەند کە پاش کوژرانی جەعفەرخانی باوکی لە ساڵی ١٢٠٣ی کۆچیدا بوو بە پێشەنگی حکوومەتی زەندییە، دەکرێ بە یەکێک لە دلێرترین پادشایانی ئێران دابنرێ. خان دوایین ترووسکەی چرای حکوومەتی زەند و

سەمبولی درەوشاوەی ئازایەتی و دەسکەرەوەیی و سرشتی سادە و ساکاری خانەدانی ئێراندۆستی زەندییە بوو. کاتێک کەوتە بەرەنگاربوونەوەی ڕقەبەرێکی بلەوەز و نەگونجاوی وەکوو ئاغامحەممەدخان، زۆر بوێرانە شیری وەشاند و سەیر بوو بە سەر لەپێناوی دەستوبردی مەردانەی. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژگار و شێوەی بیرکردنەوە و ڕەوشت و ڕوانگەی بەشێک لە مەزنانی ئەو سەردەمە، چارەنووسی تاڵی شازادەی زەندی لێکەوتەوە. کەسێکی وەکوو حاجی برایمخانی کەلانتەری[1] فارس و پیاوانی هاوشێوەی ئاڵوگۆڕیان بە سەر هەلومەرجەکە هێنا و هەرکام لەو هۆکارانە بە بەشی خۆیان حکوومەتی زەندیان بە لای لاوازیدا خست و هێزیان نایە بەر خانی قاجار. ئەم بارودۆخە تاڵ و نالەبارە چارەنووسی گەلی ئێرانی لەسەر تەوەرە و بستەی خۆی ترازاند و حکوومەتێکی ئێرانی بەو خەیانەت و پێشهاتانە خاشەی بڕا و حکوومەتێکی تورکمان جێگای گرتەوە.

## شەڕی یەکەمجار (١٢٠٣ای ک/ ١٧٨٨ای ز)

لەبەروەی کە ئاغامحەممەدخان بە تینوتاوی دڵ و دەروونی هێزە چەکدارەکانی زەند و بە شێوازی بیرکردنەوەی سەرکردە و خانزادەکانی ئەو خانەدانەی دەزانی و لوتفعەلیخانی بە لاوێکی بێئەزموون و کاڵفام دادەنا. هەر دوابەدوای ئەوەی کە خانی زەند لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە، بە خۆی و سپایەکی پێکهاتووی قاجار و تورکمان و ئەفشار و ئەفغان لە کەلێن و جێپەنای هاتەدەر و بە مەبەستی وەدی هێنانی ئامانجی کە گرتنی شیراز و تێکشکاندنی دەسەڵاتی زەندییە بوو، بەپرتاو ئەسپی بەرەو فارس تاودا.

یەکەم تێکهەڵچوونی سپای قاجار لەگەڵ لەشکری لوتفعەلیخان لە «هەزاربەیزا»ی نیزیک شیراز، تەنیا پێکداهاتنێکی کەم و کورت بوو، بەڵام شەڕی یەکلاکەرەوە لە ١٢ کیلۆمیتریی ئەو شارە ڕووی دا. لەو پێکدادانەدا لوتفعەلیخان زۆر ئازایانە هەڵیکوتایە سەر باڵی ڕاستی لەشکری قاجار و تێکیشکاند. کەچی محەممەدخانی مامی، خۆی لە ئاست پەلاماری قاجاران پێنەگیرا و سپای زەندان تەقورەوی تێکەوت و دەستی لە یەکتر بەردا و هەر چەندەی لوتفعەلیخان کەوتە

---

١- شارەوان، حوکمدار

خۆراکری و پێداگری بەڵام چی بۆ نەکرا. خانی زەند بەناچاری گەڕایەوە شیراز و سپای قاجار شارەکەی گەمارۆ دا. بەڵام لەبەرەوەی خانی قاجار زەفەری بە قەڵا و قایمە و شوورەی سەختی شیراز نەبرد، مانگێک پاش گەمارۆ دەستی هەڵگرت و گەڕایەوە تاران کە ناوەندی سەرکردایەتیی هێزەکانی بوو.

هەڵەی سیاسی و سەربازیی لوتفعەلیخان جارێکی دیکە دەسەڵاتی حکوومەتی زەندی داشکاند و گەشەی بە دوژمنی دا. پادشای زەند لەشکری دەنگ دا و بۆ ماوەی چوار مانگان دەورەی کرمانی گرت و هەتا وای کرد زستان داهات و تاقمێکی زۆر لە چەکدارەکانی تێداچوون و قاتیوقڕی باڵی بە سەر لەشکری کێشا و بە ناهومێدی گەڕایەوە. بێجگە لەم ڕووداوە، ناکۆکی و کێشە و هەرای نێوان حاجی برایمخانی کەلانتەر و سەرداران و خانانی زەند، بناغەی هێز و دەسەڵاتی سیاسیی لوتفعەلیخانی بەجارێک لەرزاند و لەم ماوەیەدا ئاغامحەممەدخان بە خاترجەمی کەوتە تەیار کردنی سپاکەی و خۆی بۆ پەلامارێکی تیژتر لە جاری پێشوو بۆ سەر فارس ساز کرد.[1]

## شەڕی دووهەمجار (۱۲۰۵-۱۲۰۶ی ک/۱۷۹۰-۱۷۹۱ی ز)

شەڕی دووهەمجار هەم بە باری ماوەی درێژەکێشان و هەم بە لایەنی ڕووداوەکان و مەیدانی تێکهەڵچوونەکاندا، دەکری بە شەڕ و لێکدانی گەورەی نێوان دوو خەنیمەکە دابندرێ. هەوڵ و هەڵسووڕانی ئاغامحەممەد سەرەتا گرتنی شیراز و دەردەستکردنی لوتفعەلیخان بوو. دووڕوویی و خەیانەتی حاجی برایمخانی کەلانتەر کە لە جەنگەی بە دەستەوە نەبوونی لوتفعەلیخاندا حکوومەتی فارسی بە ئەستووە بوو، ڕێگای بۆ پێشکەوتنی خانی قاجار خۆش کرد. جارێکیان سپای زەند بە کەتن و پیلانی برا و کوڕی کەلانتەر لە نێزیک «شارەزا»[2]

---

۱- حاجی برایمخانی کەلانتەر لە چاکەی ئەو کارانەی کە سەبارەت بە هێنانە سەر کاری لوتفعەلیخان کردبووی، بوو بە باوەڕپێکراو و دەمڕاست و مەزنەوەزیری حکوومەتی زەندییە، بەڵام کاتێک لوتفعەلیخان لە کرمان گەڕایەوە، خانان و سەرکردەکانی زەند پادشایان لێ پڕ کرد و هارووژاندیان و لە ئاکامدا کەلانتەر بە مەبەستی پاراستنی گیانی خۆی وەخۆ کەوت و قۆڵی بۆ تێداچوونی لوتفعەلیخان و سازان لەگەڵ خەنیمەکەی هەڵکرد.

۲- دەبێتە «سێمیرۆم»ی سەروو یان «سێمیرۆم»ی گەورە.

دەستی لێکبەردا و لوتفعەلیخان بۆ پاراستنی شیراز خێرایەکی گەڕایەوە شارەکە، بەڵام کەلانتەر کە بەدزی دەستی لەگەڵ خانی قاجار تێکەڵ کردبوو، ئەوەندەی توانی کۆسپ و تەگەرەی خستە بەر پێی شازادەی زەند. تەنانەت لە نێو سەرهۆزانی عەرەب و تیرە و خێڵاتی دەشتی و تەنگستانیدا کەوتە دابەشینی پارە و بەرتیل و نەیهێشت یاریدەی لوتفعەلیخان بدەن. بەڵام دیسانیش بە هەوڵ و تێکۆشان و دەستوبردی لوتفعەلیخان تاقمێک پیاوی دەسکەرەوەی لێواری کەنداوی فارس چوونە ژێر ڕکێفی.

لەم کاتەدا هۆزردووی قاجار ببوو بە چەند قۆڵێک و هەر قۆڵەی بەرەگەی ڕێگایەکی بەرەو شیرازیان تەنیبوو هەتا نەهێڵن لوتفعەلیخان بگاتەوە ئەو شارە. شازادەی زەند لەگەڵ تاقمێکی کەم توانی لە نێزیک شیراز قوشەنچییانی قاجار بە سەرکردایەتیی مستەفاخانی دەوەللوو تێکشکێنێ و دووهەزار کەسیان بە دیل بگرێ و پاش چەک داماڵین ئازادیان بکا.

ئاغامحەممەدخان بەپێی ئاماژە و ڕاسپاردەی حاجی برایمخانی کەلانتەر بیستهەزار چەکداری بە سەرکردایەتیی جانمحەممەدخانی قاجار لە دەشتی «قیبلە»ی دەوروپشتی شیراز کۆکردەوە. بەڵام لوتفعەلیخان کە تەنیا چوارهەزار کەسی لە ژێر ڕکێفیدا بوو، بەوپەڕی ئازایەتی و بوێری بە سەری دادان و تێکیشکاندن. پاشان بە مەبەستی دابینی خۆراک و تفاق و چەکوچۆڵی پێویست بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوو دوژمنی قین لە زگی وەک ئاغامحەممەدخان و حاجی برایمخانی کەلانتەر گەڕایەوە «زەرەقان». لە لایەکی دیکەوە خودی ئاغامحەممەدخان وێڕای چلهەزار کەسی لەشکرچی بەرەو شیراز بزووت و لە «شەهرەک»ی مابەینی ڕێگای ئیسفەهان و شیراز. لەگەڵ لوتفعەلیخان تێکهەڵەنگووت کە تەنیا پێنجهەزار چەکداری بە دەستەوە بوو.

لەم شەڕ و تێکهەڵچوونە سەیرەدا کە بە هیچ بارێکدا ژمارەی لەشکرچییەکانی زەند و قاجار یەکتریان نەدەگرتەوە. هەم ئازایەتی و دەستوبردی لوتفعەلیخان و هەم خۆڕاگری و سووربوونی ئاغامحەممەدخان جێگای سەرنجن. ئەو دەمەی کە لوتفعەلیخان توانی دڕ بە جەرگەی سپای قاجار بدا و بگاتە نێزیک خێوەتی سەراپەردەی ئاغامحەممەدخان. ئەگەرچی مژتەکەی مەرگ لەبەرچاوی ئاغامحەممەدخان خۆی دەنواند، لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد. لەو کاتەدا جارێکی

دیکەش سەرکردەکانی لوتفعەلیخان خەیانەتیان پێکرد و برووبیانوویان بۆ داتاشی و گوتیان خانی قاجار زووتر رایکردووە و ئاوا نەیانهێشت دەستی بگاتە شوێنی نیشتەجێبوونی. ئەم رووداوە کە لە شەوێکی ئەنگوستەچاوی سامناکدا قەوما، چارەنووسی حکومەتی زەند و داهاتووی حکومەتی قاجاری دیاری کرد، چونکە پادشای زەند بۆ سبەی شەو خەیانەتی سەرکردەکانی خۆی لێ روون بۆوە و بۆی دەرکەوت کە بە دەنگۆی ناڕەوا بڵاوەیان بە لەشکرەکەی کردووە. لوتفعەلیخان بەناچاری و بە مەبەستی دوایین هەوڵ و هەڵسووران و کۆکردنەوەی هێزی بەرەنگاری، دەستی لە سپای شپرزە و شپرێوی هەڵگرت و بەرەو کرمان رەوی. ئاغامحەممەدخان سەرکەوتووانە پێی نایە شیراز و لە کۆشکی «کڵاوفەرەنگی»ی کەریمخان وەکوو فەرمانڕەوای فارس پێشوازیی لێکرا. ئەوسا فەرمانی هەڵدانەوەی گۆڕی کەریمخانی دا و تەرمەکیان راگواستە تاران و لە ژێر پێچکەی تەختی پادشایەتیدا کە دەبوو پالی لە سەر بداتەوە، ناشتییانەوە. پاشان ئاغامحەممەدخان فەرمانی دا کە تێکرای ژن و منداڵی زەندان وەک یەخسیری شەڕ لە شیرازەوە بەرن بۆ تاران و سەرلەبەری شووره و قۆنگرە و کڵاوقووچەی دەورەی شاری خاپوور کردن.

### کارەساتی کرمان (۱۲۰۸-۱۲۰۹ی ک/۱۷۹۳-۱۷۹۴ی ز)

هاوکاریکران و یارمەتیدرانی شازادەی زەند لە لایەن خەڵکی کرمانەوە کە خۆی ماوەیەک لە سەردەمی ژیانی باوکیدا لەو شارە حکومەتی کردبوو، وەهای ئاوری تووڕەیی و ڕق و قینی خانی قاجار هەڵگراند کە راست بۆخۆی شانی لە گرتنی شل کرد. لەم هێرشەدا پتر لە پێنجهەزار کەس لە قزڵباشەنچییانی خانی قاجار لە دەرەوەی دەروازە و کووچە و کۆڵانەکانی کرمان بە چنگ لوتفعەلیخان و تاقمی بچووکی یارانی چاونەترسی کوژران و سەرەنجام دەستیشی نەگەیشتە شازادەی زەند. پاش ئەوەی لەو هەرا و بگرەدا لوتفعەلیخان توانی لە کرمان دەرباز بێ و هێزەکەی تەقورەوی تێکەوت، ئاغامحەممەدخان پێی نایە کرمان و دەماری خەڵکی بێپەساری ئەو شارەی دەرهێنا و بۆسۆی لە جەرگ و هەناوی هەستاندن. بە فەرمانی خانی قاجار هەشتهەزار ژن و کچی شارەکەیان لە نێو

ڕیزەکانی سپای‌دا دابەش کردن و حەشامەتێکی زۆر کوژران و کۆمەڵێکی بەرچاویش کوێرکران.

«... بە فەرمانی وی سەرجەمی پیاوانی شارەکەیان کوشتن یا کوێریان کردن. دەگێرنەوە کە ژمارەی کوێرکراوان گەیشتۆتە حەوتهەزار کەس و کوژراوان لەوەش تێپەڕیون. ئەوانەی لەو نەهامەتییەدا تووش نەهاتبوون، ئی وەی نەبوو کەس بەزەییی پێدایان‌دا هاتبێ یان دەرووی دەربازبوونیان بۆ کرابێتەوە، بەڵکوو خوێنڕێژەکان هێندەیان ئادەمیزاد کوشتبوو کە وەستابوون و لە شان و پێل ببوون. دەڵێن ئاغامحەممەدخان حوکمی کردووە کە بە بەرد و تەرازووی تایبەت چەند مەنێک چاوی دەرهاتووی بۆ بەرن و ئەو کارە هیچ گومانێکی تێدا نییە.»[1]

هەڵوێست و ڕێبازی پڕ زەبروزەنگ و بێڕوحمانەی خانی قاجار کە بە باری مرۆڤدۆستی و مرۆڤایەتی‌دا قێزەون و شیاوی سەرکۆنە بوو، بە لانی پێشکەوتی کارەکانی خۆی‌دا چاک جێی خۆی گرت. ئەم کارەساتە خوێناوییە هەستی خۆراگری و بیری بەرەنگاربوونەوەی ئامانجەکانی خانی قاجاری لە دڵ و دەروونی خەڵکی ناوچە و هەرێمەکانی دیکەی ئێران‌دا ویشک هەڵێنا. ڕەنگە خان بۆیە زەبری ئاوا سامناک و نامرۆڤانەی وەشاندبێ هەتا لانی‌کەم جارێکی دیکە کارەسات و بەربەرەکانی و خوێنڕشتنێکی ئەوتۆ لە هیچ کوێی ئێران دووپات نەبێتەوە؛ بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئاغامحەممەخان تەنیا لەبەر بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی کرمان ئەو بەڵایەی بە سەر نەهێنان. بەڵکوو هەستی تۆڵە لە خانەدانی زەند بەرچاوی وا تاریک کردبوو کە خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. ئەم ڕق و قینە کارێکی وای کرد کە وەختایەک بە فێڵ و تەڵەکەی حوکمداری «بەم» لوتفعەلی‌خان گیرا و نێردرایە لای خانی قاجار. بە شێوەیەکی هێندە دڕندانە لەگەڵ ئەو شازادە بوێرە جووڵایەوە کە کاری وا لە مێژووی ئێران‌دا وەبەرچاو نایە.

«... گێرانەوەی ئاکار و کرداری ئاغامحەممەدخان بە شێوەیەکی دووروودرێژ سەبارەت بەم پادشا یەخسیرە، دەبێتە مایەی سووک و چرووک بوونی سرشتی ئادەمیزاد و نووسینەوەی لاپەڕەی مێژووی پێ پیس دەبێ. خوێنەر دەبێزرێ و

---

[1]- مێژووی ئێران، نووسراوی سێر جان مەلکۆم.

بیسەر دڵی ڕێک دەکوشرێ. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانن خان بە چنگ و نینۆکی خۆی چاوی لوتفعەلیخانی کوڵی و پاشان ناردی بۆ تاران.»[1]

دوای گیران و کوێرکرانی لوتفعەلیخان و تێکدان و شێواندنی کاروباری زەندان بە دەستی کۆمەڵێک خەیانەتکاری وەکوو حاجی برایمخانی کەلانتەر و هاوبیرانی، دارژانی بناغەی حکوومەی خانی قاجار ڕێگای بۆ تەخت کرابوو. ڕەوتی ڕووداوەکان تۆماری تەمەنی پادشایەتیی زەندی لە ئێران پێچایەوە و ئاغامحەممەدخان پاش سێ مانگ مانەوەی لە شیراز، حکوومەتی ئەو شارەی دایە دەست «باباخان»ی برازای و سەرناوی «ئیعتیمادوددەولە»ی دایە حاجی برایمخان و کردی بە وەزیر و مانگی شابانی ساڵی ۱۲۰۹ی ک/۱۷۹٤ی ز، گەڕایەوە تاران.

## پەلاماردانی قەفقاز (۱۲۰۹ای ک/۱۷۹۴ای ز)

دوای ڕووخانی دەوڵەتی زەندییە، زۆربەی میران و بەگلەرانی ئازەربایجان سەریان وەبەر فەرمانی خانی قاجار هێنا و ئەو کەسانەش کە هێشتا سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڕچە و ڕێبازی سیاسی گیرۆدەی دوودڵی ببوون و نەیاندەزانی هەڵوێستیان چ بێ، سپای بەهێزی قاجاری تێنی بۆ هێنان و بەناچاری پێمل بوون.

سپای ئاغامحەممەدخان کە نووسیویانە سەری هەتا ٦۰هەزار کەس ڕۆیشتووە، بە ڕێگای سەراب و خەڵخاڵ و ئەردەویلدا ڕووی کردە قەفقاز. برایمخانی جەوانشێر، یەکێک لە سەرکردەکانی قەرەباغ پردی سەر ڕووباری ئاراسی ڕووخاند و بزووتنی قۆشەنی قاجار بۆ ماوەی دوو مانگ پەکی کەوت هەتا پردەکەیان هەڵیبەستەوە. پاش پەڕینەوەی سپای قاجار، ئاغامحەممەدخان دوو هێزی چەکداری ڕاسپاردن هەتا بڕۆن و «ئێرەوان» بگرن و پیاوماقووڵێکی بارگای بە مەبەستی وتووێژ ناردە تفلیس بۆ لای ئێرایکلی (هێراکلیووس)ی پادشای گورجستان. نێردراوی قاجار بە هێراکلیووسی ڕاگەیاند کە پێویستە سەر وەبەر حکوومەتی ناوەندیی ئێران بێنێ، بەڵام پادشای گورجستان بەپێی ڕێککەوتنێکی کە لەگەڵ کاترینی دووهەمی شاژنی ڕووسیا نووسیبووی، تازە خۆی سەر بە ئێران نەدەزانی و پێی وابوو هەموو شتێک براوەتەوە و پاشکۆی ڕووسیایە. لەپێناو ئەم

---

۱- مێژووی ئێران، نووسراوی سێر جان مەلکۆم.

کارەش‌دا کاترین بەڵێنی دابوویە کە دەوڵەتی رووسیا دەسەڵاتی پادشای گورجستان و جێنشینەکانی بپارێزێ و باڵیش بە سەر خۆی‌دا بکێشێ.

دژایەتی ئیرایکلی و جەوانشێر گەڵاڵەکەی ئاغامحەممەدخانی تێکدا. خانی قاجار دەیهەویست بە فێڵ‌وفرت و تەگبیران سەر بە میرانی قەرەباغ نەوی بکا و بیانکێشێتە ژێر رکێفی خۆی و بە یاریدەی ئەوان گورجستان بگرێ. لەو کاتەدا سەرەتا ئەسپی بەرەو «شووشێ» تاودا و لە نێزیک ئەو شارە هۆردوویەزی کرد و مستەفاخانی دەوەللووی ناردە گوندی «عەسکەران»ی شووشێ هەتا بەر بە چوونی ئازووخە بۆ نێو شار بگرێ. ئەوسا هێزێکی دیکەی بە سەرکردایەتیی پیرقولی‌خانی شامبەیاتی ناردە سەر برایانی جەوانشێر و دوای ئەوەی لەشکری جەوانشێر خۆی لە حاند زەبری سپای قاجار بۆ نەگیرا و شکا، برایمخانی جەوانشێر کاغەزێکی لە خان نووسی و رایگەیاند کە سەری وەبەر دێنێ. ئاغامحەممەد هەلەکەی بە لەبار زانی و لەرێوە بە خۆی و هێزی تەیارەوە بەرەو گورجستان بزووت.

**گیرانی تفلیس (١٢١٠ی ک/١٧٩٥ی ز)**

ئیرایکلی وڵامی نامەکەی ئاغامحەممەدخانی نەداوە و خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپای قاجار ساز و تەیار کرد، بەڵام سەرەرای پاڵەوانەتی و ئازایەتیی گورجییەکان لەو شەرەدا و چاونەترسانی پادشایان، سەرەنجام بەزین و هێزی قاجار سەرکەوت و پادشا بەرەو شاری تفلیس رەوی کە پێشتر قەڵا و قایمە و شوورەی چاک دابەسترابوو. ئەوەی راستی بێ چونکە سپای قاجار بە سەررەو ئەسپیان بەرەو تفلیس تاودا، ئیرایکلی خاوخێزان و نێزیکانی لە شار دەرباز کرد و هەڵات بۆ گورجستانی خۆرنشین[1] و تفلیس کەوتە چنگ هێزەکانی قاجار.

ئاغامحەممەدخان لە «تفلیس»یش کارەساتی کرمانی دووپات کردەوە و بۆ چاوترسێن‌کردنی میرانی قەفقاز یان راکێشانی سەرنجی مسوڵمانان بۆ لای خۆی یان هەر رەنگە بەگوێرەی دەمارگرژیی مەزهەبیی خۆی فەرمانی قەتڵی‌عام و تاڵانی ماڵ و سامانی خەڵکی تفلیسی دا. تاقمێکی بەرچاوی قەشەی مەسیحیی گورجییانی لە رووباری «کوورا»دا خنکاندن و ٢٥هەزار ژن و پیاو و زارۆکیان بە دیل گرتن و

١- دەبێتە ناوچەی کاخت.

کەموزۆر سەرلەبەری مەزنان و پیاوماقووڵانی شاریان تێدابردن و هێندێک لە کلیساکانیان خاپووراندن. مانگی مەولوودی ساڵی ١٢١٠ی کۆچی[1]، پاش دەست بە سەردا گرتنی تەواوی جبەخانە و پاشەکەوتی ئێرایکلی شارەکەیان چۆل کرد. ئاغامحەممەدخان تەمای وابوو هەتا سەری ئێرایکلی بە گزمیدا بکا و خاشەی بکێشی. بەڵام لەبەر نیزیکبوونەوەی زستان و بڵاوبوونەوەی هەواڵی راپەڕینی خەڵکی شیروان[2] و کوژرانی سەردارانی قاجار بە دەست جەماوەری شار، خان لەو بڕیارەی پاشەگەز بۆوە و بە نابەدڵی گەڕایەوە دەشتی موغان. ئەگەرچی خەڵکی شیروان پشوویان لە مستەفاخانی دەوەللووی نوێنەر و دەمراستی خانی قاجار بڕیبوو، بەڵام جاریَ خۆی لە سزادانیان پاراست و لەگەڵ میرانی شیروان و ئێرەوان و دەربەند پەیمانی دۆستایەتی بەست و پێمل‌بوونی لێ قبووڵ کردن و گەڕایەوە تاران.

### تاج لەسەرنانی ئاغامحەممەدخان (١٢١٠ای ک/١٧٩٥ای ز)

دوای لەشکرکێشانی خان بۆ سەر قەفقاز، وادیارە کە دەسەڵاتی بە سەر ئەو هەرێمەدا شکاوەتەوە و لە نێوخۆی ئێرانیش تەواوی میران و حوکمدارانی سەرکەش یان تێداچووبوون یان سەریان وەبەر فەرمانی خان هێنابوو. ئەوەی راستی بێ بێجگە لە مەشەد و باکووری خوراسان کە هێشتاش هەر لە ژێر دەسەڵاتی شاروخ‌میرزای ئەفشار و نادرمیرزای کوڕیدا بوون، برشتی فەرمانی خان ناوچە و مەڵبەندەکانی دیکەی ئێرانی گرتبۆوە و قسەی دەرۆیی و جێبەجێ دەکرا. خان هەلەکەی بۆ ڕاگەیاندنی ئاسانج و ئاواتی لەمێژینەی خۆی بە لەبار زانی و لە نەورۆزی ساڵی ١٢١٠ی کۆچی‌دا، بە ناوی پادشای ئێران لە تاران تاجی نایە سەری و بەم شێوەیە دوای شازدە ساڵ هەوڵ و هەڵسووڕانی قاجاران، بۆ جارێکی دیکەش سەرۆک خێڵێکی ئێران بووبەوە پادشا.

***

---

١- رەبیعی یەکەم

٢- ئەم شیروانە ماوەیەکی زۆر ناوەندی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیی شیروان‌شاهییەکان بووە لە قەفقاز و نابێ لەگەڵ شیروانی دۆڵی باکووریی خوراسان لێمان تێکبچێ.

بەشی ٤

# خولی یەکەمی فەرمانڕەوایەتیی قاجاران

(۱۲۱۰--۱۲۵۰ی ک/۱۷۹۵-۱۸۳۴ی ز)

## ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات

«لە یەکەم خولی فەرمانڕەوایەتیی قاجاران‌دا کە نیزیکەی چل ساڵێکی کێشا، ئاغامحەممەدخان (۱۲۱۰ تاکوو نیوجیژنانی ۱۲۱۱) پادشایەتیی کرد و فەتحعەلی‌شا (۱۲۱۲ تا ۱۲۵۰) جڵەوی حکوومەتی بە دەستەوە گرت. ئەم سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی دنیا کە بریتین لە شۆڕشی مەزنی فەرانسە، هاتنە سەر دەسەڵاتی ناپلئۆن و لا لێ‌کردنەوەی وردی کۆمەڵێک دەوڵەتی ئورووپایی لە ئێران. هەروەها توندوتیژترین و درێژخایەنترین شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سەردەمی نوێی ئێران لەم ڕۆژگارەدا قەوماون. لەو تێکەوڵێکە و بارودۆخە شڵەژاوەدا، جڵەودارانی حکوومەتی قاجار گەلێک قازانج و بەرژەوەندیی وڵاتیان بە بێگانەکانی دەرەوە دۆڕاندووە و تەنیا لە بواری پاراستنی پلە و پایەی پادشایەتی‌دا سەرکەوتوو بوون.»

## ئاغامحەممەدشا

ئاکامی شازدە ساڵەی هەڵمەت و پەلامار و تێکهەڵچوونی ئاغامحەممەدخان بریتی بوو لە بەزاندن و خاشەبڕکردنی تێکرای ئەو میر و مەزنە سەرکەش و خوازیارانەی پادشایەتی کە لە هێندێک شوێنان دەستی جێنشینەکانی کەریمخانی زەندیان پێ‌ڕانەگەیشتبوو. ئەم سەرکەوتنانە هێزیان وەبەر هێنا و هێندەی قەڵەمڕەوی زەندانی خستە ژێر دەسەڵاتی. وەکوو باسی کرا کێشە و هەرا لە نێوان خانەدانی قاجار و زەندییەدا هەڵگیرسا و لەبەر قەومانی کۆمەڵێک ڕووداو و بە سەر ئاکامی‌دا کەوتنی میرانی زەندییە لە شەڕان‌دا، ئەو مەزنەماڵە بەرەو برانەوە گلۆر بۆوە و بنەماڵەی قاجار بەرەو سەر تێهەڵچوو. ئەو دەمەی کە

ئاغامحەممەدخان لە تاران دادەنیشتە سەر تەختی پادشایەتی. شاروخشای ئەفشار و کورەکەی خۆیان بە خاوەنی تاج و تەختی فەرمانڕەوایەتیی ئێران دەزانی، جا هەر بۆیە پاش ئەوەی بوو بە پادشا، وەکوو گرینگترین هەنگاو کەوتە لێخستنی خانەدانی ئەفشار.

## لەشکرکێشانی ئاغامحەممەدشا بۆ سەر خوراسان (١٢١٠ی ک/١٧٩٥ی ز)

بەشی هەرە زۆری سپای قاجار بە فەرمانی ئاغامحەممەدشا و لە جەنگەی سەرەبەهار و بە ڕێگای سەرەکیی تاراندا بەرەو مەشھەد بزووت و خۆشی بە ڕەوگەی فیرووزکۆ و ساریدا چووە گورگان و تورکمانانی کووکەلانی دایە بەر زەبری گورچووبڕی و ماڵ و سامانی ئاور تێبەردان، پاشان بە ڕێی «چیمەنی کالپووش» و «جاجەرم» و «ئیسفەراین»دا ڕووی کردە سەبزەوار.

قولەمیرانی ناوچەی خوراسان کە تەنیا بەڕواڵەت نادرمیرزای کوڕی شاروخیان بە پادشای خۆیان دەزانی، لە ترسی سزادرانی توندوتیژ بە دەست پادشای قاجار، یەکبەیەک ویڕای چەکدارەکانیان چوونە پاڵ هێزەکانی. نادرمیرزاش کاتێک زانی خۆی بۆ ڕاناگیرێ و بەرگەی پەلامار ناگرێ، مەشھەدی بەجێهێشت و ڕۆیی بۆ ئەفغانستان و شاروخەکوێری باوکی لەگەڵ خۆی نەبرد، ئەویش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە سەری وەبەر سەرداری قاجار هێناوە، لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوی بژاردە ڕۆیی بۆ پێشوازی. شای قاجار بەبێ کۆسپ و گرێ پێی نایە مەشھەد و بە گوتەی مێژوونووسان لە دەروازەی شارەوە ڕکێفی بەتاڵ کرد و یەکراست بە پێیان چوو بۆ زیارەتی گۆڕی پاکی حەزرەتی ڕەزا، سەلامی خوای لەسەر بێ. شا پاش ئەوەی لە مەشھەد داسەکنی کەوتە کۆکردنەوەی خەزێنەکانی نادرشا و شکی بۆ هەر کەس چوو هەڵیپێچا و ئەشکەنجەی دا. سەرەنجام دەستی لە شاروخی پیری ٦٣ ساڵەش نەپاراست و چزلەپێچی کرد هەتا شوێنی شارانەوەی خەزێنەکان بدرکێنێ و ئەویش هەرچی هەیبوو وەدەریخست. پاشان فەرمانی دا کە شاروخ و ماڵ و منداڵی ڕاگوێزن بۆ تاران، بەڵام لە مابەینی ڕێگادا پێراهات و تەمەنی برایەوە.[1]

---

١- ... لە ئاخروئۆخری کاراندا کاتێک ئاڵقەیەکی هەویریان لەسەر سەری شاروخ دانا و قورقوشمی قاڵیان تێکرد، جێی شارانەوەی یاقووتێکی گەورەی سەیری درکاند.

حکوومەتی بەلخ بە دەست پیاوەکانی «زەمانشای دورانی» (١٢٠٧-١٢١٦ی ک/١٧٩٢-١٨٠١ی ز)، واتە پادشای کابولەوە بوو. میرمەعسوومخانی ناسراو بە «بەگەخان»یش لە بوخارا حکوومەتی دەکرد و شای قاجار خەیالی وابوو کە لەگەل زەمانشا یەکگرتوو بێ و بوخارا لە چنگ بێگانان دەربێنێتەوە. هەر بۆیە لە مەشهەدەوە محەممەدحەسەنخانی قەرەگۆزلووی ناردە کابول هەتا سەرکەوتنەکانی خۆی بە پادشای کابول ڕابگەیەنێ و داوای لێ بکا تاکوو بەلخ بداتە دەست کاربەدەستانی ئێران و لە خاشەکێشانی ئۆزبەکان و دەستوپێوەندەکانی میرمەعسوومدا یاریدەیَ بدا. زەمانشا پێشنیارەکانی ڕاسپێراوەکەی ئێرانی سەلماند و کەسێکی بە ناوی «کەدووخان»ی لەگەل نارد بۆ مەشهەد. مەحموودی براشی کە حوکمڕانی هەرات بوو نێوانی لەگەل شای قاجار خۆش کرد. بەم شێوەیە شا سەبارەت بە مەزن و میرانی ئەفغانستان دڵی ئاسوودە بوو کە تازە خۆیان لە کێشەی بوخارا وەرنادەن و بە خاترجەمی خۆی لە لێدانی بەگەخان هەلکرد. بەلام هەر ڕاست لەو کاتەدا هەوالی بۆ هات کە سپای ڕووسان لە «دەربەند» نیزیک بۆتەوە و هێزەکانی ئەو وڵاتە بە مەبەستی پەلاماردانی سنوورەکانی ئازەربایجان خەریکن بە ڕێگای قەفقازدا شۆڕ دەبنەوە.

شای قاجار کاروباری خوراسانی ڕێکوپێک کرد و محەممەدوەلیخانی قاجاری بە دەهەزار سوارەوە لەویَ دانا و کردی بە سەرداری گشتی و خۆی بەپرتاو گەڕایەوە تاران هەتا بۆ بەرەنگاربوونەوەی قوشەنی ڕووسان، هێزێک ساز و تەیار بکا.

## شەڕەکانی قەفقاز

ئەو زەمانەی کە ئاغامحەممەدخان پەلاماری تفلیسیدا، شەشهەزار سەربازی ڕووسی بە سەرکردایەتیی سەرهەنگ[1] گوویداویچ لە داغستان بنەیان داکوتابوو. ئێرایکلی چەند جارێکی لێ ڕاسپارد بچێتە هانای و کاتێک ویستی لەو بوارەدا هەنگاوێک هەلێنێتەوە، تازە تفلیس لە ئاوری توورەیی و غەزرینی سەداری قاجاردا سووتابوو. کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە کۆشک و بارگای ڕووسان، کاترینی دووهەم پڕیشکاندنی و وەک گڕالک هەلبوو. چونکە ئێرایکلی (هێراکلیووس) چووبوویە ژێر

١- عەقید

باڵی پاراستنی ئەو دەوڵەتەوە. لێیرا هەتا زۆر بەتوندی تۆڵە لە سەرداری قاجار بستێنێتەوە، هەر بۆیە گوداویچی ڕاسپارد کە بە خۆی و ٨ هەزار سوارەوە مامزەی بەرەو گورجستان بکوتێ و سەرکردەیەکی دیکەشی ناردە «دەربەند». بەهاری ساڵی ١٢١٠ی ک/١٧٩٥ی ز. ئەو دەمەی کەوا شای قاجار لە مەشەد سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی کاروباری سەبارەت بە بەلخ و بوخارا بوو. سپای گەورە و گرانی ڕووس گەیبووە ٣٥هەزار کەس و بە سەرکردایەتیی زۆبۆڤ لە نێزیک چۆمی تێریک تێکەڵ بە هێزدووی گوداویچ بوو. ئەوەی ڕاستی بێ لەبەروەی کە میرانی ناوچەکە دەیانزانی پارمەتیی خێرای شای قاجار ناگاتە سەریان، بە ناهومێدی و ناسەرسەنگی سەریان وەبەر سەرداری ڕووس هێنا. سەربازگەی ئێران کە لە دەوروپشتی ڕووباری «کوورا» بوو لە جێی خۆی هەڵقەندرا و ناوا ڕێگای نێوان سپای ڕووس و گورجستان کرایەوە. هێندەی پێنەچوو کە زۆبۆڤ بە لێواری ڕووبار و دۆڵی شیرواندا گەیشتە دەشتی موغان و لە چۆمی ئاراس پەڕییەوە و بوو بە هەڕەشە بۆ سەر ئازەربایجان.

هێزێکی دیکەی سپای ڕووس «لەنکەران»ی گرت و لە قۆڵی دەریاوە گەفیان لە بەندەرئەنزەلی و ڕەشت کرد. شای قاجار بەهەشتاو سپای خۆی لە تارانەوە بەرەو ئازەربایجان ئاژاوت، بەڵام ڕاست لەو جەنگەدا کاترینی دووهەم کۆچی‌دوایی کرد و ئەلێکساندر پۆلی یەکەمی کوری جێگای گرتەوە. یەکەم هەنگاوی ئەلێکساندر دەرکردنی فەرمانی گەڕانەوەی هێزەکانی زۆبۆڤ بوو. بەم شێوەیە ئەو مەترسییەی کە هەڕەشەی لە سنوورەکانی باکووری خۆرنشینی ئێران دەکرد، ڕەوییەوە و شای قاجاریش هەلەکەی قۆزتەوە و ئەسپی بەرەو پێش تاودا. ئاغامحەممەدخان دەیزانی کە سازانی برایمخەلیلخانی جەوانشێر بەشی هەرە زۆری ڕێگای پێشکەوتی سپای ڕووسانی لە قەفقاز تەخت کردووە. جا بۆیە وەرزی بەهاری ١٢١١ی ک/١٧٩٦ی ز. بڕیاری دا هەتا قەڵای شووشی (شیشە) بگرێ و تاکوو نێزیک ئەو شوێنە ڕۆیی و لەوێ لەشکربەزی کرد.

ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستەیەک لە غولامان و پیاوانی خەڵوەتخانەی خۆی دایە بەر تیر و تانەی تووڕەیی و ویستی بیانکووژێ. بەڵام چەند مەزن و کەیخودایەک تێکەوتن و تکایان بۆ کردن و ئەویش چاوی لێ پۆشین. ئەو پیاوانە ئەوەندە لەو دەرهەڵبوونەی پادشا ترسابوون کە نەمانیان لە چارەی نووسی. ئەوانەی مەرگیان

بۆ بڕابووبوویەوە. شەوی ٢١ی مانگی نیوجێژنان بە سەریان دادا و هەستیان لێبڕی.[١]

### هەڵوێست و سیاسەت و تایبەتمەندییەکانی ئاغامحەممەدخان

باشترین باس و لێدوان کە لە سەرچاوەکانی مێژوویی‌دا سەبارەت بە هەڵسوکەوت و ئاکار و کردار و هەڵوێست و سیاسەتی خودی ئاغامحەممەدخان نووسراوە، ئەو بابەتەیە کە لە مێژووی ئێرانی نووسراوی سێر جان مەلکۆمدا هاتووە و ئێمە دەقاودەق بەشێکی دەخەینە بەرچاو:

«کەسێکی هێندە کزەڵۆکە بوو کە لە دوورەوەرا وەکوو کوڕێکی چاردە ساڵە دەچوو. بە ڕوخساری کۆسە و بێتووک و چرچنیی‌را دەتگوت پیرێژنە. ئەگەرچی دەموچاوی هەرگیز جوانی نەدەنواند، بەڵام لە جەنگەی تووڕەیی و ڕقهەستان‌دا ترس و سامی لێ دەباری. جا هەر بۆیە پێی‌خۆش نەبوو کەس لە دیمەنی بڕوانێ. وەک دەگێڕنەوە جاروبارە گەشکە گرتوویەتی و بۆ یەکدوو سەعاتێک لە بوورەوە چووە و ئاگای لە خۆی نەماوە. جارێکیان لە دەورووبەری کرمان و لە گەرمەی ڕاودا کە لە ئاواڵەڕاوەکانی هەڵدەبڕێ، ئەسپەکەی بە زۆنگاوێک‌دا ڕۆدەچێ و ڕاست ئەو دەمە تاسێکی بە سەردا دێ و وەکوو جاران دڵی لە خۆ دەبێتەوە. لەو کاتەدا یەکێک لە غولامەکانی دەگاتە سەری و بەوپەڕی زەحمەت و کوێرەوەری لە زەلکاوێی ڕزگار دەکا و دەیباتە کەنارێک و لە سەری ڕادەوەستێ هەتا وەهۆش دێتەوە. ئاغامحەممەدخان کاتێک چاوی هەڵدێنێ و کابرا دەبینێ، ترس هەڵیدەگرێ و دەتۆقێ. بەڵام کاتێک ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، دێتەوە سەرخۆ و سپاسی دەکا و دەڵێ خەڵاتت دەکەم و دوای گەڕانەوە بەڵێنەکەی دەباتە سەر؛ بەڵام لە چاکەی کارێکی ئاوادا کابرا خەڵاتەکەی پێ هیچ نایێ. بۆیە هەر جارەی دەچێتە خزمەتی یەکپشوو چاوی تێدەبڕێ و چونکە یەکێک دەبێ لە غولامانی تایبەت، بەپێی ئەرکی سەر شانی زۆرجاران هەلی دیداری بۆ دەڕەخسێ. ئەم ڕووداوی چاوتێبڕینە هێندە چەندپات دەبێتەوە، هەتا سەرەنجام ڕۆژێکی پادشا وەها دەرهەڵدەبێ کە فەرمان دەدا چاوی کابرای بێچارە بکوڵن. وا وێدەچێ دواتر لە

---

١- ئەو پیاوانە بریتی بوون لە: سادقی گورجی، خودادادی ئیسفەهانی و عەباسی مازندەرانی.

کردەی خۆی پەشیمان بووبێتەوە و حوکم دەکا کە مووچە و مانگانەی بۆ بکەنە دووهێندە و هەتا ئاخری تەمەنی هیچ کارێکیشی پێنەکەن.»

«بەگشتی کۆنەقینی لە دڵیدا ڕادەگرت[١] و بە شوێن تۆڵەوە بوو. خۆشەویستیی پلە و پایە و ماڵ و سامان لە دەروون و دەمارییدا شەپۆلی دەدا و دەیتوانی یەکجار قووڵ شوێن بکاتە سەر مرۆڤ. هێندە چاک بە سەر سرشت و نەهێنییەکانی دەروونی خۆیدا سوار بوو کە توانی دوژمنانی پێ بشکێنێ. تەنانەت لە کێشە و هەراشدا هەتا ئەو جێیەی فرتوفێڵی بری کردبا دەستی نەدەبرد بۆ شمشێر.»

«ئاکار و کرداری ڕۆژانی بنەبانی ژیانی نادرشا لە لایەک و بە نەرمی جووڵانەوەی کەریمخان لە لایەکی دیکەوە و بارودۆخی ئێران، هەلێکی وایان ڕەخساند کە هەر کەس لە ناوچەیەکی وڵاتەوە ڕاستەوەبێ و ئاڵای سەربزێوی هەلبدا. بەڵام ئاغامحەممەدخان بە ڕاوێژ و تەگبیر سەری بەرزەدەماغانی تێدا برد و وڵاتی هێور کردەوە.»

«لەگەڵ پێشەوایانی دینی بە دڵۆڤانی و ڕێزەوە دەجووڵایەوە و بەڕواڵەت خۆشی کەسێکی پاک و دوورەتاوان بوو. هەمیشە لە کاتی خۆیدا نوێژی دەکرد و ئەگەرچی ڕۆژانە زۆریش ماندوو بووبا، بەڵام هەموو ئێوەشەوێک هەڵدەستایەوە و خەریکی شەونوێژ و پاڕانەوە دەبوو.»

«لە جەنگەی سزادانی تاوانباران و چەپەڵکاراندا بەزەیی بە کەسدا نەدەهات. هەر کەس لە بەرپرسان و کاربەدەستان و مەزن و ماقووڵانی وڵات و لەشکری پێی لە بەرەی خۆی زیاتر ڕاکێشابا چێوەچزەی دەدا و ڕوحمی بە چەتە و ڕێگران نەدەکرد. زۆرجاران لەگەڵ پایەبەرزانی کۆشکی میری بە توندی دەجووڵایەوە و جاری وایە زوڵمیشی دەکرد و تەنیا حاجی برایمی دەپاراست و لە هەموو کەس پتری باوەڕ پێدەکرد و ڕێزی بۆ دادەنا.»

«بە کورت و کرمانجی ئاغامحەممەدخان چونکە ئاکامی ناتەبایی و ناکۆکیی نێوان بنەماڵەی زەندی بە چاوی خۆی دیتبوو، زۆر چاکی هەوڵ دەدا کە تەبایی و دۆستایەتی برەوی هەبێ. هێندێک کەس لایان وایە کوشتن و ئڵپێدانی براکانی

---

١- چونکە ئاغامحەممەدخان، کەریمخانی زەندی بە بکوژی باوکی دەزانی، زۆری ناخۆش دەویست و هیچیشی بۆ نەدەکرا، شەوانە کە دادەنیشتە سەر کەوڵی نانی کەریمخان بە خەنجەرێک ڕایەخەکەی ژێری ڕیزاڵڕیزاڵ دەکرد. «فارسنامەی ناسری».

دەگەڕێتەوە سەر ئەم هەڵوێست و ڕێبازەی. جگە لەمە تۆزە ئاڵوگۆڕێکیشی بە سەر داب‌ودەستووری بارگا هێنا؛ بۆ وێنە هەر کات لە شەڕێک دەگەڕایەوە، زۆر کەم ڕێگەی دەدا کە خەڵکی تاران بچنە پێشوازی و ئەگەر سەرکەوتنێکی بچووکیش رووی دابا نەیدەهێشت وەک باوی سەردەم بیکەنە بەزم و هەرا و سەرکەوتن‌نامەی خەست‌وخۆڵ بنووسن و بڵاوی بکەنەوە. هەروەها پەخشان و پێداهەڵدان و سەرناوی درەوشاوەی وەبەر دڵی نەدەهات و هەر کاتێک قەڵەمدارێک فەرمان یان کاغەزێکی بۆ دەخوێندەوە، دەیگوت تێی‌هەڵدە لەو قۆریاتە و نێوکی بابەتەکە بخوێنەوە. هەمیشە دەیگوت دەبێ نێوەرۆکی فەرمانەکانی ئەوەندەی دەکرێ بە شێوەیەکی ساکار بنووسرێن.»

«لەچاو چین و توێژەکانی دیکە چاکتر لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی دەجووڵایەوە. مووچە و مانگانەی قۆشەنچییەکان زیاتر بەرێ‌وجێ و لە جەنگەی خۆی‌دا دەدرا. هیچکەس بەبێ فەرمانی پاشا نەیدەتوانی شانی لە تاڵان‌وبڕۆ شل بکا. بەڵام ئەگەر فەرمانی دابا هەر کەس ئەوەی وەگیری کەوتبا تەواو دەبوو بە ئی خۆی. وەکوو ئاشکرایە لە کوشتار و تاڵانی کرمان‌دا کۆمەڵێک ژن و منداڵی مەزنانی شارەکە کەوتنە چنگ قۆشەنچییان و لەگەڵ خۆیان بردیانن. دەکرێ بڵێی کە ئاغامحەممەدخان لە ڕیزی لەشکردا دەژیا. چونکە هەم لە شەڕ و هەم لە جەنگەی ڕاودا بێ‌پسانەوە پیاوانی چەکداری بە دەوروبەرییەوە بوون و وادیارە کە لە زۆربەی هەرە زۆری سەردەمی‌دا لایەکی وای لە زڕیقە و بریقەی پادشایەتی نەدەکردەوە. بێجگە لە ڕۆژانی جێژن و لە کاتی باوی تایبەتی‌دا، هەمیشە جل‌وبەرگی ساکار و خۆمانەی دەکردە بەری و لە وەختی سەفەر و جەنگەی ڕاودا، زیاتر هەر ڕۆدەنیشتە سەر عەرز و ئەوەی هاتبایە پێشی لەگەڵ سەرکردەکانی لەشکری دەیخوارد. بیستوومە ڕۆژێکی هەر بەو دابەی کە باسی کرا خەریک بوو نان و دۆی دەخوارد و یەکێک لە وەزیرە پایەبەرزەکانی کە بە لایەوە دانیشتبوو ویستی نان و دۆی لەگەڵ بخوا. بەڵام ئاغامحەممەدخان دەستی وەبەرهێنا و نەیهێشت و گوتی ئەوە نان و پێخۆری سەربازانە، میرزایەکی وەکوو تۆ دەبێ پڵاو و شیرینی بخوا و جارێکی دیکە تابێ لە لای من دەست بەری بۆ خواردنی ئاوا.»

«بازرگانان لە ژێر باڵیدا پارێزرابوون و کەند و کڵۆیان وەبەرپێی نەدەهات و لە بنەبانی دەسەڵاتەکەیدا کاروباری بازرگانی لە هەموو لایەکەوە پەرەی ئەستاند. خەڵکی وڵات بە حوکمی دادپەروەری و ڕێگران لە ترسی سزادانی خانی قاجار بە ڕێ و ڕچەی چاکە و ڕێبازی خۆپاراستندا دەڕۆیشتن و بۆ پارێزراڵی جووتیاران تەنیا هاتنی ناوی وی بەس بوو. لە ئاخری تەمەنیدا وا چنۆک و چاوبرسی ببوو کە هەر وەرە سەیرێ. نووسیویانە جارێکیان کە دەیهەویست لەبەر هەڵە و تاوانێکی کەم گوێی کابرایەکی هەژار ببڕێ، بیستی کە ئەو چارەرەشە بە میرغەزەبەکەی گوتووە ئەگەر هەموو گوێی نەبڕێ چەند قرانێکی دەداتێیە، ئاغامحەممەدخان بانگی کابرا دەکا و دەڵێ ئەگەر ئەوەندەی دەیدەی بە میرغەزەب بۆ منی بکەیە دووهێندە، لێتخۆش دەبم. کابرای جووتیاری سیاچارە لای وابوو بە گاڵتە وای پێدەڵێ و بەخشیویەتی، هەر بۆیە بە چۆکدا کەوت و شوکرانەی پادشای بژارد و هەستاوە پێ و ڕۆیی، بەڵام هێشتا پێی دەبەر پێی نەنابوو کە گڕیرانی میری تێیانگەیاند ئەگەر دەیهەوێ گوێی نەبڕن دەبێ ئەو پارەیە بدا.»

«بەکورتی گەلێکیان نەقڵ و نەزیلەی ئاوا لێ گێراوەتەوە. وێشدەچێ هێندێکیان پێوەنابێ. بەگشتی ئەگەر بێ و ئەو ڕووداوانە ڕاست بن یان درۆ، هەر گێرانەوەیان لە نێو کۆمەڵدا خۆی نیشانەی ئەوەیە کە یەکجار چاوچلێس بووە و ویستوویەتی ماڵ و سامان کۆ بکاتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ خۆ دیارە کە چاکە و خراپەی پێکەوە لە دەروونیدا کۆکردبوونەوە، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەودا ئێران ئارام و پادشایەتیی لە بنەماڵەکەیدا خۆی گرت و درێژەی کێشا.»

ئەوەندەی باسی ئاکار و ڕەوشتی ئاغامحەممەدخان دەکرێ و دەدرێتە پاڵی. بێڕوحمی و کوشتن بە چەرمەسەری و دڵرەقی لێی بوونە چواربەندەی ژیانی. جووڵانەوەی بەزەبروزەنگ لە تەواوی سەردەمی حکوومەتەکەیدا بیوو بە بنەمای ڕەوت و ڕێبازی و بە تووڕەیی و تۆسنی و ساردوسڕی و بێبەزەیی توانی لە وڵاتێکدا کە سەرکردە و سەرۆکانی مەیلیان بە لای پێکهاتەی خانخانیدا شکابۆوە، حکوومەتێکی یەکپارچە دامەزرێنێ. ئاغامحەممەدخان تەنانەت بە مەبەستی تەفروتونا کردنی خوازیارانی تەختی دەسەڵاتی پادشایەتی و سەقامگیری و پتەوکردنی بناغەی حکوومەتی «باباخان»ی جێنشینی خۆی، دەستی لە کوشتنی براکان و ئامۆزاکانیشی نەپاراست. بەگشتی ئاغامحەممەدخان یەکێک بوو لەو

کەسانەی کە چاکی بۆ هات و ئەوەی کردی بەپێی هەلومەرجی ڕۆژگار جێی خۆی گرت و گەیشتە سەرەنجام و ئاکامێک کە پادشایانی بەدەسەلات و خۆشەویستی وەکوو نادرشا و کەریمخانی زەند دەستیان پێیڕانەگەیشت. کە بریتی بوو لە سەقامگیربوون و نەپسانەوەی پادشایەتی لە نێو ڕیزەکانی خانەدانی خۆیدا.

## فەتحعەلیشا[١]

**(شەشەکانی ١٢١٢ هەتا جەمادی یەکەمی ١٢٥٠ای کۆچی)**

### چۆنیەتیی بارودۆخی سەردەمی فەتحعەلیشا

مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەهەمی کۆچی، کە هاوکاتە لەگەڵ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی، بە چەند لایەنێکدا بەشێکە لە گرینگترین قۆناخەکانی مێژوویی. چونکە لەو پەنجا ساڵەدا گەلێک هەلکەوت و ڕووداوی گەورە لە ئورووپا قەومان کە هەتا ڕادەیەک لە چوارچێوەی ئەو شوێنە تێپەڕین و گەلێک هەرێم و ناوچەی دیکەی دنیایان گرتەوە. دیارە ئێرانیش بە نۆرەی خۆی کەوتە ژێر باندۆری ئەو ڕووداوە گرینگانەی وەکوو شۆڕشی مەزنی فەرانسە و جیهانداریی ناپلئۆنی گەورە و هەلمەت و لەشکرکێشان و سەرکەوتنەکانی.

سیاسەتی دەرەوەی ناپلئۆنی یەکەم و تامەزرۆبوونی بۆ بەزاندنی ئینگلستان، بێوێنەبێ بارگای دەسەڵاتی فەرانسە و ئێرانی لێک نزیک کردەوە و ئەم هەنگاوە ئینگلستانی ڕاکێشایە نێو مەیدانی ملبەملەی سیاسیی ئێران و ئاسیای خۆرنشین. لە لایەکی دیکەوە توندوتیژترین و درێژخایەنترین شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی دەرەوەی ئێران لە نێوان ئەم وڵاتە و وڵاتی بەکۆیلەبەری ڕووسیای قەیسەری لەم چەرخ و خولەدا دەستی پێکرد. هاوڕێیبازبوونی ئینگلستان و ڕووسیا لە بەرامبەر سەرکەوتنەکانی ناپلئۆندا، حکوومەتی ئینگلستانی ناچار کرد هەتا خۆی لە کێشەی نێوان ئێران و ڕووسیا وەربدا و بکەوێتە نێوبژیوانی و لەو قۆناخەدا گەلێک زیانی قەرەبوونەکراو داوێنی وڵاتەکەمانی گرتەوە.

---

١- ڕەزاقولیخانی هیدایەت لە کتێبی «ڕەوزەتوسسەفای ناسری»دا، بنەچەکەی فەتحعەلیشای ئاوا نووسیوە: قاقانی خاوەنشکۆی قاجار فەتحعەلیشا کوڕی ئەبولفەتح حوسێنقولیخان جیهانسوزشا کوڕی محەممەدحەسەنخان کوڕی شاقولیخانی قۆیوونلوویە.

ڕەنگدانەوەی شەڕەکانی ئێران و ڕووسیا و سەرنجی خەستوخۆڵی بارگای فەرانسە و ئینگلستان بۆ سەر ئێران و ڕقبەرقەی توندی نێوان ئەم دووانە بە مەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پادشا و پیاوانی بارگای قاجار، بارودۆخێکی وا لێڵ و هاڵۆزکاوی لە ئێراندا بەدی هێنا کە یەکاڵا نەدەکرایەوە. وا هات کە بارگای قاجار لە هەر باریکەوە بە سەر هەڵە و هەڵخلیسکانی گرینگی سیاسیدا کەوت و ڕچە و ڕێبازێکی ڕاست و ڕووناکی بە ئامانجی چاککردنی بارودۆخی وڵات نەگرتەبەر. تاقمێک لە پایەبەرزانی بارگای قاجار کە تازە لەگەڵ ئەو چەشنە مژارانەی دەرەکی بەرەوڕوو ببوون، لەبەر خۆ بە زلزانی و ئەو لووتبەرزییەی کە دەگەڕایەوە سەر هەڵویستی بیرتەسکانەیان، هەمیشە ملیان بۆ سیاسەتی شارەزایانەی ئینگلستان و بەڵێنە پووچ و قاڵۆرەکانی ناپلئۆنی گەورە ڕادەکێشا کە گەڵاڵەی پەلاماردانی هیندووستانی لە ڕێگای ئێرانەوە هێنابوویە ئارا. ئەو کەسانە لەبەر لێنەزانینی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەند و پێنەزانینی ویست و ئامانجەکانیان، سەری قازانجی وڵاتیان تێدابرد. کاتێک فەرانسە و ئینگلستان سەرەڕای دەربڕینی کۆمەڵێک هاوخەمی لەگەڵ ئێران لە جەنگەیەکی یەکجار ناسک و دژواردا دەستیان لە دۆستێکی گەرموگوڕ و هاوپەیمانی وەک ئێران هەڵگرت و لێی تەکینەوە و لە ئاست هێرش و هرووژمی ڕووسیای قەیسەریدا بە تاقی تەنیا بەجێیان‌هێشت، ئەو دەمی کەللا و کەیخودای بارگای قاجار هەڵەی خۆیان لێ ڕوون بووە.

لە نێوخۆی ئێراندا بە مەبەستی پتەوکردنی حکوومەتێک کە ئاغامحەممەدخان بناغەکەی بە شەڕ و ملانە و زەبروزەنگ و هەڵویستی توند و نەگونجاو دامەزراندبوو، شا و کەڵەمێردانی بارگا لەگەڵ خوازیارانی تەختی دەسەڵات تێکهەڵچوون و هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری فەتحعەلیشاوە، تاقمێک لە سەرکردەکانی قۆشەنی ئاغامحەممەدخان و ئامۆزا و خزمەکانی دیکەی پێی نارازی بوون. ڕەنگە ئەگەر شەڕی ئێران و ڕووس هەڵنەگیرسابا و لەبەر بەرەوڕووبوونی سام و ترسی گەورەی دەرەکی هەستی هاوخەمی و نیشتماندۆستیی جەماوەر وەخەبەر نەهاتبا، درێژە و سەقامگیربوونی حکوومەتی فەتحعەلیشا سەری نەگرتبا. وەکوو دیارە لە کۆتاییی پادشایەتیی فەتحعەلیشادا هەر ئەوەندەی کە شەڕی ئێران و ڕووسیا بە بەستنی کۆمەڵێک پەیماننامەی شوومی خەساربارانە

برایەوە. سەرکردەکان و سەربزێوانی بەرەکانی شەڕ چەکیان دانەنا و سەرلەنوێ لە شای ئێران ڕاپەڕینەوە و تەنیا بە هەوڵ و هەڵسووڕانی هەباسمیرزای کوڕی، ئارامی بە سەر وڵات کشایەوە.

### ڕووداوە گرینگەکانی نێوخۆی خوراسان و هەرات

ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی فەتحعەلیشا، هەر ئەو ڕووداو و شوێنهاتانەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بوون و بوونە گرێدراوی سیاسەتی ئەو سەردەمەی جیهان و جیا چونکە ئەو ڕووداوانە بە گشتی دەچنەوە سەر ڕەوتی سیاسیی ئورووپا لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا، هەرکامەیان لە بەشێکی سەربەخۆدا دەخەینە بەرباس و لێدوان.

بێجگە لەو ڕووداوانەی کە باسیان کرا و ئەو هەلکەوتانەی کە ئاکام و دەرکەوتەی ڕووداوەکان بوون، لە نێوخۆی ئێراندا ڕووداوێکی گرینگی جگە لە شەڕ و لێکدانی فەتحعەلیشا لەگەڵ خوازیارانی دەسەڵات نەقەوماوە. لە نێو تێکرای ڕووداوەکاندا تەنیا لەشکرکێشانی چەند جارەی فەتحعەلیشا و کوڕەکەی بۆ سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە هەموان گرینگترن.

مەبەست و گرێ و گرفتی گرتنی خوراسان کە لەبەر دراوسێبوونی لەگەڵ ئەفغانستان و تورکستان خاوەنی هەلومەرجێکی تایبەتی سیاسی بوو، لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی فەتحعەلیشادا بە پرسێکی گرینگی سیاسەتی نێوخۆیی دادەندرا. وەکوو باسمان کرد ئاغامحەممەدخان پاش ئەوەی حکوومەتی شاروخشای ئەفشاری لە خوراسان ڕووخاند و پێوەبوو هەتا بە دانانی ڕێوشوێن و ڕێکخستنێکی تازە دەسەڵاتی سەربازیی خۆی سەقامگیر بکا و هەرێمەکە بخاتە سەر دەسەڵاتی قاجار، پەلاماری سپای ڕووسان بۆ سەر قەفقاز ڕیسەکەی لێ کردەوە خوری و گەڕانەوەی بۆ تاران نەیهێشت بە کاوی دڵی بکا و بارودۆخی خوراسان هەروا بە هەڵپەسێراوی مایەوە. میرانی پێشوو کە هێشتاش دڵیان بۆ خانەدانی ئەفشار و حکوومەتی لاوازی شاروخ دەیکوڕکاند، چاوەڕوانی ئاکامی بزووتنی ئاغامحەممەدخان بۆ قەفقاز مانەوە و گوێقوڵاغ بوون هەتا بزانن کە هەلومەرجەکە چۆن دەسووڕێ و چ هەڵدەگرێ. زەمانشای دورانی، فەرمانڕەوای ئەفغانستان بە مەبەستی پتەو کردنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ئاست حکوومەتی قاجار لە

هەرات و بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بوو بیانوویەکی بە دەستەوە بێ هەتا هێرش بەرێتە سەر خوراسان، نادرمیرزای راکردووی کوری شاروخی پەنا دا. پاش بلاوبوونەوەی هەوالی کوژرانی ئاغامحەممەدخان، میران و بەگلەرانی خوراسان چوونەوە سەر دۆخی سەربەستیخوازانەی پێشوویان و زەمانشاش هێزێکی خستە بەررکێفی نادرمیرزا و بەرێی کردەوە بۆ مەشەد و بەبێ گرێ گەیشتەوە شارەکە و تاقمێک لە میران و سەرۆکانی خوراسانی بوونە پشتیوانی. ئەم رووداوە هەلیدەگرت کە فەتحعەلیشا سپای بەرەو خوراسان گال بدا، بەلام پادشا لەو کاتەدا (١٢١٣- ١٢١٤ی ک/١٧٩٨- ١٧٩٩ی ز) سەرقالی شەر و تێکهەلچوون بوو لەگەل سادقخانی شوقاقی[1] لە دەورانپشتی قەزوین و سولتانییە و پاش لێبوونەوەی لەو کارە لەشکری بەرەو خوراسان دەنگ دا.

لەشکری قاجار لە سێ قۆلانەوە بە سەرکردایەتیی فەتحعەلیشا و سادقخانی شوقاقی و محەممەدوەلیخانی قاجار بە چەند رێ و رەوگەیەکی باکوور و جەرگەی خوراساندا هەلیانکوتایە سەر مەشەد. نادرمیرزا خۆی بۆ رانەگیرا و دەستی دا[2] و میرانی خۆجێیی خوراسانیش کاتێک چاویان بە سەرکەوتنی سپای قاجار کەوت، پێمل بوون و سەریان وەبەرهێنا (مانگی مەولوودی ١٢١٤ی کۆچی).[3]

ئەم پەلامارە بنەی بە خودبەسەریی میرانی خوراسان هێنا، بەلام هێشتا زەمانشا لە هەرات سەری لە سەربەخۆیی دەخورا و قولەمیرانی بەلخ و بوخاراش ئەرک و بەلێنەکانی خۆیان سەبارەت بە پێملبوونی حکوومەتی ناوەندیی ئێران لە بیر بردبۆوە.

---

١- سادقخان یەکێک بووە لە سەردارانی سپای ئاغامحەممەدخان و لێی نێزیک بووە و وادیارە لە پیلانی کوژرانەکەشیدا بەشدار بووە. پاش کوژرانی ئاغامحەممەدخان لە نێزیک شووشی دەستی بە سەر بەشێک لە زێر و گەواهێراتیدا گرت و لەگەل بەشی هەرە زۆری لەشکرەکەی بەرەو تاران چوو، بەلام لە قەزوین خۆی لە حاند هێزی فەتحعەلیشا بۆ رانەگیرا و بەزی و سەری وەبەرهێنا.

٢- سەرەنجام نادرمیرزا سالی ١٢١٧ی ک/١٨٠٢ی ز. بە دەست محەممەدوەلیمیرزای حوکمرانی خوراسان گیرا و نێردرایە تاران. فەتحعەلیشا فەرمانی پەراندنی هەردک دەست و برینی زمانی دا و ئەویش بەو ئێش و ژانەوە مرد.

٣- چاوناسترینی ئەو قولەمیرانە بریتی بوون لە: جەعفەرخانی بەیات حوکمداری نەیشابوور و مەمەشخانی حوکمرانی چناران کە پاش خۆ بە دەستەوەدان، حکوومەتی ئەو ناوچەیەی باربوو کرا؛ [ربیعی یەکەم].

«مەحموودی کوڕی تەیموورشای دورانی کە زەمانشای برای کردبوویە حوکمڕانی هەرات، هاوکات لەگەڵ نەمانی ئاغامحەممەدخان هەوای سەربەخۆیی هەڵیگرت و زەمانشا بە دەستی یەکێک لە سەرکردەکانی لەوێی دەرپەڕاند. مەحموود لەگەڵ کامرانی کوڕی بە ڕێی سیستان و ئیسفەهان و کاشاندا ڕۆیی بۆ تاران و مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢١٢ی کۆچی گەیشتە پایتەخت. دوای مانگێک مانەوەی لەو شارە فەتحعەلیشا ناردی بۆ کاشان و ساڵی دواتر بەپێی ویستی خۆی کرایە حوکمداری هەرات و پادشا تاقمێک لە سەرکردەکانی لەشکر و سەردارانی خوراسانی ڕاسپارد هەتا یاریدەی بدەن.»

مەحموود ماوەیەک لە دەوروبەری هەرات و شارەدێی فەراه لەگەڵ قەیسەرمیرزای کوڕی زەمانشا ملانەی کرد و سەرەنجام سپای ئەفغانی دەستیان لێهەڵگرت و جارێکی دیکە بە ڕێگای خوراساندا گەڕایەوە یەزد و هانای بۆ فەتحعەلیشا هێنا هەتا یاریدەی بدا. بە هەوڵ و تێکۆشانی سەردارانی خوراسان ساڵی ١٢١٦ی ک./١٨٠١ی ز. بوو بە میری هەرات و هەتا ساڵی ١٢١٨ی ک./١٨٠٣ی ز. لە لایەن فەتحعەلیشاوە حوکمڕانی ئەو شارە بوو. لەو ساڵەدا «شاشوجاع»ی برای دەسەڵاتی بە سەر هەراتدا شکایەوە و مەحموودمیرزا جارێکی دیکە هاواری بردەوە بۆ میرانی خوراسان و سەرۆکان و سەرکردەکانی بەلخ و بوخارا.

شەڕ و کێشەی نێوان شاشوجاع و مەحموودمیرزا لەسەر حکوومەتی هەرات هەتا ساڵی ١٢٢٤ی ک./١٨٠٩ی ز. درێژەی کێشا و لەو ساڵەدا مەحموود توانی قەندەهار و هەرات بگرێ و هەتا ساڵی ١٢٤٥ی ک./١٨٢٩ی ز. بە پشتیوانیی بارگای ئێران و فەرمانڕەوای خوراسان حکوومەتی بە سەر ئەفغانستاندا کرد. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا گیرۆدەبوونی ئێران بە شەڕەکانی قەفقازەوە و هەڵگیرسانی چەند جارێک ناکۆکی لە نێوان ئێران و عوسمانیدا لەسەر دیاریکردنی سنووران، دەرفەتی نەهێشتەوە بۆ بارگای قاجار هەتا لا لە هەرات بکاتەوە.

ساڵی ١٢٤٥ی ک./١٨٢٩ی ز. کامرانمیرزای کوڕی مەحموودمیرزا جێی باوکی گرتەوە و سەری لە ئاست فەرمانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بادا. عەباسمیرزای شازادەی جێگرەوەیپادشای قاجار، پاش داکووژانی شەڕەکانی ئێران و ڕووسیا، ڕاسپێردرا کە بڕوا سەر بە کامرانمیرزا بچەمێنێ. دوای ئەوەی کە ساڵی

١٢٤٩ی ک/١٨٣٣ی زایینی گەیشتە مەشەد، کورانی خۆی یانی محەممەدمیرزا و خوسرەومیرزای راسپاردن هەتا لەگەڵ دەستەیەک لە سەرکردەکانی سپا برۆن و هەرات بگرن.

سپای ئێران کە لە ٢٥هەزار کەسی تێپەڕاندبوو، بەرەو هەرات ئاژاوتی و کامرانمیرزا هەر لە یەکەم تێکهەڵچوونیدا لەگەڵ هێزی ئێران شکا و پەنای بردەوە شار و دەرگای لەسەر خۆی پێوە دا و قۆشەنی ئێران مەچەکەی لە دەوری شارەکە ئەنگاوت و ئابلۆقەی دا. لەم کاتەدا پارێزەرانی ئەفغانیی هەرات بۆ یەکەمجار داوایان لە کۆمپانیای هیندی [رۆژهەڵاتی] کرد کە بگاتە فریایان و ئەویش لێی سەلماندن. محەممەدمیرزا هاواری برد بۆ هەباسمیرزای باوکی لە مەشەد هەتا یاریدەی بدا. بەڵام راست لەو کاتەدا باوکی پیراهات کە دەبێتە رۆژی ١٠ی جەمادی دووهەمی ١٢٤٩ی کۆچی و ٤٨ سالی بە سەر تەمەنیدا تێپەڕیبوو؛ جا بۆیە محەممەدمیرزا دەستی لە گەمارۆی هەرات هەڵگرت و ئەو شارەی بۆ کامرانمیرزا بەجێهێشت.

## راپەڕینەکانی نێوخۆی وڵات

لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتیی «فەتحعەلیشا»دا حوسێنقولیخانی[1] برای و محەممەدخانی زەند لێی راپەڕین و فەتحعەلیشا ناچار بوو کە بۆخۆی بچێتە شەڕی ئەو سەرکردە و مەزنە سەرپێوانە. راپەڕینی محەممەدخانی کوڕی زەکیخانی زەند لە پاشووری ئێران و زاڵبوونی بە سەر ئیسفەهاندا، دواپین خۆ نواندنی دەسەڵاتی زەندان بوو. محەممەدخان دوای کوژرانی ئاغامحەممەدخان لە «بەسرە»وە هاتە فارس و بە یاریدەی نەجەفخانی زەند کە پیاوێکی ئازای چاونەترس بوو. سپایەکی لە ئەفغانان و لوڕان پێکهێنا و دەستی بە سەر ئیسفەهاندا گرت. بەڵام یەکێک لە سەرکردەکانی کە رۆستەمخانی زەند بێ لە دەوروبەری ئیسفەهان بە دەست هێزەکانی قاجار شکا و رایکرد. محەممەدخان لە ئیسفەهان دەورەی گیرا و زۆر بە زەحمەت توانی لەو شارە دەرباز بێ.[2] جارێکی دیکە لە لای برووجێرد هێزێکی لوڕانی کۆکردەوە و بە خۆی و کۆمەڵێک

---

١- کوری حوسێنقولیخان (جیهانسوزشا) بوو.

٢- لەو رووداوەدا نەجەفخانی زەند لەگەڵ تاقمێک لە سەرکردەکانی سپای محەممەدخان گیران و بە فەرمانی فەتحعەلیشا بە خۆمپارە کوشتیان.

چەکدارەوە بەرەورووی سپای ١٥هەزار کەسەی قاجاران چەقی و سەرەنجام دوای ڕاکردنی بەرەو بەسرە، حوکمداری دزفوول گرتی و بە فەرمانی فەتحعەلیشا کوێر کرا و نێردرایە تاران.

حوسێنقولیخان پیاوێکی ئەحەجمیو بوو کە هەمیشە سەری لە شەڕ و کێشە دەخورا و سەرەتا فەتحعەلیشا کردی بە حوکمداری ناوچەی کاشان و ماوەیەک دواتر بوو بە میرهەرێمی لای باشووری ئێران، بەلام لە فارس هەلگەڕایەوە و نەسروللامیرزا عەلیئابادی ـ کە فەتحعەلیشا بۆی کردبوو بە وەزیر ـ لەگەل دوو کەس لە سەرکردەکانی ناوچەکەی کوێر کردن. پاشان سولەیمانخانی ئیعتیزادوددەولەی کردە حوکمداری ئازەربایجان کە لەو کاتەدا ببوو بە مەیدانی شەڕ و کێشەی نێوان فەتحعەلیشا و قولەمیرانی خۆولاتی و خۆشی بەرەو ئیسفەهان کەوتەڕێ. لە شارەدێی ساروووق کە کەوتۆتە ٤٠ کیلۆمیتر ئەولاتری ئەراک، دایکی حوسێنقولیخان لە لای پادشا تکای بۆ کرد. بەلام فەتحعەلیشا لە «کەمەرە» سپاکەی بەرەو قۆشەنی حوسێنقولیخان دەنگ دا و ئەم دوو برایە شەڕێکی قورسیان لە نێواندا قەوما (مانگی سەفەری ١٢١٢ی ک). سەرەنجام حوسێنقولیخان دەستی دا و کرایە حوکمڕانی قوم. بەلام سەرلەنوێ سەری هەلدایەوە و فەتحعەلیشا سەرەتای سالی ١٢١٦ی/١٨٠١ی زایینی لە قوم گرتی و هێنایە تاران و لەوێ کوێری کرد و پاش سالێک مرد.

ماوەی پێنج سال لە سەردەمی دەسەلاتی فەتحعەلیشا (١٢١٢- ١٢١٧)ی ک/ ١٧٩٧- ١٨٠٢ی ز) بەختی کێشە و هەرای نێوخۆ کرا و دەکرێ بە سەردەمی خۆ دارشتن و سەقامگیربوونی پادشایەتیی قاجار دابندرێ. لەم ماوەیەدا بێجگە لە کۆمەلێک ڕاپەڕینی توندوتیژی سەرکردە کۆنەکانی ئاغامحەممەدخان و خزمانی قاجاران دژی حکوومەتی ناوەندی، زۆربەی قولەمیرانی ئازەربایجان و لە هەموان گرینگتر حوکمڕانانی دونبولی لە «خۆ» و «ماکۆ»، توانیبوویان سەرکردەکانی فەتحعەلیشا بە خۆیانەوە گیرۆدە بکەن. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا فەتحعەلیشا لە ئازەربایجان و خوراسان و سەرکردەکانیشی لە فارس و ناوچەکانی خۆرنشینی ئێران سەرقالی بنەبڕکردنی سەربزێوان بوون و سەرەنجام پاشماوەی دوو حکوومەتی ئەفشارییە و زەندییە بە دەستی ئەم پادشایە خاشەیان بڕا و تێداچوون.

***

بنکەی ژین

بەشی ٤

## پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ فەرانسە و ئینگلیس

### سەرەتا

تەنینەوەی هێز و دەسەڵاتی ناپلئۆنی یەکەم و سەرکەوتنەکانی یەکێکە لە رووداوە دیار و هەڵکەوتەکانی مێژووی ئورووپا. ئەو پیاوە جیهانگیرە پاش ئەوەی توانی هەرەشەی دابەشبوونی فەرانسە برەوێنێتەوە، کە دوای شۆرش رەنگی دابوویەوە. هێزە شۆرشگێڕەکانی فەرانسەی لەسەر سنوورەکانی ئەو وڵاتەوە راگواست و بە سەرکەوتنەکانی ئاڵوگۆڕی بە سەر بارودۆخی سیاسیی ئورووپا هێنا. ئەم بزووتن و پەلامارانە دوو شوێنهاتی دیار و بەرچاویان لێکەوتەوە کە بریتین لە: بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی شۆرشگێڕانە لە وڵاتانی ئورووپای ناوەندی کە سەرلەبەری گەلانیان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی زۆرەملیدا دەژیان و هەروەها گەشە و پەرەی مەزنایەتیی فەرانسە و تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لە خاکی ئورووپا.

خالی یەکەمی ئەم رەوتە هیچ زیانێکی نەدەگەیاندە ئینگلستان، چونکە زۆر لەمێژ بوو کە توانیبووی حکوومەتی مەشرووتە دامەزرێنێ؛ بەڵام لە گەشەی سەرسوڕهێنی دەسەڵاتی فەرانسە و گۆڕانی بارودۆخی دەوڵەتانی ئورووپای ناوەندی و خۆرنشین تۆقی و هەر بۆیە چەند یەکییەتی و کۆمەڵەی هاوپەیمانی دژی ناپلئۆن لە ئورووپا پێکهێنا و بە هەوڵ و هەڵسوورانی سیاسی، پەردەی لە رووی ویست و ئامانجەکانی خۆی لادا و بریتانیای گەورە وەک گەورەترین دوژمنی ناپلئۆن هاتە مەیدان.

لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ویشکانیدا، سپای گەنجی ناپلئۆن لە هەموو شوێنێک سەرکەوتوو بوو. مەزن و میرانی ئالمان، پادشایانی پرووس، ئیمپراتۆرانی

ئۆتریش (نەمسا)، سولتانە خۆمالییەکانی ئیتالیا و پاتشای ئیسپانیا هەموویان سەریان وەبەر ئامانجەکانی ناپلێۆن هێنا، بەڵام ئینگلستان زۆر بەتوندی بەرەنگاری راوەستا و لە شەڕ و پێکدادانەکانی دەریاییدا، هێزەکانی فەرانسەی تەفروتونا کرد. ناپلێۆن بە مەبەستی دوورکردنەوەی هێزی دەریایی ولاتەکەی لە ئاوەکانی ئورووپا و پەلاماردانی دورگەکانی بریتانیا لە جەنگەی خۆیدا، گەڵالەیەکی وای دارشت کە سپای فەرانسە بە یاریدەی عوسمانی و ڕێگای ئێراندا هەڵکوتێتە سەر هیندووستانی ژێرباڵ و بەکۆیلەبراوی ئینگلستان. بەپێی بۆچوونی ناپلێۆن ئەوسا ئینگلستان ناچار دەبوو کە بۆ پاراستنی هیندووستان هێزی دەریایی و زۆربەی هێزی زەمینیی خۆی لە مەزنەدەریای هینددا بنەگر بکا و بەم شێوەیە سپای فەرانسە بە یاریدەی ئیسپانیا و هولەند دەتوانی هێرش بکاتە سەر دورگەکانی بریتانیا.

ئەگەر هاتبا و گەڵالەی سیاسی و سەربازیی ناپلێۆن سەری گرتبا، هەروەک نوقڵانەیان لێدابوو، ئینگلستانی لە بەرامبەر فەرانسەدا بە چۆکدا دێنا. بەڵام لە جەنگەی بەرێوەبردنی سەرەتای گەڵالەکەدا، چەند گرێ و کۆسپێک خۆیان نواند کە ناپلێۆنی لە هاویشتنی هەنگاوەکانی دلسارد کردەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو ئاڵوگۆرانەی کە لە نێوان پەیوەندییەکانی ناپلێۆن و قەیسەری رووسیادا بەدی هاتن، بە قازانجی ئینگلستان برایەوە و لە هەڵمەتی بۆ سەر رووسیا، پتر لە ٢٥٠هەزار سەربازی فەرانسە تێداچوون و دەسەڵات و مەزنایەتیی ئیمپراتۆری فەرانسە زەبرێکی قورسی لێوەشا. بەم شێوەیە پەلاماردانی هیند پەکی کەوت و تازە لەوی بەولاوە ناپلێۆن تەنیا خۆی دایە پاراستنی کەوشەنەکانی فەرانسە.

ڕێخۆش کردن بۆ بەرێوەبردنی گەڵالەی پەلاماردانی هیندووستان لە لایەن فەرانسەوە، دەبوو رەزامەندیی عوسمانی و ئێرانی بۆ دابین بکرێ. وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەوڵ و هەڵسووڕانی ناپلێۆن لەو پێناوەدا، رقۆبەرقەیەکی توند و تۆخی سیاسیی لە نێوان فەرانسە و ئینگلستان لە ئێراندا بەدی هێنا. یەکەمیان دەیهەویست ڕێی پەلاماردانی هیندووستانی لە ئێرانەوە بۆ بکرێتەوە و لایەکەی دیکەش لێبرابوو هەتا بە هێنانە گۆڕی چەند کۆسپ و تەگەرەیەک گەڵالەکەی ناپلێۆن پووچەڵ بکاتەوە. لەو نێوەدا بارگای فەتحعەلیشا جاری وابوو لەگەڵ نێردراوانی ئینگلیس دەکەوتە گوفتوگۆ و هەلی وابوو لەگەڵ نوێنەرانی فەرانسە

تێدەکەوت و چونکە بە شوێن هاوپەیمانێکدا دەگەڕا هەتا لە سنوورەکانی قەفقاز کێشەی سپای ڕووس لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، پێشنیاری هیچکامیانی نەدەبردەوە پاش و سیاسەتێکی بە پارسەنگی دەگێڕا. هەرێک دەوڵەتەکەش چەند بەڵێن و دەستەبەربوونێکیان بۆ یارمەتیدانی ئێران خستە سەر ئەستۆی خۆیان و تەنانەت بە باری چەکداریشدا تێکەوتن. بەڵام بەسترانی پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان ڕووسیا و فەرانسەدا، نەیهێشت ناپلێون گفتەکانی خۆی بەرێتە سەر. ئینگلستانیش وەختایەک بۆی دەرکەوت مەیدانی ملانە چۆڵە و خەنیمی لێ نەماوە، هیچ هۆیەکی بۆ بردنە سەری بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە ئێران وەبەرچاو نەهات و دەستی لە یاریدەدانی ئێران کێشایەوە. بەم شێوەیە پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە گەلێک زیانی قەرەبوونەکراوەیان پێگەیاند.

دوایین ترووسکەی خۆنواندنی دەسەڵات و مەزنایەتیی ناپلێون، هەڵمەتی بوو بۆ سەر ڕووسیا و لەوی بەولاوە ڕەوتی پووکانەوە و داهێزانی ئیمپراتۆری دەستی پێکرد و لە ماوەی ساڵێکدا (١٨١٤- ١٨١٥ی ز) بناغەی دەسەڵاتی بە سەر سستی و لەرزۆکیدا کەوت. بیری پەلاماردانی هیندووستانیش بە پووکانەوەی ئیمپراتۆری تێکەوەپێچرا و وڵاتی فەرانسە بە چنگ سپای پرووس، ئۆتریش (نەمسا)، ڕووسیا و ئینگلستانەوە تێما و لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی «ڤییەن» لە ساڵی ١٨١٥دا، شوێنەواری سەرکەوتنەکانی ناپلێون کوێربوونەوە. گەڵاڵەی پەلاماردانی هیند بە خاکی ئێراندا، دەوڵەتی ئینگلستانی وریا کردەوە کە دەبێ هیندووستان لە ئەگەری مەترسییەکانی داهاتوو بپارێزێ. پێکهێنانی دۆستایەتی و ڕاکێشانی ڕەزامەندیی وڵاتانی دراوسێی هیند و دامەزراندنی چەند هەرێمێکی ژێربالی پاراستنی بریتانیا لە سنووران یان دەستەبەرکردنی بێلایەنی، بوو بە پرسی گەورە و بەرچاوی سیاسەتی کۆلەدارییانەی بریتانیا لە ئاسیا. لەو ڕۆژگارە بەولاوە بریتانیا هەمیشە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆشک و بارگای قاجار پتەو کرد و بەپێی ئەو هەلە باش و لەبارانەی کە ئەو سەردەمە قاجاران بۆیان دەرەخساند، توانی قازانجێکی زۆر بۆ پاریزرانی هیندووستان وەدەست بێنێ و زیانێکی بەرچاویش بە سەر وڵاتی ئێمەدا بسەپێنێ.

# I

## پەیوەندییەکانی ئێران و فەرانسە[1]

### سەرەتای پەیوەندییەکان

ئەو دەمەی کە فەتحعەلیشا لە ساڵی ۱۲۱۸ی کۆچی/۱۸۰۲ی زایینیدا پێی زانی کە سپای رووسان پەلاماری قەفقازی داوە و کۆمەڵێک زانیاری و هەواڵی سەبارەت بە هێزی زەمینی و چەکوچۆڵ و برشت و توانستی پێگەیشت، کەوتە شوێن دۆزینەوەی هاوپەیمانێک. لەو کاتەدا گیرانی میسر و ئیتالیا بە دەست ناپلئۆن و سەرکەوتنەکانی لە ئورووپای ناوەندیدا، فەتحعەلیشای بەرەو ناپلئۆن راکێشا و کەوتە بیری ئەوەی کە ئیمپراتۆری فەرانسە لەگەڵ خۆی بکاتە هاوپەیمان. پادشای ئێران ساڵی ۱۲۱۹ی ک/۱۸۰٤ی ز. لە جەنگەی لەشکرکێشانیدا بۆ سەر ئێرەوان[2] چاوی بە «داود»ی خەلیفەی ئەرمەنییەکانی ئوچکلیسا یان هەمان «ئوچمیازین»ی نیزیک ئێرەوان و دەوروبەری رووباری ئاراس کەوت و چەند زانیارییەکی کەم و کورتی سەبارەت بە ناپلئۆن وەچنگ هێنا. پاشان مانگی رەمەزانی ۱۲۱۹ی ک/ دیسامبری ۱۸۰٤ی زایینی نامەیەکی بۆ ناپلئۆن نووسی و گوتی پێیخۆشە کە لەگەڵی ببێتە هاوپەیمان. باڵوێزی فەرانسە لە قوستەنتەنییەی پایتەختی عوسمانی، نامەکەی وەرگێرایە سەر زمانی فەرانسە و مانگی ژانوییەی ۱۸۰۵ گەیشتە دەست ناپلئۆن.

ناپلئۆن ئەگەرچی تەواو لەگەڵ پێشنیارەکەی فەتحعەلیشا بوو. بەڵام چونکە هیچ زانیارییەکی ورد و تۆکمە و تەواوی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و گشتیی ئێرانەوە بە دەستەوە نەبوو. پاش ئەوەی نامەکەی گەیشتە دەستی «ژۆبێر»ی وەرگێر و قەڵەمداری بارگای خۆی بە رێگای عوسمانیدا ناردە ئێران هەتا چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی هەردک وڵاتە بکا و بیخاتە بەردەستی ئیمپراتۆر. ناپلئۆن لەو کارەدا ژۆبێری راسپارد کە ئەوەندەی بۆی دەکرێ دەبێ ئیش و هەنگاوی سەبارەت بە ئێران نەهێنێ بێ هەتا کاربەدەستانی عوسمانی و ئینگلستان پێی نەزانن.

---

۱- چونکە پەیوەندییەکانی ئێران و فەرانسە لە سەردەمی تەیموورییەکان و سەفەوییەکاندا لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا ناگونجێ، خۆمان لێ بوارد.

۲- لە بەشێکی جیاوازدا بە درێژی باسی شەڕەکانی نێوان ئێران و رووسیا دەکرێ.

هەر ماوەیەکی کەم دوای بزووتنی ژۆبێر، ناپلئۆن «رۆمیوو»ی ئەفسەری یاوەری خۆشی نارده ئێران و چونکه راستەوخۆ دەهاتە ئێران و وەک ژۆبێر لای نەدەدا و لە وڵاتی عوسمانی ئەرک و راسپاردەی بەڕێوە نەدەبرد. زووتر گەیشتە ئێران و مانگی رەجەبی ١٢٢٠ی ک/ ئۆکتۆبری ١٨٠٥ی ز. لەگەڵ قەڵەمداری خۆی لە تاران دابەزی.

فەتحعەلیشا زۆر بە گەرموگوڕی بەخێری هێنا و چونکە لای وابوو کە لە لایەن ناپلئۆنەوە هەموو دەسەڵاتێکی پێدراوە. داوای لێکرد هەتا پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریی سەربازیی لەگەڵ مۆر بکا. بەڵام ماوەیەک دواتر بۆی روون بۆوە کە تەنیا ناردوویانە هەتا لە باروودۆخی جوغرافیایی و هەلومەرجی ئێران بکۆڵێتەوە. وا هات کە بە هەلکەوت رۆمیوو چەند رۆژ پاش ئەوەی گەیشتە ئێران، مرد. ژۆبێر کە لە جەنگەی تێپەڕینی بە خاکی عوسمانیدا بەرەو ئێران بە چنگ سەرکردەی هێزەکانی ناوچەی «بایەزید»ەوە پێوە ببوو، بە هەوڵ و هەڵسووڕانی هەباس‌میرزا رزگاریی هات و مانگی رەبیعی دووهەمی ساڵی ١٢٢١ی ک/ ژووەنی ١٨٠٦ی ز. لە سولتانییە گەیشتە جێهۆردووی پادشا و چاوی بە فەتحعەلیشا کەوت و لەوێوە وێرای پادشا و قەڵەمداری خۆی رووی کردە تاران. فەتحعەلیشا فەرمانی دا کە بیبەن و خەزنەخانە و زێڕ و گەواهێراتی خانەدانی فەرمانڕەوایەتیی پێ نیشان بدەن. ژۆبێر کە لە مەودای رێیەدا هێندە تووشی تاڵی و سوێری ببۆوە و کەش و هەوای تارانیشی پێنەکەوتبوو، نەخۆش کەوت و فەتحعەلیشاش لە ترسی ئەوەی نەکا ئەوەش بە دەردی رۆمیوو بچێ، دوای چەند رۆژان وێرای محەممەدخانی ئەفشار و میرزا شەفیعی مەزنەوەزیر بەرێی کردەوە بۆ ئورووپا و ئەو پیاوانەی خۆی راسپارد کە هەتا سەر سنووری ئێران لەگەڵی برۆن.

ژۆبێر نامەکانی فەتحعەلیشای گەیاندە دەست ناپلئۆن و پاشان ئیمپراتۆر بە مەبەستی تۆکمەبوونی زانیارییەکانی خۆی «ژوانێن» ، «دیلابلانیش» و «بۆنتان»ی ئەفسەری ئەندازیاری نارده ئێران و هەرکام کاغەزێکیشی پێدا بەرێکردن بۆ فەتحعەلیشا. بەپێی فەرمانی بارگای پادشای ئێران «بۆنتان» رۆیی بۆ نێو ریزی لەشکری هەباس‌میرزا هەتا لە شەڕەکانی نێوان ئێران و رووسیا و لە ژێر رکێفی شازادەدا خەریکی کار و خزمەت بێ.

هاتنی کۆمەڵێک نامە و باڵوێزی تایبەتی ناپلیۆن بۆ ئێران، فەتحعەلیشای تەواو سەبارەت بە ئیمپراتۆر و بەڵێنەکانی هیوادار کرد، جا هەر بۆیە کاتێک لەو قۆناخەدا رووسیا باڵوێزێکی نارده ئێران[1] و داوای پێکهاتنی کرد، ملی نەدا بۆ هەڵومەرجەکانی ئاشتبوونەوە و لەرێوە میرزا رەزاخانی قەزوێنی، وەزیری محەممەدعەلیمیرزا دەوڵەتشای کوڕی دووهەمی خۆی وەک باڵوێز ناردە لای ناپلیۆن هەتا سەبارەت بە یەکییەتیی دوو دەوڵەتەکە و هاوپەیمانیی سەربازی بگەنە رێککەوتنێک.

باڵوێزی ئێران لە لەشکرگای «فینکێنشتاین» چاوی بە ناپلیۆن کەوت و رۆژی ٢٥ی مانگی سەفەری ١٢٢٢ی ک/ ٤ مەی ١٨٠٧ی ز. پەیماننامەیەکی لەگەڵ ئیمپراتۆر مۆر کرد کە بریتی بوو لە سەرەتایەک و ١٦ بەند. پاش نووسرانی ئەم پەیماننامەیە، بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بەندەکانی، ناپلیۆن بریاری دا کە شاندێک بنێرێ بۆ ئێران و ژەنەرال «گاردان»ی باوەرپێکراوی بارگای خۆی بە سەرۆکی شاندەکە دانا و مانگی مەولوودی ١٢٢٢ی ک/ ژووەنی ١٨٠٧ی ز. بەرەو ئێران بزووتن.

**پەیماننامەی فینکێنشتاین**

ئەم پەیماننامەیە بەرواڵەت ویست و ئامانجەکانی فەتحعەلیشای دابین دەکرد، بەلام بەندەکان وا نووسرابوون کە ناپلیۆن دەیتوانی هەر کاتێکی مەیلی لێ بێ خۆیان لێ بدزێتەوە و جێبەجێیان نەکا. بەڵێنەکانی فەرانسە لەو پەیماننامەیەدا بریتی بوون لە:

١- دەستەبەربوون بۆ سەربەخۆییی هەرێمەکانی ئێستای ئێران.

٢- دانهێنان بەو مەبەستەدا کە گورجستان خاکی ئێرانە.

٣- دانی بەڵێن بۆ ناچار کردنی رووسیا بە مەبەستی دەرچوون لە خاکی ئێران و گورجستان و بەشداربوونی فەرانسە لە بەستنی پەیمانی ئاشتی و پێکهاتنی نێوان ئێران و رووسیادا.

---

[1] سەبارەت بە سەفەری ئەم باڵوێزە لە بەشی سەبارەت بە شەرەکانی نێوان ئێران و رووسیادا پتر دەدوێین.

٤- دانی بەڵێن بە مەبەستی دابینی تۆپ و تفەنگ و ئەفسەر و کۆمەڵێک چەکداری ئاسایی بە ئەندازەی پێویست.

کورتەی ئەرک و بەڵێنەکانی ئێران بریتی بوون لە:

١- ڕاگەیاندنی خێرای شەر لەگەڵ ئینگلیس.

٢- دەرکردنی تێکڕای ئینگلیسییەکان و پیاوانی ئەو دەوڵەتە لە خاکی ئێران.

٣- داخستنی هەموو دەروازە سنوورییەکانی ئێران بە ڕووی سەرلەبەری کاربەدەستانی ئینگلیسیدا.

٤- بەستنی پەیمان لەگەڵ ئەفغانەکان و خێل و هۆزەکانی هەرات و قەندەهار بە مەبەستی پەلاماردانی خاک و هەرێمەکانی بەردەستی ئینگلیس لە هیند.

٥- ڕێگە دان بە بزووتنی لەشکرێکی فەرانسە لە خاکی ئێرانەوە بۆ سەر هیندووستان بەپێی داوای ناپلئۆن.

لەم پەیماننامەیەدا ئەوەی بە قازانجی فەرانسە بوو، یانی ڕاگەیاندنی شەڕی لەڕێوە لەگەڵ ئینگلیس و دەرکردنی ئینگلیسییەکان لە ئێران هەموویان ڕوون و بەجێ بوون و بەندەکانی سەبارەت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران ناڕوون و جێی دردۆنگی بوون. وەکوو دیارە ناپلئۆن دەیتوانی ئەو برگە و بەندانە بەپێی پێویستی ڕۆژگار و هەلوێست و سیاسەتی خۆی لێکبداتەوە و پاساویان بۆ بێنێتەوە. ئەرک و بەڵێنی سەبارەت بە دابینی تۆپ و تفەنگ و ئەفسەر و چەکدارانی بەرەژێر لەچاو بەندەکانی دیکەی پەیماننامەکە ڕوونتر و باشتر بوو[1]. ئەوەی ڕاستی بێ هەر ئەمەش وای لە فەتحعەلیشا کرد هەتا پەیماننامەکە مۆر و واژۆ بکا. چونکە لەو قۆناخەدا یەکجار پێویستی بە چەکوچۆڵ و جبەخانە بوو. پادشا پێی وابوو بەرەبەرە دەتوانێ ئیمپراتۆر بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەرک و گفتەکانی دیکەشی جێبەجێ بکا.

بەستنی پەیماننامەی فینکێنشتاین، بوو بە سەرەتای ئەرک و کاری شاندی سەربازیی ناپلئۆن لە ئێران. کاتێک ناپلئۆن بیستی کە ماوەیەک پێشتر لە لایەن فەرمانڕەوای هیندووستان و پادشای ئینگلیسەوە باڵوێزێک بە ناوی سێر جان

---

١- سەرچاوە: ئەرک و ڕاسپاردەکانی ژەنەراڵ گاردان لە ئێران، وەرگێڕانی عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی.

مەلکۆم[1] هاتۆتە ئێران، بۆ ئەوەی هەرچی زووتر بەر بە پەرەی دەسەڵاتی ئینگلستان بگرێ لە بارگای قاجاراندا. ساڵی ١٢٢٢ی ک/١٨٠٧ی ز. فەرمانی دا بە ژەنەڕاڵ گاردان و هاوڕێیانی کە بەرەو ئێران بکەونەڕێ.

## ئەرک و ڕاسپاردەکانی ژەنەڕاڵ گاردان

لە ڕاستیدا پوختەی مەبەست و ئامانجەکانی ناپلێۆن لە ناردنی گاردان بۆ ئێران دەربڕینی دوژمنایەتی و نیشاندانی ناتەبایی بوو لەگەڵ ڕووسیا و ئینگلستان. ناپلێۆن زاڵبوونی دەسەڵاتی ڕووسیای بە سەر گورجستاندا کە دەبوو بە هۆی داگیرسانی پەیوەندییەکی نیزیکی لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی، بە زەرەدی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانی. کەوایە پێویست بوو هەتا بە هەموو بارێکدا سپای ئێران لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتەدا بەهێز بکا. وەکوو پێشتریش باسمان کرد. هەڕەشە کردن لە ئینگلستان و هێنانە ئارای پەلاماردانی هیندووستانیش هەر کەڵاڵەی سیاسی و داڕێژراوی ئیمپراتۆری فەرانسە بوو. بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بوو کە سپای ئێران هێز و توانای پەرەگرتوو بێ و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هێڵێکی پارتاسکی سەربازی لە کەنار دەریای ڕەشەوە هەتا ڕێ و ڕەگەکانی ڕۆژهەڵاتی باتووی ئێران مسۆگەر بکرێ. بە مەبەستی هێنانەدیی ئەم ئامانجە ناپلێۆن چاک بەرچاوی ژەنەڕاڵ گاردانی ڕوون کردەوە و چی ڕێنوێنی پێویستە بۆی شیکردەوە. بەکورتی ژەنەڕاڵ دەبوو لێکۆلینەوەی تۆخ و تەواو بکا سەبارەت بە ڕێگاوبانەکانی ئێران و بری ئالیک و تفاقی پێویست و پاشەکەوتی خۆراک و هێزی گەیاندن و گواستنەوە ڕوون بکاتەوە و بزانێ وزە و بڕستی سپای ئێران چەندەیە و نیازی بە چییە هەتا تێروتاوی وەبەر بێ و بتوانێ لە حاند لەشکری ڕووسیادا ڕاوەستێ.

بۆ ئەم مەبەستە ناپلێۆن، جگە لەو ئەفسەرانەی کە بۆ ڕاهێنانی چەکدارانی ئێران و دابینی ئامراز و چەک و جبەخانە لەگەڵ گاردان ناردنی، دەستەیەک ئەندازیاریشی بۆ هەڵگرتنەوەی نەخشەی ڕێوبانەکانی ئێران ناردن و بەگشتی شاندی نێردراوی ناپلێۆن شاندێکی بێکەموکووڕی و پێکهاتوو بوو لە ئەفسەرانی

---

١- سەبارەت بە ئەرک و ڕاسپاردەی سێر جان مەلکۆم لە باس و بابەتی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئینگلیسدا، بە شێوەیەکی بەربڵاو دەدوێین.

لەشکری، ئەندازیاران، کۆمەڵێک تۆپچی و قەڵەمدار و پزیشک و دەستەیەک کرێکاری کارزان و پسپۆڕانی دارشتنی تۆپ. فەتحعەلیشا تەواوی خەرجوبەرجی بەخێو کردنی ئەم شاندەی لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنە سەر سنوورەکانی ئێرانی هەتا زەمانی گەڕانەوەیانی گرتە ئەستۆی.

## هاتنی شاندی فەرانسەوی

ناپلێۆن لە هەڵبژاردنی شاندەکەیدا ئەوپەڕی وردبینیی تێهێنا و کەسانێکی بۆ ئەم ئەرکە ڕاسپارد کە هەتا ڕادەیەک شتێکیان دەربارەی باروودۆخی ئێران دەزانی. پیاوە دیار و بەرچاوەکان بریتی بوون لە: تریزێل و بێرنارد کە ئەندازیاری جوغرافیا و هەڵگرتنەوەی نەخشە بوون[١]؛ فابوویە، ڕیبوول، پسپۆڕانی تۆپخانە، لامی و بۆنتان ئەفسەرانی بواری ئەندازیاری و ڤێردیە ئەفسەری هێزی پیادە. بێجگە لەم کەسانە سێ کەس لە قوتابییانی قوتابخانەی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ کاروباری وەرگێران و پزیشکێک و سێ قەڵەمدار و دوو بڵاوکەرەوەی بیری ئایینیش وێڕای گاردان بوون.

شاندەکە بە ڕێگای ئاسیای بچووکدا ڕۆیی و سەفەرەکەیان پتر لە چوار مانگی کێشا و سەرەنجام سەرەتای مانگی ڕەمەزانی ١٢٢٢ی کۆچی گەیشتنە سنووری ئێران. هەباسمیرزا، «فەتحعەلیخانی نووری»ی ناردە پێشوازیان و مانگی شەشەکانی ١٢٢٢ی ک/ دیسامبری ١٨٠٧ی ز. بە هاوڕێیەتیی میرزا ڕەزاخانی قەزوینی گەیشتنە تاران. فەتحعەلیشا ئەوەی کە پێویستی میوانداری و پێراگەیشتنی شاندەکە بوو هەمووی دابین کرد و بۆ ئەوەی دۆستایەتیی خۆی بە ناپلێۆن بسەلمێنێ، پاش حەوتوویەک تەواوی پەیماننامە بازرگانییەکان و دەقی پەیماننامەی «فینکینشتاین»یش ـ کە گاردان لەگەڵ خۆی هێنابووی ـ مۆر کران. دواتر بە مەبەستی جێبەجێ کرانی بەندی چوارەمی پەیماننامەی فینکینشتاین فەرمانی دا هەتا بە مەبەستی دانانی بنکەی سەربازیی فەرانسە دوورگەی خارک بدەنە دەست ئەو نوێنەرانەی کە گاردان هەڵیاندەبژێرێ. هەروەها قەراروبڕیی کڕینی ٢٠هەزار تفەنگی بۆ ئێران هێنایە گۆڕ. گاردان پەیماننامە مۆرکراوەکانی

---

١- بێرنارد لە جەنگەی سەفەری شاندەکەدا لە نێزیک شاری «خۆ»یە کۆچی کرد.

لەگەڵ ئەو قەراروبرییە و پوختەیەکی ڕووداوەکانی ماوەی سەفەری شاندەکەی بۆ وەزیری دەرەوە فەرانسە بەڕێکرد.

## کار و چالاکییەکانی شاندی فەرانسەوی لە خاکی ئێراندا

تریزێل وەک یەکێک لە ئەندامانی شاندی فەرانسەوی ئەرکی لێکۆڵینەوەی جوغرافیایی کەوتە سەر شانی و بەپێی فەرمانی ناپلێۆن تەواوی ئەو ڕێ و ڕەوگانەی خستنە بەر لێکۆڵینەوە کە دەیانتوانی ڕێگاکانی دەریای ڕەش بە هیندەوە بیەستنەوە. لەو گەرمەی کارەدا گاردان بێپسانەوە ئاکامی توێژینەوەکانی تریزێلی دەنارد بۆ وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە.

ئەو ئەفسەرانەی کە ئەرکی مەشق پێکردن و ڕاهێنانی سپای تازەی ئێرانیان کەوتبوویە سەر شانی، لە تاران و ئازەربایجان بە کاری خۆیانەوە خافڵان و بەڕواڵەت نیزیکەی ٢٥هەزار پیادەیان ڕاهێنان و ڕێکوپێکیان کردن. قابوویەی پسپۆڕی تۆپخانە لە ئیسفەهان کارگەی دارشتن و سازاندنی تۆپی دامەزراند و بەپێی فەرمانی فەتحعەلیشا لە ماوەی هەشت مانگدا ٢٠هەزار تۆپی سووکەڵەی ساز کرد. «بۆنتان» و «لامی» ڕاسپێردران هەتا لە نێو سپای هەباسمیرزادا خەریکی کار بن. لک و پەلی هێزەکانی سمنانی و مازندەرانی لە تاران و ٢٠هەزار پیادەی ئازەربایجانی لە تەورێز و ١٤هەزار سەربازی ئیسفەهانی مەشقیان پێکرا و ئەفسەرانی فەرانسەوی ڕایانهێنان. دوای ساڵێک ژمارەی سەربازانی سپای پەروەردەکراو گەیشتە ٣٥هەزار کەس، کە وێڕای سوارانی گەلەجاری هەباسمیرزا چوونە شەڕەکانی قەفقاز.

مەشق و ڕاهێنانی سەربازانی ئێرانی لە لایەن ئەفسەرانی فەرانسەوە، لەبەر جیاوازبوونی هەست و سۆزی دەروون و ڕەوشت و بیرەوە، زۆر بە قۆنەقۆن سەری دەگرت و بە ساوەساو دەچووە پێش. لە لایەکی دیکەوە چونکە مەبەستی سەرەکیی فەتحعەلیشا و هەباسمیرزا تەنیا ئاشنا کردنی پیاوانی لەشکرچی بوو لەگەڵ شێوازی شەڕی هێزی پیادە و شارەزابوون بە چۆنیەتیی کار پێکردنی تفەنگی نوێ، هەر ئەوەندەی دەستەیەک دووسێ مانگی خولی ڕاهێنان بە سەردا تێپەڕ دەبوو، هەباسمیرزا خێرایەکی دەیناردنە بەرەی قەفقاز و تین و تەوژمی ڕووسان مەشق و ڕاهێنانێکی خێرا و ئاشنابوونێکی کەم و کورتی هەڵدەگرت.

هەر بۆیە ئەفسەرانی فەرانسەوی نەیانتوانی بە دڵی خۆیان سپایەکی تۆکمە و پتەوی تەواو راهاتوو پێکبێنن. بێجگە لەوەش وەکوو دواتر باسی دەکەین، شاندی فەرانسەوی نەیتوانی لە ئێران درێژە بە کارەکانی بدا و ساڵێکی پێنەچوو کە بەگوێرەی کۆمەڵێک هەلومەرجی تازەی سیاسی گاردان وێڕای هاورێیانی گەڕانەوە و ئەفسەرانی ئینگلیسی بوونە جێگرەوەیان. ئەو سپایەی کە هێشتا تەواو لەگەڵ مەشق و ڕاهێنانەکانی فەرانسە ڕانەهاتبوو، کەمێک پاش گەڕانەوەی گاردان، خرایە بەر ڕەوتی مەشق و ڕاهێنانی ئەفسەرانی ئینگلیسی.

### بۆچی گاردان بە سەر ناکامیدا کەوت؟

فەتحعەلیشا پاش ئەوەی پەیماننامەی فینکێنشتاینی مۆر و واژۆ کرد، «عەسکەرخانی ئەفشاری ئوروومی»ی وەکوو باڵوێزی سیاسی نارده کۆشک و بارگای ناپلئۆن. دواتر بۆ ئەوەی گەرموگوڕی و سەرڕاستبوونی خۆی سەبارەت بە ناپلئۆن بسەلمێنێ و هانی گاردان بدا هەتا لە ڕاهێنانی هێزەکانی ئێرانیدا دەستوبردی هەبێ و خێرا فەرمانی ئیمپراتۆری خۆی ڕاپەڕێنێ، بێسێودوو باڵوێزی ئێرانی لە «بەمبەئی»ی هیندەوە بانگهێشتەوە و فەرمانی دا کە تەواوی ئینگلیسییەکان لە ئێران دەرپەڕێنن و دوورگەی خارک بخەنە ژێر دەستی فەرانسەوییەکان. گاردانیش ئەو کار و هەنگاوانەی بە وەزیری دەرەوەی ناپلئۆن ڕاگەیاند و وەکوو باسی کرا ئەفسەرەکانی خۆی ڕاسپارد کە سەرقاڵی ڕاهێنانی سەربازانی ئێرانی و دامەزراندنی تۆپخانەی سووکەڵە بن.

گاردان بەپێی کۆمەڵێک فەرمان و ڕاسپاردەی نهێنیی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە، سپای ئێرانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ڕووسی دوژمنی فەرانسە ڕادێنا و تەیاری دەکرد و ئەندازیارەکانی خەریکی هەڵگرتنەوەی نەخشەی ڕێگاوبانەکانی ئێرانی ناوەندی و باشووری و لەنگەرگاکانی کەنداوی فارس بوون، بەڵام دیداری ناپلئۆن لەگەڵ قەیسەری ڕووسیا و بەستنی پەیمانی «تیلیسیت»ی[1]

---

١- ئەم ڕێککەوتن و پەیماننامەیە لە شاری «تیلیسیت»ی ڕووسیا سەری گرت، کە ئەمڕۆ بۆتە ساڤیتێسک. ڕۆژی بەسترانی پەیمانەکە دەبێتە هەشتەمی ژووئییەی ساڵی ١٨٠٧ و لە نێوان ناپلئۆنی یەکەم و ئەلێکساندری یەکەمی قەیسەری ڕووسیادا مۆر کراوە. لەو ڕۆژەوە پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا بەدی هات و هەتا ساڵی ١٨١٢ی زایینی←

نێوانیان. هەڵوێست و سیاسەتی ناپلێۆنی سەبارەت بە ئێران ژێروژوور کرد. ئیمپراتۆری فەرانسە بە ناردنی کۆمەڵێک فەرمانی نوێ بۆ گاردان، رایئەسپارد کە ئەوەندەی بۆی دەکرێ، هەڵومەرجی ئاشتی و پێکهاتنی نێوان ئێران و رووسیا بەدی بێنێ و خۆی لە تۆکمە و تەیار کردنی سپای ئێران ببوێرێ و بەئاشکرا دژی دەوڵەتی رووسیا نەوەستێ.

کاتێک پادشای ئێران بە رێککەوتنەکەی زانی و تێگەیشت کە ناپلێۆن بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی خۆی جووڵاوەتەوە و لە دیدار و پەیمانیدا لەگەڵ قەیسەر هەر ناوی ئێرانی نەهێناوە و سەبارەت بە وەرگرتنەوەی خاکی داگیرکراوی ئێران لە قەفقاز پێی دانەگرتووە، بێبناغەبوونی بەڵێن و پەیمانی ئیمپراتۆری لێ روون بۆوە. ئەوسا هەڵوێستی گەش و روونی سەبارەت بە گاردان بەراوەژوو بۆوە و هەر چۆنی بۆی دەکرا بە سەری دەرزیی و سەرکۆنەی دەکرد.

فەتحعەلیشا ئینگلیسییەکانی لە ئێران وەدەرنا و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حوکمرانی ئینگلیسیی هیندووستان هەڵپەسارد و ملی راکێشا هەتا تفاق و ئازووخەی پێویست بۆ ئەو سپایەی فەرانسە دابین بکا کە قەرار وابوو بە خاکی ئێراندا هێرش بکەنە سەر هیندووستان. لە راستی هەر بەڵێنێکی کە دابووی هەمووی بردنە سەر، بەڵام ناپلێۆن سەبارەت بە دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئێران و وەرگێرانەوەی گورجستان، لەو کاتەدا کە رووسیای لاواز بوو هاتبوویە سەر باری رێککەوتن، هیچ کارێکی نەکرد. هەر بۆیە بارگای ئێران هەقی بوو کە سەرلەنوێ بەرەو ئینگلستان وەرسووڕێتەوە کە بەوپەڕی هێزەوە حازر بوو دۆستایەتیی ئێران بۆخۆی دەستەبەر بکا.

گاردان کە خۆی گیرۆدەی ئەم تەنگەژانە ببۆوە، بەپێی فەرمانی ناپلێۆن کەوتە هەڵسووڕان هەتا ئێران و رووسیا پێکەوە ئاشت بکاتەوە و بۆ ئەم مەستەش کاغەزی لە مارشاڵ «گووداویچ»ی سپاساڵاری رووسان لە قەفقاز نووسی و داوای لێکرد چونکە لەسەر ویستی حکوومەتی ئێران وا داندراوە کە پەیمانی پێکهاتنی نێوان ئێران و رووسیا بە نێوبژیوانی و کەیخودایەتیی ناپلێۆن لە پاریس مۆر بکرێ، با شەڕ و لێکدان بۆ ماوەی ساڵێک رابگیرێ. گوودا‌ویچیش نێوەرۆکی بابەتەکەی بۆ

---

کە ئیمپراتۆری فەرانسە پەلاماری خاکی رووسیای دا و هەتا شاری مۆسکۆ رۆیی، هەر درێژەی کێشا و تێکنەچوو.

ئەنجومەنی وەزیرانی رووسیا نووسی لە سەن پیتریزبوورگ[1] و وڵامیان دایەوە کە نابێ واز لە شەڕ بێنێ و دایکووژێنێ. مارشالیش شەڕەکەی هەڵگیرساندەوە، کەچی گاردان ئەوەندەی بڕوا بە خۆی بوو کە دەیگوت سپاسالاری رووسیا قسەکەی لێ دەسەلمێنێ و تەنانەت بارگای ئێرانیشی دڵنیا کردبوو هەتا ساڵێکی دیکە سنوورەکانی ئازەربایجان پەلامار نادرێن و چونکە هەباس‌میرزا باوەڕی هەبوو بە گفتی گاردان، بەشێک لە هێزی گەلەجاری بەرێکردبوونەوە. هەر بۆیە گاردان ناچار بوو کە بەدزی و بەپێچەوانەی فەرمانی ئیمپراتۆر، ئەفسەرانی فەرانسەوی بە جل‌وبەرگی ئێرانییەوە بنێرێتە لەشکرگای هەباس‌میرزا لە ئێرەوان.

فەتحعەلی‌شا بۆ ئەوەی مەبەست و ئامانجی ناپلئۆنی سەبارەت بە ئێران زۆر چاک لێ روون بێتەوە، پاش بەسترانی پەیمانی تیلیسیت، لە رێگای گاردانەوە راینەسپاردە ئیمپراتۆر کە لە پاریس هەڵوەرجی نووسرانی پەیمانی ئاشتی و پێکهاتن لە نێوان عەسکەرخانی باڵوێزی ئێران و کۆنت تۆلیستۆی باڵوێزی رووسیای نیشتەجێی پاریس‌دا بەدی بێنێ. گاردانیش رەزامەندیی لەسەر ئەم پێشنیارە دەربڕی و مەبەستەکەی بە گوێی ئیمپراتۆر راگەیاند، بەڵام قەیسەری رووسیا داواکەی بردەوە پاش و ناپلئۆنیش پێی لێ دانەگرت.

ئەم پێشهاتە و خۆنەگریوونی بەڵێنەکانی گاردان، کاریگی وایان کرد کە فەتحعەلی‌شا تازە هیچ بڕوایەکی بە شاندەکە نەمێنێ و پادشا میرزا شەفیعی مەزنەوەزیری لە گاردان راسپارد کە دەتوانێ لەگەڵ هاوڕێیانی بەرەو وڵاتی خۆی بڕواتەوە.

«کاتێک ژەنەراڵ گاردان بە فەتحعەلی‌شای راگەیاند کە بەداخەوە پێشنیارەکانی چوونەوەپاش ، حکوومەتی ئێران شەمزلەی داگرت و زانی کە تازە دەبێ لەوەی بەولاوە تەنیا خۆی بەرەورووی رووسیا راوەستێ. ئەم رووداوە خۆی زەنگی کۆتایی هاتنی برشت و دەسەڵاتی فەرانسە بوو لە ئێران‌دا و تێکرای دەسکەوتەکانی رابردووی خستنە مەترسی. تازە فەرانسە دەبوو بیر لە پەلاماردانی هیندووستان نەکاتەوە، چونکە لەوی بەولاوە بە هیچ پەلپ و پاساوێک نەدەشیا داوا لە ئێران بکرێ هەتا لەگەڵ ئینگلیس خۆی تووشی شەڕ بکا.»

---

١- لینینگرادی دواتر.

«فەرانسە لەم کار و هەنگاوەیدا قازانجێکی بەرچاوی دۆڕاند و سیاسەتی لەمێژینەی خۆی کردە بەختی دۆستایەتیی لەرزۆک و خۆنەگری رووسیا و بە بڕوای ئێمە گەورەتر لە هەموو هەڵە و تلاسابوونەکانی. بێبەڵێن کەوتنەوەی فەرانسە بوو لەم نێوەدا؛ بەڵام چونکە رووسیا نەیدەویست لە حاند هەڵپەی ئامانجەکانی خۆی لە ئاسیادا هیچ گرێ و کۆسپێکی ئەوتۆی وەبەربێ و هێزی خەنیمیش تێکبشکێنێ، زۆر بێباکانە پێی لە بەڵێنەکانی نا و فەرانسەی تێنەهێنا و دڵی ئەو دەوڵەتەی زۆر چاک لە خۆی ئێشاند. رووسیا گفتی دابوو کە بۆچوونەکانی ناپلێۆن سەبارەت بە دژایەتی لەگەڵ ئینگلیس بسەلمێنێ، بەڵام لە ئێران ئەو بەڵێنەی نەبردە سەر و ریسەکەی لێ کردەوە خوری و رێی بۆ خەنیمەکانی خۆش کرد هەتا بە کاوی دڵی خۆیان بکەن. ئینگلیسییەکان ئەم هەلەیان خواستەوە و هەروەک لە رواڵەتی رەوتەکەشڕا دیارە بە حکوومەتی ئێرانیان گوت کە پەیماننامەی تیلیسیت بێبنەمایە و هەردک لا هێندەیان جامینی یەکتر ناوێ. ئینگلیس دۆستی راستەقینەی رووسانە و ئەوەی فەرانسە بەڵێنی داوە بە ئێران، ئینگلیسییەکان تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا جێبەجێی دەکەن.»[1]

گاردان هەتا ئێستا بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی ئیمپراتۆری بە دەستی نەگەیشتبوو کە بەرەو ئورووپا بگەڕێتەوە. بەڵام خۆی دەیزانی کە مانەوەی لە ئێران کارێکی بێفایدەیە، چونکە لە رووی ساردبوونەوەی فەتحعەلیشاوە سەبارەت بە خۆی، هەستی پێکردبوو کە کۆشک و بارگای قاجار وردەوردە بە لای ئینگلستاندا دەشکێتەوە. تەنانەت بیستی باڵوێزی ئینگلیس کە ماوەیەک بوو لە بووشێهر چاوەڕوانی ئیزندرانی بوو بۆ خاکی ئێران رێگای پێدراوە و هاکا کابرای باڵوێز بگاتە تاران. بەناچاری جارێکی دیکە نێوەرۆکی برگە و بەندەکانی پەیماننامەی فینکێنشتاینی وەرووی بارگای ئێران هێنایەوە و پادشای وریا کردەوە کە هاتنی باڵوێزی ئینگلیس بۆ خاکی ئێران بەپێچەوانەی رێککەوتننامەکەیە و ئەگەر بێ و ئیزنی باڵوێزی ئینگلیس بدرێ، خۆی و هاوڕێیانی لە وڵاتی ئێران وەدەردەکەون.

فەتحعەلیشا کە لە خودای دەویست و لە هەلێکی ئاوا دەگەڕا، هەر لەرێوە رەزامەندیی لەسەر گەرانەوەی شاندی سەربازیی فەرانسە دەربڕی. گاردان رۆژی ۲۷ی مانگی قوربانی ۱۲۲۳ی ک/۱۲ی فێورییەی ۱۸۰۹ی ز. بە رەسمی ئیزنی لە

---

۱- ئەرک و راسپاردەکانی ژەنەراڵ گاردان لە ئێران، وەرگێڕانی عەبباس ئیقباڵی ئاشتیانی.

فەتحعەلیشا خواست و بۆ سبەی بەیانی وێڕای هاوڕێیانی لە تاران وەدەرکەوت و بە ڕێگای ئازەربایجان و عەرزەڕۆم و ئاسیای بچووکدا بەرەو ئورووپا بزووت، بەڵام زۆر بە خاوەخاو دەجووڵایەوە و ئەوەندەی خۆ گنخاند کە وێڕای یارانی لە تارانەوە هەتا گەیشتە سنوورەکانی نێوان ئێران و عوسمانی نیزیکەی چوار مانگی کێشا.

## II

## پەیوەندییەکانی ئێران و ئینگلستان

### سەرەتای پەیوەندییەکان و یەکەمجار کە سێر جان مەلکۆمساڵی ١٢١٥ی ک/١٨٠٠ای زایینی وەک باڵوێز دەنێردرێتە ئێران

سیاسەتی داگیرکەرانەی ئینگلستان لە هیند و ئاسیا وای هەڵدەگرت کە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی هیندووستان پەیوەندییەکی دۆستانە دامەزرێنێ و لەو ڕێگایەوە ئامانجە ئیستیعمارییەکانی خۆی وەدی بێنێ. ئێران بە باری هەل و هەڵکەوتی جوغرافیایی و دەست پێڕاگەیشتنی بە ڕێ و ڕەوگەکانی هیندووستان[1] و هەبوونی دەسەڵات و شکۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پتر لە وڵاتانی دیکە کەوتبوویە بەر سەرنجی ئینگلستان. هەر بۆیە ئەو زەمانەی کە لەبەر سەرکەوتنەکانی ناپلئۆنی یەکەم، سەنگ و بایەخی ئینگلستان کەوتە مەترسی، بە مەبەستی تێهێنانی هەر چەشنە مەترسییەکی دیکە کە ڕەنگبوو داوێنی وڵاتی بایەخدار و بەکۆیلەبراوی هیندووستان بگرێتەوە، خۆی خۆش کرد هەتا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران دامەزرێنێتەوە و گۆڕینەوەی باڵوێز لە نێوان دوو وڵاتەکەدا بەرەبەرە ڕقەبەرقەی توندوتیژی مابەینی ئینگلیس و فەرانسەی لە ئێراندا پەرە پێدا.

سەرەتا لە لایەن حوکمڕانی هیندووستانەوە، باڵوێزێک بە ناوی مەهدیعەلیخانی ناسراو بە «بەهادور جۆنگ» بەڕێکرا بۆ ئێران. ناوبرا مانگی مەولوودی ساڵی ١٢١٤ی ک/١٧٩٩ی ز. لە تاران بە خزمەت بە پادشا گەیشت و نامەی فەرمانڕەوای هیند و ئەو کۆمەڵە دیارییانەی پێشکەش کرد کە حکوومەتی هیند و بارگای ئینگلستان بۆیان ناردبوو. لەو دیدارەدا داوای لە فەتحعەلیشا کرد

---

١- لەو ڕۆژگارەدا ئەفغانستان کە سوار بوو بە سەر ڕێگاوبانەکانی بانووی ئێراندا بەرەو هیندووستان، بەشێک بوو لە خاکی ئێران.

هەتا بەر بە دەستدرێژی و هەنگاوی زۆرەملانەی قوڵەمیرانی هەرێمی ئەفغانستان بگرێ بۆ سەر هیندووستان. وەکوو پێشتر باسی کرا، فەتحعەلیشا بە مەبەستی پەژیوان کردنەوە و هەسدانەوەی قوڵەمیرانی ئەفغانستان لەو کارەیان، لەشکرێکی گاڵ دا هەتا بڕوا و دەورەی هەرات بگرێ.

مەهدیعەلیخان دوای چەند مانگ مانەوەی لە ئێران گەڕایەوە هیند و هاوکات سێر جان مەلکۆم لە لایەن حوکمرانی هیندووستان و پادشای ئینگلستانەوە وەکوو باڵوێز وێڕای ٥٠٠ کەس هیندی و ئینگلیسی نێردرایە ئێران. ئەم شاندە لە سەرەتاکانی مانگی مەولوودی، ساڵی ١٢١٥ی ک/١٨٠٠ی زایینیدا گەیشتە بووشێهر و لە لایەن بارگای ئێرانەوە فەتحعەلیخانی نووری راسپێردرا کە میوانداری باڵوێزی ئینگلیس بێ لە فارس.

سێر جان مەلکۆم گەلێک دیاریی بە سەر خانەخوێیەکانی خۆیدا دابەشین و بە رێگای فارس و ئیسفەهاندا بەرەو تاران ڕۆیی و لەوێش حاجی برایمخانی ئیعتیمادوددەولەی مەزنەوەزیری ئێران بوو بە خانەخوێی و بنەی داگرت. پاشان لە مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٢١٥دا چووە دیداری پادشا و کۆمەڵێک ئەڵماسی درشتی گرانبایی و چەند ئاوێنەیەکی گەورەی باڵانوێن و بڕێک قوماشی هەرە چاکی پێشکەش کرد و پادشاش خەنجەرێکی ئەقیمبەند و شمشێرێکی گەواهێرئاژنی کردە پاربووی سێر جان مەلکۆم.

لەو سەفەرەدا سێر جان مەلکۆم توانی پەیماننامەیەک لەگەڵ فەتحعەلیشا مۆر بکا و بەشێک لە بەرژەوەندییە ئیستیعمارییەکانی ئینگلستان بێنێتەدی. بەپێی ئەو پەیمانەیە فەتحعەلیشا دەبوو بە هێزی چەکدار پەر بە زەمانشای حوکمرانی کابول و جێنشینەکانی بگرێ و نەهێڵێ پەلاماری هیندووستان بدەن. ئەگەر هات و زەمانشا هەدای نەدا و هێرشی بردە سەر هیند، ئابێ حکوومەتی ئێران دژی ئینگلستان لەگەڵی رێکبکەوێ. هەروەها چەند قازانج و بەرژەوەندییەکی بازرگانی لە کەنداوی فارس بۆ ئینگلیسییەکان دەستەبەر کرا.[1] نێردراوی ئینگلیس لە لایەن

---

١- بەشێک لە ئازیاری و دابینی بەرژەوەندییەکانی بازرگانیی بریتی بوو لەوەی کە لەوی بەولاوە بازرگانانی ئینگلیسی و هیندی دەیانتوانی بەبێ دانی پیتاک لە لەنگەرەکانی ئێراندا خەریکی کار و کاسبی بن و چەند کالایەکی ئینگلیسیی وەکوو قوماش، پۆلا، ئاسن، قورقوشم و شتی لەو چەشنە بێنن بۆ ئێران و گوومرگانەیان لێوەرنەگیرێ.

دەوڵەتی خۆیەوە پەیمانی بەست کە ئەگەر ڕۆژاپەک ئەفغانستان و فەرانسە هێرش بکەنە سەر خاکی ئێران، یاریدەی بدەن. ئەم سەفەر و دیارە کە نیزیکەی دوو میلیۆن ڕووپییەی گرتەوە بۆ ئینگلستان، هەڕەشەی پەلاماردانی هیندووستانی لە لایەن زەمانشاوە بردەوە پاش. چونکە هەڵمەتی هێزەکانی ئێران بۆ سەر هەرات، زەمانشای لە پەلاماردانی هیند پەشیمان کردەوە. سێر جان مەلکۆم پاش مانەوەی سێ مانگەی لە تاران، وێڕای حاجی خەلیلخانی قەزوێنی، باڵوێزی تایبەتی فەتحعەلیشا چوو بۆ هیندووستان.

## کوژرانی باڵوێزی ئێران لە هیندووستان

حاجی خەلیلیخانی قەزوێنی (مەلیکوتتوجار) کە وێڕای سێر جان مەلکۆم چووبووە هیندووستان و چەند نامەیەکی فەتحعەلیشای لەگەڵ خۆی بردبوو، ڕاسپێردرابوو کە دوای دیداری لەگەڵ حوکمرانی هیندووستان، بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارەکانی دیکەی حکوومەتی بڕواتە لەندەن. کاتێک گەیشتە بەمبەئی (بۆمبای) کاربەدەستانی ئینگلیسی بەگەرمی چوونە پێشوازی و بەخێریان هێنا و بۆ ئەوەی کە نێردراوی ئێران لە ئەگەری هەموو بەڵا و پەلامارێک پارێزراو بێ، نیزیکەی دووسەت سەربازی هیندییان کردە پاسەوانی دەرگایماڵەکەی. ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئێوارەیەکی درەنگوەخت، هاوڕێیانی باڵوێز مەیلی ڕاویان بزووت و کۆمەڵێک لە هیندووەکان کە کوژرانی باڵندەیان بە تاوانێکی گەورە دەزانی، بەم کارە تووڕەیی هەڵیگرتن و چونکە بیروڕای گشتیی خەڵکی هیند دژی داگیرکەرانی ئینگلیسی چاک هارووژابوو هەلەکە ڕەخسا. لە ڕوانگەی خەڵکەوە باڵوێزی ئێران بە پیاوی ئینگلیسییەکان دادەندرا، هەر بۆیە پەلاماریان بردە سەر ماڵەکەی و لە گەرمەی تێکهەڵچووندا حاجی خەلیلخان وەبەر فیشک هات و کوژرا (١٢١٩ی ک/ ١٨٠٤ی ز).

فەرمانداری بەمبەئی سەربزێوان و ئەو دووسەت سەربازە هیندییەی گرتن کە لە حاند پەلامارەدەران شلەیان دابوویە و تەنەخییان کردبوو. ئەوسا ڕووداوەکەی بە خودی «لۆرد وێلێزلی»ی[1] حوکمرانی هیندووستان ڕاگەیاند. ئەویش لەڕێوە

---

١- حوکمرانی هیند. لۆرد وێلێزلی فەرمانی دا هەتا مانگانە دووهەزار ڕووپییە بدەن بە سمایلخانی کوری باڵوێزە کوژراوەکەی ئێران و هەتا ماوە لێی نەبڕن.

نامەیەکی لە شای ئێران نووسی و کۆنسوولی ئینگلستانی شاری بەسرەی نارد و لەگەڵ چەند پیاوماقوولێکی بەمبەئی - کە هەموویان جلی ڕەشیان پۆشیبوو- بە مەبەستی تەوازی و داوای لێبووردن بەرەو کۆشکی پادشای ئێران وەڕێکەوتن و لە چیمەنی سولتانییە بە خزمەت فەتحعەلیشا گەیشتن. شا ئەم ڕووداوەی بە هەلکەوتێکی ئاسایی دانا و داوای لە نێردراوانی حوکمڕانی هیند کرد کە تەواوی ئەوانەی وا بە تاوانی کوشتنی باڵوێزی ئێران گیراون ئازاد بکرێن. پاشان محەممەدنەبیخانی خوشکەزای باڵوێزەی کوژراوی لە جێی خالی دانا و لەگەڵ شاندەکە ناردی بۆ هیندووستان (١٢١٩ی ک/١٨٠٢ ی ز).

**پچڕان و تێکچوونی پەیوەندییەکان (١٢١٩- ١٢٢٢ی ک/١٨٠٤- ١٨٠٧ی ز)**

محەممەدنەبیخانی باڵوێزی تازەی ئێران ماوەی پێنج مانگێک لە بەمبەئی مایەوە و هەر سەفەریشی نەکرد بۆ لەندەن، چونکە فەتحعەلیشا سەرلەنوێ پەیوەندیی لەگەڵ ناپلێۆن دامەزراندبۆوە و کۆتایی هێنابوو بە ئەرکی باڵوێز و بانگهێشتبۆوە و کردبوویە حوکمداری لەنکەرگاکانی باشوور.

لەم کاتەدا ئینگلستان بە هەموو توانایەوە سەرقاڵی دایەستنی سنوورەکانی هیند و ویستگە دەریاییەکانی مەزنەدەریای هیند بوو. ئینگلیس بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەگەری هەر مەترسی و هەرەشەیەک دەست بە سەرداگرتنی دورگەی خارکیان بە پێویست دەزانی کە لە نێزیک زارکی یەکاوی عارەبان خاوەنی هەل و هەلکەوتێکی گرینگی سەربازی بوو. سێر «خۆنز»ی کۆنسوولی ئینگلیس لە بەغدا و بریکاری کۆنسوولی ئەو وڵاتە لە بەسرە، زۆر بە وردی چاوەدێری ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران بوون و بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی بانگەشەی خۆیان دەیانەویست کەلک لە باڵوێزایەتیی سێر جان مەلکۆم وەربگرن لە ئێران، بەلام پاش بانگکرانەوەی محەممەدنەبیخان لە هیندووستانەوە هەتا نێوەراستەکانی ساڵی ١٢٢١ی ک/ ١٨٠٦ی ز، ئاڵوگۆڕی باڵوێز لە نێوان ئێران و ئینگلیسدا ڕاگیرا. وەکوو ئاشکرایە لەو ماوەیەدا ڕەوتی سیاسی لە ئێراندا ویست و بەرژەوەندییەکانی ئینگلستانی ڕەچاو دەکرد و فەتحعەلیشا هەرگیز نەیدەهێشت کە میران و حوکمدارانی ئەفغانستان ئاوێکی خۆشیان لە گەرووی ئاوایی و بە

ئاسوودەیی دانیشن و چونکە هەرات و قەندەهاری بە خاکی ئێران دەزانین. گرتنی ئەفغانستان و خاشەکێشانی هێز و دەسەڵاتی قوڵەمیرانی بە پێویست دەزانی.

ئینگلیسییەکان بۆ ئەوەی لە بارگای ئێران دوور نەبنەوە، سەرلەنوێ لە ساڵی ١٢٢١دا، هەوڵیان دا کە پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ ئێران دابمەزرێننەوە و باڵوێزی بۆ بنێرن، بەڵام ڕاکێشرانی سەرنجی فەتحعەلیشا بۆ سەر ناپلئۆن و هاتنی ژۆبێر و ژوانێن و دیلابلانیش، نێردراوانی پێشووی فەرانسە، کۆسپێکی گەورەی خستە بەر پێی ئامانج و گەڵاڵە سیاسییەکانی ئینگلستان و ترسێکی زۆری وەبەرنا. لە لایەکی دیکەوە، گیرۆدەبوونی ئێران بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی لەگەڵ ڕووسیا و گێڕانەوەی سپای ئێران لە ئەفغانستانەوە، کۆلۆنیی هیندی خستە بەر گەفی میرانی ئەفغانی. هەر لەو سەروبەندەدا فەتحعەلیشا ڕێگای نەدا بە سێر جان مەلکۆمی باڵوێزی دووبارەی ئینگلستان کە بێتەوە ئێران[1].

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە نوێنەرانی ناپلئۆن و شاندی نێردراوی لە ئێران دەهاتن و دەچوون، کاربەدەستانی ئینگلیسی بە وەبەرچاو گرتنی کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تایبەت، تووشی ناکامی و شکستیان دەکردن و نەیاندەهێشت سیاسەتی فەرانسە سەرکەوتوو بێ و بەردی سارد و گەرمیان دەخستە بەر پێی گاردان، وا هات کە بە هەڵکەوت پێشهات و ڕووداوە سیاسییەکانی ئورووپاش لەگەڵ ئامانجەکانیان ڕێک و تەبا بوو. وەکوو پێشتر باس کرا، ناپلئۆن نەیتوانی یان نەیویست کە بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە ئێران بەرێتە سەر و کاتێک گاردان لە هەلومەرجێکی لەرزۆک و یەکلاییینەکراوەدا لە تاران مابۆوە، کاربەدەستانی ئینگلیسی هەر چۆنێکی بۆیان کرابا وەفاداری و دۆستایەتیی خۆیان بۆ پادشای ئێران دووپات دەکردەوە. وا هات ئەو ئەرک و بەڵێنانەی کە ئیمپراتۆری فەرانسە بە تێماوی بۆی جێبەجێ نەدەکرا، کاربەدەستانی ئینگلیسی خستیانە سەر ئەستۆی خۆیان.

---

١- سێر جان مەلکۆم لەبەر ئەو بێڕێزییەی کە بە خۆی و کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی کرابوو زۆر تووڕە بوو، هەر بۆیە پاش ئەوەی گەڕایەوە هیند، پێی داگرت کە دەبێ هێزەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بە زۆری چەک دوورگەی خارک بگرن و لۆرد «مینتۆ»ی حوکمڕانی هیندیش پێشنیارەکەی قبووڵ کرد، بەڵام وەختایەک لێی روون بۆوە کە ناپلئۆن ناتوانێ لە ڕێی ئێرانەوە پەلاماری هیند بدا، گەڵاڵەی هێرشەکەی بۆ سەر خارک هەڵوەشاندەوە.

بەگشتی هەست و سۆزی خەڵکیش هەتا ئەندازەیەک لەگەڵ ئامانجەکانی ئینگلستان دەهاتەوە، چونکە زۆر چاوەڕوانی هەڵوێست و هەنگاوی نوێنەری ئیمپراتۆری فەرانسە بوون. بەڵام بێبەڵێنیی ناپلئۆن و قرچۆکبوونی پەیمانی سەبارەت بە ئێران، هەمووی ڕەشبین و دڵسارد کردنەوە. نوێنەرانی فەرانسە لە ئاخروئۆخری مانەوەیاندا وایان لێهاتبوو کە هەمیشە لەگەڵ چەند سوارەیەکی تفەنگچی لە ماڵ وەدەردەکەوتن. لەو ڕۆژگارەدا ئینگلستان بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵکی ئێران و بارگا و مەزنانی میری هێزێکی تۆکمەی دەریاوانیی لە کەنداوی فارس کۆکردبۆوە. سێر هارفۆرد جۆنز، باڵوێزی ئەو دەوڵەتە و کۆنسوولی پێشووی ئینگلیس لە بەغدا، بە خۆی و دیاری و خەڵاتێکی بەرچاو لە نێو گەمییەکی شەرکەری ئینگلیسیدا بنەی داکوتابوو و چاوەڕوانی ئیزندران بوو بۆ چوونە ئێران. ئەم باڵوێزە لە ڕێی حوکمداری بووشێهر و «بەندەرریگ»ەوە کۆمەڵێک پێشنیاری سەبارەت بە بەستنی پەیمانی یەکییەتی و دۆستایەتیی لەگەڵ ئێران گەیاندبوویە بارگای قاجار و گوتبووی ئەواوی ئەو بەڵێنانە جێبەجێ دەکەن کە ناپلئۆن خۆی لێ دزیونەوە. وەکوو پێشتر باسی کرا فەتحعەلیشا هیچ ئومێدێکی بە ناپلئۆن نەما و لەبەر ئەوەی پێشنیارەکانی باڵوێزی ئینگلیس دڵخۆشکەرە و بەڕواڵەت لە بەرژەوەندیی ئێران بوون، ئیزنی دا کە باڵوێزی ئینگلستان بێ و شاندی فەرانسەوی وەدەرکەوی.

«... ئینگلیس لەچاو ئێمە[ی فەرانسەوی] بە سەر بەختەوەریدا کەوت و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێست و هەنگاوی شاندی دەوڵەتی فەرانسە لە لایەک و کاری نوێنەرانی ئینگلیسی لە لایەکی دیکەوە. لە کاتێکدا کە دەوڵەتی فەرانسە شاندێکی ئاوا گرینگی دەستەوئەژنۆ ڕاگرتن و لە هەلومەرجێکی ئاوا بارناسک و قەیراناوی و پڕ گرێوگۆڵدا پەکی خستن و جووڵەی لێبڕین، بەپێچەوانە دەوڵەتی ئینگلیس دەستی لە هەوڵ و هەڵسووڕانی بێوچان و دانی بڕیاری بەهێز و ئاوەزمەندانەی خۆی هەڵنەگرت. ئینگلیسییەکان لەچاو فەرانسەوییەکان لە ئێراندا کەوتبوونە هەلومەرجێکی باشترەوە و بە نەهێنی لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا چالاکانە بزووتنەوە و لە دەرەوەش بە یاریدەی کۆنسوولاتی کارزانی خۆیان هەنگاویان هەڵێنانەوە.»

«سەرەرای تەواوی ئەمانەش، دەبێ بڵێین کە لەچاو دوژمنایەتی ئینگلیس، دۆستایەتیی رووسیا زیاتر بوو بە هۆی شکست هێنانی گەڵاڵەکانی ناپلێئۆن لە ئێران. ئەمە یەکەمین خەسار نەبوو کە دۆستایەتیی رووسیا لە چارەی ئێمەی نووسی، چونکە ئەوانەی دواتر یەکجار قورستر بوون. داخوا کێ لە کشانەوەی فەرانسە قازانجی کرد؟ دیارە کە تەنیا رووسیا. دوژمنایەتیی گەوجانەی نێوان فەرانسە و ئینگلیس خزمەتی بە رووسیا کرد و ئەویش بەوپەڕی شارەزایی توانی سوودی لێوەربگرێ.»[1]

لە رووی باس و بابەتەکانی پێشووڕا بە چاکی دەردەکەوێ کە دەوڵەتی ئینگلیس هەتا کوێ سەبارەت بە پەرەگرتنی کار و چالاکییەکانی گاردان تۆقیوە و چەندەی هەوڵ داوە کە سیاسەتی ناپلێئۆن تووشی شکست بێ و ئێران لە دۆستایەتیی فەرانسە هەڵگەڕێتەوە و فەتحعەلیشا سەرنجی بەرەو ئینگلستان رابکێشرێ. هەروەها وەک لە رووی دەقی راپۆرتەکانی ژەنەراڵ گاردان و رەوتی رووداوەکان و بارودۆخی ئەو رۆژگارەوە دەردەکەوێ، لە راستیدا واوێدەچێ کە دۆستایەتیی ناپلێئۆن لەگەڵ قەیسەری رووسیا بە زەرەدی ئێران و فەرانسە برابێتەوە. پەیماننامەی لەرزۆک و خوێنەگری «تیلیسیت» هەم رێی بۆ پێشکەوتنی ئامانجی دەستدرێژکەرانەی رووسیا خۆش کرد و هەم بوو بە هۆی داگیرسانەوەی پەیوەندی و نێوانی ئێران و ئینگلستان و تەشێنەوەی دەسەڵاتی کۆلەدارییانە و پتەوبوونی هەڵسووڕانی نارەوای ئەو دەوڵەتە لە ئێراندا.

## راسپێردرانی هارفۆرد وەکوو باڵوێز (١٢٢٣- ١٢٢٤ای ک/١٨٠٨- ١٨٠٩ای ز)

هەر پاش ئەوەی کە گاردان لە تارانەوە بەرەو ئازەربایجان بزووت، فەتحعەلیشا کە لەبەر هێرش و پەلامارەکانی سپای رووسیا بۆ سەر قەفقاز حەجمینی لێهەڵگیرابوو و بە شوێن هاوپەیمانێکدا دەگەڕا، فەرمانی دا بە حوکمرانی ئیسفەهان کە شاندەکەی ئینگلستان بنێرێ بۆ تاران و نەورۆزخانی قاجاری لێ کرێن بە میواندار. سێر هارفۆرد جۆنز سەرۆکی شاندەکە و باڵوێزی تایبەتی ئینگلستان، وێڕای «براون»ی کۆنسوولی ئینگلیس لە بەندەربووشێهر و «مۆریس»ی سەرقەڵەمدار و «ماتاوس»ی ئەرمەنیی خەزنەداری شاندەکە، لەگەڵ

---

١- ئەرک و راسپاردەکانی ژەنەراڵ گاردان لە ئێران، وەرگێرانی عەبباس ئیقباڵی ئاشتیانی.

شێست چەکداری هیندی و سەت خزمەتکارێکی ئەرمەنی و هیندی لە سەرەتاکانی مانگی قوربانی ١٢٢٣ی کۆچیدا گەیشتنە ئیسفەهان و ڕۆژی ٢٦ی قوربان لە تاران دابەزین و بوونە میوانی ماڵی حاجی حەمەحوسێنخانی ئەمینوددەولەی ئیسفەهانی.

سێر جۆنز لەگەڵ شەش کەس لە هاوڕێیانی خۆی، ڕۆژی سێی مانگی محەڕڕەم / فێوریەی ١٨٠٩ی ز، چوونە خزمەت پادشا و نامەکانی جۆرجی سێهەمی پادشای ئینگلیس و دەنکە ئەڵماسێکی درشتیان وەکوو دیاری بردە خزمەتی کە بایی ٤٠٠٠ قران بوو. باڵوێزی ئینگلیس لە ڕێگای وەرگێڕی خۆیەوە پوختەی ویست و ئامانج و پێشنیارەکانی دەوڵەتی ئینگلیسی سەبارەت بە بەستنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ ئێرانی بە زمانیدا هات و گوتی تەواوی ئەو ئەرک و بەڵێنانە جێبەجێی دەکەن کە پێشتر فەرانسە ویستبووی بیانکا و خۆی لێ بواردبوون. وەکوو پێشتر باسی کرا، فەتحعەلیشا کە زۆری دڵ لە ناپلیۆن ئێشابوو، پێشنیارەکانی باڵوێزی قبووڵ کرد.

کورتە و پوختەی ئەو ئەرکانەی کە دەوڵەتی ئینگلیس لە هەمبەر ئێراندا وەئەستۆی خۆی گرتبوون بریتی بوون لە دانی ساڵی ١٢هەزار لیرە (١٦٠هەزار تمەن) بۆ خەرجی سپای ئازەربایجان هەتا ئەو دەمەی کە سەرقاڵی شەڕ بن لەگەڵ لەشکری ڕووسیا و هەروەها دابینکردنی تۆپ و تفەنگی پێویست بۆ ئێران و پەروەردەکران و ڕاهێنانی سەربازانی لە لایەن ئەفسەرانی ئینگلستانەوە.

سێر جۆنز وێڕای خستنەڕووی پێشنیارەکانی خۆی کە باسی نێوەڕۆکیان کرا، لە لایەن پادشای ئینگلستان و حوکمرانی هیندەوە داوای لە فەتحعەلیشا کرد کە بە مەبەستی هەڵنەپسان و نەبڕانەوەی پەیوەندییەکانیان، ڕێگە بدا بە کاربەدەستانی ئینگلیسی کە لە شیراز، ئیسفەهان، یەزد، قەزوین و تەوریز کونسوولخانە بکەنەوە. هەروەها بۆ بەرگرتن لە ئەگەری هەر هێرش و مەترسییەک کە ڕەنگە هەڕەشە بن بۆ سەر کۆلۆنییەکانی ئینگلیس، با دەوڵەتی ئێران دوورگەی خارک هەر بەو مەرجانەی کە دابووی بە فەرانسەوییەکان، بخاتە ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستان و بەرپرسانی هێزی گەمییەوانی ئینگلیس. فەتحعەلیشا جگە لە بە دەستەوەدانی دوورگەی خارک، تەواوی پێشنیارەکەی دیکەی قبووڵ کرد، بەڵام چونکە بۆ پارێزرانی خارک و بەرژەوەندییەکانی ئینگلستان لە کەنداوی فارس هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێنایەوە، خودی ئینگلیسییەکان دوورگەی خارکیان گرت و گەلێک قەڵا و

قایمە و مەتەریزیان لێ ساز کرد کە بە کلیلی کەناراوەکانی ئێران دادەندرا لە کەنداو. لەو رووداوەدا سستی و بێقوونەبانیی بارگای ئێران و خەیانەت و بەرتیل و بێگانەپەرستیی تاقمێک لە کاربەدەستانی دۆڕاوی نێوخۆ بوونە یاریدەری ئینگلیسییەکان هەتا ویست و ئامانجەکانیان وەدی بێنن.

ماوەیەکی کورتی پاش چوونی سێر جۆنز بۆ تاران و خۆشکردنی هەلومەرجی بەستنی پەیمان و پێکهاتن، سێر جان مەلکۆم کە لەچاو وی ئاشناتر بوو لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێران و هەست و هەوێنی دەروونی پیاوانی بارگا، لە لایەن حوکمڕانی هیندووستانەوە هاتەوە ئێران و توانی چاوی بە پادشا بکەوێ. لەو دیدارەدا تێکۆشا کە پەیماننامەی نێوانیان مۆر و واژۆ بکرێ و پادشاش باڵوێزێک بنێری بۆ بارگای ئینگلستان. مەلکۆم پاش دوو مانگ مانەوەی لە تاران، گەڕایەوە هیندووستان و لەو ماوەیەدا بە سەری زمانان توانی سەرنجی تاقمێک لە مەزن و ماقووڵانی بارگای ئێران ڕابکێشێ و هەل بۆ مەبەست و ئامانجی کۆلەدارییانەی ئینگلستان خۆش بکا. سێر جۆنز لەگەڵ هاوڕێیانی ڕێیی بۆ تەورێز و لەوێ بنەی داکوتا و هەتا ساڵی ١٢٢٦ی ک/١٨١١ی ز، وەکوو باڵوێز مایەوە.

## ناردنی باڵوێز بۆ ئینگلستان

پادشای ئێران دەیهەویست کە هەرچی زووە پەیماننامەکە لە لایەن پادشای ئینگلستانەوە پەسند بکرێ و کار و ئەرکی ئەو دەوڵەتە سەبارەت بە ڕێکخستنی سپا و دابینکرانی چەکوچۆڵ و جبەخانە بکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، هەر بۆیە حاجی میرزا ئەبولحەسەنی شیرازی کە خوشکەزا و زاوای حاجی میرزا برایمخانی ئیعتیمادوددەولە[1] بوو، بە سەر کرایەوە و سەرناوی «خان»ی پێبەخشرا و وەک

---

١- وەکوو پێشتر باسی کراوە حاجی برایمخانی کەلانتەر یەکێک بوو لە باوەڕپێکراوترین پیاوانی حکوومەتی قاجار و بە گەورەترین دەورگێری دامەزران و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ئاغامحەممەدخانی سەرزنجیرەی دەوڵەتی قاجار دادەندرێ. برایمخان دوای ئەوەی کە فەتحعەلیشا لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵی دایەوە، بوو بە مەزنەوەزیر. ساڵی ١٢١٥ی ک/١٨٠٠ی ز. فەتحعەلیشا شکی لێکرد و لێی بە سەر دردۆنگیدا کەوت. هەر بۆیە سەرەتای مانگی قوربانی ١٢١٥ فەرمانی دا بیخەنە نێو مەنجەڵی رۆونی قاڵەوە. هەر لەو ڕۆژەدا براکان و کوڕەکانی کە لە تاران و شاران کاربەدەستی پایەبەرز بوون←

باڵوێز لە لەندەن دیاری کرا. چونکە ئەو باڵوێزە دەبوو بە خاکی ئاسیای بچووکدا بڕوا بۆ ئورووپا، نامەیەکی بۆ سوڵتان مستەفاخانی چوارەمی پادشای عوسمانی نووسی و داوای لێکرد کە بۆ تێپەڕبوونی هاسان بە خاکی عوسمانیدا یاریدەی بدریٚ و ڕێگای بۆ خۆش بکری.[1] پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە پادشای ئێران گەلێک دیاریی بایەخداری ناردن بۆ پادشای ئینگلیس کە بریتی بوون لە ملوانەکەی مرواری، کووتاڵی کشمیری، قاڵیی ئاوریشم و دەرمانی ژارکوژ. باڵوێزی ئێران لەگەڵ هاوڕێیانی و «جیمز مۆریە»ی جێگر و قەڵەمداری سێر جۆنز هارفۆرد لە سەرەتاکانی مانگی مەولوودی ١٢٢٤ی کۆچیدا لە تارانەوە بزووتن.[2]

**سێر جان مەلکۆم بۆ سەری سێجارە وەک باڵوێز دەنێردرێتەوە ئێران (١٢٢٥ی ک/١٨١٠ی ز)**

لە ساڵی ١٨١٠ی زایینیدا، ئیمپراتۆریی ناپلئۆن گەیبوویە پەرەپەڕۆچکەی دەسەڵات و یەکجار چاکی پەرە گرتبوو. لەبەروەی کە ئینگلستان تۆقیبوو لە ناپلئۆن، بەگوێرەی دامەزرانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، وادیارە دەیهەویست کە هەرچی زووترە بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە فەتحعەلیشا بەرێتە سەر.

سێر جان مەلکۆم کە ساڵی ١٢٢٤ی کۆچی ماوەیەکی کەم پاش چوونی سێر جۆنز بۆ ئێران، گەیبوویە ئەو وڵاتە و دواتر گەڕابوویەوە هیندووستان، بۆ سەری سێجارە لەگەڵ شاندێکی سەربازیی ئینگلستان، بە خۆی و هێندێک چەکوچۆڵەوە بەرەو ئێران بزوە و مانگی ڕەبیعی دووهەمی ساڵی ١٢٢٥ی ک. گەیشتە بووشێهر. فەتحعەلیشا یەکێک لە باوەڕپێکراوانی خۆی کە مێهرابخانی بەکەشلووی ئەفشار بێ، ناردە بەخێرهێنانی. باڵوێز و هاوڕێیانی ڕۆژی ١٥ی جەمادی یەکەمی ساڵی

---

سەرلەبەریان کوژران. بەپێی گێرانەوەی سێر پێرسی سایکس ئەم بنەماڵەیە تەنیا کوڕێکی ئەفۆستانیان دەرچوو کە بەرەبابی بنەماڵەی قەوامولموڵکی لە پاش بەجێما.

١- چونکە حکوومەتی سوڵتان مستەفاخانی چوارەم (١٢٢٢- ١٢٢٣ی ک.) ماوەیەک بەرلە دەرکەوتنی باڵوێزی ئێران لە ستوور برابوویەوە، ئەبولحەسەنخانی باڵوێز نامەکەی فەتحعەلیشای دایە سوڵتان مەحموودخانی دووهەم (١٢٢٣- ١٢٥٥ی ک/١٨٠٨- ١٨٣٩ی ز) کە جێی گرتبوو.

٢- جیمز مۆریە بەسەرهاتی سەفەرەکەی خۆی لەگەڵ باڵوێزی ئێران کردۆتە کتێبێک و ناوی ناوە «سەفەرەکەی حاجیبابا». باڵوێزی ئێرانیش سەفەرنامەی خۆی نووسیوە و بە «سەرسوڕماننامە»ی ناودێر کردووە.

١٢٢٥ی کۆچی لە چیمەنی سولتانییە کە لەشکرگای گەورەی ئێران بوو، گەیشتە خزمەت پادشا.

سێر جان مەلکۆم کە دەیزانی فەتحعەلیشا چەندەی پێخۆشە زەبر لە هێزەکانی رووسیا بوەشێنێ و بەرەنگاریان راوەستێ و هەستی بەوە کردبوو کە چەندە نیازمەندی یارمەتیی سەربازییە و تۆتەکەی لێ هەڵگیراوە هەتا سپای رووسیا لە خاکی قەفقاز و بەتایبەت گورجستان دەرپەڕێنێ، پێش ئەوەی هیچ شتێک سەبارەت بە ئەرک و راسپاردەی خۆی دەربڕێ، تەواوی ئەو تۆپخانە و تفەنگە تازانەی کە هێنابوونی، هەمووی بە پادشا نیشان دان و «لیندزی»ی[1] ئەفسەری تۆپخانە و «کریستی»ی ئەفسەری سپای پیادە و «مانتیت» و «پۆتینجێر»ی بە پادشا ناساندن و هەر خێرایەکی هەموویانی بۆ راهێنانی لک و پەلی هێزەکانی قۆشەنی ئێران و چوونە ژێر فەرمانی عەباس‌میرزا ناردن بۆ ئازەربایجان.

لە دیدارەکانی نێوان سێر جان مەلکۆم و پادشادا، باڵوێزی ئینگلیس توانی بروا بە پادشا بێنێ کە پێشنیارەکانیان گرێوگۆلی تێدا نییە و ئاوا پیاوانی بارگا و کەسانی دەوروبەریشی لە ویست و ئامانجەکانی خۆیان دڵنیا کردەوە و لەگەڵ خۆی کردنی بە هاودەنگ. هەر لەو کاتەدا نامەی باڵوێزی ئێران لە لەندەنەوە هات و روون بۆوە کە سێر جۆنز لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە هەموو دەسەڵاتێکی پێدراوە و دەتوانێ تەواو سەرپشک بێ بۆ بەستنی هەر پەیمانێک و داوایان کردووە کە سێر جان مەلکۆم بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، ئەویش ئەفسەرەکانی دانە دەست سێر جۆنز و لە بنەبانی ئەو ساڵەدا گەڕایەوە هیندووستان و ئەمە دوایین ئەرک و راسپاردەی بوو لە خاکی ئێراندا.[2]

بنکەی ژین

### گەڕانەوەی باڵوێزی ئێران لەگەڵ باڵوێزی تازەی ئینگلیس

باڵوێزی ئێران و هاوڕێیانی لە لەندەن زۆر چاکیان بە دەورەیدا هاتن و بەگەرمی خزمەتیان کردن و جۆرجی سێیەم (١٧٦٠- ١٨٢٠ی ز) چەندین جار

---

١- لیندزی کە پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە بوو، سەربازانی ئێرانی بە رۆستەمیان شوبهاندبوو، ئەم ئەفسەرە (لیندزی بیتوون) دواتر بوو بە سپاسالاری تێکرای هێزەکانی ئێران و ماوەیەک لەو پلەیەدا خزمەتی کرد.

٢- سێر جان مەلکۆم کتێبێکی بە ناوی «مێژووی ئێران» نووسیوە و کراوەتە فارسی و بڵاویش کراوەتەوە و «پۆتینجێر»یش کتێبێکی بە ناوی «گەشتەکانی ئەفغانستان» نووسیوە.

چاوی بە باڵوێز کەوت و سەرەتاکانی ساڵی ١٢٢٦ی ک/١٨١١ی ز. باڵوێزی لەگەڵ سێر گۆر ئووزلی بەڕێکردەوە بۆ ئێران و دەستووری دا کە سێر جۆنز بگەڕێتەوە. سەفەری باڵوێزی ئێران و باڵوێزی ئینگلیس لە ئینگلستانەوە هەتا لەنگەرگای بووشێهر زۆر بە خۆشی و بێگری ئێنەپەڕی و دووسێ جارێک گەمییەکەیان گیرۆدەی ڕەشەبا و شەپۆلی سەرووەشێتی دەریا بووە. سەرەنجام مانگی شەشەکانی ساڵی ١٢٢٦ی کۆچی گەیشتنە تاران و بۆ سبەینێ چوونە خزمەت پادشا (٢٠ی شەشەکانی ساڵی ١٢٢٦ی کۆچی)[1].

بەگوێرەی دەقی کۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی خۆماڵی، سێر گۆر ئووزلی پیاوێکی زانا و بەمشوور بووە و زمانی فارسی و تورکی و هیندیشی زانیوە و زمانی وەک هەسانی هێندە لووس بووە کە خێرایەکی توانیویەتی جێی خۆی لە لای پادشا و پیاوماقووڵانی بارگایدا پتەو بکا. هەر بەپێی ئەو سەرچاوانە کاکەی باڵوێز ئەڵماسێکی زۆر گرانی پێشکەشی پادشا کردووە[2] و ژنەکەشی ملوانکەیەکی عەنبەری ئەڵماسبەندی بەنرخی وەک دیاری داوەتە یەکێک لە ژنانی گەلەژنخانەی پادشا.

سێر گۆر ئووزلی بەپێی دەقی پەیماننامەی پێشوو، خەرجی سێ ساڵەی ئازەربایجان و سیهەزار تفەنگ و بیست تۆپی دایە حکوومەتی ئێران و ئەو ئەفسەرانەی کە هێنابوونی شانیان دایە بەر مەشق و ڕاهێنانی قۆشەنچییانی ئێرانی.

دەوڵەتی ئینگلیس بەپێی پەیماننامەیەکی نهێنی کە ساڵی ١٨٠٧زایینی لەسەر دابەشینی ئێران بۆ چەند ناوچەیەکی جێی چالاکی و تراتێن بەستبووی، نەیدەتوانی بەئاشکرا دژی ئەو دەوڵەتە ڕاوەستێ کە توانیبووی بە قیمەتی پیلانێکی چەپەڵی سیاسی سەرنجی ڕابکێشێ. هەر بۆیە ئەفسەرانی ئینگلیسی لە هۆردووی هەباس‌میرزادا بە جلوبەرگی سەربازانی ئێرانییەوە دەهاتن و دەچوون و ئەرکی خۆیان ڕادەپەڕاند. لەو قۆناخەدا باڵوێزی ئینگلیس دەستی کرد بە نامەنووسین و ئاڵوگۆڕی کاغەز لەگەڵ سپاسالاری هێزەکانی ڕووسیا لە قەفقاز و هەوڵی دا هەتا

---

١- دوو کەس لە هاوڕێیانی سێر گۆر ئووزلی بریتی بوون لە مێجەر دارسی و سێر ویلیام ئووزلی. ئووزلی چەند یادداشتێکی سەبارەت بە ئێران نووسیوە کە بۆ نووسەرانی ئینگلیسی گرینگە.

٢- ئەو ئەڵماسە ٢٥ قیرات بووە و هەر قیراتێکیش دەبێتە ٢٪ گرام.

مەرجی یەکجار قورسی سەرکردەی هێزەکانی ڕووسیا بە مەبەستی برانەوەی شەڕ و باڵنەنگاوتنی ئاشتی بە سەر فەتحعەلیشادا داسەپێنێ. کاتێک لەو سەروبەندەدا هێزەکانی ژێر ڕکێفی عەباس‌میرزا چەند سەرکەوتنێکیان لە قەفقاز وەدەست هێنا. سێر گۆر ئووزلی پەیمانی دۆستایەتیی نێوان ڕووس و ئینگلیسی هێنایە گۆڕ و ئەفسەرەکانی خۆی لە نێو ڕیزی سپای ئێران کێشایەوە و تەنیا «کریستی» هەتا برانەوەی شەڕەکانی خولی یەکەمی نێوان ئێران و ڕووس لە لەشکرگای عەباس‌میرزادا مایەوە و لە تێکهەڵچوونێکدا کوژرا.

بانگکرانەوەی ئەفسەرانی ئینگلیسی، جارێکی دیکەش فەتحعەلیشای سەبارەت بە هاوکاری و یاریدەدانی بێگانان ناهومێد کرد، لە لایەکی دیکەشەوە دابینکرانی خەرج و تێچووی قورس و گرانی شەڕ کە ئەوەندەی بۆی کرا بە دەستقووچاوی پارەی دەدایە عەباس‌میرزا، کارێکی دژوار بوو. بەناچاری سەری وەبەر پێشنیارەکانی باڵوێزی ئینگلیس هێنا کە سێ‌سەرەی لەسەر هەڵنەدەگرت و تینی بۆ هێنابوو هەتا لەگەڵ ڕووسان پێک بێ. میرزا شەفیعی مەزنەوەزیری ئێرانیش لەگەڵ باڵوێزی ئینگلیس بوو بە هاوڕا و سەرەنجام سالی ١٢٢٨ی ک/ ١٨١٣ی زایینی، بە کەیخودایەتی و نێوبژیوانیی سێر گۆر ئووزلی پەیمان‌نامەی گولستان لە نێوان ئێران و ڕووسیادا مۆر کرا.

پەیمان‌نامەی گولستان لەگەڵ ویست و ئامانجە سیاسییە کۆلەدارییەکانی ئینگلستان ڕێک دەهاتەوە. چونکە هەروەک دەزانین ئینگلستان هەمیشە لەوە ترقیوە کە برشتی دەسەلاتی ڕووسیا لە ئاسیای خۆرنشین و ناوەندیدا بتەنێتەوە. لە کلکەی سالی ١٢٢٧ی ک/١٨١٢ی زایینیدا کە هێزی ئێران لەبەر شەڕی درێژخایەن و بێ‌برانەوە و کەمبوونی چەکدار و ناکۆکیی نێوان سەرکردەکانی، چەند شوێنێکی بارناسکی لە قەفقاز دۆڕاند و ڕێگای پێشڕەویی سپای ڕووسیا بۆ بانووی ئێران کرایەوە، بەسترانی پەیمانی ئاشتی و برانەوەی شەڕ بە قازانجی ئینگلستان بوو. لێرەدا دەکرێ بڵێین کە بانگکرانەوەی ئەفسەرانی ئینگلیسی لە بەرەکانەوە زیاتر بە مەبەستی ناهومێد کردنی فەتحعەلیشا بووە لە سەرکەوتن و ڕازیبوونی بە کۆمەڵێک مەرجی ناهەقانەی ئاشتی. بەم شێوەیە باڵوێزی ئینگلیس کە ڕاسپێردرابوو هەتا هەر چۆنێک بۆی دەکرێ بە مەبەستی پاراستنی ڕێ و ڕەوگەکانی ئێران بەرەو هیندووستان، پێش بە پەرەی شەڕ بگرێ، لە بەرگ و

ڕواڵەتی دۆستایەتی و هەڵسوکەوتی ڕێزدارانەی سیاسیدا. ئابڕووی سیاسی و سەربازیی ئێرانی کردە قوربانی ویست و ئامانجەکانی وڵاتی خۆی.

## پەیماننامەی ئێران و ئینگلیس

سیر گۆر ئووزلی هەر کە گەیشتە ئێران، بە مەبەستی دابینکردنی کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی و ئابووریی ئینگلیس لە ئێران، گەڵاڵەی پەیمان و ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بارگای ئێران دارشت و هەوڵی دا هەتا بیخاتە سەر کاغەز و سەقامگرتووی بکا. بەپێی ئەو پەیمانە دەبوو هەر چەشنە مەترسی و هەڕەشەیەکی ئێران بۆ سەر هیندووستان بشۆرێتەوە، کەوایە فەتحعەلیشا دەبوو کە پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیا و ئەفغانستان و وڵاتانی ئورووپایی وا ڕێک بکا کە لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئینگلیس بێتەوە و هیچ مەترسییەک لە هیندووستان پێی ئینگلستان نەگرێتەوە. ئەو مەترسییەی کە لە لایەن ڕووسیاوە هەڕەشە بوو بۆ سەر ئینگلیس بە بەستراننی پەیمانی «ئینگلستان» کۆتایی هات و بەم شێوەیە هەلومەرجی داڕێژرانی پەیماننامەی نێوان ئێران و ئینگلیس بەدی هات. ئینگلیس بۆ ئەوەی سەبارەت بە ئەفغانستان خاترجەم بێ ـ کە بە یەکێک لە گرینگترین ڕەوگە سەربازییەکانی دیکەی بەرەو هیندووستان دادەندرا ـ ئۆباڵی کێشا ئەو هەرێمە قەڵەمڕەوی ئێرانە و پەیماننامەیەکی نووسی کە بریتی بوو لە یازدە بەند. سێر گۆر ئووزلی دەقی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ خۆی برد بۆ لەندەن و پاش پێداچوونەوەیەک درایە دەست «ئێلیس»ی[1] باڵوێزی تازەی ئینگلیس و نێردرایەوە تاران. ئەم پەیماننامەیە ڕۆژی ۱۲ی مانگی قوربانی ۱۲۲۹ی ک/ ۲۵ی نوامبری ۱۸۱٤ی ز. لە تاران مۆر کرا.

کورتە و پوختەی ئەرکی سەر شان و بەڵێنەکانی ئێرلن لەو پەیماننامەیەدا بریتی بوون لە:

۱- قبووڵ کردنی کەیخودایەتیی نوێنەری ئینگلیس بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی سنوورەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا.

۲- بەرگرتن لە هرووژم و هێرشی هۆز و خێڵاتی ئەفغانی و میرانی بوخارا و سەمەرقەند و خارەزم بۆ سەر خاکی هیند و پێمڵکردنی مەزنانی ئەو ناوچە و

---

۱- جیمز مۆریەی نوێنەری سیاسیی پێشووی ئینگلستانیش لەگەڵ ئێلیس هاتەوە ئێران.

هەرێمانە بۆ پاراستنی ڕێوبانەکانی ئەفغانستان بەرەو هیند. ئەگەر وا هات و هەرکام لە هێزەکانی ئورووپایی پەلاماریان بۆ هێنا.

٣- خۆ بواردن لە بەستنی هەر پەیمانێکی دۆستایەتی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیکە کە دوژمنی ئینگلیس بێ.

٤- دەوڵەتی ئێران ڕێگا بە سپای هیچ دەوڵەتێکی سێهەم نادا کە بە خاکی ئەو وڵاتەدا بەرەو هیندووستان بڕوێ.

٥- ئێران نابێ لەو وڵاتانەوە کە خاوەنی پەیوەندی دۆستایەتی نین لەگەڵ ئینگلیس، هیچ ئەفسەر و پلەدارێکی سەربازی بێنێ بۆ مەشق پێکردن و ڕاهێنانی سەربازەکانی.

کورتە و پوختەی ئەرکی سەر شان و بەڵێنەکانی ئینگلیس لەم پەیماننامەیەدا بریتی بوون لە:

١- هەموو ساڵێک بڕی ١٥٠هەزار لیرە بدا بە پادشا بەو مەرجەی کە بە چاوەدێریی نوێنەری ئینگلیس تەنیا خەرجی ڕاگرتن و بەخێوکردنی سپا بکرێ بۆ پاراستنی کەوشەنەکانی باکووری و نابێ ئێران بە هیچ شێوەیەک خۆی بداتە هرووژم و پەلامار.

٢- بە هیچ شێوەیەک نابێ دەست وەربداتە کاروباری نێوخۆی ئەفغانستان.

٣- دەبێ خۆی لە پارمەتی‌دانی سەربزێوان و ئەو شازادانە لابدا کە دەبنە بەرهەڵستی تاج و تەختی پادشای قاجار.

٤- ئەگەر ئێران پێویستی بوو دەبێ ئینگلیس لە ڕێی هێزی دەریایی خۆیەوە یاریدەی بدا. هەڵبەت بەو مەرجەی ئەو وڵاتە بتوانێ و ڕێ‌دەستی هەبێ.

٥- ئەگەر دەوڵەتێکی سێهەم بێ و پەلاماری خاکی ئێران بدا. دەبێ ئەوەندەی بۆی دەکرێ خۆی لە یاریدەدانی ئێران نەدزێتەوە.

ئەم پەیماننامەیەش هەروەک پەیماننامەی فینکێن‌شتاین بە باری ڕێکخستن و نووسینەوەی بەند و برگە و دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوەندی و ڕوون و پتەوبوونی ئەرکی لایەنەکان. پارسەنگی تێدا ڕەچاو نەکرابوو. کار و ئەرکی ئێران بەروونی یەکلاکرابۆوە و بۆ جێبەجێ کران دەشیا و لەگەڵ ویست و بەرژەوەندییە سیاسی و قازانجە ئیستیعمارییەکانی دەوڵەتی ئینگلیس دەهاتەوە. بەڵام ئەرک و ڕاسپاردەکانی ئینگلیس لە بەرانبەر ئێراندا تەنیا ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی

دەگرتەوە. هەروەها دەوڵەتی ئینگلیس بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەیتوانی پەلپ و بیانوو بێنێتەوە و بۆ وێنە بڵێ ئەو پارەیەی کە پێشتر داویەتی بۆ سپا خەرج نەکراوە. هەر بۆیە ئەوەی ماوە و دەبوو بیدا تازە نایدا.

بێبەڵێنبوونی ئینگلستان لە ئەرک و گفتە نەقوستانەکانیدا، هەر ماوەیەک پاش ئەو کاتە خۆی نواند. ئینگلستان لە شەڕەکانی خولی دووهەمی نێوان ئێران و ڕووسیادا، هاوکاریی ئێرانی نەکرد و یاریدەی نەدا. لەو هەرایەدا کەیخودایەتی و دەمراستبوونی باڵوێزی خۆی لە بەسترانی پەیمانی ئاشتیی نێوان ئێران و ڕووسیادا بە سەر فەتحعەلیشادا سەپاند و تای تەرازووی بە لای ڕووساندا شکاندەوە. هەروەها بەپێچەوانەی ئەو بەندەی کە نووسرابوو دەست لە کاروباری ئەفغانستان وەرنادا و بێلایەنی دەپارێزێ، وای نەکرد و بە هەڕەشەی سەربازی تینی بۆ بارگای قاجار هێنا کە نابێ سەرنجی بخاتە سەر کاروباری نێوخۆی هەرات و قەندەهار. ئەم بەشە لە ئەرک و بەڵێنەکانی کە هەتا ڕادەیەک ڕوون و یەکلاکراوە بوون، بەکردەوە هەڵیوەشاندنەوە. دواتر ئەو باس و بابەتانە زیاتر ڕوون دەکەینەوە و ئەوەش دەخەینە بەرچاو کە ئەو کاتەی فەتحعەلیشا بۆ قەرەبووی زیان و زەرەدی شەڕ، دەبوو پارەیەک بدا بە دەوڵەتی ڕووسیا، چونکە هیچ پارەیەکی بە دەستەوە نەبوو. دەوڵەتی ئینگلیس گوتی بە مەرجێک ٢٠٠هەزار تمەنی دەداتێیە کە بەندی پێنجەمی پەیماننامەکە هەڵوەشێتەوە کە دەڵێ ئەگەر دەوڵەتێکی سێهەم پەلاماری ئێرانی دا دەبێ ئینگلیس بێتە هانای و خۆی لە یاریدەدانی نەدزێتەوە.

***

بنکەی ژین

## بەشی ٦

# پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا

## I
## خولی یەکەمی شەڕەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا
**(١٢١٩ - ١٢٢٨ی ک/١٨٠٤ - ١٨١٣ی ز)**

### بۆچی شەڕ هەڵگیرسا؟

حکوومەتی ڕووسیا لە ڕێگای قەفقاز و تورکستانی خۆرنشین یان بە ڕێی ئاسیای بچووکدا هەوڵی دەدا هەتا دەستی بە دەریای ئازاد ڕابگا و ئەم ئامانجە سیاسییەش کە پێتری گەورەی دامەزرێنەری دەوڵەتی نوێیاوی ڕووسیا هێنابوویە ئاراوە، هەرگیز تۆزی فەرامۆشکرانی بە سەر نەدەکشا. دەستدرێژی بۆ سەر خاکی قەفقاز کە جەماوەرێکی فرەرەگەزی تێدا دەژیا و خەڵکەکەی خوازیاری خودموختاری بوون، چونکە بەشی ناوەندی و باشووری هەمیشە بە بەشێک لە سەرزەمینی ئێران دادەندران و تێبەستەی سەربەستی و یەکپارچەیی ئێران بوون، خوایینەخوایی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و ڕووسیای لێدەکەوتەوە، بەتایبەت کە زۆربەی دانیشتووانی قەفقازی خۆرنشین، واتە خەڵکی ناوچەی گەنجە، شیروان، تالش و باکۆ مسوڵمان بوون و لایەنگری ئێران و پەیرەوبوونی دەوڵەتێکی مسوڵمانیان پێ باشتر بوو لە سەر وەبەرهێنانی حکوومەتی قەیسەری ڕووسیا. جا ئێستا بەپێی ئەم پێشینە و سەرەتایە بۆمان دەردەکەوێ کە بچووکترین دەستدرێژیی هێزەکانی ڕووسیا بۆ سەر ناوچە مسوڵمانشینەکانی قەفقاز، سەرنجی بۆ سەر ئەو شوێنانە ڕادەکێشا و ئەم ڕەوتی تێکوتان و پەلامارانە لە ڕۆژگاری ئاغامحەممەدخانەوە دەستیان پێکرد و وەکوو پێشتر گوتمان خانی قاجاری پاڵپێوەنا هەتا لەشکری بەرێ بۆ قەفقاز و شاری تفلیس بگرێ.

جێگرەوەی کاترینی دووهەم یانی ئەلێکساندری یەکەمی قەیسەری رووس، پەرەپێدانی سنووری قەڵەمرەوی رووسیای لە باشوور بە پێویست دەزانی و بە هیوای ئەوەی کە نەتەوە مەسیحییەکانی دانیشتووی گورجستان و ئەرمەنستان لە گرتنی قەفقازدا دەبنە پشتیوانی. سەرەتاکانی سالی ۱۲۱۸ی ک/۱۸۳۰ی ز. هێزێکی بە سەرکردایەتیی «سیسیانۆڤ» بەرەو قەفقاز گاڵ دا و ئەویش لەناکاو هەلیکوتایە سەر شاری گەنجە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی مسوڵمان بوون.

قەیسەری رووس بەپێی ئەو زانیارییانەی کە هەیبوو سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و سەربازیی ئەو سەردەمەی ئێران، پێی وابوو ئەگەر چەند جارێک و بێنێوبڕ پەلاماری قەفقازی ناوەندی بدا و زەبری لێ بوەشێنێ، بارگای ئێران مل بۆ ویست و ئامانجەکانی رادەکێشێ و هەرگیز پێی وانەبوو کە پادشای ئێران سەرەرای ئەو هەمووە گیروگرفتەی نێوخۆ ساوەیەکی درێژخایەن خۆی لە حاند پەلامارەکانی رووسیا بۆ رابگیرێ. لە لایەکی دیکەشەوە فەتحعەلیشا سەرەتا بە چاوی گومانەوە لە هەڵمەت و هەڵسووڕانی سیسانۆڤی دەروانی و پێی وانەبوو شەرێکی درێژخایەنی دە ساڵە بەرێوەیە و لێی سوور بوو کە دەتوانێ ئەو هەرایە لە رێی نامەنووسین و وتووێژی سیاسیرا چارەسەر بکا؛ هەر بۆیە نامەیەکی لە سەرکردەی رووس نووسی و بەرهەڵستی هەنگاوەکانی راوەستا. سەرکردەی رووس وڵامی نامەکەی پادشای ئێرانی نەدایەوە و بەپێی فەرمانی قەیسەر دەستی لە هێرش بۆ سەر قەفقاز هەڵنەگرت. درێژەی ئەم رەوتە فەتحعەلیشای وەخۆ هێنایەوە و بەناچاری فەرمانی دا کە هێزێکی خۆی ساز و تەیار بکا و لە نێو کۆمەڵەی بەرچاوی کورانی خۆیدا هەباسمیرزای ئازا و چاونەترس و شەرزانی کردە سەرکردەی ئەو هێزەی کە دەچوو بۆ قەفقاز و ئازەربایجان.

**بارودۆخی سیاسیی گورجستان**

ئێرایکلیخان (هێراکلیووس) سالی ۱۱۹٦ی ک/۱۷۸۱ی ز. لە ئاست هێرش و پەلامارە بێنێوبڕەکانی هۆز و خێڵاتی «لەزگی»ی داغستان، خۆی هاویشتە ژێر داڵدەی کاترینی دووهەمی شاژنی رووسیا. چونکە ئەو کاتە ئێران لە نێو گرەمەشقەڵانی شەڕەکانی نێوخۆیی و شۆڕش و ئاڵوگۆری بێوچانیدا دەسووتا. کێشە و ملانەی نێوان خانانی زەند هیچ دەرفەتێکی بۆ لاکردنەوەی ئێران لە هەرای

قەفقاز نەهێشتەوە و ئەوەی ڕاستی بێ حکوومەتێکی یەکبنەکی و کۆدەسەڵات لە ئێراندا نەبوو کە بتوانی سنوور و یەکپارچەیی خاک و سەربەخۆیی وڵات بپارێزێ. کاترین بەوپەڕی مەیل و تاسەوە داواکەی ئێراکلی نایە سەر چاوی، کە وادیارە وەکوو بەستنی پەیمانی یەکییەتی و دۆستایەتی باسی کرابوو. شاژنی ڕووسیا ساڵی ٦٠هەزار مەناتی[1] بۆ ئێراکلی بڕییەوە و یەکێک لە پیاوانی هەڵکەوتەی ڕووسیای بە ناوی فیلد مارشاڵ «کۆنت دو گووداویچ»ی لەگەڵ هێزێکی تۆکمە و تەواو ناردە داغستان، هەتا هەم بەر بە پەلاماری هۆز و خێڵاتی لەزگی بگرێ بۆ سەر گورجستان و هەم ڕێگاش بۆ پێشڕەویی سپای ڕووس بەرەو ئێران خۆش بکا؛ بەڵام هەڵمەتی مەردانەی ئاغامحەممەدخان بۆ سەر قەفقاز ئەوەندە لەپڕ و ناکاو بوو کە کۆنت دو گووداویچ نەیتوانی لەو هەلە ناسکە و مەترسیدارەدا یاریدەی ئێراکلی بدا. میری گورجستان پاش ئەوەی نەیتوانی خۆی لە ئاست شاڵاوی سپای ئێران ڕابگرێ، هەڵات و ماوەیەک چەواشە و ئاوارە لە گورجستانی خۆرنشین دەخولایەوە. ئێراکلی سەرلەنوێ پەنای بردەوە بەر ڕووسیا و کاترینی دووهەم ٦٠هەزار چەکداری تازەپشووی بە سەرکردایەتیی زۆبۆف، ناسراو بە «قزڵئەیاغ»ی بەرەو قەفقاز گاڵ دا. هێندەی پێنەچوو کە کاترینی دووهەم دەستی لە داوێنی دنیا بەردا و ئەلێکساندر پۆلی یەکەم جێگای گرتەوە.

ئەگەر هەڵسوکەوت و جووڵانەوە و ڕەوشتی ئاغامحەممەدخان وەلایەک بنێین و هێندەی کەندەوکۆژە لێنەکەین، دەکرێ بڵێین کە کوژرانی بە باری سیاسیدا لە قەفقاز خەسارێکی گەورە بوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە بەرامبەر ڕووسیادا؛ چونکە بڕشتی سەربازی و زیپک و زاکوونی ئاغامحەممەدخان بە چاکی دەیتوانی بەرپەرچی سپای ڕووسیا بداتەوە و نەهێڵێ دەسدرێژی بکاتە سەر قەفقاز. ڕەنگە خانی قاجار توانیبای بۆ هەتاهەتایە بیری گرتنی قەفقاز لە نێو دامودەزگای سیاسی و سەربازیی قەیسەری ڕووسدا بتارێنێ یان لانیکەم بۆ ماوەیەکی دیکەی وەدوا بخا. ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر وابووبا ڕەنگە تای تەرازووی بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسیی دنیا بە لای ئێراندا شکابایەوە.

پاش کوژرانی ئاغامحەممەدخان، چونکە بێسەرەوبەرەیی باڵی بە سەر دامودەزگای سەرکردایەتیی سپای ئێران کێشا و زۆربەی حەولودەولی یارانی

---

١- مەنات دەبێتە سکەی دراوی ڕووسیا کە ئێستا باوی نەماوە.و.

شای کوژراو بەختی خۆشکردنی هەلومەرجی هێنانە سەر کاری باباخان(فەتحعەلیشا) کرا. ئێرایکلی بە هاوکاریی زۆبۆڤی سەرکردەی ڕووس سەرلەنوێ لە تفلیس سەقامگیر بۆوە و بەم شێوەیە گورجستان خۆی بۆ ژێر پرشتی سایەی سیاسیی ڕووسیا.

ئێرایکلی لەو زەمانەوە هەتا ماوەی پێنج سالان، یانی تا سالی ۱۲۱۵ی ک/ ۱۸۰۰ی ز. لە ژێر بالی پاراستنی ڕووسیادا لە گورجستان حکوومەتی کرد و کاتێک ئەو سالە مرد، بە فەرمانی ئەلیکساندری قەیسەری ڕووس گورگینخانی کوڕی بوو بە حوکمرانی گورجستان و کوڕێکی دیکەی ئێرایکلی بە ناوی ئەلیکساندر پەنای بردە بەر بارگای ئێران. وەکوو پێشتر باسی کرا، قەیسەری ڕووس ئەم ڕووداوەی کردە بیانوو و سیسیانۆڤی ڕاسپارد کە هێز بەرێ و قەفقاز بگرێ.

سیسیانۆڤ پەلاماری شاری تفلیسی دا و گرتی و چەند مانگێکی پێنەچوو کە گورگینخانیش سەری نایەوە و یەکێک لە کوڕەکانی کە تەهموورس بوو پەنای بردە بەر بارگای پادشای ئێران و فەتحعەلیشای هان دا کە دژی ڕووسان بکەوێتە شەڕ. فەتحعەلیشا کە زۆری دل بە گورجستانەوە بوو، هەلاتن و پەناگیربوونی ئەلیکساندر و تەهموورسی کردە بیانوو و لەشکری ناردە سەر گورجستان. بەپێی ئەم بیانووە، دەکرێ قەومانی شەڕەکانی خولی یەکەمی نێوان ئێران و ڕووسیا بگەڕێتەوە سەر ئالوگۆڕەکانی نێوخۆی گورجستان و مەیل و تاسەی هەردک حکوومەتەکە بۆ گرتنی ئەو مەلبەندە بە هۆکاری سەرەکیی هەلگیرسانی شەڕ دابندرێ. هەر چۆنێک بێ بەرەنگاربوونەوەی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی ڕووسیا کە خوازیاری گرتنی قەفقاز بوون، کار و هەنگاوێکی ئاسایی بوو کە لەسەر تەوەرەی پارێزرانی ماف و قەلەمڕەوی ئێران هەلدەسوورا.

**پەلاماری سپای ڕووس بۆ سەر گەنجە (شەشەکانی ۱۲۱۸ای کۆچی)**

سیسیانۆڤ لە مانگی ڕەمەزانی سالی ۱۲۱۸ی کۆچیدا، هێزەکانی خۆی بەرەو گەنجە ئاژاوتن و دەورەی شارەکەی دا. حوکمداری گەنجە، جەوادخانی زیادئۆغلی کە سەرکردەیەکی بەجەرگ و بێباک بوو. ئەگەرچی لافاوی لەشکری ڕووسان بە دەوریدا خولی دەدا، زۆر پیاوانە کەوتە خۆراگری و هانای بۆ فەتحعەلیخان برد کە بێتە یاریدەی. گەورەمەلایان و پێشەوایانی دینی، مسولمانەکانیان هان دا کە

دژی کافرانی رووس وەخۆ بکەون و بچنە شەڕی پیرۆز و نیزیکەی زۆربەی پیاوانی گەنجە چەکیان هەلگرت و شانبەشانی سەربازانی زیادئۆغلی کەوتنە بەرەنگاری و پاراستنی شارەکەیان. خۆراگری و بەربەرەکانیی ئازایانەی خەلکی گەنجە و حوکمداری شار، سیسیانۆڤی لە گرتنی ناهومێد کرد. بەڵام کابرایەکی خەیانەتکاری داروەستەی جەوادخان بە ناوی نەسیب‌بەگی شەمسەددین‌لوو لەگەل تاقمێک ئەرمەنیی دانیشتووی گەنجە کاکەوبرالەیان کرد و بوونە هاودەستی سەرکردەی رووس و لە سێیاری شەودا دەروازەی شاریان بە روویدا کردەوە. بۆ ماوەی چەند کاتەژمێرێک لە گەرەک و کۆلانەکانی شاردا شەڕێکی خوێناوی کەوتە نێوان سپای پەلاماردەری رووس و خەلکی گەنجە. جەوادخان و کوڕێکی ئازای بە شێوەیەکی کارەساتبار بە چنگ سپای رووسان کوژران و بە فەرمانی سپاسالاری رووس شارەکە خاپوور کرا و قەلتوبڕی خەلک درێژەی کێشا. سیسیانۆڤ گەنجەی کردە نێوەندی سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکانی و لە حوکمرانانی ئێرەوان و قەرەباغی راسپارد کە دەبێ سەر وەبەر بارگای قەیسەری رووس بێنن. جەعفەرقولی‌خانی دونبولی و کەلب‌عەلی‌خانی نەخجەوانی و محەممەدخانی قاجاری ئێرەوانی بانگەوازەکەیان لێ سەلماند و ئەو سەرکردەیە ئاسۆی هیوای سەرکەوتنی لێ روون بۆوە.

هەوالی گیرانی گەنجە و قەلتوبڕکرانی مسولمانان، لە بارگای فەتحعەلی‌شادا کردی بە هەرایەک وەرە سەیری. مەزنەمەلایانی تاران چوونە شەڕی کافرانی رووسیان پەسند کرد و فەرمانی تەیارکرانی سپا دەرچوو. لە بنەبانی ئەو سالەدا نیزیکەی ٥٥ هەزار چەکداری سوارە و پیادەی حکوومەتی و ئیلجاری ناوچە و هەرێمەکانی ولات لە چیمەنی سولتانییە کۆبوونەوە. هەباس‌میرزا کە کرابوویە سەرکردەی ئەو لەشکرە، رۆژی ١٤ی سەفەری سالی ١٢١٩ی ک، لە تەورێزەوە بەرەو ئێرەوان بزووت و کیلۆمێترێکی مابوو بۆ شار کە لەشکریبەزی کرد.

### شەڕەکانی سالی ١٢١٩(شۆرەگۆل - ئێرەوان)[١]

سیسیانۆڤ رۆژی ١٩ی مانگی مەولوودی ١٢١٩ی کۆچی، سپای خۆی بەرەو ئۆچمیازین (ئوچکلیسا) دەنگ دا و رۆژی ٢٠ی ئەو مانگە لە نیزیک شارەدێی

١- ١٨٠٤ی زایینی

«شۆرەگۆل»ی سەر ڕێی ئۆچمیازین بەرەو ئێرەوان هۆردووبەزی کرد. هەباسمیرزا یەکێک لە سەرکردەکانی خۆی کە ئەحمەدخانی موقەددەم بێ لە لەشکرگا بەجێهێشت و خۆی لەگەڵ چەند دەستە سوارێک بۆ هەسدانەوەی سپای رووس مامزەی کوتا و ڕۆیی.

له شەرگەی نێوان ئێرەوان و ئۆچمیازین یانی له شۆرەگۆل، شەڕێکی قورسیان لە نێوانیدا قەوما و سپای ڕووسان لە سێ ڕیزاندا پەلاماریان هێنا. هێزی سوارەی ئێران بە سەرکردایەتیی مەهدیقولیخانی دەوەللوو شەڕێکی یەکجار بێوێنە و بەجەرگانەی کرد و لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپخانەی تەیاری ڕووسیادا هەتا هاتنی هێزی پشتیوانی هەباسمیرزا کەوتە بەرخۆدان و پێکەوە توانییان بەشێک لە هێزەکانی ڕووسیا لە سەنگەرەکانیان هەڵکەنن و دەریانپەڕێنن و پاشەکشەیان پێ بکەن. شەڕ و لێکدان هەتا بانگی شێوان درێژەی کێشا و بۆ بەیانی تێکهەڵچوون هەڵگیرسایەوە و سپای ڕووسان بەرگەی نەگرت و کشایەوە.

ڕۆژی ۲۳ی مانگ کە هێشتا گەلالەی پەلامار و بەرەنگاری لە نێو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی سپای ئێراندا قسەی لێنەکرابوو، لە قورخبلاخ سێ دەستەی سپای سیسیانۆف هەڵمەتیان هێنا و لەو هاتوباتەدا کۆمەڵێک لە سوارانی شەمسەددینلوو و قەززاق ڕیزەکانی سپای ئێرانیان چۆڵ کرد و چوونە پاڵ سپای رووس. هەباسمیرزا بەناچاری گەڕایەوە ئێرەوان و هێزی ڕووسان دەورەی شارەکەی دا.

فەتحعەلیشا کە لە چیمەنی سولتانییەرا چاوەدێری شەڕەکانی قەفقاز بوو، بە خۆی و ۵۰۰۰ سوارەوە ئەسپی لینگ دا و چووە یاریدەی هەباسمیرزای کوڕی و ڕۆژی ۲۸ی مانگ لە «سەدرەک» گەیشتە لەشکرگای و هەر ئەو ڕۆژەش لە تەورێزەوە ئازووخە و چەکوچۆڵی پێویست هات و بۆ سبەینێ سپای ئێران بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆ و تاراندنی سپای رووس لە قەڵای ئێرەوان وەدەرکەوت.

سپای ڕووسان وای خۆ نواند کە بەزیوە و دەستی لە گەمارۆ هەڵگرت، بەڵام لەپڕ چەند دەستەیەکیان بە دەورەی قەڵادا لێهاڵانەوە و مەچەکەیان لە سپای ئێران ئەنگاوت. هێزی سوارەی ئێران بەوپەڕی دلێری پەلاماری ڕووسەکانی بردەوەپاش و هەباسمیرزا بە مەبەستی دنەدان و بەرزکردنەوەی وورەی

سەربازانی راستەوخۆ چوویە مەیدان و لە ژێر بارێزە و رەهێڵەی تۆپخانەی دوژمندا هەڵمەتی برد و بە زەبری دەهەزار سوارەی ئێرانی جەرگی سپای رووسی دری و پەکی خستن. رۆژی دواتر سپای رووس بە شری و شپرێوی بەرەو تفلیس کشایەوە و سوارەی ئێرانی کەوتە پەیکەردەیان و چەکدارێکی زۆریان بە دیل گرتن.

شەڕ و تێکهەلچوونەکانی ساڵی ١٢١٩ی ک/١٨٠٤ی ز، ئاکامی یەکلاکەرەوەیان لێنەکەوتەوە و لە راستی ئەوانە چەشنێک هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بوون کە لایەنەکان هێز و توانستی خۆیان پێ بەتاقی کردەوە. رووسەکان نێزیکەی دەهەزار کەسێکیان لێ کوژرا و تێداچووی سپای ئێران زیاتریش بوو. فەتحعەلیشا دوای ئازاد کرانی ئێرەوان سەرکردەکانی هەباسمیرزای جێگرەوەی خۆی بە سەرکردنەوە و پلەی هەوراز بردن. کەلبعەلیخانی کردە سەرۆکی خێڵی «کەنگرلوو» و ئەبولفەتحخانی جەوانشیری بە حوکمرانی قەرەباغ دانا و جڵەوی حکوومەتی قەراجەداغ (ئەرەسباران)ی دایە دەست ئەلێکساندرمیرزا و پاشان گەرایەوە تاران. هێزەکانی ئێران و رووسیا لە شوێنی خۆیان چەقین و لە ماوەی چوار مانگەی سەرماوسۆل و زستاندا ئاگری شەڕ رۆمرکا.

**تێکهەڵچوونەکانی عەسکەران، گەنجە و بادکووبە (١٢٢٠– ١٢٢١ای ک/١٨٠٥– ١٨٠٦ای ز)**

ساڵی ١٢٢٠، برایمخەلیلخانی جەوانشیری گوێ لە مستی رووسیا هرووژمی هێنایە سەر قەڵەمرەوی دەسەڵاتی ئێران و ئاوا ئاوری شەڕ و لێکدان هەڵگیرسایەوە. فەتحعەلیشا سەرەتای مانگی مەولوود لە چیمەنی سوڵتانییەرا رۆیی بۆ کەناری رووباری ئاراس و هەباسمیرزاش هێزەکانی خۆی بۆ هەڵمەت و پەلامار ساز و ئامادە کردن و لێبڕا کە شاری گەنجە بگرێ. سیسیانۆڤ چەند لک و پەلێکی بە مەبەستی پاراستنی پردی «خودائافەرین»ی سەر رێگای گەنجە لەو شوێنە دانان و خۆی لە نێزیک قەڵای پەنائاباد دامەزرا. سمایلبەگی دامغانی یەکێک لە سەردارانی هەباسمیرزا، پارێزەرانی پردەکەی بەزاندن و هێزەکانی ئێران پێیدا پەرینەوە و لە «تەختیتاووس»ی پەنجا کیلۆمیترێک ئەولاتری پەنائاباد مەتەرێزیان داکوتا.

چەند ڕۆژێک دواتر شەڕ و لێکدانێکی قورس لە «عەسکەران»ی نیزیک شووشی لە نێوان قۆشەنی ئێران و ڕووسیادا قەوما و ڕووسەکان شکان و قەڵای شووشی کەوتە بەردەست هێزەکانی ئێران. هەباسمیرزا. ڕاکردە و هەزارەزیلەی سپای ڕووسانی لە باشووری گەنجە گەمارۆ دا و پاش ئەوەی هەمووی بە دیل گرتن بەپرتاو ئەسپی بەرەو گەنجە تاو دا.

سیسیانۆڤ دەستی لە گەنجە بەردا، بەڵام لە قۆڵێکی دیکەوە گەمییە شەڕکەرەکانی ڕووسیا لە بەندەرئەنزەلی نیزیک بوونەوە و سپای ڕووس پێی نایە خاکی ئێران. میرزا یووسفخانی گورجیی ئەشرەفی پاراستنی گیلانی کەوتە سەر شانی. «شەفت»ی سەرکردەی ڕووس دەیهەویست کە بەهەشتاو بەرەو ڕەشت بڕوا، بەڵام میرزا مووسای حوکمداری ڕەشت توانی بە فێڵوفرت خۆی لە چنگ سپای ڕووسان قوتار بکا و ڕاپانیکێشی بۆ نێو لێرەوار. هێزەکانی میرزا یووسفخانی گورجی کە لە پەنا پنچک و داران خۆیان مەڵاس دابوو، لە سەربازانی ڕووس دەرپەڕین و دەگژیان ڕۆچوون، سپای ڕووسیا لەو ڕووداوەدا هەزاران کوشتە و برینداری کەوتە سەر دەستی و زۆر بە کوێرەوەری توانی خۆی لەو جێمەرگە دەرباز بکا و هەرچی چەک و جبەخانە بوو بەجێما و ئەوانەی دەرچووبوون بە پەلەپرووزێ خۆیان گەیاندەوە گەمییەکانی ڕووسیا کە لە دەریای خەزەردا لەنگەریان گرتبوو. لەبەر شکانی پەلاماردەرانی ڕووسی لە گیلان و هێرشی توندوتیژی هەباسمیرزا بۆ سەر گەنجە، سیسیانۆڤ بەرەو باکۆ کشایەوە.

شەفتی سەرکردەی ڕووس دوای شەڕی گیلان بەرەو باکۆ بزووت و چونکە لەو کاتەدا فەتحعەلیشا گەڕابۆوە تاران و کەس نەبوو ئێرەوان و دەوروپشتی ئاراس بپارێزێ، هەباسمیرزا ڕووی کردەوە ئێرەوان و لە نەبوونی شازادەدا برایمخەلیلخانی جەوانشێر سەرلەنوێ قەڵای پەناناباتی بە گرتنی ڕووسان دایەوە و هەوڵ و تێکۆشانی سپای ئێران لە بەرەی گەنجەدا بێئاکام مایەوە.

حوسێنقولیخانی حوکمداری باکۆ هەتا هاتنی هێزی پشتیوان و یاریدەری هاباسمیرزا لە بەرامبەر «شەفت»دا کەوتە شەڕ و بەرەنگاری. سیسیانۆڤ بۆخۆی چوویە یاریدەی شەفت و هەباسمیرزاش هێزی تازەپشووی ناردن بۆ پاراستنی باکۆ. سیسیانۆڤ لە نیزیک باکۆ گەمارۆ درا و بۆ ئەوەی کە سپای خۆی و هێزەکانی شەفت لە تێداچوون ڕزگار بکا، پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ

حوسێنقولیخان دامەزراند و ئەویش هەلەکەی بە لەبار زانی و سەرکردەی ڕووسی بە مەبەستی وتوویژی ئاشتی و پێکهاتن بانگ کردە دەورانپشتی قەلای باکۆ و لەوێ بە دەست ئامۆزایەکی خۆی بە کوشتی دا. سوارانی ئێرانی هەلیانکوتایە سەر سپای بێ سەرکردەی ڕووس و زۆریان لێ کوشتن. «شەفت»یش لەگەل گەمییە شەرکەرەکانی خۆی ڕێی «لەنکەران»ی داگرت.

ئێران لە شەر و تێکهەلچوونی پەلاماردەرانەی سالی ١٢٢٠ی کۆچیدا، توانی چەندین کیلۆمیتر هێزەکانی ڕووس بەرەو کوێستانەکانی قەفقاز پاشەکشە پێ بکا و ڕێوبانەکانی بالی ڕۆژهەلاتی قەفقازی بکەوێتە بەردەستی . بەلام سالی ١٢٢١ی ک/١٨٠٦ی ز. لەبەر خەیانەتی تاقمێک لە سەرکردەکان و بەگەرانی قەفقاز، سپای ڕووس چۆوە جێی بارناسکی جارانی کە سالی ١٢٢٠ گرتبووی. بەم شێوەیە جارێکی دیکەش مەیدانی شەرەکە لە کەنار دەریای خەزەر و ئاورێژگەی ڕووباری«کوورا»وە گوێزرایەوە بۆ ناوچەی «ئارپاچای» و مەلبەندی ئێرەوان. هەر لەم کات و ساتەدا شاندی نێردراوی ناپلیۆن بە سەرۆکایەتیی گاردان گەیشتە ئێران و بەشێک لە هێزی پیادەی ئێران مەشقی پێکرا و ئەفسەرانی فەرانسەوی چوونە پاریدەی هەباسمیرزا و لە بنەبانی سالدا ئێران چەند جارێک سەرکەوتنی وەدەست هێنا و بە گشتی توانی قەلاکانی ئێرەوان بپارێزێ.

### شەرەکانی سالانی ١٢٢٢- ١٢٢٨ی ک/١٨٠٧-١٨١٣ی زایینی

بەهاری سالی ١٢٢٢، ئەو لق و پەل و هێزە تازە پیادانەی سپای ئێران کە ئەفسەرانی فەرانسەوی مەشقیان پێکردبوون و رایانهێنابوون، چوونە پال لەشکری هەباسمیراز. گووداویچی سەرکردەی ڕووس کە هاوکات فەرمانڕەوای سەرلەبەری قەفقازیش بوو، توانیبووی هێزەکانی خۆی لە لێواری خۆرنشینی دەریای خەزەر، یانی لە دەوروبەری «سالیان» و «قەرەباغ» کۆ بکاتەوە و لەگەل گاردانی فەرانسەوی بکەوێتە نامەگۆڕینەوە و گاردانیش تێدەکۆشا کە ئێران و ڕووس پێکبێنێ و ئاشتیان بکاتەوە، بەلام فەتحعەلیشا بەرهەلستی پێکهاتنێک بوو کە تەواو بە زیانی ئێران و بە قازانجی ڕووسیا دەبرایەوە. پادشای ئێران تەنیا بەپێی وادەی گاردان کە داوای برانەوەی شەری کردبوو لە سەرکردەی ڕووس، نەیهێشت

هەباس‌میرزای کوڕی پەلاماری هێزی ڕووسان بدا و هەروەک باسمان کرد ئەو کارەش بە زەرەدی ئێران ڕەنگی دایەوە.

لە مانگی جەمادی یەکەمی سالی ١٢٢٣ی کۆچی‌دا، ئەو دەمەی کە زۆربەی هێزی سوارەی گەلەجارانی ئێران بە فەرمانی شازادەی جێگرەوەی باوکی بۆ پشوودان گەڕابوونەوە و لەشکری ئێران لە بالی قەفقاز یەکجار لاواز ببوو، لەناکاو گوودلویچ شەڕی هەلگیرساند و ڕۆژی ٩ی ئەو مانگە هێزەکانی خۆی لە قەرەباغەوە بەرەو ئێرەوان بزواند و شارەکەی گەمارۆ دا. سەربازگەی قەلای ئێرەوان تەنیا سێ‌هەزار سەربازێکی لێ دەژیا و یازدە تۆپیان بە دەستەوە بوو، بەلام سوارانی جەلاییری و ئەفشار لە قولی «شارارات»ەوە داوەرین و قەلای شاریان ڕزگار کرد. سپای ڕووس سەربازێکی زۆری لێ کوژرا و بە تێشکاوی پاشەکشەی کرد و سەربازانی ئێرانی دەسکەوتێکی بەرچاویان وەچنگ هێنا. قەلادارانی باکۆ و دەربەندیش دەستەوبەستەی دیکەی سپای پەلامارده‌ری ڕووسیان، تاساندن و سەرکردەکەیان بەناچاری بەرەبەرە هێزەکانی خۆی کۆ کردەوە کە لە «سالیان»ەوە هەتا ئێرەوان بلاو بیوونەوە و بەرەو گەنجە کشایەوە.

لە ئاخروئۆخری سالی ١٢٢٣ی کۆچی‌دا، گوودلویچ لە لایەن قەیسەرەوە بانگکرایەوە و «ترۆمسۆف»ی لە جێی داندرا. هێزی شەڕکەر بۆ ماوەی دوو مانگ لە قاپیلکی خۆیان نەجوولانەوە و بەبێ تێکهەلچوون لە مەتەرێزەکانیان‌دا دانیشتن. سالی ١٢٢٤ی ک/١٨٠٩ی ز، ئەفسەرانی ئینگلیسی لە نێو هۆردووی ئێران‌دا خەریکی کار و خزمەت بوون و هەر بەهاری ئەو ساله هرووژمی سەرلەنوێی سپای ڕووسیا لە بەرەی قەرەباغ و ئێرەوان دەستی پێکرد. فەتحعەلی‌شا بە خۆی و ٢٠هەزار چەکداری سەربازگەی پایتەختەوە ڕۆیی بۆ تەوریز و محەممەدعەلی‌میرزای[1] کوڕیشی لەگەل ٢٠هەزار سوارە و پیادە لە کوردستانەوە هاتە یاریدەی و هەباس‌میرزاش ٢٠هەزار سەربازی لە خۆی کۆکردبوەوە. ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری دا کە لە دوو بەران‌دا دژی هێزەکانی ڕووسیا وەخۆ بکەوێ و شەڕ هەلگیرسێنێ. بەپێی ئەم بڕیارە محەممەدعەلی‌میرزا بەرەی بالی تفلیسی پێ ئەسپێردرا و هەباس‌میرزا بەرەی گەنجەی کەوتە سەر شانی و خودی پادشاش لە کەنار چۆمی ئاراس بنەی داکوتا، هەتا ئەگەر هات و پێویست

١- دەولەتشا

بوو هێزی پشتیوان بنێرێتە یاریدەی کورانی. شەپۆلی پەلامار ئەو هێزانەی رووسی پاشەکشە پێکردن کە لە کەنار چۆمی ئاراس و دەوروبەری موغان بوون. محەممەدعەلیمیرزا چەند تیرە و تورەمە و خێڵێکی دەورانپشتی تفلیسی شەقوپەق کردن و هەباسمیرزاش سەرکردەی رووسی لە گەنجە گەمارۆ دا. بەڵام لەبەر داهاتنی زستان و کەمبوونی تفاق و خۆراک و دژواربوونی پەیوەندی، بێ هیچ ئاکامێک بەرەو ئاراس کشایەوە و لە «گوگچای» گەیشتە لای محەممەدعەلیمیرزای برای.

ئەم هێرشە لەشکری ئێرانی زۆر لاواز کرد و ئەگەرچی سالی ١٢٢٦ی ک/ ١٨١١ی ز. جارێکی دیکە ئێران چەند سەرکەوتنێکی دیکەی وەدەست هێنا. بەڵام رێویانەکانی باشوور و خۆرهەڵاتی قەفقاز کەوتنە چنگ سپای رووس و هەباسمیرزا رێگای پێشوەچوونی لێ گیرا و تەنیا دەیتوانی هێزەکانی خۆی بۆ پاراستنی سەنگەر و قەلاکانی کەنار رووباری ئاراس بەرێتە مەیدان.

سالی ١٢٢٧ی ک/١٨١٢ ی ز. «کولێترۆفسکی»ی سەرکردەی رووس بەپێی گەلالەیەکی ورد و باریک پەلاماری دەست پێکرد و وەکوو لە بەشەکانی پێشوودا باسی کرا. سێر «گۆر ئوورزلی»ش ئەفسەرانی ولاتەکەی لە نێو سپای ئێران کێشایەوە. هەباسمیرزا کە رۆژی ٥ی مانگی قوربانی سالی ١٢٢٧، لە دەوروبەری ئێرەوان و شەری «ئەسلاندووز»دا[1] نیوەی چەکدارەکانی تێداچووبوون، لە چۆمی ئاراس پەرییەوە و هەتا تەورێز کشایەوە. سپای رووس ئێرەوانی گرت و لە بنەبانی سالدا هەتا «لەنکەران»یش رۆیی.

لەو بارودۆخەدا بالوێزی ئینگلیس کەوتە کەیخودایەتی و بەرێوانی و رێی بۆ بەستنی پەیمانی ئاشتی و پێکهاتنی ئێوان ئێران و رووسیا خۆشکرد. وتوویژ و دەمەتەقەی ئاشتی ماوەیەکی درێژە کێشا و سەرەنجام لە «گولستان»ی سەر بە ناوچەی قەرەباغ، پەیماننامەیەک نووسرا کە بریتی بوو لە یازدە بەند و پێشەکییەک. پەیماننامەی گولستان رێکەوتی ٢٩ی شەشەکانی سالی ١٢٢٨ی

---

١- لە جەنگەی شەرەکانی کەنار چۆمی ئاراسدا ئەفسەرانی ئینگلیس لە هێزدووی هەباسمیرزا کشابوونەوە و تەنیا کریستی و لیندزی لەوێ مابوون. کریستی کە کرابوویە فەرماندەی هێزێکی پیادەی سپای ئێران. لە شەرێکدا برینی هێنا و هێزەکانی رووسیا بە دیلیان گرت و کوشتیان.

کۆچی واتە ١٢ی ئۆکتۆبری ١٨١٣ی زایینی لە لایەن میرزا ئەبولحەسەنخانی شیرازی نوێنەری ئێران و «نیکۆلا»ی نوێنەری تایبەتی قەیسەر و سەرکردەی رووس واژۆ کرا و بالوێزی ئینگلیس خۆی بەشداری ئەم کۆڕ و کۆبوونەوەیە بوو.

کاکڵ و نێوەرۆکی پەیماننامەی گولستان بێجگە لە پاژێکی کە سەبارەت بوو بە دابرانی بەشێکی قەفقاز لە خاکی ئێران، زۆر دواتر لە لایەن یەکییەتیی سۆڤییەتەوە هەڵوەشێندرایەوە. جا ئێستاش بۆ ئەوەی ئێوەی بەرێز بزانن چ نووسراوە، پوختەی بەندی سێهەم و چوارەم لە ژێرەوەدا دەنووسینەوە:

«بەندی سێهەم: پادشای ئێران بە مەبەستی دەربڕینی هەستی دۆستایەتی و یەکییەتی لەگەڵ ئیمپراتۆری رووسیا، تەواوی ناوچەکانی قەرەباغ، گەنجە، خانشینانی شەککی، شیروان، قوببە، دەربەند و بادکوبە و هەر شوێنێکی ناوچەکانی تالش کە ئێستا بە دەست دەوڵەتی رووسیاوەن لەگەڵ داغستان و گورجستان هەتا دەگاتە دەریای خەزەر بە خاکی حکوومەتی ئیمپراتۆریی رووسیایان دەزانێ.»

«بەندی چوارەم: ئیمپراتۆری رووسیا بە مەبەستی دەربڕین و نیشاندانی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ پادشای ئێران و بۆ دڵنیا بوون لە خۆی و شازادە مەزنەکانی جێگرەوەی، نایشارێتەوە و پێی لێ دەنێ کە ئەگەر هەرکام لە کورانی پادشای ئێران وەک جێنشینیمیر دیاری کران و پێویستیان بە هاوکاری و یاریدەی دەوڵەتی رووسیا بوو دریغی نەکەن، هەتا کەس نەتوانێ لە دەرەوەڕا دەست وەربداتە کاروباری نێوخۆی وڵاتی ئێرانەوە. ئەگەر شازادەکانی ئێرانی لە نێوخۆیاندا قڕە و هەرایان کەوتە مابەینی، حکوومەتی رووسیا نابێ کاری پێیان بێ، چما ئەوەی کە پادشای سەردەمی ئێران داوای لێ بکا.»

پەیماننامەی گولستان شەڕ و لێکدانی نێوان ئێران و رووسیای لە قەفقاز کۆتایی پێ هێنا. ئەو مەڵبەندە لە ماوەی دە ساڵەی زرمەوکوتی تێکهەڵچوون و هەرادا تووشی بارودۆخێکی یەکجار نالەبار هاتبوو. ئەم ماوە دوورودرێژە خەڵکی قەفقازی وەگیان هێنابوو، هەموو لایەک و تەنانەت مسوڵمانانی لایەنگری ئێرانیش پێیان خۆش بوو کە هەرچی زووە ئەو شەڕ و خوێنڕشتنە بڕێتەوە. دەمارگرژی و لاگیریی خەڵکی قەفقاز خاو ببۆوە و وێشکاوی هاتبوو. خەڵک ڕازی ببوون کە کێشەکە یەکلایی ببێتەوە و هەر چۆنێک دەبێ بە لای یەکیاندا بکەوێ، هەر بۆیە

پەیماننامەی گولستان مزگێنییەکی خۆش بوو بۆ خەڵکی قەفقاز و هەمووی گەشاندنەوە. وەکوو دیارە ئەم پەیماننامەیە کە لە هەلومەرجێکی نالەباردا لە لایەن دەوڵەتی زۆرداری رووسیای قەیسەرییەوە بە سەر ئێراندا سەپا. بە شێوەیەکی روون و یەکلاکراوە سنووری نێوان دوو دەوڵەتەکەی دیاری نەکردبوو؛ بۆیە دەبوو نوێنەرانی هەردک لا لەسەر سنووران پێکەوە کۆ ببنەوە و دیارییان بکەن. چونکە رەنگە نوێنەرەکان قسەیان لێک هەڵبەزێتەوە و ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان و سەرلەنوێ ئاوری شەری دوو وڵاتەکە هەڵگیرسێتەوە و جارێکی دیکەش خەڵکی قەفقاز تووشی ترس و تۆقین و دڵەراوکە ببنەوە.

## II

## خولی دووهەمی شەڕەکانی ئێوان ئێران و ڕووسیا

### گۆڕینەوەی باڵوێز و هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ

رووسیا بە نووسرانی پەیماننامەی گولستان شایی لە دڵیدا دەگەڕا و بە دەسکەوتی شەری دە ساڵەی دەزانی، بەڵام فەتحعەلیشا کە بەشی زۆری خاکی قەفقازی لە دەست دەرچووبوو و سێمیلیۆن مسوڵمانی سەر بە ئێران و دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی بەبێ ئاشدار ئابوویە ژێر رکێفی قەیسەری رووس، هەرگیز بەند و برگە و نێوەرۆکی پەیماننامەکەی بۆ قووت نەدەدرا. هەر بۆیە ساڵی ١٢٣٢ی ک./١٨١٦ی ز. حاجی میرزا «ئەبولحەسەنخانی شیرازی»ی نارده بارگای حکوومەتی رووسیا. قەیسەری رووس ماوەیەک باڵوێزی ئێرانی لە پیترێزبوورگ راگیر کرد و ئەو رۆژەی کە رێی دیداری باڵوێزی دا و گوێی بۆ داواکانی ئێران سەبارەت بە مەڵبەندە دۆڕاوەکان کلۆر کرد، لە وڵامدا گوتی: «پیاوەکانی ئێمە بە زۆری و زۆرداری ئەو ناوچە و مەڵبەندانەیان نەگرتوون، بەڵام میران و حوکمدارانی هەموو شوێنەکان بە مەیل و پڕ بەدڵی خۆیان سەریان وەبەر حکوومەتی رووسیا هێناوە. خەڵکی گورجستانیش لەبەروەی کە مەسیحین، زۆر باشتر و شیاوترە کە سەر بە رووسیا بن نەک ئێران.» قەیسەر بۆ چارەسەری ناکۆکیی سەبارەت بە گەنجە و تالش و شیروانیش، ژەنەراڵ «ئەلێکسی پیترۆڤیچ یێرمۆلۆڤ»ی سپاسالاری خۆی کردە حوکمرانی قەفقاز و باڵوێزی تایبەتی

وڵاتەکـەی لـە بارگـای ئێـران. هـەروەها ڕایەسـپارد کـە سـەبارەت بـە ناوچـە داگیرکراوەکانی قـەفقاز لەگـەڵ خـەڵکی ناوچەکـە بـدوێ و بزانـێ مـەیلیان بـە لای ئێرانداپـە یـان ڕووسـیا. پاشـان ئێزنـی گەڕانـەوەی دا بـە بـاڵوێزی ئێران و لەگـەڵ ژەنەراڵ یێرمۆلۆڤ هاتەوە خاکی وڵاتەکەی.

باڵوێزی ئێران و باڵوێزی تایبەتی ڕووسیا. کلکەی ساڵی ۱۲۳۲ی ک/ ۱۸۱۷ی ز، لە چیمەنی سولتانییە چوونە خزمەت دیداری پادشا و یێرمۆلۆڤ تێکڕای ئەو نامە و دیارییانەی کە لە لایەن قەیسەری ڕووسەوە هێنابوونی، پێشکەشی پادشای کردن.[1] بـەپێی یـەکێک لـە پێشـنیارەکانی بـاڵوێزی ڕووسـیا، چونکـە وڵاتـی ئـەوان لەگـەڵ حکوومەتی عوسـمانی تووشـی شـەڕ هـاتبوو، پێویسـت بوو ئەوانیش لەگەڵیان ببنە هاوپەیمان و ئەو هەڵوێستە ڕەچاو بکەن یان لانیکەم نەبنە هاوپەیمانی عوسمانی بە دژی ڕووسیا. بەگوێرەی پێشنیاری دووهەم، چونکە خەڵکی خارەزم و خیوە و بوخارا سەرئێشە بۆ کاروانەکانی ڕووسـی دەنێنـەوە و ئازاریان دەدەن، دەبێ یان حکوومـەتی ئێـران دەمکوتیـان بکـا یـان ڕێگـا بـدا هـەتا سپای ڕووسـیا لـە ڕێـی گورگانەوە هەڵکوتێتە سەر ئەو شوێنە و سەربزێوەکان سەرکوت بکا. خاڵی سێهەم ئەوە بوو کە ڕووسیا لە گیلان کۆنسوولی هەمیشـەیی هـەبێ. بەپێی خاڵی چوارەم دەبـوو پادشـا سـەبارەت بـە جـەغزی سـنووری تـالش و مانـەوەی نوێنـەرانی دامودەزگـای گوومرگخانـەی هـەردوولا لـەو ناوچەیـە بۆچـوونی ڕوون و یەکلاییکراوەی هەبێ.[2]

فەتحعەلیشـا بەراشـکاوی دامەزرانـدنی کۆنسـوولخانەی ڕووسـیای لـە گـیلان بردەوە پاش و دیاری کردنی سنووری «تالش»یشی هەتا هاتنی باڵوێزێکی دیکەیان

---

۱- یەکێک لە دیارییەکانی شاهانە فیل و کەژاوەیەکی زێڕی سوور بوو کە وەستاکارانی داهێنەری پەنجەنەخشین کاتژمێرێکیان لە شانی چەپی گرتبوو. ئەگەر بە کلیلێک قورمیش کرابا، هەموو ئەندامی فیلە زێڕینەکە وەکوو فیلی زیندوو دەجووڵانەوە و زەبری بزووتن دایدەگرتن و دەنگ و هـەوا و ئـەوای خۆشـی لێ هەڵدەستا. ئەو دیمـەن و دەنگە دیدەی بینـەران و گـوێی بیسـەرانی دەلاوانـدەوە و بـەجارێک سـەرنجی ڕادەکێشـان (ڕەوزەتوسسەفای ناسری).

۲- یێرمۆلۆڤ وێڕای دەربڕینی پێشنیارەکانی خـۆی، داواشی لە پادشای ئێران کرد هەتا ئەفسـەرانی ڕووسـی بـۆ مەشـق و ڕاهێنـانی سـەربازان لـە سپای ئێراندا بکەونـە کـار و خزمەت، بەڵام شا ئەم داوایەی قبووڵ نەکرد.

بۆ ئێران وەدوا دا. سەبارەت بە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ رووسیا دژی عوسمانی وڵامێکی لێڵی دایەوە و دەربارەی کێشەی خارەزمیش گوتی: «تێپەڕبوونی سپای رووسیا بە خاکی ئەستەرئابادا لە بەند و بڕگەکانی پەیماننامەی گولستاندا باسی نەکراوە و ڕێ دان بە سپای رووسیا نەگونجاوە و ئێمە بە مەرجێک دەتوانین لەشکر بنێرینە خارەزم کە هەرات و بەلخ و بوخارا بەشێک بن لە قەڵەمڕەوی بەردەسەڵاتمان و ئەگەر ئاوا بێ هێزی ئێمە بە هاسانی دەتوانن لە خارەزم زەبری بوەشێنێ.» لێرەدا فەتحعەلیشا مەبەستی ئەوە بوو کە بەپێی ڕەزامەندی و یاریدەی رووسیا هەرات و ئەفغانستانی باکووری بگرێتەوە.

یێرمۆلۆف پاش ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەر شانی، گەڕایەوە تفلیس و سالی دواتر «مازارۆویچ»ی بە ڕەسەن ئیتالیایی و دانیشتووی رووسیای لەگەڵ شامیرخانی ئەرمەنی، کە وەرگێری خۆی بوو، ناردە تاران هەتا سەبارەت بە دیاریکردنی سنووری تالش بکەوێتە گوفتوگۆ. فەتحعەلیشا مازارۆویچی ناردە تەوریز بۆ لای هەباسمیرزا. نوێنەری رووسیا لەگەڵ میرزا محەممەدعەلی ئاشتیانی، سەرۆکی دەزگای باج و پیتاکی قەڵەمڕەوی بەردەسەڵاتی شازادە، ڕاسپێردران هەتا سنووری تالش دیاری بکەن، بەڵام لە هیچ شتێکدا پێکەوە ڕێک نەکەوتن و مازارۆویچ گەڕایەوە تفلیس و سالی ١٢٣٩ی ک/١٨٢٣ی ز. سەرلەنوێ نێردرایەوە بارگای ئێران.

سالی ١٢٤٠ی ک/١٨٢٤ی ز. شازادە هەباسمیرزای جێگرەوەی میر و سپاسالاری هێزە چەکدارەکانی ئێران لە ئازەربایجان و قەفقاز، دوو جار فەتحعەلیخانی حوکمداری تەوریزی بۆ وتووێژ لەگەڵ ژەنەڕاڵ یێرمۆلۆف ناردە تفلیس. سەرەنجام ڕیکەوتی ٨ی مانگی شابانی ١٢٤٠ی ک/٢٨ی مارسی ١٨٢٥ی ز. ڕەشنووسی پێکهاتن و ڕێککەوتننامەیەک ئامادە کرا هەتا لە تاران بڕیاری یەکجارەکیی لەسەر بدرێ و ژەنەڕاڵ ویلهێمینۆف و مەدەدۆف لە نووسینەوەی دەقەکەدا بەشدار بوون. لەم ڕێککەوتننامەیەدا نوێنەرانی رووسیا وەکوو چاوبەستان تێراچوون و دوو ناوچەی گوگچای و قەپان کە بەپێی دەقی پەیماننامەی گولستان دەبوو قەڵەمڕەوی ئێران بن، کردبوویانن بە بابەتی چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانی سنووران هەتا ئاوا ناوچەی گوگچای هەروا لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بێ.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە تاران بە سەرسوڕمانەوە چاوی لێکرا و گەلێک کۆبوونەوەی لەسەر کرا کە عەباس‌میرزای جێگرەوەی‌میر و مازارۆویچی نوێنەری ڕووسیا و حەسەنخانی ساریئەسڵان تێیدا بەشدار بوون. ساریئەسڵان کە زۆر چاکی لە بارودۆخی سروشتی و جوغرافیایی قەفقازی باشووری دەزانی، گزەی ڕووسانی لە قاو دا و ڕوون بۆوە کە بە باری سەربازی و سواربوون بە سەر مەلبەندی ئێرەواندا، ناوچەی گوگچای گەلێک بۆ ئێران گرینگە؛ کەچی ڕووسیا دەیهەویست گوگچای کە خاک و قەڵەمڕەوی ئێران بوو داگیری بکا و «قەپان»یش کە هەر بەشێک بوو لە سەرزەمینی ئێران، لەبری گوگچای بە قەڵەمڕەوی ئێرانی دابنێ.

لە مەودای ئەم ماوەیەدا ژەنەراڵ یێرمۆلۆڤ بە پشت‌بەستن بە ڕێککەوتننامەی تفلیس، کە هەتا ئێستا ئێران قبووڵی نەکردبوو، هێزێکی بە ئامانجی گرتنی ناوچەی گوگچای بەڕێکرد. فەتحعەلیشا بە مەبەستی دەربڕینی نارەزامەندی و داگیرساندنی وتوویژ لەگەڵ یێرمۆلۆڤ، میرزا محەممەدسادقی وەقایعنگاری لەگەڵ مازارۆویچ نارده تفلیس. بەڵام مازارۆویچ لە نیوەی ڕێیەدا نوێنەری ئێرانی بەجێهێشت و خۆی بەپرتاو بەرەو تفلیس تێیتەقاند.

میرزا محەممەدسادق بە شوێن مازارۆویچدا ڕۆیی بۆ تفلیس و مانگی ڕەبیعی دووهەمی ١٢٤١ی ک/ نوامبری ١٨٢٥ی ز، گەیشتە ئەو شارە. لەبەروەی کە یێرمۆلۆڤ لە تفلیس نەمابوو، نوێنەری ئێران لەگەڵ ویلهێمینۆڤ کە لێپرسراوی چارەسەری کێشەی سنووران بوو وتوویژی دەست پێکرد. کاتێک لە گەرمەی کاراندا ئەلێکساندری یەکەمی قەیسەری ڕووس مەرگ بەرۆکی گرت، ویلهێمینۆڤ یادداشتێکی بۆ نوێنەری ئێران نووسی و بۆی ڕوون کردەوە کە بەبێ ئیزنی کۆشکی قەیسەری ڕووسیا، سپاسالاری گشتیی هێزە چەکدارەکانی ڕووسیا لە گورجستان هیچی پێناکرێ و ناتوانێ ناوچە کێشە لە سەرەکان بداتەوە بە ئێران. بەم شێوەیە تێکۆشانی ئێران بۆ ڕێگرتن لە چاوچنۆکیی ڕووسیا پووچەڵ بۆوە و وەقایعنگار لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٤١ی ک/ مارسی ١٨٢٦ی زایینیدا گەڕایەوە تاران.

هەڵسوکەوتی بەرواڵەت ئاشتیخوازانەی ڕووسیا لەگەڵ ئێران پاش نووسرانی پەیماننامەی گولستان و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی چارەسەری هێمنانەدا، یانی

درێژەدانی وتووێژی سیاسی لەگەڵ ئێران. چەشنێک فێڵوفرتی سیاسی بوو، چونکە رووسیا دەیهەویست بە ناردنی باڵوێز و دڵنیاکردنەوەی فەتحعەلیشا، بارگای ئێران بخەڵەتێنێ و لە خشتەی بەرێ و نەهێڵێ ئەم وڵاتە سپای خۆی ساز و تەیار بکا. ئەوەی راستی بێ لە ماوەی ١٢ ساڵەی شەڕبڕانەوەدا، هەم بارگای رووسیا و هەم بارگای ئێران سەریان هێندە بە کێشە و گیروگرفتی دیکەوە قاڵ بوو کە نەیاندەتوانی لایەکی وا لە کاروباری قەفقاز بکەنەوە. رووسیا لە بیری ئەوەدا بوو کە هەلی داگیرساندنی شەڕ لەگەڵ عوسمانی بڕەخسێنێ و پەرە بدا بە هێز و بڕشتی سیاسیی خۆی لە ناوچەی «بالکان»[١] و پادشای ئێرانیش لە رووداوەکانی میسر و حکوومەتی محەممەدعەلیپاشای دەروانی و چونکە لەسەر سنوورەکانی باڵی خۆرنشین لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی تووشی کێشە و ناکۆکی هاتبوو، زۆربەی هێزەکانی خۆی ناردبوونە لای کەوشەنی خۆرنشینی ئێران.[٢]

پاش ئەوەی کە جامەلووسکەی دۆستانەی رووسیا توانی فەتحعەلیشا هەڵفریوێنێ، سەرکردەکانی رووسی لە قەفقاز سەرقاڵی برەوپێدان و پتەو کردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی خۆیان بوون و لە ڕێی بەڵێن و چاو سوورکردنەوە و تەماح وەبەرنانەوە، قولەمیرانی یاغی و سەربزێوی ناوچە داگیرکراوەکانیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا کە هێشتا نەیاندەویست سەر وەبەر دەسەڵاتی رووسیا بێنن. وەکوو ئاشکرایە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی سەربازیی رووسیا لە چوارچێوەی پەیماننامەی گولستان پەڕیبووە و هەتا ئێرەوان و کەنار رووباری ئاراس تەنیبوویەوە و حوکمرانی سەرلەبەری قەفقاز هەمیشە قەیسەری رووسی بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران هان دەدا و دەیهەویست قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتە هەتا پەنا رووباری ئاراس تەشەنە بکا کە بە بڕوای وی بە سنووری سروشتی دادەندرا.

---

١- ئامانجی رووسیا لە بالکان و جەغزی ناوچەی دەریای رەشدا ئەوە بوو کە ئیمپراتۆریی عوسمانی لاواز بکا و خۆی بە سەر سوڵتانی عوسمانیدا بسەپێنێ و سوار بێ بە سەر گەرووڵەی بۆسفۆر و داردانێل و دەریای مەرمەرەدا. جێگای سەرنجە کە لە پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و عوسمانیدا، هەروەک پەیوەندییەکانی مابەینی رووسیا و ئێران، سیاسەتی خۆپاراستنی دەوڵەتی بریتانیا لە بەرامبەر رووسیای قەیسەریدا سەری دێناودەبرد و هەڵدەسووڕا.

٢- پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی لە بەشەکانی داهاتوودا قسەیان لێدەکرێ.

### پرەنس مێنچیکۆڤ دەبێتە باڵوێز

پاش ئەوەی کە وتوویژەکانی نێوان وەقایعنگار و ویلهێمینۆڤ لە تفلیس شکستیان هێنا. هێشتا نوێنەری ئێران نەگەیبوویەوە تاران  کە نیکۆلای یەکەمی قەیسەری رووسیا (١٨٢٥ـ ١٨٥٥ی ز) دوای نەمانی ئەلێکساندری یەکەمی باوکی جێگای گرتەوە و پرەنس مێنچیکۆڤی وەکوو باڵوێزێکی تایبەت ناردە بارگای ئێران.

باڵوێزە تایبەتەکەی رووسیا، سەرەرای ئەوەی کە راسپێردرابوو هەتا چوونی نیکۆلای یەکەم بۆ سەر تەختی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی رووسیا بە پادشای ئێران رابگەیەنێ، ئەرکی وتوویژی سەبارەت بە چارەسەری کێشەی سنوورانیشی خرابوویە سەر شانی و هەروەها ئەگەر بۆی کرابا دەبوو ئێران دنە بدا هەتا دژی عوسمانی پەیمانی یەکییەتی و یەکبوونی لەگەڵ دامەزرێنێ.[1] مێنچیکۆڤ لە تەورێز لەگەڵ هەباسمیرزا و میرزا ئەبولقاسمی قایمەقامی وەزیری کەوتە دیدەنی و گوفتوگۆ و چەند کاغەز و یادداشتێکیش لە نێوانیاندا ئاڵوگۆر کرا. دواتر سەرەنجام مێنچیکۆڤ رۆیی بۆ تاران و رۆژی ٤ی مانگی قوربانی ساڵی ١٢٤١ی ک/١٠ی ژووئییەی ١٨٢٦ی ز. لە سولتانییە گەیشتە لەشکرگای پادشای ئێران.

لە چەندین کۆر و کۆبوونەوەدا کە بۆ باس و راوێژ سەبارەت بە کێشەی نێوان ئێران و رووسیا پێکهات و بێجگە لە خودی پادشا و کۆمەڵێک گەورەپیاو و سیاسەتمەداری سەردەم و شازادەی قاجاری، «هێنری ویلۆک»ی کاربەدەستی پایەبەرزی باڵوێزخانەی ئینگلیسیش لە تاران تێیدا بەشدار بوو. ئەم کابرایە هەمیشە بە گوێی پادشای هەڵدێنا کە وا چاکە بە رەوتێکی هێمنانەدا کێشەکانی لەگەڵ رووسان یەکلایی بکاتەوە. هاوکات لەگەڵ هەڵوێستی ئەم نوێنەرە سیاسییەی بریتانیا کە هانی شای دەدا هەتا بە نەرمی و ئارامی بجووڵێتەوە، نوێنەرە سیاسییەکانی دیکەی بریتانیا، مێجەر هارت و دوکتۆر کرۆمک لە تەورێز

---

١- راست لەم سەروبەندەدا لە باڵکان راپەرین دوای راپەرین دژی شکانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی بە سەر ئەو ناوچە و هەرێمانەدا روویان دەدا، بۆ وێنە شۆرش و سەرهەڵدانی یۆنان کە ئینگلستان پاڵپشتی بوو. دەوڵەتی رووسیاش دەیهەویست بە قازانجی خۆی و بۆ لاوازکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە کێشەی باڵکاندا دەور بگێرێ و خۆیەکی تێوەربدا.

هەباس‌میرزا و سەرکردەکانی لەشکری ئێرانیان دنە دەدا هەتا لەگەڵ رووسیا بکەونە شەڕ.[١]

مێنچیکۆڤ پاش ئەوەی گەیشتە سولتانییە و شەرەفی دیداری پادشای پێبڕا، دیدار و کۆبوونەوەکانی نێوان نوێنەری رووسیا و شازادە هەباس‌میرزا و پێنج کەس لە پیاوماقوولانی بارگای میری، واتە ئاسەفوددەولە، ئەمینوددەولە، موعتەمیدوددەولە، حاجی میرزا ئەبولحەسەنخانی شیرازی و میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام، دەستیان پێکرد. باڵوێزی رووسیا زۆر بەڕوونی راگەیاند کە تەنیا بە نێوەرۆکی رێککەوتننامەی تفلیس رازییە و گوکچای بە قەڵەمڕەوی وڵاتی خۆی دەزانی، هەر بۆیە گوفتوگۆ و دیدارەکان بێئاکام مانەوە. دیدار و وتووێژەکانی دواتری پایەبەرزانی بارگای ئێرانیش لەگەڵ پرەنس مێنچیکۆڤ و پێداگرتنی ئەوان بۆ پەشیمانکردنەوەی رووسیا لەسەر ناوچەی گوکچای، هیچی لێ شین نەبوو. مێنچیکۆڤ پێشنیاری کرد هەتا شاندێک لە لایەن پادشای ئێرانەوە بڕواتە پایتەختی رووسیا و جارێ تاکوو ئەوان دەگەڕێنەوە و ئاکامی دیدار و وتووێژەکان لەگەڵ پایەبەرزانی ئەو وڵاتە روون دەبێتەوە، با گوفتوگۆیەکانی تاران هەڵپەسێردرێن.

«کاریگەری و شوێندانانی نوێنەرانی سیاسی و دیپلۆماتەکانی ئینگلیسی لە رەوتی ئەم وتووێژانەدا زۆر بە قووڵی رەنگیان دایەوە. رێبەرانی بریتانیای گەورە دەیانهەویست بە هەڵگیرساندنی شەرێکی تاقەتپڕووکێن لە نێوان ئێران و رووسیا و لە سنوورەکانی باکووری خۆرنشینی ئێراندا، رووسیا بخافڵێنن هەتا چالاکی و هەڵسوورانی رووسان لە رۆژهەڵاتی ئێران کە بۆ حکوومەتی هیند مەترسیدار بوو، کەم بکەنەوە. ئەم بۆچوونە لە رووی خوێندنەوەی یادداشتە ئەهێنییەکانی سێر جان مەلکومەوە روون دەبێتەوە کە سەبارەت بە گەشە و پێشکەوتنی دەوڵەتی رووسیا لە ئاسیا نووسراوە. مەلکۆم پێی وابوو کە تێکۆشانی رووسەکان لە خۆرهەڵاتی ئێران و لە بالی ئەفغانستانەوە بەرەبەرە پتر پەرە دەستێنێ و ئەم رەوتەش بۆ سیاسەتی ئینگلستان یەکجار مەترسیدار دەهاتە بەرچاو. هەروەها هێنری ویلۆک مانگی دیسامبری سالی ١٨٢٥ دوو نامەی بۆ «ویلیام پیت لۆرد ئامورست»ی حوکمرانی هیندووستان و ژۆرژ (جۆرج) کانینگ

---

١- مێژووی سیاسی و دیپلۆماسیی ئێران، نووسینی د. عەلیئەکبەر بینا، بەرگی یەکەم.

نووسیون کە دەریدەخەن دەوڵەتی ئینگلستان چلۆن لە پەرەی دەسەڵاتی رۆژبەرۆژی حکوومەتی رووسیا لە ئێران تۆقیوە و ترس هەڵیگرتووە.»[1]

راست لەو دەمەدا کە هێشتا پرەنس مێنچیکۆڤ لەگەڵ هێنری ویلۆکی نوێنەری سیاسیی حکوومەتی ئینگلیس لە تاران درێژەی بە وتووێژی دەدا و بەپێی پێشنیاری باڵوێزی رووسیا جاریٚ شاندی ئێرانی بۆ گوفتوگۆ لەگەڵ پلەبەرزانی رووسی دیاری نەکرابوون، سەربازخانەکانی ئێران لە قەفقاز کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی رووسیا و لە ناوچەی «باشئاپارن» ژەنەراڵ ئالێکسی پێترۆویچ یێرمۆلۆڤ زەبری لێوەشاندن و بەم شێوەیە ئاگری دامرکاوی نێوان ئێران و رووسیا پاش سێزدە ساڵان جارێکی دیکە لە مانگی قوربانی ١٢٤١ی کۆچیدا بووژایەوە.

لە جەنگەی درێژەی هەڵگیرسانەوە و نەپسانەوەی شەڕی دووهەمجاری نێوان ئێران و رووسیا، پەیتاپەیتا ئێران چەند کەسێکی کردبوونە نوێنەر و دەمراستی دیدار و گوفتوگۆ لەگەڵ سپاسالاری گشتیی هێزە چەکدارەکانی رووسیا لە قەفقاز. تەنانەت ئەم نوێنەرانە چوونە پایتەختی رووسیا و یەکێکیان بە ناوی داودخان، کاتی چوون بۆ ئەو وڵاتە بە رێگای قوستەنتەنییەدا لەم شارە نامەیەکی نووسی بۆ «مێتێرنیخ»ی[2] سەرۆکی ئۆتریش و ئەو بیانووانەی بۆ روون کردەوە کە بوونە هۆی هەڵگیرسانەوەی تێکهەڵچوونەوەی هێزەکانی ئێران و رووسیا؛ بەڵام ئەوەی راستی بێ هیچکام لە نوێنەرەکان نەیانتوانی بگەنە پایتەختی رووسیا. چونکە لە بەرەی قەفقاز شەڕی نێوان دوو حکوومەتەکە دەستی پێکردبوٚوە و مەزنەوەزیری رووسیا و پایەبەرزانی دیکە رازی نەبوون کە چاویان بە نوێنەرانی تایبەتی ئێران بکەوێ. گوتوبێژی میرزا محەممەدعەلی، نوێنەری ئێران لەگەڵ ژەنەراڵ ئالێکسی یێرمۆلۆڤ لە «تفلیس»یش ئاکامێکی لێنەکەوتەوە و شەڕراوەستانی چەند هەفتەیی و چەند مانگە لە بەرەی قەفقاز زیاتر بە زیانی ئێران برایەوە.

---

١- مێژووی سیاسی و دیپلۆماسیی ئێران، نووسینی د. عەلیئەکبەر بینا، بەرگی یەکەم.
٢- مێتێرنیخ (١٧٧٣- ١٨٥٩)، پیاوێکی سیاسەتمەدار و سەرۆکی ئۆتریش (نەمسا) بوو.

### شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی جاری دووهەم

خولی دووهەمی شەڕەکانی ئێوان ئێران و رووسیا هێندەی نەخایاند، چونکە چەکوچۆڵ و جبەخانەی ئێران بۆ هەسدانەوە و بەربەرەکانی لەگەڵ لافاوی قورس و گرانی چەکدارانی بێهەژماری رووس کەم و کورت و ناتەواو بوو. وەکوو دیارە سپای ئێران لەبەر کۆمەڵێک شەڕی بێبڕانەوەی ئێوخۆیی و دەرەکی کە لە ماوەی سی ساڵەی فەرمانڕەوایەتیی فەتحعەلیشادا قەومابوون و هەتاکوو ئێستا هەر درێژەیان کێشابوو. تەواو بڕستی لێ برابوو. لەم تێکهەڵچوونەدا بێهیوایی هەباسمیرزای جێگرەوەیمیر سەبارەت بە بەزاندنی سپای رووس و بێپارەیی و تێمانی بۆ دابینی خەرجوبەرجی لەشکر و ئێنۆکوشکی و لەچەریی خودی پادشا و خۆ دزینەوەی لە بەخێوکردنی هێزەکانی، هەموویان هاتن و بەری دەرگایان گرت و شەلەلەیان بە رەوتی درێژەی شەڕ هێنا و شکانێکی وا قورسیان لە چارەی هەباسمیرزا نووسی کە پەیماننامەی «تورکمانچای» لێکەوتەوە.

لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سالانی ١٢٤١ـ ١٢٤٢ی ک/١٨٢٥ـ ١٨٢٦ی زایینیدا، رووسەکان سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وەدەست نەهێنا. چونکە مەلاکان توانیبوویان هەستی دینیی سپای ئێران ببزێون و ئەوانیش رەشیدانە بکەونە بەرەنگاری و تەنانەت لە ماوەی سالانی ١٢٤١- ١٢٤٢دا زۆربەی ئەو مەڵبەند و ناوچانەشیان گرتەوە کە خولی یەکەم لە چنگ چووبوون. سەرەنجام ییرمۆلۆف لەبەر کامرەوانەبوونی ئەمجارەیان لە لایەن قەیسەری رووسەوە بانگکرایەوە و سپاسالارێکی دیکەی بە ناوی «پاسکیویچ» لە جێی دانا کە لە بەرەکانی رۆژهەڵاتی ئورووپا و شەڕەکانی عوسمانیدا بەتاقیکرابۆوە و توانیبووی لە کڵ دەرچێ.[1]

پاسکیویچی سپاسالاری تازەی قەفقاز، ساڵی ١٢٤٣ی کۆچی شووره و قەڵای هێزەکانی ئێرانی دانە بەر پەلامار. سپای رووس سەرەتا لە دەشتی قەرەباغ کۆکرانەوە و پاشان لە دوو بەرەی قەرەباغ و ئێرەوانەوە تەنگیان بە قۆشەنی ئێران هەڵچنی. حوکمداران و قولەمیرانی ناوچەکە بەپێی سەرکەوتنەکانی پێشووی سپای رووس یەکبەیەکە سەریان وەژێر باڵی پاراستنی سەرداری رووس هێنا.

---

١- شازادە هەباسمیرزای جێگرەوەیمیر و سپاسالاری تێکرای هێزەکانی ئێران لە قەفقاز، پیاوێکی ئێزیکی خۆی بە ناوی میرزا سالح کە ماوەیەکیش لە ئینگلستان خوێندبووی، بۆ وتوویژ لەگەڵ پاسکیویچ ناردە تفلیس، بەلام ئاکامێکی روونی لێنەکەوتەوە.

هەباس‌میرزا کە لە قۆناخی شەڕبڕانەوەدا زۆر بە زەحمەت و کوێرەوەری و بە ڕەچاو کردنی تەگبیر و مشووری سیاسی توانیبووی هەموویان بۆ لای ئێران ڕابکێشێ، بەم ناکام‌بوونەی بەجارێک بە سەر ویشکەهیوایی‌دا کەوت. لە بەرەکانی تالش و ئێرەوان و لەنکەران‌دا، خاکی شەڕگە بوونە گۆمی خوێن و هێزەکانی ئێران بەزین. لە ئوچکلیسا سپای ئێران زەبرێکی گورچووبڕی لێوەشا و کوشتە و زامارێکی بێ‌ژماری کەوتە سەر دەستی و سەرەنجام ڕێوبانەکانی ڕووباری ئاراس کەوتنە بەردەستی سپاسالاری ڕووس. لۆتکە و گەمییە شەرکەرەکانی ڕووسیاش لە کەناراوەکانی گورگان لەگەڵ تورکمانان و خێڵاتی یەمووت پێکهاتن و دنەیان دان تاکوو دژی ئێران ڕاپەڕن.

هەباس‌میرزای جێگرەوەی‌میر ئاخرین و باشترین هێزەکانی بەرفەرمانی خۆی لە «سەردارئاوا» دامەزراندن و مانگی مەولوودی سالی ١٢٤٣ی کۆچی شەڕێکی خوێناوی و قورس و گرانی لەگەڵ سپای ڕووسیا دەست پێکرد کە تیرەیان لە بەرەی ئاراس توند کردبوو، بەلام نەگەیشتنی خۆراک و بژێو و مانگانەی هێزەکانی لە تارانەوە، ورەی بە قۆشەنی بەربا و شازادە لە هەموو بالانەوە گیروگرفت تێ‌وەرووکان. سەرەنجام سەرکردەی ڕووس توانی سەردارئاباد بگرێ و هێزەکانی ئێران بە پانەوە لە لێواری چەپی ڕووباری ئاراسەوە ڕادرانە نێو ئازەربایجان.

### پێشڕەویی هێزەکانی ڕووس بەرەو پایتەخت

ئیمپراتۆری ڕووسیا فەرمانی دابوو بە پاسکیویچ کە دەبێ هەر چۆنێکی بۆی دەکرێ هێزەکانی لە ڕووباری ئاراس بپەڕێنێتەوە و بگاتە نێو خاکی ئازەربایجان و ئەو ڕێگایە بگرێ کە ناوچەکە بە پایتەختەوە دەبەستێتەوە و تاران بخاتە مەترسی. بۆ وەدی‌هێنانی مەبەستێکی ئاوا ژەنەڕاڵ ئاریستۆڤ دوای گیرانی سەردارئاباد فەرمانی پێدرا کە ڕاستەوخۆ بەرەو تەورێز باژوێ. شازادەی جێگرەوەی‌میر هێزی لێک‌بلاو و پەرانپەرانی خۆی لە شاری «خۆ»یە کۆکردنەوە و پاراستنی تەورێزی خستە سەر شانی ئاسەفوددەولە. لەم کاتەدا پاسکیویچ سەرقالی ئەوە بوو کە نەخجەوان بگرێ و «ئاریستۆڤ»یش بەرەو تەورێز دەبزووت. شازادە هەباس‌میرزا، «فەتح‌عەلی‌خانی ڕەشتی»ی ناردە لای پاسکیویچ و داوای لێکرد بەر بە چوونی

هێزەکانی ئاریستۆڤ بگرێ کە خۆیان لە گرتنی تەوریز خۆش کردووە هەتا قسە لە دەسپێکردنی گوفتوگۆی ئاشتی بکرێ، بەڵام بەرلەوەی ئەم هەنگاوە بگاتە سەرەنجامێک، دەروازەکانی تەوریز بە رووی ئاریستۆڤدا کرانەوە و دوایین هیوای شازادە بوو بە بڵقی سەر ئاو. بە گیرانی تەوریز رایەڵەی پەیوەندییەکانی هۆردووی شازادە لەگەڵ جەرگەی هەستیاری نێوخۆی بە یەکجاری دابڕا و پاسکیویچیش لە ئاراسەوە تێپەڕی و گەیشتە تەوریز. سپاسالاری رووس چونکە پێی وابوو فەتحعەلیشا هێشتا سەبارەت بە مەرجەکانی پێکهاتن دوودڵە، دەنگی هێزەکانی دا و بەشێکیان هەتا دێخورگان بەرەوپێش چوون. لەو شوێنە هەباسمیرزا کە «خۆ» و «سەڵماس»یشی لە دەست دابوو، گەیشتە هۆردووی پاسکیویچ.

**پەیماننامەی تورکمانچای (١٢٤٣ی ک/١٨٢٨ی ز)**

ئەو مەرجانەی کە پاسکیویچ بۆ ئاشتی و پێکهاتنی نوێ پێشنیاری کردبوون، زۆر قورس بوون، بۆ وێنە داوای قەرەبووی پێنج ملیۆن تمەنی دەکرد. «مەکدۆناڵد»ی باڵوێزی ئینگلیس لە تاران کە لەو هەرایەدا پتر لە فەتحعەلیشا تۆقیبوو، بەرچاوی پادشای سەبارەت بە ئاکامی راستەقینەی ئەو هەڕەشەوگورەشە سەربازییە روون کردەوە و هێندەی پێ لەسەر بۆچوونی خۆی داگرت کە پادشا ناچار بوو سەر بۆ مەرجەکانی پێکهاتن و دیاریکردنی نوێنەری بەستنی پەیمانێکی نوێ دانەوێنێ. فەتحعەلیشا، مەنووچێهرخانی نارده تەوریز و بڕی چوار ملیۆن تمەنی پێدا بەرێکرد و بە نێوبژیوانیی باڵوێزی ئینگلیس لە گوندی «تورکمانچای»ـ کە نێوەندی سەرکردایەتیی لەشکری پاسکیویچ بوو- کۆبوونەوەیەک کرا. ئەندامانی بەشداری کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە باڵوێزی ئینگلیس، پاسکیویچ، شازادە هەباسمیرزا، میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام، ئاسەفوددەولە و حاجی میرزا ئەبولحەسەنخانی شیرازی. لەو کۆرەدا پەیماننامەیەکی ١٦ بەندی و رێککەوتننامەیەکی بازرگانیی ٩ بەندی نووسران و رێکەوتی ٥ی مانگی شابانی ١٢٤٣ی ک/١٠ی فێورییەی ساڵی ١٨٢٨ی زایینی لە لایەن نوێنەرانی ئێران و رووسیاوە واژۆ کران.

رووسیای قەیسەری لەو پەیماننامەیەدا بەروونی و بێپەردە ویست و ئامانجی داگیرکەرانەی خۆی نیشان دا و ئەوەندەی قازانج پێگەیشت کە لە هیچکام لە

شەرەکانی ئورووپادا وەدەستی نەهێنابوو. بێجگە لەوەی کە بەگوێرەی پەیماننامەی گولستان لە ناوچەی قەفقاز خستبوویە سەر خاکی خۆی، بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای، ئێرەوان و نەخجەوان و بەشێک لە دەشتی موغانیش بوو بە هی وی و ڕەوگەی ڕووباری ئاراس وەک سنووری نێوان دوو وڵاتەکە دیاری کرا. خەڵکی ئەو وڵاتە لە ئێراندا هیچ پاسایەکی مەدەنی و جینایی نەیدەگرتەوە.[1] ئاژوانی گەمی لە دەریای خەزەردا بوو بە پاوانی ئەو وڵاتە. تۆپ و تفەنگ و چەک و جبەخانە و سەرلەبەری قەڵا و سەربازخانەکانی ئێران لە قەفقاز کەوتنە بەردەستی و بۆ قەرەبووی شەڕەکەش بڕی پێنج میلیۆن تمەنی وەرگرت.

کاکڵ و نێوەرۆکی بەندی یەکەمی پەیماننامەی تورکمانچای بریتییە لە سەقامگیربوونی ئاشتیی مابەینی دوو حکوومەتی ئێران و ڕووسیا و لێرەدا هەروا تیشکێک داوێینە سەر چەند بەند و بڕگەیەکی دیکەی پێکهاتنەکە:

بەندی دووهەم: چونکە بەختەوەرانە ئەمڕۆ کێشەی نێوان هەردوولای بەرزەجی دەبڕێتەوە و لێرە بە دواوە بەڵێنەکانی پەیماننامەی گولستان هەڵدەوەشێنەوە، خاوەنشکۆ پادشای ئێران و خاوەنشکۆ ئیمپراتۆری ڕووسیا وایان بە بەرژەوەند زانی کە پەیماننامەیەکی تازە بنووسن و چەند بەند و مەرجێکی دیکە بخەنە بەرچاو کە پەرە بە پتەوبوونی پەیوەندیی ئاشتی و دۆستایەتیی داهاتووی نێوان ڕووسیا و ئێران دەدا.

بەندی سێیەم: خاوەنشکۆ شاهانشای ئێران لە لایەن خۆی و جێنشینان و میراتگرانی خۆیەوە، میرنشینی ئێرەوان لەوبەرەوبەری چۆمی ئاراس، لەگەڵ میرنشینی نەخجەوان بە ملکایەتیی یەکجارەکی دەدا بە وڵاتی ڕووسیا. بەم پێیە شاهانشای ئێران دەیخاتە سەر ئەستۆی خۆی کە تەواوی بەڵگەنامە و پەراوەکانی سەبارەت بە حکوومەت و ئیدارەی ئەو دوو میرنشینە لە ماوەی شەش مانگی دوای واژۆ کردنی ئەم پەیماننامەیە بداتە دەست بەرپرسانی ڕووس.

---

١- برانەوەی مافی کاپیتۆلاسیۆن بۆ وڵاتێکی بێگانە نیشانەی ئەوەیە کە وڵاتەی دەستەبەر سەری وەبەر چەشنێک بێدەسەڵاتبوونی خۆی لەو بوارە بەرباسانەدا هێناوە.

بەندی چوارەم: ئەم پەیماننامەیە سەبارەت بە دیاریکرانی سنووری تازەی نێوان ئێران و رووسیا؛ یانی سنووری ئێستای ئێران و سۆڤییەت لە هەرێمی ئازەربایجان.[١]

بەندی پێنجەم: خاوەنشکۆ شاهانشای ئێران بە مەبەستی سەلماندنی دۆستایەتیی پاک و بێگەردی سەبارەت بە خاوەنشکۆ ئیمپراتۆری سەرلەبەری رووسیا، بەپێی ئەم بەندە لە لایەن خۆی و جێنشینان و میراتگرانی خۆییەوە بەروونی و ئاشکرایی دڵی و وەباڵی بۆ دەکێشێ کە ئەو هەرێم و دوورگانەی کە بەپێی بەندی چوار دیاری کراون، لەگەڵ زنجیرە چیای قەفقاز هەتا دەریای خەزەر و تێکڕای جەماوەری دەشتەکی و ئەوانی دیکەش، هەموویان هەر هی حکوومەتی رووسیان.

بەپێی چەند برگە و بەندێکی دیکەی پەیماننامەی تورکمانچای، ئێران بەرەسمی پێی لێنا کە رووسەکان ئازادن هەتا لە هەر جێگایەکی خاکی ئێران کە پێیان خۆش بێ کۆنسوولخانە و نووسینگەی نوێنەرایەتیی بازرگانی بکەنەوە و کەمییە شەرکەرەکانیان بەبێ گرێ و لەمپەر بۆیان هەیە لە سەرتاسەری دەریای خەزەردا بێن و بچن. وڵاتی رووسیا سەلماندی کە عەباس‌میرزا جێنشینی باوکی خۆیەتی و ئەگەر بوو بە پادشا دڵن بە حکوومەت و دەسەڵاتیدا دێنێ.

---

١- بە مەبەستی وەگەڕخستن و جێبەجێ کردنی بەندی چوارەم، ساڵێک پاش مۆر و واژۆ کرانی پەیماننامەکە، لێژنەیەکی هاوبەشی ئێرانی و رووسی پێکهات کە میرزا مەسعوود مستەوفی، ئەندازیار بارتلۆمێ و میرزا ئەحمەدخان نوێنەری ئێران بوون. کۆبوونەوەکان ماوەیەک لەسەر سنووران بەردەوام بوون و پرۆتۆکۆلێکیش لەو بابەتەوە نووسرا، بەڵام بەپێی راپۆرتی رەسمی و نارەسمیی بەرپرسانی ئەو رۆژگارەی سنووران وا دەردەکەوێ کە رووسەکان سەریان وەبەر دەقی پرۆتۆکۆل و پەیماننامەی نێوانیان نەهێناوە و لە زۆر شوێنان سنووریان پەڕاندووە و بنکەکانی خۆیان هێناوەتە نێو خاکی ئێران و تەنانەت ناوی گەلێک جێ و شوێنی کەوشەنانیان گۆڕیوە. هەر بەپێی ئەم هەڵوێستە رووسەکان ساڵی ١٨٩٦ کۆمیسیۆنێکیان ناردۆتە کەوشەنی موغان و بە مەیلی خۆیان تەخشەیەکیان کێشاوەتەوە و ویستوویانە بە سەر دەوڵەتی ئێرانیدا بسەپێنن، بەڵام دەوڵەتی ئێران بەرەسمی خۆی بوارد و نەیکرد. ئەم پرسە هەروا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە هەتا لەم ئاخرییانەدا، یانی ساڵی ١٩٢٥، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانی سنووران، لێژنەیەک لە لایەن دەوڵەتی ئێران نێردرایە سنووری موغان. «سنوورەکانی ئێران، نووسینی ئەندازیار محەممەدعەلی موخبیر».

بەگوێرەی دەقی تەواوکەری پەیماننامەی تورکمانچای شێوەی درانی بڕی قەرەبووی شەڕ بە دەوڵەتی رووسیا و ماوەی دران و مەرجەکانی دیکەی ڕوون کرابوونەوە و نووسرابوو ئەگەر ئەوپەڕییەکەی ئێران نەیتوانی قیستەکانی قەرەبوو هەتا مانگی سەفەری ١٢٤٤، یانی ١٥ی ئووتی ساڵی ١٨٢٨ی ز. بدا بە ڕووسیا، سەرلەبەری هەرێمی ئازەربایجان بۆ هەتاهەتایە لە وڵاتی ئێران دادەبڕێ و دەخرێتە سەر خاکی ڕووسیا،«یان دەتوانێ حکوومەتێکی بەجوێ دامەزرێنێ».[1]

نوێنەرانی حکوومەتی ڕووسیای قەیسەری لە پەیماننامەی تورکمانچای و دەقی تەواوکەری‌دا، چەند خاڵ و بەند و برگەیەکی وایان گونجاند کە وەک پاشکۆبوونی ئێران بۆ ڕووسیا لێکدەدرایەوە؛ بۆ وێنە وەبەرچاو گیرانی پێشوازیکرانێکی تایبەت لە جەنگەی چوونی نوێنەران و باڵوێزانی ئەو وڵاتەدا بۆ ئێران. بەپێی دەقی تەواوکەری پەیماننامەی تورکمانچای، دەبوو مەزنان و کاربەدەستانی ئێران هەر کە نوێنەری سیاسیی ڕووسیا لە سنووری ئێرانەوە ئاسۆگی دا، بە چەقڵەسەما بە پیرییەوە بچن و پاش ئەوەی گەیشتە پایتەخت، پێ‌سی‌ودوو وەزیرانی ئێران بچنە دیدار و بەخێرهێنانی و جا پاشان بڕواتە خزمەت پادشای ئێران.

کاکڵی بەندی حەوتەمی پەیماننامەی تورکمانچای، ئەگەرچی لە ڕووکاردا بۆ دڵنیابوونەوەی هەباس‌میرزای جێگرەوەی باوکی نووسرابوو، بەڵام لە ڕاستی‌دا لێکدانەوەیەکی تازەی بەندی چوارەمی پەیماننامەی گولستان و ڕاست وەک ئەو ڕێککەوتننامانە وابوو کە دەوڵەتی قەیسەری بە ملی سوڵتانی عوسمانیی‌دا سەپاندبوو؛ یانی ئاوا ئەو ئیمپراتۆرییەی خستبوویە ژێر باڵی پاراستنی خۆی کە گڵۆڵەی تەمەنی کەوتبووە لێژی و بەرەو لێکبڵاوبوون شاتڵۆرەی بەستبوو.

داشکاندنی بەرچاوی گوومرگانەی سەر کاڵای ڕووسی بۆ لە سەتاپێنجی نرخی کاڵاکە و وەبەرچاو نەگیرانی هیچ بارانە و گوومرگانەیەک بۆ کەلوپەل و شمەکی کاربەدەستانی ڕووسی و کەس‌وکاریان و هەروەها ئەو ئێرانییانەش کە پیاو و خزمەتکاری نوێنەران و بەرپرسانی ڕووسی بوون و ئەو دەوڵەتە بە هەموو

---

١- مێژووی قاجار، رابێرت گرانت واتسون، وەرگێرانی عەباس‌قولی ئازەری. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بەرهەمی نووسەرانی ئینگلیسی و سەرچاوەکانی دیکە دەربارەی مێژووی سەردەمی هاوچەرخی ئێران بڕوانە بەشی سەرچاوەکانی ئەم کتێبە.

جۆرێک دەبیاراستن. بەشێکن لەو کارە نارەوایانەی کە بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای و دەقی تەواوکەری دراون بە دەوڵەتی رووسیای قەیسەری.

## گریبایدۆڤ دەبێتە باڵوێزی رووسیا

پاش بەستنی پەیماننامەی تورکمانچای، کۆشکی رووسیا نووسەرێکی ناوداری رووسی ناسراو بە گریبایدۆڤی خوشکەزای پاسکیویچی بە مەبەستی وەگەڕخستن و جێبەجێ کردنی پەیماننامەی تورکمانچای و دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ ناکۆکییەکانی سنووران نارده تاران و وەکوو باسی دەکەین سەری لەپێناو سیاسەتی داگیرکەرانەی وڵاتەکەیدا تێداچوو.[1]

گریبایدۆڤ وەکوو باڵوێزی تایبەت و وەزیر موختاری دەوڵەتی رووسیای قەیسەری، لە سەرەتای ساڵی ١٢٤٤ی ک/١٨٢٨ی زایینیدا چووە تەورێز و رۆژی پێنجی مانگی رەجەبی ئەو ساڵە گەیشتە تاران. لەو سەفەرەدا مالتسۆڤ وەکوو قەڵەمداری یەکەم و ئەدلونگ وەک قەڵەمداری دووهەم و شازادەیەکی گورجی و ئەفسەرێک و یازدە کەس قەززاقی رووسی و خزمەتکارێکی ئورووپایی و چەند کارمەند و خزمەتکاری ئەرمەنی و گورجی لەگەڵ باڵوێزی رووسیا بوون.[2]

باڵوێزی رووسیا کابرایەکی ویشکوبرینگ و رەقوتەق و پێبەندی داب و نەریت و شان و شکۆی خانەدانی خۆی بوو، بەم پێیە چاوی لە حاند ناکاری توند و نالەبار و هەرا و گرمەی قەززاقانی هاورێی دەپۆشی و گوێی بۆ سکاڵای خەڵک یان کاربەدەستانی ئێرانی گلۆر نەدەکرد و هەر دەتگوت مێشێکیشی لێ میوان

---

١- ئەلێکساندر سێرگێڤیچ گریبایدۆڤ (١٧٩٥- ١٨٢٩)، شانۆنامەنووسێکی رووسە و دیارترین شوێنەواری پڕ گاڵتە و گەپ و شەرەفری بریتییە لە «کارەساتی تێگەیشتن».

٢- «... وەکوو خوێندوومەتەوە و بیستوومە، ئەم گریبایدۆڤەی نێردراوی رووسیا، لەبەر سواربوونی حکوومەتی رووسیا بە سەر تەورێز و ئازەربایجاندا، یەکجار بە غللووری و فیز و ئیفادەوە جووڵاوەتەوە و بە دابی مەزن و میرانی تورکستان لەگەڵ پادشای ئێران هەستاوە و دانیشتووە، کە پلەی لە خاقانی چین و مەزنانی تووران هەورازتر بووە... ، وەکوو بیستوومە ئەگەر چۆتە کۆڕی شکۆمەندی پیرۆز و مافوورەکراوی شاهانشای قاجار فەتحعەلیشای خاوەنشکۆ کە جێی رایەخڕاموسانی شاهانی گەورە و شوێنی راخشکانی باڵاپۆشی خونکارانی بەرزەجێ بووە، پێڵاوی دانەناون.» سەرچاوە: رەوزەتوسسەفای ناسری، بەرگی ٩.

نییە. گریبایدۆڤ پاش ماوەیەک مانەوەی لە پایتەخت. بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای و دەقی تەواوکەری، داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد ئەو دوو ژنە ئەرمەنییە ئێرەوانییەی کە مسوڵمان ببوون و لەماڵی ئەڵلایارخانی ئاسەفوددەولە دەژیان، بدەنەوە بە باڵوێزخانەی رووسیا. گەورەپیاوانی ئێران هەوڵیان دا هەتا کاکی باڵوێز پەشیمان بکەنەوە. بەڵام دوای ئەوەی هیچیان بۆ نەکرا، بەناچار ئەو دوو نوێمسوڵمانەیان رادەستی باڵوێزخانەی رووسیا کردن. ئاسەفوددەولە کە جەرگ و دڵی پڕ لە خوێناو بوو لە حەیفی رووسان، دوابەدوای ئەم رووداوە دەستی کرد بە قسان. هاندانی ئاسەف و کەسانێکی دیکە، هەستی مەلاکانیان بزاوت و ئەوانیش لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دینیدا گوتیان رزگار کردنی دوو ژنی مسوڵمان لە چنگ بێگانەی کافر بەپێی شەرع ئەرکی سەر شانی مسوڵمانانە و لامۆجوومی ناوێ.

ئەم فتوایەی مەلایان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا کە یەکجار پابەندی رێوشوێنی دینی بوون، خێرایەکی بڵاو بۆوە و گۆشە و کەناری پایتەخت گڕی تووڕەیی و هەرا دایگرت و هەواڵەکە گەیشتەوە گوێی گریبایدۆڤ. باڵوێزی رووسیا لەسەر پێداگری و داخوازی مەزنانی ئێرانی، پرسی وەرگێرانەوەی دوو ژنەی نوێمسوڵمانی خستەوە رۆژی دواتر. بۆ بەیانی بازاری تاران داخرا و لافاوی خەڵک بەرەو باڵوێزخانەی رووسیا خرۆشا و هەر کە شەپۆلی جەماوەر لە باڵوێزخانە نێزیک بوونەوە. گریبایدۆڤ فەرمانی دا هەتا دوو ژنەکە بدەن بە دەست خەڵکەوە. لە جەنگەی دانەوەی ژنەکاندا، خەڵک و کارگێرانی باڵوێزخانە کێشەیان لە مابەینیدا خولقا و کەسێک بە زەبری فیشەکی چەکدارانی رووسیا کوژرا. خەڵک تەرمی کابرای کوژراویان بردە مزگەوت و لەوێ سەردەستە و جڵەوداری جەماوەرەکە هانی دان هەتا تۆڵەی وەربگرنەوە.

رەنگدانەوەی شکستەکانی ئێران لە بەرەی قەفقاز و بڵاوبوونەوەی کاکڵ و نێوەرۆکی پەیماننامەی تورکمانچای، نارەزامەندیی خەڵکی بە شوێن خۆیدا هێنابوو. لە راستیدا پەلاماری جەماوەر و خەڵکی بازار بۆ سەر باڵوێزخانەی رووسیا، دەرکەوتنی پریشکەی ئەم نارەزامەندی و رقهەستانە بوو کە بەداخەوە

کردەوەیەکی نامرۆڤانە و ناجوامێرانەی لێکەوتەوە[١] و لە ئاکامدا گریبایدۆڤ و نیزیکەی ٣٥ کەس لە هاوڕێیانی و چەند پاسەوانێکی ئێرانیش کوژران.[٢] لەو کێشە و هەرایەدا تەنیا مالتسۆڤی سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ڕووسیا لە تاران بە زیندوویی دەرچوو. مالتسۆڤ بە چاوی خۆی هەوڵ و هەڵسووڕانی دەوڵەتی ئێرانی بۆ دەربازکردنی شاندی نوێنەرایەتیی ڕووسیا دیت و زانی کە ئەم کارەساتە تاڵ و ناخۆشە بۆچی قەوماوە. پادشای ئێران دواتر مالتسۆڤی لەگەڵ شاندێکی تایبەتی ئێران نارده کۆشکی دەسەڵاتی ڕووسیا تا ئەوەی دیتوویەتی بیگێڕێتەوە و لە بەرژەوەندیی حکوومەتی ئێران ڕاپۆرتی خۆی بە گوێی قەیسەری ڕووسیا ڕابگەیەنێ.

بەگوێرەی گێڕانەوەی چەند نووسەرێکی ئێرانیی وەکوو ڕەزاقولیخانی هیدایەت و لیسانولمولکی سپێهر، مالتسۆڤی سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ڕووسیا بە فەرمانی فەتحعەلیشا ڕۆیی بۆ تەورێز و لە ڕووی شازادە عەباسمیرزادا کە بە قەومانی ئەم کارەساتە تاڵەوە یەکجار خەمبار و نارەحەت بوو، ڕاستیی ڕووداوەکەی گێڕایەوە. مالتسۆڤ پێی وابوو ئاکاری ناڵەباری گریبایدۆڤ کارەساتەکەی بە شوێن خۆیدا هێناوە؛ هەر بۆیە بەڵێنیی دا کە ئەم

---

١- ڕابێرت گرانت واتسۆن سەبارەت بەم ڕووداوە ئاوای نووسیوە: «... هەر کەلوپەل و ئیومالێکی کە تێیدا بوو هەموویان بە تاڵان برد. لە نێو ئاپۆرەی خەڵکەوە یەکێک گوراندی کە ڕەوەی ئەسپی ڕووسان ئەوە لە یەختەرمەخانی ئینگلیسن. خەڵک بە کۆمەڵ بەرەو باڵوێزخانەی ئینگلیس جمین، بەڵام دەرگا و دەروازەکانی باڵوێزخانەیان بۆ نەترازا. جەماوەرەکە وا هان نەدرابوون کە خۆشەوە بێ، بۆیە کونێکیان کردە دیواری ماڵێکی دراوسێی باڵوێزخانە و لە یەختەرمەخان وەژوور کەوتن. دەبێ لێرەدا ئەوەندەشمان لە بیر بێ کە خەڵکی دەرهەڵبووی جەنگەی ئاوا هیچی هەوساری عەقڵی بە دەست خۆیەوە نییە، بەڵام ئەم جەماوەرە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە دەیانزانی چییان دەوێ و ئامانجی بەرێوەچێ و قانوونییان چییە. ئەگەرچی چووبوونە نێو یەختەرمەخانی ئینگلیس و تێکرای ڕەخت و زین و تەرلک و جل و پەلاسی یەکسمەکانیان وەبەردەستی کەوتبوو، بەڵام دەستیان نەبرد بۆ هیچ شتێکی باڵوێزخانەی ئینگلستان و زەرەدیان لێنەدا. دوای کوشتنی میرئاخورێکی گورجی و قەززاقێکی ڕووسی، خەڵک یەکسمیان بردن بۆ ماڵان و لەرێوە هەراکە داکووژا. (مێژووی قاجار، ڕابێرت گرانت واتسۆن، وەرگێڕاوی عەباسقولی ئازەری».

٢- وادیارە شاندی ڕووسیا لە خانووبەرەیەکی نێوان قەڵا و قۆرخانەدا نیشتەجێ بووە.

مەبەستانە لە هەوڵی خودی قەیسەری رووسیادا بگێڕێتەوە. هەروەها بەگوێرەی گێڕانەوەی نووسەرانی نێوخۆیی، قەیسەری رووسیا داوای لە پادشای ئێران کردبوو کە یەکێک لە شازادە ناودارەکانی قاجار بۆ تەوازێ بنێرێتە «سەنپیترێزبوورگ»ی پایتەختی رووسیا هەتا بە گوتەی ڕەزاقولیخانی هیدایەت «شکۆی ئەو دەوڵەتە گەشەی پێ بکا».

سەرەنجام فەتحعەلیشا، شازادە خوسرەومیرزای کوڕی هەباسمیرزای جێگرەوەیمیری بۆ ئەو کارە هەڵبژارد. خوسرەومیرزا لەگەڵ محەممەدخانی زەنگەنەی ئەمیرنیزام، یەکێک لە پاشەوارەکانی شێخالیخانی زەنگەنەی بەناوبانگی سەردەمی سەفەوی و میرزا تەقیخانی فەراهانی (وەزیرنیزام) ـ کە دواتر بوو بە مامۆستای ناسرەددینمیرزا و لە رۆژگاری دەسەڵاتی ئەودا کرایە سەرۆکوەزیر و بە ئەمیرکەبیر ناودێر کرا ـ مانگی شەشەکانی ساڵی ١٢٤٤ی کۆچی بە ڕێگای قەفقازدا ڕۆیی بۆ رووسیا.

نیکۆلای یەکەمی قەیسەری رووسیا، هەر پاش ئەوەی کە هەواڵی کارەساتی کوژرانی شاندی نوێنەرایەتیی خۆی لە تاران بە گوێی ئاشنا کرا، لەرێوە پرەنس «دالگۆورۆکی» یەکێک لە باوەڕپێکراوان و مەزنانی بارگای خۆی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکە ناردە ئێران. لە لایەکی دیکەوە دوای ئەوەی خوسرەومیرزا و هاوڕێیانی گەیشتنە پایتەختی رووسیا، قەیسەر زۆر بەگەرمی بەخێری هێنان و چونکە بەپێی دەقی پەیماننامەی تورکمانچای توانیبووی قازانجێکی یەکجار بەرچاو وەدەست بێنێ و لە لایەکی دیکەوە لەبەر گیرۆدەبوونی بە جەنگ شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی بالکان و شکانی سپای رووسیا لە بازنەی ڕووباری دانووبدا، داوای لێبووردنی شاندی ئێرانی دەرهەق بە کوژرانی «گریبایدۆف»ی قبووڵ کرد و هەروەها بڕی پێنج میلیۆن قرانی پاشماوەی قەرەبووی شەڕی بە خوسرەومیرزا بەخشی و بۆ دانی پێنج میلیۆنەکەی دیکە، ماوەی پێنج ساڵی دەرفەت دانا.

پرەنس دالگۆورۆکی، باڵوێزی تایبەتی رووسیا، مانگی محەررەمی ساڵی١٢٤٥ی ک/ ١٨٢٩ی ز. گەیشتە تاران و پاشی دە ڕۆژ هەڵی شەرەفی دیداری فەتحعەلیشای بۆ ڕەخسا و داوای لێکرد هەتا هاندەران و تاوانبارانی سەرەکیی کوژرانی باڵوێزی رووسیا سزا بدرێن و ئەوەی دزراوە وەربگیرێتەوە یان زەرەد و

زیانەکان قەرەبوو بکرێتەوە.[1] هەروەها بە خزمەتی راگەیاند لەبەروەی کە روون بۆتەوە بە فیتی «میرزا مەسیحی موجتەهیدی ئەستەرابادی»ی دانیشتووی تاران خەلک هان دراون و بەرەو باڵوێزخانەی رووسیا خرۆشاون، وا باشە بنێردرێتە ئاراوگە و لە ئێران دوور بخرێتەوە.

فەتحعەلیشا پێشنیارەکانی باڵوێزی رووسیای قبووڵ کردن و فەرمانی دا کە لانیکەم یەکێک لە جڵەودارانی هەرا و ئاژاوەکەی کارەساتی کوژرانی گریبایدۆڤ بدۆزنەوە هەتا سزا بدرێ. پیاوانی حکوومەتی لە تاران کابرایەکیان گرت بە ناوی رەزاقولیبەگ کە یەکێک بوو لە پێشەنگانی هەراکە و رۆژی رووداوەکە دیتبوویان کە شمشێری خوێناویی بە دەستەوەیە و پێشتر لە «شەمیران»یش یەکێکی دیکەی کوشتبوو. کابرای گیراو بە فەرمانی پادشا لە مەیدانی ئەرگ سزا درا و کوژرا؛ بەلام سەبارەت بە دوورخرانەوەی میرزا مەسیحی موجتەهید، فەتحعەلیشا بانگی کردە لای خۆی و بە نەرمی لاواندییەوە و بە گوێی هەڵێنا کە وا باشە بڕوا بۆ نەجەف و کەربەلا. میرزا مەسیح قسەکەی لێ سەلماند. بەلام چەند رۆژێک سەفەرەکەی بە قووندا خست و هەروەها لە لای پەیرەوانی خۆی وای نواند کە حکوومەت دەیهەوێ بینێرێتە ئاراوگە. تاقمێک لە مریدەکانیشی لایان وابوو هەر میرزا مەسیح لە دەروازەی تاران بڕواتە دەرەوە، پیاوانی حکوومەت دەیگرن و دەیدەنە دەست کاربەدەستانی رووسی هەتا بە تۆڵەی رژانی خوێنی باڵوێزەکەیان بیکووژنەوە. کاربەدەستانی حکوومەتی تێیان بۆ میرزا مەسیح دیتا کە زووتر بارگەی تێکەوەپێچێ و بەرەو سەفەر بڕوا. میرزا رۆژێکیان لەگەڵ ژن و منداڵی چوو بۆ مزگەوت هەتا بە بیانووی ماڵاوایی لەگەڵ خەلک، جارێکی دیکە هەستی دینییان بیزوێ[2] و لەم کارەدا توانی سەرکەوێ، بەلام جووڵانەوەی خێرای

١- لەسەر فەرمانی هەباسمیرزا، دالگوورۆکی پاش ئەوەی گەیشتە تەوریز هەتا هاتنەوەی خوسرەومیرزا و شاندی نوێنەرایەتیی ئێران لە رووسیاوە، لەو شارە مایەوە و پاشان رۆیی بۆ تاران.

٢- «... کارێکی وای کرد کە ئەمجارەیان لەچاو جاری پێشوو، ئاپۆرەیەکی زیاتر کۆبوونەوە. جەماوەری شار بە زانا و نەزانەوە لێیهالان و کردیانە هەرا و هەڵلا، بەلام ئەم ئۆرەیە پادشا پریشکاندی و ترسی ئەوە بالی ئەنگاوت کە فەرمانی قر کردن بدا. حاجی محەممەدی کەلباسی چووە دیداری حاجی میرزا مەسیح و دیوی دەرەوە و ژوورەوەی کارەکەی بۆ روون کردەوە، هەر بۆیە میرزا مەسیح بەناچار و بەبێ ئاگاداریی خەلکی←

حکوومەت بەری بە قەومانی رووداوەکە گرت و سەرەنجام ئەویش ملی بۆ فەرمانی حکوومەت راکێشا.[۱]

**

شەڕەکانی نێوان ئێران و رووسیا و پەیماننامەکانی گولستان و تورکمانچای، بە لاپەڕەی پڕ سووکایەتی و سەرنەویبوونی مێژووی ئێرانی سەردەمی قاجاران دادەندرێن. خۆ راستە کە لە دەستدانی هەرێمێکی زێڕین و پڕ جەماوەری وەکوو قەفقازی باشووری و گورجستان و ئەرمەنستان بە باری چووکبوونەوەی قەڵەمڕەو و جەغزی ئابووریدا قەرەبوو نەدەکرایەوە، بەڵام لەچاو بڕیارەکانی نێو دەقی پەیماننامەی تورکمانچای، ژان و ئێشی کەمتر بوو، چونکە بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای سنوورێک بۆ قەڵەمڕەوی ئێران دیاری دەکرا و لە دەریای خەزەردا ملکایەتیی نەدەما و بەپێی مافی کاپیتۆلاسیۆن نەیدەتوانی هیچ کەسێکی رووسی و داروودەستەیان بداتە دادگا و ئەوەش زەبرێکی گورچووبڕی لە سەربەخۆیی سیاسی و دادوەریی ئێران وەشاند. رووسیا بە بەستراتی پەیماننامەی تورکمانچای توانی پەرە بە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بدا لە ئێران و دەبێ ئەم راستەقینەیەش بۆ گەلی ئێران روون ببێتەوە کە یەکێک لە هۆیەکانی تێشکانی شەڕەکانی قەفقاز و خۆ بە دەستەوەدانی بارگای ئێران و سەرچەماندن بۆ هەڵپەی چاوچنۆکانەی رووسیای داگیرکەر، رەچاوکرانی رێباز و سیاسەتی شووم و داگیرکەرانەی ئینگلستان بوو کە هەمیشە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێرانی بە

---

دیار و لاپورە، لە جەنگەی خەودا جلوبەرگی گۆڕاوی کەسنەناسی پۆشی و لە شار وەدەرکەوت و بەرەو مەلبەندی مەزارگەی ئیماماێن رۆیی. پاش ئەوەی کە خەڵک بۆیان روون بۆوە لەوێ نەماوە، دەستیان لە هەرا و ئاژاوە هەڵگرت. کاربەدەستانی رووس کاتێک چاویان بەم سەرهەڵدانەی ئەمجارەی خەڵک کەوت، زۆریان خۆ بە قەرزداربارى کاربەدەستانی ئێرانی زانی و پێیان گەشانەوە.» سەرچاوە: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی یەکەم، قاجارییە.

۱- رەزاقولیخانی هیدایەت دەنووسێ خەڵک وا هارووژابوون کە «دەروازەکانی جەرگەقەڵا یان هەمان ئەرگی پیرۆزی میری گاڵە دران و لەسەر شوورەی بورجانەوە تۆپیان دابەستن و فەرمان درا کە شار و بازار و مزگەوت و گەرەک و کۆڵان خاپوور بکرێن و دەست لە قەڵتوبڕی ژن و پیاو نەپارێزرێ... .» سەرچاوە: رەوزەتوسسەفای ناسری، بەرگی ۹.

قوربانی خواست و تەماکانی خۆی دەکرد. لە مەیدان و بەستێنی شەڕەکانی نێوان ئێران و رووسیاشدا، هەر سیاسەت و ڕێبازی خەیانەتکارانەی ئینگلیس بوو کە بەدزی و بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر ئێراندا کلکی لەگەڵ حکوومەتی رووسیای قەیسەری لێکهاڵاندبوو. ئینگلیس بەم کار و هەنگاوانەی توانی مەزنانی گەمژەی بارگای ئێران بخەڵەتێنێ و ئەگەرچی بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران دەبوو پارێزەری ئەم وڵاتە بێ لە جەنگەی پەلاماری وڵاتێکی دیکەدا، بەڵام لە هەلێکی ئاوا ناسک و پێویستدا وەسەرخۆی نەهێنا و یاریدەی نەدا و ئێرانی لە بەرامبەر ڕقەبەرێکی ملهوڕی وەکوو رووسیای قەیسەریدا بەتەنیا بەجێهێشت.

کاتێک رووسیا ئێرانی وەکوو جاوی جوو هەڵپێچا کە بیونەبێ دەبێ خەسارەتی شەڕەکانی بۆ قەرەبوو بکاتەوە و ئێرانیش لە داری دنیایە هیچی وای شک نەدەبرد، ئینگلیس بە دووڕوویی و خەیانەت سینگی ڕەپێشدا و شای ئێرانی چۆڵەپێچ کرد هەتا بە وەرگرتنی دوومیلیۆن قران بەندی پێنجەمی پەیماننامەی نێوان ئێران و ئینگلیس هەڵوەشێنێتەوە کە دەیگوت ئەگەر وڵاتێکی دیکە پەلاماری ئێران بدا دەبێ ئینگلیس بچێتە هانای و ئاوا ئەم بەندەی لابرد کە هەتا ئەندازەیەک روون و ڕەوان بوو.[1] لێرەدا پێویستە وەبیری بێنینەوە کە سیاسەت و ڕێبازی داگیرکەرانە و پەرەگرتنی دەسەڵاتی رووسیا دەمێک بوو لە شێوەدوورگەی بالکانی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ڕەنگی دابۆوە. وەکوو ئاشکرایە هەوڵ و هەڵسووڕانی قەیسەران بۆ درپێدان و کردنەوەی ڕێگای قەفقاز و سواربوون بە سەر ڕێ و ڕەوگەکانی ئەو بەرزەکەدا، زیاتر بە مەبەستی دزەکردنیان بۆ ئاسیای بچووک و بە

١- رابێرت گرانت واتسۆنی ئینگلیسی لە کتێبی مێژووی قاجاردا دەنووسێ: «دەوڵەتی ئێران دەیگوت کە پەلاماری یەکەمجاری رووسیا بۆ گرتنی ناوچەی گۆگچە (گوگچای)، دەسدرێژی و هەنگاوێکی داگیرکەرانە بووە بۆ سەر خاکی ئێران. جا بۆیە دەوڵەتی ئێران بە مافی خۆی دەزانی کە تێچووی تەواوی ماوەی شەڕەکەی لە ئینگلیس بوێتەوە. ئینگلیس ئەم داوایەی ئێرانی بردەوە پاش، چونکە ئینگلیس پێی وابوو کە ئێران لە پێشدا هەڵیکوتاوەتە سەر رووسیا و لە ڕاستیدا دەوڵەتی ئێران دەسدرێژیکەرە... . لەم پرسەدا سێر جان مەکدۆناڵدی باڵوێزی ئینگلیس لە تاران خزمەتێکی بەنرخی پێشکەش بە حکوومەتەکەی خۆی کرد و توانی ئینگلیس لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەر شانی سەبارەت بە ئێران دەرباز بکا و لە لایەکی دیکەوە دانی ٢٠٠هەزار تمەن (دوومیلیۆن قران) لەو قۆناخە ناسک و قەیراناوییەدا بۆ دەوڵەتی ئێران زۆر چاکی جێ گرت.»

دەستەوە گرتنی دەریای ڕەش و گەمارۆدانی سەربازییانەی خاکی عوسمانی بوو؛ جا چونکە دەوڵەتی ڕووسیا لە شەڕەکانی باڵکان و کریمی (قریم)دا تووشی بەرەنگاربوونەوەی وڵاتانی ئورووپای خۆرنشین و بۆ وێنە ئینگلستان ببۆوە کە یاریدەی حکوومەتی عوسمانییان دەدا، دەیهەویست لە ڕێی قەفقازەوە پەلاماری ئەو بەشەی خاکی عوسمانی بدا کە کەوتبوویە قەڵەمڕەوی ئاسیاوە. ڕوون و ئاشکرایە کە ناکۆکی و کێشەی لەخۆوەی دوو دەوڵەتی گەورەی ئیسلامیی وەکوو ئێران و عوسمانی، خۆی زۆر چاک ڕێگای بۆ دابینبوونی ویست و ئامانجی داگیرکەرانە و بەکۆیلەبەرانەی ڕووس و ئینگلیس خۆش دەکرد. ئەگەر دوو حکوومەتی دراوسێ و هاودینی ئێران و عوسمانی بە باری سەربازیدا یەکبووبان و پشتی یەکتریان گرتبایە، دەیانتوانی هەم لە بەرەی قەفقاز و هەم لە بەرەی باڵکاندا زۆر بەچاکی بەر بە پەرەسەندنی بڕشت و دەسەڵاتی سەربازیی ڕووسیا بگرن و بیتاسێنن، بەڵام وەکوو دواتر باسی دەکەین، تەنینەوەی دەمارگرژیی بێجێی مەزهەبی، بێپسانەوە توانی ببێتە کۆسپ و گرێی یەکنەگرتوویی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە.

***

بنکەی ژین

بەشی ٧

# پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی

## کێشەی مەزارگە پیرۆزەکان

هۆگربوونی خەڵکی شیعەمەزەبی ئێران بۆ زیارەتکردنی مەزارگە و خاکی متفەرکی جێشەهیدبوونی ئیمامان لە هەرێمی دووچۆمانی عێراق یانی نەجەف و کەربەلا و کازمەین و تێهێنانی دژایەتی و زوڵم کردنی حوکمداران و گوێ لە مستانی دەمارگرژ و کەڵلەوێشکی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێشاندنی زیارتکەرانی ئێرانی. یەکێک لەو کێشانە بوو کە هەمیشە سەرنجی پادشاکانی ئێرانی بۆ لای خۆی رادەکێشا. هەبوونی چەند ناوچە و ئیوەندێکی هۆزنشین و خێڵبەزی سەر سنوورەکانی نێوان دوو حکومەتەکە و بێبەروپشتی و گێرەشێوێنیی تاقمێک لە میرانی خۆوڵاتیی وەکوو میرانی بەغدا و سولەیمانی و شارەزووریش ئەوەندەی دیکەی ئاوری رق و قین و دووبەرەکایەتیی نێوانیان خۆش دەکرد. لە هەموان گرینگتر کێشەی کەوشەنەکانی مابەینی ئێران و عوسمانی بوو کە پاش شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سەردەمی نادرشای ئەفشار و شکستە بێپسانەوەکانی سپای عوسمانی هەتا ئێستاش بەتەواوی چاک روون نەبیزوە و کێشەی نێوان دوو حکومەتەکە سەبارەت بە چەند سنوورێکی وەکوو ناوچەی سولەیمانی ـ شوێنی نیشتەجێبوونی هۆز و خێڵاتی بابان ـ چارەسەر نەکرابوو.[1] بەگوێرەی یاوی ئەو سەردەمە، میرانی سولەیمانی و شارەزوور زیاتر لە لایەن پاشای بەغداوە و بە

---

١- سنوورەکانی نێوان ئێران و عوسمانی پاش زنجیرەیەک شەڕ و تێکهەڵچوونی درێژخایەن، بۆ یەکەمجار لە سەردەمی فەرمانرەوایەتیی شاتۆماسبی یەکەمی سەفەوی و لە پەیماننامەی ئاشتی و پێکهاتنی نێوان دوو حکومەتەکەدا دیاری کران و جارێکی دیکەش لە رۆژگاری فەرمانرەوایەتیی شاسولەیمانی سەفەویدا ئۆباڵیان لەسەر کێشرایەوە. نادرشای ئەفشاریش بەپێی پەیماننامەکەی سەردەمی شاسولەیمانی سەفەوی کاتێک لەگەڵ حکومەتی عوسمانی گەیشتە پێکهاتن، بڕیارەکانی پێشووی گونجاندن.

ڕەزامەندیی کۆشکی دەسەڵاتی قاجار دیاری دەکران و دادەندران و گەلێک جاریش لەسەر دانانی میرانی ئەو ناوچە و مەلبەندانە، ناکۆکی دەکەوتە نێوان پاشای بەغدا و کاربەدەستانی ڕەسمیی ئێران لە باڵی خۆرنشین. کۆشک و بارگای عوسمانی کە لە ڕاستیدا ببوو بە داشی دامەی دەستی سەردارانی گەندەڵ و داوێنپیسی «یەنیچەری» و خاوەنی هیچ زیپک و زاکوون و بڕیارێک نەبوو، زیاتر هەر دەکەوتە شوێن ویست و دڵخوازی حوکمڕانانی بەغدا. ئەوەی ڕاستی بێ چونکە بارودۆخی حکوومەتی عوسمانی بە بارێکدا کەوتبوو کە پاشاکان یانی سەرکردە دەسەڵاتدارەکان لە بازنەی قەڵەمڕەوی خۆیاندا تەواو سەربەخۆ بوون و کەس نەیدەتوانی دەستیان وەبەربێنێ. بارگای عوسمانی لە کێشەی نێوان ئێران و پاشاکانی بەغدادا، وەکوو دەوڵەتێکی ڕەسمی و خاوەن فەرمان نەدەجووڵایەوە، بەڵکوو زیاتر وەکوو نێوبژیوانێک تێدەکەوت و دەیگوت ڕاسپاردەم و ڕاسپاردەش هیچیان لەسەر نییە. هەڵوێست و سیاسەتی هەلپەرستی و دووڕوویانەی بارگای عوسمانی لە حاند ئێران، بێبڕانەوە و لە تەواوی قۆناخەکانی مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، بوتە ڕێباز و هەوێنی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی عوسمانی. لە جەنگەی سەرقاڵنەبوون و بەتاڵیدا، هێزەکانی خۆی بە مەبەستی تاڵان و داڕووتاندن دەنارده سنوورەکانی ئێران و دنەی عێل و عەشیرەتەکانی سەر سنوورانی دەدا کە هەرا و ئاژاوە بنێنەوە؛ بەڵام هەر کە سپای ئێران دەیبەزاند یان لە بەرەی ئورووپادا گیرۆدەی شەڕی ڕووسیا دەبۆوە یان دەبوو لە هەرێمی شام تووشی تێکهەڵچوونی بێ لەگەڵ حەمەعەلیپاشا، خێرایەکی دەستی دۆستایەتیی بۆ لای ئێران ڕادەکێشا و دەکەوتە ناردنی باڵوێزانی تایبەت و داوای لێبووردنی دەکرد و ئاوا سیاسەتوانانی بەرچاوبەرین و لێبووردە یان لە گوێی گادا خەوتووی ئێرانی لە خشتە دەبرد. ڕاست هەر لەو کاتەشدا دەستێژەکانی پاشای بەغدا لە نەجەف و کەربەلا دەکەوتنە ئازاردان و ئێشاندنی زیارەتکەرانی ئێرانی و خۆیان لە هیچ چەشنە سووکایەتی و پێپەستکردنی جەماوەری ئێرانی نەدەپاراست.

هەلپەی ئیمپراتوریی عوسمانی بۆ بەرفرەوانبوونەوەی خاک و قەڵەمڕەوی و تەنینەوەی کۆمەڵێک گیرە و کێشەی هەڵقوڵاوی بواری بەرچاوتەنگی و دەمارگرژیی خەڵکی ئێران و عوسمانی کە مەلای هەردک لایان بێپسانەوە پەرەیان

پێ‌دەدا، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حكوومەتی سەفەوی‌را هەتا شۆڕشی مەشرووتە هۆكاری ڕوون و ڕێوڕاستی قەومانی شەڕ و كێشەی نێوان ئێران و عوسمانی بووە. بە مەبەستی نیشاندانی ئاوری كێشەكێش و دووبەرەكایەتی و ڕێگرتن لە یەكییەتی و پێكهاتنی ئەم دوو دەوڵەتە مسوڵمانە، هەڵوێست و سیاسەتی بەكۆیلەبەرانەی دەوڵەتانی ئورووپایی، بەتایبەت ڕێبازی شوومی ئینگلستان و ڕووسیای قەیسەری، بێ‌پسانەوە چەند بیانوویەكیان دەوروووژاندن و ئاوری هەراكەیان خۆشتر دەكرد كە سەرەنجام لاواز بوون و سیابەختیی هەردوو لای لێ‌دەكەوتەوە.

## كێشەی حوكمڕانییەتیی سولەیمانی

برایمپاشای حوكمڕانی هەرێمی شارەزوور، بەردی بناغەی قەڵای سولەیمانییەی لە خۆراوای ئەو شارە دانا و جەماوەرێكی هۆزی «بابان»ی ڕاگواستن و لەوێی نیشتەجێ كردن. بەپێی دەقی پەیماننامەیەكی كە نادرشای ئەفشار ساڵی ١١٥٩ی ك/١٧٤٦ی ز. لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی نووسیی، قەڵای سولەیمانی و تەواوی شارەدێ و دێهاتەكانی دەوروبەری بوونە قەڵەمڕەوی ئێران. پاش برایمپاشا، حكوومەتی سولەیمانی و شارەزوور درایە دەست ئاوڕەحمانی برای، بەڵام عەلی‌پاشای حوكمڕانی بەغدا نارەزامەندیی دەربڕی و ساڵی ١٢٢٠ی ك/١٨٠٥ی ز. بە زەبری چەك لە شارەزووری دەرپەڕاند. [پاشای بەبە] ڕۆیی بۆ سنە و داوای لە ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵانی والیی كوردستان كرد هەتا یاریدەی بدا. ئەمانوڵڵاخان پاش ئیزن وەرگرتن لە فەتحعەلی‌شا. لیبڕا كە ئاوڕەحمان بەریتەوە سەر جێی جارانی و بیكاتەوە حوكمڕانی شارەزوور، بەڵام ڕاست لەو كاتەدا «ئەحمەد چەلەبی» لە لایەن پاشای بەغداوە بۆ دەربڕینی نارەزامەندی سەبارەت بەم كارە، لە چیمەنی سولتانییە گەیشتە خزمەت پادشای ئێران. فەتحعەلی‌شا، محەممەدسادقی وەقایعنگاری لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی ناردە بەغدا هەتا سەبارەت بە ئاوڕەحمان لەگەڵ عەلی‌پاشا بكەوێتە گوفتوگۆ، بەڵام حوكمڕانی بەغدا هیچ گوێی بۆ قسەكانی وەقایعنگار و فەتحعەلی‌شا شل نەكرد و خالیدپاشای كردە میرهەرێمی شارەزوور، ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان بە فەرمانی پادشای ئێران، ئاوڕەحمانی بە زەبری هێزی چەكدار بردەوە شارەزوور و خالیدپاشای دەستنێژی پاشای بەغدای دەرپەڕاند.

نابێ لە بیرمان بچێ کە ئاورەحمان[ی پاشای بەبە] توانیبووی لە تاران چاوی بە پادشای ئێران بکەوێ و خەلاتێکی زۆر وەربگرێ و پاشان بگەڕێتەوە سنە. ئەم ڕووداوەی کە شارەزووری هەژاند، بوو بە هۆی سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕ و تێکهەڵچوونی بێبڕانەوەی نێوان هێزەکانی ئێران و عوسمانی لە خۆرنشین و زیانی مەعنەویی ئەم شەڕانە بۆ ئێران کە سەرقاڵی شەڕ بوو لەگەڵ ڕووسیا، زیاتر بوو لەم زەبرەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی وەشا.

## شەڕی مەریوان (١٢٢١ی ک/١٨٠٦ی ز)

فەتحعەلیشا بە مەبەستی پاراستنی سنوورەکانی باڵی خۆرنشین لە دەستدرێژی و پەلاماری هێزەکانی عوسمانی و دەمکوتکردنی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی ناوچەیی، کوڕی دووهەمی خۆی یانی محەممەدعەلیمیرزا دەوڵەتشای[1] لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی لێوەشاوەی وەک برایمخانی دەوڵلووی قاجار و حەمەعەلیخانی شامبەیاتی و کۆمەڵێک چەکدار نارده قوڵی خۆرنشین و حکوومەتی تەواوی ناوچە و هەرێمەکانی خۆرنشینی ئێرانی لە خۆراوای ئازەربایجانەوە هەتا بەسرە دایە دەست دەوڵەتشا. شازادە مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٢٢١ی کۆچی بە ڕێگای قەزوین و هەمەداندا بەرەو کرماشان بزووت و ئەو کاتەی گەیبوویە هەمەدان، عەلیپاشای بەغدا بە خۆی و سیهەزار چەکدارەوە هەتا «زەهاو»ی خۆراوای کرماشان ئەسپی تاو دا و لەوێوە سولەیمانپاشای کەهیای خوشکەزای خۆی بە ١٥هەزار سوارەی عەرەب و گورجییەوە نارده شارەزوور. ئاورەحمانی دەستنێژی ئێران لە شارەزوور خۆی بۆ ڕانەگیرا و شارەکەی چۆڵ کرد و بەرەو سنە ڕەوی. عەلیپاشا هەر هات و ڕانەوەستا و گەیشتە نێزیک «پاتاق». لەو دەمەدا سپاسالاری هێزە چەکدارەکانی ئێران لە ئازەربایجان،

---

١- دەگێڕنەوە ئەو دەمەی کە محەممەدعەلیمیرزا منداڵ دەبێ، ئاغامحەممەدخان لێی دەپرسێ ئەگەر بوویە پادشا چ دەکەی؟ ئەویش وڵامی دەداتەوە: «لەرێوە دەتکووژم.» ئەم وڵامە پتەوە کارێکی وای کرد کە هەباسمیرزای برای کە لەو بچووکتر بوو بە جێگرەوەی میر هەڵبژێردرێ. (مێژووی ئێران، سێر پێرسی سایکس، بەرگی٢)، گێرانەوەکەی سایکس هەڵبەستراوە، چونکە بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی نێوخۆیی، هەباسمیرزا کوڕی گەورەی بووە و محەممەدعەلیمیرزا بە تەمەن بەرەژێرتر و کوڕی دووهەمی فەتحعەلیشا بووە.

لەشکرێکی بە سەرکردایەتیی نەورۆزخانی میرپبار بەرەو کوردستان نارد و عەلیپاشا بۆ ئەوەی پێشی پێبگرێ و نەهێلێ بگاتە شارەزوور، ملی ڕێگای باکووری گرت و لە کەنار چۆمی سیروان (گاماسیاو) لەشکربەزی کرد.

نەورۆزخان پاش ئەوەی گەیشتە نێو هۆردووی دەولەتشا، شازادە ڕایسپارد کە لەگەڵ پۆلە سوارێکی مەدانلوو و جیهانبەگلوو ناوچەکانی مابەینی «مەندەلیج» و «یاقوویە»[1] تاڵان بکەن و شکستەی سپای عەلیپاشا کە هێشتا هەر لە زەهاو بوون، بەرەو باڵی خۆراوا هەلبرن. سەرکردەی ئێرانی، توانی فەتاحپاشای سەرکردەی عوسمانی لە «زەهاو» بشکێنێ و چەکدارێکی زۆری تورکانیش بە دیل بگرێ. سەرکردەی بەزیوی عوسمانی لە قەراغ چۆمی سیروان خۆی گەیاندە عەلیپاشا.

دەولەتشا پێش تێکهەڵچوون لەگەڵ عەلیپاشا، داوای لە فەتحعەلیشای باوکی کرد کە هێزێک بنێرێتە یاریدەی و ئەویش دیسان سێ سەرکردەی سپای بەرەو خۆرنشین گاڵدان. لە لایەکی دیکەوە عەلیپاشاش لەشکری خۆی لە کەنار چۆمی سیروانەوە گواستەوە بۆ دەشتی مەریوان و لەو شەرگەیە شەڕێکی سەخت لە نێوان خەنیمەکاندا قەوما. سەفییارخانی کوردبەچە کە سەرکردەی باڵی چەپی سپای ئێران بوو لەگەڵ باڵی ڕاستی لەشکری تورکان پێکداهات. هێز و پەلی چەکدارانی کورد و ئەردەلانییەکان لە باڵی ڕاست دامەزران و جەرگەی سپا ئەسپاردەی ئەمانوڵلاخانی ئەردەلان و قەرەجوڵلاخانی ئەفشار کرا. سپای عوسمانی بێجگە لە عەلیپاشای حوکمرانی بەغدا، سولەیمانپاشای کەهیا و خالیدپاشا و سلێمانپاشای کەرکووک و کۆمەڵێک دەستەوبەستەی عەرەبیش تێیدا بەشدار بوون. سپای ئێران لە باڵی چەپەوە لەشکری خەنیمی شکاند؛ کەهیا کە سەرکردەی باڵی ڕاستی هێزی عوسمانی بوو، دەستی لە بەرەی خۆی هەلگرت و بەهەشتاو ڕۆیی بۆ یاریدەی باڵی چەپی لەشکری تورکان. بەڵام سەفییارخان زۆر ئازایانە کەوتە بەرەنگاری و لە گەرمەی شەڕدا کەهیای گرت. سەرەنجام سپای تورک شکستی لە چارەی نووسرا و سێهەزار کەسێکیان کوژران و ئەوانەی دەرچووبوون بە ڕاکەڕاکە و پەشێوی و پەرێشانی خۆیان گەیاندەوە هۆردووگای عەلیپاشا و سوارانی ئێرانی قوولەیان پێکردن و هەتا نێزیک تاوڵی سەراپەردەی عەلیپاشا ڕاویاننان.

---

١- یەعقووبییە

عەلیپاشا دوای ئەم شکانە، «شێخ محەممەدجەعفەری لەحساوی»ی بۆ تکا و کەیخودایەتی نارده لای محەممەدعەلیمیرزا دەولەتشا. لەبەر تکا و پارانەوەی شێخ، شازادە تێکرای دیلەکانی عوسمانی ئازاد کردن کە پتر لە چوارهەزار کەس بوون، بەڵام سولەیمانپاشای کەهیای نارده تاران. شێخ لەحساوی ڕۆیی بۆ تاران هەتا کەهیا لەو بەندە ڕزگار بکا. فەتحعەلیشا کەهیای بەخشی و کەولی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی دووچۆمانیشی خستە سەر شانی. هەروەها ئاوڕەحمانی [بابانیشی] کردەوە میرهەرێمی شارەزوور و بۆ دووهەمجار میرزا سادقی وەقایعنگاری وەکوو باڵوێز ناردەوە بارگای عوسمانی.

ساڵی دواتر عەلیپاشا دەستی لە دنیا بەردا و سولەیمانپاشای کەهیا کە جڵەوی حکوومەتی دووچۆمانی درابوویە، لە جێگای وی بوو بە میرهەرێمی بەغدا. هەر لەو ساڵەدا سوڵتان سەلیمخانی سێهەم مرد[1] و سوڵتان مستەفای چوارەم (١٢٢٢ـ ١٢٢٣ی ک/١٨٠٧ـ ١٨٠٨ی ز) جێی گرتەوە و ڕەزامەندیی خۆی بۆ حکوومەتی کەهیا دەربڕی. پادشای ئێرانیش بە مەبەستی پیرۆزبایی لە سوڵتانی نوێ، ئاغا شێخ برامی شێخولئیسلامی خۆیەی نارده ئیسلامبووڵ و بەم شێوەیە جارێ دوو دەوڵەتەکە ناکۆکیی سیاسییان لە نێواندا نەما و پەیوەندیی دۆستایەتی باڵی بە سەر کێشان.

## هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر بەغدا (٢٢٧ای ک/١٨١٢ای ز)

گۆڕینەوەی باڵوێز لە نێوان ئێران و عوسمانیدا، بۆ ماوەی پێنج ساڵان نەیهێشت کە شەڕێکی تازەیان لە مابەینیدا بقەومێ. سوڵتان مەحموودخانی دووهەم ـ کە ساڵی ١٢٢٣ تا ١٢٥٥ی کۆچی/١٨٠٨ـ ١٨٣٩ی زایینی حکوومەتی کرد ـ بە مەبەستی پتەو کردنی بناغەی ئاشتی و بۆ ئەوەی کە پادشای ئێران لەو کاتەدا سەرقاڵ و گیرۆدەی شەڕ بوو لەگەڵ دوژمنی عوسمانی واتە ڕووسیا، شاندێکی پایەبەرزانی وڵاتەکەی خۆی ناردن بۆ تاران کە سەرناسەکانیان بریتی بوون لە: عەبدولوەهابپاشا، شاکرپاشا و حیرەتپاشا. ئەم شاندە مانگی ڕەبیعی دووهەمی ساڵی ١٢٢٦ی کۆچی گەیشتنە پایتەختی ئێران و بەپێی دیدار و وتوویژیان لەگەڵ میرزا شەفیعی سەرۆکوەزیری ئێران، وا ڕێککەوتن کە

---

١- نیزیکەی ١٩ ساڵی حکوومەت کردووە، ١٢٠٣- ١٢٢٢ی ک/١٧٨٨- ١٨٠٧ی زایینی.

حوکمداری شارەزوور هەمیشە لە لایەن کۆشکی دەسەڵاتی ئێرانەوە دیاری بکرێ و کەسێکیش بکرێتە میرهەرێمی بەغدا کە پیاوێکی لەسەرەخۆ و ئاشتیخواز و باوەڕپێکراوی هەردوولا بێ. هەروەها بڕیار درا کە میرانی عوسمانی لە نەجەف و کەربەلا دەست لە ئازار و ئێشاندنی زیارەتکەرانی ئێرانی هەڵبگرن و هەردک دەولەتەکە سوور بن لەسەر دوژمنایەتیکردنی رووسیا و ئەگەر لایەکیان پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ رووسیا مۆر بکا، دەبێ لە دەقی پەیماننامەکەدا بەرژەوەندیی لایەنەکەی دیکە رەچاو بکا. عەبدولوەهابپاشا لەسەر ئێزنی فەتحعەلیشا لە تەورێز مایەوە و ئەوانی دیکەش گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

خۆ راستە کە گۆڕینەوەی باڵوێزی نێوان دوو دەولەتەکە بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسیی ئەو زەمانە تەواو پێویست و پێشنیارەکانی حکوومەتی عوسمانی بەجێوڕێ و بە قازانجی هەردوو لا بوو، بەڵام وا وێدەچێ کە تەنیا فرتوفێڵێکی سیاسی بووبێ و رەنگە سوڵتانی عوسمانی پێوەبووبێ کە سەرکردەکانی سپای باڵی خۆرنشین هەڵخەڵەتێنێ و بیریان بە لاڕێدا بەرێ و نەهێڵێ بکەونە چالاکی و هێرشی سەربازێ لە هەرێمی دووچۆماندا. دەبێ ئەم بۆچوونە وابێ، چونکە هێشتا پەیمانەکە هێندەی بە سەردا تێنەپەڕیبوو کە سەرلەنوێ پاشای بەغدا بە چاوهەڵتەکاندن و فیتی سوڵتانی عوسمانی ئاوری ناکۆکی و شەڕی هەڵگیرساندەوە.

عەولاپاشای حوکمڕانی تازەی بەغدا کە بەبێ دەربڕینی ڕەزامەندی لە لایەن فەتحعەلیشاوە سوڵتانی عوسمانی لەوێی دانابوو، لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٢٢٧ی ک/١٨١٢ی زایینیدا، شارەزووری لە چنگ ئاوڕەحمانپاشای دەستنێژی ئێران دەرکێشایەوە و سمایلئاغای حوکمداری «هەولێر»ی نارده تاران و رایئەسپارد کە چونکە بوونی ئاوڕەحمان لە شارەزوور ناکۆکی و کێشەی نێوان دوو دەولەتەکەی لێدەکەوێتەوە، وا باشە بۆ چاکەی هەردک لا حکوومەتی ئەو هەرێمە بدرێتە دەست کەسێکی دیکە. فەتحعەلیشا بەو قسە و ڕاسپاردە و خودبەسەرییەی پاشای بەغدا پڕیشکاندی و چونکە سوڵتانی عوسمانی بەپێچەوانەی پەیمانی خۆیان، لە جەنگەی نووسینی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ڕووسیادا هەر لەتەرکێن ناوی ئێرانی نەهێنابوو و قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەوی وەبەرچاو نەگرتبوو، فەرمانی دا تا محەممەدعەلیمیرزای کوڕی بەپێچەوانەی مەیل و ویستی سوڵتانی عوسمانی و

پاشای بەغدا. ئاوڕەحمان بەرێتەوە سەر دۆخی جارانی و حکوومەتی شارەزووری بداتەوە دەستی. ئەم هەڵوێست و هەنگاوە خۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی تازەی لێکەوتەوە.

محەممەدعەلیمیرزا دەوڵەتشا سەرەتا مەهدیخانی کەڵهوڕی نارده بەغدا هەتا عەولاپاشا بە پێشنیارەکانی ڕازی بێ، بەڵام چونکە میرهەرێمی بەغدا حازر نەبوو چاوی بە ئێردراوی ئێران بکەوێ، هێزەکانی دەوڵەتشا لە مانگی شابانی ساڵی ١٢٢٧ی ک/ ١٨١٢ی زایینیدا هێرشیان بردە سەر بەغدا. سپای ئێران لە سێ قۆڵی قەرەتەپە و قزڵڕەبات و زەهاوەوە بەرەو بەغدا بزووتن و خودی شازادەش لەگەڵ قۆڵی زەهاو دەجمی. لەشکری ئێران توانی لە کرند و زەهاو و دەوروبەری هەولێر سپای تورکان بشکێنێ. عەولاپاشا جارێکی دیکەش کەوتەوە فێڵوفرتان و توانی شازادەی گەمژەی قاجار هەڵخەڵەتێنێ. میرهەرێمی بەغدا هات و شێخ محەممەدنجەعفەری نەجەفی، یەکێک لە مەزنەمەلاکانی شیعەی نەجەفی کردە تکاکار لە لای دەوڵەتشا و وای نواند کە هەر لە سەرەتاوە پێشنیارەکەی شازادەی بە دڵ بووە و قەومانی شەڕی نێوان دوو نەتەوەی مسوڵمان هەمیشە نابەجێیە. بەم شێوەیە بۆی لوا کە هەستی دینیی دەوڵەتشا بهاروژێنێ و هەڵمەتی هێزەکانی ئێرانی پەک بخا. پاشا بەناچاری ملی بۆ دانانەوەی ئاوڕەحمانپاشا لەسەر کورسیی دەسەڵاتی شارەزوور ڕاکێشا و دەوڵەتشا هێزەکانی خۆی لە دەوری بەغدا کێشایەوە و ئاوا ترسی گەمارۆی شارەکە ڕەوییەوە.

دوای ئەو پەلامارە، بارگای عوسمانی زانی کە هێزەکانی ئێرانی چییان لە باراندایە و بۆ ماوەیەک ئارامی باڵی بە سەر سنوورەکانی باڵی خۆرنشین کێشا. عەولاپاشا بە دەست ئەسعەدی کوڕی سولەیمانپاشای کەهیا کوژرا کە عەرەبەکانی «بەنی مونتەفەک» لێیان دنە دابوو. ئەسعەدپاشا بە ڕەزامەندیی بارگای دەسەڵاتی ئێران و لە ڕێگای نوێنەرێکەوە کە فەتحعەلیشا ناردی بۆ تاران، ساڵی ١٢٢٨ی ک/١٨١٣ی زایینی، بوو بە حوکمداری بەغدا. لەو سەروبەندەدا باڵوێزێکی تایبەت بە ناوی جەلالەددینپاشا لە لایەن سوڵتانی عوسمانیڕا گەیشتە تاران و ماوەیەک بە بەشداریی عەبدلوەهابپاشا و میرزا ڕەزا قەزوینی لەسەر چارەسەری ناکۆکییەکانی سنووران کەوتنە دانیشتن و گوفتوگۆ. سەرەنجام فەتحعەلیشا، «میرزا ڕەزا قەزوینی»ی لەگەڵ باڵوێزە تایبەتەکەی سوڵتان نارد بۆ ئیسلامبووڵ،

بارگای عوسمانی تەواوی پێشنیارەکانی فەتحعەلیشای سەبارەت بە حکوومەتی شارەزوور و بەغدا و کێشە و بابەتی زیارەتکەرانی ئێرانی لە مەزارگەی پیرۆزی ئیمامان و ناکۆکییەکانی سنوورانی قبووڵ کرد و نێردراوی ئێران لە بنەبانی مانگی قوربانی ساڵی ١٢٢٩ی کۆچیدا گەڕایەوە تاران.

## **نەپسانەوەی شەڕ و تێکهەڵچوونی سەر سنوورەکانی خۆرنشین**

قۆناخی هێوری و ئارامیی کاتی لە سەر سنوورەکانی خۆرنشینی ئێران. لە ساڵی ١٢٣٦ی ک./١٨٢٠ی زایینیدا کۆتایی پێهات و میرانی تورک و فەرماندەکانیان سەرلەنوێ بیانووی تازەیان بۆ هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەڕ داتاشی[1] و حوکمدارانی تورک لە ئەرمەنستانی عوسمانی هەر چۆنێکی بۆیان کرابا خێڵاتی سنوورەکانی ئازەربایجان و کوردستانیان هەڵدەخەڵەتاندن و دنەیان دەدان. سەرەتای ساڵی ١٢٣٦ی کۆچی، قاسمئاغای حەیدەرانلوو بە فیتی سولەیمانپاشای میری ناوچەی مووش و بایەزید، لەگەڵ عێل و عەشیرەتی خۆی قەڵەمڕەوی ئێرانی چۆڵ کرد و بە خێڵ و بارەوە گەیشتە خاکی عوسمانی و بەشێک لە خێڵی «سیپکی»ش رەگەڵیان کەوتن. کاتێک سنووردارانی ئێرانی ویستیان رێیان پێ بگرن، سپاسالاری سپای تورکان لە ئەرمەنستان خۆی تێوەردا.[2] لە لایەکی دیکەوە پیاوێک بە ناوی سادقبەگ کە دەیگوت کوری سولەیمانپاشای کەهیایە و داودپاشای حوکمرانی بەغدا شوێتی لە دوای دەگێڕی، پەنای بردە بەر هۆردووی هەباسمیرزا. حوکمرانی ئەرزەڕۆم داوای لە شازادەی جێگرەوەیمیری ئێران کرد کە کابرای هەڵاتوو رادەست بکاتەوە و هەباسمیرزاش بۆ پاراستنی دۆستایەتی و بەرگرتن لە قەومانی شەر، سادقبەگ و هاورێیانی ناردن بۆ ئەرزەڕۆم، بەڵام حافزمحەممەدپاشای حوکمرانی ئەرزەڕۆم بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی کە دابووی بە شازادەی ئێران، بە شێوەیەکی ناجوامێرانە سادقبەگ و تێکرای هاورێیانی کوشت.

---

١- سێر پێرسی سایکس لە کتێبی مێژووی ئێراندا دەنووسێ کە مازارۆویچی باڵوێزی رووسیا لە تاران شەر و گەری دەنایەوە و هەرای ئەمجارەش هەر بە فیتی ئەو بوو.
٢- شاری وان «ڤان»، نێوەندی سەرکردایەتیی هێزەکانی عوسمانی بوو.

سەرجەمی ئەو ڕووداوانەی کە باسیان کرا و بەگشتی لووتبەرزی و فیز و دەماری نێو ڕیزەکانی سپای «یەنیچەری» کە وەک شەپۆلێکی تایبەت سەرهێز و سەرلک و تەواوی سەرکردەکانی گرتبۆوە، فەتحعەلیشای هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە زەبرێکی چاکیان لێ بوەشێنێ و بە دەستی زۆر و هێزی چەک سەر بە سوڵتانی عوسمانی نەوی بکا و پەیمانی لەگەڵ بنووسێ و بۆچوونەکانی پێ بسەلمێنێ.[1]

لە کلکەی ساڵی ١٢٣٦دا فەرمانی پەلاماردرانی سپای تورک پەسند کرا و دوو قۆشەنی زۆر و زەوەند لە ئازەربایجان و کرماشان خۆیان بۆ هێرش ساز و تەیار کرد. یەکەمین هەڵمەتی هێزەکانی ئێرانی بۆ هەرێمی ئەرمەنستان و دووچۆمان لە مانگی قوربانی ١٢٣٦دا دەستی پێکرد. لەشکری ئازەربایجان بە سەرکردایەتیی هەباسمیرزا بە ڕێگای «خۆ» و ماکۆدا بەرەو بایەزید و ئەرزەڕۆم کشان و لە یەکەم تێکهەڵچوون لەگەڵ سپای تورکان لە نیزیک «تۆپراققەڵا»، سەربازانی تورک بەزین و پەنایان بردە بەر شووره و دیواری قەڵا و دەرگایان لەسەر خۆیان گالە دا. حەسەنخانی قاجاری قەزوینی. سەرکردەی هێزەکانی ئێران قەڵاکەی گەمارۆ دا و نیزیکەی چوارهەزار کەسی لێ کوشتن و قەڵاکەشی لێ گرتن. لە لایەکی دیکەوە هەباسمیرزا بە تەقڵەکوت خۆی گەیاندە بایەزید و «بالووڵپاشا»ی حوکمرانی ناوچەکەی بەتەواوی بەزاند و چۆکی پێدادا و قەڵای «ئاقسەرا»ی لە چنگی دەرهێنا و سەرکەوتووانە گەیشتە بایەزید و میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام کە مامۆستای هەباسمیرزا و منداڵەکانی بوو، لەو شارەدا خوتبەی بە ناوی فەتحعەلیشاوە خوێندەوە. هەباسمیرزا پاش پاکتاوکردنی ناوچەی بایەزید و دەوروپشتی و دەرپەڕاندنی هێزەکانی تورک، چەند بنکەیەکی لە قەڵا گیراوەکان

[1]- عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود سەرۆکی وەهابییەکانی عەرەبستان پەلاماری مەکەی دا و وڵاتێکی زۆری وێران کرد و چونکە حکوومەتی عوسمانی دەروەستیان نەدەهات، فەتحعەلیشا، حاجی حەیدەرعەلیخانی برازای حاجی برایمخانی کەلانتەری شیرازیی بە گەلێک دیاری و نامەوە ناردە لای محەممەدعەلیپاشای میسر کە دژی ئیمپراتۆری عوسمانی خۆی ئابوویە ڕاپەڕین و بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ساز ببوو. پادشای ئێران داوای لێکرد کە یان خۆی ڕاستەوخۆ کۆمەڵی وەهابی دەمکوت بکا یان هەواڵ بنێرێ هەتا هێزی ئێرانی تەقووڕەویان تێبخەن. محەممەدعەلیپاشا هێزێکی ناردە عەرەبستان و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودی گرت و ناردی بۆ بارگای عوسمانی و لەوێ بە فەرمانی سوڵتانی وڵات کوژرا.

دانا و چەکداری لێ دامەزراندن و پاشان قوشەنی خۆی بۆ پەلامارێکی نوێ لە دەشتی مەلازگرد کۆ کردەوە. دوای برانەوەی هەڵمەتی یەکەم، خەنیمەتێکی زۆر و ١٦ تۆپ کەوتنە دەستی هێزەکانی ئێرانی و لەشکری هەباس‌میرزا توانی بە سەر رێ و رەوگەی هەستیار و بارناسکی سەربازیی ئەرزەرۆمدا سوار بێ و شازادە هەوساری هەڵمەتەکانی کەوتە دەستی.

ئەو دەمەی کە هەیاس‌میرزا دەیهەویست هێرش بکاتە سەر ئەرزەرۆم، خوسرەومحەممەدپاشا شارەکەی بەرەڵلا کرد و پەنای بردە بەر «ئارین‌قەڵا»ی باشووری ئەرزەرۆم. هەباس‌میرزا، محەممەدزەمانی قاجاری بە دووهەزار پیادە و هەشت‌هەزار سوارەوە ناردە سەر قۆشەنی کۆوەبووی دەوری «حەسەن‌قەڵا» هەتا زەبریان لێ‌بوەشێنن، بەڵام کاکەی سەرکردە لەناکاو کەوتە نێو بۆسە و گەمارۆی سپای تورکان و هاواری نارد بۆ شازادەی ئێران هەتا بکاتە هانای. هەباس‌میرزا ئەسپی لینگ دا و خێرایەکی چووە فریای و دوو دەستەی سپای تورکانی لە «بولاتولق»ی نیزیک قەڵای مووش تێکهارین و گەمارۆی دەوری محەممەدخانی شکاند. لەو شەڕەدا ١٧ تۆپ و نیزیکەی ٢٠٠هەزار سەر یەکسم و مەڕ و ماڵات کەوتنە چنگ سپای ئێران. هەر لەو وەختەدا لەشکری ئێران توانی قەڵای مەلازگرد بگرێ و سەرکردەیەکی دیکەی ئێرانی بە ناوی «حوسێن‌خانی سەردار»یش دەستی بە سەر قەڵاتی مووشدا گرت. لە کۆتایی ئەم هێرشەدا قەڵای بایەزید، ئابشگردیادین، مەلازگرد، بدلیس، مووش، ئەخلات و توپراق‌قەڵا کە سەنگەری سەخت و پتەوی تورکان بوون لە هەرێمی ئەرمەنستان گیران و سپای ئێران ٤٨ تۆپ و گەلێک دەسکەوتی دیکەی کۆکردنەوە (مانگی سەفەری ١٢٣٧ی کۆچی). لەو هەرایەدا کۆشکی دەسەڵاتی عوسمانی بە مەبەستی وەدەست هێنانی دڵی شازادە و فەتحعەلی‌شا، حوکمرانی ئەرزەرۆمی لەسەر کار لابرد.

لەشکرێکی دیکەی ئێران بە سەرکردایەتیی دەولەتشا لە دەورووبەری شارەزوور و لە گوێی چۆمی سیروان بە یاریدەی حەسەن‌خانی فەیلی و شەرکەرانی لورستان، شکستیان بە سەر شانی حەمەدئاغای کەهیا و مەحموودپاشادا هێنا و راکردووانی تورکیان هەتا کەرکووک هەڵبڕی (محەررەمی ١٢٣٧ی ک/١٨٢١ی ز). دەولەتشا سولەیمانییەی گرت و بە ڕێگای «سامەڕا»دا هێرشی بردە سەر بەغدا. داودپاشای حوکمرانی بەغدا کەوتە نێو بازنەی گەمارۆ و

شێخ مووسای کوڕی ئەو شێخ جەعفەرەی نەجەفی کە پێشتر باسی کرا. وەکوو تکاکار نێردرایە لای دەوڵەتشا، کەچی ڕاست لەو کاتەدا دەوڵەتشا نەخۆش کەوت و لە جێی «تاقی‌کەسرا» کۆچی‌دوایی کرد (٢٦ی سەفەری ١٢٣٧).

## شەڕی تۆپراققەڵا

بارگای دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش هێزەکانی خۆی لە بەرامبەر ئێراندا بە تاقی بکاتەوە. قۆشەنێکی قورس و گرانی حەفتاهەزار کەسەی بە سەرکردایەتیی حەمەدەمین‌ڕەئووف‌پاشا و چەند سەرکردەیەکی شارەزا و شەڕدیدەی خۆی نارده ئەرزەرۆم هەتا ناوچە گیراوەکانی هەرێمی ئەرمەنستان لە چنگ سپای ئێران دەرکێشنەوە. حەسەن‌خانی قەزوێنی دەستەیەک لە پێشەنگانی هێزەکانی تورکی لە قارس بەزاندن و دیلەکانیشی ناردن بۆ لای شازادەی جێگرەوەی‌میر لە «خۆ»یە. کاتێک شازادە خەبەری بۆ هات کە سپای عوسمانی بزووتووە و دەورەی تۆپراق‌قەڵای گرتووە کە ١٢٠ سەربازی ئێرانی دەیپارێزن، بەلەز بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیی (مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٣٧). سەرەتا ئەو کۆمەڵە ئەرمەنییەی تێکشکاندن کە لە «قەرەکلیسا»ی سەر ڕێگای تۆپراق‌قەڵا لێی دامەزرابوون. کاتێک شازادە بۆی دەرکەوت کە دژدارانی ئێرانی تەنگیان پێ هەڵچندراوە و چۆڵەپێچ کراون، وێڕای چوارهەزار سوارەی هەڵبژاردەی زەبروەشێن ڕەوی بردە نێو قەڵا و هێندەی خۆ لە بەر لێشاوی لەشکری تورکان ڕاگرت هەتا هێزەکانی دیکەی ئێرانی سەر و سۆراغیان پەیدا بوو. شەڕێکی یەکجار دژوار و خوێنین قەوما و کار لە تۆپ و تفەنگان دەرچوو و گەیشتە شیرهەڵکێشان و خەنجەروەشاندن. لەو شەڕەدا چەکدارانی ئێرانی زۆر ئازایانە دەستیان کردەوە و ئاخرییەکەی دوای شەووڕۆژێک، سپای تورکان بە شل و شەکەتی تێما. جەلالدین‌محەممەد چووپان‌ئۆغلی هەڵات و سەرکردەکانی دیکەش هەر یەکەی بە لایەکدا ڕەوین و سەرلەبەری هۆردووگا و چەکوچۆڵ و جبەخانە و تۆپخانەی تورکان کەوتنە چنگ هێزەکانی ئێران و لەو قۆشەنە قورس و گرانەی هاتبوو تەنیا بیست‌هەزار کەسێکیان گەڕانەوە ئەرزەرۆم (مانگی شەشەکانی ١٢٣٧ی کۆچی).

سەرکردەکانی لەشکری شازادە دنەیان دەدا هەتا بکەویتە پەیکەردەی شکستەی سپای تورک و قریان تێبخا، بەلام چونکە دەیزانی لەشکرەکەی ماندووە و پێویستی بە وچان و حەسانەوەیە. بە گوێی نەکردن و لە دەشتی خۆش و دلگر و بژوێنی «خالیاز» لەشکربەزی کرد و میرزا تەقیخانی فەراهانی کە یەکێک بوو لە پەروەردەکراوانی قایمەقامی فەراهانی و پیاوێکی چازان و زمانلووس بوو، ناردە ئەرزەڕۆم هەتا لەگەڵ دوژمنی بەزیو سەبارەت بە بڕانەوەی شەڕ و نووسینی پەیماننامەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی سنووران بکەوێتە وتوویژ.

کاتێک هەوالی سەرکەوتنەکانی شازادە هەباس‌میرزا لە ئەرمەنستان بە گوێی فەتحعەلیشای باوکی ئاشنا کرا، بۆ ئەوەی بە یەکجاری قۆشەنی تورک بشکێنێ و پەلامارەکانی بالی خۆرنشین کە لەبەر نەمانی دەولەتشا هەلپەسێردرابوون دەست پێبکەنەوە، چەند میرێکی خزراوای لەگەڵ هێزی چەکدار بەرەو بەغدا و شارەزوور بەرێکردن و سێ هێزی ئێرانی لە رێی کوردستان و کرماشانەوە بەرەو دووچۆمان بزووتن. بەلام لەو کاتەدا نەخۆشیی زکچوون و ڕشانەوە لە عێراق سەری هەلدا و نیوەی لەشکری ئێرانی تێدابرد. پادشاش کە خۆی بە هیوای زیارەتی مەرقەدی ئیمامان هەتا نەهاوەند هاتبوو، بەپەلە بەرەو پایتەخت گەڕایەوە و ڕاست لەو دەمەدا پێیڕاگەیەندرا کە حەمەدەمینی سەرکردەی عوسمانی داوای ئاشتی و پێکهاتنی کردووە و بەڵێنیی داوە کە لە بەهاری سالی داهاتوودا بە مەبەستی وتوویژ و بەستنی پەیمان، نوێنەرانی عوسمانی دەنێرێتە تاران.

**پەیماننامەی ئەرزەڕۆم (١٢٣٩ای ک/١٨٢٣ای ز)**

لە سەرەتاکانی سالی ١٢٣٧ی کۆچیدا، وتوویژی ئاشتی و پێکهاتن لە نێوان دوو دەولەتەکە لە تاران و ئەرزەڕۆم دەستیان پێکرا. حەمەدەمین لە لایەن بارگای دەسەلاتی عوسمانیڕا راسپێردرابوو هەتا وێرای پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ولاتەکەی لەگەل ئێران پێکبێ. فەتحعەلیشا لە ڕێی سەرهەنگ قاسمخانی بالوێزی خۆیەوە لە ئیسلامبوول بە سولتانی عوسمانی راگەیاند، کە یەکێک لە مەرجەکانی ئاشتی، دانی باج و خەرلجی سالانەیە بە ئێران، بەلام سولتان نەیسەلماند و «نەجیب‌پاشا»ی بە نامەیەکەوە کە هەلگری بەند و برگە سەرەکییەکانی پەیماننامەکە بوو، لەگەل بالوێزی ئێران ناردە تاران. فەتحعەلیشا

بێئەوەی لاوازبوونی سەرلەبەری هێزەکانی عوسمانی وەبەرچاو بگرێ، تەنیا بە مەبەستی برانەوەی ئەو شەڕانەی کە تێکڕای سەردەمی دەسەڵاتەکەی ئەویان گرتبۆوە، پێشنیارەکانی سوڵتانی قبووڵ کردن و فەرمانی دا کە دەقی پەیماننامەکە بە پوخت و پاراوی بنووسرێ و لە لایەن نوێنەرانی تەواودەسەڵاتی دوو دەوڵەتەکەوە واژۆ بکرێ.

پەیماننامەی ئەرزەڕۆم کە بریتییە لە پێشەکییەک و حەوت بەند و پاشکۆیەک، سەرەتا لە ئەرزەڕۆم لە لایەن نوێنەری ئێرانەوە میرزا تەقیخانی فەراهانی و حەمەدەمینپاشای نوێنەری عوسمانییەوە واژۆ کرا و نێردرایە ئیسلامبوڵ. مانگی ئیوجیژنانی ١٢٣٨ی کۆچی، سوڵتان مەحموودخان مۆری کرد و بە باڵوێزی خۆیدا ناردی بۆ تاران. فەتحعەلیشا لە رووی خودی باڵوێزی عوسمانیدا چەند بەند و برگەیەکی دەستێوەردا و مانگی رەبیعی دووهەمی ١٢٣٩، ئەو دەقانەی مۆر و واژۆ کردن کە بە فارسی و تورکی نووسرابوون.

وەکوو دیارە کاڵا و کەلوپەلی هەناردەی ئێران بۆ وڵاتانی دەورووبەری دەریای مەدیتەرانە بە رێی هەرێمی دووچۆمان و چەند قەڵەمڕەوێکی دیکەی عوسمانی لە ئاسیای خۆرنشیندا تێدەپەڕین و هەروەها بەپێی بیر و باوەڕی دینی، خەڵکی ئێران هەمیشە تامەزرۆی زیارەتی موغبەرە و شەبیاکی پیرۆزی ئیمامان بوون لە هەرێمی دووچۆمانی عێراق، جا بۆیە لە پەیماننامەی ئەرزەڕۆمدا چەند بەندێک تایبەت درابوون بە شێوەی کاروباری بازرگانیی هەرێک لا و سەفەری ئێرانییەکان بۆ نەجەف و کەربەلا. بەگوێرەی ئەو بەند و برگانە، هەر کاڵایەکی ئێرانی بنێردرێتە قەڵەمڕەوی عوسمانی تەنیا سەتی چواری نرخی سەرەکیی کاڵاکە گوومرگانەی لێوەربگیرێ و دەبێ کاربەدەستانی تورک لە هەرێمی دووچۆمان رێی گەشت و گەرانی زیارەتکەرانی ئێرانی خۆش بکەن و گرییان وەبەرنەهێنن.

دەقی بەندەکانی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم لە بواری دیاریکرانی هێڵی تێپەڕبوونی سنوورەکانەوە هێندە روون و یەکلاییکراوە نەبوون، چونکە تەنیا لە پێشەکیدا ئاماژەی پێکرابوو کە سنووری نێوان دوو دەوڵەتەکە بەپێی پەیماننامەی زەمانی نادرشای ئەفشار لە ساڵی ١١٥٩ی ک/١٧٤٦ی زایینیدا، وەک خۆیان دەمێننەوە، وەکوو ئاشکرایە لەو پەیماننامەیەشدا هەڵ و هەڵکەوتی سنوورەکان بەوردی و بەروونی دیاری نەکرابوون. هەر بۆیە پەیماننامەی ئەرزەڕۆمیش بەگوێرەی

پەیماننامەکەی پێشوو نەیتوانی چارەسەری کێشەی سنوورەکان بکا بە یەکجاری و ناکۆکی لەسەر خاک هەروەک خۆی مایەوە. هەروەها هاتوچۆی خێڵاتی سەر سنووران و چوونیان بۆ گەرمێن و کوێستان ، کۆسپ و گرێیەکی زۆری لەسەر ڕێگای دیاریکرانی کەوشەنان بەدی دێنا. بەم پێیە ڕۆژبەڕۆژ نێوەرۆکی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم کاڵتر دەبۆوە و وەکوو دواتر باسی دەکەین پرسی دیاریکرانی سنووری نێوان ئێران و عوسمانی کە دەبوو تەنیا لە نێوان دوو دەوڵەتەکە و نوێنەرانیاندا قسەی لێ بکرێ و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، هەمیشە دەبوو بە تەنگەژەیەکی گەورەی سیاسی و هەڵگیرساندنی نێوانناخۆشی لە مابەینیاندا. کێشەی سنووران ئەوەندەی درێژە کێشا هەتا وڵاتانی بەکۆیلەبەری ئورووپایی خۆیان تێوەردا و بوونە نێوبژیوان، بەڵام وەکوو دیارە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سنووران و ناکۆکیی دوو وڵاتەکە هەتا سەردەمی ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و نەمانی ئەو دەوڵەتە و سەقامگیربوونی حکوومەتی مەشرووتە لە ئێراندا درێژەی کێشا.

***

بنکەی ژین

بنکەی ژین

بەشی ٥

# خولی دووهەمی فەرمانڕەوایەتیی قاجاران

**(١٢٥٠ ـ ١٣١٣ی ک/١٨٣٤ ـ ١٨٩٥ی ز)**

## پادشایەتیی محەممەدشا و ناسرەددین‌شا

«لەم خولەدا ئاکامی بێ‌فەری پەیمان‌نامەی گولستان و تورکمانچای و دەرەنجامی نالەباری شەڕە بێبرانەوەکانی سەردەمی فەتحعەلی‌شا لە ئێران‌دا خۆیان دەنوێنن. چەند دەوڵەتێکی دیکە کە لەو خولەدا پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران پەرە پێدەدەن، دەتوانن سەربەشانە و زێدەپارووی وەکوو پەیمان‌نامەی تورکمانچای کە درابووە ڕووسیا، بۆخۆیان دەستەبەر بکەن و لە ئاکامدا تەنینەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی بێگانان لە ئێران‌دا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و سەربەشتیی ئێران و ژیانی ئابووریی گەلی ئێران پتر لە هەر ڕۆژگارێکی دیکە تووشی سستی و لەرزۆکی دەبێ. پادشایانی قاجار و مەزنانی بارگای میری، لەبەر ئەو کۆت و بەندەی کە پەیمان‌نامەی گولستان و پەیمان‌نامەی تورکمانچای و کۆمەڵێک پەیمان‌نامەی ئەوتۆی دیکەش، ببوونە گیروگرفتی سەر ڕێگای بەختەوەریی کۆمەڵ و هەروەها لەبەر گەش‌بین‌بوونی لە ڕادە بەدەر سەبارەت بە غەواران، گەلێک بەرژەوەندیی وڵاتەکە بەختی بێگانان دەکەن و لە بنەبانی پادشایەتیی ناسرەددین‌شادا بەرەبەرە گووڕانی بیری شۆڕشگێڕانە و سرت‌وخورتی ئازادیخوازی دەست پێدەکا و هەل بۆ ڕوودانی شۆڕشی مەشرووتە دەڕەخسێ.»

# I

## پادشایەتیی محەممەدشای دووهەم (غازی)

**(١٢۵٠ ـ ١٢۶۴ی ک/ ١٨٣۴ ـ ١٨۴٧ی ز)**

### سەرهەڵدانی شازادەکان

کاتێک هەواڵی نەمانی فەتحعەلیشا بڵاو بۆوە، لە پایتەخت و زۆربەی ناوچە و هەرێمەکانی وڵات، شازادەی قاجار خۆیان بە جێگرەوەیپادشا دانا. لە تاران شازادە عەلیشا[1]، کوڕی دەهەمی فەتحعەلیشا و لە فارس حوسێنعەلیمیرزای فەرمانفەرما بە یاریدەی حەسەنعەلیمیرزای[2] برای، هەرکام خۆیان بە پادشای سەربەخۆ دانا و سکە و خوتبە بە ناویانەوە لێدرا. پاشماوەی شازادەکانی دیکەش لە جەغزی دەسەڵاتی حکوومەتەکەی خۆیاندا بە سەرسوڕماوی تێمابوون و نەیاندەزانی دەبێ هەڵوێستیان سەبارەت بە پادشای داهاتوو چ بێ؛ هەر بۆیە هەتا ئەو دەمەی کە محەممەدشا بە هەوڵ و تێکۆشانی میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام بوو بە پادشا، بێسەرەوبەرەیی و کەلەوەکێشی لە نێوان لایەنگران و براکان و مامەکانیدا لە ئێرانی باشووری و ناوەندی درێژەی کێشا.

### حکوومەتی سێ مانگەی شازادە زیللوسسوڵتان

شازادە زیللوسسولتانی حوکمرانی تاران، کاتێک بیستی کە باوکی لە ئیسفەهان کۆچیدوایی کردووە[3]، لەگەڵ کۆمەڵێک لە شازادان و حوکمدارانی ناوچە و

---

١- زیللوسسولتان، وەکوو جانگیرمیرزای کوڕی هەباسمیرزا لە مێژووی نوێدا دەڵێ، خاوەنشکۆی کۆچکردوو فەتحعەلیشا، شوێنەواری زۆر گرینگی لەسەر لاپەڕەی رۆژگار بەجێهێشتوون، بۆ وێنە لێ کەوتنەوەی کۆمەڵەی منداڵانی بەرزەشانی کە لە سەردەمی کەیوومەرسەوە هەتا ئێستا ـ یانی ساڵی ١٢٦٨ی ک/١٨٥١ی ز ـ هیچ پادشایەک شتی ئاوای بەخۆیەوە نەدیوە. ئەودەمەی رۆیی بۆ بەر دڵۆوانیی خودا، بێجگە لە نەوە و نەتیژە، ۵٣ کوڕ و نێزیکەی ٦٠ کچی لە پاش بەجێما.

٢- شوجاعوسسەڵتەنە.

٣- فەتحعەلیشا رۆژی نۆزدەی جەمادی ئاخری ساڵی ١٢٥٠ی ک/١٨٣٤ی ز، لە ئیسفەهان وەفاتی کرد و تەرمەکەیان بردەوە ئەو شوێنەی کە ساڵێک پێشتر بە فەرمانی خۆی لە نێژگەی حەزرەتی مەعسوومەی قوم بۆیان سازکردبوو.

مەڵبەندەکانی جەرگەی ئێران و تاقمێک لە گەورەپیاوانی بارگا بوو بە هاودەست و هاوپەیمان و خۆی بە پادشا دانا و سەرناوی عەلیشا و عادڵشای هەڵبژارد و بۆ ماوەی نەوەد ڕۆژان حکوومەتی کرد.

زیللوسسولتان پاش ڕاگەیاندنی پادشایەتیی خۆی، دەستی کرد بە تەخشانپەخشان و تاقمێک لاتەوپاتەی تارانی بە ناوی سەرباز و بە زەبری پارە لە دەوری خۆی هاڵاند و ئەو هێزانەی کە وێڕای فەتحعەلیشای باوکی چووبوونە ئیسفەهان، لەگەڵ سەرکردەکەیان واتە «عەلینەقیمیرزای ڕوکنوددەولە»، کوڕی هەشتەمی فەتحعەلیشا بانگی کردنەوە بۆ تاران. براکەی سەری وەبەر فەرمانی زیللوسسولتان هێنا و لەگەڵ هێزی بەرفەرمانی و تێکڕای خەزێنە و پێداویستییەکانی میری گەڕایەوە تاران و وێڕای ئیکلامکێشانی، قوڵبەندی یەکپارچە ئەڵماسی «دەریای نوور»ی دایە خزمەت زیللوسسولتان کە ٤٠ گرام بوو.[1] عەلینەقیمیرزای برای لە لایەن پادشای تازەوە چەند نامەیەکی نووسین بۆ میران و حوکمدارانی وڵات و داوای لێ کردن هەتا سەر وەبەر زیللوسسولتان بێنن و چەند فەرمانێکیشی بە ناو و مۆری زیللوسسولتان عەلیشاوە ناردن بۆ هەرێم و ناوچەکانی ئێران.

چەند ڕۆژێک پاش ئەم ڕووداوانە زیللوسسولتان یەکێک لە باوەڕپێکراوانی خۆی بە ناوی محەممەدجەعفەرخانی کاشی، کرد بە وەزیر و عەلینەقیمیرزای بۆ دیداری محەممەدمیرزای شازادەی دیاریکراوی جێگرەوەیمیر نارده تەوریز و نامەیەکیشی بۆ نووسی و لێی ڕاسپارد کە وا باشە بێ و سەر وەبەر حکوومەتەکەی بێنێ و ئەگەر بەو کارە ڕازی بێ، دیسانیش دەیکاتەوە جێگرەوەیمیر و هەروەک جاران حکوومەتی تەواوی ئازەربایجانی دەداتەوە دەستی.

لە لایەکی دیکەوە محەممەدمیرزا کە بەڕەسمی کرابووە جێنشینی پادشا و لە سەردەمی هەباسمیرزای باوکیدا توانیبووی بەشداری زۆربەی لەشکرکێشانەکانی بێ[2]، ئێستا حوکمرانی تەوریز بوو. پاش بیستنی هەواڵی نەمانی فەتحعەلیشای

١- بەپێی چەند سەرچاوەیەک ١٨٠ تا ١٨٦ قیراتە یانی ٣٦ـ٢/٣٧ گرام.و.

٢- فەتحعەلیشا دوای نەمانی هەباسمیرزا، ئەگەرچی کوڕی دیکەی زۆر بوون، محەممەدمیرزای کوڕی هەباسمیرزای بە جێنشینی خۆی دیاری کرد و لە خوراسانەوە←

باپیری. بە یاریدەی میرزا ئەبولقاسمی قایمەقامی فەراهانی کە بە یەکێک لە مەزنەپیاوانی چاونەناسی ئەو سەردەمە دادەندرا و مامۆستای خودی محەممەدمیرزاش بوو. بە مەبەستی گرتنی تاران و سەرکوتکردنی زیللوسسولتان و تێکرای خەنیمەکانی کەوتە کۆکردنەوەی هێز و چونکە دەولەتی رووسیا لە دەروونی خۆیدا پێیخۆش بوو محەممەدمیرزا ببێتە پادشا. باڵوێزی رووس بە مەبەستی پرسەی پادشا و پیرۆزبایی پادشایەتی لە محەممەدمیرزا، رۆیی بۆ تەورێز و باڵوێزی ئینگلیسیش بەرەو تەورێز وەرێکەوت و چەند ئەفسەرێکی وڵاتەکەی خۆشی لەگەڵ خۆی بردن کە ئینگلستان بە مەبەستی مەشق و راهێنانی سەربازانی ئێرانی ناردبوونی.

میرزا ئەبولقاسمی فەراهانی رێگای خۆش کرد و بەبێ شەر و هەرا سەرەتا جانگیرمیرزا و خوسرەومیرزای برای محەممەدمیرزای لە ئازەربایجان گرتن و لە زیندانی پەستاوتن؛ پاشان لەو چەکدارانەی کە کۆی کردبوونەوە، لە پێشدا دەستەیەکی لەگەڵ «راولینسون»ی ئەفسەری ئینگلیسی ناردن بۆ تاران و ئەوانی دیکەی بە مەبەستی پاراستنی پادشا لە تەورێز بەجێهێشتن. ئەو هێزەی کە لە ئازەربایجانەوە دەچوونە تاران، لە «سیادەهەن» یانی «تاکستان»ی ئێستا و ٤٠ کیلۆمیترێک واوەی خۆرنشینی قەزوین تووشی پازدەهەزار چەکداری زیللوسسولتان هاتن کە ئیمامویردیمیرزای برای سەرکردەیان بوو. ئەم قۆشەنە بە مەبەستی گرتنی زەنجان و ئازەربایجان و چاوسوورکردنەوە لە محەممەدمیرزا بەرێکرابوون. پاش تێکهەڵچوونێکی کەم و کورت، سپای زیللوسسولتان لێکهەڵوەشا و بە خر و پتوونی روویان کردە نێو لەشکری محەممەدمیرزا و بەم شێوەیە داری هیوا و برپای زیللوسسولتان بەری نەهێنا و کەوتە حەولەوەلا و پارانەوە و داوای لێبووردن و چا کردنەوەی دڵی محەممەدمیرزا. سەرەنجام محەممەدمیرزا لە سەرەتاکانی مانگی رەمەزانی ساڵی ١٢٥٠دا، لەگەڵ میرزا ئەبولقاسمی فەراهانی و پایەبەرزانی بارگای میری و باڵوێزانی رووس و ئینگلستان گەیشتە پایتەخت و رۆژی ١٤ی مانگ تاجی نایە سەری و ئاوا حکوومەتی نەوەد رۆژەی زیللوسسولتان کۆتایی پێهات.

---

ناردی بۆ تەورێز. هەباسمیرزا رۆژی ١٠ی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٢٤٩ی ک/١٨٣٢ی ز. کۆچیدوایی کرد.

**چەند کەسێکی دیکە کە خۆیان بە خاوەنی تەختی پادشایەتی دەزانی**

دوو کەس لەوانەی کە پاش چوونی محەممەدمیرزا هێشتاش هەر لەسەر ناڕەزامەندی و نەسازانی خۆیان سوور و لە هەمووان گرینگتر بوون، حوسێنعەلیمیرزای فەرمانفەرما و حەسەنعەلیمیرزای شوجاعوسسەڵتەنە، حوکمرانی فارس و کرمان بوون و پێکەوە و بە یەک دەنگ بۆ وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەشیان هەولیان دەدا. میرزا ئەبولقاسمی فەراهانی (قایمەقام)، بە مەبەستی خۆ پاراستن لە شەڕی نێوخۆ، ئەوەندەی توانی تێکۆشا کە براکان و مامەکانی شا بە فێڵبازی هەڵفرێنێ و بیانخاتە تەڵەوە[1]، بەڵام نەیتوانی فەرمانفەرما و شوجاعوسسەڵتەنە لە خشتە بەرێ و بەناچاری شازادە فیرووزمیرزای لەگەڵ مەنووچێهرخانی موعتەمیدوددەولە و لیندزی، یەکێک لە ئەفسەرانی ئینگلیسی و ٥٠٠٠ سەرباز و تۆپخانەی تەسەل و تەیارەوە ناردە فارس. کاتێک هەواڵی سەقامگیربوونی محەممەدشا لە تاران بە گوێی کەسانی دەوروبەری فەرمانفەرما ئاشنا کرا، زۆربەیان لە ترسی سزادرانی دوارۆژ بڵاوەیان لێکرد و سەرەنجام فەرمانفەرما و شوجاعوسسەڵتەنە گیران و بە فەرمانی پادشا کوێر کران.

میرزا ئەبولقاسم خۆ لەچاو شوجاعوسسەڵتەنە چاکتر لەگەڵ ئەوانی دیکەش نەجوولایەوە کە خۆیان بە خاوەنی تەختی فەرمانڕەوایەتی دەزانی. چەند شازادەیەکی وەکوو محەممەدتەقیمیرزا و شێخعەلیمیرزا ناسراو بە «شێخولملووک»ی حوکمداری برووجێرد و مەلایر، هەرکە فەرمانی میرزا ئەبولقاسم گەیشتە دەستیان، لەرێوە چوونە تاران و سەریان وەبەر پادشای تازە

---

١- میرزا ئەبولقاسمی قایمەقامی فەراهانی کاغەزێکی لە حەمەقولیمیرزای مولکئارا نووسی و گوتی چونکە ئێوە کوڕە گەورەی خاوەنشکۆی خودالێخۆشبوون، بێ ئیزنی ئێوە پادشا پێ نانێتە پایتەخت. ئێوە دەبێ تەشریف بێنن و بەپێی شەرعی موبارەک شمەکی خاوەنشکۆی خوابەخشیو هەڵگرن و پاشان ئیزن بفەرموون پادشای تازە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی پاڵ بداتەوە. وا باشە دەدوازدە ڕۆژێک لە پایتەخت بمێنتەوە و دوایە تەشریف بەرنەوە مازندەران. مولکئارا کە پیاوێکی ڕاست و پاکسرشت بوو، گەیشتە ناوەندی دەسەڵات و تەواوی ئەو قسانەی بە ڕاست دانابوون، بەڵام نەیانهێشت بگەڕێتەوە جێی جارانی و دووریان خستەوە بۆ هەمەدان. سەرەنجام ساڵی ١٢٦٥ی ک/١٨٤٨ی زایینی لە هەمەدان ڕۆیی بەرەو دەرگای پەروەردگاری چاکەکار. (ئەم بەسەرهاتە جانگیرمیرزای قاجار لە کتێبی «مێژووی نوێ»دا تۆماری کردووە.)

هێنا و سزا نەدران. لەم رۆژگارەدا میرزا ئەبولقاسم شازادەیەکی زۆری گرتن و لە بەندیخانەی پەستاوتن و محەممەدشای لەو مەترسییە گەورانە رزگار کرد کە لە سەرەتای حکوومەتی‌دا لە سەر رێگای شین ببوون. قایمەقام لە چاکەی ئەو خزمەتانە کرایە سەرۆکوەزیر و محەممەدشا جڵەوی تەواوی کاروباری وڵاتی دایە دەستی.

## میرزا ئەبولقاسمی قایمەقامی فەراهانی

میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام کوڕی میرزا عیسا قایمەقامی فەراهانی لەمێژ بوو لە دامودەزگای بارگای هەباس‌میرزادا لە تەوریز خزمەتی دەکرد. میرزا پیاوێکی وێژەوان، زانا، نووسەر، بەمشوور و وریا و لە کاروباری دەزگای بەڕێوەبەرایەتی‌دا هونەرمەند و شارەزا بوو. وەکوو باسمان کرد بە مەبەستی پتەو بوونی بناغەی دەسەڵاتی محەممەدشا بە ڕووراستی تێکەوت و وا بە لێوەشاوەیی و چازانی تێکۆشا کە شایانی سەرنج بوو. پادشا میرزای بە گەورەترین دەورگێڕی سەرکەوتنی خۆی دەزانی و هەروەها چونکە زۆرجاران تاریفی ئەوی لە هەباس‌میرزای باوکی بیستبوو، کردی بە مەزنەوەزیر. قایمەقام کە پیاوێک بوو هەر قسەی خۆی دەسەلماند و هەتا ئەندازەیەکیش خۆ بە زلزان بوو، هێندەی پێنەچوو کە هەوساری تەواوی کاروباری وڵاتی کەوتە دەستی. وای لێهات کە پادشا هیچ دەسەڵاتێکی بە دەستەوە نەما و تەنانەت خۆی لە کاروباری تایبەتیی شا و حەرەمخانە و زۆر شتی دیکەشی هەڵدەقوتاند.

قایمەقام کە زۆر چاک دەیزانی محەممەدشا پیاوێکی بێ زیپک و زاکوون و بێبڕشتە و مەیلی بە لای کەللایی و ڕابواردن‌دا شکاوەتەوە، ڕاستەوخۆ هەموو کاروبارێکی وڵاتی بە دەستەوە گرت و بێ‌ئەوەی هیچ پرسێک بە پادشا بکا کارەکانی رادەپەڕاند. لەبەرەوەی بە چاوی گومانەوە لە زۆربەی پیاوانی بارگا و کەسانی دەوروبەری پادشای دەڕوانی، هیچکامیانی لە کاروباری وڵات وەرنەدەدان و نەیدەکردنە شەریکە دەسەڵاتی. هێز و بڕشتی قایمەقام وای پەرە ئەستاندبوو کە بە قازانجی نیشتمان هەنگاوی هەڵدێنایەوە. بەڵام خۆ دوژمنان و نەیارانی بە دەستەوەستانی دانەنیشتبوون و لە کەلێن‌دا لێی خەفتابوون. تاقمێک لە پیاوان و ماقووڵانی دەورەی پادشا و ئەوانەی کە بە شوێن پلەی باڵاتردا عەودال

بوون و مەزنەوەزیری زانا و نیشتماندۆستی ئێرانیان بە کۆسپی سەر ڕێگای پێهەڵچوونی خۆیان دەزانی. شەقڵی بیر و بۆچوونی خۆیان هاویشتە سەر ڕوانگە و مێشکی پادشا و گوتیان پیاوێکی خیرەسەرە و شا بە هیچ دانانێ و قسەی خۆی ئەبێ ئی کەسی دیکە ناسەلمێنێ.

دوژمنانی سەرۆکوەزیر پادشایان وا تێگەیاند کە تەنیەوەی دەسەڵاتی قایمەقام ئاوابوونی خۆری فەرمانڕەوایەتیی ئەوی لە شوێنە. ئەو کەسانە بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆیان کارێکی سەرۆکوەزیریان بە نموونە هێنایەوە و گوتیان چۆنە تەواوی قەرەوڵ و پاسەوانانی ئەندەروونی و گەلەژنخانەی گۆڕیون و پرسی پێنەکردووی. وەکوو دیارە سەرۆکوەزیر بەپێی پێویستی و ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئەم ڕێوشوێنەی وەبەرچاو گرتبوو، نەک مەبەستێکی دیکە. ئەم خەنیمانە هەدایان نەدا و تەنانەت بردیان لە گوێی پادشاوە کە سەرۆکوەزیر بە دزی لە زیللوسسولتانی ڕاسپاردووە و پیلانێکی بۆ تێکدانی بنەمای دەسەڵاتی پادشا دارشتووە.[1]

محەممەدشا کە شەووڕۆژ لەگەڵ نەیارانی قایمەقام هەڵدەستا و دادەنیشت و کەوتبوویە ژێر باندۆری بیر و بۆچوونیان، ڕزاوی تۆقی و ڕەزامەندیی لەسەر کوژرانی قایمەقام دەربڕی. ڕۆژی ٢٧ی مانگی سەفەری ساڵی ١٢٥١ی کۆچی

---

١- جانگیرمیرزای نووسەری «مێژووی نوێ» کە خۆی یەکێک بووە لە شازادە سەربزێوەکان و بە فەرمانی قایمەقام گیراوە و ماوەیەک زیندانی کراوە ئاوا دەنووسێ:
«منی شوکرانەبژێری دەوڵەتی پادشایەتی لە شازادە شاقولیمیرزای کوری خانی خودالێخۆشبووم بیستووە کە دەیگوت، چەند ڕۆژ بەرلەوەی خەیانەت داوێنی قایمەقام بگرێتەوە، بە دالانێکدا تێدەپەڕیم کە ڕووی دەکردە خەلوەتخانەی کەریمخانی زەند. میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام کە لەو دالانەدا لەسەر سەکۆیەک دانیشتبوو، چاوی پێم کەوت و بانگی کردم و لە لای خۆی دانیام و لە حاڵوباڵی زیللوسسولتانی پرسی. گوتم بە هەواڵی نازانم. میرزا ئەبولقاسم گوتی بۆچی نازانی؟ لێی بپرسە بزانە دیسانیش مەیلی ئەوەی ماوە ببێتە پادشا؟ شاقولیمیرزا گوتی لە قایمەقام تووڕە بووم و تۆقیم و ترس دایگرتم. میرزا ئەبولقاسم زانی کە من ترساوم، بۆیە دڵی دامەوە و گوتی: مەترسە، بە زیللوسسولتان بڵێ کە بوونەوە بە پادشا گرێی لە بەر نییە و وەکوو ئاوخواردنەوە وایە. شازادە گوتی من بە ترس و لەرزی ئەو قسانەوە لێی هەڵبڕام. چەند ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوە بیستم کە گیراوە.»

سەرۆکوەزیری بانگهێشتە باغی نیگارستان کە ئەو دەمی جێحەسانەوەی کاتیی پادشا بوو بۆ چوونە هاوینەهەواران.

قایممەقام لە جەنگەیەکدا کە کۆمەڵێکی بەرچاوی خەڵک و هاوڕێ و قەڵەمدارانی بە دوایەوە بوون، گەیشتە باغی نیگارستان. غولامان و پیاوانی خەڵوەتخانەی میری ڕێگایان ئەدا بە هاوڕێیانی کە لەگەڵی بچنە ژوورەوە و یەکراست بردیانە کۆشکی ئەندەروون و گوتیان دانیشە هەتا پادشا دێ. هێندەی پێنەچوو کە سمایلخانی قەراجەداغی، سەرۆکی غولامانی خەڵوەتخانەی میری لێی وەژوور کەوت و پێی ڕاگەیاند کە پادشا فەرمانی داوە بکووژرێ و لەرێوە ئەرکی سەر شانی خۆی ڕاپەڕاند.[1]

بە فەرمانی پادشا، لە ڕۆژی کوژرانی قایمەقامدا،[2] تێکرای کوڕان و خزمان و لایەنگرانیشی لە تاران و شارەکانی دیکەی وڵات گیران یان کوژران و ئەو کارەساتەی زەمانی فەتحعەلیشا دووپات بۆوە کە چی بە سەر حاجی برایمخانی سەرۆکوەزیر و بنەماڵە و یارانی هێنا.

پاش کوشتنی قایمەقام، محەممەدشا مامۆستای تافی منداڵی و پیر و مرادی خۆی، یانی حاجی میرزا هەیاسی کوڕی میرزا موسلیمی بەیاتی ئێرەوانی، ناسراو

---

١- لیسانولمولکی سپێهر سەبارەت بە کارەساتی کوژرانی سەرۆکوەزیری ئێران ئاوا دەنووسێ: «بەڵێ بەکورتی، پاش ڕاگیرکردنی قایمەقام لە باڵەخانەی دلگوشا، شاهانشای غەزاکەر فەرموویان جارێ لە پێشدا قەڵەم و کاغەزی لە دەست دەرهێنن و ئەگەر بیهەوێ شتێک بۆ من بنووسێ مەهێڵن، چونکە سیحرێک لە سەرپەنجە و زمان و قەڵەمیدان، دەترسێم ئەگەر چاوم بە دەستوخەتی بکەوێ هەڵفریویم و دەستی لێهەڵگرم. جا بۆیە بەپێی فەرمان گزیرانی پیاوکوژ قەڵەم و کاغەزیان لێوەرگرت و لە باڵەخانەوە هێنایانە خوار و لە پەسیو و کولێنێک کە پێی دەڵێن حەوزخانە بەندیان کرد. شەوی شەممەی شەش ڕۆژ دواتر کە دەبوو بە بنەبانی مانگی سەفەر خنکاندیان و تەرمەکەیان لە مەزارگەی شازادە عەبدولعەزیم ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ ناشت.» سەرچاوە: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ٢، مێژووی قاجار.

٢- بەپێی گێرانەوەی سپێهر، ڕێکەوتی گیرانی قایمەقام دەبێتە ٢٤ی مانگی سەفەر، بەڵام وادیارە کە ڕێکەوتی ٢٧ی سەفەر ڕاستە و سێ ڕۆژ دوای گیرانی کوژراوە و شا و پیاوانی بارگا لە ترسی هەرا و ڕاپەڕینی خەڵک، کارەساتەکەیان دووسێ ڕۆژ شاردۆتەوە.

سەنیعوددەولە لە کتێبی «مونتەزەمی ناسری»دا ئەم ڕووداوەی بە مردنێکی سروشتی خستۆتە بەرچاوان و نووسیویەتی: «... قایمەقام بانگ کرایە نیگارستان و سێ ڕۆژان لەوێ دەس بە سەر بوو هەتا پێراهات و لە مەزارگەی حەزرەتی عەبدولعەزیم نێژرا.»

بە «حاجی میرزا ئاغاسی»ی کردە سەرۆکوەزیر و ئەویش چەند کەسێکی لایەنگری هەڵویست و سیاسەتی بریتانیای بۆ وەزیر هەڵبژاردن. لەو کەسانە حاجی میرزا ئاقاخانی نووری کرایە وەزیری بەرگری و میرزا نەسروڵڵا ئەردەوێلی وەزارەتی مووچە و مانگانەی بۆ برایەوە. هەروەها بە ڕەزامەندیی محەممەدشا، میرزا حەسەنخانی ئاشتیانی نازناوی «مستەفیولمەمالیک»ی درایە و کرایە سەرۆکی نووسینگەی دیوانی میری کە لە ڕاستیدا لەباتی وەزارەتی بارگا بوو.

### حاجی میرزا ئاغاسی

ڕەزاقولیخانی هیدایەت لە کتێبی «ڕەوزەتوسسەفای ناسری»دا سەبارەت بە حاجی میرزا ئاغاسی ئاوای نووسیوە:

«... بەڵێ چەند ماوەیەکی دیکەش خۆی بە فێربوونەوە خەریک کرد و لە زۆربەی زانستەکانی باوی سەردەمی خۆیدا هەتا ئەندازەیەک ڕاهات و دەرووی دیکەی بە ڕوودا کرایەوە. ماوەیەک بە جلوبەرگی هەژارانە و دەروێشانەوە گەڕا و چووە زیارەتی مەککەی پیرۆز و حەجی کرد... لەبەرەوەی شازادە محەممەدمیرزا بە چاوی گەشبینەوە لە ڕێبوارانی تەریقەت و خواناسینی دەروانی و لە ڕووی کۆمەڵێک بەڵگە و نیشانەی ڕوون و ئاشکراوە، تاقمێک پێیان وابوو بیوونەبی بەرێزیان دەبێتە پادشا و ئەم هەواڵە لە نێو ئاپۆرە و بژاردەی جەماوەردا گەڕی دەدا و هەموو کەسێک بیستبووی، لەو ڕۆژگارەدا ڕێزدار حاجی میرزا ئاغاسیش بەپێی ئەم بۆچوونانە، توانیبووی لە بیری پاکی ئەو شازادە مەزن و ڕاستەڕێیەدا جێگایەک بۆ خۆی بکاتەوە و لە زمانی خودی ئەو پایەبەرزەوە بیستبووی کە هەتا پلەی بەرزی وەزارەتی دەبا و ئەویش چاوەڕوانی هەلی گونجاو بوو.»

لە ڕووی کۆمەڵێک ئاماژەی نێو سەرچاوە مێژوویییەکانی ئەو سەردەمەوە وا دەردەکەوێ حاجی میرزا ئاغاسی پێشبینیی ئەوەی کردووە کە محەممەدمیرزا دەبێتە پادشا و ئاوا خۆی خزاندۆتە نێو دڵ و دەروونی شازادەی قاجارەوە. هەروەها لە ڕووی خوێندنەوەی حاڵوباڵی حاجیڕا ڕوون دەبێتەوە کە ئەم شێوە قسانەی بە گوێی یەکیەکی شازادەکان و برایانی محەممەدمیرزادا چرپاندووە و نەیهێشتووە ئەو چاوە بەو چاوەی بزانێ و بەمجۆرە و بەپێی ئەوەی کە بیوونەبی

یەکێک لەو شازادانە دەبێتە پادشا. ڕێگای خۆی بۆ چوونە نێو دامودەزگای فەرمانڕەوایەتی تەخت کردووە.

ئەوەی لێرەدا ڕوون و ئاشکرایە و سەبارەتە بە پەیوەندی و نێوانی حاجی میرزا ئاغاسی و محەممەدشا. تێکەڵبوونی ئەم دووانە وەکوو ئاغا و رعێت یان وەزیر و پادشا نەبووە. چونکە محەممەدشا ئەوی بە پیر و مرادی خۆی داناوە و هەر کاغەزێکی کە بۆی نووسیوە ئاوای ناو هێناوە و ڕووی قسەی تێکردووە: «جەنابی حاجی خودای مەزن بتپارێزێ»؛ «بە سەدەقەت بم»؛ «ڕووحم بە فیدات» یان «ڕێزداری ڕووحپاک». لە کۆبە و دامێنی یەکێک لە نامەکانی حاجیدا نووسیویەتی: «بڕیار هەر ئەوە دەبێ کە تۆ دەیدەی و فەرمان هەر فەرمانی تۆیە.»

زانای خوداڵێخۆشبوو عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی لە کتێبی «میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر»دا سەبارەت بە حاجی میرزا ئاغاسی نووسیویەتی: «لە ماوەی ئەو سێزدە ساڵەدا کە حاجی مەزنەوەزیر بوو، لە ڕاستیدا هەر خۆی پادشای ئێران بوو. محەممەدشا بە هیچ شێوەیەک دژی هەستان و دانیشتن و قسە و داوا و فەرمانی حاجی ڕانەدەوەستا و سەرەڕای تەواوی هەڵە و لاریێی و کارە نابەجێیەکانی حاجی، هەر کەس هەرچی گوتبای ڕاستە لێی نەدەبیست. بەڵام دەستی لە یەخەی کابرا نەدەکردەوە و هەڵیدەداشت بۆ هەندەران و سەگ بە حەوشەی پێدەکرد. پێی وابوو ئەوەی حاجی بیهەوێ پێی دەبێ و هەرچی بیکا ڕاست و ڕەوایە؛ کەچی هەمیشە بە لاقێشەوە دەناڵی و دەیگوت: حاجی نایهەوێ لاقێشەی من چاک بێتەوە. هەتا لەم دنیایەدا تووشی زەحمەت بم و لە دنیای دیکەدا باشتر بڕۆم؛ ئەگەر حاجی بیهەوێ ئێش و ئۆفی لێ دەبڕێ و خۆش دەبێتەوە.»

«وادیارە پیر و مرادی لە نێو شا و وەزیردا دوولایەنە بووە. چونکە حاجیش لە چەند نامەیەکی خۆیدا کە بۆ محەممەدشای نووسیوە بە «وەلی»ی[1] خودای دادەنێ و دەڵێ: سوێندم بەو خودایەی کە بەدیهێنەری زەوی و زەمان و خۆری ئاسمانە، منی غولامی ڕووڕاستی حەزرەتی مالیکی ئەشتەر. سڵاوی خودای لەسەر بێ. هەمیشە خزمەتکارێکی ڕاست و بێگرێم و سوێندم بە «وەلی»ی[2] تاقانە.

١- مرۆی هەرە چاک و پاک و پیرۆز.و.

٢- مەبەست لە ئیمامی دوازدەهەمی شیعانە کە ناوی «مەهدی»یە.و.

بنکەی ژین

سڵاوی خودای لەسەر بێ. من ئێوەی بەڕێزی فەرمانڕەوا بە «وەلی»ی خودا دەزانم.» حاجی میرزا ئاغاسی لە ڕووی ئەم پەیوەندی و تێکەڵبوونەی لەگەڵ پادشا، چەند دەسەڵاتێکی بۆ خۆی وەبەرچاو گرتووە و بە پشتگەرمیی ئەوانەوە هەڵسووراندنی گەلێک کاروباری گرینگی وڵاتی بە شایانی خۆی داناوە؛ هەروەک لە کاغەزێکی خۆیدا ئاوای بۆ پادشا نووسیوە: «خۆ ڕاستە کە هێندە لە کاروباری قۆشەن نازانم. بەڵام وادیارە لەو تاقمەی چاکتر تێگەیشتووم... من لە بواری غولامی و خزمەتکاریدا چەند مافێکم بۆ تۆمار کراوە کە بریتین لە مافی مامۆستایەتی، مافی نۆکەرایەتی، مافی شاراوەی دەروون، مافی ئاشکرای ڕواڵەت و مافی دەوڵەتخوایی.»

«بەکورتی و بەپێی گێڕانەوەی یەکێک لە گەشتیارانی فەرەنگی کە چاوی بە حاجی کەوتووە و لە نیزیکەوە هەستی لە هەستان و دانیشتن و قسەکانی ڕاگرتووە، حاجی میرزا ئاغاسی سەیروسەمەرەترین ژینەوەر بووە کە دەکرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گەل و نەتەوەیەک بە خەیاڵدا بێ.»

کۆنت دو سێرسی، وەزیر موختاری فەرانسە سەبارەت بە حاجی ئاوای نووسیوە: «حاجی میرزا ئاغاسی پیرەپیاوێکە کە تەواوی دەسەڵاتی ئێران و تێکرای بێ کیفایەتیی دەوڵەت لە خودی خۆیدا کۆبۆتەوە. ئەوەندەی بیر بڕ دەکا محەممەدشا باوەری پێیەتی و لە تافی منداڵیڕا ئاوا بڕوای پێ هێناوە.»[1]

پرەنس ئەلیکسیس سۆلتیکۆف، نووسەر و وێنەگەری ڕووسی کە ساڵی ١٢٦٤ی ک/١٨٤٧ی ز. هاتۆتە ئێران و لە تاران شەرەفی دیداری محەممەدشا و حاجی میرزا ئاغاسیی پێ براوە و لە تەوریز چاوی بە ناسرەددینمیرزای جێگرەوەیمیر و پیاوانی بارگای کەوتووە و گەلێک وێنەی زۆر جوانی پادشا و سەرۆکوەزیر و شازادەی جێگرەوەیمیر و چەند شازادەیەکی کێشاوەتەوە. لە کتێبی «گەشتێک بۆ ئێران»دا سەبارەت بە حاجی میرزا ئاغاسی ئاوای نووسیوە:

«ماوەیەکی کورتی پاش ئەوەی گەیشتمە تاران، منیان نارده لای حاجی میرزا ئاغاسیی سەرۆکوەزیر و ناساندیانم. پاش تێپەڕین بە چەند داڵانێکی تەنگ و تاریک و دەرگای ئەویدا، چوومە نێو ژوورێکی زۆر ساکار کە وەزیر لەوێ بوو.

---

١- میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، بە قەڵەمی عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی. تاران، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی/١٩٦١ی زایینی.

وەزیر پیرەپیاوێکی یەکجار ناحەز بوو، بەڵام جلوبەرگێکی زۆر شکۆدار و هەرە چاکی ئاوریشمی پۆشیبوو. بە نێوچاوانێکی زۆر تاڵەوە کە وێدەچوو هەر ڕەوشتی وابێ، بێسێودوو لێی پرسیم: «کەیفت سازە؟» پاشان وای نواند کە سازبێ و ساز نەبێ بە لایەوە گرینگ نییە و خۆی پێوە ماندوو ناکا. جا ڕاست لەو کاتەدا کە من هێشتا دوودڵ بووم هەتا وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە یان نا کە هەمیشە سەرم لێی سوڕ دەما، باسێکی دیکەی سەبارەت بە دارشتنی تۆپ هێنایە گۆڕ. ئەم ئاشقەتۆپییە، یەکێک لە دڵخوازە بێفەرەکانی وەزیر بوو. چونکە چەک و جبەخانەی تاران تەنیا بریتی بوو لە سێ تۆپ و چەند تفەنگێکی شەقوشڕ. وەکوو دیارە دیسانیش ئەم بارودۆخە نەیتوانیبوو ڕێگر بێ لەسەر قسەی باڵوێزی ئێران لە لەندەن هەتا وەباڵ بە پادشا بکێشێ کە جبەخانەی ئەو هەزاران جار سەرترە لە کارگەی چەکسازیی وولڤیچ[ی ئینگلستان]. ڕاستە کە لەو دەمەدا حاجی میرزا ئاغاسی لێبرابوو هەتا چەند تۆپێکی گەورەتر دابرێژێ و ئەوەندە دڵبەستەی ئەو قۆرخانە خۆشەویستەی بوو کە پێی خۆشبوو لە کارگەی ئاسنتواندنەوەی خۆیدا بینێژن.[1] سەرەڕای تەواوی ئەو مەیل و ئاسانە، ئەم وەزیرە شەرخوازە دەروێش بوو. بە بنەچەکە تاتار بوو. بەرلەوەی بیێتە سەرۆکوەزیر، خەزنەداری ئەم پادشایەی ئێستا بوو. وەزیر ئەگەرچی یەکێک بوو لە پەیڕەوانی ڕێبازی سۆفییە و ئەوانیش هێندە لەسەر بۆچوونەکانیان سوور نین کە پشتیان پێ ببەسترێ، بەڵام دیسانیش پادشا تەواو بڕوای پێی بوو.»[2]

حاجی میرزا ئاغاسی کە خەڵک بە سەریاندا بریبوو کەشف و کەراماتی هەیە و بۆخۆشی بڕوای بەو بۆچوونە هەڵە و پێچەوانەیە هێنابوو، جاری وابوو وەکوو [شێت] و ماخولیایانی لێدەهات و لە دنیای خەیاڵدا لەشکری ساز و تەیار دەکرد و دەیناردە شەڕگە و قەفقازی لە چنگ ڕووسان دەردەکێشایەوە و حکوومەتی مەلەکە ڤیکتۆریای دەرووخاند و لەسەر تەختی دەسەڵاتی بریتانیای گەورەوە هەڵیدەداشت.

---

١- بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نێوخۆیی سەبارەت بە مێژووی قاجاران، بە ئاشکرایی باسی ئەوە کراوە کە حاجی میرزا ئاغاسی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بڕی دە تا سی کللوور (٥- ١٥ میلیۆن) تمەنی خەزێنەی وڵاتی کردۆتە خەرجی دارشتنی تۆپ، چونکە زۆرجار بیستبووی ئێران بۆیە بەرگەی ڕووسانی نەگرتووە، چونکە تۆپی بە دەستەوە نەبووە.

٢- گەشتێک بۆ ئێران، بە قەڵەمی ئەلێکسیس سۆلتیکۆڤ، وەرگێرانی دوکتۆر موحسین سەبا، چاپی تاران، ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی/١٩٥٧ی زایینی.

ئەم پیاوە سۆفیلەیە کە لە سایەی لێنەزانینی محەممەدشاوە گەیبووە ئەوپەڕی هێز و دەسەڵاتی لە وڵاتدا، کاری سەیری دەکردن. کۆنت دو سێرسی، وەزیر موختاری فەڕانسە لە جێگایەکی دیکەی کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «ئێران» دەنووسێ:

«هیچ شتێک سەیرتر لە بیستنی بیروبۆچوون و گەڵاڵەکانی ئەم پیاوە خاوەنﺩەسەڵاتە نەبوو؛ بەتایبەت کە بە شێوەیەکی یەکجار ئارام و سەرسوڕهێن لەسەریان دەڕۆیی و دەکەوتە شیکردنەوەیان. ڕۆژێکی بە منی گوت لە چنگ کۆمەڵێک داوای بێجێی ئینگلیس وەگیان هاتووم و بەڕاستی وام هاتۆتە سەری کە لەشکرێک بنێرمە «کەلکەتە» و مەلەکە ڤیکتۆریا بگرم و بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەرچاوی خەڵک بیدەمە دەست پیاوانی لەشکرچی هەتا ئەوەی خراپە پێی بکەن.[1] جارێکی دیکە باسی ئەو کەشتی و کەمپیانەی دەکرد کە لە خەیاڵی خۆیدا سازی کردبوون و دەیگوت ئاوا دەیهەوێ کە ئینگلیسییەکان لە بازرگانەتیی دەریاییدا بە سەر مایەپووچیدا بخا.»[2]

حاجی میرزا ئاغاسی، سەرۆکوەزیری دەروێشڕەوشتی ئێران، سەرەڕای دەروێشی و سۆفیایەتی کە نیشانەی گوێ نەدانە بە ماڵ و سامانی دنیا، لە ماوەی مەزنایەتیی خۆیدا دەستی بە سەر ملکوماشێکی زۆری گەل و حکوومەتدا گرت و لە دوایین ساڵی پادشایەتیی محەممەدشادا (١٢٦٤ی ک/ ١٨٤٧ی ز) چونکە هیچ پاشەوار و میراتگرێکی نەبوو و دەیزانی دوای نەمانی دەوڵەت دەست بە سەر تەواوی زەوی‌وزارەکەیدا دەگرێ، هەمووی بەخشین بە محەممەدشا.[3] سەرۆکوەزیر ئاوا دەیهەویست خۆی لە چنگ لێپرسینەوەی پادشای نوێ

---

١- چونکە حاجی بیستبووی کە ڤیکتۆریا «شاژنی بریتانیا و ئیرلەند و هیندووستانە، پێی وابوو ماڵی لە لەنگەرگای «کەلکەتە»یە.

٢- میرزا تەقی‌خانی ئەمیرکەبیر، بە قەڵەمی عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی، تاران، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی/١٩٦١ی زایینی.

٣- «بەڕاستی هەر لەو ساڵەدا (١٢٦٤)، بەرلەوەی کە ڕۆژی پادشا لە کەلەپۆ ئاوابێ، هەرچی گوند و ملکوماش و زەوی‌وزاری کە حاجی میرزا ئاغاسی هەیبوو لە وڵاتی ئێراندا، بەپێی شەریعەتی پێەو لەسەر پادشای غەزاکەری تۆمار کردن و بەپێی دەقی نووسینی دیوانداران و سەرحیسابان، خاوەنی ١٤٢٧ پارچە گوند و ئاوەدانی و زەوی‌وزار بووە.» سەرچاوە: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ٢، مێژووی قاجار.

بنکەی ژین

(ناسرەددینشا) و پیاوانی بارگای رزگار بکا و نەکەویتە بەر ئەگەری سزادرانی کارەکانی. هەروەها نابێ لە بیرمان بچێ کە حاجی پیاوێکی ئاپۆرەخەڵەتێن و فریودەر و ڕیاییبازیش بووە. رابێرت واتسۆنی ئینگلیسی لە کتێبی «مێژووی قاجار»دا ئاوای نووسیوە:

«واویدەچێ کە حاجی میرزا ئاغاسی بۆ ئەوەی کەس لێی نەتۆرێ، هەرگیز داوای ئەو کەسانەی نەدەبردەوە پاش کە خوازیاری برینەوەی مانگانە یان وەرگرتنی پاداشت بوون و بەهەلکەوت داوای کەسی دەبردەوە پاش. غەیری بە پیاوەکانی خۆی نەبێ، مووچە و خەلات و پاداشتی راستەوخۆی نەدەدا بە کەس. لە راستیدا پسوولەی درانی پارەی حکوومەتی بە ناوی میرهەرێمەکانەوە تۆمار دەکرد و ئامانجی لەو کارە درانی پارە نەبوو، بەلکوو پێیخۆش بوو میران و بەگلەران وریا بن و بزانن وەختایەک پسوولەکان نابنەوە پارە. دەولەت پێی سووک دەبێ و دلاوایی و ناوبانگی حاجی زیاتر پەرە دەستێنێ. بەم شێوەیە ئاوای خۆ خۆشەویست دەکرد و سەرەنجام قەرزێکی قورس و نەدراوەی حکوومەت کەوتە سەر شانی دامودەزگای ئەمیرکەبیر.»[1]

سیاسەتی چەوت و چەویل و بێمشووری و نەشیاویی حاجی میرزا ئاغاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، کارێکی وای کرد خەزێنە هەلتەکێ و هیچی تێدا نەمێنێ و حوکمرانان و میرهەرێمەکان باج و پیتاک نەنێرن بۆ پایتەخت و ئاوا باری ئابووری بە سەر پەرێشانی و کوسپدا بکەوێ. یەکێک لەو نامانەی کە حاجی میرزا ئاغاسی لە کلکەی دەسەڵاتی محەممەدشادا بۆ ئەو فەرمانرەوایەی نووسیوە و باسی بێسەروبەرەیی دەکا لە بواری دارایی و داهاتی وڵاتدا، دەقاودەق لە رووی کتێبی «میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر» دەنووسینەوە کە زانای خوایەخشیو عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی نووسیویەتی و ئاوایە:

«بە قوربانی ئەو خاکە پیرۆزەی بەر پێت بم کە شانی لە شانی ئاسمان دەدا. شازادە هەمزەمیرزا فەرمانی خاوەنشکۆی بۆ هێنام و منیش دەسخەتی پیرۆزم زیارەت کرد. نۆکەرانی پادشای پایەبەرز ئەوەندە پووچەکە و خوێرین دەگەنە هەر حوکمرانێکی دەستی لە بەر پان دەکەنەوە و دەڵێن پارەمان دەیە. هەر دەلالێنەوە و

---

۱- مێژووی قاجار. نووسینی سێر رابێرت واتسۆن. وەرگێرانی عەبباسقولی ئازەری. ساڵی ۱۳٤۰ی هەتاوی/۱۹٦۱ی زایینی.

دەپارێنەوە و دەڵێن ئاغا ئامانخوێنێتەوە. جبە و سەرجلی شروشۆڵی گڵاوی ئاغا بدەن بە من هەتا پێی بکەومە سەر سکە، بەڵام خۆ پارەیەک لە گۆڕێدا نییە. خوداليێخۆشبوو حاجی محەممەدخان خانووبەرەیەکی لە تەوریز ساز کردبوو، ڕۆژێک پێمەوەنووسا و پێی لێ دە کەوشێک کردم و گوتی ئیلانوبیلان دەبێ بێی بۆ ماڵامان هەتا بەرەکەتی تێکەوێ و پاشان بڕۆم و خودا سەلامەتم کا. گوتم پیاوی چاک، من ئەوە چل ساڵە لە ماڵی خۆمم و هیچ خێر و بەرەکەتێکم نەدیوە، جا چۆن بە سەعاتێک کە دێمە ماڵی ئێوە بەرەکەتی لێ دەبارێ. ڕووی قسەم لەگەڵ ئەو نۆکەرە سیرمەخۆرە هیچ و پووچانەیە و دەبێ بزانن ئەم سەردرە شروشۆڵە گڵاوەی سەر شانم بێجگە لە بێئابروویی و بیستنی جنێوی سەرباز و مەلا و سەیدی نەفام، چ شتێکی بۆ من کردۆتە دیاری، هەتا بۆ تۆی بکا؟! دەڵێن ئاغا بەسەرمان ناکاتەوە. ئاخر لە دەوری سەرت گەڕێم من کەنگی ئاغا بووم. پیاوێکی دەروێشی هەژارم و بەسەرگرتنەوە و بەسەرنەکردنەوەی من چی لێ شین دەبێ. دەبێ پارە بدەی هەتا قۆشەن بیزوێ. زستان ئاسۆکی داوە و هیچ کارێکمان بۆ ڕاناپەڕێ. هیچکەس دەسبارم لەگەڵ ناکرێ. سێهەزار تمەن سازە و شەوێش پیاوم ناردوون بۆ ئێروەنەوێ تاکوو پارە بە قەرز وەربگرن و بیهێنن هەتا قۆشەن بکەوێتە سەر پێ. بە هیوای خودای مەزن پێم وایە حەوتهەزار تمەنێک کۆدەبێتەوە و ئاوا دەکاتە دەهەزار تمەن.»

لە ئاخری کاغەزەکەیدا نووسیویەتی: «نە کرمان پارەی هەیە و نە ئیسفەهان، فارس بڕێکی کەمی ناردووە، بزانین خودا چ دەکا... . نازانم ئەوەندە پارەیەی کە منی غولامی هەرە بچووک و بەرەژێر بە چنگەکرەکە کۆم کردەوە چی لێهات و چۆن خەرج کرا. دیسانیش دەفەرموون کە داهاتی چاردە ساڵەی پادشایەتی پازدەهەزار تمەن بووە و ئەویش خەرج کراوە. با لە کورتێی ببرمەوە و بە شازادە هەمزەمیرزا بفەرموو کە خەزێنە بداتە دەست مازندەرانی. لەشکری مفتەخۆری ماکۆیی لێرەن و ئایانکەمە پاسەوان و پارێزەری خەزنەخانە و جێگای سەخت و دژوار، بەڵام بۆ یەختەرمەخان و قۆرخانە و ئازووخەخانە باشن. ئیدی لە خۆم ڕانابینم کە زیاتری قەراخ لێ بکێشم. سەر لەپێناوی فەرمانی ئێوەی پایەبەرزم.»

**گەمارۆی هەرات**

وەکوو پێشتر باسمان کرد، محەممەدمیرزا لەو رۆژگارەدا کە باوکی بۆ جێگرەوەیمیر ناودێر کرابوو. فەرمانی پێدرا بڕوا و هەرات بگرێ. بەڵام کاتێک لە جەنگەی گەمارۆدا هەواڵی مردنی باوکی بۆ هات، دەستی لە گەمارۆ هەڵگرت و رۆیی بۆ مەشەد و لەوێش بە دەستووری فەتحعەلیشای باوەگەورەی رووی کردە تاران.[1]

فەتحعەلیشا لە چاکەی ئەو خزمەتانەی کە هەباسمیرزای رەشیدی کوڕی پێیکردبوو، سەرەرای نارەزامەندیی ئەو کوڕەگەلەی[2] خۆی، محەممەدمیرزای ئەوەی بۆ جێگرەوەیمیر دانا و لەگەڵ هێزێکی چەکداری ناردی بۆ تەورێز و حکوومەتی ئازەربایجانی دایە دەستی.

پاش کوژرانی میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام بە فەرمانی محەممەدشا، دەستەیەک لە میرانی خوراسان راپەڕین و تورکمانەکان لە رێگای گورگانەوە هرووژمیان هێنا. محەممەدشا بە خۆی و هەشتاهەزار سەرباز و لەشکری تێر و تەیارەوە سالی ١٢٥٣ی ک/١٨٣٧ی ز. بە رێی دامغان و سمناندا بەرەو خوراسان بزووت و کاتێک گەیشتە بەستام لە دەشتی خۆش و دلگر و زەمەند و زەنوێری بارگە و بنەی بە عەرز دادا و تاولی هەڵدا و هۆردووبەزی کرد.

لەو کاتەدا بارودۆخی ئەفغانستان بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی محەممەدشا بە هەموو بارێکدا لەبار و گونجاو بوو، چونکە کامرانمیرزای کوڕی مەحموودمیرزای بنەماڵەی دورانی کە سالی ١٢٤٥ی ک/ ١٨٢٩ی ز. توانیبووی بە سەر باکووری ئەفغانستاندا زاڵ بێ، لەوێ حکوومەتی دەکرد. دووستمحەممەدخانی خانەدانی بارەکزایی کە مەیلی بە لای بارگای ئێراندا دەشکایەوە، لە سالی ١٨٢٦ی زایینییەوە لە کابول حکوومەتی دەکرد و بە یاریدەی کوڕەکانی و چەند میرێکی دیکە توانیبووی بە سەر رۆژهەڵاتی ئەفغانستاندا سوار بێ؛ کەوایە محەممەدشا دەیتوانی

---

١- ئەو دەمەی کە محەممەدمیرزا دەورەی هەراتی دابوو، ژەنەراڵ پێرۆڤسکی کە ئەفسەرێکی رووسی و بە رەسەن لەهێستانی بوو، لە هۆردووی ویدا خزمەتی دەکرد.

٢- کورگەلی وەکوو زیللوسسولتان، فەرمانفەرما، شوجاعوسسەڵتەنە و چەند کەسێکی دیکەی ئاوا.

بە هاوکاریی حوکمرانی کابول دەست بە سەر باکووری ئەفغانستاندا بگرێ و لەوێ خاشەی دەسەڵاتی ئینگلیس بکێشێ.

دامودەزگای فەرمانڕەوایەتیی ئینگلیس لە هیندووستان لێی سوور بوو کە ئێران بۆ ئەستاندنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی لە باکووری ئەفغانستان هەنگاوی شێلگیرانە داوێ و هەروەها دەشیزانی کە دووستمحەممەدخان مەیلی بە لای ئێراندا دەشکێتەوە، هەر بۆیە سالی ١٢٥٢ی ک/١٨٣٦ی ز. شاندێکی بازرگانی بە سەرۆکایەتیی ئەلێکساندەر بورنێز لە لایەن «لۆرد ئۆکلەند»ی فەرمانڕەوای هیندووستانەوە ڕۆیی بۆ کابول. دووستمحەممەدخان بە ئامانجی زاڵبوون بە سەر پیشاوەر و هەراتدا، داوای کرد کە ئینگلیس یاریدەی بدا و هەروەها گوتی پێم باشە حکوومەتی ئینگلیسیی هیند دان بە حکوومەتەکەمدا بێنێ لە کابول.

ئەو دەمەی کە شاندی نێردراوی ئینگلیس لە کابول بوون، کاپیتان ڤیتکاویچ وەکوو نوێنەری بازرگانیی ڕووسیای قەیسەریش گەیشتە ئەو شارە، بەڵام دووستمحەممەدخان کە چاوی هیوای بڕیبووە ئینگلیسییەکان و زۆری شایی پێیان بوو یاریدەی بدەن، لایەکی وای لە نوێنەری ڕووسیا نەکردەوە، بەتایبەت کە «ڤیتکاویچ»ی نوێنەری ڕووسیا کاتێک لە ئێرانەوە چووبووبە قەندەهار، دنەی کوهەندڵخانی برای دووستمحەممەدخانی دابوو کە دژی براکەی خۆی ڕاپەڕێ. لە لایەکی دیکەوە «ئەلێکساندەر بورنێز»ی نوێنەری ئینگلیسییەکانیش بەڵێنی دابوو بە کوهەندڵخان کە ئەگەر هێزی ئێرانی هێرش بکەنە سەر قەندەهار، یاریدەی بدەن. کاتێک فەرمانڕەوای ئینگلیسی لە هیندووستان بەو کەینەوبەینە و بەڵێنەی زانی «بورنێز»ی سەرکۆنە کرد.

شاندی ئینگلیسی پێشنیارەکەی دووستمحەممەدخانیان سەبارەت بە دانهێنان بە حکوومەتەکەیدا لە کابول سەلماند و گوتیان حازرن لە باری داراییشدا دەستی بگرن؛ بەڵام سەبارەت بە پیشاوەر و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی لەو شارەدا، پێشنیاریان پێکرد هەتا لەگەڵ «ڕانجیت سینگ»ی حوکمرانی «لاهوور» بکەوێتە وتوویژ و ساڵانە باج و خەراجێکی بداتێیە. کاتێک ئاکامی دیدار و گوفتوگۆیەکان چوونەوە لای لۆرد ئۆکلەند، نارەزامەندیی خۆی دەربڕی و لە ڕێی شاندەکەوە بە دووستمحەممەدخانی ڕاگەیاند کە وا باشە سەرەتا ڤیتکاویچی نوێنەری ڕووسیای قەیسەری لە کابول دەنگ بدا و هەروەها دەستیش لەو ئاوات و ئامانجانەی

هەڵبگرێ کە کەوتوونە نێو قەڵەمڕەوی «ڕانجیت سینگێ»وە و خۆی گرتوونی. دووستمحەممەدخان سەری وەبەر داواکانی لۆرد ئۆکلەند نەهێنا و گوفتوگۆی بورنێز لەگەڵ میری کابول و شاندی ئینگلیسی بێئاکام مایەوە. سێر پێرسی سایکس لە کتێبی «مێژووی ئێران»دا، لە زمان «کەی»، نووسەرێکی دیکەی ئینگلیسییەوە سەبارەت بەم دیدار و وتووێژانە نووسیویەتی:

«ئەگەر دەستیان لە کۆڵ بورنێز کردبایەوە هەتا بەپێی بیروبۆچوونی ئاوەزمەندانەی خۆی جوولابایەوە کە چاکی لە کەو و بێژینگ دابوو، ڕەنگە توانیبای سەرکردەکانی قەندەهار و میری کابول پێکەوە ئاشت بکاتەوە و ئاوا لە ئەفغانستان شوورە و قەڵاتێکی سەخت و پتەو لە حاند هێرش و پەلاماری ئێران و کەتن و ئاژاوەکانی ڕووسیادا بەدی بێنێ.»

نیکۆلای یەکەمی قەیسەری ڕووس، زۆری پێخۆش بوو کە ئێران هێرش بەرێتە سەر هەرات و لە ڕێی باڵوێزی خۆیەوە لە ئێران ئەم ڕەزامەندی و پێخۆشبوونەی بە گوێی محەممەدشا هەڵێنا و لەو جەنگەیەشدا داوای چاوپێکەوتنی پادشای ئێرانی وروووژاند. لە لایەکی دیکەوە هەڵمەتی محەممەدشا بۆ سەر هەرات، بە تێهێنان و وەبەرچاوگرتنی هەڵوێست و سیاسەتی داگیرکەرانەی ڕووسیا، ئینگلیسی گوێقوڵاغ کرد و سەرنجی ڕاکێشا و مەبەستی پەلاماردانی هەرات لە لایەن پادشای قاجارەوە کە هەرێمێکی نێوخۆی قەڵەمڕەوی ئێران بوو،[1] ئێنکەبەرایەتی و ڕقبەرقەی سیاسیی

---

١- سێر پێرسی سایکس لە کتێبەکەی خۆیدا ئەم کێشە نێوخۆیییەی ئێران دەخاتە ژێر سەردێڕێکی ڕێوونکەرانە و ناوی دەنێ «دەستدرێژیی ئێران بۆ سەر ئەفغانستان». پاشان دەنووسێ: بەڵام ئەم بەشە و بەشەکەی دواتریش باسی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە سەخت و چڕ و ناسەرکەوتووانانەن کە لە لایەن دەوڵەتێکی ئێشکاوی [وەکوو ئێرانەوە کراوە] هەتا بۆ قەرەبووی زیانە قورس و گرانەکانی کە لە خۆرنشین لێی وەشابوو، چەند هەرێم و ناوچەیەکی سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی خۆی بگرێ. فەرمانڕەوایانی ئینگلیسی لە هیند بە ڕەشبینی لەو هێرش و پەلامارانەی دژی ئەفغانستانیان دەڕوانی و ئەو مەبەستەیان زۆر چاک لێ ڕوون بوو کە ئەگەر بێ و ئێران لەم ڕەوتە و ڕێبازەیدا سەرکەوتوو بێ، هەر لەرێوە دەسەڵاتی ڕووسیا دەتەنێتەوە و سیخوڕانی هەتاکوو ناوچەکانی «هیندوکوش»یش پەلوپۆ داوێن و ڕەگاژۆ دەکەن. جا هەر بۆیە حکوومەتی هیندووستان ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا کە نەهێڵێ برشتی دەسەڵاتی ئێران و ڕووسیا دزە بکاتە ئەفغانستان. تەنانەت ئینگلیس بۆ وەدی هاتنی ئامانجی خۆی، حازر بوو کە لەگەڵ هاوپەیمانی پێشووی کە ئێران بێ تێکەوێ و بیکاتە شەڕ.

نێوان ئینگلیس و ڕووسیای لێکەوتەوە و لەو بگرەوبەردەیەدا محەممەدشا بە مرازی دڵی خۆی نەگەیشت و خەیانەتی سەرۆکوەزیر و چەت و تەگەرە تێخستنی ئەڵلایارخانی ئاسەفوددەولەی حوکمڕانی خوراسان و چەند پیاوێکی سەرناسی ئەو سەردەمە کە بۆ پاراستنی پلە و دەسەڵاتی خۆیان ڕێگایان بۆ وەدی هاتنی ئامانجی داگیرکەرانە و بەکۆیلەبەرانەی ئینگلستان و ڕووسیا خۆش دەکرد، بەجارێک ئێرانی پێ تووشی گەرداوێکی بەربڵاوی نەگەیەتی و سیایەختی بۆوە.

جووڵانەوە و چوونی محەممەدشا بۆ لای مەشەد زیاتر بە مەبەستی سەرکوتی میرانی خۆوڵاتی و تەکوزدانی کاروباری نێوخۆی خوراسان بوو، بەڵام بانگهێشتنی محەممەدشا لە لایەن نیکۆلاوە و ئاکامی دیداری ناسرەددینمیرزای بە جێنشین دیاریکراوی محەممەدشا لەگەل قەیسەری ڕووس لە ئۆچمیازینی ئێرەوان، سەرنجی پادشای ئێرانی تەواو بۆ لای هەرات ڕاکێشا. نیکۆلا بە مەبەستی سەردانی ئەو ناوچە و هەرێمانەی قەفقاز کە لە قەڵەمڕەوی ئێران دابڕێندرابوون هاتە ئێرەوان و داوای چاوپێکەوتنی محەممەدشای کرد کە لە بەستام بوو. محەممەدشا، ناسرەددینمیرزای کوڕەی هەشت ساڵانەی خۆی لەگەڵ میرزا محەممەدخانی ئەمیرنیزامی زەنگەنە و میرزا تەقیخانی فەراهانی[1] و مەلایەک و کۆمەڵێک مەزن و ماقووڵی بارگای جێگرەوەیمیر ناردە ئێرەوان و شاندەکە مانگی ڕەجەبی ١٢٥٢ی کۆچیی مانگی گەیشتنە ئێرەوان. نیکۆلا زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردن و بەڵێنی دا کە لە هەرات و کابول یاریدەی محەممەدشا بدا. بەڵام ئەم دیدارە بە هیچ شێوەیەک شوێنی دانەنایە سەر ڕەوتی هێرشی محەممەدشا بۆ سەر هەرات و شوێنهات و ئاکامەکانی.

سەرەنجام محەممەدشا لێبڕا کە هەرات بگری[2] و مانگی ڕەجەبی ١٢٥٣ی کۆچیی مانگی گەیشتە مەشەد و پاش مانگێک وچان و حەسانەوە. سەرەتای

---

١- واتە ئەمیرکەبیری سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ناسرەددینشا.

٢- بەرلەوەی کە محەممەدشا لە تارانەوە بیبزوێ، فەتحمحەممەدخانی نێردراوی کامرانمیرزای حوکمداری هەرات گەیشتە پایتەخت و بڕێ پازدە تۆپ کووتاڵی کشمیری و پازدە سەر ئەسپ و نامەیەکی کامرانمیرزای هێنا بۆ محەممەدشا و پێشکەشی کرد. کامرانمیرزا لەو نامەیەدا سەبارەت بە کردەی ڕابردووی خۆی پەشیمان ببۆوە و گفتی دابوو کە لەوەی بەولاوە سەر وەبەر فەرمانی شا دێنێ و سکە و خوتبە بە ناوی شا دەبێ. مەزنانی بارگا و ڕاوێژکارانی پادشا گوتیان نامە و بەڵێنی کامرانمیرزا درۆیە.←

پەلاماردانی هەراتی خۆش کرد و ڕۆیی بۆ غووریان. بە فەرمانی کامرانمیرزا و محەممەدخانی وەزیری، پارێزرانی قەڵای غووریان خرابوویە ئەستۆی شێرمحەممەدخانی برای وەزیر. خانی قەڵادار لە سێباری شەودا لە لانی خۆی دەرپەڕی و بە سەر پێشەنگانی سپای ئێرانی دادا. بەڵام پاش شەڕ و لێکدانێکی سەخت، بەزی و پەنای بردەوە بەر شوورەی قەڵا. شێرمحەممەدخان دوای بیست ڕۆژ بەرخۆدان و بەربەرەکانی لە حاند شاگری تۆپخانەی ئێراندا، هێزی بەرەنگاربوونەوەی بنەی هات و خۆی بە دەستەوە دا و دەرگای قەڵای بۆ سپای خەنیم خستە سەر گازەرای پشت و دایە پاڵ لەشکری ئێران. سەرکردەی سپای ئێران پاراستنی قەڵاکەی هاویشتە ئەستۆی دەستەیەک قۆشەنچیی تەبەسی و قایینی و پاشماوەی سپاکەی لە غووریان تێپەڕاند و سەرەتاکانی مانگی شابانی ١٢٥٣ لە لێواری ڕووباری «نوقرە»ی نێزیک هەرات هۆردوویەزی کرد.

گیرانی قەڵای غووریان بۆ دەستەبەربوونی پێشکەوتەکانی دواتری سپای ئێران لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری ئەفغانستان و دانەبڕانی پەیوەندیی هۆردوو لەگەڵ بنکە و نێوەندەکانی پشت بەرەی شەڕ، قازانجێکی زۆری لێکەوتەوە.[1] بەڵام گیرانی هەرات لەبەر هەل و هەلکەوتی سروشتی و لاوازیی تۆپخانەی ئێران و بە دەستەوەنەبوونی ئامرازی گەمارۆ و قەڵاگیری و قەڵاشکێنی، گرێ و کۆسپی خستە سەر ڕێگای سەرکەوتنی سپای ئێران. لە لایەکی دیکەوە، پاش گیرانی قەڵای غووریان، «سێر جان مەکنیل»ی بالوێزی ئینگلیس لە تارانەوە خێرایەکی خۆی گەیاندە هۆردووی محەممەدشا و توانی پەیوەندیی نەهێنی لەگەڵ کامرانمیرزا دامەزرێنێ و دڵخۆشیی بداتەوە کە نابێ نیگەران بێ چونکە حکوومەتی

---

ڕاسپاردەی کامرانمیرزایان ناردەوە و ئێیان ڕاسپارد و گوتیان ئەگەر کامرانمیرزا ڕاست دەکا با ئەو دەمەی کە سپای ئێران دەگاتە نێزیک هەرات، خۆدی خۆی بێتە خزمەت پادشای ئێران و جا ئەو کاتە بە فەرمانی شا لەسەر دۆخی جارانی دەڕوا و دەست لە حکوومەتەکەی نادرێ.

١- پێش ئەوەی غووریان بگیرێ، کۆبوونەوەیەکی باس و ڕاوێژ پێکهات و حاجی میرزا ئاغاسی پێی وابوو خۆ لە گیرانی قەڵاکە لادەن و پەلامار بەرنە سەر هەرات. بەڵام میرزا ئاقاخانی وەزیری بەرگری بە سەرۆکوەزیری گوت کە باشتر وایە خۆ لەو کاروبارانە وەرنەدا. دوای ئەم قسانە بەڵێنیی دا کە لە ماوەی حەوتوویەکدا قەڵا بگرێ و بەڵێنەکەی خۆشی بردە سەر.

هیندووستان و کۆمپانیای ئینگلیسی بە هەموو بارێکدا یاریدەی دەدەن. مەکنیل لەرێوە تاقمێک لەو ئەفسەر و ئەندازیارە ئینگلیسییانەی کە پێشتر هاتبوونە ئێران و محەممەدشا ڕوویەکی خۆشی نیشان نەدابوون، ناردنی بۆ هەرات. یەکێک لەو کەسانە «پۆتینجێر»ی ئەفسەری پسپۆڕی تۆپخانە بوو کە چاکی لە دابەستنی شوورەی شار دەزانی و بە شێوەیەکی یەکجار بەرچاو ئەفغانەکانی دنە دا کە لە بەرامبەر هێزی ئێراندا بکەونە خۆڕاگری و بەرخۆدان.

گەمارۆی هەرات و شەڕ و لێکدانی نێوان سپای ئێران و پیاوانی کامران‌میرزا نیزیکەی سالێکی کێشا. کلاوقووچەی شوورە و دیواری هەرات دەستاودەستی دەکرد و سەرکەوتن یەکلایی نەدەبۆوە. لە بنەبانی سالی ١٢٥٣ی ک/١٨٣٨ی زایینیدا، مەکنیلی بالوێزی ئینگلیس لە هەرات گەیشتە لەشکرگای ئێران و پاش گوفتوگۆ لەگەل شا، ئیزنی لێ خواست کە بچێتە هەرات و لەگەل یارمحەممەدخانی وەزیری کامران‌میرزا پەیمانێکی وا ببڕێتەوە کە هەتا ئەندازەیەک ئامانجەکانی محەممەدشای تێدا بەدی بێ. ئەو کاتەی کە بالوێزی ئینگلیس بە دەستی پڕەوە گەڕایەوە، ژەنەڕال «کۆنت سیمۆنیچ»ی نوێنەری سیاسیی ڕووسیای قەیسەری گەیشتە خزمەت پادشا و ئەفسەرێکی ڕووسی بۆ ئەنجامدانی ئەرک و کاری سەربازی لە نێو لەشکری ئێراندا بە پادشا ناساند. محەممەدشا کە بارودۆخێکی ئاوای بۆ ڕەخسا، خۆی لە مۆر و واژۆی دەقی پەیمان‌نامەکە پاراست و لەسەر نەپسانەوەی گەمارۆ سوور بوو.

بالوێزی ئینگلیس جارێکی دیکەش چاوی بە پادشا کەوت و بە گوێی دادا کە درێژەی گەمارۆی هەرات نێوان‌ناخۆشیی ئێران و ئینگلستانی لێ دەکەوێتەوە. محەممەدشا لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی پرس و ڕاوێژدا گوتی بە مەرجێک ئامادەیە کە پەیمانی ئاشتی لەگەل کامران‌میرزا واژۆ بکا کە بالوێزی ئینگلیس ئەوەی وا لە لایەن دەولەتی خۆیەوە بە شای گوتووە بەرەسمی بینووسێ و واژۆی بکا. ڕەنگە پادشای ئێران مەبەستی ئەوە بووبێ کە لەپێناو پاراستنی دۆستایەتی لەگەل ئینگلستاندا گەڕاوەتەوە و دەستی لە گرتنی هەرات هەلگرتووە. هەروەها محەممەدشا داوای لە بالوێزی ئینگلستان کرد هەتا لەپێناو ئەم دۆستایەتی و لێبووردنەدا، دەولەتی ئینگلیس برە پارەیەک وەکوو یارمەتی بدا بە ئێران. بەلام بالوێزی ئینگلیس ئەم داوایەی بردەوە پاش. ئەنجا شا لە بالوێزی ئینگلیسی

راسپارد کە کار و هەنگاوەکانی وی دەستوەردانە لە کاروباری نێوخۆی وڵاتەکەی و دەستدرێژییە بۆ سەر مافی حکوومەتی سەربەخۆی ئێران.

لە کلکەی ساڵی ١٢۵٣ی ک/١٨٣٨ی زایینیدا، دووستمحەممەدخانی بارەکزایی قزڵی بۆ یاریدەی محەممەدشا هەڵکرد و کوهەندڵخانی برای خۆی نارده شەڕی بەرەی هەرات. ئەویش بە یارمەتیی هێزێکی سپای ئێران کە حەبیبوڵلاخانی شاسەیوان سەرکردەی بوو، «فەراهـ»ی گرت. لە باکووری هەراتیش هێزەکانی ئێران هرووژمیان کردە سەر «مورغاب» و «مەیمەند» و ڕێگای هەرات و ناوچەکانی دیکەیان هەڵپساند. سەرەنجام پاش هێرشێکی قورس و گران بۆ سەر هەرات و کەوتنەوەی کوژراو و بریندارێکی زۆری ئێران، بەشێک لە شووره و قەڵاتی شار هەرەسی برد و تێکرووخا و تاقمێک چەکداری ئێرانی بە شارەکە وەربوون. کامران‌میرزا هیوای بە خۆراگری و بەربەرەکانی نەما و هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە شارەکە بە دەستەوە بدا. هەر بۆیە دەروازەی گاڵەدراوی ترازاند و سوارەی قەرەگوێزلوو چوونە ژوورەوە، بەڵام سێر جان مەکنیلی باڵوێزی ئینگلیس کە پێشتریش چەند جارێک داوای لە محەممەدشا کردبوو هەتا دەست لە گەمارۆی هەرات هەڵبگری، هۆردووی ئێرانی بەجێهێشت و لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیکەی ئینگلیسی وەکوو راولینسون، ستۆدارت، دارسی تۆد و شیل کە وێرای بوون، گەڕایەوە مەشەد و لەوێشەوە بەرەو تاران بزووت.[1]

ماوەیەکی کەم دوای دەرچوونی باڵوێزی ئینگلیس لە مەشەد، هەواڵیان دا بە محەممەدشا کە گەمییە شەرکەرەکانی ئینگلیس دورگەی «خارک»یان گرتووە و لە لەنگەرگای «بووشێهر»یش نێزیک بوونەوە. محەممەدشا کە هیچ هیوایەکی نەمابوو بە یاریدەی قەیسەری رووس[2] و شەر لەگەڵ ئینگلستانیشی بە بەرژەوەند

١- لە کۆشکی دەسەڵاتی ئینگلستانەوە فەرمانێک هات بۆ سێر جان مەکنێل و لە شاروود گەیشتە دەستی. بەپێی ئەم فەرمانە دەبوو باڵوێزی ئینگلیس ئەوپەری نارەزامەندیی مەلەکەی خاوەن‌شکۆ سەبارەت بە گیرانی هەرات و تێکەڵکرانی لەگەڵ خاکی ئێران بە پادشا رابگەیەنێ و لە گوێی بسرەوێنێ کە بریتانیا گیرانی هەرات بە دوژمنایەتی لەگەڵ خۆی دادەنێ.

٢- لە جەنگەی گەمارۆی هەراتدا، ژەنەراڵ پیرۆفسکی کە ئەفسەرێکی رووسی و بە رەسەن لەهێستانی بوو، کوژرا.

نەدەزانی[1]. دەستی لە گرتنی هەرات هەلگرت و دیلە ئەفغانییەکانی ناردنەوە هەرات کە جەلالەددینمیرزای کوڕی کامرانمیرزاشیان لەگەڵ بوو.[2] ئەوسا قەلای غووریانی ئەسپاردە دەست جەعفەرقولیخانی بوزەنجیردی[3] و شەشهەزار سەربازی لەوێ دانا و مانگی جەمادی یەکەمی سالی ١٢٥٤ گەڕایەوە تاران.

کاربەدەستانی ئینگلیس و حکوومەتی هیندووستان دوای چاوسوورکردنەوە لە محەممەدشا و شکانی گەمارۆی هەرات، بەڕواڵەت پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران ڕاگرتن. بەڵام سیخوڕانی ئینگلیسی لە جلوبەرگی جۆراوجۆردا دەستیان دەکرد بە کار و چالاکی؛ بۆ نموونە سێر ئاستین لیارد خۆی هاویشتە نێو هۆزی بەختیاری و بەرگی ئەوانی پۆشی و محەممەدتەقیخانی سەرۆکی ئەو هۆزەی تێن دا هەتا دژی حکوومەتی ناوەندی وەخۆکەوێ و خۆشی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ فەرماندەی کەمپیە شەرکەرەکانی ئینگلیس لە کەندوای فارس دامەزراند. لە کرمان و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش تراتێن و ڕاوڕاوێتی پیاوانی ئینگلیس چەندین ڕاپەڕین و ئاژاوەیان پەدی هێنا و دواتر زیاتریان شی دەکەینەوە. ئینگلستان هەلی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی لە کاروباری ئەفغانستاندا خۆش دەکرد، کە بەشێکی دانەبڕاوی ئێران بوو. بریتانیا دەیهەویست هەر چۆنێکی کە بۆی دەکرێ پووشکەحکوومەتێکی دەستتدەخۆر لە ئەفغانستان دامەزرێنێ کە بە سەنگەری خۆکرد و سروشتیی هیندووستان دادەندرا. هەتا ڕێگای دزەی ڕووسیا بەرەو هیندووستان ببەستێ. لەو کاتەوە بەرەودوا ئێران بوو بە مەیدانی چالاکی و هەلسووڕانی نایاسایی و نارەوای پیاوانی ئینگلیس بۆ پاراستنی هیندووستان و لە سەرتاسەری سەردەمی دەسەلاتی محەممەدشا و ناسرەددینشادا ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرا. تەنانەت دەولەتی ئینگلستان بە بیانووی ڕێگرتن لە کۆیلەفرۆشی و لە

---

١- سێر پێرسی سایکس لە دەسپێکی بەشی ٧٧ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەی خۆیدا ئەم قسانەی داوەتە پاڵ محەممەدشا: ئێمە مل رادەکێشین بۆ تەواوی ویست و داواکانی بریتانیا. ئێمە ناچینە بەرەی شەڕەوە و ئەگەر لەبەر خاتری دۆستایەتی ئەبوویا، هەرگیز دەستمان لە گەمارۆی هەرات هەلنەدەگرت.

٢- کامرانمیرزا سالی ١٢٥٧ی ک/١٨٤١ی زایینی بە دەست یارمحەممەدخانی وەزیری خۆی کوژرا.

٣- ئەم پیاوە دەبێ خەلکی بزنەگردان بووبێ و زاڵبوونی زمانی عەرەبی و راوێژی خەلکەکە وای بە سەر هێنابێ. گردەبزنان، بزنەگردان ← بزنەگردانی.و.

قاپۆر و قەلافەتی مرۆڤدۆستانەدا لە کەنداوی فارس پەرەی بە دەسەلاتی خۆی دا و ئەوەی راستی بێ لە قۆلی باشوورەوە ئێرانی گیرۆدەی گەمارۆی سەربازی و ئابووری کرد.

لە ئەفغانستانیش کاربەدەستان و پیاوانی ئینگلیسی و کۆمپانیای هیندی، وردەوردە پەرەیان بە دەسەلاتی خۆیان دا. ئەوان هەلدەسووران هەتا خاشەی هێز و دەسەلاتی حوکمرانان و میرانی قەندەهار و کابول بکێشن کە زۆربەیان مەیلیان بە لای ئێراندا دەشکایەوە و وایان پێ باشتر بوو کە سەر وەبەر دەسەلاتێکی کۆنەسال و لەمێژینەی ولاتێکی هاورەگەز و هاوزمان و هاودینی خۆیان، واتە ئێران بێنن، نەک پێملی دەسەلاتێکی داگیرکەری لاوەکی بن.

### چالاکیی پیاوەکانی ئینگلیس

ئەو شازادانەی کە لە دەسپێکی فەرمانڕەوایەتی محەممەدشادا سەریان وەبەرهێنا و لەگەلی نەکەوتنە دووبەرەکایەتی و زۆربەیان جلەوی حکوومەتی ناوچە و هەرێمەکانی ناوەندی و باشووری ئێرانیان درایە دەستی، لە جەنگەی گیرۆدەبوونی پادشادا بە جنگ شەری هەراتەوە، لە ئیسفەهان و کاشان و گورگان لێی هەلگەرانەوە و ئاوری ئاژاوەیان نایەوە. وەکوو پێشتریش ئاماژەی پێکرا پیاوەکانی ئینگلیسی لە ژێرەوە پەرەیان بەم دەرهەلبوون و هەرایانە دەدا. هەتا هەر چۆنێکی کە بۆیان دەلوێ، پادشا تەنگەتاو بکەن بەلکوو دەست لە گرتنی هەرات هەلبگرێ. پاش ئەوەی کە محەممەدشا گەراوە تاران و هەوالی ئەو راپەرین و ئاژاوانەی بیست، مانگی ئۆوجیژنانی سالی ۱۲۵۵ی کۆچی، بە خۆی و ۲۵هەزار سەربازەوە بەرەو باشوور بزووت. لە ئیسفەهان بە بیانووی دەمکوتی ئاژاوەگێران جەماوەرێکی زۆری لە خوێن گەوزاند و سەرکردەکانی لە کاشان و کرمانیش دەستیان نەپاراست و بەوپەری زەبروزەنگەوە تێکەوتن و سەربزێوانیان قەلتوبڕ کرد.

لەو کاتەدا ئینگلیسییەکان، شاشوجاعی کوڕی تەیموورشای دورانی کە پالی بە پیاوانی کۆمپانیای هیندەوە دابوو، کردیانە داردەستی خۆیان و لەگەل ۲۰هەزار چەکداری هیندی و ئەفغانی بە ڕێی پەنجاب و پیشاوەردا ناردیانە قەندەهار. دووستمحەممەدخان و کوڕەکانی لە قەندەهار بازرە بوون و پەنایان بردە بەر

ئەللاقولیخانی خارەزمی لە بوخارا. بەڵام چونکە یاریدەی نەدان، بە خۆیان و پێنسەد سوارەی سیستانییەوە چوونە ژێر باڵدەی بارگای دەسەڵاتی ئێران (١٨٣٩/١٢٥٥). محەممەدشا زۆری دڵخۆشیی دووستمحەممەدخان داوە و چەند کەسێکی وەکوو کوهەندڵخانی برای بەرێکردن بۆ یاریدەدانی میرانی باشووری ئێران هەتا پاش ڕێخۆشکردنی لێدان و سەرکوتی شاشوجاع، سەرلەنوێ بیانتێرێتەوە بۆ قەندەهار.

دوای جێگیربوونی شاشوجاع لە قەندەهار، ئینگلستان تەمای گرت کە کامرانمیرزای میری هەراتیش بخاتە ژێر باڵی پاراستنی خۆی و بە پارە و ماڵی دنیا و بە بیانووی یاریدەدانی، دۆستایەتیی لەگەڵ دامەزرێنێ و بیکاتە هاوپەیمانی خۆی. بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەست و ئامانجە مێیجەر «دارسی تۆد»ی لەگەڵ شاندێک نارده قەندەهار. وەکوو باسمان کرد دارسی تۆد ئەندامی ئەو شاندە بوو کە پێشتر هاتبوویە ئێران و پاش تووڕەبوونی «مەکنیل»ی باڵوێزی ئینگلیس، هۆردووی محەممەدشای لە هەرات بەجێهێشتبوو. کامرانمیرزا و یارمحەممەدخانی وەزیری، زۆر بەگەرمی شاندەکەیان بەخێرهێنا و پەیماننامەیەکیان لەگەڵ نووسین. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە حکوومەتی ئینگلیسی هیند بەڵێنیی دا هەتا هەموو مانگێک بڕی ٢٥هەزار ڕووپییە بدا بە کامرانمیرزا، ئەویش بەو مەرجە کە حوکمڕانی هەرات هەر چەشنە نامەگۆڕینەوە و وتووێژ و هاتوچۆی سیاسی لەگەڵ بارگای ئێران بسپێرێتە دەست دیپلۆماتەکانی بریتانیا. یارمحەممەدخانی وەزیری کامرانمیرزا ئەگەرچی بەڕواڵەت ڕووی خۆشی بە ئینگلیسییەکان نیشان دا و بە دەمیانەوە پێکەنی. بەڵام نامەیەکی بۆ محەممەدشا نووسی و بۆی ڕوون کردەوە کە پەیماننامەکەی هەرات بەپێی هەلومەرج و پاراستنی بەرژەوەندی بووە. دەنا هەتا ئێستاش حوکمڕانی هەرات هەر چاوی هیوای بڕیوەتە فەرمانڕوای ئێران.

ئینگلیسییەکان کە لە ڕێی باڵوێزخانەی خۆیانەوە لە تاران، ڕوونووسێکی نامەکەی یارمحەممەدخانی وەزیری کامرانمیرزایان کەوتبوویە دەستی،[1] بە مەبەستی تێکنەدانی نێوەرۆکی پەیماننامەکە چاویان لە جاند ئەم کار و هەڵوێستە پۆشی. بەڵام دارسی تۆد دوای ساڵ و نیوێک مانەوەی لە هەرات بۆی دەرکەوت کە

---

١- درانی ڕوونووسی نامەکەی یارمحەممەدخان بە باڵوێزخانەی ئینگلیس، نموونەی خەیانەتی تاقمێک لە پیاوانی بارگای دەسەڵاتی ئێران و مەزن و ماقووڵانی ئەو سەردەمەیە.

یارمحەممەدخان شاندێکی بۆ وتووێژ لەگەڵ حوکمداری خوراسان ناردۆتە مەشەد. دەوڵەتی ئینگلیس مانگانەکەی کامرانمیرزای بڕی و «دارسی تۆد» کە دوژمنایەتیی یارمحەممەدخانی لەگەڵ ئینگلستان بۆ ڕوون ببۆوە، لە شاری هەرات ڕۆیی.

محەممەدشا کە یەکجار بە تێشکانی سیاسیی خۆی لە بەرامبەر دیپلۆماسیی ڕێویبازانەی بریتانیادا بە دڵگیری دەژیا و بۆ دەمێکیش نەیدەتوانی لە جەغزی بیری هەرات و ئەفغانستان دەرباز بێ، سەرەڕای کزی و بێهێزی و دەردەداری، لە هەلێکی لەبار دەگەڕا هەتا تێشکانەکەی قەرەبوو بکاتەوە؛ بەڵام خۆ کارگێران و بەرپرسانی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران و شاران بێکار دانەنیشتبوون و هەروەک ئاماژەمان پێکرد، هەموو ڕۆژێ لە سووچێکی وڵاتی ئێران هەرا و ئاژاوەیەکیان دەنایەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە سیاسەتی ئینگلیس بە هاندەر و دەورگێڕی سەرەکیش دانەنێین، لانیکەم دەبێ قبووڵی بکەین کە پیاوەکانی ئینگلیس دەستیان لە پەرەپێدان و بەهێز کردنی ئەم ئاژاوانەدا بووە. یەکێک لەو ڕووداوانەی کە شەڕ و کەرێکی گەورەی لە شای ئێران و هێزە چەکدارەکانی هاڵاند، سەرهەڵدانی ئاقاخانی محەلاتی، یانی پێشەنگ و پێشەوای «ئیسماعیلییە» بوو.

## ڕاپەڕینی ئاقاخان

لە زەمانی حکوومەتی زەندییەدا سەید ئەبولحەسەنخانی کوهەکیی قومی پێشەوای ڕێبازی ئیسماعیلییە بوو کە لە کرمان حکوومەتی دەکرد. سەید ئەبولحەسەنخان پاش لێخران و لابرانی لەسەر دەسەڵات، ڕۆیی بۆ «محەلات» و لەوێ نیشتەجێ بوو. دوای چوونی بەرەو دنیای خامۆشان، شاخەلیلوڵلا یان میرزا شاخەلیلوڵلا بوو بە ئیمام و پێشەوای ڕێبازی ئیسماعیلییە. مریدەکانی لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئێران و هیند و تورکستانەوە خۆیان دەکوتا بۆ دیدار و زیارەتی لە محەلات و بەشی ئیمام[1] و زەکاتیان دەدایە خزمەتی و «ئەگەر نەیاندەتوانی بچنە دیداری یان زەکاتەکەیان بۆ نەدەنێردرا، بە ئاوی دەریایاندا دەدا و بڕوایان وابوو کە دەگاتە دەستی ئیمام».[2]

---

١- مەبەست ئیمامی ون واتە ئیمامی مەهدییە. بەشی ئیمام دەبێتە نیوەی خومس یان ئەو پێنج یەکەی کە لە مەزهەبی شیعەدا ڕەوایە.و.

٢- ئەم ڕستەیە لە کتێبی «ئاسیخوتتەواریخ» وەرگیراوە.

شاخەلیلوڵلا پاش ماوەیەک مانەوەی لە مەحەللات، ڕۆیی بۆ یەزد و چونکە سەرچەلە و پێشەوای ڕێباز و وەک خەلک دەیانگوت خاوەنی دامودەزگایەکی بەربلاو بوو. کەوتە بەر شەپۆلی ناخۆشەویستی و دزاندنی دەستەیەک مەلا. وا هات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پۆلێک لە مریدەکانی لەگەڵ پۆلێکی دیکەی بازاڕی تووشی شەڕ بوون و مەلا حوسێن یەزدی هەلەکەی قۆزتەوە و خەلکی هەڵخڕاند و دنەی دان و ئەوانیش هرووژمیان بردە سەر ماڵی ئیمام و دەستیان لێ نەپاراست و لەتوپەتیان کرد و پاشان چەند کەسێکی دیار و چاوناس ماڵەکەیان تاڵان کرد. میرزا محەممەدجەعفەری سەدرولمەمالیکیش کە پیاوێکی قسەڕۆیشتوو بوو، لە هاندانی خەلکدا دەوری گێرابوو. دوای ئەم هەرایە حاجی محەممەدزەمانخانی حوکمڕای یەزد مەلا حوسێن و چەند کەس لە هاندەرانی ئەم کارەساتەی گرتن و قەومانی ڕوودانەکەی بە تاران ڕاگەیاند (١٢٣٢ی ک/١٨١٦ی ز).

بە فەرمانی فەتحعەلیشا ئەوانەی کارەساتەکەیان بەدی هێنابوو نێردرانە تاران. شا زۆر توند بە گژ سەدرولمەمالیکدا چوو، بەلام هەر بە سەرکۆنە دەستی لە کۆڵ کردەوە[1] و مەلا حوسێنی خستە زیندانەوە و گوتی فەلاقەی بکەن و فەرمانیشی دا کە تەواوی ئەوانەی کارەساتەکەیان خولقاندووە دەبێ خوێنبایی کوژراوەکە بدەن.

پاش کوژرانی شاخەلیلوڵلا، فەتحعەلیشا ئاقاخانی کوڕە گەورەی [ئەم شێخەی] بە سەر کردەوە و «سەروجیهان»ی کچی بیست و سێیەمی خۆی لێ مارە کرد.[2] ئاقاخان پلەی پێشەوایەتیی ڕێبازی ئیسماعیلییەی لە باوکییەوە بە میرات پێبڕا و ڕۆژبەڕۆژ مریدەکانی زیادیان دەکرد و پەرەیان دەستاند. لە کلکەی سالی ١٢٥٢دا لە «بەم» ڕاپەڕی و کاتێک محەممەدشا دە سەری کرد دەبێتە تاران. پەنای بردە نێو

---

١- نووسەری ڕەوزەتوسسەفای ناسری دەنووسێ: «چونکە بەرێزی سەدرولمەمالیک یەکێک بوو لە زانایان و مەزنەمەلایان، بەگشتی و بەپێی شەرع دەبوو شووشەی نەشکێ، شا چاوی پێی نەکەوت و نەیخوێندەوە و لە ماڵێک دەست بە سەر بوو.» بەلام وەکوو لە دەقەکەدا هاتووە، نووسەری ناسیخوتتەواریخ دەڵێ شا چاوی بە سەدرولمەمالیک کەوتووە.

٢- بەرهەمی زەماوەندی ئاقاخان لەگەڵ کچی فەتحعەلیشا سێ منداڵ بوو، یانی دوو کچ و کوڕێک. کوڕی ئاقاخان بە ناوی عەلیشا دوای مەرگی باوکی ـ کە دواتر بە ئاقاخانی یەکەم ناوبانگی ڕۆیی ـ بوو بە ڕێبەری ڕێبازی ئیسماعیلییە و بە ئاقاخانی دووهەم ناسرا.

قەڵای «بەم» و پاش ماوەیەک بەربەرەکانی خۆی بە دەستەوە دا و بە تکا و پاڕانەوەی فەرمانفەرمای حوکمڕانی فارس و حاجی میرزا ئاغاسی، سەرۆکوەزیری وڵات، پادشا لێی خۆش بوو.[1] کاتێک محەممەدشا بەرەو ناوچە و مەڵبەندەکانی خوارەوەی وڵات دەڕۆیی، یەکێک لە سەرکردەکانی خۆی بە ناوی «بەخشعەلیخانی یووزباشی»ی ڕاسپارد هەتا بڕوا و شازادە فەڕوخسییەرمیرزای حوکمڕانی هەمەدان دەمکوت بکا. ئاقاخان کە لەگەڵ خزمان و کەسانی دەڕۆیی بۆ سەر مەرقەدی ئیمامان و لە هەمەدان ببوو بە هاودەستی فەڕوخسییەرمیرزا. لە ئەرک و ڕاسپاردەی بەخشعەلیخان تۆقی و کێچی کەوتە کەوڵی. ئاقاخان ئەوانەی لەگەڵی بوون ناردنی بۆ مەزارگەی ئیمامان و چەند کاغەز و فەرمانێکی درۆ و هەڵبەستەی نووسی و وای نواند کە کەوڵی حکوومەتی «بەم»ی خراوەتە سەر شانی و کاغەزەکانی لە نێو پیاوماقووڵان و پەیڕەوانی خۆیدا لە کرمان بڵاو کردەوە. سیخوڕانی ئینگلیسیش لە کرمان و بەلووچستان، مریدان و کۆمەڵێک سوارەی سیستانی و ئەفغانییان بۆ پشتیوانیی لە ئاقاخان کۆکردنەوە و کاتێک ئاقاخان گەیشتە «بەم». چوارهەزار سەربازێکی ئاخواز لە دەورەی هاڵابوون (۱۲۵۵ی ک/۱۸۳۹ی ز). ئاقاخان پەلاماری بردە سەر شاری بابەک کە بنکەی کوهەندڵخانی ئەفغان بوو و هاوکات محەممەدباقرخانی براشی بەرێکردە «سیرجان». فەزلعەلیخانی قەرەباغی حاکمی کرمان کە پیاوێکی چاونەترس و ئازا بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک سوارەی هاوڕێی بە مەبەستی دەمکوتی ڕاپەڕین هەڵیکردە سەر ئاقاخان و لە «زەیداباد» محەممەدباقرخانی گەمارۆ دا. ئاقاخان تیژ ڕۆیی بۆ یاریدەی براکەی، بەڵام خۆی لەبەر هەڵمەت و گورزی توندوتۆڵانەی فەزلعەلیخان

بنکەی ژین

---

۱- ڕاولینسۆن کە لە ڕۆژگاری محەممەدشادا یەکێک بووە لە ئەندامانی شاندی ئینگلیسی بۆ ئێران، سەبارەت بە حاجی میرزا ئاغاسی نووسیویەتی: «ماوەی سێزدە ساڵ حوکمڕان و فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی ئێران بوو. هیچ شتێکی سەبارەت بە سیاسەت و کاروباری سەربازی نەدەزانی، بەڵام دیسانیش ئەوەندە خۆپەرست و بە فیز و دەمار بوو کە حازر نەبوو هیچ شتێک لە هیچکەس فێر بێ. لە قسە کردندا زۆر تووڕە و تۆسن و لە هەڵسوکەوتیدا یەکجار بێباک و پڕکێش بوو. تەمەڵی و تەوەزەلی تەواو بە کار و کردارییەوە دیار بوو. ئەو کابرایە خەزێنەی وڵاتی بە سەر مایەپووچی و سەرسووڕاویدا خست و وڵاتەکەی گەیاندە سەر لێواری قۆناخی ڕاپەڕین. مووچەی قۆشەن سێ تا پێنج ساڵ کەوتبۆوە سەر یەکتر و کەموزۆر هێزی سوارەی خێڵاتی تۆویان برا.»

پێنەگیرا و ڕایکرد بۆ «لار». هاوڕێیان و مریدانی کە لە «شاری بابەک» مابوونەوە، دەستیان لە گەمارۆی شارەکە هەلگرت و بڵاوەیان لێکرد. ئاقاخان هەمان دەستوور لە «لار» کۆمەڵێکی لە خۆی کۆکردەوە و بەرەو «جیروفت» ئەسپی تاو دا و دەستی بە سەر قەڵای «ئیسفەندەقە»ی جیروفتدا گرت. بەڵام جارێکی دیکەش فەزلعەلیخان بەزاندی و هەڵات بۆ «میناب» و چونکە وەرزی زستان داهات، لەو لەنگەرگایە تۆنەکەی گرت.

لە بەهاری ساڵی ١٢٥٦ی ک/١٨٤٠ی زایینیدا، ئاقاخان بە هاوکاریی کاربەدەستان و پیاوانی ئینگلیسی سەرلەنوێ لەشکرێکی زەوەندی کۆکردەوە و چەند تۆپێکی دابین کرد و بەرەو کرمان ڕۆیی. فەزلعەلیخان کە دوو لقەچەکداری بە سەرکردایەتیی ئیسفەندیارخان و عەولاخانی قەرەگۆیزلوو ناردبوون هەتا بیتارێنن. سەرنەکەتن. لە گەرمەی شەڕەکەدا ئیسفەندیارخان کوژرا و ئاقاخان هەتا «بەردەسیر» ڕۆیی.[1] فەزلعەلیخان کە بە کوژرانی برای هەر ئاوری دینا و دەرهەلبیوو. لە کرمان هاتەدەر و هێرشی بردە سەر بەردەسیر. چەکدارانی بەرفەرمانی ئاقاخان لە ترسی هەلمەتی مەردانەی سەرداری کرمان تۆقین و لاقیان لێ بوو بە باڵ و تەقورەویان تێکەوت و فەزلعەلیخان هەتا بەمپوور هەڵبردابری تێخستن و کەوتە پەیکەردەیان و گەلێکی بە دیل گرتن. ئاقاخان پاش تێکشکانی یەکجارەکی، ملی ڕێی قەندەهاری گرت و لەوێوە ڕۆیی بۆ هیندووستان[2] و بەم شێوەیە شۆڕشی کرمان کە بۆ ماوەی ١٤ مانگ بیری محەممەدشای بە خۆیەوە شەتەک دابوو، داکووژا. لە کلکەی دەسەڵاتی محەممەدشادا، ئەبولحەسەنخانی برای ئاقاخان ناسراو بە «سەردار» جارێکی دیکە هرووژمی هێنایەوە سەر بەلووچستان، بەڵام خێرایەکی سەرکوت کرا.

لە جەنگەی داکووژان و برانەوەی ڕاپەڕینەکەی ئاقاخانی محەللاتیدا، کۆمەڵێک شەڕەنگێزی ئاژاوەگێڕی بەلووچ لە بەمپوور لێکهاڵان و خۆیان دایە سەربزێوی، حەبیبوڵلاخانی شاسەیوان هەڵیکردە سەریان و قەڵای بەمپووری خاپوور کرد و

---

١- بەردەسیر لە باڵی باشووری کرمانە و ٣٦ کیلۆمیتری لێوە دوورە.

٢- «... سەرەنجام ئەم کابرایە (ئاقاخان) ڕایکردە هیندووستان و بە مەبەستی داکووژاندنی ئاژاوەکانی سیند بوو بە یاریدەری بریتانیا و پاشان لە شاری بەمبەئی نیشتەجێ بوو.» سەرچاوە: مێژووی ئێران، سێر پێرسی سایکس، بەرگی٢.

مەرگەساتێکی سامناکی خولقاند و کۆمەڵێکیشی بە دیل گرت. ئەو زەبروزەنگ و ئەو کارە ناجوامێرانەی خانی شاسەیوان، خەڵکی تەرە کردن و جەماوەرێکی بەرچاوی خێڵاتی بەلووچی دەوروبەری بەمپوور لە حەوت کێوان تەقین و هەتا کەژ و کۆی سنووران پەند نەبوون و رقیان لە دەسەڵاتی ئێران هەڵگرت. ئەم کارەش ڕێی بۆ پێشکەوتنی ئامانجی داگیرکەرانە و بەکۆیلەبەرانەی ئینگلستان و پیاوانی خەیانەتپیشەی کۆمپانیای هیندی[ی ڕۆژهەڵاتیی] ئینگلیس خۆش کرد، کە هەموو ڕۆژێک فێڵ و بیانوویەکی تازەیان بۆ سەرقاڵکردنی بارگای ئێران دەدۆزییەوە. لەو کاتە بەولاوە ناردەستانی ئینگلیس گەلێک جار دەرفەتیان لە نارەزامەندی و ساکاری و ساویلکەییی تیرە و خێڵاتی بەلووچ هێنا و لە گیانی حکوومەتی ناوەندیی ئێرانیان بەردان.

**سەید عەلیمحەممەدی باب**

هێشتا هەرا و ئاژاوەی ئاقاخانی محەللاتی تەواو دانەکووژابوو کە محەممەدشا تووشی هەڵگیرسانی ئاوری کۆمەڵێک ئاژاوەی دیکە بۆوە. لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی خوراسان پەیرەوانی ڕێبازی قادری (نەخشبەندی)[1] دژی حوکمرانی خوراسان ڕاپەڕین. هاوکات لەگەڵ کێشەی باکوور لە باشووری ئێرانیش پیاوێک بە ناوی سەید عەلیمحەممەدی باب کە خۆی بە پێشەوایەکی دینی دەزانی هاتە مەیدان و گوتی ڕێڕوونکەرەوە و ڕێشاندەری خەلکم و دەنگی هەڵێنا.

سەید عەلیمحەممەد کوڕی سەید ڕەزا شیرازی ماوەیەک لە ژێر سایە و سێبەری دەرگانەی ئیمامان بەشداری کۆڕی وانەوتنەوەی حاجی سەید کازم دەبوو. پاش ماوەیەک ڕۆیشتە بووشێهر و لە سووچ و پەنایەک کەوتە چلەکێشان و لەو ماوەیەدا بۆ ئەوەی بتوانێ ڕوحانەتی مردووان بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی لە قرچەقرچی گەرمای ئەو شارەدا گەرمی نزا و پاڕانەوە بوو. هێندەی پێنەچوو کە ڕۆیی بۆ کووفە و لەوێش بوو بە چلەکێش و هەر لەو جێگایەوە مەیلی

---

١- نووسەر هەڵەی کردووە و ڕێبازی سۆفییانەی «قادری» و «نەخشبەندی»ی بە یەک داناون، کەچی زۆر جیاوازن. لێرەدا دەبێ مەبەستی ڕێبوارانی ڕێبازی نەخشبەندی (نەقشبەندی) بێ کە لەسەر ڕچە و ڕێبازی خواجە محەممەدبەهائەددین ڕۆیشتوون کە ناسراوە بە «شاهی نەخشبەند»ـە.

ڕێبەرایەتی و پێشەوایەتیی ڕێچکەدینی لە مێشکیدا گەرای دانا و گوورا. پاشان ڕۆیی بۆ مەککە و سەرەنجام گەڕایەوە بووشێهر. لەوێ کۆمەڵێک خەڵکی سافیلکەی بێباوەڕ و سەرسەریی لە خۆی هاڵاند و گوتی سەمبولی مرۆڤی کاملی بێنوقسانیی کۆمەڵی ئادەمیزادە و پاشەواری خودا[1] و سەرەنجام ئیمامی دوازدەهەم و «باب»ی[2] زانستی یەزدانییە. دارودەستە و پیاوانی وریای حکوومەتی هیند کە بۆ هەڵگیرساندنی هەرا و ئاژاوە لە دەرفەت و بیانوویەکی ئاوا دەگەڕان، سەیدیان کردە بلیندگۆی بانگەشەی سیاسی و ئەوەندەی بۆیان کرا خەڵکی ساویلکە و چاوچنۆکیان وەکوو مرید لە دەوری کۆ کردەوە و «باب» دەستەیەک لە مریدە زمانلووسەکانی خۆی ناردن بۆ شیراز و دەستی کرد بە بانگەوازی دینی و لەو شارەشدا بەکرێگیراوانی ئینگلیس بەدزی ڕێیان بۆ ئامانجەکانی «باب» خۆش کرد.

حوسێنخانی ئاجودانباشیی ساحێبئیختیار، حوکمڕانی فارس، تاقمێک لە لایەنگران و بانگەشەکەرانی «باب»ی لە شیراز گرتن و ئەشکەنجەی دان و پاشان بابی بانگهێشتن کردە شیراز و کۆڕێکی بۆ مامۆستایانی دینی پێکهێنا و لە «باب»ی ڕاسپارد با بێ و لەگەڵ ئەم مەلایانە بکەوێتە باس و دەمەتەقە. مەزنەمەلا و پایەبەرزانی دینی لەو کۆبوونەوەیەدا پێکەنینیان بەو قسانە هات کە باب دەیکردن و بەپێی یاسا و ڕێسای دینی و لێکدانەوەی ڕوونی عەقلی، بیر و باوەڕیان بردەوە پاش و بۆچوونەکانیان هەڵوەشاندنەوە کە جەوتڕینکەیەک بوو لە کۆمەڵێک حەدیسی سستەکە و لاواز و گێڕانەوەی کۆنباو و نەزیلەی مێژوویی و چیرۆک و ئەفسانەی دەماودەمگەڕاوی نێو جەماوەری ڕەمەکی. هێندێک لە زانایانی دینی قسەکانی بابیان بە هەڵەتوپلیت و سەرشێتی و ئاکا لە خۆبراوی لێکدایەوە.

حوکمڕانی فارس «باب»ی خستە زیندان. بەڵام هێندەی پێنەچوو کە لایەنگرانی قزلیان هەڵمالی و بەهێز و برشتی ئەو پارە بە لێشاوەی کە پیاوانی کۆمپانیای هیندی وەپێشیان کردبوون. مەنووچێهرخانی موعتەمیدودەولەی حوکمڕانی

---

١- بەقیەتوڵلا واتە پاشەواری خودا و نازناوی ئیمام مەهدییە.و.

٢- سەید عەلیمحەممەد خۆی بە «باب» واتە «دەرگا»ی دۆزرانەوەی ئیمامی زەمان (مەهدی) داناوە و گوتوویەتی خەڵک بۆ ئەوەی چاویان بە نەهێنییەکان و ڕاستەقینە مەزن و پیرۆزەکانی ڕۆژی بنەوان و هەتاهەتایی ڕوون ببێتەوە، دەبێ بە مندا تێپەڕبن کە «باب»م، یانی دەرگای ئەو دنیایەم... .و.

ئیسفەهانیان پاڵ پێوەنا هەتا باب دەرباز بکا. ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە دەبێ باب بنێردرێتە تاران، پۆلە سوارێکی ناردە شیراز و بردیانە ئیسفەهان. حوکمڕان باڵی بە سەر کێشا و ماوەیەک دواتر حەشاری دا و کردی بە دەنگۆ کە ڕایکردووە.

ونبوونی سەید لە بەرچاوان و هەڵسووڕداسووڕی حوکمڕانی ئیسفەهان بە دوای ئەم باس و بابەتەدا و هێندێک هۆکار و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی سەردەمەکە، پلە و پێگەی «باب»ی پێهەڵبرد و مریدەکانی زیاتر لە جاران بوونە لاگیر و پشتیوانی و هەتا ساڵی ١٢٦٣ی ک/١٨٤٦ی ز. کە موعتەمیدوددەولە حوکمڕانی ئیسفەهان بوو، باب لەوپەڕی ئاسوودەییدا دەژیا و کاتێک لەو ساڵەدا حوکمڕان پێراهات، بە فەرمانی محەممەدشا «باب» گیرا و لە قەڵای «چەهریق»ی ئەردەوێڵدا زیندانی کرا.

سەرهەڵدانی «باب» لە سەرەتادا پتر هەر بانگەوازێکی دینی بوو، بەڵام سەر پێوەنیشاندنی بەرچاوی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکە و بەتایبەت داڵدەدرانی لە لایەن حوکمڕانی ئیسفەهانەوە، پەرەی پێدا و کردی بە کێشەیەکی بەرچاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ماوەیەک پاش گیرانی لە ڕۆژگاری پادشایەتیی «ناسرەددین‌شا»دا، لایەنگرانی «باب» گەلێک جار زۆر بە توندوتیژی ڕاپەڕین و بابییەکان چەند جارێک پیلانیان بۆ کوژرانی پادشا و سەرۆکوەزیری ئێران دارشت.[1] وردەوردە هەرای باب بوو بە بیانوویەک بۆ جێبەجێ کرانی نیاز و قین پێڕشتنی تاقمێک و وەدی هێنانی کۆمەڵێک ئامانجی سیاسیی مەزنانی بارگای میری و حوکمڕانانی ناوچە و مەڵبەندەکانی وڵات. لەو کۆمە لێڵ و شلەقاوەدا تۆماتی کوفر و لە دین وەرگەڕان برەوی ئەستاند. وای لێهات کە مەزن و ماقووڵانی دینکلۆری بارگا و

١- سێر پێرسی سایکس لە ژێر سەردێری «پیلان و ئاژاوەی بابییەکان»دا دەنووسی: «... پیلانێک بۆ کوشتنی ئەمیرنیزام (میرزا تەقی‌خانی ئەمیرکەبیر) دارێژرا، بەڵام پێی زاندرا و پیلانگێڕەکان گیران و کوژران.» پاشان دەنووسێ: «دوو ساڵ دواتر ژیانی ناسرەددین‌شا کەوتە بەر مەترسی و چوار پیاوی بابی کە داخوازنامەیەکەیان بە دەستەوە بوو، پەلاماری پادشایان دا و ڕانی بریتی هێنا و هەواڵی نەمانی بڵاو بۆوە. ئەو سزایەی کە بۆ پەلاماردەران وەبەرچاو گیرا، یەکجار درندانە بوو. دوو کەس لەو تاوانبارانەیان هێنان «شەمعئاژن»یان کردن، یانی چوار کونیان لە سینگی هەرکامەیان کردن و «شەم»یان تێچەقاندن و پاشان بە تەورێکی بچووک وەریانگەڕاند و کردیانن بە چوار پیل و هەر پیلەیان لە دەروازەیەکی شاری تاران هەڵواسین.

کەسانی چاوتەزێر و غەرەزاوی و پیاوانی بیگانەپەرستی ناسرەددین‌شا، بابەتەکەیان بۆ وەدی هێنانی ئامانجی نابەجێ و نالەباری خۆیان و پەککەستنی خەلکی نیشتمان‌خۆشەویست کردە پەرۆی شین و هێنایان و بردیان. ڕێبازی بابی کرایە کێردیکی تیژ بۆ بڕینی زمانی ڕەخنەگران و داکووژاندنەوەی بیر و باوەڕی جەماوەری ڕووناکبیری نوێخوازی ئەو سەردەمە و کاربەدەستانی خێرخوا و کێشەداکووژێنەوەی کارسازی کۆمەڵ. ئەوەی ڕاستی بێ سەرەنجام باس و بابەتی بانگەوازی باب لەگەڵ کۆمەلێک کێشە و پرسی کۆمەلایەتی و سیاسی و ویست و ئامانجی تاکەکەسی تێکەڵ کرا.

### ڕاپەڕینی سالار لە خوراسان

ئەللایارخانی ئاسەفوددەولە کە لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتیی محەممەدشاوە جلەوی حکوومەتی خوراسانی درابوویە دەست. لە سەرەتاکانی سالی ١٢٦٢ی کۆچی‌دا بە بیانووی پیری و وەرەزی و ماندوویی. دەستی لە پلە و پایەی حوکمرانی هەلگرت و تەنیا ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری بارگای پیرۆزی ئیمام ڕەزای لە چارەی خۆی نووسی و لێی بوو بە دەمڕاست. لەو کاتەوە بەرەودوا کوڕێکی گەنجی ئاسەفوددەولە، یانی حەسەن‌خانی ناسراو بە «سالاری یار» کەولی حکوومەتی خرایە سەر شانی، کوڕێکی دیکەی ئاسەفوددەولە بە ناوی حەمەقولی‌خان لە بارگای محەممەدشادا ئەرکی پەردەداری و ئیشیک‌ئاقاسیی[1] بارگای میری خرابوویە سەر شانی و یەکێک بوو لە پیاوانی قسەرۆیشتووی سەردەمی خۆی. حەمەقولی‌خان زۆرجاران نامەی لە باوکی دەنووسی و باسی بێ‌مشووری و نەشیاویی حاجی میرزا ئاغاسیی بۆ دەکرد و دەیگوت ڕەنگە هەرا و ئاژاوەیەک لە ولاتدا هەلگیرسی و حکوومەتی محەممەدشا بەرەو ڕووخان بڕوا.[2]

---

١- کارگێری کاروباری بارگای میری.و.

٢- نووسەری ناسیخوتتەواریخ لەو بارەیەدا دەنووسی: «... جا لە لایەکی دیکەوە چونکە ئەم قسانەی حەمەقولی‌خان بوونە بنێشتەخۆشکە و نەقڵ و نەزیلەی کۆڕ و کۆبوونەوان لە خوراسان، حەسەن‌خانی سالار، کوڕەکەی دیکەی ئاسەفوددەولەش دەیبیستێتەوە و پێی وابوو ئەگەر بێ و لەشکرێک ساز و تەیار بکا و بەرەو خانەمیری [تاران] بڕوا، خەلک هێندە لە پادشا بێزراون کە لەڕێوە بەرەوپیری دەچن و بەبێ شەڕ و گڕی تاجی←

لەو کاتەدا تورکمانەکانی باکووری خۆرنشین هەڵیانکوتایە سەر قەڵەمڕەوی خوراسان. محەممەدشا پێیزانی و یەکێک لە میرانی خۆوڵاتیی خوراسان بە ناوی محەممەدحوسێنخانی «نەردینی»ی کردە حوکمڕانی ناوچەکانی باکووری خوراسان و بەرەو شوێنی دەسەڵاتی گالی دا و رایسپارد هەتا خاکیان بە توورەکان بکێشی و دەستیان لێ نەپارێزێ. خانی نەردینی تورکمانی قەڵتوبڕ کردن و کەوتە بەر دڵی پادشا و سەرۆکوەزیر و بە سەرکرایەوە. ئاسەفوددەولە کە نێوانێکی هێندە خۆشی نەبوو لەگەڵ حاجی میرزا ئاغاسی و «سالار»ی کوڕیشی چاوی بە گەشە و هەڵچوونی خانی نەردینی هەڵنەدەهات و ئێرەیی پێدەبرد. نەجەفقولیخانی بوزەنجێردیی شادلوو و جەعفەرقولیخانی شادلووی کوڕیان دژی خانی نەردینی هەڵخراند و ئەوانیش شەوێکی بە سەریاندا دا و خۆی و پیاوەکانیان لە خاک و خوێن گەوزاند.

کاتێک هەواڵی هەرای خوراسان و کوژرانی نەردینی گەیشتە تاران، محەممەدشا فەرمانی دا کە ئاژاوەگێران و بکوژانی نەردینی بگیرێن و بنێردرێنە پایتەخت. بەڵام ئاسەفوددەولە ملی نەدا و نەیناردن و ئەم کەڵەوەکێشییە چەند مانگێک لە نێوان ئاسەفوددەولە و پادشادا درێژەی کێشا. سەرەنجام ئاسەفوددەولە دەستی لە مەشەد هەڵگرت و هاتە تاران و پادشا دووری خستەوە بۆ نەجەف و کەربەلا.

پاش نێردرانی ئاسەفوددەولە بۆ تاراوگە، حەسەنخانی سالار بە یاریدەی نەجەفقولیخان و جەعفەرقولیخانی شادلوو، لەشکرێکیان لە تورکمانان و کوردانی سنوورنشین و لاپۆرەی ئێرونەوی پێکهێنا و بەئاشکرا دژی حکوومەتی ناوەندی راپەڕی. محەممەدشا بە قسە و راسپاردەی مەزنەوەزیری خۆی، حاجی میرزا محەممەدخانی بەگلەربەگی کە کاکی سالار و زاوای خودی شا بوو کردی بە حوکمڕانی خوراسان و رایئەسپارد کە بە پەند و ئامۆژگاری حەسەنخان لە خەیاڵاتەکەی پاشەگەز بکاتەوە. کاتێک حاجی میرزا محەممەدخان گەیشتە مەشەد، لە جاند فەرمانی حکوومەتی ناوەندی سەری بادا و لەگەڵ سالاری برای بوو بە یەک. سالار کە بە پشتیوانی و یاریدەی کاکی هێزی وەبەر هاتبوو، گەلێک لە

---

میرانەی لە سەر دەندرێ و تێکرا دەچنە پیرۆزبایی و ئیکلامی شاهانەی بۆ دەکێشن و زۆرجاران لە لای یارانی نێزیکی خۆی ئەم شیعرەی «فیردەوسی»ی دەخوێندەوە کە دەڵێ:

بێزم هەڵدەستێ من لەو ژیانە        کە سالار بم و کۆیلەی بێگانە.»

میرانی خوراسانی باکووریشی[1] لەگەڵ خۆی کردە هاودەنگ و دنەی تورکمانەکانی کووکەلانی دا هەتا بڕۆن و دەست لە تاڵان و داڕووتاندنی بەستام و شاروود نەپارێزن. پاشان کۆمەڵێک لە ئەفغانەکانی دەورانپشتی هەراتیشی هێنانە نێو هێزردووی خۆی.[2]

پادشا لە سەرەتای تەنینەوەی هەراکەدا محەممەدعەلیخانی ماکۆیی و برایمخەلیلخانی ماکۆیی، کە هەردووکیان لە سپاسالارانی ئازەربایجانی بوون، بە مەبەستی خەواندنەوەی راپەڕینەکەی «سالار» ناردنی بۆ خوراسان. کەچی ئەم سەرکردانە مەشەدیان بۆ نەگیرا و ئەگەرچی زۆر بە تین و گوڕەوە تێراچووبوون، بەڵام نەیانتوانی لە نەیشابوور واوەتر بچن. محەممەدشا بەناچاری حکوومەتی خوراسانی دایە دەست هەمزەمیرزا حیشمەتوددەولەی مەردازای برای و لەگەڵ هێزێکی تۆکمە و تەیار بەڕێی کرد. لەو کاتەدا نێزیکەی ٢٠هەزار چەکداری داخوازی خوراسانی، کورد، شادلوو، ئەفغان و تورکمان لە هێزردووی «سالار»دا کۆببوونەوە. کاتێک سەرکردەی راپەڕیو هەواڵی بزووتنی هەمزەمیرزای بە گوێی ئاشنا کرا، جەعفەرقولیخانی شادلووی لەگەڵ ١٢هەزار کەس لە سەبزەوارەوە نارده بەستام. ئەم لەشکرە لە «مەیامی»ی نێوان سەبزەوار و بەستام لەگەڵ سپای هەمزەمیرزا تێکهەڵەنگووت و پاش تێکهەڵچوونێکی کەم و کورت شکستی بە سەر شانیدا هات. بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم بەزینە، ورەی بە قۆشەنی سالار بەردا و لەڕێوە تەقوڕەویان تێکەوت. سالار لە سەبزەوارەوە هەڵات بۆ «جوین» و سەرلەنوێ کۆمەڵێک تورکمانی کۆ کردنەوە و هێرشی بردە سەر «کەلات» و لە پەنا پەساری شوورە و مەتەریزی ئەو قەڵاتە سروشتییەدا. توانی ماوەی هەشت مانگ خۆی لە بەرامبەر سپای هەمزەمیرزادا رابگری و دەست بکاتەوە.

لە سەرەتاکانی سالی ١٢٦٤ی ک/١٨٤٧ی زایینیدا. سالار دیسان خۆی گرتەوە و هێزێکی وەبەر هاتەوە و هەمزەمیرزا بۆ ئەوەی خێڵاتی کووکەلان و

---

١- محەممەدخانی بەغاییری، سولەیمانخانی دەرەگەزی، جانگیرخانی گورجی و حەیدەرقولیخانی شادلوو، هەموویان ماوەیەکی چاکی دوای گیرانی سالار لە باکووری خوراسان هەر لەسەر ڕێوشوێنی خۆیان مابوون و دژی حکوومەتی ناوەندی راوەستابوون.

٢- یارمحەممەدخانی وەزیری کامرانمیرزا کە پاش کوشتنی کامرانمیرزا لە هەرات سەربەخۆ دەژیا، یاریدەی سەرهەڵدانەکەی سالاری دەدا.

پەمووت لە یاریدەدانی سالار پەژیوان بکاتەوە. هەلیکوتانە سەری و زەبری لێوەشاندن. سێسەد بنەماڵەی تورکمانی دوور خستنەوە بۆ دەوروبەری تاران و کۆمەڵێکیشی هێنان بۆ نێو هۆردووی خۆی. لە دەرفەتی ونبوونی شازادەی قاجاردا، سالار ئابڵۆقەی مەشهەدی دا. بەڵام هەمزەمیرزا جارێکی دیکەش لە ٤٨ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەم شارە سالاری بەزاند. سالار بەرەو «سەرەخس» کشایەوە و چەکدارانی هەمزەمیرزا کەوتنە پەیکەردەی. بەڵام هەر لەو دەمەدا خەڵکی مەشهەد دژی هەمزەمیرزا ڕاپەڕین و هەمزەمیرزا نەخۆش کەوت و هێزەکانی خاو بوونەوە و لە فرە کەوتن. سالار بە لەشکرێکی تازەوە هەتا ٦٠ کیلۆمیتریی مەشهەد پێشڕەوی کرد و هێندەی پێنەچوو کە هەواڵی مەرگی محەممەدشا[1] لە خوراسان بڵاو بۆوە و سالار ویستی هەلی بێسەرەوبەرەیی بخوازێتەوە کە لە ئێراندا پاش نەمانی پادشاکان کەموزۆر بیوو بە باو.

## II
## پادشایەتیی ناسرەددینشا
**(١٢٦٤- ١٣١٣ای ک/ ١٨٤٧- ١٨٩٥ ی ز)**

### پاڵدانەوەی ناسرەددینشا لەسەر تەختی پادشایەتی

ئەو دەمەی محەممەدشا مرد، ناسرەددینمیرزای جێگرەوەی لە ژێر چاوەدێری و ڕاهێنانی میرزا تەقیخانی وەزیرنیزام [ئەمیرنیزام]دا لە تەورێز دەژیا. کاتێک هەواڵی مردنی پادشا گەیشتە تەورێز، لەو کاتەدا کە خوراسان لەبەر ڕاپەڕینی سالار گیرۆدەی شێواوی و بێسەرەوبەرەیی ببۆوە، میرزا تەقیخان سپای ئازەربایجانی کۆ کردەوە و ڕێوشوێن و پێداویستییەکانی بە پادشابوونی ناسرەددینمیرزای لە ئازەربایجان دابین کرد. پاشان وێڕای باڵوێزانی ڕووس و ئینگلیس کە چووبوونە تەورێز، شای تازەلاوی هەڵگرت و ڕووی کردە تاران. ئەمیرنیزام بۆ ئەوەی پاش دەرچوونیان ئازەربایجان تووشی ئاژاوە و هەرا نەبێ،

---

١- محەممەدشا شەوی سێشەممەی شەشی شەشەکانی ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی کۆچیدوایی کرد.

تەواوی ئەو میر و بەگلەرانەی لەسەر کار لابردن کە دردۆنگ بوو لێیان و حوکمداری باوەڕپێکراوی بۆ ناوچە و مەڵبەندەکانی ئەو هەرێمە دیاری کردن.

ناسرەددین‌شا ڕۆژی ٢١ی مانگی نێوجێژنانی ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی گەیشتە تاران و بۆ سبەینێ بە شێوەیەکی ڕەسمی تاجی نایە سەری. کاتێک پادشا لێوەشاوەیی و چازانیی میرزا تەقی‌خانی لێ ڕوون بۆوە، نازناوی ئەتابەکی ئەعزەمی پێبەخشی و کردی بە وەزیر و هێندەی پێنەچوو کە سەرناوی «ئەمیرکەبیر»ی بە باڵای برا. ناسرەددین‌شا فەرمانی دا هەتا نەسروڵلاخانی نووری ناسراو بە میرزا ئاقاخانی حوکمڕانی کاشان بێتە تاران و ببێتە بریکاری ئەمیرکەبیر و نازناوی «ئیعتیمادوددەولە»ی کردە باربووی.[1]

## ئەمیرکەبیر

یەکێک لە بەختەوەرییەکانی ناسرەددین‌شا لە سەرەتای دەسەڵاتی‌دا بە دەستەوەبوونی میرزا تەقی‌خانی ئەمیرکەبیر بوو. ئەم پیاوە لە نێو کەش و هەوای هاڵۆز و شێواوی سیاسی و کەتن و ئاژاوە و جووڵانەوە و ڕاپەڕینە هەمەچەشنەکان‌دا بە وزەی تەگبیر و هەنگاوی شێلگیر و ورەی پۆڵایینی خۆی توانی بناغەی دەسەڵاتی ناسرەددین‌شا پتەو دابڕێژێ.

ئەمیر بە ڕەسەن خەڵکی گوندی «هەزاوە»ی ناوچەی فەراهانی ئەراکە و نێوانی ئەم گوندە هەتا شاری سوڵتان‌ئاباد (ئەراکی ئێستا) دوو فرسەخە. سوڵتان‌ئاباد ناوەندی دەسەڵاتی ئەراکە و دێی هەزاوە کەوتۆتە باکووری خۆرنشینی. باوکی میرزا تەقی‌خان ناوی کەربەلایی محەممەدقوربانە. لەبەرەوەی گوندی میهرئابادی فەراهان کە قایم‌مەقام بە بنەچەکە خەڵکی وێیە لەگەڵ هەزاوە دراوسێن و خەتی جووتیان لە یەکتر دەگەڕێتەوە، کەربەلایی محەممەدقوربانی باوکی ئەمیر کەوتە

---

١- لە هەڵبژاردن و دانانی میرزا ئاقاخانی نووری‌دا بە وەزیر و جێگری ئەمیرکەبیر، باڵوێزی ئینگلیس دەوری گێڕاوە. ئەم پیاوە کە دەستێژی سیاسیی ئینگلستان بوو لە ئێران، هەتا ئاخری تەمەنی وەک خزمەتکارێکی ڕووڕاست و وەفادار مایەوە. میرزا ئاقاخان بۆ ئەوەی بگاتە ئەو پلەیە دەستەوداوێنی باڵوێزخانەی ئینگلیس بووە و ناسرەددین‌شا لەسەر ڕاسپاردە و پێداگریی باڵوێزی ئینگلیس کردوویەتی بە مەزنەوەزیر و چیرۆک و بەسەرهاتی ئەم ڕووداوە لە زۆربەی سەرچاوەکانی مێژوویی‌دا کە سەبارەت بە دیرۆکی قاجاران، باسی کراوە.

ریزی خزمەتکارانی قایمەقامی یەکەم. واتە خودالێخۆشبوو میرزا عیسای ناسراو بە «میرزا بزورگ». باوکی ئەمیرکەبیر لەو ماڵەدا چێشتی لێدەنا و زۆر دواتر لە لای قایمەقامی دووهەم بوو بە چاوەدێری چێشتخانە و لە جەنگەی پیریدا کرایە درەکەوانی قایمەقام.

میرزا تەقیخان دەوروبەری ساڵی ١٢١٠ تا ١٢١٤ی ک/١٧٩٥- ١٧٩٩ی ز. پێی ناوەتە جەغزی ژیان و لە تافی منداڵییەوە لە تەوریز کەوتۆتە نێو مەزنەماڵی قایمەقامەوە و راست لەو دەمەوە کە لە ژێر دەستی باوکیدا کاروباری چێشتخانەی راپەڕاندووە، لەگەڵ منداڵەورکەی بنەماڵەی قایمەقام بۆتە شاواڵ و وێرای ئەوان هەستاوە و دانیشتووە و کایەی کردووە. قایمەقام وەختایەک کە دیویەتی ئەو کورە یەکجار زیت و وریایە و زۆریش تامەزرۆی زانست و خوێندەوارییە، خۆی داوەتە پەروەردەکردن و راهێنانی.[1]

میرزا تەقیخان بە چێشکەی زگماک و هۆش و بیری خوداپێداوی لە بوار فێربوونی زانستەکانی رۆژگار و سەردەمی خۆیدا گەشەی بەرچاوی کرد و وای لێهات هەتا رۆژێکی قایمەقام لێی خورد بووە و لە روخساری روانی و گوتی:

«رۆڵە، تۆ لە داهاتوودا دەبی بە پیاوێکی بەرزەجێ و رۆژێک دادێ کە لە هەلومەرجی زۆر ناسکدا ئەگەر خەیانەتکاران و دەغەزداران کۆسپت وەبەر رێی نەهێنن، دەتوانی گەمێیی دەست رەشەبای وڵات لە نێو گێژاوی نوقم بوون و پەرێشانی رزگار بکەی.[2]»

---

١- دەڵێن ئەو دەمەی کە لە هەرەتی منداڵیدا نانی نیوەڕۆی بردووە بۆ منداڵەکانی قایمەقام، لە ژووری مامۆستاکەیان راوەستاوە هەتا دەفرەکان بەرێتەوە و گوێی هەڵخستووە و ئەوەی مامۆستاکەیان پێیگوتوون ئەویش فێری بووە. وا هەڵدەکەوێ کە رۆژێک لە رۆژان قایمەقام دەچێ بۆ بەتاقیکردنەوەی کورەکانی، بەڵام هەرچی لێی پرسین و نەیانزانی ئەمیر وڵامی دایەوە. قایمەقام لێی پرسی: ئەری تەقی ئەتۆ لە کوێ خوێندووتە؟ عەرزی کرد هەموو رۆژێ کە نان و خوانی ئاغازادان دێنم، رادەوەستم و گوێ هەڵدەخەم. قایمەقام دەمخۆشانەیەکی دایە، بەڵام لێی وەرنەگرت و گریا. فەرمووی ئەدی چت دەوێ؟ عەرزی کرد بە مامۆستا بفەرموو ئەو دەرسەی کە بە ئاغازادەکانی دەڵێ بە منیشی بڵێ. قایمەقام زگی پێی سووتا و بە مامۆستاکەی فەرموو هەتا بە ویش بخوێنێ. سەرچاوە: میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، عەبباس ئیقباڵی ئاشتیانی.

٢- ژیان و بەسەرهاتی میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، حوسێن مەککی، چاپی تاران، ساڵی ١٣٢٩ی هـ/١٩٥٠ی ز.

ئەو کاتەی کە میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام بوو بە مەزنەوەزیری محەممەدشا، میرزا تەقیخانی ئەسپاردەی دەستی میرزا ئیسحاقی برازای خۆی کرد و نامەیەکی بۆ براکەی نارد و تێیدا نووسی:

«هەر بەراستی بۆ تاریفی وزەی وریایی و تێگەیشتنی [ئەم ئایەتە پڕ بە پێستە کە دەفەرموێ:] «دەڵێی ڕۆنی چراکە - بەبێ ئاگر تخوونکەوتن- تیشک دەدا.» بزانە کە «چاکترین پارێزەر خوایە و هەر خۆی لە هەموو دڵسۆزان دڵسۆزترە.» بەکورتی ئەم کوڕە گەشەی لە چارەی نووسراوە و ڕێوشوێن و یاسای مەزن دێنی و سەردەمی پێدەنەخشێنێ، ڕاوەستە هەتا گزینگی بەخت و دەسەڵاتی هەڵدێ.»[1]

فازڵخانی گەڕووسی ناسراو بە ڕاوی (١١٩٨- ١٢٥٣ی ک/١٧٨٣- ١٨٣٧) کە یەکێک بووە لە قەڵەمداران و نووسەرانی سەردەمی فەتحعەلیشا، جارێکیان قایمەقام سەبارەت بە سەفەری ئەمیر لەگەڵ خوسرەومیرزا بۆ پیترێزبوورگ لە ساڵی ١٢٤٤ی ک/١٨٢٨ی زایینیدا، نامەیەکی ئاوای لێ نووسیوە: «گلەییت لەو کاغەزانە دەکرد کە بە خەتی ئامۆ دەنووسران. ئەگەر تەنانەت میرزا عەلیتەقی فەراهانی نووسیبانی یان میرزا محەممەدتەقی ئازەربایجانی یان کەربەلایی محەممەدتەقی کوڕی کەربەلایی محەممەدقوربان. میرزا تەقی کە ئێستا لە مۆسکۆ و پیترێزبوورگە و لە پایەبەرزانە، گرەو لە هەمزەی پرسیار دەباتەوە و پێشاوبرکەی دەداتەوە و پا دەنێتە سەر کڵاوی لامی سەرەتا و ئەستێرەی دووبراڵان بە چەرمی سەرە سوڵەکانی ئازانێ و قسەی لە پەرپەرۆچکەی ئاسمانانە.»[2]

میرزا تەقیخان لە تەمەنی ٢٠ یان ٢٣ ساڵیدا یەکەم قۆناخەکانی ئەرکی کاربەدەستبوونی لە دامودەزگای دیوانی هەباسمیرزای جێگرەوەیمیردا بڕیوە و لەبەر وشیاری و تێگەیشتوویی کەوتۆتە بەر سەرنجی تایبەتی میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام و ئەو پایەبەرزە گرێپووچکەی دڵی لە لای کردۆتەوە و لەگەڵی بۆتە

---

١- ژیان و بەسەرهاتی میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، حوسێن مەککی، چاپی تاران، ساڵی ١٣٢٩ی هـ/١٩٥٠ی ز. (تێبینی: نووسەری بەڕێز برگەی دوو ئایەتی بۆ پتەوبوونی قسەکانی خۆی هێناون و بریتین لە «يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ» (ئایەی ٣٥ی سووورەی نوور)، «فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ» (ئایەی ٦٤ی سوورەی یووسوف) و.

٢- ژیان و بەسەرهاتی میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، حوسێن مەککی، چاپی تاران، ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی/١٩٥٠ی زایینی.

دۆستی گیانیگیانی. بە فەرمانی قایمەقامی وەزیری هەباسمیرزا خراوەتە ژێر دەستی محەممەدخانی زەنگەنەی ئەمیرنیزام و کراوەتە خەزنەداری لەشکر و دواتر پێهەڵچووە و بۆتە قەڵەمداری سپا. میرزا تەقی لەو پلەیەدا توانی لەگەڵ هەڵسوکەوت و داب و نەریتی بێگانان وا ئاشنا بێ و هێند جوان و لەبار لەگەڵیان بجوولێتەوە کە سەردەمی فەتحعەلیشا کرایە ئەندامی ئەو شاندەی کە دەچوو بۆ رووسیا.

میرزا تەقیخان کە لە سەفەری یەکەمی خۆیدا لەگەڵ خوسرەومیرزا بۆ رووسیا (١٢٤٤- ١٢٤٥ی ک/١٨٢٨- ١٨٢٩ی ز) توانیبووی ئەزموونێکی پتر بخاتە سەر یەکتر. لە سەردەمی پادشایەتی محەممەدشاشدا وێرای ناسرەددینمیرزای جێگرەوەیمیر بە مەبەستی دیداری قەیسەری رووسیا رۆیی بۆ ئێرەوان. بەکورتی لە سالی ١٢٦٣ی ک/١٨٤٦ی زایینییەوە کە ناسرەددینمیرزا نیشتەجێبوونی تەوریزی بۆ دیاری کرا، ئەمیر کرایە سپاسالاری ئازەربایجان و دەمراست و سەرپەرستی کاروباری شازادەی جێگرەوەیمیر.

ئەمیر وێرای راپەراندنی کاروباری ئیداری، گەلێک ئەرک و راسپاردەی گرینگی سیاسیشی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی لە ئەرزەرۆم جێبەجێ کرد و نووسینی پەیمانی رێککەوتنی لەگەڵ ئەو ولاتەی خستە سەر شانی خۆی. جاری یەکەم زەمانی فەتحعەلیشا و جاری دووهەم لە رۆژگاری محەممەدشادا ئەو ئەرک و کارانەی پێئەسپێردران.

ئەمیرکەبیر لە دەسپێکی دەسەڵاتی ناسرەددینشادا گەلالەیەکی دارشت و کەوتە شوێنی. بەپێی روانگەی ئەمیر دەبوو بارگانشینان دەسەڵات و برشتیان نەمێنێ و ئەوانەی لەخۆرا زیدەمووچەیان بۆ براوەتەوە لەوەی بەولاوە نەیاندرێتێ. دەبوو دامودەزگای بەرێوەبەرایەتی و وەرگرتنی پیتاک و داهاتی دەولەت توندوتۆڵ و کۆجێ بکرێن و بودجە رێک بخرێ و دابەش بێ؛ هەڵبەت دیارە کە هەتا ئەو کاتی ئێران شتی ئاوای بە خۆیەوە نەدیبوو. بەگوێرەی سیاسەتی نێوخۆ دەبوو هاوسەنگی لە نێوان خەرج و داهاتدا بەدی هاتبا و سپای چەکداری رێکوپێک پێکهاتبا و ژماری تەمەنی پاشاگەردانی و خانخانی کۆکرابایەوە و لەسەر شێوازی ئورووپایی پەرە بە خوێندن و زانست درابا. گەلالەی ئەمیر بۆ سیاسەتی دەرەوە لەسەر چەند تەوەرەیەک هەڵدەسووران کە بریتی بوون لە: دامەزراندنی پەیوەندیی

دۆستایەتی و ڕاگرتنی ڕێزی دوولایەنە لەگەڵ تەواوی دەوڵەتان و تێکەوەپێچان و تێکشکاندنی تێکڕای ئەو کۆت و بەندانەی کە بەگوێرەی کۆمەڵێک پەیماننامەی پێشوو بە ئەستۆی گەل و حکوومەتی ئێراندا سەپابوون. چاک کردن و پێداچوونەوە بە دۆخی باڵوێزخانەکانی ئێراندا لە وڵاتانی دیکە و بەرگرتنی هەر چەشنە دزەیەکی حکوومەتانی غەوارە بۆ نێو ئێران و دەرکێشانی ڕەگ و ڕیشەی سیخوڕی و ڕامالینی بیری نۆکەرایەتی و بێگانەپەرستی لە دامودەزگای حکوومەتیی ئێراندا. هەموویان هەر لەو چوارچێوەیەدا گونجێندرابوون.

ئەمیرکەبیر بە مەبەستی وەدی هێنانی ئەم ئامانجانە کە سەرلەبەریان دەبوونە هۆی مەزنایەتیی ئێران و پەرەی هێزی سیاسی وڵات لە نێوخۆ و دەرەوەدا و گەشەیان پە تەنینەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دەدا لە هەموو لایەکی وڵات، بەپێی بیری ورد و تەگبیروڕا و هەنگاوی پتەوی خۆی، هەدای نەدەدا و بە چالاکی و نەگۆڕی ڕێگای دەکوتا و گەرەکی بوو هەلی تەمەنی مێرمنداڵیی پادشا لەگەڵ دنیایەک خۆشەویستی بۆ پادشا بکاتە هەوێنی بەرژەوەندی و قازانجی وڵات. بۆ بەدی هاتنی ئەم ئامانج و ئاواتانە، سەرەتا ڕاپێچەکدانی سالار لە خوراسان و بنەبڕکردنی کەتن و ئاژاوەی مریدانی «باب» و سەرکوتانەوەی ڕاپەڕیوانی بەختیاری و ناوچەی فارسی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دانا.

**بڕانەوەی ئاژاوەی سالار**

ماوەیەکی زۆر کەم بەرلە مردنی محەممەدشا، سپای سالار و پشتیوانیی بەشێک لە جەماوەری مەشەد هەمزەمیرزایان وا تەنگەتاو کرد کە خۆی بۆ ڕانەگیرا و مەیلی شارەکەی نا و بە ڕێگای «جام»دا بەرەو هەرات بزووت و سەرلەنوێ سالار تێیخزایەوە (ڕەمەزانی ١٢٦٤ی ک). سالار داوای لە یارمحەممەدخانی حوکمڕانی هەرات کرد کە بێ و یاریدەی بدا و ئەویش بە لەشکری ئەفغانەوە ئەسپی بەرەو مەشەد لینگ دا. بەڵام لە نێزیک جام هەمزەمیرزا تووشی هات و چەندین بەڵێنی پێدا و کردی بە هاوپەیمانی خۆی و پێکەوە هەڵیانکوتایە مەشەد. شەڕ و لێکدانی نێوان سپای سالار و لایەنگرانی و قۆشەنچییانی هەمزەمیرزا و یارمحەممەدخانی هاوپەیمانی نێزیکەی هەشت مانگی کێشا و کێشەکە بە لایەکدا نەکەوت. ئەمیرکەبیر، هەمزەمیرزای بانگهێشتەوە

تاران و کردی بە حوکمرانی ئازەربایجان و دەستی بە سەری یارمحەممەدخاندا کێشا و دڵی دایەوە. پاشان سوڵتانمرادمیرزای[1] مامی ناسرەددینشای لەگەڵ سپایەکی تێر و تەیار نارده خوراسان. هاوکات یەکێک لە باوەڕپێکراوانی کە «چراغعەلیخانی کەڵهور» بوو، ناردی بۆ مەشەد و چەند نامەیەکی پێدا بەرێکرد بۆ دەستەیەک لە مەزنەمەلایانی قسەڕۆیشتووی شار و کاغەزێکی گەرموگوڕیشی بۆ سالار نارد و بە قسەی خۆش هەڵیفریواند و نەیزانی هەتا لەشکری حیسامۆسسەڵتەنە گەیشتە نێزیک مەشەد و سالار دەورەی درا و سەرەنجام گیرا. بە فەرمانی ناسرەددینشا سالار و ئەمیر ئەسلانخانی کوڕی و برایەکی کوژران (جەمادی دووەمی ١٢٦٥ی ک/١٨٤٨ی ز). حیسامۆسسەڵتەنە کرایە حوکمرانی خوراسان و یارمحەممەدخانی ئەفغان نازناوی زەهیروددەولەی خەڵات کرا و جڵەوی حکوومەتی هەراتی درایە دەستی.

## چاکسازییەکانی ئەمیرکەبیر

وەکوو ئاشکرایە بەپێی هەلومەرجی سەردەم چونکە خەڵکی وڵات توانیبوویان لە باڵی باکوورەوە لەگەڵ رووسیا تێکەڵاو بن و لە باشووریشەوە پەیوەندی لەگەڵ ئینگلستان دامەزرێنن و لە لایەکی دیکەوە چاویان بە هاتوچۆی پۆلی میوانان و باڵوێزان و نوێنەرانی ئورووپایی بکەوێ و هەروەها بەو چاکسازییە تازەیەش کە دەستی پێکردبوو هەتا رادەیەک هەلی رەچاوکرانی رێوشوێنی ژیان و زانستی ئورووپایی لە ئێراندا رەخسابوو. خودی ناسرەددینشاش سەرنجی دەدایە شارستانییەتی ئورووپایی و زۆربەی رووناکبیرانی نوێخوازی ئێران بە کەموکوورییەکانی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی و سەربازیی وڵاتیان دەزانی و گۆڕان و هەڵگرتنەوەی هەڵە و پەڵە و نوقسانییەکانیان بە پێویست دادەنا. بەڵام مەزن و ماقووڵانی کۆشکی میری و پیاوانی دەوروبەری شا نەیاندەوێرا و لە خۆیان رانەدەدی کە دەست بەرن بۆ ئەو کارانە و سەردەرانەی بیریان هێندە ئەوی بوو کە چاویان ترسابوو. زۆربەیان پتر لەبەر پارێزرانی بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان هەر بەو شێوازە لەنگولۆر و نەقوستانە رازی بوون و هەر کات پێویست بووبا بیر و بۆچوونی بەپارێزانەی خۆیان لە قاپۆری دینیدا نیشان دەدا و زەینی

---

[1] ناسراو بە حیسامۆسسەڵتەنە.

شایان دەشێواند، بەڵام ئەمیرکەبیر سەدان بارگانشین و سوڕەوتوڕەی پادشا کە دژی ئامانجەکانی پەلیان دەکوتا بە هیچی دانەدەنان و بە ورەی بەرز و پتەوی و بێئەوەی شل بێتەوە و گومان بیگرێ، دەستی کرد بە چاکسازی و بە پێکهاتە و رایەڵوپۆی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی و سەربازیدا چووە.

### ١- ڕێکخستنەوەی کاروباری دارایی

وەکوو پێشتر لە برگە و بابەتی سەبارەت بە حاجی میرزا ئاغاسیدا گوتمان، ئەمیرکەبیر لە سەرەتای کاری سەرۆکوەزیرایەتیدا، سەرەرای بەرەورووو بوون لەگەڵ کۆمەڵێک گرێ و کۆسپی سیاسی و ئاژاوەی نێوخۆیی، بە سەر خەزێنەی بەتاڵ و کاروباری بێسەرەوبەرەی دارایی و قەرزوقوڵەی کەڵەکەبووی زەمانی محەممەدشادا کەوت. بودجەی وڵات نێزیکەی یەک میلیون تمەن لە داهاتیدا کورتی هێنابوو. خۆدزینەوەی میران و حوکمرانانی ناوچە و هەرێمەکان بۆ دانی باج و پیتاکی سالیانە دابێکی کۆن بوو.

ئەمیر لە لایەکەوە بە دەست کەسانی باوەڕپێکراو و بە زەبری هێزی سپای تازە پێکهاتووی، هەرچی باج و سەرانە و پیتاکی دواکەوتوو بوو هەمووی ئەستاندن و لە لایەکی دیکەشەوە تەواوی ئەو مووچە قورسانەی برین کە لە هیچ و خۆرایی بۆ بارگانشینان برابوونەوە و لە بودجەدا گۆشەیەکی پێ تایبەت نەدان، سەرەرای ئەم کارە ئەرکی دەستپێوەگرتنی لە چوارچێوەی خەرجی بارگای میریشدا رەچاو کرد و تۆزێکی لە دەمی خودی پادشاش گێرایەوە. هێندەی پێنەچوو کە دوای ئەم کارانە داهات و دەرکەوتی وڵات سەر بە سەر هاتنەوە. وەکوو ئاشکرایە برینی زێدەمووچە و دەستپێوەگرتن و نەهێشتنی تەخشانپەخشان و بە فیڕۆدانی ماڵ و سامانی حکوومەت، کۆمەڵی شازادان و مەزن و ماقووڵانی بارگا و غولامانی کۆشکی میری و تەنانەت «مەهدی عولیا»ی[1] دایکی پادشاشی دژی ئەو پیاوە فیداکارە هارووژاند. دایکی شا لەبەر خۆتێوەردانی ئەمیر لە کاروباری ئەندەروون و گەلەژنخانەی پادشا، زۆر سەیر توورە ببوو.

١- بە فارسی دەنووسرێ «مەهد»، کە وایە مەهدی نییە، بەڵام «ی»ی پەیوەندی لە کوردیدا دەیکاتە «مەهدی عولیا». لە فارسیشدا ئەم «ی»یە هەیە، بەڵام «ژێر»ە و جاری وایە دەینووسن و زۆرجارانیش نایننووسن.و.

## ٢- ڕێکخستنەوەی کاروباری لەشکری

چونکە ئەمیرکەبیر ماوەیەکی زۆر لە ئازەربایجان و دامودەزگای هەیاس‌میرزادا، لە بەردەستی محەممەدخانی زەنگەی ئەمیرنیزام [سپاسالار]دا بیوو بە خەزنەداری لەشکر و پاشان کرابوویە قەڵەمداری لەشکر و لەگەڵ ئەفسەرانی نێردراوی فەرانسە و ئینگلستان لە نیزیکەوە ئاشنا بیوو. هاتبوویە سەر ئەم بڕوایە کە دەبێ چواریەندەی ڕێکخستن و جۆری چەکوچۆڵی سپای ئێران ئاڵوگۆڕیان تێدا بەدی بێ. ئەمیر بەگوێرەی ئەزموونەکانی خۆی لە سەردەمی دەسەڵاتی‌دا دەستی کرد بە چاکسازی لە ناخ و قەڵافەتی سپادا. ئەم چاکسازییانە بریتی بوون لە: برینەوەی مووچەی دیاری‌کراو بۆ ئەفسەران و سەربازان؛ دانانی کارگای چەکسازی؛ دروونی جل‌وبەرگی تایبەت و یەکدەست بە دابی سپای ئۆتریش (نەمسا) بۆ سەربازان لە قوماشی خۆماڵیی ئێرانی؛ داماڵینی ژەنگاری ڕەوشت و ڕوانگەی سەربازان و هەوڵدان بۆ هەس‌دانەوەیان لەسەر داپاچینی ماڵ و سامانی خەڵک؛ دانانی ڕێوشوێنی دابەشینی سپا و دیاری‌کردنی پلە و پایە بە شێوازی ڕێکخستنی ئورووپایی؛ نووسینەوە و بلاوکردنەوەی نامیلکە و کتێبی سەبارەت بە ڕەچاوکردن و فێر بوونی کاروباری سپایی؛ سازکردنی بینای تۆپخانە لە تاران و چەندین سەربازخانە لە دەرەوەی پایتەخت و دانانی گەلێک بنکە و قەڵا و قایمە و سەربازخانەی دیکە لە شاران و ئەو شوێنە بارناسکانەی کە پێویست بوون.

## ٣- پەرەپێدانی فەرهەنگ

لە بواری فەرهەنگی‌دا دەبێ ئەمیر بە بناغەدانەری فەرهەنگی تازەی ئێران دابندرێ، چونکە ئەو ڕۆژنامەی زیندوو کردەوە و قوتابخانەی «دارولفنوون»ی دامەزراند و گەلێک کتێبی لە بواری تەندروستی و ئەندازیاری‌دا بلاو کردەوە. ئەوەندەی بۆی کرا خوێندکاری ناردن بۆ ئورووپا و چەندین مامۆستای ئورووپاییشی هێنان بۆ ئێران و دایمەزراندن و لە ڕاستی‌دا ئاوا تەنیا لادیمەنێکی لە ئاواتەکانی گۆڕانخوازانەی خۆی خستە بەرچاوان.

ساڵی ١٢٦٦ی ک/١٨٤٩ی ز. بەردی بناغەی قوتابخانەی دارولفنوون داندرا و پاش ساڵێک تەواو بوو. نەخشەی دارولفنوون میرزا ڕەزا موهەندیس کێشابوویەوە کە زەمانی فەتحعەلی‌شا لەگەڵ تاقمێک خوێندکاری دیکە نێردرابوویە ئینگلستان.

ساڵێک دواتر ئەمیر کۆمەڵێک مامۆستای ئۆتریشیی بۆ وانەوتنەوە لە دارولفنوون دامەزراندن و ساڵی ١٢٦٨ی ک/١٨٥١ی ز. گەیشتنە تاران. لە نێو ئەو پۆلە کەسەدا کاپیتان «زاتی» مامۆستای ئەندازیاری، «کارنۆتا» مامۆستای بواری شەڕ و تێکهەڵچوونی شاخستانی لە سپادا و دوکتۆر «پۆلاک» مامۆستای دەرمانسازی وەبەرچاو دەهاتن.[1]

دارولفنوون حەوت لقی خوێندنی تێدا کرابۆوە: سپای سوارە، سپای پیادە، تۆپخانە، بەشی ئەندازیاری، کانگاناسی، دەرمانسازی و پزیشکی[2]. هەرکام لەو مامۆستایانەی ئورووپایی یەکێک لەو خوێندکارە ئێرانییانەیان وەک وەرگێڕ هەڵبژاردن کە بۆ خوێندن چووبوونە ئورووپا و ئێستاکە گەڕابوونەوە. بێجگە لەوانەی باسیان کرا، مێژوو، جوغرافیا، ژینەوەرناسی، ڕیازی، زمانی فەرانسە و وانەی دیکەی لەم شێوەیەی لێ دەخوێندرا. کارخانەی شەمی کافوور و تاقیگەی فیزیک و شیمی و دەرمانسازی و هەروەها چاپخانەیەک و کتێبخانەیەک بنکە و دامەزراوەی سەر بە دارولفنوون بوون.

یەکەم ڕۆژنامەی ئێران لە سەرەتاکانی حکوومەتی محەممەدشادا بڵاو کرایەوە کە خاوەنی ناوێکی تایبەت نەبوو. ئەم ڕۆژنامەیە موهەندیس میرزا ساڵحی شیرازی چاپ و بڵاوی دەکردەوە و دانەیەکی دەقاودەق لە گۆڤاری ئەنجومەنی ئاسیایی ئینگلیسدا سەرلەنوێ بڵاو کراوەتەوە (بەرگی پێنجەمی ساڵی ١٨٣٩). لە سەرەتای بڵاوکراوەکەدا نووسراوە: «هەواڵ و ڕووداوەکانی مانگی محەڕڕەمی ساڵی ١٢٥٢ لە دارولخەلافەی تاران چاپ کراوە.» بەپێی قسەی نووسەری وتارەکەی گۆڤاری ئەنجومەنی ئاسیایی ئەم بڵاڤۆکە لە چەند ساڵ پێشترەوە کاری بڵاوکردنەوەی خۆی دەست پێکردووە و لانیکەم هەتا ساڵی ١٢٥٥ی ک/ ١٨٣٩ی ز. کە ئەم وتارە نووسراوە، ئەویش هەر بڵاو کراوەتەوە. بەڵام چارەنووسی دواتری نادیارە.

---

١- مامۆستا ئورووپاییەکانی دیکەی دارولفنوون بریتیبوون لە: ژەنەراڵ پرۆسکی کە بە ڕەسەن لەهێستانی بوو. پرۆسکی پێشتر ئەفسەر بوو لە سپای ئێراندا و لە دارولفنوون وانەی جوغرافیا و زمانی فەرانسەی دەگوتەوە. «بۆهلێر»ی فەرانسەوی مامۆستای ڕیازی بوو. میسیۆ «ریشار»ی فەرانسەویش کە دواتر هاتە سەر دینی ئیسلام و ناوی نرا میرزا ڕەزاخان و پاشان نازناوی «موئەددەبوددەولە»ی پاربوو کرا، لەوێ کاری دەکرد.

٢- لە بەشی پزیشکیدا نەشتەگەریش خوێندراوە.

ئێدمۆند دو تێمپل لە کتێبی کورتەمێژووی قاجاردا کە سالی ١٢٩٠ی ک/١٨٧٣ی زایینی لە پاریس بلاوی کردۆتەوە، سەبارەت بەم بلاڤۆکە دەنووسی: «سالی ١٨٣٧ لە سەردەمی محەممەدشادا بۆ یەکەم جار مانگنامەیەکی حکوومەتی بلاو کرایەوە، ڕێکەوتی بلاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی بۆتە مانگی مەی ١٨٣٧/ دووشەممۆ ٢٥ی محەڕڕەمی ١٢٥٣ی کۆچی. ئەم ڕۆژنامەیە بە چاپی سەنگی لە ئەندازەی گەورە و لەسەر کاغەزی خانبالیغ چاپ دەکرا و چاپەکەی هێندە چاک نەبوو. ئەم بلاڤۆکە ناوی تایبەتی بۆ دانەندرابوو، تەنیا لە دوا لاپەڕەیدا هێمای حکوومەتی ئێرانی پێوە بوو. هەر ئەم ڕۆژنامەیە دواتر ئالوگۆڕی بەرچاوی بە سەر هاتووە و بۆتە ڕۆژنامەی «وەقایعی ئیتیفاقییە[1]» و ڕۆژنامەی ڕەسمیی تاران.[2]

بە فەرمانی ئەمیرکەبیر ڕۆژنامەی «وەقایعی ئیتیفاقییە» داندرا و یەکەم ژمارەی ڕۆژی هەینی ٥ی ڕەبیعی دووهەمی سالی ١٢٦٧ی ک، لە تاران بلاو کرایەوە. ئەم بلاوکراوەیە هەفتەنامە بوو. هەر جارەی لە دوو یان سێ پەڕاندا چاپ دەکرا و یەکەم ژمارەی هێمای «شێروخۆر»ی ئێرانی لە نێوان دوو داراندا پێوەدیارە، لەسەر «شێروخۆر»ەکە نووسرابوو «یا ئەسەدوللاهیلغالیب». لە ژمارەکانی داهاتوودا ئەم دەستەواژەیە نەما و نووسرا «روزنامه[ی] وقایع اتفاقیه».

ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکە [حەفتەنامەکە] ئاوا دەست پێدەکا:

«لەبەرەوەی کە ئاواتی بەرزی شاهانشای خاوەنشکۆ ئەوەیە هەتا خەلکی ئێران پێ بگا و لە کاروبار و ڕووداوەکانی نێوخۆ و دەرەوە ئاگادار بێ، بڕیار دەرا کە حەفتەوحەفتە فەرمانە پیرۆزەکان و هەوالەکانی نێوخۆی ولات و هی دیکەش لە چاپخانەی حکوومەتیدا چاپ بکرێ و لە تەواوی شارەکانی ئێران بلاو بکرێتەوە. ئەم بلاوڤۆکە لە ولاتانی دیکە پێی دەلێن «غەزەتە». یەکێک لە لایەنە باشەکانی ئەم غەزەتەیە ئەمەیە کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زانایی و بەرچاوڕوونبوونەوەی جەماوەری ئەم دەولەتە بەرزمجییە. لە لایەکی دیکەوە ئەو درۆ و دەلەسانەی کە جاری وایە بەپێچەوانەی ڕاستەقینە و دەقی فەرمانەکانی دیوانی میری بلاو دەبوونەوە و لە هێندێک شار و سنوورانی ولات سەریان لە خەلکی ڕەمەکی و

---

١- ڕۆژنامەی «وقایع اتفاقیه»، بە کوردی دەبێتە ڕۆژنامەی ڕووداو یان ڕووداوەکان.و.

٢- میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی، چاپی تاران، ١٣٤٠ی هەتاوی/١٩٦١ی زایینی.

ئاپۆرە تێکدەدا. لەوەی بەولاوە ئەم ڕۆژنامەیە هەموویان دەباتەوە پاش؛ هەر بۆیە پێویستە کە تەواوی کاربەدەستانی دەوڵەت و مەزنانی ناوچە و مەڵبەندەکان و پایەبەرزانی باڵادەست و جەماوەری ڕووڕاستی ئەم دەوڵەتە ئەم ڕۆژنامانەیان هەبێ.»[1]

بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە ناوی حاجی میرزا جەبارە و سەرنووسەرەکەی پیاوێکی ئینگلیسییە بە ناوی ئێدوارد بورجیس[2] و کابرایەکیش بە ناوی میرزا عەولا نووسندەی بووە.

ئەمیرکەبیر ئەوەندەی بۆی کرا ڕێی بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب و نامیلکەی بەکەڵکی زانستی و تەندروستی خۆش کرد. بۆ وێنە چەندین نەخشەی جوغرافیای ئێران و چوار قورنەی دنیا و نەخشەیەکی سەرلەبەری جیهان بڵاو کرانەوە. دوو بەرگ مێژووی ناپلێون و کتێبی نیزامی ناسری بە قەڵەمی باراممیرزای قاجار و چەند نامیلکەیەک دەربارەی پێویستبوونی کوتانی دژی مێکوتە و کۆمەڵەیەکی دیکەی ئاوا بە دنە و پشتیوانیی ئەمیرکەبیر چاپ و بڵاو کرانەوە.

### ٤- ئاوڕدانەوە و خوردەبوونەوە لە کاروباری ئابووری

گرینگترین هەنگاوی ئەمیر لەم بوارەدا دانانی چەند کارخانەیەکی قەند و پاڵاوتنی شەکر بوو لە مازندەران و بلووریاتسازی لە تاران و ئیسفەهان و قوم. کارخانەی کووتاڵی هەریری لە کاشان دانا و لە تارانیش کارخانەی کاغەزسازی کرایەوە. چەند کارگایەک بۆ تەنینی ماهووت[3] و هومایل[4] داندرا و بۆ ڕستنی بەن و «دەزوو»ش کارخانە کرانەوە. هەروەها ئەمیرکەبیر کۆمەڵێک سەنعەتکار و کرێکاری ئەم بوارەی بۆ فێربوونی کار و بوون بە وەستا ناردن بۆ ئورووپا. دواتر هات و پێشانگای کەلوپەل و بەرهەمی دەسکاری وەستاکاری خۆماڵیی لە تاران

---

١- میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، عەبباس ئیقباڵی ئاشتیانی، چاپی تاران، ١٣٤٠ی هەتاوی/١٩٦١ی زایینی.

٢- ئێدوارد بورجیس لە زەمانی وەلیعەهدایەتیی عەباسمیرزاوە خزمەتی دەوڵەتی ئێرانی دەکرد و وێڕای خەریکبوونی بە کاروباری چاپ و چاپخانەوە، بازرگانیشی دەکرد.

٣- پارچەی چاکی پەشمی کوڵکن.و.

٤- مەرمەرشا.و.

دانا و هانی تەواوی سەنعەتکاران و پیشەوەرانی دەدا هەتا پەرە بە کارەکانی خۆیان بدەن.

## ٥- چاکسازیی ئیداری

گرینگترین ئاڵوگۆڕی نێو دامودەزگای ئیداری کە ئەمیرکەبیر رەچاوی کرد ئەوە بوو کە پلە و پایە و بڕی مووچە و مانگانەی هەموو ئەرک و پیشەیەکی دیاری کرد و کەوتە بەربەرەکانی لەگەڵ تەمەڵی و خاوەخاوی کارمەندان و وەرگرتنی بەرتیل. چەپەرخانەی حکوومەتی وا تەیار کردن کە هەموو بەستەیەکی پۆستی راگوێزن و ئەوسەرەوسەری وڵات بیبەن و راینەگرن. رێگای بە رێداران ئەسپاردن و بە مەبەستی پاراستنی بار و بارخانەی چەپەران زێرەوانی دانان. لە پایتەخت دەزگای ئاسایش و پاسەوانی دانا و سەرەنجام بەوردی کەوتە چاوەدێری کردنی کار و کردەی کاربەدەستانی پایەبەرزی حکوومەت و ناوچە و هەرێمەکان.

ئەمیرکەبیر کە پیاوێکی یەکجار نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، بە نەهێنی کەوتە پێوشوێنی پەیوەندییەکانی مەزن و ماقووڵان و وەزیران و پیاوانی بارگای میری لەگەڵ نوێنەرانی سیاسیی وڵاتانی دەرەوە. زۆر بەرووونی تەواوی کاربەدەستانی دەوڵەتی راسپارد و فەرمانی پێدان کە نابێ هاتوچۆی نوێنەران و کارگێرانی وڵاتانی بێگانە بکەن و تەنیا کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە رێیان لێ ناگیرێ. کاتێک لە ساڵی ١٢٦٥ی ک/ ١٨٤٨ی زایینیدا، وەزیری دەرەوەی ئێران، حاجی میرزا مەسعوود گەرمروودی مرد، ئەمیرکەبیر بۆخۆی جڵەوی وەزارەتەکەی بە دەستەوە گرت و «میرزا محەممەدعەلیخانی شیرازی» کە پێشتر باڵوێزی ئێران بوو لە پاریس کردی بە جێگری خۆی لەم وەزارەتخانەیەدا.

ئەمیرکەبیر بە ئاواتەوە بوو کە تێکەڵ بوون لەگەڵ بێگانە و بێگانەپەرستی خاشەکێش بکا، چونکە پێی وابوو سیخوری بۆ بێگانە و خزمەتکردنی بەرژەوەندیی وڵات هەڵدەپرووزێنێ و گەورەترین گوناهـ و تاوانی بێبەخشینە. ئەوەی راستی بێ ئەوەندەی توانی لەو رێگایەدا زەحمەتی کێشا و رەوتی راست و بێگریی نیشانی پیاوانی باڵادەست و کاربەدەستانی دەوڵەت دا. بۆیە هەر کات کەسێک گوێی بۆ شل نەکردبا و خۆی لە تلاسابوونی بێگانەپەرستانە لانەدابا، زۆر

بە توندی دەیچزاند و ئەگەر پیاوانی حکوومەت، بەتایبەت پایەبەرزان تووشی هەڵەیەکی ئەوتۆ یان تاوان و خلیسکانی دیکە بووبان بە هیچ شێوەیەک لێیان نەدەبووری.

**

کاتێک ئەمیرکەبیر ئاوا لە گۆڕان و چاکسازی ڕاسا و دەستی لێ بزاوت و دەسەڵاتی لە نێو تەواوی کاروباری لەشکری و بەڕێوەبەرایەتی‌دا ڕەنگی دایەوە و زیپک و زاکوون و برشتی لە پێش چاوی پیاوانی بارگای میری‌دا خۆی نواند و مووچەی زۆر و زەوەندیان بنەی برا، هەموویان لێی‌کەوتنە لایەک و هەوڵیان دا تلی پێ بدەن. بە تەشی‌ڕستن و زمانلووسی پادشای گەنجیان دنە دا کە خۆشی لە گەشە و پەرەی دەسەڵاتی ڕۆژاوڕۆژی ئەمیر تۆقیبوو. سەرەنجام ناسرەددین‌شا کەوتە ژێر باندۆری پێ سەلماندنی چەواشەی کەسانی دەورووبەری و ئەمیری لە پلەی مەزنەوەزیری خست و کردی بە حوکمرانی کاشان. بەڵام دوژمنەکانی چونکە دەیانزانی پادشا دڵبەستەیەتی، لە ترسی ئەوەی کە نەکا جارێکی دیکەش بیکاتەوە مەزنەوەزیر، وایان لێکرد هەتا فەرمانی کوژرانی مۆر بکا.

**کارەساتی کوژرانی ئەمیرکەبیر**

کارەساتی کوژرانی ئەمیرکەبیر کە سێیەمین قوربانی‌کراوی[1] مەیلی هەوسارپساو و بڕیاری ملهوڕانەی سوڵتانەکانی قاجار و خەیانەت و بێگانەپەرستیی کەسانی دەورووبەری پادشا و تاقمێک لە پایەبەرزانی ئەو سەردەمە بوو، بە دووروودرێژی لە کتێبی مێژوونووسانی قاجاری‌دا هاتووە و هەر کەس بە ڕاوێژی خۆی تۆماری کردووە. تەنانەت هێندێکیان لە ترسی سزادران نووسیویانە کە ئەمیر بە مردنی خۆی مردووە و ئێستا ئێمە سێ نموونەی ئەو سەرچاوانەی سەردەمی ڕووداوەکە دەگێڕینەوە:

ڕەزاقولی‌خانی هیدایەت لە بەرگی دەهەمی کتێبی ڕەوزەتوسسەفای ناسری‌دا، دەنووسێ:

---

١- کوژراوی یەکەم حاجی برایم‌خانی ئیعتیمادوددەولەی مەزنەوەزیری محەممەدشا و فەتح‌عەلی‌شا و ئەوی دیکە میرزا ئەبولقاسمی قایم‌مەقام، مەزنەوەزیری محەممەدشای دووهەم یانی محەممەدشای غازی بوو.

«سەرەنجام بارگە و بنەی پێویستی تێکەوەپێچا و بە خۆی و بەرگ و باری حوکمڕانی و وەزیرانەوە لە قەلای پیرۆزی میری وەدەرکەوت و لە شاری کاشان دابەزی و بنەی داکوتا و هەر لەو حەوتوویەدا بە نابەدڵی ئەرک و کاری کەوتە سەر شانی. ڕۆژی ۲۵ی مانگی محەررەم بوو بە هۆگری ئەو شوێنە. لە «فین»ی کاشان کە جێگایەکی خۆش و سەرسەوز و باسەفایە دوو مانگێک مایەوە و لەبەر قین لە زگی و سواربوونی نەخۆشی بە سەریدا، شەوی شەممۆ ۱۸ی مانگی مەولوود ماڵاوایی کرد لە دنیای نەمێن.»

هەر کەسێکی کە لەبەرچاوی شەهەنشا بکەوێ
پێ لە هەر جێیە بنێ، یەکجێ لە چاڵێ دەکەوێ

گێڕانەوە و بۆچوونی محەممەدتەقی «لیسانولمولک»ی سپێهر، نووسەری ناسیخوتتەواریخ لەسەر ئەمیرکەبیر ئاوایە:

«... چونکە میرزا تەقیخان کەسێکی بێڕەسەن و بێبنەچەکە بوو، نەیتوانی باری ڕێز و خۆشەویستیی پادشا هەڵبگرێ و کاتێک کەوڵی ترووسکەداری وەزارەتی خرایە سەر شانی و لەسەر تەختی میرانە پاڵی دایەوە، کەوتە سەر ڕچەی خۆ بە زلزانی و دەرهەڵبوونێکی وا کە سەرەتا شەپی دا لە عەقڵی تێبین و بەرژەوەندخوازی و چیای گەورە و گرانی بە پەرە کایەک نەدەزانی و خرمانەی مانگی بە گەرد و تۆزی سەر ڕێگاش دانەدەنا. شازادە گەورەکان و مەزنەپیاوانی لێخستن و لە گۆشەی بێناوونیشانیدا چورتەی لێ برین؛ ئەو کەسانە گەلێک ساڵان خۆشی و ناخۆشییەکانی دنیایان بە تاقی کردبۆوە و گیان و لەشیان لە کڵی ئەزموونەکانی ڕۆژگاردا زرینگابوویەوە و تامی هەنگوین و کاڵەکەمارانەیان چێشتبوو؛ کەوایە دەیانزانی تاڵ و شیرین چییە و چۆنە و بە کار و خزمەتیان، بەسەرکرابوونەوە و نیعمەتیان بە سەردا ڕژابوو. [بەڵام میرزا تەقیخان] پیاوی بێ دایک و باوک و کەسنەناس و دڵ و دین و دنیادۆڕاوی هێنان و لە جێی ئەوانی دانان و هەوساری کاری گەورەی بە دەستەوە دان. بۆیەش ئاوای کرد چونکە دەیزانی ئەو مەزنانەی کە دوێنێ بە بۆرەپیاو ناسیویانە و بە خواردەستە لێیان ڕوانیوە، ئەمڕۆ زۆر دژوارە بە لایانەوە کە بە گەورەی خۆیانی بزانن. بەڵکوو

ئەگەر بزیان بکری لە خزمەت خاوەنشکۆدا بە زمانی تیژ لێی وەخۆ دەکەون هەتا لە جێی خۆی هەڵیدێرن، بەڵام ئەم خەڵکە نزم و ئەوییە کە لە حکوومەتی ویدا بە کاوی دڵی خۆیان گەیشتوون و لە سایەی دەسەڵاتی ئەودا ناویان ڕەنگی داوەتەوە، هەرگیز ویست و داواکانی داناگێڕن و خۆیانی دە سەر دەگێڕن. قسەی خۆمان بێ هەر ئاوای ڕادا هەتا مەزن و ماقوولانی ئێران کەولی قەڵافەتی خۆیان لێ بوو بە زیندان و موویان لێ بوو بە تیری تێهەڵچەقیوی سەر بەپەیکان و هیچکەس ورەی ئەوەی نەبوو کە لای پادشای خاوەنشکۆ ناوی بەرێ. چ جای ئەوەی پەردەی لە ڕووی دامالێ. پاش ئەوەی ئاوا بنەوانی کارانی شێلا و گەیشتە مرازی دڵی خۆی، ئەوجار هات و لە جەنگەی دەسەڵاتیدا دەستی لەو هەژارییە بەردا کە پێیەوە دەنازی و ئەو خاکەرابوونەشی فڕێ دا کە بە لای پادشاوە لە چارەی خۆی نووسیبوو.»

دوژمنانی ئەمیر و ورکەخۆرانی بارگا، یانی ئەو کەسانەی کە لیسانولمولک دەڵێ «بە کار و خزمەتیان، بە سەرکرابوونەوە و نیعمەتیان بە سەردا ڕژابوو». هەنگاوی گۆرانخوازانەی ئەمیرکەبیر کاسە و کەولی مشەخۆرانەیانی کۆ کردبوویەوە. ئەم [مفتەخۆرە لیقەوماوانە] بە سەرکردایەتیی میرزا ئاقاخانی نووری، وەزیری نێوخۆ و دوژمنی سەرسەختی ئەمیر، پەرەیان بە هەوڵ و هەڵسووڕانەکانی خۆیان دا و مەهدی عولیای دایکی پادشاش بوو بە هاودەنگیان و سەرەنجام تۆمارێکیان لە کاری هەڵە و نابەجێ و سەرکەشی و گوێ پێنەدانەکانی ئەمیر بە فەرمانەکانی پادشا هەڵبەست و ڕێکیان کرد و بردیانە لای پادشا. کاتێک ئەمیر بەو پیلانەی زانی داوای دیداری شای کرد و ئەویش گوتی با بێ. لیسانولمولک بە درێژی دیمەنی دیدار و وتوویژەکانی نێوان شا و ئەمیری لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە کە لێرەدا بەشێکی دەخەینە بەرچاو:

«سەرەڕای تەواوی ئەو شلەژان و دڵەڕاوکەیە، هێشتاش میرزا تەقیخان هەوای مەستیی دەسەڵات هەر لە کەڵلەیدا مابوو کە بە ڕووهەڵماڵاوی دەستی کرد بە قسان و بە چەشنێک تێراچوو کە کارێکی ناشیاوە لە ڕووی پادشایاندا و گوتی: ئەم وڵاتە من ڕێکمخستۆتەوە و تەواوی ئەو کارە دژوارانەم بە ئاکام گەیاندوون، ئەو نووسینگە و قەڵەمدارانەی کە دەیانبینی هەمووی من ڕێکوپێکم کردوون و منم کە کەموکووڕیی سپا و قۆرخانەم تێدابردووە و پەروێزی زیادەم لێ

هەڵپەرتاوتووە و ڕێکاندوومە. ئەگەر من نەبم کێ هەیە کە داهاتی دیوانی میری لە شاران پێهەڵاببەرێ و لە گۆشە و کەناری هەرە دووری سنووران قەڵا و بنکەی پاراستن دابمەزرێنێ. من بووم کە خاشەی سەربزێوانی دەرگانەی فەرمانڕەوایەتیم کێشا و لە سەرتاسەری ئێراندا هیچ دالدە و پەنایەکم بۆ کەس نەهێشتۆتەوە. ئەمڕۆ پادشا لەبری ئەوەی خەڵاتم بکا، خۆ نابێ سزای بێتاوانیم لێ بستێنێ و کاروباری وڵات بەفیڕۆ بڕوا! ئەم قسانە کە لە ڕێوشوێنی ڕێز و حورمەت دەرچووبوون، ئاوری تووڕەبوونی پادشایان هەڵگراند و فەرمووی: ئەو قسانەی تۆ ڕاست وەکوو ئەوانە دەچن کە شەیتانی دەرکراو لە خزمەت میری مەزندا کردنی بۆ ئەوەی سوژدە نەباتە بەر ئادەم. دا لە پێشدا پێم بڵێ کە تۆی کابرای نزم و ئەوی چۆنت باڵادەستانی ئێران کەوتە ژێر دەستی؟ کێ بای باڵی دای کە ئاوا لە بەرزان بنیشی؟ بۆچی لەخۆڕا ئاوا دەخوری و ڕۆنی خۆمان لە سەری خۆمان هەڵدەسوویەوە؟ چاک بزانە ئەوە حەوت پشتە کە خەڵکی ئێران کەوتوونە پەسن و پەرستنی پادشاهانی قاجار. ئەتۆی کابرای کرمانج کێی کە دەوڵەتی شاهان تەکوز بکەی و کۆڵەکەی دەسەڵاتی میری چاک دابەستی. ئێستاش دەڵێی کە لە ئێراندا هیچ دالدە و پەنایەکم نەهێشتۆتەوە؛ ئەمە خەیانەتێکی گەورەیە کە بە دین و حکوومەتت کردووە و پێت وایە هەڵچوونی نەزانی و کەلوکوت بوونی عەقڵ خزمەتە و کردووتە؟ باشە ئاخر زانایانی ڕێبازی دوازدە ئیمامی کە نیشانەی شەریعەتی پاراو و جێنشینی پێغەمبەرانن. سڵاوی خودایان لەسەر بێ، چۆن دەکرێ بێڕێزییان پێ بکرێ و چۆن ئەوانەی پەنایان بۆ دەبەن دەکرێ تووشی سووکایەتی بن... .»

سپیهر لە کۆتاییی ئەم بابەتەدا، دوای باسی لێخرانی ئەمیر و ئێردرانی بۆ کاشان، کارەساتی کوژرانەکەی ئاوا پەردەپۆش کردووە: «میرزا تەقیخان پاش تێپەڕ کردنی چل ڕۆژ لە «فین»، لەبەر پاڵەپەستۆی خوێن و دەردەداری و نەخۆشی تێکهەڵکلا و پەکی کەوت و لە بەری پێیەوە هەتا سەر سینگی هەڵمسا و شەوی دووشەممە، ١٨ی مانگی مەولوود مرد.»

ئەوەی ڕاستی بێ محەممەدحوسێنخانی سەنیعوددەولە کە دواتر نازناوی ئیعتیمادوسسەڵتەنەی باربوو کرا و نووسەری کتێبی «مونتەزەمی ناسری»یە، سەبارەت بە لێخرانی ئەمیر و کارەساتی کوژرانی زۆر کورتی بڕیوەتەوە و نووسیویەتی:

«ڕۆژی ٢٥ی مانگی محەڕڕەم بەپێی تەمای بەخێروبێری خاوەنشكۆ و لەبەر ڕەچاوكرانی بەرژەوەندیی وڵات، میرزا تەقیخانی ئەتابەكی ئەعزەم، لە سەرۆكوەزیرایەتی و سپاسالاری[1] لابرا و نازناوی ئەتابەك و تێكرای پلە و پایەكانی دیكەی لێوەرگیرایەوە.» پاشان دەنووسێ: «میرزا تەقیخان كە پێشتر سپاسالار و یەكەم كەسی دەوڵەت بوو، لە گوندی «فین»ی كاشان مرد.»

وەكوو دەبینین مێژوونووسانی سەولەخۆری سەردەمی قاجاران، وای نیشان دەدەن كە ئەمیر تەنیا لەبەر خەم و پەژارە و زاڵبوونی نەخۆشی و كەساسی مردووە و بەوپەڕی بێچاوورووییی كارەساتێكی ئاوا دڵتەزێنیان دیزە بە دەرخۆنە كردووە. لێرەدا تەنیا میرزا جەعفەری حەقایقنگاری خوورمەوجی، مێژوونووسی هاوچەرخی ناسرەددینشا لە بەرهەمەكەی خۆیدا بە ناوی «حەقایقولئەخبار»[2]، كارەساتی كوژرانی ئەمیری بێپەردە گێڕاوەتەوە و نووسیویەتی:

«... پاش تێپەڕبوونی چل ڕۆژێك، مەزن و میران وایان بە بەرژەوەند زانی كە ئەمانی چاكترە لە سانی. حاجی عەلیخانی فەڕاشباشی[3] بەرەو كاشان خوشی. ڕۆژی ١٨ی مانگی مەولوود لە گەرماو لێی وەژوور دەكەون و ئەو شەرانی و خەنیمانەی كە ڕۆژایەك لە ڕاست و چەپەوە كەوتبوونە بەر زەبری گرانی، ئێستا تێیهاڵابوون هەتا بیكووژن و ئەویش هەر وەسەر خۆی نەهێنا و نەپاڕایەوە و نەلالایەوە. كێردی دەماربڕی سەرگاوی لە ڕاست و چەپەوە بەربوویە گیانی و ئاودیوی دنیای نەمێن كرا.»

ئێستا دەچینە سەرانسوێی شێوەی گێڕانەوەی زانای كۆچكردوو «ئاشتیانی» كە پاش پێكەوە هەڵسەنگاندنی دەقەكان گەیوەتە ئەم سەرەنجامە و ئێمەش دەقاودەق دەیگێڕینەوە:

١- ئەمیركەبیر، ئەمیرنیزام اسپاسالارایش بوو، كە دەبێتە وەزیری بەرگریی ئێستاكە، وەزیری نیزام.و.

٢- ڕووی ڕاستی ڕووداوەكان یان ڕاستەقینەی هەواڵەكان.و.

٣- حاجی عەلیخانی موقەددەم مەراغەیی (فەڕاشباشی) حاجیبوددەولە دەبێتە باوكی محەممەدحەسەنخانی ئیعتیمادوسسەڵتەنە (سەنیعوددەولە) نووسەری مێژووی مونتەزەمی ناسری. ئەم كابرایە دوای ئەم خزمەتە سەرناوی ئیعتیمادوسسەڵتەنەی پاربوو دەكری و دەبێتە جێڕازی ناسرەددینشا.

«ئەمیر یان بەپێی باوی سەردەم یان بۆ پۆشینی خەڵاتێک. لەسەر قسەی فریودەرانەی پیلانگێرانی کوشتنی، کە بریار وابوو لە تارانەوە بگاتێ، شەوی شەممەی ١٨ی مانگی مەولوود یانی رۆژی هەینی ١٧ی مەولوودی ساڵی ١٢٦٨ی ک. دانی بەیانی چۆتە ئەو گەرماوەی کە بە باغی فینەوە نووساوە. ئەم گەرماوە دەرگایەکی بە ژووری کۆشکی میریدا دەکرایەوە و دەرگایەکیشی بە دیوی دەرەوەدا هەبوو. هەر کات ئەوانەی دیوی ژوورەوە دەچوونە گەرماو دەرگای دیوی دەرەوەیان دادەخست و زۆربەی جاران دەرگای بەرەو ئەندەروون دادەخرا و خەڵکی دێ دەچوون و خۆیان لێ دەشۆرد.

لەو کاتەدا کە ئەمیر دەچێتە گەرماو، چەند سوارێک کە وادیارە دەبێ پێنج کەس بووبن بە سەروچاو هەڵپێچراوی لە لای رێگای تارانەوە دێن و دەگەنەجێ و لەسەر و سۆراغی ئەمیر دەپرسن. دەڵێن ئەمیر لە گەرماوە. دوو کەس لە سوارەکان یانی حاجی عەلیخانی موقەددەم مەراغەیی (فەراشباشی) لەگەڵ میری میرغەزەبان لێی وەژوور دەکەون، حاجی عەلیخان فەرمانی ناسرەددینشا بۆ کوژرانی ئەمیر دەخاتە بەرچاوی. ئەویش دەڵێ جا کەوایە لێم گەرێن کاغەزێک یان وەسیەتنامەیەک بنووسم یان با چاوم بە خێزانم بکەوێ، بەڵام فەراشباشی دەڵێ نابێ و هەر ئەوەندە ئازادی کە بڵێی چۆن بکوژرێی. ئەمیریش بە کابرای دەلاکی خۆی دەڵێ هەتا بە نەشتەر دەماری هەردک دەستی هەڵبرێ.[1] ئەویش دەیکا و ئەمیر بە مەندی و نەشەمزانی پیاوانەی دان بە جەرگیدا دەگرێ کە خوێنی لەبەر دەروا. پاش ئەوەی دێ دڵی لە بوورەوە بچێ، میرغەزەب (جەللاد) بە فەرمانی فەراشباشی پێلاقەیەکی پێدا دەدا و دەیخا و دەسرە یان خاولییەکی لە دەمی دەئاخنێ و ئەوەندە نیوەگیانەشی کە مابووی لێی دەستێنێ. سوارانی راسپاردەی میری بەرلەوەی کە عیززەتوددەولەی خێزانی پێ بزانێ، لە ترسانی وەک تەتەر و چەپەران بەپرتاو بەرەو تاران دەفڕن. بەم شێوەیە رۆژی ١٧ی مانگی مەولوودی ساڵی ١٢٦٨ی ک/١٨٥١ی ز. لە گەرماوی باغی فینی کاشان بە فەرمانی ناسرەددینشا و بە ئاماژەی حاجی عەلیخانی موقەددەم مەراغەیی (فەراشباشی) گیانی دایەوە دەست ئەوەی کە گیاندەر و گیانئەستێنە. هەروەکوو لە دەسخەتەکەی شادا نووسرابوو، حاجی عەلیخان کە لە نێو ئامپاکانیدا شانازیی

---

١- کابرایەک بووە بە ناوی داود کە دەلاکی تایبەتی ئەمیر بووە.

ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەی خرایە سەر شانی. فەرمانڕەوا بە سەری کردەوە و بوو بە پشتیوانی!! »[1]

دوای کوژرانی ئەمیرکەبیر، نوسرەتوللاخانی ناسراو بە میرزا ئاقاخانی نووری (ئیعتیمادوددەولە) کە دوژمنی یەکاویەکی ئەمیر بوو، کرایە سەرۆکوەزیر. ئەم کابرایە هەر ئەو کەسەیە کە ئەمیر لە پلەیەکی بەرەژێر و نزمەوە هەڵیکێشا و پاشان لەسەر پێداگریی ناسرەددینشا و باڵوێزی ئینگلیس کردی بە وەزیری نێوخۆ. ئیعتیمادوددەولە ئەو دەمەی پێشنیاری سەرۆکوەزیرایەتیی پێکرا، مەرجی ئەوە بوو کە ئەمیرکەبیر بکوژرێ و ئەم مەبەستە لە زۆربەی کتێبە مێژووییەکانی سەردەمی قاجاراندا ڕەنگی داوەتەوە. ناوبراو پاش کوژرانی ئەمیر، لە کار و پلەی خۆیدا بێپسانەوە لە لایەن باڵوێزخانەی ئینگلیسەوە پشتیوانیی لێکرا و ئەگەرچی چەند جارێک ناسرەددینشا لێی ڕوون ببووە کە خەیانەتی بە ئێران کردووە، بەڵام دیسانیش ماوەیەکی زۆر هەر لە پلەی خۆیدا مایەوە.

## هەڵسەنگاندنی ئەمیرکەبیر

زیللوسسولتان نووسەری مێژووی مەسعوودی سەبارەت بە ئەمیر ئاوای نووسیوە:

«... خوداڵێخۆشبوو میرزا تەقیخانی ئەتابەکی ئەعزەم، سەرۆکوەزیری دەوڵەتی پایەبەرزی ئێران، هەر لە سەرەتای سەرۆکوەزیرایەتیی خۆییەوە کۆمەڵێک خزمەتی زۆر شایانی کرد. چ قەوما و بۆچی ئاوایان چاکەی خزمەتەکانی دایەوە و قەدریان نەزانی و چەندە پێراگەیشت و بۆچی لەسەر کار لابرا؟ لە ڕاستیدا هەموو لایەک چاک دەزانن و لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەندەی پێویست بێ کتێبیان لەسەر نووسیوە و [کێشەکە] داخلی بە سەر دنیای منەوە نییە. بەڵام بە ویژدانەوە دەڵێم و خودا بە شاهید دەگرم کە سەبارەت بەو پیاوە پێزان و ئەمەگناسە تاقانەیە تێمهەڵنەهێناوە. [ئەوەندەی دەزانم] کە لە خوداڵێخۆشبوو خواجە نیزامولمولکی بەناوبانگی وەزیری سەلجووقییەکان و ساحیبی کوڕی عیباد، وەزیری ناوبەدەرەوەی دەیلەمییەکان و پرەنس بیسمارک و لۆرد پالمێرستۆن و ڕیشیلووی وەزیری سەرناسی لوویی سێزدەهەمی فەرانسە و پرەنس کارچیکۆڤی ڕووسی.

---

١- میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، عەبباس ئیقباڵی ئاشتیانی... .

بەراستی زۆر لێوەشاوەتر و چاکتر بوو. جاری دەبێ بزانین کە مەلیکزادە خاتوون عیززەتوددەولە لەگەڵ خاوەنشکۆی پایەبەرز بەرەی دایکێک بوون و دوو کچی لە [ئەمیر] هەیە، یەکیان تاجولملووکخانم و ئەوی دیکەیان هەمدەمولملووکخانم. لەسەر ویستی شاژنی مەزن مەهدی عولیا تاجولملووکخانم لە برای تاجدارم خاوەنشکۆ موزەففەرەددینشا مارە کرا کە ئەو دەم بە جێگرەوەی پایەبڵندی پادشا داندرابوو.»

زۆربەی شاعیرانی سەردەم بە ئەمیریان هەڵداوە و تاریفی تێگەیشتوویی و لێوەشاوەیی و رەوشتی بەرزیان کردووە. بۆ وێنە «قائانی» چەند چامەیەکی تەڕ و پاراوی بۆ ئەمیر داناوە و پێیهەڵکوتووە کە یەکیان ئاوا دەست پێدەکا:

ئەری بۆنی بەهەشتە وا دێ لە جۆیباران
کە بۆنی میسکی لێ دێ هەوای نێو مێرغوزاران

لە کۆمەڵێک یادداشت و سەفەرنامەی ناسرەددینشادا چەند ئاماژەیەک وەبەرچاو دێن کە وێدەچێ پادشا لە کوشتنی ئەمیر پەشیمان بووبێتەوە. تازە هەر چۆنێک بێ رابردووە. بەڵام ئەوەی راستی بێ کوژرانی ئەو مەزنەپیاوە، گەورەترین گورزی بێقەرەبووی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران وەشاند و بێگومان مانەوەی لەسەر کار لاپەڕەیەکی تازەی لە مێژووی ژیانی نەتەوەیی ئێراندا دەکردەوە. ئەگەر رەوتی ئەو گۆڕانەی کە ئەو پیاوە بەرزەهەنگاوە خوازیاری بوو بە دەستی خۆی گەیبایە سەرەنجام، هەلومەرجی ژیانی گەلی ئێران تەواو دەگۆڕا. لە راستیدا پێش بە تێکڕای ئەو خەسارە سیاسی و ئابوورییانە دەگیرا کە دوای کوژرانی ئەمیر، بێگانەکان و بەکرێگیراوانی خوێڕی و خەیانەتکاری وەک میرزا ئاقاخانی ئیعتیمادوددەولە لە ئێرانیان وەشاند.

مێژوونووسانی هاوچەرخی ناسرەددینشا کە یان لە ترسی سزادران یان تەنیا لەبەر پاراستنی پلە و پایەی خۆیان و نیزیکبوونەوە لە بارگای میری، کارەساتی کوژرانی ئەمیریان پووش بە سەر کردووە. دیسانیش هەر نەیانتوانیوە چاویان لە حاند بیری بەرز و رووحی بڵندی ئەو رەندەپیاوە

بقووچینن و نیوەنیوە و تەکولۆ لە نیو نووسراوەکانیاندا ڕستە و دەستەواژەی وا وەبەرچاو دین کە دەریدەخەن ئەمیر چ پیاویکی بەنرخ و مەزن بووە.

خوینەرانی خۆشەویستی ئەم کتیبە لە جەنگەی تیراچوون و خویندنەوەی وردی ڕستە و دەستەواژەکانی کە ئەو میژوونووسانە تیکیانخستوونەوە، بەتایبەت کەسیکی وەکوو لیسانولمولکی سپیهر، نووسەری ناسیخوتتەواریخ، بە چاکی ئەوەیان بۆ دەرکەوێ و لییان حالی دەبی کە ڕەخنەی ئەوانە لەسەر هەلسوکەوت و کار و کرداری ئەمیرکەبیر لە ڕاستیدا تاریفات و پیداهەلدانە و نیشاندەری بڕوا بە خۆ بوون و وزەی ڕووحی ئەمیرە. وەک نووسەری ناسیخوتتەواریخ دەلی، باشە بیجگە لە ئەمیر کی دەیتوانی «شازادە گەورەکان و مەزنەپیاوان» یانی کۆمەلی مشەخۆران «لی بخا و لە گۆشەی بیناوونیشانیدا چورتەیان لی ببڕێ». باشە جگە لە ئەمیر کامە سیاسەتمەداری ئیرانی وەبەرچاو دێ کە بەرەوڕووی سولتانی خاوەندەسەلاتی قاجار ڕاوەستێ کە خۆی بە «سیبەری خودا» دەزانی؟ کی هەیە کە ئاوا چاونەترسانە و ڕەندانە و بەڕاشکاوی قسەی کردبێ و بڕوای خۆی دەربڕیبێ.

بالویزخانەی ئینگلستان لە تاران بە ناردنی نامەیەک لە لایەن دەولەتی ئینگلیسەوە سەبارەت بە کوژرانی ئەمیرکەبیر نارەزامەندیی دەربڕیوە. هەتا ئاوا تۆماتی دەست هەبوونی لە کوژرانی ئەو پیاوە نیشتمانپەرستەدا لە خۆی دوور بکاتەوە. ئەم کارەی ئینگلیس وای کردووە کە تاقمیک میژوونووس لە ویست و هەلویستی ڕووسان دووشک بن و ئەو دەولەتە بە بەرپرسی کوژرانی بزانن! کەچی خۆ پشتیوانی و لایەنگریی ڕاشکاوانەی ئینگلستان لە میرزا ئاقاخانی نووری کە ڕکەبەری ئەمیر بوو ناشاردریتەوە و لامەلامە و هەلسوکەوتی نۆکەرانەی ئاقاخان لە ئاست ڕیبازی ئینگلیسدا حاشای لی ناکرێ. خودی ئەم کارەش دەتوانی بەلگە و شوینەواری یەکیک لە فیلوفرتە سیاسییەکانی ئینگلستان بی لە ئیران و نیشانەیەک بی بۆ سەدان دەستیوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کاروباری ولاتەکەماندا. خۆ تازە ڕابرد، بەلام ڕوون و ئاشکرایە کە هەردک دراوسیی باکووری و

باشووریی[١] ئێران بە کوژرانی ئەمیرکەبیر شاد بوون و گەشانەوە؛ چونکە وڵاتێکی شێواوی ناڕێکوپێک و گەلێکی سەرگەردان و تێماو و کاس و ور، بۆ پێشوەچوونی ئامانجی سیاسی و داگیرکەرانەیان باشتر بوو لەوەی کە ئەمیرکەبیر بە ئاواتییەوە بوو. چاکسازی و تێکۆشانی بێوچانی ئەمیر تەشوییەک بوو کە لە ڕیشەی هێز و بڕشتی سیاسی و داگیرکەرانەی ئەم دوو دەوڵەتە و هەر دەوڵەتێکی دیکەی بەکۆیلەبەر دەوەشا.

هاروروژاندن و هێنانە گۆڕی ئەو مەبەستە کە ئەمیرکەبیر سەر بە رووسانە و سیاسەتەکانی ئەوان پەیڕەو دەکا، یەکێکە لە شاکارە سیاسی و فێڵاوییەکانی بریتانیا لە ئێران. بێگومان سێر پێرسی سایکسی پیاوی ئەمپریالیزمی بریتانیا و نووسەری «مێژووی ئێران»، پێی ئەسپێردراوە کە ئەم بابەتە لە بەرهەمەکەی خۆیدا بگونجێنێ.[٢] سایکس سەبارەت بە ئەمیرکەبیر و لێخرانی دەنووسێ:

«شا[٣] دەستەیەک قەرەوڵ و پاسەوان لە دەوروبەری کۆشکی خۆی دادەنێ و قاسیدێک دەنێرێتە لای وەزیرەکەی[٤] هەتا پێیڕابگەیەنێ کە لەسەر کاری وەزارەتی لاداوە و تەنیا ئەرکی سپاسالاریی بە ئەستۆیەوە ماوە. ئەمیرنیزام (سپاسالار) زۆر بە جوانی سەری وەبەر فەرمانی شا هێنا و میرزا ئاقاخانی ئیعتیمادوددەولە کرایە سەرۆکوەزیر. ئەوەی ڕاستی بێ کاری بێجێ و دوورەپارێزی باڵوێزی رووس کە ڕایگەیاند ئەمیرنیزامی لێخراو باڵی پاراستنی قەیسەری رووسی بە سەر کشاوە خراپی ڕەنگ دایەوە، کەچی رووس دواتر هەڵوێستی گۆڕی و دەستی لە ئەمیر بەردا و ڕەنگە تەواوی ئەم کارانە زیاتر پادشایان تووڕە کردبێ و لە حەیبەتان

---

١- رووسیا ڕاستەوخۆ دراوسێی ئێران بوو. ئینگلستان پاش سواربوون بە سەر هیند و ئەفغانستانی باشووری و چەند دوورگەیەکی کەنداوی فارس و ڕێ و ڕەوگەکانی کەنداو و مەزنەدەریای هیندا، بەکردەوە ببوو بە هاوسێی ئێران.

٢- سایکس لە گێڕانەوەی ڕووداوی گیرانی ئیسفەهاندا بە دەست مەحموودی ئەفغان، بەئانقەست فەرماندە بێقووتەبان و تەمەڵەکانی قزلباش لەبری گەلی ئێران دادەنێ و نووسیویەتی: «گەلی ئێران دەستی لە پیاوەتی و ئابرووی خۆی بەردابوو؛ هەڵبەت ئەگەر هات و گەلێک بوو بە ترسەنۆک و دەماری پیاوانەی نەما، بەپێی فتوای مێژوو دەبێ تۆوی نەمێنێ.» سەرچاوە: بەرگی دووهەم، چاپی دووهەم،٣٥٢.

٣- ناسرەددینشا

٤- ئەمیرکەبیر

ئاوری گرتبێ؛ بەڵام بەگشتی شۆفاری و پیلانی دوژمنەکانی شوێنی خۆیان دانا و شایان ناچار کرد هەتا بۆ تاراوگەی کاشانی دوور بخاتەوە.»

ئەم نووسەرەش نەیتوانیوە خۆی لە تاریف و پێداهەڵدانی ئەمیر بدزێتەوە و لە چەند رستەیەکدا بەروونی پێی لێناوە و نووسیویەتی: «هەر تاقێکی کەمی ئێرانی دەیانتوانی شانازی بە وەزیرێکی ئاوا راست و دەست و داوێن پاک و بەرتیلنەخۆرەوە بکەن و بوونی بە خەنیمەت بزانن.» یان دەڵێ: «بەراستی کوژرانی ئەمیرنیزام کارەسات بوو بۆ ئێران.» دواتر لەسەری دەروا و دەنووسێ: «دەڵێن هەر گەلێک شیاوی حوکمڕانەکانی خۆیەتی و ئەگەر بێ و ئەو قسەیە وابێ، زۆر جێی داخە بۆ ئێران.» بەڵام نووسەرێکی دیکەی ئینگلیسی بە ناوی سێر رابێرت واتسۆن لە کتێبی «مێژووی قاجار»ی خۆیدا تاریفی لێوەشاوەیی و کارزانی و وریایی و بەمشووری و لەخۆبووردوویی و ڕووڕاستیی ئەمیری کردووە و گوتوویەتی:

«میرزا تەقیخان لەم کاتەدا ئەمیرنیزام یان سپاسالاری تێکرای هێزە چەکدارەکانی ئێران بوو. ئەو لە سایەی لێزانی و لێوەشاوەیی و خزمەتەکانی خۆیەوە گەیبوویە ئەم پلەیە و لە سرشتی خۆیدا جیاواز بوو لەگەڵ تەواوی خەڵکی وڵاتەکەی. ئەوەندەی ئەمیرنیزام خزمەتی خەڵکی ئێرانی سەردەمی خۆی کردبوو، هەرگیز «بیزاریووس»ی سپاسالاری رۆمی هێندەی خزمەتی خەڵکی رۆم نەکردبوو. ئەم سپاسالارە کاتێک شانی دایە بەر بووژاندنەوەی گەلی ڕۆم کە دوایین قۆناخی دەسەڵاتی سەرکردەکانی رۆم بوو. بیزایووس بوو بە میراتگری تەواوی دووبەرەکایەتی و چارەڕەشییەکانی ئەو جەماوەرەی کە ڕووخابوون و ورە و کەسایەتیی خۆیان دۆراندبوو.»

«تورەمەی ئێرانی ئێستا تایبەتمەندی و گەوهەری خۆرسکانەی خۆیان لە دەست نەداوە، چونکە پیاوێکی وەکوو ئەمیرنیزامیان لە دنیادا لێ هەڵکەوتووە. لەدایکبوونی ئەم پاکسرشتە یەکێک بوو لە دیاری و خەڵاتە گەورەکانی یەزدانی.»

نووسەر لێرەدا وەبیرهێنانەوەی خاڵێک زۆر بە پێویست دەزانێ و دەبێ بڵێ کە ئەمیرکەبیر کەسێکی یەکجار وریا بووە و بە شێوەیەکی سروشتی و خۆرسکانە هەوێنی چینی سێهەمی کۆمەڵی ئێرانیی تێدا بووە کە بریتییە لە ڕەسەنایەتی و بەرزەناکاری، بە گومان و بۆچوونی لیسانولمولکی سپێهر و مێژوونووسانی

ماستاوکەری دیکەی سەردەمی ناسرەددین‌شا. ئەمیر وەکوو چینی مەزن و ماقوولان و ڕەوەی مفتەخۆران «کەسێکی ڕەسەن‌زادە و خاوەن بنە و بنەچەکە نەبووە»؛ لەوەش بترازێ هەرگیز نەچۆتە ژێر باری ئاکاری چەپەڵ و کاری سووکی ناشیاوی چینی باڵادەستانی سەردەمی خۆی و لە شاری کوێراندا دەستی بە چاوییەوە نەگرتووە. ئەمیر لە ئاکامی وەدەست‌هێنانی خوێندەواری و زانست و ئەزموون و بە پاڵپشتی مرخ و هۆشی خۆرسکانەی خۆی بە دنیای سەلماند کە ئەگەر پێداویستییەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی ڕێک و تەواو بۆ کەسانی چینی سێهەمی ئەم وڵاتە دابین بکرێ، بە هۆشی خوداپێداو و هەستی لەخۆبووردوویی و ڕەوشتی جوامێرانەیان، سەرلەنوێ مەزنایەتیی لەمێژینی تێداچووی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ خۆیان. ئەمیر ئەوەندەی کە زوو تێدەگەیی و بە سەرراستی دەکەوتە داوەری و هەڵسەنگاندن، ئەوەندەش ماندوویی‌نەناس و شێلگیر بوو. گەلێک ڕۆژ و هەفتە بێ‌وچان و بەوپەڕی گەرم‌وگوڕی و بە شێوەیەک کە شیاوی پیاوێکی بەشەرەفە، کاری دەکرد. کاتێک دژی ئامانجە بەرزەکانی تەنگەژەیان دەنایەوە و پیلانیان دەگێرا، هەرگیز ورەی پۆڵایین و بەبڕستی خۆی نەدەدۆڕاند.

خەنیمەکانی ئەوپەڕی هێزی خۆیان خستە گەڕ هەتا لە بەرتیل‌خۆریدا بیبنە سەر ڕەنگی خۆیان. بەڵام چونکە ئەمیرکەبیر کاری تێنەدەکرا، دوژمنەکانی ئەو پارانەی کە دەبوو وەکوو بەرتیل بیدەنێ، لەپێناو تێدابردنیدا بەختیان کرد.

تاقمێک لە مێژوونووسان و تەنانەت دەستەیەک نووسەری بێ‌لایەنیش، ئەمیریان بە پیاوێکی بێ‌بەزە و دڵڕەق لە قەڵەم داوە و زەبروزەنگ و دە سەرەوەنەچوونی تاوانباران و سەربزێوان و سەرچەوتان، بەتایبەت باوەڕپێکراوانی دەوڵەت و کاربەدەستانی پایەبەرزیان لەو چەغزەدا لێکداوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەمانە ڕەخنەی تەنک و تیوارن و قووڵبوونەوەی تێدا نییە و نەچوونەوە سەر ماکەی ڕووداوەکان. ڕابێرت واتسۆن نووسیویەتی: «ئەزموون نیشانی داوە کە ڕێبازی حکوومەتی ئەمیر باشترین شێوە بووە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی و ئەم شێوازە بۆ ئامانجی ڕوونی گۆڕانخوازانە ڕەچاو کراوە.» ئەو جەماوەرەی کە ساڵانێکی ڕەبەق بە سەرسەریتی و هەوسارپساوی دابوویانە بەر و دزی و حەپەلووش‌کردنی ماڵی خەڵک بیوو بە ئاکاری دووهەمیان، ئەمیر نەیدەتوانی بە پەند و ئامۆژگاری و کارووس یان بە دەرکردنی فەرمانی بێ‌دەستەبەربوونی بەڕێوەچوون، ڕایانبێنێ و

بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست. ئەمیر بێجگە لە زەبروزەنگ هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ سەقامگیربوونی ڕێکوپێکی و دادپەروەری لە وڵاتدا بۆ نەمابۆوە و هەر لە سایەی ئەم توندوتیژی و چزلەپێچکردنەوە بوو کە لەوسەرەوسەری وڵات فەرمانەکانی بەبێ‌سێ‌ودوو جێبەجێ دەکران.

**شەڕی ئاقدەربەندی سەرەخس**

ڕاپەڕینی سالار دژی حکوومەتی ناوەندی لە خوراسان، جگە لەوەی کە ئەو هەرێمەی گیرۆدەی تێکەوڵێکە و پاشاگەردانی کردبوو، لە نێو ئۆزبەک و تورکمانەکانیش‌دا هەرایەکی دیکەی نابۆوە. هەروەها محەممەدئەمین‌خانی حوکمرانی خارەزم (خیوە) هەلی سەرقاڵبوونی هێزەکانی حکوومەتی بۆ سەرکوتی سالار قۆزتەوە و پاش گرتنی «مەرو» هەتا نێزیک «سەرەخس» پێشڕەوی کرد؛ بەڵام پاش ئەوەی کە حیساموسسەڵتەنە سالاری بەزاند و سەری وڵاخی بەرەو خوراسان وەرسووڕاند. خانی خارەزم کشایەوە باکووری مەرو. پاشان بە مەبەستی خەڵەتاندنی بارگای ئێران، یەکێک لە باوەڕپێکراوانی خۆی وەکوو ڕاسپاردە ناردە بارگای ئێران و کۆمەڵێک دیاریشی نارد بۆ شا و پیاوانی بارگای میری. ساڵی ١٢٦٧ی ک/١٨٥٠ی ز. ئەمیرکەبیر ڕەزاقولی‌خانی هیدایەتی لەگەڵ کابرای ڕاسپاردە بەڕێکردە خیوە و فەرمانی پێدا هەتا سەبارەت بە بارودۆخی لەشکر و هەڵسوکەوتی محەممەدئەمین‌خان لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکا.

ڕەزاقولی‌خان لە خیوە چاوی بە محەممەدئەمین‌خان کەوت و داوای لێکرد هەتا پەلاماری مەرو و سەرەخس نەدا. بەڵام خانی ناوبراو خۆی بە پادشای سەربەخۆی خارەزم دادەنا و «مەرو»یشی بە قەڵەمڕەوی خۆی دەزانی. بە پاڵپشتی ئەو یارمەتییانەی کە دەوڵەتی ڕووسیا بەڵێنی پێدابوو، دەیگوت ناکرێ و نابێ و سەر وەبەر حکوومەتی ئێران ناهێنم. نێردراوی ئێران پاش دیدارێکی چەند جارە لەگەڵ خان، بۆی ڕوون بۆوە کە بڕیاری گرتنی مەرو و سەرەخسی داوە و بە تەمایە هەڵکوتێتە سەر شاری «مەشهەد»یش، جا بۆیە گەڕایەوە تاران. هێندەی بڵێی یەکودوو حیساموسسەڵتەنە هێرشی کردە سەر سەرەخس و چەند تیرە و تایفەی تورکمانەکانی نێوان سەرەخس و مەروی سەرکوت کردن. بەڵام بەشێک لە هێزەکانی محەممەدئەمین‌خان بە ڕێی دەرەگەز و لوتفاباددا هەڵیانکوتایە سەر

باکووری خوراسان و گەلێک دێ و شارەدێی ئەو ناوچەیان تاڵان کرد و هەر کە حیسامو سسەڵتەنە گەڕایەوە مەشەد، ئەوانیش پەنایان بردەوە بەر ناوچە خێزەڵانەکانی باکووری.

پەلامار و ڕاووڕووتی تورکمانان سێ ساڵی درێژە کێشا[1] و محەممەدئەمینخان سەرپەتەی پەلامارێکی بەربڵاوی بۆ سەر مەشەد خۆش کرد. ناسرەددینشا لە سەروبەندی ساڵی ١٢٧١ی ک/١٨٥٤ی زایینیدا، فەرەیدوونمیرزای فەرمانفەرمای بە لەشکرێکی تۆکمە و تەیارەوە نارد بۆ دەمکوتی محەممەدئەمینخان. خان لەگەڵ قۆشەنی ئۆزبەک و تورکمانان هرووژمی کردە سەر مەرو و پاشاوی لاقاوی تراتێن و تاڵانی هەتا سەرەخس ڕۆیی. فەرەیدوونمیرزا و هێزی بەرفەرمانی و کۆمەڵێک لە سوارانی خوراسانی لە شوێنی «شاقدەربەند»ی سەرەخس لەگەڵ خانی خارەزم بەرەوڕوو هاتن. دوای شەڕێکی یەکجار خوێناوی کە دوو شەو و ڕۆژی درێژە کێشا، محەممەدئەمینخان گیرا و کوژرا و نێزیکەی ٢٧٠ کەس لە فەرماندەکانی قۆشەنی خارەزم لە خوێنی خۆیان گەوزین و هەزارەزیلەی هێزی خان کردیانە ڕاکەڕاکە و بۆی دەرچوون.

---

١- دڵرەقی و بێبەزەیی و کردەوەی نامرۆڤانەی تورکمانان لەگەڵ دیلانی ئێران کە لە هرووژم بۆ سەر کاروان و شار و گوندانەدا گیرابوون و کەوتبوونە چنگ ئەو خەڵکە نیمچە کێوییە، لە کتێبی «گەشت و گەڕان بە ئاسیای ناوەندیدا»ڕەنگی داوەتەوە کە «ڤامبێری» نووسیویەتی. نووسەر لە جێیەکدا دەڵێ: «لارەملی و کەساسیی دڵتەزێنی ئێرانییەک بێنینە بەرچاوی خۆمان کە لە پەلامارێکی شەوانەدا خانەبگیر کراوە و لە کەسوکاری هەڵبڕاوە و بریندار و یەخسیرە. جلوبەرگی دادەماڵن و بەرە کۆن یان سیپاڵێکی تورکمانیی تێوەدەپێچن کە هەموو ئەندامیشی دانابۆشێ. بە زنجیری قورس و گران سندمی دەکەن. زنجیرەکە گوێزینگی دەکرووێ و زامداری دەکا و هەر هەنگاوێکی کە هەڵیدێنێتەوە بریسکە و ژانی پتر تێدەوەستێ. ڕۆژانی یەکەم و تەنانەت هەفتەکانی سەرەتای یەخسیربوونی نانێکی ئەمرنەژیی دەدەنێ و برستی ئەوەی لێ دەبرن کە بتوانێ هەڵێ. شەوانە قەڵاتەی ئاستی لە ئەستۆ دەکەن و زنجیرەکەی کە گوڵمیخی پێوەیە لە عەرز دایدەکوتن. ئەگەر بە حاڵودووبەلا بجووڵێتەوە زرەی بە گوێناخۆشی زنجیر هەڵدەستێ، هیچ ڕێگای دەربازبوونێکی نییە، مەگین هاوڕێیانی ئامادە بن کە بۆ ڕزگاربوونی پارەیەک بدەن. هەرگیز نەمدەتوانی گوێم لە زرەی بە گوێناخۆشی زنجیر بێ. لە ژێر دەوار و ڕەشماڵی هەر تورکمانێکەوە کە خاوەنی ئەرک و پلەیەک بێ، دەنگی دڵتەزێنی زنجیر دەگاتە گوێ.» سەرچاوە: مێژووی قاجار، ڕابێرت واتسۆن.

شەڕی سەرەخس و تێکشکانی هێز و دەسەلاتی محەممەدئەمینخان بۆ پتەو بوونی دەسەلات و تەنینەوەی برشتی حکوومەتی ناوەندیی ئێران لە نێو تیرە و خێلاتی تورکمان و ناوچەکانی هاوسێی جەیحوون، زۆر چاکی ڕەنگ دایەوە و قازانجی لێکەوتەوە. چونکە ئەوانە لە پایتەخت دوور و لە جەرگەی چالاکی و هەلسووڕانی سیاسی و داگیرکەرانەی دەولەتی ڕووسیای قەیسەرییەوە نیزیک بوون کە هەلپەی ئەوەی بوو قەلەمڕەوی هەراوتر بێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ پیاوانی گەندەلی بارگای ناسرەددینشا نەیانتوانی یان نەیانویست کە هەلی ئەو سەرکەوتنە بقۆزنەوە و ڕووسەکان بە تەڕدەستی و شارەزایی لە ڕێگای بالوێزی خۆیانەوە لە تاران، سەرنجی ناسرەددینشایان خستە سەر لای هەرات. پاش ئەوەی کە سالی ١٢٧٢ی ک/١٨٥٥ی ز، هێزەکانی ئێران لە باکووری خوراسان و مەرو و بۆخاراوە بۆ پەلاماردانی هەرات بانگکرانەوە مەشەد و ئاوا ناوچەکانی کەناری جەیحوون و خارەزم بێ داشدار مانەوە، دەولەتی قەیسەری یەکەم هێزی سپای قەززاق و ڕووسە سپییەکانی ناردن بۆ خیوە. وەکوو دیارە دوای شەڕی سەرەخس ناکۆکییەکی گەورە کەوتبووە نێوان حوکمڕانان و سپاسالاران و سەرۆک خێلانی تورکمان و ئاوا ڕووسیا دەرفەتەکەی خواستەوە و لە خارەزم برەوی بە دەسەلاتی سەربازیی خۆی دا. هەر ئەم کارە بوو بە سەردەقی گیران و داگیرکرانی تورکستانی خۆرنشین و لە دەست دەرچوونی قەلەمڕەوی ئێران لە قەراخ ڕووباری جەیحوون.

**گیرانی هەرات (١٢٧٣ی ک/١٨٥٦ی ز)**

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، ئەو دەمەی کە محەممەدشا بە مەبەستی سەرکوتی سەربزێوانی فارس و ئیسفەهان بەرەو باشووری ئێران لەشکری دەنگ دابوو و دەهات کە ڕاپەڕینی ئاقاخانی محەللاتی دەست پێ بکا، حکوومەتە ئینگلیسییەکەی هیند دەستی گەیاندە ئەفغانستان و ویستی کە میرانی خۆمالی لەگەل ئامانجەکانی خۆی بکاتە هاودەنگ. میر دووستمحەممەدخانی بارەکزایی، حوکمڕانی قەندەهار پێیخۆش نەبوو کە سیاسەتی ئینگلیس لە ئەفغانستان پەرە بگری و مەیلی لێ بوو کە بە هاوکاری و یاریدەی ئێران خۆی و کوڕانی هەمیشە فەرمانڕەوای ئەفغانستان بن. ئینگلستان بە مەبەستی پووچەل کردنەوەی

ئامانجەکانی حوکمرانی ئەفغانستان. یەکێک لە پیاوەکانی خۆی بە ناوی سێر ویلیام ماگناتین، لەگەڵ شوجاعولمولک (شاشوجاع)ی کوڕی تەیموورشای دورانی، کە لە کۆنەدوژمنانی خانەدانی بارەکزایی بوو، بە سپایەکی ٢٠هەزار کەسەی هیندی و ئەفغانییەوە ناردن بۆ قەندەهار. شەڕی نێوان ئەمیر دووستمحەممەدخان و شوجاعولمولک نیزیکەی سێ ساڵی کێشا (یانی ١٢٥٥ تا ١٢٥٨ی ک/١٨٣٩-١٨٤٢ی ز). وەکوو باسی کرا لەو ماوەیەدا سیاسەتی ژەهراویی ئینگلستان هەمیشە گیروگرفتێکی بۆ محەممەدشا دەنایەوە هەتا بە کاروباری شارەکانی باشووری ئێرانەوە سەرقاڵ بێ و بەم شێوەیە نەیدەهێشت لا لە ئەفغانستان بکاتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم کارانە باڵوێز و نوێنەرانی سیاسیی ئینگلستان لە ئێران، لێکدالێکدا کاغەز و نامەیان لە شای ئێران و مەزنەوەزیرە نەشیاوەکەی، یانی حاجی میرزا ئاغاسی دەنووسی کە نابێ دەست بخەنە نێو کاروباری ئەفغانستان و پشتی میر دووستمحەممەدخان بگرن، کە هەمیشە هەر هاواری بوو تا ئێران بگاتە فریای.

لەبەر پەلاماری سەخت و دژواری شاشوجاع بۆ سەر قەندەهار، میر دووستمحەممەدخانی لایەنگری ئێران خۆی بۆ ڕانەگیرا و شارەکەی لە دەست دا و شای دورانی بوو بە حوکمرانی ئەفغانستانی باشووری. میری باسکراو سەرەتا لەگەڵ کوڕەکانی خۆی ڕۆیی بۆ خارەزم و داوای یارمەتیی کرد، بەڵام بە سەرکزی گەڕایەوە و پەنای بردە بەر ئێران. لەو بگرەوبەردەیەدا ئەکبەرخانی برای پێیچەقاند و کۆڵی نەدا و دژی شاشوجاع کەوتە بەربەرەکانی و ساڵی ١٢٥٧ی ک/١٨٤١ی ز. هێرشی کردە سەر کابول. لەو سەروبەندەدا ڕاپەڕینێکی بە تین و تەوژم دژی ئینگلیسییەکانی بنەگرتووی کابول ڕووی دا کە ماگناتین سەرکردایەتیی دەکردن. ماگناتین و یەکی دیکە لە پیاوەکانی ئینگلیسی و نیزیکەی ١٦هەزار چەکداری هیندیی شاشوجاع لەو شارە و دەوروبەری بە دەست ڕاپەڕیوان و هێزەکانی ئەکبەرخان کوژران (شەشەکانی ساڵی ١٢٥٧ی کۆچی/ نوامبری ١٨٤١ی زایینی).

حکوومەتە ئینگلیسییەکەی هیند، ساڵی دواتر یەکێک لە سەرکردەکانی خۆی بە ناوی پۆلۆک لەگەڵ هێزێکی ساز و تەیار ناردە سەر کابول و ڕاست لەو هەلومەرجەدا کە هۆز و خێڵاتی بەلووچی بەلووچستان ڕاپەڕیبوون و بانگەشەکەرانی سەید عەلیمحەممەدی باب لە شیراز و ئیسفەهان سەرئێشەیان بۆ

دەولـەتی ئێران نابووییەوە، پۆلـۆک کـابولی گرت و جـەماوەرێکی زۆری لـە خـوێن گەوزاند. سـەرەنجام پاش ئـەوەی میر دووسـتمحەممەدخان نـەیتوانی پشـتیوانی و سـەرنجی ئێران و رووسـیا بـۆ لای خـۆی رابکێشـێ، رەزامەندیی لەسـەر ویسـت و ئامانجـەکانی ئینگلیسـییەکان دەربـڕی و لـە ژێـر چـاوەدێریی کاربەدەسـتانی ئینگلیسـیدا، سـالی ١٢٥٨ی ک/١٨٤٢ی ز، کرایـەوە حـوکمڕانی ئەفغانسـتان و هـەتا سالی ١٢٨٠ی ک/١٨٦٢ی زایینی کە سالی پێمردنی بوو، درێژەی بە دەسەلاتی دا.

پاش دامەزران و سەقامگیربوونی میر دووستمحەممەدخان لە کابول، ڕێگا بۆ وەدی هـاتنی ئامانجـەکانی ئینگلـیس لـە ئەفغانسـتان خـۆش کـرا و حکوومـەتی ئینگلیسیی هیند هێزی وەبەر میری ناوبراو هێنا و دنەی دا هەتا هەلکوتێتە سـەر هەرات و بیگرێ و حکوومەتی یەکپارچەی ئەفغانستان پێک بێنێ. ئەو ڕووداوانەی کە لە سالی ١٢٦٧را هەتا ١٢٧٢ی ک/١٨٥٠- ١٨٥٥ی زایینی لە ئەفغانستان قەومان، نموونەی دەستێوەردانی ئاشکرا و ناڕەوای حکوومەتی ئینگلیسیی هیندن و نیشانەی ئەوەن کە دەولەتی ئینگلیس بە شوێن لاواز کردنی ئێران و بەڕێوەبردنی سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی لەم ولاتە و تێکرای هەرێمی خۆرهەلاتی نێوەڕاستدا گەراوە و هەنگاوی ناوە.

بالوێزەکانی ئینگلیس لـە تاران نـە تـەنیا دەسـتیان وەردایـە کاروبـاری نێوخـۆی ئەفغانستان، بەلکوو دەیانهەویست بە هەر شێوەیەک بێ نەهێلن برشتی دەسـەلاتی ڕەوای دەولەتی ئێران لەو قەلەمڕەوەی خۆیدا بڕ بکا.

میـر دووسـتمحەممەدخان، سـالی ١٢٧٢ی ک/١٨٥٥ی ز، لەشـکرێکی گـەورە و گرانی بە مەبەسـتی گرتنی هـەرات ساز کرد.[1] لـەو سـەروبەندانەدا سەید(سـەعید) محەممـەدخانی زەهیروددەولـەی[2] حوکمداری هـەرات کە دانراو و گوێ لـە مستی ئێران بـوو، بـە دەسـت شـازادە محەممەدیووسـفخانی دورانـی کـوژرا. شـازادەی دورانـی بـە مەبەسـتی پتـەوکردنی جێگـە و پێگـەی خـۆی و بەرەنگاربوونـەوەی دووستمحەممەدخان توانی پشتیوانیی بارگای دەسەلاتی ئێران بۆ خۆی دەستەبەر

١- ئینگلیسـییەکان سـالی ١٢٧٢ی ک/١٨٥٥ی ز، «سێر جـان لارێنس »یـان نـاردە کـابول و پـەیمانی یەکییـەتی و دۆسـتایەتییان لەگـەل دووسـتمحەممەدخان بەسـت و دانیـان بـە دەسەلاتەکەیدا هێنا.

٢- سەعیدمحەممەدخان (صەید)، کوڕی زەهیروددەولە بوو کە دوای مردنی باوکی لە لایەن بارگای دەسەلاتی ئێرانەوە، سەرناوی زەهیروددەولەی پاربوو کرابوو.

بکا و داوای لە سوڵتان مرادمیرزا حیسامو سسەڵتەنەی فەرمانفەرمای خوراسان کرد هەتا یاریدەی بدا و ئەویش ١٥٠٠ چەکداری بە سەرکردایەتیی سامخانی ئیلخانی لە مەشەدەوە ناردە هەرات و بۆ محەممەدیووسفخانی نووسی ئەگەر پێویستی بە هێزی زیاتر بێ بۆی دەنێرێ.

پیاوان و کاربەدەستانی ئینگلیس، بە پارە و بانگەشەی درۆ خەڵکی هەرات، بەتایبەت مەزن و ماقووڵانی شارەکەیان هەڵخەڵەتاند و بە رێی ئامانجەکانی خۆیاندا بردن و هانیان دان هەتا ببنە پشتیوانی میری کابول؛ هەر بۆیە کاتێک سامخانی ئیلخانی گەیشتە هەرات، خەڵک دەروازەکانی شاریان بە روویدا داخست و هەرەشەیان لە محەممەدیووسفخان کرد کە دەیکوژن. سامخان لەرێوە رووداوەکەی بە حیسامو سسەڵتەنە راگەیاند. هەر لەو رۆژانەدا سەردار عەلیخانی سێکووهە لە سیستانەوە هەواڵی نارد کە یەکێک لە کورەکانی دووستمحەممەدخان پەلاماری خاکی ئێرانی داوە. ناسرەددینشا کە لە سەرەتاکانی حکوومەتی خۆیدا دەیهەویست هەتا بە دژی رووسیا لەگەڵ ئینگلیس و عوسمانی و فەرانسە ببێتە هاوپەیمان و پەیماننامەی تورکمانچای و گولستان هەڵوەشێنێتەوە و قەفقاز بگرێتەوە، بە هیچ شێوەیەک مەیلی بۆ لای سیاسەتی رووسیا نەدەچوو و پەلی بۆ لای نەدەهاویشت؛ کەچی لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت کە کاربەدەستانی ئینگلیسی خەریکی پیلانی سیاسین لە ئەفغانستان و بە دوای ئامانجی بێفەڕی خۆیاندا دەگەڕێن. کاتێک پادشای ئێران ئەمانەی لێ روون بووە حیسامو سسەڵتەنەی راسپارد کە بروا و هەرات بگرێ و بیست پەلی پیادە و هەزار تفەنگچیشی ناردە یاریدەی. لەشکری ئێران هەر ئەو رێگایەیان گرتەبەر کە سپای محەممەدشا پێیدا رۆیشتبوو، بۆیە سەرەتا پەلاماریان بردە سەر قەڵای غووریان کە گرێپووچکەی هەراتی پێدەکرایەوە. سەردار مەجیدخانی ئەفغانی پاش تۆزقاڵێک بەرەنگاری قەڵاکەی بە دەستەوە دا و لەو کاتەدا فەرمانفەرماش بە خۆی و ١٠هەزار سەربازەوە لە فارسەوە هاتە یاریدەی حیسامو سسەڵتەنە و پێکەوە هەڵیانکوتایە سەر هەرات.

چونکە سپای ئەفغان خەندەکێکی قووڵیان بە دەورەی شاری هەراتدا لێدا، هێزی ئێران بەناچاری گەمارۆی شارەکەی دا و پاش دوو مانگ خۆڕاگری، حوکمرانی هەرات هاتە سەر خۆ بە دەستەوەدان و پێمل بوون و لە حیسامو سسەڵتەنەی راسپارد کە ئەگەر دەست لە گەمارۆی هەرات هەڵبگرێ، خۆی

بە دەستەوە دەدا. عیساخان کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەفغانی و شانبەشانی حیساموسسەڵتەنە شەڕی دەکرد، هانی دا هەتا پێشنیارەکە قبووڵ بکا. سەرکردەی ئێرانی هەتا چەند کیلۆمیتریی غووریان کشایەوە و عیساخانی نارده هەرات؛ ئەویش دوای ئەوەی گەیشتە شاری هەرات، شازادە محەممەدیووسفخانی گرت و دایە دەست کەسەکانی زەهیروددەولە و ئەوانیش بە تۆڵەی خوێنی زەهیروددەولە بە شێوەیەکی دڵتەزێن کوشتیان. عیساخان پاش برانەوەی کاری محەممەدیووسفخان، خۆی هەوساری کاروباری هەراتی بە دەستەوە گرت و بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپای ئێران خۆی ساز کرد. حیساموسسەڵتەنە سەرلەنوێ هێرشی بردەوە سەر شار و بە زەبری گوللەی تۆپ و بە هاوکاریی ئەندازیار «بۆهلێر»ی[1] فەرانسەوی، بەشێک لە شوورەی شاری شکاند و هەرەسی پێهێنا. فەرماندەکانی بەردەستیشی بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی سپای دووستمحەممەدخان لە سیستان و فەراه بڵاو بوونەوە. عیساخان لە مانگی سەفەری ساڵی ١٢٧٣دا خۆی بە دەستەوە دا و حیساموسسەڵتەنە پێی نایە هەراتەوە و لە سەرەتای مانگی مەولوودا خوتبەیان بە ناوی ناسرەددینشا خوێندەوە. حیساموسسەڵتەنە فەرمانی شای ڕاگەیاند کە هەرات سەرلەنوێ خراوەتەوە سەر خاکی ئێران و چۆتەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و سکەی بە ناوی ناسرەددینشاوە لێدا.

حکوومەتی ئینگلیسیی هیند لە سەرەتای هێرشی لەشکری ئێران بۆ سەر هەرات بە هەموو فرتوفێڵێک هەوڵی دابوو هەتا ناسرەددینشا لە گرتنی ئەو شارە پەشیمان بکاتەوە و هیچی بۆ نەکرابوو. لە لایەکی دیکەوە دەهات هەتا دەرفەتی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی گەورە دژی ئینگلستان لە هیند ئامادە بێ و ئاوا سیاسەتی داگیرکەرانەی بریتانیا بەراستی کەوتبووە مەترسی. بەڵام لەو هەلە ناسکەدا کەڵکی لە ورەی سست و خاو و بێئاگاییی پیاوانی بارگای ئێران وەرگرت و بە ڕەچاو کردنی سیاسەتی هەڕەشەوگوڕەشە و دەستتێوەردانی چەکداری لە ئێراندا، بڕست و دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی لە سەرانسەری ئەفغانستاندا بنەبڕ کرد.

***

---

[1] بۆهلێر ئەندازیاری تۆپخانە و مامۆستای بەشی ئەندازیاری بوو لە دارولفنوون.

بنکەی ژین

بەشی ٩

# بزووتنەوەی هزری و چاکسازییەکانی نێوخۆی وڵات

## بزووتنەوەی هزری و سیاسی

سەردەمی پەنجا ساڵەی پادشایەتیی ناسرەددینشا، سەرەرای درێژبوونی ماوەکەی، بە باری رەچاوکرانی سیاسەتی دەرەوەشدا لق و پۆپی زۆر لێ بوونەوە، کە زۆربەیان زیانی قەرەبوونەکراویان بە شوێنەوە بوو بۆ گەلی ئێران. ئەم قۆناغە بە لانی کۆمەڵایەتی و گۆرانی بیری سیاسی خەڵکیشدا جێگای سەرنجە. ناسرەددینشا پاش کوژرانی ئەمیرکەبیر، ئەگەرچی بەرواڵەت ئیعتیمادوددەولەی نووریی کردە سەرۆکوەزیر، بەڵام چونکە لە راستیدا بۆخۆی پیاوێکی پاوانخواز و فرسوار و بلەوەز بوو، ئەوەندەی دیکەش دایە لانی زۆرداری و لە هەموو بارێکەوە لە نێو بارگای میریدا دەسەڵاتی پەرە پێدا و لێبرا کە نەهێڵێ ئاقاخان وەکوو ئەمیرکەبیر هەوساری تەواوی کاروباری وڵاتی لە دەست دەربێنێ. ئەم هەنگاوەی شا رێگای بۆ مەزن و میرانی ناوچە و مەلبەندەکانی ئێرانیش خۆش کرد کە دەنگ و بۆچوونی خۆیان لە پێشوو زیاتر بە زۆرەملی داسەپێنن. یانی لە راستیدا ئەو حکوومەتەی کە ئاغامحەممەدخانی قاجار بە هێزی چەک و شەر و لێکدان و وەبەرچاو گرتنی هەڵوێست و رێبازێکی بەزەبرووزەنگ وماڵوێرانکەر دایمەزراندبوو و وڵاتانی گەورە و گچکەی دنیا لە رۆژگاری فەتحعەلیشادا بە رەسمی ناسیبوویان، لە سەردەمی ناسرەددینشادا لەوپەری پاوانخوازی و ملهوری نیزیک بزوە. لە لایەکی دیکەوە پاش سەردەمی فەتحعەلیشا، لەبەر دامەزرانی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی و بڵاوبوونەوەی هەواڵی شۆرشی مەزنی فەرانسە و راپەرینەکانی دیکەی ئورووپا لە ساڵی ١٨٤٨دا،[1] وردەوردە لە

١- مێژوونووسانی ئورووپایی ساڵی ١٨٤٨ بە ساڵی «شۆرش» ناودێر دەکەن. لەو ساڵەدا چەند بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و دژی چەوساندنەوە و ملهوری و پاوانخوازی لە←

ئێراندا بیر و بۆچوونی تازەی سیاسی خۆی نیشان دا و هەتا رادەیەک هەلومەرجی کۆمەلایەتی بۆ گەشە و هەلدانی بیری تازە رەخسا. هەروەها چەند گەورەپیاوێک لەو رۆژگارەدا پەیدا بوون کە رەنگدانەوەی بیر و بۆچوونیان لە بواری کۆمەلایەتی و سیاسیدا توانی دەورێکی کاریگەر لە روونکردنەوەی بیروڕای گشتیدا بگێرێ و خەلک بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی رابێنێ.

ئەمیرکەبیر لە وەخەبەرهێنان و بەرچاوروونکردنەوەی چین و توێژی خوێندەوار و دەستەبژێوی ئێرانیدا بەش بە حالی خۆی دەورێکی بەرچاوی گێرا و توانی سەرنجی خوێندەواران و بژاردان بۆ کەموکووری و گەندەلیی کۆمەلایەتی و هەلەباشییەکانی سیاسی رابکێشی. ئەمیرکەبیر بنەمای خوازتنەوەی فەرهەنگی ئورووپای لە رێگای هاندانی ناسرەددینشاوە بە ناردنی خوێندکاران بۆ دەرەوەی ولات گەلالە کرد و دایرشت و بە دانانی دارولفنوون، مەکۆیەکی نوێی بۆ ئالوگۆری بیرورا و ئاشنابوونی لاوان لەگەل خالە درەوشاوەکانی شارستانییەتی ئورووپایی دامەزراند.

سەید جەمالەدینی ئەسەدئابادی ناسراو بە ئەفغانی یەکەم کەس بوو کە بەراشکاوی بیر و بۆچوونی سیاسی و کۆمەلایەتیی خۆی بۆ خزمەت بە نیشتمان و تێکرای ولاتانی ئیسلامی دەردەبری و بەرچاوی گەلانی مسولمانی سەبارەت بە تەما و ئامانجی چەپەلی ولاتانی داگیرکەر و بەکۆیلەبەری ئورووپایی روون دەکردەوە و بوونی سەید جوولانەوەیەکی تازەی لە بیر و هزری ئێرانییەکانی ئەو سەردەمەدا بەدی هێنا.

بنکەی ژین

---

ولاتانی ئالمان، ئۆتریش، ئیتالیا و فەرانسە دەستیان پێکرد. جوولانەوە و شۆرشەکەی فەرانسە سەرکەوت و حکوومەتی مەشرووتەی پادشایەتی رووخا و حکوومەتی کۆماری (کۆماری دووهەمی فەرانسە) دامەزرا. ئەگەرچی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی لە ئالمان و ئۆتریش و ئیتالیا، بە سەر شۆرشگێرەکاندا زال بوون، بەلام نەیانتوانی خاشەی بیر و باوەری سیاسیی رووناکبیران ببرن. هێندەی پێنەچوو کە بزووتنەوەکانی سالی ١٨٤٨ لەو ولاتانەشدا بە سەرەنجام گەیشتن و گەلانی ئورووپای ناوەندی ئازادیی زیاتریان وەدەست هێنا.

## ١- پوختەی ژیان و بەسەرهات و بیر و بۆچوون و خزمەتەکانی سەید جەماڵەددینی ئـەسـەدئـابـادی

سەید جەماڵەددین مانگی شابانی سالی ١٢٥٤ی کۆچی لە ئاواییی ئەسەئاباد[١] و لە نێو بنەماڵەی سەیدانی وەجاغزادەی شێخولئیسلامی ئەسەدئاباددا پێی نایە جەغزی ژیان. سەید سەفدەری باوکی لەچاو هاوسەردەمانی خۆی پیاوێکی زانا و پێگەیشتوو بوو. سەید جەماڵەددین هەتا تەمەنی دە سالی لای باوکی خوێندی و سەید سەفدەر سالی ١٢٦٦ی ک/١٨٤٩ی ز. لەگەڵ کورەکەی خۆی رووی کردە قەزوین و لەوێشەوە چوویە تاران و ماوەیەک لە مالی سلێمانخانی ساحێبئیختیار کە یەکێک بوو لە خانەکانی ئەسەدئاباد مایەوە. دواتر باوک و کوڕ پێکەوە چوونە نەجەف و سەید بوو بە فەقێی شێخ مورتەزا، کە یەکێک بوو لە موجتەهیدە گەورەکانی ئەو سەردەمە. سەید لە حوجرەی ئەم مامۆستایەدا دەستی کرد بە خوێندنی «مەعقوول» و «مەنقوول» و کاتێک شێخ مورتەزا تەماشای کرد سەید یەکجار زیرەک و وریایە، لەگەڵ فەقێیەکی دیکە ناردی بۆ هیندووستان. سەید لەوێ بێجگە لە پێداچوونەوە و خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتیی هیند، خۆی فێری زمانی ئینگلیسیش کرد و سالی ١٢٧٠ی ک/١٨٥٣ی ز. کە دەبوو بە شەشەم سالی پادشایەتیی ناسرەددینشا، لە هیندووستانەوە رۆیی بۆ مەککە و لەوێشەوە گەڕایەوە ئەسەدئابادی زێد و نیشتمانی و پاش چەند شەوان چووە تاران و ماوەی شەش مانگ لەوێ بنەی داکوتا.

لەو ماوەیەدا کەوتە بلاوکردنەوەی بیر و بۆچوونی خۆی و وای لێهات کە ناسرەددینشا لێی تۆقی، بۆیە بەناچاری لە تارانەوە گەیشتە ئەفغانستان و لای دووستمحەممەدخان لای دا و دیسان رۆیی بۆ هیندووستان. لەوێش بۆ دیدار و هاتوچۆی خەلک تەگەرەیان خستە بەری و هیچ چارەی نەما و بارگە و پرێسکەی تێکەوەپێچا و رووی کردە میسر و پاش چل رۆژ مانەوەی لەوێوە پەلی بەرەو ئیسلامبوول کوتا. فوئادپاشا کە پیاوێکی سیاسی و هەلکەوتەی عوسمانی بوو زۆر بەگەرمی بەخێری هێنا. بەلام ماوەیەک دواتر لەبەروەی کە شێخولئیسلامی تورک

---

١- ئەسەدئاباد کەوتۆتە بالی خۆرنشینی هەمەدان و ٤٢ کیلۆمیتری لێوە دوورە.

دژی راوەستا. ئیسلامبوولی بەجێهێشت و ساڵی ١٢٨٧ی ک/١٨٧٠ی ز. بەرەو میسر رۆیی و ماوەی دوو ساڵی بێنێویر لەوێ مایەوە.

سەید جەمالەددین پیاوێک بوو سەردەرانەی رووحی بەرز و چێشکەی کەیل و بیری تیژ و قسەچەقیو. لە میسر ئەنجومەنێکی پێکهێنا بە ناوی «حیزبولوەتەنی» کە ٣٠٠ کەسی ئەندام هەبوو. لە «جامیعولئەزهەر» بوو بە مامۆستای باس و بابەتی فەلسەفەی «ئیبنی سینا». سەید لەو ماوەیەدا وتاری دەدا کە بناغەی قسەکانی لەسەر بەدی هێنانی یەکییەتیی ئیسلامی و تێکدان و لێکهەڵوەشاندنی راپەڵوپۆی رایەڵەی سیخوری و فێڵەبازیی ئینگلیس و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی بەکۆیلەبردن و دابین کردنی ئازادی و سەربەخۆییی گەلانی ئیسلامی دامەزرابوو.

کاتێک بیر و باوەری سەید جەمالەددین لە هەموو شوێنێک بڵاو بۆوە، کاربەدەستانی ئینگلیسی لە برشتی تیغی زمانی تۆقین و پەلپ و بیانوویان بۆ پەرەوازەبوونەوەی لە میسر بەدی هێنا. سەید جارێکی دیکە رۆیشتەوە بۆ هیندووستان و لەوێشەوە بەرەو ئورووپا بزووت و ساڵی ١٣٠٠ی ک/١٨٨٢ی زایینی گەیشتە ئینگلستان. ئینگلیسییەکان سەرەتا هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە بۆ پێکهێنانی یەکییەتی لە نێوان وڵاتانی ئیسلامیدا سەید تێوەبدەن، بەڵام دواتر ئەم بیر و بۆچوونەی ئینگلیس گۆڕا و سەید رۆیی بۆ پاریس و سێ ساڵ لەو شارە مایەوە و خۆی دایە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی «عوروەتیلوسقا[1]» کە «شێخ محەممەد عەبدە»ی زانای بەناوبانگی میسری و فەقێی سەید سەرنووسەری بوو. هەر لەو سەروبەندەدا لەگەڵ زانا و مێژوونووسی ناوبەدەرەوەی فەرانسەوی، ئێرنێست رێنان[2]، سەبارەت بە پێکگرتن و پێکەوەهەڵسەنگاندنی ئیسلام لەگەڵ شارستانییەتی رۆژاوا کەوتە باس و دەمەتەقەیەکی دووروودرێژ. ئەم رۆژنامەیە کە دەنێردرایە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی و هەڵگری کاکڵ و نێوەرۆکی بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەید بوو لەسەر یەکسانی و ئازادی، لە رەوتی روونکردنەوەی

---

١- عروةالوثقی، دەستەواژەیەکە لە قورئان وەرگیراوە و دەبێتە دەسکرەیەکی لە پسان نەهاتوو. سوورەی بەقەرە، ئایەی ٢٥٦.و.

٢- ئێرنێست رێنان (١٨٢٣-١٨٩٢) گەلێک لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە دین و زمانان ئەنجام داون و چەند شوێنەوارێکی دەربارەی داهاتووی زانست و بنج و بناوانی مەسیحایەتی و مێژووی بەنیئیسرائیل و بابەتی لەم چەشنەی نووسیون و ئەندامی ئاکادیمیای فەرانسە بووە.

خەلکی ئێران و عوسمانیدا هەنگاوی هاویشت. بەلام سەرەنجام پاش بلاوبوونەوەی ١٨ژمارە، ئینگلیسییەکان هۆکار و بیانووی وەستانی رۆژنامەکەیان بەدی هێنا.

پاش چوونی سەید بۆ میسر، ناسرەددینشا وردەوردە لەگەل روانگە و بیر و بۆچوونەکانی ئاشنا بوو. هەر بۆیە سالی ١٣٠٢ی ک/١٨٨٥ی ز، سەنیعوددەولەی وەزیری چاپ و بلاوکردنەوەی راسپارد هەتا بانگهێشتنی بکاتەوە بۆ ئێران. سەید هاتەوە و گەیشتە شیراز و لەوێ میرزا فورسەتی شیرازی و مەلیکولموتەکەللیمین چوونە دیداری و پاشان رۆیی بۆ تاران و لەوێ پیاوانی بارگا پادشایان لێ هەلگێرایەوە و بیریان ئالۆزاند[1] و سەید بە دلشکاوی و زیزی رۆیی بۆ رووسیا و لەوێشەوە چوو بۆ ئوتریش.

سالی ١٣٠٦ی ک/١٨٨٨ی ز. ئەو دەمەی کە ناسرەددینشا لە ئورووپا خەریکی گەشت و سەیران بوو، سەری لە ناوبانگی سەید سوورما و ویستی دلی بداتەوە و بیباتەوە تاران. سەیدیش بڕوای بە وادە و بەلێنی پادشا کرد و سالی ١٣٠٧ گەرایەوە تاران؛ بەلام دیسانیش بەپێی کەتن و پیلانی سیاسی کەوتەوە بەر شەپۆلی بوغزاندنی شا و پەنای بردە بەر ئاستانەی حەزرەتی شاعەبدولعەزیم. پیاوەکانی میری لەوێیان دەرکێشا و بەرەو تاراوگەیان بەرێکرد و ناردیانە شوێنی مەرقەدی ئیمامان [کە نەجەف و کەربەلا بێ.] هیچ چارەیەکی دیکەی نەما و جارێکی دیکە رووی کردەوە لەندەن و لەوێ رۆژنامەیەکی بە ناوی «زیائولخافقین[2]»، بە دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیسی بلاو کردەوە. ئەم رۆژنامەیەش پاش دەرچوونی چەند ژمارەیەکی راگیرا و سەید سەرلەنوێ

---

١- یەکەمین رۆچنەی داگیرسانی نێوان و پەیوەندیی ناسرەددینشا لەگەل سەید ئەم وتارانە بوو کە لە رۆژنامەی «عورروەتیلوسقا»دا دەینووسین. ئەم وتارانە بە دلی شاوە نووسان و بانگی کردەوە بۆ تاران و کردی بە ئەندامی ئەنجومەنی پادشایەتی و بۆچوونەکانی زۆریان کار لە پادشا دەکرد. ئەمینوسسولتان ئیرەیی پێبرد و بالوێزی عوسمانیی هان دا هەتا داوا لە شا بکا کە بۆ تاراوگەی دوور بخاتەوە. هەروەها چونکە دەشیزانی کە شا رقی لە وشەی «قانوون»ە، بە گوێی شای هەلێنا کە سەید لەبەر بلاوکردنەوەی کۆمەلێک قانوون لە هیند و میسر و عوسمانی دەرکراوە. بەم شێوەیە شا ویستی ئەمینوسسولتانی بەجێ هێنا و سەیدی لە ئێرانەوە ناردە تاراوگەی دەرەوەی وڵات.

٢- تیشکەی شەکاوە.و.

ڕۆیشتەوە بۆ ئیسلامبووڵ. سوڵتان عەبدولحەمید بە هیوای ئەوەی کە بتوانێ بۆ بەدی هێنانی یەکییەتیی ئیسلامی کەڵک لە بیر و بۆچوونەکانی سەید وەربگرێ و خۆی ببێتە سەرۆکی ئەو یەکییەتییە، دەستی ڕێزی لە سەید نا. بەڵام سەرەنجام گەورەپیاوانی بارگای سوڵتان و کاربەدەستانی ئینگلیس خۆیان لە سەید هەڵکرد و ساڵی ١٣١٤ی ک/١٨٩٦ی ز، یانی ساڵێک دوای کوژرانی ناسرەددینشا.[1] لە شاری ئیسلامبووڵ سەید دەرمانداو کرا و هەر لەوێش نێژرا. سەید هەر بە ڕەبەنی مایەوە و ژنی نەهێنا. بەڵام هێشتاش خوشکەزا و برازای لە ئەسەدئاباد و هەمەدان ماون و هێندێکیان خەریکی کاروباری حکوومەتی و فەرهەنگین.[2]

بیروڕای سیاسیی سەید جەمالەددین بە باری تین و گوڕی شوێندانانەوە بێهاوتا بوو. گەلێک ئادەمیزادی بەرچاوڕوون و تامەزرۆی ئازادی کە دەیانزانی سەید دەڵێ چی و لە بنج و بناوانی بۆچوونەکانی گەیشتبوون، لە گەشت و گەڕانیدا دەبوونە هاوسەفەری و دڵیان بە ئاودەنگی و دواندنی دەکرایەوە. بیروڕای سەید سەبارەت بە ئازادی و یەکسانی و دارشتنی گەلالەی حکوومەتی مەشرووتە، ماوەیەک پاش نەمانی، لە لایەن قوتابییان و مریدەکانییەوە درکێندرا.

شێخ ئەحمەدی ڕووحی، میرزا ئاقاخانی کرمانی و میرزا حەسەنخانی خەبیرولمولک لەو کەسانە بوون کە بیروڕا و بۆچوونەکانی سەیدیان بڵاو کردۆتەوە و پەرەیان پێداوە و لەم ڕێگایەدا تووشی کوێرەوەری و دەرد و مەرەد و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بوون. ئەم پیاوانە هەتا دواپشووی ژیانی خۆیان بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانیان، کە بریتی بوو لە داهێنانی حکوومەتی مەشرووتە و قوتابخانەی سەید فێری کردبوون و ڕایهێنابوون. تێکۆشان و سەرەنجام لەم پێناوەدا سەریشیان دانا.

سەید جەمالەددین لەبەر بیری بەرز و ڕوانگەی بەرینی، وەکوو زۆربەی مەزنەپیاوانی دنیا ناکرێ کە تایبەت بدرێ بە وڵاتێک یا گەلێک. ویست و ئاواتی

---

١- ناسرەددینشا ساڵی ١٣١٣ی کۆچی، لە مەرقەدی شاعەبدولعەزیم بە دەست میرزا ڕەزا کرمانی کوژرا.

٢- یەکێک لە خوارزاکانی سەید، ڕێزدار سفەتوڵڵای جەمالییە و یەکێکە لە خزمەتکارە ڕووراست و کۆنەکانی فەرهەنگی ئەسەدئاباد کە ژیاننامە و بەشێک لە بەرهەمەکانی سەیدی کۆکردووەتەوە و لە چاپی داون و بەشێکی لێرەدا پشتیان پێ بەستراوە.

ڕوون و ڕاستەقینەی سەید ئەوە بوو کە تەواوی گەلان و وڵاتانی ئیسلامی یەکترگیر بن و ببنە شوورەیەکی پۆڵا لە بەرامبەر هەڵپە و تەما و ئامانجی داگیرکەرانەی ئینگلستان[1] و تەواوی ئەو دەوڵەتانەی دیکەش کە بە شوێن چەوساندنەوەی خەڵکدا دەگەڕان. سەید جەمالەددین چەندەی هەوڵ دا بۆ وەخەبەرهێنانی گەلی ئێران، ڕاست ئەوەندەشی بەختی گەلانی ئیسلامی کرد لە میسر و عوسمانی و هیند و ئەفغانستان. وەبەرچاو گرتنی ئەم ڕێبازە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە سەردەمی ژیانیدا تووشیان بوو. هەتا ماوەیەکی زۆر ناو و نیشان و ڕەگەزی بۆ خەڵکی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی، جگە لە ئێران کە چاکیان دەناسی، شاراوە بوو. چووبایە هەر وڵاتێکی ئیسلامی بە ڕەگەزی خۆیان دەزانی. چونکە سەید سەرەڕای ئەوەی کە ئامانج و ئاواتی هەر گەلێکی مسوڵمانی بەپێی ویستی خۆی دەکردە بانگەواز و وتار. لە هەر جێیەکیش مابایەوە جلوبەرگی ئەو شوێنەی دەپۆشی و هەر بۆیەشە کە چەندین وێنەی بە جلوبەرگی میسری، ئەفغانی، عەرەبی، ئێرانی و تورکییەوە لە پاش بەجێماوە.

هێندێک لە نووسەران ناوبانگی سەید بە «ئەفغانی»، کە گۆیا نازناوی شاعیرانەی بووە یان لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی خۆی بە ئەفغانی ناساندووە، دەگەڕێننەوە بۆ بەسترانەوەی بە ئەفغانستانەوە و تەنانەت زێد و بنەماڵە و مێژوولکەیەکی هەڵبەستراویشیان لە ئەفغانستان بۆ ساز کردووە؛ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ خزمەتی سەید بە دنیای ئیسلام و تێکۆشان و ئەفیزانی ئەم مەزنەپیاوە لەپێناو لێدانی زەنگی وەخەبەرهێنانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەم وڵاتانە و بروایەکی سەیری کە بە گوتە و بیر و بۆچوونەکانی خۆی هەیبوو. لەگەڵ برشتی کەلام و کەسایەتیی پتەو و ڕووحی ئەحەجمیو و پڕ شەپۆلی، خستوویەتە ڕیزی پیاوانی پایەبەرز و ناوبەدەرەوەی دنیا.

---

١- کاتێک سەید لە جامیعولئەزهەری میسر وتاری دەدا، بیسەرانی وا دەکەوتنە ژێر باندۆری کەلامی کە بەپێی نێوەرۆکی قسەکانی، جاری وابوو قاقایان دەکێشا و جاری واشە لە پرمەی گریانیان دەدا. کارگێڕێکی باڵوێزخانەی بریتانیا لە قاهیرە بۆ دەوڵەتی خۆی نووسی ئەگەر ئەم پیاوە ماوەیەکی دیکە ئاوا لە میسر بمێنێتەوە، بریتانیا دەبێ دەست لە کۆلۆنییەکانی هەڵگرێ لە ئاسیا و ئەفریقا.

## ٢- کۆمەڵێک چاکسازیی نێوخۆی وڵات

### سەرەتا

ناسرەددینشا لە سایەی پیت و بەرەکەتی فێرکردن و راهێنانەکانی میرزاتەقیخانی ئەمیرکەبیرەوە، مەیلی بە لای چاکسازیی نێوخۆییدا شکابۆوە. لەمەش گرینگتر ئەوە بوو کە ئەمیرکەبیر لە قۆناخی کورتی دەسەڵاتیدا بەوردی شانی دابوویە بەر تەکوزکردنی کاروباری دارایی و لەشکری و ئیداریی ئێران و خوایینەخوایی توانیبووی سەرنجی تاقمێک مرۆڤی نیشتمانپەرستی گۆرانخواز رابکێشێتە سەر هەلومەرجی نارێک و نالەباری دەزگای بەرێوەبەرایەتی و کۆمەلایەتی. گەشتەکانی شا بۆ ئورووپا و گەرانەوەی قوتابییانی نێردراوی ئێرانی لە ئورووپاوە بۆ وڵات و بڵاوبوونەوەی بیر و باوەری نوێ لە نێو کۆمەڵانی خەلکدا، هەروەک چۆن جەماوەری بەرەو داسەزراندنی حکوومەتێکی مەشرووتە راکێشا، هەر ئاواش بیری جەماوەری هەتا رادەیەک بۆ قبوولی کۆمەڵێک چاکسازی و گۆرانی رێک و گونجاو لەگەل باروودۆخی کۆمەلایەتیی دنیای سەردەمەکەدا ئامادە کرد.

دەست بردن بۆ ئاڵوگۆری نێوخۆی ئێرانی ئەو سەردەمە بێگرێوگۆڵ نەبوو، هەروەک چۆن ئەمیرکەبیر سەری خۆی لەسەر دانا، چونکە داگیرکەرانی رووس و ئینگلیس ئەگەرچی لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە لە باروودۆخی کۆمەلایەتیی و سیاسیی ئێرانیان دەروانی و رەنگبوو قازانجی زاڵمانەیان لە ئێراندا تووشی خەسار بێ، بەڵام پێکەوە و بە یەککرتوویی دژی چاکسازی و گۆران بوون و ئاشکرایە کە ئاوا پەرەی دەسەڵاتی سیاسیی و داگیرکەرانەی ئینگلستان و رووسیا لە ئێراندا بەرەورووی هەر چەشنە چاکسازییەکی قووڵ و ریشەیی دەبۆوە. هەروەک دواتر باسی دەکەین ئەم دوو دەوڵەتە هەرکام بە شێوەیەک لە قەلەمرەوی خاکی ئێراندا، بۆ شێواندنی پێکهاتەی حکوومەت و دامودەزگای سپا و بەدی هێنانی بێسەرەوبەرەیی و پەرەدان بە گەندەڵی و بەرتیلخۆری و نیشتمانفرۆشی لە نێو تاقمێک لە پایەبەرزان و مەزنانی ئێرانیدا، پێشاوبرکەی یەکتریان دەدایەوە.

## گەشتی ناسرەددینشا بۆ دەرەوەی وڵات

شا لە یەکەم گەشتیدا بۆ دەرەوەی وڵات، ڕۆیی بۆ زیارەتی نەزرگەی پیرۆزی ئیمامان لە نەجەف و کەربەلا و کازمەین و جەماوەرێکی زۆری بارگای لەگەڵی چوون. ناسرەددینشا ڕۆژی ٢٠ی جەمادی ئاخری ساڵی ١٢٨٧ی ک/١٨٧٠ی ز. لە پایتەخت وەدەرکەوت و بە ڕێگای هەمەدان و کرماشاندا بەرەو بەغدا شۆڕ بۆوە. لەسەر فەرمانی سوڵتانی عوسمانی لە بەغدا پادشای ئێران بەرەسمی پێشوازیی لێکرا.

لەو گەشتەدا ناسرەددینشا سەرەتا چوو بۆ زیارەتی نێژگەی پیرۆزی کازمەین و پاشان ڕووی کردە نەجەف و کەربەلا. لە نەجەف خشڵە ئەڵماسی کڵاوەکەی خۆی لێکردەوە و پێشکەشی کرد بە ئاستانەی مەرقەدی ئیمامی عەلی میری مسوڵمانان (س.خ). پاش گەڕانەوەی کاتێک گەیشتەوە بەغدا کاربەدەستانی پلەبەرزی دەوڵەتی عوسمانی و تەواوی ئەو کەسانەی کە وەکوو میواندار بە دەورەی شادا هاتبوون و خزمەتیان کردبوو، خەڵاتی کردن و ڕۆژی یەکەمی مانگی قوربان گەیشتەوە پایتەخت.

یەکەم گەشتی ناسرەددینشا بۆ ئورووپا لەسەر بانگهێشتنی ڕەسمیی فرانسوا ژۆزێفی یەکەم بوو بۆ دیدار و چاوپێکەوتنی پێشانگای نێونەتەوەیی «ڤییەن». وەکوو دیارە ناسرەددینشا یەکەم پادشای ئێران بوو کە بە سەردانێک دەچوو بۆ ئورووپا. لەو گەشتەدا حاجی میرزا حوسێنخانی سپاسالاری سەرۆکوەزیر، وەزیری ڕێگاوبان و وەزیری پەروەردە و چەند شازادەیەکی وەکوو عیززوددەولە، نوسرەتوددەولە و حیساموسسەڵتە لەگەڵ دوکتۆر «تولۆزان»ی فەرانسەوی، پزیشکی تایبەتی شا و وەزیر موختاری ئوتریش و جێگری یەکەمی باڵوێزی ئینگلیس لە تاران و پزیشکێکی ئینگلیسی و وێنەگر و ئاژانەکانی شا و تاقمێکی دیکەی غولام و خزمەتکار لە ڕکێفیدا بوون. پاش ئەوەی کەژاوەی شا گەیشتە ڕەشت، پرەنس مۆنچیکۆف و ئەفسەرێکی ڕووسی و میرزا عەبدوررەحیمخانی ساعیدولمولکی باڵوێزی ئێران لە پێتریزبوورگ پێیانەوە زیاد بوون.

ناسرەددینشا و هاوسەفەرانی ڕۆژی ١٤ی مانگی مەولوودی ساڵی ١٢٩٠ی ک/١٨٧٣ی ز. بە سواری گەمیی ڕووسی لە ڕەشتەوە چوون بۆ حاجی تەرخان (ئاستاراخان)، لەوێشەوە بە «ڤۆلگا»دا کشان بەرەو «تساریتسین» و پاشان بە

ڕێگای وشکانیدا ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ و دواتر ڕوویان کردە پیترێزبوورگی پایتەختی ڕووسیای قەیسەری. شا لە پایتەختی ڕووسیا دیدار و گوفتوگۆی کرد لەگەڵ ئەلێکساندری دووهەمی[1] قەیسەری ڕووس و کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو وڵاتە و بە شێوەیەکی ڕەسمی بەخێریان هێنا. پاشان بە ڕێی «ڤیلنا» و «کۆنیگسبێرگ»دا [2] ڕۆیی بۆ «بێرلین» و دوای دیدار لەگەڵ گیۆم (ویلهێلم)ی یەکەمی پادشای پێشووی پرووس و ئیمپراتۆری تازەی ئاڵمان[3] و شازادە «بیسمارک»ی[4] مەزنەوەزیری پردەسەڵاتی ئاڵمان و بەشداربوونی لە چەند بانگهێشتنێکی ڕەسمیدا و بە سەرکردنەوەی کۆشکە گەورەکان و چوونە نێو کۆبوونەوەیەکی پارلمان، بە ڕێگای «فرانکفۆرت» و «کۆڵن» و «ئاخێن»دا ڕۆیی بۆ بلژیک (بەلجیکا). لیئۆپۆڵدی دووهەمی[5] پادشای بلژیک زۆر بەگەرمی پێشوازیی لە شای ئێران کرد و چەند ڕۆژ دواتر شاندی میواندارانی ئینگلیسی بە سەرۆکایەتیی لاورێنس گەیشتنە پایتەختی بلژیک و وێرای ناسرەددینشا و هاوسەفەرانی ڕۆیشتن بۆ لەندەن.

کاتێک ناسرەددینشا گەیشتە ئینگلستان و لە لەنگەرگای «دووڤێر» دابەزی، لەوێوە هەتا پلیکانەکانی کۆشکی بووکینگهام، نشیمەنگای پادشایانی بریتانیا، تەنیا لە لایەن کورانی مەلەکەی ئینگلیس و چەند پیاوێکی بارگاوە پێشوازیی لێکرا. پاش سێ ڕۆژ مانەوەی لە لەندەن ڕۆیی بۆ دیداری مەلەکە ڤیکتۆریا[6] و ئەویش هەتا خوار پلیکانەکانی کۆشکەوە بە پیرییەوە چوو. ناسرەددینشا لە ماوەی مانەوەی

---

١- ١٨١٨ ـ ١٨٨١ی زایینی.

٢- کۆنیگسبێرگ، یەکێک لە شارە گرینگەکانی پرووسی خۆرهەڵات کە یەکییەتیی سۆڤییەت لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا گرتی و بە کالینینگراد ناودێر کرا.

٣- گیۆمی یەکەم هەتا ساڵی ١٨٧١ پادشای پرووس بوو، بەڵام بەپێی چەند هەنگاوێکی گرینگ توانی ئیمپراتۆریی یەکگرتووی ئاڵمان پێکبێنێ و بۆخۆی هەتا ساڵی ١٨٨٨ لەوێ حکوومەتی کرد.

٤- سەرۆکی دەوڵەتی پرووس و پاشان ئاڵمانی یەکپارچە. بیسمارک هەتا بنەبانی دەسەڵاتی گیۆمی یەکەم و سەرەتاکانی حکوومەتی گیۆمی دووهەمیش جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو.

٥- ١٨٦٥ ـ ١٩٠٩ی ز.

٦- ١٨٣٧ ـ ١٩٠١ی ز.

خۆیدا لە ئینگلستان چەند کارخانەیەکی چەکسازی و قوماشتەنین و گەمییەکانی هێزی دەریایی و بنکەکانی بە سەر کردنەوە و بە دەریای مانش و لەنگەرگای «شێربوورگ»دا رۆیی بۆ فەرانسە. لە پاریس چاوی کەوت بە مارشاڵ ماکماهۆن[1] سەرکۆماری فەرانسە کە هەتا وێستگەی شەمەنەر بە پیرییەوە چووبوو. پاشان بە ڕێگای سویس و ئیتالیادا ڕۆیی بۆ ڤییەن و لە ئیتالیا چاوی بە ڤیکتۆر ئیمانوئێلی دووهەم کەوت و لەگەڵی کەوتە وتوویژ و سەرەنجام بە ڕێی «میلان»دا ڕۆیی بۆ ڤییەن و فرانسوا ژۆزێف و کاربەدەستانی ڕەسمیی ئۆتریش چوونە پێشوازی.

ناسرەددینشا دوای بەشداربوونی لە کۆڕی بانگهێشتنە ڕەسمییەکاندا و بە سەرکردنەوەی پێشانگای ڤییەن و دیدار و وتوویژ لەگەڵ ئیمپراتۆری ئۆتریش- هەنگاریا (مەجارستان)، بە ڕێگای مەجارستاندا ڕۆیی بۆ ئیستانبووڵ و لە پایتەختی عوسمانی چاوی بە سوڵتان عەبدولحەمید کەوت و پاش گوفتوگۆ بە ڕێگای دەریای ڕەش و لەنگارگای «پۆتی»[2] و تفلیس و بادکووبە و دەریای خەزەردا گەڕایەوە ئێران و کلکەی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٢٩٠ی ک/١٨٧٣ی ز. گەیشتەوە تاران.

ساڵی ١٢٩٥ی ک/١٨٧٨ی ز. بە سەردانێکی نارەسمی ڕۆیی بۆ دەرەوەی وڵات. لەو گەشت و گەڕانەدا حاجی میرزا حوسێنخانی سپاسالاری سەرۆکوەزیر و ئەمینوسسوڵتان و چەند شازادەیەکی دیکەی قاجاری لە ڕکێفی شادا بوون. شا مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٢٩٥ بە ڕێگای تفلیس و ڤیلادی قەفقاز و مۆسکۆ و پێترێزبوورگ و بێرلیندا ڕۆیی بۆ پاریس و بە ڕێی ئۆتریش و رووسیادا گەڕایەوە ئێران (٢٥ی ڕەجەبی ساڵی ١٢٩٥).

سێهەم سەفەری پادشا، کە بە دوایین سەفەریشی دادەندرێ بۆ دەرەوەی ئێران، سەردانێکی نارەسمی بووە و دەگەڕێتەوە بۆ ١٢ی شابانی ١٣٠٦ تا ٢٤ی سەفەری ١٣٠٧ی ک (١٨٨٩ی ز). لەو گەشتەدا شا چاوی کەوت بە وڵاتانی ئورووپای ناوەندی و خۆرنشین و ئەمینوسسوڵتانیشی لەگەڵ بوو.

❁❁

---

١- ساڵی ١٨٧٣ تا ١٨٧٩ سەرکۆماری فەرانسە بووە.

٢- لەنگەرگایەکی رووسیا کە کەوتۆتە ناوچەی قەفقاز و کەنار دەریای ڕەش.

سەفەرەکانی ناسرەددینشا بۆ ئورووپا و وردبوونەوەی لە باروودۆخی حکوومەتی وڵاتانی ئورووپایی ئەوەندەی دیکەی پادشا دنە دا هەتا درێژە بە چاکسازییەکانی خۆی بدا کە پێشتر دەستی پێکردبوون. شا مەیلی وابوو هەتا زنجیرەیەک چاکسازی لە چوارچێوەی کاروباری دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا بەدی بێنێ. حاجی میرزا حوسێنخانی سپاسالاریش خۆی پیاوێکی نوێخواز و لە پەیڕەوانی قوتابخانەی ئەمیرکەبیر و لایەنگری خواستنەوەی شارستانییەتی نوێی ئورووپایی بوو؛ بەڵام دیتنی باروودۆخی وڵاتانی ئورووپایی و دیداری ناسرەددینشا لەگەڵ ئیمپراتۆرانی رووسیا و ئاڵمان و ئۆتریش (نەمسا) - کە لەو سەردەمەدا بەتەواوی سەمبولی پاراونخوازی بوون و وەک بەدەسەڵاتترین فەرمانڕەوایانی سەردەمی خۆیان دەناسران - ئەم بیرەی لە دڵی پادشای ئێراندا گووڕاند کە چۆن دەکرێ و دەتوانێ کە هەرچی زیاتر هێز و دەسەڵاتی پادشایەتی لە سەرتاسەری وڵاتدا پەرە پێبدا. ناسرەددینشا کە خۆی جارێک لە لایەن پەیڕەوانی سەید عەلیمحەممەدی «باب»ەوە پیلانی کوژرانی بۆ دارێژرابوو، چونکە لە سەفەری دووهەمیدا بۆ ئورووپا لە بێرلین پیلانی کوژرانی گیۆمی یەکەمی ئیمپراتۆری ئاڵمانی هەست پێکردبوو،[1] بە خەیاڵی خۆی بۆ ئەوەی دەربیچەیەکی دڵنیایی بۆ حکوومەتی تەواو ملهوڕانە و پاوانخوازانەی خۆی بکاتەوە، بەڕواڵەت تۆزێکی لە پاوانخوازییەکەی خۆی کەم کردەوە و بە شێوازی وڵاتانی ئورووپایی هێندێک گۆڕانی بە سەر داموودەزگای سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیی وڵات هێنا و بە وێنەهەڵگرتنەوەی لە هێندێک هێما و نیشانەی شارستانییەتی نوێی ئورووپا تەلگراف و ڕێچکەی ئاسن و پۆلیس و لەو چەشنانەی دابین کردن کە ئێستا دەچینە سەریان.

بنکەی ژین

**ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی بارگای بەرز**

لە ساڵی ١٢٧٥ی ک/١٨٥٨ی زایینیدا، بە فەرمانی ناسرەددینشا، کارەکانی دەوڵەت بە سەر شەش وەزارەتخانەدا دابەش کران کە بریتی بوون لە وەزارەتی

---

١- یەکێک لە سۆسیالیستەکانی ئاڵمان ویستی ئیمپراتۆر بکووژێ، بەڵام نەیگرت و وەبەرنەهات و بە سەلامەتی بۆی دەرچوو.

نێوخۆ، دەرەوە، بەرگری، دارایی، داد، پەروەردە و مووچە.[1] وەزیرەکان لە ژێر چاوەدێریی مەزنەوەزیردا کاریان نەدەکرد و فەرمانیان لە خودی شا وەردەگرت. هەروەها ئەنجومەنێکیش هەبوو بە ناوی ئەنجومەنی بارگای بەرز یان ئەنجومەنی باڵای حکوومەتی کە مەزنەوەزیر و وەزیرەکان و شازادە گەورەکان و چەند مەزن و ماقوولێک تێیدا ئەندام بوون. ئەم ئەنجومەنە دەبوو لەسەر ئەو فەرمانانەی کە پادشا دەریکردبوون و دەبوو بەڕێوە بچن، بکەوێتە باس و ڕاوێژ، بەڵام خۆ دیارە کە ئەم ئەنجومەنە تەنیا ئەو کاروبار و پرسانەی پەسند دەکردن کە بە دڵی خودی پادشا بوون.

ژمارەی وەزارەتخانەکان بەرەبەرە و بەپێی سەردەم و پێویستییەکانی وڵات هەتا ساڵی ١٢٨٣ی ک/١٨٦٦ی ز، زیادیان کرد و بوونە حەوت و ساڵی ١٢٩٨ی ک/١٨٨٠ی ز، لەسەر پێشنیاری حاجی میرزا حوسێنخانی موشیروددەولە (سپاسالار) هەتا نۆ وەزارەتخانە پێهەڵچوون کە بریتی بوون لە: نێوخۆ، دەرەوە، بەرگری، دارایی، داد، پەروەردە، ڕێگاوبان، بارگا، بازرگانی و کشتوکاڵ.[2] بەپێی ئەم گەڵاڵەیە سەرۆکوەزیر (مەزنەوەزیر) دەسەڵاتی زیاتری درایە و دەستی وەزیرەکانیش ئاواڵەتر کرا.

ناسرەددینشا پاش گەڕانەوەی لە سەفەری یەکەمی ئورووپا، جارێکی دیکە کار و ئەرکی وەزارەتخانەکانی تێکەڵ کردن و ساڵی ١٢٩١ی ک/١٨٧٤ی ز، شەش وەزیری بەرپرسیاری هەڵبژاردن و بۆ پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی هەر وەزارەتخانەیەک ڕۆژێکی هەفتەی دیاری کرد. سێ ساڵ دواتر یانی ساڵی ١٢٩٤ی ک/١٨٧٧ی ز، حاجی میرزا حوسێنخانی سپاسالاری گەورە بە فەرمانی ناسرەددینشا، چەند ڕێوشوێنێکی سەبارەت بە بارنەی ئەرک و کار و دەسەڵاتی وەزیرەکان و بەرپرسانی باڵای حکوومەتی و سەرکردەکانی سپا و سەرلەشکر و سەرهێزەکان لە پایتەخت و شاران دانا و شا مۆری کرد و ئەو پەسندکراوانەی بۆ بەڕێوەچوون بە «قانوون» ناوزەد کردن. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە هەتا ڕادەیەک کۆبوونەوە و کەڵەکەکرانی دەسەڵات لە پایتەخت کەم کرابۆوە و بارنەی دەسەڵاتی سەرۆکوەزیر بەرتەسکتر ببۆوە و وەزیرەکان دەسەڵاتی زیاتریان پێ بەخشرابوو.

---

١- بەو حیسابە دەبێ پەروەردە و مووچە یەک بووبن. و.

٢- وادیارە دەبێ بازرگانی و کشتوکاڵ وەزارەتخانەیەک بووبن.و.

واوێدەچی کە گەشتی دووهەمی ناسرەددینشا بەرچاوی سەبارەت بە کەموکوورییەکانی دامودەزگای سیاسیی دەوڵەت روونتر کردبێتەوە، چونکە پاش گەرانەوەی لە ئورووپا بە دەسخەتی خۆی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی پادشای بەخشییە ئەنجومەنی وەزیران و گۆرانێکی بە سەر پێکهاتەی دەوڵەت و ئەنجومەنی باڵای دەوڵەتی هێنا. فەرمانی شا کە ساڵی ١٢٩٨ی ک/١٨٨٠ی ز. بە دەسخەتی خۆی نووسراوە ئاوایە:

«چونکە کاروباری گەورە و گرینگی دەوڵەت و رێکخستنی وڵات و سنووران و حەسانەوەی جەماوەری بەرفەرمان و خاشەبرانی زوڵم و زۆرەملی وەکوو ئەرک لە نێوان دامودەزگاکاندا دابەش کراوە و تەکوزدانی کاروباری قورسی قۆشەن و قورخانە و پێداویستییەکانی سپا و رێکوپێکیی ئەم ئەرکانە کەوتوونە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی بەرپرسان و دەبێ بەپێی یاسا و رێسای پێویست بەرێوە بچن و ئەویش دەرکرانی فەرمانی خێرای چاک و راست و بێگرێی دەوڵەتی دەوێ و جێبەجێبوونی پتوون و پتەوی هەموویان نیازی بە بیری بێگەرد و هەبوونی کۆمەڵێک وەزیر و گزیری خاوەنئەزموونی دەوڵەتخوای ئاقڵی کاملی بەشەرەفە، بۆیە بەپێی ئەم دەسخەتەی کە خۆمان دەینووسین، هێز و دەسەڵاتی تەواو دەدەین بەو کەسانەی ئێستا وەکوو وەزیری دەوڵەت هەڵبژێردراون. ئەمانە رێگا پێدراون هەتا لە ئەنجومەنی بارگای بەرزدا کە خۆمان فەرموومانە هەبێ، دانیشن و لە ئەمرۆوە بەولاوە دەسەڵاتیان پێدراوە کە کاروبارەکان لە بچووکەوە هەتا گەورە بۆخۆیان رایبەرێنن و هەر بریارێکی کە دەزانن خێر و قازانجی دەوڵەت و گەلی پێوەیە با بیدەن. ئەوانە هەرچییەکی کە دەزانن پەرژەوەندیی پێوەیە با عەرزمان بکەن. قبوولی دەفەرمووین و ناییەینەوە پاش. جێبەجێکرانی فەرمان و دەسەڵاتی فەرمانرەوایەتی دەبەخشینە دەستی ئەم ئەنجومەنە. هەتا بە هیوای خودای مەزن ئەوەی مەبەست و ئامانجی دەوڵەتە لە رێگای گەشە و نەشەی گەل و نیشتماندا، هەمووی وەدی بێنن و کاری ئەمرۆ نەخەنە سبەینێ و بە هەنگاوی چاک و خێرخوازانەیان ئاوپریشکێنی دڵ و دەروونمان بکەن و بمانگەشێننەوە. با ئاوا رۆژبەرۆژ پەرە بە لوتف و نیازپاکیی ئێمە بدەن سەبارەت بە خۆیان و با کاری چاکیان لەبەرچاوی هەموو کەس دیار و ئاشکرابێ. نووسرا. ٩٨.»[١]

---

١- مونتەزەمی ناسری، بەرگی ٣، مێژووی قاجاران. [ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی.]

ساڵێک پاش نووسینی ئەم فەرمانە، ناسرەددین‌شا سەرلەنوێ بە دابەشینی کار و ئەرکی وەزیرەکان‌دا چۆوە و ژمارەی وەزارەتخانە بەرپرسەکانی گەیاندە سێزدە کە بریتی بوون لە: بەرگری، نێوخۆ، دەرەوە، داد، بارگای بەرز، خەزێنە و گوومرگ، مووچە و ئەوقاف و پۆست (وەزیری ئەم وەزارەتخانەیە، کارگێڕی نێوخۆی ئەنجومەنی وەزیرانیش بوو)، کشتوکاڵ و بازرگانی، پەروەردە و تەلگراف و کانگاکان، ڕێگاوبان، پیشەسازی، دەفتەرلەشکر، چاپ و پەخش و خانەی وەرگێڕانی میری. وەزیرەکان دەبوو هەموو ڕۆژێک لە کاتەژمێری دیاریکراودا ڕاپۆرتی کارەکانیان بدەن بە پادشا و ڕۆژانی پێنج‌شەممۆی هەموو حەوتەیەک تایبەتی بانگ‌کردنی وەزیران و شازادان بوو.

ئەنجومەنی بارگای بەرز هەموو شەممۆ و سێ‌شەممۆیەک کۆبوونەوەی پێکدێنا و بە مەیلی شا ئەندامەکانی زیاد و کەمیان دەکرد. ساڵی ١٣٠٠ی ک/١٨٨٢ی ز. ٢٢ کەس لە وەزیران و شازادان و حوکمڕانانی پلەیەک ـ کە هەموویان هەر شازادە بوون ـ لەگەڵ مەزن و ماقووڵانی وڵات ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دەوڵەتی یان هەمان ئەنجومەنی بەرزی بارگا بوون و سەبارەت بە گیروگرفت و کاروباری وڵات دەکەوتنە باس و ڕاوێژ و تەنیا باسی خەزێنەی تایبەتی فەرمانڕەوایەتی و خەرجەکانی بارگایان نەدەکرد.

### پۆست و تەلگراف

میرزا تەقی‌خانی ئەمیرکەبیر یەکەم هەنگاوی بۆ ڕێکوپێک‌کردنی کاروباری پۆست و دامەزراندنی چەپەرخانەی بەرێوەچی هاویشت. ئەو بناغەیەی کە ئەو مەزنەپیاوە بۆ ئەم کارانەی دانا، وردەوردە و بەپێی ڕۆژگار پتەو بوون و گەشەیان کرد و وای لێهات کە هەتا ساڵی ١٣١٠ی ک/١٨٩٢ی ز. ژمارەی چەپەرخانەکانی وڵات تاکوو ١٧٢ شوێن پێهەڵچوون.

میرزا عەلی‌خانی ئەمینولمولک کە بە فەرمانی ناسرەددین‌شا کرابوویە وەزیری پۆست، لە ساڵی ١٢٩١ی ک/١٨٧٤ی زایینی‌دا، پاش گەڕانەوەی شا لە ئورووپا، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری پۆستی ئێران دەستەیەک شارەزای بە سەرۆکایەتیی «ریدیرێر» لە ئۆتریشەوە هێنان و دایمەزراندن. ئەم تاقمە لە ساڵی ١٢٩٢را هەوساری کاروباری پۆستیان بە دەستەوە گرت و وردەوردە قاسید و نامەبەرە

پیادەکان بوونە سوارە و گەیاندن و گواستنەوەی بەستەی پۆستی لەچاو پێشوو کەوتە سەر رەوتێکی خێراتر. ریدێرێر هەتا ساڵی ١٢٩٤ کە گەڕایەوە بۆ ئۆتریش هەر بەڕێوەبەری پۆستی ئێران بوو. پاشان پیاوێکی رووسی بە ناوی «ستال» بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی پۆستخانەکانی ئێران. ستال، دوکتۆر «ئاندریئاس»ی وەک پشکێنەری گشتیی چەپەرخانەکانی ئێران دامەزراند. رۆژی ١٩ی شەشەکانی ساڵی ١٢٩٥ی ک/١٨٧٨ی ز، ئێران وەک ئەندامی یەکیەتی نێونەتەوەیی پۆست وەرگیرا.

کار و خزمەتی «ستال» لەو پلەیەدا هێندەی نەکێشا و بەڕێوەبردنی کاروباری پۆست کەوتە دەست خودی ئێرانییەکان. هەروەها ئاڵوگۆڕی بەستەی پۆستیی نێوان ئێران و ئورووپا و لە ڕێگای رووسیاوە دامەزرا و ئەم رایەڵەیە لە بووشێهرەوە رۆیی بۆ هیند و رۆژهەڵاتی دوور و گەیاندن و گواستنەوەی بەستەی پۆستی لەو باڵەشەوە دەستی پێکرد. دوای کوژرانی ناسرەددین‌شا و لە سەروبەندی حکوومەتی موزەففەرەددین‌شادا، شاندێکی بلژیکی (بەلجیکایی) بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری پۆستی دامەزرێندران. سەرۆکی ئەم شاندە پیاوێک بوو بە ناوی «نووز» کە هەتا جەنگەی شۆڕشی مەشرووتە مایەوە و لە سەرۆکایەتیی پۆستی تارانەوە گەشەی کرد و دواتر بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی پۆستی ئێران.

یەکەم هێڵی تەلگراف، ساڵی ١٢٦٧ی ک/١٨٥٠ی ز، کە دەبێتە سێهەم ساڵی فەرمانڕەوایەتیی ناسرەددین‌شا، بۆ بەتاقیکردنەوە لە نێوان کۆشکی گولستان و «باغی لالەزار»دا راکێشرا. لە ماوەی دوو ساڵدا تاران لە ڕێی رایەڵەی تەلگرافەوە بە رەشت، تەوریز، ئیسفەهان، هەمەدان، شیراز و مەشەدەوە بەسترایەوە. دامەزراندنی رایەڵەی تەلگرافی ئێران کەوتبوویە سەر شانی چەند شەریکەیەکی رووسی و ئینگلیسی. ماوەیەکی درێژخایەن هێڵی تەلگرافی باکووری ئێران بە دەست کاربەدەستانی رووسیاوە بوو. هێڵەکانی تەلگرافی ناوچەکانی خۆرنشین و باشوور و لەنگەرگاکانی ئێران لە کەنداوی فارس، کاربەدەستانی بریتانیا بە سەریان رادەگەیشتن. بەگشتی، بێجگە لە هێڵەکانی نێوخۆ، پەیوەندییەکانی ئێران لە ڕێی تەلگرافەوە لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی و هیند و رۆژهەڵاتی دووریش هەر لە بەردەستی ئینگلستان و رووسیادا بوون.

## ڕێچکەی ئاسن [هێڵی شەمەنەفەر]

گەشت و گەڕانەکانی ناسرەددین‌شا بە ئوورووپادا، خەیاڵی ڕاکێشانی هێڵی شەمەنەفەری لە ئێراندا بەدی هێنا. شا سەبارەت بەم مەبەستە لە لەندەن کەوتە وتوووێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و چەند زێدەپارووویەکیشی بۆ شارەزایانی ئینگلیسی وەبەرچاو گرت. پاشان چەند قانێکی بۆ پیاوێکی فەرانسەوی و پۆلە بازرگانێکی خۆولاتیی وەکوو حاجی حەمەحەسەنی ئەمینوززەرب و هێندێک دامەزراوەی بێگانەی وەکوو بانکی ئیستقرازیی ڕووسی[1]، وەبەرچاو گرتن هەتا بەشداری ڕاکێشانی هێڵی شەمەنەفەر بن. ئەگەرچی بیروڕای گشتی بەپێچەوانەی ویستی پادشا هەڵوێستی گرتبوو، بەڵام دیسانیش هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو.[2]

## لێدرانی سکە

وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، یەکێک لە کارە دیارەکانی ئەمیرکەبیر دانانی سکەخانە بوو لە تاران. بەرلە دانانی کارگەی لێدرانی سکە، هەرکام لە شارەکانی ئێران بە جوێ و سەربەخۆ سکەی پێویستی خۆیان لێ‌دەدا و کێها لە هەمووان وردتره هەتا دەگەیشتە قران کاری خۆیان بوو. بەم شێوەیە سکەی فرەچەشنی وا کە کێش و عەیاریان پێکەوە جیاواز بوو، لە ئێران‌دا برەویان هەبوو.

ئەمیرنیزامی گەرووسی کە سالی ١٢٨٣ی ک/١٨٦٦ی ز. باڵوێزی ئێران بوو لە پاریس، ئامێرێکی لێدانی سکەی کڕی و ناردییەوە بۆ ئێران. لەبەر نەبوونی ئامرازی گەیاندن و گواستنەوە، ئەم ئامێرە و شروشاڵاتەکانی، چەند ساڵێک لە لەنگەرگای ئەنزلی مانەوە. سەرەنجام ساڵی ١٢٩٤ی ک/١٨٧٧ی ز. کارگای لێدرانی سکە و قالب‌دارشتن لە تاران داندرا و چونکە محەممەدئیبراهیمی ئەمینوسسوڵتان سەرۆکی سکەخانە بوو، سکە تازە زێوەکان بە «قرانی ئەمینوسسوڵتانی» ناوبانگیان ڕۆیی.

---

١- بانکی قەرزدەر.و.

٢- بواتاڵی فەرانسەوی کە لێدرانی هێڵی شەمەنەفەری «تاران ـ شاری رەی» کەوتبوویە ئەستۆی، پاش ئەوەی هێڵەکەی ڕاکێشا و نەیتوانی بەڵێنەکانی دیکەی بەرێتە سەر، کارەکەی خۆی دا بە شەریکەیەکی بلژیکی. کە خۆی قەرار بوو هێڵی هاتوچۆی شەمەنەفەری نێو شاری تاران جێبەجێ بکا.

بەڕێوەبردنی کاروباری سکەخانەی میری لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچییەوە درایە دەست حاجی حەمەحەسەنی ئیسفەهانی و ئەویش وەکوو «ئەمینی داروززەرب»[١]، هەڵسووڕانی سکەخانەی کەوتە ئەستۆ. حاجی زێوی لە بازرگانان دەکڕی و سکەی ڕێکی ٥٠ دیناری (تاقشایی)، ١٠٠ دیناری (دوو شایی)، ٥٠٠ دیناری (دەشایی) و ١٠٠٠ دیناری یانی تاقرانی[٢] لێدەدا و بڵاوی دەکردەوە.

دوای ئەوەی کەسانێکی ئینگلیسی هاتن و «بانکی شاهانشاهی»یان لە ئێران دامەزراند، بەڕێوەبردن و چاوەدێریکردنی سکەخانەی میری درایە دەست ئەو بانکە و چونکە پاوانی چاپ و بڵاوکردنەوەی «ئەسکیناس»یش تایبەت درابوو بەو بانکە، بەگشتی هەموو دراوێک لە سکەوە بگرە هەتا پارەی کاغەز (ئەسکیناس) کەوتە بەردەستی و ئەم ڕەوتە هەتا زەمانی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران درێژەی کێشا.

## کاروباری فەرهەنگی

ئەمیرکەبیر کە پیاوێکی بەرزەفاوات و خاوەنی بیر و باوەڕێکی پێشکەوتووانە بوو، وەکوو پێشتر باسمان کرد ڕۆژنامەی «وەقایعی ئیتیفاقییە»ی خستە سەر پێ و پاش کوژرانی ناجوامێرانەی، سەرەتا کرا بە «ڕووزنامێی دۆولەتی عیللییەی ئێران»[٣] و پاشان بە ناوی «ئێران»ەوە بڵاو کرایەوە. تەواوی دەستوور و فەرمانەکانی پادشا و ڕووداوەکانی هەموو حەوتوویەک، کە زۆربەیان هەر سەبارەت بوون بە دامودەزگای میری، لەو ڕۆژنامەیەدا چاپ دەکران و لە کلکەی دەسەڵاتی ناسرەددین‌شادا، ڕۆژنامەکە وێنەشی تێدا چاپ کرا.[٤]

ناسرەددین‌شا لە یەکەم سەفەری خۆیدا بۆ ئورووپا، کاتێک دەگەڕایەوە بۆ ئێران، مەکینەیەکی چاپی قورقوشمی بە پیتی فارسی و لاتینەوە کڕی و ناردییەوە وڵات. ئەم چاپخانەیە ماوەیەک لەبەر نەبوونی سەرپەرست و پیتچن

---

١- باوەڕپێکراو یان ئەمینداری سکەخانە.و.

٢- تاقەقرانی، یەک قرانی.و.

٣- روزنامەی دولت علیەی ایران (ڕۆژنامەی دەوڵەتی بەرزەجێی ئێران).و.

٤- میرزا ئەبولحەسەن‌خانی سەنیعولمولکی نەققاش‌باشی یەکێک لە مامۆستایانی هونەری وێنەگەری (نەققاشی)، ڕۆژنامەکەی بە وێنە و دیمەنان ڕازاندەوە.

بێکەڵک مایەوە. بەڵام پاش ئەوەی کە ساڵی ١٢٩٢ی ک/١٨٧٥ی ز. «بارۆن لوویی دو نورمان»ی فەرانسەوی ئیزنی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «Le Patrie» [واتە «نیشتمان»ی] بە زمانی فەرانسە لە ناسرەددینشا وەرگرت. چاپخانەکە وەگەڕ کەوت.

لەم چاخ و ڕۆژگارەدا چەند چاپخانەیەکی دیکە لە تەوریز و بووشێهر و ئیسفەهان داندران و ڕۆژنامەی وەکوو «رووزنامیێ میللەتی»[1] و «رووزنامیێ عیلمی و میرریخ»[2] بڵاو بوونەوە. دەورووبەری ساڵی ١٢٩٨ی ک/١٨٨٠ی ز. لە شیراز ڕۆژنامەیەکی نیوە فارسی و نیوە عەرەبی لە لایەن پزیشکی تایبەتی زیللوسسولتانەوە بڵاو کرایەوە و دواتر هەمووی هەر بوو بە فارسی.

بایەخدانی ناسرەددینشا بە مێژوونووسین و دنەدانی نووسەرانی وەک ڕەزاقولیخانی هیدایەت و حەمەحەسەنخانی سەنیعوددەولە و لیسانولمولکی سپیهر بۆ نووسینی کتێبی مێژوویی، کارێکی سروشتی بوو. چونکە دەیهەویست ڕووداوەکانی سەردەمی قاجاران، بەتایبەت ڕووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتی خۆی، لە کتێباندا تۆمار بکرێن. جا ئەگەر واز لە تەشیڕیسی و ڕیاییبازی و دەڵەچەیی و فشە و جەفەنگی ئەم نووسەرانە و کۆمەڵێک قەڵەم بە دەستی دیکە بێنین، بەگشتی بە باری تۆماری ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم چەرخ و خولەدا، خزمەتێکی شایانی پێزانین و سپاسیان ئەنجام داوە.

دارولفنوون، گەورەترین نێوەندی زانستی وڵات کە بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەمیرکەبیر داندرا و چەند ڕۆژ دوای کوژرانی لە لایەن ناسرەددینشاوە کرایەوە، لە ڕاستیدا تەنیا دامەزراوەیەک بوو کە شای ئێران بۆ خۆڕانانی نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی خۆی، وەڕووی بالوێزان و نوێنەرانی دەرەوەی دێنا. شا جاری وابوو بە ئاگاداری و جاری وابوو بێئاگاداری و لەناکاو سەری دارولفنوونی دەدا و پرسیاری لە قوتابییەکان دەکرد و ئەگەر وڵامێکی بە دڵی با، قوتابییەکان و مامۆستاکانی خەڵات دەکردن. مێژوونووسانی ئەو سەردەمە نووسیویانە چونکە قوتابییانی بواری ئەندازیاری بە چاوەدێریی مامۆستاکەیان نەخشەی شاری تارانیان

---

١- روزنامەی ملتی (ڕۆژنامەی گەلی) ڕۆژنامەی «میللەتی» لە تاران چاپ کراوە، بەڵام لە ئیسفەهان «ڕۆژنامەی میللەت» بڵاو کراوەتەوە.و.

٢- روزنامەی علمی و مریخ (ڕۆژنامەی زانستی و هەسارەی بارام).و.

بۆ یەکەم جار لە دارولفنوون کێشایەوە و بردیانە خزمەت پادشا. بڕی سیٔهەزار تمەنی خەلات کردن.

## سپا

ئەمیرکەبیر هەروەک بناغەدانەری فەرهەنگی نوێ و سنعاتی تازە و دارێژەری بنەمای چاکسازیی سیاسی و ئیدارییە، لە تەکوزدان و هێزوەبەرنانی سپای ئێرانیشدا دەورێکی شایانی گێراوە. ئەمیر سەرەرای رەشبینی و بەدگومانیی خۆی سەبارەت بە بێگانەکان، بەلام دیسانیش بە باشی دەیزانی کە بەبێ هاوکاری و دەسباری راوێژکارانی دەرەکی و پسپۆرانی شارەزا کەموکورییەکانی سپا چارەسەر ناکرێن. ئەمیرکەبیر ئەوەندەی ئەزموونی تالی شەرەکانی ئێران و رووسیای لەسەر دلی بیبوونە گرێ و هێندەی لە فێل و تەلەکە و پیلانی ئینگلیس دەزانی، نەیدەویست کە هیچ راوێژکارێکی سەربازی لەو دوو ولاتە بخوازێتەوە، بۆیە سەرەرای تین بۆ هێنانی رووسیا و ئینگلیس و هاوار و گلە و گازندەیان، دیسانیش کۆلی نەدا و یەکەم شاندی مامۆستایان و راوێژکارانی سەربازیی لە ولاتی ئۆتریشەوە هێنان کە ئەو کاتە چاوی ئەبریبوویە خاکی ئێران و ولاتێکی داگیرکەر نەبوو. ئینگلیسییەکان بۆ رێگرتن لە هەنگاوی ئەمیرکەبیر یەکجار هەلسووران و خۆیان بێروبەوێدا دا. بەلام چونکە ئەمیر پیاوێکی وانەبوو کە کاری تێبکرێ، چاوەروانی هەلی گونجاو مانەوە و خۆیان مەلاس دا. کوژرانی ئەمیرکەبیر رێگای بۆ ئامانج و مەبەستەکانی بێگانان، بەتایبەت رووس و ئینگلیس تەخت کرد. لە ئاکامدا بە ئاماژە و پێداگریی کاربەدەستانی ئینگلیسی، تاقمێک ئیتالیایی و چەند کەسێکی دیکە لە لایەن دەولەتی ئێرانەوە دامەزرێندران و لە دارولفنوون و سپادا دەست بە کار بوون. ئەفسەرانی ئیتالیایی بریتی بوون لە: سەرهەنگ[1] مێتراتسۆر، مامۆستا و راوێژکاری سپای پیادە و فەندوقێلی تێکهەلچوون و «پۆشە» مامۆستای سپای پیادە.

دەستەیەک لە ئەفسەرانی ئێرانی کەموزۆر لەگەل رێوشوێنی تازە و فەندوقێلی نوێی شەرکردنی دنیای خۆرنشین ئاشنا ببوون، چونکە ئەو دەمەی کە لە زەمانی فەتحعەلیشادا شاندی سەربازیی ناپلێۆن و ئەفسەرانی ئینگلیسی هاتبوونە ئێران

---

١- کۆلۆنێل.

توانیبوویان ئاکامێکی دیار بەجێبهێڵن و لە رۆژگاری فەرمانرەوایەتیی محەممەدشاشدا ئەفسەرانی ئینگلیسی لە سپادا دەوریان گێرابوو. هاوکات لەگەڵ دامەزرانی دارولفنوون و کار کردنی چالاکانەی شاندی ئۆتریشی لە بواری مەشق و راهێنان و وانەوتنەوە و گێرانی دەور لە رێکخستنی کاروباری سپادا، وردەوردە دابودەستووری ئێران وەسەر رەنگی سپای ئیمپراتۆریی ئۆتریش ـ هەنگاریا[1] کەرا. یەکەم جار ئەمیرکەبیر فەرمانی دابوو هەتا سەربازان و ئەفسەرانی ئێرانی بە دابی ئۆتریش جلوبەرگی تایبەتیان بۆ بدروێ و ئەو دوگمانەی کە وێنەی «شێروخۆر»یان لەسەرە داهێنانی ئەمیرە.

ناسرەددینشا لە سەفەری دووهەمجاریدا بۆ ئورووپا (١٢٩٥ی ک/ ١٨٧٨ی ز) داوای لە رووسیا و ئۆتریش کردبوو هەتا چەند ئەفسەرێک بۆ تەکوزدانی سپای سوارە، بە شێوازی سوارەی قازاخی رووسیا و سپای پیادە بە دابی سپای پیادەی ئۆتریش، بنێرن بۆ ئێران. شاندی ئەفسەرانی رووسی بە سەرۆکایەتیی سەرهەنگ دومانتۆفیچ، لە ساتکی محەررەمی سالی ١٢٩٦دا گەیشتە تاران و مەشق و راهێنانی تاقمێک سوارەی موهاجیر[2] کەوتە ئەستۆیان و بەم شێوەیە سپای سوارە بە دابی سپای سوارەی قەززاقی رووسی و بە هەمان جلوبەرگ و چەکوچۆڵەوە بەدی هات. سالی ١٢٩٩ی ک/١٨٨١ی زایینی کە ماوەی خزمەتی ئەفسەرانی رووسی کۆتایی هات، شاندێکی دیکە بە سەرۆکایەتیی سەرهەنگ[3] چارکۆفسکی، جڵەوی کاروباری قەززاقخانە (قازاخانە) و مەشق و راهێنانی هێزی سوارەی قەززاقی بە دەستەوە گرت.

بنکەی ژین

---

١- ئەمسا. مەجارستان

٢- مەبەست لە موهاجیر (کۆچەر) تورەمەی ئەو ئێرانی و تورخم و ئێرانەن کە پاش سواربوونی رووسیا بە سەر قەفقازدا و پاش چاوپۆشی و دەست کێشانەوەی ئێران لە ئەفغانستان، لە قەفقاز و باکووری ئەفغانستان و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئەفغانستانی باشووری‌را کۆچیان کرد بۆ ئێران؛ بەڵام ناوی سوارەی موهاجیر(کۆچەر) کە لە سپای سەردەمی ناسرەددینشا و موزەففەرددینشادا هەتا شۆرشی مەشرووتە مایەوە، بەرەبەرە هێز و لک و دەستەی کۆمەڵانی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشی پێ ناودێر کرا و ناوەکە ئاوا تەنەوەی کرد.

٣- کۆلۆنێل، پالکۆنیک، عەقید

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە بریتییە لە ١١ بەند و ساڵی ١٨٨١/١٢٩٩، لە تاران و لە نێوان «میرزا سەعیدخان»ی وەزیری دەرەوەی ئێران و وەزیر موختاری ڕووسیادا نووسراوە، ئەفسەرانی ڕووسی کەوتوونە ژێر فەرمانی وەزارەتی بەرگری. ئێستا با چاوێک بە بەندی حەوتەمی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا بگێڕین:

بەندی حەوتەم: سەرهەنگ چارکۆفسکی دەبێ لە تەواوی ئەو کاروبارانەدا کە خراوەتە سەر شانی بەپێی ڕێنمایی و فەرمانەکانی وەزارەتی بەرگریی دەوڵەتی بەرزەجێی ئێران بجووڵێتەوە و وەزارەتی بەرگریش دەبێ مووچەی ناوبراو دابین بکا.[1]

وەکوو دیارە ئیمپراتۆری ئۆتریش ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ناردنی ئەفسەرانی وڵاتەکەی بۆ ئێران و بە مەبەستی ڕێکخستنی سپای پیادەی ئێران دەربڕیوە. پۆلی ئەفسەرانی ڕاوێژکاری ئۆتریش ساڵی ١٢٩٦ی ک/١٨٧٨ی ز. کە بریتی بوون لە چەند ئەفسەرێکی سپای پیادە و ئەندازیار و شارەزای بواری تەلگراف و قۆرخانە و تۆپخانە و مووزیک، بە سەرۆکایەتیی سەرهەنگ شینۆنۆفسکی شیونۆفیتسۆن، دەوڵەتی ئێران دایمەزراندن. بەڕێوەبردن و مەشقپێکرانی بەشی پیادە و تۆپخانە کەوتە ئەستۆیان و هەتا ماوەی سێ ساڵ لە ئێران مانەوە.

بەگوێرەی ویستی ئێران ئەو دوو شاندەی ئۆتریشی کە هاتبوون و شاندێکی دیکەشیان پاش ساڵی ١٢٩٩ کەیبوونەجێ، بڕیار وابوو کە لە نێو چواربەندەی سپای ئێراندا، ڕێوشوێنی سپای ڕێکوپێکی ئورووپایی بگرێتە باو. بەڵام چەند ساڵ دواتر وردەوردە ئەو یەکە مەشقپێکراوە تووشی بێسەروبەرەیی بزوە و خەیاڵ و ئاواتی سپایەکی نموونە بە دابی ئۆتریش پووچەڵ بزوە.

بێجگە لە ئەفسەران و شارەزایانی ڕووسی و ئۆتریشی، دەورووبەری ساڵی ١٣٠٠ی ک/١٨٨٢ی ز. دوو ئەفسەری دیکەی ئالمانیش بە مەبەستی مامۆستایەتی لە دارولفنوون بۆ مەشقپێکردن و ڕاهێنانی سەربازانی ئێرانی دامەزرێندران. «بەپێی نووسینی لۆرد کرۆزێن، دەورووبەری ساڵی ١٣٠٩-١٣١٠ی ک/١٨٩١-١٨٩٢ی ز. جگە لە ئەفسەرانی ڕووسی، حەوت پلەداری دیکەی «ئۆتریش»یش لە ئێران

---

١- سەرچاوە: ئاڵوگۆری سیاسی لە سیستمی حکوومەتی ئێراندا، نووسینی جانگیر قایمەقامی.

دامەزراون کە شەشیان «سەرتیپ»[١] بوون. کەسێکی فەرانسەوی بە پلەی «سەردەستە» وەکوو مۆسیقاچی کاری کردووە و پیاوێکی ئیتالیایی و یەکێکی بولغارستانی و دوو پلەداری «پرووس»یش لە دارولفنوون سەرقاڵی وانەوتنەوە بوون.»[٢]

ئێستا بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پێکهاتە و چواربەندەی سپای ئێران لەساڵی ١٣٠٠ی کۆچیدا، چاوێک بە سەرچاوەکانی مێژووی سەردەمی قاجاراندا دەگێڕین و دەیخەینە بەرچاو:

١- کامرانمیرزا ئەمیرکەبیر، جێنشینی پادشا، وەزیری بەرگری، سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان کە بریتین: لە تۆپخانە، قۆرخانە، جبەخانە، سوارە، پیادە و فەرمانبەرانی سپا.

٢- موعتەمیدولمولک، وەزیری لەشکر و سەرۆکی دەفتەرلەشکر.

٣- موعتەمیدوسسولتان میرزا عەبدولوەهابخان، بریکاری وەزارەتی پایەبەرزی لەشکر، میری نووسینگەی لەشکر[٣].

٤- ئەمیرولئومەرا ئەللایارخانی ئەمیرتومان[٤]، میرئاژانی گشتی.

٥- تاقمێک کارگێری نووسینگەی لەشکر، پزیشک، بەرپرسی بەشی دابینی پێداویستییەکانی لەشکر، بەرپرسی ژمێریاران و ژمێریاران.

٦- دە کەس ئەمیرتومان، سێ کەس سەرتیپ یەکەم، تاقمێک سەرتیپ دووهەم، سەرتیپ سێهەم، سەرهەنگ، سەردەستەی ئاژانان، سەردەستە یەکەم و سەردەستە دووهەم.

٧- مامۆستایان و پسپۆڕانی ئێرانی و ئورووپایی لە دارولفنون و سپادا.

٨- تۆپخانە و کارگاکانی تۆپخانە و قۆرخانە.

٩- هێزەکانی دوژمنبەزێن کە بریتی بوون لە دە تومان و هەر تومانێک بریتی بوو لە چوار تا یازدە هێز و سپای سوارە کە بریتی بوو لە چەندین دەستە و سوارەی موهاجیر کە هەرکام چەند لک و پەل بوون.

---

١- عەمید

٢- سەرچاوە: ئاڵوگۆری سیاسی لە سیستمی حکوومەتی ئێراندا، نووسینی جانگیر قایمەقامی.

٣- لەراستیدا بەرپرسی خەزێنەی سپا و ڕێکوپێک کردنی نووسینگە بووە.

٤- ئەمیری لەشکرێکی دەهەزار کەسی.

١٠- ژمارەی قۆشەنچییانی ئامادەی سوارە و پیادە و تۆپخانە، بوونە ١٥٠هەزار کەس و ٥٠هەزار کەسیش وەک هێزی یەدەک یان پاشەکەوت داندرابوون.

## کوژرانی ناسرەددینشا

ناسرەددینشا پەنجا ساڵی فەرمانڕەوایەتی کرد بە سەر ئێراندا و لە یەکەم ڕۆژی سەرەتای پەنجا و یەکەمین ساڵی پادشایەتیی خۆیدا بەپێی دابی جاران بە مەبەستی زیارەتی مەرقەدی شازادە عەبدولعەزیم (س.خ)، لەگەڵ ئەمینوسسولتانی مەزنەوەزیر و چەند کەسێکی دیکەی بارگا، ڕۆژی ١٧ی مانگی نێوجێژنانی ساڵی ١٣١٢ی ک/١٨٩٢ی ز، ڕووی کردە گەڕەکی شاری ڕەی. پادشا ماوەیەک بوو ئیزنی ئەوەی دابوو کە جەماوەری وڵات، واتە ڕەعیەتەکانی بۆ دانی کاغەز و بۆ دادخوازی ڕاستەوخۆ بە خزمەتی بگەن و تەنانەت لە هەفتەدا ڕۆژێکی تایبەت دابوو بەم کارە.

کاتێک گەیشتە نێو حەوشەی مەرقەدی شاعەبدولعەزیم(س.خ)، پیاوێک بە ناوی میرزا ڕەزا کرمانی، کە پێشتر ببوو بە پەناگری مەرقەدەکە، نامەیەکی دایە دەستی شا و هەر کە ناسرەددینشا سەری داخست هەتا کاغەزەکە بخوێنێتەوە، چەند فیشەکێکی پێوەنا و ساردی کردەوە. مەزنەوەزیر خێرایەکی پادشای بە شێوەیەکی تایبەت و بە دەرگاکەی دیکەی موغبەرەکەدا سواری درۆشکەی تایبەت کردەوە و کارێکی وای کرد کە هیچکەس نەزانێ شا کوژراوە. میرزا ڕەزا کرمانی لەڕێوە گیرا و زیندانی کرا و پاشان کوژرا.

## تایبەتمەندییەکانی ناسرەددینشا

ناسرەددینشا پیاوێکی بەفیز و دەمار و ملهوڕ بوو کە هەر قسەی خۆی دەسەلماند. خۆی بە دیندار دەنواند و بەڕواڵەت ڕێوشوێنەکانی دەپاراست. ئامەزرۆی کۆمەڵێک چاکسازی و هەنگاوی تازەی وابوو کە بتوانێ بناغەی دەسەڵاتی خۆی پێ پتەو بکا و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی لە نێو پیاوانی بارگا و کەسانی دەوروبەریدا پەرە بستێنێ. لە نێو دنیای شیعەدا خۆی بە خەلیفە دەزانی و هەر بۆیەشە کە مێژوونووسانی قاجاران، تارانیان بە «دارولخەلافە» ناودێر کردووە. ناسرەددینشا باوەکوو ئەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەڵبژارد و

بەپێی فەرمانی خۆی دەسەڵاتی دانە دەستی. بەڵام هیچ وەزیر و پایەبەرزێک نەیدەتوانی و نەیدەوێرا کە لە راپەراندنی کارێکی گەورەدا بەبێ ئیزنی شا قامک لە ئاو رۆبکا. هەموو لایەک پادشایان بە گەورەترین پیاوی سیاسیی وڵات و بە سێبەری خوا دادەنا و سەروەبەرهێنانی دەستوورەکانیان بە واجب دەزانی و پێیان وابوو وەکوو سەردانەواندنە بۆ فەرمانی یەزدان. بەم شێوەیە و لە راستیدا هەوساری تەواوی کاروبارەکانی وڵات کەوتبوویە دەستی خودی پادشا و بە وریایی لێی روون ببۆوە کە پیاوانی دەوروبەری کەسانێکی بێکەسایەتین و نۆکەرانە هەڵکەوتوون. ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە کە سێر پێرسی سایکس لە کتێبەکەی خۆیدا تۆماری کردووە، وێنەیەکە لە بیر و تێروانینی پادشا و بۆچوونی لەسەر وەزیرەکان و کەسانی هاورکێف و هاودەمی.

«خاوەنشکۆ کاتێک چوویە دیدار و تەماشای تاقیکەسرای بەناوبانگ. ئەو دەمەی کە لە نێوەراستی کاول و هەرەسەکانی ئەم کۆشکەی ساسانی راوەستابوو، رووی لە پیاوەکانی کرد و لێی پرسین داخوا پێیان وایە ئەو دادپەروەرترە یان نۆشیروان؟! پیاوانی زیت و زیرەکی ئێرانی لەم کاتەدا بنێشتیان لێ پووچەڵ نەبوو. چونکە ئەگەر بە پادشایان گوتبایە ئەو لەو نۆشیروانە دادەوانترە کە لە دنیادا وای ناوبانگ رۆیشتووە، شا دەیگوت ئەوانە خەریکی مەرایی و تەشیریسین و ئەگەرکوو بەپێچەوانەشیان وڵام دابایەوە، رەنگبوو شا بە خراپی لێوەرگرتبان؛ هەر بۆیە سەریان دانەواند و دووقەد بوونەوە و مەتەقیان نەکرد. دوای بێدەنگییەکی زۆر، شا بیرمەندانە گوتی من خۆم وڵامی پرسیارەکە دەدەمەوە: من زۆر لە نۆشیروان دادپەروەرترم. پیاوەکانی بەم وڵامەی پادشا ئۆخژنیان بە هەناویدا گەڕا و تێکڕا کردیانە قریوەقریو: بەڵێ وایە قوربان! بەڵێ وایە قوربان! شا لەو جەنگەیەدا کە دەیهەویست هەڵیانقورینجێنێ و پلاریان تێهەڵکا سەرلەنوێ وەقسە هاتەوە و گوتی: ئێوە بێئەوەی راوەستن هەتا من بڵێم باشە بۆچی وایە، خێرا وەباڵتان بۆ قسەکەم کێشا و دەمخۆشیتان لێکردم و ئەمە کارێکی نەفامانەیە! ئێستا من پێتان دەڵێم بۆچی لە نۆشیروان دادپەروەرترم. نۆشیروان وەزیرێکی سەرناسی بووە بە ناوی بزورگمێهر و هەر کات سوڵتان لە رێی دادەوانی ترازاوە، نەیهێشتووە. بەڵام پیاوی وەکوو ئێوە وەزیری منن کە هەمیشە دەتانهەوێ لە رێگای راست و دادپەروەری

هەتڵەم بکەن. بەڵام دیسانیش من مەزنێکی دادەوانم و کەوایە لە نۆشیروان دادپەروەرترم.»

ئەم ڕووداوەی سەرەوە نموونەیەکە لە هەست و هانی دەروون و ڕەوشتی مەزن و ماقووڵانی بارگای سەردەمی ناسرەددینشا و چەندین نەزیلەی دیکەی لەم وێنە هەیە و ڕوونی دەکاتەوە کە هاودەم و پیاوانی دەوروبەری چەندەیان بڕوا بە پادشا بووە و چۆنیان هەڵسەنگاندووە. یەکێک لەو بەسەرهاتانە وتوووێژێکی نێوان ئەمیرکەبیر و میرزا ئاقاخانی نوورییە کە لە مێژووی مونتەزەمی ناسریدا ڕەنگی داوەتەوە. میرزا ئاقاخان ڕوو دەکاتە ئەمیرکەبیر و دەڵێ: «هەر کەس لە حاندی پادشا بێفیز و دەمار و خاکەڕا نەبێ، ئەستێرەی بەختی رادەخوشێ و چەواشە دەسووڕێتەوە. تۆ نەتدیوە کە من فەرمانی سوڵتان هەروەک فەرمانی یەزدان دەخەمە سەر چاوم و چۆن گەردنکەچی پەروەردگارم، هەر ئاواشم بۆ پادشا؟! چما نەتبیستووە کە گەورەترین گوناه لە ئاست پەروەردگار بەرزەدەماخی و خۆپەرستی و خۆ بە زلزانییە؟ بۆ چما پادشا سێبەری خودا نییە؟ چاک بزانە کە ئەم فیز و دەمارەت هەرگیز بە دڵی پادشاوە نانووسێ و بە تاوانی ئەم قۆرەدەماخی و خەیاڵانەوە، ڕۆژێکی بە سەرتدا دەڕووخێ.»

بەپێی بەراوردکردنی نێوان گێرانەوەکەی مونتەزەمی ناسری و سێر پێرسی سایکس، ڕەنگە ئەو قسەیەی هێندێک لە مێژوونووسان کە دەڵێن ناسرەددینشا لە بابەت کوژرانی ئەمیرکەبیرەوە بە سەر پەشیمانیدا کەوتووە، ڕاست بێ. ئەم پیاوە خۆ پێزلە، پاش ئەوە کە هەوساری کاروباری وڵاتی کەوتە دەستی و چاوی بە گیروگرفت و کەند و کۆسپەکانی دەوڵەتداری کەوت و بێکیفایەتی و لێتەوەشاوەیی میرزا ئاقاخانی نووری و هاوشانەکانی ئەوی بۆ ڕوون بووە، تازە زانی کە سەرۆکوەزیری لە دەسچووی تاقانەی چەندە پیاوێکی شارەزا و کارزان و لێوەشاوە بووە و بۆیە جاروبار بە بۆنە و بیانوویەکەوە ناوی دێنا. ڕەنگە ئەم وەخۆهاتنەوەی شا لە لابردنی میرزا ئاقاخانی نووریدا دەوری گێڕابێ و وەرسووڕانی ناسرەددینشا بۆ لای پیاوانی هێندێک خۆشناو و ڕووناکبیری وەک حاجی میرزا حوسێنخانی موشیروددەولە و موستەوفیولمەمالیک و ئەمینوددەولە و چەند کەسێکی ئاوا، کە زۆروکەم بە شوێنپێی بیری بڵندی ئەمیرکەبیردا دەڕۆیشتن، ئاکامی ئەم خوردبوونەوەیەی بووبێ.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا وەبیری بێنینەوە شوێنهاتی کوژرانی ئەمیرە. ناسرەددینشا بە کوشتنی ئەمیرکەبیر، بە دەستی خۆی ئەو شوورە سەختەی رماند کە ئەو پیاوە بەهێزە توانیبووی لەسەر رێی دزە و تەنینەوەی دەسەڵاتی کاربەدەستانی سیاسیی رووس و ئینگلیس هەڵیبچنێ. شا زەمانێک وەخۆ هاتەوە کە خوایینەخوایی کەوتبوویە ژێر باندۆری دوو شێوە سیاسەتی ئەم دوو وڵاتە و ناچار بوو کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی هەر جارە لا لە لایەک بکاتەوە و مەشرەقی لەگەڵیان خۆش بێ و داوای نارەوایان قبووڵ بکا. لەم بابەتەوە ژێدەرانی ئینگلیسی یان هێندێکیان پێوەناوە و یان بە مەبەستی سوورکردنەوەی لەسەر هەقبوونی هەڵوێست و سیاسەتی بریتانیا چەند بەڵگە و نموونەیەکیان هێناوەتەوە کە دەریدەخا ناسرەددینشا زۆر مەیلی بە لای رەوت و رێبازی سیاسەتی رووسیادا شکاوەتەوە. تەنانەت ئەم دەستە نووسەرانەی ئینگلیسی ئەمیرکەبیریش هەر بە پیاو و گوێ لە مستی رووسیا و وەدیهێنەری ویست و ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتە دەزانن. وەکوو روون و خۆیایە ناسرەددینشا لە کێشمەکێش و رێشمبەرد و رقەی سیاسی و داگیرکەرانەی رووسیا و ئینگلیسدا بە خۆی و رەوەی پیاوان و بارگانشینانی قالۆر و ناشیاوی نەیتوانی پارێزەری قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بێ کە خۆی و پلەی پێوە هەڵدەکێشا. وەکوو لە بەشەکانی دواتردا دەچینە سەری، ئەفغانستان و بەلووچستانی بۆ بەرژەوەندیی ئینگلیس و مەرو و بوخارا و مەلبەندەکانی باکووری خۆرهەڵاتی خوراسانی بە قازانجی رووسیای قەیسەری لە دەست دا.

ژیانی تایبەتیی ناسرەددینشا و دۆخی نێو گەلەژنخانە و تامەزرۆیی و بەئالۆشی و ویشکەسوێیی و جەقەنگبازی و هەستی شاعیرانە و گەلێک کەلێن و کولێتی هەڵسوکەوت و رەوشتی، نەقڵ و نەزیلە و چیرۆکی فرەیان لێکەوتۆتەوە و هەر کەس بەپێی چێشکە و وردوخوردیی خۆی گەڵاڵەی کردووە و هەڵیبێنچاوە و سەروبەری کتێبێکی پێ پێکهێناوە. نووسەری ناسیخوتتەواریخ، پاش بژاردنی چەند خاڵێکی رەوشتی بەرزی و رووحی رێک و تەرزی ناسرەددینشا، چەند پارچە شێعرێکی لە دیوانی پادشاوە راگواستۆتە نێو بەرهەمەکەی خۆی کە ئێمەش دوو کۆپلەی دەخەینە بەرچاو:

لە جوانیدا نموونە و سەرگوڵی هەردوو جیهانی
لە ڕێکیدا بەژن تاقانەکەی، سەروی ڕەوانی
سەری زوڵفی درێژت بۆ کەسێکە چەشنی بولبول
نەبێتە شایری پۆلی گوڵان و سەرسەرانی

**

نە حۆریم دەوێ، نە کۆشکی میران
ئەمام بۆ خاڵ و زوڵف و چاوی جوان
من لە خۆرەتاو فێر بووم غولامی
بۆیە کۆیلەتم ڕوو ماهی تابان
لە سایەی سەری تۆ شایی هەیە
تا بەندەی تۆ بم، شام لەبۆ هەمووان

***

بنکەی ژین

## بەشی ١٠

# پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی لە قۆناخی دووهەمی پادشایەتیی قاجاراندا

**(١٢٥٠ - ١٣١٣ی ک/١٨٣٤ - ١٨٩٥ی ز)**

### هێرشی سپای عوسمانی بۆ سەر خاکی ئێران

هەروەک لە نێو ڕووداوەکانی سەردەمی پادشایەتیی فەتحعەلیشادا باس کرا، ناکۆکییە سنووری و سیاسییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی، دوای زنجیرەیەک تێکهەڵچوونی هێزەکانی ئەم دوو دەوڵەتە و شکانی سپای عوسمانی بە دەست سەرکردەکانی ئێرانی، یانی محەممەدعەلیمیرزا و عەباسمیرزا، بەپێی پەیمانی ئەرزەڕۆم، لە مانگی ڕەبیعی دووهەمی ساڵی ١٢٣٩ی کۆچیدا برایەوە. لەوی بەولاوە سنوورەکانی ئێران و عوسمانی لە باڵی خۆرنشین و باکووری خۆرنشینی ئێران، ئارامی باڵی بە سەر کێشان. هەردک وڵاتەکە لە بەرامبەر گریّ و گرفتی سیاسی و گوشاری داگیرکەرانەی ڕووسیا و نێوبژیوانی و دەستتێوەردانی ئینگلستاندا، ئاشتی و سازانیان لە دەمەقاڵە و شەڕ و لێکدان بە باشتر زانی.

بەپێی بەند و برگەکانی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم، دیاریکرانی شریتەی کەوشەنی نێوان دوو دەوڵەتەکە و هەل و هەلکەوتی شوێنەکان تەواو ڕوون و یەکلاکراوە نەبوون. وەکوو پێشتر باسی کرا، لە سەرەتای پەیماننامەکەدا تەنیا ئاماژە بەوە کرابوو کە سنووری نێوان دوو وڵاتەکە هەر ئەوە بێ کە لە پەیماننامەی ساڵی ١١٥٩ی ک/ ١٧٤٦ی زایینیدا دیاری کرابوو.[١] بەم شێوەیە سنووردارانی عوسمانی و جڵەودارانی سیاسەتی دەستدرێژی و پەرەپێدانی قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتە دەیانتوانی بۆ دەسڕاکێشان و سنووربەزاندنی خاکی ئێران کۆمەڵێک بیانوو

---

١- پەیماننامەکە لە سەردەمی دەسەڵاتی نادرشادا نووسرابوو.

بدۆزنەوە. بەتایبەت کە هاتوچۆی خێڵاتی سەر سنووران و گەرمێن و کوێستان کردنیان، هەل و دەرفەتی بیانووی ئاوای چاک دەرەخساند.

لەبەر هەڵسوکەوتی جوان و لەباری کارگێڕانی دەوڵەتی ئێران لە موحەممەرە (خورەمشاری ئێستا) لەگەڵ بازرگانان و وەبەرچاو گرتنی ڕێوشوێنی هاسان و بێگری بۆ هەنارده و هاوردەی کاڵا و کەلوپەلی بازرگانی، بازاری کڕین و فرۆشتنی ئەم لەنگەرگایە لەچاو لەنگەرگای بەسرەی کەنار «یەکاوی عارەبان»ی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، ڕمێتی چاکی پەیدا کرد و پێشاوبڕەی دایەوە. وای لێهات کە داهاتی عەلیڕەزاپاشای حوکمڕانی بەغدا کە بەسرەش دەکەوتە نێو جەغزی دەسەڵاتی کەمی کرد و هەر بۆیە ئەویش لە هەلێک دەگەڕا هەتا زەبرێک لەو لەنگەرگا چالاکە بوەشێنێ. بەڵام پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێران و عوسمانی پاش بەستراني پەیمانی ئەرزەڕوم، بە کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتیی هەمیشەیی لە خاکی یەکتردا، بەرەو باشی و ئاساییبوونەوە چوو بوو. میرزا جەعفەرخانی موشیرولمولک[1]، باڵوێزی ئێران لە ئیستانبووڵ و بارگای عوسمانی ڕێزێکی تایبەتی بۆ دادەندرا و بەپێی ژێدەرانی مێژووی قاجاران، باڵوێزخانەی ئێران لە پایتەختی عوسمانی بۆتە خانەپەنای کەمینەی «ئەرمەنی»ی دانیشتووی خاکی عوسمانی و زوڵم لێ کراوان و سکاڵاکەرانی دیکە و باڵوێزی عوسمانیش لە تاران لە لایەن پادشا و پیاوانی بارگاوە ئەوپەڕی ڕێزی لێ گیراوە؛ بەڵام وەکوو ئاشکرایە پاشاکان و حوکمڕانانی عێراقی عەرەب و عەرەبستان، لەبەر داوەشانی دامودەزگای سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیی ئیمپراتۆریی عوسمانی و کزبوونی بڕشتی حکوومەتەکەی، خودموختار و نیمچە سەربەخۆ بوون و هەر کارێکی کە بە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان زانیبایە، بێ پرسی سوڵتان و خودبەسەر دەیانکرد.

## ڕاسپێردرانی موشیروددەولە وەک نوێنەری ئێران

هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا باسی کرا، ئەو دەمەی کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٢٥٤ی ک/١٨٣٨ی زایینیدا، محەممەدشا لەشکری دەنگ دا و ڕۆیشت و دەورەی هەراتی دا، پادشای بەغدا هەلەکەی بە لەبار زانی و هێرشی کردە سەر موحەممەرە (خورەمشار)، حوکمدار و سەربازگەی شارەکە و کۆمەڵێک لە عەرەبەکانی

---

١- دواتر بوو بە موشیروددەولە.

«بەنی کەعب»ی ئێرانی زۆر ئازایانە وەدەست هاتن و کەوتنە بەربەرەکانی، بەڵام باشاری هەڵمەتی هێزی دەریایی و لەشکری پیادەی پاشای بەغدایان نەکرد و شکان و کوشتە و زامارێکی زۆریان کەوتە سەر دەستی. سپای عوسمانی بەپێی باوی ناپەسندی خۆیان شارەکەیان تاڵان کرد و ئێرەوەزێکی زۆریان لە خوێن گەوزاندن و ژنان و کچانی لەنگەرگا و خێڵی «بەنی کەعب»یان بە دیل بردن.

محەممەدشا پاش بیستنی هەواڵی پەلاماری هێزەکانی عوسمانی بۆ سەر خاکی ئێران، لە سەرەتاکانی مانگی شابانی ساڵی ١٢٥٤ی ک/١٨٣٨ی زایینیدا[1]، میرزا جەعفەرخانی موشیروددەولەی باڵوێزی پێشووی ئێرانی لە بارگای عوسمانی[2]، لەگەڵ حوسێنخانی ئاجودانباشی ـ کە راسپێردرابوو هەتا بچێتە بارگای دەسەڵاتی ئینگلستان و فەرانسە و ئۆتریش و دەبوو بە رێی ئیستانبووڵدا بڕواتە ئورووپا ـ ناردە ئیستانبوول. موشیروددەولە و ئاجودانباشی لە نێوەڕاست مانگی رەمەزانی ئەو ساڵەدا گەیشتنە ئیستانبووڵ و چوونە دیداری سوڵتان مەحموودخانی دووهەم (١٢٢٣- ١٢٥٥ی ک/١٨٠٧- ١٨٣٩ی ز)[3]. نێردراوەکەی ئێران داوای لە سەرۆکوەزیر و وەزیری دەرەوەی عوسمانی کرد کە دەوڵەت قەرەبووی زەرەد و زیانی موحەممەرە و خەڵکی شارەکە بکاتەوە و پاشای بەغدا لەبەر کاری خودبەسەرانەی سزا بدا و هەروەها لە زمان محەممەدشاوە بە سوڵتان رابگەیەنن ئەگەر پێشنیارەکەی ئێران وەبەرچاو نەگیرێ، «دەوڵەتی ئێران ئەم رقەیان پێ دەرێژێ و خەساراتی موحەممەرەیان لێ دەستێنێتەوە.»

وتوویژەکانی موشیروددەولە لەگەڵ گەورەبەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی بێئاکام بوون، چونکە دەوڵەتی عوسمانی موحەممەرەی بە بەشێک لە خاکی عوسمانی دەزانی. سەرۆکوەزیر و وەزیری دەرەوەی عوسمانی وەبیر باڵوێزی ئێرانیان هێنایەوە کە هێرشی پاشای بەغدا بۆ سەر موحەممەرە بۆ سەرکوتی هەرا و ئاژاوەی جەماوەری عوسمانی بووە لەوێ و فری بە سەر ئێرانەوە نەبووە.

---

١- محەممەدشا دەستی لە گەمارۆی هەرات هەڵگرت و مانگی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی گەڕایەوە تاران.

٢- هێندێک لە سەرچاوەکان نووسیویانە کە موشیروددەولە لەو کاتەدا لە ئیستانبووڵ بووە و محەممەدشا فەرمانی پێداوە هەتا ئەم ئەرکە راپەڕێنێ.

٣- ئاجودانباشی درێژەی بە گەشتەکەی دا بۆ ئورووپا و دواتر دەچینەوەی سەری. (ئاجودانباشی = ئاژانباشی = میرئاژان ــ سەرئاژان.و.)

لە دوایین کۆبوونەوەی نێوان نوێنەری ئێران و بەرپرسانی عوسمانیدا، باڵوێزانی رووس و ئینگلیس و چەند وڵاتێکی دیکەی ئورووپاییش بەشدار بوون و چونکە موشیروددەولە هیچ بەڵگەیەکی پێ نەبوو هەتا بیسەلمێنێ کە موحەممەرە قەڵەمرەوی ئێرانە، بەناچار متەقی نەکرد.

هێندەی پێنەچوو کە وا هات لە سەرەتاکانی ساڵی ۱۲۵۵ی ک/۱۸۳۹ی زایینیدا سولتان مەحموودخانی دووهەم پێراهات و عەبدولمەجیدی یەکەم (۱۲۵۵- ۱۲۷۷ی ک/۱۸۳۹- ۱۸٦۰ی ز) جێی گرتەوە. لەم سەروبەندەدا سپای عوسمانی نەیتوانی خۆی لە حاند برایمپاشای کوڕی محەممەدعەلیپاشای فەرمانڕەوای میسر بگرێ و شار و بەشێک لە گەمی شەرکەرەکانی عوسمانی کەوتنە بەردەستی محەممەدعەلیپاشا.[1]

موشیروددەولە بە بیانووی ئەوەی کە پادشای ئێران بە شوێنیدا ناردووە، گەڕایەوە وڵات و بەرپرسانی دەولەتی عوسمانی پاش چوونەوەی باڵوێزەکەی ئێران، هەستیان پێکرد بۆیە چرتەوە هەتا بە دەولەتی خۆی ڕابگەیەنێ کە دوای شکانی عوسمانی بە دەست هێزەکانی پاشای میسر، ئەو وڵاتە تووشی سستی و بێهێزی بووە، بۆیە وەخۆ کەوتن کە نەهێڵن شەر هەڵگیرسێ و رەزامەندیی ئێران دابین بکەن. لە لایەکی دیکەوە محەممەدشا یەکێک لە پیاوانی بارگای خۆی بە ناوی قەنبەرعەلیخانی مافی نارده بەغدا و لە عەلیرەزاپاشای حوکمرانی عێراقی راسپارد کە ئەگەر بێتوو بە خۆشی قەرەبووی خەسارەتەکانی موحەممەرە (خورەمشار) نەکاتەوە، هێزی دەنێرێتە سەر و بە زەبری زۆر لێی دەستێنێ.

ماوەیەکی کەم بەرلە مردنی سولتان مەحموودخانی دووهەم، چونکە «عەولاپاشای بابان»ی حوکمرانی سولەیمانی و دەسنیژی ئێران، سەری لە حاند فەرمانەکانی حکوومەتی ناوەندی بادابوو و چەند جارێکیش شانی لە تاڵانی سنوورنشینانی کوردستان[2] شل کردبوو، رەزاقولیخان لە جەنگەی بزووتنیدا بەرەو سولەیمانی، لە شارەزوور دەستەیەک سپای عوسمانیی تێکشکاند، بەڵام لەبەر فیز و دەماری تافی لاوی کردی بە بەزم و شادی و رابواردن و ئارەقخواردنەوە و ئەو دەمەی خۆی و سەربازەکانی سەریان گەرم داهاتبوو،

---

۱- ئینگلیسی ئەم ئاڵوگۆرانەیان بەدی هێنا.

۲- لێرەدا مەبەستی پارێزگا یان هەمان ئوستانی کوردستانە.و.

عەولاپاشا بە سەریدا دان. ڕەزاقولیخان زۆر بە زەحمەت توانی لەو مەرگەساتە دەرباز بێ، بەلام تاقمێک لە سەربازەکانی تێداچوون و چەک‌وچۆل و بارگە و بنەی سپای کەوتە بەر چنگی عەولاپاشا.[1]

لەبەر تێکهەلچوونی هێزەکانی ئێران و عوسمانی لەسەر سنووران، هەردک دەولەت کەوتنە بیری تەیار کردنی سپای خۆیان، بەلام لەو کاتەدا هەول و هەلسووڕانی سیاسیی بالوێزی ئینگلیس دەستی پێکرد و دوای باس و گوفت‌وگۆیەکی چڕوپڕ لەگەل حاجی میرزا ئاغاسیی مەزنەوەزیر و محەممەدشا، بڕیار درا کە لێژنەی نوێنەرانی ئێران و عوسمانی و ڕووس و ئینگلیس لە ئەرزەڕۆم کۆ ببنەوە و لە دیدارێکی دۆستانەدا کێشە سیاسی و سنوورییەکان یەکلایی بکرێنەوە. یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم لێژنەیە لە ئەرزەڕۆم پێکهات، بەلام لەبەر کۆچی‌دوایی سولتان مەحموودی دووهەم و ئال‌وگۆڕەکانی نێو بارگای عوسمانی، دانیشتن و کۆبوونەوەکانی لێژنەکە پەکی کەوت.

بەپێی باوی ڕۆژگار، سولتان عەبدولمەجیدخانی یەکەم، فەرمانڕەوای تازەی عوسمانی، بە مەبەستی ڕاگەیاندنی پالدانەوە لەسەر تەختی دەسەلات و چارەسەرکردنی کێشەی موحەممەرە (خوڕەمشار) و تێکڕای ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی، «سارم ئەفەندی»ی ناردە بارگای ئێران. نێردراوی عوسمانی، مانگی محەڕرەمی سالی ١٢٥٦ی ک/١٨٤٠ی ز. لە ئیسفەهان چووە دیداری محەممەدشا و پێی‌ڕاگەیاند کە سولتانی عوسمانی قەرەبووی خەسارەتەکانی موحەممەرە دەکاتەوە و ڕازییە هەتا لێژنەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان پێک بێ. وەکوو لە ڕووی چەند سەرچاوەیەکی نێوخۆوە دەردەکەوێ، حاجی میرزا ئاغاسی ڕووی خۆشی بە نێردراوی عوسمانی نیشان نەداوە و کە سارم ئەفەندی گوتوویەتی حازرن ٢٠٠/٠٠٠ تمەن بۆ بژاردنی خەسارەت بدەن، سەرۆکوەزیری

---

١- جگە لە پرس و کێشەی سولەیمانی، چەند بابەتێکی دیکەش هەبوون کە نێوانی ئێران و عوسمانی ناخۆش بکەن. بۆ نموونە دەسدرێژی و تالانی خان مەحموودخانی حوکمرانی «وان» کە هەلیکوتابوویە سەر ناوچەی قوتوور و «خۆ»یەی ئازەربایجان و داڕووتاندنی «تەرگەوەڕ» و «مەرگەوەڕ»ی سەر بە ڕەزائییە (ورمێ) لە لایەن میری ڕەواندزەوە و ڕووت‌کردنی کاروانێکی بازرگانیی ئێران لە نێزیک بایەزید. سەرەڕای ئەمانەش، دەولەتی عوسمانی لەمێژ سال بوو کە پووشانە و هەوارانەی مەڕدار و هەوارچییەکانی ولاتەکەی خۆی نەدەدا بە ئێران کە دەهاتن و لەوەڕەکەیان لێ دەخوارد و بنەیان لێ دادەگرت.

ئێران داوای ۲۵۰۰/۰۰۰ تمەن سکەی زێڕی کردووە. بەڵام چونکە نێردراوی عوسمانی دەسەڵاتی قبووڵکردن و بردنەوەپاشی پێشنیارەکەی ئێرانی نەبووە، کێشەکە وەدواکەوت و بە هەڵپەسێراوی مایەوە. لە لایەکی دیکەوە پێکهاتنی لیژنەی چارەسەری ناکۆکییەکان چونکە گرێدراوی قازانج و ئامانجە سیاسییەکانی ئینگلیس و رووسیا بوو، قسەی لێکرا و بڕیار درا کە لە ئەرزەڕۆم پێک بێ و نێوەرۆکی پەیماننامەی سالی ۱۲۳۹ی ک/۱۸۲۳ی ز. بکەوێتەوە بەرباس و پێداچوونەوە و کەموکورتیی تێدا نەمێنێ و تەواو و یەکلایی بکرێتەوە.

پاش رازیبوونی محەممەدشا و سولتانی عوسمانی لەگەڵ پێکهاتنی لیژنەی چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان، چونکە میرزا جەعفەرخانی موشیروددەولە لە روانگە و هەست و دەماری پایەبەرزانی عوسمانی راهاتبوو، کرایەوە نوێنەری ئێران هەتا بەشداری لیژنەی بەرباس بێ؛ بەڵام لەبەروەی کە موشیروددەولە پێش ئەوەی بگاتە سنووری عوسمانی نەخۆش کەوت، پادشای ئێران میرزا تەقیخانی وەزیرنیزامی کەیخودا و دەمراست و سپاسالاری ناسرەددینمیرزای جێگرەوەی خۆی کردە نوێنەری ئێران. میرزا تەقیخان (ئەمیرکەبیری دواتر) لەگەڵ دووسەت کەس قەڵەمداری میری و وەرگێر و فەرماندەی تۆپخانە و مەزنانی لێهاتووی سپای ئازەربایجان رۆیی بۆ ئەرزەڕۆم.

**ئەرک و ڕاسپاردەی وەزیرنیزام**

لیژنەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە مەبەستی راوێژ و بڕیاردان سەبارەت بە سنوورەکانی نێوان دوو دەولەتەکە، سالی ۱۸٤۳/۱۲۵۹ی ز. لە ئەرزەڕۆم پێکهات و ئەندامەکانی بریتی بوون لە میرزا تەقیخانی وەزیرنیزام نوێنەری ئێران، ئەنوەر ئەفەندی نوێنەری عوسمانی. کۆلۆنێل ویلیامز و رۆبێرت کوررزۆن نوێنەرانی ئینگلستان و کۆلۆنێل دەنیز نوێنەری رووسیا. کۆبوونەوەکانی لیژنەکە گەیشتە هەژدە جار و سێ سال و چەند مانگی درێژە کێشا. بەڵام چونکە هیچ پێکهاتنێک سەری نەگرتبوو، وایان دانا هەتا پەیماننامەیەکی تازە لە نێوان ئێران و عوسمانیدا بێتە ئارا تاکوو چارەسەری تەواوی کێشەکان بکرێ.[1]

---

۱- پاشای ئەرزەڕۆم (حوکمرانی ئەرزەڕۆم) یەکێک لە ئەفسەرانی پایەبەرزی خۆی ناردە پێشوازی نوێنەری ئێران و تکای لە میرزا تەقیخان کرد کە خۆی و شاندی هاورێی←

لە دواقۆناخی مانەوەی میرزا تەقیخاندا لە ئەرزەڕۆم، کاتێک کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لێوەشاوەیی و وردبینی و کارزانیی ئەو پیاوەیان بۆ ڕوون بۆوە، بە مەبەستی شکست پێهێنانی سەرکەوتنی نوێنەری ئێران پیلانیان بۆ دارشت و دادوەری شار خەڵکی شەقام و کۆڵان و بازاڕی دژی وی تێن دان.[1] ئاژاوەگێڕان هەڵیانکوتایە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی شاندی ئێرانی و دوو کەسیان لە هاوڕێیانی نوێنەری ئێران لەتوکوت کرد و تاقمێک لە پاسەوانەکانیشیان بریندار کردن. خودی تەقیخانیش لەو هەرایەدا برینی هێنا و هەر دەهات و شەپۆلی پەلاماردەران پەرەی دەستاند. نوێنەری ڕووسیا بۆ داکوژاندنی ئاژاوەکە ئەوپەڕی هەوڵی دا و سەرەنجام وەختایەک میرزا تەقیخان تەماشای کرد زمانی خۆش دادیان نادا. لێرا کە بە سەربازەکانی بڵێ لێیان دامەزرێن و دەست بکەنەوە، هەر بۆیە بەحریپاشا فەرماندەی سەربازگەی دەهەزار کەسەی عوسمانی لە ئەرزەڕۆم لەگەڵ تاقمێک سەرباز ڕۆیی بە هانای تەقیخانەوە.[2] لەم بگرەوبەردەیەدا بەحریپاشاش بریندار کرا و بە فەرمانی وی دادوەری شار بلاوەی بە خەڵکەکە کرد. ئینجا بەحریپاشا داوای لە میرزا تەقیخان و هاوڕێیانی کرد هەتا بگوێزنەوە بۆ هۆردووگای دەرەوەی شار و بەم شێوەیە کۆبوونەوەکانی دواتری لێژنەکە لە هۆردووگای بەحریپاشا درێژەیان کێشا.

پاش ئەوەی میرزا تەقیخان و هاوڕێیانی بنەیان ڕاگواست بۆ هۆردووگای بەحریپاشا، ئەسعەدپاشای حوکمڕانی ئەرزەڕۆم (عەرزەڕۆم) گوتی دەبێ شاندی ئێرانی بێتە سەر ڕەنگی خەڵکی شارەکە و جلوبەرگی وەک ئەوان بپۆشن، دەنا

---

ئەوەندەی لێرە دەمێنێتەوە میوانی پاشا بن، بەڵام قبووڵی نەکرد. بۆ سبەینێ پاشا نێزیکەی دووسەت تمەن سکەی زێڕی بۆ نارد و لێی ڕاسپارد کە هەر ڕۆژ و هەر مانگێک ئەوەی دەیهەوێ دەستوور بدا هەتا بنێردرێتە خزمەتی. بەڵام نوێنەری ئازا و بەرزەسرشتی ئێران دراوەکەی ناردەوە و گوتی بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە یارمەتیی پاشا نییە.

١- وەک ناسیخوتتەواریخ دەنووسێ، بیانووی دادوەری شار و حوکمڕانی ئەرزەڕۆم ئەوە بوو کە یەکێک لە ئەندامانی شاندی ئێرانی منداڵێکی تورکی گاوە و کاتێک لە تەقیخانیان پرسیوە بەراشکاوی وەدرۆی خستۆتەوە و گوتوویەتی ئەگەر شتێکی وا ڕووی دابێ، بۆخۆی کابرای تاوانبار بەپێی ڕێوشوێنی شەرع سزا دەدا.

٢- بەحریپاشا بەرلەوەی هێزەکانی بەرفەرمانی لە سەربازگەی خۆیرا بەرێتە نێو شار، لە ترسی ئەوەی نەکا کە پیاوەکانی بچنە نێو ڕیزی ئاژاوەگێڕان، هەمووی چەک کردن.

ڕەنگە دیسانیش ئاژاوەیەکی دیکە ساز بێتەوە. میرزا تەقیخان گوتی: «من هەرگیز سووکایەتی بە سەر ناوی ئێران ناهێنم و حازر نیم بە جلی عوسمانییەوە بچمە نێو بەهەشتی هەتاهەتاییش. ئەگەر پێتان خۆشە هەر ئێستا هەڵدەستم و لەگەڵ ئەو چەند کەسە زمارەی هاوڕێم پێ دە ڕکێف دەنێم و بە شاردا تێدەپەڕم و لێگەڕێن با تێکرای خەڵکی شارەکە بێنە شەڕ و بەرەنگاریمان، هەتا خەڵکی ئێران و هێرشی شێران بە چاوی خۆیان ببینن.»[1]

میرزا تەقیخان هەڵی ئەو ئاژاوەیەی خواستەوە کە بەحریپاشا و پایەبەرزانی دیکەی عوسمانی بە مایەی سەرشۆڕیی خۆیان دەزانی و وەکوو مەزنەپیاوانی وریای سیاسی قۆڵی هەڵماڵی و سەرەنجام لێژنەکەی هەڵێنجا هەتا بگەنە نووسینەوەی پەیماننامەیەکی نوێ. ئەم پەیماننامەیە کە دەبێ بە «پەیماننامەی دووهەمی ئەرزەڕۆم» ناودێر بکرێ، پێکهاتبوو لە ٩ بەند و ڕۆژی ١٦ی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٢٦٥ی ک/١٨٤٨ی ز. لە لایەن نوێنەرانی عوسمانی و ئێرانەوە ئیمزا کرا و نوێنەرانی ڕووسیا و ئینگلیسیش وەکوو چاوەدێر و دەستەبەری کارپێکرانی پەیماننامەکە، دەقی ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کرد و بڕیار درا کە نوێنەرانی ئێران و عوسمانی دەقەکان بەرنەوە لای پادشا و سوڵتانی خۆیان هەتا ئەوانیش پەسندی بکەن.

### لێکدانەوەی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم

سەرەڕای هاتنە گۆڕی باسوخواسی سەبارەت بە ناکۆکی و کێشەکانی نێوان ئێران و عوسمانی لەسەر سولەیمانی و موحەممەرە (خورەمشار)، چەند پرسێکی دیکەش ورووژان کە بریتی بوون لە قەرەبووی هێرشی پادشای بەغدا بۆ سەر موحەممەرە و درانی هەوارانە و پووشانەی چەند ساڵ وەدواکەوتووی سەرسنووران کە ئێران داوای دەکرد.

سەبارەت بە بژاردنی زەرەر و زیانی ئێران لە موحەممەرە، بە نێوبژیوانی و پێداگرتنی نوێنەرانی ڕووسیا و ئینگلیس، نوێنەری ئێران وازی لەو پرسە هێنا و بەپێی بەندی دووهەمی پەیماننامەکە، نوێنەری عوسمانی دەستی لە داوای وڵاتەکەی هەڵگرت کە دەیگوت موحەممەرە و جەزیرەی ئەخەزەر و جێلەنگەر و

---

١- ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ٢، مێژووی قاجاران.

زەوییەکانی شانی ڕۆژهەڵات. یانی ئەوانەی کەوتوونە ڕەخی چەپی یەکاوی عارەبان[١]. قەڵەمڕەوی خۆتی و دانی پێداهێنا کە ئەوانە هەمووی خاکی ئێرانن.

بەپێی بەندی دووهەمی پەیماننامەکە ئێران وازی لە سولەیمانی هێنا و ئاوا ناوچەی زهاو لە نێوان ئێران و عوسمانیدا بەش کرا. بەگوێرەی دەقی پەیمانەکە تەواوی مەڵبەندە کوێستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی زەهاو کەوتنە نێو قەڵەمڕەوی ئێران و باڵی ڕۆژاوا کە پێدەشتە، بە خاکی عوسمانی داندرا. ئەم دابەشینە تەواوێک لەگەڵ سنوورەکانی ئێستای نێوان ئێران و عێراق یەکتر دەگرێتەوە، کە عێراق ئەو کاتە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریی عوسمانی.

بەگوێرەی بەندی سێهەمی پەیماننامەکە هەردک دەوڵەتەکە دەبێ واز لە داوای خۆیان بێنن لەسەر خاکی یەکتر و بەبێ دواکەوتن ئەندازیاران و کارگێرانی خاوەن دەسەڵات بنێرن هەتا لەسەر بنەمای بەندی دووهەم سنوورەکان دیاری بکەن.

هەر بەپێی بەندی دووهەم، هاتوچۆی گەمیی ئێرانی لە نێو یەکاوی عارەباندا بە شێوەیەکی ئازاد و یەکسان لەگەڵ عوسمانی پەسند و یەکلایی کرایەوە. لەو کاتەوە بەرەودوا تێکرای گەمییەکانی ئێرانی یان ئەوانەی کە بەرەو خوڕەمشار دەچوونە نێو یەکاوی عارەبان، دەیانتوانی بە ئازادی هەتا ئەو شوێنەی کە هێڵی سنووری دوو وڵاتەکە لە یەکاوی عارەبان جودا دەبۆوە، بێن و بچن.[٢]

سەبارەت بە درانی ئەو پووشانە و هەوارانەیەی کە ئێران داوای دەکرد، بەپێی بەندی چوارەمی پەیماننامەکە وا داندرا کە ئێران بە شێوەیەکی دۆستانە داواکەی بداتە حکوومەتی عوسمانی و پاش پێڕاگەیشتنی، لیژنەیەکی هاوبەش بۆ دیاری کردنی ئەو برە پارەیەی کە ئێران دەیبەوێ پێک بێ و دوای پێداچوونەوە و ڕێککەوتن، پووشانە و هەوارانەکە بدرێ. لەم بەندەدا بەراشکاوی باسی کەیخودایەتی و نێوبژیوانیی ڕووسیا و ئینگلیس کراوە و بە «دوو دەوڵەتی مەزنی نێوبژیوان» ناویان براوە و جەختیش کراوەتەوە کە ئەم دوو وڵاتە نێوبژیوانە

---

١- شەتتولعەرەب

٢- کێشەی کەشتیناژوانی ئێران بە یەکاوی عارەباندا، سەرەڕای بەستراتی ئەم پەیماننامەیەش هەر چارەسەر نەکرا و قرە و دەمەتەقە و سازکردنی کۆسپ و تەگەرە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە و پاشان عێراقی دراوسێمان کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بوو بە جێگرەوەی عوسمانی، هەروا درێژەی کێشاوە.

هەرچییەکی لە ساڵی ١٢٦١کۆچیدا پەسندیان کردووە و بە شێوەیەکی دۆستانە بە لایەنە ناکۆکەکانیان ڕاگەیاندووە، پێویستە قبووڵی بکەن.

بەندی پێنجەم سەبارەتە بە گۆڕینەوە و ڕادەستکردنەوەی تاوانباران و پەنابەرانی سیاسی لە مابەینی دوو دەوڵەتەکەدا. بەپێی ئەم بەندە دەوڵەتی عوسمانی دەستەبەر بوو کە تێکڕای شازادە ڕاکردووەکان و پەنابەرانی ئێرانی کە چوونە خاکی عوسمانی، هەموویان لە شاری برووسە بخاتە ژێر چاوەدێریی هێزەکانی ئاسایش و پاراستنەوە و نەهێڵێ هاتوچۆیان لەگەڵ کەس هەبێ یان بکەونە ئاڵوگۆڕکردنی نامە و نابێ ڕێگایان بدا کە بە نهێنی بچنەوە ئێران. لەو بەندەدا نووسرابوو کە جگە لە شازادە ڕەوێوەکان هەموو ڕاکردووانی دوو وڵاتەکە بەگوێرەی پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ و لەسەر داوای وڵاتەکان ڕادەستی یەکتر بکرێنەوە.

بابەتی ئازادبوونی کاروباری بازرگانانی ئێرانی لە خاکی عوسمانیدا و دیاریکرانی بڕی گومرگانە لەو پەیماننامە نوێیەدا هەر گەڕابوویەوە سەر پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم و لە بەندی شەشدا پەسند کرابوو.

بەگوێرەی بەندی حەوتەم، دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی دا کە کاربەدەستانی لە خاکی عێراقی عەرەبدا دەستدرێژی نەکەنە سەر زیارەتکەرانی ئێرانی و تەنگەژەیان بۆ ساز نەکەن و دەبێ تێکڕای جەماوەری ئێرانی ڕێزیان پارێزراوبێ و مافیان نەخورێ و گیان وماڵیان بکەوێتە ژێر باڵی پارێزرانی حکوومەتی عوسمانی. هەروەها بە مەبەستی ڕاگەیشتن بە کاروباری زیارەتکەران و جەماوەری ئێرانی لە وڵاتی عوسمانیدا و بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان، حکوومەتی ئێران ڕێپێدراو بێ کە لە هەر شارێکی عوسمانیدا کە بە پێویستی بزانێ، نوێنەرایەتیی بازرگانی و سیاسی دامەزرێنێ و تەنیا مەککە و مەدینەی لێ بەدەر بێ. دەبێ نوێنەرایەتییەکانی ئێران لەو وڵاتەدا مافیان لەگەڵ نوێنەرایەتیی وڵاتانی دیکە یەکسان بێ. دەوڵەتی ئێرانیش تەواوی ئەو بەڵێن و دەستەبەربوونانەی بۆ جەماوەر و نووسینگە سیاسی و بازرگانییەکانی عوسمانیی وەئەستۆی خۆی گرت.

بەندی هەشتەم سەبارەت بوو بە پارێزرانی هێمنایەتیی سنوورەکانی نێوان دوو وڵاتەکە و یەکجار بایەخی پێدرابوو. بەپێی نێوەڕۆکی ئەم بەندە دەبوو هەردک لا

ڕێگر بن لەسەر ڕێگای هاتوچۆ و گەرمێن و کوێستان کردنی خودبەسەرانەی خێڵاتی سنووری و دەبوو دەسەڵاتی سەربازی بە سەر کەوشەنەکاندا زاڵ بێ. هەردوو دەوڵەتەکە لێبڕان کە بۆ وەدی هاتنی ئەم مەبەستە کۆمەڵێک بنکەی سەربازی لەسەر سنووران دابنێن و سەبارەت بە عێل و عەشیرەتی سەرسنوورانیش ڕێچارەیەکی ئەوتۆیان ڕەچاو کرد:

ئەلف- ئەو عێل و عەشیرەتانەی کە لە کۆنەوە سەر بە ئێران و دانیشتووی ئەو وڵاتە بوون و لە جەنگەی پەسندکرانی ئەم پەیماننامەیەدا گەیبوونە خاکی عوسمانی، دەبوو بە یاریدەی سپای هەردک وڵاتەکە هەواریان بگوێزنەوە بۆ خاکی ئێران و هەروەها ئەو خێڵاتەی کە لە دێرزەمانەوە لە خاکی عوسمانیدا ژیابوون و لە کاتی پەسندکرانی پەیماننامەکەدا لە خاکی ئێران بوون، بگەڕێندرێنەوە نیشتمانی خۆیان.

ب- ئەو خێڵانەی کە دیاریکردنی ڕەگەز و نیشتمان و شوێنی نیشتەجێبوونیان بە چەشنێکی ڕوون بووز ناخوا. هەڵبژاردنی ئەو حکوومەتەی کە دەچنە بەرفەرمانی و شوێنی بنەگربوونیان دەخرێتە ئەستۆی خۆیان و هەرکام لە ئێران و عوسمانی هەڵبژێرن، دەبێ کۆچ و باریان بگوێزنەوە بۆ ئەو وڵاتە.

بەگوێرەی بەندی نۆهەم. تەواوی ئەو بەند و برگانەی پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم کە لەم پەیماننامە تازەیەدا هەڵنەوەشێندرابوونەوە. هەروەکوو پێشوو کاریان پێدەکرا. لێرەدا مەبەست لەو بڕیارانەیە کە ڕەوگەی تێپەڕینی هێڵی سنووری دوو وڵاتی ئێران و عوسمانیی پێ دیاری کرابوو. یانی وەک خۆ مانەوەی کاری ئەو لێژنانەی دوو وڵاتەکە کە بەپێی بڕیاری هاوبەش نەخشەی سنوورانیان هەڵگرتبوونەوە و نیشانەیان چەقاندبوون.

### میرزا محەممەدعەلیخانی شیرازی دەبێتە باڵوێز

محەممەدشا بەرلەوەی کە میرزا تەقیخانی وەزیرنیزام کاری پەیماننامەی ئەرزەڕۆم کۆتایی پێ بێنێ و لەو سەفەرە بگەڕێتەوە، میرزا محەممەدعەلیخانی جێگری یەکەمی وەزارەتی دەرەوەی کردە باڵوێزی ئێران لە پاریس. شیرازی لە نێوەڕاست مانگی ڕەبیعی دووهەمی ساڵی ١٢٦٣ی کۆچیدا لە پایتەختەوە بزووت و وەختایەک گەیشتە سنووری عوسمانی کە کاری نووسین و واژۆی پەیماننامەکە

یەکلایی کرابۆوە و میرزا تەقیخان بەرەو وڵات بەڕێوە بوو. ناوبراو لە نیزیک قەرەکلیسا چاوی بە میرزا تەقیخان کەوت و پاشان بە ڕێی ترابووزان و دەریای ڕەشدا بەرەو ئیستانبووڵ ڕۆیی.

پاش ئەوەی کە شیرازی گەیشتە پایتەختی عوسمانی، نوێنەرە سیاسییەکانی ڕووس و ئینگلیس داوایان لێکرد تا ماوەی دوو مانگێک لە ئیستانبووڵ بمێنێتەوە، بەڵام ملی نەدا و لێبڕا کە بڕوا.[1] بەڵام پایەبەرزانی عوسمانی چەند ناڕوونی و گرێیەکیان لە هێندێک بەند و بڕگەی پەیماننامەکەدا هێنایە ئارا و داوایان لێکرد هەتا کۆنووسی پرسیار و وڵامی نێوان وەزیری دەرەوەی عوسمانی و نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیس واژۆ بکا کە لە لیژنەی چارەسەری کێشەکاندا ئاڵوگۆڕ کرابوون. باڵوێزەکەی ئێران سەرەتا ملی نەدا و گوتی لە لایەن وڵاتی خۆیەوە هیچ دەسەڵاتێکی بۆ ئەو باس و بابەتە پێنەدراوە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی ناسیخوتتەواریخ، دوای وەرگرتنی چوارهەزار تمەن بەرتیل لە حکوومەتی عوسمانی، دەقی ناوبراوی واژۆ کرد.

ئێستا لە ڕووی کتێبی «ناسیخوتتەواریخ»ەوە دەقی ئەو چوار پرسیارانەی حکوومەتی عوسمانی لە نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیس و وڵامەکانیان وەکوو خۆی ڕادەگوێزینە ئێرە:

پرسیاری یەکەم: بەرپرسانی حکوومەتی عوسمانی بەپێی بەندی یەکەمی پەیماننامەکە لایان وایە کە چۆڵ کردنی شار و لەنگەرگا و هەروەها جەزیرەی ئەخزەر بۆ ئێران خۆ ئاوا نابێ. چونکە ئەو خاکەی دەوڵەتی عوسمانی کە لە دەرەوەی شاری موحەممەرەیە لەگەڵ لەنگەرگاکانی دیکەی ئەم وڵاتە. ئێران دەستی بە سەریاندا ناڕوا.

وڵامی باڵوێزەکان: نوێنەرانی نێوبژیوانی ڕووس و ئینگلیس دەڵێن لەنگەرگای موحەممەرە (خورەمشار) کەوتۆتە بەرەوڕووی شار و نێو ئەو گۆماوەی کە

---

١- ئیسانولمولکی سیپهر، نووسەری ناسیخوتتەواریخ دەڵێ بۆیە نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیس داوایان لێدەکرد هەتا جارێ نەڕوا، چونکە داگیرسانی پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی نێوان ئێران و فەرانسەیان بە دڵ نەبوو. ئەوان دەیانهەویست هەرچۆنێک بێ نەهێڵن جاری میرزا محەممەدعەلیخان بڕوا، بەڵکوو لە ڕێی هەڵسووڕانی سیاسییەوە بتوانن لە تاران کارێکی وا بکەن کە پادشا ئەرکەکەی هەڵوەشێنێتەوە و نەڕواتە پاریس و نەبێتە باڵوێزی ئێران.

هەڵکەندراوە. جا بۆیە خۆ ناگرێ جۆرێکی دیکە لێک بدرێتەوە. ئێمەی نێوبژێوان ئاگامان لێیە و قبووڵمانە کە ئەو جێگایەی مەزنانی دەوڵەتی عوسمانی داویانە بە ئێران تەنیا شار و لەنگەرگای موحەممەرە و جەزیرەی ئەخەزەرە و بابیعالی هیچ زەوی و لەنگەرگایەکی دیکەی بۆ ئێران بەجێنەهێشتووە.

پرسیاری دووهەم: حکوومەتی عوسمانی دەپرسی باشە ئەو عێل و عەشیرەتانەی کە سەر بە ئێرانن و دەتوانن نیوەیان لە خاکی عوسمانیدا بمێننەوە و نیوەکەی دیکەیان لە خاکی ئێران، داخوا ئێران دەتوانی دەست بە سەر ئەو بەشەی خاکی عوسمانیدا بگرێ و پاش ماوەیەک بە قەڵەمرەوی خۆی دابنێ؟

وڵامی باڵوێزەکان: کاربەدەستانی ئێرانی ناتوانن هیچ پەڵپ و بیانوویەک بگرن. ئەو خاکەی کە کەوتۆتە شانی راستی یەکاوی عارەبان خاکی ئێرانە، نەک ئەوەی لە شانی چەپە و خاکی دەوڵەتی عوسمانییە. ئەگەر خێڵات نیوەیان یان هەموویان بکەونە شانی راست یان شانی چەپ، ئەوە دیارە لای چەپ وڵاتی عوسمانییە.

پرسیاری سێیەم: پرسیاری دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بە بەندی یەکەم و چوارەم. باشە ئەگەر دەوڵەتی ئێران دەتوانی داوا و سکاڵای خۆکەسی تێکەڵ بە داوای حکوومەتی بکا کە کردوویەتی، حکوومەتی عوسمانی دەڵێ نابێ بەتەنیا وا بکا. چونکە لە مافی پووشانە و هەوارانە و هێندێک خەساراتی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی دوو وڵاتی ئێران و عوسمانییەوە بەو لاوە. ئەوی دیکە خۆ دز و جەردەی هەردک لا کردوویانە یان شتێکی لەم چەشنە رووی داوە.

وڵامی باڵوێزان: تەواو ئەو شتانە کە لە بەندی یەک و چواردا سەبارەتن بەم مەبەستە و ئێران دەتوانی داوای بکا. هەرکامەیان بێ ئێران بێدەنگەی لێ دەکا و هەڵبەت پێویستیشە کە رازی لێ بێنێ، کەوایە هیچکەس ناتوانێ قسەیەک لەو بابەتەوە بکا. ئەو قەرەبوویەی خەڵک. کە لایەنەکان دەتوانن کەسەکان رازی بکەن، روونبوونەوەی راست و دروستبوونی داواکان مەبەستەکە ئاشکرا دەکا و ئەگەر هەردک لا پێی رازی بوون کارگێری تایبەت دیاری دەکرێن و ئەوەی ئەوان قۆڵی لەسەر بکێشن هەوە و زەرەدی ئەو کەسانە قەرەبوو دەکرێتەوە.

پرسیاری چوارەم: داخوا حکوومەتی ئێران ئەو باس و وتوویژانەی کە کراون سەبارەت بە قەڵا قبووڵی کردوون کە خرابوویە سەر بەندی دووهەم و داخوا بەو

برگەیە رازییە کە لە بەندی حەوتەم و لە دەقی ڕوونووسکراوی هەردک لادا نووسرابوو؟

ولامی بالویزان: نێوبژیوانەکان بە خۆشییەوە دەتوانن بلێن کە دەولەتی پەرزەجێی ئێران قبوولی کردووە هەتا برگەیەک لە بەندی حەوتەم زیاد بکرێ لە چاکەی ئەو کارناسانییەدا کە قەرارە بۆ حاجییان و بازرگانان و کۆنسوولەکان بکرێ. سەبارەت بە پرسی «قەلا»، کاربەدەستان زۆریان پێخۆشە کە جەخت لە نوێنەرانی ولاتانی نێوبژیوان بکەنەوە تا بە دوای داوای دەولەتی عوسمانیدا برۆن و هیوادارن بۆیان جێبەجێ بێ.

میرزا محەممەدعەلیخان کە راسپێردرابوو هەتا دەقەکانی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم لەگەل حکوومەتی عوسمانی بگۆڕێتەوە و مۆری سولتانی عوسمانییان پێوە بنێ. پاش ئەوەی واژۆی خستە سەر کۆنووسی پرسیار و ولامەکان. بە نامەیەک نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیسی ئاگادار کردنەوە کە راشکاوانە پەسندی ولامەکانی ئەوانی کردووە. جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئێران، میرزا محەممەدعەلیخان هەر گوێشی نەدابوویە ئەوەی کە واتا و نێوەرۆکی پرسیارەکان دژی کاکل و مانا و ئامانجی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم بوون کە میرزا تەقیخان بەوپەری شارەزایی و لێزانی دایڕشتبوون و توانییووی بیانسەلمێنێ بە نوێنەری عوسمانی.

بالوێزی ئێران کە دەبوو بچێتە پاریس، لەبەر مردنی محەممەدشا گەرایەوە ئێران و دەقی پەیماننامە مۆرکراوەکەی سولتانی عوسمانی و کۆنووسی پرسیار و ولامەکانی کە کرابوویە پاشکۆی لەگەل خۆی هێنانییەوە. لەبەر ئەو کارە بێپرس و خودبەسەرانەی کە کردبووی لێی تووڕە بوون و هەلیانێنچا و حکوومەتی ئێران تەنیا پەیماننامەکەی قبوول کرد. میرزا تەقیخانی وەزیرنیزام کە ئێستا سەرناوی ئەمیرکەبیری خرابوویە سەر شانی و هەوساری کاروباری ئێرانی بە دەستەوە گرتبوو، میرزا جەعفەرخانی موشیروددەولەی لە لیژنەی هاوبەشی دیاریکردنی سنوورانڕدا کردە نوێنەری ئێران. ئەمیر تەواو بۆچوون و ڕوانگە و هەستی دەروونی تورکانی کەوتبوویە بەردەستی و بەم پێیە ئەوەی پێویست بوو بە گوێی موشیروددەولەیدا چرپاند و ئەویش سەرەتاکانی سالی ١٨٤٨/١٢٦٥ ڕۆیی بۆ بەغدا.

### ئەرک و ڕاسپاردەی موشیروددەولە

موشیروددەولە ڕۆیی بۆ بەغدا هەتا لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی عوسمانی و نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیسی نێوبژیوان بچن بۆ موحەممەر (خورەمشار) تاکوو بەپێی ڕێککەوتنی تازە چارەسەری ناکۆکییەکانی سنووران و خێڵاتی ئەودیوەودیوان بکەن. بەڵام دەرویشپاشای نوێنەری عوسمانی بەرلەوەی بڕوا بۆ بەغدا بە خۆی و هێزێکەوە پەلاماری قوتووری دا و ئەو ناوچەیەی داگیر کرد و پاشان چوو بۆ بەغدا. موشیروددەولە پێی چەقاند و گوتی هەتا سپای عوسمانی لە قوتوور نەکشێتەوە بەشداری کۆبوونەوە نابێ. دەمەقرە و هەرای نێوان نوێنەری ئێران و دەرویشپاشا و نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیس نیزیکەی نۆ مانگی کێشا و سەرەنجام لەسەر پێداگرتنی نوێنەری وڵاتانی نێوبژیوان و فەرمانی دەوڵەتی ئێران، موشیروددەولە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی شاندەکە ڕۆیی بۆ موحەممەرە و لە ڕۆژی ١٢ی مانگی مەولوودیساڵی ١٢٦٦ی کۆچییەوە لیژنەکە دەستی کرد بە کارەکانی.

وەکوو پێشتر باسی کرا. دەوڵەتی ئێران کۆنووسی پرسیار و وڵامەکانی بردبۆوەپاش و هیچ لێکدانەوەیەکی سەبارەت بە دەقی پەیماننامەکە نەسەلماندبوو. دەرویشپاشا پێداگر بوو کە دەبێ ئەو دەقەش قبووڵ بکرێ کە بە زەرەدی ئێران بوو. بەڵام نوێنەری ئێران هەر گوێشی نەدایە. دەرویشپاشا هەر ڕۆژە بە بیانوویەکەوە کۆسپی دەخستە سەر ڕێگای کاری لیژنەکە و تەنانەت لەگەڵ تاقمێک لە سەرخێڵانی «بەنی کەعب»ی بەرفەرمانی ئێران کەوتە وتوویژ و گفتی پێدان کە ئەگەر بێتوو ببنە خەڵکی وڵاتی عوسمانی و بڵێن هەر لە کۆنەوە سەر بە حکوومەتی عوسمانی بوون. هەتا ماوەی دە ساڵان لە باج و پیتاکیان خۆش دەبێ. دەرویشپاشا مەبەستی ئەوە بوو کە بەنی کەعب بکاتە جەماوەری وڵاتی عوسمانی کە نیشتەجێی شانی چەپی یەکاوی عارەبیان بوون و بەگوێرەی بەندی هەشتەمی پەیماننامەکە بکەونە نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی. بەڵام سەرۆکانی بەنی کەعب ئەگەرچی موشیروددەولە ساڵێ دەهەزار تمەنی لە باج و پیتاکیان زیاد کردبوو، نەچوونە ژێر باری پێشنیاری دەرویشپاشا و هەروا سەر بە ئێران مانەوە و بەم شێوەیە تیری نوێنەری عوسمانی وەبەردی کەوت.

دەرویشپاشا جارێکی دیکەش هەنگاوێکی ناشیانەی هاویشت. نوێنەری عوسمانی هات و ئەو نامەیەی هێنایەوە گۆڕ کە سوڵتان مرادی چوارەم

(١٠٣٢-١٠٤٩ی ک/١٦٢٢-١٦٣٩ی ز) سەبارەت بە سنوورەکانی نێوان دوو وڵاتەکە بۆ «شاسەفی»ی پادشای سەفەویی نووسیبوو. پاشای عوسمانی ئەو داوایەی سوڵتان مرادی کردە بەڵگە و بیانوو و لە هەرێمەکانی کوردستان و ئازەربایجان و کرماشان و لورستان ویستی تازەی ورووژاند و پێوەبوو هەتا دەقی کۆنووسی پرسیار و وڵامان بە سەر ئێراندا بسەپێنێ. موشیروددەولە بە هیچ شێوەیەک قسە و باسەکانی نوێنەری عوسمانیی نەسەلماند و لەسەر ویستی وڵاتانی کەیخودا و نێوبژێوان قەراریان دانا هەتا پوختەی وتوویژەکان و ئاکامەکانی بە بارگای ئێران و عوسمانی رابگەیەندرێن و بەم شێوەیە کاری لیژنەکە پەکی کەوت و هەرکام لە نوێنەران رۆیشتن بە لایەکدا.

موشیروددەولە راپۆرتی کاری خۆی ناردەوە بۆ تاران و لە دزفوول چاوەروانی فەرمانی پادشا مایەوە. مانگی ئیوجیژئانی ساڵی ١٢٦٧ی ک. لە پایتەختەوە فەرمان هات بۆ موشیروددەولە کە کاری دیاریکرانی سنووران لە ناوچەی «زەهاو»ەوە دەست پێ بکا. ئەندامانی لیژنەی دیاریکردنی سنووران، مانگی مەولوودی ساڵی ١٢٦٨ی ک. پاش لێخران و کوژرانی ئەمیرکەبیر، لە زەهاو کۆبوونەوە و ماوەیەک سەرقاڵی دیدار و وتوویژ بوون، بەڵام دیسانیش لەبەر تەنگەژەنانەوەی نوێنەری عوسمانی، کۆبوونەوەکان بێئاکام مانەوە. نوێنەرانی رووسیا و ئینگلستان پاش سێ ساڵ و هەندێک بەشداربوون لە کۆبوونەوەکاندا بەم ئاکامە گەیشتن کە نوێنەرانی ئێران و عوسمانی لەتەرکێن پێکنایەن[1] و هەر بۆیە تەمایان گرت کە لە چیای «ئاگری»ی بچووکەوە (واتە ئاراراتی بچووک) هەتا دەگاتە زارکی یەکاوی عارەبان لە کەنداوی فارس، نەخشەی هەمووی هەڵگرنەوە و هێڵ و خاڵە سنوورییەکان لەسەر نەخشە دیاری بکەن. نوێنەری ئێران گوتی پێی رازیم، بەڵام

---

١- کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی پێیان وابوو کە میرزا تەقیخانی نوێنەری ئێران بە تەردەستی و شارەزاییی سیاسی ئێوکی پەیماننامەکەی بە قازانجی ئێران و بە زەرەری عوسمانی بریوە و ئەمە خوێندنەوەیەکی تەواو راست بوو، چونکە نوێنەری نیشتمانخۆشەویستی ئێران نەیهێشتبوو کە هیچ خاڵێکی ورد و باریک لە دەقی پەیماننامەکەدا لەبەرچاوان ون بێ، بەڵام مێژوونووسی بەویژدان(!) واتە لیسانولمولکی سپێهر گوتوویەتی کە میرزا تەقیخان بە پێشینەی لەمێژینەی دیاریکرانی سنوورەکانی ئێرانی نەزانیوە لە سەردەمی سوڵتانە کۆنەکاندا و راپەراندنی کارێکی ئاوا دژواری بۆ بە نوقسانی داناوە و رەخنەی لێ گرتووە.

دەرویش‌پاشا پێشنیارەکەی بردنەوە پاش و لیژنەکە هەڵوەشێندرا و موشیروددەولە گەڕایەوە تاران.

## هەڵگێڕانەوەی نەخشە و دیاریکرانی سنوور

نوێنەرانی ڕووسیا و ئینگلیس بەپێی تەمای خۆیان، ماوەیەک بەر لە هەڵوەشانەوەی لیژنەکە ئەندازیارانی خۆیان ڕاسپاردبوو کە دەست بکەن بە کاری نەخشەهەڵگرتنەوە[1] و سەرەنجام نەخشەیەک بە پێوەری ١/٧٢٠٥٠، لە ئاگریی بچووکەوە هەتا ڕێژاوگەی یەکاوی عارەبان لە چاردە پاژدا کێشرایەوە و دەقێکیان نارد بۆ بارگای عوسمانی و مانگی شەشەکانی ساڵی ١٢٦٨ی ک/١٨٥١ی ز، دەقێکیشیان دایە وەزارەتی دەرەوەی ئێران و داوایان لە هەردک دەولەتەکە کرد هەتا لەسەر ئەو نەخشەیە جێناکۆکەکانی سنووران دیاری بکەن.

چەند ساڵێک دوای ئامادەکرانی نەخشەکە، ڕووسیا خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ عوسمانی ساز و تەیار کرد و قەیسەری ڕووسیا وەخۆ کەوت هەتا دژی عوسمانی لەگەڵ ئێران ببێتە هاوپەیمان. بۆ ئەم مەبەستە لە پاییزی ١٢٧٠ی ک/١٨٥٣ی زایینیدا، ژەنەراڵ بێبیتۆف، سپاسالاری ڕووسیا لە بەرەی قارس و ئەرزەڕۆم، بە فەرمانی دەولەتی خۆی تەتەرێکی تایبەتی سیاسیی نارده لای پرەنس دالگۆرۆکی باڵوێزی ڕووسیا لە تاران و لێی ڕاسپارد هەتا سەبارەت بە هاوپەیمانی دژی عوسمانی لەگەڵ ناسرەددین‌شا بکەوێتە پێواژۆی ئەهێنی. دیداری باڵوێزی ڕووسیا لەگەڵ شا دووبەدوو و تەواو بە ئەهێنی کرا و ناسرەددین‌شا کە زۆر توند هەستی دژی ئینگلستان ئاورێنگی فڕێ دەدا، چونکە لەو کاتەدا ئینگلیس و فەرانسە لاگیری عوسمانی بوون، پێشنیارەکەی ڕووسیای قبووڵ کرد.

ڕووسیا پێشنیاری ئەمە بوو کە سپای ئێران هەم لە بەرەی بایەزید و ئەرزەڕۆم و هەم لە بەرەی بەغدا بە مەبەستی هەڕەشە لە هێزەکانی عوسمانی دابمەزرێن و ئەگەر پێویست بوو لە پەلامارێکی خێرادا، بەغدا و نەجەف و کەربەلا

---

١- کاری نەخشەهەڵگرتنەوە کەوتە سەر شانی ئەندازیارانی ئینگلیسی و ئەرکی تۆپۆگرافی لە ئەستۆی ئەندازیارانی ڕووسی بوو. ئەم ئەندازیارانە نێزیکەی سێ ساڵ لە ئیستانبووڵ خەریکی پاکنووس کردن و کێشانەوەی نەخشەکە بوون. بڕوانە: «سنوورەکانی ئێران»، بە قەڵەمی ئەندازیار محەممەدعەلی موخبیر.

یان قوتوور و بایەزید و ئەرزەرۆم بگرن. هەروەها پاش سەقامگیربوونی ئاشتی لە نێوان ئێران و عوسمانیدا، دەوڵەتی ئێران ناوچە داگیرکراوەکان بخاتە سەر ملکی خۆی یان بە وەرگرتنی قەرەبوویەکی زۆر، سەرلەنوێ بیانداتەوە بە عوسمانی. باڵوێزی رووسیا لە کۆتاییی پێشنیارەکەی خۆیدا گوتبووی ئەگەر ئێران لەگەڵ عوسمانی تووشی شەڕ بێ، رووسیا دەست لە پاشماوەی ئەو قەرەبوویەی سەردەمی شەڕی فەتحعەلیشا هەڵدەگرێ کە بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای قەرزدار بوو. ئەگەر وا هات و ئێران تووشی تێکهەڵچوون نەبوو، ئەوە رووسیا خەرجی تێچووی ساز و تەیار کردنی سپای لەو برە پارە قەرزەی خۆی کەم دەکاتەوە؛ بەڵام ئەگەر شەڕەکە درێژەی کێشا، هەموو خەرجوبەرجی شەڕەکەی ئێران دژی عوسمانی دەکەوێتە سەر شانی رووسیا.

سەرەرای هەوڵی ناسرەددینشا بۆ شاردنەوەی دیداری لەگەڵ پرەنس دالگۆروکی، باڵوێزی عوسمانی پێیزانی و کاتێک بۆی روون بۆوە کە تەنانەت سەرۆکوەزیر و هیچکام لە پایەبەرزانی وڵات بەشداری دیدار و پێواژۆی نێوان باڵوێزی رووسیا و پادشا نەبوون، یەکجار تۆقی. هەر بۆیە بەراشکاوی بە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی راگەیاند کە دەرواتەوە وڵاتی خۆی. ناسرەددینشا وەختایەک کەفی باڵوێزی عوسمانیی پێراگەیاندرا، بەناچار میرزا ئاقاخانی نووری، واتە سەرۆکوەزیری بانگ کرد و پوختەی گوفتوگۆکانی نێوانیانی بۆ گێرایەوە و بۆی روون کردەوە کە قبووڵ کردنی پێشنیارەکەی رووسیا لە چەند سەرانەوە خێری پێوەیە بۆ ئێران، یەکەم: سەرکەوتنەکانی ئێران لە ئاسیای خۆرنشین ئێرانی پێ ماقووڵ دەبێ و باڵای پێدەکا. دووهەم: دەسەڵاتی ئێران بە سەر خاکی مەرقەدی ئیمامان لە عێراقدا دەشکێتەوە کە زۆربەی گەلی ئێران دڵبەستەی ئەو شوێنانەن. سێیەم: ئێران بۆ هاتەهەتایە قەرزی قەرەبووی رووسیای لە کۆڵ دەبێتەوە. میرزا ئاقاخان بەوردی گوێی بۆ قسەکانی پادشا شل کرد و کاتێک بۆی دەرکەوت زۆر تامەزرۆیە هەتا لەو شەڕ و هەرایەدا ناوبانگی بروا، گوتی ئەگەر بڕیار وابێ ئێران بەشداری شەڕ بێ، خۆ بە خوتێوەردانی فەرانسە و ئینگلیس و یاریدەدانی عوسمانی، وا باشترە لاگیری بەرەی بەهێزتر بێ و لەگەڵ ئەوان دژی

رووسیا ببێتە هاوپەیمان.[١] ئەگەر ئاوا بێ ئێران دەتوانێ لەو شەڕەدا سەرلەنوێ ناوچە گیراوەکانی قەفقاز بگرێتەوە و بێگومان دەنگدانەوەی گێرانەوەی سەرلەنوێی ناوچەکە ناوبانگی ئێران و پادشای ئێران دەدرەوشێنێتەوە و هەنگاوەکە کەمتر نییە لە دەستڕۆیشتن بە سەر خاکی نەجەف و کەربەلادا و وەچەکانی داهاتوو هەرگیز ناوی پادشایان لە بیر ناچێتەوە.

ناسرەددینشا قسەی بەپارسەنگی سەرۆکوەزیری بە دڵەوە نووسا. بەڵام فەرمانی گەڕانەوەی ئەو هێزانەی دا کە لە سنووری ئازەربایجان و کرماشان کۆببوونەوە.[٢] پرەنس دالگۆورۆکی، باڵوێزی رووسیا کە زۆر بە دڵنیایی راپۆرتی دیداری خۆی لەگەڵ ناسرەددینشا ناردبوویەوە بۆ قەیسەری رووسیا، پاش ئەوەی بە رووداوەکەی زانی. چووە دیداری سەرۆکوەزیر و سەبارەت بە پەشیمانکردنەوەی پادشا بۆ هاوپەیمانبوونی لەگەڵ رووسیا لۆمەی کرد و تەنانەت زۆر بە گرژی بە گژیدا هات.[٣]

لەبەر ئەم پێشهات و رووداوانە جارێکی دیکە کاری دیاریکرانی سنووری نێوان ئێران و عوسمانی پەکی کەوت و ئەگەرچی دالگۆورۆکی بانگکرایەوە رووسیا. بەڵام پادشا سەرەڕای بەرهەڵستبوونی مەزنەوەزیر، جارێکی دیکەش مەیلی بزووت هەتا لەگەڵ رووسیا ببێتە هاوپەیمان و فەرمانی دا هەتا هێزەکانی لە باڵی

---

١- دەستتێوەردانی رووسیا لە کاری نێوخۆی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، ئینگلستانی تێن دا هەتا لەگەڵی بکەوێتە رقە و سەرەنجام بە پاڵپشتیی فەرانسە بوو بە پشتیوانی عوسمانی و سەرەنجام هێزە هاوپەیمانەکانی ئینگلیس و فەرانسە و عوسمانی لە ساڵی ١٨٥٤ی زایینیدا دژی رووسیا چوونە نێو بەرەی شەڕەوە. ئەم شەڕە کە هەتا ساڵی ١٨٥٦ درێژەی کێشا و لە مێژووی خۆرهەڵاتی نێوەراست و نێزیکدا بە «شەڕەکانی کریمێ» بەناوبانگە، لەگەڵ گیرانی قەڵا و لەنگەرگای «سواستۆپۆل»ی باکووری دەریای رەش، رووسیا شکا و ئەوەندە قازانج و بەرژەوەندییەی کە توانیبووی لە عوسمانی وەچنگی بێنێ، لە دەستی بۆوە.

٢- لە ئازەربایجان ٤٠هەزار و لە کرماشان ١٥هەزار کەس ساز و تەیار کرابوون.

٣- «... دالگۆورۆکی کە هەر وا دەیشاتاند و دەیپریشکاند و لێکدالێکدا قسەی دەکرد لە جێی خۆی هەستا و بەرەورووی سەرۆکوەزیر رۆیی و بە چرە و گوڕەوە دەست و وەکازی رادەوەشاند. وا هات کە وەکازەکەی زۆر چاک رانێی سەرۆکوەزیری ئەنگاوت، بەڵام ئاقاخان لە لای ئەو خەڵکەی کە لەوێ بوون خۆی تەشکاندەوە و تەنیا وەکازەکەی لە دەستی دەرهێنا و فڕێی دایە ئەو سەری ژوورەکە و گوتی: تکایە بەجێیمهێڵن.» بڕ: مێژووی قاجار، سێر رابێرت واتسۆن، وەرگێڕانی عەبباسقولی ئازەری.

خۆرنشین ساز و تەیار بن و تەماکەی خۆشی بە میرزا ئاقاخان راگەیاند. بڵاوبوونەوەی گۆرانی هەڵوێستی ناسرەددینشا کاریکی وای کرد هەتا ئینگلستان نوێنەرێکی نوێی سیاسی بنێرێ بۆ ئێران تا نەهێڵێ ئێران و رووسیا پێکەوە ببنە هاوپەیمان. رۆژنامەی «تایمز»ی لەندەن، لە دامێنی هەواڵی هەڵبژێرانی باڵوێزی تازەدا نووسی: «ئەم باڵوێزە دەرواتە بارگای ئێران هەتا پادشاکەی بە چۆکدا بێنێ»[1]

کار و چالاکی و هەڵسووورانی باڵوێزی تازەی بریتانیا لە تاران ئاکامی لێکەوتەوە و وای کرد هەتا شا لەگەڵ رووسیا نەبێتە هاوپەیمان دژی عوسمانی و لەسەر پێشنیاری سەرۆکوەزیر بوو بە هاوپشتی ئینگلیس و فەرانسە و عوسمانی دژی رووسیا؛ بەڵام هاوپەیمانان بەشداربوونی ئێرانیان لەو شەرەدا بە بەرژەوەند نەزانی و ئینگلستان لای وابوو کە دواتر هاوپەیمانان ناتوانن ئێران لە تۆڵەی رووسیای قەیسەری بپارێزن و بەم شێوەیە بەشداربوونی لە شەردا بە هیچ بارێکدا سەری نەگرت.

پاش برانەوەی شەرەکانی «کریمی»، جارێکی دیکە لێژنەی نوێنەرانی ئێران و عوسمانی لە ئیستانبووڵ پێکهاتەوە و نوێنەرانی ئێران بریتی بوون لە: حاجی میرزا موحسینخانی موشیروددەولە و میرزا موحیبعەلیخانی نازمولمولک. نوێنەرانی عوسمانی، بەبێ گوێدانە نەخشەی سنووران و کاکڵی پەیماننامەی دووهەمی ئەرزەرۆم، جارێکی دیکە داواکانی رابردووی خۆیان هێنانەوە گۆڕ و ئەم لێژنەیەش بێئەوەی هیچی بۆ بکرێ هەڵوەشێندرایەوە.

بنکەی ژین

**

ناکۆکی لەسەر پرسی سنوورەکانی نێوان ئێران و عوسمانی هەتا ساڵی ١٣٢٣ی ک/١٩٠٥ی ز. واتە تاکوو کلکەی دەسەڵاتی موزەففەرەددینشا هەروا درێژەی کێشا. سەرەنجام چارەسەری ئەم گرێ و گرفتانە لە حکوومەتی دیکتاتۆرانەی

---

١- «... بێگومان ئەم بەشەی رۆژنامەی تایمز کراوەتە فارسی و پادشا دیتوویەتی و کارێکی سروشتییە کە لەو ساتە بەو لاوە شا بریاری دا هەتا لە بەرامبەر باڵوێزی ئینگلیسدا هەڵوێستێکی سەربەخۆ و رێبازێکی پتەوتر رەچاو بکا.» بڕ: مێژووی قاجار، سێر رابێرت واتسۆن، وەرگێرانی عەبباسقولی ئازەری.

عوسمانی و ئێرانەوە گوێزرانەوە بۆ پادشایەتیی مەشرووتەی پارلمانی. دامەزرانی حکوومەتی پارلمانی لە ئێران و عوسمانیدا تەنیا چەند مانگێکیان کەوتە نێوانی و سالّی ١٩٠٦ سیستمی تازە لە هەردک ولاتەکە دامەزرا. بەم پێیە حکوومەتە نوێیەکانی ئێران و عوسمانی وەخۆکەوتن هەتا بەگوێرەی پەیماننامەی ئەرزەرۆم بجوولێنەوە و کۆتایی بە کێشەکانی نێوانیان بێنن.

* * *

بنکەی ژین

بنکەی ژین

بەشی ١١

# پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئینگلیس لە قۆناخی دووەمی

## پادشایەتیی قاجاراندا

**(١٢٥٠-١٣١٣ی ک/١٨٣٤-١٨٩٥ی ز)**

> «ئینگلیسی دەیانهەوێ هەرچی هەمانە لێمان بستێنن، بەڵام ئێمە هێندەشمان سووکایەتی بۆ قبووڵ ناکرێ . *ناسرەددین‌شا*.»

**سەرەتا**

دوای داکووژان و برانەوەی شەڕەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا و بەسترانی پەیمان‌نامەی تورکمانچای کە بەشێکی سەبارەت بوو بە گۆڕینەوەی باڵوێز و مانەوەی نوێنەرانی سیاسیی هەردوولا لە پایتەختی یەکتردا، ڕووسیا ئەم پەیوەندییە کاتییەی گۆڕی بۆ پەیوەندیی هەمیشەیی، چونکە دوای ئەو شەڕانە مانەوەی خەڵکی ڕووسیا لە ئێران بەپێی ئەو ئازارییانەی کە بۆیان برابوویەوە، کەمتر گرێی لە بەر ما. دەوڵەتی ڕووسیا بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی خۆی و پەیرەوکرانی نێوەرۆکی پەیمان‌نامەی تورکمانچای، ناچار بوو کە باڵوێزخانە و کونسوولخانەی هەمیشەیی لە پایتەخت و شارە گەورەکانی ئێران بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئینگلیسییەکان بە ئامانجی ڕێگرتن لە تەنینەوەی دەسەڵاتی ڕووسیا لە ئێران و عوسمانیدا، ناردنی نوێنەرایەتیی سیاسییان لە ئێران بە پێویست دەزانی و بەم شێوەیە پەیوەندیی کاتی کۆتایی پێهات و بوو بە هەمیشەیی. هەر لەو سەروبەندەدا چەند ڕووداوێک قەومان کە بوونە هۆی داگیرسانەوەی نێواتی ئێران و فەرانسە و چونکە لەو ڕۆژگارەدا وڵاتانی گەورەی ئورووپایی زۆر چاک سەرنجیان دابوویە سەر ئیمپراتۆریی عوسمانی و لە مێژووی ئورووپادا بە «پرسی ڕۆژهەڵات» ناودێرە و بە درێژی باسی کراوە، پادشایان و

حکوومەتانی ئورووپای خۆرنشین و ناوەندی لایان لە ئێرانیش کردەوە؛ کەوایە دەکرێ سەردەمی پادشایەتیی محەممەدشا و ناسرەددینشا بە قۆناخی دامەزرانی پەیوەندیی سیاسیی هەمیشەیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی گەورەی ئورووپایی دابندرێ.

### تێکچوونی پەیوەندییەکان

لە بەشی دەهەمدا باسی ئەوەمان کرد کە ساڵی ١٢٥٤ی ک/١٨٣٨ی ز، محەممەدشا باڵوێزێکی تایبەتی بە ناوی حوسێنخانی ئاجودانباشی هەڵبژارد و بەرێی کرد بۆ بارگای دەسەڵاتی ئینگلستان و فەرانسە و ئۆتریش. ئاجودانباشی لەگەڵ میرزا جەعفەرخانی موشیروددەولەی نوێنەری سیاسیی ئێران لە بارگای عوسمانی رۆیی بۆ ئیستانبووڵ و پاش دیداری لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی چاوی بە باڵوێزانی فەرانسە و ئۆتریش کەوت لەو شارە و سەبارەت بە ئەرک و راسپاردەی خۆی لەگەڵیان کەوتە وتووێژ. باڵوێزی ئینگلستان لە پایتەختی عوسمانی کە بە کار و ئەرکی حوسێنخانی زانیبوو، لێیراسپارد کە ئەگەر هەر بۆ گەشت و سەیران دەچێتە بریتانیا رێگای بۆ کراوەیە، بەڵام ئەگەر وەکوو کاربەدەست و راسپاردەی سیاسی بەرەو بریتانیا دەڕوا، هەتا زەمانێکی کە «سەکنیل»ی باڵوێزی ئینگلیس لە تاران پێی رازی نەبێ، ناهێڵێن بچێتە نێو خاکی بریتانیا.

محەممەدشا کە لەو رۆژگارەدا گەمارۆی هەراتی دابوو، حوسێنخانی بۆیە ناردبوو هەتا بە بۆنەی دەست بەکاربوونی مەلەکە ڤیکتۆریا و پالدانەوە لەسەر تەختی دەسەڵات پیرۆزباییی لێ بکا و ئەو نامەیەشی بداتە دەستی کە هاوار بوو لە چنگ «سەکنیل»ی باڵوێزی بریتانیا کە هەدا نادا و دەستوەردەداتە کاروباری نێوخۆی ئێران و بەتایبەت لە کێشەی هەراتدا دەوری خراپ دەگێڕێ. پاش ئەوەی کە باڵوێزی ئێران گەیشتە ڤییەن[1] و چاوی بە «میتێرنیخ»ی سەرۆکوەزیر و وەزیری دەرەوەی ئۆتریش (نەمسا) کەوت، پێیانراگەیاند کە بەشێک لە نامە و راپۆرتەکانی باڵوێزی بریتانیا لە تاران کە سەبارەت بە هەڵمەتی محەممەدشا بوون بۆ سەر هەرات و کارەکەی بە چەشنێک دەستدرێژی لێکداوەتەوە و گوتوویەتی هەڵوێستێکی دوژمنانەیە دژی بریتانیا، چاپ و بڵاوکراونەوە و باڵوێزی ئینگلیس هاواری لێ هەستاوە و سکاڵایەتی لە چنگ محەممەدشا.

---

١- وییەن، ڤیێن.

باڵوێزی ئێران بابەتی پەیماننامەی[1] نێوان ئێران و ئینگلیسی بۆ میتێرنیخ گێرایەوە کە لە زەمانی فەتحعەلیشادا برابوویەوە و بۆی روون کردەوە کە دەستێوەردانی مەکنیل و کاربەدەستانی دیکەی بریتانیا لە کێشەی هەراتدا دروست بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی ئینگلیسە لەو پەیماننامەیەدا و پێشێلی مافی دەسەڵاترۆیشتنی ئێران دەکا بە سەر ئەفغانستاندا و لە راستیدا ئەوە دەوڵەتی ئینگلیسە کە پێی لە بەڵێنیی خۆی ناوە. میتێرنیخ پێشنیاری بە حوسێنخان کرد کە ئەو قسە و بەڵگەهێنانەوەی خۆی بنووسێ و بکرێتە ئینگلیسی و بنێردرێتە بارگای دەسەڵاتی ئینگلستان. حوسێنخان هەر وای کرد، بەڵام لەو کاتەدا باڵوێزی بریتانیا لە ڤییەن چووە دیداری باڵوێزی ئێران و پێی گوت کە ئێستا ئێران و ئینگلیس کەوتوونە نێو هەڵومەرجی شەر و وەکوو باڵوێز لە لەندەن پێشوازیی لێ ناکرێ.

لۆرد پالمێرستۆن وەزیری دەرەوەی بریتانیا بە حوسێنخانی راگەیاند کە ئەگەر محەممەدشا دەست لە گەمارۆی هەرات هەڵبگرێ، دەوڵەتی بریتانیا هەموو ساڵێک نەغداونەغد یەک میلیۆن تمەن سکەی زێر دەدا بە ئێران و هەموو ساڵێک خەرجی سپای ئازەربایجانیش دابین دەکا. حوسێنخانی ئاجودانباشی راپۆرتی کار و پێواژۆکانی خۆی بە فەرمجوولابەگی تەتەری تایبەتی خۆیدا ناردەوە تاران و لە ڤییەن بنەی داکوتا و چاوەروانی وڵام و فەرمانی پایتەخت مایەوە. ماوەیەک دواتر لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە وڵامی نامەکەی محەممەدشا هاتەوە و گەیشتە دەستی حوسێنخان. لەو کاغەزەدا دەوڵەتی بریتانیا نووسیبووی کە ئێمە نە شەرمانە لەگەڵ ئێران و نە بە خەنیمی خۆمانی دەزانین و ئەوەی رێزدار «مەکنیل»ی باڵوێزمان لە تاران کردوویەتی بەپێی ئەرکی سەر شانی جووڵاوەتەوە و ویستوویەتی بەرژەوەندی رەچاو بکا. هەر بۆیە پێویستە کە دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەو سووکایەتییەی کە بە باڵوێزی ئینگلیسی کردووە، داوای لێبووردن بکا. حوسێنخان پاش وەرگرتنی ئەم نامەیە و پەنجا رۆژ مانەوەی لە ئۆتریش، وڵامی کاغەزەکەی محەممەدشای لە ئیمپراتۆری ئۆتریش وەرگرتەوە و

---

١- پەیماننامەکە سەبارەتە بە ساڵی ١٢٢٩/ ١٨١٤ کە لە نێوان ئێران و ئینگلیسدا نووسراوە و دەقی بەندی ٩ی ئاوایە: «ئەگەر شەرێک لە نێوان دەوڵەتی بەرزەجێی ئێران و ئەفغاندا بقەومێ، هیچ کارێکی بە سەر دەوڵەتی پایەبەرزی ئینگلیسەوە نەداوە و یاریدەی هیچ لایەک نادا، مەگین ئەوەی کە لایەنەکان داوای نێوبژیوانیی ئاشتبوونەوەی لێ بکەن.»

سەرەتای مانگی محەررەمی سالی ١٢٥٥ی ک/١٨٣٩ی ز. رۆیی بۆ فەرانسە هەتا بەلکوو لە ڕێی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەوە بتوانێ بڕوا بۆ لەندەن.

ئەو دەمەی کە حوسێنخانی ئاجودانباشی لە ڤییەن بنەی داکوتابوو. «مەکنیل»ی باڵوێزی بریتانیا چەند جارێک لە هۆردووگای محەممەدشا چاوی بە پادشا کەوت و لەگەڵی کەوتە گوفتوگۆ و داوای لێکرد هەتا دەست لە گەمارۆی هەرات هەڵبگرێ، بەڵام وەکوو پێشتر باسی کرا، هیچی بۆ بە هیچ نەکرا و بۆ دەربڕینی نارەزامەندی لەگەڵ شاندی سەربازیی ئینگلیس هۆردووگای شای بەجێهێشت و بە ڕێگای مەشەددا ڕۆیی بۆ تاران. ماوەیەک بەرلەوەی باڵوێزی بریتانیا بڕوا، هێزی دەریایی ئینگلستان پاش گرتنی دورگەی خارک بەرەو بووشێهر ئاژاوتبووی و بەم شێوەیە شەری دژی ئێران هەڵگیرساندبوو.

ئاجودانباشی کە وادیارە ئاگای لە دیدار و پێواژۆکانی نێوان باڵوێزی بریتانیا و پادشای ئێران نەبوو و نەیدەزانی حاجی میرزا ئاغاسی چۆن سیاسەتی دەرەوە بەڕێوەدەبا و چۆن دەتوانێ شوێنی هەژارە و دوولای سیاسیی نوێنەری بریتانیا هەڵبگرێ. لە پاریس توانی پاسپۆرتێکی ئاسایی بۆ خۆی دەستەبەر بکا و سەرەنجام ڕۆیی بۆ لەندەن و بۆی کرا کە چاوی بە «لۆرد پالمێرستۆن»ی وەزیری دەرەوەی بریتانیا بکەوێ. لە دوای دیدار و وتوویژەکە، پالمێرستۆن یادداشتێکی دایە دەست نێردراوەکەی ئێران کە مەرجەکانی پێکهاتنەوەی ئێران و ئینگلیس و براشەوەی هەلومەرجی شەری نێوانیانی تێدا نووسرابوو. ئەم یادداشتە بریتی بوو لە هەشت بەند کە ئێران دەبوو قبووڵیان بکا هەتا هەموو شتێک بچێتەوە سەر دۆخی جارانی.

یادداشتەکەی وەزیری دەرەوەی بریتانیا ئەم مەرجانەی تێدابوو:

١- دەبێ ئێران سەبارەت بەو سووکایەتییەی کە بە نێردراوە تایبەتەکەی بریتانیا کراوە، بە نووسراو داوای لێبووردن بکا.

٢- فەرمانێک پەسند و چاپ و بڵاو بکرێتەوە کە تێیدا نووسرابێ تەواوی ئەوانەی لە خزمەت شاندی ئینگلیسیدان، پارێزراوبن و تەناهییان دەستەبەر بێ.[1]

---

١- کاکڵ و مانای ڕاستەقینەی ئەم پێشنیارە ئەمە بوو کە هەر کەسێکی ئێرانی یان نائێرانی بە هەر شێوەیەک خزمەتی ئینگلیسییەکان بکا، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگای سیخوڕی و خۆفرۆشیش بێ، دەبوو پارێزراو بێ و کاربەدەستانی ئێرانی نەتوانن لێی بپرسنەوە.

٣- غووریان و تەواوی ناوچەکانی نێو قەڵەمڕەوی ئەفغانستان کە هێشتا هەر لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی ئێراندان، چۆڵ بکرێن و بدرێنەوە دەست حوکمرانی هەرات و دەبێ دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە دەست بە سەرداگرتنی کەلوپەل و نێومالی ئەفسەری ئینگلیسی لە تاران بە نووسراو داوای لێبووردن بکا.

٤- تەواوی ئەو کەسانەی کە دژی نوێنەری بریتانیا لە بووشێهر هارووژاون و چەپڵەیان لێ تەقاندووە و چاپخانەی کونسوولی بریتانیایان شێواندووە، دەبێ تەمێ بکرێن.

٥- حوکمرانی بووشێهر کە سووکایەتیی بە «سێر. ئێف. مێتلەند»ی نوێنەری سیاسیی ئینگلیس کردووە، دەبێ لەسەر کارەکەی لابرێ و دەوڵەتی ئێران بەئاشکرا بە خەڵکی خۆی رابگەیەنێ کە لەسەر چی لایانبردووە.[1]

٦- تەواوی قەرزی پیاوێکی ئینگلیسی لە قەراچەداغ (ئەرەسبارانی ئێستا) بدرێتەوە کە لە کڕین و فرۆشتنی ئاسندا لێی پاشقوڵ دراوە.

٧- قەرزی تەواوی ئەو ئەفسەرانەی ئینگلیسی بدرێ کە پێشتر لە سپای ئێراندا کاریان کردووە.

٨- داگیرسانەوەی پەیوەندیی سیاسیی نێوان ئێران و ئینگلیس بەندە بە نووسران و بەسترانی پەیمانی بازرگانی لە نێوان دوو وڵاتەکەدا.

نووسراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس لە تاران کەوتە بەر تیشکی خوێندرانەوە و چونکە محەممەدشا دەیەویست هەرچی خێراترە هێزەکانی ئینگلیسی لە دورگەی خارک وەدەرکەون، سەرلەبەری مەرجەکانی ئەو وڵاتەی قبووڵ کرد. بەڵام لە چۆڵ کردنی غووریاندا ساوەساوی کرد و هێزەکانی بریتانیاش لە خارک دەرنەچوون. سەرەنجام لە مانگی سەفەری ١٢٥٧/ ئاوریلی ١٨٤١دا فەرمان درا کە غووریان بدرێتە دەست پیاوەکانی کامرانمیرزا، کە بە خۆی دەتگوت شاکامران. ناوچەی غووریان بە ئامادەبوونی نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیس درایە دەست کامرانمیرزا و بریتانیاش بەرواڵەت خارکی چۆڵ کرد.

---

١- بۆیە دەبوو حوکمرانی بووشێهر لەسەر کار لابەرن، چونکە سووکایەتیی بە نوێنەری دەوڵەتی شکۆمەندی بریتانیای گەورە کردبوو. بریتانیا بۆیە دەیهەویست کە خەڵک بزانن لەسەرچی لایانبردووە هەتا خەڵکی دیکەی پێوە چاوترسێن بن و بۆیان روون ببێتەوە کە نیشتمانخۆشەویستی و خەبات دژی بێگانە، ئەویش ئەگەر کەسەکە ئینگلیسی بێ، ئەمە ئاکامەکەیەتی.

**داگیرسانەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان**

مەکنیل و شاندی نوێنەرایەتیی ئینگلستان، پاش ئەوەی کە محەممەدشا تەواوی مەرجەکانی بریتانیای هێنانەدی. گەڕانەوە ئێران و سەرەتای مانگی شابانی ۱۲۵۷/ ئۆکتۆبری ۱۷٤۱ گەیشتەوە تاران. محەممەدشا زۆر بەگەرمی پێشوازیی کرد لە شاندی بریتانیا و ئەو پەیماننامە بازرگانییەی کە پێشتر نووسرابوو. ڕۆژی ۱۲ی ڕەمەزانی ۱۲۵۷/ ۲۸ی ئۆکتۆبری ۱۸٤۱، لە لایەن حاجی میرزا ئەبولحەسەنخانی شیرازی، وەزیری دەرەوەی ئێران و سێر جان مەکنیل، بالوێز و نوێنەری تایبەتی بریتانیاوە واژۆ کرا.

پەیماننامەی بازرگانی بریتی بوو لە دوو بەش و بەشی یەکەمیان سەبارەت بوو بە ئازادبوونی کاروباری بازرگانی لە نێوان ئێران و بریتانیا و وڵاتانی ژێربالیدا و بازرگانانی دوو وڵاتەکە مافی ئەوەیان هەبوو کە لە ڕێوشوێنی سەبارەت بە دەوڵەتانی «کامیلەتولویداد»ی[1] ئورووپا بۆ دانی گوومرگانە و شتی ئاوا بەهرەمەند بن. دەبوو بازرگانانی هەرکام لەو دوو وڵاتە لە خاکی وڵاتەکەی دیکەدا ماف و ڕێزیان پارێزراو بێ.

لە بەشی دووهەمی پەیماننامەکەدا بەڕاشکاوی نووسرابوو کە دەبێ پاشکۆ یان تیپەستەی بازرگانیی بریتانیا لە تاران و تەورێز بێ و نوێنەری سیاسی هەر بەپێی ڕابردوو لە شاری بووشێهر نیشتەجێ بێ. نوێنەری بازرگانیی بریتانیا دەبوو لە تەورێز خاوەنی پلەی ژەنەراڵ کونسوولی بێ. ئێرانیش هەقی هەبوو کە دوو کەس وەکوو پاشکۆ یان تیپەستەی بازرگانی لە لەندەن و بەمبەئی نیشتەجێ بکا و بەگشتی نوێنەرانی بازرگانیی هەردک لا لە خاکی یەکتردا دەبوو ڕێوشوێنی پەیمانی «کامیلەتولویداد» بیانگرێتەوە.

**

قۆناخی یەکەمی ڕقە و ملانەی سیاسی و کۆلەدارییانەی ڕووسیا و ئینگلیس لە سەردەمی پادشایەتیی محەممەدشادا بە یەکەمین سەرکەوتنی بریتانیا لە ئەفغانستانی باکووری، کە دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری دەیهەویست بە دەست

---

۱- ئەوپەڕی دۆستایەتی. لەو پەیماننامەیەدا، خەڵکی هەردک لا یان چەند وڵاتێک کە بەشداری پەیمانەکە دەبن، دەتوانن لەو ماف و ئازیارییانە بەهرەمەند بن کە بۆ کاروبارێک لەسەری ڕێککەوتوون و هەموو وڵاتەکان دەبێ وەکوو یەک ڕەچاوی بکەن.و.

ئێرانەوە بمێنی. کۆتایی پێهات. لەوی بەولاوە راپەرینی ئاقاخانی مەحەللاتی و هەرای سەید عەلیمحەممەدی باب و ئاژاوەکانی ناوچەکانی خوارووی ئێران بە یاریدە و فیتی پیاوانی بریتانیا، دەرفەتی ئەوەی بۆ محەممەدشا نەهێشتەوە کە بتوانێ لا لە ئەفغانستان بکاتەوە و بەم شێوەیە ئینگلستان توانی بەشێک لە ویستە سیاسی و کۆلەدارییەکانی خۆی بخاتە واری جێبەجێ کردن.

پاش ئەوەی کە ناسرەددینشا لەسەر تەختی دەسەلات پالی دایەوە (١٨٤٨/١٢٦٤)، دەولەتی رووسیا کەوتە شوێن ئامانجەکانی خۆی و سالی ١٨٥٣/١٢٧٠ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەک لەگەڵ ئێران بە دژی عوسمانی، بالوێزی خۆی پرەنس «دالگۆورۆکی»ی راسپارد هەتا بچێتە دیداری ناسرەددینشا و لەسەر ئەم پێشنیارە لەگەلی رێکبکەوێ، بەلام وەکوو باسی کرا ناسرەددینشا دەیویست هەتا لەگەڵ ئینگلیس و فەرانسە و عوسمانی ببێتە هاوپەیمان و بە پالپشتی ئەو یەکییەتییە پەیماننامەی تورکمانچای هەلوەشێنێتەوە. بۆیە پێشنیارەکەی بالوێزی رووسیای قبوول نەکرد. پادشای ئێران بەپێچەوانەی ئارەزووی رووسیا، بالوێزێکی ناردە بارگای عوسمانی و پەیوەندیی دوستانەی لەگەڵ سولتانی عوسمانی پتەوتر کرد و لە کاری لیژنەی چارەسەری ناکۆکییەکانی و دیاری کردنی سنوورانیشدا بە دلی سولتانی عوسمانی جوولایەوە و نەویی کێشا.

هومێدەکانی ناسرەددینشا سەبارەت بە هاوپەیمانی و یارمەتییەکانی ئینگلیس و فەرانسە کە ئەو زەمانی دژی رووسیا کەوتبوونە بەرەی شەرەکانی کریمیوە، هێندەیان درێژە نەکێشا و سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە بریتانیا لەسەر بەلێنی خۆی نەماوە و دەربارەی هەلوەشاندنەوەی پەیماننامەی تورکمانچای پشتی ناگرێ. بۆیە هەلیکردە سەر هەرات و گرتی و ئەم کارە بوو بە سەرەتای دابرانی پەیوەندیی سیاسیی نێوان ئێران و ئینگلستان و شەریان لە مابەینیدا هەلگیرسا.

## گیرانی خارک و قەومانی شەڕی بووشێهر

حکوومەتە ئینگلیسییەکەی هیند کە هەمیشە بۆ وەدی هێنانی مەبەست و ئامانجەکانی لە ئێراندا خێرایەکی دەستی خۆی رەپێش دەدا، بەرلەوەی کە هێزەکانی ئێران بتوانن هەرات بگرن، وردەوردە سپای ساز و تەیار کرد هەتا ببزوون و لە کەناراوەکانی ئێران دابەزن. وای لێهات کە ٢٦ی سێپتامبری ١٨٥٦

هێزی دەریایی و چەکدارانی هیندی و ئینگلیسییەکانی دانیشتووی بەمبەئی بە فەرمانی فەرمانڕەوا ئینگلیسییەکەی هیندووستان بەرەو ئاوەکانی ئێران خوشین و مانگێک دواتر دەوڵەتە ئینگلیسییەکەی هیند چاوی لە ئێران سوور هەڵگێڕا و دوادرەفەتی بۆ ئێران دیاری کرد و باڵوێزی ئەم وڵاتە یادداشتێکی دایە دەست فەرروخخانی وەزیر موختاری ئێران لە بارگای عوسمانی کە تێیدا نووسرابوو:

١- دەوڵەتی ئێران دەبێ بەڵێن بدا کە بێسێودوو تەواوی هێزەکانی خۆی لە هەرات بکێشێتەوە و قەرەبووی ئەو زیان و زەرەدانە بکاتەوە کە بە سەر شارەکە و خەڵکەکەی هاتووە.

٢- دەوڵەتی ئێران دەبێ بەڵێن بدا کە دەقی پێکهاتنێک لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا مۆر بکا و پێویستە تێیدا بنووسرێ کە تازە مافی بە سەر هەرات یان هیچ جێگایەکی دیکەی ئەفغانستانەوە نەماوە. دەبێ بەڵێن بدا کە تازە بیرایبیر دەست وەرناداتە کاروباری نێوخۆی ئەفغانستان و بێگری دان بە سەربەستیی ئەو دەوڵەتەدا دەنێ و ئەگەر هات و لە داهاتوودا ناکۆکییەکیان کەوتە مابەینی. قسەکەی خۆی بەریتەوە لای ئینگلستان و دەبێ ئەوان گرێوگۆڵەکان بکەرەوێنەوە و چارەسەریان بکەن.

٣- دەوڵەتی ئێران دەبێ ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ ئینگلیس بنووسێ و کۆتایی بێنێ بەو ناتەبایی و گرژییانەی کە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەدییان هێناون و دەبێ ڕازی بێ کە دەوڵەتی ئینگلیس لە هەر شوێنێکی ئێران بە بەرژەوەندی بزانێ کۆنسوولخانەی لێ بکاتەوە.

٤- دەبێ لەڕێوە قەرزوقوڵەی کەسانی ئینگلیسی بدرێن و هەر سکاڵا و داوایەکی کە هەیە و ماوەتەوە هەرچی زووە یەکلایی بکرێتەوە.

٥- ڕێککەوتنێک سەبارەت بە «بەندەرعەبباس» و بە ڕەزامەندیی «ئیمامی مەسقەت» کە دۆستی دەوڵەتی ئینگلیسە، سەر بگرێ.

٦- خاوەنشکۆ پادشای ئێران دەبێ سەرۆکوەزیری ئێستا[1] لەبەر سەرەڕۆیی و کاری نابەجێی کە بۆتە ماکەی لێکدابڕانی پەیوەندییەکانی نێوانمان لەسەر کار لابەرێ و کەسێکی وای لە جێی دابنێ کە بتوانێ پارێزەری پەیوەندیی دۆستانەی نێوانمان بێ.

---

١- مەبەستی میرزا ئاقاخانی نوورییە.

پاش ئەوەی کە هێزەکانی ئێران لە ئەفغانستان وەدەرکەوتن و دەوڵەتی ئێران بەڵێننامەیەکی نووسی کە لە ماوەی شەش مانگدا هەموو خاڵە دیاریکراوەکان رەچاو دەکا. ئەوسا وەزیر موختاری بریتانیا لە ڕێوڕەسمێکدا کە پێشتر ڕێوشوێنی بۆ داندراوە و باسی کراوە دێتەوە تاران. ئەم بەڵێننامەیەی کە باسی کرا دەبێ خودی پادشای ئێران مۆری کردبێ و جا پاشان هێزەکانی ئینگلیسی لە ماوەیەکدا کە نەگاتە شەش مانگ دوای گەڕانەوەی نوێنەری بریتانیا بۆ تاران، خاکی ئێران چۆڵ دەکەن.

ماوەیەک پاش ئەم هەڕەشەیە، هەواڵی گیرانی هەرات بە دەست سپای ئێران گەیشتە ئیستانبوول. فەرروخخان مەرجەکانی ئینگلیسی قبووڵ کرد، بەڵام سەبارەت بە تەقاندنی ٢١ گوللە تۆپ[1] ڕایگەیاند کە ئەم ڕێوڕەسمە لە ئێراندا تەنیا تایبەتی پادشایە و دەربارەی «میرزا هاشمخان»یش دواتر قسەی لێ دەکەین.[2] پاشان ڕۆژی ١٢ی سێپتامبر بە ئینگلستانی ڕاگەیاند کە بابەتی لابردنی سەرۆکوەزیر بۆتە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای پێکهاتنیان. ڕەوتی وتووێژەکان هەروا درێژەیان کێشا، بەڵام هیچ ئاکامێکیان لێ نەکەوتەوە.[3]

دەوڵەتی ئینگلیس کە هەمیشە ویست و مەبەستەکانی خۆی لە ڕێی حکوومەتی هیندەوە بە سەر ئێراندا دەسەپاند. لە کاتێکدا چاوی لە ئێران سوور کردەوە و دەرفەتی بۆ دانا. کە هێزەکانی ئەو وڵاتە پاش گرتنی دورگەی خارک، «بووشیهر»یان تۆپباران دەکرد. دواتر کاتێک پەیامی ئاسرەددینشایان سەبارەت بەم هەڕەشەیەی خۆیان پێگەیشت کە گوتبووی: «ئینگلیسی دەیانهەوێ هەرچی هەمانە لێمان بستێنن. بەڵام ئێمە هێندەشمان سووکایەتی بۆ قبووڵ ناکرێ»، هێزێکی زیاتریان بە سەرکردایەتیی سێر جیمز ئۆترام و چەند سەرکردەیەکی دیکەی وەکوو ژەنەڕاڵ «هیڤلاک» نارد بۆ کەناراوەکانی ئێران.

---

١- دەوڵەتی ئینگلیس دەیهەویست وەختایەک باڵوێزەکەی دەگاتەوە ئێران [وەک شادییانە] ٢١ گوللە تۆپ بهاوێژرێ.

٢- میرزا هاشمخان پێشتر یەکێک بوو لە کاربەدەستانی ئێران، بەڵام لێی بە رقدا چووبوون و بە شوێنیدا دەگەڕان و پەنای بردبوویە بەر باڵوێزخانەی ئینگلیس.

٣- دەقی ئەم هەڕەشە و دوادەرفەتەی دەوڵەتی ئینگلیس لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە: شەڕی نێوان ئینگلیس و ئێران ، کاپیتان «هێنت»ی ئینگلیسی، وەرگێڕانی حوسێن سەعادەتنووری.

هێزەکانی ئینگلیس بریتی بوون لە ١٢٠٠ کەس تۆپچی، ٢٧٠٠ سەربازی هیندی و نیزیکەی ٢٧٠٠ چەکداری گەلەجار و پێکەوە جاری یەکەم هێرشیان بردە سەر بووشێهر و دوای چەند ڕۆژێکی دیکە گەمیٔ شەرکەرەکان و کەشتیی گواستنەوەی سەرباز خۆیان گەیاندە ئەو شوێنە. میرزا حەسەنعەلیخانی دەریابەگی، حوکمرانی لەنگەرگاکان کە وادیارە پیاوێکی ناشیاو بوو، ئەگەرچی خەڵکی تەنگستان و سەرکردەکانی تەنگستانی و چاکووتاهی بە گیان و دڵ تێکەوتبوون هەتا دژی هێزی غەواران بکەونە بەربەرەکانی، بەڵام ڕانەسا و خۆی نەدایە. هێندەی پێنەچوو کە میرزا محەممەدخانی قاجار بە خۆی و ١٥هەزار سەربازەوە لە پایتەختەوە هاتە یاریدەی هێزەکانی بووشێهر. شەڕ و تێکهەڵچوونێکی چل ڕۆژە لە شاری بووشێهر و دەوروبەریدا درێژەی کێشا. بەڵام دلێرانی تەنگستانی لەبەر چەکوچۆڵی شەقوشڕیان خۆیان لە بەر چەکداری پەرداخ و تەیاری ئینگلیسی بۆ ڕانەگیرا و ڕۆژی ٢٦ی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٢٧٣/٤ی مارسی ١٨٥٧، بووشێهر گیرا.

بۆ ڕوونبوونەوەی بەرچاوی خوێنەران ئەو بابەتە دەخەینەڕوو کە لە پەراوێزی وەرگێردراوی کتێبی «شەڕی نێوان ئینگلیس و ئێران»دا خۆی دەنوێنێ و کاپیتان «هێنت»ی ئینگلیسی نووسیویەتی:

«... لەو سەروبەندەدا حەسەنعەلیخان دەریابەگی[1] بووشێهر بوو، وەکوو لە ڕووی مێژووی «ڕەوزەتوسسەفای ناسری»یەوە دەردەکەوێ، وادیارە نێوان ناخۆشییەک کەوتۆتە نێوان حوکمران و سەرۆکانی تەنگستانییەوە و ئەوانەی کە بەرەوڕووی ئینگلیسییەکان سنگیان وەپێش داوە هەر تەنگستانی بوون کە تفەنگی پلیتەداریان پێ بووە. لەو تێکهەڵچوونەدا باقرخانی تەنگستانی و شێخ حەسەنی چاکووتاهی و بەتایبەت ئەحمەدخانی کوڕی باقرخان شەڕی یەکجار ئازایانەیان کرد و ٧٤٠ کەسیان لە هێزەکانی ئینگلیس لە خاک و خوێن گەوزاندن. نووسەری کتێبی «نیشتمانخۆشەویستان» دەڵێ لەم شەڕەدا کۆنسوولخانەی ئینگلیس لە بووشێهر نامەیەکی بۆ ئەحمەدخانی تەنگستانی نووسیوە و ناوونی

---

١- لە سەردەمی قاجاراندا، حوکمرانی لەنگەرگاکانی باشووری ئێران ئەم پلەیەیان درابوویە، دەریاسالار یان سەرکردەی دەریایی.و.

لێداوە و هەڕەشەی لێکردووە کە بۆچی هاتۆتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی سپای بەهێزی ئینگلیس. ئەحمەدخانی تەنگستانی لە وەڵامدا نووسیویەتی:

ئەحمەد ئەی ئەوەی کە «شا»ی شەنگانی
بـــا «بیبـــی» بـــەخت بێتـــە هـــاوڕازت
چوار «ئاس»مان پێیە و هەرگیز ناترسێن
لە سێ «لەکاتە» و لە دوو «سەربازـ»ت[1]

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ تەنگستانی بەرگەیان نەگرت و ڕەوین. باقرخان دەڕواتە تەنگستان و لەوێوە دەچێتە لای شوجاعولمولک و ئەحمەدخانی کوڕیشی لە شەڕگەدا تێدادەچێ و ژن و پیاوی دەشتی و تەنگستانی ئاوای شین بۆ دەگێڕن:

دەڵـێن ئـەمڕۆ لـە دەشتسـتان بـەهارە
زەوی بـە خـوێنی ئەحمـەد لالـەزارە
لـە کوێی ئـەی دایکـی پیـری تـا ببینـی
کە ئەحمـەد یەکـتەن و دوژمـن هـەزارە

بەپێی چەند گێڕانەوەیەکی دیکە، ئەحمەدخان و شێخ حوسێن کە هەردووکیان بەراستـی ئاڵاهەڵگـری تـۆرەمـەی نیشتمـانخۆشەویستیی ئێـرانی بـوون، پاش فیداکاری و شەڕ و بەرخۆدانێکی بێوێنە کە دۆست و دوژمن وەباڵیان لەسەر مەزنایەتیی هەردووکیان کێشاوە، دەگێڕن و هێـزی خوێنخـۆر و دێوسرشتی ئینگلیسی بە شێوەیەکی دڕندانە ئەو دوو پیاوە نیشتمانخۆشەویستە دەکووژن.

---

١- ئەم ناوانە لە قوماری پەڕاندا هاتوون و هەرکام دەورێکی تایبەت دەگێڕن. «پەڕ»ی «شا» ڕوخساری شای لەسەرە. «پەڕ»ی «بیبی» دیمەنی ژنی لەسەر چاپ کراوە. «پەڕ»ی «ئاس» تەنیا خاڵێکی لەسەرە (دل، خشت، گشنیز یا پیک). «پەڕ»ی «لەکاتە» یان «لەکات»، یەکێکە لە چوار «ئاس»ەکان و لەسەر دیمەنی ژنێکە. «پەڕ»ی «سەرباز» ڕوخساری سەربازی لەسەر نەخشێندراوە.و.

**گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێک لە سەرچاوەکانی نێوخۆی وڵاتدا**

«جۆنز»ی کۆنسوولی ئینگلیس لە بووشێهر چووە لای حەسەنعەلیخانی دەریابەگی و گوتی چونکە دەبێ بە فەرمانی دەوڵەتی خۆی لەو شارە بکشێتەوە، نێومالّ و شتومەکی ئەسپاردەی دەستی حوکمڕان دەکا. دەریابەگی ڕاسپارد هەتا سپایی نێومالّ و شمەکی هەڵبگرنەوە و پسوولەیەکی بدەنە دەستی. لە سەرەتاکانی مانگی مەولوودا گەمی شەڕکەرەکانی ئینگلیسی بەرەبەرە لە لەنگەرگای بووشێهر نێزیک بوونەوە و لە ماوەی مانگێکدا سی گەمی لەنگەریان گرت. ئەوەی ڕاستی بێ خۆ کاربەدەستانی ئێران هەر بە خەیالیشیاندا نەدەهات کە لەگەڵ ئینگلیس تووشی پێکدادان بن، بەڵام لەناکاو تەماشایان کرد هێزی بریتانیایی لە دەریاوە بەرەگەی لێ ئەنێون.

دەریابەگی هەواڵی چۆنیەتیی پاروبۆخەکەی نارد بۆ شازادە تۆماسب‌میرزا موئەییەدوددەولە، میرهەرێمی فارس و لەنگەرگاکانی باشوور و ئەویش لەرێوە چەند هێزێکی بەرگیفی خۆی ناردن بۆ «دەشتی» و «بورازجان» و کاغەزێکی ئاوای لە دەریابەگی نووسی: «بە سەرکردەکانی سپای ئینگلیس ڕابگەیەنە کە هەرگیز رووی نەداوە دەوڵەتانی مەزن بەبێ ڕەچاو کردنی هیچ یاسا و ڕێسایەک لە پەیمانی خۆیان پاشەگەز بێنەوە و چاو لە مەرجەکانی چەندین ڕێککەوتننامە بپۆشن و پاش پێشێلی بەڵێنەکان، خۆیان لە شەڕ هەڵکەن. ئەوەی ڕاستی بێ ئەوە کار و ڕێبازی تورکمانانە کە لەناکاو دەیکەنە شەڕ و بەبێدەنگیکی پەلامار دەبەن و دۆست و دوژمن ناپارێزن.»[1]

قسەکەی دەریابەگی هەر هیچ بڕی نەکرد و چەند ڕۆژ دواتر دەریاسالاری ئینگلیسی سێر هێنری و نوێنەری دەوڵەتی بریتانیا «ستاکێر» هەرەشەیەکیان بۆ دەریابەگی نارد کە کورتە و پوختەکەی ئاوا بوو:

---

١- ئەگەر رووحی شازادەی قاجار بەرەبەیانی ڕۆژی ٣ی خرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی/١٩٤١ی زایینی لە کەناراوەکانی لەنگەرگای خورەمشار بووبا، جارێکی دیکەش دەیدی کە چۆن هێزی دەریاییی بریتانیای گەورە لەسەر ڕەوت و ڕێبازی تورکمانان، پەلاماری سنوورەکانی ئێران دەدەن و بۆی ڕوون دەبۆوە کە هێژاترین و نیشمانخۆشەویسترین ئەفسەرانی هێزی دەریاییی ئێران چۆن لە خوێنی خۆیان دەگەوزێندران.

ئێمە زۆر بەهێزین و لە پەلامارێکدا شارەکە دەکەینە خاک و خۆڵەمێش. لە ئەمڕۆوە هەتا سبەی دەرفەتوو هەیە هەتا ژن و زارۆک و ئەوانەی چەکیان پێ هەڵناگیرێ لە شار دەرباز بکەن. هەڵبەت ئەگەر خەڵکی شار و دەریابەگی بێن و بلالێنەوە و سەرمان وەبەربێنن، بە سەلامەتی بۆی دەردەچن. نیشانەی سەروەبەرهێنانیش وەختایەک دیاری دەکا کە ئەگەر ئێمە ویستمان بەرەو قەلا بڕۆین، ئەوان ئەو ئالایەی کە بەرەوڕووی «چواربورج» چەقاندوویانە، داییگرن. هەر ئەوەی کە خۆیان بە دەستەوە دا ئێمەش ئاوایان لەگەڵ دەجووڵێینەوە:

١- ئێمە دەست نایەین بۆ ماڵ و سامانی کەس، بەلام دەبێ سەرلەبەری تۆپخانە، جبەخانە، چەکوچۆل و هەرچی سەبارەت بە دەولەتی ئێران بە زیندەماڵ و مردەماڵەوە هەمووی بدرێتە دەست ئێمە.

٢- دەبێ تەواوی هێزەکانی ئێران لەو ناوچەیە چەکیان دامالدرێ و بلاوەی بکەن و فەرماندەکانی ئێرانیش پێویستە کە بە نیشانەی پێملبوون شمشێرەکانیان بدەنە دەست ئێمە و دەچنە هەر جێیەکی ئازادن. هەموو لایەک دەبێ بزانن کە ئێمە لەگەڵ حکوومەتی ئێران تووشی شەر هاتووین، بەلام دوژمنایەتیمان لەگەڵ خەلک نییە و هەر کەس بیهەوێ پارێزراو بێ، دەبێ بێتە ژێر داڵدەی حکوومەتی بریتانیاوە.

دەریابەگی کە هێشتا لە پایتەختەوە فەرمانی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی بۆ نەهاتبوو، خۆی بە خەیاڵیدا هات کە بێ و کەلالەیەکی بەربەرەکانی دابرێژێ؛ بەلام لەو کاتەدا چ بەئانقەست و چ بێئانقەست، تووشی هەڵەیەک هات و لەخۆوە ناردییە شوێن باقرخانی تەنگستانی کە بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئینگلیسییەکان لە جەنگەی خۆیدا لە «دالکی»یەوە هەڵیکوتابوویە سەر «بەهمەنی». ڕاپێچەکردنی خانی تەنگستانی بۆ بووشێهر هەنگاوی بەرێوجێی ئەو سەرکردە ئازایەی کردەوە بە هیچ؛ بەلام هەرکە باقرخان گەیشتە بووشێهر، تۆپخانەکەی لێوەرگرت و تێزەی لێکرد کە خێرا بگەڕێتەوە بۆ «بەهمەنی». باقرخان برازایەکی خۆی ناردە لای دەریابەگی و گوتی: «ئەگەر نەتدەهێشت ئێمە لە بووشێهر بمێنینەوە، بۆچی بانگت

کردووین و ڕێی کارت لێ گرتووین؟ چونکە من ئەمشەو دەمتوانی دە مەتەریێزان لە بەرامبەر دەژمناندا لێ بدەم. دەریابەگی گوتی ئەمە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بوو.»[١]

لە ڕووی ئەو بابەتەوە کە لە ناسیخوتتەواریخدا سەبارەت بە شەڕی «بەهمەنی» نووسراوە، ئازایەتی و چاونەترسیی سەربازانی تەنگستانی و سەرکردەی ئەویندراری نیشتمانیان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

«هێزەکانی ئینگلیسی ڕۆژی دووشەممۆ ٩ی ڕەبیعی دووهەم لە «حەلیلە»ی دوو فرسەخیی بووشێهر لە گەمییەکانیان دابەزین و ٣٠ تۆپی نۆ، شەش، پێنج و چوار پۆندییان هێنایە ویشکانی و هەشت لقە سەربازی هیندی، سیندی، بەلووچ، عەرەب و ئینگلیسی لە دەریاوە دابەزین و هاتن. لە یەکەم پەلاماردا ئەو سەت کەس تفەنگدارەی کە لە حەلیلە دامەزرابوون شکان و بە تاوەبارانی تۆپان ڕاویان نان. پەلاماردەران سێشەممۆ لەوێ مانەوە و شەوەریان کرد و ڕۆژی چوارشەممۆ شەش لقە سەرباز و هەزار سوار و سی تۆپ بەرەو قەلای بەهمەنی وەرێکەوتن کە شەش کیلۆمیترێک لە بووشێهرەوە دوورە. لە جەنگەی خۆرهەلاتندا گەیشتنە پەنا قەلا. ڕاست لە تاریکوڕوونی بەیانیی ئەو ڕۆژەدا باقرخان لە بووشێهرەوە گەیشتە ئەو شوێنە و هێشتا وچانی نەدابوو کە شەڕ هەلگیرسا و باقرخان و ئەحمەدخانی گوری و شێخ حەسەنی چاکوتاهی بە خۆیان و چوارسەد چەکدارەوە. لە کەمی خۆیان و زۆریی دوژمن نەترقین و دلەخورپە داینەگرتن و وەکوو شێرانی شەڕانی بەرەو شەرگە گورمیان بەست. لە دوو لاوە گوللەی تۆپ و تفەنگ داباری و گەمی گەورەکانی ئینگلیسیش بە دەریادا تێپەرین و بەرەوڕووی قەلای بەهمەنی لەنگەریان گرت و بە تۆپی ٦٦ پۆندی قەلایان داگرت و لە دەر و دەریاوە شەڕ هەلگیرسا. باقرخان و پیاوەکانی وەک کەلان ڕاوەستان و لە جەنگەی تاوهەلاتەوە هەتا نیوەی ڕۆژ ئاوری شەڕ هەر گرفەی هات و شەرگە وای تەنگ پێهەلچندرا کە ئێرانی بە شیری ڕووتەوە هەلیانکردە سەر ئینگلیسییەکان و قەلتوبڕیان تێخستن. سوارانی ئینگلیس لە چوار بالانەوە دەورەیان گرتن و تۆپەلە

---

١- «سەرکردەکانی ئینگلیسی بۆ ئەوەی کە گەورەپیاوانی فارس بەتایبەت حاجی قەوامولمولک لە لای پادشا ناحەز بکەن، گوتیان خۆ ئێمە بووشێهرمان بە زەبری چەک نەگرتووە، بەلکوو سیهەزار تمەنمان یاربووی دەریابەگی کردووە هەتا ئالای ئێران دابگرێ و شارەکە بە دەستەوە بدا.» بڕ: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ٣، قاجارییە.

ئاوریان هاویشتە نێو ریزی قۆشەنی ئێرانی هەتا بیانخافڵێنن و سەریان لێ بشێوێنن، بەڵام دیسانیش پشتیان لە دوژمن نەکردەوە و ٧٤٠ کەسی سپای نەیاریان لە خوێن گەوزاند و دەستیان بە سەر٥ تۆپدا گرت و بێجگە لەمانەش ٥٠ ئەندازیار و پزیشک و سەرکردەیان تێداچوون و ژمارێکی زۆریشیان کەوتە سەر دەستی. ٧٢ کەس لە خزمانی باقرخان و ٦٠ چەکداری دیکەشی کوژران.»

پاش زاڵبوونی هێزی داگیرکەری بریتانیا بە سەر بووشێهردا، حەسەنعەلیخانی دەریابەگی و مەهدیخانی سەرهەنگ و میرزا رەزا مونشی چوونە دیداری هێزی پەلاماردەر و لێیان بوو بە دەمەقرە و قسەی توندوتیژیان کەوتە نێوان. بە فەرمانی پایەبەرزانی ئینگلیسی، حوکمڕانی ئێرانی و حەوت کەسی هاوڕێی وەکوو یەخسیری شەڕ نێردرانە بەمبەئی و لە بووشێهر حکوومەتی سەربازی ڕاگەیاندرا و بانگەوازێکی ئاوا بۆ خەڵک بڵاو کرایەوە:

١- سپای ئینگلستان شاری بووشێهری گرتووە و لە ئەمڕۆ بەولاوە بەپێی ڕێوشوێنی سەربازی بەڕێوە دەچێ، هەر چەشنە دژایەتییەک لەگەڵ سپای سەرکەوتوو سزادرانی قورسی بە شوێنەوە دەبێ.

٢- هەر کەس چەکی هەیە دەبێ بیداتە دەست سپای باڵادەست و کەس نابێ چەکی پێ بێ. هەروەها کڕین و فرۆشتن و خواردنەوەی ئارەق و شەراب قەدەغەیە.

٣- کۆیلەفرۆشی بەتەواوەتی قەدەغەیە و کەس هەقی ئەوەی نییە کە غوڵام و کەنیز بێنێ بۆ شار یان بیباتە دەرەوە و لەوەی بەم لاوە هەموو کۆیلەکان سەربەست و ئازادان.

٤- ئەوانەی پێیانخۆشە لە شاری خۆیان بمێننەوە، ئینگلستان باڵی پاراستنیان بە سەر دەکێشێ و کڕین و فرۆشتن ئازادە و کاسپکاران دەبێ دووکانەکانی خۆیان بکەنەوە.

٥- ئەو گەمییەوانانەی کە دەگەنە بووشێهر و دادەبەزن و دەیانهەوێ بێنە نێو شارەوە دەبێ چەکەکانیان بدەنە دەست پاسەوانانی ئینگلیسی و ئەگەر گەڕانەوە لێیان وەربگرنەوە.

٦- هەر کەس لە کاری دینیی خۆیدا ئازادە و دەوڵەتی ئینگلیس دالخلی بە سەر دین و مەزهەبی خەڵکەوە نییە.

٧- سەرپێچی و تاوانی بچووک بەپێی یاسای دادگای سەربازی سزایان بۆ دەبردرێتەوە. بەڵام درانی حوکم دەربارەی ئەوانەی کە تووشی تاوانی گەورە دەبن. لە ئەستۆی سپاسالاری هێزی سەرکەوتوویە.

**شەڕی موحەممەرە و ئەهواز**

سەربازگەی موحەممەرە (خورەمشار) کە شازادە خانلەرمیرزا ئیحتیشاموددەولە سەرۆکی بوو. لە ڕۆژی ٨ی مارسەوە بەرەورووی هێزی پەلاماردەری ئینگلیسی بۆوە کە بە گەمێی شەڕکەرەوە هاتبوونە زارکی یەکاوی عارەبان. لە ڕۆژی ٢٦ی مارسەوە گەمێی سێمیرامیس، هەژدیها، فیرووز، ئاسی، ڤیکتۆریا و فالکلەند دەستیان کرد بە خۆمپارەبارانی موحەممەرە و تۆپخانەی ئێرانیش وڵامی دانەوە و بە زەبری خۆمپارە و نارنجۆک تەنگیان بە هێزی داگیرکەران هەڵچنی و کارێکی وایان کرد کە لە گەمێی گەورەی ڕاگواستنی سەربازەوە خۆیان باوێنە نێو بەلەمی تێژاژۆ.

شەڕێکی سامناک بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێری بێبڕانەوە لە نێوان سپای ئێران و هێزی پەلاماردەری ئینگلیسی و هیندیدا درێژەی کێشا و سەرەنجام تۆپبارانی گەمییان و تەوژم و پاڵپەستۆی هێزی پەلاماردەر و سستەسستی چەند سەرکردەیەکی ئێرانی، شکستیان بە سەر شانی سپادا هێنا. خانلەرمیرزا تێکرای جبەخانە و تەنانەت بارگە و بنە و خێوەتەکانی سپای بەجێهێشت و موحەممەرەی دایە دەستی دوژمن و بەرەو ئەهواز کێشاوە و هێزی ئینگلیس ڕۆژی ٢٧ی مارس شارەکەی گرت.

دوای گیرانی موحەممەرە، ژەنەراڵ ئۆترام سەرکردەی هێزی پەلاماردەر، سێسەت سەرباز و چەند ئەفسەرێکی بە سواری سێ بەلەمەوە بە ڕووباری کاروونڕدا ناردە ئەهواز و سێ گەمێی شەڕکەر کە هەرکامیان یەکی دوو تۆپی ٢٤ پۆندییان لەسەر دابەسترابوو وەک پشتیوان کەوتنە شوێنیان. شازادە خانلەرمیرزای سپاسالاری ئێرانی ئەگەرچی پتر لە ٩هەزار سەرباز و تۆپخانەی تەیاری بە چنگەوە بوو، شارەکەی چۆڵ کرد و بەرەو شووشتەر ڕۆیی.[1] پاش ئەم

---

١- «خانلەرمیرزا لەو شەڕەدا خۆی بوارد و بە لێنەوەشاوە دەرچوو، بەڵام سەیر ئەمەیە ماوەیەک دواتر کە هێزەکانی نێردراو بۆ کەنداوی فارس لە تاران کەوتنە بەر شەپۆلی←

ڕەوینە. هێزی ٣٠٠ کەسەی ئینگلیسی بێ تەقە و تێکهەڵچوون شارەکەیان گرت و بەم شێوەیە سپای ئینگلیس توانی خارک، بووشێهر، موحەممەرە و ئەهواز و ماوەیەک دواتر «بورازجان»یش بگرێ کە کەوتۆتە سەر ڕێگای بووشێهر بەرەو کازێروون و شیراز (شابانی ١٢٢٧ی ک/ ٣ی ئاوریلی ١٨٥٧ی ز).

## پەیماننامەی پاریس (١٢٧٣ی ک/١٨٥٧ی ز)

هەواڵی هەڵکشان و بەرەوپێشچوونی پەلاماردەرانی ئینگلیسی لە باشوور، ترووسکەی هیوای لە دڵی ناسرەددینشا بڕی و هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە خۆی بۆ ناگیرێ. پادشای ئێران لەو بارودۆخەدا ملی ڕاکێشا بۆ تەواوی مەرجەکانی ئەو پێکهاتنەی کە هەموو بەند و بڕگەکانی هەر بە قازانجی سیاسەتی داگیرکەرانەی ئینگلیس بوو. ناسرەددین شا فەرمانی دا بە باڵوێزی خۆی لە پاریس کە وا باشە بە مەبەستی برانەوەی شەڕ و بەسترانی پەیماننامەیەک لەگەڵ باڵوێزی ئینگلیس بکەوێتە گوفتوگۆ. ئێستا لێرەدا دەچینە سەر دەقی ئەو پەیماننامە بێفەڕەی کە زانای خوداڵێخۆشبوو عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی وێڕای نووسینی پەراوێز لەسەر کتێبی «شەڕی نێوان ئینگلیس و ئێران» تۆماری کردووە.

«پەیماننامەی پاریس کە ڕۆژی ٤ی مارسی ١٨٥٧ لە نێوان فەڕرووخخانی ئەمینولمولک، گەورەباڵوێزی ئێران و لۆرد کۆڤلی گەورەباڵوێزی ئینگلیسیی دانیشتووی پاریسدا نووسراوە. ناپلئۆنی سێیەمی ئیمپراتۆری فەرانسە و وەزیری دەرەوەی ئەم دەوڵەتە تێیدا بوونە کەیخودا و نێوبژیوان.

لە سەرەتادا ئینگلیس پێیخۆش بوو کە ڕووسیا ببێتە کەیخودا و نێوبژیوانی پێکهاتنیان. بەڵام چونکە فەرانسەوی دەیانەویست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئێرانییەکان خۆیان کارەکە ڕاپەڕێنن و لە ماوەی مانەوەی ئەمینولمولکدا لە پاریس

---

تیر و ئانە و ئاڵقمیکیشیان سزا دران. ناسرەددینشا لەبری ئەوەی لێی تووڕە بێ و سەرکۆنەی بکا خەڵاتی کرد و شمشێرێک و باڵاپۆشێکی ئاوریشمی دایە.» بڕ: شەڕی نێوان ئینگلیس و ئێران.

رابێرت گرانت واتسۆن نووسیویەتی: «بەڵام پایەبەرزی هێژا خانلەرمیرزا سەرەرای کاری ترسەنۆکانە و بێوورەیی، خۆی گەیاندە سەرۆکوەزیر و هەشتهەزار لیرەی ئینگلیسیی بەرتیل دایە و کاری تێکرد و لەجیاتی ئەوەی تەمێ و سەرکۆنە بکرێ، پادشا دەستی ڕێزی لێنا و شمشێرێک و باڵاپۆشێکی ئاوریشمی باربوو کرد.»

زۆر بەگەرمی بە دەورەیدا هاتبوون. وایان لێکرد هەتا خودی ناپلیۆنی سێیەم و دەوڵەتی فەرانسە بکاتە کەیخودای نێوانیان. ئەمینولمولک و دەوڵەتی ئێرانیش نێوبژیوانیی فەرانسەی بێلایەنیان لە کەیخودایەتیی رووسیا پێ باشتر بوو؛ هەر بۆیە دوای دیدار و وتووێژی نێوان وەزیری دەرەوەی فەرانسە و لۆرد کۆڤلی بالوێزی ئینگلیس لە پاریس و چاوپێکەوتنی نێوان نوێنەری ئێران و ئینگلیس، لۆرد کۆڤلی بە مەبەستی نووسرانی پەیماننامەیەک ئەمینولمولکی بانگهێشتن کرد بۆ لەندەن. بەڵام بالوێزی ئێران گوێی پێویست ناکا و وا باشترە کە هەر لێرە و بە چاوەدێریی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە بکەوینە وتووێژ. نوێنەری ئێران قسەکەی بۆ چووە سەر و گوفتوگۆ دەستی پێکرد و پاش چەندین جار کۆبوونەوە پەیماننامەی پاریس ـ کە بریتییە لە ١٥ بەند، رۆژی ٧ی مانگی رەجەبی ١٢٧٣ی ک/٤ی مارسی ١٨٥٧ی زایینی ـ لە لایەن نوێنەرانی ئێران و ئینگلیسەوە واژۆ کرا و دەقە واژۆکراوەکان بە مەبەستی پەسند کردنی دوو دەوڵەتەکە نێردرانەوە لەندەن و تاران و مانگی مەیی ساڵی ١٨٥٧، لە بەغدا ئاڵوگۆڕ کرانەوە.

بەگوێرەی بەندی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەم پەیماننامە شووم و بێفەرە، دەوڵەتی ئێران بەڵێنی دا کە تەواوی هێزەکانی خۆی لە خاکی هەرات و ئەفغانستان بەرێتەدەر و دەست لە هەر چەشنە داوایەک سەبارەت بە فەرمانڕەوایەتیی خۆی لە هەرات و ئەفغانستان هەڵبگری. ئێران نابێ هیچ داوایەک لە سەرۆکانی هەرات و ئەفغانستان بکا کە سکەی بە ناوی لێ بدەن یان خوتبەی بە ناوی پادشایەوە بخوێننەوە یان پیتاکی بۆ بنێرن و دەبێ تازە دەست وەرنەداتە نێو کاروباری نێوخۆی ئەفغانستان و پێویستە دان بە سەربەخۆیی هەرات و ئەفغانستاندا بێنێ و خۆی لە تێکدانی سەربەستیی ئەو هەرێمانە بپارێزێ. ئەگەر وا هات و ناکۆکییەک کەوتە نێوان هەرات و ناوچە و مەڵبەندەکانی دیکەی ئەفغانستان، دەبێ ئەم دەوڵەتە دەستەبەر بێ کە ئینگلیس بکاتە کەیخودای برانەوەی کێشەکانی نێوانیان و ئەگەر رۆژایەکیش ئێران ناچار بوو کە بۆ دەمکوت و راونانی پەلاماردەرێکی ئەفغانی بکەوێتە پەیکەردەی و سنووری ببەزێنێ، دەبێ پاش برانەوەی هەرا و ئاژاوەکە بکشێتەوە و نابێ هەقی ئەوەی هەبێ کە شارێک یان بەشێک لە خاکی ئەفغانستان بۆ هەمیشە بخاتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی.

وەکوو بۆتان روون دەبێتەوە بەپێی ئەم پەیماننامە شومە، هەرات بە یەکجاری لە ئێران دابڕا و ئەفغانستانیش بە ناوی سەربەخۆیی لە جەغزی دەسەڵاتی پادشایانی ئێراندا نەما.

کاتێک دەقی ئەم پەیماننامەیە گەیشتە تاران و میرزا ئاقاخانی مەزنەوەزیر تێیفکری و زانی کە ئینگلیسییەکان وەکوو پێشوو سوور نین لەسەر لابردنی و هیچ قسەیەکیان نەدرکاندووە، لەڕێوە شوکری خودای بەجێهێنا و [لە دڵی خۆیدا گوتی] ئەگەر هەرات و ئەفغانستان لە دەست چوون، خۆ ئەو لە پلەی خۆیدا ماوەتەوە و پادشایان هەڵنەپێچاوە کە لای بەرێ. وەکوو دیارە بەختەوەرانە ئەم کەیفسازبوونەی هێندەی نەکێشا، چونکە ناسرەددینشا لەبەر شپرزەیی و بێسەرەوبەرەیی کاران لە سەردەمی مەزنایەتیی ئەودا، وەخۆ هاتەوە و ساڵی ١٨٥٨ی زایینی، ئەویشی وەک ئەمیرکەبیر لەسەر کار لادا و خۆی هەوساری کاروباری وڵاتی بە دەستەوە گرت و میرزا ئاقاخان لەو رۆژەوە بەدوا تازە خۆشیی لە خۆی نەدی و لە ناکامی و چارەڕەشیدا سەری نایەوە.»

**

پەیماننامەی پاریس زەبرێکی قورسی دیکە بوو کە داهاتە بەژن و باڵای سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی ئێران. بەکورتی دەکرێ بڵێی کە بەسترانی ئەم پەیمانە بە باری پێشێلکردنی ماف و بەزاندنی جەغزی رێوشوێنی وڵاتێکی سەربەخۆی ئازاددا چی وای لە پەیماننامەی تورکمانچای کەمتر نەبوو. بەپێی ئەم پێکهاتنە وڵاتی ئێران زۆر چاک وێکهات و لە چووکبوونەوەیدا گەیشتە پەڕی ئەوپەڕی. ئینگلستان یەکجار بەدەستوبرد و شارەزایی تێکەوت و لە هەلێکی ئاوا ناسکدا کە بزووتنەوەی خەڵکی هیند دژی داگیرکەرانی چەوسێنەری ئینگلیسی دەستی پێکردبوو، گوردی خۆی گرت. لەو بارودۆخەدا کە مەترسییەکی ئاوا گەورە بەرۆکی بریتانیای گرتبوو، پیاوانی سستەکە و بێدەسەڵاتی وەکوو حاجی محەممەدعەلیخانی شوجاعولمولک و خانلەرمیرزا و کەسانێکی ناجوامێر و هیچکەوپووچکە و بوودەڵە رێگایان بۆ ئینگلیس تەخت کرد.[1] خۆپەرستیی کەسانێکی

١- بەپێی گێڕانەوەی چەند سەرچاوەیەکی نێوخۆ، ئینگلیسییەکان پاش گرتنی بووشێهر هەموو رۆژێ پێنج سندووقی گەورەیان لە گەمییەکانەوە رادەگواستە قەراخ دەریا و وایان دەنواند کە هەموویان پڕن لە سکەی زێڕ و هەر کەس یاریدەیان بدا زێڕوەشانی دەکەن.←

وەک میرزا ئاقاخانی نووریی سەرۆکوەزیر و سەرەنجام ترس و دڵەراوکە و زراوچوونی ناسرەددینشا[١] کە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی پێ لە هەموو شتێک سەرتر بوو، ئامانجەکانی ئینگلستانی وەدی هێنا و دابڕانی ئەفغانستان لە ئێران و گاڵەدرانی دەروازەی هیند بە ڕووی دەوڵەتی ڕووسیادا گەیشتە ئاکام. لەو کاتەوە بەولاوە دەسەڵاتی دەریاییی ئینگلیس بەبێگرێ لە سەرتاسەری کەنداوی فارس و دەریای عوممانێدا باڵی ئەنگاوت و دەروازەی بازرگانیی دەرەوەی ئێران لە کەنداوی فارس کە تەنیا دەراوی دەریایی ئازادی ئێران و تاقە ڕێگای پەیوەندیی بازرگانیی ئەم وڵاتە بوو لەگەڵ دنیا، کەوتە چنگ ئینگلستان.

## پەرەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی ئینگلستان لە ئێراندا

ئینگلستان پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەی کە لە بەسترانی پەیماننامەی پاریس وەدەستی هێنا، خۆی هەڵبرییەوە هەتا سەرەڕای پاراستنی دەسکەوتەکانی، گەشە و پەرە بە سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی بدا و بشاوانی چاک بشێلی لە ئێراندا. ئینگلستان هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی فەتحعەلیشاوە بەم ڕەوتەدا هەنگاوی دەنا و دەیزانی کە پادشایانی قاجار بە باری سەربازی و سیاسیدا لە دوورگە و لەنگەرگاکانی کەنداوی فارس چەندە کول و کۆڵن و وای لێهاتووە کە تاقمێک لە شێخە عەرەبەکانی هەرێمەکە کەوتوونە سەر هەوای سەربەستی و پێداچوونەوە و لێکدانەوەی ئەم پرس و بابەتانە خۆی پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆیە و ئێمە لێرەدا تەنیا کورتە و پوختەی پێشینەی تەنینەوەی دەسەڵاتی ئینگلستان لە کەنداوی فارس دەخەینە بەرچاو.

بەشداربوونی کاریگەری کەمی شەرکەرەکانی کۆمپانیای ئینگلیسی بۆ لێدان و دەرپەڕاندنی پۆرتوگالییەکان لە بەندەرعەبباس و دوورگەی هورمز لە سەردەمی پادشایەتیی شاعەباسی یەکەمی سەفەویدا و دوابەدوای وی وەرگرتنی ئیزنی

---

ئەم کارە هەتا پێنج ڕۆژان، کە دەتوانن مەردازایانی تەنگستانی لە قەڵاتی بەهمەنی بیەزینن، درێژەی دەبێ، بەڵام هیچکەس چاوی بە تاقە سکەیەکی زێڕیش ناکەوێ.

١- ناسرەددینشا لەو هەرایەدا گەلێک نامەی نووسین و زانایانی دینیش فەرمانی جیهادیان دا و شا بەراشکاوی گوتی کە هەرگیز سووکایەتیی بە سەر شانی خۆی ناهێنێ، بەڵام ئەگەر فەتحعەلیشا لانیکەم چاروبارە بۆ یاریدەدانی هەباسمیرزای کوڕی بەشداری شەڕان دەبوو، ناسرەددینشا تەنیا جارێکیش لە تاران وەدەرنەکەوت.

کردنەوەی چەند بنکەیەکی بازرگانی لە کەناراوەکانی کەنداوی فارس. بوو بە سەرەتای ڕەگاژۆی سیاسی و کۆلەدارییانەی بریتانیا لەم ناوچانەدا.

نادرشای ئەفشار پاش ئەوەی کە توانی هێمنایەتیی نێوخۆی وڵات و سنوورەکان دابین بکا و رووس و عوسمانییەکان لە ئێران وەدەربنێ. هاتە سەر ئەو بڕوایە کە هێزی دەریایی لە دەریای خەزەر و کەنداوی فارس پێک بێنێ. پادشا لە دەریای خەزەر گەمێی شەرکەرکردنی داکوتان و بە ئاوی دادان و فەرمانی دا کە دار و تەختەی پێویست بۆ سازاندنی گەمی لە لێرەوارەکانی باکووری ئێرانەوە بەرن بۆ کەنداو و کاری سازکردنی جێلەنگەر و گەمی ڕێکوپێک بکرێ؛ لەگەڵ ئەم کارانەشدا دوو گەمێی لە هولەند و دووی لە ئینگلیسییەکان کڕی و لەنگەرگای بووشێهری کردە نێوەندی هێزی دەریایی ئێران لە کەنداو؛ بەڵام کوژرانی نادرشا و تەنینەوەی هەرا و ئاژاوەی سیاسی بوونە ئاستەنگ لەسەر ڕێگای وەدی هاتنی ئەم ئامانجە بەرزە. لە تەواوی سەردەمی حکوومەتی زەندان‌دا بنکە بازرگانییەکانی ئینگلیسی و هولەندی بە ئازادی لە دوورگە و لەنگەرگاکانی کەنداو و شارەکانی شیراز و ئیسفەهان درێژەیان بە کارەکانی خۆیان دا.

کەریمخانی زەند بە هەست و هانی بێوچان و کوڵنەدانی، دەستی لە ڕێبازی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ئێران لە نێو ئاوی کەنداو و دوورگە و لەنگەرگانی خۆی بەتایبەت بەحرەین هەڵنەگرت و هەر ئەو ڕچەیەی کوتا کە نادرشا خۆی لێهەڵکردبوو. وای لێهات کە کاربەدەستە ئینگلیسییەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی سەریان وەبەر ویستی پادشای زەند هێنا و پێیان لێنا کە ئاوەکانی کەنداو و دوورگەکانی بەحرەین کەوتوونە نێو جەغزی قەڵەمڕەوی ئێران؛ بەڵام ئەو بارودۆخە شێواوە سیاسییەی کە دوای مردنی کەریمخانی زەند باڵی بە سەر هەرێمەکە کێشا. جارێکی دیکە دەرفەتی بۆ کاربەدەستانی کۆمپانیای ئینگلیسی ڕەخساند هەتا بە ڕێبازی پەرەی دەسەڵاتی خۆیان‌دا برۆن لە کەنداو.

ڕکەبەری مکوڕی ئینگلیسییەکان لە کەنداو هولەندییەکان بوون و ئەوانیش هاوشێوەی ئینگلیسییەکان لە بەندەرعەبباس خاوەنی بنکەی بازرگانی بوون و بۆ پاراستنی ماڵ و سامان و خەڵکانی خۆیان هێزێکی چەکداریشیان بە دەستەوە بوو. لەم لەنگەرگایە و دوورگەی هورمز. هەمیشە تێکهەڵچوون هەبوو لە نێوان شێخانی عارەب و چەتەکانی دەریایی و پیاوانی ئینگلیسی و هولەندی‌دا. ساڵی ١١٧٢ی ک/

۱۷۵۸ی ز. ئەو دەمەی کە کەریمخانی زەند توانی ڕقەبەرانی دەسەڵاتی بشکێنێ و حکوومەتی سەربەخۆی دادەمەزراند. لە بینا و خانووبەرەکانی بەندەرعەبباس هەر تەنیا بنکەی بازرگانیی ئینگلیسی و هولەندی بە پێوە مابوون. لەو سەروبەندەدا ئینگلستان و فەرانسە لەسەر زاڵبوون بە سەر شێوەکیشوەری هیندا کردیانە شەڕ و هەرا. ساڵی ۱۷۵۹/۱۱۷۲ چوار گەمیێ فەرانسەوی لە بەندەرعەبباس نێزیک بوونەوە و بنکەی بازرگانیی ئینگلیسییەکانیان دایە بەر تۆپان و خاپووریان کرد و ئینگلیسییەکانی دانیشتووی ئەوێیان بە دیل گرتن. لەوی بەو لاوە ئینگلیسییەکان نێوەندی بازرگانیی خۆیان بردە بەسرە کە بە دەست دەوڵەتی عوسمانییەوە بوو، دە ساڵ دواتر هولەندییەکانیش چوونە ئەو لەنگەرگایە.

پاش ئەوەی کە ئینگلیسییەکان ئاسۆیەکی ڕوونیان بۆ مانەوەیان لە بەندەرعەبباس بەدی نەکرد و ڕاکوێزرانە بەسرە، ساڵی ۱۷۶۳/۱۱۷۷، کەریمخانی زەند ڕێگەی دان هەتا نێوەندێکی بازرگانی لە بووشێهر دامەزرێنن و بەرەبەرە کاروباری بازرگانیی ئەوێیان کردە پاوانی خۆیان. کەریمخان کە زۆر هۆگری پەرەی بازرگانی بوو، بەڵام هیچی لە ویست و ئامانجە سیاسییەکانی ئینگلیسییەکان نەدەزانی. زۆر چاکی ڕێگا بۆ بنکەی بازرگانیی ئینگلیسی لە بووشێهر خۆش کرد و یاریدەی دا. لە لایەکی دیکەوە هولەندییەکانیش ساڵی ۱۱۶۷ی ک/۱۷۵۳ی ز. کە ڕۆژگاری گێرە و کێشە بوو لەسەر تەختی دەسەڵاتی ئێران، بە ئیزنی خانی «بەندەرڕیگ» نێوەندێکی بازرگانییان دامەزراند و چونکە وردەوردە کاروباریان لە بەندەرعەبباس و بەسرە لەچاو ئینگلیسییەکان ڕمێنی جارانی نەما، بەندەرڕیگیان کردە نێوەندی سەرەکیی کاروباری بازرگانیی خۆیان. بەڵام ساڵی ۱۱۸۰ی ک/ ۱۷۶۶ی ز. میر مەهناخانی بەندەرڕیگی بۆ هەمیشە لەو لەنگەرگایەی دەرکردن و هولەندییەکان بۆ هەمیشە لە کەنداوی فارس تاریێدران و ئینگلیسی بێ ڕقەبەر مانەوە.

لە قۆناخی کێشمەکێشی نێوان جێنشینانی کەریمخانی زەند و سەرۆکانی خێڵی قاجاردا، بەتایبەت لە سەردەمی شەڕ و تێکهەڵچوونە درێژخایەنەکانی لوتفعەلیخانی زەند لەگەڵ ئاغامحەممەدخان، ئاڵوگۆڕێک لە کەنداوی فارسدا بەدی هات کە دیپلۆماسیی بریتانیا بە قازانجی خۆی کەڵکی لێوەرگرت. دەوروبەری ساڵی ۱۷۸۳/۱۱۹۸، عەرەبەکانی «عوتەبی» لە دوورگەوالەی عەرەبستانەوە

هەڵیانکوتایە سەر دورگەکانی بەحرەین و سەربازی ئێرانیان لەوێ دەرپەڕاندن و «عومان»یش لە ژێر دەسەڵاتی ئێران دەرکێشرا. سەید سوڵتانی ئیمامی مەسقەت، ساڵی ١٧٩٢/١٢٠٨، توانی دەست بە سەر لەنگەرگاکانی دەوروبەر و دورگەی قیشم و ناوچەی «گوادەر»ی مەکران و لەنگەرگای «چابەهار»دا بگرێ. دەوڵەتی ئینگلیس کە بوونی شێخانی سەربەخۆ و کۆمەڵێک میرنشینی بچووکی لە کەنداو بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی خۆی بە قازانج دەزانی و هەرگیز نەیدەویست کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لە کەنداو سەقامگیر بێ، دەرگای پەیوەندیی ئابووری و سیاسیی لەگەڵ ئیمامی مەسقەت و شێخەکانی دیکەی کەنداو دامەزراند و لە راستیدا باڵی پاراستنی بە سەر حکوومەتی ئیمام کێشا. لە قۆناخی کورتی فەرمانڕەوایەتیی ئاغامحەممەدخاندا کە هەمووی بەختی شەڕ و تێکهەڵچوون کرا لەگەڵ لوتفعەلیخانی زەند و خوازیارانی دەسەڵات لە قەفقاز و خوراسان و دەرکێشانەوەی قەفقاز لە ژێر چنگی رووسیا، هیچ مەودایەک بۆ خوردبوونەوە لە دورگە و لەنگەرگاکانی کەنداوی فارس نەما. کاربەدەستانی بریتانیا کیسیان لەو بارودۆخە و گیروگرفتەکانی فەتحعەلیشا هێنا کە لەگەڵ رووسیا شەڕی دەکرد و ئەوەندەی بۆیان کرا لە کەنداو پەرەیان بە برشتی خۆیان دا.

**بەندەرعەبباس و ئیمامی مەسقەت**

لە سەرەتاکانی پادشایەتیی فەتحعەلیشادا، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە حکوومەتی بەندەرعەبباس و دورگەی هورمز درایە دەست «بن ئەحمەد»ی ئیمامی مەسقەت و ئەویش دەستەبەر بوو کە ٦٠ میلیۆن قران دەمچەورانە بدا بە دەوڵەتی ئێران. ئیمامی مەسقەت کە لەوەی بەولاوە ببوو بە حوکمڕانی بێبەرگیرەوەی هورمز و بەندەرعەبباس، ئیزنی ئینگلیسییەکانی دا هەتا لە بەندەرعەبباس بنکەیەکی بازرگانی دامەزرێنن و بە ناوی پاراستنی ماڵ و گیانی جەماوەرەکەی خۆیان، هێزێکی ٧٠٠ کەسەی سەربازی هیندیشیان بەرەبەرە لەو شوێنە کۆکردەوە و بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵمەتی چەکداری بۆ سەر دورگەی «قیشم»یش هەلێکی لەباریان رەخساند.

سەعیدخانی[1] ئیمامی مەسقەت، جێنشین و کوری بن ئەحمەد، سالی ١٨٥٤/١٢٧١، بە دنەی ئینگلیسییەکان داوای حکوومەتی بەندەرعەبباس و دورگەی «قیشم»ی کرد و بە چەند گەمییەکی شەرکەرەوە پەلاماری بەندەرعەبباسی دا و توانی هێزەکانی ئێران کە لەبەر کەش و هەوای تاڵ و ناخۆش و نەخۆشی ژمارەیان یەکجار کەم ببۆوە لە سەربازگەی خۆیان دەرپەڕێنێ. موئەییەدوددەولەی حوکمرانی فارس، عەبدولباقیمیرزای کوری لەگەڵ عەولاخانی قەرەگۆیزلوو[2] و سەربازانی هەمەدانی نارده بەندەرعەبباس. پاش شەر و تێکهەڵچوونێکی توندوتیژ کە مانگی مەولوودی سالی ١٢٧١ی کۆچی لە نێوان سپای ئێران و پیاوەکانی سەعیدخان‌دا قەوما، چەکدارانی ئیمام پەنایان بردە بەر قەڵای شار کە وەختی خۆی هولەندی سازیان کردبوو. سپای ئێران شارەکەی گرت و هێندەی پێنەچوو کە هەڵمەتی بردە سەر قەلاکە و چەکدارانی ئیمام پێوەبوون و دەستیان بۆ نەکرایەوە و تاقمێکیان کوژران و ئەوەی مابوون وێرای ئیمام بەرەو کەناراوەکانی عومان رەوین و هەتا ئێزێک هورمز خۆیان بۆ نەگیرایەوە. ئیمام نامەیەکی نووسی و لەگەڵ کۆمەڵێک دیاری ناردی بۆ فارس و بە کەیخودایەتیی حوکمرانی فارس و دەستەیەک لە پایەبەرزانی بارگا و تێنهێنانی ئینگلستان فەرمانی حکوومەتی بەندەرعەبباس و دورگەی قیشم و هورمز و ناوچەکانی شەمیل و میناب و لەنگەرگای «خەمیر»ی بۆ ماوەی ٢٠ سالان بۆ خۆی و کورانی لە ناسرەددین‌شا وەرگرت. لەو فەرمانەدا کە بریتی بوو لە ١٦ بەند، ئیمامی مەسقەت دەستەبەر ببوو کە هەموو سالێک بری شازدەهەزار تمەن باج و پێتاک و دیاری بدا بە دەوڵەتی ئێران و هەمیشە خۆی بە رعێت و دەسنێژی ئێران بزانی (٢٠ی شابانی ١٢٧٢ی ک./ ١٨٥٥ی زایینی).

ناسرەددین‌شا لە فەرمانێکدا کە بۆ دانانی سەید سەعیدخانی نووسیبوو هەتا حوکمرانی مەسقەت و بەندەرعەبباس بێ، دەوڵەتی فەرانسەی کردبوو بە دەستەبەری پەیرەوکرانی مەرجەکانی نێو فەرمانەکە کە بریتی بوو لە مانەوەی ئیمام لە نێو قەڵەمرەوی ئێران‌دا و پێمل‌بوونی بۆ حکوومەتی ناوەندی. پادشا پێشتر سەبارەت بەم بابەتە لە تاران لەگەڵ نوێنەرانی سیاسیی فەرانسە گوفتوگۆی

---

١- صەعید

٢- سارموددەولە

کردبوو. کوڕی ئیمام ئەم دەستەبەربوونەی قبووڵ نەکرد کە مەرجی حەڤدەهەمی فەرمانەکە بوو، چونکە بەشداربوونی وڵاتێکی بێگانەی لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا بە بەرژەوەند نەزانی و گوتی لەگەڵ شان و پلەی پادشایەتی نایەتەوە. کوڕی ئیمام رووی کردە حاجی عەبدولمحەممەد کە بۆ وتووێژ سەبارەت بە مەرجەکانی فەرمانی میری چووبوویە دورگەی قیشم و گوتی: «هەمیشە مەسقەت و بەندەرعەبباس و زەمینی کەناراوەکانی دەریا (کەنداو) کەوتوونە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئێران و بە خاکی ئێران داندراون. شوکر بۆ خودا کە ئەمڕۆ دەوڵەتی ئێران هێندە بەهێزە کە دەتوانێ وڵاتانی بێگانەش بخاتە ژێر رکێفی خۆی و کەوایە کوا پێویستە دەوڵەتێکی بێگانە بێ و دەستەبەری فەرمان بێ و وەک لاوازبوونی دەسەلاتی میری لێکبدرێتەوە.» حاجی عەبدولمحەممەد لادرانی بەندی ١٧ی فەرمانەکەی قبووڵ کرد و ١٦ مەرجەکەی دیکەی بە سەید سووەینی[1] و سەید محەممەدی کوڕی سالم واژۆ کرد.

کورتە و پوختەی مەرجەکانی فەرمانی پادشا:

١- حوکمرانی بەندەرعەبباس هەمیشە سەر بە ئێران و پێملی میرهەرێمی فارس دەبێ.

٢- هەموو ساڵێ شازدەهەزار تمەن بە شێوەی خوارەوە پیتاک و دیاری دەدا:

ئەلف: دوازدەهەزار تمەن پیتاک بۆ دیوانی باڵا.

ب: دووهەزار تمەن دیاری بۆ سەرۆکوەزیری بەرزەجێ.

ج: هەزار تمەن دیاری بۆ میرهەرێمی فارس.

د: هەزار تمەن دیاری بۆ محەممەدعەلی خەندەق شوجاعولمولک.

٣- ئەو خەندەکەی کە بە دەورەی بەندەرعەبباسدا لێدراوە دەبێ پڕ بکرێتەوە و نابێ هیچ خەندەکێکی دیکە لێ بدرێ.

٤- هەتا ماوەی ٢٠ ساڵان حکوومەتی بەندەرعەبباس بە دەست ڕێزدار ئیمامی مەسقەت و کوڕەکانییەوە دەبێ و پاش ئەم ماوەیە دەبێ بەندەرەکە بە ئاوەدانی بداتەوە دەست دەوڵەتی ئێران.

---

١- صەید یان سەعید

٥- دەبێ ئاڵای ئێرانی لێ بشەکێتەوە و ئاڵادارانی ئێرانی و بەرپرسێکی پاسپۆرت دەبنە دانیشتووی بەندەرعەبباس و تەتەری دەوڵەت بێنێوبڕ هاتوچۆی ئەو لەنگەرگایە دەکا.

٦- نابێ هیچ دانیشتوویەک و خەڵکی بەندەرعەبباس چۆڵەپێچ بکرێن و ئازار بدرێن.

٧- قەڵەمرەوی حکوومەتی حوکمرانی بەندەرعەبباس هەر ئەوەندەیە کە لە سەردەمی فەتحعەلیشادا دیاری کراوە و ئێستا لێرەشدا ئۆبالی لەسەر کێشراوەتەوە و حوکمرانی بەندەرعەبباس بۆی نییە کە لەو جەغزە دەربچێ و دەستوەربداتە ئێرونەوێ.

٨- کاتێک میرهەرێمی فارس یان حوکمرانی لارستان بە مەبەستی گەشت و سەیران یان ڕاو دەچنە بەندەرعەبباس، دەبێ حوکمرانی بەندەر وەکوو پێویست میوانداریان بێ.

٩- ئەگەر میرهەرێمانی فارس و کرمان داوای یارمەتیی سەربازی بکەن، حوکمرانی بەندەرعەبباسیش وەکوو تێکرای حوکمدارەکانی دیکە دەبێ ئازووخە و پێداویستیی داخوازکراویان دابین بکا و خۆی لە هەر یاریدەیەکی دیکەی سەربازی نەبوێرێ.

١٠- ئەگەر حوکمرانی بەندەرعەبباس تەنەخی بکا لە کار و خزمەتەکانیدا، میرهەرێمی فارس بە ئیمامی مەسقەتی ڕادەگەیەنێ و ئەویش دەبێ حوکمرانی لاڕێ لابەرێ و خۆی یەکێکی دیکەی لە جێی دابنێ.

١١- هەر کەسانێک لە لارستان و سەبعە و سەرلەبەری ناوچە و مەڵبەندەکانی فارس یان کرمانەوە ڕابکەنە بەندەرعەبباس، هەر کە بەرپرسانی خۆجێیی مەبەستەکەیان ڕاگەیاند، حوکمرانی بەندەر دەبێ بیانگێڕێتەوە بۆ مەوتەنی خۆیان.

١٢- ئەم مەرجانە تایبەتن بە ئیمامی مەسقەت سەید سەعیدخان و کوڕانی هێژای و ئەگەر کەسێکی دیکە بە فێڵ و دەهۆ بتوانێ دەست بە سەر مەسقەت و عوماندا بگرێ، دەوڵەتی ئێران هیچ پەیمانێکی لەگەڵی نابێ.

١٣- ئیمامی مەسقەت هەقی ئەوەی نییە کە بەندەرعەبباس و ناوچەکانی نێو قەڵەمرەوی دەسەڵاتی خۆی بدا بە یەکی دیکە، ئەو یەکە حکوومەتێکی غەوارە بێ یان نا.

١٤- هەروەک چۆن لە زەمانی حکوومەتی شێخ سەیفدا باو بووە، هەر کالایەکی کە لە ڕێگای دەریا و ویشکانیڕا بگاتە بەندەرعەبباس، تەنیا دەبێ دەیەکیان گوومرگانە لێوەربگیرێ و نابێ بازرگانان شتێکی زیاتریان بخرێتە سەر ئەستۆی.

١٥- سەرمایەی ئەو بازرگانانەی کە دانیشتووی «قیشم»ن و عەقڵیان تێکچووە دەبێ بدرێتە دەست حاجی عەبدولمحەممەدی مەلیکوتتوججاری بووشێهر و ئەویش بیانداتە دەمراستی بازرگانان کە لە بەندەرعەبباسن. هەتا بەرێ بکرێن بۆ تاران.[1]

پاش نووسران و دەرچوون و مۆرکرانی فەرمانی میری، ئیمامی مەسقەت نامەیەکی نووسی و خۆی بە خزمەتکاری ئێران دانا و سەری وەبەر هەموو مەرجەکان هێنا کە ئێستا دەقاودەق لە ڕووی ئاسیخوتتەواریخەوە دەینووسینەوە:

«منی کۆیلەی بەر دەرانەی میری کە سەری سەردەرانەکەی گەیوەتە ئاسمان، سەعیدی کوڕی ئەحمەد خۆم بە غولام و بەرفەرمان و خەڵکی ئێران و دەسنیژی دەولەتەکەی دەزانم و هیوادارم خودای مەزن لە بەلای لابەلای بپارێزێ. ئێستا کە حکوومەتی «عەبباسی» و دورگەکانی قیشم و هورمز و شەمیل و میناب و بیابان و ئیسین و تازیان دراونە دەست منی کۆیلەی بەر دەرانەی میری کە سەردەرانەکەی لە پەرۆچکەی ئاسمانە. بەڵێن دەدەم تا هەموو ئەو برە پارەیەی بۆ بەندەرعەبباس و ناوچەکانی دیکە دیاری کراوە. بە ئومێدی بارینی ڕەحمەتی یەزدانی قیستاوقیست و بێتەکولۆ کۆی بکەمەوە و بیدەم و هەموو بەلگە و شانیکی خەرجوبەرجی ناوچەکە لای خۆم رابگرم. مافی هەموو کەسێک دەپارێزم و بەوپەڕی تواناوە هەوڵ دەدەم کە هەرێمەکە ئاوەدان بێ و خۆشم لادەدەم لەو کارانەی کە پایەبەرزانی دەولەتی خاوەندەسەڵات پێی نارازی بن و ئەگەر خودای نەخواستە منی غولامی ئاستانەی میری تووشی هەلە و خلیسکانێک بووم. مەزنانی حکوومەت چۆنیان پێ چاک بێ ملی بۆ کەچ دەکەم و هەرچی بڵێن هەر ئەوان سەرپشک و خاوەنی دەسەڵاتن.»

**

---

١- بەداخەوە لە ١٦ بەندی فەرمانەکەی میری یەکیان لە قەڵەم کەوتووە.و.

ئینگلیسییەکان بەدزی قەراروبڕیی بازرگانی و سیاسییان لەگەڵ ئیمامی مەسقەت و چەند شێخێکی دیکەی خەڵکی دوڕگە و لەنگەرگاکانی کەنداو نووسی و نووسرانی فەرمانەکەی پادشایان بۆ ئیمامی مەسقەت بە چەشنێکی دیکە لێکدایەوە. دوای دەرچوونی ئەم فەرمانە هێندەی پێنەچوو کە سەعید مرد و «سەید سووەینی»ی کوڕی جێی گرتەوە. ئینگلیس پیاوانی خۆیان نارده سویی سەید سووەینی و دنەیان دا هەتا خودبەسەرانە لەگەڵ ئێران تێکەوێ و داوای سەربەستی بکا و گوتیان حکوومەتی هیند پشتی دەگرێ و دەیپارێزێ. جگە لەمە بەپێی چەند پەیمانێکی نەهێنی بوونە دەستەبەری پاراستنی سەربەخۆیی و میرایەتیی ئیمام لە بەندەرعەبباس و هەر ئەم سیاسەتەشیان لە بەحرەین پەیڕەو کرد. بەڵام لە سایەی وریا بوونەوەی کاتی و لەناکاوی بارگای ئێران ناچار بوون هەتا نان بە دەسەڵاتی ئێراندا بێنن و پێی لێ بنێن کە دوڕگەکانی بەحرەین و تێکرای لەنگەرگاکانی کەنداو خاک و قەڵەمڕەوی ئێرانن (١٨٦٨/١٢٨٥ی زایینی).

## کۆمەڵێک قانی سیاسی و ئابووری

تەشەنەی بڕشتی سیاسیی ئینگلستان لە ئێراندا دوای بەسترانی پەیماننامەی پاریس بوو بە سەرەتای وەدەست هێنانی گەلێک ئان و پشکی گەورەی ئابووری بۆ خەڵکانی ئەو وڵاتە. بۆ نموونە ساڵی ١٣٠٩ی ک/١٨٩١ی ز. پاوانی فرۆشتنی تووتنوپەڕ و سیغار لە ئێراندا درایە کابرایەکی ئینگلیسی. ئەم هەنگاوە بوو بە هۆی پەیدابوونی جووڵانەوەیەک لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکدا و چەند مامۆستایەک بۆ وێنە حاجی میرزا حەسەنی شیرازی کێشانی تووتنوپەڕ و سیغاریان حەرام کرد و لە ئاکامدا ناسرەددینشا پاوانی کابرای هەڵوەشاندەوە. پاش ماوەیەکی دیکە ئینگلیسی دەستیان بە قانی گرینگتر ڕاگەیشت و خاوەنی ئان و پشکی تووتنوپەڕ و سیغاریش لەبەر هەڵوەشاندنەوەی پاوانەکەی، قەرەبووی لە ئێران وەرگرت.

ڕاپەڕینی ئاغامحەممەدخانی کرمانی بە یارمەتی و پشتیوانیی کاربەدەستانی ئینگلیسی و حکوومەتی هیند لە زەمانی محەممەدشادا، بوو بە سەرەتای دابڕانی بەشێک لە بەلووچستانی ئێران لە ئێران. چونکە لەو کاتە بەولاوە ئینگلستان بە کۆمەڵێک بیانووی وەکوو قەڵتوبڕی تیرە و تۆرەمەی سیکەکانی دانیشتووی

لێواری ڕووباری سیێند. وردەوردە خۆیان خزاندە نێو بەلووچستان و تاقمێک لە سەرۆکانی سەربەستیخواز و خاویلکەی بەلووچیان دژی ئێران هاروووژاندن و ناسرەددینشا نە بەلووچی بۆ سەرکوت کران و نە توانی سنوورەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئێران بپارێزی.

سالی ١٢٨٠ی ک/١٨٦٢ی ز. سێر «فرێدریک گۆلدسمید»ی ئینگلیسی کە بۆ دانانی تەلگراف لە باشووری ئێران دامەزرابوو، پێشنیارێکی سەبارەت بە دیاریکرانی سنووری بەلووچستان و ملکایەتیی لەنگەرگای «گوادەر»ی[1] دایە ناسرەددینشا و وا بڕیار درا کە نوێنەرانی ئێران و ئینگلستان هێلی سنوور دیاری بکەن. ناسرەددینشا هێندەی سەرنج نەدایە ئەم کارە گرینگە و ئەندازیارانی ئینگلیسی بەتەنیایی و بەبێ ڕاوێژ لەگەل نوێنەرانی ئێران هێلی سنووریان دیاری کرد و ئەو قەراروبڕییەی کە خۆیان نووسیبوویان و پرسەکەیان تێدا یەکلایی کردبۆوە بە پادشایان سەلماند. هاوکات لەگەل کوژرانی ناسرەددینشا و هاتنە سەر کاری موزەففەرەددینشا (١٣١٣ی ک/١٨٩٦ی ز) شاندێکی دیکە بە سەرۆکایەتیی کولۆنێل هالدیچ[2] بە دلی خۆیان مەودای نێوان «کووهەک» و کەوشەنی ئێران و ئەفغانستانیان دیاری کرد. بەشێک لە دەشتی «هەشتادان»ی خۆرهەلاتی خوراسان لە سالی ١٣٠٩ی ک/١٨٩١ی زایینیدا بە دەست ژەنەڕال «مەکلین»ی ئینگلیسی سنووری بۆ دیاری کرا و ئەو قەراروبڕییانەی کە لەم بوارەدا ڕێکخرابوون بە موزەففەرەددینشا واژۆ کران.

ئینگلیسییەکان دەیانزانی ناسرەددینشا دلی بە داهێنانی تازەی شارستانییەتی ئورووپایی خۆشە و ئەم هەلەیان خواستەوە و کاتێک ئینگلستان بەپێی قەراروبڕییەکی تایبەت لەگەل عوسمانی هێلی تەلگرافی دەریای سووری بە بەغداوە بەستەوە، وەکوو پێشتریش باسی کرا، ناسرەددینشاش هاتە سەر هەوای ڕاکێشانی هێلی تەلگراف و سەرەنجام سالی ١٨٧٠/١٢٨٧، ئینگلیسییەکان تەلی تەلگرافی هیند و ئورووپایان[3] بە ڕێگای بووشێهر و بەندەرعەبباسدا ڕاکێشا و

---

١- لە فەرهەنگی موعیندا نووسراوە «گواتر»، بەلام نەمزانی لەگەل «گوادەر» چۆن حینجە دەکرێنەوە و دەخوێندرێنەوە و کامیان دروستە.و.

٢- دواتر بوو بە سێر تۆماس.

٣- کۆمپانیای زیمێنسی ئالمانی هێلەکانی تەلگرافی لە لەندەنەوە هەتا «ئەلێکساندرۆڤێسک»ی سنووری رووسیای لە بریتانیا و ئالمان بە کرێ وەرگرت و لە ئەلێکساندرۆڤێسکەوە←

هێڵی تەلگراف لە نێوخۆی ئێرانیش‌دا هەر کەوتە دەستی ئەوان و ماوەیەکی درێژ بەڕێوەبردنی تەلگرافی ئێران هەر بە دەست ئینگلیسییەکانەوە بوو.[1]

## داندرانی بانکی شاهانشاهی

ناسرەددین‌شا ساڵی ١٨٧٢/١٢٨٩، ڕەنگە بە چاوساغیی حاجی میرزا حوسێن‌خانی موشیروددەولەی مەزنەوەزیری خۆی، قان و پاوانی ڕاکێشرانی هێڵی شەمەنەفەر و دەرهێنانی بەرهەمی کانگاکانی ئێرانی، بێجگە لەوانەی کە پێشتر درابوون بە کەسانێکی دیکە و بێجگە لە کانگای کانزای گران و بەردی بەنرخ، لەگەڵ قانی داندرانی بانکی دایە پیاوێک بە ناوی «بارۆن جولیووس دو ڕۆیتێر» کە بیوو بە خەڵکی بریتانیا و خۆی ڕۆیی بۆ سەفەری ئورووپا (سەفەری یەکەمی شا بۆ ئورووپا).

پادشا لە پایتەختی ڕووسیا هەستی پێکرد کە قەیسەری ڕووس و مەزنانی بارگای پێیان ناخۆشە کە قانێکی ئاوا چەوور و قەڵەوی داوە بە کابرایەکی ئینگلیسی و تەنانەت بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی خۆی لە ئینگلستانیش شاژنی ئینگلیس و گەورەپیاوانی بارگای بە سەرساردی بەخێریان هێنا و پاش گەڕانەوە بۆ وڵات وەختایەک بۆی دەرکەوت کە ڕای گشتیش بەو کارەی ڕاز نین، قەراروبڕییەکەی هەڵوەشاندەوە.

ڕۆیتێر وەختایەک نەیانهێشت بانکەکەی دامەزرێنێ و پادشا فەرمانەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە، داوای هیچ قەرەبوویەکی نەکرد و بڕی ئەو چل‌هەزار لیرەیەی کە وەکوو سپاردە دابوویە شای ئێران. کاتێک قانی داندرانی بانکێکی دیکەی

---

هێڵێکی دوو تەلەی تەلگرافی بە ڕێگای ئۆدیسا[ئۆدیسا] و تفلیس و تەورێزدا ڕاکێشا بۆ تاران و لەگەڵ هێڵی تەلگرافی هیند و ئورووپا تێکەڵی کردەوە. هێڵی تەلگرافی هیند و ئورووپا لە تەل‌دانی ڕاستەوخۆی نێوان لەندەن و هیندووستانی دابین کرد و بووشێهر لە ڕێی کابڵی ژێراوی بە «جاسک»ەوە بەسترایەوە و لەوێشەوە بە دەریا و بە حەوادا لەگەڵ بەمبەئی تێکەڵ کرایەوە.

١- دەورووبەری ساڵی ١٨٧٢/١٢٨٩، قەرارێکی دیکە لە نێوان ئێران و ئینگلیس‌دا نووسرا بۆ ڕاکێشانی چەند هێڵێکی تازەی تەلگراف کە دەبوو ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بە هیند و لەندەن و بنکەکانی بریتانیا لە کەنداوی فارسەوە ببەستێتەوە و ئەندازیار و ڕووپێوی ئەم کارەش «کینگلوود»ی ئینگلیسی بوو.

لێوەرگرت. سوودەکەشی بۆ هێنایە پای حەساب. ناسرەددینشا بۆ قەرەبووی کارەکەی خۆی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بانکەکەی پێشوو قانی داندرانی بانکی شاهانشاهیی ئێرانی[1] دا بە رۆیتیر (١٣٠٧/١٨٨٩).

ئەم بانکە تازەیە بە سەرمایەی یەک میلیۆن لیرەی ئیسترلینگ دامەزرا و هێندەی پێتەچوو کە پاوانی لێدانی ئەسکیناس[2] و دانانی لقی لە شاران و دەرەوەی ئێرانیشی بۆ خۆی دەستەبەر کرد و ماوەیەک دواتر ناسرەددینشا قانی دەرهێنانی بەرهەمی تەواوی کانگاکانی ئێرانی ـ بێجگە لە زێڕ و زیو و بەردی گرانبایی ـ هەمووی دان بەو بانکە.

## مافی ئاژوانی گەمیێ لە ڕووباری کارووندا

ساڵی ١٢٠٦/١٨٨٨، ناسرەددینشا قانی ئاژوانی گەمیی لە کاروونی بەرەوەدا دایە دەست کۆمپانیای برایانی لینچ.

لە پەیماننامەی تورکمانچایدا نووسرابوو کە ئەگەر کەسانێکی ڕووسی بیانهەوێ جێگایەک بۆ نیشتەجێبوون و دانانی بنکەی بازرگانی و هەماری کاڵا و شتی ئاوا دابین بکەن، هەقیان هەیە کە زەوی و بینا و خانووبەرە بکڕن یان بە کرێی بگرن. ئەم قانە لە تەواوی پەیماننامەکانی دوای پەیماننامەی تورکمانچایدا دووپات کرایەوە کە لە نێوان ئێران و ئینگلیس و وڵاتانی دیکەی ئورووپاییدا نووسرا، بەڵام کاتێک کۆمپانیای لینچ مافی ئەوەی درایە کە لە ڕووباری کاروونـدا

---

١- بانکی شاهی

٢- بانکی شاهیی ئێران بۆ ئەوەی زیاتر هەلپەی سوودپەرستانەی دابین بێ، پوولی کاغەزی واتە ئەسکیناسی ئێرانی یەکتوا چاپ نەدەکرد. یانی بۆ هەر شارێک هێندێکی چاپ دەکرد و لە سەری دەنووسی: «تەنیا لە شاری... بڵاو دەکرێتەوە». ئەگەر شارێک ویستبای پارەی خۆی لەگەڵ شارێکی دیکە بگۆڕێتەوە دەبوو برە سوودێکی بۆ بانکی شاهی وەبەرچاو گرتبا و تەنیا لە تاران پووڵ و پارەی تەواوی شارەکان بەبێ سوود وەردەگیران. بەم شێوەیە ئەگەر گەشتیارێکی تەورێزی کە هێندێک پارەی بڕەوداری تەورێزی پێبایە و چووبایە ورمێ، ناچار بوو کە پارەکەی خۆی بە دانی برە سوودێک لە لقی بانکی شاهی بگۆڕێتەوە (لانی کەم تمەنی نیوشایی). هەر بۆیە بوو کە زۆربەی خەڵک سکەی زیوویان پێ لە ئەسکیناس چاکتر بوو، بەڵام هێنان و بردنی سکەی زیویش ئاستەنگی گەورەی بۆ بازرگانان و خەڵکی دیکەش بەدی هێنابوو. [هەر دراوێکی کە تەنیا لە شاری خۆی برەوی بووبا پێیان دەگوت «شارەوا» کە کورتکراوەی «شاررەوا»یە.و]

دەتوانی گەمی باژوێ، هەقی ئەوەی نەدرایە کە هیچ بینا. هەماری بەردەخەڵووز و کاڵا یان دووکان و کاروانسەرا و کارگا و کارخانە لەوبەرەوبەری لێواری چۆم ساز بکا.

بەپێی نووسینی مێژوونووسانی ئینگلیسی، کۆمپانیای لینچ نەیدەتوانی قازانجێکی ڕێک و تەواو بچنێتەوە و هەروەها بە بڕوای ئەم نووسەرانە، شێخان و مەزنانی عێل و عەشیرەتی بەنی کەعبی ئێران کۆسپ و تەگەرەیان داویشتە سەر ڕێگای هەڵسووڕانی کۆمپانیاکە و ناسرەددینشاش چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بە دانی ئەم قانە قازانجێکی چاکی پێ بگا و خاوەنی کۆمپانیا ناچار بوو بۆ ئەوەی قانەکەی نەفەوتێ پوولێکی زۆر برێژێتە کیسەی پادشاوە. سێر پێرسی سایکس لەم بارەیەدا دەنووسێ:

«برایانی ڕێزداری لینچ کە خاوەنی کۆمەڵێک زانیاریی بەپێز و گرانبایی بوون دەربارەی بارودۆخی ئێران، چونکە گەمییەکی هەڵماژۆیان کردە دیاری بۆ پادشای ئێران توانییان کە گرێ و کۆسپەکانی سەر ڕێگای خۆیان لابەرن. ئەم گەمی هەڵماژۆیە کە خۆیان وەکوو دەمراستی خاوەنشکۆ لە نێوان ئەهواز و شووشتەردا کاریان پێدەکرد، هەموو ساڵێکیش زەرەدی دەکرد.»

لە رووی تەنینەوەی برشتی دەسەلاتی سیاسی و ئابووریی ئینگلستان لە سەردەمی محەممەدشا و ناسرەددینشادا لە ئێران، ئەم ڕاستەقینە تاڵەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەردی بناغەی ئەو نەگبەتی و چارەڕەشییەی کە دواتر بەرۆکی گەلی ئێرانی گرت، بە دەستی پیاوان و کاربەدەستانی سیاسەتی چەوسێنەرانەی ئینگلستان و رووسیا لەم وڵاتەدا داندرا. ڕقبەرقەی سیاسی و ئابووریی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە زۆردارە بوو بە ڕێگر لەسەر ڕێگای هەر چەشنە چاکسازی و جووڵانەوەیەکی پێشکەوتووانە لە ئێراندا.

دەوڵەتی ئینگلیس وا لەگەڵ ئێران تێکەوتبوو کە هەمیشە خۆی بە دۆستی خەمخۆر و دڵسۆزانی ئێران پیشان دەدا. ئینگلیس بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی و پاراستنی پلەی دۆستایەتی و یەکییەتی کە سەردەق و سەرەتای هەڵوێستی شوم و بێفەری ئەو دەوڵەتە بوو لە ئێراندا. کەمتر خۆی لە شەڕوشووڕ و زەبروزەنگ دەدا. پایەبەرزان و غولامانی دەرگانەی میری لە ئێران وا کەوتبوونە داوی هەوەسبازی و خۆویستی و پلەپەرستی و هێندە قرچۆک بوون کە ئینگلیسی

بە مەیلی خۆیان هەڵیاندەسووڕاندن و تەنانەت ژنان و هاوخەوانی پادشایانی قاجار و خواجەسەراکان کە جێ‌ڕازی میران بوون، ئامانجی ئەوانیان وەدی دێنا. ئینگلیس تێنەدەما و پیاوی خوێڕی و نزمی پێ‌هەڵادەبردن و دەیگەیاندنە پلەی باڵا و رووحی ترسەنۆک و نۆکەرانەی وا دەستەمۆ کردبوون کە دەیتوانی ئەو کاروبارانەش کە بە زەبری زۆر دەستیان نەدەدا، پێیان مسۆگەر بکا.

***

بنکەی ژین

بنکەی ژین

# بەشی ١٢

## پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا لە قۆناخی دووهەمی پادشایەتیی قاجاراندا

**(١٢٥٠- ١٣١٣ی ک/ ١٨٣٤ - ١٨٩٥ی ز)**

«لەم قۆناخەدا ڕووسیای قەیسەری کە توانیبووی ئامانجە سەربازییەکانی خۆی لە سنوورەکانی باکوور و باکووری خۆرنشینی ئێران وەدەست بێنێ، لە لایەکەوە بە شوێن هەڵوێست و سیاسەتی پەرەگرتنی خاکی خۆیدا دەڕۆیی لە سنوورەکانی باکووری خۆرنشینی ئێران و لە لایەکی دیکەوە لە مەیدانی ڕقبەرقەی لەگەڵ بریتانیادا ئەوپەڕی تێکۆشانی خۆی دەخستە گەڕ هەتا گەشە و پەرە بدا بە بڕشتی دەسەڵاتی لە بارگای ئێراندا و کۆمەڵێک قانی سیاسی و ئابووری وەچنگ بێنێ.»

### هاوکاریی نێوان ئێران و ڕووسیا

دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری پاش باسەپاندنی پەیماننامەی شوم و بێقەڕی تورکمانچای بە سەر ئێراندا کە دەریایەکی قازانج بۆخۆی لێ چنیبوو، بەڕواڵەت کەوتە سەر ڕێبازێکی دۆستانە سەبارەت بە ئێران و لە هەمان کاتدا تێکڕای هێزی ساکی و میناکیی ئێرانی بۆ ڕقەبەرایەتیی ئینگلستان و خەباتی دژی ئەو دەوڵەتە خستە گەڕ. پاشان بەرەبەرە دەسەڵات و بڕشتی سیاسی و سەربازیی خۆی لە سەرتاسەری قەفقازدا پەرە پێدا و وەکوو باسمان کرد ماوەیەک دواتر دەستی گەیاندە ناوچەکانی نێوان ئاراڵ و دەریای خەزەر و مەڵبەندی سەرووی جەیحوون واتە خارەزم و باکووری خوراسان و بۆ ئەوەی هەر چەندی بۆی دەکرێ نەهێڵێ بارگای ئێران هەست بەو بزووتنەی بکا، هەمیشە محەممەدشای دنە دەدا کە هەرات

بگرێ و میران و حوکمدارانی قەندەهار تەفروتونا بکا. رووسیا بەم فێڵە دەیهەویست کە هەم گیروگرفتێک بۆ هێزەکانی ئێران ساز بکا لە ئەفغانستان و هەم ڕێگایەکیش بۆ پەلاماردانی هیندووستان بکاتەوە.

ئەو دەمەی کە قۆشەنی ئێران لە زەمانی محەممەدشادا بەرەو هەرات دەبزووت، کاپیتان ڤیتکاویچ کە فارسی و تورکیشی باش دەزانی، ڕاسپێردرا هەتا دژی میرانی خۆولاتیی ئەفغانستان لە نیزیکەوە یاریدەی هێزی ئێران بدا و بالوێزی رووسیا چەند جارێک بەڵێنیی ئەم کارەی دابوو. ڤیتکاویچ ڕۆیی بۆ کابول و بە یاریدەی دووستمحەممەدخان توانی پەکی پیلانەکانی نوێنەرانی حکوومەتی ئینگلیسیی هیندووستان بخا کە دەیانهەویست بالی میرانی خۆولاتیی ئەفغان بگرن دژی ئێران. ئەم فەرماندەیە دواتر بەپێی فەرمانی حکوومەتی رووسیا لە ئێران مایەوە و وەک ئەندامی بالوێزخانەی وڵاتەکەی دەست بە کار بوو.

کاربەدەستانی سیاسیی رووسیا بۆ ئەوەی کە بتوانن دەستیان بگاتە کلیلی کرانەوەی دەروازەی هیندووستان، هەولیان دەدا تا بە لاوازکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی دەولەتی ناوەندیی ئێران لە ئەفغانستانی خۆرهەڵاتی و باشووری خۆرهەڵاتی، ناوچەکانی کابول و قەندەهار - بەروالەت بە بیانووی سەربەستی و لە دەروونیدا بە مەبەستی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان- بکەنە شوێنێکی ژێر بالی ئێران و تەنانەت ڕەشنووسی ئەو پەیمانەشیان نووسی کە دەبوو ئێران و حوکمرانی قەندەهار بە نێوبژیوانی و دەستەبەربوونی رووسیا لەسەری ڕێک بکەون. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە پادشای ئێران بە مەبەستی بە سەرکردنەوەی حوکمرانی قەندەهار هەرێمی هەراتی باربوو دەکرد و ئەویش لەو پێناوەدا دەستەبەر دەبوو کە هەمیشە ١٢هەزار سوارە و ١٢ تۆپ بە خەرجی دەولەتی پادشایەتیی ئێران و بۆ خزمەت بە پادشای ئەم وڵاتە لە هەرات ئامادە ڕابگرێ. هەروەها لە کۆتاییی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا نووسرابوو کە بالوێزی گەورەی رووسیا بۆخۆی دەستەبەر بووە کە ئەگەر محەممەدشا بەڵێنەکانی نەبردە سەر و پەیوەندیی لەگەڵ کامرانمیرزا و وەزیرەکەی هەڵنەبڕی و هەر دەستی وەردایە نێو کاروباری عێلاتی ئەفغان و خۆی لەو کارانە نەپاراست. ئەوە هەرچۆنێکی شیاوە و بۆی دەکرێ دەبێ وا بکا تا پادشا بەڵێنەکانی خۆی بەرێتە سەر و پێشێلیان نەکا. وەکوو لە رووی دەقی ڕێککەوتننامەکەوە دەردەکەوێ.

دڵسۆزی و هاوکاریی دەوڵەتی ڕووسیا لەگەڵ ئێران لە کێشەی ئەفغانستاندا هەر تەنیا دەهۆیەکی سیاسی بووە و هەر ئێرانیشی تێدا خەساربار بووە. دەستێوەردانی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی پیاوان و کاربەدەستانی سیاسیی ڕووسیا لە کاروباری ئێرانی سەردەمی پادشایەتیی محەممەدشادا دەوڵەتی ئینگلیسی زۆر سەیر هارووژاند و کەوتە هەڵپەی دۆزینەوەی چارەسەرێک. لەم قۆناخەدا ئینگلیس پتر کەوتە چالاکی و هەڵسووران و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی برد بۆ هێزی سەربازی و لە ئێراندا بە شوێن سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیدا هەنگاوی نا.

### دەستدرێژی بۆ سەر سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کاتێک لە سەردەمی پادشایەتیی ناسرەددین‌شادا ڕووسیا هەستی پێکرد کە فەرمانڕەوای ئێران مەیلی لێیە هەتا بە یاریدەی وڵاتانی خۆراوایی و عوسمانی پەیمان‌نامەی تورکمانچای هەڵوەشێنێتەوە، قەڵا و سەنگەرەکانی خۆی لە قەفقاز دابەستن و هەر لەو سەروبەندەشدا هێزەکانی ڕووسی جاروبارە هەڵیاندەکوتایە ناوچەکانی دەوروبەری جەیحوون و خارەزم. پاش ئەوەی کە محەممەدئەمین‌خانی میری خارەزم خۆی لە حاند سپای ئێران پێنەگیرا و هێزەکانی پرش‌وبڵاو بوون، ڕێگای دەستدرێژیی ڕووسیا بۆ سەر سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران تەخت کرا و گرێی لە بەر نەما. سەرەتا دەوڵەتی ڕووسیا بە بیانووی بازرگانی و ناردنی کۆچەر و هات‌وچۆی ئاسایی، تاقمێک هێزی قەززاقی ناردن بۆ دەورانپشتی خیوە. کاتێک دیتی کە ئێران سەرقاڵی شەڕ و تێکهەڵچوونە لەگەڵ ئینگلستان، هەلەکەی بە لەبار زانی و لە ساڵی ١٨٤٨را بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستی گەیاندە سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و هەتا ساڵی ١٨٦٣، هێزەکانی ڕووس بەرەبەرە دەستیان بە سەر دەوروبەری ئارال و سەمەرقەند و تاشکەنددا گرت و دواتر «مەرو»یشیان خستە ژێر چۆکی خۆیان.

خانی بوخارا ماوەیەکیش لە بەرامبەر هێرشی سپای ڕووسدا خۆی ڕاگرت و داوای یارمەتیی لە ئێرانیش کرد، بەڵام بەرگەی نەگرت و ساڵی ١٨٦٨ شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری کەوتنە چنگ سپای ڕووس و خان ملی بۆ شکانەوەی دەسەڵاتی ڕووسیا بە سەر «سەمەرقەند»یشدا ڕاکێشا.

هەوڵ و تێکۆشانەکانی ناسرەددینشا بۆ سەرکوتی تورکمانانی پەلاماردەری باکووری خوراسان لە ماوەی ساڵانی ١٢٨٦_١٢٨٧/١٨٦٩_١٨٧٠، لەبەر پەیدابوونی ناکۆکی لە نێوان دوو سەرکردەی ئێرانیدا یانی حیشمەتوددەولە و قەواموددەولە بێئاکام مایەوە. هەتا سەرەنجام حاجی میرزا حوسێنخانی سپاساڵاری مەزنەوەزیری ئێران تەمای گرت کە بە ڕێگای تەگبیر و سیاسەتدا دۆستایەتی لە نێوان ئێران و تورکمانان دامەزرێنێ. بۆ ئەم مەبەستە بە ئەهێنی حاجی میرزا ڕەزیخانی موعەززەمولمولکی نارده مەرو و ئەویش کارێکی وای کرد کە تورکمانەکانی ناوچەکە بیانهەوێ سەریان وەبەر بارگای ئێران بێنن. وا قەرار کرا کە حوکمڕانێک وەکوو نوێنەری حکوومەتی ناوەندیی ئێران بنێردرێتە مەرو و بیست کەس لە سەرکردەکانی تورکمانیش بچنە تاران و ڕێککەوتنێک سەبارەت بە بەرفەرمانبوون و مەرجەکانی بنووسرێ. کاتێک ڕووسیای قەیسەری بەو کەینەوبەینەی زانی، نەیهێشت ئێران بە ئامانجی خۆی بگا.

دەستدرێژیی ڕووسیای قەیسەری بۆ سەر سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی، دوابەدوای شکانی هێزەکانی ئێران لە مەرو، ساڵی ١٨٧٣ بە بیانووی سەرکوتی تورکمانانی ڕێگر و دابینکردنی پەیوەندییەکانی بازرگانی و تەناهی دەستی پێکرد. لەم ساڵەدا هێزەکانی بەرفەرمانی «کاوفمان» هێرشیان کردە سەر خانە و لانەی تورکمانانی پەموت [یان یۆموت] لە باکووری ڕووباری ئەترەک و پێنج ساڵ دواتر یانی لە ساڵی ١٨٧٨دا ژەنەڕاڵ «لازاروف»ی سەرکردەی ئەرمەنیی خەڵکی ڕووسیا، لەشکری بردە سەر ئەم ناوچەیە و سەرەنجام ژەنەڕاڵ «سکۆبیلیف» ڕاسپێردرا کە تەواوی ناوچەکە داگیر بکا. ناوبراو ساڵی ١٨٨٠ بە هێزێکی ساز و تەیارەوە هەلیکوتایە سەر خاکی تورکمانانی «تەکە». تورکمانەکان زۆر ئازایانە لێیان وەدەست هاتن، بەڵام سەرەنجام بەزین و ساڵی ١٨٨١، گۆکتەپە[1]، یانی ئاخرین بنکەی تورکمانان گیرا. لەو ساڵەوە بەولاوە وارگەی ئەوان و تەواوی ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی ژێر چنگی سپای ڕووسیا لە شانبەشانی کەوشەنەکانی ئێستای باکووری خوراسان، لە دەریای خەزەرەوە هەتا چۆمی تەجەن بە ناوی هەرێمی ئەوبەری دەریای خەزەر، خرانە سەر ئیمپراتۆریی ڕووسیا.

---

١- گردەشین، گۆیی‌تەپە، گۆیتەپە، گۆیکتەپە.و.

ناسرەددینشا کە بە سەر کارێکی کراودا خرابوو، ناچار بوو هەتا لە پای مۆرکردنی پەیماننامەی پاریس و لە دەست دانی بەشێک لە ناوچە سنوورییەکانی رۆژهەلاتی ئێران بە قازانجی بریتانیا، سەر بۆ دراوسێی زۆرداری باکووری و رکەبەری سیاسیی بریتانیاش دانەوێنێ؛ هەر بۆیە بەپێی رێککەوتنێک لە رێکەوتی ٢٩ی محەررەمی سالی ١٢٩٩ی کۆچی، واتە دیسامبری ١٨٨١ی زایینیدا لە تاران دانی بە دەسەلاتی رووسیادا هێنا لەسەر تەواوی ناوچە دوڕاوەکانی باکووری رۆژهەلاتی خوراسان.

ئەم رێککەوتننامەیە کە لە لایەن «میرزا سەعیدخانی موئتەمینولمولک»ی وەزیری دەرەوەی ئێران و «ئیڤان زینۆڤییڤ»ی بالوێز و نوێنەری خاوەن دەسەلاتی رووسیاوە واژۆ کرا، بریتی بوو لە چوار بەند. لە بەندی یەکەمدا خالە سنوورییەکان دیاری کرابوون و لە بەندی دووهەمدا باسی ئەوە کرابوو کە نوێنەرانی ئێران و رووسیا بەپێی بەندی یەکەم دەبێ هێلی سنوورەکان بەڕوونی دیاری بکەن و نیشانەیان بۆ دابنێن.

کەلەگایەتیی دەولەتێکی داگیرکەر کە لە پەرەگرتنی خاکی خۆی دەگەرا و بێدەسەلاتی و تێماویی حکوومەتێکی گەندەلی مەحکووم بە نەمان زۆر بە چاکی لە رووی بەندی چوارەمەوە دەردەکەوێ. ئێستا دەقی بەندی چوارەمی ئەم رێککەوتننامەیە وەکوو خۆی دەخرێتە بەرچاو:

«بەندی چوارەم: چونکە سەرچاوەی رووباری فیرووزە و چەند چۆمەل و شەتاوی دیکە کە هەرێمی ئەوبەری دەریای خەزەر و شانبەشانی سنووری ئێران پاراو دەکەن کەوتوونە نێو خاکی ئێران، دەولەتی بەرزمەجنی ئێران وەئەستۆی خۆی دەگرێ کە تازە نەهێلێ لە کوێی ئەو چۆمەل و رووبارانە گوندی نوێ ساز بکرێ و نابێ پەرە بە زەویوزارەکانی کشتوکالی بدرێ و نابێ رێگاش بدا ئاوی زیاد لە پێویستی ئەو زەوییە بەراوانە هەلبگیرێ کە جاری لە خاکی ئێراندا دادەچێندرێن... .»[1]

---

١- لۆرد کورزۆن (١٨٥٩- ١٩٢٥ی ز)، سەبارەت بەم رێککەوتننامەیە بابەتێکی جێگای سەرنجی نووسیوە کە ئێمە بەشێکی رادەگوێزین: «سالی ١٨٨١ دەولەتی لێنەوەشاوەی ئێران کە نەیتوانی پۆلێک تورکمانی بیاباننشین بێنێتە بەرفەرمانی و مامی شا و هێزەکانی دەرەوەستیان نەهاتن و بەزین، بەناچاری رووگەی جیهان و شای شاهان داوای لە←

بەگوێرەی بەندی دووهەمی ڕێککەوتننامەکە لە مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ۱۳۰۳ی کۆچیدا، دەقی پێکهاتنێک نووسرا کە سولەیمانخانی ساحێبئیختیار بە نوێنەرایەتیی ئێران و نیکۆلا گورمین کاراوایێف لە لایەن ڕووسیاوە واژۆیان کرد. هەروەها سەبارەت بە بەشێکی دیکەی سنووری تازەی نێوان دوو وڵاتەکە پێکهاتنێکی دیکە پەسند و واژۆ کرا کە میرزا عەلیئەشرەفخانی سەرتیپ، موهەندیسی سەرکۆمیسارییای ئێران لە چێکیشلەر و سەرکۆمیسارییای ڕووسیا نووسیبوویان و نەخشەیەکیان بە پێوەری (۸٤۰۰۰ : ۱) بۆ کێشابوویەوە.

باس و بابەتی گوندی فیرووزە کە بەپێی بەندی یەکەمی ڕێککەوتننامەی سنووری دەبوو هێڵی کەوشەن بە باکووریدا تێپەڕێ، جارێکی دیکە لە لایەن ڕووسیاوە هاتەوە ئارا و ڕووسەکان پێداگر بوون کە دەبێ ئەو گوندە بکەوێتە نێو قەڵەمڕەوی خاکی خۆیانەوە و پادشای پیر و پەککەوتە و بەزیوی ئێران، ناسرەددینشا لە حاند چاوەزێڕیی ڕووسان بە چۆکدا هات و ڕۆژی ۲۲ی مانگی ئیوجێژنانی ساڵی ۱۳۱۰ی ک/ ۲۷ی مەی ۱۸۹۳ی ز. ڕێککەوتننامەیەکی تازەی شەش بەندیی سەبارەت بە گۆڕینەوەی دوو گوندی فیرووزە و حەسار و چەند ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە هێڵی سنووریدا نووسرا و میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەمینوسسولتانی سەرۆکوەزیر و «پۆتسۆف»ی نوێنەر و باڵوێزی تایبەتی ڕووسیا واژۆیان کرد.

---

دەوڵەتی ڕووسیا کرد کە گیر و گازی ئەو تورکمانانەیان لە کۆڵ بکاتەوە. ڕووسەکانیش خێرایەکی وەخۆ کەوتن و لە ماوەیەکی کەمدا تورکمانانی چەکداریان بنەگر کردن و لە گوندانیان پەستاوتن و بەشێک لە خاکی ئەوانیان خستە سەر قەڵەمڕەوی ڕووسیا. لە دوای برانەوەی ئەم هەرایە بتەهەوێ و نەتەهەوێ لە هاوسێی لاوازی خۆیان نێزیکتر بوونەوە و بۆ ئەوەی هەرێمی خوراسان پتر بخەنە ژێر دەسەڵاتی سەربازیی خۆیان، نەخشەی ڕێگای «عیشقئاباد» و «قووچان»یان هێنایە گۆڕ. بەشێکی ئەم ڕێیە کەوتۆتە نێو خاکی ڕووسیا و بەشەکەی دیکەشی بە ئێراندا تێدەپەڕێ. ڕووسەکان لەگەڵ نووسینی ڕێککەوتننامەی سنووری، جارێ تەواوی چیا بەرزەکانی سەر سنوورانیان خستە نێو قەڵەمڕەوی خۆیان، پاشان سەرچاوەی تەواوی ڕووبارەکانیشیان وەکوو خاکی ڕووسیا لەسەر خۆیان تاپۆ کرد. وایان کرد هەر وەختایەکی مەیلیان لێ بێ ئاوی دێهاتی ئێران ببڕن و لە ئاکامدا بەرهەمی خوراسان ویشکاوی بێ.» بڕ: سنوورەکانی ئێران، نووسینی ئەندازیار محەممەدعەلی موخبیر.

بەگوێرەی ئەم رێککەوتنە تازەیە، ئێران گوندی فیرووزەی بۆ رووسیا بەجێهێشت و رووسیاش چەند پەڵە زەوی و دێیەکی بە ناوی حەسار دایەوە بە ئێران کە پێشتر بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای لە لێواری قۆڵی راستی رووباری ئاراس دابڕیبوو. پاش نووسرانی ئەم رێککەوتنە، محەممەدسادقخانی قاجاری میرتومان، لە لایەن ئێرانەوە راسپێردرا کە لەگەڵ نوێنەرانی رووسیا ببێتە هاوکاری دیاری کردنی سنووران. ئەم نوێنەرە رۆژی ٢٧ی مانگی رەجەبی ١٣١١ی ک/١٨٩٤ی ز. لە گوندی حەسار کە لەبری فیرووزە درابوویە ئێران پێکهاتنێکی لەگەڵ نوێنەرانی رووسیا سەبارەت بە لێکدانەوەی بەند و برگەکانی رێککەوتنە تازەکەوە واژۆ کرد. دوو دەقی پێکهاتنی دیکەش رۆژی ٨ و ٩ی نوامبری ساڵی ١٨٩٤ لە عیشقئاباد سەبارەت بە روونکردنەوەی هێڵی سنووری لە لایەن ئەمیرتومان و نوێنەری رووسیاوە واژۆ کران.

سەرەرای نووسرانی چەندین پەیمان و رێککەوتن، دیسانیش رووسیا هەتا زەمانی شۆرشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ دەستی لە شاڵاوی بۆ سەر خاکی ئێران و جەماوەری سنوورنشینی هەڵنەگرت.

### دوورگەکانی ئاشووراده

تورکمانەکانی دانیشتووی لێواری چەپی رووباری ئەترەک زۆرجاران بە سواری لوتکەی باتاژۆی خۆیان لە دوورگەکانی ئاشوورادەی زارکی کەنداوی گورگانەوە هاتوچۆی کەناراوەکانی مازندەرانیان دەکرد و جاروبارەش دەستێکیان دەگەیاندە کاڵا و هەماری بازرگانانی لەنگەرگاکانی سەر رەوگەی خۆیان و دایاندەپاچین. بارگای ئێران لێبرابوو کە دوورگەکانی ئاشووراده لە بوونی تورکمانانی سەرێزێو پاک بکاتەوە، بەڵام چونکە بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای نەیدەتوانی لە دەریای خەزەردا گەمی باژۆێ و لەو مافە بێبەش کرابوو، بەناچاری محەممەدشا هاواری بردە بەر رووسیا هەتا بۆ تەمێ کردنی تورکمانانی ئاشووراده یارییدەی بدا و قەیسەری رووسیش دوو گەمێی شەرکەری ناردە یارییدەی سپای ئێران. پێش ئەوەی گەمییەکانی رووسی بگەنە کەناراوەکانی ئێران، ئەردەشێرمیرزا کە ئەرکی دەمکوتی تورکمانانی پێئەسپێردرابوو، زەبری لێوەشاندن و شکاندنی و لێوارەکانی باشووری خۆرهەڵاتی دەریایی خەزەری لە شەر و گەری تاڵانوبرۆی

«قیبات»ی سەرۆکی تیرەیەکی تورکمانانی بەگریشە رزگار کرد و گەڕایەوە مازندەران. گەمییەکانی رووسیا لەم رووداوەدا نەک هەر یاریدەی ئێرانیان نەدا، بەلکوو پاش ئەوەی لە کەنداوی حوسێنقولی لەنگەریان گرت، لەگەڵ تورکمانان کەوتنە سات و سەودا و دامەزراندنی پەیمانی دۆستایەتی و لە سالی ۱۸٤۰ی زایینیڕا لە دوورگەکانی ئاشووراده لەنگەریان خست و ئەو دوورگانەیان وەکوو بنکەی دەریایی رووسیا لێکردن.

نارەزامەندیی ئێران سەبارەت بە کاری نارەوای رووسیا هیچی لێ شین نەبوو، هەتا وای لێهات کە سالی ۱۸٤۲ تورکمانەکان جارێکی دیکە لە قەراغ باشووری رۆژهەلاتی دەریای خەزەر دەستیان کردەوە بە دزی و راووڕووت. ئەمجارەیان پۆلێک گەمیی شەرکەری رووسی بە سەر تورکمانەکانیاندا دا و هەتا نشیمەنگای خۆیان راویان نان. بەلام ئەم گەمییانە لە کەناراوەکانی ئێران مانەوە و کاتێک دەولەتی ئێران دەنگی دان کە بڕۆن، گوتیان چونکە رووسیا دانی بە دەسەلاتی ئێراندا نەهێناوە لەسەر دوورگەکانی ئاشووراده، هێزی دەریایی رووسیا دەبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و بەرگرتن لە شالاوی تورکمانان لەو دوورگانە بمێنێتەوە.

دەست بە سەردا گرتنی دوورگەکانی ئاشووراده لە لایەن رووسیای داگیرکەرەوە هەتا سالی ۱۸٤۹ درێژەی کێشا. لەم سالەدا بە فەرمانی میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، سپای ئێران بە سەرۆکایەتیی مەهدیقولیمیرزای حوکمڕانی لێوەشاوە و کارای مازندەران و بە یاریدەی تورکمانانی ئێرانی، رووسەکانیان لە دوورگەکانی ئاشووراده دەرپەڕاندن و تەنیا بازرگانان و دامەزراوە بازرگانییەکانیان لەوێ مانەوە. ئەم هەنگاوە بالوێزی رووسیای لە تاران تووڕە کرد و سالی ۱۸۵۰ کە تاقمێک لە تورکمانانی دز و چەتە خۆیان گەیاندە مال و سامانی ناوەندی بازرگانیی رووسیا لە ئاشووراده، کۆنسوولی رووس لە مازندەران وای نواند کە ئەو کارە بە فیتی مەهدیقولیمیرزای حوکمڕانی هەرێمەکە کراوە و ئەو تورکمانەکانی تێن داوە. هەر بۆیە دالگورۆکی بالوێزی رووسیا بەپێی راپۆرتی کۆنسوولی رووس داوای کرد هەتا مەهدیقولیمیرزا لەسەر کارەکەی لابەرن، بەلام ئەمیرکەبیر هەر گوێشی پێی نەبزووت. دالگورۆکی کاغەزێکی بۆ قەیسەری

رووسیا نووسی و داوای لێکرد کە نوێنەرێکی تایبەت بنێرێ و بە نامەیەکیش لە پادشای ئێران بخوازێ کە مەهدیقولیمیرزا لەسەر کارەکەی لابەرێ.

ئەمیرکەبیر دوای چەندین دیدار و وتوویژ لەگەڵ باڵوێزی رووسیا، بۆ ئەوەی کە لە پێشدا بەرچاوی قەیسەری رووسیا سەبارەت بە دەستێوەردانی نارەوای دالگۆوروکی لە کاروباری نێوخۆی ئێران روون بکاتەوە، میرزا عەبباسی قەڵەمداری وەکوو نوێنەری تایبەت دیاری کرد هەتا بینێرێ بۆ بارگای دەسەڵاتی رووسیا. راست لەو سەروبەندەدا نوێنەری رووسیا بە نامەی ئیمپراتۆرەوە گەیشتە تاران و ناسرەددینشاش فەرمانی لابردنی مەهدیقولیمیرزای مۆر کرد، بەڵام ئەمیرکەبیر سەری وەبەر نەهێنا و دەیگوت نیشانەی ترسەنۆکی و بێدەسەڵاتیی دەوڵەتە لە ئاست دەوڵەتێکی بێگانەدا و شتی وا نابێ. ئەمیرکەبیر، میرزا عەبباسی نارده رووسیا و رایسپارد هەتا لە لای ئیمپراتۆر پاکانە بکا بۆ مەهدیقولیمیرزا و بڵێ کە ئەو تورکمانەکانی تێن نەداوە و هەروەها سەبارەت بە زۆرەملی و ئاکاری نالەبار و پێچەوانەی نوێنەرانی سیاسیی رووسیا لە ئێران بکەوێتە گلە و گازندە و سکاڵا. بەم شێوەیە ئەمیرکەبیر دوژمنێکی بەهێزی دیکەی، کە باڵوێزی رووسیا بێ، بە ریزی دوژمنانی خۆیەوە زیاد کرد.

میرزا عەبباسی قەڵەمدار کە لە جەنگەی چوونیدا بۆ رووسیا پاشناوی «خان»ی بە خەڵات درابوویە و کرابوویە بریکاری وەزارەتی دەرەوە، سەرەتاکانی مانگی شەشەکانی ساڵی ١٢٦٨ی ک/ ١٨٥١ی ز. لە ئیسفەهانەوە بزووت.[١] ناوبراو لە قێلادی قەفقاز نەخۆش کەوت، بەڵام هەر چۆنێک بێ خۆی گەیاندە مۆسکۆ هەتا بچێتە دیداری قەیسەری رووس کە ئەو کاتە لە پایتەختی خۆیەوە هاتبوویە ئەو شارە. نوێنەری ئێران تازە گەیبوویە مۆسکۆ کە قەیسەر گەرایەوە پایتەخت و فەرمانی دا بە بەرپرسانی مۆسکۆ هەتا بە دەوری نوێنەری ئێراندا بێن و تیماری بکەن و پاش ئەوەی خۆی گرتەوە بینێرن بۆ پایتەخت. میرزا عەبباسخان کە شێوەی هەڵسوکەوت و پاراستنی ئابرووی لە وڵاتێکی بێگانەدا لە ئەمیرکەبیری سەرۆکوەزیری بەرچاورِوونی نیشتمانخۆشەویستی ئێران فێر ببوو، بەوپەری بەرزەناکاری خۆی لە میواندارانی رووسی لادا و داوای لێبووردنی لێکردن و رۆیی بۆ ماڵی میرعەلیئەسغەری موعینوتتوجاری بازرگانی ئێرانیی دانیشتووی مۆسکۆ و

---

١- لەو کاتەدا ناسرەددینشا و ئەمیرکەبیر لە ئیسفەهان بوون.

لەوێ بە دەرد و مەرگی خۆی راگەیشت و پاش چەند رۆژان بەرەو پیترێزبوورگ رۆیی.

لە جەنگەی سەفەری میرزا عەبباسخاندا بۆ پیترێزبوورگ ئەمیرکەبیر لەسەر کاری خۆی لابرا و مەهدیقولیمیرزاش حکوومەتی مازندەرانی لێ ئەستێندرایەوە[1] و تەتەرێکی تایبەتی بالوێزی رووسیا هەواڵی ئەم رووداوانەی گەیاندە لای قەیسەر و هەر بۆیە کاتێک بالوێزی تایبەتی ئێران شانازیی دیداری ئیمپراتۆری رووسیای درایە. وەک نووسەری ناسیخوتتەواریخ دەڵێ: «ئەگەرچی بۆیە چووبوو هەتا لە چنگ کاربەدەستانی رووسیا بکەوێتە زاڵە و سکاڵا، بەڵام لەبەر ئاکاری جوان و لەباری کەوتە بەر دڵی ئیمپراتۆر و ئەویش میدالیایەکی ئاستلانسلاد (ستلاس) و ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسئاژنی خەڵات کرد و ملی رێیەی گرت و گەرایەوە. لە شاری نۆڤۆچێرکاسک تووشی بالوێزی ئێران واتە عەزۆدۆلمولک هات و بیستی کە ئەمیرکەبیر لەسەر کار نەماوە؛ بۆیە ئەویش پێی لێ هەڵێنا کە زووتر بگاتەوە دارولخەلافە و رۆژی دوازدەی مانگی مەولوودی ساڵی ۱۲٦۸ی ک/۱۸۵۱ی ز. گەیشتەوە تاران و لە لایەن پایەبەرزانی دەولەتەوە ئافەریمی لێکرا.»[2]

کێشمەکێشی سیاسی و سەربازی لەسەر ئاشووراده هەروا درێژەی کێشا و هەتا پاش مانگی خرمانانی ۱۳۲۰ی هەتاوی/۱۹٤۱ی زایینی و دەست پێکردنی حکوومەتی محەممەدرەزا[شای] پەهلەوی نەبڕایەوە. لەو کاتەدا دەولەتی ئێران توانی بە پاڵپشتی ئەو رێککەوتننامانەی کە دوای گۆڕانی سیستمی حکوومەتی

---

۱- «کاربەدەستانی دەولەتی ئێران وایان پێ باش نەبوو کە پادشایەکی ئاوا مەزن واتە ئیمپراتۆری رووسیا بۆ کارێکی ئەوەندە بچووک دڵمەند بێ، جا هەر بۆیە نەیانهێشت مەهدیقولیمیرزا لەسەر کار بمێنێ.» بڕ: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ۳، مێژووی قاجار.

۲- «پیاوانی بەتەمەن دەگێڕنەوە هەر کە ئیمپراتۆر چاوی بە میرزا عەبباسی قەڵەمدار دەکەوێ و دەزانێ دەقی نامەکەی چی تێدا نووسراوە، بە پێکەنینەوە رووی تێدەکا و دەڵێ: تازە راسپاردەی سەر شانی تۆ کۆتایی پێ هاتووە، چونکە میرزا تەقیخانیان لە کاشان کوشتووە.» بڕ: ژیاننامەی ئەمیرکەبیر، حوسێن مەککی. راستی و دروستیی ئەم گێرانەوەیە روون نەبۆتەوە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو دەمەی بالوێزی ئێران چۆتە هەوێڵی ئیمپراتۆری رووسیا، بێگومان ئەمیرکەبیر لە کاشان بە فەرمانی ناسرەددینشا کوژراوە و ئەو دیدارەش کەوتۆتە پاش مانگی محەڕڕەمی ساڵی ۱۲٦۸ی کۆچی.

رووسیا و دامەزرانی یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ حکوومەتی نوێ نووسیبوونی. لە دورگەکانی ئاشووراده بین بە خاوەن.

## سەیفولمەلیک دەبێتە باڵوێزی ئێران

قەیسەری رووسیا نیکۆلای یەکەم، ساڵی ١٨٥٥ کۆچیدوایی کرد و ئەلیکساندری دووهەم (١٨٥٥ ـ ١٨٨١) کە بوو بە جێنشینی، کاتێک لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە، نێردراوێکی تایبەتی بە نامەوە نارده بارگای ئێران هەتا ئەم مەبەستە بە رەسمی رابگەیەنێ. کابرای نێردراو لە تفلیس نامە و نوێنەرێکی میرهەرێمی قەفقازیشی لەگەڵ خۆی هێنا و پێکەوە چوونە تاران.

ناسرەددینشا بەگەرمی بەخێرهێنانی نێردراوانی قەیسەر و میرهەرێمی قەفقازی کرد و بە مەبەستی پیرۆزبایی لە ئەلیکساندری دووهەم، «عەبباسقولیخانی میرپێنجەی، کە یەکێک بوو لە کەسانی نێزیکی میرزا ئاقاخانی نووریی سەرۆکوەزیر، کردی بە نێردراوی تایبەت بۆ بارگای دەسەڵاتی رووسیا و سەرناوی «سەیفولمەلیک»ی باربوو کرد.»

سەیفولمەلیک وەکوو گەورەباڵوێزی تایبەت لەگەڵ هاورێیانی خۆی رۆژی دوازدەی محەررەمی ساڵی ١٢٧٢ی ک/١٨٥٥ی ز. لە تەورێزەوە رووی کردە قەفقاز و میوانداران و کاربەدەستانی میرهەرێمی قەفقاز لە تفلیس بە شێوەیەکی شکۆمەند پێشوازییان لێکرد. ناوبراو لە کلکەی مانگی سەفەردا لە تفلیسەوە رۆیی بۆ مۆسکۆ و لەوێوە چوو بۆ پیترزبوورگ و لە لایەن پیاوانی بارگای رووسیا و ئەندامانی باڵوێزخانەی ئێرانەوە پێشوازیی لێکرا.[١]

---

١- «کاتێک لە پیترزبوورگ نێزیک بۆوە، خێرایەکی کاربەدەستانی رووسیا چەند درۆشکەیەکیان ناردن هەتا گەورەنێردراوی ئێران و هاورێیانی سواریان بن. میرزا سادقی حەکیم جێگری دووهەمی باڵوێز و ئەزەرئاغای وەرگێر و میرزا مەهدی و میرزا حەبیبوڵلا کە قەڵەمدارانی نووسینگەی باڵوێزخانە بوون، سواری درۆشکەیەکی چوارئەسپە بوون، ئەریمانخانی جێگری یەکەمی باڵوێز و حاجی شێخ موحسین وەرگێری یەکەمی باڵوێزیش سواری یەکێکی دیکەی چوارئەسپە بوون و هەروەها قاسمخانی راوێژکاری باڵوێز و عەلیخانی کوریشی لە درۆشکەیەکی ئاوا سەرکەوتن. ئەوسا باڵوێزی گەورە سواری درۆشکەیەکی شەشئەسپە کرا و پاشان سەرۆکی دەزگای ئاسایشی شار و چەند پیاوماقوولێک بەخێریان هێنان و شازده کەس پاسەوان لەوبەرەوبەری درۆشکە ریز بوون و داروغەی گەورە و سوارانی بەرفەرمانی و مەیتەرانی تایبەتی ئیمپراتۆری لە←

باڵوێزی تایبەتی ئێران لە کاتی دیداریدا لەگەڵ «کۆنت نێسیلرۆد»ی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، نامەی سەرۆکوەزیری ئێرانی دایە دەستی کە باسی نێوانخۆشی و دۆستایەتیی دوو وڵاتەکەی تێدا کرابوو؛ پاشان شەرەفی دیداری ئەلێکساندری دووهەمی پێبرا. لەم دیدارەدا کە بەپێی دابودەستوورێکی تایبەت ئەنجام درا، سەیفولمەلیک نامەی ناسرەددینشای پێشکەش بە ئەلێکساندر کرد. ناسرەددینشا لە نامەکەی خۆیدا وێرای سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچیدوایی نیکۆلای یەکەم، پیرۆزباییشی لە ئەلێکساندری دووهەم کردبوو کە بۆتە فەرمانڕەوا و داوای لێکردبوو کە هاوپشتی و دۆستایەتیی نێوانیان پتەوتر بێ.

ئەلێکساندر لەبەرچاوی وەزیری دەرەوە و مەزنانی بارگا و پۆلێک ژەنەراڵ و ئەفسەرانی دیکەی وڵاتەکەی داوای لە باڵوێزی ئێران کرد تا بە خزمەت پادشا ڕابگەیەنێ کە لە قووڵاییی دڵەوە پێمانخۆشە پەیوەندییەکانمان توندوتۆڵتر بێ. پاشان ئیزنی باڵوێزی دا و ئەویش ڕۆیی بۆ دیداری ژنی پادشا و کوڕی جێگرەوەی و لەسەر داوای شاژن بە دەستی خۆی میدالیای زێڕینی بە دیاری نێردراوی ناسرەددینشای کردە ملی جێگرەوەی ئەلێکساندر و بەم شێوەیە ڕێوڕەسمی دیداری باڵوێزی ئێران لەگەڵ مەزنانی ڕووسیا کۆتاییی پێهات.

سەیفولمەلیک هێندێک پتر لە چوار مانگ لە پایتەختی ڕووسیا مایەوە و لەو ماوەیەدا دەستی کرد بە وتووێژ لەگەڵ سەرۆکوەزیر و وەزیری دەرەوە و چەند بەرپرسێکی باڵادەستی ڕووسیا. پاش برانەوەی وتووێژەکان گەڵاڵەی ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بەو پرس و بابەتانە نووسرا کە هەردک وڵات بە پێویستیان دەزانین و بریتی بوون لە سەفەری خەڵکی دوو وڵاتەکە بۆ خاکی یەکتر و چۆنیەتیی جووڵانەوە لەگەڵ پەنابەران و ڕاکردووان. ئەم دەقە پاش لێک و لووس کرانی لە لایەن نوێنەرانی ئێران و ڕووسیاوە واژۆ کرا.

گەورەباڵوێزی تایبەتی ئێران چۆنیان بەخێر هێنابوو، هەر ئاواش بەڕێیان کردەوە و گەڕایەوە تفلیس و چەند ڕۆژێک لەو شارە مایەوە کە کرابوویە نێوەندی ئیداری و سیاسی و سەربازیی قەفقاز و پاش ئەوەی بەشداری کۆڕێکی ڕازاوەی

---

پێشوازیاندا ڕاوەستان و پاش چوونە نێو شار، پەلێک سەربازی تایبەتی میوانداری، بە ئاڵا و تەپڵ و زوڕناوە بەخێریان هێنان و ڕێزیان گرتن.»

میوانداری بوو کە میرهەریمی قەفقاز لەسەر شەرەفی بالویز ریکیخستبوو گەرایەوە ئێران و نێوەراست مانگی محەررەمی سالی ١٨٥٦/١٢٧٢ گەیشتەوە تاران.

## رێککەوتن‌نامەی ئێران و رووسیا سەبارەت بە گەشت و گەرانی خەڵکی دوو وڵاتەکە

دیدار و وتوویژەکانی سەیفولمەلیک و سەرۆکوەزیر و وەزیری دەرەوەی رووسیا لە پیتریزبوورگ سەبارەت بە هاتوچۆ و سەفەری خەلکی دوو ولاتەکە ریککەوتن‌نامەیەکی لیکەوتەوە کە بریتی بوو لەو چوار بەندەی خوارەوە:

بەندی یەکەم: خەلکی دوو ولاتەکە نابێ بەبێ وەرگرتنی بەلگەی نووسراوی هاتوچۆی ولاتی خۆیان لە سنووری ولاتەکەی دیکە وەژوور بکەون.

بەندی دووهەم: ئەوانەی کە بەبێ بەلگەی رەسمی (پاسپۆرت) بچنە نێو خاکی ولاتەکەی دیکەوە، سنوورروانان دەیانگرن و لەگەل هەر مال و سامان و چەک و کالایەکی لە پێیان بێ دەدریتەوە دەست کونسوول یان ژەنەرال کونسوول یان وەزیر موختاری ولاتەکەی خۆیان.

بەندی سێیەم: ئەگەر خەلکی هەرکام لە دوو ولاتەکە پێیان‌خۆش بێ کۆچ بکەن بۆ خاکی ئەوی دیکە، بێ‌ئەوەی ولاتێکی سێیەم خۆی تێوەربدا، ریگای کۆچیان بۆ خۆش دەکرێ.

بەندی چوارەم: هەردک دەولەتەکە بەلێنیان دا کە رەزامەندی لەسەر هەموو داخوازێکی کاربەدەستانی رەسمیی دەولەتەکەی دیکە سەبارەت بە کۆچ و کۆچەران دەرببرن، مەگین ئەوەی کە بەپێی یاسا و ریسا داخوازەکە گری و بەربەستێکی لەبەر بێ.

بنکەی ژین

## کۆمەلێک قان و پشکی ئابووری و سیاسی

دەولەتی رووسیا لە وەرگرتنی قانی ئابووری و سیاسی‌دا لە ئێران وەکوو ئینگلستان سەرکەوتوو نەبوو، بەلام هەر قانێکی ئابووری کە درابایە دەولەت یان کەسێکی ئینگلیسی، کەسانی رووسیش هەولیان دەدا کە قان و پشکێکی ئاوا وەدەست بێنن.

یەکەمین قانی گرینگ کە درایە کەسانی رووسی، پاوانی ماسیگرتن بوو لە بەشێکی دەریای خەزەری ئێران کە سالی ١٨٦٩ لە لایەن ناسرەددین‌شاوە درا بە

کابرایەک بە ناوی لیانازۆڤ و پاشتریش چەند جارێک ماوەکەی بۆ نوێ کرایەوە. سەرەنجام هەڵگیرانی بەرهەمی ماسی لە بەندەرئەنزەلی و دەوروبەری و لە درێژەی لێواری دەریای خەزەر هەتا «نەوشار»ی ئێستا خرایە بەردەستی شەریکەی هاوبەشی «شیلات» کە ئێران و رووسیا سەرمایەی خۆیان تێدا نابووەوە. سەرمایەی رووسان لە سەت بەشان ٥١ بەش و سەرمایەی ئێران ٤٩ بەش بوو.[1]

هێندێک دواتر لە ساڵی ١٨٧٠دا، رووسیا ئیزن درا کە بە رێگای ئۆدیسا و تفلیس و تەورێزدا هێڵی تەلگراف لە «ئەلێکساندرۆڤسکی»یەوە بەرێ بۆ تاران و بە یەکتریانەوە ببەستێتەوە. دواتر وەزارەتی دارایی رووسیا بە وەرگرتنی ئیزنی تایبەت لە دەوڵەتی ئێران توانی بانکی قەرزدەری رووس لە ئێران دامەزرێنێ.[2] ئێران پێشتر مافی دامەزراندنی بانکی شاهانشایەتیی دابوو بە پیاوێکی ئینگلیسی و بەم شێوەیە بانکی رووسی بوو بە رقەبەرێکی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ بانکی شاهانشاهی.

بانکی قەرزدەری رووسی کە دواتر ناوی گۆرا بە بانکی ئیسکۆنیت، لە رواڵەتدا دامەزراوەیەکی بازرگانی و لە نێوەرۆکدا ماکەی پەرە و گەشە و سەقامگیربوونی برشتی سیاسی و دارایی رووسیای قەیسەری بوو لە ئێراندا. ئەم بانکە هەموو بازرگان و پیشەوەرێکی وەدوا ئەدەدا و هەر کەس داوای قەرزی لێکردبا بۆی دابین دەکرد و لە وەرگرتنەوەی قەرزەکەشیدا بە خاوەخاو بوو. دەسمایەی بانکی رووسی سنوور و چواچێوەیەکی بۆ دیاری نەکرابوو، هەرچەندی پێویستی بووبا لە وەزارەتی دارایی و خەزنەخانەی رووسیا وەریدەگرت. بەستێنی کاری ئەم بانکە بەرەبەرە بەرفرەوان بۆوە و وامی دەدا بە دەوڵەت و پادشا و شازادەکانیش و بەم شێوەیە سەرەرای ئەوەی کە لەم بوارەدا هیچ قازانجێکی بەرچاوی نەدەکرد، زۆرجارانیش تووشی زەرەر دەبوو. ئەم بانکە هەتا زەمانی دامەزرانی یەکییەتیی سۆڤییەت لە ئێران مایەوە و بەپێی رێککەوتنێک لە نێوان ئێران و سۆڤییەتدا، تەواوی دارایی و قەرزەکانی ئەو بانکە لەبری قەرەبووی شەران درا بە ئێران.

---

١- ماوەی ئەم قان و پاوانە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی/١٩٥٠ی زایینی کۆتایی پێهات و تازە درێژ نەکرایەوە و خودی دەوڵەتی ئێران بەرێوەبردنی ئەم شوێنەی بە دەستەوە گرت.

٢- ئیستقرازی

حکوومەتی قەیسەریی رووسیا لە سەردەمی پادشایەتیی ناسرەددینشادا توانی دەستی بکاتە گرینگترین ماکەی ژیان و مانی ئێران و وەکوو لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، بە ناردنی راوێژکاران و شارەزایانی بواری سەربازی و پێکهێنانی بریگادی قەززاق لە سالی ١٨٧٩دا، توانی هێزی بەرگریی ئێران بخاتە ژێر رکێفی خۆی.

بریگادی قەززاق و سەرکردە رووسییەکانی کە بەپێی رێککەوتنێک تەنیا سەر بە وەزارەتی بەرگریی و دامەزرێندراوی دەولەتی ئێران بوون، وردەوردە بوونە هێزێکی سەربەستی سەر بە خودی پادشا ئێران و بارگای رووسیا. وای لێهات ئەو هێزەی کە بە مەبەستی پاراستنی ولات لە پەلاماری بێگانە پێکهاتبوو، بوو بە هەوێنی دیار و بەرچاوی پتەوبوونی بناغەی حکوومەتی ملهورانەی میران و قولەچۆماغی سەرکوتکردنی ئازادیخوازان و بەرێوەبەری فەرمانەکانی میرهەرێمی قەفقاز و بارگای رووسیای قەیسەری. دەستەیەک لە سەرکردەکانی بریگادی قەزاق، بۆ نموونە کەسێکی وەکوو لیاخوف دەورێکی بەرچاویان گێرا لە بەرێوەبردنی هەلوێستی دژی ئازادیی رووسیای قەیسەری و بەرەنگاربوونەوەی ئازادیخوازانی ئێراندا.

سالی ١٨٩٢، کاری لێدرانی رێگای بێقیلەتاوی نێوان بەندەرئەنزەلی و قەزوێن و چنینەوەی بەهرەکەی درایە شەریکەیەکی رووسی بە ناوی «شەریکەی بیمەی گەیاندن و گواستنەوەی ئێران». ماوەی پاوانی کارەکە ٩٩ سال بوو و دواتر لە سەردەمی پادشایەتیی موزەففەرەددینشادا هەر ئەم شەریکەیە قان و پاوانی لێدرانی رێگای بێقیلەتاوی نێوان قەزوێن و هەمەدانیشی وەرگرت.

**رێچکەی ئاسن**

دەوروبەری سالی ١٨٧٤، ماوەیەک پاش ئەوەی کە بارۆن جوولیووس دو رۆیتێری ئینگلیسی، توانی قان و پاوانی راکێشانی هێلی شەمەنەفەری نێوان رەشت و تاران و لەوێوە بۆ کەنداوی فارس بۆ ماوەی ٧٠ سال لە ناسرەددینشا وەربگری، کابرایەکی رووسی بە ناوی «فۆن فالکێنهاگێن»، توانی قانی راکێشانی رێچکەی ئاسنی نێوان جولفا و تەورێز لە پادشای ئێران وەربگیری. درێژاییی ئەم رێگایە دەگەیشتە ١٥٦ کیلۆمیتر. بەلام چونکە کابرا نەیتوانی لە کاتی دیاریکراوی ٥ سالەدا کارەکەی تەواو بکا، قانەکەی هەلوەشێندرایەوە.

بنکەی ژین

بەشی ١٢

# پەیوەندیی نێوان ئێران و وڵاتانی ئورووپای ناوەندی و خۆراوایی و ئەمریکا

**(١٢٥٠ - ١٣١٣ی ک/١٨٣٤ - ١٨٩٥ی ز)**

## بەرایی

لەو چەرخ و خولەدا کە دەولەتانی رووس و ئینگلیس بۆ رقیبەرقەی سیاسی و ئابووریی خۆیان لە ئێراندا هەتا چلەپۆپە پێهەڵاچووبوون و لە هەموو بالیکەوە ئێرانیان خستبوویە نێو بازنەی گەمارۆی ئابووری و هەولیان بۆ بەرەوپێشچوونی ئامانجی بێفەر و سەربەستیشکێنانەی ئێران دەدا. پەیوەندیی ئەم وڵاتە لەگەڵ دەولەتانی دیکە پتر پەرەی دەگرت؛ بەتایبەت کە رووداوەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئورووپا وەکوو گەوی زنجیرێک چارەنووسی گەلان و وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ رۆژهەلاتی نێوەراست و ئێران تێکخستبووە. دەولەتی ئێران چ بۆ هاوکاری و چ بە مەبەستی پتەو کردنی بارودۆخی سیاسیی خۆی، هەولی دەدا کە لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی، بەتایبەت فەرانسە و ئوتریش و ئالمان پەیوەندیی سیاسی و ئابووری دامەزرێنێ کە ئەو زەمانی بە زلهێزانی دنیا دادەندران. گەشتەکانی ناسرەددینشا بۆ ئورووپا و نێردرانی خوێندکاریش بۆ دەرەوە توانیبووی سەرنجی وڵاتانی ئورووپای خۆراوایی و ناوەندی بۆ لای ئێران رابکێشێ و گەشە بدا بە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئێران.

I

## پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ بلژیک و ئیسپانیا

### رێککەوتننامەی نێوان ئێران و بلژیک

ساڵی ١٨٤١/١٢٥٧، میرزا جەعفەرخانی موهەندیسباشی (موشیروددەولە)، بالوێزی ئێران لە بارگای عوسمانی، لە ئیستانبووڵ چاوی بە بارۆن فرانسوا جان

وەزیـر موختـاری بلژیـک کـەوت و سـەبارەت بـە نووسـینی ڕێککەوتننامەیـەکی دۆستایەتی و بازرگانی لەگەڵی کەوتە گوفتوگۆ. چوارچێوەی وتوویژەکانی ئەم دیدارەی بـاڵوێزی ئێران لەگـەڵ نوێنـەری بلژیـک لـە تـاران کەوتـە بـەر ڕەزامەندیی محەممەدشا و حاجی میرزا ئاغاسیی سـەرۆکوەزیر و «لیئۆپید»ی پادشای بلژیکیش ئەو نێوەرۆکەی بە دڵەوە نووسا و سەرەنجام ڕێککەوتننامەیەک لـە ١٤ی ژووەنی ١٨٤١دا نووسرا و لە لایەن باڵوێزانی ئێران و بلژیکەوە واژۆ کرا کە بریتی بوو لـە سـەرەتایەک و حـەوت بەنـد. دەقـە فارسـییەکەی ئـەم ڕێککـەوتنـنـامەیە نێردرایـە تـاران و سـەرۆکوەزیر و میـرزا ئەبولحەسـەنخانی شـیرازی، وەزیـری دەرەوەی ئێرانیش واژۆیان کرد و لە لایەن پادشاشەوە پەسند کرا.

بەپێی بەندی یەکەم، بناغەی دۆستایەتیی هەمیشـەیی لـە نێوان ئێران و بلژیـک و خـەڵکی دوو وڵاتەکـەدا دادەڕێـژرێ. بـەگوێرەی بەنـدی دووهـەم هـاتوچۆی جەماوەری دوو وڵاتەکە بۆ خاکی یەکتر و مانەوەیان بۆ کاروباری بازرگانی ئازاد کـرا و خـەڵکی ئێـران و بلژیـک ئیـزن دران کـە بـۆ مانـەوە و نیشـتەجێبوون و بەڕێوەبردنی کاروبـاری بازرگـانیی خۆیان خانووبەرە و عەمبار و بینا لـە خـاکی یەکتردا بە کرێ بگرن. لـە ماوەی مانـەوەی ئەم کەسانەدا دەبوو هـەموو مافێکیان پـارێزراو بوویـا و هـیچ کاربەدەسـتێکی خـۆجێیی بـۆی نـەبوو کـە هـەڵیانپێچێ و زوڵمیان لێ بکا. هەروەها قـەرار کرا ئەگەر یەکێک لەم دوو وڵاتە لەگەڵ وڵاتێکی دیکە تووشی شـەڕ بێ، نابێ ئەم ڕێککەوتننامەیە کرێ و کەلێنی تێکەوێ.

بەپێی دەقی کتێبی ناسیخوتتەواریخ بەندی سێیەم ئاوا پەسندکراوە:

«بەندی سێیەم: ئـەو کەسانەی کە لـەو دوو وڵاتـە شـکۆمەندەوە بـە مەبەسـتی بازرگانی یان گەشت و سەیران ڕوو دەکەنە وڵاتی یەکتر یا لێی دەمێننەوە، دەبێ ئەوپەڕی ڕێزیان لێ بگیرێ و نابێ سەرانەیان لێوەربگیرێ. بڕی گوومرگانەی سەر کاڵا و کەلوپەلی بازرگانانی بلژیکی کە دەیهێنن یان دەیبەن لەگەڵ خۆیان نابێ لە سەتی پێنج زیاتر بێ. گوومرگانـەی بازرگانانی دەوڵـەتی پایەبـەرزی ئێران دەبێ وەکوو گوومرگانەی دەوڵەتانی فەرانسە و ئینگلیس وابێ.»

لـە ڕووی نێوەرۆکی بەندی سـێیەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەوڵـەتی بلژیک ئێرانی وا لێکردووە کە گـوومـرگـانەیەکی دیـاریکـراو بـۆ بـازرگـانـانی ئـەو وڵاتـە وەبەرچاو بگرێ و دەبێ لە سەتی پێنجیش تێنەپەڕێ، بـەڵام نـرخـی گوومرگانەی

کاڵا و کەلوپەلی بازرگانانی ئێرانی دەبێ بەپێی ئەو برە وەربگیرێ کە بۆ وڵاتانی فەرانسە و ئینگلستان دیاری دەکرێ و خۆی لە نرخێکی ئەگۆڕدا دۆزیوەتەوە.

بەپێی بەندی چوارەم، دەوڵەتی ئێران دەبوو تەواوی ئەو بازرگان و گەشتیارانەی بلژیکی کە لە ئێران بوون راستەوخۆ بیانگرێتە ژێر باڵی پاراستنی خۆی و ڕێنمایی و فەرمانی پێویستیان بۆ دەربکا و بە کاربەدەستان و کارمەندانی حکوومەتی رابگەیەنێ.

بەگوێرەی بەندی پێنجەم، دەوڵەتی بلژیک ئیزن درا هەتا نووسینگەی نوێنەرایەتیی بازرگانی لە تاران و تەوریز بکاتەوە و دەوڵەتی ئێرانیش ڕێگای پێدرابوو هەتا لە «برووکسێل»ی پایتەختی بلژیک و شاری ئانوڤێر نووسینگەی نوێنەرایەتیی بازرگانی بکاتەوە.

بەپێی بەندی شەشەم، نوێنەرایەتیی بلژیک و ئێران لە وڵاتانی یەکتر هەقی ئەوەیان هەبوو کە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان بازرگانانی خۆیان و وڵاتەکەی دیکە بەگوێرەی یاسا و ڕێسای باوی ئەو شوێنە چارەسەر بکەن. هەروەها ڕێگا درابوون هەتا بە کاروباری بازرگانانی سەرسووتاوی وڵاتەکەی خۆیان رابگەن و ئەگەر هات و یەکیان مرد بتوانن دەست بە سەر ماڵ و سامانەکەیدا بگرن و بیپارێزن.

هەر ماوەیەک دوای واژۆ و پەسندکرانی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و بلژیک، دەوڵەتی بلژیک هاواری لێ بڵیند بوو کە دوایین بڕگەی بەندی سێهەم نارروونە و کەم و کورتیی تێدایە و ڕێسای باوی گوومرگی بلژیکی پێ دەشێوێ، جا بۆیە گەڵاڵەیەکی گۆڕینی ئەم بەندەی وەکوو پێشنیار خستە بەر دەم ئێران و بەپێی ئەم گەڵاڵە تازەیە دەبوو خەڵکی هەردک وڵاتەکە کاتێک دێن و دەچن بۆ وڵاتی یەکتر گوومرگانەی خۆیان بدەن، یانی ڕاست وەک مەرجی یەکەمی ڕێککەوتننامەی بازرگانیی دەوڵەتی بەرزەجێی ئینگلیس و ئێران کە دواتر لەسەری ڕێککەوتبوون.

گەڵاڵەی گۆڕینی بەندی سێهەم وەکوو بڕیارێک نووسرا و مانگی ژانوییەی ساڵی ١٨٤٢، باڵوێزی ئێران و وەزیر موختاری بلژیک لە ئیستانبووڵ واژۆیان کرد و دەقەکانیان لە نێوان خۆیاندا گۆڕینەوە.[1]

---

١- مەبەست لە مەرجی یەکەمی ڕێککەوتننامەی ئێران و ئینگلیس، بەندی یەکەمی ئەو ڕێککەوتننامە بازرگانییەیە کە ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٨٤١، یانی نیزیکەی سێ مانگ و چەند←

### ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و ئیسپانیا

ئەو دەمەی کە میرزا جەعفەرخانی موشیروددەولە، باڵوێزی ئێران لە بارگای عوسمانی لەگەڵ باڵوێزی بلژیک سەرقاڵی وتووێژ بوو سەبارەت بە دارشتنی ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی و هاتوچۆی خەڵکی دوو وڵاتەکە، لەگەڵ وەزیر موختاری ئیسپانیاش کە دانیشتووی ئیستانبووڵ بوو دەربارەی نووسینی ڕێککەوتننامەیەکی دۆستایەتی و بازرگانی و دابینکردنی پرسی هاموشۆ و مانەوەی خەڵکی دوو وڵاتەکە لە خاکی یەکتردا گوفتوگۆی کرد و سەرەنجام ڕێککەوتننامەیەکی لێکەوتەوە کە بریتی بوو لە سەرەتایەک و حەوت بەند و ڕۆژی ٢٠ محەررەمی ١٢٥٨ی ک/٢ی مارسی ١٨٤٢ی ز. موشیروددەولە و «شانتۆنی» وەزیر موختار و نوێنەری ئیزابێللی دووهەمی مەلەکەی ئیسپانیا لە پایتەختی عوسمانی واژۆیان کرد.[1]

ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و ئیسپانیا بە باری بەند و بڕگە و نێوەڕۆکدا هەروەک ڕێککەوتننامەی بازرگانی و دۆستایەتیی ئێران و بلژیک وابوو و لەسەر تەوەرەی دۆستایەتیی دوو دەولەتەکە هەڵدەسووڕا و هەردک لا دەبوو ڕێگای هاتوچۆی خەڵکی وڵاتەکانیان بۆ خاکی یەکتر تەخت کردبا و هەلی لەباریان بۆ کاروباری بازرگانی ڕەخساندبا و مەرج یان بەندی یەکەمی ئاوا نووسرابوو:

«بەندی یەکەم: لەمڕۆ بەو لاوە لە نێوان دەولەتی پایەبەرزی ئێران و دەولەتی شکۆمەندی ئیسپانیۆل و خەڵکی هەردووک وڵاتەکەدا بە هیوای یەزدانی مەزن

---

ڕۆژێک پاش واژۆی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و بلژیک لە نێوان ئێران و ئینگلیسدا لە تاران پەسند کرا. بەندی یەکەم ئاوا نووسرابوو: «بەندی یەکەم: بازرگانانی دەولەتانی بەرزەجێ ڕێگایان پێدەدرێ کە وەکوو یەک هەر چەشنە کەلوپەل و کالایەکی خۆیان بەرن بۆ وڵاتی یەکتر و لە هەر جێگایەکی کە پێیانخۆش بێ بیفرۆشن یان بیگۆڕنەوە. ئەو کەلوپەل و کالایەی کە دەیهێنن یان دەیبەن بەپێی ڕێککەوتننامەی کامیلەتولویدادی وڵاتانی ئورووپایی دوو جاریان گوومرگانە لێوەردەگیرێ (جارێک کە کالا دێنن و جارێک کە دەیبەنە دەرەوە)، لەوە بەدەر هیچ بارانە و گوومرگانەی دیکە لە بازرگانانی دوو وڵاتەکە وەرناگیرێ و... .» بڕ: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ٢، مێژووی قاجارییە.

١- ئیزابێللا یان ئیزابێللی دووهەم دەبێتە کچی فێردیناندی حەوتەم و لە ساڵی ١٨٣٣را بوو بە شاژنی ئیسپانیا و ساڵی ١٨٦٨ ئەفسەرانی پایەبەرزی سپا لێیهەڵگەڕانەوە و کۆدەتایان لێکرد و لەسەر کاریان لابرد.

بناغەی دۆستایەتییەکی ڕاست و ڕەوان و گەرموگوڕی هەمیشەیی دادەڕێژرێ و سەقامگرتوو دەبێ.»[١]

ئێوەرۆکی بەندی سێیەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە سەبارەتە بە چۆنیەتیی وەرگرتنی بارانە و گوومرگانە لە بازرگانان و خەڵکانی هاتوچۆکەری هەردک وڵاتەکە بۆ خاکی یەکتر و بڕیاری پێکهاتنەکانی مارسی ١٨٤٣ی نێوان ئێران و بلژیک کرابوویە بناغە و لە ڕاستیدا کاکڵی ئەم بەندە لەگەڵ ئێوەرۆکی بەندی یەکەمی ڕێککەوتننامەی بازرگانیی ئێران و ئینگلیس هەر یەک بوو کە پێشتر ئاماژەیان پێکردووە.

بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەوڵەتی ئیسپانیا هەقی هەبوو هەتا لە تاران و تەورێز نوێنەرایەتیی بازرگانی دامەزرێنێ و لەولاوە دەوڵەتی ئێرانیش ڕێگای پێدرابوو هەتا خاوەنی نوێنەرایەتیی بازرگانان بێ لە شاری «مادرید»ی پایتەختی ئیسپانیا و نووسینگەیەکی بازرگانیش لە لەنگەرگای «بارسیلۆن» یان هەر لەنگەرگایەکی دیکە کە خۆی پێی باش بێ بکاتەوە.

## II

## پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و فەرانسە

### سەرەتا

لە بەشی یازدەی ئەم کتێبەدا باسی ئەوەمان کرد کە ساڵی ١٢٥٤ی ک/١٨٣٨ی ز، حوسێنخانی ئاجودانباشی وەکوو باڵوێز و نوێنەری تایبەتی محەممەدشا ڕۆیی بۆ ئینگلستان هەتا سەبارەت بە دەستێوەردانی باڵوێزی بریتانیا لە کاروباری نێوخۆی ئێران و بۆ نموونە لە کێشەی هەراتدا لەگەڵ وەزیری دەرەوە و سەرۆکوەزیری ئینگلیس بکەوێتە گوفتوگۆ. کاتێک حوسێنخان پێیزانی کە پایەبەرزانی دەوڵەتی بریتانیا وەکوو باڵوێز وەریناگرن، لە ڤییەن لەگەڵ میتێرنیخ کەوتە باس و ڕاوێژ و داوای لێکرد کە بە باری دیپلۆماسیدا وا بکا هەتا دان بە ئەرک و پلەیدا بێنن؛ ئەویش لەم بارەیەدا هەنگاوی هاویشت و چونکە هەوڵەکانی یەکلایی نەبوونەوە، حوسێنخان لە مانگی محەڕڕەمی ساڵی ١٢٥٥دا ڕۆیی بۆ پاریس.

---

١- بڕ: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ٢، مێژووی قاجارەکان.

حوسێنخانی ئاجودانباشی مانگی سەفەری ۱۲۵۵ی ک/۱۸۳۹ی ز. گەیشتە پاریس و «ژوانێن» ئەندامی شاندی نێردراوی ناپلئۆنی یەکەم بۆ ئێران کە زمانی فارسیی دەزانی. لە لایەن دەوڵەتی فەرانسەوە راسپێردرا هەتا میوانداری نوێنەری ئێران بێ. ئاجودانباشی سەرەتا چاوی بە فرانسوا گیزۆ[1] وەزیری دەرەوەی فەرانسە کەوت و دواتر چووە دیداری «لوویی فیلیپ»ی[2] پادشای فەرانسە و دیارییەکانی محەممەدشای پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە شمشێرێکی گەوهەربەند و شازدە دەست قوماشی ئاوریشمی رەزایی و دوو بەرگ کتێبی شانامەی فیردەوسی و بەرگێک سەرجەمی بەرهەمەکانی سەعدی.[3]

هەروەک لە بەشی یازدەدا باسی کرا، پاش ئەوەی دەوڵەتی ئینگلستان رایگەیاند کە رازی نابێ هەتا کەسێک وەکوو نوێنەری رەسمیی ئێران بچێتە ئەم وڵاتە، ئاجودانباشی لەگەڵ جوبرائیلخانی وەرگێری خۆی بە شێوەی نارەسمی ملی رێیەی گرت و لە پاریسەوە رۆیی بۆ لەندەن و دوای ماوەیەکی کەم گەرایەوە پاریس و

---

۱- فرانسوا گیزۆ، دیپلۆمات و مێژوونووس و نووسەری میانەڕەوی فەرانسەوییە کە دژایەتیکردنی لەگەڵ لیبراڵەکان و کۆماریخوازانی فەرانسە ڕێگای بۆ شۆرشی ساڵی ۱۸٤۸ و رووخانی حکوومەتی لوویی فیلیپ خۆش کرد.

۲- لوویی فیلیپ دوای شۆرشی ژووئییەی ساڵی ۱۸۳۰ و رووخانی حکوومەتی شارلی دەهەم بوو بە پادشای فەرانسە و فێورییەی ساڵی ۱۸٤۸ دوابەدوای راپەرینێکی جەماوەری دەستی لە دەسەلات هەلگرت و رایکردە فەرانسە.

۳- ئەو بەسەرهاتەی کە سەبارەتە بە سەردەمی مانەوەی حوسێنخانی ئاجودانباشی لە پاریس و لە کتێبی ناسیخوتتەواریخدا تۆمار کراوە، گێرانەوەی لێرەدا خێری پێوەیە: «لەو کاتەدا وا هات کە خەڵکی پاریس لێی راپەرین و ویستیان پادشا بکووژن... پاش ئەوەی کە پادشا ئاژاوەگێرانی بەزاند و گرتنی، ویستی ئەو کەسە بکووژێ کە ئاورەکەی هەڵگیرساندووە. دایکی ئەو تاوانبارە رۆیی بۆ لای شا و دەستی کرد بە لالانەوە و پارانەوە و تنۆکێک فرمێسکی کەوتە سەر دەستی پادشا. پادشا کە ئەوەی بینی لێی خۆش بوو. پادشا بە خەتی خۆی فەرمانێکی نووسی و روونی کردەوە ئەگەرچی ئەو چەپەڵە پێوە بوو هەتا کەسێک بکووژێ کە خەڵک لە ژێر سێبەری ئەودا حەساونەوە، بەڵام ئەم دەستەی کە ئەم فەرمانەی پێدەنووسری دڵۆپێک فرمێسکی چاوی دایکی ئەو تاوانبارەی وێکەوت و خاوەنی ئەم دەستە لەرێوە چێژەی لە جەرگی هەستا. جا چونکە مەزنانی حکوومەت و ئاپۆرای خەڵک خۆ مافی ئەوەیان نییە لێی خۆش بن و ئەم مافە تەنیا تایبەتی ئێمەیە، لە تاوانی خۆش بووین و هەر بەو دڵۆپە فرمێسکەمان بەخشی و ئازادمان کرد. بڕ: ناسیخوتتەواریخ، بەرگی ۲، مێژووی قاجارییە.»

چاوی بە پایەبەرزانی دەوڵەتی فەرانسە کەوت و داوای لێکردن کە شاندێکی پسپۆڕانی تۆپخانە و سوارە و پیادەی فەرانسەوی بۆ مەشق و ڕاهێنانی سپای وڵاتەکەی بڕۆنە ئێران هەتا دەوڵەت لەوێ دایانبمەزرێنێ.

کۆنت دو سێرسی وەکوو نێردراوی دەوڵەتی فەرانسە هەڵبژێردرا و لەگەڵ سێ مامۆستا و شارەزای تۆپخانە و دوو پسپۆڕی سپای سوارە و پێنج ئەفسەری پیادە کە دەوڵەتی ئێران دایمەزراندبوون بەرەو ئێران وەڕێکەوتن و ساڵی ١٨٣٩ گەیشتنە تەورێز و لەوێشەوە چوونە ئیسفەهان. لەو شارە شەرەفی دیداری محەممەدشایان پێبرا و بەم چەشنە پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێران و فەرانسە کە دوای ناکامکەوتنەوەی ژەنەراڵ گاردان بۆ بردنە سەری بەڵێنەکانی ناپلئۆنی یەکەم سەبارەت بە ئێران هەڵبرابوون، سەرلەنوێ دەستیان پێکردەوە.

ژەنەراڵ فێریە و ژەنەراڵ سێمینۆ لە هاوڕێیانی دیکەی کۆنت دو سێرسی بەناوبانگتر بوون. سێمینۆ لە جەنگەی گەمارۆی هەراتدا ماوەیەک لە ڕیزەکانی سپای ئێراندا خەریکی کار بوو. ژەنەراڵ فێریە ماوەیەک سەرکردەی ئاژانەکانی سپای ئێران بوو، بەڵام چونکە زۆر توند دژایەتیی دەکرد لەگەڵ رووسیای قەیسەری و لایەنگری پەرەی دەسەڵاتی ئینگلستان بوو، وەزیر موختاری رووسیا تینی بۆ حاجیمیرزا ئاغاسی هێنا و ئەویش لەسەر کاری لابرد و فێریە بەرەو باو بۆوە. یەکێکی دیکە لە هاوڕێیانی نێردراوی فەرانسە مارکووس دو لاڤالێت بوو کە محەممەدشا لەگەڵ کۆنت دو سێرسی پاشناوی «خان»ی باربوو کردن.

کۆنت دو سێرسی پاش وتووێژ لەگەڵ پایەبەرزانی ئێران و محەممەدشا سەبارەت بە نووسینی چەند ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی و سیاسی هیچ ئاکامێکی وەدەست نەهێنا، چونکە نوێنەری فەرانسە بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ئێران کە پێی وابوو نێوبژیوانیی فەرانسە لە نێوان ئێران و ئینگلیسدا سەبارەت بە کێشەی هەرات بە قازانجی ئێران دەبڕێتەوە، خۆی لە هەموو کەیخودایەتی و وتووێژێکی سیاسی دەرهاویشت و تەنیا توانی محەممەدشا بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە فەرمانێک سەبارەت بە کاتۆلیکە فەرانسەوییەکانی دانیشتووی ئێران دەربکا. بەپێی ئەو فەرمانە کە ساڵی ١٨٤٠ دەرچووە، کاتۆلیکە فەرانسەوییەکانی دانیشتووی «جولفا»ی ئیسفەهان و سەرتاسەری خاکی ئێران وەکوو هەموو هاونیشتمانییەکی دیکەی ئێرانی مافێکی یەکسانیان بۆ وەبەرچاو دەگیرا و دەیانتوانی بە ئازادی

خەریکی کاروباری دینی و کڕین و فرۆشتن و پەروەردە و ڕاهێنانی منداڵەکانی خۆیان بن و هەقی زەماوەند و سازکردنی پەرستگە و کڵیساشیان هەبێ.

**میرزا محەممەدعەلیخانی شیرازی دەبێتە نێردراوی ئێران**

کۆنت دو سێرسی دوای سێ مانگ مانەوەی لە ئێران، ساڵی ١٨٤٠ گەڕایەوە فەرانسە. بەڵام هاوڕێیانی لە ئێران مانەوە. دەوڵەتی فەرانسە ساڵی ١٨٤٣ «کۆنت دو سارتیژ»ی وەکوو باڵوێزی تایبەت ناردە ئێران و ناوبراو هەتا سەرەتاکانی پادشایەتیی ناسرەددینشا و سەردەمی مەزنایەتیی ئەمیرکەبیر لە تاران مایەوە. باڵوێزی فەرانسە زۆری هەوڵ دا کە ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ ئێران دابڕێژێ، بەڵام حاجی میرزا ئاغاسی پێشی بە کارەکەی گرت و سەرەنجام خودی محەممەدشا فەرمانی دا هەتا گەڵاڵەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ فەرانسە بنووسرێ. ئەم گەڵاڵەیە ئامادە کرا و ساڵی ١٨٤٦ بۆ پەسند کران نێردرایە وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە.

دەقی ئەم ڕێککەوتننامەیە ماوەیەکی زۆر لە باڵوێزخانەی فەرانسە لە پایتەختی عوسمانی کەوتەوە و کاتێک گەیشتە پاریس کە شۆڕشی فێورییەی ساڵی ١٨٤٨ تازە دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ بەرپرسانی فەرانسەوی نەهێشتبوو کە لا لەو مەبەستانە بکەونەوە. حکوومەتی کاتیی فەرانسە کە دوای ڕووخانی حکوومەتی لوویی فیلیپ هاتە سەر کار، لەبەر سەرقاڵبوونی بە کاروباری نێوخۆوە، ڕێککەوتننامەکەی لە بیر چۆوە.

ساڵی ١٨٤٦/١٢٦٣، میرزا محەممەدعەلیخانی شیرازی جێگری یەکەمی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەپێی ڕێکارێک کە حاجی میرزا ئاغاسی دایناىوو. بە مەبەستی کردنەوەی دەرگای دۆستایەتی لەگەڵ فەرانسە و هێنان و دامەزراندنی چەند مامۆستا و سەنعەتکار و پسپۆڕی پیشەسازی ڕۆیی بۆ فەرانسە. پوختەی ڕاسپاردەکانی سەرۆکوەزیری ئێران ئەمە بوو کە نێردراوی ئێران دەبێ چاوی بە «فرانسوا گیزۆ»ی وەزیری دەرەوەی فەرانسە بکەوێ و پاشان بچێتە دیداری پادشای ئەو وڵاتە و پێیان ڕابگەیەنێ کە ئێران پێیخۆشە بە ڕووڕاستی پەیوەندی و دۆستایەتییان لەگەڵ دامەزرێنێ. پاشان داوایان لێ بکا کە کۆمەڵێک پسپۆڕ و مامۆستای شارەزا بنێرن بۆ ئێران هەتا بەپێی قەراروبڕییەک بۆ ماوەی

حەوت ساڵ بینە دامەزراوی دەوڵەتی ئێران. هەروەها گوتبووی ئەگەر دەوڵەتی فەرانسە پرسی ڕێککەوتنی بازرگانیی هێنایە گۆڕ، نێردراوی ئێران بڵێ کە تەنیا فەرمانی محەممەدشا بۆ ئازادی و هاتوچۆی بازرگانانی فەرانسەوی تەواوە و پێویست بە هیچی دیکە ناکا.

سەبارەت بە مانەوەی باڵوێزی فەرانسە لە ئێران، حاجی میرزا ئاغاسی لە نێو ڕێنمایی و ڕێکارەکەی خۆیدا بۆ میرزا محەممەدعەلیخانی نووسیبوو کە کۆنت دو سارتیژی نێردراوی فەرانسە دەتوانێ لە تاران بمێنێتەوە. بەڵام بەو مەرجە کە سێ ساڵی پتر پێنەچێ و نابێ پیاوی شەڕانی و ئاژاوەگێڕ لە لای خۆی دامەزرێنێ و دەبێ خۆ لە پاراستنی کەسانی ئاوا بپارێزێ.[1]

میرزا محەممەدعەلیخانی شیرازی ڕۆژی ١٨ی ڕەبیعی دووهەمی ساڵی ١٢٦٣ی کۆچی لە تارانەوە ڕۆیی بۆ پاریس و لە ئیستانبوول باڵوێزانی ڕووس و ئینگلیس هەولیان دا کە جارێ نەڕوا و بمێنێتەوە. بەڵام کاتێک بۆیان ڕوون بۆوە کە چ ئەرکێکی خراوەتە سەر شانی، لێی گەڕان کە بڕوا. نێردراوەکەی ئێران ماوەی هەشت مانگ لە پاریس مایەوە و پاش ئەنجامدانی دیدارەکانی لەگەڵ وەزیری دەرەوە و پادشای فەرانسە و وەرگرتنەوەی وڵامی نامەکانی محەممەدشا و سەرۆکوەزیر، گەڕایەوە ئیستانبوول و کاتێک گەیشتە ئەرزەڕۆم لە لایەن سەرۆکوەزیرەوە دەستووری پێدرا تا دەقەکانی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم ـ کە میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر بەوپەڕی لێزانی سەبارەت بە دیاریکردنی سنوورەکانی

---

١- بەشێک لە ڕێنماییnامەکەی حاجی میرزا ئاغاسی کە بۆ میرزا محەممەدعەلیخانی نووسیوە و وەک بەشێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران تۆمار کراوە، لێرەدا دەخرێتە بەرچاو: «پاشان دەڵێن نێردراوێک، دەنێرینە دارولخەلافە [پایتەخت]، بڵێ زۆر باشە و ئەگەر بەڕێزی پایەبەرز کۆنت دو سارتیژ بکرێتە باڵوێز، لە خەڵکی دیکە چاکترە. بەڕێزیان نابێ زیاتر لە سێ ساڵ لە ئێران بمێنێتەوە و نابێ غولام و خزمەتکارێکی زۆری ئێرانیش دامەزرێنێ و نابێ لە دەدوازدە کەس تێپەڕن. نابێ مرۆڤی ئاژاوەگێر رابگرێ و ئەگەر هەرکام لەو ئێرانییانە تووشی تاوانێک بوون، دەبێ باڵیان بە سەر نەکێشێ و پێویستە لە دیوانخانەی بەرزی میری یان جێگایەکی دیکە سزا بدرێن.» بەشی دوایی ئەم ڕێنماییnامەیە دەروانێتە بەشێک لە نێوەرۆکی پەیماننامەی تورکمانچای کە خەڵکی ڕووسیا لە ئێراندا یاسا و ڕێسای ئێران نەیدەگرتنەوە و ئەمەش خۆی ببوو بە بەڵگە و ڕچەشکاندنێک بۆ تەواوی ئەو وڵاتانەی کە خەڵکیان دانیشتووی ئێران بوو.

ئێران و عوسمانی نووسیبووی ـ لەگەڵ نوێنەرانی عوسمانی بگۆڕێتەوە. وەکوو لە بەشی دەهەمدا باسمان کرد نوێنەری ئێران ویڕای ئەنجامدانی چەند کارێکی سەربەخۆ بە سەر هەڵەڕەوتیدا کەوت و گرێ و گرفتێکی گەورە بەرۆکی دەوڵەتی ئێرانی گرتەوە.

پاش گەڕانەوەی نوێنەری ئێران لە پاریسەوە، دەوڵەتی فەرانسە ڕەزامەندیی دەربڕی کە کۆنت دو سارتیژ وەکوو وەزیر موختار لە تاران بمێنێتەوە و چونکە لەو سەروبەندەدا محەممەدشا مرد و ناسرەددینشا جێی گرتەوە، «کاڤانیاک»ی[1] سەرۆکی کاتیی حکوومەتی شۆڕشگێڕی فەرانسە کە پاش شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ و رووخانی حکوومەتی لوویی فیلیپ هاتبوویە سەر دەسەڵات، نامەیەکی بۆ ناسرەددینشا نووسی و کۆنت دو سارتیژی وەکوو وەزیر موختاری ئەو دەوڵەتە ناساند لە بارگای ئێران و لە ڕاستیدا ئەم نامەیە وەکوو باوەڕنامەی باڵوێزی فەرانسە وابوو.

کۆنت دو سارتیژ لەسەر پرسی وردەڵەی وەکوو پشتیوانی لە کاتۆلیکەکانی فەرانسەوی و خەڵکی ئەو وڵاتە و قسە و قسەلۆکی دیکە کردی بە قرە و دەیگوت بۆچی پادشا وەکوو باڵوێزەکانی دیکەی وڵاتان وێنەی موبارەکی خۆی باربوو نەکردووە. باڵوێز پێداگر بوو کە دەبێ دەوڵەتی ئێران پێی لێ بنێ کە فەرمانی محەممەدشا سەبارەت بە ئازادی و هاتوچۆی بازرگانانی فەرانسە لە ئێراندا وەکوو ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمی وایە. پادشای ئێران ڕۆژێکی میدالیایەکی کردە خەڵاتی باڵوێزی فەرانسە، بەڵام جارێکی کە دەرهەلبیوو خەڵاتەکەی ناردەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران و هەڕەشەی کرد ئەگەر ئێران فەرمانی محەممەدشا وەکوو ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمی نەخوێنێتەوە، ئەم وڵاتە بەجێدێڵێ و دەڕواتەوە.

ئەمیرکەبیر ڤیرسیچمەیی و پێداگرییەکانی باڵوێزی فەرانسە نەیبەزاند و سەرەنجام تێیگەیاند کە بۆ نووسرانی ڕێککەوتننامەی بازرگانی دەبێ وڵاتی فەرانسە دەسەڵاتی بە نووسراوی بۆ بنێرێ و جا ئەو دەم دەبێ لەگەڵ نوێنەری خاوەن دەسەڵاتی ئێران بکەوێتە گوفتوگۆ. کۆنت دو سارتیژ بەناچاری ملی دا،

---

١- لوویس کاڤانیاک (١٨٠٢-١٨٥٧)، ژەنەراڵی فەرانسەوی و فەرمانڕەوای ئەلجەزایر و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی کاتیی ساڵی ١٨٤٨ کە نەیتوانی خۆی لە حاند لوویی ناپلئۆن (ناپلئۆنی سێهەم) ڕابگرێ، دەسەڵاتی بە دەستەوە نەما.

بەڵام چونکە لە جەنگەی وتوویێژ و کۆبوونەوەکاندا روون بۆوە کە ناپەوێ هاوسەنگی هەبێ لە نێوان قان و پشک و پاوان و مافی یەکسانی هەر دوولادا و هەر بۆ لای بازرگانانی خۆیانی دادەتاشێ و بازرگانانی ئێرانی تێناهێنێ، ئەمیرکەبیر لێی بە رقداچوو و لای لێ نەکردەوە. وەختایەک کە کۆنت هەستی پێکرد ئەوا سەرساردی کەوتۆتە نێوانیان، ساڵی ١٨٤٨ گەڕایەوە وڵاتی خۆی.

لەبەر هەڵسوکەوتی توندوتیژ و نابەجێی کۆنت دو سارتیژ و ئەو نامانەی کە لە نێوان ئەو و وەزیری دەرەوەی ئێراندا ئاڵوگۆڕ کران، پاش گەڕانەوەی باڵوێزی ناوبراو، پەیوەندییەکانی ئێران و فەرانسە پچڕان و ئەم دۆخە شەش ساڵی کێشا و لەم ماوەیەدا پارێزرانی ماف و بەرژەوەندییەکانی کەسانی فەرانسەوی لە ئێراندا کەوتبوویە سەر ئەستۆی باڵوێزخانەی بریتانیا.

## داگیرسانەوەی پەیوەندییەکان و نووسرانی ڕێککەوتننامەی بازرگانی

ناپلێۆنی سێهەمی[1] پادشای فەرانسە، ساڵی ١٨٥٥ میسیۆ «پرۆسپێر بووری»ی وەکوو وەزیر موختار و باڵوێزی تایبەت هەڵبژارد بۆ بارگای ئێران و ئەویش هەر ئەو ساڵە لەگەڵ کۆنت دو گۆبینوو و شاندی هاوڕێی گەیشتە تاران و چەند رۆژ دواتر چووە دیداری ناسرەددینشا و باوەڕنامەی خۆی پێشکەش کرد.

وەزیر موختاری تازەی فەرانسە، دوای دیداری لەگەڵ سەرۆکوەزیری ئێران میرزا ئاقاخانی نووری، رەشنووسی ئەو ڕێککەوتننامەیەی پێشکەشی سەرۆکوەزیر کرد کە بەپێی پێکهاتن و رەزامەندییەکانی پێشووی کۆنت دو سارتیژ و حاجی میرزا ئاغاسی پێیگەیشتبوون. لە دیدار و کۆبوونەوەیەکی نێوان باڵوێز و وەزیری دەرەوەی ئێراندا لە وەزارەتی دەرەوە کە خودی سەرۆکوەزیریشی تێدا بەشدار بوو، ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانی لە

---

١- شارل لوویی ناپلێۆن بناپارت، پاش شۆرشی فێورییەی ١٨٤٨ بوو بە سەرکۆماری فەرانسە و ساڵی ١٨٥١ دوای راپرسییێک کە بە قازانجی ئەو برایەوە، حکوومەتی کۆماریی کردەوە پادشایەتی و بە ناوی ناپلێۆنی سێهەم دووهەمین ئیمپراتۆریی فەرانسەی بنیات نا، چونکە یەکەمین ئیمپراتۆری بوو لە پاش خولی یەکەمی فەرمانڕەوایەتیی ناپلێۆنی یەکەم. ئیمپراتۆریی دووهەم ساڵی ١٨٧٠ لەبەروەی کە ناپلێۆنی سێهەم نەیتوانی خۆی لە حاند پرووس رابگری، رووخا و جارێکی دیکە حکوومەتی کۆماری لە فەرانسە دامەزرایەوە و رەورەوەی مێژوو بەرەودوا نەکشایەوە.

نێوان ئێران و فەرانسەدا نووسرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە بریتییە لە سەرەتایەک و هەشت بەند، ڕۆژی ١٢ی ژووئییەی ١٨٥٥ لە لایەن سەرۆکوەزیری ئێران و وەزیر موختاری فەرانسەوە واژۆ کرا.

بەندی یەکەم وەکوو ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانیی نێوان «ئێران ـ بلژیک» و «ئێران ـ ئیسپانیا» سەبارەت بوو بە سەقامگیربوونی یەکییەتی و دۆستایەتیی هەمیشەیی لە نێوان ئێران و فەرانسەدا.

بەپێی بەندی دووهەم و سێیەم پێویست بوو کە هەردک دەوڵەتەکە لەگەڵ باڵوێزان و وەزیر موختارەکان هەروەک نوێنەرانی وڵاتانی دیکە بجووڵێنەوە کە پەیمانی بازرگانی و دۆستایەتییان لەگەڵ بەستوون و دەبێ ڕێی هاتوچۆی خەڵک و بازرگانان خۆش بکرێ و چی پێویستە بۆ ئەم کارە لایەنەکان وەئەستۆی خۆیانی بگرن.

بەندی چوارەم سەبارەت بوو بە دیاریکرانی بڕی گوومرگانە و ئەویش هەر دەبوو لەسەر پێوشوێنی وڵاتانی دیکەی هاوپەیمان بێ. بەندی پێنجەم سەبارەت بوو بە چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان فەرانسەوییەکانی دانیشتووی ئێران و ئێرانییەکانی دانیشتووی فەرانسە یان ئەو کەسانەی کە لە نێوان دوو دەوڵەتەکەدا دێن و دەچن و کورتە و پوختەی مەبەستەکە ئاوا بوو:

١- کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان فەرانسەوییەکانی دانیشتووی ئێران، هەمووی لە لایەن نوێنەرانی سیاسیی فەرانسەویی دانیشتووی ئێران و بەپێی یاسای فەرانسە چارەسەر دەکرێن.

٢- گێرە و کێشەی نێوان کەسانی ئێرانی و فەرانسەوی لە خاکی ئێراندا، لە دادگای نێوخۆی ئێران چارەسەر دەکرێ، بەڵام دەبێ کۆنسوولی فەرانسە یان کۆنسوولخانەی ئەو وڵاتە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دادگاکەدا بەشدار بێ.

٣- ئەگەر هات و کێشە و ناکۆکییەک کەوتە نێوان کەسانی فەرانسەوی لەگەڵ کەسانی وڵاتانی دیکە لە ئێران، بێگومان تەنیا نوێنەرانی سیاسیی فەرانسە کە دانیشتووی ئێرانن هەقیان هەیە پێی ڕابگەن.

٤- ئەگەر کەسانێکی ئێرانی کە دانیشتووی فەرانسەن لەگەڵ کەسانێکی فەرانسەوی یان وڵاتانی دیکە تووشی شەڕ و کێشە و ناکۆکی بوون، دەوڵەتی

فەرانسە هەر ئەو ڕێوشوێنە وەبەرچاو دەگرێ کە بۆ خەڵکی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە فەرانسەدا باوە.[١]

٥- تاوانبارانی ئێرانی کە دانیشتووی فەرانسەن و تاوانبارانی فەرانسەوی کە دانیشتووی ئێرانن، بەپێی سەنگی تاوانەکەیان، ڕێوشوێنی باوی دەوڵەتانی «کامیلەتولویداد»یان بۆ وەبەرچاو دەگیرێ.

نێوەرۆکی بەندی پێنجەم هەر دووپاتی ئەو بەندەیە کە لە پەیماننامەی بێفەڕی تورکمانچایدا نووسراوە و هەقی داوەری لەسەر کەسانی خۆی لە وڵاتی ئێراندا درابوویە دەستی خۆی و سەرەتا ئینگلستان توانی ئەم مافە بۆ خۆی دەستەبەر بکا. لەم ڕێککەوتننامەیەشدا هەقێکی ئاوا بۆ نوێنەرانی سیاسیی فەرانسە لە ئێراندا ڕەچاو کراوە، بێئەوەی نوێنەران و کۆنسوولەکانی ئێرانی لە فەرانسە خاوەنی مافێکی ئەوتۆ بن.

بەندی شەشەم سەبارەت بوو بە ڕێوشوێنی پێراگەیشتنی نوێنەرانی سیاسیی دانیشتووی دوو وڵاتەکە بە میراتی کەسانی مردووی وڵاتی خۆیان لەو وڵاتەی دەرەوە و بەندی حەوتەم سەبارەت بوو بە ژمارەی ئەو کۆنسوولخانانەی کە دوو وڵاتەکە دەتوانن لە خاکی یەکتردا بیکەنەوە. بەپێی بەندی حەوتەم دەوڵەتی فەرانسە ڕێگای درابوو کە بێجگە لە باڵوێزخانە، کۆنسوولخانەیەک لە تاران و دووی دیکە لە تەوریز و بووشێهر بکاتەوە. دەوڵەتی ئێرانیش بۆی هەبوو کە لە پاریس و لەنگەرگای مارسێی و دوڕگەی بووربۆن کۆنسوولخانە بکاتەوە. کۆنسوولان و نوێنەرانی سیاسیی هەر دوو دەوڵەتەکە لە خاکی یەکتردا دەکەوتنە نێو جەغزی ئەو ڕێوشوێنە تایبەتەی کە بۆ دەوڵەتانی «کامیلەتولویداد» وەبەرچاو گیرابوو.

بەپێی بەندی هەشتەم دەبوو دەقە پەسند کراوەکان لانیزۆر لە ماوەی شەش مانگاندا لە تاران و پاریس لە نێوان بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی دوو وڵاتەکەدا ئاڵوگۆر بکرێن.

پاش ڕێکخەران و نووسەران و واژۆکرانی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانی، پەیوەندییەکانی ئێران و فەرانسە لەسەر بنەمایەکی نوێ دامەزرا و ناسرەددینشا شاندی نوێنەرایەتیی سیاسیی فەرانسەی بە سەر کردەوە و ڕۆژی

---

١- مەبەست وڵاتانی کامیلەتولویدادە، یانی هەر قانێک بدرێ بە هەر وڵاتێک هەموو هاوپەیمانانی دیکەش دەگرێتەوە.و.

یەکەمی مانگی قوربانی ١٢٧١ کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی لە دایکبوونی ناپلیۆنی سێیەم، کۆمەڵێک دیاری و میدالیای ناردن بۆ باڵوێزی فەرانسە و کۆنت دو گۆبینوو و میسیۆ نیکۆلا[1]، وەرگێڕی یەکەمی باڵوێزخانەی فەرانسە و میرزا مەلکەمخانی وەرگێڕی ڕەسمیی وەزارەتی دەرەوەش هێندێک دیاری و خەڵاتی شاهانەی بۆ ناردن.

**درانی ئیزنی کاری شوێنەوارناسی و کەندەوکۆژە لە شووش**

کەیخودایەتی و نێوبژیوانیی ناپلیۆنی سێیەم لە نێوان ئینگلیس و ئێران و لە جەنگەی هێرشی هێزەکانی ئینگلیسیدا بۆ سەر سنوورەکانی باشووری ئێران لەسەر کێشەی هەرات و ئەفغانستان کە پەیماننامەی پاریسی بە دوادا هات، دۆستایەتی و پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێران و فەرانسەی پەرە پێدا. گەشتەکانی ناسرەددینشاش بۆ ئورووپا و چوونی بۆ دیداری پێشانگای پاریس لە سەفەری دووهەمیدا کە دەبێتە ساڵی ١٨٧٨، نێوانی دوو وڵاتەکەی پتر خۆش کرد.[2]

دەوروبەری ساڵی ١٣٠١ی ک/١٨٨٢ی ز، مارسیل ئووگوست دیئوولافوی کە شوێنەوارناسێکی فەرانسەوی بوو، بە هاوکاریی باڵوێزی فەرانسە لە تاران ئیزنی لە ناسرەددینشا وەرگرت هەتا لە شووش بکەوێتە کەندەوکۆژە و دۆزینەوەی شوێنەوارە کەوناراکان و گڵ لەسەر لادانیان. مارسیل لەگەڵ ژنەکەی خۆی و دەستەیەک لە شوێنەوارناسان و شارەزایانی فەرانسەوی، بۆ وێنە «بابین» و «هووسە» هاتە ئێران و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شووش سەرقاڵی کەندەوکۆژەی زانستی بوو. لەو ماوەیەدا توانی گەلێک شوێنەواری گرینگ و بەنرخی قۆناخە مێژووییەکانی پێش ئیسلام، بەتایبەت قۆناخی شارستانییەتی ئیلامی (عیلامی) بدۆزێتەوە. بەپێی ئەو تازیارینامەیەی کە لەگەڵ ئێران لەسەری ڕێککەوتبوو، نیوەی ئاسەوارەکانی دانە دەست دەوڵەتی ئێران و نیوەکەی دیکەشی ناردن بۆ پاریس و ئەو شوێنەوارانە ئێستا لە چاوەیەکی تایبەتن لە مووزەی لووڤری پاریس.

---

١- ئەم پیاوە فەرهەنگێکی فارسی ـ فەرانسەی نووسیوە و چەند بەرهەمێکی هەیە سەبارەت «بابییە» و «شێخییە».

٢- ناسرەددینشا یەکەم پادشای ملهوڕ و پاوانخوازی ڕۆژهەڵات بوو کە چاوی بە پێشانگای پاریس کەوت.

# II

## ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکووری

### ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانی

ئەو دەمەی کە فەڕروخخانی ئەمینولمولک باڵوێزی ئێران لە پاریس و گرێدەری پەیماننامەی پاریس، کە دەتگوت پەڕۆیەکی شینە لەسەر شانی ئێران، بەرەو وڵات دەگەڕایەوە، لە ئیستانبووڵ چاوی بە وەزیر موختاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوت لە پایتەختی عوسمانی. ناوبراو پاش چەند جارێک کۆبوونەوە و وتوویژ بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی ئێران، ڕێککەوتننامەیەکی وەکوو ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانی لەگەڵ فەرانسە و بلژیک و ئیسپانیا لەگەڵ وەزیر موختاری ئەمریکا نووسی کە نوێنەری «فرانکلین پیرس»ی[1] سەرکۆماری وڵاتەکەی خۆی بوو. هێندەی پێنەچوو کە دەقی ڕێککەوتننامەکە لە لایەن ئێران و ئەمریکاوە پەسند کرا(سالی ١٨٥٦).

ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و ئەمریکا بریتییە لە سەرەتایەک و هەشت بەند و هەروەک ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و فەرانسە دارێژراوە. بەپێی بەندی حەوتەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە، پەیوەندیی دیپلۆماسی لە نێوان دوو وڵاتەکەدا دەستی پێکرد و هەردک لا سەلماندیان کە شاندی سیاسی لە پایتەختی یەکتر بنەگر بکەن. دەوڵەتی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە هەقی هەبوو لە پایتەختی ئەمریکا باڵوێزخانەی هەبێ، مافی ئەوەشی درابوویە کە لە واشینگتۆن و نیویۆرک و نیۆئۆرلێئانیش[2] کۆنسوولخانە بکاتەوە. ئەمریکا ئیزنی هەبوو کە جگە لە باڵوێزخانەی تاران، لە تاران و تەورێز و بووشێهریش کۆنسوولخانەی هەبێ.

خاڵێکی جێگای سەرنجی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و ئەمریکا کە لە بەندی حەوتدا گونجێندراوە و لە ڕێککەوتننامەکانی نێوان ئێران و فەرانسە، ئێران و بلژیک یان ئێران و ئینگلیسدا هەر باسی نەکراوە، بڕگەی ئاخری بەندی حەوتەمە کە دەڵێ نوێنەرانی سیاسی و بازرگانیی ئەمریکای دانیشتووی ئێران لەسەر ئەستۆیانە کە بە هیچ شێوەیەک، چ بە ئاشکرا و چ بە نەهێنی، نابێ یاریدەی

---

١- فرانکلین پیرس، چاردەهەمین سەرکۆماری ئەمریکا بوو لە سالی ١٨٥٣را هەتا ١٨٥٧.

٢- نیۆئۆرلێئان

کەسانی ئێرانی بدەن. کاکڵی ئەم برگەیە دەڵێ کە نابێ باڵوێزخانە یان کۆنسوولخانەکانی ئەمریکا ببن بە حەشارگەی تاوانبارانی ئاسایی یان سیاسیی ئێران و نابێ هیچ کەسێکی ئێرانی بە بیانووی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ نوێنەرایەتیی سیاسیی ئەمریکا، یاسا و ڕێسای وڵات پێشێل بکا. گونجاندنی ئەم مەبەستە لە ڕێککەوتننامەی نێوان دوو وڵاتەکەدا، نیشانەی شێوەی بیرکردنەوەی ئازاد و ڕووحی ئازادیپەروەرانەی گەلی ئەمریکایە لەو سەردەمەدا.

خاڵێکی دیکە کە هەر لە بەندی حەوتدا باسی کراوە، سنووردار بوونی ژمارەی ئەندامانی باڵوێزخانە و کۆنسوولخانەکانی ئەمریکایە لە ئێران. لە برگەی ئاخری بەندی حەوتەمدا ڕوون کراوەتەوە کە ژمارەی کارمەندان و کاربەدەستانی ناوەندە سیاسی و بازرگانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران و تەورێز و بووشێهر نابێ لە ژمارەی ئەندامانی نوێنەرایەتییە سیاسی و بازرگانییەکانی ڕووسیا لە ئێران پتر بێ کە بەپێی ڕێککەوتننامەیەک دیاری کراوە.

**

لە بەندی پێنجەمی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانیی ئێران و ئەمریکادا، ڕێوشوێنی یاسایی سەبارەت بە پارێزرانی کەسانی ئەمریکایی لە لایەن باڵوێزخانە و کۆنسوولخانەکانییەوە لە ئێران وەبەرچاو گیراوە و هەر بە هەمان شێوەی دەقی ڕێککەوتننامەکەی نێوان ئێران و فەرانسەیە. ئێمە لە بەشەکانی ڕابردوودا باسی ئەوەمان کرد کە سەرەتا ڕووسیای قەیسەری و پاشان وڵاتانی ئورووپایی کە هاتن و چەند ڕێککەوتننامە و پەیماننامەیان لەگەڵ ئێران نووسین، هەموویان ئەم پاوانی مافەیان بۆ نوێنەرایەتییە سیاسییەکانی خۆیان وەرگرت. یەکێک لە هۆکارە سیاسییەکانی وردبوونەوەی وڵاتانی ئورووپایی لەو بابەتە دەگەڕایەوە سەر نەبوونی دامودەزگای ڕێکوپێک و دنیاپەسندی دادوەری لە ئێراندا و چەند وڵاتێکی دیکەش، بەتایبەت ڕووسیا و ئینگلستان زیاتر مەیلیان لێ بوو کە برشتی دەسەڵاتی سیاسییان پەرە بستێنێ.

لە بواری دادگایی کردن و ڕاگەیشتن بە سکاڵای خەڵکدا، دەوڵەتانی پێکهاتوو لەگەڵ ئێران دەیانگوت چونکە ئەم وڵاتە خاوەنی یاسایەکی ڕێکوپێک و یەکدەستی نوێباو نییە و هەموو سکاڵایەک لە دەلاقەی فەرمان و یاسا و ڕێساکانی شەرعەوە دەبینێ و حوکمیان لەسەر دەدا و تاوانبارانیش بە دڵ و مەیلی حاکمان و

داروغان و گزیران سزا دەدا. ئەو وڵاتانە ناچارن کە بۆ پاراستنی گیان و ماڵ و شان و شەرەفی خەڵکانی خۆیان هەوڵ بدەن و دەبێ مافی ئەوەیان هەبێ کە بەشداری چارەسەرکردنی ناکۆکی و شەڕ و هەرای نێوان کەسانی وڵاتەکەی خۆیان و کەسانی ئێرانی بن.

بەڵام سەبارەت بە تامەزرۆبوونی ئەم وڵاتانە بۆ تەنینەوەی بڕشتی دەسەڵاتی سیاسییان لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافی دادوەریی کۆنسوولی، دەبێ ڕوونی بکەینەوە کە ڕووسیای قەیسەری لە دەقی پەیماننامەی تورکمانچای‌دا بناغەی پرسێکی ناوا بێ‌فەڕ و مەینەتباری دانا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپاییش هەر ئەم ڕێبازەیان ڕەچاو کرد. لە ئاکامی ئەم کار و هەنگاوەدا هەرکام لە باڵوێزخانە و کۆنسوولخانەکانی بێگانە لە ئێران‌دا بۆخۆیان بوونە هێز و دەسەڵاتێکی سەرتر لە دەوڵەت و ئەگەرچی جاری وابوو ببوونە پەناگای مەزلوومان و چەوساوەکانی دەست حکوومەتی ملهوڕانەی ئێران. بەڵام حەشارگەیەکیش بوون بۆ نیشتمانفرۆشان و خائینان و جاری وایە بۆ چەپەڵکارانیش. ئەم کارە جگە لەوەی کە شان و شەوکەتی ئێرانی شکاند. گیروگرفتێکی زۆریشی بۆ دەوڵەت بەدی هێنا.

***

بنکەی ژین

بنکەی ژین

## بەشی 13

# سێهەم قۆناخی پادشایەتیی قاجاران

**(١٣١٣ - ١٣٤٤ی ک/ ١٨٩٥ - ١٩٢٥ی ز)**

«لەم قۆناخەدا موزەففەرەددین‌شا ساڵی ١٣١٣ تا ١٣٢٤ (١٨٩٥ـ ١٩٠٦)، محەممەدعەلی‌شا ساڵی ١٣٢٤ تا ١٣٢٧ (١٩٠٦ـ ١٩٠٩) لەگەڵ ئەحمەدشا ساڵی ١٣٢٧ تا ١٣٤٤ (١٩٠٩ـ ١٩٢٥) پادشایەتییان کرد. دژکردەوەی پادشایەتیی ملهورانەی ناسرەددین‌شا و سیاسەتی بێ‌فەڕی ئینگلستان و سیاسەت و هەڵوێستی توندوتیژ و لاسارانەی رووسیای قەیسەری و برانەوەی کۆمەڵێک قان و پاوانی نابەجێ بۆ بیگانان و چوونە ژێر باری قەرزی غەواران و بڵاوبوونەوەی بیروڕای سەید جەماڵەددینی ئەسەدئابادی و شوێنکەوتووانی بەرچاوبەرینی قوتابخانە و رێبازەکەی لە نێو رووناکبیران و ئازادیخوازانی ئێران‌دا، هەلی بۆ جووڵانەوەیەکی سیاسی و فکری خۆش کرد و لە ماوەی رایەڕینێکی چوار ساڵەدا، حکوومەتی ملهورانە و پاوانخوازانەی قاجاران گۆڕا بە پادشایەتییەکی مەشرووتەی پارلمانی. تین و تەوژمی سیاسیی دوو دەوڵەتی پەرەخوازی رووسیا و ئینگلیس و دەستێوەردانی چەکدارانەی هاوپەیمانان و یەکگرتووان لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا لە ئێران، بوو بە هەڕەشەیەکی پتەو بۆ سەر سەربەستیی ئێران و شیرازەی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەم وڵاتەی لێکهەڵوەشاند.»

## پادشایەتیی موزەففەردینشا ـ قان و پاوان و قەرزەکان

**(١٣١٣ - ١٣٢٤/ ١٨٩٥ - ١٩٦٠)**

### پاڵدانەوەی موزەففەرەددینشا لەسەر تەختی دەسەڵات

وەکوو پێشتر باسمان کرد، ناسرەددینشا رۆژی هەینی، حەڤدەی مانگی نێوجێژنانی ساڵی ١٣١٢ی کۆچی، لە مەرقەدی حەزرەتی عەبدولعەزیم کەوتە بەر گوللەی میرزا رەزا کرمانی و کوژرا.[1] ئەمینوسسوڵتانی مەزنەوەزیری

---

١- «لەم ماوەیەدا تاقمێک لە پێشخزمەتان و سەرکردەکانی سپا دەچوونە دالانی قاوەخانە کە کرابوویە جێی دەسبەسەرکرانی میرزا رەزا کرمانی و لە شاعەبدولعەزیمەوە هێنابوویانە ئەوێ و زنجیرپێچیان کردبوو. هەر کەس پرسیاری لێ دەکرد وڵامێکی قووری دەنایە پارسەنگی و قسەکەی خۆی بە هەوێنی جەفەنگێکی تێکەڵ بە راستەقینە دەستاو دەدایەوە. سەری هەمووان لە ورە و چاونەترسانی سوڕمابوو. لەبەرەوەی کە هەموانی چاک دەناسین، بە ربەی خۆیان بۆی دەپێوانەوە و وای دەنواند کە دەزانێ هەموو چییان کردووە و چۆنیان وڵات بە لاڕێدا بردووە و بوونە بەشداری تاوانەکانی پادشای کوژراو و چلۆن جوڵاتەنەی گەندەڵی بیری تەنیون. حەمەحەسەنمیرزا، یەکێک لە غوڵامانی پادشا چووە لای و لێی پرسی: میرزا رەزا، ناسرەددینشا تاوانی چ بوو کە کوشتت؟ وڵامی داوە: جا تاوان لەوە گەورەتر کە یەکێکی وەکوو تۆی بردۆتە نێو خەڵوەخانەی خۆی و لەگەڵ بێناموسێکی وەکوو تۆ بۆتە هاودەم؟» بڕ: بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە. ئامادەکردنی حافز فەرمانفەرمائیان، چاپی تاران.

لە نێو دەقی لێپرسینەوەی دەزگای ئاسایشی تاراندا ئەم پرسیار و وڵامە وەبەرچاو دەکەوێ:

«پ: جا ئەگەر دەزانی و بۆخۆت پێی لێ دەنێی کە هەر خەسارێکی تووشی هاتووی هەمووی لە ئەستۆی وەکیلوددەولەیە و جێگرەوەیپادشاش هەر لەبەر دڵی وی وای کردووە، تاوانی شای شەهید چ بوو؟ ئەوان تاوایان پادشا تێگەیاندبوو. ئێوە دەبوو تۆڵەی خۆتان لەوان ئەستاندبایەوە، چونکە ئەوان ئێوەیان پێوە کردووە و نەدەبوو وڵاتێکت هەتیو کردبا.»

«و: پادشایەک کە پەنجا ساڵی فەرمانڕەوایەتی کردبێ و هێشتا هەر کارەکانی پێچەوانە و بەراوەژوو تێبگەیەنن و پرس و لێکۆڵینەوەی نەبێ، ئاوای لێ دێ. دوای چەند ساڵان وەکیلوددەولە، عەزیزوسسوڵتان، ئەمینخاقان و ئەو شرەخۆر و شەلاتە بێ دایک و باوکانە بوونە بەری داری ئەم حکوومەتە و بەڵای گیانی سەرلەبەری مسوڵمانان. بۆیە دەبێ دارێکی ئاوا ببڕدرێ هەتا بەری ئاوای پێوە نەبێ؛ هەر زوڵمێکی دەکرا لە سەرەوەرا دەکرا.» بڕ: مێژووی لەخەوڕابوونی ئێرانییەکان، نازمولئیسلامی کرمانی، چاپی دووهەم، تاران.

ناسرەددین‌شا. پاراستنی پایتەختی خستە ئەستۆی کۆلۆنێل کاساکۆفسکی. سەرۆکی سوارانی قەززاق و ڕووداوەکەی بە باڵوێزانی ڕووس و ئینگلیس ڕاگەیاند. دواتر بۆخۆی ڕۆیی بۆ تەلگرافخانە و هەواڵەکەی بە موزەففەرەددین‌میرزای جێگرەوەی‌پادشا ڕاگەیاند کە دانیشتووی تەورێز بوو. ئەو دەمەی کە ئەمینوسسولتان لەگەڵ باڵوێزانی ڕووس و ئینگلیس دەڕۆیی بۆ تەلگرافخانە، پێی ڕاگەیاندن کە خەزێنە هەڵتەکاوە و مووچە و مانگانەی قەروڵان و غولامانی بارگا دوا کەوتووە و خودی جێگرەوەی‌میریش تاقە دینارێکی پێ نییە هەتا بتوانێ سەفەری پێ بکا و بگاتە تاران و لەسەر تەختی دەسەڵات دابنیشێ. باڵوێزی ئینگلیس وەئەستۆی خۆی گرت کە تەلگرافێک لێ بدا بۆ لەندەن هەتا ئەو برە پارەیەی کە دەوڵەت نیازی پێیەتی بینێرێ بۆ بانکی شاهانشایەتی.

«ئەمینوسسولتان ڕاستەوخۆ ئاکامی وتووێژەکانی لەگەڵ باڵوێزی ئینگلیس و دابینی پارەی بە موزەففەرەددین‌میرزا ڕاگەیاند. پاشان دەقی تەلگرافی سەرەخۆشی لە لایەک و پیرۆزبایی سەبارەت بە دەسپێکرانی فەرمانڕەوایەتیی پادشای تازە لە لایەن پیاوانی بارگاوە نووسرا و ئێدرا بۆ تەورێز و موزەففەرەددین‌شا لە تەورێزەوە وڵامی دانەوە. لەم وڵامەدا موزەففەرەددین‌شا بۆ ئەوەی خۆی لە هەر چەشنە ناڕەزامەندییەکی پیاوانی بارگا لەگەڵ حکوومەتەکەی پاراستبێ. ڕوونی کردبۆوە کە بارگای جێگرەوەی‌میر لە تەورێز تەنانەت «کەسێکی لێ نییە تا بە وردەکارییەکانی وشە و ئاخاوتن بزانێ چ بگا بەوەی کە سەری پەری بۆ ئێو مانا.»[1] بەم شێوەیە شای تازە تەواوی مەزن و ماقوولانی بارگای دڵنیا کردبۆوە کە هیچیان لەسەر کاری خۆیان لانایا.

موزەففەرەددین‌شا کە بە ڕووداوی خافڵکوژییەکەی ناسرەددین‌شا زۆر تۆقیبوو، مەودای ڕێگای تەورێز و تارانی بە دڵەخورپە و هاڵۆزکاوی تێپەڕ دەکرد. ئەگەرچی ئەمینوسسولتان ڕێوڕەسم و دابودەستوورێکی بۆ بەخێرهێنانی وەبەرچاو گرتبوو، بەڵام لەناکاو ڕۆژی ٢٥ مانگی قوربان، بەبێ دەنگ و هەرا پێی نایە پایتەخت و کۆتاییی هێنا بە چاوەڕوانیی پیاوانی بارگا و غولامانی خانەدانی میری.[2]

---

١- بڕ: بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلی‌خانی ئەمینوددەولە.

٢- ئەمینوددەولە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا سەرباسێکی سەبارەت بە وسڵدان و کفنکردنی ناسرەددین‌شا نووسیوە و دەڵێ: «بەناچار پادشا جلی ئەمانەتیی ژیانی لە←

**دەستاودەست کردنی پلەی سەرۆکوەزیرایەتی**

موزەففەرددینشا کە لە تەمەنی ٤٤ساڵیدا و پاش مانەوەیەکی درێژخایەن لە پلەی جێنشینایەتیدا بوو بە پادشا. هەروەک ئاماژەی پێکرا، بە تەلگراف ئەمینوسسولتانی هیوادار کرد کە لەسەر دەسەڵات لای نابا. نووسەرانی مێژووی مەشرووتەی ئێران پێیان وایە میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەمینوسسولتان، سەرۆکوەزیری دواساڵەکانی پادشایەتیی ناسرەددینشا پیاوێکی خوێڕی و چاوچنۆک و تەنانەت خەیانەتکاریش بووە. هێندێک بە ئالقەبەگوێی رووسیایان داناوە و وای بۆ دەچن میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە کە رقەبەری بووە، بۆتە چاوساغی سەرەکی یان یەکێک لە چاوساغانی کوژرانی ناسرەددینشا.[1]

---

بەر دارندرا... داوای کفنیان کرد. نەبوو. ئەو گڵەی کە ئەم پادشا چارەرەشە بە دەستی خۆی لە مەرقەدی پیرۆزی حوسێنی کوڕی عەلیرا هێنابووی و هەمیشە وەکوو متفەرک دەیهێنا و دەیبرد و دەبوو لەو کاتەدا لە تەرمەکەی هەڵبرژێنن، کەس نەیزانی لە کوێیە. حەمەعەلیخانی ئەمینوسسەنتەنە، جلدار و سندووقدار کە بە نەخوێندەواری و ناشیاوی و لە سایەی سێڵەنیگای ئەم پادشایەوە ببوو بە کەسێک، نە خۆی ما و نە کەسێکی لە سندووقخانە دانا کە بزانن ناشتنی پادشا چی دەوێ و تەرمی لە گۆڕی نەمێنێ. دوای ئەوەی کە پادشا ماوەیەک بە رووتوقووتی لە گۆڕی مایەوە، عەزودولمولک خەڵاتی متفەرک و خۆڵی بێخەوش و پاشەنیای رۆژی رەشی خۆی هێنا و تەرمی شای بردە سەر تاتەشوار و پاش ئەوەی وسڵیان دا و خەڵاتیان تێوەپێچا بردیانەوە ژوور، بەڵام خۆ هیچ پۆپەشمینێک نەبوو کە بۆ رێز گرتنی مەیتەکەی بە سەری هەڵکێشن، چونکە تەواوی نانخوردە و سایەپەروەردەکانی شای کوژراو رۆیبوون و سەرقاڵی کاری خۆیان بوون.»

١- هێندێک لە باوەڕپێکراوان و جێڕازانی میری دەڵێن چونکە شا یادداشت و کاغەزە نهێنییەکانی زۆر بەوردی حەشار دەدان و لە جانتایەکی تایبەتی قەفڵدراودا هەڵیدەگرتن و لە هیچ جێگایەک کلیلەکەی دانەدەنا، ئەمینوسسولتانی تووشی دڵەراوکە کردبوو. لە کەسێکی دەگەرا هەتا ئەم نهێنییەی بۆ لە قاو بدا و بزانێ چ خەبەرە؛ بۆیە سەرەنجام رۆژێکی تەماحی وەبەر کچی «باغەوانباشی» نا و گوتی دەبێ لە جەنگەی خەودا کلیلە زێرە وەچنگ بێنی هەتا دەرگای رازەکە بکرێتەوە. کچە وای کرد و کاتێک ئەمینوسسولتان بۆی روون بۆوە کە پادشا خەریکە هەڵیبێنچێ و دەسەڵاتی بە دەستەوە نەهێڵێ و دوای جێژنی پەنجا ساڵەی فەرمانڕەوایەتی کارەکان ژێرووژوور دەبن، خۆی کەڵاڵەی خەیانەت و جینایەتی دارشت و بێچووە گورگێکی لە ماڵی خۆیدا بەخێو کرد←

سەرۆکوەزیرایەتی لە سەردەمی کورتی پادشایەتیی موزەففەرددینشا. لە نێوان ئەمینوسسولتان و ئەمینوددەولەدا دەستاودەستی دەکرد و دوو تاقمی جیاوازی لایەنگرانی ئەم دووە لە بارگا و دەرەوەی بارگادا بە مەبەستی پاراستنی پلەی ئەو سەرۆکوەزیرەی کە لاگیری بوون هەڵدەسووڕان و هەولیان دەدا. جەماوەری ئازادە و ڕووناکبیر خاوەنی گەلێک بیرەوەریی تاڵ بوون سەبارەت بە دەستێوەردانی ناڕەوای سیاسیی ڕووسیا و ئینگلستان لە کاروباری ئێراندا، بەتایبەت هێندەیان خۆ لە دۆخی بارگای میری هەڵقورتاندبوو کە خەلکیش پێی ڕابوو ملیەملەی دەولەتی ڕووس و ئینگلیسە کە هەر جارەی یەکێک لەم دووانە دەکاتەوە سەرۆکوەزیر، چونکە هەرکام سەر بە یەکێک لەو دوو دەولەتانە بوون.

ئەمینوسسولتان کە مێژوونووسانی سەردەم بە پیاوێکی کلکەسووتەکەر و تەشیڕێس و دەلەچەیان ناسیوە، هەتا ساڵی ١٣١٥ی ک/١٨٩٧ی ز. لە پلەی سەرۆکوەزیرایەتیدا مایەوە. بەڵام چونکە موزەففەرەددینشا هەتا ڕادەیەک بارودۆخی ڕووحی و تەیار بوونی هێندێک لە چین و توێژەکانی خەلکی بۆ دەربڕینی نارەزامەندی دژی دەولەت بۆ دەرکەوتبوو. ساڵی ١٨٩٧ ئەمینوسسولتانی لەسەر کارەکەی لابرد و ئەمینوددەولەی لە جێی دانا کە پیاوێکی ناوخۆش و باوەڕپێکراوی ڕووناکبیران و خوێندەوارانی وڵات بوو.[١]

---

هەتا ڕۆژێکی گەورە بێ و تێیڕوبێ. ئەگەر بێ و ئەم قسەیە ڕاست بێ، خۆ دیسانیش ناسرەددینشا تەمامی تەمانی خۆی چەقاند و پەروەراندی، »

١- «ئەمینوسسولتان کورسیی سەرۆکوەزیرایەتیی ئێرانی بە شێوەیەکی وا پیس چۆل کرد کە نە هیچ پیتاکێک مابوو وەربگیرێ و نە خەزێنەش جرینگەی لێوە دەهات و نە هیچ مابوو لە هیچ لایەک، لە کۆنە و نوێ هەمووی حەپەلووش کرابوو. دامودەزگای حکوومەتی تازەی بە قەرزوقۆلە و لێشاوی دیارییان بەرێوە دەبرد. بەڕاستی بۆ وەدی هاتنی ئامانجی ڕووسان ئەوەندە شاز و لێوەشاوە بوو کە دەیتوانی ئێران بە قۆڵ بەستراوی بداتە دەست ئەو وڵاتە و بێ خەرج و کوێرەوەری نیشتمانی بخاتە سەر دراوسێی باکووری. هەر بۆیە پاش لێخرانی ئەمینوسسولتان کە باڵوێزان و کاربەدەستانی دەولەتی دۆست چووبوونە خزمەت پادشا، میسیۆ پۆتسیڤ، وەزیر موختاری ڕووسیا ڕووی کرد شا و گوتی: مەزنانی دەولەتی ئیمپراتۆریی ڕووسیا بەم ئاڵوگۆڕانەی بارگای خاوەنشکۆ نیگەرانن و لەوە دەترسێن کە کاروبارەکان لەسەر ئەوەرە و بستەی خۆیان بترازێن و هاوسێیەتیی باش و دۆستایەتیمان گرفتی تێکەوێ. شا نەیهێشت زۆری لەسەر بڕوا و گوتی جێگۆڕکەی کەسەکان هیچ شتێک لە نێوەرۆک و بنەمای ڕەوت و ڕێبازی دەولەت ناگۆڕن! ←

میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە هیچی پێنەکرا لەگەڵ لایەنگرانی ئەمینوسسولتان و بارگانشینانی چاونەزێری مفتەخۆر و دوای ساڵێک لەسەر کارەکەی لابرا و جارێکی دیکە ئەمینوسسولتان گەڕاوە سەر دۆخی جارانی و بوویەوە سەرۆکوەزیر.[1] سەرەنجام وای لێهات کە مانگی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٣٢١/١٩٠٣، مەزنەمەلایانی وڵات فتوایان دا کە لە دین وەرگەڕاوە و داوایان لە پادشا کرد هەتا لەسەر کاری لابەرێ. موزەففەرەددینشا، ئەمینوسسولتانی

---

لەبەر لێ نەزانیتی فەرمانفەرما سی سواری قەززاق بۆ راگرتنی رێز یان پاراستنی ئەمینوسسولتان هەتا قوم لەگەڵی چوون، بەڵام ئەم کارە لە دەروونی خۆیدا بە فەرمانی «کاساکۆڤسکی»ی سەرکردەی سواران ئەنجام درابوو. سی سوارەی قەززاق وەکوو پارێزەری هەمیشەیی لە قوم لە لای ئەمینوسسولتان مانەوە.» بڕ: بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە.

١- «خودالێخۆشبوو حاجی شێخ موحسینخانی موشیروددەولە چونکە نێوانی لەگەڵ ئەمینوددەولە ناخۆش بوو، بە خزمەت موزەففەرەددینشای راگەیاند کە ئەگەر ئەمینوددەولە هەتا مانگێکی دیکە سەرۆکوەزیر بێ دەوڵەتی قاجارییە دەڕووخێ. ئەم دەنگەشەیە هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی گەڵاڵە پێشنیارێک کە ئەمینوددەولە ناردبووی بۆ پادشا و تێیدا نووسیبوو دەبێ سەرەتا مووچە و مانگانەی پادشا روون و دیار بێ هەتا بتوانین بە کارەکانی دیکە رابگەین. لەم کاتەدا پیاوانی کۆڕی خەڵوەت و دەوروبەری عەرزیان کرد کە پادشای ئێران هەمیشە مووچە و مانگانەی دابەشیوە و خەڵک لەسەر سفرەی وی بەڕێچوون و ئێستا وای لێهاتووە کە دەبێ خەڵک مووچەی پادشا بدا و پادشا ببێتە مووچەخۆری خەڵک!؟ ئەوەی راستی بێ وادیارە ئەمینوددەولە دەیهەوێ خاشەی سەربەستیی پادشایەتی بکێشێ. ئەم قسانەی حاجی شێخ موحسینخان و ئەم تەشقەڵە و تێچاندنە هاوکات بوو لەگەڵ تێکچوونی نێوانی ئەمینوددەولە و تاقمێک لە پێشەوایانی دینی. لە لایەکی دیکەوە خودالێخۆشبوو ئەمینوددەولە جارێکی بە موزەففەرەددینشای گوتبوو لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئێرانە کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ببێتە هاوپەیمان و دانی پێدابێنێ کە سوڵتانی عوسمانی میری مسوڵمانان و خەلیفەی ئیسلامە؛ ئەم قسە پەردەپۆشکراوەش لە دەروونی موزەففەرەددینشادا جۆرێکی دیکە لێکدرایەوە. کۆبوونەوەی سەرلەبەری ئەم هۆکارانە کارێکی وایان کرد کە ئەمین، خائین و خائین بە ئەمین لە قەڵەم بدرێ.» بڕ: مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان، نازمولئیسلامی کرمانی.

ئەحمەد کە سرەوی پێیوایە بۆیە ئەمینوددەولە لەسەر کار لابراوە، چونکە دژی رێککەوتنی تازەی گوومرگانە لەگەڵ رووسیا راوەستاوە و بڕی گوومرگانە بە قازانجی رووسیا و بە زەرەدی ئێران براوەتەوە. بڕ: مێژووی مەشرووتە، چاپی سێیەم، ل٢٥ی بەشی یەکەم.

لەسەر کار لابرد و شازادە عەبدولمەجیدمیرزا عەینوددەولەی کردە سەرۆکوەزیر و هەتا سالی ١٣٢٤/١٩٠٦، یانی تاکوو ئەو کاتەی کە فەرمانی مەشرووتە لە لایەن موزەففەرەددینشاوە پەسند کرا. لەسەر کارەکەی مایەوە، وەکوو لە درێژەدا باسی دەکەین، هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی ملهورانەی عەینوددەولە هانی ئازادیخوازان و مەشرووتەخوازانی دا هەتا چاکتر پاڵ بە یەکترەوە بدەن.

**ڕەوشت و ئاکاری موزەففەرەددینشا و دۆخی بارگا**

من لام وایە پوختەترین باس و بابەت کە سەبارەت بە ئاکار و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی موزەففەرەددینشا و دۆخی بارگاکەی نووسرابێ، هەر ئەو بابەتەیە کە خوالێخۆشبوو ئازەمولئیسلامی کرمانی لە کتێبی «مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان»دا هێناویەتی و ئێمەش دەقاودەق و بێ دەستێوەردان رایدەگوێزین:

«... ڕووسەکان بەپێی ئەریتی لەمێژینەی خۆیان، زۆر بە چروپری و لەو ڕۆژگارەوە کە موزەففەرەددینمیرزا وەک جێگرەوەی‌میر دیاری کرابوو، دزەیان کردە نێو دڵ و دەروونی. لە ڕۆژگاری پێش پادشایەتیدا خۆی بە گۆڕانخواز و ئازادیپەسند دادەنا». «ئەخباری ناسری»ش[1] هەر بە هانی هەناسەی میرانەی برەوی ئەستاند و «قانوون»[2] کە هاتنی بۆ نێو ئێران قەدەغە بوو، لە نێو پاکەتێکدا دەگەیشتە دەستی. زانایان دەیانگوت چونکە بۆخۆی پیاوێکی بێکیفایەتە و سرشتی بە هەوێنێکی چاک دەستاو نەدراوەتەوە، هیچ هیوایەکیان پێی نییە و بەتایبەت پاش هەرای «شێخ عوبەیدیللا»[3] و زراوچوون و تۆقینی. زیاتر ئومێدی بەختیاربوونیان پێی نەما.»

«لە سەرەتای دەسەڵاتیدا قسەی دڵخۆشکەر و قالۆری دەکردن و دەیگوت سەرنجی میرانەی داوێتە سەر چاکسازی و گۆڕانی وڵات و تانوپۆی دەسەڵات و بەتایبەت لە قۆشەنەوە دەست پێدەکا. ئەم قسانە هەتا رادەیەک توانی سەرنجی ئاپۆرەی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەتایبەت ساڵی ١٢١٥/١٨٩٧ کە میرزا

---

١- ناوی ڕۆژنامەیەک کە لە تەوریز بڵاو دەکرایەوە.
٢- ڕۆژنامەی «قانوون» لە لایەن میرزا مەلکەمخانەوە لە پاریس چاپ دەکرا.
٣- مەبەست لە شۆرشی شێخ عوبەیدیللای شەمزینانە.و.

عەلیئەسغەرخانی [سەرۆکوەزیری] لەسەر کار هەڵداشت و میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولەی لە جێی دانا، گۆڕانخوازان هەتا ئەندازەیەک هیوایان گەشایەوە.»

«ئەم پادشایە پیاوێک بوو لە رادەبەدەر ساویلکە، زووسەلمێن، ڕاڕا، شەرمێون، گاڵتەپەسند و خاوەنی خەلوەخانەی چەپەڵ و داوەشاو.[1] کاروباری میری بە مەیلی غولامانی ئەندەروونی و وەزیرانی خۆپەرست هەڵدەسووڕا. دەتگوت ئەوانەی لەگەڵ پادشا لە پەنا و پەسیوی ڕاوێژ و ڕابواردندا هەڵدەستان و دادەنیشتن هەموویان لە نێو پۆلی خوێڕی و چەپەڵ و بێشەرم و بەدڕەوشتان هەڵبژێردرابوون. هەر بۆیە بارگای میری دەتگوت گاڵتەخانەیە. ئەگەرچی پادشا زۆری مەشق و ڕاهێنان پێکرابوو، بەڵام بە کول و کزڵەواری مابۆوە و هیچ شتێکی لە بواری سیاسی و مێژوویییدا نەدەزانی کە پێویستە بۆ فەرمانڕەوایی. هەر بۆیە بیری دوارۆژ و تێبینیی کارانی بۆ خۆی و جێنشینانی بە خەیالیشدا نەدەهات.»

«چونکە خودی ئەم پادشایە هەوساری کاروباری جەماوەری بە دەستەوە نەبوو، ئەگەر وەزیرێکی شارەزا و کارزانی تووش بووبا و خەلوەخانەی بۆ لە هێلەگ دابا و پالاوتبای، شیرازەی کاران ئاوا دەستیان لە یەکتر بەرنەدەدا. لە سەردەمی ئەم پادشایەدا هیچ گۆڕان و ئاڵوگۆڕێک لە بەشی دەولەتی و ئادەولەتیدا بەدی نەهات و سەد خۆزگە بە زەمانی باوکی. حکوومەت بە عالەم ئاشکرا کەوتە فرۆشتنی سەرناو و پاشناو و فەرمان و دەڵاڵانی دەر و ژووری وڵات دەستاودەستیان پێدەکردن. ئەم کارە هێندەی پەرە ئەستاند کە دەسخەت و فەرمانی دەولەتی بە جارێک سەنگ و بایەخیان نەما.»

«یەکێک لە مێژوونووسان سەبارەت بەم پادشایە ئاوای نووسیوە: ئەوەی بە زمان دەیگوت، خۆ مێشکی ئاگای لێ نەبوو. زۆری پێخۆش بوو وەکوو باوکی وابێ، بەڵام سرشت و گەوهەری خۆی کورتی دێنا. سەفەرنامەیەکیشی نووسی. زۆری کەیف بە تازیەداری دەهات. لە تۆپچییەتیدا ناشارەزا نەبوو. ئەگەرچی وەکوو محەممەدشای باپیرەگەورەی بە خەیاڵاتەوە نەدەژیا، بەڵام مێشکی وەکوو باوکی پاک و پاڵاوتە نەبوو لە خورافات. ئەوەندە تامەزرۆی گریان بوو کە نەقڵ و نەزیلەی سەیری لێ دەگێڕنەوە.»

---

١- مەبەست ئەو ژوور و ئەندەروون و قوژبنەیە کە مرۆڤێک بۆ ڕاوێژ یان ڕابواردن هەیەتی. تاقمێکی تایبەت دەیانتوانی هاودەمی پادشا بن لە خەلوەخانە و نەهێنخانەیدا.و.

«ئەم پادشایە زۆر دڵاوا و یەکجار ترسەنۆک بوو. دەستی بە سەر ماڵی مەزنان و دەوڵەمەنداندا نەدەگرت و بەپێچەوانەی باوکی، خۆی لە کوشتنی خەڵک دەپاراست. ترسەنۆکیی پادشا سەرەنجام بە قازانجی ئێران شکایەوە، چونکە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی نیشتمانی، ملی بۆ مەشرووتە راکێشا. ئەم پادشایە بوو بە کەسێکی ئاخرخێر و لە بنەبانی تەمەنیدا ناوی چاکی لە چارەی خۆی نووسی و بوو بە خۆشەویستی جەماوەری بەرفەرمانی وڵاتی و تێکرای مرۆڤدۆستانی دنیا.»

«لە تەواوی ئەژدادی خۆی زانستی زیاتر خۆش دەویست؛ پتریش مەیلی لێ بوو کە وڵات گەشە بکا. ئەگەرچی هێندێکیش لە دەسەڵاتی کەم دەبۆوە، بەڵام نارازی نەبوو بە مەرجێک کە بە دڵخوازی خۆی دەست بەرێتە نێو خەزێنە.»

«لە سەردەمی ئەم پادشایەدا بە شێوەیەکی رەسمی هێرمەند لە ئێران دابڕا و لە کێشەی سیستان و ئەفغاندا بە لایەکی دیکەدا کەوت و عوسمانیش لە دەمەقرەی سنووراندا هێندێکی خاکی ئێران بردا. بەحرەین بەئاشکرا هەڵبڕا یان خۆی خستە ژێر باڵدەی ئینگلیس. چەند لەنگەرگا و دوورگەی بچووکیش لە کەنداوی فارس و چەند شوێنێکی دیکە لە بەلووچستان لە ئێران دابڕان. قان[1] و پاوانی زۆر زەرەرباری دا بە دەرەوە، بۆ وێنە راکێشرانی رێچکەی شەمەنەفەری دایەوە بە رووسان. بانکی ئالمان دامەزرا و کەندەوکۆژەی شووش بۆ دۆزرانەوەی شوێنەواری عەنتیکە بۆ فەرانسە وەبەرچاو گیرا. کانگا نەوتییەکانی قەسر[ی شیرین] بە ئینگلیس بران و هتد. ئەگەرچی وتوویژی سەبارەت بەم قان و پاوانانە لە زەمانی ناسرەددینشادا کران، بەڵام لە رۆژگاری ئەم پادشایەدا وەکردەوە گەڕان. ئەگەر چاو لە تەواوی ئەم شتانە بپۆشین، بە تەنیا قبووڵ کردنی مەرجەکانی وەرگرتنی قەرز پەنجەی رووسی وا لە قەڵافەتی ئێران گیر کرد کە بۆ پووکانەوەی حکوومەت بەس بوو. ساڵی ١٩٠٦/١٣٢٤ بەوپەری خۆشناوی ئەم پادشا دڵپاک و ساویلکەیە دەستی لە گیان و جیهان بەردا.»[2]

---

١- قانی بانکی ئاڵمان لە سەردەمی حکوومەتی مەشرووتە و پاش مەرگی موزەففەرەددینشادا دراوە و سەبارەت بە ساڵی ١٩٠٧/١٣٢٥ی زایینی.

٢- سێر ئاتوور هاردینگ، وەزیر موختاری ئینگلیس لە تاران لە سەردەمی پادشایەتیی موزەففەرەددینشادا، لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «دیپلۆماتێک لە رۆژهەڵات» سەبارەت بە موزەففەرەددینشا نووسیویەتی: «پادشا کە هەر بە قەردایە منداڵێکی کاڵ و کەمتەمەن←

# I
# بەخشرانی پاوانان

## سەرەتا

ئەو قان و پاوانانەی کە ناسرەددینشا دانی بە کەسانی وڵاتانی بێگانە، بەتایبەت بە پیاوانی رووسی و ئینگلیسی، وادیارە بە باری کەوتنە سەر رەورەوەی شارستانییەتی نوێی ئورووپایی‌دا بۆ وڵاتێکی کە تازە دەیهەویست لەگەڵ ئەم بەدیهاتانە ئاشنا بێ، باش و پێویست دەهاتە بەرچاو و بەم بارەدا پادشا رەخنەی لێ ناگیرێ. وەکوو باسمان کرد شای ئێران ببوو بە تامەزرۆی شارستانییەتی تازەی خۆراوا و دەیهەویست کە ئاڵوگۆر لە جەغزی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی و ئابووریی نیشتمانی‌دا پەدی بێنێ و لە هەمان دەمدا خوازیاری ئەوە بوو کە هێز و دەسەڵاتی پادشایەتیی لە وڵاتدا بپارێزێ و بەر بە هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی خەڵک بگرێ. لە راستی‌دا ناسرەددینشا کە حکوومەتی ملهورانە و پاوانخوازانەی کۆنەساڵی ئێرانی گەیاندبوویە چڵەپۆپەی خۆی، رێگای نەدەدا کە هیچکەس لەم وڵاتەدا. تەنانەت پیاوانی بارگا یان بە دابی ئەو سەردەمە نۆکەرانی بارگای بەرزیش بۆچوونی خۆیان لەسەر بڕیارەکانی دەرببڕن.

ئەوەی راستی بێ سەبارەت بە دانی قان و پاوانان وا وێدەچێ کە هیچ هاوسەنگییەک بە لانی هێزی سیاسی و سەربازی‌دا لە نێوان قانوەرگران و وڵاتی ئێران‌دا بەدی نەدەکرا و دانوستان سەبارەت بەو رەوتە لە هەلومەرجێکی هاوسەنگی دوو وڵاتی هاوبەرژەوەندا ئەنجام نەدەدرا. بێجگە لەوەش زۆربەی مەرجەکان وەختایەک بە سەر ئێران‌دا دەسەپێندران کە خەزێنە هەڵدەچۆڕا و قوورەی لێ دەهات و دەوڵەت دەکەوتە ئەوپەڕی کەنەفتیی بێپوولی و پادشا بە چاوچلیسی و هەڵپەهەڵپێکی سەیر خۆی ساز دەکرد بۆ گەشت و سەیرانی ئورووپا. هەلومەرجی ئاوا نالەبار هەلی بۆ بێگانان دەرەخساند و ئەوانیش بە پارەیەکی کەم ئەو قان و پشکانەیان وەردەگرت کە بە شوێنی‌دا دەگەڕان و ئاوا جارێ خەزێنە

---

دەیفامی، وای لە باریکی و بێنیسی دابوو کە دەتگوت قامیشێکی قرچەهەڵاتوویە و هیچ هەناوی لە بەردا نییە.»

رووحێکی وەبەر دەهاتەوە. بەڵام هێندەی پێنەدەچوو کە خەرج و تێچووی گەشتی پادشا و هاوڕێیانی بۆ قەرەنگ و مووچە و مانگانەی قورسی شازادان و پایەبەرزانی بارگا خەزێنەی دەبردەوە سەر دۆخی جارانی.

دەوڵەتانی رووس و ئینگلیس کە لە زەمانی حکوومەتی فەتحعەلیشاوە هەتا سەروبەندی نیوەی پادشایەتیی ناسرەددینشا توانیبوویان بە نووسینی پەیماننامەی تورکمانچای و پاریس تەواو ئێران بخەنە نێو گەمارۆی سەربازی، لە مەیدانی ملانەی ئابووریشدا هەرگیز هەدایان نەدا و وەکوو پێشتر باسمان کرد، ئێران گەمارۆی ئابووریشی بە سەردا سەپا و هەرکام لەم دوو دەوڵەتانە لە سایەی تەنینەوەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا گەلێک پشک و پاوانیان وەچنگ هێنان. وەکوو دیارە ئەم کارانە تەنیا سەرەتایەک بوون بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی دوو وڵاتە پەرەخوازەکە لە ئێراندا.

پەرە و تەنینەوەی شارستانییەتی نوێی رۆژاوا لە ئێراندا، خوایینەخوایی پێی کاڵا و کەلوپەلی بێگانەی بۆ نیشتمانی ئێمە کردەوە و کەموزۆر چەند چین و توێژێک ئۆگریان بوون. ئەم کۆمەڵە خەڵکە چیت و فاسوونیا و پارچەی پەشمیی دەرەوەیان پێ لە قوماشی دەسکردی جاو و مەخمەر و تورمەی کاشان و کرمان و شەدە و شاڵی خوراسان و کرمان پێ باشتر بوو. لێرەدا بوو کە بازاری ئێران کەوتە بەر سەرنجی غەواران و زنجیرەیەک ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و بازرگانی لە نێوان ئێران و وڵاتانی رووسیا، ئینگلیس، بلژیک، ئیسپانیا، فەرانسە و ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نووسران. ئەم پەیمان و پێکهاتنانە هانی وڵاتانی زۆرداری وەکوو رووس و ئینگلیسیان دا کە بۆ بە دەستەوە گرتنی کلیلی ئابووریی ئێران رۆژبەرۆژ زیاتر خۆیان بخزێننە نێو کاروباری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیی ئێران و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی نوێی بازرگانی بە قازانجی خۆیان بە سەر ئێراندا بسەپێنن و لە لایەکی دیکەوە دیسان قان و پاوانی ئابووری وەچنگ بێنن.

بەم شێوەیە دەوڵەتی رووس و ئینگلیس لە سەردەمی پادشایەتیی موزەففەرەددینشادا، کە وەک خودالێخۆشبوو نازمولئیسلامی کرمانی دەڵێ پادشایەکی دڵپاک و ساویلکە بوو. بە دەستی خەیانەتپیشەیەکی وەک میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەمینوسسولتان و گوێ لە مستانی دیکەی خۆیان قان و پاوانی

پێشوویان نوێ کردنەوە و بە وەرگرتنی کۆمەڵێک قان و پشکی تازە و دزە کردن بۆ نێو کاروباری گوومرگی ئێران، تەواو ئەم وڵاتەیان خستە نێو بازنەی گەمارۆی ئابووری.

**یەکەم: ئەو قان و پاوانەی کە دران بە ڕووسان**

**لێدانی ڕێگاوبان**

وەکوو پێشتر باسمان کرد، ساڵی ١٨٩٢ ناسرەددینشا پاوانی لێدانی ڕێگای نێوان ئەنزەلی و قەزوینی دایە دەست کۆمپانیایەکی ڕووسی بە ناوی «شەریکەی بیمەی گواستنەوە و گەیاندن». ماوەی پاوانی ڕێگاکە ٩٩ ساڵ و کۆمپانیاکە وەئەستۆی خۆی گرتبوو کە کۆمپانیایەکی تازە بە سەرمایەی ئێرانی و ڕووسی دابمەزرێنێ هەتا ئەو ڕێگاکە لێ بدا. مەرجەکانی دیکەی پاواننامەکە بریتی بوون لە:

١- نابێ پانایی ئەو ڕێگا قیلەتاونەکراوە لە سێ گەز کەمتر بێ و دەبێ لە ماوەی دوو ساڵدا تەواو بێ.

٢- مانگێک دوای درانی پاواننامەکە دەبێ سەردەقی کارەکە خۆش بکرێ و لانیزۆر هەتا شەش مانگ ڕێگاکە تەخت کرابێ. دەنا دەوڵەتی ئێران پاواننامەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

٣- ئەگەر قازانجی پاککردەی کۆمپانیاکە لە سەتا دوازدە تێپەرێ، هەموو ساڵێک دەبێ نیوەی ئەو قازانجەی کە لەو سەتی دوازدەیە زیاتر دەبێ بدرێ بە دەوڵەتی ئێران.

٤- هەر کاتێک دەوڵەتی ئێران بیهەوێ ڕێگایەک لە تارانەوە لێبدا بۆ کەناری دەریای خەزەر، ئەگەر هات و مەرجی یەکسان هەبوو بۆ راپەراندنی کارەکە، ئەوە کۆمپانیای ڕووسی دەبێ وەپێش کەوێ.

شەریکەی بیمەی گواستنەوە و گەیاندن ساڵی ١٣١٥ی ک/١٨٩٧ی ز. بازنەی قان و پاوانی خۆی پەرە پێدا و پاوانی لێدرانی ڕێگای چەوریژکراوی تاران بۆ هەمەدانی بە قەزوێندا لە موزەففەرەددینشا وەرگرت. ماوەی ئەم پاوانە ٧٥ ساڵ و مەرجەکانی بۆ ئێران زۆر نالەبار بوون. چونکە ڕووسەکان بەم هەنگاوەیان توانییان کە پشک و پاوانی دەرهێنانی بەرهەمی کانگاکانی ئەوبەرەوبەری ڕێگاوبانی قەزوێن بۆ ئەنزلی و تاران بۆ هەمەدانیش لە موزەففەرەددینشا وەربگرن.

ڕێگای قەزوێن بۆ ئەنزلی و تاران بۆ هەمەدان کە بۆ باری ڕاپەڕاندنی کاروباری بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ ئێران دوو ڕەوگەی پێویست بوون، کۆمپانیاکانی ڕووسی لێیان دان و هەتا سەروبەندی نیوەی ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی مەزنی ڕووسیا (١٩١٧)، پاوانەکە نەفەوتا و وەرگیرانی ڕێدارانە[1] و چاوەدێری بە سەر هاتوچۆی ئەم ڕێگایانەدا بە دەست ڕووسانەوە بوون و لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا بوونە ڕەوگەی هاموشۆی سپای ڕووسیا لە باکووری خۆرنشینی ئێران.

**کانکاکانی قەراجەداغ**

ساڵی ١٨٩٨، پاوانی دەرهێنانی بەرهەمی کانکاکانی قەراجەداغی ئازەربایجان بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە درایە کۆمپانیایەکی ڕووسی کە موهەندیس نیکۆلا کورماکۆڤ نوێنەری بوو. لە ڕۆژی یەکەمی مارسی ١٨٩٩ڕا ئەم ڕێککەوتن‌نامەیە دەکرا کاری پێ بکرێ.

بازنەی ئەم پاوانە ناوچەیەکی بەربڵاو بوو لە باکووری ئازەربایجان و بە شانی ڕووباری ئاراس‌دا تێدەپەڕی و لە باشوورەوە هەتا مەرەند و ئەهەر خۆی ڕادەکێشا. کۆمپانیای خاوەن پاوان مافی ئەوەی هەبوو کە بەرهەمی هەموو کانکایەکی ئەم ناوچەیە هەڵبگرێ جگە لە کانزای گرانبایی و گەوهەر و خوێی خۆراکی و ناخۆراکی، کە پێشتر کرابوونە پاوان یا بە ئیجارە درابوون و بە دەست کەسانێکی دیکەوە بوون و دەبوو سەتی شازدەی قازانجی پاڵاوتەی ئەو بەردانەی کە لە ئێران دەتوێندرانەوە و سەتی پێنجی قازانجی پاڵاوتەی ئەو کانکایانەی کە بە دەست خەڵکەوە بوون، بدری بە دەوڵەتی ئێران. هەروەها کۆمپانیا دەبوو ئەو کانکایانە کە هی خەڵک بوون لە پێش‌دا لێیان بکڕێتەوە و دەبوو لەبری هەر هەزار پووت (١٦٠٠٠کیلۆ) بەردی خاوی کانگا کە بەڕێی دەکا بۆ دەرەوە، دوو مەنات و

---

١- داهات و دەرکەوتی شەریکەی بیمەی گواستنەوە و گەیاندن بابەتی ڕێدارانەی لە ساڵی ١٩١٠دا بریتی بووە لە ٣٥٤٠٢٧ مەنات و ١٧ کۆپەک. تێچووی ڕێدارانە ٣٠٧٣٥٥ مەنات و ٧٧ کۆپەک. قازانجی پاککردە ٤٦٦٧١ مەنات و ٤٠ کۆپەک کە دەبێتە ٢٦٠٠٠ تمەن پووڵی ئەو سەردەمەی ئێران، بڕ: گەنجی شایان، سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە.

نیو (نیزیکەی ۱۵ قران) بدا بە حکوومەتی ئێران و ئەگەر ئەوەندەشی بەردەخەڵووز هەناردەی دەرەوە کردبا دەبوو پێنج مەنات واتە سێ تمەنی دابا.

مەرجەکانی دیکەی پاوانناکە بریتی بوون لە:

۱- کۆمپانیا مافی ئەوەی هەیە کە لە جەغزی پاوانەکانی خۆیدا، ڕێگا لێ بدا بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی کانگاکان.

۲- کۆمپانیا دەتوانێ بە ئەندازەی پێویستی خۆی بە مفتێ داری لێڕەواران ببڕێ.

۳- کۆمپانیا دەبوو لە یەکەمی مارسی ۱۸۹۹را، ئەوپەڕییەکەی هەتا دە ساڵان خەریکی گەڕان و پشکنینی زانستی بێ بۆ دۆزینەوەی کانگاکانی نێو بازنەی پاوانی خۆی. ساڵی ۱۹۰۹ کە ماوەکە تێپەڕی و گەڕان و پشکنینەکانی کۆمپانیاکە تەواو نەبوو، داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد هەتا ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە و دەوڵەتیش هەتا سێ ساڵی دیکەی بۆ درێژ کردەوە. ئەم کۆمپانیایە لەم ماوەیەدا توانی هەشت چەشنە کانگا لە ۷۵ شوێنی جەغزی پاوانی خۆی بدۆزێتەوە و خەریکی دەرهێنانی بەرهەمیان بێ.[1]

**ماسیگرتن**

وەکوو لە بەشی دوازدەهەمدا باسی کرا، ناسرەددینشا پاوانی ڕاوەماسیی دەریای خەزەری دا بە برایانی «لیانازۆف»ی ڕووسی. لە سەردەمی پادشایەتیی موزەففەرەددینشادا ماوەی ئەم پاوانە درێژ کرایەوە و دوایین جار ساڵی ۱۹۰٦، لە

---

۱- «ناوچەی قەراجەداغ کانگایەکی زۆری لێیە و لە زەمانی زووشدا کار لەسەر دەرهێنانی ئەو کانگایانە کراوە. بۆ وێنە ساڵی ۱۸۱۵، عەباس‌میرزای جێگرەوەی‌میر، کاپیتان «مۆنتیت»ی ئینگلیسی کە شارەزای کانگاناسی بوو ڕایسپارد هەتا سەبارەت بە کانگاکانی ئازەربایجان بکەوێتە توێژینەوە. ناوبراو پاش هاتوچۆ و گەڕان و پشکنین و تاقیکردنەوە بۆی ڕوون بۆوە کە کۆمەڵێک کانگای چروپڕ لە «دێمیر»ی خوار ڕووباری ئاراس و مەسارووود پاڵیان بە پاڵی یەکترەوە داوە. هەر مۆنتیت گوتوویەتی وێناچێ کە هیچ جێگایەکی دنیا بە ئەندازەی چیاکانی قەراجەداغ کانگای ئاسنی لێ بێ و لەو ناوچەیەدا وێدەچێ کە چەند فرسەخێک سەرتاسەری زەوی هەر ئاسن بێ. ساڵی ۱۸۳٥ بێتهۆم لینزی کە پێشتر باسی کرا، کۆمەڵێک ئامێری بەردبڕین و وەستاکاری شارەزا و سەرمایەیەکی زۆری لە ئینگلیسەوە هێنا هەتا دەستی بە بەرهەمی کانگاکانی قەراجەداغ ڕابگا، بەڵام نەگەیشتە ئاکامی دڵخواز.» بڕ: گەنجی شایان، سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە.

زەمانی سەرۆکوەزیرایەتیی عەینوددەولەدا بۆ ماوەی بیست ساڵی دیکە ئەم پاوانە نوێکرایەوە و وا بڕیار درا کە شەریکەی ماسیگرتن هەموو ساڵی ١٦٠هەزار تمەن بابەتی ڕاوەماسی لە ناوچەیەکی بەربڵاوی کەناراوەکانی دەریای خەزەر بدا بە ئێران. ئەو دەمەی کە دیسان خەزێنەی ئێران هیچی تێدا نەمابوو، موزەففەرەددینشا یەکجێ پاوانانەی سی ساڵی لە شەریکەی ماسیگرتن وەرگرت.

## دووهەم: ئەو قان و پاوانانەی کە دران بە فەرانسەوییەکان

### کەندەوکۆژەی زانستی لە ئێراندا

دەورووبەری ساڵی ١٨٩٧، دەوڵەتی فەرانسە بۆ هەتاهەتایە مافی کەندەوە و کۆژەوەی زانستیی بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری کۆن و کەونارا لە سەرتاسەری ئێران لە موزەففەرەددینشا وەرگرت.

بەپێی ئەم مافە، کاول و هەرەس و ناوچە کەوناراکانی ئێران کرابوونە دوو بەش؛ یانی سەبارەت بە کاری هەڵکەندن و دانەوەی زەوی و گەڕان و پشکنین لە شووش کۆمەڵێک ڕێوشوێن و مەرجی تایبەت وەبەرچاو گیرابوون و هەڵدانەوەی شوێنەوارەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران دەبوو بەپێی ئەو داروڵەیە بووبان کە وەختی خۆی ناسرەددینشا بۆ دیئوولافوی وەبەرچاوی گرتبوو. بەگوێرەی ئەم تازیارینامەیە، ئەوەی کە لە کەندەوە و کۆژەوەی سەرتاسەری ئێراندا دەدۆزرایەوە، بێجگە لە ناوچەی شووش، دەبوو لە نێوەراستدا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و لایەنی بەرامبەری دابەش کرابا. بەڵام هەر کەلوپەل و جەواهێرێک کە لە ئاژنینەوەی زەویدا کەوتبا دەست شاندی فەرانسەوی، هەمووی هی دەوڵەتی فەرانسە بوو.

پاش پەسندکرانی تازیارینامەکە، دەوڵەتی فەرانسە یەکێک لە زانا شوێنەوارناسەکانی خۆی بە ناوی «کۆنت دو مۆرگان»ی نارده ئێران کە لە میسر سەرقاڵی توێژینەوەی زانستی بوو سەبارەت بە ئاسەواری کەونارای ئەو وڵاتە. دو مۆرگان کە لەمێژ ساڵ بوو چاوەڕوانی هەلێکی ئاوا بوو. خێرایەکی ڕۆیی بۆ شووش و ساڵی ١٨٩٩ دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی زانستی. یەکێک لە هاوڕێ و

هاوسەفەرانی دو مۆرگان کەشیشێک بوو بە ناوی «شیل» کە شارەزا بوو لە مێژووی کۆنی ئێراندا و دەیزانی خەتی ئیلامی (عیلامی) بخوێنێتەوە.

دو مۆرگان لە سالی ١٣١٧ تا ١٣٢٠ی ک/ ١٨٩٩ ـ ١٩٠٢ی زایینی، لەگەڵ کرێکارێکی زۆر کە جاری وایە سەریان دەگەیشتە ١٢٠٠ کەس، لە گرد و تەپۆلەکانی ناوچەی شووش کاری کرد و هەڵیکۆڵین. لەو ماوەیەدا توانی نیزیکەی ٥٠٠٠ پارچە شوێنەواری کەونارای ئێران بدۆزێتەوە و لە ژێر گڵ دەریانهێنێ و پاشان بیانخاتە نێو ١٨٣ سندووق و لەگەڵ خۆی بیانبا بۆ پاریس. مۆرگان جارێکیان لە جەنگەی کاری کەندەوکۆژەدا بەشێک لەو ئاسەوارانەی لەگەڵ خۆی برد بۆ پاریس و سالی ١٩٠٠ لە پێشانگایەکدا وەبەرچاوی خەلکی خستن. ئەم کەلوپەل و ئاسەوارانە کەوتنە بەر سەرنجی خەلک، بەتایبەت زانایان و پسپۆرانی بواری شوێنەوارناسی. دواتر ئەوەی لە شووش دۆزرابوونەوە هەموویان بردن بۆ مووزەی لووڤری پاریس و لە چاوەی سەبارەت بە ئێراندا چنیانن.

## سێهەم: ڤان و پاوانی ئینگلیسییەکان و پرسی نەوت

### تەلگراف

رۆژی ١٦ ئووتی سالی ١٩٠١، مافی راکێشانی رایەلەیەکی تەلگرافی کە بریتی بوو لە سێ تەل لە نێوان تاران و بەلووچستاندا، درا بە ئینگلیسییەکان. ئەم رایەلەیە بە رێگای کاشان و یەزد و کرماندا، تارانی بە سنووری هیندەوە دەبەستەوە.

بەپێی یەکێک لە بەندەکانی تازیارینامەکە دەبوو دەولەتی ئینگلیس هەرچەند تەل و دارتەلی پێویستی بێ بە نرخێکی گونجاو بیکڕێ و لەگەڵ کرێی راگواستن، نرخەکەی لە ئێران وەربگرێتەوە و هیچی نەخاتە سەر.

بەگوێرەی بەندێکی دیکە، ئەو هێلە تازەیە هی خودی دەولەتی ئێران بوو، بەلام لێدانی تەلگراف بۆ دەرەوەی ولات دەبوو بە پاوانی کۆمپانیای تەلگرافی هیند و ئورووپا و داهاتەکەی دەکەوتە گیرفانی ئەم کۆمپانیایەوە.

دەولەتی ئینگلیس چونکە بە سەر ئەو هێلانە رادەگەیشت و داهاتەکەی کۆ دەکردنەوە، هەموو سالێ دەبوو بری سەتی چواری تێچووی راکێشان و کەرەسەکانی ئەو هێلانە بدا بە دەولەتی ئێران.

مەرجەکانی دیکە برتیی بوون لە:

١- دەوڵەتی ئینگلیس هەموو ساڵێک دەبێ لە $\frac{3}{4}$ ئەو برە پارەیەی کە بابەتی سەتی چواری تێچووی راکێشان و کەرەسەی هێڵەکان دەیدا بە ئێران لەو برە پارەیە کەم بکاتەوە کە دەوڵەت شێنخۆری کردووە و $\frac{1}{4}$ دیکەش دەبێ بە دوو قیستی شەش مانگە بدا.

٢- ئەو برە پارەیەی کە دەوڵەتی ئینگلیس وەکوو $\frac{1}{4}$ لە سەتی چواری خەرج و تێچووی راکێشان و کەرەسەی هێڵەکان هەموو ساڵێک دەیدا بە ئێران، نابێ لە ٢٥هەزار فرانک کەمتر بێ.

٣- ئەو سێ تەلەی کە رادەکێشرێن، یەکیان بۆ پەیوەندییەکانی نێوخۆ و لە ژێر چاوەدێریی ئیدارەی تەلگرافی ئێراندا دەبێ و دوو تەلەکەی دیکە تایبەت دەبن بە پەیوەندییەکانی دەرەوە.

٤- $\frac{2}{3}$ داهاتی لێدرانی تەلگراف لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە و لە دەرەوەرا بۆ ئێران بۆ دەوڵەتی ئێران دەبێ.

وەکوو دیارە ئینگلستان لە سەردەمی پادشایەتیی ناسرەددینشادا توانیبووی پاوانی راکێشانی تەلگرافی باشووری ئێران و کابلی ژێراوی بووشێهر - جاسک بۆ خۆی دەستەبەر بکا و بتکە دەریایییەکانی خۆی لە کەنداوی فارس و دەریای عومان بە یەکەوە ببەستێتەوە. ئەمجارەیان بە وەرگرتنی قانی راکێشانی رایەڵەی تەلگراف ناوچەکانی بەر سەرنجی خۆی لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران، بەلووچستانی ئینگلیس و هیند و ئێرانی تێکەڵ کردنەوە و گەڵاڵەکەی خۆی تەواو کرد و ماوەیەک دواتر بە خەرجی دەوڵەتی ئێران تەلێکی بەو تەلانەوە زیاد کرد کە لە تارانەوە دەچوون بۆ کاشان.

ماوەی ئەم پاوانامەیە هەتا یەکەمی ژانوییەی ١٩٢٥ درێژەی دەکێشا و ئەگەر هاتبا و ئێران نەیتوانیبا قەرزەکانی دەوڵەتی ئینگلستان لە بابەت راکێشانی هێڵی تەلگرافەوە بداتەوە، ماوەی پاوانامەکە کۆتاییی پێنەدەهات.

## نـــــەوت

### پێشینەی پاوانی نەوت

ساڵی ١٨٧٢، ناسرەددین‌شا بەپێی فەرمانێک پاوانی دەرهێنانی بەرهەمی تەواوی کان و کانگای کانزا و بەردەخەڵووز و نەوتی ئێرانی دا بە بارۆن جوولیووس دو رۆیتێر و هەر کانگای کانزا گرانبایی‌یەکانی لێ دەرکرد. ئەم کارەی ناسرەددین‌شا ئەوەندە سەیر و چاوەڕوان‌نەکراو بوو کە تەواوی چاوەدێرانی بێگانە بۆ وێنە دوکتۆر «تولووزان»ی فەرانسەوی، پزیشکی تایبەتی پادشا و لۆرد کورزۆن[1] و سێر پێرسی سایکس و ئاژانسەکانی زانیاری و کۆڕ و کۆمەڵانی سیاسی و ئابووریی ئەو کاتەی جیهان سەریان پێی سوڕما؛ چونکە بەڕاستی عەقڵ نەیدەگرت کە سەرۆکی وڵاتێک پاوانی هەڵگرتنی بەرهەمی تەواوی کان و کانگاکانی وڵاتی پان و بەرینی خۆی یەکجێ بدا بە کەسێک کە نە سەرمایەی هەیە و نە شارەزایی و نە توانایی و نە ئامێر و ئامرازی کار.

لۆرد کورزۆن سەبارەت بەم قان و پاوانانە لە کتێبەکەی خۆی‌دا بە ناوی «ئێران و پرسی ئێران» ئاوای نووسیوە: هەموو کانگا و سەرچاوەکانی سەنعەتیی وڵاتەکە درابوویە بێگانان و ئەمەش کارێکی بێ‌پێشینە بوو لە دیرۆک‌دا و تەنانەت ڕەنگە کەس بە خەونیش شتی ئاوای بە خەیاڵ‌دا نەهاتبێ.

«لە ڕاستی‌دا کۆڕ و کۆمەڵانی بازرگانی لە دنیادا، سەریان لە دانی ئەو پشک و پاوانانە سوڕمابوو. بارۆن دو رۆیتێر خێرایەکی بۆی دەرکەوت کە بەبێ دەستەبەربوونی دەوڵەت نەیدەتوانی بێ و شەش میلیۆن لیرەی باس‌کراوی بەندی ١٦ی پاوان‌نامەکە وەک دەسقەرزی نیشتمانی لە لەندەن کۆ بکاتەوە و توانای ئەوەشی نەبوو کە کۆمپانیایەک دامەزرێنێ هەتا بەرهەم و بەهرە لەو کارە هەڵبگرێ. پاوانەکە بە باری سیاسیش‌دا گەلێک عەیبی لە خۆ دەگرت و زۆر توندیش بەرەڕووی نارەزامەندی ببۆوە. وەگەڕ کەوتنی پاوان‌نامەکە دەبوو بە هۆی ئەوەی کە کێشەیەکی هەمیشەیی و ناشیاو لە نێوان ئینگلیس و رووس‌دا هەڵگیرسێ و

---

١- لۆرد کورزۆن ماوەیەک وەک بریکاری فەرمانڕەوای هیندووستان کاری کرد و پاشان بوو بە وەزیری دەرەوەی بریتانیا.

ڕەنگە دنیای تووشی سەرێشە کردبا؛ بەڵام من لام وایە خاڵی زەقی ئەم کارە تێداچوونی ئازادی و مافی ڕەوای گەلێک بوو بە قازانجی سفتەبازانی بێگانە.»[1]

دوکتۆر تولووزانی فەرانسەوی لە نامەیەکدا بۆ ناسرەددینشای نووسیوە:

«هەروەها خۆم بە بەختیار دەزانم ئەو پرس و هەرایەی کە تاقمێک دەیانهەوێ دیزە بە دەرخۆنەی بکەن و لە ژێر خاکی پای پیرۆزدا بیشارنەوە و ئەویش ڕێککەوتنی ئێستایە لەگەڵ ڕۆیتێر و چەند جارێکیش بە خزمەتیان گەیاندووی بخەمەڕوو. با هەموو غولامانی دەرگانەی میری بزانن کە ئێمە ئەم هەرایەمان ڕۆمرکاندووە و بریومانەتەوە. ئەگەر وابێ کە دەیلێن ئەدی بۆچی لەو یادداشتەدا کە بەڕێز «تامسۆن شارژدافری»ی ئینگلیسی بیست ڕۆژێک لێرەوبەر بۆ وەزارەتی پایەبەرزی دەرەوەی ئێرانی ناردووە، بەراشکاوی لە برگەیەکدا ڕوونی کردۆتەوە کە نەک تەنیا وەزارەتی دەرەوە، بەڵکوو خودی شاژنی [بریتانیاش] کارەکەی ڕۆیتێریان بە هەڵە و پووچەڵ دانەناوە.»[2]

لە ڕووی دەقی ئەم نامەیەوە وا دەردەکەوێ کە خودی ناسرەددینشاش زانیویەتی تووشی چ هەڵە و خلیسکانێک هاتووە و ویستوویەتی پاواننامەکەی ڕۆیتێر هەڵوەشێنێتەوە و پیاوانی بارگای میری بەڵێنیان دابوو بە شا کە ئەم کارە دەکەن، بەڵام دەهاتن و دەڕۆیان لە مستی شا دەنا و وایان دەنواند کە بە دڵی پادشا کارەکانیان ڕاپەڕاندووە و بەپێی بەرژەوەندی جووڵاونەوە.[3]

سێر پێرسی سایکس دەنووسێ:

«ساڵی ١٨٧١ شا[4] باڵوێز و نوێنەری خۆی لە قوستەنتەنییە هێنایەوە و کردی بە سەرۆکوەزیر. چونکە ماوەیەک بوو کەس ئەم ئەرکەی نەخرابوویە سەر شانی. میرزا حوسێنخانی سەرۆکوەزیری نوێ لە ڕووی ڕووڕاستییەوە پێی وابوو کە ڕزگاربوونی ئێران تەنیا بەستراوەتەوە بە جێبەجێکرانی نێوەرۆکی ئەو پەیماننامەیەی وا لەگەڵ ڕووسان نووسراوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بروای وابوو

---

١- پەنجا ساڵ نەوتی ئێران، مستەفا فاتح، تاران،١٣٣٥ی هەتاوی/١٩٥٦ی زایینی.

٢- پەنجا ساڵ نەوتی ئێران، مستەفا فاتح، تاران،١٣٣٥ی هەتاوی/١٩٥٦ی زایینی.

٣- دەستەیەک لە مەزنانی بارگای ناسرەددینشا کە بریتی بوون لە وەزیران و شازادان، لە سەرەتادا پادشایان هان دابوو کە پاواننامەی ڕۆیتێر پەسند و واژۆ بکا، بۆیە پاشان بە فێڵوفرتان ڕێیان لە هەڵوەشانەوەی پاواننامەکە دەگرت.

٤- ناسرەددینشا

کە گۆڕان و چاکسازیی وڵات دەبێ بداتە دەست ئینگلیسییەکان. بەم پێیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجەکانی وەدی بێنێ تەمای گرت پاوانێکی شاز و بەربڵاو بدا بە لایەنێک و لێدرانی ڕێچکەی ئاسن و دەرهێنانی بەرهەمی کانگاکان و داندرانی بانکێکی نیشتمانیی پێ ڕاپەڕێنێ و بۆ ئەم کارەش تەواوی داهاتی گوومرگانە و لە ڕاستیدا سەرچاوەکانی داهاتی پادشایەتی وەکوو بارمتە دابنێ. ئەم پاوانە گەورە و بەربڵاوە درایە بارۆن جوولیووس دو ڕۆیتێر کە بیوو بە خەڵکی ئینگلستان. ئەم پیاوەش گەلالەیەکی دارشت و لێبرا کە ڕاپەڕاندنی ئەم کارە مەزنە بخاتە ئەستۆی چەند کۆمپانیایەک هەتا پێکەوە دەست بکەن بەکار.»

«شا بێئەوەی هیچ ئاگاداری هەڵوێست و سیاسەتی ئوورووپاییەکان بێ، لە جەنگەیەکی ئاوادا یەکەم گەشتی خۆی بۆ ئوورووپا دەست پێکرد و لە کۆبوونەوەکانی «پیترۆگراد»دا گەلێک دژی ئەم پاوانە گەورە و بەربڵاوە قسە کرا و زۆری پێ ڕەنجا. خاوەنشکۆ پێی وایە ئەم ڕووداوە لە ئینگلستان بەگەرمی ئامێزی بۆ دەکرێتەوە. بەڵام لەویش هەر لایەکی وای لێ نەکرایەوە و بابەتەکە بە سەرسادی وەرگیرا. هەست و ڕوانگەی خەڵکی ئێرانیش دژی درانی ئەو پاوانێکی ئەوتۆ بوون بە ئوورووپاییەکان کە زۆروکەم چاوەدێر و سوار بێن بە سەر هەموو شتێکدا و لێرەدا دەبێ بڵێین کە بیر و باوەڕی خەڵک تەواو ڕاست و دروست بووە.»[1]

وەکوو لە بەشی یازدەهەمدا باسی کرا، سەرەنجام ناسرەددینشا خۆی لە بەرامبەر شەپۆلی گوشاری سیاسیی ڕووسیای قەیسەری و نارەزامەندیی جەماوەری وڵاتەکەی بۆ نەگیرا و پاواننامەکەی ڕۆیتێری هەڵوەشاندەوە و چونکە ڕۆیتێر هەر هەدای نەدەدا، بەناچار ئیزنی دا هەتا بانکی شاهانشایەتیی ئێران دامەزرێنێ.

### نوێکرانەوەی پاوانی کانگاکان

سەرەنجام دوای شازدە ساڵ دەمەتەقە و کێشە و هەرای نێوان ئێران و ڕۆیتێر (۱۸۷۲- ۱۸۸۹)، ناسرەددینشا وێرای دانی مافی دامەزراندنی بانکی شاهانشاهی، پاوانی دەرهێنانی بەرهەمی تەواوی کانگاکانی ئێرانی، بێ لە کانزای گرانبایی و

---

۱- مێژووی ئێران، سێر پێرسی سایکس، بەرگی ۲، چاپی دووهەم، ل ۵۷۷- ۵۷۸.

گەواهێرات و کانە نەوتەکانی ولاتیش بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ لەسەر ڕۆیتێر تۆمار کرد.[1]

بەندی یازدەمی پاوانامەکە کە سەبارەت بوو بە کانگاکانی ئێران ئاوا نووسراوە:

«بانکی شاهانشاهی لە ماوەی ٦٠ ساڵی ئەم پاوانامەیەدا ڕێگای پێدراوە لە سەرانسەری ئێراندا بەرهەمی کان و کانگاکانی ئاسن، قورقوشم، مس، ژیوە، بەردەخەڵووز و نەوت دەربێنێ و تەنیا کانزای گرانبایی و گەواهێراتی لێ دەردەهاوێژرێ و دەبێ هی دیوانی میری بێ. ئەو جێگایانەی پێشتر دراون بە کەسانی دیکە ئەم بڕیارە نایانگرێتەوە.»

پێنج ساڵ بەرلە نوێکرانەوەی پاوانی کانگاکان بۆ ڕۆیتێر، یانی لە ساڵی ١٨٨٤دا، کۆمپانیایەکی ئینگلیسی بە ناوی «هۆتز» کە لە بووشێهر لقێکی بۆ هەنارده و هاوردەی کاڵای بازرگانی کردبۆوە، پاوانی دەرهێنانی نەوتی لە ناوچەی «دالکی» وەرگرت کە کەوتۆتە لێواری کەنداوی فارس و نیزیک لەنگەرگای بووشێهر. لەو شوێنەی کە بۆی دیاری کرابوو چاڵێکی نە هێندە قووڵی لێدا و کاتێک نەگەیشتە نەوت، دەستی لە کارەکەی هەڵگرت.

بانکی شاهانشایەتیی ئێران ماوەیەک دوای وەرگرتنی قان و پاوانی هەڵگرتنی بەرهەمی کانگاکانی ئێران، بەگوێرەی مافێک کە بەپێی بەندی نۆی پاوانامەکە بۆی وەبەرچاو گیرابوو، هەموو مافەکانی خۆی بە پری ١٥٠هەزار لیرەی ئینگلیسی فرۆشتەوە بە کۆمپانیایەکی بریتانیایی بە ناوی «کۆمپانیای کانگاکانی ئێران».

سەرمایەی کۆمپانیای کانگاکانی ئێران بریتی بوو لە یەک میلیۆن لیرەی ئینگلیسی و دەستەیەک دەوڵەمەندی رووسی و فەرانسەوی و بلژیکیش تێیدا بەشدار بوون. ئەم کۆمپانیایە بە مەبەستی دۆزینەوەی کانگاکانی ئێران بە

---

١- «پاش هاتنە سەر کاری ئەمینوسسوڵتان و ڕاسپێردرانی سێر درووموندوڵف وەکوو وەزیر موختاری ئینگلیس لە ئێران، چەندین دیدار و وتوووێژێک سەبارەت بە کۆتایی هێنان بەم داوایەی ڕۆیتێر دەستی پێکرد و ڕاست لەو کاتەدا ناسرەددینشا خۆی ساز دەکرد کە بۆ سەری سێ جارە بڕواتە سەفەری ئورووپا و پووڵی پێویست بوو. ئاکامی وتووێژەکانی ئەمینوسسوڵتان و وەزیر موختاری ئینگلیس قانێکی دیکە بوو کە ساڵی ١٨٨٩ درا بە ڕۆیتێر و پاشان بە ناوی پاوانی بانکی شاهانشاهی ناسرا.» بڕ: پەنجا ساڵ نەوتی ئێران،... .

شێوەیەکی زانستی قوڵی هەڵماڵی و کەوتە خوێندنەوە و بشکنین و توێژینەوە و شانبەشانی ئەم کارەش توانی پاوانی نەوتی ناوچەی دالکی لە کۆمپانیای «هۆتز»ی ئینگلیسی بکڕێتەوە کە پێشتر وەریگرتبوو. دواتر شارەزایانی ئەم کۆمپانیایە لە سمنان و دالکی و دورگەی قیشم بۆ دۆزینەوەی نەوت کەوتنە گەڕان و کۆڵینەوە. لە دالکی چاڵێکیان لێدا و ۲۷۰ گەز بە ناخی زەویدا ڕۆچوون و چاڵی قیشم بنی گەیشتە ۲۵۰ گەزی و بە ئامێری تازەی هەڵکۆڵین کاری تێدا کرا، بەڵام هیچیان نەوتیان لێ پەیدا نەبوو.

دە ساڵەی پاوان‌نامەکەی دۆزینەوەی نەوت تێپەڕی و کۆمپانیا هەرچی کردی و کراندی نەوتی بۆ نەدۆزرایەوە و بەپێی بەندی یازدەی پاوان‌نامەکە، پاوانەکە یەکسەر هەڵوەشایەوە. لە بواری کانگای بەردیشدا، پاش ئەوەی هێندێکیان بەردی مەنگەنێز لە کرمانەوە برد بۆ بەندەرعەبباس، چونکە تێچووی دەرهێنان و ڕاگواستنی یەکجار قورس بوو، تەماشایان کرد قازانج سەری مایەی دەخوا و ئەویش هەر دەرناهێنێتەوە.

**پاوان‌نامەی دارسی**

من لام وایە کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران» کە مستەفا فاتح نووسیویەتی، چونکە خودی نووسەر چەندین ساڵ لە کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس‌دا کاری کردووە و بێگومان دەستی بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی پتەوی حاشاهەڵنەگر ڕاگەیشتووە کە ڕەنگە من زۆر بە دژواری دەستم پێیان ڕابگا یان لە ئێستادا کاری وا هەر نەکرێ. پێویستە لێرەدا بچینەوە سەری و بۆ وریابوونەوەی بەرەی سەردەم و داهاتوو ڕەوتی سەبارەت بە براشەوەی پاوانێک بۆ «دارسی»ی لێوەربگیرێ و بخرێتە بەرچاو:[1]

سەبارەت بە وەدەستهێنانی پاوانی دارسی ئەفسانەیەکی جێی سەرسوڕمان بڵاو بۆتەوە کە بەراستی بێبنج و بنەوانە و ئەوەندە ناکۆکە و هێندەی خراوەتە سەر کە باوەڕ پێکردنی بۆ مرۆڤێکی ورد و خورد و بەپرسیار و بێدەغەز کە پێی‌خۆشە بابەتەکانی بەپێی بەڵگە و شانێک بسەلمێنێ، زۆر دژوارە. ئەم ئەفسانەیە

۱- پەنجا ساڵ نەوتی ئێران. مستەفا فاتح. ساڵی ۱۳۳۵ی هەتاوی/۱۹۵٦ی زایینی، پاش میللی‌کرانی نەوت چاپ کراوە.

چەند نووسەرێکی فەرانسەوی و ئۆتریشی (نەمساوی) یان بە واتایەکی راستتر، رۆژنامەنووسانی ئەم وڵاتانە هەڵیانبەستووە.

یەکەمجار نەزیلەی دارسی و رفێندرانی پاواننامەکەی لە لایەن پیاوانی دەزگای هەواڵگریی ئینگلیسەوە لە گۆڤاری «لاگراپۆئیز»دا لە پاریس و لە ژێر ئەم سەردێرەدا بڵاو کرایەوە: «تێکهەڵچوونی نێوان راکیفێلێر و دیتردینگ». پاشان ئانتوان زیشکا لە کتێبەکەی خۆیدا: «شەڕی شاراوە لەسەر نەوت»، ئەم بابەتەی دووپات کردەوە. دواتر هەر کەس ویستی چیرۆک و نەزیلەیەک سەبارەت بە نەوت بنووسێ، گێرایەوە. ئەم نەزیلەیە یەکەمجار لە ئێران رۆژنامەی «شەفەقی سورخ» بڵاوی کردەوە[1] و چونکە خەڵک خۆشیان لە قان و پاوانی دارسی نەدەهات، بەگەرمی پێشوازییان لێکرد. بێگومان ئەگەر ئەم نەزیلەیە وردبوونەوەیەکی تێدا بکرێ، دەردەکەوێ کە بێبنەمایە و خودی «ئانتوان زیشکا»ش پێی لێ دنێ کە ئەفسانەیە.

چەند ساڵ بەرلە درانی پاوانی دارسی، مسیێز دو مۆرگانی شوێنەوارناسی فەرانسەوی کە چەندین ساڵ لە شووش خەریکی کۆڵینەوە بوو هەتا ئاسەواری کۆن و کەونارای ئێران بدۆزێتەوە، وتارێکی درێژی سەبارەت بە هەبوونی نەوت لە خۆرنشین و باشووری خۆرنشینی ئێران لە گۆڤاری «کانگاکان»ی پاریسدا نووسی.

کەسێکی ئێرانی بە ناوی «کتابچیخان» کە ئەو کاتە بەرپرسی ئیدارەی گوومرگ بوو، ئەم وتارەی خوێندەوە و چونکە لە چەنگەی سەفەریدا بۆ ناوچەکانی خۆرنشینی وڵات پێی زانیبوو نەوت لە هێندێک شوێنان هەڵیداوە و قڵپەی کردۆتە سەر زەوی، دڵنیا بۆوە کە ئێران خاوەنی سەرچاوەی بەربڵاوی نەوتە. کتابچیخان سەفەرێکی کرد بۆ پاریس و لەوێ چاوی کەوت بە سێر «هێنری درووموندوڵف»ی کۆنەئاشنای کە ماوەیەک پێش ئێستا وەزیر موختاری ئینگلیس بوو لە ئێران. لەو دیدارەدا کتابچیخان نێوەرۆکی دەقی وتارەکەی دو مۆرگانی هێنایە گۆڕ و گوتی بۆخۆشی چاوی بە نەوتی قڵپەکردوو کەوتووە؛ بۆیە داوای لە درووموندوڵف کرد هەتا رێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە کە چاوی بە دەوڵەمەندان و دەسمایەدارانی ئینگلیسی بکەوێ تاکوو مەبەستەکەیان لەگەڵ بخاتە بەرباس و داوایان لێ بکا بچنە ئێران و

---

١- زەردەپەڕی سوور.و.

شان بدەنە بەر هەڵێنجانی نەوت لە ئێران. سێر درووموندۆلف هەتا ئەندازەیەک شتێکی سەبارەت بە سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران دەزانی و بەڵێنیی دا بە کتابچیخان کە هەنگاو هەڵدێنێتەوە و لە پاریسەوە رۆیی بۆ لەندەن هەتا لەگەڵ سەرمایەداران بکەوێتە باس و گوفتوگۆ. سێر درووموندۆلف لە لەندەن تووشی کەسێک هات بە ناوی «ویلیام ناکس دارسی» و دنەی دا هەتا سەرمایەی خۆی بۆ هەڵێنجانی نەوتی ئێران بخاتە گەڕ.

دارسی ساڵی ١٨٤٩ لە شاری «نیوتۆن ئابۆت»ی هەرێمی «دیڤۆنشیر»ی ئینگلستان پێی نایە جەغزی ژیان و توانی لە قوتابخانی «وێستمینستێر»ی لەندەن خوێندنی دواناوەندی تەواو بکا. ساڵی ١٨٨٦ لەو کاتەدا کە دارسی گەیبوویە تەمەنی حەڤدە ساڵی، باوکی کە پیشەی پارێزەر بوو، وێڕای تێکڕای بنەماڵەی کۆچی کرد بۆ ئوسترالیا.

دارسی لەو وڵاتە لە نووسینگەی باوکی دەستی کرد بە کار هەتا رۆژێکی یەکێک لە دیدارکەرانی باوکی کوتەبەردێکی پێ نیشان دا و گوتی لە نێزیک شوێنی ژیانی شاخێکی گەورەی بەردی ئاوا هەیە. پاشان روون بۆتەوە کە ئەو بەردە زێڕی لەگەڵ بووە و لەو دیدارەوە کانگای بەناوبانگی مۆنت مۆرگان دۆزراوەتەوە. چەند ساڵێکی بە سەردا تێنەپەڕی کە دارسی و شەریکەبەشەکانی بە سەر داهاتێکی زۆردا کەوتن و هەموویان بوونە میلیۆنێر. زۆربەی خەڵک پاش ئەوەی کە شانس و بەختێکی ئاوا روویان تێدەکا، دڵیان قێیات دێنێ و بەو سامانەی کە وەدەستیان هێناوە دادەمرکێن و ژیانێکی دەوڵەمەندانەی تێر و تەسەل بۆ خۆیان دابین دەکەن و دەکشێنەوە و پاڵی لێ دەدەنەوە. بەڵام دارسی لەو کەسانە نەبوو ئاوا هەڵدا بدا. چونکە رووحی سەربەگزیەندی هەڵپەی کەشە و پێشکەوتنی پتری بوو. لەو هەڕەتەدا باسی نەوت و سەرچاوە چروپڕ و دەوڵەمەندەکانی ببوویە نەقڵ و نەزیلەی بژاردە و ئاپۆرەی جەماوەر و دارسی هاتە سەر ئەو بڕوایە کە سامانی خۆی لە بواری هەڵێنجانی نەوتدا بخاتە گەڕ و قازانجێکی زیاتر کۆ بکاتەوە؛ جا هەر بۆیە گەڕایەوە ئینگلستان و لێرولەوێ سەبارەت بە نەوت دەکەوتە قسە و باس و لێکۆڵینەوە. لە جەنگەیەکی ئاوادا بوو کە سێر درووموندۆلف چاوی بە دارسی کەوت و سەبارەت بە نەوتی ئێران لەگەڵی کەوتە وتوویژ. ئاکامی دیدارە و وتوویژەکان وا کەوتنەوە کە سێر درووموندۆلف داوای لە کتابچیخان کرد هەتا

بچێ بۆ لەندەن و لەگەڵ دارسی کردی بە ئاشنا. کتابچیخان زۆری شێر و ڕێوی سەبارەت بە سەرچاوە بەربڵاوەکانی نەوتی ئێران بۆ هێنایەوە و نووسراوەکانی دو مۆرگانی بۆ پشتئەستووربوونی قسەکانی خۆی کردە بەڵگە. دارسی تەمای گرت کە زەویناسێکی وریا و شارەزا هەڵبژێرێ و بینێرێ بۆ ئێران هەتا بگەڕێ و زانیارییەکی چڕوپڕی بۆ کۆ بکاتەوە و بیداتەوە دەستی. دارسی «ئێچ. تی. بورلز»ی زەویناسی بۆ ئەم کارە دامەزراند و کەسێکی بە ناوی «داڵتۆن»ی کردە یاریدەدەری و ناردی بۆ ئێران. ئەم پسپۆڕانە پاش گەڕان و پشکنین ڕاپۆرتێکی دڵخۆشکەرەیان هێنایەوە و گوتیان زۆری ڕێ تێدەچێ کە لە دەوروبەری «قەسری شیرین» و «شووشتەر» نەوت بدۆزرێتەوە و لە جێگای دیکەش ئاسۆی دۆزرانەوەی نەوت ڕوونە.

ساڵی ١٩٠١، دارسی کەسێکی بە ناوی «ماریۆت» کردە نوێنەری خۆی و لەگەڵ کتابچیخان ناردی بۆ تاران هەتا لەگەڵ دەوڵەت بکەوێتە وتوویژ و پاوانێک وەدەست بێنێ. سێر درووموٚندوٚلف لەو سەفەرەدا نامەیەکی نووسی بۆ سێر «ئارتوور هاردینگ»ی وەزیر موختاری ئینگلیس لە ئێران و داوای لێکرد هەتا ئەوەندەی بۆی دەکرێ یاریدەی ماریۆت بدا.

ئەو کاتەی کە هاردینگ دەچوو بۆ ئێران، وەزارەتی دەرەوە تەواو ڕایسپاردبوو هەتا لە ئێران زۆر چاک هەڵبسووڕێ ئاکوو بتوانێ پاوانی نەوتی باشووری ئێران بۆ کەسێکی ئینگلیسی دەستەبەر بکا و واش بجووڵێتەوە کە ڕووسەکان پێی هەڵنەبەزنەوە. کاتێک هاردینگ نامەی وەزیر موختاری پێشووی پێگەیشت هەلەکەی قۆزتەوە و هەنگاوی هەڵێنایەوە و بە ماریۆتی گوت وا باشە باسی پێنج هەرێمی باکووری ئێران نەخاتە نێو پێشنیارەکەی خۆی هەتا ڕووسەکان زۆری پێڕانەچەن و نەیکەن بە مینگە و ڕینگە.

ماریۆت و کتابچیخان پێشنیارێکیان ڕێکوپێک کرد و دایانە دەست موزەففەرەددینشا و ئەویش کە بە جارێک کەوتبووە ژێر باندۆری سیاسەتی ڕووسان، هەر لەڕێوە پێشنیارەکەی بردەوە پاش. لەم کاتەدا هاردینگ خۆی تێوە دا و ڕۆیی بۆ دیداری ئەتابەک و داوای لێکرد یاریدەی بدا و هەروەها دەستووری دا بە ماریۆت هەتا لەگەڵ بەرپرسان بکەوێتە دیدار و بەڵێنی دەمچەورانەی چاکیان پێ بدا.

سێر ئارتوور هاردینگ لە لاپەرە ٢٧٨ی کتێبی «دیپلۆماتێک لە ڕۆژهەڵات»دا دەنووسێ: «ئەتابەکی گەورە (ئەمینوسسولتان) گوتی ئامادەیە هەتا ڕەزامەندی لەسەر گەڵاڵەکەیان دەربڕێ و پێی گوتم هەتا نامەیەکی بە فارسی بۆ بنووسم و مەرجە بەرچاوەکانی ئەم ئیمتیازەی بۆ ڕوون بکەمەوە و ئەویش نامەکە بدا بە باڵوێزخانەی ڕووسیا. ئەتابەک دەیزانی کە وەزیر موختاری ڕووسیا، یانی میسیۆ «ئێرگیرۆپوولۆ» ناتوانێ خەتی فارسی بخوێنێتەوە، بەتایبەت ئەگەر بە خەتی شکستەی فارسی نووسرابێ. ئەتابەک لە ڕێی سیخوڕانییەوە ئاگادار کرابۆوە کە میسیۆ «ستریتێر»ی کارگێری بەشی خۆرهەڵاتیی باڵوێزخانەی ڕووسیا کە تاقانە فارسیزانی ئەو شوێنە بوو، لە «زەرگەندە»وە چۆتە هاوینەهەوران و چەند ڕۆژێک بە دەستەوە نابێ. بەکورتی لەسەر ئەو ڕێوشوێنەی ئەتابەک من نامەکەم نووسی و ئەویش ناردی بۆ باڵوێزخانەی ڕووسیا لە گەرمکی زەرگەندە و ماوەیەک بەبێ وەرگێڕان لەوێ مایەوە و چاوەڕوان بوون هەتا ستریتێر بگەڕێتەوە. دوای چەند ڕۆژێک ئەتابەک گوتی سەبارەت بەم قانە لە باڵوێزخانەی ڕووسیاوە هیچ نارەزامەندی و تێبینییەکی پێ نەگەیشتووە. وەکوو ئاشکرایە خۆ وەزیر موختاری ڕووسیا نامەکەی بۆ نەدەخوێندرایەوە و هەر سۆسەشی نەکردبوو کە دەبێ مەبەستێکی ئاوا گرینگی تێدا نووسرابێ. بۆیە پەلەی نەکرد و سەرۆکوەزیریش قسەکەی بردەوە نێو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و گوتی ئەوان لێی بێدەنگن و وەزیرەکانیش قۆڵیان لەسەر قسەکانی کێشا و قانەکەیان دا بە دارسی و پادشاش پەسندی کرد. وەزیر موختاری ڕووس دوای ئەوەی بە مەبەستەکەی زانی دڵی ڕەنجا، بەڵام خۆ تاوانی سەرۆکوەزیر نەبوو کە وا بەهەڵکەوت وەرگێڕی باڵوێزخانەی ڕووسیا بە دەستەوە نەبوو. بەم پێیە وەزیر موختاری ڕووسیا تاکە ڕێگای ئاقڵانە و کردارییانەی ڕەچاو کرد و سەری وەبەر کاری کراو هێنا.»

پاش ئەوەی کە ئەم قانەی دارسی لە لایەن پادشاوە پەسند کرا، وەزیر موختاری ڕووسیا داوای لێکرد هەتا بە چەشنێک قەرەبووی ئەم کارە بکاتەوە کە ئەویش پێی ڕازی بێ. لەو سەروبەندەدا لاوێکی ئیسکاتلەندی لە وەزارەتی دارایی ئێران پلەیەکی تۆزێک گرینگی درابوویە و سەرقاڵی کار کرابوو. وەزیر موختاری ڕووسیا پێی وابوو ئەو هەڵی درانی پاوانی دارسی ڕەخساندووە. هەر بۆیە داوای

کرد لەسەر کاری لابەرن و دەرییکەن. وەزیر موختاری ئینگلیس سەبارەت بەم کارە نارەزامەندیی دەربڕی، بەڵام قسەکەی جێی نەگرت و ئەتابەک (سەرۆکوەزیر) لەبەر دڵی ڕووسان ئەم لاوەی کە «مەکلین»ی ناو بوو لەسەر کاری لابرد و بە هاردینگی گوتبوو کە ئێران وڵاتێکی سەربەخۆیە و پرسی لابردنی کارمەندێکی حکوومەت دەگەڕێتەوە سەر بڕیاری پادشا. هاردینگیش بە کارێکی کراوی دانا و «مەکلین»ی بردە لای خۆی و پلەیەکی فەخریی دایە و کردی بە تیبەستەی بازرگانیی باڵوێزخانەی ئینگلیس.

هاردینگ لە لاپەڕە ٢٨٠ی کتێبی گۆڕیندا دەنووسێ:

«ئیدی لەو کاتەوە هەستم پێکرد کە هەر جێگایەک پێی قازانج و بەرژەوەندیی ڕووسانی تێدابێ، ئەتابەک بۆ متمانە پێکردن نابێ. پادشا کە هەر بە قەدرایە منداڵێکی کاڵ و کەمتەمەن دەیفامی، وای لە باریکی و بنێسی دابوو کە دەتکوت قامیشێکی قرچەهەڵاتوویە و هیچ هەناوی لە بەردا نییە. بارودۆخی سەیری وڵاتیش کە چەندین ساڵ بوو بە شێوەیەکی یەکجار ناڵەبار بەڕێوە دەچوو. هەلومەرجێکی وای بەدی هێنابوو کە هەر دەوڵەتێکی بێگانە زیاتری لە دەمی بەرپرسانی گەندەڵ و بێدەستوپەلی وڵات دەکوشی یان چاکتری بە سەردا دەگوڕاندن و گەفی لێدەکردن. باشتر دەیتوانی بە چزکیاندا بێنێ و دەستیان پێهەڵێنێ.»

کاتێک دارسی قان و پاوانی نەوتی درایە، دەوڵەتی ئینگلیس ڕایگەیاند کە هیچ دەورێکی لەم کارەدا نەگێڕاوە. بەڵام گوتە و نووسینی دیپلۆماتەکانی ئینگلیسی ئەم قسەیە دەبەنەوە پاش. ئەوەی ڕاستی بێ دەبێ تەواو بە بێلایەنی لەم پرسە بڕوانین و پێی لێ بنێین کە ئەو دەمەی وا پاوانەکە دراوەتە دارسی، نە پاواندەر و نە پاوانوەرگر، هیچیان سەبارەت بە داهاتووی نەوتی ئێران نەدەزانی و پێشکەوتنی زانستیش بۆ دۆزینەوەی نەوت وەکوو ئێستا گەشەی نەکردبوو کە هەبوونی نەوت هەتا ڕادەیەک پێشبینی بکرێ و ئاواش جێگای متمانە بێ. ئەم کارە پێشنیارێک بوو کە سەرمایەدارێکی سەربەگۆبەندی غەوارە خستبوویە بەر دەمی دەوڵەت و حازر ببوو کە بڕێک لە سامانی خۆی بخاتە مەترسییەوە هەتا بەڵکوو قازانجێکی زۆری پێ پەیدا بکا. پایەبەرزانی حکوومەتیش بێئەوەی هیچی لێ بزانن و بێ وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی دەق و نێوەرۆکی پێشنیارەکە، خستبوویانە بەر پەسندی پادشا کە هەرچی دەسەڵاتە هەر پاوانی خۆی بوو.

پاوانامەی دارسی پەسندی پادشای لەسەرە و مۆر و واژۆی چەند کەسێکی پێوەیە و لە پەراوەکانی دیوانی میریدا تۆمار کراوە. کەسەکان بریتین لە: ئەتابەک (میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەمینوسسولتان، سەرۆکوەزیر)، میرزا نەسروڵلاخانی موشیروددەولە (باوکی حەسەن پیرنیا و حوسێن پیرنیا) لەگەڵ نیزامەددین غەففاری (موهەندیسولمەمالیک).[1]

بەگوێرەی بەندی هەشتەم و نۆهەم و شازدەهەمی پاوانامەکە، دارسی دەستەبەر ببوو کە لە ماوەی دوو ساڵ دوای درانی پاوانەکە، کۆمپانیایەک بۆ هەلگرتنی بەرهەمی ئەو پاوانە پێکبێنێ و پاش پێکهێنانی کۆمپانیاکە، بڕی ۲۰هەزار لیرەی نەغد و بایی ۲۰هەزار لیرەش لە بەشی ئەم کۆمپانیایە بدا بە ئێران. هەڵبەت لە هیچ جێگایەک باسی ئەمە نەکراوە کە نوێنەری دارسی لە جەنگەی گوفتوگۆکانی تاراندا چەندی خەرج کردووە و بەڵێنی چەندی داوە کە دواتر بیدا. وەکوو ئاشکرایە دواتر ئەوەندە روون بۆوە کە کتابچیخان دەڵالانەیەکی چاکی وەرگرت و توانی ژیانێکی تێر و تەسەل بۆ خۆی و منداڵەکانی لە ئورووپا دابین بکا و بەپێی نووسینی رۆژنامەکانی سەردەمی مەشرووتە، نوێنەری دارسی نەغداونەغد نیزیکەی ۱۰هەزار لیرەشی داوە بە ئەتابەک و موشیروددەولە و موهەندیسولمەمالیک و رەنگە خەرجی دیکەشی کردبێ کە بە وردی ئاگامان لێ نییە.

پاش ئەوەی کە دارسی یەکەمین کۆمپانیای پێکهێنا و بەپێی پاوانامەکە بڕی ۲۰هەزار لیرەی نەغد و بایی ۲۰هەزار لیرەی بەش لە کۆمپانیاکە دا بە دەوڵەتی ئێران، روون بۆوە کە بە دزی بایی ۱۰هەزار لیرەی بەش لەو کۆمپانیایە داوە بە ئەتابەک و بایی ۵هەزار بە موشیروددەولە و بایی ۵هەزاریش بە موهەندیسولمەمالیک و بەڵێنەکانی خۆشی بردۆتە سەر. ئەم پشکانە لە سەرەتادا شتێکی وایان نەدێنا و کەس نەیدەکڕین و میراتگرانی ئەتابەک و موهەندیسولمەمالیک بە نرخێکی زۆر هەرزان بە چەند ئینگلیسییەکی دانیشتووی تارانیان فرۆشتنەوە. میراتگرانی نەسروڵلاخانی موشیروددەولە یانی حەسەن و حوسێنی پیرنیا بەشەکانی خۆیان نەفرۆشتەوە و هەتاکوو مابوون هەموو ساڵێک

۱- «ماوەی پاوانامەی دارسی ٦٠ ساڵ و لە رۆژی ۲۸ی مەی ۱۹۰۱ی زایینییەوە دەستی پێکردووە. ئەم پاوانە سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە و تەنیا هەرێمی خوراسان، مازندەران، گورگان و ئازەربایجانی لێ دەرکراوە.» بڕ: گەنجی شایان، سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە،

قازانجی خۆیان وەردەگرت. بەڵام وەکوو بیستوومە پاش مەرگی ئەوان، میراتگرانیان بەشێک لەو بەشانەیان فرۆشتوون.

## دەستپێکردنی کار و وەسەریەکنانی سەرمایە

چەند مانگ دوای مۆر و واژۆکرانی پاواننامەکە، دارسی دەستەیەک چاڵھەڵکەنی لەهیستانیی[1] بەکرێگرتن و بە هێندێک ئامراز و کەرەسەی کارەوە ناردنی بۆ «چاڵەسوور»ی باکووری «قەسری شیرین». لەو سەردەمەدا چاڵەسوور بەشێک بوو لە خاکی ئێران و دواتر کە سنوورەکانی نێوان ئێران و عوسمانی پێداچوونەوەیان تێدا کرا، ساڵی ١٩١٣ بە عوسمانی برا و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم شوێنە بە هێڵی سنووری نێوان ئێران و ئێراق داندرا. دارسی بە مەبەستی دەست بە کاربوون، ئەندازیار «رینۆلدز»ی کردە سەرۆکی گەلالەکە کە لەمێژبوو لە وەزارەتی رێگاوبانی هیندووستاندا کاری دەکرد و بە پیاوێکی یەکجار خۆراگر و کۆڵنەدەر ناسرابوو.

شاندی نێردراو بە رێگای بەسرە و بەغدادا چوونە چاڵەسوور و دەستیان کرد بە کار و لە سەرەتاشدا بە سەر گەلێک کەند و کۆسپدا کەوتن. نەبوونی تەناهی لەم ناوچە سنوورییەدا و داوای فرە و بەرچاوی هۆز و خێڵاتی ئەودیوەودیوان و هەرەشەکانیان، بوو بە هۆی ئەوەی کە کارەکە بە خاوەخاو بڕوا. بەڵام ورەبەرنەدانی بێوچانی رینۆلدز شوێنێکی چاکی کردە سەر سەرگرتن و نەوەستانی کارەکە. هاوینی ١٩٠٢ لە قووڵاییی ٧٠-٥ گەزیدا نەوتی رەش وەبەرچاو هات و هەر دوایەدوای ئەو، چۆرە نەوتێکیش وەدەرکەوت.

چەند مانگدواتر چاڵی دووهەم لە قووڵایییەکی ئەوتۆدا گەیشتە نەوت کە سەرەتا رۆژانە ٢٠ تۆنی لێ هەڵدێنجرا و ماوەیەک دواتر دابەزی بۆ رۆژانە ٢٥تۆن. لەم کاتەدا روون بۆوە کە لەبەر هەزار کیلۆمیترێک مەودای نێوان چاڵەسوور و کەنداوی فارس و هەروەها ئەو بڕە بەرهەمەی کە هەڵدەگیرا، درێژەی کارەکە پێچەوانەی بەرژەوەندییە و ئاوا قازانج سەری مایەی دەخوا. بۆیە دارسی لێبڕا هەتا دەست لە چاڵەسوور هەڵبگرێ و لە ناوچەکانی باشوور خەریکی گەڕان و پشکنین بێ.

---

١- پۆلۆنیایی

بەپێی بەندی شازدەی پاوانامەکە، دارسی ساڵی ١٩٠٣ کۆمپانیایەکی دیکەی دامەزراند و ٦٠٠ لیرەی بۆ کردە سەرمایە و ناوی نا «کۆمپانیای بەرهەمهەڵگرتنی بەرایی». ئەو پشکانەی کە وەئەستۆی گرتبوون هەمووی دەستەبەر کردن و ٢٠هەزار لیرەی نەغدیشی دا بە دەوڵەتی ئێران. دارسی هەتا ئەو کاتە نیزیکەی ٣٠٠هەزار لیرەی لە کیسەی خۆی خەرج کردبوو و ئامادە نەبوو کە چی دیکە سەرمایەی لەم ڕێگایەدا بەخت بکا. هەر بۆیە وەخۆکەوت هەتا کەسانێکی دیکەش تێوە بدا و بەرەو ئەم کارە ڕایانبکێشێ.

دەستەیەک لە دەوڵەمەندان و دەسمایەداری ئاڵمانی پێشنیاریان بە دارسی کرد کە بێ و تەواوی ئەو خەرجانەی هەتا ئێستا کردوویەتی لەوانی وەربگرێتەوە و سەرباری ئەمە پوولێکی چاکی دەدەنێیە هەتا پاوانەکەیان پێ بفرۆشێتەوە و خۆی لێی وەدەرکەوێ. کۆمپانیایەکی ئەمریکایی و چەند سەرمایەدارێکی فەرانسەویش پێشنیاریان بە دارسی کرد کە پاوانامەکەیان پێ بفرۆشێتەوە و تەنانەت ئامادەش بوون کە بیکەنە شەریکەبەشی خۆیان. هێندێک نیشانە بە دەستەوەن کە دەریدەخەن دارسی پێیخۆش بووە ئەو خەرجە قورسەی هەتا ئێستا کردوویەتی و ئاکامێکی دڵخوازی لێنەکەوتوتەوە وەدەستی بێنێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ زۆری مەیل لێ نەبووە کە لەگەڵ بێگانان بکەوێتە ساتوسەودا.

دەریاساڵار لۆرد فیشێر، دوای چەندین ساڵ خزمەت لە هێزی دەریایی ئینگلستاندا و هاوار و بانگەوازی لەمێژینی بۆ ئەوەی سووتەمەنیی گەمی شەرکەرەکانی وڵاتەکەی بکرێتە نەوت، ساڵی ١٩٠٤ کرایە سەرکردەی هێزی دەریایی ئینگلستان و ئەویش هەر لەڕێوە لێژنەیەکی پێکهێنا هەتا بکەونە خوێندنەوە و توێژینەوە و بزانن سەرچاوەی تەسەلی نەوت بۆ هێزی دەریایی لە کوێ پەیدا دەبێ. ڕێزدار «پریتیمەن»ی سیاسەتمەدار کرایە سەرۆکی ئەم لێژنەیە کە هەموو ئەندامەکانی بریتی بوون لەو پسپۆڕ و سیاسەتمەدارانەی وا بە شێوەیەکی پوخت و پاراو لە نێوەرۆکی مەبەستەکەیان دەزانی و سوار بوون بە سەر بواری کارەکەدا. لۆرد فیشێر بیستبووی کە دارسی توانیویەتی لە ئێران پاوانی نەوت وەدەست بێنێ و ئێستاش خەریکی گوفتوگۆیە هەتا پاوانەکەی بفرۆشێتەوە بە دەسمایەدارانی بێگانە. هەر بۆیە دەستووری دا بە لێژنەکە کە خێرایەکی قۆڵیان

هەڵماڵن و هەر چۆنێکی بۆیان دەکرێ ئەو پاوانە بۆ لای دەوڵەتی ئینگلیس گل بدەنەوە.

لەو ڕۆژگارەدا بیروڕای گشتی لە ئینگلستان کە وڵاتێکی سەرمایەداری و زۆر توند دژی دەستتێوەردانی دەوڵەت بوو لە کاروباری بازرگانیدا، ڕێگای نەدەدا کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ بێ و پشک یان پاوانی کۆمپانیایەکی ئاوا بکڕێتەوە. هەر بۆیە بەرپرسان وایان بە بەرژەوەند زانی کە هەر چۆنێک بێ نەهێڵن کە پاوانی دارسی بکەوێتە چنگ غەواران و وا باشە سەرمایەی پێویست بۆ دارسی دابین بکەن هەتا درێژە بە کارەکەی بدا و خۆیان چاوەڕوانی هەلێکی گونجاو بن تاکوو وردەوردە بیروڕای گشتی بۆ خۆتێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری نەوتیدا ئامادە بکەن.

لێژنەکە لەرێوە دەستی کرد بە کار و لە یەکەم هەنگاودا ڕێزدار پرێتیمەن چوویە لای لۆردستراتکۆنا و داوای یارمەتیی لێکرد. ئەم لۆردە سامانێکی زۆر و زەوەندی لەو کاتەدا کۆکردبۆوە و توانیبووی ڕێچکەی شەمەنەفەری سەرتاسەری ئەم وڵاتە ڕابکێشێ و ئێستا لەبەر پیری خۆی لە کاروباری بازرگانی کێشابۆوە و بە دوورەپەرێزی پاڵی دابۆوە. پرێتیمەن لە وتارێکدا کە دە ساڵ دواتر لە پارلمانی ئینگلیس پێشکەشی کرد، سەبارەت بە دیداری خۆی لەگەڵ لۆرد ستراتکۆنا گوتی:

«من خۆم ڕاستەوخۆ چوومە لای لۆرد ستراتکۆنا و مەبەستەکەم پێگوت و داوام لێکرد کە ئەو بە ناو و سەرمایەی خۆی یارییدەی دارسی بدا هەتا ئەو پاوانەمان لە چنگ دەرنەچێ. لۆرد ستراتکۆنا تەنیا پرسیارێکی لێکردم و گوتی: داخوا پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم کەلالەیە بە قازانجی هێزی دەریاییی ئینگلیسە کە داوام لێ دەکەن هەتا تێیدا بەشدار بم؟ منیش گوتم بەڵێ و تازە پرسیاری دیکەی نەکرد و بێسێودوو سەری وەبەر داواکەم هێنا.»

پرێتیمەن لە جێگایەکی دیکەی وتارەکەیدا دەڵێ:

«دەبێ سپاسی پارلمان پێشکەشی لۆرد ستراتکۆنا و ئەو کەسانەی دیکە بکرێ کە زۆر چاک بەو پاوانەوە نووسان و ڕایانگرت هەتا ئەوەی کە دواتر هەلێک بۆ دەوڵەت ڕەخسا و توانی وەدەستی بێنێ.»

لە لایەکی دیکەوە پرێتیمەن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی بورما (بێرمی) کە کۆمپانیایەکی یەکسەر ئینگلیسی بوو کەوتە وتووێژ و داوای لێکرد سەرەڕای کاری هەڵێنجانی نەوتی بورما پشتی بگرێ و ئەویش زۆر بە ڕووی خۆشەوە

لێی سەلماند. لە ئاکامی ئەم دیدار و وتووێژانەدا، ساڵی ۱۹۰۵ کۆمپانیایەکی تازە لە شاری گلاسکۆ پێکهات بە ناوی «سەندیکای ئیمتیازات» کە توانی ببێتە خاوەنی پاوان‌نامەکە و هەموو پشکەکانی بەرهەمهەڵگرتنی بەراییش بۆ خۆی دەستەبەر بکا و سەرمایەیەکی چاکیش دابین کرا بۆ درێژەی کارەکەی ئێران. خاوەنی بەشی هەرە زۆری پشکی ئەم کۆمپانیا نوێیە بریتی بوون لە لۆرد ستراتکۆنا و کۆمپانیای نەوتی بورما و دارسی.

ئەم کۆمپانیا تازەیە لە یەکەم هەنگاودا فەرمانی راگیرانی کاری کرد لە چالەسوور و رایەسپارد کە تەواوی کەرەسە و ئامرازەکانی راگوێزن بۆ «ماماتین»ی نێزیک «رامهۆرمز» لە باکووری ئەهواز. بۆ بەتاقی‌کردنەوەی شوێنەکە دوو چالیان لێدا و چالکەنانی کانەدایی دامەزرێندران و کەوتنە ژێر دەستی رینۆلدز هەتا مل بنێن لە کار. چالی یەکەم و دووهەم ٦٦١ و ٥٩١ گەز قووڵ کران، بەڵام هیچیان نەگەیشتنە نەوت. نەبوونی رێگای چەوریژکراو لەو جێگایە خەرج و تێچووی زیاتری دەخستە سەر یەک و گری و کۆسپی دەنایەوە و هێندەی پێنەچوو کە سەرۆکانی ئەم کۆمپانیا تازەیەش یەکجار تووشی دڵەخورتی بوون.

سێر ئارنۆلد ویلسۆن لە لاپەرە ٢٤ی کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «باشووری خۆرنشینی ئێران» ئاوای نووسیوە:

«دەبێ سپاسی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس و دەوڵەتی هیندووستان بکرێ کە هێزێکی هیندییان نارد بۆ ئەم شوێنە هەتا لە خێڵاتی خۆوڵاتی روون بکەنەوە و تێیان‌بگەیەنن کە ئەگەر چەت بخەنە کاری کۆمپانیای ئینگلیسی تووشی چارەنووسی ناڵەبار دەبنەوە. ئەوان دەبێ بزانن کە کۆمپانیاکە پاوانێکی راست و دروستی بە دەستەوەیە و هەر کە کارەکەی بیگرێ و بتوانێ بەرهەمێکی بەرێوجێ هەڵگرێ، هەم خێڵات و هەم ئێران قازانجێکی زۆریان پێ‌دەبرێ.»

کاتێک سێر ئارنۆلد ویلسۆن ئەم کتێبەی دەنووسی، بریکاری کۆنسوولی ئینگلیس بوو لە ئەهواز و بە سەر سەربازانی هیندیش رادەگەیشت و لێرەوە دەردەکەوێ کە ئینگلیسییەکان بە مەبەستی پاراستنی کارمەندان و کرێکارانی کۆمپانیاکە پەلێکی بیست کەسەی سوارەی هیندییان هێنابوویە «ماماتین».

پاش ئەوەی کە لە ماماتین ئاکامی دڵخواز وەدەست نەهات، بریار درا هەتا چەند چالێکی دیکە لە «مەیدانی نەفتوون» لێ بدرێن. میسیۆ دو مۆرگانی شوێنەوارناسی

فەرانسەوی لە راپۆرتەکانی خۆیدا باسی ئەم شوێنەی کردبوو کە دەکەوێتە نێوان گردەکانی ناوچەی بەختیاری و گوتبووی مەیدانی نەفتوون لەسەر رێگای نێوان مالەمیر و شووشتەر هەلکەوتووە و دیارە نەوتی لێ هەلقولیوە و کاول و هەرەسی ئاورگایەکیشی لێیە کە خەلکی خۆولاتی پێی دەلێن «مەسجیدسولەیمان». لەسەر ئەم پێوشوێنە کەرەسە و ئامرازی ماماتین کۆکرایەوە و بەرەو مەسجیدسولەیمان بار کرا و لەوێ کاری لێدانی چال دەستی پێکرد. لە نێوقەدی سالی ١٩٠٨دا، سەرمایەی کۆمپانیای «سەندیکای ئیمتیازات» رووی کردە کەمبوونەوە و چالەکانی مەسجیدسولەیمانیش نەگەیبوونە نەوت و زۆر کەس لایان وابوو کە ئێرەش ئەوەندەی نەوت لێ نییە هەتا بکرێ بەرهەمێکی وای لێ هەلبگیرێ کە شیاوی بازرگانی بێ.

وەک دەگێرنەوە دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمپانیاکە پاش دانیشتن و باس و راوێژ تەما دەگرن هەتا دەستوور بدەن بە «رینۆلدز»ی سەرئەندازیاری خۆیان کە کارەکە رابگرێ و ئامراز و کەرەسەی تێکەوەپێچێ و وێرای هاورێیانی لە ئێرانەوە بەرەو مال بێتەوە. تەنانەت دەلێن رینۆلدز فەرمانەکەی پێدەگا، بەلام چونکە زۆر پشتئەستوور دەبێ بە خاکی مەسجیدسولەیمان، سەر وەبەر فەرمانەکە ناهێنێ و کاری خۆی درێژە پێدەدا. بەم شێوەیە هەلکۆلینی زەوی و لێدانی چال لەو شوێنە درێژە دەکێشێ و هەتا سەرەنجام رۆژی ٢٦ی مانگی مەیی ١٩٠٨ برغووی چالبرین دوایین زەبری خۆی لەو تەختەبەردە دەوەشێنێ کە بە سەر کان و سەرچاوە بەناوبانگەکەی مەسجیدسولەیمان کشاوە و کون دەبێ و نەوت بەتەوژم بەرەو دەر بازرەقە دەبەستێ و دەست دەکا بە هەلقولین. لەم رۆژەوە روون دەبێتەوە کە ئێران خاوەنی سەرچاوەیەکی گەلێک زۆر و زەوەند و بەنرخی نەوتە و داهاتوویەکی روون چاوەروانییەتی. یەکەم چال ٢٦٠ میتر قوول کراوە و چالی دووهەم کە دە رۆژ دواتر گەیشتە نەوت، ٢٠٧ میتر بە سینەی زەویدا رۆچووە و لێرەدا روون بۆوە کە بارستاییی تەختەبەردی سەر کانەنەوتی مەسجیدسولەیمان سەری گەیوەتە ٢٠٠ میترێک.

دۆزرانەوەی ئەم سەرچاوە پڕ بایەخە، هەر لەرێوە گرێ و گرفتی داراییی چارەسەر کرد و چەند مانگ دواتر یانی لە ئاوریلی ١٩٠٩دا «شەریکەی نەوتی ئێران و ئینگلیس» بە سەرمایەی دوو میلیۆن لیرە کە نیوەی درابوو، پێکهێنرا و لە

لەندەن تۆمار کرا و بوو بە جێگرەوەی کۆمپانیای «سەندیکای ئیمتیازات». ٩٧٠هەزار پشکی ـ کە هەر پشکەی بایی لیرەیەک بوو ـ هی کۆمپانیای بورما بوو و ٣٠هەزارەکەی دیکەی لە بازاردا فرۆشرا.

لێرەدا پێویستە وەبیری بێنینەوە کە دارسی و لۆرد ستراتکۆنا لەم کاتەدا پشکداری کۆمپانیای نەوتی بورما بوون و جگە لەمەش پاش پێکهێنرانی شەریکەی بەرباس، ٦٠٠هەزار پشکی دانستەی یەک لیرەیی و ٦٠٠هەزار پشکی وەک دەسقەرز وەرگیراو کە سالی سەتی پێنجی قازانج وەبەرچاو دەگرت و دەیدا، لە لایەن شەریکەی نەوتی ئێران و ئینگلیس خرایە بازارەوە و خەلک بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لێی بوونە مشتەری و کڕییان.

لۆرد ستراتکۆنا کە لەو کاتەدا ٨٩ سالە بوو، بوو بە سەرۆکی دەستەی کارگێری و بازرگانێکی ئینگلیسی بە ناوی چارلز گرینوی کە خاوەنی پێشینەیەکی درێژخایەنی بازرگانی بوو لەگەل هیندووستان و توانیبووی کە پەیوەندییەکی نێزیکیش لەگەل کۆمپانیای نەوتی بورما دامەزرێنی، بوو بە سەرۆکی شەریکەی ناوبراو. دارسیش بوو بە ئەندامی دەستەی کارگێری و هەتا سالی ١٩١٧ کە کۆچیدوایی کرد لەم پلەیەدا مایەوە.

## بەرەوپێشچوونی کارەکان و گەشەی کۆمپانیای دەولەتی ئینگلیس

پەرەی کارەکان لە مابەینی سالانی ١٩٠٨ و ١٩١٤دا، کە شەری یەکەمی جیهانیی تێدا هەلگیرسا، زۆر بە خێرایی پێشکەوتی بە خۆوە بینی. هەتا سالی ١٩١٤ سی چال لە مەسجیدسولەیمان لێدران و چەند خانووبەرەیەکیش بۆ کرێکارانی کۆمپانیای نەوت ساز کران و رایەلەی لوولەی راگوێزرانی نەوت سەریان گەیشتەوە چالەکان. ئاوی خواردنەوە لە رووباری کاروونەوە دابین کرا یان بە لوولە هەتا شوێنی مەبەست رۆیی. کارگەی نۆژەن و کەلتەکرانەوە و هەماری پێداویستییەکان و نەخۆشخانە و دەرمانگا و یانەی وەرزشی و جێگای دیکەش ساز کران.

لوولەیەکی نەوتبەر لە مەسجیدسولەیمانەوە راکێشرا بۆ ئابادان و سالی ١٩١٢ گەیشتە سەرەنجام. کۆتەرەی ئەم لوولەیە لە جێجێیان دەبوو بە ١٠ تا ١٥

سانتیمیتر و دەیتوانی سالی ٤٠٠هەزار تۆن نەوت لە مەسجیدسولەیمانەوە ڕاگوێزێتە ئابادان.

یەکێک لە کارمەندانی سەرەتای دەست بەکاربوونی کۆمپانیاکە کە سالی ١٩٠٩ دەستی کرد بە کار، دوکتۆر یۆنگ بوو. ئەم پیاوە هەر خێرایەکی توانی فێری زمانی فارسی ببێ و چونکە پزیشک بوو، هێندەی پێنەچوو کە توانی لە نێو دلی کرێکاران و کارمەندانی کۆمپانیاکە و خەلکی خۆجێیی‌دا جێی خۆی بکاتەوە. کۆمپانیا زانیاری و فارسی‌زانین و پلەی یۆنگی بە دەسکەوتێک دانا و هەموو کارێکی سەبارەت بە بەرپرسانی ناوچەکەشی پێ ڕادەپەراند. بۆ ئەوەی پەیوەندیی کۆمپانیا و خانانی بەختیاری زۆر باش و سەقامگرتوو بێ، سێ جار پەیمانیان لەگەل نووسین کە یەکجار ڕێخۆشکەر بوون لەسەر ڕەوتی کارەکانی کۆمپانیای نەوت.

پەیمانی یەکەم سەبارەت بوو بە پشکەکانی کۆمپانیا کە ڕێی دەدا بە خانەکانی بەختیاری هەتا بەشداری کاروباری کۆمپانیا بن. بۆ وەدی هاتنی ئەم مەبەستە کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس شەریکەیەکی تیبەستەی خۆی دامەزراند بە ناوی «شەریکەی نەوتی بەختیاری» کە جەغزی کاری بریتی بوو لە مایلیکی چوارگۆشەی جەرگەی مەسجیدسولەیمان. سەرمایەی ئەم شەریکەیە ٤٠٠هەزار لیرە بوو کە ١٢هەزار پشکی یەک لیرەیی بەخۆرایی درا بە خانانی بەختیاری. چوار کەس لە خانەکان کە دوویان نوێنەری میرمەسالی حاجی ئیلخانی و دووەکەی دیکەش نوێنەری ئیلخانی بوون، لە لایەن هەموانەوە کرابوونە دەمراست هەتا هەموو سالێک قازانجی پشکەکان وەربگرن و دابەشی بکەن. ماوەیەک دواتر شەریکەی نەوتی بەختیاری هەلوەشێندرایەوە و لەگەل کۆمپانیای بەرهەمهەلگرتنی بەرایی لێکدرا و ١٢هەزار پشکەی خانەکانیش خرایە سەر پشکی کۆمپانیای ناوبراو.

پەیمانی دووهەم سەبارەت بوو بە کرینی ئەو زەوی‌وزارانەی کە کۆمپانیا هەموو سالێک بۆ پەرەی کارەکانی لە ناوچەی خاکی بەختیاری‌دا کاری پێیان بوو. کۆمپانیا ئەم شوێنانەی بە نرخێکی دیاری‌کراو لە «ئیلخانی» و «ئیلبەگی» دەکرین و ئەم دووەش کە خۆیان بە نوێنەری دەولەتی دادەنا، لەسەر ئەستۆیان بوو کە پوولەکە بدەنە دەست خاوەنی سەرەکیی زەوی‌وزارەکان. ئەگەر بەهەلکەوت زەمینێکی کردراو هی یەکێک لە خانەکان بووایە. بەپێی دابی خۆیان هێندێکیان

لێ دەقاچاند و پاشان پارەکەیان دەدایە و ئەگەر خانێکیش نەبووبا کە خۆی بە خاوەنی زەوی‌وزارەکان بزانێ، داهاتەکە دەبووە بەشی ئێلخانی و ئیل‌بەگی.

پەیمانی سێهەم سەبارەت بوو بە پاراستنی شوێنەکە و ئێلخانی خانزادەیەکی وەکوو بەرپرسی پاسەوانی بە کۆمپانیاکە دەناساند و تاقمێک چەکداری دەخستە بەردەستی. کۆمپانیا مووچە و مانگانەی بۆ دەبرینەوە و ئەوانیش تەناهیی ناوچەکەیان دەپاراست و هەموو ساڵێ ٣٠٠٠ لیرەش بۆ ئێلخانی وەبەرچاو دەگیرا. ئەم سەرپاسەوانە بە حوکمداری مەڵبەندەکەش دادەندرا و هەموو شەڕ و کێشە و هەرایەکی بە دابی کۆنباوی خێڵاتی یەکلایی دەکردەوە. ئەم پەیمانی سێهەمە هەتا ئەو دەمەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی نەیتوانیبوو لە خووزستان خۆی بگرێ و هەروا دەڵەمە بوو، وەکوو خۆی مایەوە و کاری پێکرا، بەڵام دواتر کە دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی و لەشکری دامەزران، خودبەخود هەڵوەشایەوە، کەچی ساڵی ١٠٠٠ لیرە هەر دەخرایە کیسەی ئێلخانەوە.

ساڵی ١٩٠٩، کۆمپانیای نەوت پەیمانێکی لەگەڵ شێخ خەزعەل نووسی و مایلێکی چوارگۆشەی زەمینی ئابادانی بۆ داناتی پاڵاوگە لێ کری. ساڵی دواتر سازکرانی پاڵاوگە دەستی پێکرد و سێ ساڵ دواتر دوایی پێهات. بەپێی پەیمانێکی دیکە، کۆمپانیا هەموو ساڵێ پوولێکی دەدا بە شێخ خەزعەل و ئەویش مەڵبەندی ئابادانی بۆ دەپاراستن.

ساڵی ١٩١٢، ئەو برە نەوتەی کە بۆ یەکەمجار لە چاڵەکانی باشووری ئێران هەڵهێنجرابوو، هەر بە خاوی هەناردەی دەرەوە کرا ٤٣٠٠٠تۆن بوو. ساڵی دواتر ئەم برە گەیشتە ٨١٠٠٠ تۆن و ساڵی ١٩١٤ هەتا ٢٧٤٠٠٠تۆن هەوراز ڕۆیی. ئەو دەمەی کە شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، کۆمپانیای نەوت خاوەنی سەرچاوەی بەربڵاوی نەوتی مەسجیدسولەیمان و هێڵێک لوولەی ڕاگواستنی نەوت بوو هەتا ئابادان و لەوێش توانیبووی پاڵاوگەیەکی شیاو دامەزرێنێ و ئاوا دەیتوانی یاریدەرێکی گرینگ بێ بۆ هەڵمەتی ئینگلستان و هاوپەیمانان.

بەسەرهاتی کرینی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە لە کتێبێکدا بڵاو کراوەتەوە کە «چرچیل»ی سیاسەتوانی بەناوبانگی ئینگلیسی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی نووسیویەتی و ناوی ناوە «قەیرانی جیهانی». چرچیل لەو کتێبەدا نووسیویەتی: قەیرانێکی جیهانی بەڕێوە

بوو؛ دەوڵەت لێبڕابوو هەتا گەمیی شەرکەری تازەی وا بسازێنێ کە خۆش‌تاژۆتر بن و بۆ ئەم مەبەستە دەبوو بیروونەبێ سووتەمەری گەمییان لە بەردەخەڵووزەوە گۆڕابان بۆ نەوت. بۆ جێبەجێکرانی ئەم بڕیارە لێژنەیەکی تایبەت پێکهات و ئەندامانی ئەم خاڵانەیان خرایە بەرچاوی:

ئێوە دەبێ هەر چۆنێک دەکرێ ڕێگای وەدەست هێنانی نەوت بدۆزنەوە و ڕوونی بکەنەوە کە لە زەمانی ئاشتی‌دا چۆن نەوتی هەرزانمان بۆ پەیدا دەبێ و چلۆن بە خەرجێکی کەم دەتوانین پاش هەڵێنجان پاشەکەوتی بکەین. هەروەها دەبێ بزانن لە سەردەمی شەڕدا بە مسۆگەری و دڵنیایی نەوتمان وەچنگ دەکەوێ. ئێوە پێویستە کە لەم بابەتانە بتۆژنەوە و بیروڕای خۆتان دەرببڕن. ئەرکی ئێوە کۆکردنەوەی زانیارییە و بەڕێوەچوونی کارەکانی دیکە ناکەوێتە ئەستۆتان.

ئەم لێژنەیە بە سەرۆکایەتیی لۆرد فیشێر دەستی کرد بە کار و یەکێک لەو کەسانەی کە بانگهێشتن کرا بۆ لێژنەکە و زانیارییەکانی خۆی خستە بەردەستی ئەندامانی، سێر «هێنری دیتێردینگ»ی سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی «ڕۆیال دۆچ شێل» بوو. دیتێردینگ لە نێوبەندی قسەکانی خۆی لە کۆبوونەوەی لێژنەکەدا بابەتێکی درکاند کە پێویستە تەواوی خەڵکی وڵاتانی خاوەن نەوت بیزانن.

دیتێردینگ گوتبووی:

«نەوت یەکێک لە کاڵا هەرە جیاوازەکانی ئەم جیهانەیە کە فرۆشرانی بەستەیە بە هەڵهێنجان و بەرهەمهێنانی. هیچ کاڵایەکی دیکە لە دنیادا نییە کە ڕادەی دەکارکرانی بەند بێ بە هەڵهێنجان و بەرهەمهێنانی. ئێوە لە هەڵێنجانی نەوت ڕامەوەستن و لێتان سوور بێ کە مشتەریی دەکارکردنی بە شوێنێ‌دا دێ. پێویست ناکا ئێوە نیگەرانی دەکارکرانی بن و ئەگەر فرۆشەرن خۆتان چۆڵەپێچ مەکەن و پەیمانی درێژخایەن لەگەڵ کڕیاران مەبەستن، چونکە نەوت خودبەخود دەفرۆشرێ. ئێوە تەنیا نیازتان بە گیرفانێکی پان‌وپۆڕی پڕ لە دراوە و ئەگەر زانیتان خەڵک مەیلی لێ نییە نەوتوو لێ بکڕێ، بڵێن زۆر چاکە با وابێ، چونکە بە ملیۆن لیرە خەرج دەکەین و خەزێنەی نەوت ساز دەکەین و هەڵیدەگرین. بەڵام لە دوارۆژدا کە ئێوە پێوەبوون هەتا نەوتمان لێ بکڕن، نرخەکەی هەڵدەکێشین و خەسارەتی خۆمانی دەخەینە سەر و لێتانی وەردەگرین.»

چرچیل بە هیوای لێژنەکە دەستی ناویشتە سەر دەستی و لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس کەوتە گوفتوگۆ هەتا پەیمانێکی درێژخایەن بۆ کڕینی نەوتی ئێران ببەستی. لەو کاتەدا کۆمپانیاکە دەسمایەیەکی وای بە دەستەوە نەبوو هەر بۆیە داوای لە وەزارەتی دەریاداری کرد کە بابەتی کڕینی نەوت پێشەکییەکی بداتێ. چرچیل لەرێوە لێژنەیەکی پێکهێنا هەتا بڕوا بۆ ئێران و سەبارەت بە کانە نەوتییەکانی ئێران راپۆرتێکی بۆ بنووسن. سەرۆکی ئەم لێژنەیە دەریاسالار «ئێدمۆند سلید» بوو کە دواتر کرایە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس. ئەندامێکی دیکەی ئەم لێژنەیە پرۆفسۆر سێر «جان کۆدمەن» بوو کە لەو کاتەدا راوێژکاری بواری نەوتی وەزارەتی موستەعمەرات و مامۆستای زانکۆی بیرمینگام بوو. کۆدمەن ماوەیەک دواتر بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس. دوو ئەندامی دیکەی لێژنەکە بریتی بوون لە زەویناسێکی ناوبەدەرەوە و کارگێری لێژنەکە.

ئەندامانی ئەم لێژنەیە سەفەرێکی سێمانگەیان کرد بۆ ئێران و لە کانە نەوتەکانیان کۆڵییەوە و راپۆرتێکیان بۆ دەوڵەت نووسی کە لە دوایین برگەیدا ئاوا نووسراوە:

«ئەگەر کۆمپانیای ئێران و ئینگلیس سەرمایەی هەوراز نەبا ناتوانێ بە شێوەیەکی تێر و تەسەل بەهرە لە پاوانی بەربلاوی هەلبگرێ. وەکوو ئێمە گوێبیست بووین دەوڵەتی ئینگلیس دەیهەوێ کە پاریدەی ئەم کۆمپانیایە بدا، ئەگەر قەرارێکی ئاوا هەیە، ئێمە پێمان وایە دەبێ دەوڵەت مەرج بۆ ئەو کارە دابنێ و بڵێ دەبێ لە داڕشتنی رەوت و رێبازی گشتیی کۆمپانیادا بەشدار بێ.»

**

بەپێی دەق و نێوەرۆکی کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران»، دەوڵەتی ئینگلیس لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس قەراروبڕییەکی دانا کە دەبێ بەشی هەرە زۆری نەوتی پێویستی هێزی دەریایی ئینگلیس بە نرخێکی کەم دابین بکا. هەروەها دەوڵەتی ئینگلیس دوو میلیۆن پشکی ئاسایی و هەزار پشکی دانستەی[1] کۆمپانیای

---

١- پشکی دانسته یان بەدانسته بەو پشکە دەڵێن کە سوودی ساڵانەی دیاریکراوە و ئەگەر کۆمپانیاکە لێکهەڵوەشا. خاوەنی ئەم شێوە پشکانە لە وەرگرتنەوەی سەرمایەی خۆیان دەکەونە پێش ئەوانەی خاوەنی پشکی ئاسایین.

کڕییەوە و پەیمانی دا کە دەست لە کاروباری بازرگانیی ڕۆژانەی کۆمپانیاکە وەرنەدا. بەگوێرەی نووسینی سەید محەممەدعەلی جەمالزادە لە کتێبی «گەنجی شایان»دا. سەرمایەی کۆمپانیاکە لەو کاتەدا تەنیا ١٩٩٩٠٠٠ لیرەی ئینگلیسی بووە و پاش بەشدار بوونی دەوڵەتی ئینگلیس و کڕینەوەی پشکی ئاسایی و دانستە. سەرمایەکەی گەیشتۆتە ٤ ملیۆن لیرە و بڕی ٢٠٠١٠٠٠ لیرەی سەرمایە ناوەتەوە.

پرسی پێملبوونی کۆمپانیا بۆ دەوڵەتی ئینگلیس سەبارەت بە فرۆشتنی نەوتی هەرزان و لە ڕاستیدا بەشداری و خۆتێوەردانی دەوڵەتی ئینگلیس لە کاری کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیسدا لەگەڵ دەقی پاوانامەکە نەدەهاتەوە و دژی سەربەخۆیی و دەسەڵاتداریێتیی ئێران دەوێستا. ئەم کارە سەرەڕای ئەوەی کە نارەزامەندیی یەکجار توند و ئاشکرای دەوڵەت و ڕۆژنامەکان و جەماوەری ئێرانی لێکەوتەوە، حیزبی کرێکارانی بریتانیاشی دژی دەوڵەتی حیزبی پارێزگاران هارووژاند کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەین.

## ئەو وامانەی کە دەوڵەت لە دەرەوەی وەردەگرتن و گەشت و گەڕانەکانی پادشا بۆ دەرەوەی وڵات

### وەرگیرانی یەکەم وام لە ئینگلستان

دوای کوژرانی ئەمیرکەبیر، بە فەرمانی ناسرەددینشا خەزنەخانەی ئێران بەتەواوی خرایە بەردەستی پادشا و تازە کەسانێکی وەکوو وەزیری دارایی و خەزنەدار و تێکڕای بەرپرسانی دارایی بۆیان نەبوو کە چاوەدێر بن بە سەر خەرج و دەرچووی خەزنەخانەدا. ناسرەددینشا زۆری خۆ هێناوبرد هەتا وامی دەرەکی وەرنەگرێ و لەم کارەدا سەرکەوتووش بوو. وەکوو لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، بە دانی چەندین قان و پاوان توانی خەرجی پێویستی سەفەرەکانی ئورووپا و بەشی دیاری و خەڵاتی میرانەی دابین بکا.

ناسرەددینشا کە دەیهەویست هەتا بە فێڵوفرت و باری سیاسیدا برشتی مەلایان لە دامودەزگای میریدا خاشەبڕ بکا یان لانیکەم هەر موودەمارێکیان بمێنێ‌ونەمێنێ، لە ڕووداوی «ڕێژی». واتە پاوانکرانی تووتنی ئێراندا کە هێزی بەربڵاوی مەلایان لێی وەخۆکەوتن، شکستی هێنا. پادشا بەناچار پاوانی کڕین و

فرۆشتنی تووتن و تەماکۆی لەگەڵ تالبۆت هەڵوەشاندەوە. بەڵام خاوەن پاوانەکە هەدای نەدا و سەبارەت بە وەرگرتنی خەسارەت هێندەی تین بۆ پادشا هێنا کە ناچاری کرد هەتا بڕی ٥٠٠هەزار لیرەی ئینگلیسی بە سوودی سەتی شەشی ساڵانە وام لە بانکی شاهانشاهی وەربگرێ کە ئەویش دامەزراوەیەکی ئینگلیسی بوو. وەکوو ئاشکرایە ئەمە یەکەم وام بوو کە دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا لە وڵاتانی بێگانەی وەرگرت.

### وەرگیرانی یەکەم وام لە رووسیا

ئەمینوسسوڵتان دوو ساڵ پاش ئەوەی کە بوو بە سەرۆکوەزیر، پێداویستییەکانی یەکەم سەفەری موزەففەرەددینشای بۆ فەرەنگ بەدی هێنا و بۆ دابینی خەرجی گەرانی شا و هاوڕێیانی پەنای بردە بەر دەوڵەتی رووسیای قەیسەری و ساڵی ١٩٠٠ بانکی ئیستقرازیی تاران کە لە راستیدا سەر بە وەزارەتی دارایی رووسیا بوو، داواکەی ئەمینوسسوڵتانی جێبەجێ کرد.

بڕی وامەکە بریتی بوو لە ٢٢٥٠٠٠٠٠ مەناتی زێڕ بە سوودی سەتی پێنجی ساڵانە و بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ و قیستی ساڵانەی بە دەسمایە و دەسکەوتەوە دەبوو بە ١١٥٦٢٨٨ مەنات و دەوڵەتی رووسیا قبوولی کرد کە ئەم وامە لە ساڵی ١٩٠٩را دەست بکرێ بە دانەوەی. ئەم وامە داهاتی گوومرگەکانی ئێرانی بێجگە لە گوومرگی فارس و لەنگەرگاکانی کەنداوی فارسی وەک دەستەبەر بۆ وەبەرچاو گیرابوو. بەپێی یەکێک لە مەرجەکان دەبوو داهاتی هەموو ئەو گوومرگانەی کە باسیان کرا درابان بە بانکی ئیستقرازیی رووسیا لە تاران و ئەویش هەموو ساڵێک قەرزی خۆی هەڵگرتبایەوە و چی زیاد بووبا و مابایەوە پاش شەش مانگ دابایەوە بە دەوڵەتی ئێران. ئەگەر ئێران داهاتی گوومرگەکانی بە شێوەیەکی رێکوپێک نەدابا بە بانکی قەرزدەر، دەوڵەتی رووسیا دەیتوانی گوومرگەکانی بخاتە ژێر چاوەدێری و ئەگەر پێویست بووبا بۆی هەبوو کە راستەوخۆ بەڕێوەیان بەرێ.

یەکێک لە مەرجە سەیرەکانی وامی دەوڵەتی رووسیا ئەمە بوو کە دەوڵەتی ئێران هەتا قەرزی رووسانی لەسەر مابا، نەدەبوو بەبێ رەزامەندیی ئەوان قەرز لە هیچ وڵاتێکی دیکە وەربگرێ.

سێر پێرسی سایکس سەبارەت بەم وامە دەنووسێ:

«پرسی دانی قەرز بە دەوڵەتی ئێران پێشتر لە ئینگلستان خرابوویە بەرباس، بەڵام راست لەو کاتەدا هەرای پاوانی توتن و تەماکۆ و هەروەها کرانەوەی رێگا بۆ پشکەکانی بەرهەمهەڵگرتنی کان و کانگاکانی بوورسی لەندەن. رەنگدانەوەیەکی خراپی لێکەوتەوە. لەم کاتەدا هیچ ئاسۆیەکی روون بەدی نەدەکرا کە ئەم قەرزە بەبێ خۆتێوەردان و پشتیوانیی راستەوخۆی دەوڵەتی ئینگلستان بدرێ و سەر بگرێ. بۆ دەستەبەربوونی ئەم قەرزە تازەیە داوای داهاتی گومرگەکانی باشووری ئێران کرا و ئەمەش خۆی بارمتەیەکی باش بوو. بەڵام سەرمایەدارانی ئینگلیسی دەیانگوت دەبێ بۆ وەرگرتنەوەی دەسمایە و دەسکەوتیان بتوانن خێرایەکی چاوەدێری بکەن بە سەر داهاتی ئەو شوێنانەدا و وادیارە هەر لەسەر ئەم مەبەستە درانی قەرزەکە تێکچوو.»

«ئەم رووداوە هەلێکی لەباری بۆ رووسان رەخساند و رێگای دانی قەرزی بۆ تەخت کردن و ساڵی ١٩٠٠ رووسیا رەزامەندیی دەربڕی هەتا بڕی ٢٢/٥ میلیۆن رووبڵ بە سەتی پێنج سوود بە ئێران بدا بە قەرز و هەموو ساڵی بڕی قیستی قەرزەکە وەلابندرێ.»

«مەرجێکی دیکەی ئەم وامە نوێیە ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئێران ئەو نیو میلیۆن لیرەیەی کە لە بانکی شاهانشاهی بە مەبەستی قەرەبووی خاوەن پاوانەکانی توتن و تەماکۆ وەریگرتبوو، لەم پوولە بیداتەوە و تەواوی قەرزەکانی دیکەشی هەر لەو کاتەدا پاک بکا.»

«ئەم وامە بەرواڵەت $86\frac{2}{3}$ بوو کە سەتی $1\frac{2}{3}$ هەقدەستی خرایە سەر، لە ئاکامدا کاتێک لەم برە پارەیە قەرزەکانی سەبارەت بە قەرەبووی خاوەن پاوانەکانی تەماکۆ و قەرزەکانی دیکەی بانکی شاهانشاهی درانەوە، هێندێک زیاتر لە یەک میلیۆن لیرەی ئیسترلینگ مایەوە و ئەویش مووچەی دواکەوتووی لەگەڵ خەرجوبەرجەکانی دیکەی پێ دابین کرا و وای لێهات کە تەواوی قەرزی یەکەم[1] بە نێو دەستان هاتە خوار و ویشکاوی هات.»

---

١- مەبەست وامی دووهەمە.

**یەکەم گەشتی پادشا**

موزەففەرەددینشای نەخۆش و گیرۆدەی جومگەئێشە کاتێک ئێش و ژان و ئاوسانی جومگەکانی تەشەنەیان کرد، بە مەبەستی چارەسەر و خۆتێهەڵکێشان لە ناوی گراوان، وێرای ئەمینوسسولتان و هاوڕێیانی خزمەتی ساڵی ١٩٠٠ ڕۆیی بۆ ئورووپا و بە وڵاتانی ڕووسیا و فەرانسەدا گەڕا و ئەگەرچی قەرار وابوو سەری ئینگلستان و ئاڵمان و ئیتالیاش بدا، بەڵام چونکە بارگای ئەم وڵاتانە لەبەر جوانەمەرگبوونی شازادە ساکس کۆبۆرگ گۆتا تازیەدار بوون، سەفەری بۆ ئەم جێیانە هەڵوەشایەوە. لەم سەفەرەدا ئەمینوسسولتان کە لە ڕووداوی پەلاماردانی «موزەففەرەددینشا»دا زۆر ئازایانە جووڵابۆوە، پادشا بە سەری کردەوە و سەرناوی «ئەتابەکی مەزن»ی پێبەخشی.[1]

**وەرگیرانی وامی دووهەم لە ئینگلستان**

ڕقبەرقەی سیاسی و ئابووریی ڕووس و ئینگلیس لە ئێراندا کە ئامانج لێی گەمارۆی یەکسەرەی ئابووریی ئەم وڵاتە بوو، کارێکی وای کرد کە بانکی شاهانشاهی یانی ناوەندی پارەگۆڕینەوەی ئینگلیسی لە مەیدانی ملانەدا چەپێکی وای دەبەر ڕقەبەرەکەیدا نەبێ و وەدوا نەکەوێ و هەر بۆیە ساڵی ١٩٠٠ بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە وامێکی بە ناوی دەوڵەتی ئێران دا بە موزەففەرەددینشا:

١- بڕی وامەکە ٣١٤٢٨١ لیرەی ئینگلیسی و ١٦ شیلینگ و ٤ پێنس(پێنی) زێڕ بوو.

٢- سوودی ساڵانەی بریتی بوو لە سەتی پێنج و ماوەکەی بە ١٥ ساڵ بڕابۆوە.

٣- قیستی وەلاخراوی ساڵانەی قەرزەکە بە دەسمایە و دەسکەوتەوە بریتی بوو لە ٣٠٢٧٨ لیرە و ١٢ شیلینگ و ٧ پێنس.

٤- وامەکە لە ساڵی ١٩٢٧را دەست دەکرا بە دانەوەی.

---

١- وەک ئێدوارد براون لە کتێبی «شۆڕشی ئێران»دا نووسیویەتی، موزەففەرەددینشا ڕۆژی ٢ی ئووتی ساڵی ١٩٠٠، کەوتە بەر پەلاماری ئانارشیستێک، بەڵام گیانی قوتار بوو. براون دەڵێ ئەمینوسسولتان کە لەو ڕووداوەدا توانیبووی زۆر چاک و بەجەرگانە بجووڵێتەوە، پادشا بە سەری کردەوە و سەرناوی ئەتابەکی مەزنی پێبەخشی.

٥- ڕۆژی شەشـی شـاباتی سـاڵی ١٣٣١ی ک/١٩١٢ی ز. پاشـماوەی وامەکـە یەکسانە لەگەڵ خودی وامەکە.

٦- داهـاتی ماسیگرتنی دەریـای خـەزەر، پۆستخانە، تەلگرافخانـە، گوومرگـەکانی فارس و لەنگەرگاکانی کەنداوی فارس و ئەهواز و خورەمشار، وەکوو دەستەبەری درانەوەی قەرزەکە دیاری کرابوون.

٧- بـەبێ ڕەزامەندیی هـەردک لایەن نابێ شێوەی درانـەوەی قەرزەکە گۆرانی بە سەردا بێ.

٨- لە ڕۆژی درانی وامەکەوە هەتا ساڵی ١٣٤٦ی ک/١٩٢٧ی ز. کە ئێران دەبێ دەست بکا بە دانەوەی دەسمایە و دەسکەوتی، دەوڵەتی ئێران دەبێ هـەموو ساڵێک بڕی ١٥٧١٤ لیرە و یەک شیلینگ و ١٠ پێنس (پێنی) بابەتی سوودی وامەکە بدا بە بانکی شاهانشاهی.

بانکی شاهانشاهی ئەم وامەی بە ناوی گوژمەی دابینکراو لە لایەن حکوومـەتی ئینگلیسیی هێندەوە دا بە دەوڵەتی ئێران و بەڕواڵەت قـەرزداری حکوومـەتی هیند و لە ڕاستیدا بە ئینگلیس قەرزدار بوو.

### وەرگیرانی وامی دووهەم لە ڕووسیا

بـۆ دابینـی خـەرج و پێداویستییەکانی دووهـەم گەشتی موزەففەرەددینشـا بـۆ هەندەران، ئەمینوسسـوڵتان جارێکی دیکە وەرگیرانی وام لـە ڕووسیـای هێنـایەوە گۆڕ و سـەرەنجام سـاڵی ١٩٠٢، بڕی ١٠ میلیۆن مـەناتی زێـر (ڕووبڵ)ی لـە ڕێی بانکی قەرزدەرەوە لە ڕووسیا بە قەرز وەرگرت.

مەرجەکانی ئەم وامەش هەروەک وامی یەکەمی ڕووسیا وابوو و لە ڕۆژی ١١ی محەررەمی ١٣٢٠را درانـەوەی دەسمایە و قازانجەکەی دەستی پێدەکرد و قیستی وەلاخراوی درانەوەی قەرزەکە هەموو ساڵێک بڕیتی بوو لە ٥١٤٠٠٦ مەنات و ٢٠ کۆپێک و ئەگەرچی دەوڵەتی ئێران دەبوو هـەموو ساڵێک قازانجی وامەکە بداتەوە، لـە ڕۆژی شـەشـی شـاباتی ١٣٣١دا هێشـتا ئێـران ١٠ میلیـۆن مـەنات وامـەی هـەر لەسەر مابوو.

ئەم وامە لەگەڵ وامی یەکەمی ڕووسیا یەکـکاسە کرانەوە و ئیتر دەوڵەتی ئێران دەبوو هەموو ساڵێک بابـەتی هـەردوو وامەکە بڕی ١٦٧٠٢٩٤ مەنات و ٢٠ کۆپێک

(یەکسان لەگەڵ ٩٥٤١٨٠٠ قرانی ئەو ڕۆژگارە) بدا بە ڕووسیا. ڕۆژی شەشی شابانی ساڵی ١٣٢١ی ک. دەوڵەتی ئێران پابەتی هەردوو وامەکە سەرجەم بڕی ١٨٢١٩٦٠٠٠ قرانی ئەو سەردەمە بە دەوڵەتی ڕووسیا قەرزدار بوو.

وەکوو باسمان کرد موزەففەرەددینشا لە سەفەری یەکەمی خۆیدا نەیتوانی سەردانی ئینگلستان بکا. بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ هاوڕێیانی ڕۆژی ١٧ی ئووتی ١٩٠٢ گەیشتە لەندەن و لە کۆشکی «مالبرۆ» کە بۆ میوانداریی وی ئامادە کرابوو، بنەی داگرت. دەوڵەتی ئینگلیس لەسەر شەرەفی پادشای ئێران ڕۆژی ١٨ی ئووت لە کۆشکی بوکینگهام، ماڵەمیری پرەنسی وێلز میوانییەکی ساز کرد و شا و هاوڕێیانی تێیدا بەشدار بوون.

شا پاش چەند ڕۆژ مانەوەی لە لەندەن بەرەو پاریس ڕۆیی و ڕۆژی ١٤ی سێپتامبری ١٩٠٢ لە پاریسەوە ڕووی کردە «وەرشەو»ی پایتەختی حکوومەتی لەهێستان کە لەو کاتەدا سەر بە ڕووسیای قەیسەری بوو، پاشان بە خاکی ڕووسیادا گەڕایەوە ئێران. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە پاریسەوە هاتوون، خەرجی ڕۆژانەی میوانخانەی شا و هاوڕێیانی لە پاریس گەیوەتە ٢٤٠ لیرەی ئینگلیسی.

## بڕینەوەی گوومرگانەی نوێ

کاتێک ئەمینوسسوڵتان بۆ جاری دووهەم داوای قەرزی کرد لە ڕووسیا، یەکێک لە مەرجەکانی تازەی ڕووسیا، بێجگە لە مەرجەکانی قەرزی یەکەم، دانانی ڕێوشوێنی نوێ و داشکاندنی نرخی گوومرگانە بوو بە قازانجی ڕووسیا.

دەوڵەتی ئێران بە ئاماژەی ڕووسیای قەیسەری، دەستەیەکی شەش کەسەی لە ڕاوێژکارانی بلژیکی بە سەرۆکایەتیی «نووز» بۆ کار لە گوومرگەکانی ئێران دامەزراند و ئەم کەسانە لە ساڵی ١٩٠٣را لەم وڵاتەدا دەست بە کار بوون. نووز و ئەمینوسسوڵتان بە زیرەکی و لێزانینێکی تایبەتەوە کەوتنە دیداری نەهێنی سەبارەت بە قەراروبڕی و گوومرگانەی تازە لەگەڵ نوێنەرانی ڕووسیا کە لە ساڵی١٩٠٢را دەستی پێکردبوو. پاش نووسرانی قەراری تازە لە ساڵی ١٩٠٣دا، دەقەکەیان بڵاو کردەوە و گوومرگانەی نوێ خرایە بواری کارپێکران.

سەپاندنی قەراروبڕی و گوومرگانەی تازە بە سەر ئێراندا، سەرکەوتنێکی بەرچاوی دیپلۆماسی بوو بۆ ڕووسیا، چونکە بەپێی گوومرگانەی تازە، نرخی

گوومرگانەی سەتی پێنجی شەکر. بۆ سەتی $2\frac{1}{4}$ داشکا و لە لایەکی دیکەوە باج و گوومرگانەی «چا» کە لە ولاتانی بەکۆیلەبراوی ئاسیاییەوە دەهاتە ئێرانەوە. لە سەتی پێنجەوە بەرز بۆوە بۆ سەتیسەت.

بڵاوبوونەوەی گوومرگانەی تازەی ئێران و رووسیا دەوڵەتی بریتانیای نیگەران کرد. بریتانیا پاش ئەوەی کە بە شێوەیەکی دڵرەقانە کەوتە کۆمەڵکوژی لە ئەفریقای باشووری و توانی نیشتمانپەرستان و ئازادیخوازانی «ترانسڤاڵ»[1] قەڵاچۆ بکا و دەستی کەوتەوە بەرخۆی، بایدایەوە سەر ئێران و لێبڕا کە هەر چۆنێک بۆی دەکرێ وا پەرە بە بازرگانیی خۆی بدا لەگەڵ ئێران کە لە رووسیا وەدوا نەکەوێ و نەهێڵێ ئەم دەسکەوتانەی ئاوا بە ئەرخانی بخوا.

سیاسەتمەدارانی بریتانیا لایان وابوو چونکە دەوڵەتەکەیان داوای موزەففەرەددینشای بۆ وەرگرتنی میدالیای «قەیتانی گۆرەوی»[2] بردۆتەوە پاش.

---

١- بۆئیرەکان کە بریتی بوون لە تۆخمەیەکی تێکەڵەی هولەندی و ئینگلیسی و جەماوەری خوولاتیی باشووری ئەفریقا، بە مەبەستی وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەستیی خۆیان راپەڕین، بەڵام بریتانیا لە ڕێی سیخوران و گوێ لە مستانی خۆیەوە دژی «پول کرووگێر»ی سەرکۆماری نیشتمانپەرست و بەجەرگی «ترانسڤاڵ»ی خاکی بۆئیرەکان کەتنی گێرا (بۆئیر لە زمانی هولەندیدا یانی جووتیار)، کرووگێر شانبەشانی جەماوەری غەیرەی وڵاتەکەی هەتا دوایین هەناسەی دژی لافاوی سپای خوێنخۆرەوەی بریتانیا کەوتە بەرەنگاری، کاتێک هێزی پەلاماردەری ئینگلیسی خاکی بۆئیرەکانی گرت تەنانەت تاقە کەسێکیشیان بە زیندوویی نەمابوو. ئەم کارەساتە دڵتەزێنە کە دەکەوێتە مەودای ساڵانی ١٨٩٩ تا ١٩٠٢، یەکێکە لە گرینگترین و دیارترین شێوازەکانی سیاسەتی داگیرکەرانەی بریتانیا و نموونەیەکە لە دڵبەردی و بێبەزەییەتیی سەربازانی ئینگلیسی و بەکرێگیراوانی وڵاتانی بەکۆیلەبراوی ئەو دەوڵەتە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

٢- میداڵیای قەیتانی گۆرەوی کە شریت یان باریکەچەرمێکی سەربەقوڵاپە و ئاغزوونەیە، یەکێکە لە میداڵیا کۆنەکانی بریتانیا کە باربووی پادشاهان و هاوشانەکانیان دەکرا و چونکە ناسرەددینشا ئەم میداڵیایەی درابوویە، موزەففەرەددینشاش دەیهەویست کە وەکوو باوکی لە لایەن ئیمپراتۆریی بریتانیاوە بە سەر بکرێتەوە، چونکە ئەم حکوومەتە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە هێزدارترین ئیمپراتۆریی دنیا دادەندرا. پێشینەی ئەم میداڵیایە و چۆنیەتیی ناودێرکرانی سەبارەتە بە رووداوێک. ساڵی ١٣٤٨ زایینی، لە میوانداریەکی گەورەی میریدا کاتێک ئیدواردی سێهەمی پادشای ئینگلیس لەگەڵ کۆنتسی سالیسبووری دەرەخسی، قەیتان یان بەندەچەرمی گۆرەوییە شینەکەی پای چەپی کرایەوە و بەربوویەوە و پادشا لە نێو شەقڵی قاقای گاڵتەجاڕییانەی جەماوەری←

دڵی لەم دەوڵەتە ئێشاوە. هەر بۆیە شاندێکیان بە سەرۆکایەتیی «ڤیسکۆنت داون» کە هەڵگری میدالیاکە بوو ناردە ئێران و ڕۆژی یەکەمی ١٩٠٣ گەیشتنە تاران و میدالیاکەیان پێشکەش کرد. هەروەها دەوڵەتی ئینگلیس چونکە هەلەکەی پێ لەبار نەبوو. خۆی لە دەربڕینی نارەزامەندیی ڕەسمی و بەربەرەکانیی پتەو دژی گوومرگانەی نوێ کە بۆ کاڵا و کەلوپەلی ڕووسی وەبەرچاو گیرابوون، پاراست. بریتانیا بە شێوەیەکی هێمنانە لەگەڵ پادشا و پیاوانی بارگای کەوتە گوفتوگۆ هەتا وەکوو ڕووسیا بتوانێ قازانجێکی ئاوا وەربگرێ. سەرەنجام هاوکات لەگەڵ چوونی شاندی هەڵگری میدالیاکە، توانی قەراروبڕیبەکی تازەی بازرگانی لەگەڵ ئێران بنووسێ. ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕۆژی ٩ی فێوریبیەی ١٩٠٣ نووسرا و چەند مانگ دواتر موزەففەرەددینشا واژۆی کرد و لە مانگی ژوونییەی ١٩٠٣را کاری پێکرا.

## سێهەم گەشتی پادشا بۆ ئوورووپا

موزەففەرەددینشا لەبەر نەخۆشی یان لە ترس و دڵەڕاوکەی سەبارەت بە بزووتنەوەکانی رووناکبیرانەی سەردەمی خۆی، بە مەبەستی پارێزرانی گیانی و سەرقاڵبوون و سەیران و حەسانەوەی، زیاتر پێیخۆش بوو کە لە ئێران دوور بێ. بۆیە جارێکی دیکەش خۆی بۆ سەفەری ئوورووپا ئێکنا.

---

بارگادا داهاتەوە و قەیتانەکەی هەڵگرتەوە و ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی ئەم کارەم پێ شانازییە و پاشان ئەم ڕستە بەناوبانگەی بە دەمیدا هات: «خەجاڵەت بێ ئەو کەسەی کارەکەی من بەراوەژوو لێکبداتەوە و بیرێکی ئەهریمەنیی بە مێشکیدا بێ.» لەو ڕۆژەوە میدالیای قەیتانی گۆرەوی لە بریتانیادا بوو بە باو و ئەم ڕستە بەناوبانگەش لە کلکەی میدالیاکە کە لە وێنەی قەیتانی گۆرەوی ساز دەکرا، هەڵکەندرا. خودی پادشا و جێگرەوەیپادشا و ٢٥ کەس لە شوالییەکان یانی پیاوانی نەجیمزادەی پلە یەکەمی ئینگلستان دەیانتوانی ئەم میدالیایە وەربگرن و هەتا ساڵی ١٨٠٥ ئەم سنوورە نەشکا، بەڵام لەو ساڵەوە بەرەودوا پاشەوارەکانی جۆرجی یەکەمی پادشای بریتانیا و لە ساڵی ١٨٣١را میراتگرانی جۆرجی دووهەمیش، بێجگە لەو ٢٥ نەجیمزادەیە مافی ئەوەیان درایە کە ئەم میدالیایە وەربگرن. هەروەها بڕیار درا کە ئەم میدالیایە لە جەنگەی پێویستدا بدرێ بە شازادانی غەوارەش. چونکە شا و جێگرەوەیشا و شوالییەکان ئەم میدالیایەیان لە ئەژنۆی چەپی خۆیان دەبەست، ئەم میدالیایە بە «ئەژنۆبەند»یش ناودێر کراوە.

کەژاوەی میرانەی بەهاری ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی/ ئاوریلی ١٩٠٥ی زایینی. بە ڕێگای گورگان و کەوشەنی ئێران و ڕووسیادا بەرەو ئورووپا تێپەڕی، کۆچانۆسکی. کەوشەنەوانی ڕووسیا لە گورگان هاتە نێو ڕیزی هاوڕێیانی پادشا و لە گەشتی ڕووسیادا وێرای بوو. لەم گەشتەدا موزەففەرەددینشا، محەممەدعەلیمیرزای جێگرەوەی خۆی کردە بریکاری میری هەتا لە جەنگەی بە دەستەوەنەبوونی پادشادا هەموو دەسەڵاتەکانی بە دەستەوە بێ.

لەم گەشتەدا ئەگەرچی ڕووسیا سەرقاڵی شەڕی مەنچووری بوو لەگەڵ ژاپۆن، بەڵام موزەففەرەددینشا بۆ وەرگرتنی قەرزێکی تازە لەتەک پایەبەرزانی ڕووسیادا کەوتە گوفتوگۆ و بەپێی نووسینی ئازمولئیسلام لە کتێبی «مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان»دا. گۆیا ئەم قەرزە بە نهێنی لە ڕووسیا وەرگیراوە.

***

بنکەی ژین

بنکەی ژین

بەشی ١٥

# دامودەزگای بەڕێوەبردنی وڵات

## یەکەم: پێکهاتەی بارگای میری

### شێوازی حکوومەت

شێوازی حکوومەتی قاجاران درێژەی شێوازی پادشایەتیی ملهوڕانە و پاوانخوازانەی ٢٥٠٠ ساڵەی تاکەکەسی بوو لە ئێراندا و بێگومان هەر بەو هەوێنە دەستاودرابۆوە و بەپێی تێپەڕبوونی قۆناخەکانی مێژوویی شێوازی حکوومەتی پادشایەتی تووشی هێندێک گۆڕان و جیاوازی هاتبوو. شا بە تاقانە سەرچاوەی شایان دادەندرا کە بە تەواوی کاروباری دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی و لەشکری ڕابگا. پادشا سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و مشوورخۆری ژیان و بەڕێچوونی سەرپاکی گەل بوو. هەر فەرمانێکی کە دایای دەبوو بەڕێوەچووبا و پێویست بوو هەموو کەس سەری وەبەربێنن و پادشایەتییەکەشی دیاری و خەڵاتی یەزدانی بوو. هەبوونی پادشا سەرچاوەی خێروبێر بوو بۆ سەرجەم جەماوەری وڵات. سەرێنچاوەی هەموو دەسەڵاتێک لە پادشاوە دادەکەوت و سەرەنجام دەگەڕایەوە بەردەستی خۆی. تەواوی خەڵکی وڵات و تەنانەت سەرۆکوەزیر و وەزیرەکان و کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتیش بە نۆکەرانی پادشا دادەندران.

ئەو حکوومەتەی کە لە خانەدانی پاک و ڕەسەنزادەی ڕەندی ئێرانییەوە کەوتە دەست ئاغامحەممەدخانی قاجاری تورکمان. بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار ڕۆژبەڕۆژ بەرگی ساکاری لە بەر داڕندرا کە تایبەتی قۆناخی کورتی حکوومەتی ئاغامحەممەدخان بوو. دەسەڵاتی قاجاران ڕووی کردە تروووسکە و برووسکەپەرستی و هەتا زەمان پتر تێدەپەری، دەزگای حکوومەت لق و پۆپی زیاتری لێدەکەوتەوە. هەرکام لە پادشایانی قاجار کە هەوساری کارانی بە دەستەوە دەگرت، هەوڵی دەدا هەتا بناغەی حکوومەتەکەی خۆی پتەو بکا و لەم پێناوەدا تەنانەت دەستەوداوێنی بێگانان دەبوون و خۆشیان لێ نەدەپاراست.

حکوومەتی ملهورانەی قاجاران بەگوێرەی ئاڵوگۆڕی ڕۆژگار بناغەی قووڵ داکوتا و لە سەردەمی درێژخایەنی فەرمانڕەوایەتیی ناسرەددینشادا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. ئەو پادشا غڵلوورەی کە هەر قسە و دەنگی خۆی دەبیست، تەنانەت هیچ مەودایەکی نەهێشتەوە تا سەرۆکوەزیر و ئەنجومەنی بارگای بەرزی میری سەبارەت بە تاسە و ئاوات و خواستەکانی پادشا دەنگیان هەڵبڕن و بڵێن لەل. لەم ڕوانگەیەوە سەردەمی پادشایەتیی ناسرەددینشا لەگەڵ حکوومەتی لوویی چاردەهەمی فەرانسە دێتەوە؛ چونکە یەکەم نیشانەکانی گۆڕانی فکری خەڵکی فەرانسە لە ڕۆژگاری لوویی چاردەهەمدا خۆی نواند و یەکەمین نیشانەکانی گۆڕانی بیروڕای گەلی ئێرانیش لە سەردەمی ناسرەددینشادا بەدی هات و ڕەنگی دایەوە.

وەک لۆرد کورزۆن دەڵێ پادشا سێ ئەرکی فەرمانڕەوایەتیی کەوتبووە سەرشانی کە بریتی بوون لە یاسادانان، بەڕێوەبەرایەتی و دادوەری. بوونی پادشا وەکوو تەوەرە و بستەیەک وابوو کە بەرداشی ژیانی خەڵکی لەسەر هەڵدەسووڕا. لە دۆخێکی ئەوتۆدا هەرکات مەزنەوەزیرێکی دڵسۆز و لێوەشاوەی وەکوو قایممەقام و ئەمیرکەبیر دەچوونە سەر کار، بەوپەڕی هێزەوە دەسەڵاتی پادشایەتییان لەپێناو خێروبێر و بەرژەوەندیی گشتی و باشبوونی بارودۆخی وڵاتدا دەخستە گەڕ. ئەم شێوازە هەمان شێوەی حکوومەتی دیکتاتۆری سالحە و بە واتایەکی دیکە وەکار خستنی تێکرای هێزەکانی کۆمەڵگایە بۆ ساز و تەیارکردنی وزەی شاراوەی نێو مێشک و لەشی نەتەوەیەک و هێنانە ئارای مرخ و توانستی هەمەرەنگی مرۆڤەکانە. ئەم ڕەوتە لە وڵاتانی ئورووپاییدا توانیویەتی چەند قۆناخێکی مێژوویی ببڕێ و سەردەمی بیسمارکی سەرۆکوەزیری ناوبەدەرەوەی پرووس بە ڕۆژگاری دیکتاتۆری سالح دادەندرێ کە هەنگاوەکانی بەدی هاتنی دەوڵەتی یەکانگیری گەورەی ئاڵمانی لێکەوتەوە و لە جەرگەی ئورووپادا هێز و دەسەڵاتێکی سەیری بەدی هێنا.

ئەوەی ڕاستی بێ لە چوارچێوەی حکوومەتی پاوانخوازانە و بێبەرگیرەوەی قاجاراندا سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سالح مەودایەکی ئاوای نەبڕی و هەردک سیاسەتمەدارە نیشتماندۆست و شارەزاکەی ئێران بە دەست پادشایانی زەمانی خۆیان تێداچوون و هەوساری کاروباری وڵات کەوتە دەست پیاواتی ناشیاوی دەڵەچەی مەراییکەر و کاری گەورە ئەسپاردەی کەسانی گچکە و بوودەڵە کران.

وەکوو باسمان کرد میرزا ئاقاخانی نووری کاتێک بە تانە و تەشەر ئەمیرکەبیری دواند پێیگوت: «هەر کەس لە بەر پێی سێبەری خودادا خاکەڕا نەبێ» ڕوو دەکاتە دنیای خامۆشان! تەنیا ئەو کەسە هەقی هەبوو لە پادشا نێزیک بێ کە ئەوەی ئەو دەیگوت و دەیویست. ئۆباڵی بۆ بکێشێ و بڵێ کار لەوەی چاکتر نییە و نابێ.

وەکوو باسمان کرد سیستمی حکوومەتی قاجاران هەتا بەرلە سەقامگیربوونی مەشرووتە هەر لەسەر دۆخی کۆن دەڕۆیی، بەڵام لە چەند لایەنێکەوە جیاوازە لەگەڵ زۆربەی حکوومەتەکانی ڕابردووی دوای هاتنی ئیسلام بۆ ئێران و لێرەدا دەیانخەینە بەرباس:

١- پادشایانی قاجار لە ڕەگەزی تورکمانان بوون و بە شانازییەوە ڕەچەڵاکی خۆیان دەبردەوە سەر مەغۆل و تاتاران. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە پێویستمان بە هێنانەوەی بەڵگەی زۆر نییە، چونکە تێکڕای مێژوونووسانی ئەو سەردەمە وەکوو ئیعتیمادوسسەڵتەنە، نووسەری کتێبی «مونتەزەمی ناسری»، ڕەزاقولیخانی هیدایەت نووسەری «ڕەوزەتوسسەفای ناسری»، لیسانولمولکی سپێهر نووسەری «ناسیخوتتەواریخ» و گەلێکی دیکە لە هاوچەرخانی سەردەمی قاجاران بە یەکدەنگ ڕەچەڵاکی قاجاران دەبەنەوە سەر قاجارنوویان یەکێک لە شازادەکان یان مەزنانی بارگای هۆلاکۆخانی مەغۆل.

ئەم سەربووردەیەش کە میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە یەکێک لە سیاسەتوانانی سەردەمی قاجاران نووسیویەتی جێگای سەرنج و تێرامانە:

«... فرووغوسسەڵتەنە دەیگوت دوو کوڕی کە ناساوی «وەلیعەهد» و «میرتۆپخانە»یان درابوویە بە فێت و فێڵ و دەهۆی میرزا ئاقاخانی سەرۆکوەزیر تێداچوون، بەڵام لە ڕاستیدا میرزا ئاقاخان بەرگی ڕەوابوونی کردبوویە بەر ویستی پاشا هەتا کوڕێکی [دیکەی] ببێ بە جێگرەوەیمیر. وەکوو دیارە محەممەدعەلی تەجریشی کە باوکی فرووغوسسەڵتەنە (واتە جەیران) بوو، بە ڕەچەڵاک دەچۆوە سەر هۆلاکۆخان و ئەم مەبەستەش ئاقاخان هێنابوویە ئارا. ئاقاخان بۆ ئەوەی پلەی چاکتر سەقامگرتوو بێ میرزا کازمخانی نیزامولمولکی کوڕی خۆی کردە وەزیر و خزمەتکاری میرقاسمخانی وەلیعەهدی کوڕی جەیران. تیری تەگبیری ئەم وەزیرە نەیگرت و لەگەڵ چارەنووس نەهاتەوە. دوژمنانی میرزا

ئاقاخان بە فرتوفێڵان ئەوەندەی دیکەیان ئاگری ڕق و قینــی فرووغوسســەتتەنە تێ دا.»[١]

٢- تورکانی سەلجووقی پاش ئەوەی کە دوولینگەیان بە ملی خەڵکی ئێراندا هێنا و لەو خاکە بوونە فەرمانڕەوا، کوڕانی پادشا دەکرانە حوکمداری ناوچەیەکی وڵات و بەشێک لە دەسەڵاتی خۆیان باربوو دەکردن و ئاوا حکوومەتی بچووک لە نێو بازنەی حکوومەتی ناوەندیدا پەدی دەهات. ئەم شێوازی حکوومەتە دەکرێ بە حکوومەتی چەند کەسی یان تاقمەسالاری[٢] ناودێر بکرێ کە لە سەردەمی پادشایەتیی قاجارانیشدا وەبەرچاو دێ.

لە ڕۆژگاری فەتحعەلیشاوە یانی لە ساڵی ١٨٠٥ بەولاوە، وردەوردە حکوومەتی هەرێمەکان و ناوچەکانی ئێران بە سەر کوڕانی پادشادا دابەش کران و بێگومان هەرکام لە کوڕانی پادشا بە ناوی شازادەبوونەوە، دامودەزگایەکی وەکوو دامودەزگای شایان بۆ خۆیان پێکهێنا و ئەم ڕەوتە هەتا شۆڕشی مەشرووتەی ئێران درێژەی کێشا. دوابەدوای مردنی هەر پادشایەک تاقمێکی بەرچاوی شازادان یان خەریکی کاری حکوومەت و فەرمانڕەوایەتی بوون یا چاوەڕوانی دەسەڵات ڕاوەستابوون. وەکوو دیارە ئەمانــی هــەر پادشایەک کێشە و هەرای خوێناویی لێدەکەوتەوە و خەڵک بە سەر سەرگەردانیدا دەکەوتن و لەسەر جێنشینایەتیی پادشا باب ئاگای لە کوڕ نەدەما. لەو کات و ساتەدا شازادەکانی قاجار بە دەرفەتهێنان لە ناو و ناوبانگ و پلە و چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان، بە شێوەیەکی ملهوڕانەتر دەکەوتنە گیانی جەماوەری بەرفەرمانی هەرێمی قەڵەمڕەویان و یەکجار خەڵکیان دەچەوساندەوە. لە سەرتاسەری لاپەڕەکانی مێژووی سەردەمی پادشایەتیی ناسرەددینشا و موزەففەرەددینشادا کاری خودیەسەرانە و دەستدرێژیی زۆربەی شازادەکانی قاجار بۆ سەر گیان و ماڵ و نامووسی خەڵک تۆمار کراوە.

ئاکامی بەپارسەنگی ئەم شێوازی حکوومەتە کە بە لێکدانەوەیەک دەکرێ بە «حکوومەتی خێڵەکی» یا «حکوومەتی بنەماڵەیی»ش ناودێر بکرێ، بەم شێوەیە بوو:

١- بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە، ل ١٦.

٢- ئۆلیگارشی

١- وەک میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە دەڵێ. جێگیربوونی شازادان لە هەرێم و ناوچەکان دەبوو بە هۆی پتەوبوونی بناغەی حکوومەت. ئەم بۆچوونەی پیاوە سیاسییەکانی سەردەمی قاجاران بەبێ بەڵگە قبووڵ دەکرێ. چونکە مانەوەی شازادەکان لە پلەی حوکمڕانیدا نیازی بە مانی پادشایەتی بوو. ڕادەی بڕشتی هێز و دەسەڵاتی شازادان بەسترابۆوە بە هێز و بڕشتی پادشا و بێگومان لەپێناو پتەوبوونی بناغەی حکوومەتی بنەماڵەییدا هەوڵیان دەدا. ڕەنگە مانەوەی حکوومەتی خانەدانی قاجار. بێجگە لە هۆکارەکانی سەبارەت بە ڕەچاوکرانی ڕەوت و ڕێبازی سیاسییانەی ڕووس و ئینگلیس. هەتا ڕادەیەک ئاکامی شێوازی حکوومەتی بنەماڵەیی بێ.

٢- هەرکام لە شازادەکان بەگوێرەی جیاوازیی پلەی خواروژووریان، دامودەزگایەکیان بۆخۆیان پێکهێنابوو کە بریتی بوون لە وەزیر و بەرپرسانی دارایی و نۆکەران واتە کارمەندانی حکوومەت و سەرکار و پاکار و گزیر و خزمەتکاری دەر و ژووری دیوان و ئەندەروونیی خانەمیران. مووچە و مانگانە و خەرجی قورسی ئەم دامودەزگایانە بەناچار دەکەوتە سەر شانی خەزنەخانەی میری و چونکە هەر شازادەیەک خۆی دێناودەبرد هەتا لە مەیدانی ڕقەبەرایەتیدا پێشاوبرکەی هاوشانەکانی بداتەوە و لە چاو لێکەریدا لییان بەجێنەمێنێ، ڕۆژبەڕۆژ دامودەزگا بەرفرەوان دەبوونەوە و بەم شێوەیە خەرجێکی زیاتر بە سەر خەزنەخانەی وڵاتدا دەسەپی.

وەک جانگیرمیرزای کوری هەباسمیرزا و نەوەی فەتحعەلیشا لە کتێبی «مێژووی تازە»دا نووسیویەتی: «فەتحعەلیشا ئاسەوارێکی گرینگی لە ڕووپەڕی ڕۆژگاردا بەجێهێشت و بۆ وێنە دەکرێ باسی کۆمەڵی کوران و کچانی هێژای بکرێ. ئەو خاقانە خوابەخشیوە کاتێک ڕووی کردە سەرای نەمان ٥٢ کوڕ و ٦٠ کچی لە پاش بەجێما. جا ئەتۆ وەرە ئەوە و ئەتێژەکانی دوای پەنجا ساڵ بژمێرە کە هەمووی زەوورزووی لێکەوتۆتەوە و بزانە شازادە ڕاستەوخۆیەکان و ئەوانەی بە پشتێک دواتر شازادە بوون ژمارەیان گەیوەتە چەند. ئەم تاقمە هەموویان مووچە و خەرجی ماڵەوەیان لە خەزنەخانەی وڵات وەردەگرت و ئەوەندەی کرابا دەبوو گەیشتبانە پلەی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵات.»

٣- پادشایانی قاجار بە دابی کۆنباوی ئیلخانی مەغۆل و پادشایانی تەیمووری و بە ڕەچاوکردنی ڕێبازی میرانی سەفەوی دابی کەڵەبربەخشینەوەیان درێژە پێدا و بۆ دابینی خەرجی قورس و گرانی شازادە و شادۆتان، ملکوماشی تایبەتی حکوومەتیان وەکوو کەڵەبر یان هەمان پاوانەمیر بۆ دەبڕینەوە. بەم شێوەیە شازادەکان جگە لە هەبوونی سەرناوی شازادەیی و داندرانیان لە پلەی بەرزی حوکمداریدا، بوونە خاوەن زەوی‌وزاریش و چوونە ڕیزی گەورە دەرەبەگان و هێز و برشتی ماددی و مەعنەوییان پێکەوە تێکەڵ کردن.

## بارگا

لە زەمانی فەرمانڕەوایەتیی ئاغامحەممەدخانی قاجاردا پێکهاتەی دامودەزگای بارگای میری بریتی بوو لە خودی پادشا، مەزنەوەزیر، تاقمێکی کەم نووسەر و قەڵەمدار. لەو هەرەتەدا حاجی برایمخانی شیرازی (ئیعتیمادوسسەڵتەنە) بە یاریدەی کوڕانی و برا و برازاکانی کاروباری وڵاتی بەڕێوە دەبرد. وەکوو ئاشکرایە بەپێی تێپەڕینی زەمان و تەنینەوەی هێز و دەسەڵاتی میری، بەرەبەرە شازادە زیاتر بوون و هەر بەم سەنگەش شان و شکۆ و بەربڵاوبوونی بارگای تاران و خانەمیری شازادان لە شارانیش پەرەی ئەستاند و لە قەوارەی خۆیدا ڕووی کردە پێگەیشتن.

پیاوانی بارگا یان بە زاراوەی ئەو زەمانی نۆکەرانی شا، لە مەزنەوەزیرەوە بگرە هەتا دەگاتە قاوەچی و مەیتەری یەختەرمەخانی میری، خزمەت کردن لە بارگایان بۆ خۆیان بە شانازییەکی گەورە دادەنا. ئەو کۆمەڵە لە لای خەڵکی شار و بازاران خۆیان بە نۆکەربوونی بارگاوە هەڵدەکێشا و وادیارە جاری وایە ئەم چاپ‌وگووپە کراوەتە هەوێنی زۆرەملی و هەڵپەی دەسبڕین. زۆر وێدەچێ کە نۆکەرێکی ساکاری چایخانەی میری لە نێو کۆمەڵدا خۆی لە میری بازرگانان و سەرۆکی پیشەوەران و ئەم جۆرە کەسانە بەرێزتر و بەرزتر دانابێ.

لە پاڵ گەلەی زۆر و زەوەندی نۆکەرانی شادا کە ڕۆژبەڕۆژ پتر دەبوون، گەلەژنخانەی ئەفسانەیی و سەیروسەمەرەی پادشای سەردەم خۆی دەنواند. ئەم شوێنە پڕ بوو لە ژنانی مارەبراو و سیغەکراو و کەنیزان و غولامان و خەساوەی‌سەرایان و گومانی تێدا نییە کە تەواوی ژنانی مارەبراوی پادشا خاوەنی

سەرکار و پاکار و چاوەدێری خەرجوبەرج و غولام و قەرەواشی تایبەت بە خۆیان بوون.[1] هەروەها ژنەکانی دیکەش بەگوێرەی شان و شەوکەت و خۆشەویستبوونیان لە لای پادشا خواروژوور دەویستان و ئاوایان ڕادەبوارد. لە شاراندا، بەتایبەت ناوەندی هەرێمە گەورەکانی وەکوو تەورێز، شیراز، ئیسفەهان، مەشهەد و کرمان، هەر شازادەیەک کە پلەی میرهەرێمبوونی بۆ برابوویەوە، وەکوو باوکی تاجداری خۆی گەلەژنخانە و دامودەزگایەکی بەربڵاویشی دانابوو و بەم شێوەیە شان و شکۆی پلەی فەرمانڕەوایەتی و ترووسکە و ترینگە و مەزنایەتیی شازادەبوونی دەپاراست.

---

١- چەند ئاماژەیەک دەربارەی برەوئەستاندنی داوێنپیسی و بێناموسی و هەتلەریبوون لە حەرەمخانەی قاجاراندا کراوە، بەڵام چونکە هیچیان بەڵگەمەند و جێی قنیات نین، ناکرێ بە سانایی بروایان پێ بکرێ. بۆ نموونە میرزا عەلیخانی ئەمینودەولە لە بیرەوەرییە سیاسییەکانی خۆیدا زۆر بەراشکاوی باسی دەست تێکەڵکردنی میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەمینوسسوڵتانی سەرۆکوەزیری کردووە لەگەڵ یەکێک لە ژنەکانی ناسرەددینشا و لە کۆتاییی ئەزیلەکەدا نووسیویەتی: «کارێکی ئاوا چەپەڵ بە بیانووی دیداری دایک و باوکی ژنە و چوونە زیارەتی گۆرستان ڕووی داوە و ڕۆژێکی دروشکەی سەرۆکوەزیر دێ و خاتوونی ڕووداپۆشیو دەبا بۆ ئەو دیدار و سەیرانە. غەمزە و ناز لە ئاوێنەدا خۆی نواند و چی ئەهێنی بوو پەردەی لەسەر لادرا.

خانان ئێرەییان بە ئەوینی سرک و ڕەوەکی ناسرەددینشا دەبرد و فرمێسکی خۆزگەیان دەبارانده داوێن. هەلیان بۆ ڕەخسا و پاشەملە کەوتنە وێزەی و زمانیان لێ دەرکێشا و سەرکۆنەیان کرد. ئاکرێ بڵێی قسەکان لە دڵی ناسرەددین گران نەهاتن و غیرەتی پێیان زامار نەبوو، بەڵام بە بەرژەوەندی نەزانی وەدەنگ بێ. هەر ورەی پادشایانە دەیتوانی ئەوەندە خۆڕاگر و پێشخۆرەوە بێ و بەرگەی ڕووداوی ئاوا پیس و پۆخڵی دەر و ژووری ئادەمیزاد بگرێ. ئەگەر دەهات و باسێک سەبارەت بە گەرانەوە سەر ڕێی ڕاست و هەسدانەوەی چەوتەکاری هەڵدەگیرسا و برا و برازا لووتیان تێوەدەژنی و قسەی نەرم و نیان دەهاتە ئاراوە، وەزیری بێهاوتا بە تووڕەیی دەکەوتە چنگەپڕکەی قسان و خۆی نەخۆش دەکرد.» بڕ: بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوددەولە، ل ١٨٩.

بەڕاستی جێی گومانە پادشایەک کە توانی بە نووکەقەڵەمێک پیاوێکی توانا و گۆڕانخوازی وەکوو ئەمیرکەبیر ئاودیوی دنیای خامۆشان بکا، چۆن داماوە کە ناموسی خۆی لە حاند سەرۆکوەزیرێکی نۆکەرسرشتی وەکوو ئەمینوسسوڵتان بپارێزێ و گوێ بەم گشتە سووکایەتییە نەدا و دان بە جەرگی خۆیدا بگرێ.

بارگای قاجار ئەگەرچی ئاوا شکۆدار بوو، بەڵام ببوو بە جەرگەی گەندەڵی و چەپەڵی و کوانووی کەتن و پیلان و لە ڕاستیدا ببوو بە سەرینچاوەی گەلێک پووچەڵی و تلاسانی سەردەمی خۆی. گەلێک بەڵگە و بۆنە بە دەستەوەن کە دەریدەخەن نە تەنیا شازادەکانی پلە یەکەم واتە شاهانشازادەکان و شازادەکانی بەرەژێرتر یانی مامەکان و ئامۆزاکان و برازاکانی پادشای سەردەم لە دانان و لابردن و دابەشینی پلەکانی دامودەزگای ئیداری و سەربازی و بارگای میریدا دەوریان گێراوە و بەرژەوەندیی خۆیان تێهێناوە، بەڵکوو حەرەمخانەی پادشاش بۆتە بەشداری کەینەوبەینە و ئاڵوگۆڕی نێو بارگا و تەنانەت دانان و لێخستنی گەلێک لە نۆکەرانی پایەبەرزی حکوومەتیش بە فیتی وان ئەنجام دراوە.

میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە لە بیرەوەرییە سیاسییەکانی خۆیدا بەشێکی تایبەت داوە بە ناسرەددینشا و ئاوای نووسیوە:

«... ئەم ئادەمیزاد بێکەموکووڕی و ڕێک و تەواوە کە بە لاوی کەسێکی دیندار و لە خواترس بوو، پاش لابردن و فەوتاندنی میرزا تەقیخان کەوتە نێو داوی شالووزانی بارگا و خزمەتکاران و یارانی خەلوەخانەی کە بۆ ئامانجێکی ناشیاو و وەرگرتنی برە پوولێکی چرووک سنووری مەرایی و پێداهەڵدانیان دەبەزاند و بۆ ئەوەی دەرگای خۆتێوەردانیان لە کاروباری حکوومەتیدا بۆ بکرێتەوە، شایان هان دەدا کە بە زۆرەملێ دەستوەربداتە نێو کاری دەوڵەتەوە.»

لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ:

«بەکورتی ئەگەرچی پادشا کەسێکی وریا و خۆڕاگر و بەئەدەب و کەموێژ بوو، بەڵام دەڵەچەیی نێزیکانی وایان لە خشتە برد کە پێی وابوو لە هەموو کەس زاناتر و بەئەزموونترە، بۆیە وردەوردە لاساری و پاوانخوازی لە قالبەندی موبارەکیدا ڕیشەی داکوتا. هاوڕێیانی تایبەتی نێو خەلوەتخانەی کە یار و باوەڕپێکراوی شا بوون، لەو کاتەدا کە سەرۆکی گشتی و سەرۆکوەزیری سەربەخۆ لە ئارادا نەبوو،[1] وا بە ناخی کارەکاندا ڕۆچووبوون کە خۆیان بە هاوڕیزی پادشا و هاوشانی وەزیرانی گەورە دەزانی.»

برشت و دەسەڵاتی غولامانی خەلوەتخانەی میری وای پەرە ئەستاند و هێندەیان شوێن لەسەر دەروونی پادشا دانا کە لە سەروبەندی نیوەی حکوومەتی

---

۱- یانی دوای لێخرانی میرزا ئاقاخانی نووری لە سەرۆکوەزیرایەتی.

ناسرەددین‌شادا. یەکێک لە دەسڕۆیشتووترین پیاوانی بارگا لە ترسی قاوەچییەکی میری زراوی چووبوو. ئەمینوددەولە لەم بارەیەدا دەنووسێ:

«... ئەگەرچی دۆستالی‌خانی موعەییرولمەمالیک و پاشاخانی ئەمینولمولک یار و ئامپا بوون، بەڵام لەمێژ بوو تووشی نێوان‌ناخۆشی هاتبوون و لە یەکتر دڵنیا نەبوون و ئاشکراشە لە باروودۆخێکی ئاوا شێواودا کەسانی دووڕاز و شەیتان و شۆفار بازاڕیان گەرم دەبێ. بیستم ڕۆژێک محەممەدخانی کوڕی قاسم‌خانی والی کە ئامۆزا و زاوای موعەییر بوو، بەدزی لە لای درکاندی کە لە ماڵی ئەمینوسسولتان بابەتێک هاتۆتە گۆڕ و هێندێکیان مەبەستەکەیان بە ئەستۆی تۆدا هێناوە. موعەییرولمەمالیک پاش بیستنی قسەکان بە محەممەدخانی گوت: دڵم لە پیاوێکی وەکوو ئەمینوسسولتان و برایمی قاوەچی پاک نابێتەوە، چونکە برایم دەتوانێ هەر خراپەیەک بە سەر من و هەموان بێنێ. ئەوانەی گوێبیستی وڵامەکە بوون هەڵبەزینەوە و گوتیان ئاغابرایمی[1] قاوەچی کێیە و چییە کە دۆستالی‌خانی ئاوا دەسڕۆیشتوو لێی بتۆقێ؟ دوای چەند ساڵێک نوقڵانەی ڕاست و بۆچوونی خەڵکناسانەی دۆستالی‌خان سەلماندی کە چۆن داهاتوو و چارەنووسی مسۆگەری لە نێوچاوانی نیشتمانی‌دا خوێندبۆوە.»[2]

بێجگە لە کەسانی خەلوەتخانەی میری، ژنان و هاوخەوانی فرەی پادشاش شوێنیان لەسەر بیر و بۆچوونی دادەنا و ئەم کارتێکرانە لە سەردەمی ناسرەددین‌شادا کە پیاوێکی ئاشۆپیشە و وێشکەسوێ بوو، پتر ڕەنگی دابووە و شوێنەواری مەینەتباری بەتەوژمتر بوو. محەممەدشای قاجار سەرەڕای ئەوەی کە ببوو بە ئالقەبەگوێی حاجی‌میرزا ئاغاسیی مەزنەوەزیری پیر و مرادی خۆی، گوێی بۆ ڕاسپاردەکانی مەهدی عولیای شاژنیش کلۆر دەکرد و داواکانی لێ دەسەلماند و دەبیردە سەر. شوێن‌دانانی مەهدی عولیا لەسەر دەروونی ناسرەددین‌شای کوڕی

---

١- ئاغابرایمی قاوەچی ڕۆژبەڕۆژ لە پادشا نیزیکتر دەبۆوە و سەرەنجام سەرناوی ئەمینوسسولتانی باربوو کرا و میرزا عەلی‌ئەسغەرخانی کوڕی سەرناوی باوکی وەکوو کەلەپوور بۆ مایەوە و یەکێک بوو لە دەورگێڕان و گەمەکەرانی ناوداری سیاسەت لە دواقۆناخی حکوومەتی ناسرەددین‌شا و سەردەمی موزەففەرەددین‌شادا.

٢- بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوددەولە، ل ٢٥.

یەکێک بوو لە هۆکارەکانی سەرتێداچوونی میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر و ئەو ژنە فێڵەباز و خۆپەرستە دەکەوتە ریزی دوژمنانی قەستەسەری ئەمیرکەبیر.

ئەمینوددەولە سەبارەت بە جەیرانی تەجریشی، دڵبەر و ماشقەی ناسرەددینشا کە دواتر بە فرووغوسسەڵتەنە ناودێر کرا، ئاوا دەنووسێ:

«پادشای لاو بە زانایی خۆی دەنازی و مەیلی گڵان لە کاراندا هەڵیگرت و هەر لەو سەروبەندەدا ئەو خاتوونە کە لە ریزی سەماکەران و گۆرانیبێژانی ئەندەروونی و لە خزمەتی دایکی شادا بوو. پادشا دڵی پێوەی نووسا و مارەی کرد و بۆ ئەوەی کەیفی خۆی لەگەڵ تەخت بکا، کەوتە نێو کۆمەڵی کەنیزانی و بوو بە راوکەی ئەوینی پادشا. کاتێک دیتی کە پادشای نازدار بۆتە دیلی داوی ئەوینی، دەیهەویست ماشقەبوونی خۆی و پێبەزنجیربوونی ئاشقەی بە خەڵک نیشان بدا. لە کاری دژواردا دەبوو بە جێی هاوار و بانگان و ئەویش قسەکەی نەدەبردەوە پاش.» نووسەر چەند دێر دواتر دەنووسێ: «لێرەوە رێگای دەرەوە بۆ هاودەمانی خەڵوەتخانە و رێگای ژوورەوە بۆ ژنانی ئەندەروونی تەخت کرا هەتا دەستوەربدەنە نێو کاروباری دەوڵەت.»[1]

بە پشتبەستن بە نووسراوەکانی ئەمینوددەولەی سیاسەتمەداری سەردەمی ناسرەددینشا و موزەففەرەددینشا و گەلێک بەڵگە و شانیکی دیکە کە رەنگە پیرەپیاوانی قاجاریش بە زمان و قەڵەم پیانسەلمێنن، هاودەمانی میری و حەرەمخانەی شای قاجار ئەوەندەیان دەست دەرۆیی کە جاری وابوو شاهانشازادەکان و شازادەکانیش بۆ پاراستنی جێگە و پێگەی خۆیان دەستەوداوێنی خاتوونانی حەرەمخانە یان هاودەمانی خەڵوەتخانە یان باوەڕپێکراوی شا دەبوون. لە بارودۆخێکی ئاوادا، سەرۆکوەزیر و وەزیران و بەرپرسانی کاروباری وڵاتیش ناچار بوون کە لەم سێ رێگایانە یەکیان هەڵبژێرن:

١- پیاوانە لە بەرامبەر خۆرانانی دەسەڵاتی باوەڕپێکراوانی شا و گەلەژنخانەیدا راوەستن و سەریان وەبەر داوا و راسپاردەکانیان نەهێنن. ئاکامی ئەم هەڵوێستە چارەنووسی قایمەقام و ئەمیرکەبیری لێکەوتەوە.

---

١- بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە، چاپی تاران، ل١٥-١٦.

٢- دەست بەردەن لە پلە و پایە و بە هەر پەلپ و بیانوویەک بێ. خۆیان لە جەغزی بڕشتی باوەڕپێکراوانی کۆشکی میری دەرباوێن و بچنەوە نێو ڕیزی خەڵکی ئاسایی و بۆ هەمیشە دەست لە سیاسەت و کاروباری حکوومەتی هەڵبگرن.

٣- ئەوانەی تامەزرۆی جێگە و پێگە و چاوچنۆکی ماڵ و سامان بوون و دەکەوتنە سەر ڕچە و ڕێبازی تەشیڕستن و شالووزی و سەریان بۆ هەموو سووکایەتییەک نەوی دەکرد. بەدزی دەبوونە گوێ لە مستی قاوەچیی میری و میرئاخور و میرشکار و خواجەباشیی قیسارە خاتوونی حەرەمخانە و بە دانی بەرتیل و دەمچەورانە دڵیان بەرەو خۆیان ڕادەکێشان و لە ڕێی ئەوانەوە پادشا بە سەری دەکردنەوە و دەیلاواندنەوە. بەپێی تێپەڕینی زەمان ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە بوونە زۆربە و داب‌ودەستووری بەندایەتی و دەستبەردانەوە و ڕەزامەندی لە حاند پادشادا کە ڕێک سەمبولی ملهوڕی و ئاوێتەی باڵانوێنی مەیل و تاسەی باوەڕپێکراوان و خاتوونانی حەرەمخانە بوو. جێی خۆی دا بە قسەی ڕاشکاوانە و بەخۆداپەرموون و ئازایەتی و پیاوەتی. شا بوو بە سەمبولی پتەوی هەق و سێبەری یەزدان و ڕووگەی جیهان و ماستاوکەران و زمانلووسانی بارگا وایان سەر لە پادشا تێکدا کە ماوەیەکی زۆر باوەڕی بەو قسانە دەکرد کە پێیانەوە دەبەست و دەیاندایە پاڵی.

لە ئاست لێشاوی بارگانشینان و نۆکەرانی شادا، دەستەیەک پیاوی سیاسیش هەبوون کە لەبەر نیشتمان‌دۆستی و گۆڕانخوازی یان لەبەر تێداچوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. جاری وابوو وەدەنگ دەهاتن و دەچوونە ملبەملەی سەرچەوتان و چەپەڵکاران و بەناچاری یان ڕەنگە بەپێچەوانەی ویستی دەروونی خۆیان، تووشی مەیدانی دەستەگەری و پیلانگێران و کاری ئەوتۆ دەبوونەوە. لە نێو ئەم پۆلە پیاوەدا، میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە. چونکە لە چەند قۆناخێکی نێوەنێوە و لە ڕۆژگاری وەزیری و مەزنەوەزیریدا ناوی بە چاکە ڕۆیشتبوو و لەبەرروەی لە بەرێ‌را[1] بیوو بە خزمی پادشا و ماڵ و سامانێکی باشی وەسەریەک نابوو. لەم ملانەیەدا توانی هەتا ڕادەیەک پەردە لە رووی ناڕاستی و گەندەڵکاریی بارگانشینان داماڵێ. حاجی میرزا حوسێنخانی سپاسالاری گەورەش لە سەرەتادا

---

١- کوڕی ئەمینوددەولە زاوای موزەففەرەددینشا بوو کە پاش نەمانی باوکی سەرناوی ئەمینوددەولەی پاربوو کرا.

بە مەبەستی بەڕێوەبردنی وڵات دەیهەویست کە بکەوێتە شوێن ڕێبازی ئەمیرکەبیر، بەڵام نە ئەم پیاوە سیاسییە و نە ئەمینوددەولە هیچکام نەیانتوانی بە سەر خێڵی مفتەخۆران و شالووزانی کلکەسووتەکەری بارگادا زاڵ بن. ئەمینوددەولە «لە ماوەی تەمەنی خۆیدا گەلێک دەستەگەری و نێنکەبەرایەتی و پیلانگێرانی گەورەگەورانی ئێرانی هاتە بەرچاوی و سەیر ئەوەیە کە ئەویش نەیتوانی خۆی لە جەغزی کەتنگێران دەرباوێ».[1]

لێرەدا سەبارەت بە حاجی میرزا حوسێنخانی قەزوینی، موشیروددەولە و سپاسالاری گەورە، تەنیا دەچینە سوێی دوو گێڕانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم پیاوە سیاسییەی سەردەمی قاجار دەخەینە ئەستۆی خوێنەرانی هێژای خۆمان:

١- سپاسالاری گەورە زۆر سەیر بایدایەوە و ڕێبازی گۆڕی و ئەم تینوتاوەی جارانی نەما کە دژی بەرتیلخواردن و فرۆشرانی نابەجێی پلە و پایەی لەشکری و نالەشکری بۆسۆی لە هەناوی هەڵدەستا و دەیگوت نابێ شانازیی خزمەت کردن بکرێتە پلیشاوەی ژێر هەرەس، وای لێهات کە لەم ڕێبازەدا پێشاوبرەی ئەوانی پێش خۆی دایەوە و بری پیشکەشیی کزنیاوی وڵاتی کردە چەند هێندە و ئەوەندە دڵبەستە و ئامەزرۆی یەکێک لە شازادەکان ببوو کە ئامادە بوو هەتا جێ و جێەی خۆشی بکا بە قوربانی. گوێی بە پاراستنی ڕواڵەتی کارەکانیشی نەدەبزووت و ئەو منداڵەی حەرەمخانە کە خزمەتکارێک بوو لە کۆشکی میریدا تێیدەرزکا[2] و بۆ ئەوەی بتوانێ قیسارە پلە و پایەی بۆ دابین بکا. دەمچەورانەی دەدا بە چەند شوێنی ناڵەباری دیکەش... .»[3]

٢- «یەکێک لەو مەزنەپیاوانەی کە بە شوێن گەشە و پێشکەوتی ئێراندا هەنگاوی دەنا و هەتا ڕادەیەک توانی شوێنەوارێک لەم دنیایەدا بکاتە کەلەپوور، خوداڵێخۆشبوو میرزا حوسێنخانی سپاسالار بوو کە قوتابخانەی «ناسرییە» و کۆشکی «بەهارستان»ی ساز کرد... . ئەگەرچی هێندەی پێنەچوو کە دووبارە

---

١- بڕ: پێشەکیی «بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوددەولە» بە قەڵەمی حافز فەرمانفەرماشیان.

٢- موزەففەرەددینشا و گەلێک لە پیاوماقووڵانی سەردەمی قاجاران بە نێربازی تۆمەتبار کراون.

٣- بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوددەولە، ل ٥٦.

خرایەوە سەر کار و کرایە وەزیری دەرەوە و پاشان پلەی سپاسالاری مەزنی بۆ برایەوە و ویستیان بڕشت و دەسەڵاتی هەورازتر بڕوا. بەڵام حاجی میرزا حوسێنخان زانی کە مانەوەی لەو جێگە و پێگەیەدا کاتێک سەر دەگرێ کە لەو بارگانشینانە وەدەنگ نەیە و لەگەڵیان رابێ. بۆیە لە هەوای بەرزەفڕانەی کەوت. رەنگە حاجی ئاواتی ئەمە بووبێ کە بەرەبەرە کارێک بکا بۆ نیشتمانەکەی.»[1]

لە بنەبانی ئەم باس و بابەتەدا بەسەرهاتێکی دیکەش دەگێڕینەوە کە ئەمینوددەولە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا هێناویەتی و دەمانهەوێ لە سووچێکەوە بڕوانینە رەوت و رێبازی کاربەدەستانی بارگای میری و روونی بکەینەوە کە باوەڕپێکراوانی نەهێنخانەی پادشا چییان کردووە و چلۆن لەگەڵ کۆمەڵی وڵاتی خۆیان جووڵاونەوە. پاش گێڕانەوەی ئەم سەربووردەیە باسەکە دادەکووژێنین و رووپەڕەکە وەردەگێڕین.

«یەکێک لە مەیتەرانی یەختەرمەخانی میری لە پلەی نایبیدا مرد.[2] ئەم بێچارەیە لە ماوەی تەمەن و خزمەتکردنی دوو پادشادا بە لەچەری و دەستپێوەگریدا ژیابوو. توانیبووی لە ماوەی ئەرک و کاری سەر شانیدا جارجارە ئالیک و تفاق و کا و جۆ بگێڕێتەوە و بیدزێ و تۆزە سامانێکی پێ وەسەریەک بنێ. لە خانوویەکی بچووکدا بە خۆی و ژن و منالییەوە دەژیا و بەرێچوونێکی هەبوو. چونکە خۆی بە قەرزداری کەس نەدەزانی و نان و ئاوێکی هەبوو. دراوسێیان دەیانگوت پیاوێکی دەولەمەندە. ئاغافەتحوللای خواجە کە لە رێی دووڕازی و دەروونی ناپاک و شەڕەنگێزی و ئاژاوەگێڕی و شەیتانی و شۆفارییەوە خۆی نێزیک دەکردەوە هەتا پلەیەک داپاچێ. بە خزمەت پادشای راگەیاند[3] کە ئەم نایبەی یەختەرمەخانی میری لە کاولاشی خۆیدا خەزێنە و سندووقچەی پڕ لە سکە و گەوهەری شایانی شاردۆتەوە. شا فەرمووی بە سەرۆکوەزیر بڵێ ئەگەر ماڵ و سامانەکە زۆرە بەشی ئێمەش وەبەرچاو بگرن و لێیدابڕن.»

«ئاغافەتحوڵڵا مەبەستەکەی گەیاندە لای سەرۆکوەزیری بەرزەجێ و ئەویش بێئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەک بکا و کارێکی ئاوا دزێو و نالەبار بشارێتەوە و لە

---

١- مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان، ئازمولئیسلامی کرمانی.

٢- نایب دەبێتە ئەفسەرێکی پلە بەرەژێر، ستوان (ملازم)،و.

٣- مەبەستی ناسرەددینشایە.

ڕێی پاشەواری نایبی مردووڕا کۆتایی بە مەبەستەکە بێنێ. خودی ئاغافەتحوڵڵای خوێنتاڵی ڕەزاگرانی بێنموودی ڕاسپارد هەتا لەگەڵ چەند فەڕاشێکی سوورپۆشی میری بچێ و بگەڕێ و نەهێڵێ ئەوەی وەچنگ دێ سەری تێدابچێ.»

«بەڕاستی هەر نەگێڕانەوەی ئەم دیمەنە باشترە. هەتا نەزانی لە ماڵی بچووکی مردوودا تێکڕای پاشەواران و خزمان و ئاشناکانی نایبی خوابەخشیو بە وەژوورکەوتنی ئاغافەتحوڵڵا و فەڕاشەکان بە چاوی خۆیان چییان بینی و چۆن بەبێ ئابروویی و بە ناحەزی کەوتنە گەڕان و پشکنین و وەک دەڵێن دز لە ماڵی کابرای ڕووت بە خەجاڵەتباری وەدەرکەوت. سامانی کابرای مردوو بریتی بوو لە نێوماڵ و چەند کوتێک ڕایەخ و شرەوبرە کۆنی یەختەرمەخان و تەڕلک و لمەدی زینەشکاو و کۆمەڵێک میراتگری حەیابەخۆی شوکرانەبژێر. لە خەزێنەی مەنشووری نایبدا تەنیا حەوسەت ئەمپریال زێڕی ڕووسی دۆزرایەوە و بە شان و شەوکەتێکی واوە کە بڵێی خاک و هەرێمێکی تازە خراوەتە سەر ئێران، ئاغافەتحوڵڵا فەتحنامەی خوێندەوە و ئەوەندە پوولە پووچ و چرووکەی بردە خزمەت سەرۆکوەزیر.»

«چونکە ئەمینوسسوڵتان بە شوێن ناوزڕاندنی پادشادا دەڕۆیی و دەیهەویست لەبەرچاوی هەموو خەڵک بکەوێ و بە پیاوێکی ڕژدی دەستقووچاو ناوبانگی بڕوا، دەستخۆشانەی لە لێوەشاوەیی و دەسپاکیی ئاغافەتحوڵڵا کرد و ئەو برە پوولە پووچ و چرووکەی لەگەڵ تووک و تڕای ژن و منداڵی نایب ناردە خزمەت دەرگانەی پیرۆز.»

بنکەی ژین

**وەزارەتی بارگای بەرز**

بەکورتی و پوختی دەکرێ بڵێین کە ئامانجی تەواوی دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەتی پاوانخوازانە و ملهوڕانە لە هەموو وڵاتێکدا پاراستنی میر و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی پادشایە. بە واتایەکی تر خودی وڵات و گەل و دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی و لەشکری، تایبەت بە پادشان و بە بوونی پادشاوە بەندن و دیارە حکوومەتی ملهوڕانەی ئێرانیش لە سەردەمی قاجاراندا لەم ڕێسایە نەترازاوە. فەتحعەلیشا قەفقازی لەپێناو پاراستنی پادشایەتیی خۆیدا دۆڕاند و هەباسمیرزا بە دوای جێنشینایەتیی باوکی و دەستەبەربوونی داهاتوویدا هەنگاوی

دەنا و بەڕواڵەت بۆ خاتری دڵڕاگرتنی بریتانیا و لە دەروونەدا لە ترسی ڕووخانی حکوومەتی قاجاران دەستی لە کۆڵ محەممەدشای هەرات کردەوە. ناسرەددینشا سەرتاسەری هەرێمەکانی باکووری خۆرهەڵاتی ئێرانی هەتا ڕووباری جەیحوون و ئەفغانستان و بەلووچستانی کردن بە قوربانی پلەی بەرزی پادشایەتیی خۆی هەتا چەند ڕۆژێک زیاتر لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵ بداتەوە.

پادشایانی گەورەی سەفەوی یانی کەسانێکی وەکوو سمایلی یەکەم و عەباسی یەکەم و عەباسی دووهەم و هەروەها نادرشا و کەریمخانی زەند و تەنانەت ئاغامحەممەدخانی سەرزنجیرەی حکوومەتی قاجارانیش، خۆیان ڕاستەوخۆ بوونە بەشداری شەڕی پاراستنی خاک و سنووری وڵات و بۆ ئەستاندنەوەی بەشە دابڕاوەکانی نیشتمان شیریان وەشاند؛ بەڵام فەتحعەلیشای قاجار هەتا تەوریز و لێواری ڕووباری ئاراس واوەتر نەچوو. ناسرەددینشا لە هەلومەرجێکی یەکجار قەیراناوی و بارناسکدا کە هێزی سەربازی و گوشاری دیپلۆماسیی بریتانیا چالاکانە لە کاردا بوون، لە پایتەخت وەدەرنەکەوت.

بەپێی ورووژانی ئەم باسە، دەکری نوقلانە لێ بدەین کە وەزارەتی بارگای بەرز لە سەردەمی قاجاراندا چەندەی بایەخ پێدراوە و ڕێکخستن و لق و پۆپی چۆن ڕۆیشتوون. بەرلەوەی کە باسی نموونەیەکی پێکهاتە و تانوپۆی تەندراوی وەزارەتی بارگای بەرز بکەین، پێمخۆشە خاڵێک ڕوون بکەمەوە. وەکوو ئاشکرایە ناوی وەزارەت لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام و دواتر عەرەبەکان وەریانگرتووە و لە دامودەزگای خەلافەتی ئیسلامیدا کردوویانەتە باو. لە سەرەتای سەدەی سێهەمی کۆچیرا کە حکوومەتی سەربەخۆی ئێرانی لە نیشتمانی ئێمەدا دامەزراون، جارێکی دیکە هەڵبژاردنی وەزیر و ئەسپاردنی کاران بە دەست وەزیران لە ئێراندا بۆتەوە باو و هەتا سەرەتای شۆڕشی مەشرووتە درێژەی کێشاوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش بکەم و بڵێم کە زۆربەی حکوومەتەکانی دوای ئیسلام لە ئێراندا، دامودەزگایەکی وایان دامەزراندووە کە پادشا تەنیا وەزیرێکی داناوە. ئەم وەزیرانە بەپێی لێوەشاوەیی و کارزانیی خۆرسکانەیان، بێجگە لە پرسی ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خودی شاوە بووە، جڵەوی تێکڕای کاروباری بەڕێوەبردنی وڵاتیان بە دەستەوە

دەگرت. لە نێو کۆمەڵی وەزیرانی ئێرانی سەردەمی ئیسلامیدا کەسانێکمان پێ شک دێن کە لە زەمانی وەزیربوونیاندا هەم وڵاتەکەیان زۆر چاک بەڕێوە بردووە و هەم نەیانهێشتووە پادشاکەیان لە ڕێی ڕاست لابدا و خەڵک بچەوسێنێتەوە. وەکوو پێشتر باسی کراوە، ئاغامحەممەدخانی قاجار، لە چاکەی ئەو خەیانەتەی کە حاجی برایمخانی شیرازی بە لوتفعەلیخانی زەندی مەزنی خۆی کردی و بوو بە هۆی باڵادەستبوونی خانی قاجار، سەرناوی ئیعتیمادوسسەڵتەنەی باربوو کرد و کەولی مەزنەوەزیرایەتیی خستە سەر شانی. لەم ڕۆژگارەوە تاقە وەزیری سەردەمی قاجاران کە هەموو کاروبارێکی بەڕێوەبەرایەتی و دارایی وڵاتی دەکەوتە ئەستۆی بە مەزنەوەزیر ناودێر کرا و مەزنەوەزیر لەبری وەزیر بوو بە باو.

مەزنەوەزیری سەردەمی قاجار تەنیا کەسێک بوو کە دەیتوانی هەموو کاتێک بڕواتە لای پادشا یان ڕاستەوخۆ نامەی بۆ بنووسی و سەبارەت بە کاروباری وڵات بیروڕای خۆی دەربڕی. کەوایە دەکرێ بڵێین ئەرک و پلەی ڕاستەقینەی مەزنەوەزیر هەتا زەمانێکی کە وێنە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی هەڵگیرایەوە و ئەنجومەنی وەزیران پێکهات، بەڕێوەبردنی وەزارەتی بارگا بووە. مەزنەوەزیر بەگوێرەی سرشتی پاک و برشتی ڕووحی و هەستی نیشتمانذۆستانەی توانیویەتی دەسەڵاتی پادشا لەپێناو باشبوونی دۆخی ژیانی خەڵک و چاککردنی کاروباری وڵات بخاتە گەڕ یان بەپێی سرشتی ناپاک و بیری چەپەڵ و یان کەترەخەمی و سستی و تەوەزەلی خۆی مەیدانەکە بۆ جێبەجێبوونی مەیل و تاسەی پادشای پاوانخوازی سەرەڕۆی چۆڵ بکا و وڵات بەرەو هەڵدێر و هەڵەمووتی چارەڕەشی و نەگبەتی بەرێ. قایممەقامی فەراهانی و ئەمیرکەبیر نموونەی بەرچاوی دەستەی یەکەم و حاجی میرزا ئاغاسی و ئەمینوسسولتان نموونەی دیاری تاقمی دووهەم بوون.

ئێستا وێنەیەک لە پێکهاتەی وەزارەتی بارگای بەرزی سەردەمی ناسرەددینشا دەخەینە بەرچاو (١٣٠٠ی ک/١٨٨٢ی ز):

*وەزیری بارگای بەرز و خەزنەخانە و گوومرگ*. دەورووبەری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەمینوسسولتان ئەم ئەرکەی پێئەسپێردراوە.

بریکاری گشتیی وەزارەتخانە (جێنشین).

ئەم وەزارەتە بریتی بووە لەو چەند بەشەی خوارەوە:

ئەلف- وەزارەتی بارگای بەرز:

١- ئەندەروونی یان خەڵوەتخانەی شکۆمەند
٢- سندووقخانە و جلخانە
٣- پزیشکانی تایبەت: میرزا کازمی مەلیکولئەتیبا، میرزا رەزا حەکیمباشی، میرزا حوسێنعەلی شێخولئەتیبا، میرزا عەلیئەکبەری موعتەمیدولئەتیبا، دوکتۆر تولووزان پزیشکی فەرانسەوی و میسیۆ هیدنە ددانسازی تایبەتی پادشا.
٤- فەراشخانەی ئەندەروونی یان خەڵوەتخانەی شکۆمەند
٥- قاوەخانەی موبارەک!
٦- تفەنگدارانی تایبەت
٧- خواجەسەراکان [خەساوەیسەرایان]
٨- ژووری عەنتیکەخانە

ب ـ ئیدارەی چاوەدێری و ئیدارەی مۆری موبارەکی میری. لەم رۆژگارەدا عەزوددولەولک وەزیری حوزووری پیرۆز و خوانساڵار و خەزنەدار و مۆدار و سەرخێلی قاجاران بووە.

ج ـ سەرجەمی بەڕێوەبەراتییەکان بریتی بوون لە:
١- بەڕێوەبەرایەتیی خەزنەخانە
٢- بەڕێوەبەرایەتیی چایخانە و ئاوخانە
٣- بەڕێوەبەرایەتیی تایبەتی گیرفانی مبارک!
٤- بەڕێوەبەرایەتیی سکەخانە
٥- بەڕێوەبەرایەتیی چرای گاز و کارەبا
٦- بەڕێوەبەرایەتیی گوومرگخانە
٧- بەڕێوەبەرایەتیی دەغڵودان
٨- بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت و زێوانی و سەرپەرستیی مەرقەدی پیرۆزی حەزرەتی عەبدولعەزیم(س.خ)
٩- بەڕێوەبەرایەتیی وشترخان و یەختەرمەخان
١٠- بەڕێوەبەرایەتیی سوارەی دیوانی میری
١١- بەڕێوەبەرایەتیی قەراسوورانی[١]

---

١- هێزی چەکداری قەراسوورانەکان پارێزەری تەناهی و هێمنایەتیی ڕێگاوبانی هاتوچۆی کاروانان بوون.

١٢- بەڕێوەبەرایەتیی خێڵات

١٣- بەڕێوەبەرایەتیی بیناخانە و کوورەخانە

١٤- بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی چەوریژکراو

د ـ ئیشیکخانە کە بریتی بوو لە ئیشیکئاغاسیباشی و نایبەکان و یەساولەکان[1]

هـ ـ کێشکخانە کە بریتی بوو لە کێشکچیباشی و غولامان و پێشخزمەتان و یووزباشییەکان[2]

و ـ فەڕاشخانە و سەرادارخانە و نەسەقچیخانە. لەم ساڵەدا سەرۆکی ئەم دەزگایە محەممەدحەسەنخانی حاجیبوددەولەی فەڕاشباشی و نەسەقچیباشی بوو.[3]

ئەم دەزگایە بریتی بوو لە:

١- نایبەکان: ١١ نایب یەکەم، ١٨ نایب دووهەم و ١٤ نایب سێیەم

٢- قاپووچیباشی و قاپووچییەکان و سەرادارخانە[4]

٣- نەسەقخانە کە لەم ساڵەدا حەسەرەحیمخانی نەسەقچیباشی[5] کوڕی حاجیبوددەولە کرابوویە سەرۆکی و فەڕاشانی سووریۆش و جەللادان و میرغەزەبان و ئەشکەنجەدەرانی لە ژێر فەرمانیدا بوون.

**

وەکوو لە رووی پێداچوونەوەی ئەم دەزگا و دامەزراوەیەرا دەردەکەوێ، ئەگەرچی وەزارەتی داراییش لە ئارادا بووە، بەڵام ناسرەددینشا گوومرگ، واتە گرینگترین سەرچاوەی داهاتی جێگیری دەوڵەتی خستبوویە سەر وەزارەتی بارگای بەرز هەتا هەر چۆنێکی پێی خۆش بێ دەستوەربداتە کاروباری گوومرگ و بە مەیلی خۆی دەست بکا بە خەزێنەدا.

لێرەدا پێویستە روون بکرێتەوە کە لە پێکهاتەی وەزارەتی بارگای بەرزدا پلە و پایە و جێگە و پێگەی بەرپرسان کەموزۆر هەر هەمانە کە لە سەردەمی حکوومەتی

---

١- بەشی پێشوازی و سەرۆکی بەشی پێشوازی و ئەفسەرانی بەرەژێر و پاسەوانان.و.

٢- یووزباشی یانی سەردەستەی سەتکەس لە غولامانی چەکداری بارگای میری.و.

٣- ستوان یەکەم، ستوان دووهەم، ستوان سێیەم، ملازم یەکەم و دووهەم و سێیەم.و.

٤- قاپووچی دەبێتە دەرکەوان و قاپووچیباشی سەردەرکەوانە.و.

٥- سەرۆکی دەزگای ئاسایش.و.

سەفەویدا باو بووە. ئەم زاراوە تورکییانەی کە لەم دەزگایەدا وەبرەو کەوتوون هەر ئەوانەن کە لە ڕۆژگاری حکومەتی ئیلخانانی مەغۆلەوە داکەوتوون و ڕاگوێزراون بۆ سەفەوییەکان و لەوانیشەوە پەڕیونەوە بۆ قاجاران.

## دووهەم: پێکهاتەی دامودەزگای دەوڵەت

### بەرایی

دەوڵەت بەو مانا بەربڵاوەی کە ئێستا لە سیستمی گەلسالاریی پارلمانیدا هەیە، لە سەردەمی حکومەتی قاجاراندا بوونی نەبوو. ئەگەر دامودەزگایەک بە ناوی دەوڵەت هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتی بە دەستەوە دەگرت، تەنیا لەبەر پاراستنی ڕواڵەت و لە ڕاستیدا دیوجامەیەک بوو کە حکومەتی پاوانخواز و سەرەڕۆی بێبەرگیرەوەی پادشایانی قاجار بە سەر خۆیان هەڵدەکێشا و لاساکردنەوەیەکی کاڵوکرچی وڵاتانی ئورووپای ناوەندی بوو وەکوو ئۆتریش و ئاڵمان.

دەوروبەری ساڵی ١٨٢٢ی زایینی و لە سەردەمی حکومەتی فەتحعەلیشادا، سەرەتا وەزارەتی کاروباری دەرەوە دامەزرا و پاش ماوەیەکی دیکە سێ وەزارەتخانەی نێوخۆ و دارایی و ڕێگاوبان دامەزران. بەم شێوەیە یەکەم ئەنجومەنی وەزیران بە چوار وەزیر و سەرۆکوەزیرێکەوە لە ڕۆژگاری قاجاراندا پێکهات؛ بەڵام وەکوو پێشتر باسمان کرد وەزیر کەسێک بوو بێ بڕیار و دەسەڵات و خودی پلە و پێگە و پێکهاتەی وەزارەتخانەکانیش جێگیر و نەگۆڕ نەبوون. حاجی میرزا ئاغاسی کە زۆر چاک ڕۆچووبوو بە ناخ و دەروونی محەممەدشادا، بە فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی وڵات و خاوەندەسەڵاتی بێبەرگیرەوە دادەندرا و وەزیرەکان دەبوو بەبێ سێودوو فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن.

میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر بە وەبەرچاوگرتنی ڕەوت و ڕێبازێکی تایبەت، خودی خۆی بە سەر زۆربەی هەرە زۆری کاروباری وڵات، ئەخاسمە بە سەر کاروباری دارایی و لەشکری رادەگەیشت و ئەرکی وەزیری دەرەوەشی خرابوویە سەر شانی و میرزا محەممەدعەلیخانی شیرازیی وەکوو بریکار لەوێ دانابوو. پاش کوژرانی ئەمیرکەبیر، ناسرەددینشا بۆ ڕێگرتن لە کەڵەکەبوونی هێز و دەسەڵات لە لای کەسێک، کارەکانی وڵاتی دابەشین بە سەر شەش وەزارەتخانەدا کە بریتی بوون لە: وەزارەتی نێوخۆ، دەرەوە، دارایی، دادوەری، بەرگری،

مووچە و پەروەردە.[1] بۆ ئەوەی سەرۆکوەزیر هیچ برشت و دەسەڵاتێکی نەبێ، دەستووری دا بە وەزیرەکان کە راستەوخۆ فەرمان لە خودی شا وەربگرن و بەڕێوەیان بەرن. هاوکات وەزارەتی بارگای بەرزی گەشە و پەرە پێدا و ئەم دەزگایە کە راستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری و فەرمانی شادا بوو. هێزی وەبەرنا و دەسەڵاتی وەزیری بارگا هێندەی تەشەنە کرد کە سەرۆکوەزیریشی خستە ژێر باندۆری برشتی خۆی.

ژمارەی وەزارتخانەکان هەمیشە لە ئاڵوگۆڕدا بوون و ساڵی ۱۲۸۳ی ک/ ۱۸٦٦ی ز. بوونە حەوت و ساڵی ۱۲۸۹ی ک/ ۱۸۷۲ی ز. لەو سەردەمەدا کە حاجی میرزا حوسێنخانی قەزوێنی (موشیروددەولە) سەرۆکوەزیر بوو، هەتا نۆ وەزارەتخانە هەوراز چوون و بریتی بوون لە: وەزارەتی نێوخۆ، دەرەوە، دارایی، دادوەری، بەرگری، پەروەردە، رێگاوبان، بازرگانی و کشتوکاڵ[2] لەگەڵ وەزارەتی [بارگای] بەرز. ئاکامی سەفەری یەکەمی ناسرەددینشا بۆ ئورووپا لەسەر وەزارەتخانەکان رەنگی دایەوە و پاش گەرانەوەی چەندێکی تێکەڵ کردن و بۆ شەش وەزارەتی دابەزاندن و ساڵی ۱۲۹۱ی ک/۱۸۷٤ی ز. بەرواڵەت دەسەڵاتی دا بە وەزیرەکانی و ئەرکی بەرپرسایەتیی هاویشتنە سەر شانی.

هەروەک لە بەشی نۆیەمدا باسمان کرد. ناسرەددینشا لەسەر پێشنیاری حاجی میرزا حوسێنخانی موشیرودەولە رێوشوێنێکی سەبارەت بە ئەرک و دەسەڵاتەکانی وەزیران و بەرپرسانی پایەبەرزی دەولەت و فەرماندەکان و والییەکان و حوکمدارانی ناوچە و مەلبەندەکانی وڵات دانا. پادشا ئەم رێوشوێنەی بە «قانوون» ناودێر کرد و هاوپێچی فەرمانێک ناردی بۆ سەرۆکوەزیر و ئەویش هەموو وەزیران و پایەبەرزانی وڵاتی لێ ئاگادار کردەوە. ناسرەددینشا پاش گەرانەوەی لە سەفەری دووهەمجاری هەندەرانیش، ساڵی ۱۲۹۸ی ک/۱۸۸۰ی ز. بە دەستوخەتی خۆی فەرمانێکی نووسی و وەبیری هێنایەوە کە «بەڕێوەچوونی فەرمانەکان و پتەوبوونی بناغەی بیروڕای بەرێوەچی پێویستی بە وەزیران و نۆکەرانی بەئەزموونی دەوڵەتخوای ئاقڵی کامڵی بەشەرەفە.»

۱- مووچە و پەروەردە یەک وەزارەتخانە بوون.و.

۲- بازرگانی و کشتوکاڵ وەزارەتخانەیەک بوون.و.

وەزیـران و نۆکـەرانی دەوڵـەتخوای بەشـەرەف یانـی تـەواوی بەرپرسـانی پایەبـەرز و بـەرەژێر کـە بـەپێی دەسـخەتی میرانـە دەسـەڵاتێکیان بـۆ وەبـەرچاو گیرابـوو. چونکـە هـەتا ئەندازەیـەک لەگـەڵ هـزر و بیـر و ڕێبـازی ملهوڕانـە و خۆپەرسـتانە و غللوورانـەی ناسرەددینشـا ڕاهـاتبوون. ماکـە و هـەوێنی دەسەڵاتەکانیان تەنیا بۆ پاراستنی پلە و بەرژەوەندیی خۆیان کار پێکردن. چونکە چارەنووسـی تـاڵ و بـەژانی ژیـانی ئەمیرکـەبیر کـە دەیهەویسـت بـە خواسـت و دەسـەڵاتی خـۆی وڵات بەڕێوەبـەرێ و ڕێگـا نـەدا کـە پادشـا خـۆ لـە کاروبـاران هەڵقورتێنێ، هێشتا لە بیران نەچووبۆوە. جگە لەوەش ئەم مەزن و وەزیرانەی کە نۆکـەرانی هەڵکـەوتبوون، بـۆ پاراسـتنی خۆیـان تـەنیا ڕچـە و ڕێبـازی ئالقە بەگوێبوونی فەرمانی پادشایان بە دەرووی دەربازبوون دەزانی.

لـە کلکـەی سـاڵی ١٢٩٩ی کـۆچیدا، ناسرەددینشـا جـارێکی دیکـەش بـە چواربەندەی وەزارەتخانەکاندا چۆوە و هەتا سیزدە وەزارەتخانەی هـەوراز بردن کـە بریتـی بـوون لـە: وەزارەتـی دەرەوە، بـەرگری، دادوەری، بارگـای بـەرز و گوومرگ و داهات، نێوخۆ و دارایی، مووچە و پۆست و ئەوقاف، دەفتەر لەشکر[1]، کشتوکاڵ و بازرگانی، پەروەردە، تەلگراف و کانگاکان، ڕێگاوبان، چاپەمەنی و خانەی وەرگێرانـی تایبـەت لەگـەڵ وەزارەتـی خەزنـەداری. هـەروەها وای دانـا کـە هـەرکام لـە وەزیرەکـان لـە ڕۆژ و کاتێکی دیاریکراوی هەفتەدا بچنـە خزمـەتی و ڕاپۆرتی کاری پێڕابگەیەنن.

### چۆنیەتیی بەخشرانی پلە و پایەکان

ئەم گەندەڵییەی کە ئەمڕۆش کەموزۆر لـە نێـو بەشێک لە دامودەزگای ئیداریی ئێمـە و چەنـدین وڵاتـی دیکـەی دنیـادا هەیـە و هێلانـەی کـردووە. کەلـەپووری بەجێماوی سەردەمانی ڕابردوویە و ڕەنگدانەوەی چەوتەکاریی ئارەوای مەزنان و سیاسەتمەدارانی تەنکەبیری پێشوویە کە هـەروا ماوەتەوە. ئامانجی ئەو کەسانە دابینبـوونی بەرژەوەنـدیی دنیـاییی خۆیـان و دامرکـانی تاسـە و تامـەزرۆیی و ئاواتەکانی شاهانی سەردەمیان بووە.

---

١- ناوەندی سەرکردایەتیی هێزەکان.و.

ئێمە بە هێنانە گۆڕی ئەم سووکایەتی و چەپەڵکارییانەی نۆکەران و غولامان و بارگانشینان لەپێناو ڕەزامەندیی پادشایاندا کردوویانن، نامانهەوێ ڕووپەڕی ئەم کتێبە بلەوتێنن و خۆ لەم بارە نالەبارە لادەدەین. لێرەدا تەنیا ئەو بەسەرهاتە دەخەینەوە یاد کە میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە سەبارەت بە موشیرودەولەی سپاسالاری گەورە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا هێناویەتی و ئێمە پێشتر بە چاوی گومانەوە لێمانڕوانی. ئەگەر گومانەکەی ئێمە وا نەبێ و قسەکەی ئەمینوددەولە ڕاست بێ. گۆشەیەک لە بەدڕەوشتی و داوێنپیسیی نێو بارگای شکۆمەندی قاجارمان بۆ دەردەکەوێ و دەبینین کە مەزنان و پایەبەرزانی دەوڵەت هەتا کوێ بە ناخی چەپەڵیدا ڕۆچوون. هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەرانی هێژا بەرچاویان باشتر ڕوون ببێتەوە، بیرەوەرییەکی دیکەی ئەمینوددەولە دەگێڕینەوە و پێمان وایە خوێندنەوەی شیاوی بزەی لێوانە:

«یەکێک لە خواجەکانی حەرەمخانەی میری دەیگێڕایەوە کە جارێکی پادشای خاوەنشکۆ[1] لە نێو کۆڕی خاتوونانی ئازیز و بەرزەجێ و قەرەواشان و غولامانی ئەواندا لە حەرەمخانە فەرمووی: دوێنێشەو سەرۆکوەزیر[2] چاکی لێ قەوماوە و خۆی و یارانی کۆڕەکەیان لێ شێواوە و بە ناکامی بۆی دەرچوون. بەڕاستی بەسەرهاتێکی خۆشە و جێگای گاڵتە و پێکەنینە. پادشا بە ڕاوێژ و قسەی خۆش و ورد و باریکی میرانەی سەرلەبەری بەسەرهاتەکەی بۆ خاتوونان گێڕایەوە کە دوێنێشەو لە فڵانە باغ و لەسەر بانگهێشتی فیسارە کەس لەسەر دابی جاریجاران کۆڕی بەزمێک دەرازێتەوە و پێنجشەش کەس لە سووزمانییە ناوبەدەرەوەکان دەبەن؛ بەڵام هێشتا کۆڕەکە گەرم نانایە کە سارد دەبێتەوە و یەکەم پیاڵەی شەراب دەگاتە خلتە. مەزنەوەزیر بەپێی باوی خۆی لەگەڵ یەکێک لەو ژنانە جەفەنگ لێدەدا و بۆ گاڵتە و گەمە جنێو بەو سووزمانییە دەدا. ئەو زەعیفەیەش زۆر توند لێی هەڵدەبەزێتەوە و جنێوی پێدەداتەوە. یارانی دەیانهەوێ بکەونە نێوبژیوانی و هەراکە ببڕنەوە، بەڵام ژنەکان دەبنە هاودەست و هاوزمان و بۆ یەکتری دەستێننەوە و یارانی جنێو ئاشی پێدەگەڕێ و سەربەندی قسەی سووکیش دەگاتەوە سەر سەرۆکوەزیر. قسەی تاڵ و ناشیرن هێندە دەتەنێتەوە کە

---

١- مەبەست ناسرەددینشایە.

٢- مەبەست ئەمینوسسوڵتانە.

هیچیان خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و چونکە ژنەکان پتر بەغیرەت بوون، ئەوانی دیکە هەڵدەستن و کوڕەکە بەجێدێڵن بۆ پیاوانی ئاکارچاک! بەکورتی بەزم و شادیی ژاراوی دەبێ و کۆڕی تاڵ و بێتام دەبڕیتەوە و کەس مۆری زەواد ناکا و هەریەک بە کەلێنێکدا فیزمالکی دەدەنێ.»

«خاتوونەکان ڕوویان لە پادشا کرد و گوتیان باشە ئەگەر وەختایەک دەزانی ئاوایە و لێتان ڕوونە کە ڕۆژ و شەوی سەرۆکوەزیرتان چۆن تێپەڕ دەبێ، بۆچی بیرێک لە حاڵوباڵی خەڵک و وڵات ناکەیەوە؟

زۆر ناپەسندە لای مرۆی چازان     شوان خەوتبێ و گورگ لە نێو ڕان!

«شا لە گێڕانەوەی ئەو قسانە پەشیمان بووە و ڕێبی هەتا گوێی بە قسەی دڵخۆشکەرە و نەزیلەی شادیهێنی غولامان و خزمەتکارانی شالووزی بلاوێتەوە.»[1]

ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە بە ڕاست بزانین و لامان وابێ هیچ دزاندن و خشتوخالێکی تێدا نییە. ئەم پرسیارەمان لا دروست دەبێ کە باشە خۆ ناسرەددینشای ئاوا بەزیپک و زاکوون و هەر قسەی خۆ سەلمێن، چۆن بوو ئەمینوسسوڵتانی لە سەرۆکوەزیرایەتی نەخست و یان چۆن هەسی نەدەدایەوە و پێشی بەو کارە چەپەڵانەی نەدەگرت؟ وڵامی ئەم پرسیارە زۆر ساکارە. ناسرەددینشا خۆی نوقم ببوو لە عەیشونۆش و ڕابواردن و دەستەملانێدا و سەرۆکوەزیرێکی وەکوو ئەمینوسسوڵتان و پیاوانی هاوبیر و هاوبڕوای چاکتر لە خەڵکی دیکە دەیانویست کە ڕێ بۆ شادی و خۆشی و کامرەوابوونی پادشا تەخت بکەن و هەر بە چەند ڕۆژان جارێک یەک یان چەند نێچیری تازە باوێنە نێو داوی تاسە و هەوەسی.

بێجگە لەوەش، ئەگەر ئێمە قسەی ئەمینوددەولە و مێژوونووسانی سەردەمی مەشرووتە و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە قبوول بکەین کە هێزی دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری ئەمینوسسوڵتانی هێنابوویە سەر کار و پشتیوانی بووە، تازە ئیدی ناسرەددینشا هیچی لەسەر نامێنێ و ناکرێ لۆمەی بکرێ کە بۆچی لاینەبردووە، بەڵام پرسی گرینگتر ئەمەیە کە هەم ناسرەددینشا و هەم

---

١- بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوددەولە، ل ١٨٠- ١٨١.

سەرۆکوەزیرەکان و تێکرای وەزیرانی لەسەر مەبەستێک یەکدەنگ و هاورا بوون و ئەویش بریتی بوو لە چۆنیەتیی دابەشین و بەخشینی پلە و پایە و سەرناو.

ئەوەی راستی بێ لە سەردەمی قاجاراندا پلە و پایەی حکوومەتی، بەتایبەت لە زەمانی فەرمانرەوایەتیی محەممەدشادا بەرەودوا، بە هەراج دادەندرا و هەر کەس بنەوانی کارانی چاک شیلابا و پارەیەکی زیاتری وەکوو دیاری دابا بە سەرۆکوەزیر و ئەویش خۆی یان هاودەمانی تایبەتی میری پارەکەیان بردبایە خزمەت خودی شا، دەیتوانی ئەو ئیش و کارەی کە دەیهەوێ پێیبگا. هەر ئەم کەسە پاش ئەوەی کەولی کاری دەخرایە سەر شانی دەبوو هەموو مانگێک یان هەموو ساڵێک بێنێوبر دیاریی خۆی بنێرێتە خزمەت میر هەتا لەسەر کارەکەی دەرنەکرێ و ئەگەر ئەرکی خۆی چاک جێبەجێ کردبا و بەرتیلی تەواوی دابا، تازە کەس نەیدەتوانی لێی بپرسێتەوە و ئەوەی پێیخۆش با لەگەڵ ژێردەستان و ئاپۆرەی خەڵک دەیکرد و ئازاد بوو.

هەر وەزیر یان کاربەدەستێکی پایەبەرزی دەوڵەت کە بەپێی ئەو رێوشوێنە بەریاسەی سەرەوە دەهاتە سەر کار، ئەویش بۆ هەڵبژاردن و دانانی کاربەدەستان و کارمەندەکانی بەرەژێری خۆی هەر ئەو رچەیەی دەکوتا و بە وەرگرتنی بەرتیلی پێشەکی و کۆمەڵێک دیاری و پێشکەشیی پاشەکی، بەشدار دەبوو لە کێبەرکێی پەرەی گەندەڵیدا. ئەو کەسانەش کە بە هێزی بەرتیل و دیاری دەستیان لە کارێک گیر ببوو، وێدەکەوتن و بە دڵی خۆیان خەڵکیان دادەکرووسی و زۆر پتر لەوەی کە دابوویان و دەیاندا کۆیان دەکردەوە. بەم شێوەیە دامودەزگایەک کە بە ناوی دەوڵەت و بە مەبەستی خزمەتی خەڵک دامەزرابوو، لە راستیدا هۆکار بوو بۆ چەوساندنەوەی کۆمەڵ.

سێر پێرسی سایکس دەنووسێ:

«چینی دەسەڵاتدارانی ئێران کە بریتین لە شازادان، نەک تەنیا لەپێناو داکرووسینی زۆرەملانەی خەڵکدا بە سەر هیچ کەسەوە ناچن و رووحمیان بە کەسدا نایە، بەڵکوو لەتەرکێن بیر لە باشکردنی باروودۆخی وڵاتەکەیان ناکەنەوە. کاتێک من لە لای شازادەیەکی پیری ئێرانی تاریفی حوکمرانێکم دەکرد کە پیاوێکی چالاکە و ناوچەکەی خۆی چاک تەکووز داوە و دزان دەگرێ و دەیانکووژێ، شازادە قسەکەی لە دەمی وەرگرتم و گوتی حوکمران کارێکی هەڵەی کردووە و

دەبوو چەتە و ڕێگران نەکوژێ و هەر بیانخاتە بەندیخانەوە و یەکی بڕە پووڵێکیان لێوەربگرێ و ئەگەر جەنگەی هات کە لەسەر دەسەڵات لابچێ، خۆ هەموویان ئازاد بکا. ئەگەر ئەو لە هەرێمەکەی خۆیدا ئارامی و تەناهی وەها دابین بکا کە دواتر کوڕە بەقاڵێکیش بە هاسانی حکوومەتی بۆ بکرێ. لە ڕاستیدا ئەو خەنیمی گیانی چینی دەسەڵاتدارە.»[1]

### تانوپۆی پێکهاتەی پایتەخت (دارولخەلافە)[2]

بێ لە سوڵتانەکانی عوسمانی کە خۆیان بە خەلیفەی مسوڵمانان دەزانی و دەیانگوت دەبێ تەواوی شوێنکەوتووانی ڕێبازی سوننی سەر وەبەر فەرمانیان بێنن و لێی لانەدەن، میرانی قاجاریش بە لاساکردنەوەی پادشایانی سەفەوی هەوای خەلیفایەتی هەڵیگرتبوون. جا لەبەروەی کە مەزهەبی ڕەسمیی ئێران ڕێچکەی دوازدە ئیمامییە و ئەم وڵاتە گرینگترین و گەورەترین ناوەندی ژیانی پەیڕەوانی ئەم ڕێبازەیە. شاهانی قاجار کە بەڕواڵەت خۆیان بە دیندار دەزانی، لەبەر نەبوونی یاسای ڕێکخراوی باو، بیوونە بەڕێوەبەر و چاوەدێری فەرمانەکانی دینی و بە خۆیان دەتگوت خەلیفە و بە پایتەختیشیان دەگوت دارولخەلافە.

سوڵتانەکانی قاجار بە هێنانەگۆڕی پرسی خەلیفایەتی بە تیرێک دوو نیشانەیان دەپێکا:

١- چونکە لە ڕوانگەی شیعانەوە پێڵبوونی فەرمانەکانی سەرچەلە و پێشەنگی دینی دەبێ مسزگەر بێ و حکوومەتیش تایبەتی پێشەوایانی دینە، شای قاجار بەڕواڵەت خۆی بە دیندار و پشتیوانی مەزهەب دادەنا هەتا بتوانی توێژی مەلای شیعان بە لای حکوومەتی خۆیدا ڕابکێشێ و کارێکی وا بکا پێی ڕازی بن و لەگەڵی نەکەونە ناتەبایی.

٢- ئاپۆرەی خەڵک کە دڵبەستەی حکوومەتی بەمیراتگەراوی ٢٥٠٠ ساڵەی پادشایەتی بوون، لاقیان لەگەڵ قاجاران ڕاکێشن و سەرەڕای تەواوی

---

١- مێژووی ئێران، سێر پێرسی سایکس، بەرگی ٢، ل ٥٩٨.

٢- بەپێی دەقی کتێبی «جامجەم»ی فەرهادمیرزا موعتەمیدوددەولە، ڕێژەی جەماوەری شاری تاران و گوند و ناوچەکانی دەوروبەری لە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی/١٨٥٢ی زایینیدا گەیوەتە نیزیکەی ١٢٠هەزار کەس.

نوقسانییەکانیان. وەکوو حکوومەتێکی دینی و ڕێک لەگەڵ ڕێوشوێنی شەرعی و بیر و باوەڕی مەزهەبیی خۆیان دانیان پێدابێنن.

قاجارەکان لە وەدی هاتنی خالی دووهەمدا کامڕەوا بوون. چونکە تەنیا بەشداربوونی شای قاجار لە کۆڕ و کۆبوونەوەی شینگێران و لە خۆدان و تازیەداریی مانگی محەڕڕەمدا لە تەکیەی دەوڵەت و بلاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە هەرێم و ناوچەکاندا و بانگەشەی باش و بەجێی مەلا چلپاوخۆرەکانی شا لە نێو خەڵکدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵ پڕ بە پێست بوو؛ بەڵام وەکوو دواتر باسی دەکەین، پادشایانی قاجار چاکیان ئامانجی یەکەم بۆ دەستەبەر نەکرا.

دوای شەڕەکانی ئێران و ڕووسیا لە سەردەمی فەتحعەلیشادا، ئازەربایجان کرایە ناوەندی دەسەڵاتی جێگرەوەی‌میر و شاری تەورێز بە «داروسسەڵتەنە» ناودێر کرا و هەمیشە جێگرەوەی دیاریکراوی پادشای قاجار لەوێ نیشتەجێ دەکرا و ئەم دابە تەنانەت پاش دامەزرانی حکوومەتی مەشرووتەش هەر کوێر نەبۆوە.

سالی ۱۳۰۰ی ک/۱۸۸۲ی ز. تانوپۆی پێکهاتەی پایتەخت، بێجگە لە دامودەزگای پادشایەتی و وەزارەتخانەکان کە بەجۆی باسیان دەکەین، بریتی بوو لە:

۱- بریکاری پادشا واتە ئەمیرکەبیر، وەزیری بەرگری، حوکمرانی دارولخەلافە کە لەم ساڵەدا کامران‌میرزا ئەم ئەرکەی خرابوویە سەر شانی.

۲- محەممەدبرایمخان، وەزیری نیزام کە وەزیری دارولخەلافەش بوو.

۳- سێ کەس ئەندامی ئەنجومەنی تاران

٤- چەند قەڵەمدارێک و ژمێریاری دارایی

۵- سەرۆکی مەڵبەندی تاران (قایم‌مقام)

٦- ئیدارەی هێزای پۆلیس و ئاسایش و شارەوانی کە کۆنت دو مۆنت فۆرێت سەرۆکی بوو. ئەم دەزگایە بێجگە لە سەرۆک پێکهاتبوو لە جێگرێک و بەرپرسێکی دارایی، دەستەیەک ڕاوێژکار، داروغەکانی گەڕەکان و سەرۆکی ئاسایشی گشتی دەزگاکە کە بریتی بوو لە بەشی دزی، زیندان، لێپرسینەوە، تۆماری سکاڵا، جینایەت و دادپرسی. لەم ساڵەدا پۆلیس و ئاسایشی پایتەخت سەرجەم ۷۲۰ کەس

بوون کە ٤٦٠ کەسیان کارمەندی بەشی ئیداری و پۆلیس بوون و ٢٦٠ کەسەکەی دیکەی سەر بە ئاسایشی گشتی و شارەوانی بوون.

### وەزارەتی کاروباری دەرەوە

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی لە سەرەتاکانی حکوومەتی فەتحعەلیشادا، ئەو پادشایەی هان دا هەتا کەسێک بکاتە بەرپرسی کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران. بۆ ئەم مەبەستە میرزا عەبدولوەهابی نەشات (موعتەمیدوددەولەی ئیسفەهانی)ی ڕاسپارد، بەڵام پێی نەدەگوترا وەزیر. ساڵی ١٨٢٢ حاجی میرزا ئەبولحەسەنخانی شیرازی لە لایەن فەتحعەلیشاوە کرایە وەزیری کاروباری دەروە کە پێی دەگوترا وەزیری وڵاتانی دەرەوە. ئەم دیپلۆماتە ئێرانییە ماوەیەک باڵوێزی ئێران بوو لە لەندەن و لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پەیماننامەی گولستانی واژۆ کرد و بۆ گۆڕینەوەی دەقی پەیماننامەکە ڕۆیی بۆ پایتەختی ڕووسیا و دواتر ساڵی ١٨١٦ جارێکی دیکەش ڕووی کردەوە پیترزبوورگ و پاشان چوو بۆ لەندەن و هەتا ساڵی ١٨١٩ لەوێ مایەوە.

حاجی میرزا ئەبولحەسەنخانی شیرازی لە ساڵی ١٨٢٢را هەتا ١٨٣٤، یانی ساڵی مردنی فەتحعەلیشا لە پلەی وەزیری وڵاتانی دەرەوەدا مایەوە. پاش مەرگی پادشا چونکە ئەبولحەسەنخان بوو بە لایەنگری زیللوسسولتان، پاش ڕووخانی حکوومەتی ٩٠ ڕۆژەی ئەم پادشایە و چوونی محەممەدشا بۆ تاران، خانی شیرازی پەنای بردە بەر مەرقەدی شاعەبدولعەزیم و هەتا دوای کوژرانی قایممەقام بە فەرمانی محەممەدشا هەر لەوێ وەدەرنەکەوت و لەم ماوەیەدا خودی قایممەقام بە سەر وەزارەتی وڵاتانی دەرەوە ڕادەگەیشت.

وەزارەتی وڵاتانی دەرەوە دوای قایممەقام لە لایەن حاجی میرزا ئاغاسییەوە بەڕواڵەت درا دەست کوڕی قایممەقام و کەچی بەڕەسمی حاجی میرزا مەسعوودی ئەنساریی گەرمروودیی ئازەربایجانی وەزیر بوو. ئەم پیاوە کیژێکی فەتحعەلیشای خواست و جاری یەکەم هەتا ساڵی ١٢٥٤ی ک/ ١٨٣٨ی زایینی کرایە وەزیری

کاروباری دەرەوە و جاری دووهەمیش لە مابەینی ساڵانی ۱۸٤٥ تا ۱۸٤۸ ئەم ئەرکەی خرایە سەر شانی.[1]

شێوەی هەڵسوکەوتی وەزیرانی وڵاتانی دەرەوەی ئێران لەگەڵ باڵوێزان و نوێنەرانی سیاسیی بارگای ئێران کە تەنیا بریتی بوون لە شاندی رووسەکان و ئینگلیسییەکان، دەگەڕایەوە سەر کەسایەتی و ڕەوشتی وەزیرانی دەرەوە و بەپێی دۆخی سەردەم و ڕوانگەی پادشای ڕۆژگار ڕێک دەخرا. ئەوەی ڕاستی بێ هەموو جارێک جیاوازی لە هەڵوێست و ئاکاردا بەدی دەکرا. بەڵام بەگشتی زۆربەی وەزیرانی دەرەوەی ئێران بەوپەڕی خۆ بەکەمزانی و ڕێزەوە لەگەڵ باڵوێزان و وەزیر موختارانی رووس و ئینگلیس دەجووڵانەوە و تەنانەت هەتا سنووری خۆ چووک‌کردنەوە و ملکەچی دادەشکان. لە نێو ئەو کۆمەڵە وەزیرانەدا تەنیا ئەمیرکەبیر کەسایەتیی بەرز و دەماری نەتەوەییی ئێرانیی لە حاند نوێنەرانی سیاسیی دەرەوە دەگەیاندە چڵووکی خۆی. ئێمە لێرەدا بە مەبەستی بەرچاوروونبوونەوەی خوێنەرانی هێژا دوو ڕووداو دەگێڕینەوە هەتا بزانن کە ئەمیر چەند پیاوێکی ئازا و بڕوابەخۆ بووە و لە کام جێ‌ڕوانگەوە ڕوانیویەتی. ئێمە

---

۱- وەزیرانی دەرەوەی ئێران لە ساڵی ۱۸٤۸را هەتا ۱۹۰٦ بریتی بوون لە: میرزا تەقی‌خانی ئەمیرکەبیر کە میرزا محەممەدعەلی‌خانی شیرازی بریکاری بوو (۱۲٦٥ تا ۱۹ی ڕەمەزانی ۱۲٦۷)؛ میرزا محەممەدعەلی‌خانی شیرازی (۱۹ی ڕەمەزانی ۱۲٦۷- ۱۸ی ڕەبیعی دووهەمی ۱۲٦۸)؛ میرزا سەعیدخانی موئتەمینولمولک (ڕەبیعی دووهەمی ۱۲٦۸- ڕەبیعی دووهەمی ۱۲٦۹)؛ میرزا سەعیدخانی موئتەمینولمولک لە خولی یەکەمی وەزارەتی‌دا (ڕەبیعی دووهەمی ۱۲٦۹- شابانی ۱۲۹۰)؛ حاجی میرزا حوسێن‌خانی قەزوینی (موشیروددەولە) سپاسالاری گەورە (شابانی ۱۲۹۰- شەشەکانی ۱۲۹۷)؛ خولی دووهەمی وەزارەتی میرزا سەعیدخانی موئتەمینولمولک (شەشەکانی ۱۲۹۷-۱۳۰۱)، مەحموودخانی ناسرولمولک یانی خانی قەرەگوێزلوو (۱۳۰۱- ۱۳۰۳/۱۸۸۳- ۱۸۸٥)، یەحیاخانی موشیروددەولە برای سپاسالاری گەورە (۱۳۰۳- ۱۳۰٥)، میرزا عەباس‌خانی قەواموڵمولک (۱۳۰٥ هەتا ۱۸ی محەڕڕەمی ۱۳۱٤)؛ میرزا عەلی‌ئەسغەری ئەمینوسسوڵتان کە میرزا نەسروڵلاخانی موشیرولمولکی نائیبی جێگری بوو (۱۸ی محەڕڕەمی ۱۳۱٤ - جەمادی یەکەمی ۱۳۱٤)؛ حاجی شێخ موحسین‌خانی موشیروددەولە (جەمادی یەکەمی ۱۳۱٤- ۱۳۱۷)، هەروەها میرزا نەسروڵلاخانی نائیبی موشیرووددەولە (موشیرولمولکی پێشوو)، (۱۳۱۷- ۱۳۲٤). موشیروددەولە یەکێک لەو کەسانە بوو کە یاسای بنەرەتیی مەشرووتەی نووسی و لە یەکەم خولی پارلماندا پەسند کرا.

دەمانهەوێ بزانن کە پرکێشی و دەمارزلی و فیزی دەستەیەک لە باڵوێزان و نوێنەرانی سیاسیی دەرەوە تاکوو کوێ باڵی گرتووە.[١] سەرچاوەی ئەم دوو سەربووردەیە بریتییە لە کتێبی «میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر» بە قەڵەمی زانای دەست لە دنیا بەرداو عەبباس ئیقباڵی ئاشتیانی:

«باڵوێزی رووس لە تاران بە دابی ئێران تاقمەکەسێکی وەپێش خۆی دەدا. رۆژێکیان ناردی بۆ لای ئەمیر و داوای دیدار و چاوپێکەوتنی کرد. ئەمیر گوتی سێ کاتەژمێری بمێنێ بۆ تاوپەڕین با بێ. باڵوێز هات و ئەمیر نەهاتەدەر. باڵوێز ماوەیەک چاوەڕوان مایەوە. پاشان ویستی بڕوا، بەڵام کابرای خزمەتکار پێشی پێگرت و گوتی ئەمیر دێ. کاتەژمێرێکی پێچوو ئەمیر هەر سەروسۆراغی نەبوو. باڵوێز تۆزێکی دیکەش دانیشت و دواتر هەستا هەتا بڕوا. سەرلەنوێ کابرای خزمەتکار دەپێشی گەڕا و گوتی ئەمیر دێ. کاتەژمێرێکی دیکەشی بە سەردا تێپەڕی و ئەمیر هەر نەهاتەدەر. باڵوێز دەرهەڵبوو چونکە پێی وابوو دەوڵەتی ئیمپراتۆری سووکایەتیی پێکراوە. بۆیە بەرەودەر بزووت. ئەمیر هات و گوتی چ قەوماوە؟ گوتی کاتی دیدارمان بۆ سێ کاتەژمێری پێش تاوپەڕین دیاری کرابوو. ئێستا هەر کاتەژمێرێکی ماوە. ئەمیر گوتی ئەمە دابی ئێرانە. باڵوێز گوتی ئێمە

---

١- حاجی میرزا ئاغاسی لە نامەیەکی خۆیدا بۆ محەممەدشا ئاوای نووسیوە: «منی خولامی هەرە چووک پێوەبووم هەتا «هەیاسئاوا» بچم، بەڵام چونکە ڕێزدار وەزیر موختاری ئینگلیس تەشریف دێنێ، نەمتوانی بچم. نە من دەمرم، نە ئەوانە دەست هەڵدەگرن و نە نەخۆشی و بناوبێریش دەست لە جەستەی پیرۆزتان دەکاتەوە کە بە گۆڕی بابیاندا بریتی. ئێستا جەنابی وەزیر موختار چاوەڕێیە هەتا یەکێک لە نۆکەرانی پایەبەرزی بارگای میری خۆی لە کالە و پێتاوان باوێ و بڕوا و داوای لێبووردن بکا کە بۆچی درەنگ خاکی ئێرانوو داگیر کردووە. وەڵلاهی خۆ نازانم چمان لە چارەی نووسراوە و دەبێ بۆچی سەر وەبەر ئەم سووکایەتییە بێنین. وەڵلاهی وەبیلاهی وەتەڵلاهی بە سەرە شیرینەکەی شاهانشای خاوەنشکۆ، رووحم بە قوربانی بێ، خەریکم لە حەیفان فججەی بکەم. نە ئەم دنیایەم هەیە و نە دنیای دیکە و نە ئابروو. هەر ئەوەندەی ماوە کە نۆکەرێکی دەوڵەتی رووسیا بە پاسەوانم دابنێ، لاحەولە وە لا قووەتە ئیلا بیللا. هەر چۆنێک بێ کەسێک بنێرن با بچێ بۆ تەوازێ. لانیکەم با شاباژخانی بەرزەجێ لێی سوار بێ و بچێ. دەڵێم من ناردوومە، رووگەی جیهان و خەڵکانی جیهان، رووحم بەلاگەردانی بێ، ئاگای لەو کارە نییە... .» بڕ: میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، عەبباس ئیقباڵی ئاشتیانی، ل ٢٤٨. (تێبینی: هەباسئاوا مڵکی خودی حاجی میرزا ئاغاسی بوو.)

لەسەر دابی خۆمان دەڕۆین. ئەمیر گوتی باشە تۆ لە ڕووسیا لەگەڵ چەند کەسان بە ڕێگادا دەڕۆی؟ گوتی هەر بە تەنیا. ئەمیر گوتی ئەدی لێرە بۆچی کۆمەڵێک نۆکەر دەدەیە پێش خۆت؟ گوتی بە دابی ئێران دەجووڵێمەوە. گوتی بە دابی ئێران دەجووڵێیەوە، دابی ئێرانی دوو کاتەژمێر دواکەوتنی تێدایە.»

بەسەرهاتەکەی دیکە:

«نەزەرئاغا یەمینوسسولتان[1] بە ڕاوێژی شیرینی تورکانەی خۆی دەیگێڕایەوە و دەیگوت کاتێک کە من زۆر گەنج بووم و لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا کرابوومە وەرگێڕ، میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر هەر کات هەلی دیداری بۆ باڵوێزانی دەرەوە دەرەخساند، وەکوو وەرگێڕ بە شوێنیدا دەناردم. ڕۆژێک وەزیر موختاری ڕووس سەبارەت بە کێشەیەکی سنووران داوایەکی نابەجێی ورووژاند. ئەمیر کە هەرگیز گوێی بۆ ئەم چەشنە قسانە گلۆر نەدەکرد، کاتێک مەبەستەکەم وەرگێڕا لە وڵامدا گوتی: دا لە وەزیر موختار بپرسە بزانە قەتی کەشکوبایەنجان خواردووە؟ وەزیر سەری لەم پرسیارە سوڕما و گوتی: نا. جا کەوایە بە وەزیر موختار بڵێ ماڵی ئێمە فاتمەخانم گیانێکی لێیە کە کەشکوبایەنجانێکی چاک ساز دەکا، ئەگەر ئەمجار فاتمەخانم گیان کەشکوبایەنجانی لێنا، بەشی ئێوەش دەنێرم هەتا بیخۆن و بزانن چەند بەتامە. ئای کەشکوبایەنجان، ئای فاتمەخانم گیان. وەزیر موختار گوتی: بڵێ سپاسی دەکەم. بەڵام سەبارەت بە کێشەی سنووران چ دەفەرمووی؟ گوتم ئەمیر کاکی وەزیر ئاوا دەڵێ. ئەمیر گوتی: بە وەزیر موختار بڵێ ئای کەشکوبایەنجان، ئای فاتمەخانم گیان و هەروا درێژەی دا و کاتێک وەزیر موختار بۆی دەرکەوت کە لە ئای کەشکوبایەنجان، ئای فاتمەخانم گیان پتری دەست ناکەوێ، بەوپەڕی ناهومێدی لە جێی خۆی هەستا و ئیزنی خواست و کڕنۆشی برد و ڕۆیی.»

**

---

١- ئەوەی ڕاستی بێ خۆ نەزەرئاغا کابرایەکی ئاسووریی خەڵکی ورمێ بوو کە لە قوتابخانەی یەسووعییەکانی ئیسلامبووڵ خوێندبووی. ناوبراو ماوەیەک وەک مامۆستا لە دارولفنوون و وەرگێڕ لە وەزارەتی دەرەوە کاری کرد و پاشان بوو بە بریکاری باڵوێزی ئێران لە پیترزبوورگ. ساڵی ١٢٨٧ی ک/ ١٨٧٠ی ز، بوو بە وەزیر موختاری ئێران لە پاریس.

خاڵێکی کە زۆر پەداخەوە دبێ باسی بکەین، تەنینەوەی برشت و دەسەڵاتی بەربڵاوی نوێنەرانی سیاسیی رووسیا و بریتانیایە لە بارگا و کاروباری رامیاری و تەنانەت لە کۆمەڵێک پرس و بابەتی نێوخۆییشدا. لەو ماوەیەدا وەزارەتی دەرەوەی ئێران تەنیا ناوێکی بێنێوەرۆک بووە و ئەوەی راستی بێ لە نێوەراستەکانی پادشایەتیی فەتحعەلیشاوە بەرەودوا، یانی دوای بەسترانی پەیمانە شومەکانی گوڵستان و تورکمانچای لەگەڵ رووسیا، رێبازی سیاسیی دەرەوەی ئێران لە لایەن کاربەدەستانی رووسیا و بریتانیاوە دیاری دەکرا. بە واتایەکی دیکە سیاسەتی دەرەوەی ئێمە دەبوو بە شوێنکەوتەی سیاسەت و ویست و ئاوات و بەرژەوەندییەکانی دوو زلهێزی دراوسێ و کەوتۆتە نێو هەڵکشان و داکشان و کێشمەکێشی ملانەی سیاسی و ئابووریی ئەو دووانە.

هەتا سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەمیرکەبیر، رەنگدانەوەی دەستێوەردانی باڵوێزان و وەزیر موختارانی رووس و ئینگلیس لە ئێراندا وای پەرە گرتبوو کە شا و وەزیرەکان دەبوو بە ویست و مەیلی وەزیر موختاری ئەم دوو وڵاتە بجووڵێنەوە و وەکوو پەیامی ئاسمانی و یاسای باو سەری وەبەربێنن و لێی لانەدەن. هەر وەزیرێک کەوتبایە ژێر باڵی نوێنەرانی وڵاتانی غەوارە، تازە هەر کارێکی چەوت و چەوێلیشی کردبا، شا نەیدەتوانی هەڵبێنچێ و لێی بپرسێتەوە. ئەمیر بۆ وێشکاندنی ریشەی دەستێوەردانی دەرەکی زۆر تێکۆشا و تەنانەت لە رووداوەکەی مەشەد و برینەوەی هەرا و ئاژاوەی «سالار»دا، ئەگەرچی باڵوێزانی رووس و ئینگلیس تێکەوتن و بوونە کەیخودا، بەڵام ئەمیر ملی نەدا. سێر رابێرت واتسون، نووسەری مێژووی قاجار لە زمان ئەمیرەوە نووسیویەتی: ئەگەر ئاشتا کردنی خەڵکی مەشەد لەگەڵ ئەرکی سەر شانیان پێویستی بە کوژرانی ٢٠هەزار کەس بێ، بەراستی ئەم کارەم پێ باشترە لەوەی کە شارەکە بە خۆتێوەردان و نێوبژیوانیی غەواران بگیرێ.

ئەمیرکەبیر بێئەوەی دوژمنایەتیی هەبێ لەگەڵ غەواران، لە رێی هەوالگرانی خۆیەوە زووتر دەیزانی بە دوای چیدا دەگەڕێن و چ گەڵاڵەیەکیان دارشتووە و ئاوا کارەکانی پووچەڵ دەکردنەوە. گەورەترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەمیر فەرەنگییەکانی ناخۆش نەدەویستن، هێنان و دامەزراندنی مامۆستایان و پسپۆڕان و راوێژکارانی ئورووپایی و ناردنی خوێندکاران و سەنعەتکاران بوو بۆ وێندەرێ.

وەکوو ئاشکرایە دوای ئەمیر کەسێک کرایە سەرۆکوەزیر کە لە سەردەمی بەرپرسایەتیی خودی ئەمیردا. باڵوێزخانەی بریتانیا زۆر هەڵسووڕابوو هەتا ئەو پیاوە لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات وەربدا و بۆی نەکرابوو. بەڵام کە هاتە سەر کار، تازە ڕێگایەکی تەخت و ڕاستەوخۆ بۆ تەنینەوەی دەسەڵاتی وەزیر موختاری بریتانیا لە کاروباری گەورە و گچکەی ئێراندا کرایەوە. بەم پێیە ڕکەبەری وەزیر موختاری بریتانیا یانی باڵوێزی ڕووسیش ئەوەندەی دیکەی تین بە کارەکانی خۆی دا و جەغزی برشت و دەسەڵاتی ئەم دوو ڕقەبەرە ڕۆژبەڕۆژ تەنەوەی کرد؛ جارێکی دیکەش پادشا و بارگا و شازادە بەرپرسە گەورەکان لە هەرێم و ناوچەکانی وڵات کەوتنە نێو ئەم جەغزی کارتێکرانە و بارگانشینانی خوێڕیلە و سوودپەرستیش بەگوێرەی بەرژەوەندیی زەمانە هەر جارەی بە لایەکدا دەکەوتن و ڕۆژایەک لە تای تەرازووی دراوسێی باکووری و ڕۆژایەکی دیکە لە تای تەرازووی باشووریدا دەبوونە پارسەنگ.

بەکورتی پێکهاتەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە دەوروبەری ساڵی ۱۸۸۲/۱۳۰۰ی زایینیدا کە دەکرێ لەچاو قۆناغەکانی پێشوو بە دەزگایەکی ڕێکوپێک و کامڵتر دابندرێ، بریتی بووە لە:

وەزیری کاروباری دەرەوە: میرزا سەعیدخانی موئتەمینولمولک (لە خولی دووهەمی وەزارەتیدا).

ئەلف: ئیداراتی پێتجینە:

١- ئیدارەی چاپەمەنی و خانەی وەرگێران و پێشوازیی باڵوێزان

٢- ئیدارەی سەبارەت بە کاروباری ئینگلیس

٣- ئیدارەی سەبارەت بە کاروباری ڕووسیا

٤- ئیدارەی سەبارەت بە کاروباری عوسمانی

٥- ئیدارەی سەبارەت بە کاروباری وڵاتانی دراوسێ

ب: نووسینگەی ناوەندیی وەزارەتخانە کە چەند قەڵەمدار و بەرپرس و یاریدەدەرێکی وەزیر کاریان تێدا کردووە.

ج: نووسینگە پێتجینەکان: نووسینگەی تۆمار کردن و ئارشیوخانە. نووسینگەی بازرگانی. نووسینگەی دابودەستوور و پێشوازی. نووسینگەی وەرگێران و خەتە نەهێنییەکان لەگەڵ نووسینگەی لێکۆڵینەوە.

د: کارگێرییەکانی ئازەربایجان و پاسپۆرتی ئازەربایجان

هـ: کارگێرییەکانی خوراسان، گورگان، فارس، گێلان و تێکرای ناوچە گرینگەکان، ئەم کارگێرییانە کاروباری سەبارەت بە پاسپۆرت و مانەوەی خەڵکی بێگانەیان لە شاران دەکەوتە سەر شانی.

و: نوێنەرایەتییەکان و باڵوێزخانەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات:

١- وڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی: باڵوێزی گەورە لە ئیستانبووڵ دادەنیشت و کۆنسوولخانە و نوێنەرایەتییەکان دەکەوتنە شارەکانی ئەرزەڕۆم، ترابووزان، دەمیشق، وان، حەلەب، بەغدا، بەسرە، کەربەلا، نەجەف، خانەقین، سولەیمانی، کەرکووک، کازمەین، مەندەلی، دیاربەکر، عەمارە، موسەییب، سەماوە، بەیتولمەقەددەسی جیددە، بەعقووبە، حللە، قزڵڕەبات و ئەنتاکییە.

٢- وڵاتی ئینگلستان: باڵوێزی گەورە دانیشتووی لەندەن بوو. کۆنسوولخانە لە شاری بەمبەئی و کەلکەتەی هیند و بێرمە (بیرمانی ـ بوورما) دامەزرابوون.

٣- وڵاتی رووسیا: وەزیر موختار لە پێتریزبوورگ. وایس کۆنسوول (کۆنسوولیار) لە بادکووبە (باکۆ)، ئیرەوان، لەنکەران و سالیان و کارگێر لە تفلیس و حاجی تەرخان [ئاستاراخان = هەشتەرخان] نیشتەجێ ببوون.

٤- وڵاتی فەرانسە: وەزیر موختار لە پاریس. کۆنسوول لە مارسێی، بۆردوو و لوهاڤر، بنەیان دانابوو.

٥- وڵاتی ئۆتریش (نەمسا): وەزیر موختار نیشتەجێی ڤییەن بوو.

ز: نوێنەرانی سیاسیی وڵاتانی دەرەوە لە ئێران:

١- وڵاتی عوسمانی: باڵوێزی گەورە لە تاران بوو. شابەندەر[1] لە تەوریز، ورمێ، ساوجبلاغ، کرماشان، سنە و هەمەدان بنەیان دانابوو.

٢- وڵاتی ڕووسیا: وەزیر موختار لە تاران بوو. سەرکۆنسوول لە تاران و بووشێهر و کۆنسوول لە ڕەشت و گورگان نیشتەجێ بوون.

٣- وڵاتی بریتانیا: بنەی وەزیر موختار لە تاران بوو. سەرکۆنسوول لە تاران و بووشێهر و کۆنسوول لە تەوریز، ڕەشت، ساری و گورگان نیشتەجێ بوون. چەند شارێکی وەک مەشهەد، ئیسفەهان، شیراز، هەمەدان و کرماشانیش یان

---

١- میربازرگان، سەرۆکی کاروباری بازرگانی.و.

کۆنسوولیان لێ بوو یان کەسانێک بیوونە بریکاریان کە زۆربەیان بازرگانانی خۆجێیی بوون.

٤- وڵاتی ئۆتریش (نەمسا): وەزیر موختار کەوتبوویە تاران.

٥- وڵاتی فەرانسە: وەزیر موختار لە تاران و سەرکۆنسوول لە تەوریز پێکگر بیوون.

٦- وڵاتانی هولەند و ڕۆمانیا (ڕۆمانی): سەرکۆنسوول نیشتەجێی تاران بوو.

**وەزارەتی دارایی و داهاتەکانی دەوڵەت**

وەکوو پێشتر باسمان کرد ناسرەددینشا لە دوایین گۆڕانکاریی وەزارەتخانەکانیدا، دوو وەزارەتی دارایی و نێوخۆی تێکەڵ کردن. ساڵی ۱۳۰۰ی ک، میرزا یووسفخانی موستەوفی ناسراو بە «ئاغا» وەزارەتی دارایی و نێوخۆی بە دەستەوە بوو. سەرۆکی دیوانی باج و پیتاکی وەزارەتی دارایی و نێوخۆ میرزا حەسەنخانی موستەوفیولمەمالیک بوو کە دەبیتە هەمان وەزیری دارایی. ئەم وەزارەتخانەیە بریتی بوو لە دوو بەش:

۱- وەزارەتی نووسینگەی باج و پیتاک یان هەمان وەزارەتی دارایی. کە پێکهاتبوو لە خودی وەزیر و دەستەیەک ژمێریار و باجئەستێن و کارمەند.

۲- وەزارەتی نامە تایبەتەکان یان نێوخۆ کە پێکهاتبوو لە وەزیر و قەڵەمداران و ژمێریارانی بەشی پیتاک.

سەرچاوەی داهاتەکانی دەوڵەت بەگشتی بریتی بوون لە:

ئەلف: داهاتی پیتاک کە زۆربەیان ڕاستەوخۆ وەردەگیران و بۆ زەویوزار، مەڕ و ماڵات، کاسپکاران، سەنعەتکاران، بازرگانان، سەرژمێری و کانگاکان وەبەرچاو دەگیران.

ب: داهاتەکانی دیکە کە بریتی بوون لە داهاتی گوومرگ، سکەخانە، پۆست، تەلگراف، پاسپۆرت، زەویوزاری پاوانی دەوڵەت یان پادشا، هەقی تەمر، هەقی ئیمتیاز و کاری لەم شێوەیە.

**ملکانە یان پیتاکی کشتوکاڵ**

لە ڕاستیدا ئەم چەشنە پیتاکە لەسەر پارچە ملکێکی کشتوکاڵی دادەندرا و لە سەردەمی فەتحعەلیشای قاجاردا بری پیتاکی ملکانە دەویەک[1] بوو. پاشان بوو بە

۱- لە دە بەشان بەشێک.

دەودوو[1] و زیاتر کرا بۆ دەودوونیو و بەرەبەرە هەتا دەوسێونیو هەوراز رۆیی، بە واتایەکی تر تێکڕای داهاتی پارچەیەک ملکی کشتوکاڵی اشارەدێ، دێ یان کێڵگە) دەبوو بدرێ بە حکوومەت.

**باجی ئاژەڵان**[2]

بەگشتی ئەم پیتاکە لە عێلاتان وەردەگیرا کە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتیان دەکەوتە سەر شانی. بڕی ئەم پیتاکەی زیندەماڵان لە نێو خێڵات و ناوچە گرینگ و بەرچاوەکانی ئاژەڵداریدا پێکەوە جیاواز بوون.

**پیتاکی کاسپکاران**

وەرگیرانی پیتاک لە کاسپکاران و بازرگانان و پیشەوەران جاری وابوو بەگوێرەی سەرژمێری و جاری واش بوو بەپێی داهاتی ساڵانەیان وەردەگیرا. روون و ئاشکرایە کە بە سەرنجدان بە سیستمی کەلەزەری و ملهوڕانەی قاجاران، والییەکان و حوکمدارانی ناوچە و هەرێمەکان زۆرجاران شوویان لێهەڵدەکێشا و جگە لە بڕی دیاریکراو، شتێکی دیکەشیان بە ناوی دیاری لە کاسپکاران دەستاند.

**پیتاکی کانگاکان**

کانگاکانی رووی زەوی وەکوو خوێ، بەردەگەچ، بەردەقسل، گڵەسوورە، بەردەپیرۆزە و کۆمەڵێک بەردی کانزایی وەکوو قورقوشم و مس و چیوچی دیکە کە بەشی هەرە زۆریان بە دەست خودی خەڵکی ئێرانەوە بوون، پیتاکیان پێوەدەبەسترا و دەبوو لەبری قازانجەکە سەتی ٥ تا سەتی ١٥ بدرێ بە دەوڵەت.

**ئەلف: بڕانەوەی پیتاک**

ئەگەرچی بنەمای وەرگیرانی پیتاک و بڕانەوەی پیتاک لەسەر شێوازێک دامەزراوە، بەڵام لە هەموو ناوچە و هەرێمەکانی وڵات یەکسان وەرنەگیراوە. دەکرێ ئەم ناهاوسەنگی و جیاوازییە وا لێکبدرێتەوە کە هەر ناوچە و هەرێمێک بەپێی هەل و هەلکەوتی بارودۆخی جوغرافیایی و کەش و هەوا و بڕشتی ئابووری، بڕانەوەی پیتاکی راستەوخۆی بۆ وەبەرچاو گیراوە و بە سەریدا سەپاوە. بۆ وێنە لە هەرێمێکی وەکوو ئازەربایجان و ناوچەکانی خۆرنشین کە زەویوزاری لەبارە بۆ چاندن و رەنێوهێنانی بەرهەمی وەکوو دەغڵودان، زۆربەی پیتاکی راستەوخۆی

---

١- لە دە بەشان دوو بەش.

٢- مەڕانە، کاوڕانە، گیسکانە و باجی لەم چەشنە.و.

لە دەغڵودان و بەرهەمی زەوی وەردەگیرا. لە چەند ناوچەیەکدا بۆ جووتێک گای بەرنیر دوو قران پیتاکی ساڵانە برابوویەوە و لە گیلان بۆ هەر «جەریب»ێک[1] مەرەزەجاڕ و تووتن و باخەتوو پازدە قران پیتاک وەردەگیرا.

پیتاکی زیندەماڵ لە نێو خێڵات و عەشیرەتاندا لەسەر ژمارەی ئاژەڵان دیاری دەکرا و بۆ هەر سەر بزن و مەڕ ۱۵ شایی تا قرانێک دەبڕایەوە و هەر پاتاڵ و گوێدرێژێک دە قران (تمەنێک)ی پێوەدەبەسترا.

جێی خۆیەتی بزانین کە زۆربەی شازادەکانی قاجار هەر ئەوەندەی لەسەر تەختی حکوومەتی ناوچە و هەرێمەکان پاڵیان دەدایەوە، بە مەیلی خۆیان بڕی پیتاکی راستەوخۆی جەغزی دەسەڵاتیان هەوراز دەبرد. بۆ نموونە پیتاکی زەویوزار یان هەمان ملکانە لە چەند هەرێمێک زیادی کرد و لە تمەنێکەوە گەیشتە سێ تمەن و دواتر وەزارەتی دارایی لە نێو سیاییی داراییدا، ئەم بڕە پیتاکە تازەیەی بۆ وەرگیرانی پیتاک بە بنەما دانا و ئەم دابە هەتا زەمانی دامەزرانی حکوومەتی مەشرووتە درێژەی کێشا. لە چەند ناوچەیەکیش حوکمداران و پیتاکوەرگران بە مەبەستی داهاتی زیاتری خۆیان دابی تازەیان داهێنابوون. بۆ وێنە لە بیجار[2] و کوردستان ئەگەر جووتیار و رەشایی و ئاژەڵداران لە دێیەکەوە چوویانە دێیەکی دیکە یان لە هەوارگە و جێلەوەڕێکەوە گوێزەوەیان کردبا بۆ جێگایەکی دیکە، ناچار بوون کە بڕی ٢٤ قران هەتا ٨ تمەن بابەتی رێپێدرانیان دابایە حوکمران یان بەرپرس و دەمراستی بەشی داهات و دارایی و پسوولەی جێگۆڕکەیان بە دەستەوە بێ.

سەرەڕای فرەچەشنبوونی باج و پیتاکان و بە دڵخواز جووڵانەوەی حوکمرانان و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکان لە بواری وەرگرتنی بڕی دیاریکراو، هەروەک پێشتر باسمان کرد نابێ لە بیرمان بچێ کە جڵەودارانی ناوچە و مەڵبەندەکانی وڵات بەپێی دابی سەردەمی خۆیان هێندێک دیاری و بەرتیلیان دەدا بە سەرۆکوەزیر یان پادشا و ئاوا دەبوونە حوکمران. مانەوەی ئەم کەسانە بە مەرجێک بووژی دەخوارد کە هەموو ساڵێک بڕی دیاریی وەبەرچاوگیراو بنێرن بۆ

---

١- ئەندازەی جەریب لێرولەوێ جیاواز بووە و سەری لە ١٠٠٠ گەزەوە تا ٣٦٠٠ گەز رۆیشتووە.و.

٢- مەبەست ناوچەی گەرووسە.

بارگای میری یان کەڵەمیرانی کاربەدەستی داروڵخەلافە. هەر بۆیە ئەو کەسەی کە دەبوو بە حوکمڕان بێجگە لەو بڕە پارە دیاریکراوەی کە دەکەوتە سەر ئەستۆی و دەبوو بینێرێ بۆ پایتەخت. هێندێک زێدەپیتاکی دیکەشی دەخستە سەر ملی خەڵک و بە زەبری زۆر دایدەکرووسین؛ هەتا هەم قەرەبووی ئەو دیاری و بەرتیلە بکاتەوە کە دەیدا و هەمیش بەشێک بخاتە سەر سامانی خۆی.

سێر پێرسی سایکس کە خۆی چەندین ساڵ سەرکۆنسوولی بریتانیا بووە لە مەشەد، ئاوای نووسیوە:

«سەرجەمی پیتاک و داهاتی خوراسان لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینیدا بریتی بووە لە ١٢٧٧١٢ لیرەی[1] نەغد و ٢١٧٧٨ تۆن گەنم و جۆ. بەشێکی زۆری ئەو دەغڵودانە دەدرایە مووچەخۆران و خانەنشینان و لەشکری میری و تەنیا ١١٦٠ تۆنی بۆ فرۆش دەمایەوە. پرسی دیاریکرانی نرخی دەغڵودانیش پڕ بوو لە گرێوگۆڵ و ئاشکرایە کە سەرەنجام دەوڵەت ئاواش هیچی وەگیر نەدەکەوت. والیی خوراسان نیزیکەی ٣٠هەزار لیرەی وەکوو دیاری دەناردە خزمەت سەرۆکوەزیر. بەم شێوەیە ١٠هەزار لیرە دەمایەوە کە لە نێوان وەزیر و والیدا بەش دەکرا.»

«ئەم بڕەی باسی کرا تەنیا سەتی چەندێکە لە داهاتی والی و دەبێ ئەمانەی خوارەوەشی بخرێتە سەری: سەتی چەندێکی تێکڕای مووچە و مانگانەی ویشکەپوولی کارمەندانی حکوومەت و سەتی بیستی مانگانە و خەڵاتی ویشکەماڵ.»

سایکس لە کۆتاییی ئەم باسەدا سەبارەت بە داهاتەکانی خودی والی دەنووسێ:

«فرۆشتنی حکوومەتی ناوچە و مەلبەندەکان و پلە و پایەی دیکە، بۆ وێنە کەسێک ٤٠٠ لیرەی دەدا هەتا فیسارە پلەی بۆ دابین بکرێ. دوای چەند مانگێک کابرایان لەسەر کارەکەی لادەبرد و ئەوەی جێگای دەگرتەوە دەبوو بڕی ٢٠٠ لیرە بدا بۆ ئەم کارە و هیوادار بوو هەتا شەوی جێژن لەسەر کارەکەی لای نەبەن.»[2]

تێکڕای داهاتی پیتاکی دەوڵەت لە نەغدینە و بەرهەم کە لە پەڕاوانda تۆمار کراون و خراونە نێو حیساباتی خەزێنەی وڵات، لە ساڵی ١٢٥٥ی ک/١٨٣٩ی زایینیڕا هەتا سەرەتای [شۆڕشی] مەشرووتە بریتی بووە لە:[3]

---

١- ساڵی ١٩٠٥، هەر لیرەیەکی ئینگلیسی بۆتە ٥٩ قران.

٢- مێژووی ئێران، سێر پێرسی سایکس، وەرگێڕانی فەخری داعی، بەرگی٢، ل١٠٦-٦٠٢.

٣- گەنجی شایان، سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە، چاپی بێرلین، ل ١١٨و ١٢٢-١٢٣.

| | | |
|---|---|---|
| ساڵی ١٢٥٥ی ک/١٨٣٩ی ز | سەرجەم | ٢٤٠/٥٢٦/١٥٠ قران |
| " ١٢٦٨ی ک/١٨٥١ ی ز | بەبێ پیتاکی ویشکەماڵ | ٢٨/٢٥٧/٨٢٤ " |
| " ١٢٧٠ی ک/١٨٥٣ ی ز | سەرجەم | ٣٣/٦٦٥/٥٨٠ " |
| " ١٢٩٢ی ک/١٨٧٦ ی ز | سەرجەم | ٥٠/٧٠٠/٠٠٠ " |
| " ١٣٠٢ی ک/١٨٨٤ ی ز | سەرجەم | ٥٠/٨٠٠/٠٠٠ " |
| " ١٣٠٢ی ک/١٨٨٥ ی ز | بەبێ پیتاکی ویشکەماڵ | ٤٨/٢٠١/٥٣٠ " |
| " ١٣٠٦ی ک/١٨٨٨ ی ز | سەرجەم | ٥٤/٦٨٧/٦٣٠ " |
| " ١٣٠٨ی ک/١٨٩٠ ی ز | سەرجەم | ٦٠/٠٠٠/٠٠٠ " |
| " ١٣٢٥ی ک/١٩٠٧ ی ز | سەرجەم | ٨٠/٠٠٠/٠٠٠ " |

ساڵی ١٢٦٨ی ک/١٨٥١ی ز. یانی لە چوارەم ساڵی پادشایەتیی ناسرەددین‌شادا تێکرای پیتاکی ئێران بە ویشکەپووڵ و ویشکەماڵەوە بریتی بووە لە:[1]

| | | |
|---|---|---|
| ویشـــــــــکەپووڵ (نەغدینە) | | ٢٨/٢٥٧/٨٢٤ قران |
| ویشکەماڵ (بەرهەم) | ١- گەنم و جۆ | ٢٣٥/٢٩٨ خاڵوار[2] |
| | ٢- چەڵتووک (برینج) | ٨/١٩٤ " |
| | ٣- کا | ١٣٦/٥٢٥ " |
| | ٤- نۆک | ٧٥ " |
| | ٥- تفاق[ی ئاژەڵان] | ١/٥٠٠ " |
| | ٦- ئاوریشم | ١ " |

ساڵی ١٣٠٦ی ک/١٨٨٨ی ز. سەرجەم داهاتی پیتاکی نەغدی دەوڵەت گەیوەتە ٤٧/٠١٦/٩٥٧ قران و پیتاکی ویشکەماڵ یان کاڵا و کەلوپەلی بۆتە ١٠/١٠٠/٩٨٣

---

٢- خەروار: کەربار، باری کەرێک، شەش پووت،٩٦ کیلۆیەک. بەپێی پەسندکراوێکی ساڵی ١٣٠٤ی کۆچی/١٨٨٦ی زایینی، هەر خاڵوارێک بە ٣٠٠ کیلۆ قەبڵێندراوە و لە باری کەرێک تێپەڕیوە و بۆتە باری سێ کەران.و.

قران و تێکڕای داهاتی گوومرگی ٨٨ ملیۆن قران بووە. سەرجەم داهاتی پیتاکی ڕاستەوخۆ و گوومرگی دەوڵەت سەری هەتا ١٣٧ ملیۆن قرانێک ڕۆیشتووە. لەم ساڵەدا ئازەربایجان بە باری دانی پیتاکدا کەوتۆتە پلەی یەکەمی ناوچە و هەرێمەکانی وڵات و بڕی ٧/٨٦١/٤٢٠ قرانی دابین کردووە و هەرێمی فارس کەوتۆتە پلەی دووهەم و ٦/٤٢٠/٤٠٢ قرانی داوە. خوراسان لە پلەی سێهەمدا هاتووە و ٥/٠٨٢/٢٨٦ قرانی لێ هەڵوەریوە و تاران و دەوروبەری بۆ دانی پیتاک لە پلەی چوارەمی هەرێم و ناوچەکانی وڵاتدا ڕاوەستاوە.

چونکە جاری وابوو گوندستانەکان گۆڕانیان بە سەردا دەهات، هەمیشە بڕی پیتاکی وەرگیراوی گوندان سەروخواری دەکرد و لەگەڵ تۆماری نێو پەڕاوەکانی پیتاکدا یەکتری نەدەخوێندەوە و ئەم جیاوازییە پێیدەگوترا جیاوازی لە کردەوەدا. بۆ وێنە دێی قاسمئاباد کە ساڵی ١٨٣٩/١٢٥٥ی ز. پەنجا ماڵی تێدا دەژیا، پەنجا تمەنی پیتاک دەدا و هەتا ساڵی ١٨٨٢/١٢٠٠ی ز. کە پەرەی ئەستاندبوو بۆ ١٥٠ ماڵ، حوکمڕانی خۆوڵاتی بڕی ١٥٠ تمەن پیتاکی لێوەردەگرت. بەڵام بەگوێرەی تۆماری نێو پەڕاوەکانی پیتاک هەر پەنجا تمەنەی پێشووی دەدا بە حکوومەت و سەد تمەنەکەی دیکەی بۆ خۆی گل دەدایەوە. ئەم جیاوازییە لە کردەوەدا لە هێندێک هەرێم و ناوچەدا دەبوو بە چەند هێندەی پیتاکی دیاریکراو. بۆ وێنە ساڵی ١٨٨٨/١٣٠٦ی زایینی لە کرمان و بەلووچستان پیتاکی ویشکەپوولی دەوڵەت دوو ملیۆن قرانێک بوو. بەڵام ئەوەی لە خەڵک وەرگیرابوو سەری هەتا هەشت ملیۆن قران ڕۆیشتبوو؛ یانی لە ڕاستیدا هەر حوکمڕان یان میرهەرێمێک لە بازنەی دەسەڵاتی خۆیدا لە چوار قران پیتاک تەنیا قرانێکی بۆ دەوڵەت و سێ قرانی بۆ خۆی کۆ کردبۆوە و بە زەبری زۆر خەڵکی چەوساوەی هەژاری دادەکرووساند.

**ب: داهاتەکانی دیکەی دەوڵەت**

داهاتەکانی دیکەی دەوڵەت جگە لە پیتاکی ڕاستەوخۆ کە باسی کرا بریتی بوو لە: داهاتی گوومرگان، پۆست و تەلگراف، بە ئیجارەدانی زەویوزاری میری، سکەخانە، کانگاکان و داهاتی پرشوبڵاو.

گوومرگەکان: داهاتی دەوڵەت لە گوومرگان هەمیشە داهاتێکی زۆر و قەبە بووە و بەپێی دابی سەردەم زیاتر گوومرگەکانی وڵاتیان دەدا بە ئیجارە بە

کەسانێک و ئەم دابە هەتا ساڵی ١٣١٧ی ک/١٨٩٩ی ز. لە باو بووە. بڕی ئیجارەی گوومرگان هەموو ساڵێک لە جێی خۆی دەچەقی و زۆر کەم گۆڕانی بە سەردا دەهات. بۆ وێنە گوومرگەکانی ئازەربایجان ساڵی ١٢٨٤/١٨٦٧ی ز. بە بڕی ١٢٠هەزار تمەن دران بە قەباڵ و هەتا ساڵی ١٣٠٠/١٨٨٢ی زایینی هەر وا مانەوە.

بە قەباڵهەڵگیرانی گوومرگەکانی هەرکام لە هەرێمەکانی سەر سنوورەکانی ئێران وەکوو ئازەربایجان، خوراسان، کوردستان، کرماشان، خووزستان، فارس، کرمان و بەلووچستان نیزیکەی سەتی بیستی قازانج بۆ دەکردن. بەپێی خشتەی دیاریکراوی کتێبی «گەنجی شایان»، هەڵکشانی داهاتی گوومرگەکانی ئێران لە ماوەی ٢٣ ساڵەی نێوان ١٢٨٣ تا ١٣١٦ی کۆچیدا بەم شێوەیە بووە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| داهاتی یەکساڵەی | ١٢٨٣-١٢٨٤ | ٥/٢٦٦/٦٠٠ | قران |
| " " | ١٢٩٦-١٢٩٧ | ٦/٠٦٤/٠٠٠ | " |
| " " | ١٣٠٥-١٣٠٦ | ٨/٢٠٠/٠٠٠ | " |
| " " | ١٣١٢-١٣١٣ | ٩/٣٠٠/٠٠٠ | " |
| " " | ١٣١٤-١٣١٥ | ١٢/٥٠٠/٠٠٠ | " |
| " " | ١٣١٥-١٣١٦ | ١٢/٥٠٠/٠٠٠ | " |

گوومرگانە لە هەنارده و هاورده وەردەگیرا و ئێرانی دەبوو سەتی سێ و خەڵکی بێگانە دەبوو سەتی پێنج بدەن. بەڵام وەکوو لە بەشی پێشوودا باسی کرا، دەوڵەتی رووسیای قەیسەری چونکە وامی دابوو بە ئێران، بڕی گوومرگانەی هەتا سەتی یەکونیو پێ دابەزاندبوون و بۆ شەکر تەنیا سەتی $2\frac{1}{2}$ گوومرگانەی دەدا. هێندەی پێنەچوو کە ئینگلستانیش توانی ئیمتیازێکی ئاوا لە موزەففەرەددینشا وەربگرێ و کاڵا و کەلوپەلی وڵاتەکەی خۆی بە گوومرگانەیەکی ئەوتۆ بەرێ بکا بۆ ئێران.

بەڕێوەبردنی دامودەزگای گوومرگ و سکەخانەی ئێران لە ساڵی ١٣٤٥ی ک/١٩٢٦ی زایینیدا درایە دەست شاندێکی بلژیکی کە پێکهاتبوو لە نووز، پریم و ئێتگێلس. ئەم سێ کەسە بە هەوڵ و تێکۆشانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە لە لای دەوڵەتی ئێران دامەزرابوون. ساڵێک دواتر کاروباری گوومرگی تەوریز و

کرماشانیش درایە دەست ئەم شاندە. دواتر نووز کە سەرۆکی گوومرگی تاران بوو، سەرۆکایەتیی گوومرگی کرماشان و ڕەشت و ئەنزەلیشی خرایە سەر شانی و پاشان بوو بە سەرۆکی تێکڕای گوومرگی ئێران.[1]

*پۆست و تەلگراف:* ئەمیرکەبیر بناغەی چەپەرخانەی حکوومەتی دانا و دواتر ناسرەددینشا فیرووزمیرزا نوسرەتوددەولەی ڕاسپارد هەتا لە نێوان ڕێگاوبانی فارسدا چەند چەپەرخانەیەکی دیکە دامەزرێنێ. حیساموسسەڵتەنە. لە خوراسان چەندێکی دیکەی دانان و هەروەها ڕێگای نێوان تاران و مازندەرانیش چەند چەپەرخانەیەکی لێ دامەزرا و هەتا ساڵی ١٨٩٢/١٣١٠ ژمارەی چەپەرخانەکانی دەوڵەتی بۆ ١٧٢ شوێن هەوراز چوون.

بەڕێوەبردنی پۆستخانە هەتا ساڵی ١٨٧٣/١٢٩٠ لە ئەستۆی وەزارەتی ڕێگاوبان بوو. لەو ساڵەوە پۆستخانە و وەزارەتی نامە تایبەتەکان ئەسپاردەی دەستی میرزا عەلیخانی ئەمینولمولک (ئەمینوددەولەی دواتر) کرا و وەکوو لە بەشەکانی پێشووتردا باسی کرا ئەمینولمولک کاروباری پۆستی ئێرانی دایە دەست شاندێکی ئۆتریشی (نەمساوی)؛ پاشان وردەوردە سوارەیەکی ڕێکوپێک لە نێوان تاران و تەوریز و جولفا و ڕەشت بۆ گواستنەوەی بەستەی پۆستی دامەزرێندران و دواتر ڕایەڵەی پۆست سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە.

داهاتی دەوڵەت لە گەیاندن و گواستنەوەی بار و بەستەی پۆستیدا هەمیشە وەکوو بڕێکی نەگۆڕ برابوویەوە و وا باو بوو کە میرچەپەر و ماوەیەک دواتر بەڵێندەری پۆست داهاتی ساڵانەی پۆستی کۆ دەکردەوە و بڕە پارەیەکی دیاریکراوی دەدایە دەوڵەت. وەکوو دیارە ساڵی ١٨٩٤/١٣١٢ کە میرزا موحسینخانی موعینولمولکی کوڕی ئەمینوددەولە لە جێی باوکی بەڕێوەبردنی کاروباری پۆستی خرایە سەر شانی، هەموو ساڵێک بڕی ١٠هەزار تمەنی دەدایە دەوڵەت. ساڵی ١٨٩٨/١٣١٦ مورتەزاقولیخانی سەنیعوددەولە بوو بە وەزیری پۆست و هەموو ساڵێک بڕی ٢٠هەزار تمەنی وەک داهات دەدایە خەزنەخانەی میری و ئەم بڕە پارەیە بەرەبەرە زیادی کرد و هەتا ساڵی ١٩٠٠/١٣١٨ گەیشتە ٦٠هەزار تمەن.

---

١- گەنجی شایان، سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە، بێرلین، ل ١٣١.

یەکەمین زنجیرەی تەمری پۆستی سالی ۱۸۷۰/۱۸٦۹ لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ناسرەددینشادا لە تاران چاپ کرا و تەمرکرانی نامە و پەستەی پۆستی لەو کاتەوە بوو بە باو. ئەم زنجیرە تەمرە پێکهاتبوو لە چوار پارچە تەمری یەکشایی و دووشایی و چوارشایی و هەشتشایی. ئەم تەمرانە دیمەنی «شێروخۆر»یان لەسەر نەخشێندرابوو. لە هەر چوار گۆشەدا نرخی تەمرەکە خۆی دەنواند و ئێستا پێی دەڵێن زنجیرەی تەمری باقری. زنجیرە تەمرێکی لێومشاری وەکوو زنجیرەی باقری لە پاریس چاپ کرابوو، بەڵام بە شێوەیەکی رەسمی نەخرایە بەر کار.[1]

تەلگرافیش یەکێک بوو لە سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت و ئەم داهاتەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەکوو پۆست دەدرا بە بەڵێندەران و وەکوو ئاشکرایە هەتا سەرەتاکانی شۆرشی مەشرووتە بەڕێوەبردن و بە ئیجارەهەڵگیرانی تەلگرافخانە کەتبوویە دەست بنەماڵەی عەلیقولیخانی موخبیرددەولە و کەسی پەیمانکار سالی ۲۰هەزار تمەنی دەدایە دەوڵەت. بەڵام هاوکات لەگەڵ شۆرشی مەشرووتە وەلیخانی سپادار تەلگرافی ئێرانی سالانە بە بڕی ۲۲۰هەزار تمەن بە ئیجارە گرت.

وەکوو پێشتر باسی کراوە، لە باکوور رووسەکان و لە باشوور ئینگلیسییەکان چاوەدێر بوون بە سەر رەوتی کاروباری تەلگرافدا و سالی ۱۸۸۸/۱۳۰٦ داهاتی دەوڵەت لە بابەت تەلگرافی نێوخۆ و دەرەوە سەرجەم بۆتە ۲۱۰/۲٤۸ قران.

*زەویوزاری حکوومەتی:* ملکوماشی تایبەتی دەوڵەت هەتا سەردەمی پادشایەتیی شاهەباسی یەکەمی سەفەوی هیچ سەرەوبەرەیەکی بۆ دیاری نەکرابوو؛ هەر بۆیە ئەم پادشایە فەرمانی دا هەتا زەویوزاری تایبەتی حکوومەتی بە رێکوپێکی لە نێو پەراوانێدا تۆمار بکرێن و بەشێکیان پێ تایبەت بدرێ. نادرشای ئەفشار گەلێک ملکوماشی تایبەت بە مزگەوت و خوێندنگا لەمێژینەکانی لە چنگ شێخ و مەلایان دەرکێشا و هەمووی خستتە سەر ملکوماشی تایبەتی دەوڵەت. ئاغامحەممەدخانی قاجاریش تێکرای ملکوماشی سەربزێوان و دژبەرانی خۆی دەخستە سەر ملکی دەوڵەت و هەتا زەمانی ناسرەددینشا بەرەبەرە ئەم زەویوزارانە پەرەیان گرت.

---

١- کاتالۆگی سالی ۱۹۲۱/۱۳٤٠ی تەمرەکانی ئێران، بڵاڤۆکی ئەنجومەنی تەمرناسیی ئێران.

هاوکات لەگەڵ بەربڵاوبوونەوەی ملکوماشی تایبەتی دەوڵەت، بەشێک لە پادشایانی قاجار دەستیان کرد بە فرۆشتنی زەوی‌وزاری حکوومەت یان باربووی کەسانێکیان کردن یان بە ئیجارەی چەند ساڵە دایانن بە ئیجارەداران و لە بەرووبوویان خواردن. بۆ وێنە ساڵی ١٢٠٤ی ک/١٨٨٦ی ز. ناسرەددین‌شا کە پێویستی بە پارە بوو، بەشێک لە ملکوماشی تایبەت بە دەوڵەتی فرۆشت. وەکوو دیارە درانی زەوی‌وزار بە خەڵک بە دوو شێوە ئەنجام دەدرا و لە ڕاستی‌دا دەوڵەت دەیهەویست هەر چۆنێک بێ ئەم شوێنانە بە سەر چۆڵەواری و تێداچووندا نەکەون، چونکە چاوەدێری نەکردنی دەوڵەت و کاربەدەستانی دارایی کارێکی وایان کردبوو کە بەرەبەرە ملکوماشی حکوومەت بەرەو بارێکی نالەبار چووبوون.

بەپێی یەکێک لەو شێوانەی کە باسی کرا پادشا قەباڵە و فەرمانێکی دەنووسی و دیارییەکی وەردەگرت و چەند ملکوماشێکی بە ناوی کەسانێک تۆمار دەکرد و لە ڕاستی‌دا شا خۆی بە خاوەنی سەرەکیی ملکوماشی دەوڵەت دەزانی. بۆ نموونە موزەففەرەددین‌شا شارۆچکەی «سیادەهەن»ی[١] سەر ڕێگای قەزوین ـ زەنجان و هەمەدانی کە ٢٠٠٠ خێزانی لێ دەژیا و خاوەنی ١٠ مزگەوت و ٨ گەرماو و ٤ کاروانسەرا و ٨٠ دووکان و پیتاکی ساڵانەی ٢هەزار تمەن ویشکەپووڵ و ١٠٠٠خالوار دەغڵودان و ٤٥٦ مەن[٢] کا بوو، لەبری خەرجی چایخانەی میری دایە ئەمین حەزرەتی ئابدارباشی.[٣]

بەگوێرەی شێوەی دووهەم، زەوی‌وزاری تایبەتی حکوومەتی بە ئیجارە دەدران کە هەتا ئێستاش کەم‌وزۆر باوە و ئیجارەداری زەوی‌وزاری حکوومەتی بێجگە لە ملکانەی دیاری‌کراوی میری، بڕێک پووڵ و هێندێک بەرهەمی وەکوو ئیجارەی ساڵانە دەدا بە دەوڵەت.

سکەخانە: هەروەک لە بەشی نۆیەم‌دا باسی‌کرا، سکەخانەی حکوومەتی لە سەرەتاکانی فەرمانڕەوایەتیی ناسرەددین‌شادا بە دەست محەممەدبرایمی ئەمینوسسولتانەوە بوو. لە ساڵی ١٣٠٠ کۆچی‌را بەڕێوەبردنی سکەخانە

---

١- تاکستانی ئێستا.

٢- مەن لە هەر سەردەم و ناوچەیەکدا جیاوازی لە کێشی‌دا پەیدا بووە، لێرەدا زیاتر مەبەست لە مەنێکە کە ٣ کیلۆیەک دەرچووە.و.

٣- گەنجی شایان، سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە، ل ١٣٩.

درایە دەست حاجی حەمەحەسەنی ئیسفەهانی. لەو ڕۆژگاریەدا داهاتی سکەخانەی حکوومەتی بریتی بوو لە ۲۵هەزار تمەن و ئەو کاتە بە بەشێک لە وەزارەتی دارایی دادەندرا.

پاش ئەوەی کە سالی ۱۳۰۷ی ک. ئینگلیسییەکان بانکی شاهانشاهیی ئێرانیان دامەزراند. سکەخانەی میری کەوتە ژێر چاوەدێریی ئەم بانکە و هەتا سالی ۱۳۱۲ی ک. ئەم شێوەیە درێژەی کێشا و دوای ئەوەی کە موزەففەرەددین‌شا جڵەوی حکوومەتی بە دەستەوە گرت. بەڕێوەبردنی کاروباری سکەخانە ئەسپاردەی وەزارەتی نێوخۆ کرا.

«ئینگیلس»ی بلژیکی لە سالی ۱۳۱۵ی ک/۱۸۹۷ی زایینی‌را بەڕێوەبردنی کاری سکەخانەی کەوتە سەر شانی و بەپێچەوانەی «نووز» و «پریم» کە هاونیشتمانی بوون. بەوپەڕی سەرراستی کاروباری سکەخانەی بەڕێوەبرد و یەکجار هەولی دا هەتا بە شێوەی ڕێکوپێک بکەوێتە گەڕ و چەتی تێنەکەوێ.

*کانگاکان:* ناسرەددین‌شا لە سەرەتای حکوومەتی خۆیدا بە مەبەستی دنەدانی دەولەمەندان و دەسمایەدارانی ئێرانی بۆ دەرهێنانی بەرهەمی کانگاکان. بڕیاری دا ئەگەر کەسێک کانگایەک بدۆزێتەوە. مافی ئەوەی هەیە هەتا ماوەی پێنج سال هیچ ئیجارەیەک نەدا بە دەولەت و هەموو داهاتەکە بۆ خۆی بێ و دوای پێنج سال کانگاکە بە سەروبەرەوە بدا بە دەولەت.

هەتا سالی ۱۳۰۰ی ک/۱۸۸۲ی ز. سەرجەم داهاتی کانگاکان بۆ دەولەت نیزیکەی ۱٤/۹۰۰ تمەن بووە و لەوی بەولاوە داهاتی دەولەت زیادی کردووە. بۆ وێنە ئیجارەی کانگاکانی بەردەپیرۆزەی ئێران کە بەپێی دابی سەردەم بە ئیجارە دەدرایە یەکێک لە پیاوماقوولانی بارگا یان یەکێک لە شازادەکان. سالی ۱۳۰۰ بڕی ۹هەزار تمەن بووە و لە سالی ۱۳۰۱را بەرەودوا هەلکشاوە بۆ ۱۸هەزار تمەن و عەلی‌قولی‌خانی موخبیروددەولەی وەزیری پەروەردە و کانگاکان و تەلگراف بۆتە ئیجارەداری. موخبیروددەولە دەستەیەک مەزن و ماقوول و دەولەمەندی لەگەل خۆی کردن بە شەریک و «هووتەم شیندلێر»ی بە بەرپرسی کاروباری کانگاکان دانا. بەلام چەند سالێک دواتر موخبیروددەولە و شەریکەکانی کە بۆ ماوەی ۱۵ سالان ئەم کانگایانەیان لە شا بە ئیجارە هەلگرتبوو. سالی بە ۱۰هەزار تمەن

دایاننەوە بە ئیجارە بە حاجی ئەبولقاسمی مەلیکوتتوجاری برای ئەمینوززەرب؛ کەچی داهاتی ساڵێکی کانگاکانی بەردەپیرۆزە نیزیکەی ٨٠هەزار تمەن بوو.

کانگاکانی بەردەخەڵووزی دەوروبەری تارانیش هەر بە دەمبڕ و ئیجارە دەدرانە دەست کەسانێک. بۆ نموونە وەزارەتی ڕێگاوبان پیتاکی ئەو کانگایانەی دا ساڵی بە ٣هەزار تمەن و وای بڕییەوە کە ئیجارەدار دەبێ بۆ هەر خاڵوارێک بەردەخەڵووز ١/٢٠ قران پیتاک وەربگرێ و هەر باری یەسترێک نیوقران و هەر باری وشترێک ٥/٦٠ قران پیتاکی پێوەبەسترا.[1]

*داهاتی پرکەپرکە:* گرینگترین سەرچاوەی داهاتی پرکەپرکەی دەوڵەت لە ڕێی درانی پاسپۆرتەوە بوو کە ساڵی ١٨٥١/١٢٦٨ی زایینی و لە سەردەمی سەرۆکوەزیرایەتیی ئەمیرکەبیرەوە بناغەی دانرا و بۆ یەکەمجار پسوولەی هاتوچۆ یان هەمان پاسپۆرت بۆ ڕووسیا لە زەمانی سەرۆکوەزیرایەتیی میرزا ئاقاخانی نووریدا بوو بە باو. کاربەدەستانی ڕووسیا پاش ئەوەی کە پسوولەی مانەوە ماوەی بە سەردەچوو، بڕێک پارەیان لەو ئێرانییانە وەردەگرت کە تووشی باروودۆخێکی ئاوا دەهاتن و جاری واش بوو هەڵیاندەپێچان و ئازاریشیان دەدان؛ هەر بۆیە بەپێی فەرمانی سەرۆکوەزیر نوێکرانەوەی بەرگەی هاتوچۆ و مانەوە لە خاکی ڕووسیا خرایە دەست نوێنەرانی سیاسیی ئێران لەو وڵاتەدا.

### وەزارەتی پەروەردە و تەلگراف و کانگاکان

ساڵی ١٨٨٢/١٣٠٠ ئەم وەزارەتخانەیە بریتی بوو لە: دارولفنوون ـ کە کۆمەڵێک مامۆستای ئێرانی و ئوورووپایی وانەیان تێدا دەگوت و ٢٦٢ قوتابی لێیان دەخوێند. لەگەڵ ئەنجومەنی پاراستنی تەندروستی و نەخۆشخانەی دەوڵەتی و قوتابخانەی حکوومەتیی تەورێز. بەڕێوەبردنی تەلگرافخانە لە تاران و شارستانان دەکەونە نێو جەغزی ئەم وەزارەتخانەیە و کانگاکانیش شیندلێر و نۆ کەسی دیکەی ئەم وەزارەتخانەیە بە سەریان ڕادەگەیشتن. وەزیری ئەم وەزارەتخانەیە لە ساڵی ١٣٠٠دا موخبیرولدەولە بوو کە بە سەر سێ بەشدا دابەش کرابوو.

---

١- گەنجی شایان، سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە، چاپی بێرلین، ل ١٤٢-١٤٣.

**وەزارەتی بڵاوکراوەکان و خانەی وەرگێڕانی تایبەت**

۱- خانــەی وەرگێــڕان و بڵاوکراوەکــان و بەشــی ڕۆژنامــەکان، بــۆ نموونــە ڕۆژنامەی «فەرهەنگ»ی بڵاوکراوەی ئیسفەهان.

۲- لیژنەی نووسینی نامەی دانیشوەرانی ناسری.[1]

۳- بەشــی پێڕاگەیشــتنی بــاغ و باغــات و کۆشــک و باڵەخانــە و کــەرێزەکانی دەوڵەتی.

ساڵی ۱۳۰۰ سەنیعوددەولە بە سەر ئەم وەزارەتخانەیە رادەگەیشت.

**وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی**

سەرۆکی ئەم وەزارەتخانەیە نەسیروددەولە و بریتی بوو لە سێ بەش:

۱- بازنەی وەزارەت پێکهاتبوو لە خودی وەزیر و بریکار و چەند قەڵەمدارێک.

۲- لیژنەی دادپرسی و لیژنەی ژمێریاری و لیژی پەرەپێدان.

۳- چەند لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە هەرێم و ناوچەکان کە دەکرێ وەکوو لقی ئەم وەزارەتخانەیە دابندرێن لە شارستانان.

**ئەنجومەنی بەرزی حکوومەتی**

لە بەشی نۆیەمدا باسی ئەنجومەنی بـەرزی حکوومـەتی یـان ئەنجومـەنی بارگـای بـەرز کـراوە. ئـەم ئەنجومەنـە پێکدەهات لـە وەزیـران و شـازادەکانی پلـە یەکـەم و مـەزنان و مـاقووڵان و بەروالـەت بـۆ پـرس و ڕاوێژ سـەبارەت بـە کۆمـەڵێک پرسـی گرینگـی وڵات و دەربڕینـی بیروبۆچـوون کۆدەبـووە. بـەڵام لـە نێـوەڕۆکدا تـەنیا فـەرمان و دەسـتووراتی ناسرەددینشـای ڕادەپەڕاند. بابەتـەکان لـە ئەنجومـەندا بـە شێوەیەک دەورووژێندران کە پادشا مەیلی لێ بوو پەسند بکرێن و ئەنجومـەن لـەم چوارچێوەیە نەدەترازا و دەبوو هەرچی بە دڵی شایە پەسندی بکا.

میـرزا عـەلیخانی ئەمینوددەولـە کـە لـە جەنگـەی دامەزرانـدنی ئەنجومەنەکـەدا سـەرناوی ئەمینولمولکی درابوویە و کارگێڕی نێوخۆی ئەنجومەنی ڕاوێژ بوو ئاوای نووسیوە:

---

۱- ئــــەم زانستنامــەیــــە بەســەرهــــاتی مــەزنەپیاوانــــی ئیسلامیــــی تێــــدا نووسراوە (۱۲۹۶-۱۳۲٤ی ک.ا.و).

«لەم قۆناخەدا پادشا[1] بە مەیلی خۆی لێبڕا هەتا ئەنجومەنی بەرز دامەزرێ. میرزا عەلیخانی ئەمینولمولکی کردە کارگێڕی ئەنجومەنەکە. ئەندامەکانی بریتی بوون لە وەزیرانی دەست بەکار و لێخراو و شازادە مەزنەکان. لەم ئەنجومەنەدا بە فەرمانی شا مێزێکی درێژووکە داندرا و قوماشی ماهووتی سەوزی بە سەر هەلکێشرا و چەندی پێویست بوو کورسیی لە دەوری چندرا هەتا ڕاوێژکاران پاڵیان لەسەر بدەنەوە. خودی پادشا تەشریفی هێنا و دامەزرانی ئەنجومەنی بەرزی ڕاگەیاند. لە دەسپێکدا فەرمایشتی میرانە بەراشکاوی دەستی پێکرد و فەرمووی ئێستا کە تەواوی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت لێرە کۆبوونەوە، ئێمە بڕوامان بە هەموو لایەکیان هەیە و هەمووان بە پیاوانی بەشەرەف و دەوڵەتخوا دەزانین. دەمانهەوێ کاروباری وڵات و دەوڵەت بەپێی وردبوونەوە و پەسندی ئەم کۆمەڵە پیاوە بخرێنە بواری جێبەجێ کران و پێویستە لە هەڵە و پەڵە بە دوور بێ و دەوڵەتخوازان پێکەوە لەسەری یەکدەنگ بن. ئێمە هەموو کاروبارێکی بەهەڵکەوت و بۆچوون و خەیاڵاتی خۆمان دەخەینە بەرچاوی ئەم ئەنجومەنە و دەبێ وەزیرەکان هەموو کاروبارێکی دژواری خۆیان لێرە بدرکێنن، دەبێ ئەو کەسانەش کە هیچ کار و ئەرکێک نەخراوەتە سەر شانیان و لێرەدا ئەندامن، بۆ چاکسازی و ڕێکوپێک کردنی کاران ئەوەی بە بیریاندا دێ بیڵێن. بەکورتی هەموو کاروبارێکی گرینگ و پڕ گرێوگۆڵی ئێران بۆ لێکوڵووسکران دەخرێتە بەردەمی ئەم کۆڕە. هیچ کارێکی گچکە و گەورە لە کەم و زۆرەوە بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی بەرز و پەسندکرانی مۆر ناکرێ.»

«ئەندامانی کۆڕەکە شوکرانەی پادشایان بژارد و کەوتنە پێداهەڵدانی چاکەی بیر و بۆچوونی خاوەنشکۆ و گوتیان بە ڕووڕاستی سەر وەبەر خزمەتی دێنن. لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا شا دەقێکی دایە دەست میرزا عەلیخانی ئەمینولمولک هەتا وەک چۆن لە نێو دەوڵەتانی دیکەشدا باوە، وەزیران و ئەندامانی تری ئەنجومەنەکە لەسەر ڕووڕاستی و دەوڵەتخوایی و بەرژەوەندخوازی و بێدەغەزی خۆیان سوێند بخۆن. ئەمینولمولک بەپێی ئەرکی سەر شانی خۆی چەند ڕستەیەکی کورتی نووسی کە دەبێ نۆکەرێکی بەراستی و بێدەهۆ پێبەندی بێ و قورئانی هێنا و هەمووی پێ سوێند دان. هەموو ئەندامانی کۆڕەکە وەکوو ئاوی سازگار و

---

١- مەبەست ناسرەددینشایە.

بەگیانخۆش سوێندیان خوارد و گۆیا هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا هەموو سوێندەکەیان بە گیانی کەوت. شا بڕوای بە پەیمانی ئەندامانی ئەنجومەنەکە ما و ڕۆژبەڕۆژ بابەتی تازەی بۆ بەڕێدەکردن و وای لێهات کە وەزیران و ئەندامانی دیکە بە حاڵەحاڵ پێرادەگەیشتن.»

«ئەنجومەنێکی دیکەیان پێکهێنا بە ناوی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە کە ئەویش هێندێک پرس و بابەتی تێدا وەبەرچاو هات. دەبوو ئاکامی توێژینەوە و وردبوونەوەی ئەم ئەنجومەنە بگەڕێتەوە بەرچاوی ئەنجومەنی بەرزی ڕاوێژ و ئەندامانی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەش هەر ئەندامی ئەنجومەنی بەرز بوون. ئەگەرچی کارەکان هێندێک بە ڕاستی و دروستی دەچوونە پێش، بەڵام وەزیرانی لەسەر کار وایان بە بەرژەوەند زانی کە زۆر لا لە ئەنجومەنی ڕاوێژ نەکەنەوە. گەشت و گەڕانەکانی پادشاش کە وای دەکرد ئەمینولمولک لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار نەبێ، هێز و بڕستی ئەنجومەنەکەی دابەزاند و وەک دڵخوازی شا بوو ئاکامی لێنەکەوتەوە.»[1]

ماوەیەک دواتر ئەمینولمولک پێشنیاری بە شا کرد هەتا ئەندامانی ئەنجومەنەکە گۆڕانیان بە سەردا بێ و بۆ وێنە کەسانێک بکەنە ئەندام کە کەمتر لە وەزیران و کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت گیرۆدەی کاروباران بن هەتا بەبێ ترس و تۆقین قامک لەسەر لەنگولۆری و گۆریی کاران دابنێن و ببنە بەرگێرەوەی گەندەڵکاریی وەزیران و نۆکەرانی شا. واتە کارمەندانی حکوومەت. شا ئەم پێشنیارەی قبووڵ کرد و هەروەک لە بەشی نۆیەمدا باسی کرا، ساڵی ۱۲۹۸/۱۸۸۰ی زایینی بەپێی فەرمانێک دەسەڵاتی ئەنجومەنەکەی بەرفرەوان کردەوە و نووسی کە هەرچی ئەم ئەنجومەنە پەسندی بکا، پادشا نایباتەوە پاش.

ناسرەددینشا لەبەرچاوی کۆمەڵێک پیاوی یەکەیەکە کە هەمیشە خۆیان بە نیشتمانخۆشەویستی و ڕووڕاستی و ئەمانەتدارییەوە هەڵدەکێشا، فەرمانەکەی دایە دەست ئەمینولمولک. بەڵام ئەو کەسانەی کە وەک ئەندامی ئەم ئەنجومەنە هەڵبژێردران، لەبری ئەوەی کە خۆیان بدەنە سەرنج و تێبینییەکانی ناسرەددینشا و لە بەرژەوەندیی نیشتمان بجووڵێنەوە. کەوتنە سەرکۆنەی ئەمینولمولک و گوتیان:

---

١- بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە، چاپی تاران.

«باشە ئەمە چ عزنێکە دەیگیری! هەر ئەوەندەی ماوە بماهێنی و بە گژ کورانی شا و وەزیرانی گەورەماندا بکا و خەلکێک لە خۆمان بکەینە دوژمن. لەم ولاتەدا کوا قسەی هەق و بەرژەوەندخوازانە جێ و ڕێیان هەیە؛ بۆ مەگین خودی شا نازانی کارەکان لە کوێ دەلەنگێن و کێ خەتابارە؟ دەیانهەوێ ئێمە بێنن و بمانکەنە پووشی بەر ڕۆژێ و کوتەکخۆری گارانی.»

«ئەمینولمولک گوتی: ئاخر هەر ئێوە نەبوون کە لە خزمەت پادشا و هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا هەناسەی ساردوو هەلدەکێشا و بۆ بەرژەوەندیی دەولەت دەچۆقێن و بە گیان و بە ماڵ و بە شەرەفتان بۆ گەشەی کاری نیشتمان ئامادەی لەخۆبووردوویی و جیهاد بوون؟ ئێستا کە شا هەتا ئێرە هاتووە، وەرن [پیاو بن] و ناهومێدی مەکەن. ئاوات و ئامانجی تایبەتی خۆتان وەلابنێن و بێغەلوغەش وەرنە مەیدان. ئەگەر دیتوو کە شا ڕازییە، دەستوو چاک لەو پەتە قایم بکەن و ئەم شان و شکۆیەی خۆتان بپارێزن. ناوێکی گەورە و ژیانێکی هەتاهەتایی بە بالاتان دەبڕێ و دەلێن ئەم چەند کەسە پالیان وەیەکدا و توانییان کاروباری ولاتی ئێران ڕێکوپێک بکەن و لە سایەی ئەمانەوەیە کە ئارێکی و پەرێشانی نەماوە. ئەگەر وا هات و شا دەسباری لەگەل نەگرتن و لە دەقی دەسخەتەکەی خۆی پاشەگەز بۆوە، مەیدەنە لانی بێهونەری و خۆهەلکێشان و لە لای شا زمانتان درێژ و رووتان سوور دەبێ.»

سەرەنجام ئەنجومەنی بالا بە کۆمەلێک ئەندامی تازەوە پێکهات و بە سەرۆکایەتیی ئەمینولمولک کاری خۆی دەست پێکرد و هەروەک ئەنجومەنی رابردوو بێنێوک و نێوەرۆک مایەوە و تەنیا ڕوالەتی پاراست و لە کردەوەدا خۆی لە هەر چەشنە کارێکی باش و بەجێ بۆ نیشتمان پاراست.

**وەزارەتی بەرزی دادوەری**

ئەم وەزارەتەش هەروەک ئەنجومەنی بەرزی ڕاوێژ ناوی هەبوو نێوکی نەبوو؛ چونکە وەکوو ئاشکرایە لە سەردەمی قاجاریشدا وەکوو ڕۆژگارانی ئێرانی پاش ئیسلام، بە دادی خەلک ڕاگەیشتن و سزادانی چەپەلکاران و دزان و بەگشتی پێداچوونەوە بە ئاکاری دزێو و ئالەباری تاوانباران یان بەپێی یاسای شەرعی ئیسلام ئەنجام دەدرا یان بەگوێرەی داب و نەریت و ڕێسای باو.

شەرع هەموو سکاڵا و داد و هاوار و پەیمانێکی وەکوو زەماوەند و تەڵاق و کڕین و فرۆشتنی لە خۆ دەگرت و چاوەدێر بوو بە سەر بەشێک لە تاوان و کار و کردەوەی پێچەوانەی شەریعەتدا. بەڕێوەبەر و کارپێکەری ئەم ڕێوشوێن و یاسایانە چینی پێشەوایانی دینی و مەزنەمەلاکان بوون. وەکوو دیارە ئەم توێژەش نەیتوانی خۆی لە گەندەڵی و کرمۆڵی بپارێزێ و کەموزۆر تێوەگلا و هەروەک چین و توێژەکانی دیکە مرۆی ناشیاو و خائین بە دین و گەڵ خۆیان تێخزاند و بە تەقلە بە یەکتر لێدان و پشتی یەکتر لە عەرزیدان و سازان لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی لەسەر تەختی دادپرسی پاڵیان دایەوە.

وەکوو ئاشکرایە داب و نەریتی کۆنباو کە زیاتر لە بازنەی کاروباری چەوت و دزێو و تاوانی قورسدا دەکرایە بنەمای دادوەری و پێداچوونەوە و سزادانی تاوانباران و چەوتەکاران. هەر لە کۆنەوە وەکوو شیرێکی تیژ و بەبرشت وابوو بە چنگ دەسەڵاتدارانی وڵاتەوە و هیچ کاتێک ڕێوشوێن و یاسای دیاریکراوی وەبەرچاوگیراو بۆ کارپێکران لەم بوارەدا نەخراوەتە بەردەستی حوکمداران و فەرمانڕەوایان و چۆنیەتیی حوکم و شێوەی بەڕێوەبردنی کەوتۆتە سەر تەوەرەی مەیل و ڕوانگە و بوغزاندن و نەبوغزاندنی کاربەدەستانی حکوومەتی. بۆ نموونە لە هەرێم یان ناوچەیەک حوکمدار بە دڵی خۆی دەجووڵایەوە و دەیتوانی دزێکی بەدەستوبرد یان مرۆکوژێکی دڵرەق بە لێدانی چەند قامچییەک سزا بدا و لە شوێنێکی دیکە حوکمڕان دەیتوانی دەستی کەسێک بپەڕێنێ یان گوێ و لووتی ببڕێ، کە لەبەر نەبوونی دزی کردبوو. جاری وا بووە کە قسەیەکی ڕەق یان ڕاشکاوانە توانیویەتی کەسی مەحکووم بە قەمچی لێدران تووشی کوژران بکا. چونکە لەپڕ جەنابی حوکمڕانی پایەبەرزی وا تووڕە کردووە کە دەرهەڵبووە و کار لە کار ترازاوە.

سکاڵای سەبارەت بە بواری پارێزرانی ماقی گشتی لە دادگای شەرعی و لە لای دادپرسی شەرع دەکەوتە بەر پێراگەیشتن و ئەم دادپرسانە بەگوێرەی ویستی پایەبەرزانی دەوڵەتی دادەندران. ئەگەر کەسێک یان کەسانێک نەیانتوانیبا بەپێی بەڵگە و شاهید داواکەی خۆیان بسەلمێنن، دادپرسی شەرعی یان هەمان مەلای هەڵبژاردەی حکوومەت سوێندی دێنایە ئارا و سوێندخواردنیش بەگوێرەی داب‌ودەستوورێکی تایبەت دەبوو لە لای دادپرس ئەنجام درابا. کەسانی دیندار و

باوەڕمەند هەرگیز سوێندی بەدرۆیان نەدەخوارد و لایان وابوو کە سوێندی بەدرۆ ماڵوێرانی و چارەڕەشی و تەنانەت دەردی موفاجاشی بە دواوەیە.

ئەو سزایانەی کە بە فەرمانی حوکمڕانان و والییان و بە دەستی جەللادان و غولامانی شیروەشێن ئەنجام دەدران، یەکجار زاڵمانە و دوور لە مرۆڤایەتی بوون. کوێرکردن، گوێ و لووت و سەربڕین، زگدڕین، بە زیندوویی لە ئاوی کوڵیودا کوڵاندن، شەمئاژن کردن و سەدان ئازار و ئەشکەنجەی نامرۆڤانە کە وەک سزا بۆ مەحکوومانی چارەڕەش وەبەرچاو دەگیران، نموویەکن لە دڵڕەقی و بێبەزەیی و خووی دڕندانەی ئەو کەسانەی ئاوا دەجووڵانەوە.[1]

خالی گرینگ لە بواری سزادانی خەڵکدا بە لای دەسەڵاتدارانەوە چۆنیەتی و شێوەی سزاکە بوو هەتا چەشنی تاوانەکە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە ڕووی هەڵە یان نەزانینەوە ورکەبەردێکی هاویشتبایە دڕۆشکە یان کەژاوەی پادشا یان شازادە و یان والی، لەڕێوە و بێسێودوو دەکوژرا.[2] بەڵام ئەگەر کەسێک بەئانقەست هاتبا و پیلانی دارشتبا و یەکێکی ئاسایی کوشتبا، دەیتوانی خوێنبایی بدا بە میراتگرانی یان بەرتیلێک بدا بە حوکمداری شوێنەکە و لە سزادران قوتار بێ

---

١- پیاوێکی بەتەمەنی هەمەدانی دەیگێڕایەوە کە ئیحتیشامودەولەی کوڕی «شەمیر ئەفخەم»ی حوکمڕانی ئەو شارە، بۆ سەیر و سوحبەت و دڵفەرێحی خۆی، فەرمانی دەدا کە سەری کەسێکی مەحکووم بە زەبری شمشێرێکی یەکجار تیژ بپەڕێنن و خێرایەکی کوتەئاسنێکی سوورەوەکراو دەخرایە سەر برینی کەسەی سەربڕاو و سەرەکەیان پێ گاو دەکردەوە و بەم شێوەیە دەمارەکانی یەکتریان دەگرتەوە و کەسەی چارەڕەش ماوەیەک دەکەوتە گیانەڵڵا و جەنابی بەرزەجی کەیفی بەم دیمەنە دەبزووت.

٢- ئەمینوددەولە لە بیرەوەرییە سیاسییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: «لە بەرەبەری سەفەری دووهەمجاری ناسرەددینشادا بۆ ئورووپا، ڕۆژێک کە پادشا دەچوو بۆ زیارەتی حەزرەتی عەبدولعەزیم (س.خ)، چەند سەربازێکی ئیسفەهانی لە مەودای ڕێگادا خۆیان گەیاندە کەژاوەی میری و سکاڵانامەیەکیان پێشکەش کرد. یەکێک لە خزمەتکاران وای تواند کە ئەم سەربازانە بەردیان گرتۆتە دڕۆشکەی پادشا. سەرەڕای تکا و پاڕانەوەی سەرۆکوەزیری سپاسالار، ناسرەددینشا دەستووری دا کە لەڕێوە پەت بخەنە ئەستۆی تاقمێک لەو لاوە بێتاوانانە و خنکاندیانن. چەند کاتەژمێرێک دواتر کە پادشا خاو بۆوە و بێتاوانیی ئەم سەربازانە ڕوون بۆوە، یەکجار پەشیمان بۆوە و وا بە خۆیدا شکایەوە و شەرم هەڵیگرت کە حاڵی شێوا و بە لەشبەباری لە پایتەختەوە ڕۆیی بۆ ئورووپا.» بڕ: ل ٦١-٦٢.

یان دەیتوانی پەنا بەرێتە بەر یەکێک لە مەزنەمەلاکان و نێوبژیوانی و خۆتێوەردانی مەلا و موفتی و پێچوونی زەمان کوڵوکۆ دامرکێنێ و لە مردن بیخەڵەسێنێ.

خوێنەرانی زیت و هێژا چاک دەزانن وەختایەک لە ژێر سایەی یاسا و لە حکوومەتی پارلمانیدا کە پەرە لە ئازادیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، دیسانیش هەزاران ڕێگا هەیە بۆ دووچاوەکیکردن و چەوساندنەوەی مرۆڤ، دیارە لە حکوومەتێکی پاوان و زاڵمانەی بێبەرگیرەوەی تاکەکەسیدا باروبۆخی دادخوازی و پێراگەیشتن بە دادی خەڵک چی بە سەر هاتووە.

لە کۆتاییدا پێویستە هەتا چاوێکی خێرا بگێڕین بە وەزارەتی بەرزی دادوەریدا و بزانین سالی ۱۳۰۰ی کۆچی/۱۸۸۲ی زایینی داروپەردووی چۆن بووە:

۱- بازنەی ناوەندی بریتی بووە لە وەزیر و ئەنجومەنی تایبەتی وەزیری دادوەری

۲- ئەنجومەنی بەرزی دیوانان یانی بالاترین ناوەندی کاروباری حقووقی و شەرعی

۳- ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە و سکاڵا و دراو

٤- ئەنجومەنی جینایات و بازرگانی

۵- ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و یەکدوو ئەنجومەنی دیکەش

موشیروددەولەی نائینی کە ماوەیەکی وەزیری دادوەری بوو، ئەوەندەی توانی هەولی دا هەتا ڕێوشوێن و بنەمای تازەی مەدەنی و باوی سەردەم بۆ چاککردنی دامودەزگای دادوەری ڕێک بخا. بەڵام نە پادشا بەو ڕێوشوێن و بنەمایانە ڕازی بوو، نە کۆمەڵی پیاوانی ئایینیش سەریان وەبەردێنا.

***

بەشی ١٦

# شارستانییەتی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا

## I
## بارودۆخی کۆمەڵایەتی

### کۆمەڵ

کۆمەڵی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا، سەرەڕای فەرهەنگ و شارستانییەتی لەمێژین و درەوشاوەی کۆنەسالی خۆی، کەموزۆر کۆمەڵێک بوو سەر بە سەدەکانی نێوەڕاست و بەشی هەرە زۆری بەو تانوپۆیەوە دەژیا. بە باری نەتەوەیی و دینیدا بیر و باوەڕی دەمارگرژانە خۆی لە ڕووح و ڕوانگەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵی ئێرانی هاڵاندبوو. ئادەمیزادی ئەم کۆمەڵگایە یەکجار توند و پتەو پێبەندی داب و نەریت و ڕێوشوێنی کۆنباوی نەتەوەیی و دینیی خۆیان بوون و بێگومان شێوەی ژیان و شارستانییەتی تازەی خۆراوایی کاری تێنەکردبوون.

بۆ ئەو کەسانەی کە دڵبەستەی خوێندنەوەی دیرۆکن، چونکە کۆمەڵی ئێرانی لە نێوەڕاستەکانی سەدەی دەهەمی کۆچیڕا توانیویەتی ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ ئورووپا دامەزرێنێ، سەلماندنی ئەم مەبەستە کە کۆمەڵی ئێمە نەکەوتۆتە ژێر باندۆری شارستانییەتی تازەی ئورووپایی هەتا ڕادەیەک دژوارە، بەڵام وردبوونەوە لەم خاڵانە پێویستە:

یەکەم: پەیوەندیی ئێران و ئورووپا لە سەدەکانی دەهەم و یازدەهەمی کۆچی یانی لە ڕۆژگاری پادشایەتیی سەفەوییەکاندا، تەنیا شێوەیەک پەیوەندیی کاتی و نێوەنێوە بووە و پتر بە مەبەستی گۆڕینەوەی نوێنەران و بۆ داندرانی ڕایەڵەی بازرگانی دارێژراوە و کۆمەڵی ئێرانی ڕاستەوخۆ نەکەوتۆتە نێو بەستێنی ئەم پەیوەندییانەوە.

دووهەم: حکوومەتی سەفەوی لەسەر ئەو هەڵویست و ڕێبازە بوو کە نەهێڵێ کۆمەڵی ئێرانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتانی بێگانە، بەتایبەت ئورووپاییەکان ڕێکبکەون و تێکەڵاو بن. ئەم حکوومەتە لە ڕێگای هێزتێزاندن و پەرەپێدانی مەزهەب و خۆ بە دینداری خەستوخۆڵ نواندن، دەمارگرژیی کۆمەڵی ئێرانی گەیاندە ئاستێک کە ئێرانی هەر نەک تەنیا خۆی لە تێکەڵاوبوون و ژیانی ئورووپایی دەپاراست، بەڵکوو کۆمەڵی مسوڵمانی دراوسێی خۆشی کە عوسمانی بوون، لەبەروەی لەسەر ڕێبازی سوننییایەتی دەڕۆیشتن بە دوژمنی خۆی دەزانین.[1]

کۆمەڵی ئێرانی لە مەودای نێوان دارمانی حکوومەتی سەفەوی و دامەزرانی پادشایەتیی قاجاران، هەر لەسەر هەمان تایبەتمەندیی ڕووحی و ئاکار و کرداری ڕۆژانەی خۆی مایەوە و کۆمەڵی سەردەمی قاجاریش ئەو میراتەی بۆ بەجێما و لێی کلا نەبوو. ئەم کۆمەڵە پێش هەموو شتێک و جودا لە دامەزرانی چین و توێژەکانی پیشەیی و کۆمەڵایەتی، بریتی بوو لە دوو چینی دیار و ئاشکرا یانی چینی دەسەڵاتدار و چینی ژێردەستە.

چینە دەسەڵاتدار و بانەدەستەکان بریتی بوون لە:

۱- دەوڵەت وێڕای تەواوی دامودەزگا و دامەزراوە و دەسەڵاتەکانی لە خودی کەسایەتیی پادشادا کۆکرابۆوە و دەوڵەت هەمان پادشا بوو. وەکوو لە بەشەکانی پێشوودا زۆرجاران باسمان کردووە، تەواوی کەسەکان و پیاوانی پێکهێنەری دەوڵەت لە قاوەچیی پادشا و فەڕاشی حکوومەتیڕا بگرە هەتا سەرۆکوەزیری وڵات، هەموویان بە نۆکەرانی پادشا ناودێر دەکران.

۲- پێشەوایانی دینی کە لە کۆنەوە توانیبوویان ببنە حوکمڕانی دڵ و هەناوی خەڵک. پێشەنگانی دینی لە پووشکەمەلا و مەلادێوە بگرە هەتا مەزنە مامۆستایانی پلە یەک، بە هەودایەکی یەکجار نەسپێن و چاک تەندراوی نادیوە پێکەوە بەستراببوونەوە و بە تەواوی هێز و توانای ڕووحی و دەروونیی خۆیانەوە، بە مەبەستی پاراستنی شان و شکۆ و بەرژەوەندیی خۆیان لە ڕێگای ئامانجی

---

۱- سەربووردەی دەرویشانی «تەبەررایی» و «تەوەللایی» لە سەردەمی سەفەوییەدا کە جیرەخۆری دەوڵەت بوون و ڕاسپێردرابوون هەتا ئاوری دووبەرەکایەتیی مەزهەبی بگەشێننەوە و بیر و باوەڕی پووچ و بێبنەما بخەنە نێو دەروونی خەڵکی ساوێلکە و دژی سوننیمەزهەبان تیژیان بکەن، بەسەرهاتێکی حاشاهەڵنەگرە.

هاوبەشدا هەوڵیان دەدا. دوو باڵی دەسەڵاتدار یانی دەوڵەت و پیشەگانی دینی، هەمیشە لەسەر بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات بە شێوەیەکی پەنامەکی و ئارام ملانەیان دەکرد و نەیاندەدرکاند. بەڵام هەموو جارێکیش هەر پیشەنگانی دینی سەرکەوتوو دەبوون، چونکە لە پلەی یەکەمدا توێژی مەلایان زۆر چاکیان پاڵ بە یەکترەوە دەدا و خاوەنی قازانج و ئامانجی هاوبەش بوون. لە پلەی دووهەمدا ئەم توێژە بە درێژاییی هەزار ساڵ زۆر چاک توانیبووی کە لە نێو دڵ و دەروونی خەڵکدا ریشە دابکوتێ. خەڵکی وڵات، بەتایبەت ئاپۆرە لەبەر بەرچاوتەسکیی مەزهەبی و باوەڕی پتەوی، خۆی بە شوێنکەوتەی شەریعەت و فەرمانەکانی [یەزدانی] دەزانی و بەگشتی بە دوای ویست و ئاواتی توێژی پیشەوایانی دینیدا هەنگاوی دەنا.

بەپێی خاڵی سێهەم بۆمان روون دەبێتەوە کە پیاوان و کەسانی پێکهێنەری دەوڵەت بەپێچەوانەی توێژی شێخ و مەلایان، بە باری دەروونیدا یەکتریان نەگرتۆتەوە و پێکەوە نەکولیون و هەموویان لە کاربەدەستانی پایەبەرزەوە بگرە هەتا کارمەندی هەرە بەرەژێر لە نێو جەغزی چینی خۆیاندا بە شوێن قازانجی دنیایی و پلە و پایەدا دەگەران و هەوڵیان دەدا کە لە بارگای میری نێزیک ببنەوە. کێشە و ملانەی نێوانیان لەسەر دەسەڵات هەرگیز رێی بۆ خۆش نەکردن کە بتوانن هێزێکی تۆکمەی یەکگرتوویان هەبێ هەتا بەرەورووی هێزی جێی سەرسوڕمانی پیشەنگانی دینی بوەستن.

جگە لەم دوو چینە، تێکرای جەماوەری دیکەی ئێران دەبێ بە چینی ژێردەستە دابندرێ. چونکە ئەوەی راستی بێ چینی باندەستە کێشەی ئەوەی بوو هەتا هەر چۆنی بۆی دەلوێ بناغەی دەسەڵاتی خۆی پتەو بکا و مل بە چینی خواردەستە و بێدەرەتان داببێنێ.[1] لەم هەرا و زۆرانبازییەدا دەوڵەت پشتئەستوور بوو بە

---

١- پیرەپیاوێکی قسەخۆشی ئیسفەهانی دەیگێڕاوە و دەیگوت ئەو دەمەی کە زیللوسسوڵتان حوکمرانی ئیسفەهان و لورستان و خووزستان بووە، ئاغانەجەفی مەجتەهیدیش لە ئیسفەهان دامودەزگایەک بۆ خۆی پێکەوە دەنێ و لە ئاست دەسەڵاتی زیللوسسوڵتاندا دەیکاتە ترانێن و خۆنواندن و وای لێ دێ کە ئەم دوو کوانووی دەسەڵاتە هەمیشە رقەیان دەبێ. وا هەڵدەکەوێ رۆژێک کابرایەکی بەرتاوانی ئیسفەهانی لە ترسی گیران پەنا دەباتە ماڵی ئاغانەجەفی و غولامانی حکوومەتی بۆ گرتنی لە ماڵی لالۆی موجتەهید نێزیک دەبنەوە و تەماشا دەکەن کۆمەڵە خەڵکێک لە دەوری ماڵەکەی کۆبوونەتەوە. ئەوانیش←

سەرەنیزە و هێزی چەکداری و توێژی مەلا و پێشەوایانی دینیش کە لە نێو خەڵکدا دەژیان و لە توخمی خودی خەڵک بوون بە چەکی خاوەنبڕشتی مەعنەویی خۆیان تێدەکەون و پەرۆی کوفریان دەخستە سەر شانی ئەوانەی بە دڵیان نەدەجووڵانەوە و ئەوەی لەم شەڕ و هەرایەدا تووشی خەساری دووسەرە دەبوو، هەر جەماوەری ژێردەستە بوو.

کابرایەکی بازرگان لە لایەکەوە دەبوو پێملی دانی باج و پیتاکی حکوومەت بێ و لە لایەکی دیکەوە پێویست بوو کە بەشی ئیمام و پێنجیەک و زەکاتی ماڵی خۆی بدا بە مەلایان. جەماوەر باج و پیتاکی بە نابەدڵی دەدا، بەڵام دانی بەشی ئیمام و پێنجیەک و زەکات و کاروباری سەر بە مەلایانی وەک ئەرکی شەرعی و دینی دادەنا و بە باشی دەیزانی ئەگەر بتوانێ بە فێڵوفرت خۆی لە دانی پیتاکی دەوڵەت بدزێتەوە، بەڵام خۆ ناتوانێ لە ڕێبازی دینی و ئەرکەکانی لابدا، چونکە بێتوو لەو ڕێچکەیەی لادابا لای خەڵک متمانەی پێنەدەکرا و تێدەشکا و سات و سەودای بۆ نەدەکرا؛ چونکە هەر ئەوەندە بەس بوو کە مەزنەمەلایەکی خاوەن بەرژەوەند گوتبای فیسارە بازرگان ئەرکی شەرعیی خۆی جێبەجێ ناکا، ئەو دەم کابرا لەرێوە سەری دەسووتا و لە پەروپۆ دەبۆوە.

وەکوو ئاشکرایە بیروباوەری مەزهەبی توانیبووی بە ناخی زۆربەی خەڵکی ئێراندا ڕۆبچێ و داب و نەریتی نەتەوەیی ئێرانی و تەنانەت جێژنە تایبەتەکانی وەکوو نەورۆزیش هەر بە دابودەستووری دینی دادەندران. بۆیە دەبێ کۆمەڵی ئێرانی سەردەمی قاجارەکان بە کۆمەڵێکی دینی دابندرێ. بنەمای ژیانی بنەماڵەی ئێرانی لەسەر تەوەرەی باوەری دینی دانرابوو. کڕین و فرۆشتن و پێکهاتن و قەراروبڕی و بەگشتی سەرلەبەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تەوەرەی ڕێوشوێن و حوکمی دینی هەڵدەسووڕان و چارەسەری گێرە و کێشەی خەڵک و پێراگەیشتن بە گەلێک گرێ و گرفتی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بڕشت و

---

بەناچاری دەگەڕێتەوە لای حەزرەتی خاوەنشکۆ و ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕنەوە. زیللوسسوڵتان بە ناسەرسەنگی پیاوێکی باوەڕپێکراوی خۆی دەنێرێتە لای ئاغا هەتا پێکەوە بیانسازێنێ. ئاغانەجەفی دەڵێ برۆ و بە شازادە بڵێ کە با پێ لە کلکی ئێمە نەنێ. زیللوسسوڵتان لە وڵامی ئاغادا لێی رادەسپێرێ و دەڵێ خۆ من بەو قسەیە رازیم، بەڵام وا باشە ئاغا ئەندازەیەک بۆ کلکی دابنێ، چونکە من پێ لە هەر جێگایەکدا دەنێم دەڵێن ئێرە کلکی ئاغایە.

دەسەڵاتی مەلایاندا خولیان دەدا. هیچ دادگایەکی شەرعی و یاسایی نەبوو هەتا بەرەورووی مەلایان بوەستێ و بەپێی هیچ ڕێسایەکیش سەروبەری دادگایەک پێکنەهاتبوو. لە کۆمەڵێکی ئەوتۆدا بمانهەوێ و نەمانهەوێ وەکوو ڕەوتێکی سروشتی دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەکەوێتە دەست چین و توێژێک کە بتوانێ گرێ و گرفتەکانی خەڵک چارەسەر بکا و لە ڕاستیدا بتوانێ پشت و پەنا و جێی هاوار و بانگی زۆرینەی جەماوەر بێ.

وەکوو ئاشکرایە و خاڵێکی جێگای سەرنجە، حکوومەتی پاوانخوازانە و ملهوڕانەی بێبەرگیرەوەی تاکەکەسی ئەوەندە خاڵی دزێو و ناپەسندی پێوە دیار بوو کە هەلی بۆ گەشەی مەلایان ڕەخساند و بنەوانی بۆ شێلان تاکوو بە باری رووحی و دەروونیدا بخزێنە نێو هەناوی کۆمەڵ. ئاکاری حکوومەتی ملهوڕانەی پادشایەک خەڵکی وەگیان هێنا و دەوڵەتی لە پێش چاوی جەماوەر خست و مرۆڤی بێدەرەتانی بەرەو لای پێشەوایانی دینی پەلکێش کرد. تەنینەوەی بڕشتی دەسەڵاتی مەلایان کارێکی وای کرد کە بێجگە لە ئاپۆرەی خەڵک، وەزیران و مەزنانی وڵاتیش بە مەبەستی پارێزران لە چنگ زەبری حکوومەتەکەی خۆیان کە خۆیان هەڵیاندەسووراند و کارگێری بوون، دەچوونە ژێر باڵی مەزنەمەلایەکی قسەڕۆیشتووی پایەبەرزەوە. هەر لەسەر ئەم پێودانە چەپەڵکارانی ئاساییش بە مەبەستی ڕاکردن لە چنگ سزادران پەنایان دەبردە بەر ماڵی موجتەهیدێک. بەم شێوەیە پێشەنگانی دینی تەنیا هێزی خۆڕاگر بوون لە بەرامبەر حکوومەتی دەسەڵاتداری وڵاتدا.

بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی کە باسی کرا و گوترا هێزی پێشەوایانی دینی ئەوەندە زۆر بوو کە دەیتوانی بەرەنگاری حکوومەتی بێبەرگیرەوەی پادشای قاجار ڕاوەستێ، گەلێک بەڵگەی مێژوویی بە دەستەوەن. ڕەنگە باشترین بەڵگە لەسەر ئەم قسەیە جووڵانەوەی مەشرووتەخوازی بێ کە لە بەشەکانی داهاتوودا پێتری شی دەکەینەوە. لێرەدا تەنیا نموونەیەک دێنینەوە بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە هێز و بڕشتی مەلایان هەتا کوێی بڕ کردووە و چۆن لە نێو کۆمەڵی ئەو سەردەمیدا دەوری گێڕاوە. وەکوو دیارە هەر بەرەنگاربوونەوەیەک لە حاند هێزی حکوومەتدا کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە زۆربەی خەڵکی لەگەڵ بێ و لەم بوارەدا مەلاکان وا بە ناخ و دەروونی خەڵکدا ڕۆچووبوون و هەوساری جەماوەریان وا

کەوتبوویە دەستی کە دەیانتوانی هەر چەشنە بزووتنەوەیەک بەرەو سەرکەوتن بەرن و بەبێ ئەوان هیچ نەدەکرا.

ئەو نموونەی قەرار بوو باسی بکەین لە زمان میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولەوە گێردراوەتەوە کە خۆی یەکێک بووە لە دەورگێڕە سیاسییە ناوبەدەرەوەکانی سەردەمی ناسری. ئەمینوددەولە باسی ئەوە دەکا کە پاوانی کڕین و فرۆشتنی تووتن دراوەتە شەریکەیەکی ئینگلیسی و پاش ئەم مەبەستە دەنگۆیەک بڵاو بۆتەوە و ئەویش گومانی لێ کردووە کە چۆن حاجی میرزا حەسەنی شیرازی[1] تووتن و تەمباکۆی حەرام کردووە و ئاوای نووسیوە:

«فتوایەک دراوەتە پاڵ حاجی میرزا حەسەنی شیرازی کە کێشانی جگەرە و قلیان و سەبیلە هەتا ڕۆژایەکی کە کاری «ڕێژی» درێژەی بێ و فرۆشتنی تووتن بە زۆرەملی بێ حەرامە و وەک شەڕ دژی ئیمام[ی زەمان] وایە. خەڵک کە چەند سالێک بوو لە دەرک و دیوان و دامودەزگای حکوومەتی و کارەکانی بێزار بوون، فتواکە لەڕێوە کاری لێ کردن و فتوای پووچ و بێبنەمای میرزای شیرازی بەبێ بەڵگەیەکی ڕوون قبووڵ کرا و بە فەرزی شەرعی دانرا و گوترا هەموو کەس پێویستە سەری وەبەربێنێ. وای لێهات کە بەجارێک لە تاران و تەواوی شار و ئاوەدانییەکانی ئێران سەبیلە و قلیان وەلانرا و تەرخ کرا. ئەوانەی کە لاسای خەڵکی ئورووپایان دەکردەوە، یانی لاوانی سەرسەریی سەردەمیش کە هیچ لایان لە ڕێوشوێنەکانی دینی نەدەکردەوە و بێبڕوا بوون، کەوتنە شوێن دینداران و خۆپارێزان و دەمیان لە جگەرە نەدا.»[2]

پاشان سەبارەت بە هەرا و هەڵڵای تاران و هارووژانی خەڵک دەدوێ و دەنووسێ:

بنکەی ژین

---

۱- «کۆمەڵێک پیاوی ئاقڵمەند کۆدەبنەوە و دەچنە خزمەت حاجی میرزا حەسەنی موجتەهیدی ئاشتیانی و دەڵێن فتوایەکی ئاوا چەندەی خەساری دیار و نەدیار بە دواوەیە، هەروەها زیان و زەرەدی ئەم کارەیان بۆ زانایانی دینیی ئیسفەهانیش نووسی و ڕوونیان کردەوە کە چی بە شوێنیدا دێ. پاش ئەم باسوخواسە خوداڵیخۆشبوو میرزای ئاشتیانی فتوای حەرامبوونی کێشانی تووتن و تەماکۆی نووسی و ئەم کارە بە ئەستۆی خوابەخشیو حاجی میرزا حەسەنی شیرازیدا هات.» بڕ: مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان، ل ۱۲.

۲- بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوددەولە، ل ۱۵۵.

«مەزنەوەزیریش بەندی جەرگ و دڵی پساوە و لە سووچ و قوژبنی قاوەخانە خزاوە و حەجمینی لێ هەڵگیراوە و بۆ چارەسەری تێماوە و پێیوایە حکوومەت کاری تەواوە؛ بەڵام سەرەنجام پرسیار و ڕاسپاردە پەیتاپەیتاکانی شا، وەزیری جەنگی[1] وەتەنگ هێنا. وەزیر لە جێی خۆی ڕاست بۆوە و یەکسەر ڕۆیی بۆ دیداری پادشا و بەوپەڕی ڕاشکاوی ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە. پاشان باوکی تاجداری خۆی ناچار کرد هەتا بە خەتی خۆی فەرمانی هەڵوەشانەوەی پاوانی تووتن بنووسێ و بە مۆری میرانەی بینەخشێنێ و بەرێی بکا بۆ بارگای شاهانەی میرزای ئاشتیانی[2] و دواتر فەرمانی شاهانە لەسەر مینبەری مزگەوتان بخوێندرێتەوە و لە تەل بدرێ بۆ هەموو ناوچە و هەرێمەکانی ئێران. ئەم کارە کرا و بژاردنی خوێنی کوژراوانی هەراکە کەوتە ئەستۆی حکوومەت. هەر ئەو فەقێ و سەیدە ساختەچی و گەندەڵانەی دانی بەپانی بە زەبری زۆر و شین و هەرا دووکان و بازاڕیان بە خەڵک دادەخست، لێیاندا لە تەپڵی سەرکەوتن و کامرانیی. زانایانی بەرزەجێ هەرکام لە گۆشەیەکەوە چوونە سەر کەڵی مینبەران و سەبیلە و قلیانی حەرامیان بۆ خەڵک حەڵاڵ کردەوە. شاری شێواو هێور بۆوە و کار بە کاوی دڵی ئاغایان سەری گرت.»

«بۆ ڕۆژی دواتر پادشا بە برینی خۆی زانی. بەڵام بێهوودە بوو، چونکە تیر ترازابوو لە کەوان و هەوساری کار لە دەست دەرچووبوو. ویستی قەرەبووی بکاتەوە. بەڵام هەرچی کردی لە پێش چاوی خەڵک بە قازانجی مەلایان و بە زەرەدی پادشایەتی شکایەوە. بۆ وێنە کۆنت دو مۆنت فۆرێت سەرکردایەتیی پۆلیسی لێ ئەستێندرایەوە. هەموو کەس گوتی لە ترسی مەلایانە. باسی نەمانی غەدر و دەسدرێژیی کاربەدەستان و پتەو کردن و ڕێکخستنی ڕێوشوێنی دادپەروەری و دیوانی دادوەری دەکرا و جەختی لەسەر دەکرایەوە، دەیانگوت لەبەر مەلایانە. بەڵام خۆیان دەیانگوت نەخێر وا نییە! پادشا لە ڕووی وەزیراندا لەبەر ڕووداوەکانی ئەم چەندە ڕۆژەی دژی دەسەڵات و پێهەڵچوون و تەنینەوەی برشتی مەلاکان هاواری دەکرد و دەیگوت خەڵک بوونە شوێنکەوتەیان.»

---

١- مەبەست شازادە کامرانمیرزایە.

٢- ئەو کەسەی فتوای حەرامبوونی دا حاجی میرزا حەسەنی موجتەهیدی ئاشتیانی بوو، بەڵام کارەکەیان بە ئەستۆی میرزای شیرازیدا هێنا کە دانیشتووی سامەڕا بوو لە عێراقی عەرەب.

## پەروەردەبوون و ڕەوشتی کۆمەڵ

ئەگەر لایەنی تەنگەبیرانە و بەرچاوتەسکانەی زۆربەی مەلاکان و بانگەشەی پڕوپووچ و دەستاودراوە بە خورافاتیان لە نێو خەڵکدا بخەینە لاوە، بەگشتی دەبێ ئەم ڕاستییە بسەلمێنین کە پاکی و پاراویی ئاکار و هەڵسوکەوتی هەمووانی و گەلێک کردەوەی جێیپەسندی دیکە لە نێو زۆرینەی خەڵکدا ئاکامی ڕاستەوخۆی ڕیشەداکوتانی باوەڕی دینی و قوتابخانەی تایبەتی مەشق و ڕاهێنان و پەروەردەبوونی دینی بووە.

پەروەردەکران لە نێو بنەماڵەدا لەسەر تەوەرەی ڕەچاوکرانی داب‌ودەستوور و ڕێوشوێنی دینی خولی داوە و خواپەرستی و پاراستنی پاکی و بەناموسی و دوورکەوتنەوە لە کاروباری ناشیاوی وەکوو شەرابخوری و قومار و زیناح و بەگشتی ئامانجی ڕاهێنانی منداڵ لە نێو بنەماڵەدا بۆیە بووە کە کوڕوکاڵان و گەنجان تووشی هەڵدێرانی ڕەوشت نەبن. بۆ پارێزرانی کۆمەڵ، دایکان و باوکان هەر ئەوەندەی کوڕانیان شەیتانیان پێدەکەنی و خۆیان دادەڕشت. خێرایەکی ژنیان بۆ دێنان و پاش ئەوەی کچانیش بەپێی نەریتی شەرعی خۆیان دەناسی، لە تەمەنی نۆ ساڵیڕا بەرەوسەر بە شوویان دەدان و لە ڕاستی‌دا هەر دایک و باوکێک بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانی کە پێویستییەکانی زەماوەندی حەولادەکانی خۆی دابین بکا. ڕەنگە بکرێ بڵێین کە یەکێک لە باشترین ئاواتەکانی هەر بنەماڵەیەک دابین‌کردنی پێداویستییەکانی زەماوەندی کوڕان و کچانی خۆی بووە.

ژن لە ماڵەوەدا دەژیا و کەمتاکورتێک نەبێ دەر و ژووری نەدەکرد و پەیوەندییەکی بە دەرەوەی چوارچێوەی بنەماڵەوە نەبوو. پیاوان بەگشتی لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە ژن دەبێ یەکسەر و بێ‌لام‌وجووم بەرفەرمانی مێردی خۆی بێ؛ بەم پێیە کیژیان لە ماڵەوەدا وا ڕادێنا کە ئەگەر مێردی دەکرد و سەری بە ماڵی شووی‌دا دەکرد لە ئاست کەسایەتیی شووەکەی کەسایەتیی خۆی لە بیر بچێتەوە و زاوزێ و بەخێوکردن و پەروەراندنی منداڵ بە ئەرکی سروشتی و دینیی خۆی بزانی. لە ڕوانگەی پیاوانەوە ئەگەر ژنێک بەری بە دووگیانیی خۆی گرتبا و نەیهێشتبا منداڵی وەزگی بکەوێ بە سەر تاوانێکی گەورە و دژی دینی‌دا دەکەوت و کارەکە بە حەرام دادەندرا. جا چونکە زۆربەی خەڵک لایان وابوو سەری بێ‌ڕۆزی

لە بن گڵدایە و خودا ڕسقی هەموو کەس دەدا. زۆرینەی بنەماڵەکان منداڵێکی زۆریان دەخستەوە و ئەگەر ئەو سەردەمە پاراستنی تەندروستی و پاکوخاوێنی دابین و مسۆگەر بووبا، ڕێژەی جەماوەری ئێران لە ماوەی سەدەیەکدا دەبوو بە سێ هێندە.

لە دەرەوەی جەغزی ماڵ و بنەماڵەدا، هەڵسووران و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی تەنیا تایبەت بوو بە پیاوان و ژنان تێیدا بەشدار نەبوون. ژن تەنیا دەیتوانی بەشداری کارێک بێ کە لە ماڵەوە یان دەرەوەدا بێوەنەبێ پێویست بوو بیکا؛ بۆ وێنە حەمامچییەتی و کیسەکێشیی گەرماوی ژنان، ئارایشتگەری و تاسولووسدانی ژنان، کەڵەشاخگرتن لە ژنان و کچان و مێرمنداڵان، مامانی، نەخۆشەوانیی ژنان، دایانی، قەرەواشی و ئیشی لەم چەشنە.

قوتابخانەی پەروەردەکران دوای بنەماڵە بریتی بوو لە مزگەوت و کۆڕی وتاردانی مەلا. مزگەوت هەم ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و شوێنی ئاشنابوونی خەڵک بوو لەگەڵ یەکتر و هەم کوانووی داگیرساوی فێربوونی ڕێ و ڕەوشتی دین و ژیانیش بوو. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم قوتابخانە گەورەیە توانیبووی بە ناخی بیر و باوەری خەڵکدا ڕۆبچێ و ڕێپێشاندەریان بێ و زۆربەی گەلی ئێرانی خستبوویە ژێر باندۆری خۆی. باوکان و دایکان سەرەڕای ئەوەی کە خۆشیان کوتانی ڕێبازی دینیان دەکرد پێشەیان و بایەخیان پێدەدا و بۆ نوێژ و بیستنی خوتبەی مەلا و مامۆستایانی دینی دەچوونە مزگەوتان. کورانی خۆشیان لە تەمەنی پێنج ساڵیڕا بەرەوسەر لەگەڵ خۆیان دەبردن بۆ مزگەوت و وەکوو ئاشکرایە لە هەر مزگەوتێکدا چیغیان ڕادەنگاوت یان پەردەیان دەگرتەوە و بەشێکیان دادەبڕی بۆ کچان و ژنان. لەم قوتابخانەیەدا کە دەکری بە ئاقە قوتابخانەی ڕاهێنان و پەروەردەکرانی هەمووانی و کۆمەڵایەتی دابندرێ، خەڵک لەگەڵ داب‌ودەستوور و ڕێوشوێن و حەدیس و سەربووردەکانی دینی و مەزهەبی ئاشنا دەبوون. بەختەوەرانە لە نێو پێشنوێژان و مامۆستایانی مزگەوتاندا کەسانێکی بەرچاوڕوون و ڕووناکبیریش هەبوون کە لە کاکڵی خوتبە و وتارەکانیاندا ڕێوشوێنی ئاکار و کرداری باش و بەجێ و ڕوانگەی چاک و سەقامگرتوویان برەو پێدەدا.

وەکوو ئاشکرایە مەشق و ڕاهێنانی تایبەت یانی خوێندنی فارسی و قورئان و شەرع دەکەوتە ئەستۆی قوتابخانان کە ئەم کارەش لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران ئەرکی مەلایان بوو. بەم شێوەیە بواری پەروەردەکران و فەرهەنگی کۆمەڵی ئێرانی کەموزۆر و بە چەشنێکی دەربەست کەوتبوویە ژێر ڕکێفی چینی خاوەنبڕشت و قسەڕۆیشتووی مەلایان. بەڵام فێربوونی وانەی فارسی هەم بە باری چۆنیەتی و هەم بە لانی چەندییەتیدا یەکجار بەرتەسک بوو. شازادەکان و مەزنزادەکان زۆربەیان نەدەچوونە قوتابخانە و مامۆستای تایبەتیان بۆ دەگیرا و وەک باو بوو مامۆستایان بۆ دەبردنەماڵەوە. لە نێو ئەم چینەشدا کەسانێک هەبوون کە لەگەڵ بەشێک زانستی بەدەر لە دینیش ئاشنا دەبوون و دەیانخوێندن.

ئەگەر بێتوو تێمان و چەقبەستوویی فکری لە کۆمەڵی ئێرانی ئەو سەردەمەدا وەلابنێین، دەبێ پێی لێ بنێین کە زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە خاوەن ئاکاری شیاو و لە بەردڵان بوون و ڕەوشتی ناڵەبار و چەپەڵ ڕووی تێنەکردوون. هەستی کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەز و هاوکاری و هاودردی لە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا گەیبوویە ئەوپەڕی خۆی و بەزەیی و جوامێری و جووڵانەوەی بەویژدان و دەسگیرۆیی هەژاران و ڕاگەیشتن بە ماڵوحاڵی داماوان و چاکەکاری، زۆربەی جەماوەری گرتبۆوە. هیچ ئێرانییەکی مسوڵمان نەدەکەوتە نێو داوی کڕین و فرۆشتنی مەی و کار و کاسپیی حەرام و بە ڕێگای ئارەوادا نەدەکەوتە شوێن پەیداکردنی بەرێچوونی ژیان. ئەم جۆرە کارانە تایبەت بوون بە جوولەکە و ئەرمەنی و ئاسۆرییەکانی ئێران کە بەشێکی هەرە بچووک بوون لە کۆمەڵی ئێرانی. تەنیا کارێکی نارەوا کە ئەو سەردەمە لە نێو زۆربەی کۆمەڵدا برەوی هەبوو و ئەمڕۆش هەر برەوی هەیە، دەرۆزەکەری بوو. زۆر هەڵدەکەوت کە دەرۆزکەران بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆزی خەڵکی ساکار و بێگرێوگۆڵ جلوبەرگی سەیدانە و مەلایانەیان دەپۆشی و ئەوەندە لە مزگەوتان بە پاوە دەوەستان و شێلگیر دەبوون کە مەلا یا سەردوولکەبێژ و شینگێڕی ئیمامان لە مزگەوتان وایان لێ دەهات وەدەنگ بێن و خەڵک تێن بدەن بۆ یاریدەدانیان. خاڵی جێگەی سەرنج لەم ڕەوتەدا بە شەرم و شووریی دانانی دەرۆزەگەرییە لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە، بەتایبەت لە لایەن کاسپکاران و سەنعەتگەرانەوە. خەڵک ئەگەرچی بەپێی هەست و سۆزی دینی

یاریدەی مەلا و سەیدی سوالکەریان دەدا، بەڵام دیسانیش کارەکەیان بە کارێکی دزێو دادەنا.

بوونی هەستی هەرەوەز و هاوکاریی گەرموگوڕ و برایانە لە نێو خەڵکدا کارێکی وای کردبوو کە لە حکوومەتی دڕ و نەگونجاوی ملهوڕانەی قاجار و لە ڕۆژگارێکدا کە هیچ چەشنە دامەزراوە و ڕێکخستنێک بۆ قازانج و بەرژەوەندیی گشتی و بۆ تیماری دەرد و ژانەکانی کۆمەڵایەتی و گیروگرفتەکانی ڕۆژانەی خەڵک نەبوون، جەماوەر خۆیان باسکی هیممەتیان هەڵدەماڵی و دەچوونە هانای یەکتر و لەپێناو پاراستنی گیان و ماڵ و ناموسی یەکتردا بەگەرمی هەوڵیان دەدا. لە ڕاستیدا بەبێ حکوومەتێکی گەلسالار کە لەسەر بنەمای سپاردنی کار بە دەست خودی خەڵک هەڵدەسووڕێ، کۆمەڵی ئێرانی لە سەردەمی قاجاراندا خۆی ئەم خاڵەی جێبەجێ دەکرد و چونکە هیچ ناوەندێکی باوەڕپێکراوی دادوەری نەبوو هەتا بە داوا و سکاڵای خەڵک ڕابگا، گێرە و کێشەی کۆمەڵایەتی و هەرای نێو ژن و مێردان و بنەماڵان بە دەست پێشەوایانی دینی یان جاری وابوو بە کەیخودایەتیی کەلەپیاوان و ڕیشچەرمگانی شار و گوند و گەڕەکان چارەسەر دەکران.

هەستی بڕواپێکی لە نێو خەڵکدا هێندەی تەشەنە کردبوو کە سەودا و مامەڵەی گەورە و گچکە بە قەرار و بڕیاری زمانی و زارەکی دەکران. ئەگەر کەسێک دەیهەویست بڕوا بۆ زیارەتی نەجەف و کەربەلا و مەشهەد، خانە و لانە و خاوخێزانی خۆی ئەسپاردەی دەستی دراوسێ یان کەسێکی هاوگەڕەکی دەکرد. ئەم سەرپەرستی و ئاگاداری لێکردنە بەوپەڕی پاکی و ڕووڕاستی ئەنجام دەدرا و زۆر بەهەڵکەوت بڕوا بە خەڵک بوون نابەجێ دەردەچوو.[1]

**بیروباوەڕی گشتی**

وەکوو باسمان کرد زۆربەی جەماوەری ئێران، یانی نیزیکەی سەتی ٩٧ی نەخوێندەوار بوون و جگە لەوانەی کە لەگەڵ زانستی تازە و شارستانییەتی خۆراوا

---

١- وەک هێندێک لە پیرەپیاوان دەگێڕنەوە لە نێو چینی مەلایاندا، هی وا هەبوون کە کیسیان لە بڕواپێکردنی خەڵک هێناوە و کاری چەپەڵ و بێشەرعی و بێویژدانانەیان کردووە.

ئاشنا ببوون، خوێندەوارەکانی دیکەش هەر دەیانزانی بنووسن و بخوێننەوە و حیسابان لێکبدەنەوە. ئەم کۆمەڵە خەڵکە هەر کە دەچوونە قوتابخانە فێری خوێندنی قورئان و شەرع دەکران و سەرجەم هیچ ڕێگایەکی پەروەردە بوون و گەشەی فکری بۆ زۆربەی کۆمەڵ وەبەرچاو نەدەهات. دنیای ئەم زۆربەیە شوورەیەکی سەخت و پتەوی بە دەورەیدا کشابوو کە بناغەی لەسەر بیروباوەڕی گشتی دارێژرابوو. ئەم بیروباوەڕانە دەکرێ بکرێنە سێ بەش کە بریتین لە:

١- چاکەکاری و خۆ پاراستن لە چەوتەکاری و کردەوەی ناڕەوا و حەرام. یانی بەگشتی بوارێکی باش و لەبار بۆ پەروەردینی ئاکار و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵ لە ئارادا بوو.

٢- کۆمەڵێک بیروباوەڕی پووچ و خورافات و خەیاڵات بە هەوێنی مەزهەبی دەستاودرابوونەوە و یەکجار قووڵ پنجیان داکوتابوو و ئەگەر کەسێک دژیان ڕاوەستابا و بەرپەرچی دابانەوە، دەکەوتە بەر شەپۆلی تووک و نزا و لادینی لە چارەی دەنووسرا. گەلێک مەلا و لایەنگرانی کۆنەپەرستی لەپێناو بانگەشە و ڕۆچوونی ئەم باوەڕانە لە نێو ڕیزەکانی جەماوەردا هەوڵیان دەدا هەتا ئاوا بتوانن دەسەڵاتی مەعنەویی خۆیان لە نێو کۆمەڵدا بپارێزن. نووسینی دوعا لەسەر هێلکە و هەڵاوەسینی نوشتەی چاووزار بە گەردنی منداڵانەوە و کاری دیکەی لەم چەشنە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی وزەی دەروون بوون.[1]

٣- خورافات و پووچپەرستی تایبەتی کۆمەڵانی دواکەوتووی نەزانە و لە نێو زۆربەی کۆمەڵانی سەر ڕووی زەویدا بە شێوەگەلی چەشناوچەشن برەوی بووە. لە نێو کۆمەڵی ئێرانیشدا ئەم باوەڕە لە شێوەی جنۆکە و پەری و جادووبازیدا خۆی نواندووە و هەر جارەی لەسەر ڕەنگ و ڕواڵەتێک تەشەنەی کردووە. پشیلەی ڕەش جندۆکەیە؛ نابێ ڕۆژانی شەممە و چوارشەممە سەری نەخۆش بدرێ؛ نابێ شەوانە نینۆکی دەستوپێ بکرێ؛ دەبێ پیوازێک بە سەری شیشێکی ئاسنەوە بکرێ و لە لای سەری ژنی زەیستان دابندرێ هەتا ئاڵ نەیبا. وەکوو دیارە سەدان

---

١- هێندێک دەیانگوت، دەوڵەمەندان ناچنە بەهەشت و هەر مسوڵمانێک جلوبەرگ و جەستەی زیندەوارێکی وەکوو ئەسپێی تێدا نەبێ ناچێتە بەهەشت. خوێنەرەوەی هێژا خۆی لێکیبداتەوە کە باندۆری نەفامانەی ئەم چەشنە بیروباوەڕانە لە نێو زۆربەی خەڵکدا چۆنی ڕەنگ داوەتەوە.

بیروباوەڕی دیکەی ئاواش لە نێو زۆربەی خەڵکدا برەوی بوو؛ بەڵام باوەڕی دینی کە ببوو بە تەوەرەی سەرەکیی پەروەردەکرانی کۆمەڵ بەگشتی، توانیبووی گەشە بە ویژدانی خەڵک بدا و هەستی هاوکاری و هەرەوەزییان لە نێودا ببزوێنێ و تەواو ببوو بە بەرگێرەوەی مرۆڤ لە چوون بۆ لای سووچ و تاوان و چەپەڵکاری؛ چونکە بێجگە لە قوتابخانەی دین هیچ قوتابخانەیەکی دیکە نەبوو کە ڕەوشتی مرۆڤی تێدا پەروەردە بکرێ. بەشێک لەم باوەڕانە وەکوو ڕێوشوێنی مەزهەبی لە کۆمەڵدا برەوی بووە کە گرینگترینیان بریتی بوون لە شین و چەمەریگێران و سەردوولکەبێژی و لەخۆدان و سینگکوتان لە ڕۆژانی مانگی محەڕڕەم و چەند ڕۆژێکی دیکەی ساڵدا، بۆ وێنە ١٩ تا ٢٢ی مانگی ڕۆژووان و ٢٨ی مانگی سەفەر و چەند هەلکەوتێکی دیکەش. بیرەوەریی تاڵ و ناخۆشی شەهیدبوون و گیانفیداکردنی پیاوانەی حوسێنی کوڕی عەلی(س.خ)، ئیمامی سێهەمی شیعەکان لە کەربەلا وا چووبوویە نێو دڵ و دەروونی کۆمەڵی ئێرانی کە خەڵکی دێ و شار و پیر و لاو و ژن و پیاو و هەژار و دەوڵەمەند و تەنانەت پادشاهانی سەردەمیش دەبوونە بەشداری تازیەگێرانی مانگی محەڕڕەم.[1] هەر لەم ئازیەتبارییەدا بوو کە

---

١- لە دە ڕۆژەی یەکەمی مانگی محەڕڕەمی هەموو ساڵێکدا پادشایانی قاجار دەستووریان دەدا کە پێویستە لە تەکیەی حکوومەتدا ڕێوڕەسمی لەخۆدان و شینگێران و سەردوولکەبێژی ئەنجام بدرێ و شا بەشداری یەک یان دوو کۆڕێکی ئاوا دەبوو. جێگایەکی تایبەتیش بۆ ژنانی حەرەمخانەی شا لە تەکیەدا وەبەرچاو دەگیرا هەتا ئەوانیش بەشدار بن. پیرەپیاوێک نەقڵی یەکێک لەو کۆبوونەوانەی دەگێڕاوە و دەیگوت ئەوەی ڕاستی بێ ناسرەددینشا خێرا دڵی پڕ دەبوو و گریانی پێخۆش بوو. جارێکیان کە وێدەچێ «عاشـــوورا» بـــووبێ، لـــە تەکیـــەدا دەبێتـــە تازیـــەداری و چەمـــەریگێران و خـــودی ناسرەددینشاش بەشدار دەبێ. لە سەعات ١٠ی بەیانییەوە هەتا نوێژی نیوەڕۆ هەرچی شینگێرەکان و سەردوولکەبێژان دەچنە سەر مینبەران و لە خۆیان دەنووسێن، شا فرمێسکی بە چاویدا نایەتە خوار. شا گریانی دە ئەوکی دەگیرێ، بەڵام هەرچی دەکا و دەکرینێ ناتوانێ لە پرمەی گریان بدا و زۆری پێوە وەڕەز دەبێ. سەرۆکوەزیر و مەحرەمان و نێزیکانی شا دەکەونە بیری دۆزینەوەی چارەیەک و هەر شینگێرێکی پێیان شک دێ دەیهێنن و دەیخەنە سەر مینبەر، بەڵام هیچ بە هیچ ناکەن. وای لێ دێ کە لەوپەڕی ناهومێدیدا شینگێرێکی هێندێک گەنج و تازەکاری شڕ و شپریو دەدۆزنەوە و پێی دەڵێن حاڵەکە چۆنە. سەردوولکەبێژی لاوی هاڵۆزکاوی شێواو ڕاست لەو کاتەدا کە هێندەی نەمابوو پادشا لەبەر تووڕەیی دەرهەڵێ و دەنگی بانگی نیوەڕۆ لە منارەی←

هاودڵی و یەکگرتوویی زۆربەی کۆمەڵی ئێرانی بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی دەنواند و ئاوا قیمەتی قوتابخانەی مەزهەبی ڕەنگی دەدایەوە.

## کۆمەڵانی کاسپکاران و پیشەوەران

ئەو چینەی کە ئێمە لە حاند چینی دەسەڵاتداردا بە چینی ژێردەستەمان دانا و بریتی بوو لە زۆربەی کۆمەڵی ئێرانی، لە نێو جەغزی خۆیدا پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک دەستە و پیشەوەر و کاسپکاری دیاریکراو. بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەستەکە دەبێ لە سەرەتادا ئاگادار بین کە دابەشینی کۆمەڵ بە سەر کۆمەڵێک تاقم و دەستەدا تایبەتی کۆمەڵانی شارنشین بووە و لە هەنگاوی یەکەمدا سەرلەبەری چینی ژێردەستە بریتی بووە لە دوو تاقمی جیاوازی دێنشین و شارنشین.

کۆمەڵانی دێنشین کە لەگەڵ کۆی جەماوەری هۆزان و خێڵان، نیزیکەی سەتی ۷۰ی دانیشتووانی ئێران بوون، لە هەلومەرجێکی تایبەتی نیمچەکۆیلەیەتیدا دەژیان کە سیستمی زاڵمانەی ئاغا و رعیتی بە سەری هێنابوون؛ بەڵام لە شاران کۆمەڵانی خەڵک بەپێی کار و پیشە و ڕیژەی جەماوەری شار دابەش کرابوون و بریتی بوون لە: بازرگان، نانەوا، قەساب، بەقال، عەتار، سەوزەفرۆش، دەغڵودانفرۆش (عەللاف)، بەزاز، وردەفرۆش و چیوچی دیکەش. کۆمەڵانی پیشەوەران بریتی بوون لە پەرگدروو، شیرنیساز، دارتاش، تەنەکەساز، ئاسنگەر، دەبباغ، خمکەر، وەستا، تژیاروان و چەندین خاوەنپیشەی دیکەش. لە نێو ئیشەکان بازرگانی بە پلەی یەکەم دەهات و ڕێزی لێ دەگیرا و جێی متمانە بوو. هەروەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە لە جووڵانەوەی مەشرووتەخوازیدا بازرگانان دەورێکی یەکجار کاریگەریان گێراوە و شوێنپەنجەیان دیارە.

---

مزگەوتی گەورەوە دەهات، دەچێتە سەر مینبەر و بێسیودوو ڕوو دەکاتە پادشا و دەڵێ: خاوەنشکۆ، حوسێنی کوڕی عەلی لە کوشتارگەی کەربەلا بەتاقی تەنێ پاڵی بە نێزەیەکەوە داوە و دەفەرموێ «هل من ناصر ینصرنی»، ئاخر بۆچی ئاچی بە هانای سەیدی شەهیدانەوە؟ ئەم قسەیە کە بارتەقای خۆپەسندی و فیز و دەماری شا دێتەوە، سەراوی گریانی لە ئەوکگیراوی پادشا دەتۆقێنێ و ئەوەندەی دەگرینێ کە پادشا لەسەرخۆ دەچێ.

پیرەپیاوکە دەیگوت، ئەم ئاخوندە لاوە دەکرێتە سەردوولکەبێژی تایبەتی ناسرەددینشا و هەموو جارێ کە جەنگەی دەهات دەستی دەکرد بە لۆرانەوە و پادشای دەخستە گریان.

هەلومەرجی ژیانی نێو شار چەند خاڵ و لایەنێکی هاوبەشی تێدا وەبەرچاو دەهات؛ بۆ وێنە سەرۆکی هەر خێزانێک بەپێی دەستڕۆیشتوویی و دەسمایەی خۆی خانووبەرەیەکی هەبوو کە خۆی و خاوخێزانی تێیدا دەژیان و تەنیا خەڵکێکی یەکجار کەم لە شاران‌دا خاوەنی خانووی خۆیان نەبوون. ئیش لە نێو بنەماڵەکانی هەر تاقم و پیشەیەکدا زیاتر بە میرات دەگەڕا؛ یانی بۆ نموونە ئاسنگەرێک کوڕەکانی خۆی دێنان و دەیبردنە ئاسنگەرخانە و لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەیتانە بەر کار هەتا پیشەی باوکیان فێر بن. کاتێک کوڕەکانیش شەیتانیان پێدەکەنی، هەوڵیان دەدا هەتا لە بنەماڵەی هاوشانی ئاسنگەری خۆیان ژن بخوازن. زۆر کەم هەڵکەوتووە کە ئاسنگەر یان بەرگدروویەک داوای کچی کابرایەکی بازرگانیان کردبێ. لە ڕاستی‌دا وەک چۆن کار و پیشە لە نێو هەر تاقم و دەستەیەکی تایبەت‌دا هەڵدەسووڕا، ژن و ژنخوازیش پتر هەر لەو بازنەیە تێنەدەپەڕی.

فرۆشەران و پیشەوەران لە کاروباری خۆیان‌دا پێبەندی سنوورێک و داروولەیەک بوون و ئەو کەلوپەل و کالایانەی کە هەر دووکاندارێک دەبوو بیفرۆشێ یان هەر ئیشێک کە دەبوو خاوەن پیشەیەک بیکا، دیاری کرابوون. کابرایەکی عەتار هەرگیز شیرەمەنی و دانەویڵەی نەدەفرۆشت و خۆی لە کاری بەقاڵان وەرنەدەدا. کەسێکی بەقالیش قەند و شەکر و تامەچێشت و چا و پێداویستیی دیکەی نەدەفرۆشتن کە کاری عەتاران بوو. ئاسنگەر کاری تەنەکەسازی نەکرد و بەپێچەوانە تەنەکەسازش خۆی لە کاری ئاسنگەری هەڵنەدەقوتاند. بەم شێوەیە هەموو کار و کاسپی و پیشەیەک بەگوێرەی دابێکی نەگۆڕ لە نێو دانیشتووانی شاردا دابەش کرابوون.

بێجگە لە دیاربوونی کار و پیشە، شێوەی ژیان و ڕازانەوەی ماڵ و چەشنی جلوبەرگی دەستە و تاقمەکانی کۆمەڵیش پێکەوە جیاواز بوون. بۆ وێنە بازرگانان مێزەری سپی‌واش یان کڵاوپێستەی بوخارایی‌یان دەکردە سەریان و سەڵتە و کەوای درێژ و باڵاپۆشی هەرمچاکی «نائینی»یان دەپۆشی و بە حێنجە دەڕۆیشتن. خاوەنی خانووبەرەی گەورە و بەربڵاو بوون و ژووری میوانانیان بە پالەوپشت و بالنجی نەخشین و گرانبایی دەرازاندەوە؛ بەڵام دەستەی بەقاڵ و عەتار و سەوزەفرۆش و ئەوانەی ئاوا، کڵاوی لبادیان دەنایە سەریان و جلوبەرگیان لە

پارچەی میتقالی ڕەش یان شینکی بە دروون دەدا و پشتێندێکی پانیان لەسەر کورتەکەوایەکی بێ‌تلیش[1] لە نێوقەدیان دەبەست و زیاتر لەبری باڵاپۆش، کولەباڵەیەکی پێستەیان دەکردە بەریان.

شوێنی کاری خاوەن پیشەکان و ئەوانەی وەستاکار بوون و شتێکیان ساز دەکرد لە زۆربەی شارەکاندا دیار و یەکجێ بوو. شوێنی کاری پیشەوەران و تێکرای دووکانەکان پێی‌دەگوترا «بازاڕ» و هەر بازاڕێک بریتی بوو لە چەند ڕاستەکۆڵانێک و هەر خاوەن کار و پیشەیەک لە شوێنی تایبەت یان لە ڕاستەکۆڵانی خۆی کاری دەکرد.[2]

لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵانی خاوەن کار و پیشەدا، هەر شارێک تاقمێکی دیکەشی تێدا دەژیا کە لە کۆنەوە توانیبوویان پلە و پێگەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دابین بکەن و بەپێی دابی «هیرارشی»[3] کە لە نێو کۆمەڵانی سەدەکانی نێوەڕاستدا باو بوو، بە هیچ لەونێک لەگەڵ چین و توێژەکانی دیکە تێکەڵ نەدەبوون و بریتی بوون لە مەزن و ماقووڵان و دەرەبەگان.

مەزن و ماقووڵانی هەر شارێک بریتی بوون لەو کەسانەی کە بەگوێرەی دەوڵەمەندی یان لەبەر نیزیکبوونی باوک و باپیرانیان لە دامودەزگای حکوومەتی یان لەبەر کار و خزمەتێکی بەرچاو کە بۆ دەوڵەتیان ئەنجام دابوو، سەرناوێکیان پاربوو کرابوو. ئەم سەرناوە وەکوو خاڵێکی مەزنایەتی لە بنەماڵەیاندا بە میرات دەگەڕا و شێوەی ژیان و دیمەنی جلوبەرگ و ڕوانگەیان لەگەڵ کاسپکاران و پیشەوەران بە چەند بارێکدا تەواو جیاواز بوو و تەنیا لە بواری بیروباوەڕی مەزهەبی و ڕەچاوکردنی بەشێک لە داب‌ودەستووراتی دینیدا لەگەڵ تاقم و دەستەکانی دیکەی کۆمەڵ ڕێک بوون.[4] زەنگینی و دەسڕۆیشتووی و بینەبێتی

---

۱- لە نێو بازرگانانی لاو و بنەماڵە خوێندەوارەکاندا، پۆشینی سەڵتە کە شاقەڵەکەی لە دوو لاوە تلیشی هەبوو، بیوو بە باو و خەڵکی بازار و کاسپکاران و جەماوەری دیکەش بە چاوی ناخۆشەویستی لێیان دەڕوانین و پێیان دەگوتن سەڵتە سێ‌تلیشە.

۲- ئێستاش شوێنەواری ئەم ڕاستەبازار یان ڕاستەکۆڵانییە لە زۆر شاران هەر ماوە.

۳- دابەشینی مرۆڤەکان بەپێی پلە و پایە و باڵاتربوونی چینی کۆمەڵایەتی. سەرۆکایەتیی کلیسا بەگوێرەی پلە و پایەی قەشەکان، سەرگەورەیی.و.

٤- دەکرێ ئەم تاقمەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چینی وەجاغزادە و مەزن‌زادەکانی کۆمەڵانی سەدەکانی نێوەڕاستی ئورووپا بەراورد بکرێن. ئەو دەمەی کە ئورووپا بە سەردەمی←

نۆکەر و خزمەتکاران یەکێک بوو لە تایبەتییەکانی ژیانی مەزن و ماقووڵان. ئەم چەند باڵادەستە لەبەر ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە زۆر بارانەوە پێگە و بایەخی جارانیان نەما و زۆربەیان ماڵ و سامانی خۆیان لە دەست دا. بەڵام بە زەبری سەرناو و شانازییەکانی باب‌وکالیان و خۆ نواندن بە نیزیکایەتی لە دامودەزگای حکوومەت، لایەنی مەزنەوەجاخ‌بوونی خۆیان هەروا پاراست.

لە لایەکی دیکەوە ملکدارانی گەورە یان هەمان دەرەبەگان کە زۆربەی ساڵ لە شاران دەژیان، هەم دارا و دەسترۆیشتوو بوون و هەم دەسەڵاتیان بە سەر خەڵکی ژێردەستەی خۆیان لە گونداندا دەڕۆیشت؛ بەم شێوەیە دەیانتوانی کۆلێک دیاری بدەنە خزمەت پادشا و سەرۆک‌وەزیر و سەردارانی بارگانشین و درزە بکەنە نێو کاروباری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیی وڵات و هێزی ئاسایشی وڵات بۆ پاراستنی ماڵ و سامان و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی خۆیان بخەنە بەرفەرمان و ڕعیەتی چارەڕەشیان پێ دەمکوت بکەن و وەکوو گۆپاڵ بۆ داگیرکردنی ملک‌وماشی وردەمالیکان بیانبزوێنن.[1] زۆربەی ئاغاوەتە گەورەکان کەوتنە نێو ڕیزی پیاوانی بارگا و نۆکەرانی شا و گەلێک لە بارگانشینان و نۆکەرانی شا بەرەبەرە ببوونە خاوەنی ملک‌وماشێکی بەربڵاو و چووبوونە ڕیزەی گەورەدەرەبەگانەوە. لە نێو ئەم چینەشدا داب و نەریت و شێوەی ژن‌وژنخوازی و هات‌وچۆ و هەستان و دانیشتن

ڕەش و تاریکی سەدەکانی نێوەڕاستدا تێدەپەڕی و سەدەی شەشەم تا چاردەهەمی هەڵدەبوارد، ئێران کەیبوویە چڵەپۆپەی چاخی شارستانییەتی شکۆداری خۆی، یانی شارستانییەتی گەورەی سەدەی دووهەم تا حەوتەمی کۆچی؛ بەڵام کاتێک کۆمەڵانی ئوورووپایی لە قۆناخی سەدەکانی نێوەڕاست دەرباز بوون و کەوتبوونە سەر ڕەوتی گەشە و پەرەئەستاندنی ژیارمەندی و فەرهەنگی تازەی خۆیان، کۆمەڵی ئێرانی وەکوو کۆمەڵێکی سەدەکانی نێوەڕاست خۆی دەنواند و شکل و شێوە و نێوەڕۆکی ئەو سەردەمانەی خواستبۆوە.

١- هەتا ماوەیەک لیرەوبەر، یانی چەند ساڵێکی ڕەبەق دوای دامەزرانی حکوومەتی مەشرووتە لە ئێراندا، هێشتاش بەشێک لە هێزەکانی ئاسایش، بەتایبەت پۆلیس و ژاندرمە، تەنیا پارێزەری قازانج و بەرژەوەندییە نارەواکانی دەرەبەگانی گەورە بوون، دەمراست و کوێخای ئەم دەرەبەگانە بە پشتیوانیی ئەم هێزانە بوو کە جووتیارانی ڕەنجەڕۆی چەوساوەیان دارکاری و فەللاقە دەکردن و بە قەمچییان وەریاندەگەرانی و دەستیان لە هیچ چەشنە کارێکی نارەوا نەدەپاراست و چەندی بۆیان کرابا خەڵکی گوندانیان دەچەرووساندەوە.

هەروەک چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ چوارچێوەیەکی تایبەت بە کەسانی ئەم چینەی بۆ دیاری کرابوو.

**

بەگوێرەی وەبەرچاوگیرانی چین و توێژ و تاقمەکانی کۆمەڵی ئێرانی دەگەینە ئەم ئاکامانەی بەرەوە:

١- توێژ و تاقمەکانی کۆمەڵایەتی لە ماوەی سەدان ساڵدا ببوونە خاوەن قەوارە و شکڵ و شێوەی تایبەت و هەتا رادەیەک وەکوو چینی هاوێرکراویان لێهاتبوو. تێکەڵاوی و دامەزرانی پەیوەندی تەنیا لە نێوان چین و توێژ و تاقمە لێک نێزیکەکاندا دەگونجا.

٢- شێوە و رەوتی ژیان و بەشێک لە روانگە و باوەری کۆمەڵانی خەڵک پێکەوە جیاواز بوون و هاوێرکرانی چین و توێژەکان بەپێی مەزنایەتی تەواو باڵی بە سەر کۆمەڵ کێشابوو.

٣- جگە لەو جیاوازی و لایەنە دیارانەی کە کۆمەڵانی نێو کۆمەڵگای لە یەکتر هاوێر کردبوون، لە هەر شار و شارستانێکی گەورە و گچکەدا کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش هەبوون کە نەهێڵن خەڵک لە یەکتر نێزیک ببنەوە و هەمیشە پێکەوە ناکۆک بن. هێندێک لەو هۆکارانە سەرچاوەیان دەگەرایەوە سەر دەمارگرژی و بەرچاوتەنگیی مەزهەبی و زۆربەی کەمینەکانی دینی لە گەرەکێکی تایبەتدا هاوێر کرابوون و سنووریان لێ بەرتەسک کرابووە. کەمینەی جوولەکە و مەسیحییەکانی ئەرمەنی و ئاسووری لە هەر شارێکدا گەرەکی تایبەت بە خۆیان بۆ جودا کرابۆوە و هەرگیز نەیاندەتوانی ماڵیان راگوێزن و نیشتەجێی گەرەکی مسوڵمانان بن. کار و کاسپیی حەرامی وەکوو سازکردن و کرین و فرۆشتنی ئارەق و شەراب و ئیشی لەم جۆرە تایبەتی ئەم کەمینانە بوو. یەهوودییەکان لە هەر شارێکدا نزمترین و داماوترین کۆمەڵی نێو کۆمەڵگا بوون. هەروەها کێشە و دوژمنایەتی لە نێو شیعە و سوننی، شێخی و شەریعەتی، سۆفی و دەروێش و ئەم رێچکە و رێبازانەدا رەنگی دابۆوە و مەلا و زرەمەلای بەرچاوتەسکی خۆپەرست کەوچکیان تێوەردەدا و کەلەبەری نێوان خەڵکیان پتر دەکرد و کۆمەڵیان لە بەر یەکتر دەترازاند.

لە لایەکی دیکەوە بڕوا بە خورافاتی پووچ و بێبنەما کێشە و هەرای نابوویەوە و بە تاماوی دین و مەزهەب دەستاو درابوویەوە. بۆ نموونە لە زۆربەی

شارەکانی ناوەندی و خۆرنشینی ئێراندا خەڵک ببوونە دوو دەستەی جیاوازی «حەیدەری» و «نیعمەتی» و تەنانەت گەڕەکیشیان جودا کردبۆوە. ناتەبایی و کێشەی نێوان حەیدەرییەکان و نیعمەتییەکان لە ڕۆژانی مانگی محەڕڕەم و تازیەداری و گەڕانی دەستەی شینگێران و لەخۆداندا ڕەنگی دەدایەوە و زۆرجاران لەسەر ڕووداوێکی هیچەکە شەڕ و لێکدان و کوشتاری لێ دەکەوتەوە و پۆلێک خەڵکی بێتاوان بە ئاوری دەمارگرژی و بەرچاوتەنگیی نەزانانەی هاوشارییەکانی خۆیان دەسووتان.[1]

٤- هەروەک پێشتر باسی کرا، چونکە کار و کاسپی و سنعات لە نێو بنەماڵاندا پتر بە میرات دەگەرا و هیچ ڕێگایەکیش نەبوو بۆ پەروەردەکرانی مرخ و توانستی خۆرسکی منداڵان و لاوان، هێزی مرۆییی کۆمەڵ بە واتای ڕاستەقینەی خۆی نەدەخرایە گەڕ و توانایی لاوان بە شێوەیەکی سروشتی هەڵنەدەدا. بۆ نموونە هیچ دوور نییە کە ئەگەر کورگەلی شیرنیسازێک لە پیشەی دیکەی وەکوو دارتاشی و

---

١- ئەو دەمەی کە چل ساڵ لەمەوبەر هێشتا منداڵ بووم، باوکم کە پیاوێکی ڕووناکبیر و ئازادیخواز و دیندار و پێبەندی ڕێوشوێنی مەزهەبی بوو، لە زمان باپیرمەوە دەیگێڕایەوە کە گوتبووی ئێمە لە هەمەدان ماڵمان لە گەڕەکی نیعمەتییەکان بوو. هێما یان هەمان دروشمی نیعمەتییەکان پیمەرەیەکی بچووکی زێر بوو کە لە مەرقەدی ئیمامزادە یەحیا هەڵگیرابوو. دروشم یان هێمای حەیدەرییەکانیش «نزغ» یان ئالایەک بوو کە سەری دارەکەی پەنجەیەکی زیویان تێچەقاندبوو. ڕۆژێکی مانگی محەڕڕەم کە دەستەی حەیدەرییەکان هاتبوونە گەڕەکی ئێمەی نیعمەتی، خەڵکی گەڕەک زۆر بە گەرموگوڕی چوونە پێشوازیان و مەنقەڵیی پڕ لە سکڵیان بەرەوپیری بردن و ئەسپەندەریان پێدا هەڵپرژاند، بەڵام هێندەی پێنەچوو سەردەستەی حەیدەری و نیعمەتی لێیان بوو بە هەرا، کێشە لەسەر ئەوە پەیدا بوو کە نیعمەتی دەیانگوت پیمەرە نێرە و نزغ مێیە و حەیدەری بەپێچەوانە بیریان دەکردەوە. سەرەنجام دەمەقرەکە پێکهەڵپرژان و تێکهەڵدانی لێکەوتەوە و کێرد و خەنجەر و کوتەک و گۆپاڵ هاتنە مەیدان و کۆمەڵێکی بێتاوان لەو کارەساتەدا تێداچوون.

[تێبینی: حەیدەری بە شوێنکەوتووانی قوتبەددین حەیدەر دەڵێن کە یەکێکە لە خواناسانی بەناوبانگی ئێرانی و ساڵی ٦١٨ک/١٢٢١ی زایینی کۆچی کردووە.

به شوێنکەوتووانی شانیعمەتوڵڵای وەلی دەڵێن نیعمەتی. نیعمەتوڵڵا وەلی ساڵی ٧٣٠ یان ٧٣١ی ک/ ١٣٢٩- ١٣٣٠ی ز. لە حەلەب پێی ناوەتە جەغزی ژیان و دایکی لە هۆزی شوانکارە بووە. گۆیا ساڵی ٨٤٣ی ک/١٤٣٩ی زایینی کۆچیدوایی کردووە. بە خواناسێکی گەورە ناسراوە و مەرقەدەکەی لە کرمانە و بۆتە زیارتگای سۆفی و مریدانی.و.]

ئاسنگەری و کووتاڵتەنی‌دا کاریان کردبا. بووبانە وەستاکارێکی پەنجەنەخشینی لێوەشاوە. لاوان بەناچاری لەسەر پیشەی باب و باپیرانیان دەرۆیشتن و ئەمەش دەرگای پشکووتنی بە ڕووی‌دا داخستبوون. دەنا ڕەنگە هەرکامەیان لە کار و پیشەی دڵخوازیان‌دا لە هاوشانەکانیان تێپەڕیبان.

II

## باروودۆخی ئابووری

### کشتوکاڵ

جووتیاران بە گوندنشین و دەوارنشینەوە، نیزیکەی سێتی حەفتای جەماوەری ئێرانیان پێکدێنا و گرینگترین و دیارترین چینی بەرهەمهێنی سامانی وڵات بوون؛ بەڵام لە هەڵومەرجی داخراوی ئاغا و ڕەعیەتی‌دا، مرخ و توانست و بەرهەمهێنان بە شێوەی پێویست لە نێویان‌دا گولی نەدەکرد.

کشتوکاڵ بە دوو شێوەی دێمەکار و بەراو دەکرا و گەنم، جۆ، هەرزن، برینج، پەمۆ، توتن، دانەوێڵە، تریاک، میوە و بەری بیستان ڕەنێو دەهێندرا. لە دار و دەوەنی لێرەواران و ڕووەکی شاخ و کێوان چەند جۆرە ڕۆن و شیلە و کەتیرە دەگیرا. لە بواری ئاژەڵداری‌دا گاوگۆل، کەڵ و گامێش، مەڕ و بەران، بزن و تێری، ماین و ئەسپ، پەستر، گوێدرێژ و وشتر بەخێو دەکران و پەلەوەری خۆماڵیش دەهاتە سەریان.

هۆز و خێڵاتی فارس و ئازەربایجان و خوراسان گرینگترین بەرهەمهێنی خوری، کەوڵ، گۆشت و سپیایی بوون. ئەم کۆچەرانە بەگوێرەی گۆڕانی وەرزەکان و لەبەر زۆری و زەوەندیی مەڕ و ماڵات و ڕەوەیان لە جێگایەکی تایبەت نەدەمانەوە هەتا هەمیشە دەستیان بە لەوەڕگای خۆرسک ڕابگا و ئاژەڵەکانیانی لێ بلەوەڕێنن.

هەروەک پێشتر باسی کرا، کشتوکاڵ بناغەی سامانی وڵاتی پێکدێنا و بە دانانی ڕێوشوێنی پیتاک و ئەستێندرانی ملکانە، داهاتێکی زۆر وەگیر دەوڵەت دەکەوت. دەوڵەت بەپێی چەند پێرستێکی دیاریکراو بۆ هەر جەریبێک زەویی کشتوکاڵی، بڕێک ویشکەپووڵ و هێندێک ویشکەماڵی وەردەگرت و چونکە خاوەن و ئاغای

گوند بە وەرگری پیتاک دادەندرا. لە چاکەی ئەو بەشەی کە دەیدا بە حکوومەت، ئەوەندەی بۆخۆی پێیخۆش بووبا لە جووتیاران و نیوەکارانی وەردەگرت.[1]

وەرزێر و جووتیاری ئێرانی هەمیشە برسی و ڕەش و ڕووت و داماو دەژیا و لەوپەڕی نزمی و بێدەرەتانیدا پشووی دەکێشا و کۆمەڵگا بە ڕەوتێکی ئەوتۆدا تێدەپەڕی. لە کۆمەڵی گوندەکیی ئێراندا هیچ چەشنە هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ ڕەنیوەهێنانی بەرهەمی زیاتر نەدەدرا، چونکە وەرزێر و پاڵە و ڕەنجبەران پارووپەکی زیاتریان وەگیر نەدەکەوت. ئەم ڕەوتە نەیتوانی پەرە بە کشتوکاڵ و ناشتنی ئەمام بدا و بەرهەمی کشتوکاڵی کەموزۆر لە جێی خۆی بە چەقیوی مابوویەوە و هەر بەشی پێویستیی نێوخۆی دەکرد و چەند بەرهەمێکی وەکوو لۆکە، برینج، تریاک، خوری و کەولە ئاژەل زیادەی لێ دەکەوتەوە و هەناردەی دەرەوە دەکرا.

ئامراز و هەلومەرجی کشتوکاڵ و جووتوگا لە سەرتاسەری ئێراندا پتر وەکوو یەک و لە قۆناخی هەرە دواکەوتوویدا بوو. جووتیار لانیکەمی بەرهەمی لە زەوی هەلدەگرت کە بەگوێرەی وەبەرچاو گیرانی ئەم پێنج هۆکارەی کشتوکاڵ لە نێوان خاوەن زەوی و جووتیاردا دابەش دەکرا کە بریتی بوون لە: زەوی، تۆو، ئاو، گاجووت و مرۆڤ. جا چونکە گەورەدەرەبەگان خۆیان بە خاوەنی زەوی و ئاو دەزانی، بە مسۆگەری دەوچواریان بەرهەم وەردەگرت و ئەم شێوازە کاتێک وەبەرچاو دەگیرا کە وەرزێر بۆخۆی تۆو و گاجووتی هەبووبا و ئەگەر ئاغادێ تۆو و گاجووتیشی نابایە بەردەستی وەرزێر، ئەوە دەبوو بە سەپان و تەنیا پێنجیەکی پێدەبرا. لەبەروەی وەرزێر هەر دەیتوانی لانیکەم بژیوی زەمهەری ساڵانەی خۆی لە گەنم و جۆ و بەرهەمی دیکە پەیدا بکا، تۆوی چاندنی ساڵی داهاتووی بۆ پاشەکەوت نەدەکرا و هەمیشە لە ئاغایێ وەردەگرت و چونکە لە زۆر گوندان، گاجووت بە نیر و ئامووروەوە هی ئاغا یان سەرکار و کوێخادێ بوون، زۆربەی جووتیاران دەبوونە سەپان و پێنجیەکیان بەرهەم پێدەبرا.

---

١- سێر پێرسی سایکس سەبارەت بە یەکێک لە دێیەکانی دەوروپشتی خوراسان دەنووسێ: «ئەم دێیە بڕی پیتاکی ٨٦ لیرە (واتە ٥٠٠ تمەنی ئەو سەردەمە)ی بۆ براوەتەوە، بەلام ئەوەندەی لە ساڵێکدا وەردەگیرا دەگەیشتە ١٤٠ لیرە واتە نیزیکەی ٨٠٠ تمەن)، مێژووی ئێران، سێر پێرسی سایکس، بەرگی ٢، ل ٦٠٦.

ئاغا و سەرکارەکەی لە هەر دێیەک سەرەڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆری بەرهەمی زەوییان پێدەبرا، بەشیان بە میوە و بێستانیشەوە هەبوو. فرووجانە و هێلکانە و کاوڕانە و شەکانە وەردەگیران و بەشە ڕۆن و پەنیر و خوری و کەوڵە ئاژەڵیشیان بۆ جوێ دەکرایەوە و بە زەبری زۆر لە خەڵکیان دەستاند. تەنانەت ئەو وەرزێرانەی کە لە چیا و کوێستانان کەتیرەیان دەکرد یان دەچوون گیاسارمە و ڕۆنیاس و زریشک و ڕێواس و ڕووەکی دیکەیان دێنا، ناچار بوون بەشێک لە دەسترەنجی خۆیان بدەن بە سەرکار یان دەمراستی ئاغادێ، چونکە ئاغای‌دێیەک سەرەڕای زەوی و مەزرای دێ، سەدان کیلۆمیتری دەوروبەری ئاوەدانیشی بە ملکی تایبەتیی خۆی دەزانی.

بەگشتی چینی جووتیار و گوندنشینی ئێرانی لە حاند زوڵم و چەوساندنەوەی دەرەبەگان‌دا هیچ جێگایەکی نەبوو کە هانای بۆ بەری، چونکە حکوومەتی ملهوڕانە و پاوانخوازانەی پادشایەتی لەسەر تەوەرەی زۆرەملی هەڵدەسووڕا و وەکوو باسمان کرد هێزەکانی ئاسایشی وڵاتیش پشتیوان و پارێزەری چینی دەرەبەگ و دەوڵەمەند بوون.

### بەرهەمە دەستکردەکان

وەکوو ئاشکرایە لەم ڕۆژگارەدا حاسڵات و بەرهەمی کشتوکاڵی کەم‌وزۆر بەشەبژێوی ژیانی ساکار و هەژارانەی زۆربەی کۆمەڵی ئێرانیان دابین دەکرد و بە هەڵکەوت نەبێ نیاز بە کاڵای دەرەوە نەبوو. سەنعەتەکانی ئێران سەرلەبەریان بەرهەمی دەستکرد بوون و کۆمەڵێک ئامرازی سادە و ساکار نەبێ هیچ شتێک بە دەستەوە نەبوو. هێز و وزەی بەرهەمهێنی بنەڕەتی بریتی بوو لە بیرکردنەوەی ئادەمیزاد و تاقەت و توانایی مرۆڤیش بە هێزی کارا و بزوێنەر دادەندرا. بۆ نموونە لە ئاسنگەری و مسگەری و بەگشتی دەستکردی کانزایی‌دا، کوورەدەمێن ئاوریان دەگەشاندەوە و بەردی ئاسن یان خودی کانزایان دەتواندەوە یا سووریان دەکردەوە و بە زەبری کوتک و چەکوش کانزای قاڵ و سوورەوەبوویان دەبردە سەر هەر شکڵ و شێوەیەک کە مەیلیان لێ بوویا. لە کارگەی ڕستن و تەنین‌دا، خەرەکی دەستی یان پایی کاریان پێدەکرا و بۆ تەنینی کرێکیش دەزگای جۆڵایی و

ئامرازی ساکاری دەستی و پایی دەخرانە بەرکار و هیچ هێزێکی سروشتی بەشداری سەنعەت نەبوو.

سەنعەتکاران لە دووکان و جێکاری خۆیاندا دەکەوتنە ژێر دەستی وەستا و بە فەرمانی وی دەجوولانەوە و هەروەک باسی کرا هەر سەنعەتێک زۆرجاران لە راستەکۆلانێک یان گەڕەکێکی شاردا دەکەوتە پاڵ یەکتر. بۆ نموونە راستەکۆلانی مسگەران یان بە زاراوەی باوی ئەو کاتی مسگەرخانە بریتی بوو لە کۆمەڵێک دووکانی مسگەری کە کرێکاران و وەستاکاران هەموویان پێکەوە چەکوشیان دەوەشاند و تەقەتەقی چەکوشیان هەتا دوور دەڕۆیی.

کرێکارانی سەنعەتکاری لە هەر کار و پیشەیەکدا دەبوو تەمەنیان لە حەوت ساڵ بەرەوژوور بێ و بە شاگردی بگیرسێنەوە و بە مزەیەکی زۆر کەم کار بکەن. وەستاکار بەگوێرەی ساڵی کارکردنی شاگردان و شارەزابوونیان مزەی رۆژانەی بۆ زیاد دەکردن. هەر وەستاکارێک هەوڵی دەدا کە لە پلەی یەکەمدا کورانی خۆی لەگەڵ کارەکەی خۆی رابێنێ و وایان فێر بکا کە دوای ئەمانی دەست لە کارەکەی هەڵنەگرن.

سەنعەتەکانی ئەو سەردەمە بەکورتی بریتی بوون لە:

١- جۆلایی و تەونگەری کە جاو، بووزوو، زەری، تورمە، مەخمەر، جاوی شین، پۆپەشمین، جاجم، تیر، ماقوورە، بەرە و قالیچەیان ساز دەکردن و دەیانتەنین. ماکەی سەرەکی بۆ کاری جۆلایی و تەونگەری بریتی بوون لە لۆکە، خوری، موو، مەرەز و ئاوریشم کە هەموویان لە نێوخۆی وڵاتدا بەرهەم دەهاتن و هەرچی وەستاکارانیش وەکوو دەستکرد سازیان دەکردن هەر لە نێوخۆدا کڕیار دەیبردن. لمەد. کەڵاشی بن چەرم، هاوریشم، هەرێر و کووتاڵی لەم شێوەیەش هەر کاری وەستاکارانی ئەم بوارە بوون.

٢- هەڵاڵدانی چەرم و سازکردنی دەستدرووی قایش کە لە تاران، گورگان، هەمەدان و کرماشان باو بوو. ماکەی سەرەکی و خاو بۆ پێڵاودروون، زیندروون، پەستەک و کڵاوی قایش هەموویان بەرهەمی خۆماڵی بوون.

٣- کانزاگەریی ساکاری وەک تواندنەوەی مس، قورقوشم، زیو، زێڕ و ئاسن هەموویان بەرهەمی پێداویستی ژیانیان لێ ساز دەکرا. ئاسنگەری، تەنەکەسازی،

قفڵسازی، چەقۆسازی، شیرگەری و دەسکردی لەم جۆرەش کەوتنە نێو ئەم ڕیزەوە.

٤- کاری دارتاشی بریتی بوو لە: سازکردنی لۆتکە، بەلەم و کەشتیی بچووک کە لە غازیان و بەندەری گەز و موحەممەرە (خورەمشاری ئێستا) برەویان هەبوو. کاری خەراتی کە تایبەتی تاشین و لێک و لووسکردنی دار بوو، بەرهەمی وەکوو قلیان و سەبیلە، دەسکەچەکوچ و دەسک و مۆرەی سەماوەری تێدا بەرهەم دەهات. خودی کاری دارتاشی دەکەوتە سەر ڕەوتی سازکردنی دەرگا و پەنجەرە و هەر چەشنە ئامرازێکی پێویستی دارین.

٥- سەنعەتی وردەکار و کارناسک بریتی بوون لە: گەوهەرگەری، زێرینگەری، زیوگەری، مونەبیەتکاری[1]، خاتەمسازی[2]، میناکاری[3] و شتی لەم چەشنە.

٦- سەنعەتی خشتپێژان، شووشەگەری، سازکرانی پێداویستییەکانی سوالینە، هارینی بەردەگەچ و بەرهەمهێنانی گەچ و برژاندنی بەردەقسل و بەرهەمهێنانی قسل.

٧- بەرهەمەکانی گوندی کە بریتی بوون لە شیرەمەنی[4]، خوری، تەشیڕێسی، گزرەوی‌چنین، مافوورەکردن و کاری دیکەی لەم چەشنە. ئەم کارانە ژن و پیاوی گوندەکی و خێڵەکی دەیانکردن.

٨- بەرهەمەکانی خوردوخۆراک و بژێو و داوودەرمان وەکوو نانەوایی، شیرنی‌سازی، گرتنی شیلەی ڕووەکان و هێنان و ڕێکخستنی گژوگیای بۆ دەرمان شیاوی وەک: گیائالۆش، گەزۆی وشترخۆرکە، زریشکی ڕەش، گەزۆی مازوو، بەری دارشن، شیوەران و چەند گیا و ڕووەکی دیکەی لەم چەشنە.

---

١- مونەبیەتکاری هونەری هەڵتاشین و هەڵکۆڵینی دار و نەخشاندن و ڕازاندنەوەی بە نەخش و نیگاری جوان.و.

٢- خاتەمکاری بریتییە لە ڕازاندنەوەی دەسکردی دار بە پێولکاندنی پەسک، عاج، کانزا و بەردی ڕەنگاوڕەنگ.و.

٣- میناکاری بریتییە لە هونەری نەخشاندنی کاشی و کانزا بە شووشە، بەتایبەت شووشەی سەوزەڕەنگ.و.

٤- شیرەمەنی بریتییە لە هەر بەرهەمێکی کە لە شیر پەیدا دەبێ وەکوو: ماست، تۆراخ، سەرشیر، پەنیری سەلک، پەنیری کووپە، پەنیری مەیلە، پەنیری پێستە، دۆ، لۆرک، شیرێژ، کەشک و... .و.

بەڵام سەنعەتی تازە بە شێوەیکی ساکار و سەرەتایی تەنیا پاوانی دەوڵەت و بریتی بوو لە: کارگای لێدانی سکە، کارگای چەکوچۆڵ، بلوورسازی، چینیسازی کە هەموویان میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر بناغەی بۆ دانان. پیشەی چاپ سەرەتا لە ئازەربایجان و پاشان لە تاران برەوی ئەستاند و بەرەبەرە چاپی سەنگی جێی دا بە چاپی قورقوشمی و ئەم پیشە هێژایە توانی لە بواری گەشەی خوێندەواری و هەورازبردنی ئاستی هزر و زانیارییەکانی گشتیدا دەوری بەرچاو بگێڕێ.

وەکوو باسی کرا زۆربەی خەڵک پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان هەر بەرهەمی نیشتمانی بوون و لە ڕاستیدا شێوەی ژیانی زۆربەی جەماوەر وا ڕێکخرابوو کە تێکرای پێویستییەکانی ژیانی زۆربە لە نێوخۆی وڵات دابین دەکرا و تەنیا نەوت و هێندێک شتی خۆراکیی وەکوو هەزوێڵە، شەکر، قەند، چا و کووتاڵی پەشم و پەمۆیی بەشێکیان بەرهەمی دەرەوە بوون. قوماشی قاسوونیای ئینگلیسی، کەوشی چەرم، سەماوەری گرانبایی ڕووسی، چینیی ئاڵمانی و ڕووسی، پەشمی لەهێستانی و ئۆتریشی و بلووریاتی دەرەوە کە تەنیا دەوڵەمەندان یان کەسانی نوێخواز و بارگانشینان دەیانکڕین، ئەو بەرهەمانە بوون کە خودی ئێران بۆی دابین نەدەکران.

## بازرگانی

هەل و هەلکەوتی لەباری ئێران بۆ کاروباری بازرگانیی دەرەکی و بوون بە شەقامەڕێی ڕاگوێزرانی کاڵا و کەلوپەلی وڵاتان، لە گەلێک قۆناخی مێژوویی‌دا توانیویەتی گەشە بە کاری بازرگانی بدا و سەرمایەی چاکی تێدا کەڵەکە بکا. ڕێگای بەناوبانگی ئاوریشم کە بە ڕێ و ڕەوگەکانی باکووری ئێراندا دەڕۆیی توانیبووی دەریای مەدیتەرانە و چین پێکەوە ببەستێتەوە و ڕێگای هەزوێڵە کە بە کەنداوی فارس و لەنگەرگاکانی باشووری ئێراندا تێدەپەڕی کریارانی کاڵاکانی هیندووستانی، بە خاکی ئێراندا، بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ئەم شوێنانە هەر لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەرەتاکانی سەدەی دەهەمی کۆچی و دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی، بوونە هۆی گەشەی بازاڕی بازرگانیی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران. لەنگەرگای سیراف (بەندەری تاهیری)، گێمبرۆن (بەندەرعەبباس)، ڕێیشەهر (بەندەربووشەهر = بووشێهر) لەگەڵ چەند لەنگەرگایەکی دیکەی دەریای عوممان و

وێستگەکانی دیکەی ئێران لە کەنداوی فارس. بۆ وێنە دورگەی هۆرمز و قیشم لە سەردەمی حکومەتی سەفەویدا هێندەیان پەرە گرت و بوونە گەشەگای بازرگانی لەو ڕۆژگاریدا کە ئاسیای خۆرنشین و باشووری شوێنی ئاوایان لێ نەبوو.

هەڵوێست و سیاسەتی ئابووریی حکومەتی سەفەوی لەسەر بنەمای پشتیوانی کردن لە چین و توێژەکانی بەدیهێنی سامان و دارایی و هاندانی بازرگانیی نێوخۆ و دەرەکی دامەزرابوو. هەستان و دانیشتنی گەرموگوڕی پادشایانی سەفەوی لەگەڵ خەڵکانی بێگانە و دەستەبەرکرانی گیان و ماڵی بازرگانانی ئێرانی لە لایەن حکوومەتی سەردەمەوە، بازرگانەتیی دەرەوەی ئێرانی گەیاندە لووتکەی خۆی و گەشە و پەرەی پێدا. پۆرتۆغالییەکان، هولەندییەکان و ئینگلیسییەکان و دواتر فەرانسەوییەکان، کە لە پەیوەندی و بازرگانی لەگەڵ خۆرهەڵاتدا ببوونە جێگرەوەی خەڵکی «ڤینیز» و لەنگەرگای «ژێن»ی ئیتالیا، گەلێک نووسینگەی بازرگانییان لە لەنگەرگاکانی باشووری ئێران و شیراز و ئیسفەهان کردەوە. ئەم وڵاتانە بێجگە لە ئاوریشمی خاو، بڕێک بەرهەمی کشتوکاڵیی ئێران و دەسکردە ناسک و جوانەکانی سەنعەتکارانی ئێرانییان دەکری و لەگەڵ کۆمەڵێک کاڵای کردراوی هیندووستانی دەیانبرد بۆ ئورووپا و ماهووت و پارچەی ئاوریشم و هێندێک دەستکردی ئورووپایان دەگەیاندە بازارەکانی ئێران.

نادرشا نەک تەنیا هەوڵی پاراستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئێرانی دا لەگەڵ خەڵکی بازرگانیپیشەی ئورووپا، بەڵکوو هەنگاوی هەڵێنایەوە هەتا گەمیگەلی تایبەتی بازرگانی و هێزی دەریاوانی لە دەریای خەزەر و کەنداوی فارسدا بۆ وڵاتی خۆی بەدی بێنی. نادرشای ئەفشار بنەوانی چەند کارێکیشی شێلا. بەڵام هەڵگیرسانی ئاوری ئاژاوەی ڕامیاری پاش کوژرانی ئەم پادشایە، هەنگاوەکانیشی پووچەڵ کردەوە. کەریمخانی زەند کە دۆست و هاونشینی بازرگانانی دەرەکی بوو، هەموو کارهاسانییەکی بۆ کاروباری بازرگانی دەکرد و لە پلەی یەکەمدا هولەندییەکان و لە پلەی دووهەمدا ئینگلیسییەکان بەسەرکرانەوە و جوامێری و هەست و سۆزی نەرمونیانی پادشای زەند دەیگرتنەوە.

ئورووپا لە سەدەی هەژدەهەمدا هاوکات لەگەڵ سەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا، تووشی شۆڕشی سەنعەتی بۆوە. هێنانە بەرکاری وزەی سروشتیی وەکوو هەڵمی ئاو بۆ هەڵسووڕاندنی چەرخی کارخانەکان سەرەتا لە ئینگلستان و دواتر لە وڵاتانی

دیکەی ئورووپا برەوی ئەستاند. کار و پیشەی وەستاکاران بەتایبەت رستن و تەنینی پارچە بە سەر داهێنانی نوێدا کەوت و ئاڵوگۆڕێک رووی دا و لە ئاکامدا ئاستی بەرهەم گەشەی بە خۆیەوە بینی. ئینگلستان کەوتبوویە سەرپەڕی وڵاتانی تازەی سەنعەتی و رووسیای قەیسەریش وردەوردە شێوە و شێوازی سەنعەتی تازەی ماشێنیی لە ئورووپای خۆرنشین خواستبۆوە و گەلێک کارخانەی پارچە و شووشە و چینی و بەرهەمی لەم چەشنەی سازکردبوون.

لەم رەوتەدا بەرهەمێکی زۆر دەکەوتنە بازار و پەرەگرتنی رایەڵەی ڕێگاوبان، بەتایبەت ڕێچکەی ئاسن لە ئورووپا توانی دەروازە بە رووی کڕیارانی کاڵای سەنعەتیدا بکاتەوە. ئورووپا کە تووشی ئاسیای کشتوکاڵی و ئەفریقای رەش بیۆوە، بازرگانەکانی بەناچار روویان کردە ئەم دوو کیشوەرە هەتا وێڕای دابینکردنی بازاری فرۆشی بەرهەمەکانیان، چەند بازارێکی شیاویش بۆ کڕینی کەرەسەی خاوی رووەکی و کانگاییش لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییدا وەدەست بێنن. کۆمەڵێک کێشە و هەرای خوێناوی و شەڕی بێبڕانەوەی ئورووپا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەسەر تەوەرەی ئابووری هەڵدەسووڕا و باسی ئەم شەڕانە ناکەونە نێو جەغزی بابەتەکەی ئێمەوە. هەر ئەوەندە دەڵێین کە شۆڕشی سەنعەتی و بەگشتی ئاڵوگۆڕی ئابووریی ئورووپا و شەڕەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا شوێنێکی یەکجار بەربڵاویان لەسەر دنیا دانا و وەکوو پێشتر باسمان کردووە ئێرانیش لەم هەڵکشان و داکشانەدا بە سەر کۆمەڵێک رووداوی نەخوازراودا کەوت کە بەراستی ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕ و شەڕانە بوو. هەروەها پێویستی بە وەبیرهێنانەوەیە کە تێکڕای کارەسات و چەپەڵکاری و ئاکامی دزێو و پرشەرمەزاری و نامرۆڤانەی دەوڵەتانی ئینگلیس، فەرانسە، هولەند، رووسیای قەیسەری، ئاڵمان، پۆرتۆغال و بلژیک لە کیشوەرانی ئاسیا و ئەفریقادا بە مەبەستی داگیرکردن و بەکۆیلەبردن و چەوساندنەوەی خەڵکی ئەو جێیانە، هەموویان ئامانجی ئابووری لە پشتیانەوەیە و لە سەدەی نۆزدەهەمدا زاڵبوونی دەسەڵاتی ئابووری بۆتە سەرەتای زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسی و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقادا.

وەکوو باسمان کردووە لە خولی یەکەمی حکوومەتی قاجاراندا کە دەبێتە مەودای ساڵانی ١٢١٠ تا ١٢٥٠ی ک/١٧٩٥-١٨٣٤ی ز. قاجارەکان لەگەڵ رووسیا و

عوسمانی تووشی زنجیرەیەک شەڕی بەرەنگاری بوون. ئینگلستان پاش ئەوەی توانی فەرانسەی ڕقەبەری خۆی لە ئێران دەرپەڕێنێ، بە مەبەستی پەرەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لە وڵاتی ئێمەدا کەوتە بازوبرد و ڕقەی ئابووری و سیاسی لەگەڵ ڕووسیا و بە شێوە و شێوازێکی تاڵ و دزێو لە ئێراندا خۆی نواند. ئەم ڕقبەرقەیە لە پلەی یەکەمدا بۆ ڕۆچوون بوو بە هەناوی کاروباری دارایی و ئابووریی ئێراندا و هەریەک لا پێوەبوون هەتا قانی ئابووریی زیاتر وەچنگ بێنن و ئەوەندەی دەکرێ خۆیان لە گوومرگانە وەپەڕێنن و بکەونە نووسینی پەیمان و دانانی کۆمەڵێک قەراروبڕیی پڕ قازانج بۆخۆیان. ئەم کارە ڕۆژبەڕۆژ پتر پەرەی ئەستاند و دوو خەنیمەکە بە مەبەستی پێشکەوتنی ئامانجەکانیان خۆیان لە هیچ کار و کردەیەکی سیاسی نەدەپاراست. بەم شێوەیە بازرگانیی دەرەوەی ئێران بەرەبەرە کەوتە ژێر چۆکی دوو وڵاتی زۆرداری ڕووس و ئینگلیس و ئێران بە هەموو بارێکی دارایی و ئابووریی‌دا بە داماوی کەوتەوە و دەست و دەسەڵاتی سەربەستانەی نەما.

### هەنارده و هاورده

پێشتر باسی کرا کە ئێران وڵاتێکی کشتوکاڵی بووە و بێجگە لە بەرهەمی خاوی ڕووەک و ئاژەڵان، بەرهەمێکی دیکەی نەبووە کە هەناردەی دەرەوەی بکا. ئەم ڕەوتە ئێستاش لە وڵاتدا درێژەی هەیە و بەشی هەرە زۆری هەناردەی ئێمە بۆ دەرەوە تەنیا بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە. ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ ئێران سات و سەودایان دەکرد، هەوڵیان دەدا کە بەرهەمی خاوی ڕووەک و ئاژەڵان لە بازارەکانی نێوخۆدا بە نرخێکی یەکجار کەم بکڕن و چونکە ئێران ڕێگاوبانێکی لێک و لەباری نەبوو، کڕیارانی دەرەکی ڕاگواستنی کاڵا و بەرهەمەکانیان هەتا لەنگەرگاکانی باشوور و باکوور دەخستە ئەستۆی بازرگانانی فرۆشیاری ئێرانی و لەوێ بارەکەیان وەردەگرت و بە سواری گەمیی خۆیان ڕایاندەگواست. بڕی گوومرگانەی دیاریکراویش بۆ ئینگلستان و ڕووسیا یەکجار کەم برابوویەوە و بازرگانانی ئینگلیسی و ڕووسی دووسەرە قازانجێکی زۆریان دەکرد و هاوردە و هەناردەیان خێری چاکی هەڵدەڕشت.

بەگشتی هەمیشە ئێران هاوردەی بە سەر هەناردەیدا شکاوەتەوە و ئەمەش هەر تایبەت نییە بە ئێران، بەڵکوو زۆربەی وڵاتانی جیهان، تەنانەت وڵاتە سەنعەتییە گەورەکانیش هەمیشە هاوردەیان بە سەر هەناردەیاندا شکاوەتەوە و ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە. ئەم ناهاوسەنگییەی نێوان هەنارده و هاوردە بەپێی وەرگرتنی کۆمەڵێک قانی ئابووری یان دابینکرانی پشتیوانیی دارایی بۆ کاروباری بازرگانی کە لە وڵاتانی دیکەیان وەرگرتوون قەرەبوو دەکرێنەوە.

لە بواری بازرگانیی ئێراندا، ڕووس و ئینگلیس و هیندووستان بە ڕیز دەکەونە پلەی یەکەم و دووهەم و سێهەم. ڕووسیا ماوەیەکی زۆر لە پێشپێشەوەی بواری بازرگانیی دەرەوەی ئێراندا خۆی دەنواند و نیزیکەی سەتی ٤٥ی مامەڵەی دەرەوەی ئێران لەگەڵ ڕووسیا دەکرا. ئینگلیس و هیندیش سەتی ٢٥ تا سەتی ٣٠ لە سات و سەودای دەرەوەی ئێرانیان تایبەت دابوو بە خۆیان. سەتی ٢٥ تا سەتی ٣٠ لە هەنارده و هاوردەی دەرەوە کە دەمایەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دنیا بوو.

بڕی هاوردەی ئێران لە ڕووسیاوە زیاتر هەتا یەک و نیو هێندەی هەنارده هەڵکشاوە و قەبارەی هاوردەی ئەم وڵاتە لە ئینگلیس و هیند گەیوەتە پێنج تا پێنج و نیو هێندەی هەناردەی ئێران بۆ ئەو دوو وڵاتە، بەڵام لەگەڵ عوسمانی بەپێچەوانە بووە و قەبارەی هەناردەی لە هاوردەی پتر بووە. بەم شێوەیە عوسمانی بۆ کرینی کاڵای ئێران کەوتوتە پلەی یەکەم و ڕووسیا لە پلەی دووهەمدا ویستاوە.

هاوردەی ئێران بریتی بوون لە: قوماشی لۆکەیی و یەکسەر پەشم و پەشم و لۆکە و هاوریشم و لۆکە، قەند، چا، شەمچە، نەوت، چەرمی خاو بۆ دروونی کەوش، ڕیسی لۆکە و کەتان، ئامرازی ئاسن و پۆڵا، تەنەکەی ڕەش و سپی، سکەی زێڕ، کەستەکی زێڕ و زیو و پێداویستیی لەم چەشنە. هەناردەی گرینگ بریتی بوون لە: لۆکە، میوەی ویشک، مافوورە، قالی، قالیچە، برینج، هاوریشمی خاو، پێستەی خاو، تریاک، خوری و شیلەی دار و دەوەن و ڕووەکان.

خشتەی داهاتوو ئاوێنەی بالاتوێنی کار و چالاکی و هەڵسووڕانی دوو دەوڵەتی ڕووسیا و ئینگلیسە لەپێناو سوار بوون بە سەر بازارەکانی ئێراندا و هەڵکێشانی قەبارە و بڕی هەناردەیان بۆ ئەم وڵاتە. بلژیکیش لەبەر هاوهەنگاوبوونی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی بریتانیا و لەبەروەی کە چەند کەسێکی ئەم وڵاتە وەکوو

راوێژکار و کارمەندی بواری دارایی کەوتبوونە لووتکەی دامودەزگای گوومرگی ئێران، توانی بڕی هەناردەی خۆی بۆ ئێران هەوراز بەرێ. لە لایەکی دیکەوە چونکە بازاڕی ئێران هەر ئەوەندەی هەڵدەگرت کە ڕووسیا و ئینگلیس بۆیان دەنارد و نەگۆڕ مابوویەوە، بەناچار هەناردەی وڵاتانی وەکوو فەرانسە، هولەند و ئۆتریش(نەمسا) کەمیان کرد و تەنیا ئاڵمان توانیبووی بە ڕێخۆشکردنی بازرگانەتیی دەرەوەی لە مەیدانی ملانە و ڕقەبەرقەی ئابووریی ئینگلیس و ڕووسیادا ڕاوەستێ و بازرگانانی ئێرانی بۆ لای خۆی رابکێشێ و لە ماوەی دە ساڵاندا هەناردەی خۆی هەتا ٦/٥ هێندە هەوراز بەرێ.

سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە لە کتێبی «گەنجی شایان»دا، دوابەدوای خشتەی هەڵکشان و داکشانی هاوردەدا دەنووسێ:

«زۆر بەداخەوە دەبێ پێی لێ بنێین و وەباڵ بۆ قسەی ئەو کەسانە بکێشین کە دەڵێن لە کاغەزی قورئانەوە بگرە کە دەستووری ئاسمانیمانە هەتا جاوی کفنی مردووەکانمان چاو لە دەستی بێگانەین. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم هەڵومەرجە ڕاستەقینەیەکی تاڵی تێدایە کە نابێ حەشار بدرێ و دەبێ ڕوون بکرێتەوە کە بازاڕی گەرم و بەرمێتی دەسکردەکانی ئورووپا کەوا بەرواڵەت جوان و لەبەر دڵانن و لە ڕاستیدا پووڵخۆرکە و مایەی شەرم و شوورەیین بۆ ئێران، هەر لەبەر بێهێزی و پێزی نین، بەڵکوو بوودەڵەبوونی چڵەوداران و مەزنانی ئێرانە کە کابرا *خوری خۆی داوە* بە تەشیڕێس و لێی خەڵکی هەڵگرتۆتەوە بە نیوەڕێس و بۆتە تامەزرۆی ڕەنگ و بۆی دەسکردەکانی بێگانە. لە قەدیمەوە گوتوویانە *کاوڕی خۆی بەردەدا* و گیسکی خەڵکی دەگرێتەوە. ئەمانە بەوپەڕی بە خۆنازین و مل قیتکردنەوە قەڵا و باڵەخانە و باخچۆڵەیان بە زیرقەوبریقەی منداڵهەڵخەڵەتێنەی غەواران دەڕازێننەوە و هێندە نەزانن کە داوێنداوێن زێڕ و زیوی وڵاتی خۆیان کە هەرگیز لە قیمەت ناکەون، دەگۆڕنەوە بە شتی هیچەکە و پووچەکەی وا کە هێندەی پێناچێ دەشکێن و دەدڕێن و دەڕزێن و تێدا دەچن. ئەم سەرگەورانە هەرگیز شنگڵیان لە خۆیان نەداوە کە بێن کارخانە دابمەزرێنن و پێداویستییەکانی خۆیان بەرهەم بێنن.»

| هەڵکشان و داکشانی هاوردە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی وڵات | بری هاوردەی ساڵی ١٣١٩ی ک/ ١٩٠١ی ز. بە قران | بری هاوردەی ساڵی ١٣٢٨ی ک/١٩١٠ی ز. بە قران | هەڵکشان بە قران | داکشان بە قران لەچاو هەڵکشان |
| رووسیا | ١١٣٧٥٥٥٨٤ | ٢١٩٥٥٩٢٠٦ | ١٠٥٨٠٣٦٢٢ | نیزیکـــەی دوو هێندە |
| ئینگلستان لەگەڵ هیند | ١٢٥٢٥٢٥٨١ | ١٨٩٦٦٥١٥٩ | ٦٤٤١١٥٧٨ | $1\frac{1}{2}$ |
| عوسمانی | ١٠٥١٥١٧٢ | ١٥٢٦٨٢٨٨ | ٤٧٥٩٢٢١٦ | $1\frac{1}{2}$ |
| ئاڵمان | ٢٢٨٢٧٥٥ | ١٣٩٧٧٤٤٥ | ١١٥٤٦٩٠ | $6\frac{1}{2}$ |
| فەرانسە و وڵاتانی ژێردەستەی | ٢٢٨٨٧٠٧٦ | ١٣٦٧٢٨٠٢ | — | ١٠٢١٢٢٧٤ |
| ئوتریش | ١٢٠٨٠٤٦٦ | ١٠٨٤٧٨١٨ | — | ١٢٢٢٦٤٨ |
| بلژیک | ٨٦٧٤٢٠ | ٨١٢٣٦٧٧٣ | ٨٠٦٩٢٤٣ | نیزیکەی هەشت هێندە |
| هولەند و وڵاتانی ژێردەستەی | ٢١٦٧٦١١ | ١٥٤٤٠١٣ | — | ٦٢٣٥٩٨ |

هەڵکشـانی هـاوردە کـە دڵـی ناسـکی نووسـەری ئێرانیـی ئێشـاندووە و وای لێکردووە هەتا خەم بخوا و بکەوێتە رەخنەگرتن لە سەرۆکان و مەزنانی وڵات کە بۆچی ئاوا بـە پیـر کاڵا و کەلوپەلی غەوارانـەوە چـوون. سـەرەرای ئـەوەی کـە دەگەرێتەوە سەر دزەکردن و پەرەگرتنی ژیارمەندیی ئورووپایی و تامەزرۆبوونی بەشـێک لـە دەوڵەمەنـدان و نوێخـوازان بـۆ کڕینـی دەسـکرد و بەرهـەمی بێگانـە، هۆکارێکی دیکەشی هەیە کە لە جێی خۆیدا بۆتان شی دەکەینەوە.

بنکەی ژین

### دراو و دەوری بانکەکان لە بواری ئابووریی ئێراندا

یەکەی دراوی ئێران قران بوو کە لە زێو لێدەدرا و هەر قرانێک ۲۰ شایی و هەر شایییەک ۵۰ دینار و لە راستیدا هەر قرانێک ۱۰۰۰ دینار [یان دوو پەنابات][1] بوو. دووشایی پێیدەگوترا ۱۰۰ دیناری و چوار شایی بە یەک عەبباسی دەناسرا و دە قران دەبوو بە تمەنێک. ناوی «ریاڵ» لە هێندێک شاراندا باو بوو. بە قرانێک و پێنج شایی دەگوترا ریاڵ و بەم شێوەیە دوو ریاڵ دەبوو بە دوو قران و پێنسەد دینار [هەمان دوو قران و پەناباتێک]. لە هێندێک ناوچەی ئێران ۱۰ شایی پێی دەگوترا پەنابات. ماوەیەکی زۆر دراوی رەش و بێبایەخ بە «پووڵ» و «قاز» ناودێر دەکران و یەکشایی دەبوو بە دوو پووڵ یان پێنج قاز؛ بەڵام بە تێپەربوونی زەمان ئەمانە کوێر بوونەوە و لە گەردوونەی بازار چوونەدەر.

سکەی زێو بریتی بوون لە دە شایی، تاقرانی[2]، دوو قرانی و پێنج قرانی و چەند سکەیەکی وردەڵە بە ناوی «شاییی سپی» کە نرخیان بەپێی تێپەڕینی زەمان لە نێوان سێ شایی و چوار شاییدا سەروخواری کردووە و سکەیەکی زێوی دیکەش بووە بە ناوی «روبعی» کە نرخەکەی پێنج شایی بووە. وەکوو دیارە لێدرانی سکەی وردەڵەی زێو لە سالی ۱۳۱۹ی ک/۱۹۰۱ی زایینییەوە کوێر بووە و هەر تاق شایی و دوو شایی بوونە باو کە لە جسنی نیکیل بوون. ئەوەی راستی بێ هەتا دامەزرانی سکەخانەی میری لە سەردەمی ناسرەددینشادا دراوی فرەچەشن لە سەرتاسەری ئێراندا لێدەدران و ئەگەرچی زۆریان یەکتریان نەدەگرتەوە، بەڵام لە نێو خەڵکدا برەودار بوون و سات و سەودای وردەیان پێدەکرا و بریتی بوون لە «جەندەک»، چواریەکی شایی، قەرەپووڵ (پووڵی رەش)[3] کە لە سەردەمی فەتحعەلیشادا برەوی بووە و بە نیو شایی دانراوە و هەتا سەروبەندی پادشایەتیی محەممەدشاش هەر لەباو بووە.

---

۱- ناوی سکەیەکە کە سەرخێڵی جەوانشێر لە «پەناهـ ئاباد» واتە قەڵای شووشی لێیداوە و بەم ناوەوە ناسراوە. وەکوو دەڵێن پەناخانی سەرخێڵی جەوانشێر، پەناهـ ئاباد یانی قەڵای شووشیی ناوەدان کردۆتەوە و ناوی سکەکە هەم ناوی خان و قەڵای خان دەگرێتەوە.و.

۲- تاق قرانی، قرانێک.و.

۳- لە زمانی کوردیدا بە پووڵی خوردەی کانزایی دەڵێن قەرەپووڵ.و.

ئەو سکە زێڕانەی کە لە سەردەمی قاجاراندا و بە ڕیز و بەپێی سەردەم برەویان پەیدا کردووە بریتی بوون لە: «باجاقلی» کە لەسەر بنەمای سکەیەکی زێڕی هولەندی بە ناوی «دووکا» لە سەردەمی فەتحعەلیشادا لێدەدرا و هەروەها دووکایەکی زۆری هولەندیش خرابوویە نێو خەزێنەی دەوڵەت و لە نێو بارگانشینان و جاروبارە لە نێو خەڵکی ئاساییشدا دەستاودەستی پێدەکرا. سکەیەکی دیکەی زێڕ لێدراوە بە ناوی «کیشوەرستان» کە کێشی ١٨ نۆک واتە ٣/٤٥٦ گرام بووە و لە کلکەی دەسەڵاتی پادشایەتیی فەتحعەلیشادا برەوی ئەستاندووە. ئەو سکە زێڕانەی کە دواتر کەوتنە بازارەوە بریتی بوون لە: دوو ئەشرەفی، یەک ئەشرەفی، پێنجهەزاری و دووهەزاری. دوو ئەشرەفی یانی گەورەترین سکەی زێڕ، نرخی نیزیکەی چل قران واتە چوار تمەن بووە. هەڵبەت بەپێی هەڵکشان و داکشانی نرخی دراوی وڵات، نرخی ئەم جۆرە سکانە گۆڕانیان بە سەردا هاتووە و نرخی ئەشرەفی هەتا ٢٥ قرانیش هەڵکشاوە.

لە سەرەتاکانی دامەزرانی حکوومەتی قاجاردا، باوەکوو ئەوەی کە سکەخانەی حکوومەتی لە ئارادا نەبووە و سکەی پێویستی بازار لە هەر ناوچە و هەرێمێک لە لایەن خودی خەڵک و بە چاوەدێریی کارگێرانی حکوومەتەوە لێدەدرا، بەڵام زۆر بەوردی هەوڵ دەدرا کە دەغەلییان تێدا نەکرێ و عەیاریان تەواو بێ، کەچی وردەوردە و بەگوێرەی تێپەڕینی زەمان فێڵەبازان تێکەوتوون و سکەی قەڵب و عەیار ناتەواویان لێداوە و کڵاویان لەسەر خەڵک ناوە و تەنانەت تاقمێک لە پیاوان و مەزنانی بارگای میریش بەشداری ئەم فێڵ و تەڵەکەیە بوون. میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە لەو بابەتەدا بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە دەقاودەق دەیهێنین و دەیخەینە بەرچاو:

«خەزنەخانەی میری خۆی هێندێک باجاقلووی تێدابوو کە ئەم سکە کۆنە لە نێو سکە زێڕەکانی دەوڵەتاندا بە عەیارچاکی بەناوبانگ بوو. ڕۆژێکی تەواوی ئەو سکانە لە خەزنەخانەوە ڕادەگوێزن هەتا بیانبەن بۆ سکەخانە و بیانکەنە تمەنی ئێرانی. نیزیکانی تایبەتی پادشا ڕووی خۆیان هەڵداوێن و بە خزمەتی ڕادەگەیەنن کە خۆ هەر پاشەکەوتی ئەم سکانە باشترە. چونکە بە جوانیی دیمەن و عەیارچاکی بەناوبانگن و کوا پێویستە خەرجی دووبارە لێدرانەوەیان بدرێ؟! خۆ ئەگەر بکرێنەوە تمەن لە سکەخانەدا عەیاری ڕاستەقینەیان بۆ ئێوە ناڕوونە. شا لە وڵامدا

دەڵێ لەگەڵ ئەمینوسسوڵتان حیسابمان کردووە و ٦٠٠٠ ئەشرەفی زیاد دەکا. گوتیان: ئەگەر سەنگایی و عەیاریان ناتەواو بێ بە زیادبوونی سکەکان تووشی قازانج نابن.»

«شا ئێوک و ئێوەرۆکی قسەکەی وەرنەگرت. پاچاقلووەکانیان یەکجێ بردن بۆ ماڵی ئەمینوسسوڵتان و لەبری ئەوان ئەشرەفیی کەمعەیار و چرووکیان دا بە پادشا کە لە قازانجی لێدرانی بێسەرەوبەرەی دراوی مسەوە خرابوونە سەر یەک. قەڵبی و کەمعەیاریی ئەم دراوانە و رانەگیرانی پارسەنگ لە کاروباری گوومرگاندا، تای تەرازووی زەرەدی داهێنا و بازرگانان هەرچی لە دابەزینی نرخی دراوەکانیان تووشی زەرەد بوون، هاویشتیانە سەر نرخی کەلوپەلان یان ئەوەی خەڵک بە ئەمانەت لە لای دانابوون بە هاوار و لیللای سەرسووتان قووتیان دان. لە سایەی ئەم کارەوە نرخی کەلوپەل و خوردوخۆراک و پێداویستی و دراوی قورس بەرز بوونەوە و کەس نەیوێرا بڵێ کێ ئەم زەرەدە بەربڵاوەی بە سەر خەڵک هێناوە.»[1]

لەبەر نەبوونی بانک و ناوەندی دراوگۆڕینەوەی باوەڕپێکراو، گەڕانی سکە لە کاروباری کڕین و فرۆشتن و بازرگانەتیی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا هێندێک گرفتی بەدی هێنابوو. لە بازارەکانی نێوخۆدا کاڵا بە حەواڵەی پارە و پسوولەیەکی نووسراو دەستاودەستی پێدەکرا و جاری وابوو کاڵایەک بێئەوەی لە جێی خۆی بگوێزرێتەوە دەبوو بە ماڵی چەند بازرگانێک و ئەو پسووڵە و حەواڵەیەی کە فرۆشەری یەکەمی کاڵا دابووی، لە نێوان ئەو بازرگانانەدا دەستاودەستی دەکرد و فرۆشەری دووهەم ژێر حەواڵەکەی بۆ کڕیاری دووهەم مۆر و ئیمزا دەکرد و ئەویش کە دواتر دەبوو بە فرۆشەری سێهەم دیسان پشتی حەواڵەکەی بە مۆر و ئیمزای خۆی پڕ دەکردەوە. بەم شێوەیە کاڵا لە مابەینی شارەکانی دوور و نیزیکدا دەستاودەستی دەکرد. زۆرجاران وا هەڵدەکەوت ئەو کەسەی یەکەمجار حەواڵەی دابوو، پاش ماوەیەکی دیکە لەبری کاڵایەکی تازە کە دەیفرۆشت، هەمان حەواڵەیەی پێشووی خۆی دەگەیشتەوە دەستی و ئاوا بێئەوەی هیچ دراوێک لە نێوان دوو بازرگاناندا ئاڵوگۆڕ کرابێ، کڕین و فرۆشتن سەری دەگرت.

هەتا بەرلە دامەزرانی بانکی شاهانشاهیی ئێران و بانکی قەرزدەری رووس کە هی ئینگلیسییەکان و رووسەکان بوون، چەند ناوەندێکی دراوگۆڕینەوە لە لایەن

---

١- بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە، چاپی تاران، ل ٨٦.

کەمینەکانی زەردەشتی و جوولەکەوە لە شاران دامەزرابوون. ئەم ناوەندانە چەک و حەواڵەی ماوەداریان نەغد دەکردنەوە و لەبری ئەم کارە تمەنی نیو شایی و چواریەکی شایی سوود وەردەگیرا.[1]

بانکی قەرزدەری رووسیا کە وەک رێخۆشکەری کاروباری بازرگانیی نێوان ئێران و رووسیا و چەند وڵاتێکی ئورووپای ناوەندی دەوری دەگێرا. چونکە یاریدەی ئەو بازرگانانەی دەدا کە لەگەڵ رووسیا سەودایان دەکرد و ببوو بە پشتیوانی دارایی بزیان و وام و دەسقەرزی دەدا بە پیشەوەران و کەسانێک لێرولەوێ، بەرەبەرە بوو بە دەورگێڕێکی گرینگ و شوێندانەر لە ئابووریی ئێراندا. هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا باسی کرا، وەزارەتی داراییی رووسیای قەیسەری لە رێی ئەم بانکەوە وامی دا بە ناسرەددین‌شا و لەوی بەولاوە وام ویستن لە دەولەتی رووسیا لە رێی پیاوانی خەیانەت‌پیشەی وەک میرزا عەلی‌ئەسغەرخانی ئەمینوسسولتان و دەستە و دەیاردەکەیەوە لە بارگای میریدا بوو بە باو و چەندپات کرایەوە و داهاتی گوومرکەکانی باکووری ئێران بوونە بارمتەی ئەو قەرزانەی ئاوا وەردەگیران و بە گریو داندران.

بانکی شاهانشاهی بە پشتیوانیی سیاسەتی فێڵەبازانەی بریتانیا و هۆش و گۆش و هەلپەرستی و دەرفەت‌خواستنەوەی کاربەدەستانی سیاسی و بازرگانیی ئەم وڵاتە، کەوتە مەیدانی ملانە لەگەڵ خەنیمی دەسرۆیشتووی کە بە داهێنانی رەوت و رێبازی تازە و بە پاڵپشتی وەزارەتی داراییی وڵاتێکی بەهێزی وەک رووسیای قەیسەری و بە سەرمایەی دیاری‌نەکراو لە بەستێنی بازرگانیی دەرەوەی ئێراندا هەڵدەسووڕا. ئامانجی بنەرەتیی بانکی شاهانشاهی ئەمە بوو کە ئەوەندەی بۆی دەکرێ لە بەرامبەر بانکی قەرزدەری رووساندا سەرنجی بازرگانانی ئێرانی بە لای خۆیدا رابکێشی و بیانخاتە نێو جەغزی مامەڵە لەگەڵ ئینگلیس و وڵاتانی ژێرباڵی لە ئاسیادا. ئەم ناوەندە دەیهەویست کە هەرچی زیاتر برشتی دارایی و کاروباری دراوگۆڕینەوە لە نێوخۆی ئێراندا وەدەست بێنێ و هەر بۆ ئەم مەبەستە بنەوانی چاک شێلا و لە رێی گوێڕایەڵانی خۆیەوە لە بارگادا توانی قانی پاوانی چاپ و پەخشی دراوی کاغەز واتە ئەسکیناس لە سەرتاسەری وڵاتدا وەچنگ

---

١- زۆربەی بازرگانانی مسوڵمانی ئێران خۆیان لە کاری دراوگۆڕینەوە و سوودی حەواڵە دەپاراست، چونکە بەپێی شەرعی ئیسلام سوودخواردن حەرامە.

بینێ و ماوەیەک دواتر سکەخانەی میریش ڕاستەوخۆ بخاتە ژێر چاوەدێریی خۆی. پێویستە بزانین کە لە بواری پێشکەوتنی ئامانجە نارەواکانی بانکی شاهانشاهیدا، بێجگە لە ژمارەیەک مەزن و مالقوول و بازرگانشینانی گەندەڵ و چاونەزێر، سەرمایەداران و بازرگانانی جوولەکەی ئێرانیش دەورێکی گرینگیان دەگێڕا.

بانکی شاهانشاهی و بانکی قەرزدەری ڕووس، سەرەڕای ئەوەی کە خەنیمی یەکتر بوون، بەڵام بە جووت هەوڵیان دەدا کە هیچ چەشنە دامەزراوە و ناوەندێکی گەورەی دراوگۆڕینەوەی ئێرانی دانەمەزرێ کە ڕەنگە ئەوانی بە باری کۆکردنەوەی قازانجی نارەوا و ئامانجگەلی سیاسیدا خەساربار کردبا. ع. دانیشپوور لە کتێبی «بانکی شاهانشاهی و ئیمتیاز»دا کووژرانی ئەرباب پەروێز، یەکێک لە زەردەشتییەکانی ئێران و خەڵکی یەزد و تێشکان و سەرسووتانی ناوەندی دراوگۆڕینەوەی جەمشیدیان کە ئەرباب جەمشیدی زەردەشتی لە سەروبەندی [شۆرشی] مەشرووتەدا لە تاران دایمەزراندبوو، بە دەهۆ و کارەساتی بانکی شاهانشاهی دادەنێ. هەر ئەم نووسەرە لە کتێبەکەی خۆیدا بەپێی سەرچاوەیەکی دیکە کە مستەفا فاتح بە ناوی «پوول و بانکداری» نووسیویەتی، دەڵێ ڕاگیرانی کاری ناوەندی دراوگۆڕینەوە و بانکی جەمشیدیان دەگەڕێتەوە سەر هەوڵ و هەڵسووڕان و چالاکبوونی بانکی قەرزدەری ڕووس.[1]

ع. دانیشپوور پاش هێنان و گێرانەوەی چەند بڕگەیەکی کتێبی «پوول و بانکداری» ئاوای نووسیوە:

«ڕێزدار مستەفا فاتح شکستهێنانی ناوەندی دراوگۆڕینەوەی جەمشیدیان تەنیا هەر داوێتە ئەستۆی بانکی قەرزدەری ڕووسیا. لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەرانی هێژا بەرچاویان سەبارەت بە لێکدانەوەیەکی ئاوا دەغەزدارانە ڕوون ببێتەوە، سەرنجیان بۆ ئەم خاڵەی بەرەوە ڕادەکێشم: ساڵی ۱۹۳۸ «ڤیکتۆر گولانتز»ی بە ڕەسەن جوولەکەی کۆچەری ڕووسی و دانیشتووی ئەمریکا لە ئینگلستان کتێبێک بڵاو دەکاتەوە. نووسەر کە لە زانستگای کلۆمبیا خوێندنی تەواو کردووە و وادیارە ڕقی لە هەڵسوکەوتی خوێندکارانی ئەمریکایی هەستاوە سەبارەت بە خوێندکارانی دەرەکی و لە حەیفان زووخاوی هەڵێناوە. لە بەشی سەبارەت بە هەستان و دانیشتنی ئەمریکایییەکان لەگەڵ جەماوەری بێگانە دەنووسێ: «لە نێو خوێندکارانی

---

[1]- بانکی شاهانشاهی و ئیمتیاز، ع. دانیشپوور، چاپی دووهەم، ل ۱۷ و ۱۹.

غەوارەی ئەم زانستگایەدا. خوێندکارێکی ئێرانی هەیە بە ناوی مستەفا کە ئاواتەخوازە ڕۆژایەک بگەڕێتەوە ئێران و لە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران دامەزرێ هەتا بتوانێ لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا دەورێکی گرینگ بگێڕێ.»

«ڕێزدار مستەفا فاتح سەرەنجام لە زانستگای کلۆمبیا خوێندنی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە ئێران و بە ئاواتی لەمێژنەی خۆی گەیشتووە و توانیویەتی لە دامودەزگای ئینگلیسییەکاندا بگاتە پلەیەکی گرینگ و بەکردەوە لەپێناو وەدی هاتنی ئاواتیدا هەنگاو هەڵێنێتەوە. بۆیە هیچ بە لامەوە سەیر نییە کە لە ڕووداوی شکستهێنان و ڕاگیرانی ناوەندی دراوگۆڕینەوەی جەمشیدیاندا لەتەرکێن باسی دەوری بانکی شاهانشاهی نەکا. کە دامەزراوەیەکی ئینگلیسی و کارڕاییکەری سیاسەتی ئینگلستانە لە ئێران و هەموو سووچ و تاوانەکان تەنیا بخاتە ئەستۆی بانکی قەرزدەری ڕووسان کە ڕقەبەرێکی بەهێزی بانکی شاهانشاهیی ئێرانە. وەکوو ئاشکرایە ئەو زەمانی ڕوون و ئاشکرا بوو کە بانکی شاهانشاهی و بانکی قەرزدەری ڕووس بە جووت کەوتبوونە شوێن کرینەوە و کۆکردنەوەی پسوولەی قەرزەکانی دامەزراوەی دراوگۆڕینەوەی جەمشیدیان کە لە بازاڕدا بە دەست خەڵکەوە بوون. لە ڕاستیدا ئەم دوو بانکە بە جووت بوونە هۆی تێشکان و سەرسووڕانی دامەزراوەی دراوگۆڕینەوەی جەمشیدیان.»

دامەزرانی بانکی شاهانشاهی و درانی قانی پاوانی چاپ و بڵاوکردنەوەی دراوی کاغەز بە پاڵپشتی هێنانی سەرمایەی سەتی ٣٠ بەو بانکە لە چەند سەرێکەوە جێگای سەرنجە:

١- وەکوو باسی کرا، گۆڕینەوەی کاڵا و شمەک لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەدا لەبەر نەبوونی دامەزراوەیەکی باوەڕپێکراوی دراوگۆڕینەوە و بانکی، تووشی گەلێک گیروگرفتی بەرچاو ببۆوە و دامەزرانی بانک لە تاران و کرانەوەی لقەکانی لە چەند ناوەندێکی گرینگی هەرێم و ناوچەکان، بەشێک لەم گرفتانەی چارەسەر کرد. گۆڕینەوەی کاڵا و دابینکرانی پاڵپشتیی دارایی بۆ بازرگانانی ئێرانی لە هیندووستان و ئینگلستان و تێکرای وڵاتانی ژێرچەپۆکە و بەکۆیلەبراوی ئینگلیس کەوتبوویە ئەستۆی بانکی شاهانشاهی و ئەم ڕەوتە لە ڕووسیا و ئاڵمان و

ئوتریش و تێکرای وڵاتانی دیکەی ئورووپای ناوەندی. بانکی ئیستقرازیی ڕووس گەشەی پێدا.

٢- مەبەستێکی تەواو ئاشکرایە کە هەرکام لەم دوو بانکانە کە ئینگلیسی و ڕووسی بوون، کەوتبوونە زۆرانبازی و لەو مەیدانەدا هەولیان دەدا کە زیاتر ڕێگا بۆ بازرگانان خۆش بکەن و بە باری گرانەوەی حیسابی باوەڕپێکراویدا هانیان بدەن هەتا لەگەڵ وڵاتەکەی خۆیان پتر بکەونە مامەڵە. بەڵام زۆربەی ئەم یارمەتیدانە لە هەنگاوی یەکەمدا بواری هاوردەی دەگرتەوە و دەیانهەویست هەتا گەشە بە فرۆشی کەلوپەل و کالای ئینگلیسی یان ڕووسی و وڵاتانی تێبەستەی خۆیان بدەن. بەم شێوەیە بازرگانانی ئێرانی بە مەبەستی کەلک وەرگرتن لە پووڵ و دەسمایەی ئەوان و درێژەی کاری خۆیان، ناچار بوون هەتا بەو ڕچە و ڕێبازەدا باژوێن کە ئەم دوو بانکە دیارییان دەکردن.

٣- پاوانی لە چاپدانی دراوی کاغەز واتە ئەسکیناس لە لایەن بانکی شاهانشاهییەوە، توانیبووی سەرچاوەی مفت و ئارەوای بخاتە ژێر دەستی؛ چونکە دەولەتی ئینگلستان وا قوول بە داموودەزگای حکوومەتی ئێراندا ڕۆچووبوو، کە دەولەتی ئێران بە هیچ بارێکدا چاودێریی بە سەردا نەدەکرد و کەس نەیدەزانی چۆن ئەسکیناس چاپ و بڵاو دەکاتەوە و قەبارەی دراوی لێدراوی چەندە. لە لایەکی دیکەوە بانکی شاهانشاهی هەر قەرزێکی کە هەیبوو لەسەر ئێران دەیهاویشتە سەر سەرمایە و پاشەنیای بانک و بە واتایەکی دیکە وەک پشتیوانەی چاپی دراو وەبەرچاوی دەگرت و لەچاو هەوراز چوونی بارستایی و قەبارەی هاوردە و ئاڵوگۆڕی نێوخۆ و دەرەکی، دراوی دەستاودەستکەری نێو بازاڕی زیاد دەکرد.[1]

٤- بانکی شاهانشاهی بۆ هەرکام لە شارستانەکانی ئێران دراوی تایبەتی لێدەدا و لەسەریان دەنووسرا ئەم ئەسکیناسانە هەر لەو قیسارە شارستانە دەچن، لقی بانکی ناوبراو لە شارستانەکاندا دەکەوتنە ئاڵوگۆڕی ئەسکیناسی شارستانان پێکەوە و لەبری ئەم کارە بڕێکیان لە دراوی دەستی کەسی دراوگۆڕەوە دادەشکاند

---

١- لە پاوانانامەی سەبارەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەسکیناسدا نووسرابوو، ئەم بانکە تەنیا هەقی هەیە دراوی هەوراز دوو تمەنی لێ بدا، بەڵام لە ٢٢ی مانگی ڕەجەبی ١٣٠٧ کۆچیدا، ئیزنی چاپی ئەسکیناسی یەک تمەنیشی وەدەست هێنا.

بنکەی ژین

بە ناوی بابەتی گۆڕینەوەی دراو و ئەم ڕێوشوێنە تەنیا تارانی نەدەگرتەوە و دراوی هەموو شارستانەکان بەبێ داکشاندن لە لایەن بانکەوە وەردەگیران.

٥- بەپێی تێپەڕینی زەمان وردەوردە هاوسەنگی نەما لە نێوان بڕی سەرمایەی بانک و قەبارەی دراوی چاپکراوی دەستاودەستکەری بازاڕ و بەرەبەرە سەرمایەی بانک و بایەخی بەڕواڵەت دیاریکراوی دراوی نێو بازاڕ سەربەسەر هاتنەوە.

بانکی شاهانشاهی کە چارەنووسی دراوی ئێرانی بە دەستەوە بوو، ئەوەندەی بۆی کرا بایەخی دراوی ئێرانی لە بەرامبەر لیرەی ئینگلیسدا دابەزاند. بە شێوەیەک کە نرخی لیرەیەکی ئینگلیسی یەکجار هەوراز ڕۆیی؛ بۆ نموونە سالی ١٨٦٣/١٢٨٠، یانی ٢٦ سال بەرلە دامەزرانی بانک، هەر لیرەیەک ٢٠ قران بوو، بەلام سێ سال دوای دامەزرانی بانک، یانی سالی ١٨٩١/١٣٠٩، گەیشتە ٣٦ قران و سالی ١٩٠٥/١٣٢٢ هەلکشا بۆ ٥٩ قران. بەپێی پاواننامەکە، بانکی شاهانشاهی دەبوو سەتی ٦ی قازانجی تایبەتی خۆی بدا بە دەولەتی ئێران و مەرجیش ئەوە بێ بڕی قازانجەکە لە ٤٠٠٠ لیرە کەمتر نەبێ. بەلام بانکی ناوبراو لە سالی دامەزرانییەوە هەتا سالی ١٣١٨ی ک، یانی لە ماوەی ١٢ سالدا، ئەگەرچی لە ڕێی چاپ و بلاوکردنەوەی دراوی کاغەز و ئالوگۆڕی بانکی و هەلکشان و داکشانی نرخی بازاڕی بوورسی گۆڕینەوەی دراوی قورس لە ئێراندا، قازانجێکی زۆری کردبوو، کەچی لە ٤٠٠٠ لیرە زیاتری نەدەدا بە دەولەتی ئێران.

ع. دانیشپوور لە کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێ:

«بانکی شاهانشاهیی ئێران، لە ماوەی ٤٢ سالدا کە پاوانی چاپ و بلاوکردنەوەی ئەسکیناسی ئێرانی بە دەستەوە بوو، هەر لەم کارەیدا پتر لە ١١١ میلیۆن قرانی قازانج کردبوو. ئەگەر ئەم قازانجە زۆر و زەوەندە ئاکامی سەرمایەی بانک بووبایە لە ئێراندا، منی نووسەر هەر بە حالودوویەلاش ڕەخنەم لێ نەدەگرت. بەلام پاوانی چاپ و بلاوکردنەوەی ئەسکیناس مافێک بوو کە جلەودارانی گەندەل و لێنەوەشاوەی سەردەم بەناهەق دابوویان بە دامەزراوەیەکی دەرەکی و ڕێی ئەم مافەیان لە گەلی ئێران بڕیبۆوە.»

«کاتێک ئەم ماف و پاوانە درایە بانکی شاهانشاهی و مەرجی بۆ داندرا کە پێویستە تەنیا سەتی ٣٠ لە دراوی کانزایی وەک پالەپشتی ئەسکیناسی لێدراو ڕاگیر

بکرێ. ئەمە خۆی نیشانەی شەریکبوونی دەولەتی ئێرانە لە سەرمایەی بانکدا. چونکە کاتێک لە سەرمایەی بانک و ئەسکیناسی نێو بازار خورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە جگە لە چەند ساڵێکی بەرایی، هەموو ساڵەکانی دیکە سەتی ٧٠ی ئەسکیناسی وەگەرکەوتووی نێو بازار، پتر بووە لە سەرمایەی بانک. داخوا لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ڕێگایەکی جوامێرانە و بەپارسەنگ و دادپەروەرانە نەبوو کە خاوەنی پاوان ئەم خاڵەی وەبەرچاو گرتبا و دەولەتی ئێرانی بە ڕێژەی ئەم سەتی حەقتایە کردبایە شەریکەقازانجی؟»[1]

بەپێی دەقی پاوانامەکە، دەولەتی ئێران لە ساڵانی سەرەتای دەسپێکی کاری بانکدا هەقی ئەوەی هەبوو کە چاوەدێر بێ بە سەر بڕی ئەوەندە ئەسکیناسەدا کە بانک بڵاوی دەکردەوە. بەڵام چونکە بانکی ناوبراو دەیهەویست لە لێدانی ئەسکیناس و کاروباری دراوگۆڕینەوە و خۆ دزینەوە لە هەقەپاوانی دەولەتی ئێراندا. قازانجێکی زیاتر بکا، ساڵی ١٨٩٧/١٣١٥ یانی لەو ڕۆژگارەدا کە حاجی موحسینخانی موشیروددەولە وەزیری دەرەوە بوو. لە ڕێی پیاوان و کوێرایەڵانی خۆیەوە، مافی چاوەدێری و سەرانسویکردنی دەولەتی ئێرانی بە سەر کاروباری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەسکیناسدا هەڵوەشاندەوە. بەم شێوەیە چارەنووسی دراو و ئاڵوگۆڕی دراوی ئێران تەواو کەوتە بەردەستی بانکی شاهانشاهی.

## ڕێگاوبانەکان و ئامرازگەلی هاتوچۆ

ڕێگاوبانی هاتوچۆ لە نێوخۆی ئێراندا بریتی بوون لە ڕێی عارەبانە، ڕێی سوارە و ڕێی پیادە. ئەم ڕێگایانە هەموویان لە پلەی یەکەمدا تایبەتی گەیاندن و گواستنەوەی بەستەی پۆستی بوون و دروشکە یان داشقەی چوارئەسپە یان چەپەری سوارە رایاندەگواستن و لە کوێرەڕێیان چەپەر و تەتەری پیادە ئەم ئەرکەیان رادەپەڕاند.

گرینگترین ڕێوبانەکانی هاتوچۆی نێوخۆی ئێران کە خاوەنی پێشینەیەکی لەمێژینەن بریتی بوو لە:

١- بەشێک لە ڕێی ئاوریشمی ڕۆژگارانی مەغوڵ، تەیمووری و سەفەوی. واتە ڕێگای تەوریز بەرەو مەشەد کە بە قەزوین و تاران و نەیشابووردا تێدەپەڕی. ئەم

---

[1] ١- بانکی شاهانشاهی و ئیمتیاز، ع.دانیشپوور، چاپی دووهەم، ل ٢٣.

ڕێگایە لە سەردەمی حکوومەتی قاجاریشدا بە یەکێک لە گرینگترین ڕایەڵەکانی هاتوچۆ دادەندرا و لە باڵی باکووری خۆرنشینەوە سەرێکی دەگەیشتە جولفای ڕووسیا و لەوێشڕا لەگەڵ تفلیس و ڕێوبانی نێوخۆی ڕووسیا تێکەڵ دەبۆوە و لە باڵی ڕۆژهەڵاتیشەوە هەتا ئەفغانستانی باکووری دەڕۆیی. جگە لەوە، شاڕێی سەرتاسەری باکووری ئێران بە ڕێگای «خۆ»یەدا سنووری نێوان ئێران و عوسمانیی بە یەکەوە دەبەستەوە و لەوێشەوە دەڕۆیی هەتا لەنگەرگای ترابووزان (تەرابزان) لە لێواری دەریای ڕەش.

٢- ڕێوبانەکانی تاران بەرەو [دەریای عوممان و] کەناری کەنداوی فارس کە یەکیان بە قوم، کاشان، نائین، یەزد و کرماندا تێدەپەڕی و دەگەیشتە بەندەرعەبباس و ئەوی دیکەشیان لە تارانەوە دەهات و دەگەیشتە ئیسفەهان و دەچوو بۆ شیراز و لەوێشەوە شۆڕ دەبۆوە بۆ بەندەربووشێهر.

٣- ڕێگاکانی تاران بەرەو دەریای خەزەر کە ئەوی هەرە گرینگیان ڕێی «تاران ـ ئەنزلی» بوو کە بە قەزوین و ڕەشتدا تێدەپەڕی. وەکوو لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کردووە پاوانی لێدان و بەهرە لێ خواردنی لە لایەن پادشای قاجارەوە درابوویە ڕووسان. ئەم ڕێگایە و ڕێگای تاران بەرەو جولفای ڕووسیا کاروانەڕێی بازرگانی بوون کە کەلوپەل و کاڵای ڕووسیایان دەگەیاندە بازاڕەکانی نێوخۆ و کاڵاکانی ئێرانیان پێدا دەچوو بۆ ئەنزەلی و جولفا.

٤- ڕێگای تاران بەرەو بەغدا کە بە هەمەدان و کرماشاندا تێدەپەڕی.

وەکوو دیارە، ڕێگا سەرەکییەکانی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا هەر ئەو ڕێگایانەن کە ئێستاش پایتەختەیان بە ناوەندە قەوغاکانی پارێزگاکان و لەنگەرگاکانی باکوور و باشووری وڵاتەوە بەستۆتەوە. لە ڕاستیدا گەڵاڵەی ئەم ڕێگایانە بەگوێرەی سروشتی ئێران و باروودۆخی هەوراز و لێژ و ڕەوگەی ڕووبارەکان داڕێژراون و ئێستاش سەرەڕای ئەو پێشکەوتە قووڵانەی کە لە شێوازی ڕاکێشانی ڕێگادا ڕوویان داوە، دیسانیش ڕەوگەی ڕێگاوبانە چەوڕێژکراوەکان و تەنانەت بەشێک لە ڕێچکەی ئاسنی ئێران بەپێی هەڵ و هەلکەوت و سروشتی وڵات هەڵبژێردراون.

ئەو ئامرازەی هاتوچۆ کە لە نێوخۆی وڵاتدا کاری پێدەکرا بریتی بوو لە درۆشکەی چوارچەرخ کە هەم کاڵای بازرگانیی پێڕادەگوێزرا و هەم بار و

بەستەی پۆستی. هەروەها ئەگەر مەودای ڕێگا کەم و کورت بووایە گەشتیارانیش بە درۆشکە هاتوچۆیان دەکرد. هەموو شارێک بەگوێرەی هەڵومەرجی بازارەکەی کۆمەڵێک کاروانچی کاریان تێدا دەکرد و بە نرخێکی کەموزۆر دیاریکراو و نەگۆڕ کاڵای بازرگانانیان ڕادەگواست کە بە «سەککاری» بەناوبانگ بوون.

لە وڵاتی بەربڵاو و کەمجەماوەری ئێراندا کە شار و ئاوەدانییەکان نێوان و مەودایان زۆرە و ئامرازی تیژاژۆی گەیاندن و گواستنەوەی کاڵای تێدا نەبوو، کاروباری بازرگانی یەکجار گرفتی وەبەر دەهات. یەکێک لەو گرفتانەش پاراستنی هێمنایەتی و تەناهیی ڕێگاکان بوو لە بەشێکی هەرە بەرچاوی وڵاتدا و هەبوونی گەلێک خانی بەدەسەڵاتی[1] خۆجێیی و تیرە و خێڵاتی ساوێلکە و ڕەنگە برسیش کێشەیان نابوویەوە و قەراسواران [قەراسووران]ی بە ژمارە کەم کارێکی وایان لە چنگ نەدەهات. هەر بۆیە کاروانچی و چارەویداران ناچار بوون بۆ پاراستنی بار و سامان و ئەمانەتی خەڵک و گیان و ماڵی خۆیان کۆمەڵێک چەکدار بەکرێ بگرن و بیانکەنە پارێزەری کاروان. چونکە ئەو سەردەم هەڵگرتنی چەک بەپێی یاسا قەدەغە نەکرابوو، تاقمێک لە گەشتیارانی وێڕای کاروانیش کە بە سواری یان بە پێیان دەرۆیشتن، چەکدار بوون.

دەروازەکانی بازرگانیی دەرەوەی ئێران لە باکوور بریتی بوون لە لەنگەرگاکانی دەریای خەزەر کە ئەنزەلی لە هەمووان بە گرینگتر دادەندرا. کاڵا و بار و بارخانەی ئێران بەرەو ڕووسیا، لەهێستان، ئاڵمان، ئوتریش و ناوچەی باڵکان لە ڕێی گەمییە بازرگانییەکانی ڕووسیاوە دەگەیەندرایە باکۆ و ئاستاراخان (هەشتەرخان)، لەوێشەوە شەمەندەفەری بارهەڵگر دەیبردن بۆ بازارەکانی نێوخۆی ڕووسیا و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتی. کاڵای ڕووسیاش هەر بەم ڕێگایەدا و هەروەها بە ڕێگای جولفا و تەورێزدا دەگەیەندرانە ئێران و هەر بۆیەش ڕەشت و تەورێز بە

---

١- لە زۆربەی کاروانەرییەکانی ئێراندا کە بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خانان و دەرەبەگانی خاوەنهێزدا تێدەپەڕین، پیاوانی خانان و دەرەبەگان و سەرخێلان، باج و سمێڵچەورانەیان لە کاروانچییان دەستاند و بەم پێیە بوو کە کاروانی بازرگانی یان گەشتیاری دەیتوانی بێزۆیێ. بازرگانێکی بەتەمەن دەیگێڕاوە کە خۆی ئاوا لەگەڵ کاروانان بە ڕێگاکانی خۆرنشینی ئێراندا سەفەری کردووە و بە چاوی خۆی دیتوویەتی کە لە ڕێ و ڕەوگەکانی لوڕستان، واتە ئەو شارێیەی کە ئێستا لە خوڕەمئابادەوە دەچێ بۆ هەمەدان، پیاوەکانی خان لە باری هەر سەت وشتران بارێکیان لە کاروان دەستاند.

قەوغاترین ناوەندی بازرگانیی ئێرانی لەگەڵ رووسیا و ئورووپای رۆژهەڵاتی دادەندران و گەشە و نەشە و گرینگایەتیی بازارەکانی ئەم دوو شارە یەکجار پتر بوو لە پایتەخت.

بازاری قەوغا و بەرمیتی هەنارده و هاوردەی ئێران لە خۆرنشین شاری کرماشان بوو لەسەر ڕێگای ناوچەکانی خۆرنشین و ناوەندی و تاران بەرەو بەغدا. بەشێک لە ئاڵوگۆری کاڵا و مامەڵەی ئێران و عوسمانی لە ڕێی کرماشانەوە ئەنجام دەدرا و بەشەکەی دیکەشی لە ڕێی شاری خۆیە ـ بایەزید ـ ئەرزەڕۆمەوە سەروبەری وێکدەهاتەوە.

کەنداوی فارس، دەریای ئازاد و کراوە و گەورەترین دەروازەی بازرگانیی دەرەوەی ئێران، کەموزۆر و بە شێوەیەکی گشتی پاوانی کەمپیەوانیی ئینگلستان بوو. لەنگەرگاکانی ئێران لەو دەریایەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتبوونە ژێر بانەدۆری سیاسی و ئابووریی ئەو دەوڵەتە و لەنگەرگای خورەمشار و بووشێهر و بەندەرعەبباس بە شاوەندی هێنان و بردنی کاڵا دادەندران و شمەک و کەلوپەلی ئینگلیس و هیند و وڵاتانی ژێردەستەی بریتانیا بەم ڕێگایەدا دەگەیشتنە ئێران.

پاش درانی قان و پاوانی دۆزینەوەی نەوت و هەڵێنجانی نەوتی باشوور بە دارسی و گوێزرانەوەی ئەم پاوانە لە دارسییەوە بۆ ئینگلیسییەکان، بەرەبەرە خورەمشار و دواتر دورگە و شارۆچکەی ئاپادان بوونە مەکۆی بازرگانیی ئینگلیسییەکان و هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی لە ئێراندا، کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران جەغزی کار و چالاکییەکانی خۆیان لە خووزستان و ناوچە پڕ نەوتەکانی باشوور پەرەپێدا.

## III

## زانستەکان و وێژە و هونەر

### بەرایی

ئەو بەستەڵەکە فکرییەی کە لە سەردەمی حکوومەتی سەفەوییەکانەوە، یانی لە سەرەتاکانی سەدەی دەهەمی کۆچیڕا، باڵی بە سەر کۆمەڵی ئێرانی کێشابوو، هەروا درێژەی کێشا و زانستی ناوەزمەندانەی وەکوو فرەزانی و فەلسەفە و زانستی سرووشتی و ئەژمێر و پێوان ڕۆژبەڕۆژ لە حاند بازاری زانستی دینی و

نەقڵ و نەزیلەی کۆنی ئایینیدا پاشەکشەی کرد و خۆی بۆ ڕانەگیرا. چونکە نەک تەنیا ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆ گەشە و هەڵدانی هزر و بیر لەبار نەبوو، بەڵکوو ڕەوتێکی پێچەوانەی سەردەمی شکۆداری پادشایانی ئالی بوویە. ئالی زیاد و سەلجووقییەکان دەستی پێکردبوو. وەکوو ئاشکرایە بارگای هەرکام لەم مەزن و میرانە ببوونە ناوەندی کۆبوونەوەی زانایان و بیرمەندانی ڕۆژگاری خۆیان و هەر پادشایەک بە خۆی دەنازی کە لەچاو هاوشانەکانی زانای زیاتری لە دەوری کۆبۆتەوە؛ بەڵام خۆ پادشایانی سەفەوی هەر گوێیان بەو شتانە نەدەبزووت و زانا و بیرمەندیان بە سەر نەدەکردنەوە و دنەیان نەدەدان و هەر چاویان لە زانستی دینی و حەدیس و نەزیلەی ئەم بوارە بوو.

سەردەمی کورتی دوو حکوومەتی ئەفشارەکان و زەندەکان کە زیاتر وەکوو بەرزەکێک دەچن لە نێوان دەوڵەتانی تەمەن‌درێژی سەفەوی و قاجاردا، زۆربەی ڕۆژگاری دەسەڵاتیان هەر بەختی شەڕ و کێشە و تێکهەڵچوونەکانی نێوخۆ و دەرەوە کرا و بە باری زانست و وێژەدا ئەم دەورانەش هەر درێژکراوەی سەفەوییەکان بوو؛ بەڵام ئەوەندە هەبوو کە بەپێی تێپەڕینی زەمان شوێنەواری هەڵوێست و سیاسەتی وێشکەمەزهەبییانەی سەفەوی کوێر بۆوە و جارێکی دیکە ژیانەوە و چالاکبوونەوەی کاری ئاوەزمەندانە و ژیرانە لە نێو کۆمەڵی ئێرانیدا سەری هەڵدایەوە. تێکەڵبوونی ئێران لەگەڵ ئورووپا و ئاشنابوونی کۆمەڵێک مرۆی خوێندەواری ئێرانی لەگەڵ ئاسەواری شارستانییەتی زانستیی ئورووپا گەشەی دا بە جووڵانەوەی وێژەیی و زانستیی ئێران. لە نێو شازادە خۆشچێژکە و خوێندەوارەکانی قاجاردا کەسانێکی وەکوو عەباس‌میرزا و محەممەدعەلی‌میرزای برای و هاوشانەکانیان کەوتنە سەر ڕێبازی وێنەهەڵگرتنەوە لە فەرهەنگ و ژیارمەندیی تازەی ئورووپا و بەختەوەرانە هەنگاوەکانیان لە لایەن قایمەقامی فەراهانی و ئەمیرکەبیرەوە درێژە درا و بە دامەزراندنی دارولفنوون، سەرەڕای دژایەتیی کۆنەپەرستانی دەمارگرژی [مەزهەبی]، لاوانی خوێندەواری ئێران لەگەڵ زانستی ئاوەزمەندانە ئاشنا بوون.

وێژە و هونەر لە هەر کۆمەڵێکدا بەستراوەتەوە بە چێژە و هەست و سەلیقەی کۆمەڵگاوە و ئەگەر حکوومەتەکان لایان لێ بکەنەوە و ڕێیان بۆ تەخت بکەن خێرا گەشە دەکەن و پەرە دەگرن. بەتایبەت کە شێعر و شاعیری هەمیشە لە نێو

پادشایان و میراندا لایەنگر و کڕیاری فرەی بووە. شێعر توانیویەتی هەست و کوڵوکۆی خۆپەرستانەی میران ڕۆمرکێنێ و تەشیڕیسیی شاعیران و پێداهەڵدان هەموویانی خستۆتە قنە و کەیف و شادمانی؛ بەڵام گەشەی زانستیی کۆمەڵ وا بە سووک و سانی و بەبێ فێرگەی زانستی و دابینبوونی گەلێک پێداویستیی دیکە مسۆگەر نابێ. وەکوو ئاشکرایە قوتابخانە و فێرگەیەکی ئەوتۆ کە بوو بە هۆی گەشەی هزر و بیر و زانست لە سەرەتاکانی حکوومەتی ناسرەددینشاوە دامەزرا. بەپێی تێپەڕینی ڕۆژگار پێویست بوو هەتا ئەم ڕەوتە پەرە بگرێ و چێژکە و هەستی قوژبنپشکنی و توێژینەوەی زانستی و مەیل و تاسە بۆ فێربوونی وانەی بواری سروشتی، جوغرافیا، پزیشکی، ڕیازی و زانستی لەم چەشنە لە نێو توێژی خوێندەوارانداا تینوتاوی تێبزێ. بەم پێیە ئەگەرچی سەردەمی قاجاران بە باری بزووتنەوەی وێژەیی، بەتایبەت بە لانی شێعر و شاعیریدا وەکوو سەردەمی ژیانەوە و بووژانەوە یا ڕۆنێسانسی ئورووپا دەچێ لە سەدەکانی چاردەهەم و پازدەهەمدا، بەڵام بە باری زانستیدا هەژار و داماوە.

## ١- زانستەکان

### فرەزانی

بە لێکدانەوەیەک فرەزانان دەکرێ لە ڕیزی زانایانی دینی دابندرێن، بەتایبەت ئەو بەشە لە فرەزانان کە بیروباوەڕ و بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆیان بردۆتەوە سەر سەرچاوەی دین و پێیان دەڵێن زانای کەلام یان بە واتایەکی تر زانای بواری خوداناسی و لە سەردەمی سەفەویدا ئەم تاقمە پیاوی هەڵکەوتوویان هەبوون وەکوو شێخ بەهائەددینی عامیلی و میرداماد - هاوچەرخانی شاهەباسی یەکەمی سەفەوی - لەگەڵ مەلا موحسینی فەیزی کاشانی، هاوسەردەمی شاهەباسی دووهەمی سەفەوی.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەو فرەزان و بلیمەتانەی کە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان تەنیا هەر بە دینەوە نەبەستۆتەوە و لایان لە سروشت و ماکەی جیهانیش کردۆتەوە، زۆر کەم و ئەنگوستبژێرن. لە سەردەمی سەفەویدا تەنیا دەکرێ باسی مەلا سەدرای شیرازی بکرێ کە سالی ١٠٥٠ی ک/١٦٤٠ی ز. کۆچیدوایی کردووە. مەلا سەدرا کتێبێکی یەکجار بەناوبانگی نووسیوە بە ناوی «ئەسفاری

ئەربەعە»[1] کە بۆتە بنەمای بیروبۆچوونەکانی فەرزانانی دوای مەلا سەدرا لە بواری باس و بابەتی فەرزانیدا کردووە.

ئەوەی ڕاستی بێ لە سەردەمی قاجاراندا دەکرێ باسی دوو فەرزان و فەیلەسووفی ناوداری ئێرانی یانی حاجی مەلا هادی سەبزەواری و میرزا ئەبولحەسەنی جیلوە بکرێ.

حاجی مەلا هادی سەبزەواری کوڕی مەهدی سالی ١٢١٢ی ک/١٧٩٧ی ز. لە سەبزەوار دەکەوێتە نێو جەغزی ژیان و ماوەیەک لەو شارە و پاشان لە مەشهەد و ئیسفەهان دەخوێنێ و پاش چوونە حەج دەگەڕێتەوە وڵات و دەچێتە کرمان و لەوێ ژن دێنێ و هەتا ئاخری تەمەنی، یانی تاکوو سالی ١٢٩٥ی ک/١٨٧٨ی ز. هەر لەوێ دەبێ. گرینگترین نووسراوی سەبزەواری لە بواری فەرزانیدا «ئەسرارولحیکەم»ە. ئەم پیاوە فەرزانە شێعریشی هۆنیوەتەوە و نازناوی «ئەسرار»ی بۆخۆی هەڵبژاردووە و لە بواری زانستی مەنتیق و فەرزانیدا چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی هۆنیوەتەوە و چەندین پەراوێزی لەسەر کتێبی «شەواهیدورروبیوبییە»ی مەلا سەدرا و بەرهەمەکانی دیکەی ئەم فەرزانە نووسیوە.

میرزا ئەبولحەسەن کوڕی سەید محەممەد تەباتەبایی کە خەڵکی نائین بوو، سالی ١٢٣٨ی ک/١٨٢٢ی ز. لە ئەحمەدئابادی گوجەراتی پاکستان لە دایک بووە و دواتر لەگەڵ بنەماڵەی خۆی دێتەوە ئێران و پاش ماوەیەک مانەوەی لە ئیسفەهان و فێربوونی فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دەچێتە تاران و وردەوردە لە بواری فەلسەفە و فەرزانیدا لە ئامپاکانی تێدەپەڕێنێ و لە بارگای ناسرەددینشادا پێهەڵدەچێ و دەبێتە جێی ڕازی میری و وەک هێندێک لە نووسەرانی ئەو سەردەمە نووسیویانە. شا زۆرجاران چۆتە ماڵی میرزا ئەبولحەسەنی جیلوە. ئەم پیاوە سەرەڕای شارەزابوونی لە بواری فەرزانیدا، شێعریشی داناوە و دیوانی لێ چاپ کراوە. گرینگترین شوێنەواری زانستیی «جیلوە» ئەو پەراوێزانەن کە لەسەر «ئەسفاری ئەربەعە»ی مەلا سەدرا نووسیونی.

---

١- کتێبی چواربەشی؛ کتێبێک کە بریتی بێ لە چوار بابەتی سەرەکی.و.

**زانستە کۆمەڵایەتییەکان**

چونکە میران و پادشایانی هەموو سەردەمان پێیانخۆش بووە کە هەڵکەوت و رووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتیان تۆمار بکرێ. کاری مێژوونووسین لە سەردەمی سەفەوی و ئەفشار و زەندیشدا برەوی دەبێ و لە رۆژگاری قاجاران پتر پەرە دەگرێ و چەند بەرهەمێک دەنووسرێ.

شێوازی مێژوونووسین لە سەردەمی قاجارانیشدا هەر لەسەر دۆخی کۆنباو دەروا و تۆمارکرانی رووداوەکان بەپێی داڵبەداڵی زەمانی قەومانیان دەگرێتەوە. لەم کتێبانەدا پەیوەندییەکی بەپارسەنگ و ژیرانەی نێوان رووداوەکان و هۆکارەکان لایان لێ نەکراوەتەوە. بەڵام بەگشتی بە باری تۆماری رووداوەکان و شێوازی نووسین و ساکارنووسیدا چاکترن لە بەرهەمە مێژوویییەکانی سەردەمی سەفەوی و ئەفشار.

خاڵی جێگای سەرنجی سەبارەت بە مێژوونووسینی سەردەمی قاجاران ئەمەیە کە مێژوونووسەکانی وەکوو لیسانولمولک و رەزاقولیخانی هیدایەت و حەمەحەسەنخانی سەنیعوددەولە و چەند کەسێکی دیکەش، خۆیان پیاوماقووڵی بارگای میری و لە دەورگێرانی سەر شانۆی سیاسەتی سەردەمی خۆیان بوون، ئەوانە بۆ پلە و پایە و لە ترسی گیانی خۆیان و دەرهەڵبوونی سوڵتانی ملهور، قەڵەمیان بە باری پێچەوانەدا گێڕاوە و رووی راستەقینەی رووداوەکانیان هەڵگێڕاوەتەوە و گەلێک کاری چەپەڵ و ناشیاویان دیزە بە دەرخۆنە کردوون. ئەم تاقمە هەوڵیان داوە چۆن چاکە ئاوا دڵی پادشای زەمانە بە زمانلووسی و مەرایی وەدەست بێنن و تەنیا قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان تێبینن. ئێمە لە بەشەکانی پێشوودا چەند برگەیەکی بەرهەمەکانی ئەم تاقمەمان وەکوو بەڵگە هێنانەوە و گوتمان چۆن خۆیان لە درکاندنی راستی لاداوە. سەرەڕای ئەم راستەقینەیەش نابێ پەردەپۆشی بکەین کە مێژوونووسانی ئەم سەردەمە بەگشتی خزمەتی چاکیان بە مێژووی وڵاتەکەیان کردووە و بە باری کتێب و سەرچاوەی مێژووییدا بوونە هۆی دەوڵەمەندبوونی رۆژگاری قاجاران. چەند کەسێکی وەکوو میرزا جەعفەری خوورمەوجی (حەقایقنگار)، هەتا رادەیەک لە گێرانەوە و تۆمارکردنی رووداوەکاندا بێلایەن بوون و چەند شازادەیەکی خۆشچێژکەی قاجاریش وەکوو

جانگیرمیرزا و سولتان مەسعوودمیرزا لە شوێنەوارەکانی خۆیاندا گەلێک ڕاستەقینەیان درکاندوون کە تاقمی شالووزان حەشاریان دابوون.

ئیدوارد براون سەبارەت بە مێژوونووسینی ئەو سەردەمە و ڕۆژگاری دەسەڵاتداریی سەفەوی و ئەفشاران ئاوای نووسیوە:

«... هەروەها ئەم مێژووانە بە مێژووی گەلی ئێران دانانرێن، بەڵکوو زۆربەیان هەر گێڕانەوەی بەسەرهاتی پادشایان و شازادان و مەزن و میرانی بێگانەن کە دالبەدال بە شێوەیەکی ملهوڕانە لە ئێران بوونە فەرمانڕەوا و لە مەیدانی تاڵانوبڕۆدا ڕقبەرقەی یەکتریان کردووە. ئەم ساڵنامانە کە پڕن لە گێڕانەوەی ڕووداوی خوێنڕێژانە و تاڵان و داڕووتاندن و کرووسینەوەی جەماوەر، بە زەحمەت باسێکی گشتی و گرانبایی لە خۆ دەگرن و هێندەیان باسی دەستدرێژی تێدایە کە مرۆڤ جارز دەکەن. زەحمەت و کوێرەوەرییەکی زۆری پێدەوێ هەتا بکرێ چەند بابەتێکی شیاوی باسی وایان لێ وەدەرکەوێ کە بە حاڵ ترووسکەیەک بخاتە سەر باروەزخی وڵات و پرس و بابەتی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەگەر هەر ئەم باس و بابەتانە کەوتبانە دەست مێژوونووسێکی وەکوو «ئیبنی خەلدوون»، ئاکامی گەلێک مامۆستایانەی لێ دەردەکێشان.»[۱]

هەتا بەرلە دامەزراتی فێرگەی دارولفنوون زانستی جوغرافیا لایەکی وای لێ نەدەکرایەوە، بەڵام پاش ئەوەی خوێندنی بەشی جوغرافیا و نەخشەکێشانەوە و ئەندازیاری لە دارولفنوون کرایەوە و مامۆستایانی ئورووپایی بوونە وانەبێژیان و هەستی قوتابییان بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ شوێن و هەلکەوتی وڵاتانی جیهان هاروووژا؛ بەتایبەت پاش ئەوەی کۆمەڵێک بەرهەم و نامیلکەی مامۆستایانی ئورووپایی کرانە فارسی و چاپ و بڵاوکرانەوە. ئەم زانستە کەوتە بەر سەرنج. وەکوو لە بەشەکانی پێشوودا باسی کرا، بۆ یەکەمجار دەستەیەک لە مامۆستایان و قوتابییانی بواری جوغرافیا و ئەندازیاری پێکەوە نەخشەیەکی شاری تارانیان کێشایەوە و بردیانە لای ناسرەددینشا. لە سەرەتاکانی حکوومەتی ناسرەددینشادا بە فەرمانی ئەمیرکبیر چەند نامیلکەیەک سەبارەت بە جوغرافیا چاپ و بڵاوکرانەوە. پەرەئەستاندنی پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی ئێران

---

۱- مێژووی ئەدەبیاتی ئێران لە سەرەتای سەردەمی سەفەویڕا هەتا ئێستا، ئیدوارد براون، وەرگێرانی ڕەشید یاسەمی، چاپی دووهەم، ل ۳۱۵.

لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دنیا و نیاز بە ئاشنابوون لەگەڵ هەڵکەوتی جوغرافیاییی ئەو وڵاتانە، پلە و بایەخی بەرزی جوغرافیای پتر لە جاران لە نێو خوێندەواران و ڕووناکبیراندا هەوراز برد.

یەکێک لەو کتێبانەی ئەو سەردەمە کە سەبارەت بوو بە جوغرافیا «فارسنامەی ناسری» بوو بە قەڵەمی حاجی میرزا حەسەن شیرازی ناسراو بە «فەسایی». لەم بەرهەمەدا بەشی دووهەم سەبارەتە بە جوغرافیای فارس و لیژگەی ناوی شوێنەکانیشی بۆ کراوەتە پاشکۆ. کتێبی «جامی‌جەم» فەرهادمیرزا موعتەمیدوددەولە نووسیویەتی و باسی هەل و هەڵکەوت و جوغرافیا و کورتەمێژووی وڵاتانی جیهان و جوغرافیای ناوچە و هەرێمەکانی ئێرانە. «میرئاتولبولدان» و «مەتلەعوششەمس» ئیعتیمادوسسەڵتەنە نووسیونی و «گەنجی زانست» بە پێنووسی «محەممەدتەقی‌خانی حەکیم»ە و کۆمەڵێک زانیاریی سەبارەت بە جوغرافیا تێدایە.

چەند بەرهەمێکی نووسەرانی نێوخۆیی کۆمەڵێک زانیارییان دەربارەی جوغرافیای ئێران و وڵاتانی دیکە تێدایە کە بریتین لە: «سەفەرنامەی مەسعوودی» و «بەسەرهاتی مەسعوودی» بە قەڵەمی مەسعوودمیرزا زیللوسسولتان کوڕی ناسرەددین‌شا، سەفەرنامەکانی ناسرەددین‌شا، «بوستانوسسیاحە» نووسینی حاجی زەینولعابیدینی شیروانی و چەند یادداشت و نامیلکەی گەشتیاران و گەڕۆکان و کاربەدەستانی سیاسیی بێگانە کە هاتوونە ئێران و پێیدا گەڕاون. لەم بابەتەدا بۆ نموونە دەتوانین باسی ئەم بەرهەمانە بکەین: «ئەرک و ڕاسپاردەی گاردان لە ئێراندا»[1]؛ «سەفەر بۆ ئێران» نووسینی پرەنس ئەلیکسیس سۆلتیکۆڤ[2] و «سێ ساڵ لە کۆشک و بارگای ئێراندا» کە دوکتۆر «فۆوریە»ی[3] پزیشکی تایبەتی ناسرەددین‌شا نووسیویەتی. ئەم بەرهەمانە گەلێک زانیاریی ورد و بەپێز سەبارەت بە بارودۆخی ڕێگاوبانەکان و چەند شار و ناوچەیەک دەخەنە بەردەست کە نووسەرەکان تووشیان هاتوون و پێیاندا تێپەڕیوون. «گەشتنامەیەک لە خوراسانەوە هەتا بەختیاری» کە «هێنری ڕێنێ

---

١- ئەم کتێبە عەبباس ئیقباڵ ئاشتیانی کردوویەتە فارسی و بڵاوکراوەتەوە.

٢- ئەم کتێبە دوکتۆر موحسین سەبا کردوویەتە فارسی و لە تاران چاپ کراوە.

٣- عەبباس ئیقباڵ ئاشتیانی ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و بڵاوکراوەتەوە.

دالمۆنی» نووسیویەتی. کۆمەڵێک زانیاریی وردی جوگرافیایی سەبارەت بە بەشێک لە ناوچەکانی خوراسان و ئێرانی ناوەندیی تێدایە و هەروەها گەلێک مەبەستی هەرە هێژای دەربارەی داب و نەریت و بارودۆخی ئێرانی سەردەمی پاشێتی قاجارییەی لە خۆ گرتووە.[1]

### بەسەرهات و ژیاننامەی گەورەپیاوان

کۆکردنەوە و نووسینەوەی بەسەرهاتی گەورەپیاوانی ویژە و زانست لە سەردەمی قاجاراندا هەتا رادەیەک برەوی ئەستاند و خودی ناسرەددینشا مەیلی بۆ ئەم کارە نواند و شەش کەس لە زانایان و نووسەرانی راسپاردن هەتا بکەونە کۆکردنەوە و نووسینەوەی سەربووردەی مەزنانی بواری ویژە و زانست و دین و بە پوختی لە ژیانیان بکۆڵنەوە. ئەم کتێبە بە ناوی «نامەی دانیشوەران» دەست کرا بە نووسرانی و بەرگی یەکەمی ساڵی ١٨٧٨/١٢٩٦ی زایینی و بەرگی دووهەمی ساڵی ١٨٩٤/١٣١٢ لە تاران چاپ کرا، بەڵام کارەکە درێژە نەدرا و بە ناتەواوی مایەوە. کتێبی «رەوەزاتوجەجینان» بە پێنووسی محەممەدباقری کوری حاجی زەینولعابیدینی مووسەوی خوانساری کە بەگوێرەی ریزبەندیی ئەلفوبێ بەسەرهاتی گەورەپیاوانی تێدایە، ساڵی ١٨٨٨/١٣٠٦ لە تاران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم بەرهەمانەی کە وەکوو ژیاننامەی مەزنەپیاوان نووسراون، بەپێی هەڵومەرجی زەمان و وەبەرچاوگیرانی بیروڕای گشتی، زیاتر باسی سەربووردەی زانایان و شارەزایانی دینییان لە خۆ گرتووە. کتێبی «قیسەسولعولەما» نووسینی محەممەدی کوری سولەیمانی تونیکابونی کە ساڵی١٢٩٠ی ک/١٨٧٣ی زایینی نووسراوە، بەسەرهاتی ١٥٠ کەس لە زانایانی شیعەی تێدایە. کتێبی «نجوومووسسەما» بە قەڵەمی میرزا محەممەدعەلی کە ساڵی ١٢٨٦ی ک/ ١٨٦٩ی زایینی نووسراوە، باسی سەربووردەی کۆمەڵێک زانای شیعەی لە خۆ گرتووە کە لە سەدەکانی یازدە و دوازدە و سەرەتاکانی سەدەی سێزدەهەمی کۆچیدا ژیاون.

---

١- هومایوون فەرەوەشی ئەم کتێبەی کردۆتە فارسی و چاپ کراوە.

هەروەها دوو کتێبی گەورەی دیکەش هەر سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی گەورەپیاوان لە لایەن ڕەوزاقولیخانی هیدایەتەوە نووسراون. ڕەزاقولیخان هەر ئەو کەسەیە وا درێژەی کتێبی «ڕەوزەتوسسەفا»ی نووسیوە کە سەبارەتە بە مێژوو. بەرهەمەکانی هیدایەت بریتین لە «ریازولعارفین» و «مەجمەعولفوسەحا» کە ئەمەیان زۆرجاران چاپ کراوە و بە سەرچاوەیەکی یەکجار گرینگ دادەندرێ دەربارەی ژیان و سەربووردەی پیاوانی مەیدانی وێژە و عیرفان و شاعیرانی پاش هاتنی ئیسلام بۆ ئێران.

## ٢- وێژە (هۆنراوە و پەخشان)

### هۆنراوە

وەکوو لە پەراییدا باسمان کرد شێعر و شاعیری دەگەڕێتەوە سەر هەست و سۆز و چێژکەی خودی ئادەمیزادەکان و دنیای خەیاڵ دەوری تێدا دەگێڕێ و ئەگەر هەلومەرجێکی لەبار بڕەخسێ، خێرا پنجی دادەکوتێ و گەشە دەکا. بەپێی گێڕانەوەی زۆربەی مێژوونووسانی سەردەمی قاجاران، فەتحعەلیشا پیاوێکی نەرمونیان بووە و شاعیران و وێژەوانانی دنە داوە و ڕەزاقولیخانی هیدایەت لە پێشەکیی «مەجمەعولفوسەحا»دا دەنووسێ ژیانەوەی شێعر و وێژەوانی دەگەڕێتەوە سەر هاندانی ئەم پادشایە کە دڵی بە وێژە دەپشکووت و تەنانەت گوتوویەتی خودی شا شێعری هۆنیوەتەوە و نازناوی «خاقان»ی بۆ خۆی داناوە.

لێرەدا پێویستە هەتا ڕوونی بکەینەوە کە بنەوانی جووڵانەوەی ئەدەبی لە زەمانی کەریمخانی زەندەوە هەڵبەستراوە کە پیاوێکی هەستناسک و مەجلیسخۆش و ئاشقەشارامی بووە. دنە و تێندانی کەریمخان زانایان و وێژەوانان و هونەرانی بزاوتن و هەلی بۆ شاعیرانی سەردەمی قاجاران خۆش کرد. سەید ئەحمەدی هاتفی ئیسفەهانی یەکێک لە بوێژانی ناسکخەیاڵی هاوچەرخی کەریمخانی زەند، لەبەر هۆنینەوەی تەرجیعبەندێکی دڵگر سەبارەت بە یەکییەتی و تاقانەبوونی خودا، توانی پلەیەکی بەرز لە مەیدانی ئەدەبیاتی نیوەی دووهەمی سەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا وەدەست بێنێ. چەند بوێژێکی دیکەی ئەو سەردەمە بە هۆنینەوەی شێعری ناسک و دڵخواز و کەوتنە شوێن شێوازی «خوراسانی» و «عێراقی» لە بەرامبەر شێوازی «هیندی»دا کە لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە ببوو

بە باو. گیانێکی تازەیان بە بەر ویژەی ئێراندا کردەوە و بە باری گەشەی وشە و مانادا برەویان پێدا.

ناسرەددینشاش وەکوو فەتحعەلیشا بە ئاشقەشێعری دەژیا و خۆشی شێعری دادەنا. بەگشتی کاتێک شاعیرێکی بارگای میری دەستی ڕێزی لێ دەندرا و سەرناوی مەلیکوششوعەرا و شەمسوششوعەرای دەدرایە، دەیتوانی جاربەجار دەستەشێعرێک بە دڵی پادشا بهۆنێتەوە و یا لە جەنگەی پێداهەڵدانی هەڵسوکەوت و ئاکاری پادشای سایەچەوریدا کەیفی ساز بکا و بیلاوێنێتەوە.

ئێستا بە مەبەستی خستنە بەرباسی کۆمەڵێک زانیاریی زیاتر سەبارەت بە شاعیرانی هەرە سەرکەوتووی ئەو سەردەمە باسی چەند کەسێکیان دەکەین.

*سەحاب*: سەید محەممەدی ئیسفەهانی ناسراو بە سەحاب کوری سەید ئەحمەدی هاتفی ئیسفەهانی، شاعیرێکی هاوسەردەمی فەتحعەلیشا و لە چامەبێژانی ڕۆژگاری خۆی بووە. ساڵی ۱۲۲۲ی ک./ ۱۸۰۷ی ز. دەستی لە داوێنی ژیان بەرداوە و ئەم چەند بەیتەی خوارەوەی بەگژداچوونەوەی شاعیرانە کە خۆیان زۆر بە زل دەزانن و لە کەلامیاندا زۆری پێوەدەنێن:

کەس پوختە نابێ ئەگەر بیر و دەروونی چا نەبێ
ئەوەی بیر و دەروونی چا نەبێ، پوختە کوا دەبێ؟
شێعر هیچە و شاعیری لە هیچ و پووچیش کەمترە
پێم سەیرە وا لەسەر هیچ و پووچ شەڕ و هەرا دەبێ
بۆ بەیتە شێعرێک کەوا تێوەی دەدەن نێوکی کەلام
هەڵبە هەر بۆ خەیاڵی پلە و ماڵە، کوا وا دەبێ؟
ماکەی شێعر خەیاڵە و نەخشاوە بە شتی محاڵ
باشە ئەم گشتە فکر و خەیاڵە محاڵە جا دەبێ؟
دامنا کە شێعر بەحری دوڕ و کانی گەوهەرانە
کوا لەگەڵ پەخشانی دەریای بەخشینی میر تا دەبێ؟

مەجمەر: سەید حەسەنی تەباتەبایی ئەردستانی ناسراو بە موجتەهیدوششوعەرا، شاعیرێکی هاوچەرخی فەتحعەلیشای قاجار بووە. ساڵی

۱۲۲۵ی ک/۱۸۱۰ی ز.ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و دەستنووسی سەرجەمی شێعرەکانی لە مووزەی بریتانیایە و ئەمەش نموونەیەک لە شێعرەکانی:

بۆ سوورەگوڵی باغی وتار — مـن هەوری گەوەربارانم
شەکر و گوڵاو دەپرژێنم — لێوی دڵدار و پرچی گیانانم
بۆ دوڕوەشانی و گەوەربارانی — پەنجەی وەزیر و دەستی سوڵتانم

سەبا *(صبا)*: فەتحعەلیخانی کاشانی ناسراو بە سەبا، مەلیکوششوعەرای بارگای فەتحعەلیشا بووە. شوێنەوارەکانی بریتین لە شاهەنشانامە (الاسای شانامەی فیردەوسی کردۆتەوە)، خواوەندنامە، پەندنامە، گولشەن و دیوانی شێعرەکانی. لە تافی لاویدا بۆتە قوتابیی سەباحی ئیسفەهانی شاعیری سەردەمی زەندان و دواتر چۆتە نێو کاروباری دیوانی میری و لە قوم و کاشان دامەزراوە و پاشان نیشتەجێی بارگای میری بووە و ساڵی ۱۲۳۸ی ک/۱۸۲۲ی ز. کۆچیدوایی کردووە. فەتحعەلیخان زۆربەی ئەو چیڕکە و هونەرەی کە بوویەتی کردوویەتی بە هەوێنی تاریف و پێداهەڵدانی پادشای سەردەم و ئەم چەند بەیتە نموونەیەکن لەو شێعرانەی کە بۆ فەتحعەلیشای قاجاری داناوە و پەستی داوە:

بە خۆت بنازە تەختی ئەسکەندەر، ئەی تەختی دارا
چون ئەسکەندەرێک هەروەکوو دارا، ئێستە لە کارا
بۆ زەوی و زەمان بۆتە دادەوان، بۆتە دڵدریا
زەمین و زەمان بۆ سەردەمی وی هاتووتە سەما
لە بانی عەرشە تەخت و بەختی شا، لە کەشکەڵانە
تەختی ئەم گەنجە لە ئاسمانان پتر هەڵکشا

پێمخۆشە خوێنەرانی وردبین و خۆشچێژکە ئەم چەند بەیتەی شاهەنشانامەی سەبا لەگەڵ شانامەی مامۆستا و فەرزانی تووسی[1] هەڵسەنگێنن هەتا بزانن بایەخی کەلامی سەبا چۆن و چەندە:

---

۱- فیردەوسی

### سەفەری دەیلەم[۱]

جارێک بۆ سەفەر دەچوومە دەیلەم ‏ ‏ ‏ لەسەر فەرمانی پادشای جامیجەم
لەو ئاو و خاکەی سپی و ڕەش دەچوو ‏ ‏ ‏ تۆقیم، خەریک بوو گیانم دەردەچوو
جووتێریک هات و بە پوولێکی زێو ‏ ‏ ‏ پەراندمییەوە، خۆی لێم بوو بە خێو
پیاوێکی زاڵم هات هیچی نەدا ‏ ‏ ‏ بە دار و جنێو کابرای وەبەردا
من وەک برووسکە تێپەڕیم لە چۆم ‏ ‏ ‏ پیاوەی زاڵمیش خنکا لە نێو گۆم
ڕاستە خوا کردی و گەمی تێپەڕی ‏ ‏ ‏ بەڵام خۆ ناڕوا کار بە بەدفەڕی[۲]

*نەشات(نەشاط)*: میرزا عەبدولوەهابی نەشاتی ئیسفەهانی یەکێک بووە لە شاعیرانی سەردەمی فەتحعەلیشای قاجار و سەرناوی موعتەمیدوددەولەی پاربوو کراوە. جگە لە شاعیری بە پیاوێکی خەتخۆشیش ناسراوە و شارەزا بووە لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکیدا. پیاوێک بووە دەست و دڵ کراوە و میوانخۆشەویست و ئەوەندەی ماڵی خۆی داوە بە دەروێشان و بوێژان و ویژەوانانی سەردەمی خۆی هەتا هیچی نەماوە. نەشات لە دنیای خۆنەگری نەمین دابڕاوە و لە سۆفیگەری و خوداناسیدا نوقم بووە و بە ڕێبازی عیرفاندا تێپەڕیوە. کۆڕی گەرموگوری لە ئیسفەهان بۆتە مەکۆی ڕێبوارانی عیرفان و سۆفیایەتی و شاعیران و ئەدیبان. هەرچی دەهاتە دەستی خێرایەکی و بە جوامێری بۆ دۆستان و یارانی خەرج دەکرد و وای لێهات کە ناوبانگی گەیشتە تاران و فەتحعەلیشا بە دوایدا نارد هەتا بچێ بۆ تاران. کاتێک پادشا لێی خورد بۆوە و تەماشای کرد چەندە هونەرمەندێکی شاعیر و خەتخۆش و بەرزەناکارە، خستییە نێو ڕیزی بارگانشینان و نێزیکانی خۆی.

ڕەنگە نەشات یەکەم بوێژی سەردەمی قاجار بێ کە بە هۆنراوەی ناسک و تەڕ و پاراوی رووحێکی تازەی بە بەر غەزلی فارسیدا کردبێتەوە. ئەم پیاوە لە

---

۱- کۆنەشارێکی ئێران

۲- بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا، ئیبراهیم سەفایی، چاپی دووهەم، تاران.

ئاخروئۆخری تەمەنیدا گیرۆدەی ئازارەبارێکە بووە و ساڵی ١٢٤٤ی ک/١٨٢٨ی ز. دەستی لە دامێنی دنیا بەرداوە. ئێستاش با بڕوانینە ئەم غەزەلە پاراوەی:

کە نوێژ و تاعەت نەبوو، چاکە ببیە گوناهبار
تاکوو ڕێیەک وەدۆزی بڕوا بۆ نێو دڵی یار
مانگ و ستێرە و هەتاو، بێخورپەن بۆ نێو هەتاو
ترساوین بەجارێکی، لە چاوی ڕەشی خومار
کە شەو داهات خۆرەتاو، بزر دەبێ لە بەر چاو
بەڵام خۆ بە تریفەی مانگ هەڵدەبڕووسکێ شەوی تار
خۆش دەبەزی بە ڕێدا، کە بوویە قافڵەساڵار
چاوێک بگێرە جارێک بۆ ونبوویەکی ڕێبوار
هەر ئەوانە مەبینە کەوتوونە بەر مزۆڵت
ئاسکەنیگات یا هەیی بۆ کۆمەڵی ئەویندار
ئەگەر ناکری «نەشات» دراوسێیی مەیخانە بێ
سوژدە بەرە بەیانان، داوەرەوە کۆم و لار[1]

ویسال: میرزا حەمەشەفیع ناسراو بە «میرزا کووچک» کە نازناوی ویسال بوو، ساڵی ١١٩٣ی ک/١٧٧٩ی ز. لە شیراز پێی ناوەتە بازنەی ژیانەوە و ساڵی ١٨٤٥/١٢٦٢ مردووە. ویسال پیاوێک بووە جەفەنگباز و زیزەڵۆک و بە کەڵێن و قوژبنی ئەدەبیاتی زانیوە و لە خەتخۆشی و مووسیقیزانیشدا بە شارەزا داندراوە. لە تافی لاویدا بە دەنگی خۆشی ئیدەچریکاند و غەزەلە تەڕ و پاراوەکانی خۆی دەکردن بە گۆرانی و سەرنجی خەلکی ڕادەکێشا. ویسالی خەتخۆش و وێژەوان و دەنگخۆش و مووسیقیزان، مەنتیق و فەلسەفەشی دەزانی. کاتێک لە کۆری دیداری میریدا گەیشتە خزمەت فەتحعەلیشای قاجار و ئەو قورئانە هێژایەی کردە پێشکەشی کە بە خەتی خۆی نووسیبوویەوە و پاشان ئەو چامەیەی خوێندەوە کە تاریفی پادشای تێدا کردبوو، فەتحعەلیشا لەو کۆڕەدا کە کۆمەڵێک شاعیر و

---

١- بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا، ئیبراهیم سەفایی، چاپی دووهەم، تاران.

ویژەوانی بارگای لێ بوون و شوجاعوسسەڵتەنەی حوکمرانی هەرێمی فارسیشی تێدا بەشدار بوو، ڕووی کردە ویسال و گوتی: «جەنابی ویسال گەیشتۆتە پەرپەرۆچکەی پێگەیشتوویی!» پاشان ویسالی ئەسپاردە دەست شوجاعوسسەڵتەنە و فەرمانی دا هەتا نەهێڵێ لە هیچی کەم بێ. ئێدوارد براون لە زمان ڕەزاقولیخانی هیدایەتەوە نووسیویەتی کە ویسال بەم تاریفاتەی فەتحعەلیشا سەبارەت بە خۆی دڵی دەڕەنجێ.

بەپێی فەرمانی فەتحعەلیشا، شوجاعوسسەڵتەنە زۆر ورد چاوی بە سەر ویسالەوە دەبێ و دەستی دەگرێ. وا هەڵدەکەوێ ڕۆژێکی ویسال لەگەڵ هۆنینەوەی دەستەشیعرێک داوای دراوی زێوی[1] لێ دەکا. شازادە کەنیزێکی ڕەشوبرش و بێقەلافەتی بۆ دەنێرێ بە ناوی زێوکە[2] و بۆی دەنووسێ: بەڕێز ویسال ئەمەش زێوکە، تکایە وەریبگرە. ویسال وەختایەک قەرەواشەکە دەبینێ لێی دەتۆقێ و لە ماڵە خۆی ڕایدەگرێ. پاشان بە چەند بەیتێک وڵامی جەفەنگەکەی شوجاعوسسەڵتەنە دەداتەوە و شازادەش هێندێکی دراوی زێو بۆ دەنێرێ و قەرەواشەکە دەباتەوە. ئەم بەسەرهاتە کە لە کتێبی «بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا »تۆمار کراوە، تەنیا هەر بە باری جەفەنگێکی خۆشدا جێگای سەرنج نییە. بەڵکوو تەماشا دەکەی شاعیر شازادەی بە پادشا داناوە و ئاوای نووسیوە:

گەردوونی چەپگەرد هەموو زەمانی گوێچکەم بادەدا
هەموو زەمانێک ئەسپێکی بەڵا بە سەرما دەدا
منیش لە ترسان دەستەوداوێنی خودی شا دەبم
ئەویش بە شوخی شتێکی خراپ بۆ من ڕادەدا
دراوم دەویست، شا «زێوکە»ی دەنارد
لەبری زێر و زێو، قەرەواشێکم بۆ حەوا دەدا

وەکوو دەبینن، ویسال لە بەیتی دووهەم و سێهەمدا شوجاعسسەڵتەنەی بە «شا» ناودێر کردووە و ئێمە لە بەشەکانی پێشوودا قامکمان لەسەر ئەم خاڵە دانا کە

---

۱- داوای فیززە (فضە)ی لێ دەکا کە بە عەرەبی دەبێتە دراوی زێو.و.
۲- فیززە، دەبێتە زێوە یان زێوکە بە لای منەوە.و.

پادشای قاجار بەپێی نەریتێکی نەتەوەیی و مێژوویی، خۆی بە شاهانشا داناوە و حوکمدارانی هەرێمە بەربلاوەکانی وەکوو فارس، ئازەربایجان، خوراسان و کرمانی بە «شا» داناون.

کورانی ویسالیش هەموویان وێژەوان و ناسکخەیال بوون و بەگشتی بنەماڵەی ویسال بنەماڵەیەکی ئەدەبدۆست و ئەدەبپەروەری سەردەمی قاجاران بووە.

*قائانی*: میرزا حەبیب کوڕی میرزا ئەبولحەسەنی گولشەن، ساڵی ١٨٠٧/١٢٢٢ لە شیراز لە دایک بووە. ئەو کاتەی گەیوەتە تەمەنی سی ساڵی بە شاعیرێکی توانا ناسراوە و سەرەتا نازناوی «حەبیب»ی بۆ خۆی داناوە. جارێکی کە بۆ سەفەر دەچێتە خوراسان چاوی بە میرزا هەباسی بەستامی دەکەوێ کە بوێژ و وێژەوانێکی هاوسەردەمی دەبێ و لەگەڵی دەبێتە ئاشنا. کاتێک ئەم دوو کەسە لە دیوانی فەرمانڕەوایەتیی شوجاعوسسەلتەنەی حوکمڕانی کرمان و خوراسان دادەمەزرێن، شوجاعوسسەلتەنە بە بۆنەی ناوی کوڕەکانی خۆی «ئۆکتای قائان» و «فرووغوددەولە»، نازناوی میرزا حەبیب دەکاتە قائانی و نازناوی «فرووغی»ش بۆ میرزا هەباسی بەستامی هەڵدەبژێرێ کە پێشتر لە شێعردا بە خۆی دەگوت «مسکین».

زۆربەی نووسەران و وێژەوانانی سەردەمی ئێمە پێیان وایە قائانی گەورەترین شاعیری سەردەمی قاجارە و لە هۆنینەوەی قەسیدەدا کەس تای نەکردووە. واوێدەچێ کە لە هۆنینەوەی کەلام و تێکخستنەوەی وشەگەلی ئاهەنگین و ڕێک و لەباربوونی ئیوەرۆک و هێنانی خوازە و وێچوانـدن و نوکتە و هێندێک واتای نوێ و گەرمەتەندووردا لە شاعیرانی دیکەی سەردەمی خۆی سەرتر بووبێ.

ئیدوارد براون لە بەشێکدا بە ناوی «هونەرەکان و کەموکوورییەکانی قائانی» سەبارەت بەم بوێژە بەناوبانگە ئاوای نووسیوە:

«قائانی بە یەکێک لە شاعیرانی هەرە ڕەوانبێژ و زمانپاراوی ئێران دادەندرێ و زاڵبوونی بە سەر وشاندا جێی سەرسوڕمانە، بەڵام ویست و بۆچوونی بەرز و ڕێوشوێنی بێگەرد و هێزای لە کەلامیدا ڕەچاو نەکردووە. ئەوانەی خاوەن دەسەڵات و لەسەر کارن تاریفیان دەکا و کاتێک لێ دەکەون پێیاندا دێتە خوار و پرزۆلیان پێوەناهێلێ و چۆن خراپە ئاوا تێرادەچێ و دەیانشکێنێتەوە و کامە جنێوی

پیسە بە دەمی‌دا دێ و یەکجار درە و فرهاویژیکی تۆخە. لە زۆر قەسیدان‌دا بە شان و باڵی حاجی میرزا ئاغاسی هەڵداوە کە زەمانی محەممەدشا سەرۆک‌وەزیر بووە. بەڵام دوای ئەوەی لێکەوتووە و ئەمیرکەبیر چۆتە جێگای. قەسیدەیەکی تاریفاتی بۆ ئەمیرکەبیر داناوە و ئاماژەی بە وەزیری لێخراویش کردووە و دەڵێ:

له جێی پیاوێکی ملهور، دادەوانێک هاتووە
شانازیی پێوە دەکەن، تەواوی خەڵکی دیندار»[1]

قائانی سەردەمی سێ پادشای قاجاری دیوە کە بریتین لە فەتحعەلی‌شا، محەممەدشا و ناسرەددین‌شا و لەگەڵ چەند شازادەی بەرزەجێ و سەرۆک‌وەزیرانی وەکوو حاجی میرزا ئاغاسی و ئەمیرکەبیر و میرزا ئاقاخانی نووری‌دا هەستاوە و دانیشتووە و کەوتۆتە پێداهەڵدانیان. لە ڕاستی‌دا قائانی شێعری کردۆتەوە ئامرازی بەرێچوونی و خۆی لەبەرچاوی خەڵکی سەربەست و ئازادە سووک کردووە.

ئەم شاعیرە مەزنەی سەردەمی قاجاران ساڵی ۱۲۷۰ی ک/۱۸۵۳ی زایینی[2] لە تاران کۆچی‌دوایی کردووە و جگە لە دیوانی شێعرەکانی، بەرهەمێکی دیکەی بە دابی «گوڵستان»ی سەعدی لە پاش بەجێماوە بە ناوی «پەریشان» کە پڕە لە ئەقڵ و ئەزیلە و پەند و ئامۆژگاری.

چەند بەیتێک لەو قەسیدە بەپێزەی دێنینەوە کە بە بۆنەی پەلاماری محەممەدشا بۆ سەر هەرات هۆنیویەتەوە:

بۆ هێند کەوتووبە پێداهەڵدانی میرانی پێشوو
بێنە پێش باسی پادشای جیهان، یەکێکە و نە دوو
مەزنی میران و هەتاوی شاهان محەممەدشایە
زیرە و بەرزەبیر وەکوو ئاسمان وا هاتۆتە ڕوو
هەزار فووڵایی جی‌نەهەنگانە کەوتۆتە خەفتان[3]
شێری هەزاران قامیشەڵانە بۆ نێو زری چوو

---

۱- مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، ئیدوارد براون، وەرگێرانی رەشید یاسەمی، چاپی دووهەم، ساڵی ۱۳۲۹ی هەتاوی/۱۹۵۰ی زایینی، ل ۲۳٤.
۲- بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێران لە سەردەمی قاجاران‌دا، ئیبراهیم سەفایی، چاپی دووهەم تاران. لەم کتێبەدا سەفایی ـ ساڵی مردنی قائانی بە ۱۸۵۵/۱۲۷۲ دادەنێ.
۳- کراسی ئاوریشم و لمەدی شیر و تیرتەبر، جلێک وەکوو بەرگەزری.و.

ملکی جیهانی بە کەم دانـاوە هیممـەتی بـەرزی
دڵی بـەرێنت لـە جێی پـەژارە ئـەو پێیـدا پشـوو[١]

*فرووغیی بەستامی:* میرزا هەباس کوری ئاغاموسا، سـالی ١٧٩٨/١٢١٣ لـە نەجەف ڕوو دەکاتـە ئـەم جیهانـە. بـاوکی کـە یـەکێک بـوو لـە پیـاوانی بارگـای ئاغامحەممەدخانی قاجار، چونکە زۆر بەڕاشکاوی بیر و باوەڕی دەردەبڕی، لە بارگا دەرکرا و ڕۆیی بۆ خاکی نەجەف. میرزا هەباس لەوێ دەستی کرد بە خوێندن و پاش ئەوەی کە باوکی مرد ڕووی کردە ئێران. لە تافی لاویدا ماوەیەک لە مازندەران لای دۆستالیخان مایەوە کە یەکێک بوو لە کاربەدەستانی سەردەمی فەتحعەلیشا. زۆرجاران هەر خۆی بە خوێندنەوەی دیوانی سەعدی و حافز خەریک دەکرد و جاری وایە شێعریشی دەهۆنییەوە و نازناوی «مسکین»ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو.

دۆستالیخان ڕێگای بۆ مسکین خۆش کرد هەتا چاوی بە فەتحعەلیشا بکەوێ و پاش دیدارەکە پادشا ناردی بۆ لای شوجاعوسسەڵتەنەی حوکمداری هەرێمی خوراسـان و وەکوو لـە بەشـی سـەربووردەی «قائانی»دا باسـی کـرا، شوجاعوسسەڵتەنە نازناوی «فرووغی»ی دایە و لەوێ بوو بە هاوڕێی قائانی. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو شاعیرزادەیە، فرووغی ڕووی کردە سۆفیایەتی و کەوتە نێو بوار و بەستێنی سەیران و گەڕانی عارفان لە دنیای پاڵاوتنی دەروونیدا. هەستی ناسکی بە بیر و خەیاڵاتی ورد و باریک و دڵگری عیرفانی ڕازایەوە و لەبەرەوەی بە ڕێبـازی خوداناسـینی عارفانـەدا دەڕۆیـی و دەکەوتـە جەزبـە و غـەزلی پـاراوی عارفانەی دەهۆنینەوە، کەوتە بەر گومان و پەیکەردەی مامۆستایانی شوێنکەوتەی شەرعی ئیسلام.

فرووغی پیاوێک بوو بەرزەهیممەت و دڵاوا و دڵۆوان و خۆبەکەمزان و لە داوی دنیـا دەربـاز. کاتێـک دەنـگ و ئـاوازەی غەزەلـە عیرفانییـەکانی گەیشـتە گـوێی ناسرەددینشا بە دوایدا نارد و لەوی بەولاوە شا شێعرەکانی خۆی بۆ فرووغی دەخوێندەوە و زۆر تاسەبارانە دەبوو بە گوێرادێری غەزەلەکانی فرووغی. ڕۆژێکی

---

١- بزووتنـەوەی ئـەدەبیی ئێـران لـە سـەردەمی قاجـاراندا، ئیبراهیـم سـەفـایی، چـاپی دووهەم، تاران.

شا غەزەلێکی ناتەواوی خۆی بۆ فرووغی خوێندەوە و داوای لێکرد هەتا تەواوی بکا. غەزەلەکەی ناسرەددینشا ئاوای دەست پێدەکرد:

دۆست نابێ گلەی لە دۆستی هەبێ      پیاو دەبێ هەرگیز لەپڕ هەڵنەبێ

فرووغی بە دوای ئەم بەیتەدا ڕۆیشتووە و گوتوویەتی:

دوێشەو بە پووشی خواجە کریومی      دەترسم دیسان پەژیوان وەبێ

دواتر بەم بڕبەندە شێعرەکەی داکووژاندووە:

غەزەلی میری هێندە ناسکە      کوانێ فرووغی خەڵاتی دەبێ

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر، سێ بەیتی پێشەوەی یەکەم غەزەلی دیوانی ئەم پیاوە باریکبین و زمانپاراوە تۆمار دەکەین:

کەی لە دڵ دەرچووی هەتا بە دووتا وێڵ و عەودال بم؟!
کەی لێم نەدیو بووی تا بۆ دیتنەوەت وەکوو شاباڵ بم؟!
لێم بزر نەبووی، جاری هەزار جار، ببمە تامەزرۆ
خۆ تۆ گوم نەبووی، تا بێم لە شوێنت بە گاڵەگاڵ بم
تۆ بە سەدهەزار نەخش و نیگارت هاتوویە مەیدان
تا بە سەدهەزار دیدە بڕوانم و بە زمانم لال بم

ئێستا با لە چەند بەیتی غەزەلێکی ڕێک و ڕەوانی دیکەی فرووغی بڕوانین:

شەوێکی دێنم و هەر دادێنم و داوێنی سەحەر دەگرم
هەقم لەو زاڵمەی وەک مانگە ڕادەبرێت، وەردەگرم
دوو چاوی پڕ لە ئەسرینم بە تۆفانی بەلا دادا

سەری مرژۆڵی چاوانم لە خوێناوی جگەر دەگرم
دەنەڕڕێنم بە ویشکانی و بە دەریادا دەڕۆم دایم
وەکوو گڕ ویشک و تەڕ ئاگر دەدەم، هەر ڕێی خەتەر دەگرم
لە توڵەی دڵ بە پرچی هەڵزنیوم موویەموو جاری
بە ماچی لێوەکانی گیانەکەی خۆم سەربەسەر دەگرم
بەهاری عومری من شەختەی دەگائی و پێدەچی یاخۆ
تەمامی بەژنەکەی دیم و وەکوو ئاڵقەی کەمەر دەگرم
لەبەر پێیدا ڕوحم بێلاموجووم بۆی دەردەچی یاخۆ
لە دەستانی دەگریەم، قۆڵی خۆمی هەر وەبەردەگرم

*یەغمای جەندەقی*: میرزا ئەبولحەسەنی جەندەقی ناسراو بە یەغما شاعیر و نووسەرێکی قسەخۆشی گلکەی دەسەلاتی قاجارانە کە فرهاویشتن و جەفەنگ و فشەی گەیاندبوویە ئەوپەڕی خۆی. وەک ئێدوارد براون دەگێڕێتەوە سەرەوبنی قسانی «ژنقەحبە» بووە و واوێدەچێ کە یەغما و قائانی پتر لە تەواوی بوێژانی سەردەمی ناسری لەگەڵ خووورخدەی پادشای خۆشڕابوێر و بەئالۆشی ڕۆژگاری خۆیان ئاشنا بوون.

یەغما ماوەیەک وەکوو قەڵەمدار لای کابرایەکی تووڕە و تۆسن و جنێوفرۆش بە ناوی زولفەقارخان کاری کردووە. گۆیا لەبەر دڵی وی کۆمەڵێک غەزەل و هۆنراوەی قۆڕ و دەمشڕانەی خۆی بە نازناوی «سەردار»ەوە هۆندۆتەوە و سەرجەمەکەی ناو ناوە «سەرداریی»ە». یەغما جگە لە قۆڕیات و شێعری گاڵتەوگەپ، بەرهەمی یەکجار جوان و پاراوی ڕێک و لەباری لە پاش بەجێماوە و سەرجەمی بەرهەمی ساڵی ١٢٨٣ی ک/ ١٨٦٦ی زایینی لە تاران چاپ کراوە.[١]

---

١- سرشت و ئاکاری سووک و چرووکی ناسرەددینشا لە رووی ئەم ئەزیلەیەوە روون دەبێتەوە کە لە بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوددەولەدا تۆمار کراوە: «... یەکێک لە← هاودەمانی خەلوەتی میری دەیگوت، ڕۆژێکی کە پادشا لە حەوشە و باخچەی کۆشکدا پیاسەی دەکرد، بانگی کردم و بە سرتە فەرمووی، چونکە تۆ تەواوی لۆتی و پۆتی و بەرەڵلای ئەم شارە دەناسی و لەگەڵیان هەڵدەستی و دادەنیشی، هەموو مانگێ ئەوەندە پارەیەت بۆ دەبڕمەوە و بڕۆ بزانە هەر حەوتوویەک هەرچی روو دەدا و لە کوێ دەقەومێ و کێ دەیکا، سەروبەری بەرەوە سەر یەکتر و بینووسە و بە دزی بیدە بە خۆم،

یەغما ئەگەرچی شیعری فشە و قۆڕی دادەنا. بەڵام پیاوێکی بەدین و پێبەندی ڕێوشوێنی مەزهەبی بووە. لە دانانی شیعری شین و شینگێڕان و سەردوولکەدا، شێوازێکی تازەی داهێناوە و لە ڕاستیدا شینگێڕانەکانی لەسەر کێشێکی تایبەت هۆنیونەوە و ئەوەندە جوان و بێتا بوون کە ماوەیەکی درێژ سەردوولکەبێژان و شینگێڕەکانی ڕۆژانی تازیەباری لە مانگی محەڕڕەمدا دەیانخوێندنەوە و دەمامودەم دەگەڕان و خەڵک تاریفیان دەکردن.

لێرەدا دەچینە سەر سۆز و پەژارەی یەغما بۆ کارەساتی جگەرسووتێنی کەربەلا:

دێ لەسەر چۆمی فوراتیڕا بە لێوی وشکەوە، ئەی تازەلاوە ئەکبەری من
هەر دەبێ لافاو بباریێن لە چاوانی تەڕم، وەی تازەلاوە ئەکبەری من
بۆ ئەوەی سەرشین و جلشین بێ تەمەن، لەعل بەدەخشانی لە فرمێسکی وەری
چەرخی گەردوون تازیەی ڕووباری نیلی کردە باو، هەی تازەلاوە ئەکبەری من
تا هەتا قەت پاش دەوەن نابێ خەمی تۆ، ئەی کوڕی جوامێری دەشتی کەربەلا
خۆزگە من هەرگیز لە دایکی خۆم نەبووبایم تا بڵێم، خەی تازەلاوە ئەکبەری من

---

گوتم بە چاوان. هەر لەو حەوتەیەدا لای خەڵکی ڕووڕاست و باوەڕپێکراو کەوتمە پێوشوێنی قسان و هەرچی سەبارەت بە باروودۆخی گشتیی تاران بیستبووم و هەواڵم زانیبوو کە چەند حوکمڕانێک چ دەکەن و چییان کردووە و قسەی نێو دەمی خەڵک چییە کە لە زاری پیاوانی دەوڵەتەوە داکەوتووە و بە کاری گێڕانەوە دێ، هەمووییم ڕێکوپێک نووسی و دامە خزمەت خاوەنشکۆ. لێی وەرگرتم و نایە گیرفانی. دوای دوو ڕۆژان سەرلەنوێ هەر لەو جێیەی پێشوو فەرمووبووی با ئەو فیسارە کەسە بێ. چوومە خزمەتی و فەرمووی ئەو قسە قۆڕ و بێڕێوجێیانە چن تێکتخستوونەوە؟ عەرزم کرد تەواوی ئەوانەم لە کەسانی ئاقڵمەندی ڕووڕاست بیستووە و جارێ ئەوەندەیان زانیوە و ئەگەر کەموکووڕیی تێدایە دواتر تەواو دەکرێ. نێوچاوانی لێ گرژ کردم و گوتی، من مەبەستم ئەم هەواڵە پرشوبڵاوانە نەبوو کە پەرێشانم بکەن. گوتم بزانم چ شتێکی خۆش لە شاردا ڕووی داوە و کامە ژنیان بۆ کامە کوڕان بردووە یان کام هەتیو بە چنگ هەتیوبازانەوە سووڕاوەتەوە. لە کۆڕی مەستی و مەینۆشیدا چ قرە و هەرایەک ڕووی داوە! برۆ خەبەرێکی وا بێنەوە پیاو کەیفی پێی ساز بێ و ئەو کەسانەش بناسێ.» بڕوانە لاپەڕە ٥٦ ـ ٥٧.

*سرووشی ئیسفەهانی*: میرزا حەمەعەلی ناسراو بە سرووش سالی ١٢٢٩ی ک/١٨٣١ی ز. لە گوندی «سی‌دێ»ی ئیسفەهان لە دایک دەبێ و ماوەیەک لەو شارە دەست دەکا بە خوێندن و لەگەڵ ڕەوتی ئەدەبیات ئاشنا دەبێ. پاش ماوەیەک گەشت و سەیران لە ناوچەکانی جەرگەی ئێران دەچێتە تەورێز و دەبێتە ئاشنای شازادەکانی قاجار لە بارگای ناسرەددین‌میرزای جێگرەوەی‌میر و پاشان لەگەڵ شازادەی منداڵیش تێکەڵاو دەبێ. ناسرەددین‌میرزا و شازادەکانی دیکە زۆری دەلاوێننەوە و چۆن چاکە ئاوای بە سەر دەکەنەوە و وای لێ دێ کە بە سەر دەوڵەمەندی‌دا دەکەوێ و دەچێتە ڕیزی مەزن و دەوڵەمەندانی بارگای میری. کاتێک ناسرەددین‌میرزا سالی ١٢٦٤ی ک/١٨٤٧ی ز. دەبێتە پادشا. لەگەڵی دەچێ بۆ تاران و سەرناوی «خان» و «شەمسوششوعەرا»ی پاربوو دەکرێ.

یەکێک لە بەرهەمەکانی سرووش چەکامە واتە قەسیدەیەکە کە سالی ١٨٥٦/١٢٧٢ دوای گیرانی هەرات بە دەست حیسامو‌سسەڵتەنە داینـاوە و بەم بۆنەیەوە ناسرەددین‌شا وەکازێکی نەخشێندراو و دووهەزار تمەنی خەڵات کردووە، ئەمەش نموونەیەک لەم چەکامەیە:

شا «هەری» گرت و ئەستێرەی بەختی درەوشایەوە
مەی بێ مزگێنی، خودی ئەستێرە دەنگی دایەوە
بەڵێنی داوە هەموو ساڵێکی چەرخی زەمانە
مزدەی سەرکەوتن بۆ میری بێنی و بێ بە لایەوە
بە زەبری زۆری تەلیسمی شکا ئەو شوێنە سەختە
میری کامرەوا بەو کارە مەزنەی زۆر گەشایەوە

سرووش سالی ١٨٦٨/١٢٨٥ پاش سالێک نەخۆشی و وەرەنگازی لە تاران ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

*مەحموودخانی مەلیکوششوعەرا*: مەحموودخان کە شاعیر و وێنەگەرێکی هونەرمەندی سەردەمی حکوومەتی محەممەدشا و ناسرەددین‌شا بووە، لە ژیانی‌دا تووشی گەلێک هەوراز و لێژ و خۆشی و ناخۆشی هاتووە. زەمانێکی خۆشەویستی بارگا و ڕۆژگارێکی دەرکراوە و دوورخراوەتەوە بۆ تاراوگە. سەرەنجام لە بارگای

ناسرەددین‌شا ئۆقرە دەگرێ و دەبێتە مەلیکوششوعەرا و ڕێزی لێ دەگیرێ و بە خاترجەمی دادەنیشێ و گەشە بە کاری هونەرمەندانەی دەدا و لە کاری پەیکەرتاشی و شەقلاندنی دار و خەتخۆشی‌دا ئەوەندەی بڕستی خۆرسکانەی ڕێگای داوە بەرەو هەورازی چووە.

هێندێک لە تابلۆکانی مەحموودخان لە مووزەی پادشایەتی و کۆشکی گولستان پارێزراون و ئەم شاعیرە هونەرمەندە هەتا ئەندازەیەک کەوتۆتە سەر ڕچە و ڕێبازی سۆفیایەتی و بۆتە مریدی پیاوێکی فر بە سەر دنیاوەنەماوی لورستان بە ناوی سەید عەلی‌میرزا کە نیشتەجێی برووجێرد بووە. مەحموودخان ئەو دەمەی لە لورستان ماوەتەوە بە دیداری شاد بووە و کەوتۆتە نێو ئاڵقەی مریدانی. مەحموودخان لە شیعرەکانی‌دا هیچ نازناوێکی بۆخۆی دانەناوە و تەنیا لە بڕێەندی هێندێک لە چەکامەکانی‌دا وشەی «مەحموود»ی لەبری نازناو هێناوە و لە هۆنراوەکانی دیکەی‌دا خۆی لەم کارە بواردووە. مەحموودخان ساڵی ۱۸۹۲/۱۳۱۱ لە شاری تاران مردووە.

ئێستاش دەڕوانینە چەند بەیتی چەکامەیەکی مەحموودخان لە تاریفی بەهاردا:

| | |
|---|---|
| لە چیاوە هەستان گەواڵەی هەوران | لە ئەلبورزەوە خۆیان ڕادەنان |
| شەماڵی بەهار هات بە گاڵەگاڵ | پرچی گوڵانی گرتن بە دەوران |
| دوێشەو لای بەیان شنەی تەڕی باغ | گوڵاویان بە سەر ئێمەدا بژان |

**پەخشان**

شێوازی پڕ پێچەڵپلووچ و قورس و بە گرێوگۆڵی نووسەرانی سەردەمی مەغۆلی و تەیمووری کە هەتا ڕۆژگاری سەفەوییەش درێژەی بووە و دەستەیەک لە نووسەرانی چاخی ئەفشاران و زەندانیش پێیدا ڕۆیشتوون، لە سەردەمی قاجاران‌دا وردەوردە بەرەو ساکارنووسین پەلی هاویشت. کۆمەڵێک نووسەری وەکوو میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام و لیسانولمولکی سپێهر و ڕەزاقولی‌خانی هیدایەت و گەلێک مێژوونووسی دیکەش پەرەیان بەم شێوازە تازەیە داوە.

لە بەشەکانی پێشوودا چەند پاژ و بڕگەیەکی بەرهەمەکانی مێژوونووسانی سەردەمی قاجاری، وەکوو ناسیخوتتەواریخ، ڕەوزەتوسسەفای ناسری، مونتەزەمی

ناسری و چیوچی دیکەمان وەکوو نموونە هێناون و خراونە بەرچاو. لە نێو ئەم نووسەرانەدا، شێوازی لیسانمولکی سپێهر لە شێوازی هەموو نووسەرانی دیکە پاراوتر و زانستیتر و ساکارترە و خوێندەوار لێی حاڵی دەبێ و دیارە کە نووسەر تەواو زاڵە بە سەر زمانی فارسیدا و زۆر چاکی دەزانێ.

*قایمەقام*: میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام. بە ڕەچەڵاک سەیدە و خەڵکی «هەزاوە»ی «فەراهان»ە. میرزا ئەبولقاسم کوڕی میرزا عیسا فەراهانی کە ناسراوە بە «میرزا بزورگ». ساڵی ۱۱۹۳ی ک/۱۷۷۹ی ز. لە دایک بووە و لە دامودەزگای حکوومەتی هەباسمیرزای جێگرەوەی فەتحعەلیشا و لە ژێر چاودێریی باوکیدا کە دەمراست و سەرهەڵوێست و وەزیری جێگرەوەیمیر بوو، گەشەی کرد و هەڵیدا. میرزا ئەبولقاسم وێرای خوێندنی ئەدەبیات، فێری کاروباری دیوانی و بەڕێوەبەرایەتیی سەردەمی خۆشی بووە و ماوەیەک بۆتە وەزیری هەباسمیرزا و پاشان لە ڕۆژگاری محەممەدشای دووهەمدا (شای غازی) بۆتە مەزنەوەزیر و هەروەک پێشتر باسمان کردووە، ساڵی ۱۸۳۵/۱۲۵۱ بە فەرمانی محەممەدشا کوژراوە.

کتێبی مونشەئات [واتە یادداشتەکان و نامەکان] کە خودی قایمەقام نووسیویەتی، دەقێکی یەکجار دڵگر و ڕەوان و پاراوی سەردەمی قاجارانە بە زمانی فارسی و ئێمە بۆ نموونە بەشێک لەو نامەیەی کە قایمەقام بە بۆنەی کوژرانی گریبایدۆف، باڵوێزی تایبەتی ڕووسیا لە تاران و لە زمان فەتحعەلیشای قاجارەوە بۆ قەیسەری ڕووسی نووسیوە، لێرەدا دەخەینە بەرچاو:

«سەرنامە بە ناوی یەزدانی زانا. پەروەردگاری هەمیشە زیندوو. بە دەست و توانا کە هات و یەکجێ جیهانی زانا. نە کەس لە ڕەنگی ئەوە و نە ئەو لە ڕەنگی کەسە. بوونی یەکودووی پێناوێ و دادەوان و زانای ڕێکە. هەموو زاڵمێک دەبەزێنێ. تای تەرازووی کێشانی چاکە و خراپەی دادەمێنێ و هەر کەس هەرچی ڕێیبکەوێ فەرمووی دەکا. بە حیکمەتی کاملی خۆی چەپەڵکاران دەتەزێنێ و چاکەکاران کۆڵێک پاداش دەداتەوە. پاشان سڵاوی بێسنوور بۆ سەر ڕووحی پێغەمبەرانی دروستکار و پێشەوایانی بەرزەناکار. ئینجا ئەی پادشای بەرچاوروون و ئەی خونکاری بەرزەجێی بەوێژدانی دادەوانی تاجدار و خاوەنشکۆی خۆشفەری بەحر و ویشکانی. برای بڵندئەستێرەی مەزن خانەدان،

ئیمپراتۆری ئەوسەرەوسەری رووسیا و دەوروبەری کە دەوڵەتت شکۆمەند و بەسامە و ئاڵای سەرکەوتنت هەر شەکاوەیە، چت لێوەشێرم و باشە بزانی کە باڵوێزی دەولەتی ئێوە لە پایتەختی ئەم دەولەتە بەپێی رووداوەکانی رۆژگار و قڕە و هەرای پیاوەکانی لەگەڵ لات و شەلاتی شار، تووشی خەسارێک هاتووە کە خۆمان بە بەرپرس دەزانین و وەکوو دۆستێکی راستەقینە مشووری لێ دەخۆین... .»

قایمەقام لە بواری هۆنینەوەی شیعریشدا هەنگاوی ناوە و نازناوی «سەنایی»ی بۆ خۆی داناوە و لە قەسیدە و غەزەل و چوارینەدا ئەسپی تاو داوە و مەسنەوییەکی بچووکی بە ناوی «جەلایرنامە» رۆناوە. ئەم دوو بەیتەی قایمەقام لە نێو خەڵکدا یەکجار باوە:

جاری وایە رۆژگار، دەنکاتە میر و سەردار
هەلی وایە لەوێرا دەتهێنێ سەربەرەوخوار
مۆرە کە مەیلی لێ بێ دێت و خراپ دەنیشێ
تۆرانی زۆرە دنیا، وەک کیژی ناسک و نازدار

*ساحەبدیوان*: میرزا حەمەتەقی عەلیئابادی خەڵکی عەلیئابادی مازندەران و یەکێکە لە نووسەران و قەڵەمدارانی شارەزای سەردەمی فەتحعەلیشا. میرزا لە بارگای ئەم پادشایەدا بە سەر کۆشک و بارگاکانی میری راگەیشتووە و باوەرپێکراو و بەرپرسی بەشی پەیام و نامە و راسپاردە نهێنییەکانی شا بووە. ئەم نووسەرە زانایە بەرلە قایمەقام شێوازێکی تازەی ساکارنووسینی لە بواری پەخشانی فارسیدا برەو پێدا و هاندەری زانایان و شارەزایان و شاعیران و نووسەران بوو.

ساحەبدیوان کە لە سەرەتاکانی حکوومەتی محەممەدشادا کرابوویە وەزیری هەرێمی فارس، لە شیراز کەوتە هانданی زانایان، بەڵام پاش ماوەیەک نەخۆش کەوت و گەڕایەوە تاران و ساڵی ١٢٥٦/١٨٤٠ لە تاران کۆچیدوایی کرد.

ئێستا دەڕوانینە نموونەیەک لە پەخشانی ساحەبدیوان کە ئیبراهیم سەفایی لە کتێبی «بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێران لە سەردەمی قاجاران»دا هێناویەتی:

«لە زەمانی خونکاری شەهید[١]دا، خودا لێیخۆش بێ، کە ڕۆژگاری تەناهی و ئارامبوونی ڕۆژگار بوو، میری ئێرەوان ڕاسپێردرا هەتا خاکی ئەرمەنستان بگرێ و لەوێ بنەی دەسەڵاتی دابکوتێ. بە خۆی و هێزێکی زۆر و زەوەندەوە هێرشی برد و لەڕێوە گرتی و خێرایەکی مزگێنیی ناردەوە بۆ سوڵتان. قۆشەنچییەکانی خۆیان لە تالانی ماڵ و سامانی خەڵک هەڵکرد و جەماوەریان بە دیل گرت و بۆ بەردەمی میریان ڕادان. لە نێو کۆمەڵی دیلاندا کیژێکی یەکجار جوانچاک خۆی دەنواند، کە حۆریی مسوڵمانان و بوتی کافران و مانگی نێو ئەستێران و شای پەرییان بوو. مەیلی نێرانەی مندالی نارەسیو بۆی ڕاچەنی و هەستی ژاکاوی شێخی گەورە بە یادی سەردەمی هەرزەکاری بزووت و بە سەر شەقی خۆی کرد خەنی. هەر لەڕێوە میر بوو بە یەخسیر و یەخسیر بوو بە میر... .»

*فازڵخانی گەڕووسی:* میرزا محەممەد لە بنەچەکەی بایوندور خەڵکی ناوچەی گەڕووس (بیجار) بوو. لە تافی مندالی و سەرەتای سەردەمی گەنجیدا ژیانێکی یەکجار تاڵ و سوێری ڕابواردبوو. فەتحعەلیخانی سەبا، مەلیکوششوعەرای بارگای فەتحعەلیشا بردبوویە خزمەت پادشا و خەتی خۆش و پەخشانی بێگرێ و پاراوی کەوتە بەردڵی فەرمانڕەوا و فەرمانی دا هەتا چۆن چاکە ئاوای ڕێ بۆ خۆش بکەن هەتا درێژە بە خوێندن بدا و لە زانستەکانی سەردەمی خۆی ڕابێ.

هاندانی فەتحعەلیشا و چاوەدێری و باڵبەسەر کێشانی «سەبا» لە بواری فێربوونی زانست و گەشەی خوێندەواری و نووسەریدا میرزا محەممەدی گەیاندە لووتکەی خۆی و پادشا بە کۆشەنیگای میرانە بە سەری کردەوە و بوو بە «فازڵخان» و بە وەزیری هەمەدان دانرا. میرزا لە بەخشندەیی و دڵاواییدا ئەوەندەی پێ لێهەڵێنا کە بە قەرزدار دەرچوو، بۆیە سەرلەنوێ گەڕایەوە تاران و لە سەردەمی حکوومەتی محەممەدشادا بوو بە قەڵەمداری تایبەتی شا و لە بارگای میری بنەی داکوتا.

ئەمەش نموونەیەک لە پەخشانی فازڵخانی گەڕووسی:[٢]

«لە ڕۆژگاری حکوومەتی کەریمخانی زەندیدا کە سەردەمی برەوی بازاڕی شەکر و شیرینی بوو، کیژێکی جوان، خرمانی گوڵان، بەغەمزە و ناز، شەیتانۆکە،

١- مەبەستی ئاغامحەممەدخانە.

٢- بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێران لە سەردەمی قاجاراندا، ئیبراهیم سەفایی.

یەکی داوباز. جلەوکێشی ژنانی سووزمانی. سیحربازێکی جانانە. چاوەشی دەور و زەمانە، چەوسێنەری دڵ و دەروون. پەیمانەنۆش. پیاوانەپۆش بە خۆی و بنیایەک نازەوە. چوو بۆ هەمەدان لە شیرازەوە و ئاوری بەردایە جۆخینی پیران و لاوان. شاعیر گوتەنی:

داوی پرچ و کەوانی برۆ و تیری چاو
خوا پێی داوی بەبێگومان لەبۆ ڕاو

ئەم کیژە. لە خواترسانی کردن بە گیرۆدەی بەندی؛ خواناسانی بەستنەوە بە لێوی شەکەر و قەندی و بە هەودای زولفی کەمەندی. هەزار بازرگانی لە داوی چەپەڵی وەردان و دەستی پێ لە مالیان بەردان و زێر و زیوی بردن بۆ خۆی. هێندە چاکی لە ڕاکێشانی دڵان دەزانی کە دەیتوانی دڵۆپێک بکا بە دەریا و لە دەنکێک کیلەیەک بپێوێ و هیچ سەریشی لێ نەشێوێ... . پاش تێپەربوونی ڕۆژگار، بە سەری سپی و ڕووی ڕەش و ددانی زەرد و شاشوواش سیس هەلگەڕا و دوای پووچانەوەی مەمکانی و شەمانی فێعلی جارانی و برانەوەی تیر و ئانەی ناحەزانی. چاوەشێکی بەرکاروانی زیارەتکەران لە خۆی سیغە کرد و بە سواری پیرەکەرێکی [کوێ لار] ڕۆیی بۆ زیارەتی کەربەلا و لەوێ لە هەرچی چەپەڵی و تاوان و ناپاکییە باشۆرا و بە ساغ و سەلامەتی گەڕایەوە و ببوو بە نەنەتەییە[1] کەربەلایی. ئێستاش لە پەنا مزگەوتی گەورەی شار بنەی داناوە و ماڵوحاڵی پێکەوە ناوە و بەو زێرانەی کە بە ئارەقەی نێوچاوان و بە زەحمەتی دەستەکانی پەیدای کردوون، جارجارە حەسیرێک بۆ مزگەوت دەچنێ... .»

فازڵخانی گەرووسی لەسەر فەرمانی فەتحعەلیشا کتێبی «ئەنجومەنی خاقان»ی تەواو کرد کە پێشتر میرزا ئەحمەدی گورجی دەستی کردبوو بە نووسینی. چەند دەقێکی ئەم ژیاننامەیە بە خەتی خۆشی فازڵخان نووسرانەوە و نێردرانە شاران. نووسەر ساڵی ۱۸٤۲/۱۲۵۸، لە تەمەنی ۵۸ ساڵیدا بۆ ماڵاوایی دەستی لە ژیان هەڵتەکاند.

---

۱- پاک، پاکیزە

## ٣- شانۆ و مووسیقا

### شانۆ

هونەری شانۆگەری لە ئێرانی دوای هاتنی ئیسلامدا، لەبەر قەدەغە و قۆرغی مەزهەبی و بەرهەڵستبوونەوەی بیرورای گشتی و کەشوتووش کەوتنی دین لەگەڵ زۆربەی لایەنەکانی کەلتوور و کەلەپووری هەستبزوێن و هونەری، هەتا لای کلکەی سەدەی چوارەمی کۆچی[1] تەواو کوێر ببووە و ئاوری لێ نەدەرایەوە. بۆ یەکەمجار موعیززوددەولە دەیلەمی، ئەحمەدی کوری «بوویە»، پادشای ئێران (٣٢٤-٣٥٦ی ک /٩٤٥-٩٦٦ی ز)، دوای ئەوەی کە دەستی بە سەر بەغدای ناوەندی دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەبباسیدا گرت، ئەگەرچی خەلیفە و مەزنەمامۆستایان و زانایانی سوننی هەستیان پێی بریندار دەبوو، بەڵام دیسانیش دەستووری دا هەتا لەو شارەدا کۆڕ و کۆبوونەوەی ماتەمگێران بۆ گەورەی شەهیدان حوسێنی کوری عەلی(س.خ) لە یەکەم دە رۆژی مانگی محەڕڕەمدا پێک بێ، دووکان و بازار داخران و خەڵک بە نیشانەی تازیەداری جلکی رەشیان پۆشی و لەوی بەولاوە ئەم ڕێورەسمە لە زۆربەی شارستانەکانی ئێران، بەتایبەت هەرێمەکانی لێواری دەریای خەزەر و رەی و ئازەربایجاندا بوو بە باو.

شانۆی مەزهەبی: کۆڕ و کۆبوونەوەی تازیەداری و ماتەمگێران بۆ کارەساتی دڵتەزێنی کەربەلا وردەوردە لەسەر تەوەرەی شێوەی ساکار و بێگرێوگۆڵی خۆی ترازا. وای لێهات کە دوای هێرشی مەغۆل و تراتێن و ڕمبازێنی تەیموور و دامەزرانی حکوومەتی خاوەندەسەڵاتی سەفەوی لە ئێراندا، کەوتە سەر ڕەنگ و ڕوخسارێکی دیکە و لە سەردەمی قاجاراندا بێجگە لە پێکهێنانی کۆبوونەوەی شینگێران و لەخۆدان و زنجیرەوەشاندن و کاری دیکەی لەم شێوەیە، کۆمەڵێک شانۆی مەزهەبی لەسەر بنەمای ڕووداوەکان و کارەساتەکانی کەربەلاش بوونە باو.

شانۆی مەزهەبی کە دەقی ڕووداو و ئاکامەکەی خەموورووژێن یان وەک دەڵێن تراژیدیا بوو، چەندین تاقم و دەستەی تایبەت لە مانگی محەڕڕەم و سەفەر و جاری وابوو لە دوارۆژەکانی مانگی قورباندا لە شار و گوندان بەڕێوەیان دەبرد و هەمیشە دوو تاقمی چاک و خراپ لەم شانۆیانەدا دەوریان دەگێرا. وەکوو نەریتێک

---

١- سەدەی دەهەمی زایینی.و.

شانۆگێڕەکان هەموویان پیاو بوون و تەنانەت هەر ئەو پیاوانەش دەوری ژنانیان دەگێڕا کە دەنگیان ناسکتر بوو. شوێنی ئەم شانۆگێڕانە پتر مەیدانی شار یان گوند بوو. دەقی ئەم شانۆیانە وەکوو بەیت و بالۆرە ڕێکدەخران. بەڵام جاری واش بوو کە ئەم شێوەیە ڕەچاو نەدەکرا و ئاخاوتنەکان هەر ساکار و بێهۆنینەوە لە نێوان دەورگێڕەکاندا دەهاتن و دەچوون.

دوو تاقمی چاک و خراپ لە نێو ئەم شانۆ مەزهەبییانەدا بریتی بوون لە: تاقم و دەستەی حوسێنی کوڕی عەلی(س.خ)، یانی منداڵەکان و هاوسەران و خزمان و یارانی و دەستەی یەزیدی کوڕی موعاویەی خەلیفەی ئەمەوی و سەرداران و حوکمرانی کووفە و سەرکردەکانی سپای کە چوونە شەڕی [حوسێنی] گەورەی شەهیدان. لە نێو تاقمی چاکەکاندا گرینگترین دەور دەکەوتە سەر شانی حوسێنی کوڕی عەلی(س.خ)، هەباسی برای [حوسێنی] گەورەی شەهیدان(س.خ) لەگەڵ زێنەبی خوشکی گەورەی شەهیدان(س.خ). لە باڵی پیاوخراپان شمری زیلجەوشەن، عوبەیدیللای کوڕی زیاد و یەزیدی کوڕی موعاویە چەقیبوون.

لە شانۆی مەزهەبیدا، بەرلە دەسپێکی شانۆ، بە مەبەستی وریاکردنەوەی خەڵک و ڕاکێشانی سەرنجی تەماشاوانان تەپڵ یا ئامێرێکی دیکەیان دەکوتا و دەژنی و کارگێڕی شانۆگەری لە نێوەڕاستی جێی شانۆکە ڕادەوەستا و پاشان بە نێو خەڵکەکەدا دەگەڕا و ئەوەندەی بۆی دەکرا پووڵی لێ کۆدەکردنەوە و ئەوسا پاشماوەی شانۆکە بەڕێوە دەچوو. وا باو بوو کە هەر ڕۆژەی بە نۆرە کارەساتێکی کەربەلا بخرێتە بەرچاوی تەماشاوانان. یەکێک لە گرینگترین دیمەنەکانی ئەم کارەساتە هەڵپە و هەڵسووڕانی هەباسی برای ئیمامی حوسێن(س.خ) بوو بۆ هێنانی ئاو لە ڕووباری فورات بۆ یارانی ئیمام و ژنان و منداڵان و هاوڕێیانی. بێجگە لەم دیمەنە. دیمەنی شەڕ و تێکهەڵچوونی حوسێنی کوڕی عەلی لەگەڵ دوژمنەکانی، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئازایەتی و جوامێری و ورەبەرزی و گیانفیدابوونی دەخستە بەرچاوان.

ئەگەرچی مەزنەمەلاکان و زانایانی پایەبەرز و ڕووناکبیرانی شیعە ڕەتیان دابوویەوە و پێیان هەو نەبوو. بەڵام ببوو بە شێوەیەک سەرقاڵبوون و وەرەزی شکاندنی خەڵکی کووچە و کۆڵان و دێنشینان و سەیر ئەمە بوو کە زۆربەی دەورگێڕەکان دێهاتی بوون و هەر تاقمەی لە مانگی محەڕرەم و سەفەردا

بە وڵاتیدا دەخولانەوە و لە دێهات و شارەکانی دەوروبەریان شانۆی ماتەمگێڕانیان دەگێڕا.

وەکوو ڕوون و ئاشکرایە کە لە نێو پادشایانی قاجاردا ناسرەددینشا یەکجار دڵی بەم شانۆیانەوە نووساوە و لە تەکیەی دەوڵەت لە تاران کێها تاقم لە هەموو تاقمەکانی دیکەی شانۆگەریی ئەو سەردەمە تەیارتر و شارەزاتر بووبا لە بەردەم پادشا و ژنانی حەرەمخانە و مەزنانی بارگای میری شانۆی دەگێڕا. کێ دەنگی زۆر خۆش بووبا وەکوو دەورگێڕ هەڵدەبژێردرا و جێشانۆکە بە شێوەیەکی ورد و باریک و تایبەت بە دیمەنەکانی دەڕازایەوە. لە تەکیەی دەوڵەت ئەم دیمەنانەی کە بۆ خستنە بەرچاوی جەماوەری ئاسایی دەستی نەدەدا و نەدەگونجا، لە قەڵەم نەدەکەوتن کە بریتی بوون لە دیمەنی: شەڕی سواران و یارانی ئیمامی حوسێن(س.خ) لەگەڵ قۆشەنچییەکانی عوبەیدیللای کوری زیاد؛ شەڕی دەستەویەخەی حوسێنی کوڕی عەلی(س.خ) لەگەڵ خەنیمانی؛ کارەساتی ئاورتێبەردانی خێوەتەکان و هۆردووگای سەیدی شەهیدان؛ بە دیل گرتنی ژنان و کچانی ئیمام و عەلی ئەوسەت. واتە ئیمامی چوارەمی شیعان ئیمام زەینولعابیدین کە گۆیا لە داوێنی «شاربانوو»ی کچی یەزدگری سێهەم[ی ساسانی] بەرببێزوە؛ بردرانی یەخسیرەکان بۆ دەمیشق و وتاری ئاگرین و ئازایانەی زێنەبی کچی ئیمامی حوسێن لە کۆری بەزمی یەزیدی کوری موعاویەدا و هتد.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ناسرەددینشادا، بەڕێوەچوونی شانۆی مەزهەبی و شینگێران و تازیەداری وەکوو شان و شەوکەت و زیریقەوبریقەی پادشایەتی ڕەنگی دایەوە و نەقارەخانەی[1] دەوڵەتیش تێیەوەگلا. لە کلکەی دەسەڵاتی ناسریدا شانۆی مەزهەبی لەچاو تازیەداری پتر بە لایەنی ڕابواردن و سەرقاڵی و ڕێوڕەسمی برووقەداردا کەوت و تەنانەت کۆمەڵێک چیرۆک و نەزیلەی وەکوو چیرۆکی «دوررەتوسسەدەف» و «ماتەمگێڕانی میر تەیموور» و «تازیەی حەزرەتی یووسف» و «زەماوەندی کیژی قورەیش» کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کارەساتی کەربەلاوە نەبوو، خزانە نێو ئەم شانۆگێڕانە و بەم چەشنە شانۆی مەزهەبی وەکوو پیشە و هونەرێکی تایبەتی لێهات.

---

١- جێی لێدانی دووتەپڵە و سێتەپڵە و زورنا و کەرەنا و ئامێری لەم چەشنە.و.

بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی شانۆی ماتەمگێڕانی تەکیەی دەوڵەت، دەچینە سەر ئەو بابەتە جێسەرنجەی کە «ڕووحوڵڵا خالەقی» لە کتێبی «بەسەرهاتی مووسیقای ئێراندا» نووسیویەتی:

«شینگێڕەکان کە بە دەنگ دەلۆرانەوە و دەکەوتنە حەوادانی بەیت و بالۆرەی تازیەداری لە سەت کەس تێدەپەڕین و لە یەکێک لە داڵانە بەرفرەوانەکانی تەکیەی دەوڵەت کۆدەبوونەوە. کوڕوکاڵی پێنەگەیشتووی دەنگخۆش کە بە کۆڕی دەنگبێژانی منال ناودێر کرابوون، تۆزێک لە پێشەوەی ئەوانەوە دەوێستان و بە دەنگ و چریکەیەکی بێگرێ و خەماوی چەند بەیتێک لە شێعرە دیار و ناسراوەکانی «موحتەشەم»یان[1] دەخوێندەوە و پێی دەلۆرانەوە. پاشان تێکرا سەردوولکەی باوی کۆمەڵگایان بە دەمدا دەهات و نەرم و لەسەرەخۆ وەڕێ دەکەوتن و دەورێک بە دەوری تەختی تازیەدا[2] دەسووڕانەوە و ئەوسا لێی وەسەر دەکەوتن و بە ڕیز ڕادەوەستان. «موعینوبەکا»ی[3] تازەگێڕ، بە خۆی و کڵاوێکی کەولی گوڵدرشتی بوخارایی و جبەیەکی ڕەش و پشتێندی پانەوە دەردەکەوت و نێوقەدی وەکازێکی درێژی دەگرت کە لەبری شوولکی سەرۆکی کۆرسیش کاری پێدەکرد و لە پێش هەموانەوە دەوێستا و جێگرەکەی کە پێیان دەگوت «نازمولبەکا». لە دواوەی دەچەقی. ئەم تازیەگێڕە دەقی شێعر و وتاری تێکرای شینگێڕەکانی کە چەند پەرە کاغەزێک بوو، لوولی دابوون و لە بەر پشتێندی خۆی چەقاندبوون. بۆیە وای کردبوو هەتا ئەگەر یەکێک لە شینگێڕەکان دەقەکەی خۆی ون کرد، خێرایەکی بگاتە سەری و نەهێڵێ دابمێنێ. ئەم پیاوە زۆر بەچاکی دەوری خۆی دەگێڕا و فەرمانەکانی لە لایەن کۆڕی شینگێران و مووسیقاژەنەکان بێسێودوو و بەبێ هیچ ڕاوەستان و داوەستانێک بەڕێوە دەچوو؛ دیارە جێگرەکەشی لەم ئیشەدا یاریدەی دەدا. بە ئاماژەی دەستی شینگێڕەکانی دێنایە سەر لۆرانەوە و بە هەڵێنانی وەکازەکەی مووسیقاژەنەکانی دێنانە دەنگ و بێئەوەی سەری لێ بشێوێ، یەکجار بە مەندی و مەتینی کارەکانی دەکرد. تەنانەت بە

---

١- موحتەشەمی کاشانی شاعیری هاوسەردەمی شاتۆساسبی یەکەمی سەفەوی بووە.
٢- ئەم تەختە تایبەتەی تازیەگێران دەکرێ بە هەمان جێشانۆ یان شانۆگێران دابندرێ.
٣- لە سەردەمی قاجاراندا بەو کەسەیان دەگوت کە بەشێک لە کاروباری تازیەگێرانی دەکەوتە سەرشانی.و.

جوولەی گشت و نەرمی وەکازەکەی لە دەستەی ژەنیارەکانی دەگەیاند کە چ هەوایەک لێ بدرێ، خەمبزوێن بێ یان هەستهاروورژێن.»

«بێجگە لە تیپی مووسیقا و ئەو نەقارەچییانەی دووتەپڵەیان دەکوتا و لە تەواوی ماوەی لەخۆدان و ماتەمگێرانەکەدا لە تەکیە دەمانەوە. چەند تاقم و دەستەیەکی دیکەش بەرەبەرە دەڕژانە ئەو شوێنە هەتا ئەرکی بەرایی خۆیان راپەڕێنن و پاشان وەدەرکەون و کاری سەرەکی بخەنە ئەستۆی شانۆگێرانی شینگێران کە بریتی بوون لە:

١- فەڕاشانی سوورپۆشی میری کە هەرکام کورسییەکی زێرکفتیان دێنا و لەسەر جێشانۆی شینگێری دەیانچنین.

٢- میری فەڕاشان لەگەڵ کۆمەڵێک خزمەتکاری دیکەی فەڕاشخانە کە بە جلکی رەشەوە دەهاتن و پاش ئەوەی خولێک دەسووڕانەوە و هاواریان دەکرد «یاحوسێن» بە سینەکوتان لە تەکیە وەدەردەکەوتن.

٣- پۆلێک زەنبوورەکچی[1] کە بە سواری وشتر دەهاتن و هەر یەکەی زەنبوورەکێکیان بۆ لەسەر پشتی وشتر و لەبەردەم دابەسترابوو. ئەمانە هەرکام دوو تەختەی خڕ و پانکەڵەیان بە دەستەوە دەگرت و لە جەنگەی شینگێران و سەردوولکەبێژیدا بە شێوەیەکی تایبەت لێکیاندەدان و هەڵیاندێنان.

٤- دەستەی سوارانی نێزەدار کە هەرکام قامیشێکی لاسکسووریان بە دەستەوە دەگرت و بە سواری باشترین ئەسپەکانی میری دەهاتن و تێدەپەڕین.

٥- سوارانی پاسەوان لەگەڵ غولامانی سوارە کە هەر یەکەی تێڵایەکی زێریان هاویشتبوویە سەر شان.

٦- یەغدان یان سندووقی بە مەخمەر و قالیچە رازاوە کە لەسەر پشتی یەستران دابەسترابوون لەگەڵ کۆمەڵێک مەشکەئاو کە خرابوونە نێو خورجێنی مەخمەری زێردوزیکراو و لغاو و سەرکەللە و تلیسقەوفلاسقەی ئەسپەکانیان زێو بوو.

٧- جڵەوکێشانی میری کە پۆلێکیان یەختەرمە بە دوای خۆیاندا رادەکێشا و هەموو یەکسمەکان زین و خرینگەوپرینگە و رەخت و بەرگیان نەخشین و سەرزینەکانیان گوڵدۆزی و زێردوزیکراو بوون؛ بەتایبەت ئەسپی بەرڕکێفی خودی

---

١- زەنبوورەک چەشنێک تۆپی بچووکی مەیدانی شەر و تێکهەڵچوونە.و.

پادشا کە کلکی کرابوویە ئەرخەوانی و چۆن جوانە ئاوا ڕازابوویە و لە هەمووان پتر سەرنجی ڕادەکێشا.

٨- درۆشکەی سووری چاوەچاوەی زێرکفتی پادشا کە هەشت ئەسپی سپی ڕەنگی یەکجار جوان ڕایاندەکێشا و تاقمێک سوارەی کەمەرەزێڕ و غولامانی کێشکخانە لە نوا و دوایەوە دەڕۆیشتن.»

«ئەم تاقم و دەستە نەخشین و ڕازاوانەی میری هەرکام لە سەرەی خۆیاندا بە دەوری تەختی تازیەگێری‌دا دەسووڕانەوە و وەدەردەکەوتن. پاشان چەند دەستە مووزیقاچیی سەربازی دەهاتنە تەکیە. دەستەی یەکەم ئامێری زێوڕەنگیان پێ بوو کە لە گەشت و گەڕانێکی ناسرەددین‌شادا، مەلەکەی ئینگلیس بە دیاری دابوویە و میرزا عەلی‌خانی نەقاشباشی لە پێشەوەی دەڕۆیی. دەستەی دووهەم بریتی بوو لە مووزیقاچییەکانی قەززاق کە غولامڕەزاخانی موعەززیز امین‌باشی)، سەرۆکی گشتیی مووزیک دەکەوتە نوای. چەند دەستەیەکی دیکەی مووزیقاچیش بە دوایاندا دەهاتن و مارش یان هەمان هەوای بەزەبری سەربازییان لێدەدا و هەتا بەرلە دەسپێکی تازیەگێران بە نۆرە تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا و باڵەبانیان دەکوتا و دەژەنی.»

«لە دوای هەموانەوە وشترەکانی نەقارەخانەی میری دەگەیشتنە تەکیە. تەپڵی گەورەیان لەسەر پشتی ئەم وشترانە دادەبەست و زوڕناچی بە جلوبەرگی سوورەوە دەهاتن و مووسیقا و باڵەبانیان لێدەدا. جاری واش بوو کە بەپێی بارودۆخی کۆڕ و کۆبوونەوەکە کەرەناچییەکان لە ژێر خێوەتی تەکیەوە لە کەرناکانیان دەتووراند. پاش تێپەڕین و سووڕانەوەی ئەم دەستانە، ماوەیەکی کەم بێدەنگی باڵی بە سەر کۆڕەکە دەکێشا و بە ئاماژەی تازیەگێر دەکەوتنە شین و چەمەری و خوێندنەوەی ئەو هەڵبەستە بەسۆزە تایبەتانەی کە پێشتر بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە کرابوون. بەرگی دەورگێڕەکانیش زۆر بەوردی دروابوون و جاری وایە بە زێڕ و زەمبەری میریش ڕازێندرابوونەوە.»

«ئەمە بوو کۆڕی شین و ماتەمگێڕانی ڕۆژ کە سەرلەنوێ پاش تێپەڕینی بەتلێکی شەو دەستی پێدەکردەوە؛ بەڵام ئەمجارەیان هەزاران شەم و چرایان

دادەگیرساند و ئەوەندەی دیکە شان و شکۆی کۆڕەکە زیادی دەکرد و شەبەقی دەدایەوە.»[١]

**شانۆی سەردەم**

ڕۆچوونی شارستانییەتی تازەی ئورووپایی و شۆڕبوونەوەی بۆ نێو ڕیزی خوێندەوار و ڕووناکبیر و وەرگێڕانی چەندین بەرهەمی نووسەرانی دەرەکی، بەتایبەت نووسەرانی فەرانسەوی و بڵاوبوونەوەی گەلێک نامیلکەی مامۆستا ئورووپایی‌یەکانی دارولفنوون و ئاشنابوونی خوێندکارانی ئێرانی لەگەڵ کۆمەڵێک ئاسەوار و بەرهەمی هونەری و هزریی ئورووپایی‌یەکان، کارێکی وای کرد کە شانۆنامەنووسین و دووپاتی چەند شانۆیەکی ئورووپایی لە ئێراندا ڕەنگ بداتەوە.

چەند وەرگێڕێکی ئێرانی شانیان دایە بەر کاری وەرگێڕانی چەندین شانۆنامەی «مولییەر»ی فەرانسەوی کە بەرهەمی گاڵتەوگەپی دەنووسین، بەڵام لە نێو خەڵکدا برەویان پەیدا نەکرد. لەم وەرگێڕانانەدا، بەتایبەت وەرگێڕانی شانۆنامەی «میزانتروپ»ی مولییەر کە ساڵی ١٨٦٩/١٢٨٦ لە ئیستانبوول چاپ کرابوو، ناوی ئێرانی لەبری ناوە فەرانسەوییەکان داندرابوون و زۆربەی ئاخاوتنەکان بە شێعر داڕێژرابوونەوە و لە دەقی سەرەکی نێزیک بوون، ئێستاش برگەیەکی ئەم شانۆنامەیە دەخەینە بەرچاو کە ئەو کاتی وەرگێڕێکی نەناسیاو کردبوویە فارسی:

ئەگەر پاتشا بە مووی تورکێکی شیرازی
یەکسەر بێت و هەموو شیرازم بداتێ
دەڵێم میرم گەرچی شیراز تاقانەیە
گەرچی شازە و هیچ شاری دیکەی ناگاتێ
بەڵام خۆ من تورکێکی شیرازیم هەیی بەسمە
با شارەکەش بۆ تۆ بێ هەموو کاتێ[٢]

---

١- بەسەرهاتی مووسیقای ئێران، ڕووحوڵڵا خالەقی، بەشی یەکەم، ل ٣٤١ ـ ٣٤٥.
٢- مێژووی وێژەی ئێران، ئیدوارد براون، وەرگێڕانی ڕەشید یاسەمی، چاپی دووهەم، ١٣٢٩ی هەتاوی/١٩٥٠ی زایینی.

دەقی حەوت شانۆنامە کە میرزا فەتحعەلی دەربەندی بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی نووسیونی، کراون بە فارسی و سالی ۱۲۹۱ی ک/۱۸۷٤ی ز. لە تاران و لە بەرگێکدا چاپ کراون و میرزا جەعفەر قەراجەداغی پێشەکییەکی بۆ ئەم بەرهەمە نووسیوە و باسی باشی و خێروبێری هونەری شانۆی تێدا کردووە. کۆمەڵێک شانۆنامەش بە قەڵەمی میرزا مەلکەمخانی وەزیر موختاری ئێران لە لەندن بڵاوکراونەوە کە بریتین لە: بەسەرهاتی ئەشرەفخانی فەرمانڕەوای عەرەبستان لە سەردەمی مانەوەیدا لە تاران اسالی ۱۲۳۲ی ک/۱۸۱٦ی ز)؛ شێوەی حکوومەتی زەمانخانی برووجێردی لە سالی ۱۲۳٦ی کۆچیدا و نەقل و نەزیلەی چوونی شاقولیمیرزا بۆ کەربەلا و بەسەرهاتی چەند ڕۆژ مانەوەی لە کرماشان، لای شامرادمیرزای حاکمی ئەو شوێنە.[1]

ئەوەی ڕاستی بێ چونکە ئامانجی سەرەکیی شانۆنووسەکان ئەوە بوو کە ڕەخنە لە بارودۆخی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیی سەردەم و حکوومەتی ملهوڕانە بگرن، زۆریان گوێ نەداوەتە وردەکاری و خوارەکەوپێچەکە و شێوازی نووسینی شانۆنامە و واوێدەچێ کە هیچکام لەم شانۆنامانە نەکراونە شانۆ و لە ئێراندا نیشانی خەڵک نەدراون.

### مووسیقا

مامۆستای هونەرمەند ڕووحوڵڵا خالەقی لە کتێبی «بەسەرهاتی مووسیقای ئێران»دا سەبارەت بە نرخ و بایەخی مووسیقای ڕۆژگاری دەسەڵاتی قەجەران دەنووسێ:

«ڕوون و ئاشکرایە کە مووسیقای ئێمە هەتا نیوەڕاستەکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی [واتە چەقی سەدەی پازدەهەمی زایینی] بە ڕێبازێکی زانستیدا تێپەڕیوە و هەتا ئەو سەردەمە کۆمەڵێک کتێب و ئامیلکەمان سەبارەت بە مووسیقا کەوتۆتە بەردەستی کە فارابی، ئیبنی سینا، سەفییەددینی ئورمەوی[2]، قوتبەددینی شیرازی و عەبدولقادری مەراغەیی نووسیویانن، بەڵام لەوێڕا بەرەودوا نەک هەر تەنیا کتێبێک

---

۱- مێژووی ویژەی ئێران، ئێدوارد براون، وەرگێرانی ڕەشید یاسەمی، چاپی دووهەم، ۱۳۲۹ی هـ/۱۹۵۰ی زایینی.

۲- ورمێیی، خەڵکی ورمێ.و.

دەربارەی تیئۆریی مووسیقا نەنووسراوە، بەڵکوو بە باری زانستیشدا لەبەر لەبار نەبوونی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێک گریّ و کۆسپی دینی، ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە هان نەدراون و وردەوردە هونەرمەندانی ڕاستین ژاکاون و دلسارد بوونەوە و کەم کەس خۆی لە قەرەی فێربوونی مووسیقا داوە. لە ئاکامدا مووسیقای ئێمە کەوتۆتە دەست کۆمەڵێک خەڵکی نەزانی نەخوێندەوار و چاوەش و لۆتی و ئاوا نانیان لیّ خواردووە. ئەگەرچی جاروبارەش کەسانی وا پەیدا بوون کە بە تامەزرۆیی کەوتوونە شوێنی، بەڵام ئەوەندەی مێژوو نیشانی داوە، چونکە ئیسلام مووسیقای بە سووک داناوە، مۆرکی حەرامیشی پێوەنووساوە. مووسیقای ئێران لە سەردەمێکەوە بە سەر گلۆربوونەوەدا کەوت کە پادشایانی سەفەوی لەبری هەر کارێک هەر کەوتنە پێوشوێنی پتەوکردنی بناغەی سەربەخۆیی وڵات و بنەماکانی دین و مەزهەب بە لایانەوە پردی پەڕینەوە بوون بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و ڕوانگەی ئیسلام لەسەر مووسیقا پەیڕەو دەکرا. ئەم بارودۆخە مووسیقای بەرەو لاوازی برد و تەنیا مرۆڤی لێبڕاو بەدزی شوێنپێی مووسیقایان هەڵدەگرت هەتا بە کافر دانەندرێن و ئەمەش گەورەترین خەسارە کە بەرۆکی مووسیقای ئێمە و گەشە و پێشکەوتنی گرتووە.»[1]

لە سەردەمی کەریمخانی زەندەوە کە ئۆقرەیی و ئارامی و هێمنایەتی و تەسەلی بالی بە سەر کۆمەڵگا کێشا، مووسیقا لەبەر دڵەدانی ئەم پادشا ساکار و خەمخۆرەی کۆمەڵ، جارێکی دیکە کەوتەوە بەر سەرنج. بەپێی نووسینی چەند کەس لە مێژوونووسانی زەندان، کەریمخان لە جەنگەی ئاوەدانکردنەوەی شیراز و کێشانی شووورە بە دەوری شارەکەدا، دەستووری دابوو کە بۆ حەسانەوەی وەستاکاران و کرێکاران، دەستەدەستە لۆتی و چاوەش بێن و بە گۆرانی و مووسیقا ئۆخژن بخەنە دڵ و دەروونیان. خودی ئەم پادشا دڵزیندووەش بە بیستنی دەنگ و هەوای گۆرانی، بەتایبەتی بە گۆرانیی خۆڵاتییانە یەکجار کەیفی بزووتووە و مووسیقازانی بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارە ناوی «پەریخان»بووە.

هۆگربوون بە مووسیقاوە و تامەزرۆیی بۆ بیستنی دەنگ و هەوای گیانپەروەر، ڕەوتێکی سروشتییە و هیچ هۆکارێک ناتوانیّ پاکی بکاتەوە و دایشۆریّ. بەڵام

---

١- بەسەرهاتی مووسیقای ئێران، ڕووحوڵلا خالەقی، بەشی یەکەم، لاپەڕە ١٤- ١٥، چاپی ١٣٣٣ی هـ/١٩٥٤ی ز.

مووسیقاش وەکوو هەموو ئەو بەرهەمانەی کە بە چێژکە و هونەر دەستاو دەدرێنەوە، دەکەوێتە ژێر باندۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریش. لە هەر سەردەمێکدا کە ژیانی خەڵک بە سەر هێمنایەتی و تەسەلیدا کەوتووە، مووسیقاش لە جاند کەند و کۆسپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا تووشی ئاڵوگۆڕ بووە و چۆنی بۆی کرابێ لەسەر دەنگ و دیمەنێکی تایبەت خۆی نیشان داوە. وەکوو پێشتر باسمان کرد، چونکە لە سەردەمی قاجاراندا کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی مەزهەبی بوو، مووسیقاش ڕەنگ و ڕووی مەزهەبیی لێ نیشت. کەلێن و قوژبنی مووسیقای ئێرانی کەوتە بەر پشکنین و کوێی لەگەڵ بار و هەوای مەزهەبی دەهاتەوە لەگەڵ دەنگ و هەڵبەستی ئەم بوارە تێکەڵ کرا و دەورگێڕەکانی شانۆی مەزهەبی و سەردوولکەبێژانی کۆڕ و کۆبوونەوەی ماتەمگێران کە زۆربەیان دەنگخۆش بوون ئەم هەوایانەیان کردن بە باو. بەم شێوەیە کۆمەڵێک هەوا و بەند و باڵۆرەی خەموورووژێنی مەزهەبی دەماودەم و پشتاوپشت گەڕان و کوروکاڵ لە کۆڵان و شار و بازاڕان بە دەمیانەوە گرتەوە و لەسەریان ڕۆیشتن. ئاوا بوو کە لە بەرامبەر گۆرانیی گشت و شادیهێنی کۆنباوی نێو خێڵات و جەماوەری گوندەکیدا، مووسیقایەکی تازە بەدی هات کە دەکرێ بە «مووسیقای مەزهەبی» ناودێر بکرێ.

وەکوو لە سەرەوەتر باسی کرا، شانۆی مەزهەبی بە هەڵبەستی ئاهەنگین دەرەنگێندرا و کارگێڕی شانۆ چاکی لە کاری خۆی دەزانی. کاتێک ئەم شێوە شانۆیە کەوتە بەر سەرنجی ناسرەددینشا و دڵی پێوەی نووسا، وەسەر ڕەنگ و ڕووی مەزنیخوازی گەڕا و بوو بە بەشێک لە شان و شکۆی دەسەڵات. کارگێڕانی شانۆی بارگای میری کەوتنە پێداچوونەوەی دەقە کۆنەکان و زۆر بەوردی و بەپێی پێویست گۆڕانیان بە سەر هێنان. نەقارەخانەی حکوومەتی خزایە نێو شانۆوە و بۆ هەرکام لە دەورگێڕەکان هەوایەکی تایبەت وەبەرچاو گیرا. بۆ نموونە حەزرەتی هەباس(س.خ) هەوای چوارگای بۆ وەبەرچاو گیرا و هەوای عێراقی و حیجازی بۆ کەسێکی دیکە کرایە باو و زێنەب هەوای «کوبرا»ی پێ تایبەت درا. لە جەنگەی ئاخاوتنی ئاهەنگین و سەرواداری سەیدی شەهیداندا، ئەگەر سەیدی شەهیدان بە هەوای «شوور» تێرادەچوو، هەباسیش هەر لەسەر ئەم هەوایە دەڕۆیی و بۆی دەستاندەوە و وڵامی دەدایەوە.

سەردوولکەبێژی یان شینگێری ئەگەرچی لەسەر باری مەزهەبی و ماتەمگێران دەڕۆیشت، بەڵام لە پاراستنی کۆمەڵێک ئاهەنگ و هەوای نەتەوەییدا دەوری گێڕا، چونکە چریکەبێژانی دەنگخۆش چاکتر دەیانتوانی بە ناخی بینەرانی تازیەداری و ماتەمباراندا ڕۆبچن، سەرجەلەی شانۆی شینگێڕان، هەر کەس دەنگی زیاتر خۆش بووبا دەیخستە بەرەوە. ئەم گەنجانە ماوەیەک لای سەردوولکەبێژانی مامۆستا و شارەزا کە چاکیان لە مووسیقای ئێرانی دەزانی مەشقیان پێدەکرا. بەم شێوەیە قوتابخانەی ماتەمگێران کۆمەڵێک گۆرانیبێژی پێگەیاندن کە لە کاری گۆرانیبێژی و مووسیقازانیدا هەتا پلەی هونەرمەندی هەوراز چوون.

مامۆستای هونەرمەند ڕووحوڵڵا خالەقی بۆ کۆکردنەوەی ناوی دەنگبێژانی هونەرمەندی پەروەردەبووی قوتابخانەی سەردوولکەبێژی هەوڵێکی زۆری داوە و لە نووسراوە هێژاکەی خۆیدا تۆماری کردوون. یەکێک لەو هونەرمەندانە «سەید ئەحمەدخان»ە کە لە ماتەمگێراندا دەوری هەباس و «حوڕڕی یەزیدی کوڕی ڕیاحی»ی دەگێڕا و یەکەمین دەنگبێژە کە دەنگی لەسەر «سەفحە» یان هەمان دیسکی گرامافۆن تۆمار کراوە و وەکوو یادگار ماوەتەوە. قولیخانی شاهی، چونکە دەنگی ناسک بووە دەوری «زەینەب»ی گێڕاوە و چاکی «هەوای دەشتی» گوتووە و بێجگە لەمەش گۆرانیی تایبەتی کۆرانی چڕیوە و چەند بەرهەمێکی تۆمارکراوی هەر ماوە.

وەکوو ئاشکرایە مووسیقای زانستی پاش دامەزرانی دارولفنوون بە هەوڵ و هەلسووڕانی ئەمیرکەبیر بەرەبەرە پەرەی گرتووە و مامۆستایانی دامەزرێندراوی ئوورووپایی توانیویانە دەوری خۆیان بگێڕن و دەستەی مووسیقای سپا جێی نەقارەخانەی دەوڵەتی گرتۆتەوە. ماوەیەک دواتر چەند وانەیەکی مووسیقی کە شارەزایانی ئوورووپایی لە دارولفنوون دەیانگوتەوە، بە دوو زمانی فەرانسە و فارسی کرانە کتێب و لە چاپخانەی دارولفنوون چاپ کران و خرانە بەردەستی قوتابییانی بواری مووسیقا. تیپی مووسیقای دارلفنوون کەوتنە سەر باری فێربوونی ئەو ئامێرانەی کە فوویان پێدادەکرا و لە سپادا باو بوون. پاش تێپەڕبوونی سالی ١٨٨٦/١٣٠٤ی ز. لە جەنگەی ڕێوڕەسمی تایبەتدا تیپی مووسیقا لەبری نەقارەخانە کاری دەکرد و ئەو هەوایەی لێدەدا کە «لوومێر»ی مامۆستا و ڕاهێنەری مووسیقای دارولفنوون سازی کردبوو. ئەم هەوایە هەتا

برانەوەی دەسەڵاتی محەممەدعەلیشای قاجار (۱۹۰۹ی ز) هەر لێدەدرا و پاش سەرکەوتنی خەباتکەرانی مەشرووتە بە سەر محەممەدعەلیشادا و کرانەوەی سەرلەنوێی «مەجلیسی شوورای میللی» لە زەمانی ئەحمەدشای قاجاردا گۆڕا.

سازکرانی هەوای تازە بۆ ئامێرە ژێدارەکان و پیانۆ و ئامێری دیکەی لەم چەشنە، دوای گەڕانەوەی ناسرەددینشا لە سەفەری سێجارەی بۆ ئورووپا دەستی پێکرد کە دەبێتە قۆناخی بنەبانی حکوومەتی ئەم فەرمانڕەوایە. لەم کاتەدا کەسێکی فەرانسەوی بە ناوی «دووال» کە ویۆلۆنی لێدەدا و وەکوو کارمەند لای دەولەتی ئێران دامەزرابوو، کۆڕێکی مووسیقای پێکهێنا کە ئامێری ژێداریان دەژەنی، بەڵام دوو ساڵ دواتر بارگەی پێچایەوە و بەرەو نیشتمانی گەڕایەوە و هەمیسان کارەکە کەوتەوە ئەستۆی «لوومێر». ئەم مامۆستایە لە رۆژگاری حکوومەتی موزەففەرەددینشادا چەند هەوایەکی ئێرانیی بۆ ئامێری «پیانۆ» نووسی کە لە پاریس چاپ کرا. ئەم «نۆت»انە لەسەر هەوای «چوارگا»، «هومایوون»، «ماهوور» و چەندین تەسنیف[1] و شێوەن.

مووسیقازانانی سەردەمی قاجار بریتین لە «چالانچیخان»ی[2] هاوسەردەمی فەتحعەلیشا و یایوەستا[3] زوهرە و مینا کە لە سەردەمی محەممەدشادا ژیاون، هەروەها فەتحوللامیرزا شوعاعوسسەڵتەنە و فیرووزمیرزا نوسرەتوددەولە کە کەمانچەیان لێداوە و عەبدولعەلی موعتەمیدوددەولە کە تاری ژەنیوە. لە کتێبی «بەسەرهاتی مووسیقای ئێران»دا، لە رووی «مێژووی عەزودی»را بابەتێک سەبارەت بە زوهرە و مینا نووسراوە کە کورتە و پوختەی ئاوایە:

«یایوەستا مینا ژنی مستەفا خانعەموو و قوتابیی«مێهرابە ئەرمەنی»ی ئیسفەهانی بووە و یایوەستا زوهرە هاوسەری جەعفەرقولی خانعەموو بۆتە قوتابیی «رۆستەمە جوو»ی شیرازی. هەرکام لەم دووانە لە زانستی مووسیقیدا

۱- تەسنیف: دەستە شێعرێک کە بۆ گۆرانی دەهۆندرێتەوە یان شێعری پێشوون و دەکرێتە گۆرانی. چەشنێک هەوا یا ئاواز کە لە گۆشەی هەوا کۆنەکان وەردەگیرێن و بە ئاهەنگی سەنگین دەگوترێن.و.

۲- ئەمە ناسناوێکە و بە تورکی دەبێتە ژەنیار.

۳- هەرچەند «مام + وەستا» لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆ نێر و مێ بۆتە باو، بەڵام بەراستی مامۆوەستا (مامۆستا) بۆ ئافرەت نابەجێیە. من «یایوەستا»م داناوە کە نائاوە و پێشنیارێکە و دەیکەم. «یای» بە واتای خانم و خاتوونە لە زمانی کوردیدا.و.

بێهاوتا بوون و مێهراب و ڕۆستەمی مامۆستایان لەم بوارەدا وەک کەسانێکی ناوبەدەرەوە ناسراون و بە مامۆستای حەمەڕەزا و ڕەجەبعەلیخان و چالانچیخانی هونەرمەندی ئەو سەردەمە داندراون. دەورگێڕەکان کە بەپێی ژمارە لە پەنجا کەسێک تێدەپەڕین، ئەسپاردەی دەستی یایوەستایان مینا و زوهرە کرابوون و لە ڕاستیدا کرابوونە دوو دەستە و فێری تار، سێتار، کەمانچە، سەنتوور و تەپڵ دەکران و لەگەڵ گۆرانیبێژان و سەماکەرانی دوو یالەکە ڕادەهاتن. دانی بەیانی ئاغاحەمەڕەزا و ڕەجەبعەلیخان و چالانچیخان دەچوونە فێرگە. خواجەکان دادەنیشتن و قوتابییەکان ماوەیەک لای مامۆستای پیاوانە مەشقیان دەکرد. یایوەستایان مینا و زوهرە دوای ئەوەی دەگەڕانەوە ماڵەوە، هەرکام مەشق و ڕاهێنانی دەستەی خۆیان دەست پێدەکرد.»

ئەوەی ڕاستی بێ چونکە ناسرەددینشا پادشایەکی خۆشڕابوێر و دڵتەڕ بوو، لە سەردەمی دەسەڵاتی درێژخایەنیدا، بازاڕی گۆرانیبێژان و مووسیقازانانی بارگای میری چاکی برەو پەیدا کردبوو. ڕەنگە هەر بەم ڕێژەیەش لۆتی و چاوەشی ماڵانگەڕی بەزم و شایی و داوەتانیش ژمارەیان پێهەڵچووبێ کە زۆربەیان جوولەکە بوون. بەم شێوەیە مووسیقای شادیهێن و بنبزێو لە بەرامبەر مووسیقای مەزهەبیدا ڕاست بۆتەوە و کارپێکرانی ساز و ئامێری ئێرانی پەرەی گرتووە. بەدەر لە جەغزی ئەم دەستە و تیپە لۆتی و چاوەشانە کە زیاتر لە کۆڕ و کۆبوونەوەی شادی و ڕابواردنی بارگانشیناندا بەشدار دەبوون و دەچوونە شایی و دیلان و خەتەنەسوورانی زەنگینان و دەکەوتنە هونەرنوێنی، کەسانێکی خۆشچێژکە و تامەزرۆش هەبوون کە هەر بۆ دڵی خۆیان فێری لێدانی تار و کەمانچە و سەنتوور و سێتار دەبوون. بەڵام هەرگیز ئەم هونەرەیان نەدەکردە ڕێی بەڕێچوون. وەکوو دیارە هەر ئەم کەسانە توانیویانە مووسیقای ڕەسەنی ئێرانی بپارێزن و کۆمەڵێک قوتابیی وەرزاو و شارەزا لەم بوارەدا ڕابێنن و بیانپەروەرێنن.

**تەسنیف [شێعری گۆرانی]**

ئەبولقاسم عارفی قەزوینی شاعیری نیشتمانیی ئێران لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەدا سەبارەت بە تەسنیف دەنووسێ:

«نەک هەر تەنیا من لە یادم ناچێتەوە، بەڵکوو هاوسەردەمانی شۆڕشیش هەرگیز لە بیریان ناچێتەوە ئەودەمەی کەوا من دەستم کرد بە دانانی شێعری گۆرانی و سروودی نیشتمانی، خەڵک لایان وابوو کە تەسنیف (قام یا گۆرانی) هەر دەبێ بۆ [جندەکانی][1] بارگای میری یا «بەبری‌خانی» پشیلەی شای شەهید دابندرێ کە دەیانگوت: پشەم هاوریشمی چاکە/ دەچێتە سەر کولاوکە/ سەروپێیەکی دیتێ/ کلک رادەوەشێنێ/ پێی مەکەن پشی‌پشی/ پێی‌ناخۆش دەبێ پشی! یان گۆرانییەکی دیکەیان ساز کردبوو کە گوناهبارێک رووی دەکردە گوناهبارێکی دیکە: شازادە زیللوسسولتانم/ سۆمای چاوی ئێرانم/ باوکەشا کوا تاوانم؟! لێرەدا وێژەر لە یەکێکی لە خۆی گوناهبارتری دەپرسی کوا گوناهم یان چی بوو تاوانم...؟ هەروەها قام یان گۆرانیی ئاسایی دیکەیان دادەنا:

لەیلایان بردە چالی سێلاوێ/ خالی بۆی هێنا هەرمێیی گولاوێ/ لەیلا زۆر جوانە، زۆر خان‌ومانە/ هەی لەیلا لەیلا، لەیلای سوورەگوڵ»[2]

مامۆستا رووحوڵلا خالەقی پاش گێڕانەوەی بەشێک لە نووسینەکانی عارفی قەزوینی دەربارەی شێعری تایبەتی گۆرانی (تەسنیف) دەنووسێ:

«ئەگەرچی قەڵەمی عارف توندوتیژ و بێباکە و خۆی لە هێنانەوە و گێڕانەوەی وشە سووک و دزێوەکانی ئەم گۆرانی و قامانەش نەپاراستووە کە من هەڵمپاچین، بەڵام مەبەستی عارف ئەمە بووە کە بڵێ گۆرانییەکانی ئەو سەردەمە بە باری شێعری‌دا یەکجار چرووک و لاواز بوون کە خۆی ئاوێنەی بالانوێنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو رۆژگارەیە؛ بەڵام ئەوەی راستی بێ منی نووسەر لام وایە عارف بۆیە وای نووسیوە هەتا نرخ و بایەخی کارەکەی خۆی پتر هەوراز بەرێ، کەچی پێش عارفیش گەلێک شێعر و هەوای خۆش کرابوونە گۆرانی کە هێندەش لەرزۆک و لاپرەسەنی و پووچەکە نین. من لام وایە عارف ویستوویەتی ئاوا خۆی بە تاقەسوارەی مەیدان و باڵادەستی هەمووان دابنێ، کەچی شتەکە وا نییە.»

---

١- لە خودی دەقەکەدا خرابوویە نێو قولاپەوە و دەبێ لێی زیاد کرابێ.و.

٢- بەسەرهاتی مووسیقای ئێران، رووحوڵلا خالەقی.

پاشان مامۆستا ڕووحوڵڵا خالەقی چەند شێعرێکی تایبەتی گۆرانیی خستۆتەڕوو کە هەرکام لەسەر کێش و هەوایەک ڕۆیشتووە و ئەمەش نموونەیەک کە لە مایەی ئیسفەهاندایە و لەسەر کێشی «سێ زەربە»ی قورسە:

یارم لە لامە ئەمشەو، جوانەی کەژاڵی
خـوایـە کلیلـی بـەیان بـاوێتـە چاڵی
ئەمشەو مانگەشەو خۆشە، من حەبیبی خۆم دەوێ
حـەبیبـم گـەر خـەتـووە، من تـەبیبـی خـۆم دەوێ
خــەوتــووە و بێـداری کـەنـو
مەست بووە و هوشیاری کەنۆ
بێـژن فـلانـی هـاتـووە
ئەو یاری گیانی هاتووە
هاتـــووە حاڵت بپرسێ
لە دانەی خاڵت بپرسێ
جا ئەو کاتە بڕواتـەوە
دڵنیا بێ و بـاداتـــەوە
ئەمشەو مانگەشەو خۆشە، مـن حەبیبی خـۆم دەوێ
حـەبیبم گـەر خـەتووە، مـن تـەبیبـی خـۆم دەوێ[1]

بـە لای منـەوە ڕەخنـەگرتنی مامۆسـتا ڕووحـوڵڵا خالـەقی لەسـەر نووسـینەکەی عارف یەکجار پڕ بە پێست و ڕاست و بەجێیە، چونکە ئەگەر لـە گۆشـە و کەنار و ناوچـە و هەرێمـەکانی ئێران دەڕوانی تووشـی گـەلێک گـۆرانیی خـۆش و دڵبزوێن دەبی لە نێو جەماوەری گوندەکی و چیانشیندا کە هەبوون و ماون و نەفەوتاون؛ بەڵام نابێ لێمان تێکبچێ و دەبێ بزانین کە بەڕاستی عارفی قەزوێنی گەورەترین شـاعیری نیشـتمانییە لـە گەرمـەی شۆڕشـی مـەشرووتەدا. ئـەم شـاعیرە گـەلێک گۆرانی و سروودی نیشتمانیی هۆندوونەوە و کاتێک دێتە سەر باسی تەسنیف واتە شـێعری تایبـەتی گـۆرانی، بۆیـە وا تونـدە و دەپرێشـکێنێ. چونکـە بەڕاسـتی لـە

١- بەسەرهاتی مووسیقای ئێران، ڕووحوڵڵا خالەقی.

داموودەزگای حکوومەتی قاجاران توورەیە. کاتێک دەبینێ قافڵەی ژیان کەوتۆتە دەستی قاجاران، ئەویش راست ئەو هەڵبەستە دژێو و سووکانەی تایبەتی چین و توێژی چەپەڵکاری بارگای میر و لەم شێوەیەن بە نموونە دێنێتەوە و خۆ لە چریکە و سترانی خۆش و گەرموگوری باوی جەماوەری گوندەکی و خێڵات و شارنشینان لادەدا.

ئیدوارد براون سەبارەت بەو گۆرانی و وردەقامانەی کە لە نێو خەڵکدا باو بوون دەنووسێ:

«بەهەڵکەوت خاوەنی ئەم گۆرانییانە دەناسرێنەوە و زۆر کەم لە شوێنێک تۆماریان دەکەن. هاورێی خودالێخۆشبووم جۆرج گراهام کاتێک ساڵی ١٩٠٥ لە شیراز کۆنسوول بوو، لە رووی ئەوپەری خۆشەویستی‌را دەستووری دا هەتا چل گۆرانی و وردقامی باو کە لە شیراز، ئیسفەهان، رەشت، تەورێز و جێگای دیکەش دەگوتران و دەماودەم دەگەران، هەڵیژێرن و بۆمی بنووسنەوە... زۆربەی ئەم گۆرانی و وردەقامانە هەڵبەستی ئەوپەڕدارین و جاری وایە شێعری حافز و شاعیرانی پایەبەرزی دیکەشیان تێکەڵ کراوە.»[1]

**

لێرەدا ئەم بەشە بە تۆمار کردنی بەشێک لە چەکامە نیشتمانییەکەی حاجی محەممەدئیسماعیلی مونیری مازندەرانی دادەکووژێنم کە لە کتێبی «مێژووی مەشرووتەی ئێران»دا بە قەڵەمی سەید ئەحمەد کەسرەوی تۆمار کراوە:[2]

دوژمن هات و وڵاتی هەموو لێ تەنین
خزمینە شەرمی پێدەوێ، بۆچی چ نین؟
بیخەنەوە بیری خۆتان باب و کاڵان
ئەوانەی بە مەزنی ژیان و هەر دەژین
ئێوە کە بوونە مریدی قومار و شەراب
پیر و لاوتان بە دەردی خۆتان پێکەنین

١- مێژووی ویژەی ئێران، ئیدوارد براون، وەرگێرانی رەشید یاسەمی، چاپی دووهەم، ل ١٦٩.

٢- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، چاپی سێهەم، ل ٤٧.

سەریان نەوی دەکرد لەبەر ئێوە بێگانە
ئێستا شاهـ و وەزیرتان بویان سەرنەوین

کەسرەی باسی شاعیرێکی دیکە دەکا بە ناوی میرزا حەسەنخانی بەدیع، کە دانیشتووی خووزستان و بەسرە بووە و ئەم بەیتەی لە چەکامەیەکی نیشتمانیی ئەم شاعیرە وەرگرتووە و تۆماری کردووە:

بۆچی نافکری لە حاڵی شڕودڕی نیشتمان؟
بۆچی گوێ نادەیە ناڵەی بەگوڕی نیشتمان؟

***

بنکەی ژین

بنکەی ژین

## بەشی ١٧

# شۆڕشێکی ئارام و گۆڕانی سیستمی سیاسی

«سپاس بۆ خودا کە ئەو ئاواتەی چەندین ساڵ بوو بە هیوای بووین، ئەمڕۆکە بە پشتیوانیی یەزدانی مەزن وەدی هاتووە و بەسەرکردنەوەی پەروەردگار هەڵی وەکردەوەگەڕانی ئامانجە بەرزەکانی بۆ ڕەخساندووین. بەڕاستی ئەمڕۆ کە بۆتە ڕۆژی کرانەوەی پارلمانی نیشتمانی، ڕۆژێکی پیرۆزە. ئەم پارلمانە سەرلەبەری رایەڵویۆی کاروباری حکوومەتی و نیشتمانی پێکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و گەل قایم و پتەو دەکا. پارلمانێک کە سەمبولی بیروڕای گشتی و باس و ڕاوێژی خەڵکی وڵاتە... .»

بەشێک لە وتاری موزەففەرەددین‌شا لە جەنگەی کرانەوەی پارلمانی نیشتمانی‌دا

### گرینگایەتی و بایەخی شۆڕش

زەمانێک بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی لە نێو بەشێکی رووناکبیرانی هەموو چین و توێژەکانی ئێرانی‌دا سەری هەڵدا کە لە سەرتاسەری کیشوەری پان و بەرینی ئاسیادا بێجگە لە ژاپۆن، لە هەموو شوێنێک حکوومەتی بەزەبروزەنگی سەرەڕۆی پاوانی تاکەکەسی باڵی ئەنگاوتبوو. هەروەها بەشێک لەم خاکە بەربڵاوە یان خرابوونە سەر قەڵەمڕەوی وڵاتانی زۆرداری ئورووپایی یان کەوتبوونە ریزی ژێرچەپۆکان و بەکۆیلەبراوان. بریتانیای گەورە توانیبووی بە باری ئابووریی پەبرشت و جێی سەرسوڕمانی‌دا ریشاژۆ بکاتە نێو سەرمایەی سروشتی و مرۆیی لە دورگەوالەی هیند و بورما و بەشێک لە دورگەوالەی عەرەبستان و دورگەکانی

ئوقیانووسییە و بەشێک لە کەناراوەکانی چین و دورگەوالەی «مالاکا». هاوکات فەرانسە و هولەند لە ئاسیای باشووری خۆرهەڵاتی توانیبوویان کە سوار بن بە سەر سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکانی ئەو ناوچانەدا و رووسیای قەیسەریش ئیمپراتۆرییەکی بەربڵاوی لە چیاکانی ئاراڵەوە هەتا لێواری مەزنەدەریای ئارام و لە سنوورەکانی ئێران و چینەوە تاکوو مەزنەدەریای بەستەڵەکی باکووری دامەزراندبوو.

لە سەرەتای سەدەی چاردەهەمی کۆچیی مانگیدا کە دەبێتە دوایین ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی، لە ئاسیای خۆرنشین واتە خۆرهەڵاتی نێوەراست تەنیا دوو وڵاتی سەربەخۆ هەبوون. ئەم دوو وڵاتە یانی ئێران و عوسمانی، بە دوو شێوەی جیاواز ببوونە مەیدانی تراتێن و ملانەی توندوتیژی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی ئورووپایی و لە هەردک وڵاتەکەدا حکوومەتێکی ملهورانە دوولینگەی بە سەر ملی خەڵکدا هێنابوو. وەکوو ئاشکرایە ئیمپراتۆریی عوسمانی کرابوویە مەیدانی رقبەرقە و کێشمەکێشی سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی رووسیا، ئینگلیس، فەرانسە و ئوتریش (نەمسا)؛ کەچی ئێران بە تانوپۆی پیلان و دەهۆی دوو وڵاتی دراوسێی زۆرداری خۆی واتە رووسیا و ئینگلیس تەندرابوو. لەم کاتەدا وڵاتی «چین»یش دەستێکی دەگەیاندە ئێران. وادیار بوو کە چارەنووسی ئەم دوو وڵاتە مسوڵمانە بە زۆر باراندا وەکوو یەکتر دەچوو؛ یانی کۆمەڵێک جووڵانەوەی هزری و ئازادیخوازی و مەشرووتەخوازی لەم دوو وڵاتەدا هاوکات سەریان هەڵدا و سیستمی حکوومەتی پارلمانی لە ئێراندا چەند مانگێک زووتر لە وڵاتی عوسمانی بناغەی دارێژرا. وەکوو دیارە دامەزرانی حکوومەتی پارلمانی لە ژاپۆن بەبێ قەومانی شۆرش و تەنیا بە ویستی خودی ئیمپراتۆر رووی داوە. کەوایە دەکرێ بڵێین گەلی ئێران یەکەمین گەلە لە ئاسیادا کە لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادیی سیاسی و لابردنی حکوومەتی سەرەڕۆی تاکەکەسیدا سەرکەوتووە.[1]

---

١- مووتسوو هیتۆ (١٨٦٧ ـ ١٩١٢)، ئیمپراتۆری نوێخوازی ژاپۆن کە بە شوێن رچە و رێبازی شارستانییەتی تازەی ئورووپادا هەنگاوی دەنا. ساڵی ١٨٨٩، پاش سەرکەوتنی بە سەر دەرەبەگان و کۆنەپەرستانی وڵاتەکەیدا، فەرمانی دامەزرانی پارلمانی دەرکرد و لەو زەمانەوە ژاپۆن بوو بە خاوەنی حکوومەتی پارلمانی. وەکوو دەبینن مەودای نێوان شۆرشی سپیی ژاپۆن و شۆرشی ئارام و گۆرانی سیستمی سیاسیی ئێران تەنیا چەقدە ساڵێکە.

# I

# چۆن بوو شۆڕش قەوما؟

## بەرهەمەکانی نووسەرانی نێوخۆ

شیکردنەوە و لێکدانەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکان و ریشەی شۆرشی سیاسیی ئێران بۆ کەسێکی کە بیهەوێ تەنیا پشت بە نووسین و سەرچاوەکانی ئەم قۆناخەی مێژووی ئێران ببەستێ، کارێکی ئاستەم نییە. چونکە لە نووسراوە و کتێبەکان‌دا کەم‌وزۆر بە یەکچەشن باسی ڕووداوەکانی پێش شۆرش دەکەن. نووسەران زنجیرەیەک ڕووداو و هۆکاری جۆراوجۆر بە بزوێنەری شۆرش دادەنێن و منی نووسەر بەرلەوەی کە بکەومە سەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هۆکارەکانی شۆرش، کورتە و پوختەی بەشێک لە نووسینەکانی نووسەرانی نێوخۆ و دەرەکی دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی هێژا کە هەر ئێستا بە دەستەوەن.

نازمولئیسلامی کرمانی لە کتێبی «مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان»دا کە دەبێ وەکوو یەکەمین بەرهەمی ڕێکوپێکی سەبارەت بە هەڵکەوت و ڕووداوەکانی شۆرشی [مەشرووتەی] ئێران دابندرێ، ئەگەرچی کۆمەڵەی ڕووداوەکانی وەکوو ریشە و هۆکاری شۆرش نەخستوونە بەرباس، بەڵام بە شێوەیەک دابەشی کردوون و ڕێکیخستوون و زنجیرەی قەوماني ڕووداوەکانی بەپێی ڕیزبەندیی زەمان وا تێکخستوونەوە، کە وادیارە مەبەستی ئەوە بوو تا ریشەی ڕاپەرینەکە بەرێتەوە سەر ڕۆژگاری حکوومەتی ناسرەددین‌شا. نووسەر وای نیشان داوە کە برانەوەی پاوانی توتن بۆ کایرایەکی بێگانە، خەڵکی توورە کردووە و بە گژ فەرمانەکەی‌دا کردوون و ئەم هەڵوێستە بە یەکەمین دیاردەی لەخەورابوونی جەماوەر دەزانێ. لەم کتێبەدا باسی چەند کەسێک کراوە کە بوونە هۆی چاووگوێ‌کرانەوەی جەماوەر و یەکێکیان سەید جەمالەددین ئەسەدئابادییە کە بە نووسین و بە دانی وتار لە سەردەمی ناسرەددین‌شادا شوێنی لەسەر ڕووناکبیرانی چینی ناوەندیی کۆمەڵگا دانا کە بریتین لە شێخ ئەحمەدی ڕووحی کرمانی، میرزا ئاقاخانی کرمانی، حەسەن‌خانی خەبیرولملک و چەند کەسێکی دیکەش. هەروەها میرزا مەلکەم‌خان ئەندامی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و نوێنەری سیاسیی ئێران لە فەرانسە و ئیتالیا و نووسەری ڕۆژنامەی «قانوون» و میرزا عەلی‌خانی

ئەمینوددەولە کە یەکێک لە پیاوە سیاسییەکانی سەردەمی ناسرەددینشا بوو، لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە دەخاتە ئەم ریزەوە.

«ئێوارەی شەشەم رۆژی مانگی سەفەری ١٣١٤ [١٨٩٦ی ز] لە باخی باکوور[١] محەممەدعەلیمیرزای جێنشینی پادشا لەگەڵ میرغەزەب هاتە سەر سەرین و سۆراغیان و لەرێوە بە پرسیاران هەڵیپێچان و هەرچی لێی پرسین زۆر بە رووراستی و بەراشکاوی وڵامیان داوە. سەرەنجام بە سەر وەرەزیدا کەوت و دەستی کرد بە قسەی تاڵ و بێتام و گوتی ئێوە «بابی»ن و پادشای شەهید[٢] خوێنی بە دەستی ئێوە رژاوە. جا چونکە شێخ ئەحمەد[٣] پیاوێکی توندەتەبیات و توورە بوو، بە دەمیدا هاتەوە و گەلێک قسەی سووکی نایە پارسەنگی و هێندەی تیرە لێ توند کرد کە نۆکەرەکانی [شازادە] بە خۆیاندا شکانەوە و لە پشتەسەری رەوینەوە. پاشان خودی حاجی شێخ ئەحمەد هەرای لە میرغەزەب کرد و گوتی وەرە لە پێشدا من بکووژە با گیانم ئاسوودە بێ. هەر کە میرغەزەب بۆ لای شێخ چوو، میرزا ئاقاخان بوو بە دەستەوداوێنی میرغەزەب و سوێندی دا کە لە پێش من بکووژە. میرغەزەب بایدایەوە سەر میرزا ئاقاخان. بەڵام خێرایەکی حاجی میرزا حەسەنخانی خەبیرولمولک وەدەنگ هات و هاواری کرد بۆ خاتری خودا لە پێشدا من بکووژە. میرغەزەب ماوەیەک لە نێوانیاندا تاسا و ئاخرییەکەی وەخۆ هاتەوە و سەرەتا حاجی شێخ ئەحمەدی رووحی و پاشان میرزا ئاقاخان و دواتر میرزا حەسەنخانی کوشت. بەپێی فەرمانی ئەمینوسسولتان پێستی سەریان گروون و پریان کردن لە ئارد و بەرێیان کردن بۆ تاران بۆ لای ئەمینوسسولتان.»

نازمولئیسلام باسی میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر و هەنگاوەکانی کردووە لەپێناو چاکسازیی کاروباری دارایی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا و لە بەرایی ژیاننامەی ئەمیرکەبیردا دەنووسێ:

«ئەگەرچی ئێمە لەم بەرهەمە دیرۆکییەی خۆماندا،ساڵی لەخەورابوون و راپەڕینی ئێرانییەکانمان بردۆتەوە ساڵی ١٣٢٢ [١٩٠٤ی ز]، یانی ئەو کاتەمان بە شارە و سەرەتا داناوە، بەڵام ئەگەر بێتوو هێندێک هۆشمان جەم کەینەوە و

---

١- باکووری تەورێز

٢- ناسرەددینشا

٣- شێخ ئەحمەدی رووحی

بەوردی و بەوێژدانەوە لە مێژووی پێشووتان بڕوانین. لەڕێوە بە چاکی بزمان دەردەکەوێ کە ساڵی ١٢٦٥ [١٨٤٨ی ز] دەرووبەکی ڕووناکە و دەبێ بە سەرەتای بەرچاوڕوونبوونی ئێرانییەکان دابندرێ و ئەم بۆچوونەش ڕەوتی ڕووداوەکان دەیسەلمێنێ و وەکوو ئاشکرایە ڕچەشکێنی ئەم ڕێگایەی کە بەرەو ژیارمەندی دەڕۆیی تەنیاوتەنیا خوداڵێخۆشبوو میرزا تەقیخانی ئەمیرنیزام[1] بوو.»

نووسەری «مێژووی لەخەوڕابوونی ئێرانییەکان» تیشکی خستۆتە سەر دەوری مەلایان و خوتبەدەرانی دینی و ڕۆژنامەنووسان لە بزووتنەوەی هزری و هوشیاربوونەوەی خەڵکدا و بەگشتی باسی کۆمەڵێک هۆکاری فرەچەشنی لە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەدا تێوەداون و بژاردوونی.

سەید ئەحمەد کەسرەوی، نووسەری کتێبی «مێژووی مەشرووتەی ئێران»، کە چاپی یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٩ی ک/١٩٤٠ی ز. بەشێکی تایبەت داوە بە وریابوونەوە و لەخەوڕابوونی ئێرانییەکان و پرسیویەتی چۆن بوو کە ئێرانی وریابوونە و پاشان خۆشی وڵامی داوەتەوە. کەسرەوی لەو بەشەدا پێیوایە شکانی پەیتاپەیتای ئێران لە ئاست ڕووس و ئینگلیس و ملانەی سیاسیی ئەو دوو دەوڵەتە لە ئێراندا بوونە سەرەتای بەرچاوڕوونبوونەوەی خەڵک و لە درێژەدا بە ڕیز باسی کار و هەنگاوەکانی حاجی میرزا حوسێنخانی سپاسالار (موشیرودەولە)، سەید جەمالەددین ئەسەدئابادی و میرزا مەلکەمخانی کردووە کە لەپێناو چاکسازیدا دەوریان گێڕاوە. ئەویش هەر وەکوو ناژمولئیسلامی کرمانی، درانی پاوانی تووتن و تەمباکۆ لە لایەن ناسرەددینشاوە [بە پیاوێکی بێگانە] دەکاتە هۆی هارووژان و دژکردەوەی خەڵک و حەرامکرانی تووتن و تەمباکۆ [واتە بە حەرام دانانی کێشانی سیغار و قلیان] لە لایەن مەلایانەوە بە دەنگی زەنگی وەخەبەرهاتنی کۆمەڵ دەزانێ و سەبارەت بەم مەبەستە ئاوای نووسیوە:

«درانی ئەم پاوانە زۆر بە زەرەری ئێران شکابۆوە، چونکە فرۆشی تەواوی تووتن و تەماکۆی ئێران لە دەر و ژووری وڵات دەدرایە دەست کابرایەکی ئینگلیسی. ئەویش بۆ کڕینی پاوانێکی ئاوا دەبوو هەموو ساڵێک بڕی پازدەهەزار لیرە بدا بە دەوڵەت و لە قازانجی تایبەت چواریەکی بەشی حکوومەت بێ. بەڵام لە وڵاتی عوسمانی کە تووتن و تەماکۆی لە ئێران کەمترە، فرۆشەکەی لە نێوخۆی

١- مەبەست ئەمیرکەبیرە کە «ئەمیرنیزام» واتە وەزیری بەرگری بوو.

وڵاتدا تەنیا درابوویە شەریکەیەک و ئەویش دەبوو هەموو ساڵێک بڕی حەوسەدهەزار لیرە بدا بە دەوڵەتی عوسمانی و لە بەشە قازانجی تایبەت پێنج‌یەکی بۆ حکوومەت بنێرێتەوە. جا بزانن جیاوازی نێوانیان چەندەیە!»

«خەڵک ئەم حیساباتەیان نەدەزانی. بەڵام هەر لەوە تۆقیبوون کە بێگانە پێیان بۆ نێو وڵات دەکرایەوە. پاشان ئەوەش قورسایی لەسەر شانی دەکردن کە ئەو تووتن و تەماکۆیەی بۆخۆیان بەرهەمیان دێنا بە نرخێکی کەم بە کابرایەکی غەوارەی بفرۆشن و دواتر بە نرخێکی گران بیکڕنەوە.»

ئەوسا کەسرەوی دەچێتە سەر باسی دەوری قوتابخانەکان و ڕۆژنامەکان کە چۆن لە وریاکردنەوەی خەڵکدا دەوریان گێڕاوە و پەسنی ڕۆژنامەی «ئەختەر»ی چاپی ئیستانبووڵی داوە و بە غیرەت و شەرەفی نووسەرەکانی هەڵداوە. کار و خزمەتە کولتوورییەکانی «حاجی میرزا حەسەنی ڕەشیدییە»ی خستۆتە بەرباس کە چۆن قوتابخانەی بە دابی تازە دامەزراندووە و شێوازی نوێی فێرکردنی ئەلفوبێی لەساڵی ١٣٠٥ی ک/١٨٨٧ی زایینی‌دا کردۆتە باو. دواتر سەبارەت بە ئەمینوددەولە دواوە و بە چاکە باسی ئەم پیاوە سیاسییەی کردووە و وتوووێژێکی نێوان موزەففەرەددین‌شا و میرزا عەلی‌خانی ئەمینوددەولەی سەرۆک‌وەزیری گێڕاوەتەوە کە لە سەرەتاکانی حکوومەتی موزەففەرەددین‌شادا ڕووی داوە و وەختی خۆی ڕۆژنامەی «حەبلولمەتین»ی چاپی هیندووستان بڵاوی کردۆتەوە.[1] کەسرەوی سەبارەت بەم وتوووێژە نووسیویەتی:

---

١- گوفتوگۆی موزەففەرەددین‌شا و ئەمینوددەولە کە ئەحمەد کەسرەوی دەقاودەق لە ڕۆژنامەی «حەبلولمەتین»ی وەرگرتووە:

«شا ڕووی تێدەکا و پێی دەڵێ: پادشایەتیی ئێران بەگوێرەی شان و پایە و پێگەی و لەچاو سەردەمی خۆی زۆر وەدوا کەوتووە. دەبێ بە هەوڵ و تێکۆشانێکی شێلگیر بگەینەوە سەر وڵاتانی دەر و دراوسێ، هەر بۆیە خۆ گنخاندن و ساوەساو لە ڕەوتی چاکسازی‌دا بەراستی نابەجێیە. هەتا زووتر خومان بدەینە کاری چاکسازی درەنگە. دەبێ بە سواری ئەسپی خۆشاژۆ تێپەڕین و بگەینە هەوارگەی گەلان. جەنابی ئەمینوددەولە ئێمە خۆمان دەزانین کە ئێوە لەبەر دەسەڵاتی بێ‌بەرگیرەوەی ئێمە شلەتان بە ڕەوتی چاکسازی داوە. ئێمە خۆمان ئەم مەبەستەمان زۆر چاک لێ ڕوون بۆتەوە و ئەگەر پێمان‌خۆش نەبوویا دەسەڵاتمان سنووردار بێ، قەت داوایەکی ئاوامان لە ئێوە نەدەکرد. برۆ لەسەر فەرمانی من زۆر چاک دڵنیا بە و بە خۆراگری و وردبەرزی قۆڵی لێ هەڵماڵە و لە←

«خۆ لە ڕاوێژی قسەکانەوە وا دەردەکەوێ کە ئەم دیدار و وتووێژە ـ وەک حەبلولمەتین نووسیویەتی ـ ناگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حکومەتی پادشا و لێرەدا دوو شت زۆر جێگای سەرسوڕمانە؛ یەکەم: وەختایەک پادشا ئاوا تینوو و تامەزرۆیە هەتا یاسا لێک و لووس بکرێ و کاروبار بکەونە سەر سکەی خۆیان، ئەمینوددەولە بۆچی ساوەساوی کردووە؟ دووهەم: پادشای ئاوای تامەزۆر چۆن ئەمینوددەولەی لابردووە و سەرلەنوێ ئەمینوسسولتانی هێناوەتەوە سەر کار و لە جێی ئەوی داناوە؟ ئاشکرایە کە چەند دەستێکی بەهێز دەوریان گێڕاوە و لە ڕاستیدا دراوسێی باکووری کەوتۆتە هەوڵ و هەڵسووڕان و بۆ ئەوەی لە کاروباری ئێراندا دەور و دەستی هەبێ زۆر چاک تێکۆشاوە. هەرچی بووبێ، ئەمینوددەولە سەرەڕای پیاوچاک بوونی، دیارە کە بێجەرگی و بێتوانایی بڕستی لێ بڕیوە، دەنا وەختایەک پادشا ئاوا هاودەنگ و تامەزرۆ بووە، ئەویش دەیتوانی بە سەر تەنگەژەکاندا زاڵ بێ.»[1]

---

ڕەوتی چاکسازیدا هەرچی پێویستە بیکە، با لەگەڵ دەسەلاتی بێبەرگیرەوەی ئیمەش یەکتر نەگرێتەوە؛ خێراکە و چێ بە لەسەر کاران. لەوەی بەولاوە هیچ بیانوویەک قبووڵ ناکرێ. دەقی کاروباری چاکسازی بە ڕێکوپێکی بێنن بۆ لامان و واژۆی دەکەین.»

«ئەمینوددەولە وڵام دەداتەوە: قوربان، ئاوات و ئامانجی بەجێ و پیرۆزی خاوەنشکۆی بەرزەجێ کە لە ڕاستیدا بۆ گەشەی گەل و نیشتمان و دەوڵەتە، هاندەری بیری ئیمەیە، بەڵام کۆسپێکی دیکە هاتوتە سەر ڕێگا و هەتا لانەچێ، کارەکانمان تەواو بە ڕێکوپێکی بۆ جێبەجێ نایێن و ئەویش ڕێکخستنی کاروباری دارایییە و ئەگەر بمانهەوێ باری دارایی دەوڵەت بخەینە سەر سکەی خۆی، گۆڕمەیەکی چاکی تێدەچێ. بۆ ئەم تێچوونەش دەبێ قەرز وەرگرین و خۆ وەرگرتنی قەرزیش لە نێوخۆ دەست نادا. پێوەم هەتا لە دەوڵەتێکی بێلایەنی وەکوو بلژیک یان شوێنێکی ئاوا قەرزێکی کەم وەربگیرێ و لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست بکەوینە کاروباری چاکسازی. لەسەر فەرمانی خاوەنشکۆ، هەر لە ئەمڕۆوە دەست دەکەین بە کارەکان و بەپێی دەستووری پیرۆزتان هەموو کارێک لە جێی خۆیدا رادەپەڕێنین.»

١- بێگومان ئەمینوددەولە و پیاوانی ئەوتۆ کە خۆشناو و بەئەزموون بوون، بە ڕچە و ڕێگای خۆپارێزیدا هەنگاویان ناوە و خۆشەویستیی گیان و ماڵ و سامان و چیوچی ئەیهێشتووە بەو ڕێبازەدا بڕۆن کە قایمەقام و ئەمیرکەبیر پێیدا ڕۆیشتبوون و سەریان لەسەر دانابوو. ئەمجۆرە کەسانە لە جەنگەی مەترسیدا، دووریەپەرێز رادەوەستان و لە باروودۆخی سیاسی خورد دەبوونەوە و خۆیان لە خەبات و فیداکاری دەبوارد و ئەمەیان←

ئەحمەد کەسرەوی ئەگەرچی لە پێشەکیی کتێبەکەی خۆیدا هەڵیکوتاوەتە سەر نازمولئیسلامی کرمانی و سەرکۆنە و تاوانباری کردووە و نووسیویەتی لەخۆڕا تەشیی لە بەر ئەمیرئەعزەم ڕستووە و بێئەوەی هیچی کردبێ بە یەکێک لە پێشەنگانی ئازادیی داناوە و عەلائولمولک کە یەکێک لە نەیارە ناودارەکانی ئازادی بووە خستوویەتە نێو لیزگەی پیاوانی ئازادیخواز، بەڵام زۆرجاریش وەکوو سەرچاوە پشتی بە کتێبەکەی نازمولئیسلام بەستووە و نووسینەکانی ئەم پیاوە ئازادیخواز و پاکسرشت و ڕووناکدڵەی بە جێی باوەڕ داناوە. بۆ نموونە سەبارەت بە بابەتێکی کتێبی «مێژووی لەخەوڕابوونی ئێرانییەکان» بە قەڵەمی نازمولئیسلام کە دەگەڕێتەوە سەر نیشانندانی کۆمەڵێک کەتن و پیلان و کاکەوبرالە دژی ئەمینوددەولە لە نێو بارگای میری و مەزنانی حکوومەتیدا، مەبەستێکی ئەوتۆی کردۆتە ئاکامی لێکدانەوەکەی خۆی و نووسیویەتی:

«ئەمانە هەموویان ڕاستن، بەڵام هەروەکوو گوتمان بێجگە لەمانە و جودا لە هەوڵ و هەڵسووڕانەکانی ئەمینوسسولتان و پەکخستنی کارەکان لە لایەن خۆی و پیاوەکانییەوە، هاندەرێکی گەورەی دیکەش لە کاردا بووە و خودی ئەمینوددەولەش پیاوێکی کارا و چارەنووسساز نەبووە.»

پرس و بابەتی وەرگیرانی قەرزوقۆڵە لە ڕووس و ئینگلیس و ڕەنجانی خەڵک لە ڕاوێژکارانی بلژیکی کە لە بەشی گوومرگ و داراییدا کاریان دەکرد، لە کتێبەکەی ئەحمەد کەسرەویدا وەکوو هۆکار و بزوێنەری ڕابوون و بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی باسیان کراوە. کەسرەوی باسی کار و هەنگاوی کەسانێکی وەکوو نووسەری ڕۆژنامەی «حەبلولمەتین» و عەبدوررەحیم تالبۆف نووسەری دوو کتێبی «ئەحمەد» و «مەسالیکولموحسینین»ی کردووە. هەروەها سەبارەت بە «سەفەرنامەی ئیبراهیمبەگ» دواوە و ئەم هاندەر و هۆکارانەشی خستوونە ڕیزەی بزوێنەرانی بزووتنەوەی خەڵک و هۆگربوونی جەماوەر بە قوتابخانەکان و ڕۆژنامەکان و پەرەئەستاندنیان بە نیشانەی لەخەوڕابوونی بیروڕای گشتی دەزانێ.

دوکتۆر مەهدی مەلیکزادە لە کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی مەلیکولموتەکەللیمین»دا، بابەتێکی تایبەت داوە بەو هۆکارانەی کە لە پەیدابوونی

---

بە باشتر دەزانێ. بەم شێوەیە هەم توانییان گیانی شیرینیان بە سلامەت دەرباز بکەن، هەم ناوی چاک و هەم کۆشک و سەرای زێڕئاژنیان وەک یادگار لە پاش بەجێما.

[شۆرشی] مەشرووتەدا دەوری کاریگەریان گێراوە. ئەمانە بەشێکیان هــزر و بیـری خـەلکیان بزاوتـووە و هێندێکیشـیان لـە سـەرکەوتنی مەشـرووتەخوازان‌دا یارمەتیدەر بوون.

ئـەم نووسـەرەش هێندێک لـەو هۆکارانـەی کـە ئاژمولئیسـلام و سـەید ئەحمـەد کەسـرەوی پێشتر باسـیان کـردوون دووپـاتی کردوونـەوە و بێجگـە لـەوان قـامکی لەسەر چەند بابەتێکی دیکە داناوە کە بوونە هۆی بەرچاوڕوونبوونـەوەی خـەلک و سەرهەلدانی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی لە ئێران‌دا و ئەوانیش بریتین لە:

١- کوژرانی ناسرەددین‌شا بە دەستی مەردئازایەکی گیانبازی وەکوو میرزا رەزا کرمانی. ئەم ئازایەتییەی کرمانی لە خاشەبرکردنی پیرەداری ملهوڕی و سەرەڕۆیی لــە جیهــان و بەتایبــەت ئێــران‌دا دەورێکــی شــایانی گێــراوە. ئــەم هــەنگاوە هەس‌دانەوەیەکی جێگای سەرنجی پەدی هێنا و قورسەباری زەبروزەنگ و ملهوڕی کە گەلێکی پێ کەوتبوویە گیانەللا، سووکتری کرد.

٢- داهاتنی سەردەمی موزەففەرەددین‌شا بە هۆکارێکی دیکە دادەندرێ چونکە بۆخۆی هەر زگماک مرۆیەکی دلۆوان و دوورەزولم و دژی چەوسانەوە بوو.[1] ئەم پادشایە هیچ تامەزرۆی توندوتیژی و پاوانی دەسـەلاتی بێ‌بەرگێرەوە نەبوو. لە سـەردەمی حکوومەتەکـەی‌دا ئاسـۆی ئێران تیشـکەی رووناکیـدەری تێزا و پـەرەی کۆمـەلێک زانستی نوێ و دامـەزرانی قوتابخانـەی نیشتمانی بوونـە باو. دەروازەی هـاتوچۆ لەگـەل دنیای ژیارمەند کرانـەوە و گـەلێک گـەنجی ئێرانـی بـۆ خوێندن و راهاتن چوونە ئورووپا و هەروەها لەچاو رۆژگاری ناسرەددین‌شا بلاقۆکی دەرەوە هاسانتر دەگەیشتنە دەست ئێرانییانی رووناکبیری خوێندەوار.

٣- رۆژنامـەی «سـورەییا»[2] کـە لـە قـاهیرە بـلاو کراوەتـەوە، ئەگـەرچی بـە تەمەن‌کورتی ژیاوە، بەلام لە گەشە و پەرەی روون‌بوونەوەی بیری خەلکی ئێران و دانانی بەردی بناغەی دادەوانی‌دا دەورێکی بەرچاوی گێراوە.

٤- لە کارلادرانی سەرچەلەی ملهوڕان، یانی میرزا عەلی‌ئەسغەرخانی ئەتابەکی سەرۆک‌وەزیر و هاتنە سەر کاری ئەمینوددەولە رووحێکی تازەی کردووە بە بەر

---

١- ئەحمـەد کەسـرەویش لـە کتێبەکـەی خـۆی‌دا پەسـنی موزەففەرەددین‌شـای داوە و بـە پیاوێکی دلنەرم و پاکسرشتی داناوە.

٢- ثریا

پەیکەرەی ئازادی و گەشەی وڵاتدا و لە سایەی ئەم کارەوە واتەویرەی داندرانی «عەدالەتخانە» و دیاریکرانی ئەرکی وەزیران لە نێو جەماوەردا تەشەنەی کردووە.

٥- جووڵانەوە شۆڕشگێرانەکانی وڵاتی رووسیا و خەباتی جوامێرانی خاکی دراوسێ بۆ هەڵکێشانی رەگ و ریشەی حکوومەتی ملهورانە کە پێداپێدا لە چەندین هەرێم و ناوچەی ئەو وڵاتە بەربڵاوەدا وەکوو گڕی ئاگر بڵێسەی هەڵدەستا. توانی لە رەوتی رووناککردنەوەی بیری ئێرانییان و وریابوونەوەیاندا دەورێکی گرینگ بگێڕێ و خەباتکارانی ئازادیخوازی قەفقاز یاریدەی ئازادیخوازانی ئێرانیان داوە.

٦- گەشەی خێرای ژاپۆن یەکجار کاری کردۆتە سەر رەوتی وریابوونەوەی ئێرانییەکان و سەلماندوویەتی کە رزگاری و پێشکەوتن تەنیا لە سایەی حکوومەتی مەشرووتەدا مسۆگەر دەبێ و پەرەی زانست و ژیارمەندی بەبێ تێشکانەوەی هەتاوی دادەوانی و یاسا وەدەست نایە.

٧- هێرشی هێزەکانی بریتانیایی بۆ سەر خاکی «ترانسڤال» لە ئەفریقای باشووری و خەبات و بەرەنگاربوونەوەی رەشیدانەی خەڵکی ئەو خاک و نیشتمانە لە حاند هێزی شەرکەرانەی بەربڵاوی بریتانیادا هەستی سەرسوڕمان و پەسن و تاریفی هەموو گەلانی دنیای سەبارەت بە جەماوەری بەجەرگی ترانسڤال هارووژاندووە و ئەم خۆراگری و بەربەرەکانییە بۆتە سەرمەشقێکی دیار و بەرچاو بۆ گەلانی لاواز و کەمدەسەڵات.

٨- شەڕی ژاپۆن و رووسیا بە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی لەخەورابوونی ئێرانییان دادەندرێ.[1] ئەم تێکهەڵچوونە بۆیە توانی شوێنی بخاتە سەر ئێران، چونکە لەو قۆناخەدا دەسەڵاتی حکوومەتی ملهورانە گەیبوویە لووتکە و برشتی سیاسی و خۆتێوەردانی نارەوای لە نێو تەواوی وڵاتانی دراوسێدا هەر دەهات و زیادی دەکرد و هێزی رووسیا وای لێ هاتبوو کە ترسی پەلاماردانی ئێران رەنگی دابۆوە و هێرشی دەوڵەتی هێزدار و زاڵمی رووسان لەسەر ئەهایەک بەند بوو. ئەم بارودۆخە سامناکە هەستێکی وای بەدی هێنابوو کە ترسی تێداچوونی سەربەخۆیی و دابەشبوونی خاکی لێ دەباری. خەڵکی وریا و بەرچاوروون هیچ گومانیان نەبوو کە ئەگەر شەڕی رووس و ژاپۆن بە تێشکانی دەوڵەتی رووس نەبڕابایەوە، پووکانەوە و لێکهەڵوەشانی ئێران مسۆگەر و حاشاهەڵنەگر بوو. ئەگەر

---

١- شەڕی رووس و ژاپۆن لە خۆرهەڵاتی دوور ساڵی ١٩٠٥ قەوماوە.

بێتوو دەوڵەتی ملهوڕی ڕووسیا لەم شەڕەدا سەرکەوتووبایە، تەواوی کۆمەڵە و حیزبە ئازادیخوازەکانی ڕووسیا خاشەیان دەکێشرا و ئەو ئەستێرە ترووسکەدارەی کە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر هێنایە ئاسۆی درەوشانەوە، بۆ هەمیشە دەکووژایەوە.[1]

دوکتۆر مەلیکزادە پاش نووسینی ئەم مەبەستانە کە ئێمە لێرەدا هێندێکمان دەستێوەردان، لە کتێبەکەی خۆیدا کە سەبارەتە بە ژیان و بەسەرهاتی «مەلیکولموتەکەللیمین» و زۆر بە درێژی باسی فیداکاری و لەخۆبووردنەکانی ئەو پیاوە ئازادیخواز و ئازا و دڵپاکەی کردووە، لە سەرەتای کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

«خوالێخۆشبوو مەلیکولموتەکەللیمین ڕەنگدانەوەی ڕوخساری خۆشەویستەکەی خۆی لە ئاوێنەی ئازادیدا پەدی کردووە و لە ڕوانگەی ئەورا ئازادی گەورەترین دیاری و خەڵاتی یەزدانی و ئەوپەری ویستی دڵخوازانە بووە، کەوایە ئەو کەوتۆتە نێو بازنەی دڵدەران و ئەویندارانی ئازادی و خودای خۆی لە قەڵافەتی ئازادیدا پەرستووە و ئازادیی بە کانگا و سەرچاوەی چاکە و جوانی داناوە و بڕوای وابوو وەک چۆن مرۆڤ بۆ ژیان و مافی لەشولاری پێویستی بە هەڵمژینی هەوایە، ژیانی ڕووحیش بەبێ ئازادی مسۆگەر نابێ. ئەو پێی وابوو کۆشکی دادەوانی تەنیا لەسەر بناغەی ئازادی دەتوانێ سەقامگیر بێ و داری شارستانییەت لە سێبەری ئازادیدا نەبێ گەشە ناکا و هەڵنادا... جا چونکە ئاواتەخواز بوو هەتا ئێران ئەم خەڵاتە یەزدانییەی بە باڵای ببڕێ، لەو تاریکستانەی نەزانین و وارگەی چەوسانەوە و گەندەڵییەدا، ئاڵای ئازادیی هەڵدا و کەوتە ڕوونکردنەوەی هزر و بیری خەڵک و مشتومالی دەروونیان. سی ساڵ بە شوێن گراوێلکەی خۆی و بە مەبەستی وەدەستهێنانی ویستی دڵخوازیدا هەنگاوی نا و شانی بۆ گرێ و کۆسپی ڕێبازەکە نەوی نەکرد و لە پێ نەکەوت و سەرەنجام وەکوو پەپوولەی دەورەی شەمی ئازادی باڵی هەڵپڕووزا و گڕی گرت و بە سووتانی ئەو چرای ئازادی هەڵکرا.»

### شوێنەواری نووسەرانی ئینگلیسی

لە نێو نووسەرانی دەرەکیدا پرۆفسۆر ئیدوارد براونی ئینگلیسی.کە کۆمەڵێک کتێبی سەبارەت بە ئێران نووسیوە، زۆر بە تامەزرۆیی و تاسەوە شۆڕشی

---

١- وادیارە دەبێ مەبەستی نووسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ی ڕووسیا بووبێ.

مەشرووتەی ئێرانی خستۆتە بەرباس و لێکدانەوەیەکی ورد و بەپێز و لە کتێبی «شۆڕشی ئێران»دا [1] مەبەستەکانی هەڵلاجی کردوون. نووسەر رەخنەی لە نووسەرانی دەغەزداری ئورووپایی گرتووە کە بە رەشبینی روانیویانە و مەبەستی نارەوایان داوەتە پاڵ بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی ئێران. هەروەها بەرپەرچی ئەوانەشی داوەتەوە کە تاموخوێیان داوەتە هێندێک ئاکاری ناڵەباری دەسەڵاتدارانی ئێرانی و هەر بەو چاوە لە تەواوی خەڵکی وڵاتەکەیان روانیوە.[2] ئێدوارد براون زۆر بێغەڵوغەش و بە چاوی خۆشەویستانە لە ئێران و ئێرانییانی روانیوە و بۆچوونەکانی خۆی لەم بوارەدا نەشاردوونەوە.

ئێدوارد براون کەموزۆر ئەوەی کە نازمولئیسلامی کرمانی لە کتێبی «مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان»دا وەکوو هۆکاری بەدی هاتنی شۆڕشی ئێران تۆماری کردوون. هەمووی لە کتێبەکەی خۆیدا هێناونەوە و راشکاوانە گوتوویەتی کە ئەم مەبەستانەی لە کتێبەکەی نازمولئیسلام وەرگرتووە. هەروەها چەند بابەت و مەبەستێکی وەکوو بەخشرانی پاوانی توتن و تەماکۆ لە لایەن ناسرەددینشاوە و هەوڵ و هەڵسووڕانەکانی سەید جەمالەددین ئەسەدئابادی ـ کە براون ئاودێری

---

١- شۆڕشی ئێران، پرۆفسۆر ئێدوارد گرانوویل براون، وەرگێرانی ئەحمەد پەژووهـ، تاران، چاپی ساڵی ١٣٢٩ی هـ/١٩٥٠ی زایینی.

٢- «دەبێ ئاگادار بین ئەوانەی کە بە سووکایەتی و بێچاوورووییی باسی ئێرانییان دەکەن، بەگشتی یان درۆزنن یان پووچەڵبێژی چەواشەکار. ئەمانە بۆ ناوبانگی خۆیان لە جەنگەی پێداچوونەوەی بارودۆخی وڵاتان و هەرێماندا، دەرگای توێژینەوە و هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنانەیان بە رووی خۆیاندا داخستووە و بە مەتیقی ناتوانن سەبارەت بە نەتەوەیەک بدوێن. هەروەها دەستەیەک لەمانە گەڕیدەی سەرووبنی دنیا بوون کە لە گشت و گەرانێکی بەپەلەدا لە کەناری فارسەوە هەتا دەریای خەزەر تووشی هەر نەقڵ و نەزیلە و بۆچوونێکی ئورووپایییەکان بووبن لە رەوگەی خۆیاندا، کەوتوونە گوڵچنینەوەیان و زۆر بەتام و چێژەوە تۆماریان کردوون و بە خەیاڵاتی هەڵخەڵەتێن و وەرگیراو لە ئەفسانەگەلی رۆژهەڵاتی دەستاویان داوتەوە. هەروابێتەوە کۆمەڵێکیان لەمجۆرە کەسانە بوون کە بە شوێن وەرگرتنی پاوانێکدا گەڕاون، بەڵام سەرنەکەوتوون و تێشکاون و بە مرازی دڵی خۆیان نەگەیشتوون. لە لایەکی دیکەشەوە هەبوون کەسانێکی کە لەگەڵ ئێران پەیوەندیی گەرموگوڕیان داگیرساندووە و چاک زمانەکەی فێر بوون. بۆ نموونە کەسێکی وەکوو رێزدار «ئاپیر مەلکۆم» زۆر ئاکاری دڵگری لێ دیتوون و ئەوەی جێگای پەسن و پێداهەڵدانە کەم نەبوون. بڕ: پێشەکیی شۆڕشی ئێران بە قەڵەمی ئێدوارد براون.»

کردووە بە قارەمانی یەکییەتیی ئیسلامی ـ لەگەڵ کوژرانی ناسرەددین‌شا و ڕەنگدانەوەی لە کۆڕ و کۆمەڵی بارگای میری و نیشتمانی‌دا و چەند مەبەستێکی دیکەی ئەوتۆشی لە پێش چاوی بزر نەبوون کە نووسەرانی نێوخۆش لایان لێ کردوونەوە. بەگشتی دەقی کتێبەکەی ئیدوارد براون لەم بەش و بابەتەدا زۆر وەک دەقی بەرهەمەکانی ئازمولئیسلام و کەسرەوی دەچێ. تەنیا خاڵی جیاوازی نێوانیان ئەمەیە کە براون کابرایەکی ئینگلیسی بووە و بە شوێن هیچ قازانجێکی تایبەتی خۆکەسی‌دا نەگەڕاوە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئێران‌دا و هۆکارگەل و ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی لە ڕوانگەی نووسەرێکی بێگانەوە شی‌کردوونەوە و لێکیداونەوە.

براون بەپێچەوانەی نووسەرانی نێوخۆی ئێران کە تەواوی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتی شۆڕشگێرانەیان لە ڕیزێک‌دا داناون، ئەوانی کردوونە دوو تاقمی جیاواز و لەم بارەدا ئاوای نووسیوە:

«ڕێبوارانی ڕێگای بزووتنەوە کە من لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ناوم هێناون و هەولم داوە هەتا بە باری هەڵوەمەرجی مێژوویی و گەشە و هەڵدانیان‌دا هەڵیانسەگێنم، ڕێک بریتین لە: «مەشرووتەخوازان» و «میللیوون»[1]، یانی ئەوانەی کە دژی حکوومەتی ملهوڕانە و پاوانی دەسەڵات بوون. مەشرووتەخوازان بە ئاواتەوە بوون کە یاسا و ڕاوێژ کردن جێی خودبەسەری و سەرەڕۆیی بگرێتەوە و جڵەوی خەڵک تەواو بە دەست پادشاوە نەمێنێ کە بە خاوەنی نابەرپرسی ژیان و ماڵ و ناموسیان دادەندرا. نەتەوەپەروەران دژی دەوڵەتداران یان بە زاراوەی کۆن دژی بارگای میری بوون و دەکەوتنە هەوراز مەشرووتەخوازی و دژی ملهوڕان رادەوەستان و وا باشترە کە پێیان بگوترێ لایەنگرانی ڕاوێژ و بەرزەبیران.»

واوێدەچێ کە براون ویسوویەتی بە جوێ‌کردنەوەی نەتەوەپەروەران لە مەشرووتەخوازان، ئەم مەبەستە ڕوون بکاتەوە کە بەرەی ئازادی لە ئێران‌دا بریتی

---

١- ئەوەی ڕاستی بێ لە سەردەمی قاجاران‌دا وشەی «میللەت» و «میللی» و «میللیوون» زۆرتر بە مانای پەیرەوانی دین هاتووە، بەڵام لێرەدا وشەی «میللیوون» پتر بە مانای شۆرشگێرانی لایەنگری دەسەڵاتی «نەتەوە» خۆی دەنوێنێ، یانی ئەوانەی کە بڕوایان بە حکوومەتی نەتەوەیی و پارلمانییە و پێیان وایە پادشا دەبێ سەمبول بێ نەک دەسەڵاتدار، نەتەوە دەپەروەرێنن کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا و دەبنە «نەتەوەپەروەر».و.

بووە لە دووباڵ. یەکیان باڵی ڕاست کە پێکهاتبوو لە مەشرووتەخوازان. واتە لایەنگرانی سیستمی پادشایەتی کە لەسەر پێوشوێنی یاسا و پارلمان دەڕۆیی و باڵەکەی دیکە بریتی بوو لە باڵی چەپ کە تاقمی توندڕەوان تێیدا کۆببوونەوە. ڕاستاژۆکان یانی مەشرووتەخوازان پێیان وابوو کە پێویستە حکوومەتی پادشایەتی هەر لە جێی خۆی بێ، بەڵام بەگوێرەی یاسا هێندێک دەسەڵاتی یاسایی و بەڕێوەبەرایەتی بۆ پادشا وەبەرچاو بگیرێ. چەپاژۆکان لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە دەبێ دەسەڵاتی بێبەرگێرەوەی گەلی دابمەزرێ و پادشا نابێ هیچ هێز و دەسەڵاتێکی هەبێ.

سێر پێرسی سایکس لە بەشی سەبارەت بە شۆڕشی مەشرووتەدا سەردێڕێکی ئاوای هەڵبژاردووە: «بەخشرانی مەشرووتە بە ئێران»! نووسەر لە درێژەدا دەنووسێ: خۆ هیچکەس نازانێ ئێمە چۆن مەشرووتەمان وەچنگ هێنا و وادیارە بە درکاندنی بابەتێکی ئەوتۆ دەیهەوێ بڵێ کە مەشرووتە بوخۆی وەکوو کارگ لە زەوی هەڵتۆقیوە و ئەمەشی لە دەمی خەڵکی ئاسایی و ئاپۆرە وەرگرتووە و لە بەرگی دووهەمی کتێبی مێژووی ئێراندا هێناویەتی. نووسەر لای وایە گرینگترین سەرچاوەی جووڵانەوەی مەشرووتەخوازیی ئێران ڕاکێشرانی هێڵەکانی تەلگرافە بە دەست شارەزایانی ئینگلیسی و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ خەڵک شوێنی خۆی داناوە. پاشان چۆتە سەر دەوری بانگەشەکەرانی دینی کە ئینگلیسی و ئەمریکایی بوون و باسی ئەوەی کردووە کە هەزاران کچ و کوڕی ئێرانی مەشقیان پێکراوە و وانەیان پێخوێندراوە و ویستوویەتی وای بنوێنێ و ئاکامێکی وا وەدەست بێنێ کە پیاوە ئینگلیسییەکانی تەلگرافخانە چونکە هەمیشە و لە نیزیکەوە لەگەڵ خەڵک تێکەڵاو بوون، دەورێکی شیاویان بۆ پاشتریوونی باروودۆخ گێڕاوە و بانگەشەکەرانی دینیش کە زۆربەیان ئینگلیسی بوون. شوێنیان کردۆتە سەر لاوانی ئێرانی و گیانی لەخۆبووردوویی و فیداکارییان تێدا پەروەردە کردوون و لە قوتابخانەکانی خۆیاندا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ڕایانهێناون و سەدان کەسیان لە نەخۆشخانەکانیاندا چارەسەر کردوون و بە چەشنێکی هەرە باش یاریدەی کۆمەڵگای ئێرانیان داوە. سایکس پاش درکاندنی ئەم مەبەستانە. بەوپەڕی دڵاوایی و لوتفەوە باسی دامەزرانی «دارولفنوون» و دەوری ئەم شوێنەی لە بواری گەشەی کولتووری نوێی ئورووپادا کردووە و هاتنی شاندە سەربازییەکانی

ئورووپا بۆ ئێرانی لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگاندووە. دواتر دیسان هەوساری قەڵەمی بۆ هەستی نەتەوەخوازانەی خۆی شل کردووە و گوتوویەتی کارمەندانی بانکی شاهانشاهیی ئینگلیس و کۆنسوولخانەکانی ئەم وڵاتە لە ئێران دەورێکی یەکجار بەرچاویان لە ڕوونبوونەوەی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێراندا گێڕاوە. بەگوێرەی بۆچوونی سایکس، بریتانیای گەورە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گرینگترین هۆکار و هاندەری بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی بووە لە ئێراندا و گەلی ئێران بۆ دامەزرانی سیستمی پارلمانی لە وڵاتەکەیاندا قەرزداری ئیمپراتۆریی بریتانیان؛ بەتایبەت کە ئەم نووسەرە بێدەغەز و بێلایەنە(؟!) لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسی:

«وێدەچێ هەر تاقمێکی دەسبژێری ئێرانی لە کاکڵ و نێوەرۆکی مەشرووتە حاڵی بووبن. لە جەنگەی [شۆڕشی] مەشرووتەدا کەسێکی ئێرانی سەرکۆنەی ئەفسەرێکی ئینگلیسی کردبوو کە: «ئەوە ئێمە سێ ڕۆژە لێرە دانیشتووین و مانمان گرتووە کەچی هێشتا ئێوە مەشرووتەتان وێنەداوین.» لێرەدا سایکس ئامانجی ئەوەیە کە بیسەلمێنێ مانگرتنی کۆمەڵێک کاسپکار و بازاریی تاران لە باڵوێزخانەی ئینگلیس بۆیە بووە چونکە تەواو لێیان ڕوون بۆتەوە کە دەبێ دەوڵەتی ئینگلیس مەشرووتە باربووی ئێران بکا.

سایکس دەڵێ بەشێک لە کاکڵ و نێوەرۆکی ئەم بەشەی کتێبەکەی خۆی لە کتێبی «شۆڕشی ئێران»ی پرۆفسۆر ئیدوارد براون وەرگرتووە و هەر لەسەر پێوشوێنی ئەم نووسەرە، گوتوویەتی هەبوونی کەسانێکی وەکوو سەید جەماڵەددینی ئەسەدئابادی و میرزا مەلکەمخان و هەوڵ و تێکۆشانەکانیان دنەی بەدی هاتنی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی داوە. سەبارەت بە میرزا مەلکەمخان، هەروەک چۆن نازمولئیسلام لە کتێبی «مێژووی لەخەوڕابوونی ئێرانییەکان»دا نووسیویەتی، دامەزراندنی «فەرامۆشخانە»ی[1] داوەتە پاڵ میرزا مەلکەمخان و دەڵێ چونکە «فەرامۆشخانە» لە ئێراندا بەدیهاتێکی نوێی نەهێناوی بوو. خەڵکی بۆ لای

---

١- دواتر سەبارەت بە فەرامۆشخانە (فراماسۆنێری) دەدوێین و دەڵێین کە چ دەورێکی لە شۆڕشی مەشرووتەدا گێڕاوە.

خۆی ڕاکێشا و گەلێک بنەماڵە تێیدا بەشدار بوون.[١] ناسرەددینشا بە فیتی فەرروخخانی باڵوێزی پێشووی ئێران لە پاریس، سەرۆکی فەرامۆشخانەی، کە شازادەیەکی ڕەسەندار بوو، لەگەڵ ئەندامەکانی دیکە گرت و لە بەندی توند کرد و مەلکەمخانیشی لە ئێران دەرپەڕاند.

سایکس بەرلەوەی بکەوێتە سەر باسی سەرەتای جووڵانەوە شۆڕشگێڕانەکان، لە ژێر ئەم سەردێڕەدا: «ئێرانی بەرلە مەشرووتە»، بەشێک لە یادداشتەکانی باڵوێزخانەی ئینگلیسی لە کتێبی «شین» خواستۆتەوە و بەم شێوەیە کەوتۆتە گێڕانەوەی:

«سەرۆک وەزیرێکی تازە داندرابوو کە پێی وابوو دەرباز بوون لە کۆت و بەندی چاوەدێریکرانی وڵاتانی بێگانە دەبێ وەک مەرجێکی بنەڕەتی ڕەچاو بکرێ. یەکەمین هەنگاوەکانیشی بە هێندێک چاکسازی لە بواری ئابووریدا دەستی پێکرد. هەتا وڵاتەکەی نیازی بە یارمەتیی داراییی دەرەوە نەمێنێ. بەڵام هەر کە لەسەر کورسیی دەسەڵات جێی خۆش کرد، ڕوون بووە کە مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتیی سەرۆکوەزیر هەر چنینەوەی قازانجی خۆیەتی. ئەم سەرۆکوەزیرە لەگەڵ ڕاوێژکاری شا بۆ دابەشینی دەسکەوتەکان کاکەوبرالەی کرد و پێکەوە دەستیان دایە فرۆشتنی پلە و پایەی حکوومەتی. گەنم و جۆی حەشاردراو بۆ گران بوون بە نرخێکی هەوراز دەفرۆشران، ملکوماڵی تایبەتی حکوومەت یا دەستی دزی دەیگرتەوە یان دەفرۆشرا و هەرچی هەبوو هەر دەچوو لە گیرفانی ئەم دوو کەسەوە. دەوڵەمەندانی شاران بانگ دەکرانە تاران و دەمچەورانە و بەرتیلیان لێ دەستاندن. زوڵم و دەسدرێژی ببوو بە باو و ماڵ و سامان و تەنانەت گیانی گەلیش بە دەست کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانەوە بوو. خەڵک بە شوێن پیلانێکدا دەگەڕان هەتاکوو شای دەستەوستان و بێورە و جێگرەوەی لێ بخەن و شوجاعوسسەڵتەنەی کوڕە چکۆلەی شا بکەنە پادشا کە تەنانەت لە ئێراندا ناوبانگی بۆ ملهوڕی دەماودەم دەگەڕا.»

«سیاسەتی ئەتابەک و یارانی لە نێو هەموو چین و توێژەکانی ئێراندا دوژمنایەتی و دووبەرەکایەتیی نابووەوە. تەنیا کۆمەڵێک سیاسەتوانی دەستەبژێری

---

١- سایکس دەڵێ ئەگەر سەبارەت بە فەرامۆشخانە پرسیار لە ئێرانییەک بکەی، دەڵێ فەرامۆشی کردووە.

نیشتمان‌دۆست هەبوون کە دەیانزانی وڵاتەکەیان چلۆن بەرەو هەڵدێر تل دەدا. مەلاکان هەستیان پێدەکرد کە لەچاو جاران ئازادی و دەسەڵاتیان دابەزیوە و لەگەڵ وڵاتەکەیان خەریکە سەری تێدادەچێ. کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵک و بازرگانانیش هەموو ڕۆژێک دەبوونە پێخوستی داپڵۆسینی کاربەدەستانی حکوومەتی.»

## شوێنەواری نووسەرانی ڕووسی

منی نووسەر تەنیا دوو شوێنەواری نووسەرانی ڕووسیم بە دەستەوەیە کە کراونە فارسی وساڵی ١٣٢٩ ی هـ/١٩٥٠ی زایینی لە تاران چاپ کراون. یەکیان «م. پاولۆڤیچ» و «و. تێریا» و «س. ئیرانسکی» نووسیویانە و «م. هوشیار» کردوویەتە فارسی و بە «شۆڕشی مەشرووتەی ئێران و ریشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی» ناودێر کراوە. کتێبەکەی دیکە «ب. نیکیتین» نووسیویەتی و ناوی ناوە «ئەو ئێرانەی کە من ناسیومە». نیکیتین کۆنسوولی پێشووی ڕووسیا بووە لە ئێران و «فرەوەشی»[1] کتێبەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

م.پاولۆڤیچ و دوو نووسەرەکەی دیکە، بەپێچەوانەی نووسەرانی ئینگلیسی و نووسەرانی نێوخۆ، زیاتر لەسەر بنەمای ئابووری کەوتوونە شی‌کردنەوە و لێکدانەوەی شۆڕشی ئێران و لە ڕاستی‌دا ئەم هۆکارە گرینگەی کە دیتران زۆریان لا لێ نەکردۆتەوە، بە هۆکاری سەرەکیی ڕاپەڕینی دادەنێن و هەڵومەرج و بارودۆخی ئابووریی ئێرانی بەرلە شۆڕشیان خستۆتە بەر پێداچوونەوە و توێژینەوەی ورد و باریک. پاولۆڤیچ کە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بەرباسەی سەرەوەی نووسیوە، سەبارەت بە بابەتی ئابووری دواوە و نووسیویەتی:

«لاواز بوون و تێکچوونی باری دارایی هەمیشە وەک ڕۆژەڕەشیی جووتیاران ڕەنگی داوەتەوە. قورسەباری پیتاک لە ئێران‌دا هەمیشە خراوەتە سەر شان و پیلی جووتیاران و بازرگانیی نێوخۆ و دەرەوەش کەمتاکورتێک پیتاکی پێوەدەبەسترا. ماڵ و ملکی شاران و کەلوپەل پیتاکیان بۆ ئەبڕاوەتەوە.»

«باج و پیتاکی داهات و میرات لە ئێران‌دا وەرنەگیراوە. زەمانێک جووتیار یەکودەی حاسڵاتەکەی دەدا بە «خان» و یەکودەیەکەی دیکەشی دەدایە حکوومەت. ئەگەر جووتیار بە گاسن و جووتوگای خۆی زەوی بکێڵێ، دەبێ

---

١- مەبەستی «عەلی‌محەممەد فرەوەشی»یە.و.

سێیەکی بدا بە خاوەن ملک و ئەگەر ملکدار تۆو و گا و نیر و ئاموور بخاتە بەردەستی جووتیار، سەتی ٨٥ی بەرهەمەکە بۆخۆی دەبا.»

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا نووسیویەتی:

«هەلومەرجی ژیانی جووتیاران و وردەمالیکان ئەوەندە تاڵ و ناخۆشە کە زۆربەیان بە مەبەستی دەرباز بوون لە چنگالی دەرەبەگانی ملهوڕ، دەبنە پاوانی پیاوانی پایەبەرزی حکوومەت. لەم چاخەدا جووتیارێک کە زەویوزاری بە دەستەوەیە ئەم ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆ:

١- پێنج‌یەکی بەرهەمی زەویی دێمەکار و سێ‌یەکی زەویی بەراو دەدا بە خاوەن‌ملک.

٢- ملکداران بۆ کۆکردنەوەی ملکانەی هەر گوندێک چەند سوارێک و سەرکارێک دیاری دەکەن. خەرج‌وبەرجی ئەم کەسانە لە ئەستۆی جووتیارانە. ئەم سەرکار و سوارانە وەکوو شیلاقی ئەشکەنجە وان بە سەر جووتیارانەوە.»

م.پاولۆڤیچ پاشان دەچێتە سەر باسی کۆمەڵێک ئەرکی قورس کە بۆ جووتیاران و وەرزێران براونەوە و پوختەیان بریتییە لە:

«ڕاگواستنی بەشەملکانەی دەرەبەگ بۆ ماڵەکەی یان بۆ بازاڕی فرۆشتن؛ ڕاگرتن و بەخێوکردنی یەکسمەکانی لە سەرتاسەری وەرزی زستاندا بە خەرجی خۆی. چوونە بێگاری بۆ ئاغادێ لە جەنگەی قورەکاری و کاری لەم شێوەیەدا. هێنانەوە و گواستنەوەی هەر چەشنە کاڵا و کەلوپەل و کەرستەیەک کە ئاغا کڕیبێتی بۆ ماڵە خۆی یان بۆ هەر جێگایەکی کە دیاریی دەکا. بوون بە چەکداری ئاغا لە لایەک و چوونە نێو قۆشەنی دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە و بردنی ئەسپ و چەک‌وچۆلیش لە ئەستۆی خودی جووتیارە. کێشانی خەرجی ئاغا و هاوڕێ و نۆکەرەکانی لە جەنگەی ڕاودا کە سەریان گەیشتۆتە ٢٠ تا ٣٠ کەس هەر بە ئەستۆی جووتیاردا دێ.»

پاولۆڤیچ دوای گێڕانەوەی کۆمەڵێک زوڵم و زۆریی دەرەبەگان و کوێخا و سەرکارەکانیان دەرهەق بە جووتیاران، ئاماژەی کردۆتە ئاڵوگۆڕی ئابووری لە سەرەتاکانی سەدەی چاردەهەمی کۆچی‌دا و ئاوای نووسیوە:

«لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینی‌را بەولاوە، باروودۆخی ژیانی جووتیاران بەرەو تاڵی و نالەباری دەڕوا. چونکە بەرهەمی لۆکە، کەتان، برینج، میوە و ئاوریشمی ئێران

بەرێ دەکرێ بۆ ئورووپا و بەتایبەت دەچێ بۆ بازارەکانی ڕووسیا؛ زەوی‌وزار نرخیان بەرز دەبێتەوە و بازرگانیی نێوان ئێران و ڕووسیا ساڵانە سەری دەگاتە ٢٥-٣٠ میلیۆن فرانک. بازرگانان و سەڕڕافەکان کە بە میراتگری تازەی زەوی‌وزاری خان و دەرەبەگان دادەنرێن، لەسەر ڕێ‌وشوێنی نوێی چەوساندنەوە دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی بەهرە و بەرهەمی زەوی. ئەوەی ئەوانە داروولەیان بۆ دانا زۆر لە زەمانی پێشوو تاقەت‌پڕووکێنتر و قورستر بوو. جووتیاران باج و پیتاکی دیکەیان بە سەردا دەسەپێ و ئەگەرچی خاوەن‌مڵک ناتوانێ جووتیاران بکڕێ و بفرۆشێ، بەڵام خۆ بەکردەوە دەتوانێ تەواوی جووتیاران بە گوندەوە بفرۆشێ.»

لەم کتێبەدا باسی دەوری بەختیارییەکان کراوە لە شۆڕش‌دا و تیشک خراوەتە سەر دەوری دەوڵەتی ئینگلیس و دەوری پێچەوانە و ناڵەباری دەوڵەتی قەیسەریی ڕووسیا و هێزەکانی قەززاق وەکوو پاڵپشتی کۆنەپەرستی. لە بەشی دووهەمدا کە «و. تیریا» نووسیویەتی، چونکە خۆی بەکردەوە بۆ پاراستنی شاری قارەمانی تەورێز لە حاند پەلاماری ملهوڕی‌دا یاریدەی شۆڕشگێرانی ئێرانی داوە، کەوتۆتە لێکدانەوەی دەوری سوسیال دیموکراتەکانی قەفقاز لە شۆڕش‌دا. وەرگێڕی ئەم کتێبە لە پێشەکییەکدا کە خۆی بۆی نووسیوە و کورتە و پوختەی کاکڵی کتێبەکەیە، لە ئاخری بابەتەکەی‌دا دەنووسێ:

«ج: شۆڕشی مەشرووتەی ئێران لە نێوک و نێوەرۆکی خۆی‌دا، شۆڕشێکی بورژوازی[1] بووە و ئەگەر بێتوو سەرکەوتوو و سەقامگیر بوویا، جگە لە کۆمەڵێک ئازادیی بورژوازی نەیدەتوانی هیچ شتێکی دیکە بۆ گەل بێنێ بە دیاری. سەبارەت بەم شۆڕشە دەبێ هەلومەرجی چل و چەند ساڵ لەمەوبەر وەبەرچاو بگیرێ و نابێ بە پێوودانی ئەمڕۆ داوەریی لەسەر بکرێ.»

«د: بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤ پێویستە کە هەلومەرجی چین و توێژ و چۆنیەتیی وەفاداربوونی لە قۆناخی شۆڕشگێرانەدا بکەوێتە بەر شی‌کردنەوە و لێکدانەوە؛ چونکە زۆر هەڵدەکەوێ کە لایەنگرانی توندوتیژی ئازادی و مەشرووتە لە قۆناخێکی شۆڕش‌دا جێگۆڕکە دەکەن و دەچنە ڕیزی دژی شۆڕشانەوە. کەم نین ئەو

---

١- سیستمی سەرمایەداری؛ داروولەیەک بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران.و.

کەسانەی کە پاش ساڵی ١٩٢٦ چوونە بەرەی دوژمنانی گەل و ملی ڕێگای ناپاکی و هەڵە دەگرنەبەر.»[1]

س. ئیرانسکی. نووسەری بەشی سێیەمی کتێبەکە. لە ژێر سەردێری ئەم بابەتەدا: «بزووتنەوەی ئازادیی نەتەوەیی لە ئێراندا» نووسیویەتی:

«ڕێوشـوێنی بەکۆیلەبەرانـەی ئینگلـیس و ڕووس. ناسرەددینشـا و موزەففەرەددینشـای جێگرەوەیـان کـرد بـە گـوێ لـە مسـتی فـەرمانی بێگانـان لـە ئێراندا. ئەم ڕەوتە خەساری بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی ئێران گەیاند. وەبەرچاوگیرانی ڕێوشوێنی ڕێک و لەباری گوومرگانە بۆ سەرمایەی دەرەکی؛ دانی کۆمەڵێک پشک و پاوان بە [غەواران]؛ وەرگرتنی وام و دەسقەرزی دەرەکی؛ پێکهێنانی لەشکری قەززاق کە ڕاوێژکاران و سەرکردەکانیان بێگانە بوون؛ وەبەرچاوگیرانی هەقی کاپیتۆلاسیۆن و چیوچی دیکە. کارێکی وایان کرد کە چین و توێژە گرینگ و بەرچاوەکانی کۆمەڵگای ئێرانی کە بریتی بوون لە: بازرگانان. کرێکاران. پیشەوایانی دینی و دەرەبەگان دژی دەسەڵاتی پادشا ڕاپەڕن.»

وەکوو ئاشکرایە «ب. نیکیتین» نووسەری کتێبی «ئەو ئێرانەی کە من ناسیومە». هاوکات لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێرانی ڕێگای ئازادی و مەشرووتە و ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی ملهوڕانەی محەممەدعەلیشا لە ئێران کۆنسوول بووە. نووسەر کتێبەکەی سەبارەت بە پەیماننامەی ساڵی ١٩٠٧ی نێوان ڕووس و ئینگلیس و باسی دابەشینی خاکی ئێران دەکا بۆ چەند ناوچەیەکی جێی چالاکی و هەڵسووڕانی لایەنەکان و دەوری ڕووسیای قەیسەری لە دژایەتیکردنی سەقامگیربوونی سیستمی پارلمانی لە ئێراندا دەخاتە بەرباس؛ پاشان دەستێوەردانی چەکدارانەی سپای ڕووسیا لە ئازەربایجان و چەند مەبەستێکی دیکەش دەربارەی حکوومەتی ڕەزاخان و دەست لە کارکێشانەوەکەی دەخاتەڕوو. کە لە جێی خۆیدا دەچینەوە سەریان.

**

١- کتێبەکەی ئەم نووسەرانە هەر لەو ساڵەدا نووسراوە.

ئێستا کە بەپێی پێویست شوێنەواری نووسەرانی نێوخۆ و دەرەوە سەبارەت بە شۆڕشی ئێران خرانە بەرباس و لێدوان، پێویستە هەتا لە بنج و بنەوان و هۆکارەکانی شۆڕش بکۆڵینەوە و لێکیان بدەینەوە:

یەکەم: ئەم بەشەمان بە «شۆڕشێکی ئارام و گۆڕانی سیستمی سیاسی» ناودێر کردووە، چونکە هەر لە سەرەتای حکوومەتی موزەففەرەددین‌شاوە کە دەبێتە ساڵی ١٣١٢ی ک/١٨٩٥ی ز. تاکوو ڕۆژی پەسند و بڵاوکرانەوەی فەرمانی مەشرووتە لە لایەن ئەم پادشایەوە. سەرەتای گۆڕانی سیستمی حکوومەتی بەرەبەرە و بەبێ خوێنڕێژی و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ئێشتمانی بەدی هاتووە. ڕەنگ و ڕوخسار و دیمەنی شۆڕشی ئارامی ئێران تەنیا بریتی بووە لە چەند کۆبوونەوەیەک لە مزگەوتان و وتاردانی مەلایان و شێوەیەک جموجووڵی نەرم و ئاشتیخوازانە لە لایەن کاسپکارانی بازارەوە. لە ڕووی ئەم ڕەوتەوە وا دەفامرێتەوە کە خودی موزەففەرەددین‌شا پتر لە هەر کەسێکی لە کوێی گادا خەوتووی بارگادا، زانیویەتی کە بزووتنەوەیەکی سیاسی خۆی دارشتووە و بەرەو پێکەیشتنە؛ هەر بۆیە خۆی بۆ هەر چەشنە گۆڕانێکی سیستمی حکوومەتی و دەست هەڵگرتن لە کۆمەڵێک دەسەڵاتی بێ‌سنووری پاوانی تاکەکەسیی پادشایەتی ئامادە کردبوو. خەباتی مەدەنییانەی خەڵک لە بابەت پرسی تووتن و تەماکۆوە، کوژرانی ناسرەددین‌شا بە دەست میرزا ڕەزا کرمانی، هەوڵدان بۆ کوشتنی موزەففەرەددین‌شا لە گەشتی ئورووپادا. نووسرانی کۆمەڵێک نامە و سکاڵای زانایانی پایەبەرزی دینی بۆ پادشا، دەقی وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و ڕەنگە چەندین دیدار و گوفت‌وگۆی ژمارەیەک نوێنەری سیاسیی بریتانیا لەگەڵ پادشا و سەرەنجام دڵنەرمی و دەروون‌پاکیی پادشا. کە لە نێو داب و نەریتی پادشایەتیی بێ‌بەرگێرەوەی خۆکەسی‌دا بە ترسەنۆکی لێکدەدرێتەوە. کۆمەڵێک هۆکار بوون کە بوونە هۆی بەدی هاتنی گۆڕان و شۆڕشێکی ئارامی سیاسی لەم قۆناخەدا.

دووهەم: بۆ دۆزینەوەی بنج و بنەوانی شۆڕشی ئێران، وەکوو هەر شۆڕشێکی سیاسیی هاوشێوەی دیکە، دەبێ لە سرشتی حکوومەتی سەرەڕۆ و بێ‌بەرگێرەوەی تاکەکەسی‌دا دەست بکرێ بە گەڕان و لێکۆڵینەوە و هەر ڕواڵەتی ڕووداوەکان وەکوو ماکەی سەرەکی لایان لێ نەکرێتەوە. لە بەشەکانی پێشوودا سەرەرای لێکدانەوەی پێکهاتەی سیستمی حکوومەتی قاجاران. قامکمان لەسەر ئەم خاڵەش

دانا کە سەردەمی ناسرەددینشا رۆژگاری خۆگرتن و سەقامگیربوونی پادشایەتیی بێبەرگیرەوە بووە. دەسەڵاتی پلەی پادشایەتی پتر لە هەر سەردەمێکی دیکە سێبەری هاویشتۆتە سەر تەواوی کاروبارەکانی وڵات و گەلی ئێران و هیچ چین و توێژێکی وەدوا نەداوە. بەربڵاوبوونەوەی جەغزی دەسەڵاتی پادشا کە هێمای چروپڕی دەولەتی ناوەندی بوو، لە سەرتاسەری وڵاتدا هەستی پێدەکرا و بێگومان چوارچێوەی هێز و برشتی دەسەڵاتدارانی ناوچەکانی بەرتەسکتر دەکردەوە و بە واتایەکی دیکە رۆژبەرۆژ دەسەڵاتی دەولەتی ناوەندی جێی بە دەسەڵاتەکانی ناوچەیی لەق دەکرد. ئەم ئاڵوگۆرە سیاسییانەی کە بە قازانجی حکوومەتی ناوەندی شکابوونەوە، لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بەرەورووی رەنگدانەوە و هەڵوێستی جیاواز بیوونەوە کە بریتین لە:

ئەلف: تاقمێک لە شازادە دەسەڵاتپەرستەکانی قاجار و گەورەدەرەبەگان و سەرخێلان و خان و ئاغاوەتەکان کە خوویان گرتبوو بە خودبەسەری، بێگومان دژی پەرە و گەشەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بوون. ئەم کەسانە بۆیە رازی نەبوون بەو ئاڵوگۆرە سیاسییەی کە بە قازانجی دەولەت دەشکایەوە، چونکە دەیانزانی لە داهاتوویەکی نێزیکدا تۆماری هێز و دەسەڵاتیان تێکەوەدەپێچرێ. ئەم تاقمە حازر بوون کە لەگەڵ هەر جووڵانەوەیەک رێک و هاودەنگ بن کە بە شوێن وەرگرتنەوەی هێز و دەسەڵاتی پادشادا هەنگاوی دەنا و ئەمەیان بە رێگای دەرباز بوون دەزانی لە داوی دەسەڵاتی ناوەندی و بە ئەرکێکی پێویستیان دادەنا. پیاوانی هەڵکەوتە و لێهاتووی ئەم بەرەیە دوای کوژرانی ناسرەددینشا و هاتنە سەر کاری موزەففەرەددینشا، هەر لەرێوە وەخۆکەوتن و چونکە چاکیان لە ئاکار و هەڵسوکەوتی پادشای تازە دەزانی، زۆر بە هێمنی کەوتنە سەر رچە و رێبازی شۆرش و لەگەڵ لایەنگرانی گۆرانی سیاسی بوونە هاوبیر.

ب: ناسرەددینشا ئەگەرچی بەرواڵەت و بەپێی بەرژەوەندیی رۆژگار، هێندێک دەسەڵاتی بۆ سەرۆکوەزیر و وەزیرەکانی وەبەرچاو دەگرت. بەڵام لە راستیدا هەمووی بە نۆکەری کارراپەڕێنی خۆی دەزانین کە دەبوو لە قسەی دەرنەچن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا تێشکاوان و قەڵغر پێکراوانی سیاسیی وەکوو میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە و هاوشێوەکانی، دژکردەوەیان دەنواند و بەپێی بارودۆخی رامیاری و جێگە و پێگەی دارایی و سیاسیی خۆیان لە نێو کۆمەڵگادا. دەستیان

دەکرد بە ڕەخنە گرتن و ڕەنگە بە هەڵکەوت چەند تاوانێکیان دابێتە پاڵ بەرپرسانی باڵا و نیزیکانی بارگا و ئەم قسە و هەڵوێستانەیان لە نێو ڕووناکبیران و ئامەزرۆیانی ئازادی و خوازیارانی گۆڕانی سیستمی حکوومەتدا بڕی دەکرد و شوێنی دادەنا.

ج: وەکوو لە بەشەکانی پێشوودا چەندین جار باسمان کردووە، ناسرەددین‌شا دەیهەویست تەواو دەسەڵاتی خۆی بە سەر مەلاکان و پێشەوایانی دینیدا بسەپێنێ. ئەو خۆی بە «سێبەری خودا» و خەلیفەی جیهانی شیعە دادەنا و پێی وابوو حکوومەتەکەی خواوەند باربووی کردووە و کەوایە پێویستە جگە لە پادشایەتی و پێشەنگایەتی لە سیاسەتی وڵاتدا، دوولینگەش بە ملی مەلایاندا بێنێ. مەلا کە ئەم ویست و مەیلەی پادشایان لا ڕوون ببۆوە، کەوتبوونە چاندنی تۆوی نارەزامەندی لە نێو خەڵکدا و زۆر توند دژی پیاوانی بارگا و نیزیکانی پادشا دەدوان و ئەمەش ڕەنگدانەوەی هێز و بڕشتی مەعنەویی ئەوان بوو لە نێو کۆمەڵگادا. خۆتێوەردانی مەلایان لە کاروباری تووتن و تەماکۆ و حەرامکردنی کێشانی کە ناسرەددین‌شای لە حاند ئەم هێزە بەربڵاو و کاریگەرەدا بە چۆکدا هێنا، دواتر دەخرێتە بەرباس.

سێهەم: دەستەوستانی و سەربەردانەوەی سوڵتانەکانی قاجار لە ئاست بێگانان، بەتایبەت لە حاند ئینگلیس و ڕووسیادا پڕزەی لە کۆمەڵگا بڕیبوو. میرانی قاجار دەستیان وەبەردەستی بێگانەکان نەدینا لە کاروباری نێوخۆدا و هەر بە شوێن وەرگرتنی قەرزوقۆڵەی دەرەوەدا وێڵ بوون و ئەوەندەیان سەر بۆ پشک و پاوانی پشت‌شکێن و دژ بە سەربەخۆیی وڵات نەوی کردبوو کە خەڵک بڕوایان پێیان نەما و دڵیان لێیان ڕەش‌هەڵگەڕا. بەدگومانی و ڕەش‌بینیی ئاپۆرەی خەڵک ئەوەندەی پەرە ئەستاند کە شای قاجاریان بە گوێ لە مستی دەرەکی دادەنا و بارگانشینان و وەزیرەکان و کاربەدەستانی پایەبەرزیان وەکوو بەکرێگیراوی بێگانە دەهاتە بەرچاوی. لەم بارەدا دەبێ ئاماژە بکەینە دوو خاڵی گرینگ:

١- دوای چەند جار بەزینی ئێران بە دەست ڕووسیا لە زەمانی فەتحعەلی‌شادا، بڕشتی دەسەڵاتی نوێنەرانی سیاسیی ڕووس و ئینگلیس لە ئێران هێندە هەوراز چووبوو کە نەک تەنیا توانیبوویان هەوساری کاروباری سیاسیی وڵات بە دەستەوە بگرن، بەڵکوو بەپێی پێویستی سیاسەتی دەوڵەتەکانیان خۆیان لە کاروباری خەڵکیش هەڵدەقوتاند. هەر وەزیرێک کە باڵی یەکێک لەم دووانەی بە

سەر کشابا و فەرمانەکانی ئەوانی جێبەجێ کردبا. ئەگەر تەنانەت تووشی کاری بێجێ و نادادپەروەرانەش بووبا، دەپارێزرا و کەس نەیدەتوانی لێی بپرسێتەوە.

٢- سەرەڕۆییی خودی پادشا. بەتایبەت ناسرەددینشا و پیاوانی دەوروبەر و نێزیکی و کەلەزەری و چاوچنۆکیی تاقمی دەسەلاتداران گەییوویە ئەوپەڕی خۆی. شا بێئەوەی خۆی لە پێشگای هیچ جێگە و پێگەیەکدا بە بەرپرس و وەڵامدەرەوە بزانێ و لە هیچ یاسا و دادەوانی و سزایەک بترسێ، بە مەیلی خۆی دەجووڵایەوە و هەر کەسێکی کە ئێشتای لێبا بە ئاماژەیەک دەیکوشت یان کوێری دەکرد و ئەگەر مەیلی لێ بووبا دەیتوانی دەست بە سەر ماڵی هەر کەسێکدا بگرێ. پادشا لەم ڕەوت و ڕێبازەدا تەنانەت لە نێزیکانی خۆشی نەدەپرینگایەوە و بەم شێوەیە مەزن و ماقووڵانی باڵادەست و چینی ناوەندیش لە ئاست ملهوڕیی پادشا و کۆڕی دەوڵەتدارانیدا گیان و ماڵیان پارێزراو نەبوو.

بەپێی وردبوونەوە لەم دوو خاڵەی سەرەوە، دەبێ زۆر بەداخەوە پێی لێ بنێین کە وەختایەک هێندێک کەس برشت و دەسەلاتی نوێنەرانی سیاسیی وڵاتانی دەرەوەیان لە ئێراندا ئاوا هاتە بەرچاو. بە مەبەستی پاراستنی گیان و ماڵ یان بەرەوپێشەوەچوونی کاری دنیایی و وەرگرتنی پلەی بەرز و باڵا یان بۆ خۆ شاردنەوە لە سزادران و دەربازبوون لە چنگ بەدواداچوونی دیوانی میری، ئەگەر تووشی تاوان و ناپاکی دەبوون، خێرایەکی دەچوونە ژێر باڵدەی ئەوان و نوێنەرە سیاسییەکانی ڕووس و ئینگلیس و دواتر عوسمانی و وڵاتانی ئورووپایی بە ئامێزی ئاواڵەوە بەرەوپیری ئەم پەنابردنە دەچوون، چونکە هەم ڕێگایەک بوو بۆ تەنینەوەی پتری برشتی دەسەلاتیان و هەم بیانوویەکی تازەش بوو کە دەیانتوانی پادشا و پایەبەرزانی حکوومەتی پێهەڵپێچن. ئەوەی ڕاستی بێ نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەوانەی دەکەوتنە کۆشی بێگانە، خۆیان لە دامودەزگای میری نێزیک بوون یان هێندێک دەوڵەمەند بوون کە پادشا و بارگانشینان تەمایان تێکردبوون [هەتا دایانکرووسێنن]. دەستەی یەکەم بریتی بوون لە کۆمەڵێک شازادە و وەزیر و پیاوی سیاسیی هەڵپەسێردراو و سەرەوەشکێنکراو و دەستەی دووهەم تاقمێک بازرگان و ملکدار و دەرەبەگ بوون کە پەرۆی شینی ژێرباڵدەبوونی بێگانەیان لەسەر شانی خۆیان قایم دەکرد. ئەگەرچی ئەم کەسانە هێندە نەبوون و زۆربەی خەڵک لەبەر ویشکەدەماربوونی دینی لەو سەردەمەدا،

خۆیان لە کارێکی ئاوا پڕ شەرم و شوورەیی دەپاراست. بەڵام دیسانیش کردەوەی ئەم تاقمە کەمە لە نێو خەڵکی ڕووناکبیر و نیشتمانخۆشەویستدا زۆری ڕەنگدابۆوە و ببوو بە چەکێکی یەکجار بەبڕشت لە دەست توێژی مەلاکان و ئازادیخوازان بۆ خەبات دژی شا و دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی وڵات.

*چوارەم:* ڕێکخراوی «فراماسۆنیری»ی ئێران کە ئازمولئیسلامی کرمانی پێیوایە میرزا مەلکەمخان بە ناوی «فەرامۆشخانە» دایمەزراندووە و نووسەرانی ئینگلیسیش ئۆبالی لەسەر دەکێشن. دەورێکی یەکجار گرینگی لە شۆرشی ئارامی ئێراندا گێڕاوە و گەلێک لە سەرۆکانی مەشرووتەخوازی وەکوو «سەید محەممەد تەباتەبایی» ئەندامی بوون کە میدالیای ژەنەراڵ فراماسۆنیریی پێبەخشراوە. ئازمولئیسلامی کرمانی هەر دەڵێی چونکە فراماسۆنیری لە زۆربەی وڵاتانی دنیا و بەتایبەت لە ئێراندا، پەیرەوکەری بیر و بۆچوونە سیاسییەکانی ئینگلیس بووە، سامی ڕێنیشتووە و تۆقیوە و هەولی داوە وای نیشان بدا کە فەرامۆشخانەی میرزا مەلکەمخان ڕێکخراو و ئەنجومەنێکی جیاوازە لە فراماسۆنیری و لەم بابەتەوە ئاوای نووسیوە:

«ئەگەرچی هێندێک بە هەڵە تێگەیون و دەڵێن میرزا مەلکەمخان ویستوویەتی کە کۆمەڵەی فراماسیۆن پێکبێنێ. بەڵام زانایان و وردبینان بە چاکی دەزانن کە ئامانجی مەلکەمخان ئەوە بوو کە ئەنجومەنێک دامەزرێنێ بە ناوی «فەرامۆشخانە»، نەک کۆمەڵەی فەراماسیۆن؛ چونکە دانانی فراماسیۆن لە شار یان وڵاتێکدا دەبێ یەکدەنگیی کۆمەڵێک کاربەدەستی پایەبەرزی ئەنجومەنی باڵای لەسەر بێ و لەو ڕۆژگارەدا ئێران و تاران کۆمەڵە کەسێکی ئاوای لێ نەبووە و هەلومەرجی داندرانی نەرەخساوە. یانی مەبەستی لە دامەزراندنی فەرامۆشخانە تەنیا بەدی هێنانی یەکییەتی بووە لە نێو ئێرانییان. بەتایبەت پایەبەرزانی بارگای میریدا و وەکوو ئاشکرایە ڕێکخراوی فراماسۆنیری دنیاتەنەوەیە و لەسەر پێوشوێنی یەکبوونی مرۆڤ و پێکهێنانی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی دەڕوا.»[1]

وەکوو ئاشکرایە فراماسۆنیری یەکێکە لە کۆنترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی جیهان و دامەزراندنی دەدەنە پاڵ تاقمێک وەستاکار و کرێکاری نارەزامەندی سەردەمی «سولەیمانپێغەمبەر»ی پادشای فەلەستینی لەمێژین کە لەم ڕۆژگارەدا

---

١- مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان، ل ١١٨.

ژیاوەتەوە و دروشمەکەی بریتییە لە پاراستنی مافی سروشتیی مرۆڤەکان و پشتیوانی کردن لە مرۆڤایەتی و کۆتاییهێنان بە ناکۆکی دینی و یارمەتیدانی مرۆڤ هەتا ڕەوشتی پاک بکاتەوە و ڕێگا بۆ گەشەی بیری کۆمەڵ تەخت بکا.[١] هەر کەس ویستبای کە وەک ئەندامی فراماسۆنێری وەربگیرێ دەبوو بە یازدە قۆناغدا تێپەڕێ و پێپەلاچوونی لە پلەیەکەوە بۆ یەکی سەرتر پێویستی بە هەلومەرجی تایبەت و لێوەشاوەیی بوو. ئەندامانی فراماسۆنێری قسەنەدرکێن و ڕاگری نهێنی و پارێزەری ڕێوشوێن و ئابڕووی ڕێکخراوەکەی خۆیان بوون و زۆربەیان هەر لەو زانا و پیاوە وردبینانە بوون کە نازمولئیسلامی دڵپاک و پاکسرشتی ئێرانیی خستبوویە هەڵەوە هەتا لای وابێ کە فەرامۆشخانەی میرزا مەلکەمخان ئەنجومەنێکی ساکارە و جیاوازە لە ڕێکخراوی فراماسۆنێری.

ئەگەر بێتوو ئەو باسوخواسە وەلابنێین کە فراماسۆنێری سەر بە ئینگلستانە یان نا و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە پەیرەو دەکا. بەڕاستی دروشمی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ هەر کەسێکی ڕووناکبیری ئازادیخواز و مرۆڤدۆست جێگای سەرنجە و بێگومان لقی فراماسۆنێریی ئێران ناوەندێکی گرینگ بووە بۆ ئاشنایەتی و گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێو ئەم چەشنە کەسانەدا. لەو ڕۆژگارە قڕوقپ و پڕ نەزانییەدا کە دەسەڵاتی ملهوڕانە و سەرەڕۆی ناسرەددینشا سێبەری هاویشتبوویە سەر تەواوی کاروبارەکانی گەل و نیشتمان، ئەندامبوون لە ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆدا بە مایەی سەربەرزی و بەخۆنازین داندراوە. نازمولئیسلام سەبارەت بە دیدار و وتوویێژی میرزا مەلکەمخان لەگەڵ ئاغا سەید سادق تەباتەبایی و سەید محەممەدی کوڕیدا، بابەتێکی سەبارەت بە ئاکامی چاوپێکەوتنەکان نووسیوە و دەڵێ:

«... ناوبراو [مەلکەمخان] لەگەڵ بەڕێز حوججەتولئیسلام دوور لە چاوی ئەغیار پێکەوە دانیشتن و دەرگایان لەسەر خۆیان پێوەدا. ئەو چارەگەسەعاتەی قەرار وابوو دیدارەکەیان تەواو بێ، پێنجشەش سەعاتێکی پێچوو. لەم ماوەیەدا زۆرجاران میرزا مەلکەمخان دەیهەویست هەستێ و بڕوا، بەڵام ئاغای بەڕێز نەیدەهێشت. کەس نەیزانی چ قسەیەکیان لە نێوانیدا هاتوچوو، بەڵام لەو ڕۆژە بە دواوە حوججەتولئیسلامی تاران هەڵوێست و هەنگاوی تەواو گۆڕا و لەپێناو

---

١- بێگومان کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی سیاسی کە ئەم ڕێکخراوەیە لە سەردەمی نوێدا خستوویەتە نێو چوارچێوەی چەند دروشمێکی ئاپۆرەخەڵەتێن، لە خوێنەران ڕوونە.

ئامانج و ڕێبازی میرزا مەلکەمخان‌دا هەم سەری خۆی دانا و هەم سەری کوڕەکەی؛ هەر بۆیە دەڵێن خوداڵێخۆشبوو ئاغا سەید سادق تەباتەبایی و ئاغا میرزا سەید محەممەدی کوڕی پایەبەرزی، بە چەشنێک تێکەڵاوی فراماسیۆن بوون. وەکوو لە ڕووی هەڵسوکەوت و هەنگاوەکانی بەڕێز ئاغا میرزا سەید محەممەدی تەباتەبایی‌را وەدەردەکەوێ. دیارە ئەم پێشەوا گەورە ئیسلامییە چ ڕەوت و ڕێبازێکی ڕەچاو کردووە و بە شوێن چ ئامانجێک‌دا هەنگاوی ناوە.»[1]

پێنجەم: بزووتنەوەی فکری کە بوو بە سەرچاوەی بەرچاوڕووونبوونەوەی تاقمێک لە خەڵکی شارنشینی ئێران، نەک هەر سەرتاسەری وڵاتی نەگرتەوە، بەڵکوو لە نێو شارنشینانیش‌دا تەنیا توانی کە پۆلێکی کەم بۆ لای خۆی رابکێشێ. بێ‌گومان دەبێ پێی لێ بنێین کە ئەم شەپۆلە هەر لەتەرکێن نەیتوانیبوو جەماوەری گوندنشین بگرێتەوە و لە ڕەوتی ڕوونبوونەوەیان‌دا دەور بگێڕێ. وەکوو پێشتر باسمان کردووە، نیزیکەی سەتی ٧٠ تا ٧٥ی جەماوەری وڵات گوندەکی بوون و بە سینەی نەزانی و نەخوێندەواری و بێ‌ئاگایی‌دا ڕۆچووبوون. لە ڕوانگەی ئەم خەڵکەوە کە باری قورسی داسەپاوی چین و توێژە باڵادەستەکانیان دەکەوتە سەر شانی، ئاغا و کوێخای خۆیی و بێگانە بێ‌جیاوازی بوون. جەماوەری گوندەکی نە ئێیەستەی ملکدار و دەرەبەگی نێوخۆی بوو، نە گوێی بە دەستێوەردانی سیاسەتەکانی بێگانە دەبزووت. [کۆمەڵی گوندەکی]، کۆمەڵێکی مەزهەبی بوو و تەنیا فەرمان و فتوای پێشەنگانی دینی و مەلا هەرە زلەکان دەیتوانی بیانبزوێنێ و بۆ چالاکی بیانهارووژێنێ؛ کەوایە جەماوەری دێ‌نشین نەیتوانیوە لە شۆرشی ئارامی ئێران و گۆڕانی سیستمی سیاسی‌دا هیچ دەورێک بگێڕێ. یانی وەکوو نووسەرانی ڕووسیش ئاماژەیان پێکردووە؛ ئەم شۆرشە شۆرشێکی بورژوازی بووە و دەورگێڕەکانی بریتی بوون لە دەرەبەگان، ملکداران و بازرگانانی مەزن و ماقووڵ و ژمارەیەکی کەم کاسپکاری شارنشین.

بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی کە کردمان و گوتمان جەماوەری گوندنشینی ئێران، یانی سەتی ٧٥ی خەڵکی وڵات نەکەوتوونە نێو شەپۆلی شۆرشی ئارام و بێ‌ونەبێ ئاکامی شۆرشەکەش نەیگرتوونەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە فەرمانی مەشرووتە بکەوێتە بەر خوێندنەوە. لەم فەرمانەدا کە دواتر هەمووی دەخەینە بەرچاو.

---

[1] - مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان، ل ١٢٠.

بە روون و ئاشکرایی نووسراوە کە مەجلیسی شوورای نیشتمانی دەبێ لەو کەسانە پێک بێ کە لە لایەن شازادەکانی قاجار، پێشەوایانی دینی، مەزنان، پیاوماقوولان، ملکداران، بازرگانان و کاسپکارانەوە هەڵدەبژێردرێن و بە هیچ شێوەیەک باسی جەماوەری گوندەکی نەکراوە.

شەشەم: وەکوو دوایین خاڵ سەبارەت بە شۆڕشی ئارام کە پێویستە بیخەینە بەرچاو، مەبەستی بوون و نەبوونی یەکئامانجییە؛ یانی ئەو تاقم و دەستە و کەسانەی کە دەکەوتنە ریزی شۆڕش هەموویان خاوەنی ئامانج و بۆچوون و مەبەستی یەکسان نەبوون. ئەگەرچی خەباتی ئارام و هێمنانەی بەشدارانی شۆڕش لەگەڵ سیستمی پادشایەتی و حکوومەتی موزەففەرەددینشا بەرواڵەت کەوتبوونە سەر ڕێبازێک، بەڵام لە ڕاستیدا هەر یەکەو لە ئاهاتووی شۆڕشدا بە شوێن دەوری خۆیدا دەگەڕا. دەرەبەگان دەیانەویست ژیانێکی بێ تێل و بەند و خودبەسەرانەیان هەبێ و ملکداران بۆ خۆ شاردنەوە لە دانی پیتاک و چەوساندنەوەی پتری جووتیاران هەولیان دەدا و توێژی مەلاکانیش هەڵپەیان بوو هەتا هێز و دەسەڵاتیان لە ڕەوتی کاروباری سیاسیی وڵاتدا چاک بچەسپێ و ڕەنگ بداتەوە. ئەم ناتەبایی و ناکۆکییەی نێوان ئامانجەکانی دەورگێڕانی سەردەمی شۆڕشی ئارام، هەر لەڕێوە و دوابەدوای دامەزرانی سیستمی مەشرووتە و پێکهاتنی مەجلیسی شوورای نیشتمانیدا خۆی نواند و تەنانەت لە نێو هەڵسووڕێنەران و ڕێبەرانی هەرکام لە چین و توێژەکانیشدا لەسەر پرس و بابەتی چەشناوچەشن ناتەبایی لە بیر و بۆچووندا ڕووی دا؛ یانی کۆمەڵێک مەلا هاتنە مەیدان کە بە شوێن «مەشرووتەی مەشرووعە»دا عەوداڵ بوون. بە واتایەکی دیکە ئەم تاقمە مەلایە کە لە لایەن کەسانی دژی شۆڕش و حکوومەتی محەممەدعەلیشا و سیاسەتی ڕووسیای قەیسەرییەوە پشتیوانییان لێ دەکرا، بە باڵی ڕاست یا کۆنەپەرستی شۆڕش دادەندران. وەک سەید ئەحمەد کەسرەوی دەڵێ «بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی بە دڵپاکی دەستی پێکرد و بە دڵناپاکیی نێوان کەسان و تاقمەکان کۆتایی پێهات و چەند دەستێک لە دەر و ژوورەوە خۆیان تێوەردا و شێواندیان و نەیانهێشت بە ئاکام بگا.»

یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران ڕەنگدانەوەی هاوڕایی و هاوهەنگاویی کەسانێکی بەبڕشت و دەسەڵات و خزم و نیزیکی پادشا و

بارگـای میرییـە لەگـەڵ ئـازادیخوازان و یارمـەتیی هەمەلایەنـەیان گـوری دا بـە پێشـکەوتنی شۆرشـی مەشـرووتەی ئێـران. «سـالاروددەولە»ی کـوری موزەففەرەددینشـا کـە لاوێکـی پـر گـور و تـین و سـەرکێش و فـەرمانرەوای سەرتاسـەری بـاڵی خۆرنشـینی ئێران واتە کوردسـتان و لورسـتان بـوو. بە دنەی «حـاجی نەسـرولمولکی شـیرازی»ی جێگـری کـە پیـاوێکی ئـازادیخواز بـوو. دوای دیدار و وتوویژی لەگەڵ «مەلیکولموتەکەللیمین» کە چووبوویە کوردستان، دەنگی هەڵێنا و گوتی لایەنگری مەشرووتەخوازانە. سالاروددەولە چونکە فەرمانرەوای ناوچە عەشیرەتنشینەکانی خۆراوای ئێران بوو، دەیتوانی لە جەنگەی پێویستدا جەماوەر بجوولێنێتـەوە و بـە گەلـەجار بیانهێنێ بۆ یاریدەی ئازادیخوازان و ئەم هاوکاری و هەڵوێستەی لەگەڵ بزووتنەوەی مەشرووتە یەکجار جێگای بایەخ بوو؛ بـەلام خـۆ لـە راسـتیدا سـالاروددەولە نەیدەویست حکوومـەت یـان سیسـتمێکی پارلمـانی دابمـەزرێ، بـەلکوو ئامـانجی ئەمە بوو ئەگەر کریمـان سیستمێکی ئاواش دامەزرا، دەبێ لە چاکەی هاودەنگی و هاوهەنگاوی لەگەڵ مەشرووتەخوازان لەسەر تەختی دەسەلات پاڵ بداتەوە یان لانیکەم بکاتە پلەی سەرۆکوەزیرایەتی. هەر بۆیە کاتێک پاش «شۆرشی گەورە»، دامودەزگای دژی شۆرشی محەممەدعەلیشا بە سـەریەکدا جمـی و هاڵۆزکـا و ئەحمـەدمیرزا وەک ئەحمەدشـا هـەلبژێردرا، سـالاروددەولە یـانی هـەر ئـەو شۆرشـگێرە گـەرموگورەی دوێنـێ بـەجارێک هەلگەرایەوە و گۆرا و ئەو هێزەی کە بریار وابوو لەپێناو وەدی هاتنی ئاوات و ئامانجـەکانی ئـازایخوازاندا بیخاتـە کـەر، لـە رێـی تێکدانی بنـەمای مەشـرووتە و یاریدەدانی محەممەدعەلیمیرزای برای لێخراویدا هێنایە مەیدان.[1]

---

١- یـەکێک لـە پیرەپیـاوە سۆسـیال دیموکراتـەکانی هەمـەدان دەیگـوت، جـاری یەکـەم کـە سالاروددەولە لە قەلافەتی مەشرووتەخوازێکدا هەڵیکوتایە سەر هەمەدان، ماڵ و سامانی یەکێک لە خانەکانی قەرەگوێزلووی تالان کرد کە سەر بە حکوومـەتی ملهورانـەی میری بوو. جاری دووهەم کە رووی راستەقینەی خـۆی نیشان دا و دیسـاتیش هاتـەوە سوێی هەمەدان و خۆی لە یاریدەدانی محەممەدعەلیمیرزای برای هەڵکرد، سەرلەنوێ پەلاماری بردەوە سـەر مـاڵی ئـەو خانـەی قـەرەگوێزلوو، چونکـە خـانی نـاوبراو بـەناچار و بـەپێی بەرژەوەندیی رۆژگار و پاراستنی ملکوماش و سامانی کەولی مەشرووتەخوازانی بە سەر خۆی هەڵکێشابوو.

دەستەیەک لە پیاوانی پایەبەرز و قسەرۆیشتووی هەڵکەوتەی حکوومەتی ملهوڕانەی پادشایەتی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیاندا یاریدەی ئازادیخوازانیان داوە و لێرەدا دەچینە سەر بابەتێک کە دوکتۆر مەلیکزادە لە کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی مەلیکولموتەکەللیمین»دا هێناویەتی:

«کۆمەڵەی ئازادیخوازان مەبەستێکی دیکەیان کەوتە بەر سەرنج و تێراچوون هەتا ئەوەندەی بۆیان دەلوێ ناتەبایی و ناکۆکییە سیاسی و باڵباڵێنەکانی توێژی دەسەڵاتداران بخوازنەوە و بۆ بەرژەوەندی و دابینکرانی ئازادی و حکوومەتی نەتەوەیی کەڵکیان لێوەربگرن. لە هەمووان گرینگتر دژایەتی و پێکەوە نەحاوانەوەی لایەنگرانی میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەتابەک بوو لەگەڵ «عەینوددەولە»ی مەزنەوەزیری سەردەم... عەینوددەولە پیاوێکی ملهوڕ و بەبڕشت و بەزەبروزەنگ و ناخۆشەویستی ئازادیخوازان بوو... چونکە یەکێکی یەکجار دەسقووچاوی چنۆک بوو، هیچ پارەیەکی نەدەخستە گیرفانی مەلایانی ئالقە بە گوێی بارگای میری و لایەکی واشی لێ نەدەکردنەوە. هەر لەسەر پێوشوێنی ئەم راستەقینەیە بوو کە تاقمێک لە مەزنەمەلاکان و گەورەپیاوانی کۆمەڵگا کە لە دەرووندا لایەنگری میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەتابەک بوون و پارەیەکی چاکیشی بە سەردا ڕشتبوون، دژی عەینوددەولە دەجووڵانەوە و لێی وەخۆ کەوتبوون و دامودەزگای دەسەڵاتی خۆیان بۆ لێدانی خستبوویە کار.»

«وەکوو ناسروسسەتەنە بۆ نووسەری گێڕاوەتەوە، کاتێک ئەتابەک خەریک بوو لە ئێران وەدەرکەوێ، پارەیەکی زۆری لە نێو مەلا زل و قسەرۆیشتووەکانی سەر بە بارگای میریدا دابەش کرد و گوژمەیەکی بەرچاویشی بۆ پێشکەوتنی ئامانجەکانی یان بە واتەیەکی دیکە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بێتەوە سەر کار و ببێتەوە سەرۆکوەزیر، نایە بەردەستی داروودەستە و پیاوەکانی خۆی... بەم شێوەیە ئازادیخوازان و لایەنگرانی میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەتابەک بوونە خاوەنی ئامانجێکی هاوبەش و ئەویش دژاتیکردنی عەینوددەولە بوو. کەوایە ئەم دوو تاقمە هەرکام بە شوێن ئامانجێکی جیاوازدا هەنگاویان دەنا و خاوەنی بیروباوەڕێکی لێک جودا بوون و لە ڕووی ناچاریڕا ئاوا لە یەکتر نیزیک ببوونەوە.»

نابێ لە بیرمان بچێ کە پەیدابوونی ناکۆکی و لێکترازان لە نێو ئەو کەس و تاقمانەدا کە ماوەیەک بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی شۆڕشی سیاسی

شانبەشانی یەکتر خەبات دەکەن. لە تەواوی وڵاتان و شۆڕشەکانی دیکەی دنیادا نموونەیان زۆرە و ئەم ڕەوتە تایبەت نەبووە بە شۆڕشی ئێران. ئەو کەسانەی کە مێژووی شۆڕشی مەزنی فەرانسەیان خوێندۆتەوە (١٧٨٩ ـ ١٧٩٢)، بۆیان دەردەکەوێ کە دەورگێڕانی شانۆی سیاسەت و شۆڕش چۆن بە شێوەیەکی جێگای سەرسوڕمانی خێرا دەوری خۆیان گۆڕیوە و چلۆن پاش سەقامگیربوونی سیستمی پارلمانی، حیزبە سیاسییەکان کەوتوونە ملانەی توندوتیژ دژی یەکتر و بە ڕێبازی ئاشتنەبوونەوەدا هەنگاویان ناوە و شیریان هەوری داهێناوە و خوێنیان کەوتۆتە نێوان و گەلێک کەس سەریان لەم ڕێگایەدا تێدا چووە و کوشتار ئاشی پێگەڕاوە و زۆر خانەدان خاشەیان براوە. شۆڕشی ئێرانیش خۆ نەیدەتوانی لەم ڕەوتەی ماکە و هەوێنی شۆڕشان بەدەر و دوور بێ، بەڵام ئەوەندەی هەیە کە مرۆڤی ئێرانی هەر بە شێوەیەکی سروشتی و خۆرسکانە زیتەکە و ڕەوشت فەیلەسووفانەیە و لە خوێنڕشتن و یەکتر بوغزاندن بێزارە و لە خەڵکی زۆربەی دنیای خۆراوا پتر لێبووردە و جوامێرترە؛ هەر بۆیە لەچاو کۆمەڵێک ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێنی شۆڕشی مەزنی فەرانسە و شۆڕشی مەزنی ڕووسیا، دیمەنی تاڵی زۆر کەم بە خۆیەوە بینیوە و ئەم ڕەوتە لە سەردەمی شۆڕشی ئارام و شۆڕشی گەورەی ئێراندا ئاوای ڕەنگ داوەتەوە. ڕووداوی دڵڕەقانەی جەنگەی ڕاپەڕینی جەماوەری ئێران پتر بریتی بووە لە ئازار و ئەشکەنجە و ئیعدامی کۆمەڵێک پیاوی گیانباز و خۆبەختکەر بە دەست داردەستەکانی حکوومەتی ملهوڕانەی میری. بەڕاستی زۆر جێگای سەرنجە کە ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەران، هەم لە قۆناخی شۆڕشی ئارام و هەم پاش سەرکەوتن بە سەر دوژمنانی ئازادیدا، لەگەڵ خەنیمەکان بەوپەڕی جوامێری و لێبووردەیی جووڵاونەوە.[1]

١- ئەگەر لێبووردەیی و بەخشینی ڕێبەرانی شۆرش کە دوای سەرکەوتن لەسەر کورسییەکانی پارلمان پاڵیان دابوویەوە، بە باری جوامێری و دابی ئەخلاقیدا، جێی پەسن و پێداهەڵدان بێ، بێگومان بە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەپێچەوانە بووە و ئەم مەبەستە گەلێک جاران لە پارلمانی نیشتمانی و لە نێوان زۆرینە و کەمینەدا قرە و هەرای نایەوە و دوژمنانی مەشرووتە و ئازادی قسەیان لەسەر کرا. لە بەشی داهاتوودا باسەکە پتر هەڵدەدەینەوە.

## II

## ڕەوتی شۆڕشی ئارام

### عەینوددەولەی سەرۆکوەزیر

میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەتابەکی ئەعزەم واتە ئەمینوسسولتان کە سالی ١٩٠٢/١٣٢٠ لە جەنگەی دووهەم گەشتی موزەففەرەددینشادا بۆ ئورووپا هەوساری کاروباری ولاتی کەوتبوویە دەست. بەوپەڕی زەبروزەنگ لەگەل ئازادیخوازان و مەشرووتەخوازان جوولایەوە کە ماوەیەک بوو خەریکی هەول و هەلسووڕان و چالاکی بوون. مەزنەوەزیر هەر لای لە مەلایان نەکردەوە و وا بە چاوی سووک لە داب و نەریتی دینی ڕوانی کە هێندێک مەلا لێی وەخۆ کەوتن و کردیانە هەرا کە لە دین وەرگەڕاوە و فتوایان لەسەر دا. دوای ئەوەی کە موزەففەرەددینشا لە ئورووپا گەڕایەوە و بیرەوەریی تال و ناخۆشی ترورکران و وەبەرنەهاتنی لە ولاتی ئوتریشەوە لەگەل خۆی هێنایەوە، زەندەقی چوو لە هەول و هەلسووڕانی مەلایان و بە پێکهاتنی کۆمەلی خەباتکاران و ئازادیخوازان تەواو ترسی ڕێنیشت و وەختایەک بۆی دەرکەوت کە ئەمینوسسولتان لەبەرچاوی زۆربەی پێشەوایانی دینی و ڕووناکبیران و بازارییان ڕەش بووە و ناخۆشەویستە، مانگی جەمادی دووهەمی سالی ١٣٢١ی کۆچی لەسەر کاری لابرد و دووری خستەوە بۆ دوورەولاتان و شازادە عەبدولمەجیدمیرزا عەینوددەولەی لە جێی دانا و کردی بە سەرۆکوەزیر. پادشا بۆ ئەوەی پریشکەی ئاوری چالاکی و بزووتنەوەکانی مەشرووتەخوازان نەیگرێتەوە و پارێزراوبێ، وای بە باش زانی کە بەرەو ئورووپا بڕوا و بە شێوەیەکی پەنامەکی قەرزێکی لە ڕووسیای قەیسەری وەرگرت.

لە جەنگەی چوونە سەفەری شادا، محەممەدعەلیمیرزای جێگرەوەیپادشا ببوو بە بریکاری پادشایەتی و عەینوددەولە کە پیاوێکی یەکجار غللوور و خۆ بەزلزان و ملهوڕ بوو، کەموزۆر تەواوی کاروباری ولاتی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و بوو بە دیکتاتۆرێکی عەیار بیستوچوار و لێبڕا هەتا هەلی سەفەری موزەففەرەددینشا بخوازێتەوە کە ڕەنگبوو سەر وەبەر داخوازی نەتەوەپەروەران و مەشرووتەخوازان بێنێ و ویستی تێکیانبشکێنێ، بەلام ئازادیخوازان بە لەخۆبووردوویی و جوامێریی جێپەسند لە قۆناخی بە

دەستەوەنەبوونی پادشادا. خۆیان لە هەر چەشنە هەنگاوێکی توندوتیژی دژی عەینوددەولە و دامودەزگای حکوومەت پاراست و هەر کە موزەففەرەددینشا لە سەفەری ئورووپای گەرایەوە، وەخۆکەوتنەوە.

## دەسپێکی ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە

یەکەمین بانگەوازی ئازادیخوازی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی محەڕڕەمی سالی ۱۳۲۳ی ک. کە چەند مەلایەک لە «کرمان»ەوە هەلیانگیرساند. شازادە «ڕوکنوددەولە»ی حوکمداری شارەکە لێیان وەدەست هات و کەوتە پەیکەردەیان و لە گەرمەی هەرا و ئاژاوەدا چەند کەسێکی لێ کوشتن. محەممەدعەلیمیرزای جێگرەوەیپادشا، حوکمداری کرمانی بانگهێشتەوە تاران و «زەفەروسسەلتەنە»ی لە جێی دانا و ئەویش بەوپەڕی زەبروزەنگەوە جوولایەوە و ئاوری ڕاپەڕینەکەی داکووژاند. هەر کە هەوالی بزووتنەوەی کرمان گەیشتە تاران، کۆمەلی ئازادیخوازان کە ماوەیەک بوو بە سەرۆکایەتیی دوو مەزنەمەلای مەشرووتەخوازی تاران یانی سەید عەبدوللا بیهبەهانی و سەید محەممەد تەباتەبایی کۆدەبوونەوە و گوریان دەبەست، تەمایان گرت هەتا داوا لە پادشای تازە لە سەفەرگەڕاوەی ئورووپا بکەن «زەفەروسسەلتەنە» لەسەر کار لابەرێ و بۆ ئەم مەبەستە کاغەزێکیان لە شا نووسی. عەینوددەولە دەستی بە سەر کاغەزەکەدا گرت و ویستی هەتا بەر بە ئامانجی ئازادیخوازان بگرێ و چەند کەس لە ئەندامانی کۆمەلە نهێنییەکەیانی گرت و لە بەندی توند کردن.[۱]

بنکەی ژین

---

۱- باری ئازادیخوازی و بیری بەرز و دادخوازیی حاجی شێخ هادی نەجمئابادی و خەباتی وی دژی دەلەچەیی و ڕیاییبازیی ئەو تویژەی کە بە ناوی مەلایەتی خۆیان بە مەلایەتییەوە هەلاوەسیوە و هەروەها یاریدەدانی نەتەوەپەروەران و مەشرووتەخوازان، کەوتۆتە بەر پەسن و پێداهەلدانی زۆربەی نووسەرانی مێژووی مەشرووتەی ئێران. وەکوو دوکتۆر مەهدی مەلیکزادە دەلێ: «ئاخوندەکانی سەر بە بارگای میری فتوایان دا کە کافرە و هەروەک ئازادیخوازان ئەویش ئەم پریشکەی وەبەرکەوت. دەیانگوت کابرایەکی بێدینە و لەسەر ئەو ڕێ و ڕێبازە دەڕوا کە دنیایان بە خۆرسک داناوە. دەستەیەکیش گوتوویانە سەر بە ڕێبازی «بابی»یە و چەندی بژیان کراوە، سووکایەتییان بەو پیاوە گەورەیە کردووە.»

ئازادیخوازان هارووژان و لە دەوری مەلایان کۆبوونەوە کە ئەو کاتە ببوونە کوانووی جێی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک. وتاربێژانی زمانپاراوی وەکوو مەلیکولموتەکەللیمین و سەید جەمالەددینی واعیزی ئیسفەهانی و چەند کەسێکی دیکە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی مزگەوت و جەماوەریدا. زۆر توند بەگژ کارەکانی عەینوددەولەدا چوونەوە و ئەسکۆییان لە دیزەی رەوشتی ناپاک و ئاکاری بارگانشینان وەردا. هەر لەو سەروبەندەدا خەلکی تاران لە هەموو چین و توێژێک لە مزگەوتی شا کۆبوونەوە و چەند مەلایەک سەبارەت بە ئازادی و حکوومەتی مەشرووتەی پارلمانی وتاریان دا.

سەربازەکانی عەینوددەولە مزگەوتەکەیان گەمارۆ دا و بە زەبری سەرەنێزە بڵاوەیان بە خەڵک کرد و زانایانی دینی و مەلاکان پەنایان بردە بەر مەرقەدی حەزرەتی عەبدولعەزیم.

کۆڕ و کۆمەڵی نەتەوەپەروەران و مەشرووتەخوازان و کاسپکاران و خەڵکی بازار هەرکام لە بالیکەوە و بەپێی هێز و توانستی خۆیان وەخۆکەوتن و پێشەنگان و رێبەرانی ئەم کۆمەڵە و تاقمانە رایەڵەی پەیوەندییان لە نێوان‌دا دامەزرا. «ئەمیر بەهادور»ی وەزیری بارگا، لە لایەن عەینوددەولەوە راسپێردرا هەتا بە فێڵوفرت و هەرەشە پەناگرتووەکانی مەرقەدی حەزرەتی عەبدولعەزیم بگێڕێتەوە تاران و مامۆستایانی ئایینی ملیان بۆ ویستەکەی راکێشا. بەڵام ئەوانەی کە لە مەبەستی چەپەڵی عەینوددەولە و ئەمیر بەهادور حالی ببوون، بۆ نموونە کورانی تەباتەبایی نەیانهێشت پەناگرتووەکان لە شوێنی خۆیان ببزوون و بگەڕێنەوە.

بنکەی ژین

**باڵوێزی عوسمانی دەبێتە نێوبژیوان**

بەپێی پێشنیاری عەینوددەولە، سەید ئەحمەد تەباتەبایی برای سەید محەممەد تەباتەبایی لە لایەن پەناگرتووەکانەوە هەڵبژێردرا هەتا راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆکوەزیر و پادشا بکەوێتە گوفتوگۆ. پاش دیداری سەید ئەحمەد و گەڕانەوەی بۆ مەرقەدی حەزرەتی عەبدولعەزیم. جەماوەر لێی وەگومان

کەوتن و بڕوایان بە قسەکانی نەکرد و لە ڕاستیدا زۆر دواتر ڕوون بۆوە کە سەید ئەحمەد تەباتەبایی و عەینوددەولە لە ژێرەوە پێکەوە سازاون.[١]

عەینوددەولە دەیزانی کە موزەففەرەددینشا پیاوێکی پاکسرشت و دڵنەرم و بەسۆزە، نەیدەویست کە مەشرووتەخوازان ڕاستەوخۆ لەگەڵی بکەونە گوفتوگۆ و چاویان پێی بکەوێ. جا هەر بۆیە پەناگرتووەکانی حەزرەتی عەبدولعەزیم و ڕێبەران و سەرکردەکانی دیکەی مەشرووتەخوازان لێبڕان هەتا داوا لە پادشا بکەن عەینوددەولە لەسەر کار لابەرێ و لێیان سوور بوو ئەگەر بێتوو سەرکەوتوو بن، کۆمەڵێک سەرکەوتنی دیکەش وەدەست دێنن؛ بەڵام چونکە هێشتا بزووتنەوەکە هێزێکی ئاوای بۆ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ تێنەزابوو، مەزنەمەلاکانی پەناگرتوو، باڵوێزی عوسمانییان کردە نێوبژیوانی خۆیان و پادشا و ئەویش ڕاپەراندنی ئەم ئەرکەی قبووڵ کرد و داوانامەکەی لێوەرگرتن و بردی و دایە دەستی موشیروددەولەی وەزیری کاروباری دەرەوە و ئەویش یەکسەر بردی بۆ پادشا و لە ڕووی عەینوددەولەدا بۆ شای خوێندەوە. لەم داوانامەیەدا نووسرابوو کە پێویستە یاساکانی ئیسلام لە سەرتاسەری وڵاتدا پەیڕەو بکرێ و «نووز»ی بلژیکی لە سەرۆکایەتیی گوومرگ و بەشی دارایی هەڵبگیرێ و عەلائوددەولەی حوکمرانی تاران لێبخرێ و عەدالەتخانە دابمەزرێ و چەند کارێکی دیکەش جێبەجێ بکرێن. موزەففەرەددینشا کە هەتا ئەو کاتە نەیدەزانی مەلاکان و پەناگرتووەکان چییان دەوێ، ڕووی کردە موشیروددەولە و گوتی برۆ بە باڵوێزی عوسمانی بڵێ کە شا بە هەموو داواکانی مەشرووتەخوازان ڕازییە و دەستووریشی دا بە عەینوددەولە هەتا «ئەم ئاغایانە بە ڕێزەوە بگێڕێتەوە بۆ تاران».

عەینوددەولە بە فێڵ و گزە چوار کەس لە دەمڕاستانی مامۆستایانی پەناگرتووی مەرقەدی حەزرەتی عەبدولعەزیمی بە بیانووی وتوویژ سەبارەت بە داخوازەکانیان کێشایە ماڵی خۆی و لەوێ گلی دانەوە و بەم شێوەیە نێوبژیوانیی باڵوێزی عوسمانی هیچی لێ شین نەبوو.

---

١- ئەمە بۆچوونی نووسەری مێژووی مەشرووتەی ئێران، واتە «ئەحمەد کەسرەوی»یە.

**فەرمانی دامەزراندنی عەدالەتخانە**

هەواڵی راگیرکرانی نوێنەران و دەمراستانی پێشەنگانی دینی لە لایەن عەینوددەولەوە خێرایەکی لە تاران و نێزگەی حەزرەتی عەبدولعەزیمدا دەنگی دایەوە و بازاری تاران داخرا و خەڵک لە گۆشە و کەناری شار کۆمەڵەیان بەست و کاتێک شا لە میوانی و نیوەڕۆخوانی ماڵی ئەمیر بەهادوری وەزیری بارگا دەگەڕایەوە جەرگەقەڵای میری، لەسەر ڕێگای کۆبوونەوە و هاواریان کرد:

«ئێمە مەزنان و پێشەوایانی دینیمان دەوێن... ئەوان مارەی ژنانی ئێمەیان بڕیوە. ئەو ڕێزدارانە خانووبەرەکانی ئێمە بەکرێ دەدەن... ئەی پادشای مسوڵمان بفەرموو با ڕێز بۆ سەرۆکانی مسوڵمانان دابنێن... ئەی پادشای ئیسلام ئەگەر ڕۆژایەک رووس و ئینگلیس هەڵکەنە سەر تۆ، شێست کروور[1] ئێرانی بە فەرمانی ئەم ئاغایانە خۆیان لە جیهاد هەڵدەکەن... .»

عەلائوددەلەی حوکمرانی تاران بە شەقاماندا دەخولایەوە هەتا نەهێڵی دووکان دابخرێن و ئەمیر بەهادور و هاوڕێیانی چووبوونە بازار هەتا پاڵەپەستۆی دووکاندارەکان بدەن بگەڕێنەوە سەر کاروبارییان. بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکام مایەوە. جووڵانەوەی نالەباری عەلائوددەولە لەگەڵ دووکاندارێکی سەر شەقام و سووکایەتی پێکردن و قامچی لێدانی ئەو کەسە بێتاوانە، ئەوەندەی دیکەی خەڵک تووڕە کرد و وای لێهات کە شا بەراشکاوی بە عەینوددەولەی گوت: «وا چاکە داخوازی ئەم ئاغایانە جێبەجێ بکرێن و هەتا سبەی هەموویان بێننەوە بۆ شار، دەنا من خۆم دەچم و دەیانهێنمەوە.» وەختایەک پادشا ئاوا دەقودۆغر قسەی کرد، تازە عەینوددەولە هیچی پێ نەما و دەستی بەردایەوە و بەپێی نامەیەکی کە بۆ پادشای نووسی داوای لێکرد هەتا ڕەزامەندی لەسەر داخوازەکانی مەلاکان دەرببڕێ و ئەویش وێڕای دەربڕینی ڕەزامەندی، فەرمانێکی بە جۆری بۆ دامەزراندنی عەدالەتخانە پەسند کرد کە دەقاودەق لە رووی «مێژووی مەشرووتەی ئێران»، بە پێنووسی ئەحمەد کەسرەوی لێرەدا دەیگێڕینەوە:

---

١- لە کوردیدا بۆتە کلوور (کللوور) کە بە مانای زۆر و زەوەندە. کروور دەبێتە پێنسەدهەزار و لێرەدا دەبێ وەکوو دروشم چاوی لێ بکرێ نەک وەک ژمارەی راستەقینە.و.

«ئەتابەکی ئەعزەمی هێژا. هەروەک زۆرجاران فەرموومانە و ئامانجی خۆمانە ڕوون کردۆتەوە، دانان و ڕێکخستنی عەدالەتخانەی دەولەتی بە مەبەستی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنی فەرمانی شەرع و حەسانەوەی مسکێنان دەکەوێتە سەرووی هەموو ئامانجێکی گرینگ. زۆر بەراشکاوی دەفەرمووین کە پێویستە بۆ بەڕێوەچوونی ئەم مەبەستە پیرۆزە، یاسای دادپەروەرانەی ئیسلامی کە بریتییە لە دیاریکردنی ڕێوشوێنی فەرمانەکانی شەریعەتی پاک، لە سەرتاسەری هەرێم و ناوچەکانی ئێران خێرایەکی ڕەچاو بکرێن. دەبێ کارێکی وا بکەن کە لە نێوان هەموو چین و توێژەکاندا دووچاوەکی نەکرێ و پەیرەوکرانی دادەوانی و سزادانی تاوانباران نابێ تەکولۆی تێکەوێ یان هیچکەس دەرهاویژرێ و دەبێ لایەنگریی لەخۆوە بنەبڕ و قەدەغە بکرێ و ئێمە لە چوارچێوەی ڕێوشوێنێکی دیاریکراودا ئەم یاسایە ڕوون دەکەینەوە. هەڵبەت پێویستە هەر بەم شێوەیە و بەپێی یاسا و ڕێسای شەرعی ئیسلام ئامێلکەیەک بنووسرێ و هەموو بەند و بەشەکانی ڕێکوپێک بکرێ و پاشان بیهێننەوە خزمەت خۆمان هەتا لە هەموو ناوچە و هەرێمەکان بە شێوەیەکی ڕاست و بێگری بەڕێوەبچێ. وەکوو ئاشکرایە جێبەجێکرانی ئەم چەشنە داخوازەی مامۆستایانی پایەبەرز بە دڵیانەوە دەنووسێ و کارێکی وا دەکا کە زیاتر دوعای بەخێرمان بۆ بکەن. پێویستە کە هەر ئەم دەسخەتەی ئێمە بنێرن بۆ هەموو ناوچەکان و پێیان رابگەیەنن. مانگی نیوجێژنانی ١٣٢٣.»

پەناگیرانی مەرقەدی حەزرەتی عەبدولعەزیم کە ڕەنگە درێژەی مانەوە و مانگرتنەکەیان کەڵێنی تێکەوتبا، بەپێی تێبینیی تەباتەبایی و بێهبەهانی خۆیان بۆ گەڕانەوە تاران ئامادە کرد و بە شان و شەوکەت و بە سواری چەند درۆشکەیەکی میری لە نێو پێشوازیی گەرموگوڕی خەڵکدا گەڕانەوە پایتەخت. بەڵام عەدالەتخانە کە ڕۆژنامەکانی دەرەوە بە «پارلمان»یان لێکدابوویەوە و گەلێک وتاریان دەرباری نووسیبوو کە ڕاپەڕینی پێشەوایانی دینی توانیویەتی بە سەر حکوومەتی ملهوڕانەدا سەرکەوتوو بێ، دانەمەزرا و دەکرێ بڵێین کە لە ڕاستی ئەم سەرکەوتنە ئاکامی بەتاڵیکرانەوەی هێزەکان و ڕۆچنەیەکی هیوا بوو بۆ نەتەوەپەروەران و مەشرووتەخوازان لە درێژەی هەوڵ و هەڵسووڕانەکانی بەرایی‌دا (مانگی نیوجێژنانی ١٣٢٣ی ک.).

**دووهەمین قۆناخی بزووتنەوەکە**

عەینوددەولە کە دەیزانی ئەگەر نەتەوەپەروەران سەرکەوتووبن ئەویش هیچ جێگە و پێگەیەکی بەرزی نامێنێ، کەچی دیسانیش پاش گەڕانەوەی مەزنەمەلاکان و پەناگرتووەکان چووە دیداری دوو سەیدەکە و بە خاکەڕایی جووڵایەوە و تەنانەت عەلائوددەولەی حوکمرانی تارانیشی لەسەر کار لابرد، بەڵام ماوەیەک دواتر کە خەفتا و هەوڵ و هەڵسووڕان و کۆڕ و کۆمەڵە نهێنییەکانی ئەوانی بە لاوە ڕوون بوونەوە، جارێکی دیکەش کەوتەوە ئازار و ئێشاندنی ئازادیخوازان و تیرەی لێ توند کردن و بە زەبری سەرنێزە ویستی کە نەهێڵێ خەڵک لە دەوری یەکتر کۆببنەوە.

لە گەرمەی تێکهەڵەنگووتنی خۆپیشاندەراندا لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی کە بە مەبەستی ڕزگارکردنی حاجی شێخ محەممەدی واعیز، وتاربێژی بێباک و ئازادیخواز لە چنگ سەربازانی پاسەوان کۆببوونەوە، فەقێ «سەید حەسەن»ێک بە گوللەی گەرمی هێزەکان دەکوژرێ، بەڵام خەڵک هەدا نادەن و پاسەوانەکان دەبەزێنن و شێخ محەممەد ئازاد دەکەن و تەرمی فەقێ سەید حەسەن هەڵدەگرنەوە و بە شەقامانڕدا دەخرۆشێن. هێزەکانی میری تەقە لە خەڵک دەکەن و تاقمێکی دیکەش وەبەردێن و دەکوژرێن. بۆ نموونە کەسێک بە ناوی سەید عەبدولحەمید سەری تێدادەچێ.[1]

بەرلەوەی بچمە سەر باسی ڕووداوەکانی تێکهەڵەنگووتنی خەڵک و هێزەکانی حکوومەتی، وام پێ باشە کە چەند بەشێکی نامەکەی سەید محەممەد تەباتەبایی بۆ موزەففەرەددینشا و نامەی ناسرولمولکی قەرەگۆزلوو بۆ تەباتەبایی. لە ڕووی

---

١- کاتێک خەڵک تەرمی سەید عەبدولحەمیدیان لەسەر دەستان دەگێرا، کردیانە شین و گابۆر و لەخۆدان و ئەم شێعرانەیان خوێندەوە:

لەپڕ هات و بێخەبەر لە هەرا — ئەنگوستی خۆی گەست و سەری سوڕما
لەناکاو سەرپەلێکی هێزی پەست — تیرێکی بە شەمی کوژرەوە نا
کوژرایەوە حوسێن بە غەدری یەزید — عەبدولحەمید بە دەس مەجید* کوژرا
هەزار جار قبووڵ بێ لە لای خودا — ئەم قوربانییەت پێغەمبەری هودا

*عەبدولمەجید هەمان عەینوددەولەیە.

کتێبی مێژووی مەشرووتەی ئێران بگێڕمەوە کە چەند خاڵێکیان سەبارەت بە بزووتنەوەی مەشرووتەی ئێران تێدایە.

تەباتەبایی لە نامە دووروودرێژەکەیدا بۆ پادشا دەنووسێ:

«ئەی خاوەنشکۆ، نیشتمان وێرانە، خەڵک دەرۆزەکەر و پەرێشانە، گیان و ماڵ و نامووسی گەل پێخوستی حوکمڕانان و کاربەدەستانە و دەستی زوڵمی زاڵمان هێندە درێژە لە قاس دەرچووە. ئەوەندەی مەیلیان لێ بێ خەڵک دادەرووتێنن. هێزی تووڕەیی و ئاسەیان چی پێخۆش بێ دەیکا و لێدان و کوشتن و نوقستان کردن بە دڵی خۆیانە. ئەم گشتە کۆشک و مۆبل و ویشکەپووڵ و ملکوماشە لە ماوەیەکی کەمدا چۆن پەیدا کراون؟ هەموو ماڵی مسکێنی بێچارەیە. ئەمە سامانی کۆمەڵانی خەڵکی هەژارە کە خاوەنشکۆ لە بارودۆخی ژیانیان دەزانێ. لە ماوەیەکی کەمدا هێندەیان خەڵک داڕووتاندووە کە پێی ئەنگراون و بوونە ساماندار. پارەکە کۆمەڵێکیان کچی قووچانی لەبری سێ ڕبە گەنمی باج و پیتاکی ساڵانە لە خەڵک ئەستاندوون و بە نرخێکی گران فرۆشتوویانن بە تورکمانان و ئەرمەنییەکانی عیشقئاباد، هێندەیان زوڵم کردووە کە دەهەزار مسکێنی قووچانی کۆچاون بۆ خاکی ڕووس.»

«ئەی خاوەنشکۆ، تەواوی ئەم کارە چەپەڵانە بە دانانی ئەنجومەنی دادپەروەری یانی ئەنجومەنێک کە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک لە خۆ بگرێ، چارەسەر دەکرێن. لەوێ دەبێ بە داد و هاواری خەڵک ڕابگەن و شا و گەدا بە چاوێک چاویان لێ بکرێ. قازانجەکانی پێکهاتنی ئەنجومەنێکی ئاوا خاوەنشکۆی پایەبەرز لە هەموو کەسی چاکتر دەزانێ. ئەگەر بێتوو ئەنجومەن هەبێ، ئەم زوڵمانە بنەبڕ دەبن؛ کەلاوە ئاوەدان دەکرێتەوە؛ بێگانە ناتوانێ بە چاوچنۆکی لە وڵات ڕوبێ؛ سیستان و بەلووچستان ئینگلیس نایبا؛ فیسارە شوێن ڕووس دەستی بە سەردا ناگرێ، عوسمانی ناتوانێ دەستدرێژی بکاتە سەر ئێران.»

«ئەی خاوەنشکۆ، سێ کروور[1] مرۆڤ کە هەموویان ئەوڵادی پادشان یا ئەبنە بەخسیری ملهوڕیی کەسێک و لەبەر کەسێکی زاڵم چاو لەو سێ کرووورە مەپۆشە. قسە زۆرە، جارێ لەمە زیاتر سەرت نایەشێنم. تکا دەکەم ئەم نامەیەم زۆر بەوردی بخوێنەوە و تێی ڕامێنە و پێش ئەوەی هەموو ڕێگاکان کوێر بینەوە، خۆتان چارەی

---

١- دەبێتە ١٥ میلیۆن.و.

بفەرموون؛ هەتا نیشتمان تێدا نەچووە و کۆمەڵانی بێدەرەتان کە وەک منداڵی خاوەنشکۆن نەبوونە دیل و بەردەستی بێگانە، چارەیەک پێویستە.»

موزەففەرەددینشا وڵامی نامەکەی دابۆوە و کاکڵ و پوختەی وڵامەکەی ئاوا بوو: «ئێمە دەستوورمان داوە بە ئەتابەک کە ویستەکانی ئێوە جێبەجێ بکا. ئێوەش بە پەند و ئامۆژگاری تێکەون و ئاژاوەگێران خاو کەنەوە و بەری کێشە و هەرا و فەرتەنە بگرن و کارێکی وا مەکەن کە توورەبوونی ئێمە هەمووتان بگرێتەوە.» لە رووی نێوەرۆکی نامەکەوە دیارە کە خودی عەینوددەولە نووسیویەتی و ئەوەی راستی بێ نەخۆشی وای پرزە لە موزەففەرەددینشا بڕیبوو کە بەتەواوی لێی بێزوە و نەیدەتوانی سەرنج بداتە کاروباری وڵات و هێز و دەسەڵاتی شا کەوتبوویە دەست سەرۆکوەزیر و ئەویش دەیهەویست کە هەر چۆنێکی بۆی دەکرێ بزووتنەوەی شۆرشگێرانە دەمکوت بکا. هەر بۆیە نەتەوەپەروەران بێجگە لە بەرەنگاربوونەوەی عەینوددەولە و هەوڵدان بۆ لابردنی لە پلەی سەرۆکوەزیرایەتی هیچ رێگایەکی دیکەیان بۆ نەمابۆوە. کۆمەڵی ئازادیخوازان لەم پێناوەدا ئاوری خەباتی خۆیان تیژتر کرد و ئەم دوو سەیدەش (تەباتەبایی و بیهبەهانی) هەرکام لە مزگەوتێک وتاریان دەدا و بەئاشکرا رەخنەیان لە دامودەزگای پادشایەتی دەگرت. عەینوددەولە جارێکی دیکەش دەستی بردەوە بۆ فێڵ و دەهۆ و ناسرولمولکی قەرەگوێزلوویی، زانای لە ئینگلستان خوێندوویی، تێن دا هەتا نامەیەک بۆ تەباتەبایی بنووسێ و وای بنوێنێ کە چونکە زۆربەی خەڵکی ئێران نەخوێندەوارن، دانانی حکوومەتی مەشرووتە جەنگەی نەهاتووە و هێشتا زوویە.

ناسرولمولک لە نامەکەیدا بۆ تەباتەبایی وێڕای دەربڕینی هەستی هاوسۆزی و هاوبیری لەگەڵ ئازادیخوازان و هاودەنگ بوون لەگەڵ ئامانجەکانیان و پەسندانی سیستمی پارلمانی نووسیویەتی:

«پەروەردگاری بەدەسەڵاتی زانام شاهیدە کە لەم قسانەمدا نامهەوێ تەشی لەبەر کەس بڕێسم و تەنیا دەمهەوێ هەقم بە دەمدابێ و بنج و بنەوانی بابەتەکە شی بکەوە و هیچی تر. هەموو شوێنێکی وڵاتی بەربڵاوی ئێران وەکوو شەقامەکانی تاران ناچێ؛ پڕە لە کێو و شاخ و بەندەن و لێرەوار. هەزاران کێوی و درندەی تێدایە، لوڕ و کورد و قەشقایی و شاسەیوانی تێدایە... بە بڕوای من ئەم

قسانەی کە لە هەموو جێگایەکی دنیا شیلە و هەوێتی بەختەوەری و شەرەف و شانازین. لە ئێرانی ئەمڕۆدا دەبنە هۆی پەیدابوونی ئاژاوە و تێکەولێکە و ماڵوێرانی و کڵۆڵی و نائەمینی و هەزاران خەساری دیکە بە شوێن خۆیاندا دێنن. چونکە بۆ سەقامگیرکردن و ڕێکخستنی ئەم سیستمە تازەیە پێنەگەیشتووین و بە زانست لێی نازانین... سینگتان بۆ کێ بە گوللەوە دەنێن؟ یانی دەمهەوێ ئێوەی پایەبەرز لەم هەنگاوە ئازایانەی کە خێروبێر و شانازیی گەلی پێوەیە پەژیوان بکەمەوە؟ ئاوەڵلا! تۆ بڵێی بمهەوێ کیسە لەبەر پیاوانی حکوومەت بکێشم؟ نە بیللا؛ بەڵکوو دەمهەوێ ئەم کارانە بە ڕاستەڕێی خۆیاندا تێپەڕبن و بکەونە سەر سکەی خۆیان... داخوا لێتان ڕوون بۆتەوە کە بۆ گۆڕینی بارودۆخ و دانانی ڕێوشوێنی نوێ پێویستمان بە کەسانێکە کە لە زانستی تازە بزانن؟ وەڵلاهی مرۆڤی زانامان دەوێ، بیللاهی مرۆڤی زانامان پێویستە. بە قورئان نیازمان بە کەسی زانایە؛ بە پێغەمبەر زانامان دەوێ؛ بە مورتەزاعەلی کەسی زانامان دەوێ. بە ئیسلام، بە کابە، بە دین، بە مەزهەب مرۆڤی زانامان پێویستە... .»

ناسرولمولک لە نامە دوورودرێژەکەی خۆیدا پێشنیاری کردووە کە نەتەوەپەروەران دەست لە دانانی حکوومەتی مەشرووتە هەڵبگرن و خۆیان بدەنە دانان و پەرەپێدانی قوتابخانەی تازە و ئاستی چاوکراوەیی و فەرهەنگی گشتی وا هەوراز بەرن هەتا بکرێ دامودەزگایەکی توکمە و تەیاری پێکهاتوو لە خەڵکی خوێندەواری ئاشنا بە زانستە تازەکان و شارەزای بارودۆخی نێونەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی پارلمانی لە وڵاتدا پێ بگەن. بەپێی ئەم بۆچوونەی ناسرولمولک، چونکە پێکهێنانی کۆمەڵێکی ئاوا پێویستی بە ساڵانێکی درێژخایەن بوو، گەلی ئێران دەبوو دەست لە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی هەڵبگرێ و هەروا سەر وەبەر نیری قورسی حکوومەتی پاوانخوازانەی سەرەڕۆ بێنێ.

وەختایەک عەینوددەولە دەستی هەڵنەگرت و ڕۆژبەڕۆژ تیرەی لە خەباتکاران توند کرد و تەنگی پێ هەڵچنین، لەسەر پەسندی مەزنەمەلاکان، کۆمەڵی ئازادیخوازان لە مزگەوتی شا کۆبوونەوە و داوایان لە شا کرد هەتا عەینوددەولە لەسەر کار لابەرێ. هەر لەو سەروبەندەدا دەستەیەک لە زانایانی دینی تارانیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە «قوم» و دواتر جەماوەرێکی ئازادیخواز و کاسپکار و دووکانداری تارانی کە بە چاوی خۆیان دەیاندیت دوژمنێکی کەللەڕەقی وەکوو

رووسیای قەیسەری بۆتە پاڵپشتی حکوومەتی ملهورانەی قاجاران و دەیانزانی کە رووسیا دەستی هەیە لە ئازار و ئێشاندنی مەشرووتەخوازاندا و هێز وەبەر سیستمی سەرەڕۆ دەنێ. بەپێچەوانەی ویستی دەروونی خۆیان و سیاسەتی ئەو دەوڵەتە، پەنایان بردە بەر باڵوێزخانەی ئینگلستان، کە هەر چۆنێک بێ ئەوێیان بە نوێنەری دەوڵەتێکی مەشرووتەی ئازادیخواز دەزانی.[1]

---

١- یەکەم دەستەی کاسپکاران و جەماوەری بازاری کە ژمارەیان ٨٥٨ کەس بوو، رۆژی هەینی ٢٣ی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٣٢٤، پاش وەرگرتنی رەزامەندیی باڵوێزخانەی ئینگلیس چوونە نێو باخچەی باڵوێزخانە و بەرەبەرە ژمارەی پەناگرتووەکان زیادی کرد، بەپێی نووسینی رۆژنامەی تایمزی لەندەن دوای هەفتەیەک ژمارەی پەناگرتووەکان گەیوەتە سێزدەهەزار کەس (بڕ: شۆرشی ئێران، ئیدوارد براون). کەسرەوی لە کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێ بۆیە خەڵک پەنایان بردە بەر باڵوێزخانەی ئینگلستان، چونکە پێشتر ئاوانبارانی سیاسی پەنایان بردبوویە بەر باڵوێزخانەی عوسمانی و بە نێوبژێوانیی باڵوێز کێشەکەیان برابوویەوە و ئازادیخوازان بەناچار ئەمجارە باڵوێزخانەی ئینگلستانیان کردە جێپەنای خۆیان، چونکە لەو کاتەدا هێزەکانی عوسمانی دەنگ برابوون و هاتبوونە سەر سنوورەکانی ئێران و شاڵاویان بۆ ئێنا و رووسیاش خۆی لەسەر پێوشوێنی حکوومەتێکی ملهورانە دەرۆیی و دژی ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەرانی وڵاتەکەی خۆی دەجووڵایەوە، کەسرەوی پاش ئاماژە کردن بە نێوەرۆکی کتێبی «شین» سەبارەت بە نامەیەک کە بێهبەهانی بۆ باڵوێزی ئینگلیسی نووسیوە و داوای یارمەتیی لێکردووە، ئاوا دەنووسێ: «روون و ئاشکرایە بێهبەهانی ویستوویەتی کە باڵوێز بێ و ببێتە نێوبژێوان لە نێوان شا و خەڵکەکەدا و پەیامەکانی بگەیەنێتە پادشا و هیچی دیکە، هەروەک چۆن لە زەمانی پەناگیربوونی [مەرقەدی] عەبدولعەزیمدا داوایەکی ئاوایان لە باڵوێزی عوسمانی کردبوو.» پاشان دەنووسێ: «هەرگیز وێناچێ کە بێهبەهانی یان تەباتەبایی پێیانخۆش بووبێ کە خەڵک ببنە پەناگرتووی باڵوێزخانەی ئینگلیس و ئابێ قسەیەکی ئاوایان لە مابەینیدا بووبێ، چونکە ئێمە بۆخۆمان دیتمان کە ئەوان چۆن تووشی هەرەشە و کوێرەوەری ببوونەوە؛ دیسانیش هەر لە مزگەوت نەبزووتن و سەرەنجام کە ناچار بوون، ملی رێی قومیان گرتەبەر. ئەو هەڵوێست و هەنگاوە ئازایانە لە کوێ و رەزامەندبوونیان بە پەناگیربوونی خەڵک لە باڵوێزخانەی وڵاتێکی بێگانەدا لە کوێ؟ کەسانێکی خاو رچەکەیان شکاند و سەرەتا هەر چەند کەسێک بەم کارە رازی بوون، بەڵام وردەوردە بۆچوونەکە گەورە بۆوە و هەموو کەوتنە سەر ئەم هەوایە و بێ بیرکردنەوە هەنگاویان نا و کێ دەزانێ کە فریودەرانێک دەوریان نەگێراوە و نەیانویستووە ناوی ئەم دوو سەیدە کوێر ببێتەوە کە لەم سەروبەندەدا بەپێی کار و تێکۆشانی ئاقڵانە و پیاوانەی یەک ساڵ و ئیوەی خۆیان و هاوبیرانیان، رێگا بۆ گۆرانی حکوومەتی ئێران و پەیرەوکرانی یاسا خۆش کرابوو. وەکوو دیارە ئەم کارە درەنگ و زووی پێدەویست و دەگەیشتە سەرەنجام.»

سەرگەورەکانی پەناگرتووانی باڵوێزخانە. کورتە و پوختەی داخوازەکانی خۆیان نووسی و دایانە دەست «گرانت دوف»ی کارداری باڵوێزخانەی ئینگلیس و ئەویش بردی و دایە حکوومەت. خاڵە بەرچاوەکانی داواکارییەکان بریتی بوون لە: گێڕانەوەی مامۆستایان و پێشەوایانی دینی لە قومەوە بۆ تاران؛ ڕاگەیاندنی لێخۆشبوونی گشتی، ڕێگرتن لە گیران و ئەشکەنجەدانی خەڵک. دامەزراندنی عەداڵەتخانە کە پێکهاتبێ لە نوێنەرانی پێشەوایانی دینی، بازرگانان و خەڵکی بازار بۆ پێداچوونەوەی کێشە و هەرای نێوان خەڵک و سزادانی بکوژانی سەید حەسەن و سەید عەبدولحەمید.

وەکوو ئاشکرایە عەینوددەولە و وەزیرەکانی بەبێ پرسی پادشا ئاوایان وڵامی نەتەوەپەروەران دایەوە.

١- چەند کەس لەو ئاغایانە بە مەیلی خۆیان لێرە ڕۆیشتوونە [قوم]، کەسانێکی دیکە هەر لێرە ماون و کەس پێویستی بەوان نەماوە.

٢- دەوڵەت هیچ کەسێکی بێتاوان ناگرێ.

٣- تەناهی و هێمنایەتی سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە.

٤- لەمێژساڵە عەداڵەتخانە دامەزراوە و بە داوا و سکاڵای خەڵک ڕادەگا (مەبەستی دەوڵەت، وەزارەتی داد بوو).

٥- هەرگیز باو نەبووە کە کەسێک لە چین و توێژی مسکێنان [جەماوەری وڵات] ئەندامی دیوانخانەی پیرۆزی میری بێ.

٦- هیچکەس نەکوژراوە هەتا تۆڵەی خوێنی وەربگیرێتەوە.

لە ماوەی نێوان نێردرانی داخوازنامەی پەناگرتووەکان بۆ ئەنجومەنی وەزیران و هاتنەوەی ئەم وڵامەی سەرەوەدا، ژمارەی پەناگرتووەکانی باڵوێزخانە یەکجار خێرا زیادیان کردووە و لیژنەیەک لە بازرگانانی پلە یەکەمی تارانیش پێکهاتووە هەتا تەواوی پێداویستی و خەرجی تێچووی بەخێوکرانی پەناگرتووەکانی باخچەی باڵوێزخانە دابین بکا. بەم شێوەیە بەهێزترین تاقمی کاسپکارانی تاران، یانی بازرگانانیش بوونە ڕێبواری ڕێگای خەبات و بەربەرەکانی.

لە لایەکی دیکەوە، هەروەک سێر پێرسی سایکس لە کتێبەکەی خۆیدا باسی کردووە و لە سەرەتاکانی ئەم بەشەدا ئاماژەی پێکراوە، چونکە لە نێو کاربەدەستانی پلە بەرزی حکوومەتیدا، پیلانێک لە گۆڕێدا بوو هەتا

محەممەدعەلی‌میرزا وەکوو جێگرەوەی‌میر ئەمیێ و «شوعاعوسسەلتەنە»ی برای لە جێی دابنرێ و عەینوددەولەش پشتیوانی ئەم گەلالەیە بوو. محەممەدعەلی‌میرزا بەرەبەرە وەکوو هاودەنگی ئازادیخوازان هاتە مەیدان و بە پێداگریی ئەم شازادەیە، مەزنەمەلاکانی تەورێز لە تەلگرافخانە کۆبوونەوە و چەندین تەلگرافیان بۆ پشتیوانی لە ئازادیخوازان و مامۆستایانی کۆچاو [بۆ قوم] لێدا. وەکوو پێشتر باسمان کرد، میرزا عەلی‌ئەسغەرخانی ئەمینوسسولتانیش لە رێی لایەنگرانی خۆیەوە، بە هیوای بوونەوە بە سەرۆکوەزیر، دژی عەینوددەولە وەخۆ کەوتبوو. بێجگە لەمانە لە دامودەزگای حکوومەتیش‌دا کەسانێکی وەکوو موشیروددەولە و هاوبیرانی هەبوون کە لە ناخ و دەروونی خۆیان‌دا لایەنگری ئازادیخوازان بوون.

## دوایین قوناخی شۆڕشی ئارام

بڵاوبوونەوەی هەواڵی لێدرانی تەلگرافی مەلاکانی تەورێز بۆ تاران، لە شاران خەڵکی هارووژاند و ورەی وەبەرنان و مەلاکانی ئیسفەهان و شیرازیش وەخۆکەوتن و تەلگرافیان لێدا و هەروەها پێشەوایان و مەزنەمەلاکانی شیعەی دانیشتووی نەجەفیش تەلگرافیان لێدا بۆ تاران.

لە نێو ڕیزەکانی سەربازان و ئەفسەرانیش‌دا کەڵێن و کەلەبەر خۆی نواند و تاقمێک لەو کەسانە بە دڵ ببوونە لایەنگری مەشرووتەخوازان و تەنانەت تاقمێکیان کە لە پێش دەروازەی باڵوێزخانەی ئینگلیس بۆ پاسەوانی داندرابوون، چوونە نێو ڕیزی پەناگرتووەکانەوە. ئەندامانی شانە نهێنییەکان و نەتەوەپەروەران کەوتبوونە بانگەشە بۆ سەقامگیربوونی حکوومەتی مەشرووتە و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و بەرچاو ڕوونکردنەوەیان و دەرخستنی لایەنە باشەکانی حکوومەتی یاسایی و نیشان‌دانی لایەنە دزێوەکانی سیستمی سەرەڕۆی ملهوڕانە. کۆی ئەم کار و کردەوە و تێکۆشانانە ورەی پەناگرتووەکانی بەرز کردەوە و ئیتر ئەمجار دوایین ئامانجەکانی خۆیان لە ڕێی کارداری باڵوێزخانەوە بە گوێی موزەففەرەددین‌شا ڕاگەیاند.

دوایین ئامانجەکانی نەتەوەپەروەران بریتی بوون لە: لابردنی عەینوددەولە لەسەر پلەی سەرۆکوەزیرایەتی، سزادانی بکوژانی شەهیدانی نیشتمان، گێڕانەوەی مەزنەمەلاکان لە قومەوە بۆ تاران و هێنانەوەی چەند دوورخراوەیەکی وەکوو

حاجی میرزا حەسەنی رەشیدییە و هاوبیرانی و دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی، شا فەرمانی دا هەتا ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی وەزیری دەرەوە کۆببێتەوە و بە داخوازەکانی نەتەوەپەروەراندا بچێتەوە؛ بەڵام عەینوددەولە بەرلەوەی ئەنجومەنی وەزیران کۆببێتەوە دەستی لە کار کێشایەوە و کۆبوونەوەکە پەکی کەوت و میرزا نەسروڵلاخانی موشیرووددەولە کە پیاوێکی ئازادیخواز و رووناکبیر بوو، کرایە سەرۆکوەزیر.[١]

عەینوددەولە دەستی لە کار کێشایەوە. بەڵام هێشتا لایەنگرانی حکوومەتی پاوانخوازانە لە بارگای میری دەوری پادشایان گرتبوو و نەیاندەهێشت تەواو ئاگاداری رەوتی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بێ. لەم کاتەدا راپەڕینی گشتی لە تاران پەرەی دەگرت و پادشای ژانۆ لە کۆشکی «ساحەبقرانییە» بە دەردی خۆیەوە دەتلایەوە. کاتێک رۆژبەرۆژ پەناگرتووانی باڵوێزخانە زیادیان کرد، باڵوێزخانەی ئینگلیس بە شێوەیەکی رەسمی کەوتە نێوبژیوانی و داوای لە دەولەتی ئێران کرد هەتا بە پیر وڵامی داخوازییەکانی خەڵکەوە بچێ و سەرهەڵدانەکە رۆمرکێنێتەوە.[٢]

---

١- سەبارەت بە لابردنی عەینوددەولە یان دەست لە کار کێشانەوەی، چەند بۆچوونێک لە نووسراوەکانی ئێوخۆدا وەبەرچاو دەکەوێ و ئێمە بۆ روونبوونەوەی بابەتەکە، بەشێک لە نووسراوەکانی ئەحمەد کەسرەوی لێرەدا دەگێرینەوە کە دەنووسێ: «ئەم رۆژنامەیەی [حەبلولمەتین]ە کە بۆ چاکەدانەوەی پوولەکانی عەینوددەولە، ئاوا بە شێوەیەکی قێزەون و دوژمنانە لەگەڵ تێکۆشەران تێکەوتبوو، کاتێک رۆیتێر هەواڵی لادرانی عەینوددەولەی بڵاو کردەوە، خۆی بۆ رانەگیرا و نووسی: ئەوەی کە هەواڵنێریی رۆیتێر و هەواڵدەرییەکانی دەرەکی سەبارەت بە لێخرانی شازادە عەینوددەولەی سەرۆکوەزیر نووسیویانە، دوورە لە راستی و شازادە لەسەر کارەکەی لانەبراوە. وەکوو لە نێزیکەوە ئاگامان لێیە و راستە و لێمان روونە، ماوەیەکە شازادە چەند جارێک دەستی لە کار کێشاوەتەوە، بەڵام لێی قبووڵ نەکراوە، کەچی ئەمجارەیان چونکە مامۆستایانی دینی و گۆرانخوازانیش لەگەڵی ناکۆک بوون، دەولەت دەست لە کار کێشانەوەکەی لێ قبووڵ کرد و لەسەر کار لانەبراوە.» بەڵام کەسرەوی کە ئاوا هێرش دەکاتە سەر نووسەری حەبلولمەتین و رەخنەی لێ دەگرێ، لە جێگایەکی دیکەی کتێبەکەی خۆیدا بەروونی و بێگرێ نووسیویەتی: «هەر لەو رۆژەدا عەینوددەولە دەستی لە پلەی سەرۆکوەزیرایەتی کێشایەوە و پادشا موشیرووددەولەی لە جێی دانا.»

٢- ئێدوارد براون لە زمان کەسێکەوە کە خۆی چاوی بە سەر گردبوونەوەی پەناگرتووەکانی باڵوێزخانەی ئینگلیسەوە بووە، ئاوا دەنووسێ: «... نێزیکەی←

شا کە هەتا ئەو زەمانە ڕووی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی لێ حەشار درابوو و وایدەزانی ڕووداوێکی کاتی و تێژتێپەڕە، کاتێک باڵوێزخانەی ئینگلیس مەبەستەکەی بۆ ڕوون کردەوە. ڕۆژی چاردەی مانگی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٣٢٤ی ک/ ١٣ یان ١٤ی مانگی گەلاوێژی ١٢٨٥ی هەتاوی [١٩٠٦ی زایینی] فەرمانی جێبەجێکرانی حکوومەتی مەشرووتەی پەسند کرد. ئێستا دەقی فەرمانەکەی شا کە بە خەتی ئەحمەدی قەوام واتە قەوامولسەڵتەنە نووسراوە و مۆری خودی موزەففەرەددینشای پێوەیە، لێرەدا دەیخەینە بەرچاو:[1]

«بەڕێز سەرۆکوەزیری هێژا، چونکە پەروەردگاری میری مەزنی بەرزەجێ، جڵەوی گەشە و بەختەوەریی ناوچە و هەرێمەکانی خاکی ئێرانی داوەتە دەستی لێوەشاوەی ئێمە و خودی ئێمەی خۆشەڕی کردۆتە پارێزەری مافی هەموو خەڵک و ڕعیتە ڕووڕاستەکانی خۆمان، ئێستا ئێمەی خۆشەڕ لێبڕاوین کە بۆ حەسانەوە و تەسەلی و تەناهیی تەواوی خەڵکی ئێران و بۆ پتەوبوون و داندرانی بەردی بناغەی دەوڵەت دەست بکرێ بە کۆمەڵێک چاکسازیی یاسایی و بەرەبەرە لە دامودەزگاکانی

دوازدەهەزار کەسێک لە باخچەی باڵوێزخانە خێوەتیان هەڵدا. دیمەنێک بوو زۆر جێگای سەرنج و پێم وایە ئێوەش پێی دڵخۆش دەبن. پێتان چۆنە کە لە هەر جێگایەکی باڵوێزخانەدا خێوەتێک هەڵدرابێ و هەزاران کەس لە هەر چین و توێژێک، لە بازرگان و زانساوە بگرە هەتا کاسپکاران پاڵیان بە پاڵی یەکترەوە دابێ. ڕۆژان و شەوان بە سەربەرزی و لەسەرەخۆیی شانیان بە شانی یەکەوە دابوو. هەموویان سوور بوون کە لە ژێر ئاڵای ئینگلیس واوەتر ناچن تاکوو بە مرازی دڵی خۆیان دەگەن. خەڵک بە مەندی و مەتینی و ڕێکوپێکی دێن و دەچن و ئەگەرچی بە ژمارەش زۆرن، بەڵام هەڵسوکەوتیان شایانی تاریفاتە و سەریێشەیان یەکجار کەمە... ڕەنگە دیمەنی کۆڕی شەوانەیان لە هەموو دیمەنەکانی دیکە پتر جێی سەرنج بێ؛ چونکە کەمتاکورتێک هەموو خێوەتێک سەردوولکەبێژێکی تێدایە کە خۆی تابلۆیەکی جێی پەسن و پێداهەڵدانە. لەم کۆڕ و کۆبوونەوە و خێوەتانەدا کە کابرای سەردوولکەبێژ لە لای سەروو دادەنیشی. کۆنەچیرۆکی حەسەن و حوسێن دەگێڕێتەوە. لەو بەشانەدا کە دیمەنەکان پەژارەیان لێ دەبارێ، جەماوەرەکە بە دابی ئێرانی دەیکەنە شین و گریان و بە سەری خۆیاندا دەدەن و لە سینگیان دەدەن.»

١- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، بەشی یەکەم، ل ١١٩-١٢٠.

حکوومەتی و نیشتمانیدا. وامان بڕیارە داوە کە مەجلیسێکی میللی دابمەزرێ و پێک بێ لە هەڵبژاردەی شازادەکانی قاجار، زانایانی دینی، مەزنان، پیاوماقووڵان، مڵکداران، بازرگانان و بازارییەکان کە دەبێ هەموویان لە لایەن چین و توێژی خۆیانەوە هەڵبژێردرێن. مەکۆی ئەم مەجلیسە دارولخەلافەی تارانە و پێویستە لە کاروباری گرینگی حکوومەتی و میللی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی کۆمەڵگادا بکەوێتە ڕاوێژ کردن و وردبوونەوە. ئەم مەجلیسە دەبێ یاریدەری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتخوای ئێمە بێ و ج هاوکارییەک پێویستە بۆ بەدی هێنانی بەختیاریی ئێران بیکا. دەبێ بەوپەڕی دڵنیایی و لە کەش و هەوایەکی هێمندا بیروڕای خۆی لەپێناو خێروبێر و بەرژەوەندیی دەوڵەت و گەل و قازانجی هەموانیدا بەپێی بەڵگە و بۆچوونی خەڵکی وڵات لە ڕێی کەسی یەکەمی دەوڵەتەوە بە خزمەت ئێمە ڕابگەیەنێ و پاش دەنگ لەسەردانی ئێمەی هێنرا، لە جەنگەی خۆیدا بخرێتە بواری جێبەجێ کران. ڕوون و ئاشکرایە کە بەپێی ئەم دەستخەتە موبارەکەی خۆمان، دەبێ هەڵبژێردراوەکان ڕێوشوێن و یاسا و ڕێسای تایبەت ڕێوپێک و پەسند و واژۆ بکەن و ئێمەی پایەبەرزیش دەبێ چاومان پێی بکەوێ و پاشان کە پەسندمان کرد، بە پشتیوانیی خودای مەزن مەجلیسی شوورای میللی کە پاسەوانی دادپەروەرییە، دادمەزری و دەبێ دەست بکا بە چاکسازیی پێویست لە ڕەوتی کاروبارەکانی وڵاتدا و بەگوێرەی شەرعی پیرۆز بجووڵێتەوە و یاساکانی ڕەچاو بکا. هەروەها کاربەدەستان رادەسپێرین کە دەستخەتی پیرۆزمان بڵاو بکەنەوە و ڕابگەیەنن هەتا تەواوی خەڵک بە شێوەیەکی شیاو لە ویست و ئامانجی چاکمان ئاگادار بن کە هەمووی هەر سەبارەتە بە گەشەی دەوڵەت و گەلی ئێران و بۆ ئێری و تەسەلیی جەماوەر هەتا دوعای بەخێر بکەن بۆ مانەوەی دەوڵەت و مەجلیسی هەتاهەتایی. لە ڕۆژی ١٤ی جەمادی دووهەمی ١٣٢٤ی کۆچیدا کە دەبێتە

پازدەهەمین ساڵی پادشایەتیی خۆمان، لە کۆشکی ساحەبقرانییە نووسرا.»

ڕێکەوتی نووسرانی فەرمانی مەشرووتە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی موزەففەرەددینشا و پەناگرتووەکانی باڵوێزخانە لە چاکەی ئەم کارە و شوکرانەبژاردنی پادشا، بەشداری جێژنی لەدایکبوونی پادشا بوون و سەر دەروازەی باڵوێزخانەی ئینگلیس بە ئاڵای سێ ڕەنگی ئێران ڕازێندرایەوە و لە شاردا بە شێوەیەکی بەرچاو بوو بە چراخانی و کۆمەڵێک لە ژنانیش بەشداری ساز و ئامادە کردنی پێداویستییەکانی جێژنەکان بوون؛ بەڵام چونکە لە فەرمانەکەدا تەنیا باسی چەند چین و توێژێکی تایبەت کرابوو و لەتەرکێن باسی ئاپۆرە و زۆربەی خەڵک، بەتایبەت باسی جووتیاران و کرێکاران یانی باسی زۆرینەی گەل نەکرابوو، مەزنان و سەرۆکانی پەناگرتووەکان شەوی حەڤدەی مانگی جەمادی دووهەم لە ماڵی موشیروددەولە کۆبوونەوە و داوایان لە سەرۆکوەزیر کرد کە پادشا بۆ تۆکمە و تەواوکردنی فەرمانی مەشرووتە پێویستە فەرمانێکی دیکە دەربکا. لە ئاکامی ئەم دیدار و وتوویژانەدا ئەم فەرمانەی ژێرەوە نووسرا و بڵاوکرایەوە:

«بەڕێز سەرۆک وەزیری هێزا، لە درێژەی تەواوکردنی دەستخەتەکەی خۆمان لە ڕێکەوتی چاردەی مانگی جەمادی دووهەمی ١٣٢٤دا کە بەڕاشکاوی فەرمووبوومان و دەستوورمان دابوو کە مەجلیسی هەڵبژاردەکانی گەل پێک بێ، سەرلەنوێ بۆ ئەوەی کە هەموو کەس و جەماوەری کۆمەڵگا لێیان ڕوون بێ کە ئێمە تەواو بە سەرنجەوە هەموو لایەکمان لەبەرچاوە، دەستوور دەدەین تا بەگوێرەی دەستخەتی پێشوو خێرایەکی مەجلیس دابمەزرێ. پێویستە دوای هەڵبژاردنی ئەندامان، یاسا و ڕێسا و ڕێوشوێنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لەسەر بنەمای پەسند و وازۆی هەڵبژێردراوەکان، بە شێوەیەک کە شیاوی وڵات و گەل و یاساکانی شەرعی پیرۆز بێ، ڕێک بخرێ و پاشان بیهێننە خزمەت

خۆمان هەتا وازۆی خۆشفەڕی بخەینە سەر و بەگوێرەی یاسا و ڕێسای دیاری‌کراو ئەم ئامانجە پیرۆزە بێتەدی.»[١]

ئاکامی خوێندنەوەی ورد و باریک و پێکەوە هەڵسەنگاندنی دوو فەرمانەکەی موزەففەرەددین‌شا سەبارەت بە سەقامگیربوونی حکومەتی پارلمانی، دەرکەوتنی دوو خاڵی بەرچاوە:

١- لە فەرمانی یەکەمدا هەر باسی چەند چین و توێژێکی تایبەت کراوە و بە هیچ کلۆجێک ناوی چینی جووتیاران و کرێکاران، واتە زۆرینەی گەل نەهاتۆتە ئاراوە و لە فەرمانی دووهەمدا وشەی «گەل» بوو بە جێگرەوەی چین و توێژەکان و بەم شێوەیە جەماوەری بەربڵاوی کرێکار و جووتیاریشی گرتۆتەوە.

٢- لە فەرمانی دووهەمدا «مەجلیسی شووڕای ئیسلامی» بۆتە جێگرەوەی «مەجلیسی شووڕای میللی» لە فەرمانی یەکەمدا. دوای‌بەدوای ئەم مەبەستە جەخت کراوەتەوە کە دەبێ هەموو ڕێوشوێن و سایاکان بەپێی شەرعی پیرۆزی ئیسلام ڕێک بخرێن. واوێدەچێ بۆیە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی هاتۆتە گۆڕ و پێداگری کراوە کە دەبێ بۆ دانانی یاسا شەرعی ئیسلام بکرێتە بنەما، هەتا لە لایەکەوە مەلا خاترجەم بن و دڵیان پێی خۆش بێ و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ بۆیە بووبێ کە زۆربەی خەڵکی ئێران یەکجار پێبەندی دین و مەزهەب بوون و بەم شێوەیە هەموو لایەک بە ڕەزامەندی بێنە هاودەنگ و هاوهەنگاوی حکوومەت.

نووسران و بڵاوکرانەوەی فەرمانی مەشرووتە و گۆڕانی سیستمی سیاسیی ئێران کە بزووتنەوە و شۆرشێکی ئارامی تێدا بە ئاکام گەیشت، شادمانی و گوڕ و تینێکی یەکجار بەرچاوی لە نێو ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەران و مەشرووتەخوازاندا بەدی هێنا. پەناگرتووەکانی باڵوێزخانەی ئینگلیس هاتنە دەرەوە و بڵاوەیان لێکرد و مەزنەمەلاکان و زانایانی دینی لە نێو شەپۆلی پێشوازیی گەرموگوڕی خەڵکدا لە قومەوە گەڕانەوە تاران و دوو شەوورۆژ سەرتاسەری تاران نوقمی جێژن و شادی و شادمانی بوو.

**نووسرانی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردن**

سەرۆکانی مەشرووتەخوازان و نەتەوەپەروەران و ژمارەیەک لە وەزیران و پایەبەرزانی بارگای میری لەسەر بانگهێشتنی بارگا لە شوێنی «قوتابخانەی نیزام»

---

١- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، بەشی یەکەم، ل ١١٩ ـ ١٢٠.

کە یەکێک لە خانووبەرەکانی میری بوو. کۆبوونەوە و عەزۆدولمولکی پیرە شازادەی قاجار لە لایەن حکوومەتەوە بە میواندار داندرابوو. لەم کۆبوونەوەیەدا کە سەرەتایەک بوو بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی هەڵبژاردن و ڕێکخستن و نووسینی یاسا و دیاریکردنی ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی پارلمانی میللی، سەرەتا موشیروددەولە لە لایەن دەولەتەوە و پاشان مەلیکولموتەکەللیمین لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە قسەیان کرد. لەم دانیشتنەدا سەرەرای ئەوەی کە کۆنەپەرستانی بارگای میری تەنگ و چەڵەمەیان نایەوە، چونکە هێشتا هیوادار بوون کە حکوومەتی پاوانخوازانە هەر لە جێی خۆی بمێنێ، دیسانیش یاسای تایبەتی هەڵبژاردن نووسرا و ڕۆژی ۱۲ی ڕەجەبی ساڵی ١٣٢٤ی ک. لە لایەن موزەففەرەددینشاوە ئیمزا کرا.

لە مەودای نووسران و بڵاوکرانەوەی فەرمانی حکوومەتی مەشرووتەدا هەتا ڕێکخران و داڕێژرانی یاسای تایبەتی هەڵبژاردن، زۆربەی شارستانەکان ئاگا و خەبەرداری هیچ نەبوون، چونکە بە دەستووری دەوڵەت تەلگرافخانەکان نەدەبوو تەلگرافی ئازادیخوازان و مەزنانی تاران بۆ شارستانەکان بەرێ بکەن. کەسرەوی لە کتێبەکەی خۆیدا سەبارەت بەم مەبەستە دەنووسێ:

«... لە تاران ئەم گشتە ڕووداوانە قەومابوون، بەڵام خەڵک لە تەورێز، ڕەشت، مەشهەد، ئیسفەهان، شیراز و کرمان هیچیان نەزانیبوو، بەر گرتن لە لێدانی تەلگراف لە جێی خۆی، بەڵام موشیروددەولەش کە جێی عەینوددەولەی گرتبۆوە هەر ئەو ڕێبازەی دەپێوا. لێرەوە دەردەکەوێ کە عەینوددەولە بە تەنیا نەبووە و کەسان یان باشترە بێژم دەستانێکی دیکەش لە ئیشدا بوون کە بەری چاوی جەماوەریان دەگرت. دەستخەتەکانی شا کە دەبوو لە هەموو شوێنێک بە دیوارەوە درابان، پێوەنەدران و هەڵبژاردنی نوێنەران کە دەبوو لە هەموو جێگایەک دەستی پێکردبا، دەستی پێنەکرد و شارەکان بەجارێک هیچ هەواڵێکیان پێنەدەگەیی... .»

هیچ گومانی تێدا نییە کە بارگانشینان و کۆمەڵێک لە مەلا کۆنەپەرستەکان و تاقمێک چڵپاوخۆری سەر خوانی ڕاخراوی مەوقووفەکان و پیاوانی ئەوتۆ، دژی مەشرووتەخوازان و گۆڕانخوازان پیلانیان دادەڕشت کە ئێستا توانیبوویان لە شۆڕشێکی ئارامدا یەکەمین سەرکەوتنی گەورەیان وەدەست بێنن. یەکێک لە ئامانجەکانی پیلانگێڕەکان ئەمە بوو کە هەلی خاوبوونەوەی شۆڕشگێڕان کە پاش

دەرکرانی فەرمانی مەشرووتە بەدی هاتبوو بقۆزنەوە و کاتێک ڕێبەران و سەرۆکانی ئازادیخوازان سەرقاڵی دارشتنی یاسای تایبەتی هەڵبژاردن و پێکهاتنی پارلمانن. بارودۆخە هێور و ئارامەکەی پایتەخت بشێوێنن و بەجارێک بناغەی مەشرووتە لە تاران تێکوپێک هەڵشێلن و پێش ئەوەی خەڵکی شارەکانی دیکە بێتە یاریدە و هانای ئازادیخوازان لە تاران، هەر چۆنێکی کە بۆیان دەکرێ شا وا لێ بکەن کە فەرمانەکەی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام سەرۆکانی گۆرانخوازان، بەتایبەت دوو سەیدەکە [تەباتەبایی و بێهبەهانی] لەگەڵ یارانی دەوروبەریان زۆر بە وریایی و بەرچاورروونی چاوەدێری بارودۆخەکە بوون و بۆ ئەوەی دوژمنانی ئازادی هەل و مەودای زەمان نەکەنە بازگەی پیلانەکانیان. بە خێرایی لە دارشتنی یاسای تایبەتی هەڵبژاردن و ڕێخۆش کردن بۆ پێکهاتنی پارلماندا هەنگاویان هاویشت. وەکوو دواتر باسی دەکەین. تەنانەت پێش کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی شارستانەکان. هەر دوای ئەوەی نوێنەرانی تاران هەڵبژێردران. خێرایەکی پارلمانیان پێکهێنا و پادشایان بۆ یەکەم دانیشتن و کرانەوەی بانگهێشتن کرد.

### دەست بەکاربوونی پارلمانی نیشتمانی

هەر پاش ئەوەی کە یاسای تایبەتی هەڵبژاردن پەسند کرا و هەڵبژاردنی تاران بە دەنگی ڕاستەوخۆ کۆتایی پێهات، پارلمانی نیشتمانی (شوورای میللی) بە ئەندامەتیی ٦٠ نوێنەری تاران دەستی کرد بە کار[1] و پایتەخت کە قارەمانی

---

١- ئەم ٦٠ کەسە بریتی بوون لە: ٤ کەس شازادەی قاجاری، ٤ کەس مەلا و فەقێ، ١٠ کەس بازرگان، ١٠ کەس دەرەبەگ و جووتیار و ٣٢ کەسەکەی دیکەش پیشەوەران و کاسپکاران بوون. بەم شێوەیە زۆربەی نوێنەران کاسپکار و بازاری بوون و ئەم زۆرینەیە دوای هەڵبژاردنی نوێنەرانی شارستانەکانیش هەروا پارێزرا. کەسرەوی پاش هێنانی ناوی نوێنەرانی تاران، قەلافەت و چواریەندەی پارلمانی خستۆتە بەر لێدوان و لێکدانەوە و نووسیویەتی: «لەم پێرستەدا ئەوەی کە دەبێ بە چاک و جوان وەبەرچاو بێ، چەند کەسێکی وەکوو وسووقوددەولە و موخبیرددەولە و ئاقمێکی لەم چەشنەیە کە هەموویان سەرناویان باربوو کرابوو. ئەمانە کۆمەڵێک پیاوی بەناوبانگ و ئاگاداری جیهان بوون و بە کەسانێکی کارزان دادەندران. ئێمە دەپرسین: داخوا ئەمانە زگیان بە نیشتمان و کۆمەڵانی خەڵک دەسووتا و لایەنگری مەشرووتە بوون؟ ئەگەر وابوون، باشە بۆ لە جەنگەی خەباتی ئەم دوو سەیدە و هاورێیانیاندا بۆ وەدی هێنانی حکوومەتی مەشرووتە. یاریدەیان نەدان و لەو ڕۆژ دژوارانەدا زۆر کەم خۆیان لێدان؟ ئاشکرایە کە ئەمانە ویست و ئاواتی←

شۆڕشی ئارام و پێشەنگی خەبات بوو بۆ وەدەست هێنانی ئازادی، ئەم مافی پێشەنگایەتییەی بۆ خۆی دەستەبەر کرد و تەنانەت پاش پێکهاتنی پارلمان و بەشداربوونی نوێنەرانی شارستانەکان. لە جەنگەی نووسینی یاسای بنەڕەتیش‌دا ئەم مافی پێشەنگایەتییەی بۆ خۆی پاراست و بەپێی بەندی شەشەمی ئەو یاسایە مافەکەی بە یاسا ڕێکخست.[1]

«هەڵبژێردراوەکانی تاران دوای کۆبوونەوەیان لە پارلمان‌دا مافی ئەوەیان هەیە بکەونە باس و ڕاوێژ و دەمەتەقە. دەنگی ئەمان لە جەنگەی بە دەستەوەنەبوونی نوێنەرانی ناوچە و هەرێمەکانی وڵات‌دا. بەگوێرەی دەنگی زۆرینە جێی پەسند و پێوەری کارپێکرانە.»

ئەم بەندە و بەندەکانی چوارەم و پێنجەم و حەوتەم و هەشتەم و بەندی چل و نۆهەمی تەواوکەری یاسای بنەڕەتی لە کۆبوونەوەی هاوبەشی پارلمان و ئەنجومەنی پیران‌دا. یانی کۆنگرەی ٢٦ی بانەمەری ١٣٣٦ی هەتاوی/١٩٥٧ی زایینی، پێداچوونەوەی لەسەر کرا و بەندی شەشەم لەم کۆبوونەوەیەدا ئاوای لێهات و پەسند کرا:

«بەندی شەشەم: پاش ئەوەی کە دوو لەسەر سێی نوێنەرانی پارلمانی نیشتمانی لە تاران ئامادە بوون، پارلمان دەست بە کار دەبێ.»

---

دیکەیان لە دڵی‌دا بووە و هەر بە شوێن قازانج و بەرژەوەندیی خۆیانەوە بوون. لە لایەکی دیکەوە چەند ناوێکی وەکوو مەشەدی باقری بەقاڵ و حاجی عەلی‌ئەکبەری پڵاوپەز جێگای سەرنجن. ئەم پیاوە بێخەبەرانە چییان لە دەست هاتووە؟ لەم کاتەدا کە هەوساری کاران لە چنگ بارگا دەرهێندراوە و کەوتۆتە دەستی جەماوەر، دەبوو پیاوانی شارەزا و بەئەزموون بوویانە پێشەنگ.» خاڵی جێگای سەرنج ئەمەیە کە وسووقوددەولە و موخبیروددەولە و موحەقیقوددەولە کەوتوونە ریزی بازرگانان و روون نییە کە بازرگانانی تاران چۆن رازی بوون کە ئەوانە وەک نوێنەری پیشەی خۆیان هەڵبژێردرێن.

١- لە یەکەم ڕۆژانی کاری پارلمانی نیشتمانی‌دا، سەنیعوودەولە وەکوو سەرۆک هەڵبژێردرا و وسووقوددەولە و ئەمینوززەرب بە ریز بوونە جێگری یەکەم و جێگری دووهەم.

بەم شێوەیە مافی تایبەتی پایتەخت کە لە سەرەتای سیستمی حکوومەتی نوێدا بۆ پاراستنی بەردی بناغەی مەشرووتە یەکجار پێویست بوو، ساڵی ١٩٥٧، یانی نیوسەدە دوای دامەزرانی حکوومەتی پارلمانی، هەڵوەشایەوە.

ڕۆژی یەکشەممۆ، ١٨ی مانگی شابانی ساڵی ١٣٢٤ی ک/ ١٩٠٦ی ز، پارلمانی نیشتمانی بە ئامادە بوونی وەزیران، نوێنەرە سیاسییەکانی وڵاتانی دەرەوە، تەباتەبایی، بێهبەهانی و چەند گەورە مەلایەکی دیکە و موجتەهیدانی تاران لە کۆشکی گولستان بە شێوەیەکی ڕەسمی لە لایەن موزەففەرەددین‌شاوە کرایەوە و پادشا کە بە نەخۆشی و بناوبێری هاتبووی کۆبوونەوەکە، دەقێکی پێشتر نووسراوی خوێندەوە، بەڵام وەک ئیدوارد براون نووسیویەتی، پاش ئەوەی دووسێ ڕستەی خوێندەوە کوڵی گریانی هەستا و فرمێسکی بە چاوی‌دا هاتە خوار و نیزامولمولک پاشماوەی وتارەکەی خوێندەوە.

بەشێک لە وتارەکەی موزەففەرەددین‌شامان لە سەرەتای ئەم بەشەدا هێنا و ئێستاش ئەو بەشەی دەخەینەڕوو کە هەتا ڕادەیەک وەکوو ئاوێنەی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی موزەففەرەددین‌شایە:

«... پێویستە بۆتان ڕوون بکەمەوە کە ئەوەی هەتا ئێستا کردووتانە هەر خۆتانی گرتوتەوە و بەس، بەڵام لە ئێستاوە هەزاران کەس دەگرێتەوە کە ئێوەیان هەڵبژاردووە و چاوەڕوانن کە ئێوە بەبێ دەغەڵی و بە باوەڕپاکی خزمەتی دەوڵەت و گەلی خۆتان بکەن و خۆ لەو کارانە بپارێزن کە گەندەڵبوونی پێوەیە. کەوایە دەبێ کارێکی وا بکەن کە لە لای خودا بەرپرسیار و لای ئێمە شەرمەندە و خەجاڵەتبار نەبن. ئەم پەند و ئامۆژگارییەی ئێمەتان هەرگیز لە یاد نەچێتەوە و بۆ دەمێکیش خۆ لەو ئەرکە گەورەیە مەدزنەوە کە وەئەستۆی خۆتان گرتووە و بزانن کە پەروەردگاری مەزن چاوەدێری ڕاستەقینەی کاروبارەکانمانە و پارێزەری هەق و هەقدارییە. خودا ئاگادارتان بێ... .»

**یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە**

پارلمانی نیشتمانی کە لەگەڵ کۆبوونەوەی نوێنەرانی تاران کرابوویەوە، پاش هاتنی نوێنەرانی شارستانەکان دەستی بە کارەکانی کرد. گرینگترین ئەرکی ئەم پارلمانە نووسین و پەسندکردنی یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە بوو کە لە ٥١ بەنددا ڕێکیخســـت و ڕۆژی چـــاردەی مـــانگی نێوجێژنـــانی ١٣٢٤ی کـــۆچی واژۆی موزەففەرەددینشا و محەممەدعەلیمیرزای جێگرەوەیپادشای خرایە سەر.

موزەففەرەدینشا پێشەکییەکی بۆ یاسای بنەڕەتی نووسیوە کە لێرەدا دەقاودەق دەینووسینەوە:

«بە ناوی یەزدانی دەهندە و دلۆوان. وەکوو دیارە بەپێی فەرمانی دادپەروەرانەی هێژامان لە ڕۆژی چاردەی مانگی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٣٢٤ی کۆچیدا، بە مەبەستی گەشـــە و تەشـــە و بەختـــەوەریی گـــەل و نیشـــتمان و پتەوبوونی چواربەندەی دەوڵەت و بەڕێوەچوونی شەرعی پێغەمبەری ئاخری زەمان، درووی خودا لەسەر خۆی و خانەدانی بێ، فەرموومان کە مەجلیسی شووڕای میللی دابمەزرێ. هەروەها چونکە بەگوێرەی خاڵ و بنەمایەکی ڕەسەن و ڕیشەدار هەموو خەڵکی وڵات بەپێی توانایی و لێزانیی خۆیان مافی ئەوەیان هەیـــە کـــە بەشداری پەسند کردنی [یاسا] و چاوەدێری کردن بن بە سەر کاروبـــاری گشـــتیدا، هـــەڵبژاردن و دانـــانی ئەنـــدامانی مەجلیســـمان دایـە دەستی گەل. ئێستا کە مەجلیسی شووڕای میللی بەگوێرەی ویست و مەبەستە پیرۆزەکانی ئێمە دامەزراوە، تەواوی بەند و بڕگەکانی یاسای بنەڕەتیی شووڕای نیشتمانی پەسند دەکەین کە باسی کار و ئەرکی مەجلیس و دیاریکرانی چوارچێوەی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ دامودەزگاکان و دەفەرمووین کە لەسەر ئەم بەند و بڕگانەی خوارەوە بڕوا. *شا*»

بەندی یەکەم هەتا بەندی چاردەهەمی یاسای بنەرەتی سەبارەتە بە پێکهاتنی پارلمان. بەندی ١٥ تا ٣١ ئەرکی پارلمان و چوارچێوەی کار و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکا. بەندی ٣٢ تا ٣٨ سەبارەتە بە بەرزکرانەوەی باس و بابەتەکان بۆ پارلمانی نیشتمانی. بەندی ٣٩ تا ٤٢ دەربارەی ورووژاندنی بابەتەکانە لە لایەن پارلمانەوە. بەندی ٤٣ تا ٤٧ باسی هەلومەرجی پێکهاتنی ئەنجومەنی پیران دەکا و بەندەکانی دیکەش سەبارەتن بە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەنجومەنی پیران و پارلمان و چۆنیەتی و مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەم دووانە و ئەمەش دەقی بەندی پەنجا و یەکەمە:

> «بەندی پەنجا و یەکەم: دەبێ ئەو پادشا و پاشەوارانەی کە پاش خۆمان دێن پارێزەری ئەو بەند و برگە و چوارچێوانە بن کە بۆ پتەوبوونی چواربەندەی دەوڵەت و پێداگری لەسەر بناغەی پادشایەتی و پاسەوانیی دامودەزگای دادەوانی و ئاسوودەبوونی گەل نووسراون و دیاری‌کراون و ئێمە فەرمووومانە کە بەرێوە بچن و دەبێ بە ئەرکی پادشایەتیی خۆیانی بزانن و وەئەستۆی بگرن.»

لە یاسای بنەرەتیی مەشرووتەدا لەتەرکێن باسی مافی سروشتی و ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەلایەتیی گەلی ئێران نەکراوە کە وەکوو سەرەکیترین بەند و برگە لە یاسای بنەرەتیی وڵاتانی وەک فەرانسە، ئینگلستان، بلژیک، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکووری و چەند جێگایەکی دیکەدا گونجێندراوە. ئەوەی راستی بێ نابێ ئەم کارە بە هەڵە و لێ تێکچوونی پێشەنگانی شۆرشی ئارام دابندرێ، چونکە لە نێو رێبەران و هەڵسوورێنەرانی شۆرش‌دا کەسانێک هەبوون کە زۆر چاکیان لە بنج و بنەوان و بنەماکانی سیستمی گەلسالاریی وڵاتانی ئورووپای خۆرنشین زانیوە و باوەریان بووە بە ئازادی و مافە سروشتییەکانی مرۆڤ، بەڵام بەگوێرەی ئەو باس و بابەتانەی کە پێشتر سەبارەت بە کەتن و پیلانەکانی دوژمنانی شۆرش وەبەرچاومان خستن، دەکرێ وای لێکبدەینەوە کە رێبەرانی شۆرش و هەڵسوورێنەرانی یەکەمین خولی یاسادانانی ئێران لەم هەلومەرجەدا نەوی‌کێشانیان لە پێداگری و سووربوون بە باشتر زانیوە و بەئانقەست خۆیان لەو برگە و بابەتانە نەداوە و ویستوویانە بۆ دەربازبوونی شۆرش و بە دەستەوەگرتنی

جڵەوی کارەکان خێرایەکی و بەپەلە یاسای بنەڕەتی دارێژن هەتا پارلمان پەسندی بکا. ئەو کەسانە بە شوێن هەلێکی ڕەخساوی دیکەدا گەڕاون و ویستوویانە کە پاش ئەوەی هێزی یاسادانان بەتەواوی خۆی گرت بە یاسای بنەڕەتی‌دا بچنەوە و کەموکوورییەکانی لابەرن.

وەکوو ئاشکرایە ئەم هەلە لە دەسپێکی حکوومەتی محەممەدعەلی‌شای قاجاردا ڕەخسا و لەسەر سەردێڕی «بەندە تەواوکەرەکانی یاسای بنەڕەتی»دا، کەموکوورییەکانی لاچوون و ئەم بەند و برگە تازانە لە لایەن پارلمانەوە پەسند کران و پادشای نوێ قۆڵی لەسەر کێشان و واژۆی خستنە سەر.

یاسای بنەڕەتی یان هەمان دەستووری مەشرووتە و تەواوکەر [یان پاشکۆکەی] چەند جار پێداچوونەوەیان لەسەر کراوە. یەکەمجار لە سەردەمی پادشایەتیی ئەحمەدشای قاجاردا، بەندی حەوتەم کە سەبارەت بووە بە مەرجەکانی دەست پێکردنی دانیشتنی ڕەسمیی پارلمان و پرسی زۆرینەی دەنگەکان لێکدانەوەی لەسەر کراوە و یاسای شی‌کردنەوە و لێکدانەوەی بەندی حەوتەمی یاسای بنەڕەتی لە سالی ١٣٢٩ی ک/ ١٩١١ی زایینی‌دا، لە لایەن پارلمانەوە پەسند کراوە. جاری دووهەم، مانگی سەرماوەزی سالی ١٣٠٤ی هەتاوی/١٩٢٥ی زایینی، بە بۆنەی گوێزرانەوەی حکوومەت لە خانەدانی قاجارەوە بۆ خانەدانی پەهلەوی، بەندی ٣٦، ٣٧ و ٣٨ی تەواوکەری یاسای بنەڕەتی لە «مەجلیسی موئەسسسان»دا[1] پێداچوونەوەیان لەسەر کراوە. هەروەها بەندی ٤ - ٨ی یاسای بنەڕەتی و بەندی ٤٩ی تەواوکەری یاساکە، مانگی بانەمەڕی ١٣٣٦ی هەتاوی/١٩٥٧ی زایینی، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی پارلمانی نیشتمانی و ئەنجومەنی پیراندا، پێداچوونەوەیان لەسەر کراوە.[2]

---

١- ئەم مەجلیسە ئەماوە و ئەرکە سەرەکییەکەی بریتی بووە لە دانان و ڕێکخستن و پەسند کردنی کۆمەڵێک یاسای گرینگ، بەتایبەتی یاسای بنەڕەتیی وڵات.و.

٢- لە شوێنی خۆی‌دا باسی پێداچوونەوەی بەندی حەوتەم دەکرێ، بەڵام بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی و پاشکۆ و پێداچوونەوەکانی بڕواننە: «بەند و برگەکانی یاسای بنەڕەتیی ئێران و تەواوکەر و پاشکۆکانی» کە «حەسەن فەسیحی شیرازی» کۆی کردۆتەوە. ئەم بەرهەمە هێژایە سەرچاوەی سەرەکیی من بووە بۆ باس و لێدوان لەسەر بەند و برگەکانی یاسای بنەڕەتی و بەشی تەواوکەر و ئاڵوگۆڕەکانی و پشتم پێ بەستووە... .

بەشی ١٨

# فەرمانڕەوایەتیی محەممەدعەلیشا، شۆڕشی مەزن

**(١٣٢٤ - ١٣٢٧ ی ک/١٩٠٦ - ١٩٠٩ای ز)**

بە خوێنی لاوەکانمان، وڵات بە گوڵ خەمڵیوە
بۆ تازیەی باڵای بەرزیان، داری سەرو چەمیوە
بولبول لەبەر ئەم خەمە لە سایەی گوڵ خزیوە
گوڵیش وەک من خەمبارە و یەخەی خۆی دادڕیوە

**

دەناڵێنم لە دەس دوژمن، دڵم پڕ داخ و دەردە
ئەوەی ترسی هەبێ ئەمڕۆ لە مردن کوانێ مەردە
فیداکاریی ئەویندارانە لە گوێ وەک تەختەنەردە
ئەگەر مەردی وەرە ئێستاکە خۆ جەنگەی نەبەردە

«شاعیری نەتەوەیی ئێران، عارف»

## I
## یەکەمین ساڵی حکوومەتی مەشرووتە

### پاڵدانەوەی محەممەدعەلیشا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی

موزەففەرەددینشا نیوەشەوی ٢٤ی ئیوجیژنانی ساڵی ١٣٢٤، یانی دە ڕۆژ دوای واژۆ کردنی یاسای بنەڕەتی، ماڵاوایی لە ژیان کرد و محەممەدعەلیمیرزا جێی گرتەوە. وەکوو باسمان کرد جێگرەوەی دەستنیشانکراوی پادشا لە کاتی بزووتنەوەکەدا بوو بە لایەنگری مەشرووتەخوازان و بە نووسینی نامەیەک بۆ سەید عەبدوڵڵا بیهبەهانی سوێندی خواردبوو کە وەفاداری حکوومەتی مەشرووتە

دەبێ و واژۆی خۆشی خستبوویە پای یاسای بنەرەتی. بەڵام واوێدەچوو کە پێوەیە بەردی بناغەی مەشرووتە هەڵتەکێنێ و خەریکە دژی گەلسالاری و ئازادی پیلان دادەڕێژێ. جا بۆیە هەر لە سەرەتای ئەو ڕۆژەوە کە بوو بە پادشا، چەند باس و بابەتێک سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی محەممەدعەلیشا لە نێوان نەتەوەپەروەران و پارلمانی نیشتمانی و ئازادیخوازان و لایەنگرانی حکوومەتی مەشرووتەدا هاتە ئاراوە کە نیشانەی ترس و دڵەڕاوکە بوو سەبارەت بە داهاتوو.

محەممەدعەلیشا ڕۆژی چوارەمی مانگی قوربانی ساڵی ١٣٢٤ی ک. تاجی پادشایەتیی نایە سەری و هەر لاشی لە نوێنەرانی پارلمان نەکردەوە[1] و ئەم هەنگاوە ئەوەندەی دیکەی ئازادیخوازان هارووژاند کە بە ڕەشبینی و دوولییەوە لە شای تازە بڕوانن. لەم کۆبوونەوە ڕەسمییەدا کە هەموو وەزیرەکان و باڵوێزان و نوێنەرانی سیاسیی وڵاتانی دەرەوە و مەزنەمەلایان و پیاوماقووڵان و پایەبەرزان بەشدار بوون، نوێنەرانی گەل بانگهێشتن نەکرابوون و سەنیعوددەولە و سەعدوددەولەی نوێنەرانی پارلمان وەکوو ئەندامانی چین و توێژی مەزن و ماقووڵان بەشداری ڕێوڕەسمەکە ببوون.

ڕەنگدانەوەی ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی محەممەدعەلیشا، نوێنەرانی پارلمانی تووڕە کرد و لە کۆبوونەوەیاندا نارەزامەندی دەنگی دایەوە. میرزا تاهیری تونیکابۆنی، نوێنەری تاران و یەکێک لە سەلاکانی ئەندامی پارلمان گوتی: «پادشا، پادشای گەلە و دەبێ لە لایەن گەلەوە تاج بنێتە سەری و پارلمانیش نوێنەری گەلە.»[2] میرزا مەحموودی کتێبفرۆش یەکێک لە نوێنەرانی بازارییەکانی تاران، پاش دەربڕینی گلە و گازندە سەبارەت بەم کارەی پادشا و تێتەخوێندنەوەی پارلمان گوتی: «ئێستا کە سەرەتای کاری پارلمانە ئەگەر دەتوانێ با هەقی خۆی وەربگرێ، دەنا دواتر هیچی بۆ ناکرێ.»[3] چەند نوێنەرێکی دیکەش هەر لەم بوارەدا قسەیان کرد، بەڵام محەممەدعەلیشا کە بەتەواوی کەوتبوویە ژێر کارتێکردن و باندۆری

---

١- کەسرەوی بە گەڕانەوە بۆ سەر دەقی کتێبی «شین» دەنووسێ: «چونکە تاجەکە قورس و زل بوو، سەری نەیدەتوانی، هەر بۆیە ناچار بوو هەتا بە دوو دەستان بیگرێ و پاش چەند خولەکێک لایبرد و کڵاوی ڕەسمیی ئێرانیی کردە سەری کە جوققەی نادریی پێوە بوو.»

٢- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، بەشی یەکەم، ل ٢٠٢.

٣- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، بەشی یەکەم، ل ٢٠٣.

ڕووسیای قەیسەری و پێشتر بۆ ئەوەی دەستی بە تاج و تەخت ڕابگا بیوو بە هاودەنگ و هاوڕای مەشرووتەخوازان. ئێستا کە لەسەر تەختی دەسەلاتی پالی دابۆوە و هێزی گەورە و گرانی ڕووسیای بە پشتیوانی خۆی دەزانی و لە نێوخۆشدا چاوی بڕیبوویە کەتن و پیلانەکانی پاوانخوازان و لایەنگرانی سیستمی پێشوو. گوێی بۆ دەنگەدەنگ و ناڕەزامەندییەکانی نوێنەرانی پارلمان کلۆر نەکرد و بە مەبەستی تێکەوەپێچانی سیستمی تازەی حکوومەتی درێژەی بە هەنگاوەکانی خۆی دەدا. بەم شێوەیە دەبێ سەرەتای فەرمانڕەوایەتیی محەممەدعەلیشا بە دەسپێکی ململانێی ڕاستەقینە و لێبڕاوانەی نێوان ئازادیخوازان و لایەنگرانی حکوومەتی ملهوڕانە و پاوانخوازانە دابندرێ. لەم خەباتە ئازایانەدا، هەستی هارووژاوی پیاوان و ژنانی ئازادیخوازی سەر لەپێناو دەکاتە ئەوپەڕی خۆی و دیمەنە گەرم و بەتینەکانی «شۆڕشی گەورە»ی ئێران بە خوێنی لاوان و پیاوانی بەجەرگی نیشتمان لەسەر سینەی مێژوو دەنەخشێ.

## کار و چالاکییەکانی پارلمان

هەڵسووڕێنەرانی پارلمانی نیشتمانی بە پشتیوانی نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان و ڕۆژنامەکان خۆیان ساز کرد کە دەستی پیاوان و بەکرێگیراوانی بیگانە لە دامودەزگا نیشتمانی و دەولەتییەکان کورت بکەنەوە و بەر بە هەر چەشنە قەرزداربارببوونێکی غەواران بگرن. نوێنەرانی پڕ تین و گوڕی یەکەمین خولی پارلمان بە ئازایەتی و چاونەترسانێکی سەیرەوە بەرەورووی محەممەدعەلیشا و مەزنان و وەزیرانی حکوومەتەکەی ڕاوەستابوون. ئەگەرچی هێشتا شازادەکانی قاجاری و حوکمدارانی سەردەمی حکوومەتی ملهوڕانە لە ناوچە و هەرێمەکانی وڵات هەروا حکوومەتیان دەکرد، پارلمان دەیهەویست کە کاری پاڵاوتن و پاککردنەوە و چاکسازیی دامودەزگاکانی دەولەتی لە بەرژەوەندیی سیستمی نوێ، لە پایتەختەوە دەست پێبکا. هەر بۆیە وردەوردە دەنگەدەنگی دەرکردنی ڕاوێژکارانی بیگانە لە پارلماندا دەنگی دایەوە و هەر لەو سەروبەندەدا مژاری دامەزراندنی بانکی میللی ئێران و پێداچوونە بە مووچە و مانگانەی پادشا و شازادەکانیش هاتە ئاراوە و بەم شێوەیە ئەم مەبەستانەی ژێرەوە کەوتنە ڕۆژەوی کار و هەنگاوەکانی پارلمان:

١- دەرکردنی راوێژکارانی بلژیکی و تێکرای دامەزرێندراوەکانی بیگانە لە ئێران.

٢- پێداچوونەوە بە مووچە و مانگانەی پادشادا و دیاریکردنی بڕی مووچەکەی و ڕێگا نەدانی بۆ دەربازبوون لەو چوارچێوەیە.

٣- دامەزراندنی بانکی میللی.

٤- قەدەغەکرانی وەرگرتنی هەر وام و دەسقەرزێک لە رووسیا و ئینگلیس.

٥- هەسدانەوە و بەرگرتنی کاربەدەستانی حکوومەتی بۆ کاری نارەوا، بەتایبەت لە جەنگەی وەرگرتنی باج و پیتاکی حکوومەتیدا.

محەممەدعەلیشا ئەگەرچی بە شێوەیەکی سروشتی کەسێک بوو خۆ بەزلزان و بە دڵ دەیهەویست کە سیستمی پاوانخوازانە و ملهورانە بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی. بەڵام خۆی لە بەر شەپۆلی تەوژمی پارلمان و رۆژنامەکان پێنەگیرا و «نووز»ی بلژیکیی لەسەر کار لابرد. بەڵام ناسرولمولکی وەزیری دارایی. خۆی لە نووسینەوە و هێنانی لیژگەی خەرجەکانی بارگای میری بۆ پارلمان لادا و بەم شێوەیە پێداچوونەوە بە مووچە و مانگانەی پادشادا وەدوا کەوت.

هەروەکوو ئاشکرایە هێنانە گۆڕی باس و بابەتی دامەزراندنی بانکی میللی وەکوو نیشانەی رووحی نیشتمانخۆشەویستانەی نوێنەرانی خولی یەکەمی پارلمان و پێبەندی و ئامەزرۆبوونیان بە پاراستنی هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی رەنگی دابۆوە. هەر بۆیە بەرەورووی کەتن و پیلانەکانی بانکی شاهانشاهی و بانکی ئیستقرازی بیۆوە. راست لەو جەنگەیەدا کە پارسە زەردەشتییەکانی دانیشتووی هیند بە گەرموگوڕی سەرقاڵی کۆکردنەوەی سەرمایەی پێویست بوون بۆ دامەزرانی بانکی میللی ئێران و لە پارلمانیشدا باس و وتوووێژەکان سەبارەت بەم پرسە ورووژابوون و رۆژنامەکانیش لەسەر سوود و قازانجەکانی دامەزرانی بانکی میللی دەڕۆیشتن، ئەرباب پەروێزی زەردەشتی لە یەزد بە فیتی «سەنیع حەزرەت»ی بەرپشتیوانی محەممەدعەلیشا کوژرا. ئەم کارە چەپەڵ و دزێوە بەرچاوە کە پیلانگێڕەکەی دوای لێخرانی محەممەدعەلیشا لە دار درا، ئەگەرچی پارلمان و رۆژنامەکان و زۆربەی خەڵکی ئازیەتبار کرد، بەڵام دیسانیش شوێنی لەسەر هەست و سۆزی پارسییەکان دانا و دڵساردی کردنەوە و بەم شێوەیە دامەزرانی بانکی میللی بە قووندا کەوت.

نوێنەرانی خولی یەکەمی پارلمان توانییان بەر بە وەرگرتنی وام و دەسقەرز لە بێگانان بگرن. بەڵام وەکوو دواتر بۆمان روون دەبێتەوە، حکوومەتی مەشرووتە خۆی ناچار بوو هەتا بۆ پاراستنی سیستمی نوێی حکوومەت و پێشگرتن بە مایەپووچی و سەرسووتانی وڵات، لە ڕێی بانکی ئیستقرازی و شاهانشاهی وام لە رووسیا و ئینگلستان وەربگرێ.

ئیدوارد براون لە رووی دەقی نامەی کەسێکی چاوەدێر و ئاگاداری بارودۆخی ئەو رۆژگارەی ئێرانەوە چەند بابەتێکی هەڵکراندوون کە دەقاودەق دەیانگێڕینەوە:

«پارلمانی نیشتمانی هێزی تێزاوە و بێباکە. هەڵبەت گەورەترین سەرکەوتنیشی بریتی بوو لە دەرکردنی ڕێزدار نووز. چونکە حکوومەت بە ناسەرسەنگی و نابەدڵی ملی پێداهێنا. پارلمان ئەوەندەی کە هێز و برشتی تێکشکێنانەی ڕێی پێداوە، زۆر چاک پێوەستاوە و دەستی وەبەر دەسەڵاتی تەختی پادشایەتی هێناوە و قەدەغەی ئەوەی کردووە کە شازادەکان ببنە وەزیر. هێزی وەبەر ئەرک و راسپاردەکانی وەزیران هێناوە و کڕین و فرۆشتنی پلە و پایە بەرزەکانی کوێر کردۆتەوە کە ببوو بە پرسێکی یەکجار تووش و ئاڵۆز. ئێستا وەختی ئەوە هاتووە کە خۆ لە قەرەی کاری گەورە بدا و لە دارشتنەوەی ئێرانی نوێدا هێز و دەسەڵاتی بنوێنێ و لەسەر کاول و هەرەسی شێوە و شێوازی رابردوو رەوتێکی تازە بنیات بنێ. داخوا پارلمان بۆ راپەراندنی ئەم ئەرکە قورس و گرینگە لێوەشاوەیە؟ ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری ئورووپاییەکانی دانیشتووی ئێرە ڕەشبینن. بەڵام من گەشبینم و لێم سوورە و خاترجەمم کە ئەم خانەدانەی میری هەرگیز پارلمانی بۆ تێداناچێ. نوێنەرانی پارلمان بە تۆزە جیاوازییەکەوە گوتەکانی «میرابوو»[1] دووپات دەکەنەوە: ئێمە بە ویستی گەل هاتووینە ئێرە و تەنیا بە زەبری سەرەنێزەی بێگانە لێی وەدەردەکەوین. کاکڵ و نێوەرۆکی ئەم رستە پڕمانایە دەڵێ: کارێکی دژوارە کە پادشای وڵاتێک بتوانێ بە سەرەنێزەی خۆماڵی بزووتنەوەیەکی بەهێز کە هەڵگری راستەقینەیەکی قووڵ و ڕیشەدارە و لە دڵی گەلدا پنجی داکوتاوە، بۆ ئەوەی تەنیا خودی خۆی بمێنێ، بە هێز و دەسەڵاتێکی تەواوە

---

[1]- ئۆنۆوورێ گابرییەل ڕیکتی ناسراو بە کۆنت دو میرابوو (١٧٤٩-١٧٩١ی ز) سیاسەتمەدار و وتاردەری زمانپاراوی فەرانسەوی. لە سەردەمی شۆڕشی فەرانسەدا بوو بە نوێنەری چینی سێهەم واتە هەمان ئاپۆرەی خەڵک.و.

بیهاریّ و وردی بکا و ئەوسا بە باڵەبرژەیەکی لەخۆوە بیّ و بە دنیای سەرسوڕماو بڵیّ: ئەمەیە ئەو گەڵەی کە نەیدەویست بمریّ.»

بابەتێکی دیکە کە لە پارلماندا خرایە بەرباس و گوفتوگۆ، نامەکەی موشیروددەولەی سەرۆکوەزیر بوو کە بۆ پارلمانی نووسیبوو هەتا ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی بناسێنێ.[1] موشیروددەولە وێڕای ناساندنی وەزیرەکان نووسیبووی: «ئەوانە لە ئاستی خاوەنشکۆی پایەبەرزدا بەرپرسیارن و هەر کات پێویست بیّ خۆیان یان جێگرەکانیان دێنە پارلمان.» حاجی موحتەشەموسسەڵتەنە کە نامەی سەرۆکوەزیری هێنابوویە پارلمان، دوو گەڵاڵە پێشنیاری سەبارەت بە یاسای تایبەتی ئەنجومەنی پیران و دامەزرانی بانکی میللیی ئێران پێشکەش بە پارلمان کرد. مەبەستی بەرپرسیاربوونی وەزیرەکان لە بەرامبەر شادا لەگەڵ بەرپرسیاربوونیان لە حاند دەسەڵاتی یاسادانان‌دا پێکەوە نەدەگونجا و هەر بۆیە ژمارەیەک لە نوێنەرانی پارلمان داوای ڕوونکردنەوەیان کرد لە موحتەشەموسسەڵتەنە و ئەویش وڵامی دایەوە: «ئێوە هەتا ئێستا هیچ یاسایەکی تایبەتوو سەبارەت بە چوارچێوەی ئەرک و بەرپرسایەتیی وەزیرەکان نەنووسیوە، هەتا بەپێی ئەو یاسایە وڵامدەرەوەی پارلمان بن.» ئەگەرچی وڵامەکەی حاجی موحتەشەموسسەڵتەنە چەشنێک خۆ هەڵە کردن و کەمتەرخەمی بوو نەک وڵامێکی ڕەپ و ڕاست، بەڵام هێندەش دوور نەبوو لە ڕاستی، چونکە لە یاسای بنەڕەتیی مەشرووتەدا، سێ دەسەڵاتەکەی وڵات لە یەک جودا نەکرابوونەوە و چوارچێوەی ئەرک و بەرپرسایەتیی هەرکامەیان داروڵەڵەی بۆ دانەندرابوو. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە پارلمانی یەکەم بەپێی بەرژەوەندیی ڕۆژگار و هاوپشتی هەنگاوی بەپاریز، ئەو یاسا بنەڕەتییەی بە هەموو کەموکوورییەکانییەوە و بە پەلەپرووزیّ پەسند کرد هەتا پادشای نەخۆش لە دوا ڕۆژانی ژیانی‌دا واژۆی بکا و بناغەی سیستمی حکوومەتی نویّ دابرێژرێ.

دووهەم تێبینیی و ڕەخنەی نوێنەران لەسەر ناساندنی دەبیروددەولە بوو وەک وەزیری بەرگری، چونکە دەیانزانی کە وەزیری ڕاستەقینەی بەرگری،

---

١- موشیروسسەڵتەنە وەزیری داد، ناسروڵمولک وەزیری دارایی، عەلائوسسەڵتەنە وەزیری دەرەوە، وەزیر ئەفخەم وەزیری نێوخۆ، عەلائولمولک وەزیری پەروەردە، فەخروڵمولک وەزیری بازرگانی، دەبیروددەولە وەزیری بەرگری.

کامرانمیرزای خەزووری محەممەدعەلیشایە و سەرۆکوەزیر بە فێڵ و دەهەز کەسێکی دیکەی بە شێوەیەکی ڕواڵەتی وەکوو وەزیر ناساندووە. سەرۆکوەزیر چاکی دەزانی کە زۆربەی هەرە زۆری نوێنەرانی پارلمان دژی بەشداربوونی کامرانمیرزان لە ئەنجومەنی وەزیراندا.

هەڵگیرسانی باس و بابەت و وتوویژەکان لە چەند مانگی یەکەمی دەست بەکاربوونی پارلماندا پەردەی لەسەر چەند ڕاستەقینەیەک لادا و بۆ نموونە دەرکەوت کە تاقمێک لە نوێنەرەکان لایەنگری شا و دەوڵەتن. ئەم تاقمە دەیانهەویست کە زۆربەی نوێنەران بخەنە ژێر باندۆری خۆیان و ویست و داخوازەکانی پادشا و سەرۆکوەزیر بەرنە نێو پارلمانەوە. لە قاودرانی ئەم مەبەستە لێکترازانێکی خستە نێو ڕیزی یەکدەنگی و یەکڕەنگیی نوێنەرانەوە و کەموزۆر دوو شێوە بیرکردنەوە و دوو ڕوانگە لە پارلماندا بەدی هات: لایەنێکی میانەڕەو و خاوەنی هەڵوێستی بەپارسەنگ کە یان بەگوێرەی بەرژەوەندیی ڕۆژگار یان لەبەروەی کە سەر بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵات بوون، لایەنگری ڕەوتێکی نەرمونیان بوون و پێیان وابوو کە وا باشە لەگەڵ شا و دەوڵەت بحاوێنەوە. لایەنەکەی دیکە یانی زۆربەی نوێنەران زۆر بەگەرمە دەجووڵانەوە و دەیانهەویست هەرچی زووە هەوساری کاروبارەکانی وڵات بە دەستەوە بگرن و دژی سازان و حاوانەوە بوون لەگەڵ دەوڵەت.

ئەو دوو ڕوانگەیە لە بازنەی پارلمانەوە خزیبوویە نێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆژنامەکانیش و بەرەبەرە ڕێگا بۆ پێکهاتنی حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ئەم دوو ڕەوت و ڕێباز و بۆچوونە جیاوازە لە تاران خۆش دەکرا.

بنکەی ژین

**تەواوکەری یاسای بنەڕەتی**

لێدوان دەربارەی وتوویژەکان و ڕەوتی کۆبوونەوەکانی پارلمان لەم کتێبەدا ناگونجێ و خوێنەرانی خۆشەویست ئەگەر پێیانخۆش بێ دەتوانن ئەو دەقانە بخەنە بەرچاو کە دانیشتن و باس و بابەتەکانیان تێدا کۆکراوەتەوە و لە ڕۆژی دامەزرانییەوە هەتا ئێستایان لە خۆ گرتووە و چاپ کراون و لە کتێبخانەی پارلمانی ئێراندا هەن.

وەکوو دیارە نوێنەرانی خولی یەکەمی پارلمان لە سەردەمی هاڵۆز و شێواوی خۆیاندا، سەرەرای گێرەشێوێنی و پیلانگێرانەکانی محەممەدعەلیشا و لایەنگرانی، هەنگاوێکی یەکجار گرینگ و بەنرخیان هاویشت و بە مەبەستی لابردنی کەموکوورییەکانی یاسای بنەرەتی، کەوتنە رێکخستن و نووسین و پەسند کردنی یاسایەکی تازەی ۱۰۷ بەندی بە ناوی «یاسای تەواوکەری یاسای بنەرەتی». محەممەدعەلیشا لە جەنگەی خوێندنەوە و واژۆکردنیدا ئەم پەراوێزەی لە داوێنی زیاد کرد:

«دەقی تەواوکەری یاسای بنەرەتیم خوێندەوە. هەمووی راستە و بە هیوای خودا ئێمەی خاوەنشکۆ دەبینە چاوەدێر و پارێزەری. خودا پشتیوان بێ، پاشەواران و رۆڵەکانی ئێمە دەبنە پاڵپشتی ئەم رێوشوێن و بەندە پیرۆزانە. ۲۹ی مانگی شابانی ۱۳۲۵ی ک/قوویئیل[1]، تاران، کۆشکی میری.»

محەممەدعەلیشا بە خەتی خۆی لە بەرایی یاسای بنەرەتیدا ئاوای نووسیوە:

«بە ناوی یەزدانی دەهندە و دلۆوان. ئەم بەندانەی کە بە مەبەستی تەواوکرانی یاسای بنەرەتیی مەشرووتەی دەوڵەتی بەرزەجێی ئێران نووسراون و لە خوارەوەدا ریز کراون، دەخرێنە سەر ئەو دەقەی کە رۆژی ۱۴ی مانگی ئیوجێژنانی ساڵی ۱۳۲۴ی کۆچی، شاهانشای بەختەوەری بەهەشتەلان موزەففەرەددینشای قاجار ـ خودا گۆرەکەی پڕ کا لە نوور ـ واژۆی کردووە.»

وەکوو پێشتر باسمان کرد، نوێنەرانی ئاگادار و خوێندەواری پارلمان زۆر چاکیان لە کەموکوورییەکانی یاسای بنەرەتی دەزانی و زۆربەی ئەندامانی پارلمان لەسەر چارەسەری ئەم کەلێن و کەلەبەرانە سوور بوون، بەتایبەت کە داموودەزگای پادشایەتی و کۆنەپەرستانی باڵادەست بۆ دەربازبوون لە دەست سەرۆکایەتی و چاوەدێریی دەسەڵاتی یاسادانان ئەم مەبەستەیان وەکوو بیانوو دێنایەوە و قامکیان

---

۱- ساڵی هەشتەم لە خولی دوازدە ساڵەی ساڵژمێری تورکیدا. دەکەوێتە دوای یوونتئیل واتە ساڵی ئەسپ و پێش پیچیئیل یانی ساڵی مەیموون. قوویئیل دەبێتە ساڵی مەر.و.

لەسەر دادەنا. موشیروددەولەی سەرۆکوەزیر، لە کۆبوونەوە و دیدارێکی تایبەتی مالی خۆیدا لەگەڵ چەند نوێنەرێکی دیار و هەڵکەوتەی پارلمان کەوتبوویە باس و راوێژ. لە گەرمەی قسانیدا سەعدوددەولەی نوێنەری پارلمان گوتبووی: «لە دەولەتی مەشرووتەی ئێوەدا دەبێ وەزیرەکان بەرپرسیار بن و جگە لەم وەزیرانەی کە دیاری کراون، نابێ هیچکەسی دیکە وەکوو وەزیری فەخری یان رەسمی هەبێ. بۆ چما ئێمە حکوومەتی مەشرووتە نین؟ بۆ چما حکوومەت مەشرووتەی نەداوە بە ئێمە؟» موشیروددەولە لە وەڵامدا دەڵێ: «نەخێر ئێمە حکوومەتی مەشرووتە نین و حکوومەتیش مەشرووتەی نەداوە بە ئێوە. ئەم پارلمانەی کە هەتانە تایبەتە بە دانانی یاسا.»[1] حاجی ئەمینوززەرب لەم کۆبوونەوەیەدا ئاوای وڵامی موشیروددەولە دابۆوە: «ئێمە خۆمان بەروونی دەزانین مەشرووتە چییە و ئەو مافە کە هەمانە کەس ناتوانێ لێمان وەربگرێتەوە. مەگین بە رشتنی خوێنی گەل.»[2] بەم شێوەیە پارلمان لەسەر تەمای خۆی بۆ لابردن و سڕینەوەی کەموکوورییەکانی یاسای بنەڕەتی سوورتر بوو.

چەند کەس لە نوێنەران، بۆ نموونە «تەقیزادە»ی نوێنەری ئازەربایجان و حاجی «ئەمینوززەرب»ی نوێنەری تاران، هەرکام بە مەبەستی تەواوکردنی دەقی یاسای بنەڕەتی چەند یادداشتێکی کە خۆیان بە پێویستیان دەزانی دایانە پارلمان. بەلام جلەودارانی پارلمان کە زانیبوویان پەلەپەل و هەڵەهەلی نووسینی یاسای بنەڕەتی چ زەبرێکی وەشاندووە، سەبارەت بە نووسین و داڕشتنی دەقی تەواوکەری یاساکە بە پشوودرێژی تێکەوتن، وەکوو دیارە چونکە لە شاراندا، بەتایبەت لە تەورێز هەوڵ و هەڵسووڕانێکی بێبڕانەوە بۆ داکۆکی کردن لە مەشرووتە و دەربڕینی پشتیوانی لە دەسەلاتی یاسادانان دەستی پێکردبوو، نوێنەران دڵیان خۆش بوو کە هێندەی نەماوە بۆ سەرکەوتن، جا هەر بۆیە لەم قۆناخەدا بە هەڵەشەیی نەچوونە سەر بابەتی نووسین و داڕشتن و پەسندکردنی تەواوکەری یاسای بنەڕەتی. سەرەنجام دوای نۆ مانگ تێکۆشان و بەختکردنی تەمەن، تەواوکەری یاسای بنەڕەتی دارێژرا و پەسند کرا و محەممەدعەلیشاش واژۆی کرد.

---

١- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی.

٢- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی.

بەشی یەکەمی ئەم یاسایە یانی لە بەندی یەکەمەوە هەتا بەندی حەوتەم کە لە ژێر سەردێری «کۆبەند»دا خۆی دۆزیوەتەوە، باسی مەزهەبی رەسمی، ئاڵای رەسمی، پایتەخت، سنوور و قەڵەمرەوی ئێران و پارێزرانی گیان و ماڵی ئەو غەوارە و بێگانانە دەکا کە دانیشتووی ئێرانن. لە بەندی حەوتەمدا بەروونی و بەراشکاوی نووسراوە کە: «بنەمای مەشرووتە، نە کەمی، نە گشتی وازی لێ ناهێندرێ.» یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی ئەم یاسا تەواوکەرە کە دەبێ باسی بکرێ، هێنانی باسی مەزهەبە کە بەپێچەوانەی یاسای بنەرەتیی زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی نووسراوە کە ئەوان دین و مەزهەبیان بەتەواوی لە داب و نەریت و سیاسەت دابڕیوە. لەم یاسایەدا باسی مەزهەبی رەسمی کراوە و بە پێویست دانراوە کە لانیکەم پێنج کەلەمەلای هەرە خوێندەواری [شیعە] بەشداری کۆبوونەوەکانی پارلمان بن و تەنانەت تێیدا هاتووە کە دەبێ هەموو نوێنەرەکان سەر وەبەر دەنگ و بۆچوونی چاوەدێرانی شەرع بێنن. لە دوایەشی بەندی دووهەمدا کە سەبارەتە بەم مەبەستە ئاوا نووسراوە:

«... وا بڕیارە کە لە هەموو سەردەم و رۆژگارێکدا، مامۆستایانی بەرزەجی و زانایانی گەورەی شیعە، بیست کەس لە مەزنەمەلایانی شەرعزانی دیندار کە ئاگاداری پێویستییەکانی رۆژگاریش بن، بە پارلمان بناسێنن، هەتا ئەوانیش دەستەیەکیان کە نابێ لە پێنج کەس کەمتر و دەکری بەگوێرەی قۆناخەکە زیاتریش بن، بە تێکرای دەنگ یان بەپێی تیروپشک وەکوو ئەندامی پارلمان دیاری بکەن. ئەم مامۆستایانە دەبێ بەوردی لەو دەق و بابەتانە بکۆڵنەوە و قسەیان لەسەر بکەن کە بڕیارە لە پارلمان و ئەنجومەنی پیراندا پەسند بکرێن، هەتا نەهێڵن بەند و برگەی وا تێپەڕێندرێن کە لەگەڵ ڕێوشوێن پیرۆزی ئیسلام ناتەبا بن و ببنە یاسا. دەنگی ئەم دەستەیەی زانایانی دینی لەم بوارەدا دەبێ لەسەر بێ و سەری وەبەربێنن و ئەم بەندە هەتا ئەو دەمەی کە

> حەزرەتی حوججەتی عەسر ـ خودا پەلە بکا لە هاتنی ـ نەگۆڕ دەمێنێتەوە.»
>
> بەندی هەشتەم: خەڵکی ئێران لە چوارچێوەی یاسای حکوومەتیدا مافی یەکسانیان دەبێ.
>
> بەندی نۆهەم: گیان و ماڵ و دارایی و شەرەفی هەموو کەس پارێزراوە و هیچکەس نابێ دەستی بۆ درێژ بکری و بەپێی یاسای وڵات نەبێ کەس نابێ بەری پێ بگیرێ.

بەندی ١٠ ـ ١٤ باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ دادگاکان بەپێی یاسا لەگەڵ خەڵک بجووڵێنەوە و نابێ کەس لە شوێنی خۆی هەڵبکەندەرێ و هتد.

بەندی ١٥ ـ ١٧ باسی مافی خاوەنایەتی دەکەن و بەندی ١٨ ـ ١٩ سەبارەتن بە ئازادیی خوێندن و پەروەردە و ڕاهێنان و دانانی قوتابخانان و پێخوێندنی بە زۆری لە ژێر چاوەدێریی وەزارەتی فێرکردن و بارهێناندا. بەندی بیستەم سەبارەتە بە ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە کە لێرەدا دەقەکەی دەنووسینەوە:

> بەندی بیستەم: هەموو بڵاوکراوەیەک، بێجگە لە کۆمەڵێک کتێبی سەرشێوێن و دوژمن بە دینی ڕووناکیدەر، ئازادن و نابێ سانسۆریان لەسەر بێ؛ بەڵام ئەگەر مەبەستێکی پێچەوانەی یاسایان تێدا بەدی بکرێ، بڵاوکەرەوە یان نووسەر بەپێی یاسای چاپ و بڵاوکردنەوە سزا دەدرێن. ئەگەر نووسەر ناسراو و دانیشتووی ئێران بێ، لەچاپدەر و بڵاوکەرەوە لێپرسینەوەیان لەسەر نابێ.

بەندی بیست و یەکەم سەبارەتە بە ئازادیی کۆبوونەوە. بەڵام ئەگەر هەر تۆزێک بەوردی وشە و ڕستەکانی سەرەتای بەندەکە بخرێتە بەرچاو، هەر خاوەنڕایەک سەبارەت بە نیازپاکیی نووسەران و داڕێژەرانی ئەم بەندە دردۆنگ دەبێ. ئێستا با لە دەقی بەندەکە بڕوانین:

> بەندی بیست و یەکەم: هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک کە نەبێتە هۆی بەدی هاتنی ئاژاوەی دینی و دنیایی و تێکدەری بارودۆخی ڕێکوپێک نەبێ، لە تەواوی وڵاتدا

> ئازادە، بەڵام ئەوانەی کۆدەبنەوە نابێ چەکیان پێ بێ و دەبێ سەر وەبەر ئەو ڕێوشوێنە بێنن کە یاسا لەم بابەتەدا دیاریی دەکا. کۆبوونەوە لە مەیدانەکان و شەقامەکانی گشتیش‌دا دەبێ بەگوێرەی یاسای دەزگای ئاسایش بێ.

ڕوون و ئاشکرایە کە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان ئامانجێکی دینیی لە پشتە یان سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەر حکوومەتێکیش دەتوانێ هەموو کۆبوونەوەیەک کە بەپێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بێ، بە سەرچاوەی بەدی هاتنی شاژاوەی دینی یان دنیایی و تێکدانی بارودۆخ و گێرەشێوێنی لێکبداتەوە و بەری پێ بگرێ. کەوایە ئەم بەندە تەنیا ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە دینی و سازاوانەی لەگەڵ شەرعی ئیسلام ئازادن کە بریتین لە کۆڕی شینگێران و کۆبوونەوەی تایبەتی تازیەداریی مانگی محەڕڕەم و گەڕانی دەستەی لەخۆدان و گێڕانی کۆتەڵ و هەروەها ئەو خڕبوونەوانەی کە دەوڵەت و حکوومەتی سەردەم بۆ پێشوەچوونی مەبەستەکانی خۆی بە قازانجیان دەزانێ.

سێ بەندی دیکەی یاسای تەواوکەر، یانی بەندی ٢٦- ٢٨ گرینگن و سەبارەت بە هێز و دەسەڵاتەکانی دیاریکراوی نێوخۆی وڵات و لێرەدا دەیانخەینە بەرچاو:

> بەندی بیست و شەشەم: گەل سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتەکانی وڵاتە. شێوازی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە یاسای بنەڕەتی ڕوونیان دەکاتەوە.
>
> بەندی بیست و حەوتەم: دەسەڵاتەکان بە سەر سێ لق‌دا دابەش دەبن:
>
> یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەرکی بریتییە لە دارشتن و هەڵگرتنەوەی هەڵە و پەڵەکانی یاساکان. ئەم دەسەڵاتە پێک دێ لە شاهانشای بەرزەجێ و پارلمانی نیشتمانی و ئەنجومەنی پیران و هەرکام لەم سێ لقە مافی نووسینی یاسایان هەیە، بەڵام بە مەرجێک کە لەگەڵ ڕێوشوێنی شەرعی ناتەبا نەبێ و پارلمان و ئەنجومەنی پیران پەسندی بکەن و دەنگ و ڕای پادشای

خۆشفەڕی لەسەر بێ و وازۆی بکا.[١] بەڵام پەسندکرانی یاسای سەبارەت بە داهات و دەرکەوتی وڵات تەنیا ئەرکی پارلمانی نیشتمانییە.

لێکدانەوە و ڕافەکردنی یاسایان ئەرکی تایبەتی پارلمانە.

دووهەم: دەسەڵاتی دادوەری کە ئەرکی ناسینەوەی هەق و ناهەقی لە ئەستۆیە و ئەم دەسەڵاتە تایبەتە بە دادگاکانی شەرعی لە کێشەی شەرعی‌دا و دادگاکانی دادوەری لە چوارچێوەی داب و نەریتی کۆمەڵ‌دا.

سێهەم: دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی پادشایە، یانی هەموو یاسا و فەرمانێک لە لایەن وەزیران و کاربەدەستانی دەوڵەتەوە بە ناوی بەرزەناوی خاوەن‌شکۆی پیرۆزهێلانەوە بە شێوەیەک بەڕێوە دەچن کە یاسا دیاریی دەکا.

بەندی ٣٠ هەتا ٣٤ سەبارەتن بە ماف و دەسەڵاتەکانی نوێنەرانی ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نیشتمانی و بەندی ٣٤ لە هەمووان گرینگترە و دەڵێ ئەگەر پارلمان لە کاردا نەبوو، وتوویژەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی پیران(مەزنان) بەتاڵە و کاریان پێناکرێ.

بەندی ٣٥ـ ٣٨ باسی مافی پادشایەتیی ئێران دەکەن و بەندی ٣٥ ئاوایە:

بەندی سی و پێنجەم: پادشایەتی ئەمانەتێکە کە وەک باربوویەکی یەزدانی لە لایەن گەلەوە ئەسپاردەی شا کراوە.

بەندی ٣٦ـ٣٨ سەبارەتن بە درانی دەسەڵاتی پادشایەتی بە محەممەدعەلی‌شای قاجار و مانەوەی دەسەڵات لە دەست پاشەوارەکانی‌دا و چۆنیەتیی هەڵبژاردنی جێگرەوەی‌میر و مەرجی تەمەنی یاسایی، یانی جێگرەوەی‌میر دەبێ بگاتە ١٨ ساڵ ئەوسا دەتوانێ جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. ئەم سێ بەندە پاش بڕانەوەی حکوومەتی قاجاران، بە مەبەستی درانی دەسەڵاتی پادشایەتی بە ڕەزاخانی

---

١- بەپێی ئەم بەندە پادشا سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکەرە، دەکەوێتە سەرووی دەسەڵاتی یاسادانانیش و بە سەرۆکی دادەندرێ.

پەهلەوی، لە لایەن ئەنجومەنی مونەسسانەوە پێداچوونەوەیان تێدا کرا. بۆ نموونە ناوی ڕەزاخانی پەهلەوی لە جێی محەممەدعەلیشا داندرا و تەمەنی یاسایی جێگرەوەیمیر لە هەژدە ساڵەوە کرایە بیست ساڵ. هەروەها لە بەندی ٣٧دا بەروونی و ڕاشکاوی نووسرا کە جێگرەوەیمیر نابێ لە خانەدانی قاجار بێ.

بەندی ٤٤ دەڵێ هیچ بەرپرسایەتییەک ناکەوێتە سەر شانی پادشا و پێویست ناکا وەزیرەکانی دەنگی پارلمانی نیشتمانی و ئەنجومەنی پیرانیان لەسەر بێ. بەندی چل و شەشەم سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی شایە بۆ دانان و لێخستنی وەزیران. پاشماوەی دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوا کە بەپێی بەندی ٤٧-٥٧ دیاری کراون بریتین لە:

١- بەخشینی پلەی سەربازی و میداڵیا و کۆمەڵێک ئیمتیازی فەخری لە چوارچێوەی یاسادا.
٢- هەڵبژاردنی سەرۆکی دامودەزگاکانی دەوڵەتی لە نێوخۆ و دەرەوەدا لەسەر بنەمای پەسندی وەزیری بەرپرسیار، مەگین ئەوەی کە یاسا لەو جەغزەی دەرهاویشتبێ، بۆ وێنە لە بابەت دانانی دادوەرانی دادگاوە.
٣- دەرکردنی فەرمان بۆ بەڕێوەچوون و پەیرەوکرانی یاساکان، بێ ئەوەی هەرگیز بینە بەرگر و لەمپەری وەدواکەوتنی یاساکان.
٤- پادشا سپاساڵاری هەرە باڵایە بۆ هێزەکانی وشکانی و دەریایی.[1]
٥- ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی بە دەست پادشایە.
٦- بەستنی پەیماننامەی ئەهێنی بەپێی بەندی سی و چوارەمی یاسای بنەڕەتی بە مەرجێک ئەگەر هیچ گرێ و گرفتێک لە ئارادا نەما و قازانج و بەرژەوەندییەکانی وڵات ڕێگا بدا. ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی

---

١- هەر بەپێی ئەم ماف و دەسەڵاتە بوو کە پادشایان بە بزورگ ئەرتەشتاران [مەزنی سپاساڵاران] ناودێر دەکرد.

پێویست لە لایەن پادشاوە بخرێتە بەردەم هەردک ئەنجومەنەکە [پارلمان و سەنا][1].

٧- دەرکردنی فەرمانی کۆبوونەوەی نائاساییی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران(مەزنان).

٨- لێدرانی سکە بەگوێرەی یاسا بە ناوی پادشا.

٩- خەرجەکانی دامودەزگای خودی فەرمانڕەوایەتی بەپێی یاسا دەبێ دیار بێ.

١٠- هێز و دەسەڵاتەکانی پادشایەتی هەر ئەوانەن کە لە یاساکانی مەشرووتەی ئێستادا بەڕوونی دیاری کراون.

بەندی ٥٨ تا ٧٠ سەبارەت بە هەڵبژاردن و دانانی وەزیران و دیاریکرانی جەغزی ئەرک و دەسەڵاتیان و بەرپرسیاربوونی هاوبەشی وەزیرەکان لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیراندا و ئەو تۆمەتانەی دەخرێتە ئەستۆیان و چۆن دادگایی دەکرێن. کورتە و پوختەی ئەم بەندانە بریتین لە:

١- وەزیر دەبێ مسوڵمان و بە ڕەسەن ئێرانی و هاونیشتمانیی ئێرانی بێ. نابێ هیچکام لە شازادەکان و براکان و ئامۆزاکانی پادشا بکرێنە وەزیر.

٢- وەزیرەکان لە هەمبەر ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیراندا بەرپرسیاری کاروباری سەر وەزارەتەکەی خۆیانن و هەموویان پێکەوە لە هەمبەر ئەنجومەنەکاندا خاوەنی بەرپرسایەتیی هاوبەشن و ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران دەتوانن لە وەزیرەکان بپرسنەوە و هەڵیانپێچن. ئەرک و بەرپرسایەتیی وەزیرەکان و ئەو سزایەی کە بۆیان وەبەرچاو دەگیرێ، بەپێی یاسا دیاری دەکرێ.

٣- دانی سەرناوی وەزارەتی فەخری قەدەغەیە و وەزیرەکان جگە لەو ئەرک و کارەی کە خراوەتە سەر شانیان نابێ هیچ شوغڵێکی دیکە وەئەستۆ بگرن. هیچ

بنکەی ژین

---

١- بەندی ٢٤ی یاسای بنەرەتی: «بەستراني پەیماننامە، بەڵێننامە، درانی قان و پاوانی بازرگانی و سەنعەتی و کشتوکاڵی و کاری لەم شێوەیە، سەرجەم سەبارەت بە دەرەوە بێ یا نێوخۆی وڵات، دەبێ لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە (یانی لە لایەن پارلمانەوە) پەسند بکرێ و تەنیا ئەو پەیماننامانە دەردەهاوێژرێن کە پێویستە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی حکوومەت و گەل بە نهێنی بمێننەوە.»

وەزیرێک ناتوانێ فەرمانی زارەکی یان نووسراوی پادشا بکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی بەرپرسایەتی لە ئەستۆی خۆی دابرنێ.

٤- ئەنجومەنی وەزیران یان هەر وەزیرێک ئەگەر زۆربەی ئەندامانی پارلمانی نیشتمانی یان ئەنجومەنی پیران پێیان نارازی بن، لەسەر کار لادەبرێن.

٥- دادپرسینی پەروەندەی وەزیران دەچێتە دیوانی باڵای دادوەری و دەبێ لە کاتی دادگاییکردنیدا هەموو دادوەرەکانی دیوانی باڵا لەوێ بن.

بەندی ٧١ ـ ٨٩ سەبارەتن بە پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری و مەرجەکان و کۆیەندی سەبارەتە بە پێکهاتنی دادگاکان و سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری و لێکجوداکردنەوەی دادگاکانی شەرعی و دادگاکانی عورفی و پێویستیی بەڕێوەچوونی ئاشکرای دادگاییکردنەکان دەبێ مسۆگەر بێ، بەڵام ئەو تاوانانەی کە پێچەوانەی پارێزرانی ئابروون یان دەبنە هۆی گرژی و ئاڵۆزی و تێکچوونی بارودۆخی وڵات و مەبەستی دیکەی لەم جۆرە، دەبێ لە دادگای داخراودا پێیان رابگەن.

لە بەندی ٨١ و ٨٢دا سەربەستیی دادوەرەکان ئاوا روونکردنەوەی لەسەر دراوە:

بەندی هەشتا و یەکەم: هیچ دادوەرێکی دادگا نابێ بە شێوەیەکی کاتی یان هەتاهەتایی بەبێ دادگاییکران و سووربوونەوەی تاوانی لەسەر کار لابدرێ، مەگین خۆی دەست لە کار بکێشێتەوە.

بەندی هەشتا و دووهەم: ئەرک و شوێنی کاری دادوەری دادگا ناگۆردرێ، مەگین ئەوەی کە خۆی رازی بێ.

چونکە بەڕێوەچوونی بەندی ٨٢ کۆمەڵێک گرێ و گرفتی خستە بەردەم دەزگای دادوەری، ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی/١٩٣١ی زایینی، لە لیژنەی یاساکانی دادوەریی پارلماندا شیکردنەوەیەکی لەسەر کراوە و نووسراوە و کاکڵەکەی ئاوایە: هەر دادوەرێک دەکرێ لە دادگایەکەوە رابگوێزێ بۆ دادگایەکی دیکە یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، بەڵام دەبێ مەرجی پارێزرانی پلەی وەبەرچاو بگیرێ. هەروەها لەم شیکردنەوەیەدا باسی ساڵانی خزمەتی دادوەران لە ناوچە کەشناخۆشەکاندا کراوە و گوتراوە کە دەبێ ئەم مەرجانە بۆ چوونە سەری پلەکانیان وەبەرچاو بگیرێ و ئەوانیش روونکراونەوە.

بەندی ٩٠ تا ٩٣ سەبارەتن بە پێکهاتنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارستانەکان و شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەران و چوارچێوەی ئەرکەکانیان دیاری کراوە.

بەندی ٩٤ تا ١٠٣ باسی شێوەی وەربەرچاوگیرانی باج و پیتاک و پێکهاتنی دیوانی چاوەدێریی دارایی و هەڵبژاردنی ئەندامەکانی لە لایەن پارلمانەوە کراوە و گرینگترین خاڵ ئەمەیە کە بۆ وەرگیرانی باج و پیتاک نابێ دووچاوەکی بکرێ و هەموو کەسێکی ئەم گەلە دەبێ وەکوو یەک بخوێندرێنەوە.

دوایین بەشی یاسای تەواوکەری یاسای بنەڕەتی یانی بەندی ١٠٤-١٠٧، سەبارەتن بە سپا و باسی ئەوەیان تێداکراوە کە ڕێکخستن و دامەزراندنی ئەندامانی سپا دەبێ بەپێی یاسا بێ و بەرروونی نووسراوە کە هیچکەس یا تاقمێکی سپای بێگانە ناخرێنە خزمەتی دەوڵەتی ئێران. هێزی بێگانە نابێ بە هیچ جێیەکی خاکی ئێراندا تێپەڕێ یان لێی بمێنێتەوە، مەگین بەپێی یاسا. هەروەها نابێ ماف و پلە و پایەی ئەندامانی سپا وەربگیرێتەوە، مەگین بەگوێرەی یاسا.

### گەڕانەوەی ئەمینوسسوڵتان(ئەتابەک) بۆ ئێران

پاش ئەوەی کە موشیروددەولەی سەرۆکوەزیر دەستی لە کار کێشایەوە، وەزیر ئەفخەم راسپێردرا هەتا ئەنجومەنی وەزیران پێکبێنێ. بەڵام هەر لەو سەروبەندەدا واتەواتی گەڕانەوەی میرزا عەلی‌ئەسغەرخانی ئەمینوسسوڵتان بۆ ئێران لە کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆژنامەوانی‌دا وەبەرگوێ دەکەوت. ئەم قسە و باسە لە گوفت‌وگۆکانی پارلمان‌دا ڕەنگی دایەوە و چەند کەس لە نوێنەران بە باری لایەنگری کردنی ئەتابەک‌دا قسەیان کرد.

ئەتابەک کە بە سواری گەمیی ڕووسی لە باکۆوە هاتبوویە بەندەری ئەنزەلی، خەباتکارانی گیلان بوونە بەرهەڵستی هاتنەوەی بۆ خاکی ئێران و ئەم بەرهەڵستی و دژایەتییە بەرەبەرە تەنەوەی کرد و بوو بە سەرهەڵدانێکی گشتی. هەوڵ و تێکۆشانی لایەنگرانی ئەتابەک و مەزنانی بارگا و خودی پادشا سەرەنجام ئاکامی لێکەوتەوە و چوار کەس لە نوێنەران لە لایەن پارلمانەوە تەلگرافێکیان بۆ ڕەشت لێدا کە کاکڵ و نێوەرۆکی ئاوا بوو:

«لە لایەن پارلمانی بەڕێزی میللییەوە هیچ ڕێگرییەک نییە لەسەر ڕێی هاتنەوەی ئەمینوسسولتان. هەڵبەت خەڵکی ناوچەکە بەتایبەت ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ زۆر چاک بەر بە ئاژاوە و هەرا بگرن.»[1]

بەم شێوەیە ئەتابەک هاتەوە ئێران هەتا جارێکی دیکە لە شانۆی سیاسیی وڵاتدا دوا دەوری خۆی بگێڕێ. ڕۆژی ١٨ی مانگی مەولوودی ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی، لە کۆبوونەوەی داخراوی پارلماندا، حاجی موخبیروسسەڵتەنە لە لایەن دەوڵەتەوە قسەی کرد و ڕێگای بۆ ناساندنی دەوڵەتی خۆی خۆش کرد کە بە سەرۆکایەتیی ئەتابەک پێکهاتبوو. ئەتابەک و حەوت کەس لە وەزیرەکانی، ڕۆژی ٢٠ی مانگی مەولوود بە پارلمان ناسێندران.

### ئاوانی گەورەی ڕووس و ئینگلیس (١٩٠٧)

دوای قەومانی شەڕی ساڵی ١٨٧٠ لە نێوان فەرانسە و ئالماندا و بەزینی فەرانسە و لە دەستچوونی «ئالزاس ـ لۆرێن»، لە مێژووی ئورووپادا سەردەمێک دەستی پێکردووە کە مێژوونووسانی ئورووپایی ناودێریان کردووە بە سەردەمی «ئاشتیی چەکدارانە». هەڵوێست و سیاسەتی پەرەگرخوازانەی ئالمانی بەهێز و هەستی تۆڵەکردنەوەی فەرانسە لە ئالمان و کشێمەکێشی داگیرکەرانەی ڕووسیا و ئینگلیس لە ئاسیا و فەرانسە و ئینگلیس لە ئەفریقا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە هەموویان هەڵگری ئامانجی سیاسی و ئابووری بوون، دەوڵەتانی ئورووپای هارووژاندن هەتا لەشکر و سپای خۆیان تەیار و پڕ چەکوچۆڵ بکەن. ئەگەرچی لە دەروازەی سەدەی بیستەمدا ئاشتی و ئارامی باڵی بە سەر ئورووپا کێشابوو. بەڵام لە ڕاستیدا بۆیە وابوو هەتا هەموو لایەک خۆیان بۆ شەڕەکانی داهاتوو تەیار بکەن و وەکوو ئاگادارین ئەم سەردەمی ئاشتی و ئارامییە بە هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی شلەژا.

لە بەشەکانی پێشوودا باسی ململانێی قێزەونی سیاسی و ئابووریی نێوان ڕووس و ئینگلیس کراوە کە لە سەردەمی فەتحعەلیشاوە هەتا شۆڕشی مەشرووتە درێژەی کێشاوە. خوێنەرەوەی خۆشەویست پاش خوێندنەوەی بەسەرهاتی ڕووداوەکانی ئەم ملانەیە و ئەو خەسارە بێقەرەبوویانەی کە بەرۆکی گەل و

---

[1]- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی.

نیشتمانی ئیمەیان گرتوونەوە. بۆی دەردەکەوێ کە خوایینەخوایی ئەم کەلەوەکێشی و زۆرانبازییە لە سەردەمی شۆڕشیشدا نەبراوەتەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نواندووە. دەولەتی رووسیای قەیسەری کە لە نێوخۆیدا بەرەورووی کۆمەلێک شۆڕش و سەرهەلدانی پێداپێدای ئازادیخوازان، بەتایبەت خەلکی رەشیدی قەفقاز ببۆوە، ببوو بە پالپشت و پشتیوانی حکوومەتی ملهوڕانە و سەرەڕۆی قاجاران. لەم کاتەدا بریتانیا دەیهەویست کە بە یارمەتیدانی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی و راکێشانی دل و سەرنجی رێبەرانی شۆڕشی ئێران، هەم رێگا بۆ دزەی زیاتر لە سیستمی تازەدا بۆ خۆی بکاتەوە و هەمیش بە دەربڕینی هاوسۆزیی روالەتی و ریاییبازانە، تاوانە چەپەلە سیاسییەکانی خۆی لە مێژووی رابردووی ئێراندا پووش بە سەر بکا؛ بەلام پێشهات و رووداوەکانی جیهانی، ئینگلستانیان بە لایەک برد کە بە گەورەترین تاوانی دزێوی مێژوویی سەبارەت بە ئێران برایەوە و ئەویش بەستنی پەیمانی دابەشینی ئێران بوو لەگەل رووسیای قەیسەری.

وەکوو ئاشکرایە ئەو رووداوانەی کە ئاماژەیان پێکرا، سەبارەت بوون بە کێشە و هەرای نێوان کەلەهێزانی ئورووپا و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری فەرانسە. رەنگە زۆربەی خوێنەرانی خۆشەویستی ئەم کتێبە ئاگادار بن کە دوای بەزینی فەرانسە بە دەست ئالمان لە شەر و تێکهەلچوونی سالی ١٨٧٠دا، ئالمان کە هەمیشە لە تۆلەئەستاندنەوەی فەرانسە ترقیبوو، هەلسووڕا هەتا لە ئینگلستان نیزیک ببێتەوە و ئەگەر بووز بخوا پەیمانی سەربازیشی لەگەل ببەستێ. بەلام وەختایەک نەیتوانی لەو هەلوێست و هەنگاوەی هیچ شتێک بچنێتەوە، رووی کردە ئیمپراتۆریی بەدەسەلاتی ئۆتریش(نەمسا) کە هەم خاوەنی سنووری هاوبەش بوون و هەم بە باری ئۆرەمە و زمان و فەرهەنگی ژیان و رۆژانەدا لە یەکتر نیزیک بوون.

بیرۆکەی نیزیکبوونەوەی ئالمان لە ئۆتریش، پاش قەومانی شەری نێوان رووس و ژاپۆن لە سالی ١٩٠٥دا و شکانی رووسیا و وەرگرتنی وام لە فەرانسە کە سەرەنجام رووسیا و فەرانسەی لە یەکتر نیزیک کردنەوە و هەلی بۆ پەیمانی سەربازی و سیاسیی نێوانیان رەخساند، لە مێشکی سیاسەتمەدارانی ئالمان و ئۆتریشدا چاکی ریشە داکوتا. سەرەنجام لە لایەکەوە رووسیا و فەرانسە و لە

لایەکی دیکەوە ئاڵمان و ئوتریش بە بەستنی کۆمەڵێک پەیمانی دۆستایەتی و ئابووری و سەربازی بوونە هاوپەیمان و بەم شێوەیە یەکەمین قۆناخی دیاریکرانی بەرەی لێک جیاوازی کەڵەهێزانی ئورووپایی دەستی پێکرد؛ بەڵام بەرواڵەت ئینگلیس سیاسەتێکی سەربەخۆی پەیرەو دەکرد و دەیهەویست وەکوو سەدەی نۆزدەهەم راگری پارسەنگی ئورووپا بێ. ئیتالیا لە جەغزی گومان و دوودڵی‌دا مابۆوە و هەر بۆیە بەرەی هاوپەیمانەکان ماوەیەک هەروەک خۆی مایەوە.

وەکوو ئاشکرایە چونکە فەرانسە دەیزانی بە زەبری ئاڵمان سەنگایی و ئابرووی سیاسیی کەوتۆتە مەترسی، هەمیشە بیری تۆڵە دەپەژاند. هەر بۆیە هەموو هێز و وزەی سیاسیی خۆی لەپێناو داگیرساندنی دۆستایەتی و بەستنی پەیمانی هاوکاری‌دا لەگەڵ بریتانیا خستبوویە گەڕ و بۆ وەدی هاتنی ئەم ئامانجە کۆتایی هێنا بە هەموو کێشەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتە لە ئەفریقا و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا. لە ئەفریقا، فەرانسە دەستی لە میسر هەڵگرت و بریتانیا لە توونس و ئەلجەزایر و مەراکیش رێی بۆ بەردا هەتا بە ئازادی و بەبێ رقەبەر قەمچیی داگیرکەرانە و بەکۆیلەبەرانەی دابێنێتە پشتی جەماوەری بەجەرگی ئەو وڵاتانە. لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاش گێرە و کێشەی نێوان بریتانیا و فەرانسە بە دابەشینی خاکی هیند و چین بۆ سێ هەرێم کۆتاییی پێهات. ئەم دوو وڵاتە پاش ئەوەی رێککەوتن کە بورما (بیرمی) بۆ بریتانیا بێ و هیند و چینی رۆژهەڵاتی بخرێتە ژێر رکێفی فەرانسە، بۆ ئەوەی لە دابەشینی قازانج و بەرژەوەندی‌دا تووشی کێشە نەبن. وڵاتی نیمچەسەربەخۆی «سیام» واتە «تایلەند»یان بەدی هێنا. بەم شێوەیە رێگا بۆ دۆستایەتیی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە داگیرکەرە تەخت کرا، بەڵام هێشتاش هێندێک گرێ و کۆسپ مابوون کە دەبوو نەمێنن.

فەرانسە کە دەیهەویست ئینگلستان لەگەڵ خۆی و رووسیا رێک بخا، تووشی کێشە و ململانێی سیاسی و داگیرکەرانەی نێوان رووسیا و ئینگلیس بۆوە لە رۆژهەڵاتی نێوەراست و ئاسیای ناوین و ئێران یەکێک بوو لە ئامانجە گەورەکانی ئەم زۆرانبازییە. لە لایەکی دیکەوە دوای دابڕانی ئەفغانستان لە ئێران و زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسیی بریتانیا بە سەر ناوچەکەدا و پاش سواربوونی رووسیا بە سەر هەرێمی ئاسیای ناوین‌دا و دابڕانی بەشێک لە خاکی سنوورەکانی باکووری

ڕۆژهەلاتی ئێران و زالبوونی ڕووسیا بە سەر ئەو ناوچانەدا. ڕووسیا و ئینگلیس کە بە باری ڕەنگدانەوەی دەسەلاتی سیاسی و ئابوورییان لە ئێراندا تووشی ناکۆکی هاتبوون. لە سنورەکانی باکووری هیند و ناوچەی «تەبەت»یش لە هەمبەر یەکتردا چەقین. ئەگەرچی لە هەنگاوی یەکەمدا چارەسەرکردنی ئەم دوو گرێ و کۆسپە بە نەگونجاو دادەندرا، بەلام بە نێوبژیوانی و هەوڵ و هەڵسووڕانی فەرانسە پرسی تەبەت و ئێران بە هاسانی چارەسەر کرا. تەبەت بوو بە ناوچەی ژێردەسەلاتی بریتانیا و ئێرانیش وەکوو هیند و چین کرایە سێ هەرێم. یانی هەرێمی جێدەسەلاتی ڕووسیا، هەرێمی جێدەسەلاتی ئینگلیس و هەرێمێکی بەڕواڵەت بێلایەن. پەیماننامەی پێویستی ئەم ڕێککەوتنە ڕۆژی ٣١ی ئووتی سالی ١٩٠٧، لە سەردەمی سەرۆکوەزیرایەتیی ئەمینوسسولتاندا، لە پێتریزبوورگی پایتەختی ڕووسیا واژۆ کرا.

پەیماننامەی سالی ١٩٠٧ بریتییە لە پێشەکییەک و پێنج بەند و ئێمە بە مەبەستی پەند و ئامۆژگاری بۆ وەچەی ئێستا و وەچەکانی داهاتوو، دەقی ئەو پەیماننامەیە لە پەراوێزی کتێبی «شۆڕشی ئێران»ەوە رادەگوێزین کە ئێدوارد براون نووسیویەتی و وەرگێڕ لە کتێبەکەی زیاد کردووە.

«چونکە دەولەتانی ڕووس و ئینگلیس بە دووقۆلی پەیمانیان داوە کە ئاگایان لە قەلەمڕەو و سەربەخۆییی ئێران بێ و بە دل پێیانخۆشە ئەم ولاتە لە شێواوی بە دوور بێ و ئاشتی و ئارامی بالی بە سەر بکێشێ و خوازیارن کە مافی بازرگانی و پیشەیی لە نێوان تێکرای گەلاندا وەکوو یەک وابێ، پێکەوە ڕێکدەکەون. ئەم دوو دەولەتە زۆر بەوردی لا لە باری جوغرافیایی و ئابووری دەکەنەوە، بەتایبەت لە بواری پاراستنی تەناهی و نەشێوانی چەند هەرێمێکی کە هاوکەوشەن یان دراوسێی ئێرانن و دەچنەوە سەر سنووری ڕووس یان جیرانی ئەفغانستان و بلووچستانن، جا بۆ ئەوەی کە هیچ هەلکەوت و ڕووداوێک لەو شوێنە پەرباسانەی ئێران نێوانیان تێک نەدا، لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە لەگەل یەکتر پێکدێن:

بەندی یەکەم: دەولەتی ئینگلیس دەستەبەر دەبێ کە نەچێتە دیوی دەرەوەی ئەو هێلەی کە لە قەسری شیرینەوە بە ڕێی ئیسفەهان و یەزد و خاخدا(؟) تێدەپەڕێ و دەگاتە خالێک لەسەر سنووری ئێران و کەوشەنی ڕووس و ئەفغانستان لە یەک جودا دەکاتەوە و نابێ بۆ خۆی یان بۆ جەماوەری ولاتی خۆی یان بۆ کەسانی

وڵاتانی دیکە هەوڵ بدا کە ڤان و پاوانی سیاسی و بازرگانی بە دەستەوە بگیرێ؛ بۆ نموونە دەبێ خۆ لە قەرەی پاوانی وەکوو ڕێچکەی ئاسن و ڕێگاوبانی دیکە و دانانی بانک و ڕاکێشانی ڕایەڵەی تەلگراف و پێکهێنانی هێڵی گەیاندن و گواستنەوە و بیمە نەدرێ. هەروەها دەوڵەتی ئینگلیس پەیمان دەبەستێ کە لەتەرکێن باسی ئەو پاوانانە نەکا کە دەوڵەتی ڕووس دەبێتە یاریدەدەری وەدەست هێنانیان و دژایەتی ناتوێنێ. ڕوون و ئاشکرایە کە لەو ناوچانەدا وا لە سەرەوە باسیان کراوە، دەوڵەتی ئینگلیس بە شوێن وەرگرتنی هیچ چەشنە ڤان و پاوانێکەوە نابێ.

بەندی دووهەم: دەوڵەتی ڕووسیش دەستەبەر دەبێ کە نەچێتە ئەو دیوی سنووری ئەفغانستان کە بە ڕێگای ڤازی یەک و بیرجەند و کرمان‌دا تێدەپەڕێ و دەگاتە بەندەرعەبباس و نابێ بۆ خۆی یان جەماوەری وڵاتی خۆی یان بۆ کەسانی وڵاتانی دیکە هەوڵ بدا کە ڤان و پاوانی سیاسی و بازرگانی بە دەستەوە بگیرێ؛ بۆ نموونە دەبێ خۆ لە قەرەی پاوانی وەکوو ڕێچکەی ئاسن و ڕێگاوبانی دیکە و دانانی بانک و ڕاکێشانی ڕایەڵەی تەلگراف و پێکهێنانی هێڵی گەیاندن و گواستنەوە و بیمە نەدرێ. هەروەها دەوڵەتی ڕووس پەیمان دەبەستێ کە لەتەرکێن باسی ئەو پاوانانە نەکا کە دەوڵەتی ئینگلیس دەبێتە یاریدەدەری وەدەست هێنانیان و دژایەتی ناتوێنێ. ڕوون و ئاشکرایە کە لەو ناوچانەدا وا لە سەرەوە باسیان کراوە دەوڵەتی ڕووس بە شوێن وەرگرتنی هیچ چەشنە ڤان و پاوانێکەوە نابێ.

بەندی سێیەم: دەوڵەتی ڕووس بەڵێن دەدا کە بەبێ ڕاوێژ و ڕێککەوتنی پێشوەخت لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیس، دژی هیچ ڤان و پاوانێک نەبێ کە پێشتر لە ناوچەکانی ئێران و لەو شوێنانەی کە لە بەندی یەکەم و دووهەمدا باسیان کراوە، دراون بە کەسانێکی خەڵکی ئەم وڵاتە. دەوڵەتی ئینگلیسیش دەبێ سەبارەت بە کەسانی ڕووسی هەر ئاوا بجووڵێتەوە و نابێ دەست وەبەر کار و پاوانیان بێنێ. کەوایە ئەوانەی پێشتر دراون هەروەکوو خۆیان دەمێننەوە و ناوەرۆکی بەندی یەکەم و دووهەم نایانگرێتەوە.

بەندی چوارەم: ڕوون و ئاشکرایە کە داهاتی تەواوی گوومرگەکانی ئێران بێجگە لە گوومرگی فارس و کەنداوی فارس، یانی ئەو داهاتانەی کە بۆ

دەستەبەربوونی قەرزەکانی دەوڵەتی ئێران هەتا ڕۆژ و ڕێکەوتی واژۆکرانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ دران بە بانکی قەرزدەری ڕووسی وەبەرچاو گیراون، لەسەر پێوشوێن و دۆخی پێشوو دەڕۆن. هەروەها ڕوون و ئاشکرایە کە داهاتی گومرگەکانی ئێران لە فارس و کەنداوی فارس و هەروەها داهاتی ڕاوەماسی لە کەناراوەکانی ئێران لە دەریای خەزەر لەگەڵ داهاتی پۆست و تەلگراف، هەتا ڕۆژ و ڕێکەوتی نووسرانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ درانەوەی قەرزەکانی دەوڵەتی ئێران بە بانکی شاهانشاهی وەبەرچاو گیراون، لەسەر پێوشوێن و دۆخی پێشوو دەڕۆن.

بەندی پێنجەم: ئەگەر وا هات و ئێران نەیتوانی خودی قەرز و سوودی ئەو قەرزانە بداتەوە بە بانکی شاهانشاهی و بانکی قەرزدەری ڕووسی کە هەتا ڕۆژی نووسرانی ئەم پەیماننامەیە وەریگرتوون، دەوڵەتی ڕووس مافی ئەوەی هەیە دەست بە سەر ئەو هەرێمانەدا بگرێ کە بڕیار دراوە هەتا درانەوەی قەرزەکانی لێ دابین بکرێ و ئەم جێگایانە بەپێی بەندی دووهەم دیاری کراون و بە گرێو داندراون. هەروەها دەوڵەتی ئینگلیس مافی ئەوەی هەیە دەست بە سەر ئەو هەرێمانەدا بگرێ کە بڕیار دراوە هەتا درانەوەی قەرزەکانی لێ دابین بکرێ و ئەم جێگایانە بەپێی بەندی دووهەم دیاری کراون و بە گرێو داندراون. دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیس لە ئەستۆیانە کە بە شێوەیەکی دۆستانە بکەونە باس و ڕاوێژ و پاشان بە دووقۆڵی بڕیار لەسەر ئەم هەنگاوە بدەن و دەبێ خۆیان لە هەموو کار و دەستێوەردانێک بپارێزن کە بەپێچەوانەی بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە بێ.

نیکلسون ـ ئیزۆلسکی».

ئەمە بوو بەڵگەی تاوانی چەپەڵی ڕووس و ئینگلیس کە دەرهەق بە ئێران واژۆ کرا. ئێستا با بزانین کە نووسەران و پیاوە سیاسییەکانی سەر بەم دوو دەوڵەتە سەبارەت بەم پەیماننامەیەی کە جێی شەرمەزارییە چییان نووسیوە؟

ئیدوارد براونی ئینگلیسی لە کتێبەکەی خۆیدا بەشێکی گرینگی لە وتاری ڕۆژنامەکانی ئێران و ئورووپای سەبارەت بەم پەیماننامەیە تۆمار کردووە و لە دەسپێکی ئەو بەشەدا هێناویەتی کە تایبەتی داوە بەم ڕووداوە و ئاوای نووسیوە:

«ئەگەرچی لە وڵاتی ئینگلستان ئەم پەیماننامەیە وەکوو سەرکەوتنێکی پرشنگدار لە لایەن پیاوە سیاسییەکانەوە پێشوازیی لێکرا و تەنانەت ڕێبەرانی حیزبی نەیاریش قۆڵیان لەسەر کێشا، بەڵام چەند سیاسەتوانێکی وەکوو لۆرد

کورزۆن و ڕێزدار لینچ کە چاکیان لە باروودۆخی ئێران دەزانی زۆر توندوتیژ بە گژ هەنگاوەکەدا چوونەوە. ئەوەی ڕاستی بێ خۆ ڕەخنەی ئەوان بۆیە نەبوو کە بۆچی ڕاستەوخۆ دژی چارەنووسی ئێران بڕیار دراوە و هەست و سۆزی وەبەرچاو نەگیراوە یان بەبێ ڕاوێژی ئێران و بەپێچەوانەی پلە و پێگەی لە نێوان دوو دراوسێی زلهێزەکەدا دابەش کراوە و سێبەری شومی خۆیان بە سەر کێشاوە، بەلکوو بۆیە بوو کە لەم سات و سەودایەدا ئینگلستان نەیتوانیبوو پشکی چاکی وەبەرکەوێ. یانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە باری ڕەچاونەکرانی ڕەوشتی چاک و پاکدا ڕەخنەی لێ نەدەگیرا.»

ڕێزدار«لینچ»ی ئینگلیسی کە بە قسەی ئیدوارد براون دەبێ لە باروودۆخی ئێرانی زانیبێ، لە وتارێکی بلاوکراوەی ئاوریلی «گۆڤاری ئاسیایی ئیمپراتۆری»دا بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی و بێشەرمی هاتۆتە سەر سووکایەتی کردن بە گەلی ئێران و ئاوای نووسیوە:

«وەرن هیوادار بین کە ڕەنگە ئەم پەیمانە بووبێتە ڕێخۆشکەری پەیوەندییەکانی نێوان ئێمە و ڕووسیا و ترس و دڵەڕاوکەی دۆستایەتیمان بە یەکجاری تێدابەرێ. من دەترسم مەیلی باشبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران تەنگەژەی لێ ساز بێ؛ چونکە ئێران وەکوو ڕووحی مردوویەک وایە کە لە میوانییەکی وا لەسەر شەرەفی ڕووسیا لەو ڕێککەوتننامەیەدا سازمان کردووە، خۆی دەرخستبێ. کاتێک کەیفخۆشی لەم جێژنەدا گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی و پیاڵەی مەی بە خۆشی و سلامەتیی یەکتر فڕ دەکرێن. ئەم گەلە بچووکە کە هۆش و شوێنەوارە هونەرییەکانی لە جیهاندا تیشکی داوەتەوە و دنیای بە سەر دەوڵەمەندیدا خستووە و چاوەڕوانییەکانی پێش واژۆی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕەچاو نەکراوە کە بڕیار وابوو بکرێ. ئێستا کەوتۆتە گیانەڵڵا و ئێمەش دەقی پەیمانەکەمان بە پێچەوانەیی فڕێداوەتەوە لای. تەنیا و بێچارە بە پاماندا کەوتووە.»

پەیمانی نێوان ڕووس و ئینگلیس کە هەتا ئەم ڕادەیە پەیوەندیی هەبوو بە ئێرانەوە و شوێنی دانابوویە سەر ئەو وڵاتە چارەڕەشە و لە ڕاستیدا دەوری سەرەکی و گەورەی گێڕاوە. نەک هەر تەنیا ئێران زۆر بە درەنگەوە کاکڵەکەی لا ڕوون بۆوە، بەلکوو لە ئینگلستانیش ڕۆژی دووهەمی ئۆکتۆبری ۱۹۰۷ کە کارتی هەواڵەکەی چاپ و نەخش و دیمەنەکەی کەوتە بەرچاوان، پێی زاندرا. شێری

ئینگلیسی و ورچی ڕووسی هاتبوونە مەیدان و پشیلەی پشووسواری ئێرانیان گرتبوویە نێوان و بە یەکتریان دەگوت: دەکرێ تۆ گەمە بە سەری بکەی و من بە کلکی. ئێمە بەهرەیەکی کەممان لە پشتی وەگیر دەکەوێ. لەم کاتەدا پشیلەی پشووسوار دەڵێ: من وەبیرم نایە کە پەیمانێکی ئاوامان لە نێواندا بووبێ.

ئیدوارد براون کە لەو سەروبەندەدا چەندین وتاری نووسیوە، سەبارەت بە دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی بڵاوبوونەوەی دەقی پەیماننامەکە لە ئێراندا ئاوای نووسیوە:

«ئێرانی دەڵێن دوژمن سێ جۆرن: دوژمن، دوژمنی دۆستان و دوژمنی دوژمنان. ڕووسیا خانە و لانی زوڵم و زۆرەملیی هەوسارپساو، دوژمنی لەمێژینی ئازادی لە هەموو بوارێکدا کە توانیبووی مافی سەربەخۆبوونی گەلێک نەتەوە تێدابەرێ و پێخوستی بکا. لە ڕوانگەی مەشرووتەخوازانەوە وەکوو ڕقەوەنترین و بێسۆزترین خەنیم دادەندرا و ئەگەر ئینگلیس کەوتبوویە نێو داوی دۆستایەتیی ڕووسیا، تازە چۆن دەکرا دۆستێکی باوەڕپێکراو بێ. هەر بۆیە دردۆنگی دەستی پێکرد و هەڵیدا و زۆرینەی پڕ کرد. ئەوانەی کە بە هومێدەوە لە بریتانیایان دەڕوانی و بە دۆستێکی ئازادیخواز و هاندەریان دەزانی، لێی ناهومێد بوون و بە سەر پەژارەدا کەوتن و بە دڵشکاوی لێی بوونە خەنیمێکی توندوتیژ؛ چونکە ئەم کار و ئاکارەی لەگەڵ بانگەشەی ئازادیخوازانەی نەدەهاتەوە و چاوەڕوانی نەدەکرا ئاوا بێبەروپشت بێ. پێویستە کە خەڵکی ئینگلستان لەم بابەتەدا ویژدانی خۆیان بکەنە قازی و بزانن پەیماننامەکە لە نێو بیروڕای گشتیی ئێراندا چۆنی ڕەنگ داوەتەوە؛ چونکە ئێستا ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە ئێراندا گەشەی کردووە و چەند ساڵ لەمەوبەر ئێران ئاوا نەبوو.»

م. پاولۆڤیچی ڕووسی، نووسەری «مێژووی مەشرووتەی ئێران»، لە ژێر سەردێری ململانییە سیاسییەکانی ئینگلیس و ڕووس لە ئێراندا، سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٠٧ دەنووسێ:

«سەرکەوتنی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی ئێران، زۆر چاک هانی هەڵگیرسانی ئاوری شۆڕشی دا لە هیندووستان و ئەم مەبەستە زەندەقی ئینگلستانی برد و کارێکی وای کرد هەتا لە بواری دیپلۆماسی و هەڵوێستی سیاسیی خۆیدا سەبارەت بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران پێداچوونەوە بکا.

ئەمە بوو هۆکاری سەرەکیی سازانی رووس و ئینگلیس و بەسترانی پەیماننامەی بەناوبانگی سالی ١٩٠٧. رۆژی ١٨ی ئووتی سالی ١٩٠٧ پەیماننامەکە واژۆ کرا و بەپێی نێوەرۆکی پەیمانەکە ئێران بە سەر سێ هەرێمی باکووری و بێلایەن و باشووری‌دا بەش کرا. هەرێمی باکووری کە دەتگوت زێرە و پیشەگەری پەرەی تێدا گرتبوو هەمووی کەوتە ژێر بالی رووسیا و بریتی بوو لە تاران، تەوریز، رەشت، قەزوێن و ئیسفەهان کە ئەم شوێنانە مەکۆی سەرەکیی شۆرش بوون.»

«روون و ئاشکرایە کە ئاپۆرەی خەلکی ئێران سەریان وەبەر ویست و فەرمانی ئینگلیس نەهێنا. پەیماننامەیەک کە بەبێ ئاگاداریی پارلمان وەکوو کارێکی کراو بەسترابوو، بێگومان سووکایەتییەکی گەورە بوو دەرهەق بە ئازادیی ئێران. رۆژی ١٨ی ئۆکتۆبری سالی ١٩٠٧ پارلمانی ئێران دژی ئەم پەیماننامەیە وەدەنگ هات و رایگەیاند کە ئەم پەیماننامەیە سووکایەتیە بە شەرەفی نەتەوەیی ئێران و زەبرێکی بێقەرەبوو لە مانەوەی خاک و سەربەستیی ولات دەوەشێنێ. نابێ لە بیرمان بچێ کە دواتر هەرگیز دەولەت و پارلمانی ئێران دانی بەم پەیماننامەیەدا نەهێنا. چوونی سەربازانی رووس لە پاش سالی ١٩٠٧ بۆ ئێران و پشتیوانیی گەرموگوری ئینگلستان لە هەلمەتی رووسیا، ئاکام و رەنگدانەوەی پەیماننامەی باسکراوە.»

م. پاولۆڤیچ، سالی ١٩١١، یانی چوار سال پاش بەسترانی پەیماننامەی دابەشینی ئێران، لە وتارێکدا ئاوای نووسیوە:

«ئێستاش زۆر کەسی ئێرانی و تەنانەت کەسانێکی ئینگلیسیش لایان وایە هەلوێست و سیاسەتی ئینگلیس و رووس لە ئێران‌دا بەپێی رەوتێکی دیاریکراو پێکەوە جیاوازن، بەلام لە راستی‌دا تەنیا جیاوازییەکی روالەتییە. دەولەتی ئینگلیس بۆ هەلفریواندنی خەلک وای پێ باشە کە بە دەستەوانەی سپیرەنگەوە چالاکی بنوێنێ و رووسیاش بە وەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی دەولەمەندان و پلەدارانی ئینگلیسی، دەست دەداتە هەلمەتی بەزەبروزەنگ و ئاشکرا.»

هەروەک پاولۆڤیچ نووسیویەتی و پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، دەولەتی خێرخوا و ئازادیخۆشەویستی بریتانیا(!!) بەکردەوە نیشانی داوە کە هەرگیز لایەنگری حکوومەتی پارلمانی نەبووە لە ئێران‌دا و وەک پاولۆڤیچ دەلێ، تەنیا ویستوویەتی کە بە دەستەوانەی سپیرەنگەوە تاوانە چەپەلەکانی راپەرێنێ. ئەم

دەوڵەتە وەختایەک پای قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی هاتە گۆڕ. لە پشتەوڕا خەنجەری لە ئێران وەشاند و وڵات و گەلی ئێرانی بە رووسیای قەیسەری فرۆشت کە دوژمنی سەرسەختی ئازادی و سەربەستیی ئێران بوو. رەنگە لێرەدا پرسیارێک بێتە گۆڕ کە بۆچی لە دابەشینی ئێراندا، رازی بووە بە ناوچەیەکی بەرواڵەت بەرتەسکی باشووری خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی ئێران؟ وڵامی ئەم پرسیارە ساکارە، چونکە لە رێی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێرانەوە، دەستی بریتانیا لە خووزستان، بۆ راپەراندنی هەر چەشنە تاوانێکی چەپەڵ و خراپەکاری و هەنگاوی غەرەزاوییانە کرابوویەوە و قەڵەمڕەوی تراتێنی ئەم کۆمپانیایە هەتا ئیسفەهان و ناوچەی بەختیاری و بەشێک لە هەرێمی فارس بەرین ببۆوە و دەوڵەتی ئینگلیس بە پێویستی نەزانی کە لە پەیمانەکەدا ناوی ئەم ناوچانەی ژێر سێبەری دەسەڵاتی بێنێ و پتر ناوزراو بێ. لە هەمبەر ئەم لێبووردن و دەستهەڵگرتن و مەزنایەتییەدا(!)، دەوڵەتی ئینگلیس پتر لە سێیەکی هەرێمە گەوهەربارەکانی ئێرانی بەخشی و بە تێداچوونی سەربەستیی ئەو وڵاتە، دۆستایەتیی رووسیای بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو. ئێمە دواتر بۆمان روون دەبێتەوە کە بریتانیا لە گەرمە و جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی و بەسترانی دووهەمین پەیمانی دابەشکرانی ئێران لەگەڵ رووسیای قەیسەریدا، ناوچەی ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆی هەتا خووزستان پەرە پێداوە.

دوکتۆر مەهدی مەلیکزادە لە کتێبی «ژیاننامەی مەلیکولموتەکەللیمین»دا، سەبارەت بە رەنگدانەوەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٠٧ لە ئێران ئاوای نووسیوە:

«دەوڵەتی ئێران لە رێی وەزارەتی دەرەوە و حەسەنی پیرنیاوە کە ئەو کاتە باڵوێزی ئێران بوو لە بارگای رووسیا، سەبارەت بەم پەیماننامەیە نارەزامەندیی دەربڕی و پارلمانی ئێران رایگەیاند کە ئەم پەیماننامەیە بە رەسمی ناناسێ کە بەپێچەوانەی هەق و دادپەروەری و سەربەستیی ئێران نووسراوە، بەڵام هیچکەس گوێی بۆ گلۆر نەکرد و وڵامی نەدایەوە.»

وەکوو دواتر بەوردی باسی دەکەین، دەستەی سەرکردایەتیی مەشرووتەخوازان دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەیماننامەکەی نێوان رووس و ئینگلیس، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٢ی مانگی محەررەمی ١٣٢٦ی کۆچیدا، دژی ئەم تاوانە قورسە هەڵوێستی نواند و وەک دوکتۆر مەلیکزادە دەنووسێ، دەستەی

سەرکردایەتیی مەشرووتەخوازان داوای لە تەواوی سەرۆکان و بەرپرسانی پیشەوەران و کاسپکاران و ئەنجومەنەکانی کۆمەڵگا کرد بێن و بەشداری کۆبوونەوەیەک بن. مەلیکولموتەکەللیمین لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی پڕ هەست و سۆزی دا دژی پەیماننامەکە و تیشکی هاویشتە سەر زوڵم و زۆرەملییەکانی رووسیا و گلە و گازندەی لە ئینگلیس کرد. ئەم ئاخاوتنە وەهای جەماوەرەکە هارووژاند، وەک دوکتور مەلیکزادە دەڵێ: «عەلائوددەولە کە بە پیاوێکی دڵرەق ناسرابوو، لەو کۆبوونەوەیەدا سەری بە دیواردا دەدا و بە خۆی نەدەوەستا و دەگریا.» نووسەر لە بنەبانی ئەم بەشەدا کە سەبارەتە بە پەیماننامەکە ئاوا دەنووسێ:

«رەنگدانەوەی تووڕەیی و دەرهەڵبوون و هارووژانی گەلی ئێران دژی پەیماننامەی ساڵی ١٩٠٧ لە نێو تەواوی دنیا و رۆژنامە و گۆڤارەکانی گەلانی ئازادیخوازدا وەهای دەنگ دابوویەوە کە پایەبەرزانی لەندەن و رووسیای هێنانە دەنگ و کارێکی وای کرد هەتا پێکەوە رایبگەیەنن ئەم رێککەوتننامەیە هیچ زەرەدێکی بۆ سەر سەربەخۆیی و دەسەڵاتی ئێران نابێ و تەنیا دەوڵەتانی رووس و ئینگلیس بۆ بەرچاوروونی لە سیاسەتدا ئەم پەیمانەیان بەستووە. وەکوو ئاشکرایە رووداوەکانی دواتر بە دنیای سەلماند کە ئەم راگەیاندراوە لە نووکەوە درۆ بووە و ئەگەر شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا نەقەوماباو شۆڕشی مەزنی رووسیا بە دەستی پیاوانی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە چەشنی هەتاوی پرشنگدار لە ئاسۆی رووسیا هەڵنەهاتبا، لە ئاکامی هەڵپەی چاوچنۆکانەی وڵاتانی دراوسێ، سەربەستیی سیاسی و ئابووریی ئێران وا خاشەبڕ کرابوو کە رەنگە هەتا ئەمڕۆ تازە ناوی ئێران لەسەر نەخشەی جیهان نەمابا و سڕابایەوە.»

### کوژرانی ئەتابەک

میرزا عەلیئەسغەرخانی ئەتابەک کە دەبێ لەم قوناخەدا بە کۆڵەکەی گرینگی حکوومەتی ملهوڕانەی ئێران دابنرێ، هەر لە سەر رەوتی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی خولی پێشووی سەرۆکوەزیربوونی گەڕایەوە ئێران وجارێکی تر لەسەر کورسیی سەرۆکوەزیرایەتی پاڵی دایەوە. ئەتابەک لای وابوو کە بەبێ گرێ و کۆسپ دەتوانێ ئازادیخوازان بەرێتە بەرڕکێفی. بەڵام کاتێک چاوی بە

ڕەوتی ڕۆژانەی ڕووداوەکان و جووڵانەوەی ئەنجومەنەکان و پارلمان و بڵاوڤۆک و ڕۆژنامەکان و هەست و هەناسەی هارووژاوی جەماوەر کەوت. کەوتە سەر ڕێبازی فرت‌وفێڵ و خۆی بە مەشرووتەخواز نیشان دا و کەوتە هەڵسووران و هەنگاوی نا هەتا نەتەوەپەروەران، بەتایبەت مەلیکولموتەکەللیمین و بەرپرسانی ڕۆژنامە ئازادیخوازەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و کاتێک هیچی بۆ نەکرا، بەئاشکرا دژی سیستمی نوێ قۆڵی هەڵمالی.[1]

دوکتۆر مەلیکزادە نووسیویەتی حەوتوویەک بەرلە کوژرانی ئەتابەک، کاتێک مەلیکولموتەکەللیمین لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەروازەی قەزوینی تاران وتاری دەدا، گوتی:

«ئەی ئەو کەسانەی کە لە لایەن بارگاوە بۆ سیخوڕی و هەواڵگری هاتوونە ئێرە، لە زمان منەوە بە شا بڵێن لەبری ئەوەی گوێ بداتە قسەی نەفامانەی کەسانی دەوروبەری خۆی و گوێ بۆ وتەی پەندێرانی بێگانە کلۆر بکا کە تەنیا مەبەستیان چارەڕەشی و ئاڵۆزتر بوونی ئێمەیە، وا باشە کە دابنیشێ و مێژووی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و شۆڕشەکانی گەلانی دنیا بخوێنێتەوە و پەند لە چارەنووسی ڕابردووان وەربگرێ. سوێندم بەو خودایەی کە تەواوی دامودەزگای خولقانی جیهان لە بەر دەسەڵاتی خۆیدایە، سەربەخۆیی و پێشکەوتنی گەلی ئێران و مانەوەی پادشایەتییەکەی تەنیا لە ژێر ئاڵای مەشرووتە و پاراستنی ڕێزی یاسادا مسۆگەر دەبێ و ئەگەر بێتوو بە هەر ڕەوگە و ڕێبازێکی دیکەدا بڕوا، تێداچوونی خۆی و وڵاتی ئێرانی لێ‌دەکەوێتەوە.»[2]

هەر لەرێوە و دوابەدوای تەواوبوونی قسەکانی مەلیکولموتەکەللیمین، لاوێک دری بە خەڵکەکە دا و چووە پێش و ڕووی کردە مەلیک و گوتی: هەتا

---

١- دوکتۆر مەلیکزادە دەنووسێ کە ئەتابەک چەند کەسێکی وەکوو کەیخودا ڕاسپاردن هەتا بچنە دیداری مەلیکولموتەکەللیمین و کارێکی وا بکەن دژی ئەوە نەبێ هەتا بێتەوە بە سەرۆکوەزیر. بۆ نموونە موستەوفیولمەمالیکی وەزیری بەرگریی ناردە لای، کە ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەران خۆشیان دەویست. هەروەها کارداری باڵوێزخانەی رووسیاشی نارد بۆ کەیخودایەتی، بەڵام مەلیک بە هیچ شێوەیەک سەری وەبەرنەهێنا. کارداری باڵوێزخانەی رووس پاش دیداری لەگەڵ مەلیکولموتەکەللیمین و ناهومێدبوون لە وڵامەکانی، بەراشکاوی بە خودالێخۆشبوو مەلیکولموتەکەللیمینی گوتبوو ئێوە سەری خۆتان لەپێناو ئەم کارەدا دادەنێن.

٢- ژیاننامەی مەلیکولموتەکەللیمین، دوکتۆر مەهدی مەلیکزادە، ل ٢٢٣ – ٢٢٤.

حەوتوویەکی دیکە وڵامی ئەو قسانەی خۆتان پێدەگاتەوە. ئەم لاوە هەباسئاغای سەرڕافی ئازەربایجانی بوو.

ئەتابەک کە بە مەبەستی هەڵفریواندنی نوێنەرانی ساکار و ساویلکە و بەرزکردنەوەی ورەی لایەنگرانی خۆی لە پارلماندا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پێکهێنابوو، کاتێک کە سەرکەوتووانە شانبەشانی بێهبەهانی لە «بەهارستان» وەدەردەکەوت، کەوتە بەر گوللەی دەمانچەی هەباسئاغای سەرڕافی ئازەربایجانی و چارەگێک دوای برینداربوونی لە درۆشکەی خۆیدا گیانی دا (۲۱ی رەجەبی ۱۳۲۵ی ک). هەباسئاغا کە نەیتوانی لە داوی گەمارۆی سەربازانی شوێنکەوتووی رزگار بێ، فیشەکێکی بە کازەڵاکی خۆیەوە نا و کۆتایی بە ژیانی هێنا. لە جەنگەی گەرانی گیرفانەکانیدا ئەم بەڵگەیە دۆزرایەوە: هەباسئاغا سەرڕافی ئازەربایجانی، ئەندامی ژمارە ٤١ی ئەنجومەن، پێشمەرگەی گەل.»[1]

سەربازانی دەوڵەتی سووکایەتییان کرد بە تەرمی هاباسئاغای گیانفیدای ئازای ڕێگای ئازادی و خستییانە چاڵاوێکەوە، بەڵام پێشەنگانی نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان، بەتایبەت مەلیکولموتەکەللیمین و سولەیمانخانی مەیکەدە و موساوات، تێنیان بۆ ئیجلالوسسەڵتەنەی سەرۆکی دەزگای ئاسایش هێنا کە تەرمەکەی لە چاڵاو بێتنەوەدەر و بە چاوەدێریی ئازادیخوازان لە گۆڕستانی «سەر قەبری ئاغا» بینێژن. جگە لەمە نەتەوەپەروەران حەوتوویان بۆ گرت و شەوەکەی لەسەر گۆڕی هەباسئاغا کۆبوونەوە و دوو کەس بەتایبەت مەلیکولموتەکەللیمین و سەید جەمالەددینی واعیزی ئیسفەهانی بە وتاری گەرموگوڕ توانییان کۆبوونەوەی پەنجاهەزار کەسەی خەڵکی شەقام و کۆڵان بهاروووژێنن و دروشمی «بژی مەشرووتە» و «بمری ملهوری» دەنگی دایەوە.

کەسرەوی سەبارەت بە کار و هەنگاوی دلێرانەی هەباسئاغا چەندین دەنگۆ و واتەواتی ئەو ڕۆژانەی لە کتێبەکەی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە و گوتوویەتی هەباسئاغا و حەیدەر عەمووئۆغلی و سەید حەسەنی تەقیزادەی نوێنەری تەورێز پەیوەندییان پێکەوە بووە. کەسرەوی باسی دەوری «حەیدەر عەمووئۆغلی»ی کردووە لە شۆڕشی گەورەدا و بەراشکاوی دەڵێ عەمووئۆغلی لە لایەن ئەندامانی

---

۱- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، ل ٤٤٧. [لێرەدا پێشمەرگەم لەبری فیدایی داناوە.و.]

ئەنجومەنی نەتەوەپەروەرانی ئازەربایجانەوە ئەرکی کوشتنی ئەتابەکی گرتۆتە ئەستۆی و پێشتر تەقیزادەی لەم کارە ئاگادار کردۆتەوە. عەمووئۆغلی لاوێکی خوێنگەرم و بوێر بە ناوی هەباسئاغا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە هەڵدەبژێری. کاتێک هەباسئاغا تەقە دەکا و ئەتابەک زامدار دەبێ، عەمووئۆغلی لە بەر دەرگای «بەهارستان» خیز و خۆڵ بە دەموچاوی سەربازان هەڵدەپرژێنێ هەتا هەباسئاغا بۆی دەرباز بێ. کەسرەوی لە درێژەدا دەنووسێ:

«پێویستە لە کۆتاییی باسەکەدا مەبەستێکی بخەمە سەر و بڵێم چونکە ئینگلیسی ئەتابەکیان بە قوڵەچۆماغی ڕووسان دەزانی، لێی ڕەنجابوون و وێدەچێ ئاواتەخوازی کوژرانی بووبن و ئاگایان لە کاکەوبرالەی ڕێزدار تەقیزادە بووبێ. هەرچۆنێک بێ، پاش کوژرانی ئەتابەک ڕۆژنامەکانی ئورووپا بابەتێکی زۆریان لەسەر نووسی و ئەم مەبەستە لە ڕۆژنامەکانی ئینگلیسدا زیاتری ڕەنگدابوویەوە.»

کەسرەوی دەربارەی ڕەنگدانەوەی کوژرانی ئەتابەک و سەنگ و بایەخی ڕووداوەکەوە دەنووسێ:

«کوژرانی ئەتابەک شاکارێکی بێوێنەیە و وەکوو بومان دەردەکەوێ ئەم شاکارە زراوی بارگانشینانی تۆقاند و جێگە و پێگەی ئازادیخوازی لەبەرچاوی خەڵکی بیگانە هەورازتر برد و دواتر کارەکانی خستە سەر ڕەوت و ڕێبازێکی دیکە و بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی پێی نایە قۆناخێکی تازەوە. هەباسئاغا زۆر پیاوانە گیانی بەخت کرد.»

ئەم بەسەرهاتەی کە لە کتێبی «ژیاننامەی مەلیکوموتەکەللیمین» وەرگیراوە و لێرەدا دەیگێڕینەوە، دەبێ بە ڕەنگدانەوەی لاوازی و بێدەرەتانیی محەممەدعەلیشا و پیاوانی کاسەلیسی بارگای دابنڕێ لە حاند بزووتنەوەی بەهێزی ئازادیخوازیی گەلی ئێراندا و نموونەی ئەوتۆ لە گەرمەی شۆڕشی نیشتمانیی زۆربەی وڵاتانی دنیادا وەبەرچاو دێ. دوکتۆر مەلیکزادە دەنووسێ:

«میرزا سالەخانی ئاسەفوددەولە کە یەکێک بوو لە پیاوانی سەرراست و نیشتمانپەرستی مەشرووتەخوازی ئێران لەو زەمانیدا[1] و حوکمداری تاران بوو، دەیگوت ئێوارەی حەوڕۆژانەی مەرگی هەباسئاغا، محەممەدعەلیشا بە شوێنیدا ناردم... شا هەر ئاوری دێنا و بە تووڕەیی دەهات و دەچوو. تاقمێک لە پیاوانی

---

١- لە زەمانی ئەتابەکدا.

بارگای میری و ماستاوکەرانیش لە سووچێکی چەقیبوون. هەر کە چاوی بە من کەوت، دەستی کرد بە جنێودان و بەو دەنگە زیقەنەی کە دەتگوت دەنگی خواجانە[1] بە سەریدا قیژاندم و گوتی چما تۆ حوکمداری ئەم شارە بە قورگیراوە نی؟ ئەم بارودۆخە بۆ وایە؟ دووکان و بازار بۆچی داخراون؟ ئەمە چ عوێنێکە؟ عەرزم کرد: قوربان خۆ من ناتوانم بەر بە هەستی هارووژاوی گەلێک بگرم. وەختایەک گوێی لە وشەی گەل بوو، وەها هاڵۆزکا و سوور و شین هەڵگەڕا و چەند هەنگاوێک هەلێنگی دایە سەرم. کە لێم سوورە ئەگەر چەکێکی بە دەستەوە بووبا دەیکوشتم. پاشان قیژاندی: گەل! گەل!... پێتان نیشان دەدەم گەل یانی چی. یەکێک لە پیاوانی دەلەچەی بارگا کە پتر لەوانی دیکە نیزیکی دەرگانەی میری بوو، بۆ ئەوەی توورەیی شا تۆزێک بنیشێتەوە گوتی: قوربان خەڵک لەم کارانەدا بێتاوانن و هەموو بەدڵ شاپەرستن و بۆ کوژرانی خودالێخۆشبوو ئەتابەک بەداخن! ئەم کارانە هەموو گەمەیەکن لە ژێر سەری مەلیکولموتەکەللیمین و سەید جەماڵدا.[2] شا بە بیستنی ناوی مەلیکولموتەکەللیمین و سەید جەماڵ وای گڕ گرت و ڕەشهەڵگەڕا کە هەموومان ترساین لەرێوە فججە بکا. وامانزانی شێت بووە! ددانی دە چیرەوە برد. هەرگیز نەمدیبوو ئاوا دەرهەڵبێ و ئاورینگان بێنێ. زیقاندی ئەوە کەسێکی بەشەرەف پەیدا نابێ کە من لە چنگ ئەم دوو کەسە... رزگار بکا؟»[3]

ئیدوارد براون سەبارەت بە کاری ئازایانەی هەباسئاغا و ئاکامەکانی دەنووسێ:

«روون و ئاشکرا کە کوژرانی لە ناخاقلی ئەم وەزیرە بەدەسەڵات و خۆپەرستە شوێنێکی یەکجار قووڵی لەسەر پایەبەرزان دانا. هەواڵنێرێک لە نامەیەکی ۵ی دیسامبری ساڵی ۱۹۰۷ی خۆیدا دەنووسێ: ... گەورەترین ڕووداوی بەرچاوی ئەم چەند مانگەی دوایی، کوژرانی ئەتابەک بوو کە گۆڕانی بە سەر بەستێنی بزووتنەوەی ئازادیدا هێنا و دەریخست کە ئەمە گەمەیەکی منداڵانە نییە، بەڵکوو ویست و ئاواتێکی بێپاشەگەز و خۆبەدەستەوەنەدەر لە ئارادایە. بۆیە ئێرانی لێبڕاون هەر وەزیرێک دژی ئەو ئازادییە تازەیەی کە وەدەستیان هێناوە

---

١- پیاوی خەسێندراوی تایبەت بۆ بارگای میران. نێری خەسێندراو، نێرەمووک.

٢- سەید جەماڵەددینی واعیزی ئیسفەهانی

٣- ژیاننامەی مەلیکولموتەکەللیمین، دوکتور مەلیکزادە، ل ٢٢٦.

لێیان بکەوێتە فرتوفێڵان، سەری تێدابەرن. من هەمیشە بێزم لە پەسندکردنی تاوانی چەپەڵی سیاسی هەڵدەستێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەم کوشتنە یەکجار زۆر بە قازانجی بزووتنەوەی گۆڕانخوازان شکاوەتەوە و هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێ. لەو ڕۆژەوە بەولاوە تازە کەس نەیوێرا بەئاشکرا دژی پارلمان هەڵوێست بگرێ و سەرەنجام پارلمان توانی گەلێک هەنگاوی بەسوود هەڵبێنێتەوە.»

«لە ڕاستی سەرەتا سەبارەت بەم کارە دزێو و نالەبارە، ترس و تۆقینێکی مەیلەو ناخۆش لە نێو ڕۆژنامەکانی ئێراندا ڕەنگی دایەوە، بەڵام هێندەی پێنەچوو، بەتایبەت پاش وەدەرکەوتنی دەق و نێوەرۆکی پەیماننامەی رووس و ئینگلیس، شەپۆلی هەستی هارووژاوی ئاپۆرەی خەڵک، زۆر بە تین و تەوژم رووی کردە سەر بابەتی کوژرانی [ئەتابەک و زەبری] هەباسئاغا. دەیانگوت هەباسئاغا پیاوێکی نیشتماندۆستە و گیانی خۆی بۆ ڕزگاربوونی وڵاتەکەی لە چنگ خەیانەتکارێک بەخت کردووە و بەم شێوەیە بە پیاوێکی پیرۆزیان دانا و ڕێزیان لێ گرت، لە ڕۆژی چلەی پاش ئەمانیدا، خەڵکێکی زۆر لەسەر گۆڕەکەی کۆبوونەوە و بە دانی چەند وتارێک کەوتنە پێداهەڵدانی هەباسئاغا و زەبری وەشاوی و بەوپەڕی ڕێزەوە یادیان کرد.»

خاڵێک لە ڕووداوی تیرۆری ئەتابەکدا جێگای پەندە بۆ دوارۆژ، ڕاست لەو ڕۆژەدا کە پەیماننامەی بێقەری دابەشینی ئێران، لە پیتریزبوورگی پایتەختی رووسیا و لە نێوان رووس و ئینگلیسدا لە لایەن نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی ئەو دوو وڵاتەدا واژۆ دەکرا، یانی ڕۆژی ٣١ی شووتی ٢١/١٩٠٧ی ڕەجەبی ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی، ئەتابەک دوایین کاتەژمێرەکانی تەمەنی خۆی لە بەهارستان ڕابوارد و نیزیک کاتەژمێر هەشت و نیوی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بە زەبری گوللەی هەباسئاغای ئازەربایجانی سەری دانا.

## II

## شـــۆڕشـــی مـــەزن

**(١٣٢٥ – ١٩٠٧/١٣٢٧ – ١٩٠٩)**

### دەوری ڕۆژنامەکان

لە بەش و بابەتەکانی پێشوودا باسی ئەو ڕۆژنامانەمان کرد کە بەرلە ڕاگەیاندنی فەرمانی مەشرووتە لە ئیستانبووڵ و هیند و میسر بە زمانی فارسی

بڵاودەکرانەوە و هەموو کەس ئەم خاڵەی لا روونە کە رۆژنامەکان لە نێو تەواوی کۆمەڵانی دنیادا دەورێکی گرینگیان گێڕاوە و دەیگێڕن و هەر بۆیە رۆژنامەکانیان بە چوارەم کۆڵەکەی مەشرووتە ناودێر کردوون.

رۆژنامەکانی سەردەمی موزەففەرەددینشا دەستیان کرد بە ورتەورت و سرتەسرتی مەشرووتەخوازی و رەخنە گرتن لە حکوومەتی ملهوڕانەی پاوانخواز. دوای راگەیاندرانی فەرمانی مەشرووتە و پێکهاتنی یەکەم خولی پارلمانی نیشتمانی، ورتە و خورتەی رۆژنامەکان بوونە دەنگەدەنگ و کاتێک دامودەزگای پاوانخواز خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان تەیار کرد. هێندێک لە رۆژنامەکانی پایتەخت چوونە ریزی پێشەوەی خەباتکەرانی رێگای ئازادی و نووسەرانی ئەم چەشنە رۆژنامانە لەپێناو بڕوا بە ئازادیدا سەریان دانا. ئێمە لێرەدا بەشێک لە وتارێکی رۆژنامەی شۆرشگێڕی «رووحولقودووس» دێنینەوە کە بەرپرس و نووسەرەکەی لە جەنگەی بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی دیکتاتۆریدا پیاوانە چەقی و کەوتە پاراستنی نووسینگەی رۆژنامە و شەرەف و ئازادیی خۆی و لە باغی شا بە دەست پیاوکوژانی محەممەدعەلیشا کوژرا. سەرچاوەی بابەتەکە کتێبی «شۆرشی ئێران»ە کە ئێدوارد براون نووسیویەتی.

«***بۆ سولەیمان مەگەر با بێ و پەیامی من بەرێ/ کە پەندە و خێری حوکماتی ئەوی تێدایە.*** ئێمە نە خەون بە پلەوە دەبینین و نە خۆمان لە پایە و دەسەڵات خۆش کردووە. ئێمە لەگەڵ هەموو لایەک تێدەکۆشین کە پارێزەری زێد و وڵات و هاونیشتمانانی خۆمان بین و نامانهەوێ هەرگیز لە رێبازی راستی لابدەین. جیاوازی هەیە لە نێو جەماوەری وڵات و کۆیلەی زێرخریدا. سەربەردانەوە لە حاند چاوچنۆکی و هەڵپەی خۆپەرستان هەر لە کۆیلان دەوەشێتەوە و شایانی ئەو کەسانە نییە کە کۆیلە نەبوون و ئازادن، تا ئەمانە لەگەڵ خودی پادشاش یەکسانن. ئەرکی خەڵک ئەوەیە کە تەنیا بە باری سەرپەرستیدا رێز بۆ شان و پلەی پادشا دابنێ. ئەویش بەو مەرجە کە پادشاش ئەرکی پاراستن و شوانییەتی خۆی راپەرێنێ. مەڕیان دانەناوە بۆ شوان/ هەر شوانە بۆ خزمەتی ران.»

سولتانولعولەمای خوراسانی بەرپرسی بوێر و نووسەری شۆرشگێڕی رووحولقودووس لە وتارێکی تووند و ئاگریندا روو دەکاتە پادشا و دەنووسێ:

«چ‌ا بوو که دوای مەستەبازاری تاقانەسالاری[١]. ئێوە هێندێک وەخۆ هاتنەوە و بە هەست و هانی دەروونی خۆتاندا چوونەوە و چاوتان هەڵێنا و لە حکوومەتی خۆتان و خەڵکی دیکەتان ڕوانی. داخوا هەموو پادشاهانی جیهان شانیان لە ژێر باری کاران ترازاندووە و روویان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆیان وەگێڕاوە و هەموو هەوڵەکانیان کردۆتە بەختی خوێنڕشتن؟ تۆبڵێی بەسەرهاتی لوویی شازدەهەم لەم حکوومەتەدا دووپات نەبێتەوە؟ بەڕاستی یەزدانی پاکی پایەبەرز دەتوانێ تۆڵە وەربگرێتەوە:

سەری شەوێ، سەری لە کوشتار و تاڵان دەخورا

بەیانی گیانی بێسەر و سەری تاجی پێوە نەما[٢]

«داخوا دەزانێ کە لە هەر دڵۆپە خوێنێکی پێشمەرگەی ژمارە ٤١ (هەیاس‌ئاغای ئازەربایجانی) گیانفیدایەکی گەورەتر بۆ ئامانجێکی بەرزتر سەر هەڵدەدا هەتا هەق بە یەکجاری وەدی بێ؟ دەبێ بە چاوی پەندوەرگرانەی شاهانە بڕوانێ و بزانێ کە: نابێ لەگەڵ کۆمەڵی ماران و گورزەمارانی جوان و نەخشینی چاوخەڵەتێن کە پڕاوپڕن لە ژاری کوشندە بکەوێتە گەمە، چونکە ڕێی فامینی تێناچێ. نابێ بەبێباکی و بەدزی لەگەڵ خەئیمان و خاشەبڕکەرانی ئەم پادشایەتییە و نوێنەرانی وڵاتی بێگانە ڕاوێژ بکرێ،[٣] چونکە دز بازاری شڵەقاوی دەوێ و بێگانە بە شوێن پێشکەوت و بەرژەوەندیی خۆیدا دەڕوا. ئەمانە دەبێ باش بزانین کە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان جەماوەری ئەم وڵاتە و وڵاتانی دیکەدا و دەبێ چی دیکە نەژین نزم و نەوی و بگەنە ژیانی سەربەرزانە. ئەوەی ڕاستی بێ حکوومەتی پادشایەک کە خەون و خەیاڵی ڕەنگینی پادشایەتی لە ژێر سێبەری گالۆک و کەڵەشاخی[٤] دەروێشیاندا پەیدی بکا، خۆی لە حاند باڵادەستبوونی بێگانە بۆ

---

١- تۆتۆکراسی

٢- لوویی شازدەهەم لە جەنگەی شۆڕشی فەرانسەدا (١٧٨٩ – ١٧٩٢) بە فەرمانی کومیتەی شۆڕشگێڕی پاریس سەری وەبەر گیۆتین درا و پەڕێندرا.

٣- مەبەستی لە دیدار و گوفتوگۆی محەممەدعەلیشایە لەگەڵ باڵوێزی رووس.

٤- لە قەدیمدا شاخی کەڵیان کون دەکرد و وەکوو زوڕنا تێیان دەتووراند. پیاوانی دەرویش و قەڵەندەر کە بە چۆڵ و بیابانان‌دا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی داعبا لێیان نێزیک نەبێتەوە لە کەڵەشاخیان دەتووراند.و.

ڕاناگیرێ و پادشایەتی کردن بە سەر مسکێنی بێئەنوا و سوالکەردا بۆ شانازی و پێوەنازین نابێ.»

«ئەگەر خاوەنشکۆی پایەبەرز و خانەدانی پادشایەتی لایان وایە شانازی و مەزنایەتی لە نۆکەری و مل بە چەلەمەبوونی بێگانەدایە، جەماوەری وڵات بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆیان، ئەم شێوە باڵادەستبوونە بە جێیشەرم و شوورەیی و بێفەر و بە مەحکوومی دەزانن، بۆ؟ چونکە مەیلی نیشتمانیی کۆمەڵ بۆتە هۆی مانەوە و درێژبوونەوەی دەسەڵاتی ئەم خانەدانە. دەنا باغ و باغاتی مەشرووتە کە دوو مانگە ئاو نەدراوە، تینووە و جەنگەی ئەوە هاتووە هەتا بە ڕێژنەی خوێنی پێشمەرگەیەکی نەناسیاو و نادیوەی دیکە، وەها تێراو بێ کە گوڵ و میوەی چرۆ و خونچە بکەن و وەبەربێن.»

حەوتەنامەی «سوورئیسرافیل» کە میرزا جانگیرخانی شیرازی بەرپرس و [خاوەنی] بوو، بە هاوکاریی میرزا قاسمخانی تەوریزی و میرزا عەلیئەکبەرخانی قەزوینی ناسراو بە دێهخودا یان «دەخەو» بڵاودەکرایەوە. ئەم حەوتەنامەیە بە یەکێک لە دیارترین ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی مەشرووتە دادەندرێ و لە دوو بەرەدا دژی محەممەدعەلیشا و مەلایان خەباتی دەکرد و میرزا جانگیرخانی خەباتگێر و فیداکاریش وەکوو سولتانولعولەمای خوراسانی، بەرپرسی ڕۆژنامەی ڕووحولقودووس، گیانی خۆی بەختی ئازادیی ئێران کرد.

یەکێکی دیکە لە ڕۆژنامە شۆڕشگێر و توندوتیژەکانی تاران ڕۆژنامەی «موساوات» بوو کە سەید محەممەدڕەزا شیرازی بڵاوی دەکردەوە و تێیدا دەنووسی.[1] ئەویش هەروەک سولتانولعولەمای بەرپرسی «ڕووحولقودووس» پیاوێکی ئازا و خۆنەدوێن و باوەڕمەندی ئازادی بوو. شیرازی لە وتاری ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەی خۆیدا ئاوای نووسیوە:

---

١- سەید عەبدوڕڕەحیم «خەڵخالی»یش، لە ئامادەکردن و چاپ و ڤەژاندنی ڕۆژنامەی «موساوات»دا یاریدەی سەید محەممەدڕەزای دەدا. ئەم ڕۆژنامەیە لەسەر ڕەوتێکی توند دەڕۆیی و پاش نووسینی چەند وتارێکی تیژ دژی محەممەدعەلیشا، پێش بە بڵاوکرانەوەی گیرا و موساوات لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار کرا. سەید محەممەدڕەزا دوای ئەوەی کە محەممەدعەلیشا پارلمانی ئێرانی دایە بەر تۆپ، ڕایکردە قەفقاز و لەوێوە گەڕایەوە تەوریز و دەستی کردەوە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی موساوات. سەرەنجام لە شارستانی تەوریز وەکوو نوێنەری خولی دووهەمی پارلمانی نیشتمانی هەڵبژێردرا.

«بۆ چما وا دەزانن کە لەمەودوا ئێرانی دەست لە مافە ڕەواکانی خۆی هەلدەگرێ و دەست لە کۆڵ دزان دەکاتەوە کە بەبێ سزادران بۆی دەرباز بن. وەللاهی، وەبیلاهی وا نییە. هەر کەس بیهەوێ لە بیری پیرۆزی پادشاماندا جێ بۆ ئەم خەیالە پووچ و خاوە خۆش بکا، سوێندم بە تەواوی پێغەمبەران و پیاوچاکانی دنیا و بە ڕووحی دادپەروەری و یەکسانبوونی ڕاستەقینە، بەئاشکرا خەیانەتی بە خودی فەرمانڕەوا کردووە. ئەگەر بروایان بەم سوێندانە نییە، سوێندم بە ئێرانخۆشەویستیی شاپشال[1]، بە زانستی ئەمیربەهادور، بە داوێنپاکیی سەعدوددەولە، بە دینداریی ئیقبالوددەولە، بە پاکی و دامێنخاوێنیی ئاسەف ئەفخەم، بە پیاوەتی و بەزەی زەفەروسسەلتەنە، بە شەرف و دەماری قەواموددەولە، بە خۆشمەشرەفیی حاجیبوددەولەی قەدیم، بە ئامیلکە زانستییەکەی حوججەتولئیسلام ئاغا میرزا مستەفا، بە خۆشناوی و بەدینیی موجتەهیدی تەوریزی و سوێند بێ بە ڕووحی بێگەردی ئەندامانی ئەنجومەنی پیرۆزی فتووەت... .»

بە خوێندنەوەی ئەم دێرانەی سەرەوە وا دەردەکەوێ کە سەید محەممەدڕەزا موساوات لە ڕۆژنامەنووسیدا شێوازێکی تایبەتی ڕەچاو کردووە و نووسینەکانی بە تیز تێگرتن و گاڵتەپێکرد دەستاو داوەتەوە. نووسەر بە فشە هاتووە و لاتاوی بە شاپشالی ڕاوێژکاری ڕووسیدا داوە و وەکوو ئێرانخۆشەویست ناوی هێناوە و دواتر چۆتە دەستەی پیاوێکی نەخوێندەواری وەک ئەمیر بەهادور و پاشان بەزەیی و پیاوەتیی داوەتە پاڵ پیاوێکی دڵڕەق و بێڕوحمی وەکوو زەفەروسسەلتەنە. هەروەها ڕەخنەی توندیشی لە خەنیمانی ئازادی گرتووە کە لە جلی مەلایەتیدا و بە ناوی دینەوە فتوایان دەدا و کۆڕ و کۆبوونەوە و ئەنجومەنیان پێکدێنا.

کەسرەوی کە ئێمە نووسراوەکەی «موساوات»مان لە ڕووی کتێبەکەی ئەورا گێڕاوەتەوە، بە باری ئەخلاقیدا هێندێک لە کار و نووسراوەکانی بەرپرسی ئەو

---

١- سێر گێتی مارکۆڤیچ شاپشال (سەدەی ١٤ی ک.)، مامۆستا و ڕاوێژکار و سەرناجودانی محەممەدعەلیشای قاجار بوو. شاپشال بە مەبەستی ڕاهێنانی محەممەدعەلیمیرزای جێگرەوەیمیر هاتبووە تاران. بە مەبەستی سەرکوتی مەشرووتەخوازان، چاکی محەممەدعەلیشا دنە دەدا و دەورێکی بەرچاوی گێڕاو.

ڕۆژنامەی داوەتە بەر ڕەخنە و بۆ نموونە نووسیویەتی کە موساوات شاهیدنامەیەکی لەسەر پارچەیەکی درێژی مەرمەڕشا نووسیبوو هەتا خەڵک مۆر و ئیمزای بکەن کە ئوممولخاقان [واتە دایکی محەممەدعەلیشا] ژنێکی داوێنپیسە و ئەم شاهیدنامەیەی ناردبوویە بازار تاکوو جەماوەر بچن و ئۆباڵی لەسەر بکێشن و ئەم هەنگاوەی بوو بە کارێکی ئابڕووبەرانە. دواتر هێندێک مەلاش لەسەر مینبەری مزگەوتان بە پادشایان گوت کوڕی ئوممولخاقان (یانی ئەو کەسەی کە دیار نییە کێ باوکییەتی). کەسرەوی لای وایە پێی لێهەڵێنانی موساوات و چەند کەسێکی دیکە بۆ سووکایەتی کردن بە محەممەدعەلیشا، هۆکارێکی گەورە بوو بۆ پاڵپێوەنانی شا بۆ لای ڕووسان و سەبارەت بەم مەبەستە نووسیویەتی:

«بەم شێوەیە دوژمنیان لە خۆیان دەهاروورژاند، بێئەوەی بیر لە خۆراگری بکەنەوە و هێزیش هەڵسەنگێنن. لە لایەکەوە ئەنجومەنی نوێنەران ئاوا بە شلی و سستی لەگەڵ محەمسەدعەلیشا دەجووڵایەوە و لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەکان ئاوا زۆر توندیان دەنووسی.»

ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەرانی تەورێز لە هاندان و هارووژاندنی بیروڕای گشتی و خەبات دژی هێزەکانی ملهوڕیدا، کە ڕووی چەکی خۆیان کردبوویە ئازەربایجان و شاری قارەمانی تەورێز، دەورێکی کاریگەریان دەگێڕا. کەسرەوی وێڕای هێنانە گۆڕی ناوی ڕۆژنامەکانی «موجاهید»[1]، «ئیتتیحاد»[2] و «حەشەراتولئەرز»[3]، باسی چەند ڕۆژنامەیەکی تورکیش دەکا کە لە

---

١- بەرپرس و بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەی موجاهید، سەید محەممەد شەبستەری ناسراو بە ئەبولزیا بوو کە ڕۆژنامەی «ئەلحەدید» و «ئێرانی نەو»ی بڵاوکردبۆوە. سەید محەممەد پاش ئەوەی لە وتارێکی خۆیدا سووکایەتیی بە سەید کازم یەزدی کرد کە مەزنەمەلا و موجتەهیدێکی دانیشتووی نەجەف بوو، خەڵکی دەمارگرژ کەوتنە پێوشوێنی و گرتیان و فەلاقەیان کرد و لە تەورێزیان دەرکرد. ڕۆژنامەی موجاهید زمانحاڵی سۆسیال دیموکراتەکانی تەورێز بوو. ساڵی ١٣٢٥ی ک/ ١٩٠٧ی ز، لە ڕەشتیش ڕۆژنامەیەک بە ناوی موجاهید بڵاو دەبۆوە کە تەنیا ٥ ژمارەی خۆ ڕاگرت و دوایە بڕایەوە.

٢- بڵاوکراوەی دووهەفتانەی ئیتتیحاد، ساڵی ١٣٢٦ی ک/١٩٠٨ی ز، لە لایەن ئەنجومەنی ئیتتیحادی تەورێزەوە بڵاودەکرایەوە. لە بواری سیاسیدا گۆڕانخواز و مەشرووتەخواز و لەسەر ڕەوتێکی میانەڕەوی دەڕۆیی. ڕۆژنامەی دیکەش لەم سەردەمەدا لە تاران و یەزد بە ناوی ئیتتیحاد بڵاوکرانەوە.

تـەوریز بـڵاو کراونـەوە. بـۆ نموونـە ڕۆژنامـەی «مەلاعـەموو»[٢] و «ئانـادیلی»[٣]. کەسـرەوی باسێکی یـەکجار جێگای سـەرنجی وروووژاندووە کـە نیشـانەی ئەوەیـە هاونیشتمانانی ئازەربایجانی چۆن لە قووڵاییی دڵەوە دڵبەستەی زمانی میللی یانی زمانی شیرینی فارسی بوون. کەسرەوی دەنووسێ:

«لەم قۆناخەدا چەند ڕۆژنامەیەکیش لە تەوریز بە تورکی بڵاو دەبوونەوە، بەڵام هەر یەکەی چەند ژمارەیەک نەبێ بەردەوام نەبوون. کەسـانێک دەیانگوت چونکە تەوریزی زمانیان تورکییە، ئەگەر ڕۆژنامـەکان بە تورکی بن چاکتری تێدەگەن و بێتوو یـەکێک بـۆ خـەڵکی بخوێنێتـەوە، گـوێی لـێ ڕادەگرن؛ بـەڵام تاقیکرانەوەکـە پێچەوانـەی ئـەم بۆچوونـەی نیشـان دا و ڕۆژنامـە تورکییـەکان پێشـکەوتنیان بـە خۆیانەوە نەدی.»

## کـومیتـەی شـۆڕشـی نیشتمـانـی

دوکتـۆر مـەلیکزادە نووسـەری «مێژووی مەشـرووتەی ئێران» و «ژیاننامـەی مەلیکولموتەکەللیمین»، لەم بەرهەمەی دواییدا ئەم سەردێرەی بۆ بابەتێک داناوە و ئێمەش لێرەدا کورتە و پوختەی نووسینەکەی دەخەینە بەرچاو:

«محەممەدعەلیشا بە یاریدەی پیاوانی بارگای میری و داروودەستەی خۆی لـە نێو توێژی مەلایاندا هەوڵی دەدا هەتا خاشەی [بیری مەشرووتەخوازی] بکێشێ و حکوومـەتی ڕووسـیاش پشـتیوانیی لـێ دەکـرد. لـە لایـەکی دیکـەوە ئەگـەرچی ئەنجومەنی نوێنەران، ناوەندی ڕەسمی بوو بۆ هـەموو دەسـەڵاتەکانی گەل، بەڵام

---

١- بناغەدانەر و بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامـەی وێنەدار و گاڵتەوگەپیی حەشـەراتولئەرز، حـاجی میرزا ئاغا بلووری بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەسـەر پێوشوێنی ڕۆژنامەی «مەلا نەسرەددین»ی قـەفقاز دەڕۆیـی و دواتـر بـە نـاوی «نالـەی میللـەت» میـرزا ئاغـا بـڵاوی کردۆتـەوە. حەشەراتولئەرز جاری یەکەم تەنیا ژمارەیەکی لە ڕێکەوتی ١٤ی سەفەری ١٣٢٦ی کۆچیدا لێ بڵاو بۆتەوە و دواتر وەستێندراوە.

٢- مەلاعەموو کە ئیدوارد براون لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «ئای عـەموو» باسی دەکا، بڵاوکراوەی کۆنەپەرستانی تـەوریزی و خـەنیمانی مەشـرووتە بووە و بـە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە.

٣- ئانادیلی کە لە تورکیدا بە واتای «زمانی دایکی» واتە [زمانی زگماکی]یە، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ نەبووە و وەکوو بەشێک [یان پاشکۆی] ڕۆژنامەی «عەدالەت» بڵاو کراوەتەوە و هەروەک کەسرەوی ئاماژەی پێکردووە، زۆر زوو تێداچووە.

چونکە زۆربەی نوێنەران هەر نەیاندەزانی مەشرووتە و شۆڕش و گۆڕان چین و سەنگ و بایەخی پرسەکەیان بۆ نەدەچۆوە سەر یەکتر؛ هەروەها چونکە زۆریشیان گوێ لە مستی بارگانشینان و بەشێک بوون لە دەستەوبەستەی دامودەزگای دیکتاتۆری، ئەنجومەنی نوێنەران (پارلمان) بە تەنیایی نەیدەتوانی بەرەگە لە پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوەی لایەنگرانی سیستەمی پێشوو بگرێ؛ هەر بۆیە ئازادیخوازان لێبڕان کە ناوەندێکی نەهێنی بە بەشداریی کەسانی شارەزا و دیار و باوەڕپێکراو دابمەزرێنن و بڕیارەکانی ئەو ناوەندە جێبەجێ بکەن؛ بە چەشنێک کە بڕیارەکانی ئەو ناوەندە لە تەواوی ناوەندە نیشتمانی و ئەنجومەنە سیاسییەکانی تاران و ناوچەکانی وڵات و لە ئەنجومەنی نوێنەرانی نیشتمانی و دەرەوەی ئێراندا گوێی لێ بگیرێ و بەڕێوە بچێ.»

جا چونکە لە نێو پێشەنگانی مەشرووتەخوازاندا کەسانێکی باوەڕپێکراو و بەقورساغی وەکوو مەلیکولموتەکەللیمین، سەید جەمالەددینی واعیز، سووریسرافیل، موساوات، حەکیمولمولک و چەندێکی دیکەی ئاواش هەبوون و لەگەڵ بنەماکانی مەشرووتە و سیستەمی پارلمانی و یاساکانی سەبارەت بەم شێوە حکوومەتە و باروودۆخی نێونەتەوەیی ئاشنا بوون، بوونە ماکەی سەرەکی و دامەزرێنەری ئەم ناوەندە و بەم چەشنە «کومیتەی شۆڕشی نیشتمانی» بەدی هات هەتا بتوانێ دەوری گرینگ و کاریگەری خۆی لەو هەلکەوت و ڕووداوانەدا بگێڕێ کە دەبوو لە داهاتوودا قەومابان.

کەلەوەکێشی لە نێوان مەشرووتەخوازان و ملهوڕانی سەرەڕۆدا ڕۆژبەڕۆژ تیژتر دەبوو. پاش ئەوەی کەسێک قومبەلەیەکی گرتە ئۆتۆمبیلی محەممەدعەلیشا و ئامانجی نەپێکا و شا بە ساغی بۆی قوتار بوو، هەردک لا پتر لە جاران لە یەکتر دڕدۆنگ بوون و ئەوەندەی دیکە بارگرژی کەوتە نێوانیان. وای لێهات کە بواری هەر چەشنە ڕێککەوتن و پێکەوەسازانێک لە نێوان شا و ئازادیخوازاندا نەما و هەردوو لا لێیان سوور بۆوە کە ئەم ململانێ و بەرەنگارییە دەبێ هەتا یەکلابوونەوەی یەکجارەکی درێژەی بێ؛ بەتایبەت کە لەو سەروبەندەدا چەند کەس لە سیخوڕان و باوەڕپێکراوانی شا گیران و ئاشکرا بوو کە ڕاسپێردراون هەتا دەستیان بە خوێنی پێشەنگانی شۆڕش سوور بێ.

ئەندامانی کومیتە کە هەتا تێداچوونی مەشرووتە و هەڵوەشانەوەی خولی یەکەمی پارلمانی نیشتمانی لە کار و چالاکی ڕانەوەستان بریتی بوون لەم نۆ کەسە: مەلیکولموتەکەللیمین، سەید جەمالەددینی واعیز، میرزا جانگیرخانی سوورئیسرافیل، سەید محەممەدڕەزا موساوات، حەکیمولمولک، تەقی‌زادە، سەید عەبدوڕڕەحیم خەڵخالی و سەید جەلیل ئەردەوێلی (دوکتور مەلیکزادە ناوی کەسی نۆهەمی نەنووسیوە). ئەندامانی کومیتە هەموو شەوێک لە سێیاری شەودا لە ماڵی حەکیمولمولک لە شەقامی پۆستخانە کۆدەبوونەوە و لە تاریکوڕوونی بەیانی‌دا بڵاوەیان دەکرد. پردی پەیوەندیی کومیتەکە لەگەڵ ئازادیخوازان و کەسانی سەر بە کومیتە سێ لاوی خوێنگەرم و باوەڕپێکراوی ئەو ڕۆژگارە بوون بە ناوی میرزا محەممەد نەجات، حوسێن پەرویز و میرزا موحسین نەجم‌ئابادی. ئەم سێ کەسە دەچوونە شوێنی کومیتە و ئەو فەرمان و بڕیارانەی کومیتەیان دەگەیاندە ئەو کەسانەی کە پێویست بوو پێیان بگا.

یەکێک لە هۆکارە گرینگ و کاریگەرەکانی پێشکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی نیشتمانی و بزووتنەوە کومەڵایەتییەکان، برشتی زمان و قەڵەمە. وەکوو دیارە بەناوبانگترین وتاردەران و ئازاترین نووسەران ئەندامی کومیتەی شۆڕشی نیشتمانی بوون و ئەوەی کە لە وتاری گەرم و هارووژێنەری مەلیکولموتەکەللیمین و سەید جەمالەددین‌دا سەرانسوێی زمانی دەکرد، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی «سوورئیسرافیل» و «موساوات»دا ـ بە قەڵەمی توند و ئاگرینی میرزا جانگیرخان و سەید محەممەدڕەزا موساوات ـ ڕەنگی دەدایەوە. ئەم دوو باڵە تەواوکەری ڕەنگدانەوەی باندۆری کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی کومیتەی شۆڕش بوون لەسەر بیروڕای گشتی. بەم شێوەیە کومیتە توانی ببێتە ڕێبەر و پێشەنگی بەشی هەرە زۆری چالاکی و هەڵسووڕانە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکانی کۆڕ و کۆمەڵانی ئازادیخواز لە تاران و ناوچەکانی دیکەی وڵات و ئاوا چەشنێک هاوهەنگاوی و کۆدەنگی لە نێوان ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا پەدی هات.

### بارودۆخی سنوورەکانی وڵات

پاش کوژرانی ئەتابەک، سەعدوددەولە کابینەی تازەی دامەزراند، بەڵام دەولەتەکەی دەوامی نەهێنا و ماوەیەک دواتر، یانی ڕۆژی ١٨ی ڕەمەزانی

١٣٢٥ی ک. کابینەیەکی تازە بە سەرۆکایەتیی ناسرولمولک پێکهات. لە ئەنجومەنی تازەی وەزیراندا کەسانێکی وەک میرزا حەسەنخانی موشیروددەولە، سەنیعوددەولە، موئتەمینوددەولە و موستەوفیولمەمالیک بەشدار بوون کە باوەڕپێکراو و جێی ڕێزی ئەندامانی پارلمان و ئازادیخوازانیش بوون، بەڵام ئەم دەولەتەش هەر شەشحەوت هەفتەیەکی خۆ بۆ ڕاگیرا.

لەو سەروبەندەدا، سپای عوسمانی دزەی کردە نێو خاکی ئازەربایجان و دەستی بە سەر بەشێک لە ناوچەکانی باکووری خۆراوا و خۆراوای ئەم هەرێمەدا گرت و لە «سەلماس»ەوە هەتا «مەراغە»ی وەبەر خۆی دا و بەرەو «تەرگەوەر» و «مەرگەوەر»یش بزووت. تورکمانەکانی دانیشتووی ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر چنگی هەڵیاندەکوتایە سەر کاروانەرێیەکانی خوراسان و دەستیان دەکرد بە تاڵانی ماڵ و سامانی خەڵک و لە ناموسیان دەرستن و خوێنی ئەو کەسانەیان دەرشت کە وەبەر گورمیان دەکەوتن. لە فارس و کرمانیش چەند جارێک ئاژاوە سەریان هەڵدابوو.

موحتەشەموسسەڵتەنە کە لە لایەن حکوومەتەوە ڕاسپێردرابوو هەتا پەیوەندی بکا بە سپاسالاری عوسمانییەوە و وای لێ بکا هەتا لە خاکی ئێران بکشێتەوە، لە کاتی دیاریکراودا نەیتوانی ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ و ماوەیەکی زۆر لە نێوان ڕێگای تاران ـ ورمێدا لەنگەری خست. واوێدەچێ کە چەند پەیامێکی نەهێنێ لە نێوان محەممەدعەلیشا و سوڵتان عەبدولحەمیدی فەرمانڕەوای عوسمانیدا ئاڵوگۆڕ کرابووبێ، چونکە دەولەت و شا هیچ هەنگاوێکی پێویستیان بۆ دەرپەراندنی هێزە دەستدرێژیکەرەکانی عوسمانی لە خاکی ئێران ئەنجام نەدا. ڕەنگە لە ڕاستیدا قوشەنی عوسمانی بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئازادیخوازان و مەشرووتەخوازان هەڵیانکوتابێتە سەر ئازەربایجان[1]، چونکە لە ئیستانبوولی پایتەختی عوسمانی، دەستەیەک لە ئازادیخوازانی تورک ڕێکخراوێکیان پێکهێنابوو بە ناوی «یەکییەتی و پێشکەوتن» و ئەمە هەمان تاقمە کە ڕێگای بۆ شۆڕشی مەشرووتە و گۆڕینی سیستمی حکوومەتی عوسمانی خۆش کرد. لە جەنگەی

---

١- کەسرەوی دەڵێ کە ئەرفەعوددەولەی باڵوێزی ئێران لە ئیستانبووڵ، هێرشی عوسمانی بۆ سەر خاکی ئێرانی بە درۆ زانیوە و بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕووسیی نووسیبوو کە ئەوەی لەم بارەیەدا دەگوترێ و دەنووسرێ، هەڵبەستراوی ئەنجومەنی تەورێزە و بڵاوی دەکاتەوە.

هێرشی هێزەکانی عوسمانی‌دا بۆ سەر ئازەربایجان. ئەندامانی کومیتەی سەرکردایەتیی «یەکییەتی و پێشکەوتن»، کە لە خاکی عوسمانی هەلاتبوون و لە پاریس دەژیان، بۆ دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران و وەکوو بە خەمەوەبوونی دراوسێیەتی، کۆمەڵێک پەیامی گەرموگوڕیان ناردن بۆ داروششوورا و ئەنجومەنی تەورێز و تەنانەت لە شەڕی خەزاکەرانی تەورێز و «خۆ»یەدا لەگەڵ هێزە گاڵدراوەکانی محەممەعەلی‌شا، چەند کەس لە ئەندامانی ڕێکخراوی «یەکییەتی و پێشکەوتن»، شانبەشانی خەزاکەرانی ئێران کەوتنە ڕیزی خەباتەوە.

کاتێک سیاسەتوانانی ئینگلیسی و ڕووسی بۆیان ڕوون بۆوە کە عوسمانی بە دنە و فیتی دەوڵەتی ئالمان پەلاماری ئێرانی داوە، لە تاران و ئیستانبوڵ کەوتنە هەڵسووڕانی سیاسی و سەرەنجام بە هەڵپێچانی دەوڵەت و سوڵتانی عوسمانی بەریان بە تێکهەڵچوونی نێوان سپای ئێران و عوسمانی گرت. وەزیری دەرەوەی ئێران بە ڕاپۆرتێک ئەندامانی پارلمانی ئاگادار کردەوە کە لە ئاکامی هەوڵ و هەڵسووڕانی وەزارەتی دەرەوە و نێوبژیوانیی ڕووس و ئینگلیس، وا بڕیار دراوە کە هێزەکانی عوسمانی لە خاکی ئێران بکشێنەوە و ناکۆکییە سنوورییەکانی دوو وڵاتەکە ئەسپاردەی دەستی لیژنەیەکی هاوبەشی ئێران و عوسمانی و ڕووس و ئینگلیس بکرێ. جارێکی دیکەش حاجی موحتەشەموسسەڵتەنە لەگەڵ شاندێک بە مەبەستی بەشداربوون لە کۆبوونەوەی لیژنەی چارەسەری ناکۆکییەکانی سنووری ڕووی کردە ئازەربایجان، بەڵام نوێنەرانی عوسمانی نەهاتن و ئەم گێرە و کێشە سیاسی و سنوورییە هەتا ساڵی ١٣٢٩ی ک/١٩١١ی ز. درێژەی کێشا و هێزەکانی عوسمانیش لە ناوچە سنوورییەکانی سەلماسەوە هەتا ساوجبلاغ (ساییەن‌قەلا)[1] بنەیان داکوتا و مانەوە.

**پیلانگێڕانی محەممەدعەلی‌شا دژی مەشرووتە**

محەممەدعەلی‌شا لە هەمبەر هێزی بەرگریی نیشتمانی و چالاکیی بێ‌پسانەوەی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان‌دا دەستەوستان ڕانەوەستابوو، بەڵکوو هەمیشە پیلانی

---

١- نووسەر لەم بەرهەمەدا چەند جارێک ئەم هەڵەیەی دووپات کردۆتەوە. ساوجبلاغ هەر «سابلاغ» واتە «مەهاباد»ی ئێستایە. ڕەنگە بۆیە وای نووسیبێ کە قەڵەمڕەوی حکوومەتی سابلاغ هەتا ساییەن‌قەلا ڕۆیشتبێ.و.

بۆ پارلمان دادەرشت و دەیهەویست کە تۆماری تەمەنی سیستمی تازەی حکوومەتی تێکەوەپێچی. شا ڕاست لەو کاتەدا کە بۆ جاری چوارەم چووبووبووە پارلمان و سوێندی خواردبوو[1] کە وەفاداری مەشرووتەیە، لەگەڵ ڕاوێژکارانی ڕووسی و مەزنانی بارگا و کۆنەپەرستانی مەلا و ئامەلادا خەریکی دارشتنی پیلانێک بوو بۆ کودەتا و تەواو پشتی بە لەشکری قەزاق بەستبوو.

بریگاد یان هەمان لەشکری قەزاق، ئەگەرچی بە بڕبڕەی پشتی سپای ئێران دادەندرا، بەڵام بە بوونی «سێرگئیی مارکۆڤیچ شاپشال»ی[2] ڕاوێژکاری سەربازی و سەرۆکی بریگاد و کۆلۆنێل «لیاخۆف»ی سەرکردە و ئەفسەری ڕووسی و ئەو دەسەڵاتانەی کە لە بواری سیاسی و سەربازی و داراییدا درابوویانە دەستی و بەو پەیوەندییە پتەو و ڕاستەوخۆیەی کە بوویان لەگەڵ ناوەندی سەرکردایەتیی هێزەکانی ڕووسیای قەیسەری لە قەفقاز، لە ڕاستیدا ئەم بریگادە بە پێشەنگی قۆشەنی ڕووسیا دادەندرا لە ئێران. ئەفسەرانی ڕووسی لەسەر کیسە و خەزێنەی دڵاوای گەلی چەوساوە و زوڵم لێکراوی ئێران بەرێدەچوون. بەڵام گوێ لە مستی ڕاستەوخۆی فەرمانەکانی محەممەدعەلیشا بوون. پادشا وا تامەزرۆ و تاسەبار بوو بە حکوومەتی ملهوڕانە و گەڕانەوەی بۆ سەر دۆخی جارانی، کە پاش وەبەرتۆپدانی [پارلمان] لە بەهارستان و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و گرتن و دوورخستنەوە و کوشت و کوشتاری دڵڕەقانەی بریگاد بە فەرمانی خۆی، دەستی کۆلۆنێل لیاخۆفی ڕێککوشی و پێیگوت: «تاج و تەختت ڕزگار کردم.»

بۆ ئەوەی کە خوێنەرانی هێژا بەرچاویان سەبارەت بە دەوری کاریگەری ئەفسەرانی ڕووسی و سیاسەتی تاوانبارانەی ڕووسیای قەیسەری ڕوون ببێتەوە لە

---

۱- دوکتور مەلیکزادە دەڵێ، وەختایەک وەبیر محەممەدعەلیشایان هێناوە کە تۆ لە پارلماندا سوێندت بە قورئان خوارد کە سەبارەت بە مەشرووتە وەفادار بی، بۆچی دەستت کرد بە کاولکردنی پارلمان؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی ئەو دەمەی کە سوێندم دەخوارد لەشم پیس بوو، کەوایە سوێندم لێ ناگەرێ و سوێندەکەشم بایی پووشێکە.

۲- ئیدوارد براون، شاپشالی بە جوولەکە داناوە، بەڵام م. پاولۆڤیچ لە کتێبی «شۆڕشی مەشرووتەی ئێران»دا بە خەڵکی ڕووسیای داناوە و گوتوویەتی لە تۆرەمەی «قەرایی»یە و خوێندنی لە کۆلێژی ڕۆژهەڵاتی پێترێزبوورگ تەواو کردووە و بۆتە مامۆستا و ڕاهێنەری محەممەدعەلیشا لەو قۆناخەدا کە وەک جێگرەوەی میر دیاری کراوە.

جەنگەی دەمکوتی هێزە نیشتمانی و ئازادیخوازەکاندا. لێرە دەقی تەواوی ئەو ڕاپۆرتە نهێنییەی کۆلۆنێل لیاخۆفی سەرکردەی ڕووسی بڵاو دەکەینەوە کە ڕۆژی ٣١ی مارسی ١٩٠٨ بۆ ناوەندی سەرکردایەتیی هێزەکانی قەفقازی نووسیوە. ئێمە ئەم دەقە لە ڕووی کتێبی «شۆڕشی مەشرووتەی ئێران» بە قەڵەمی «م.پاولۆڤیچ»ەوە رادەگوێزین. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە نووسەری ڕووس ئەم بەڵگەنامانەی لەو کتێبە وەرگرتوون کە پرۆفسۆر «ئێدوارد براون»ی ئینگلیسی بۆ یەکەمجار نووسیویەتی و بە ناوی «ئەرک و بەرپرسایەتیی دەوڵەتی ڕووسیا لە هەرا و ئاژاوەکانی ئێران»دا بڵاوی کردۆتەوە. ئێستاش دەقی ڕاپۆرتەکە:

«ژەنەراڵی پایەبەرز! ئەم گەڵاڵەیەی کە من و وەرگێری یەکەمی باڵوێزخانە نووسیبوومان، پاش ئاڵوگۆری چەند تەلگرافێک لەگەڵ پیتریزبوورگ، تەنیا کەمێکی دەستێوەردرا و دەکرێ بڵێم بەبێ دەربڕینی هیچ ناڕەزامەندییەک پەسند کرا. خودی محەممەدعەلیشا وەکوو کەسێکی ئێرانی لە شەڕ و تێکهەڵچوون دەترسا و زۆری دڵاودڵ دەکرد و ڕێگای سووک و هاسانتری دەخستەڕوو؛ هەر بۆیە بەناچار ڕوومان کردە کۆمەڵێک هۆکاری یەکلاکەرەوە.»

«گوتمان کە لە هەلومەرجی ئێستادا گەڵاڵەکەی ئێمە باشترین گەڵاڵەیە بۆ بەڕێوەچوون و دەبێ بزانن کە حکوومەتی ڕووسیاش پەسندی کردووە. ئەگەر بێتوو شا بەم گەڵاڵەیە ڕازی نەبێ، تازە دەوڵەتی ڕووسیا بۆ یاریدەدانی پادشا هیچ شتێکی دیکە ناخاتە ئەستۆی خۆی و بەرپرسیار نابێ سەبارەت بە ڕووداوەکانی پێشوو. ئەم شێوە ئاخاوتنە کاری خۆی کرد و پادشا لەڕێوە ڕەزامەندیی دەربڕی و بۆ بەڕێوەچوونی گەڵاڵەکە بە لێبڕاوی بەڵێنی دا و خاڵەکانی بریتین لە:

١- باڵوێزخانە[1] و شا تێدەکۆشن هەتا ئەندامانی پایەبەرزی پارلمان بە پارە و بەڵێن بکڕن و بیخەنە سەر شانیان هەتا لە دوا کۆبوونەوەکانی پارلماندا بەگوێرەی فەرمان بجووڵێنەوە.

٢- هەتا ڕەخسانی هەلی تەواو، نابێ ڕواڵەتی دۆستایەتی لەگەڵ پارلمان تێکبدرێ و دەبێ بە جۆرێک بجووڵێنەوە کە وا بزانن لایەنەکان تێدەکۆشن بارەکە بەرەو چاکسازی بروا؛ بۆ ئەم مەبەستەش درێژە بە گوفتوگۆ و باسەکانی نێو پارلمان دەدرێ.

---

١- باڵوێزخانەی ڕووس.

٣- بە دانی بەرتیل یان بە شێوەی دیکە هەوڵ دەدرێ کە چەکدارانی مزگەوتان یان پارلمان یا ئەنجومەن بۆ لای [حکوومەت] رابکێشرێن.

٤- سەرۆکی ئەنجومەنی شارە گەورەکان دەبێ بەرتیلیان بدرێتێ هەتا لە رۆژێکی دیاریکراودا نەهێڵن ئەندامانی ئەنجومەن لە جێی خۆیان بیزوون و وەدەرکەون.

٥- رۆژێک بەرلە کاتی دیاریکراو یان زووتر پێویستە کە تاقمێک قەززاق بە جلوبەرگی گۆڕدراو بنێردرێنە پارلمان یان مزگەوتی سپاسالار. ئەمانە دەبێ بە تەقەی هەوایی بیانوو ساز بکەن بۆ تۆپباران و دەبێ سەری پاسەوانەکانی وێندەرێ تێدابەرن.

٦- رێوشوێنی پێویست وەبەرچاو دەگیرێ هەتا نارەزامەندان، نەتوانن بۆ مانگرتن پەنا بەرنە باڵوێزخانەی وڵاتانی بێگانە، بەتایبەت بۆ باڵوێزخانەی ئینگلیس.

٧- دوای ئامادەبوونێکی تەواو، بریکاری قەززاق لە رۆژی دیاریکراودا پارلمان و ئەنجومەن گەمارۆ دەدا و دەست دەکا بە تۆپباران و پاسەوانەکان پرش‌وبڵاو دەکەن.

٨- دوای تۆپبارانەکە، ماڵی مەشرووتەخوازان و نوێنەرانی پارلمان لە لایەن خەڵک و سەربازانەوە تاڵان دەکرێن.

٩- سەردەستەکانی مەشرووتەخوازان و نوێنەران و لایەنگرانی پارلمان دەگیرێن و بەپێی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتیی هەرکامەیان، ژمارەیەکیان ئیعدام دەکرێن و تاقمێکیان دەنێردرێنە تاراوگە.

١٠- بە مەبەستی سوکنایی هاتنی بیرورای گشتی و قنیات پێهێنانی وڵاتانی دەرەوە، فەرمانێک سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرلەنوێی پارلمان بڵاو دەکرێتەوە.

محەممەدعەلی‌شا رەزامەندیی لەسەر ئەم کارە دەربڕی و داوای کرد هەتا سەربازانی ئێرانیش بەشداری هەڵمەتەکە بن. بەڵام من بەراشکاوی گوتم نابێ. خۆنواندنی بریگاد و وەدەست هێنانی پلە و پێگەیەکی کاریگەر بۆ بەرپرەکانی لەگەڵ خەیانەتی دەوڵەتەکانی داهاتووی ئێران و ئامانجەکانی دوارۆژ لە باشترین هەلی رەخساودا، پێویستە.

«باڵوێزی بەڕێز لەبەر دەربڕینی نارەزامەندیی وڵاتانی دیکە رازی نەبوو کە من بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری تۆپبارانەکە بم. من لەسەر فەرمانی ژەنەراڵی

پایەبەرز و لەبەروەی کە دەزانم ئەفسەرانی ئێرانی هەر چەندەش وەفاداری ڕووسیا بن، دیسانیش هەر ئێرانین و ڕەنگە لە کات و ساتێکی بارناسکدا قەلێکیان لە داوێنی هەڵفڕێ. پێم لەسەر بەشداربوونی ڕاستەوخۆم داگرت.

«ژەنەرالی پایەبەرز دەبێ بیبوورن [کە زۆرم قەراخ لێ کێشا]. بەڵام دڵنیا بن ئەو بریگادەی کەوا خراوەتە بەردەستی من، هەم لە نێو ئەفسەران و هەم لە نێو سەربازەکاندا، ئەوپەری ڕێکوپێکی و وەفاداری زاڵە بە سەریاندا. ئەگەر بێتوو کەند و کۆسپێکی چاوەڕواننەکراو نەیەتە پێش، دەتوانم خۆم دەستەبەرم کە هەڵمەتەکە سەرکەوتوو دەبێ. چاوەڕوانی فەرمانی ئێوەی پایەبەرزم. *کۆلۆنێل لیاخۆف، ٣١ی مارسی ١٩٠٨، تاران.*»

بەم شێوەیە پیلان دژی مەشرووتە داڕێژرا. بەڵام وەکوو دیارە نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان و دەستەیەک لە نوێنەرانی بەرچاوڕوونی پارلمانی نیشتمانی لە چەند مانگێک زووترەوە هەستیان پێکردبوو کە محەممەدعەلی‌شا و حکوومەتی پاوانخوازی پادشایەتی خەریکی نواندنی زەبروزەنگ و داڕشتنی پیلانە دژی ئازادی، هەر بۆیە لە دوو شاری قارەمانی تەوریز و ڕەشت لاوان و پیاوان و ژنان شانبەشانی یەکتر سەرقاڵی مەشقی سەربازی و فێربوونی کارپێکرانی چەک بوون و خۆیان بۆ گیانبازی لەپێناو ئامانجی پیرۆزی نیشتمانی‌دا ئامادە دەکرد.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی لیاخۆف و ئەو کۆمەڵە ڕاپۆرتانەی دیکەی کە ناردوونی بۆ ناوەندی سەرکردایەتیی هێزەکانی ڕووسیای قەیسەری، کاتێک دەنووسی «محەممەدعەلی‌شا وەکوو کەسێکی ئێرانی لە شەڕ و تێکهەڵچوون دەترسا»، دەردەکەوێ کە شای ئێران لە ڕاستی‌دا بۆتە گۆپالی دەستی دەوڵەتی زاڵمی ڕووسیای قەیسەری و ڕێکخۆشکەری ئامانج و مەبەستە چەپەڵەکانی. پادشای ئێران لە تەواوی هەڵمەت و دەستبڕاوتنی تاوانبارانەی هێزی قەززاق و سەرکردەکانی‌دا، دەوری پلە دووهەمی گێڕاوە و تەنیا گوێی بۆ فەرمانەکانی خودانی خۆی، واتە ئیمپراتۆری خۆرکڵاوی ڕووسیا کلۆر کردووە و شوێنی هەڵگرتوون.

گەڵاڵەی گەف و چاوسوورکردنەوەی هێزەکانی داپڵۆسێنەری حکوومەتی لە هەمبەر خەباتکارانی ڕێگای ئازادی‌دا بە شارەزایی داڕێژرابوو. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. مانگی نێوجێژنانی ١٣٢٥ی ک. پارلمان داوای لە شا کرد ئەمیر بەهادور و

سەعدوددەولە لەسەر کار لابەرێ. لە وەڵامی ئەم پێشنیارەدا هێزەکانی حکوومەتی پاوانخواز پاش چەند ڕۆژێک لە تاران زەبروزەنگیان نواند و توانییان یەکێک لە دزێوترین و پڕ شووورەییترین دیمەنەکانی سەرکوتی شۆڕشی ئێران بەدی بێنن. ئێستا با بڕوانینە گێڕانەوەی ڕووداوەکە لە زمان دوکتۆر مەلیکزادەوە:

«... بەڵام کارگێرانی حکوومەتی ملهوڕ بەوپەڕی لێهاتووییەوە خەریکی دارشتنی گەڵاڵەی تەفروتونا کردنی [سیستمی] مەشرووتە بوون. [حکوومەتی پادشایەتی] هاتبوو هێزێکی گەورە و گرانی پێکهێنابوو کە بریتی بوو لە: کۆمەڵێکی بەرچاو مەلا، فەقێ، شازادە، پیاوماقووڵ، سەرۆکخێڵ، کەیخودا، سەربزێوانی گەڕەکەکانی شاران، درۆشکەچی، لات و شەلات، شێخ مەحموودی وەرامینی و پیاوەکانی - کە هەشتسەت کەسێک دەبوون - بەشێک لە خێڵاتی دەوروبەری تاران، کۆمەڵێک لک و پەلی سەربازان، پلەدارانی سەیدەکانی شیرازی، قەززاقخانە و چەندی دیکەی ئاوا. ئەم قۆشەنە بەرچاوە لەناکاو مەیدانی تۆپخانەی جەرگەی پایتەخت و شەقامە گەورەکانی کەرانکەریان گرت و خێوەتیان لێ هەڵدان و مەنجەڵی زنجیرداری پلاویان وەسەر ئاور نان و هەرای ئەو هەزاران کەسەی کە دیار بوو کێ ئاوای دەنگ دایەوە: هاوار بۆ دینەکەمان! هاوار بۆ [دینی] محەممەد! بابە ئێمە مەشرووتەمان ناوێ! ئێمە دینی محەممەدمان دەوێ! زۆربەی ئەم کەسانە یان دەتوانم بڵێم هەموویان چەکدار بوون و چەند تۆپێکیشیان خرابوویە بەردەستی و بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە وتاریان دەدا، دەچوون لەسەر تۆپەکان دەچەقین و خەڵکیان دژی مەشرووتە هان دەدا. مەلا خۆدبەسەرەکان، سیستمی مەشرووتەیان بە دینی «مەزدەک» دادەنا و بە مەشرووتەخوازانیان دەگوت «بابی» و ڕشتنی خوێن و تاڵانی ماڵی ئەوانیان بۆ مسوڵمانان بە حەڵاڵ دەزانی و فتوایان لەسەر دا. شار هەمووی خەریک بوو دادەخرا و تەواوی دووکانەکان گاڵە درابوون. چەند هەزار لاتەوپاتە و چەقۆکێش دەستیان کرد بە تاڵان و کوشتار و بریندار کردنی خەڵکی بێتاوان.»

«دەستیان بە هەر کەس ڕادەگەیشت لە پێشدا ڕووتیان دەکرد و پاشان دەیانکوشت یان لانیکەم برینداریان دەکرد. بێبەزەیی و دڵڕەقی وای پەرە گرت کە لە جەنگەی کوشتنی لاوێکی بێتاواندا بە ناوی «عینایەت»، هێشتا گیانی

دەرنەچووبوو کە چاویان لە قاپیلکان دەرهێنا و تەرمی بێتاوانیان بە دارێکی مەیدانەکەوە هەڵواسی.»

ئیدوارد براون دوو نامەی وەکوو دوو بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو سەبارەت بە ڕووداوی مەیدانی تۆپخانە لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە و چونکە هەڵگری کۆمەڵێک خاڵی گرینگ و جێگای سەرنجن سەبارەت بە مێژووی شۆڕشی گەورەی ئێران، نووسینەوەیان لێرەدا بە پێویست دەزانین.

براون یەکەمین بەڵگەی لە ژێر سەردێری «گەفنامە»دا بڵاو کردۆتەوە و پێی وایە کە دەبێ کاری یەکێک لە ئەنجومەنەکانی نیشتمانی و ئازادیخوازان بێ و ئاوا نووسراوە:

«وادیارە شاهانشای خاوەنشکۆ لە بیری چۆتەوە کە تەنیا بە دوو تەلگراف لە دوو هێلانەوە بانگکراوەتەوە پایتەخت و ئاوا دەستی گەیوەتە تەختی دەسەڵات. دەبێ بزانێ کە بە تاج و کڵاوی میرانەوە لە داوێنی مەلەکە خاتوونی دایکی بەرنەبۆتەوە و قەواڵەی یەکسەر بە پادشابوونی لە ئاسمان و خودای جیهانەوە بۆ نەهاتووە و نەدراوەتە دەستی. قسەی تێدا نییە ئەگەر تاوێک لە بیران ڕۆچووبا و لێکیدابایەوە کە ئەم پادشایەتییە بە ڕووتێکردن و ڕووەرگێڕانی گەلەوە بەتەدە و ئەوانەی بردوویانەتە ئەم جێگا بەرزە و کردوویانەتە شا، دەتوانن لاشیبەرن و یەکێکی دیکەی لە جێی دابنێن. هەرگیز لە ڕێی ڕاست و دادپەروەری و وەبەرچاو گرتنی پێویستییەکانی پادشایەتیی مەشرووتە تلاسا نەدەبوو؛ یان ڕەنگە لایەکی وای لەو مەبەستانەی سەرەوە نەکردبێتەوە و وێدەچێ هەتا ئێستاش پشتئەستوور بێ بە هەڵەی خەڵک کە ئەوەندە لەگەڵ مافی خۆیان ئاشنا نین و نازانن دەتوانن ئەم پادشایە لابەرن و یەکێکی دیکەی لە شوێنی دابنێن.»

«ئێمەی خێرخوای ئەم گەل و پادشایەتییە و پاسەوانی پلەی دین و دەوڵەت و پشتیوانی تاج و تەختی پادشایەتی، بەوپەڕی ڕێزەوە دوا قسەت لەگەڵ دەبڕینەوە و بەم شێوەیە ئێمە و گەل و ڕێکخراوەکەمان هیچ بەرپرسایەتییەکمان لەسەر شانی نامێنێ.»

بەڵگەنامەی دووهەم کە براون داویەتە پاڵ شاپشاڵی ڕووسی، سەبارەتە بە چۆنیەتیی دابینکردنی پووڵ کە بۆ دانی مزە و دەسخۆشانەی چەپەڵکارانی

«رووداوی [مەیدانی] تۆپخانە» نووسراوە و بڕاون کەلکی لە دەقی ئەو نامەیە وەرگرتووە و ئاوای نووسیوە:

«لیستەی ئەو شتانەی کە وەکوو بارمتە شاپشاڵخان لە لایەن خاوەنشکۆوە بردوویەتی بۆ بانکی ئیستقرازیی رووسی لە تاران و بری شێستهەزار تمەنیان وام پێوەرگرتووە هەتا بکرێتە خەرجی نان و خوان و خۆشاو و تێچووی دیکەی وەکوو هەقدەستی لات و شەلاتان و دابەشین لە نێو چەند حوجحەتولئیسلامێکی لە خودا بێخەبەردا و بۆ خاپووراندنی پارلمانی پیرۆزی نیشتمانی خەرج کراوە. بریتین لە:

| | |
|---|---|
| ١- کۆمەڵێک میدالیا و وێنەکانی خودی خاوەنشکۆ.[بایی] | ۵۰۰۰ تمەن |
| ٢- زێر و زەمبەری مەلەکەی پایەبەرزی ئێران، [بایی] | ۲۰۰۰۰ " |
| ٣- سێ تەسبیحی مرواری ـ کە لە ژێر دەستی خەزنەداری تایبەت واتە عەدلوسسەڵتەنەدا بوون، [بایی] | ۲۰۲۰۰ " |
| ٤- سێ یان چوار پارچە گەوهەری دیکە، [بایی] | ۱۵۰۰۰ " |
| سەرجەم | ٦٠٢٠٠ تمەن |

«ئێوەش دەبێ بزانن کە دوای لێدانی چەند تەلگرافێکی کەوا دەدوازدە ڕۆژێکی کێشا، دیسانیش هەر تووشی بێئابروویی و بە باچوونی حەیا و شەرەفی ئێران بووین لە پێش چاوی بەرپرسی بانک و باڵوێزی رووسیا. ڕووسەکان دوای هێنانەوەی هەزار شێروورێویی بێتام لە لایەن پادشایەتیی پێنجهەزار ساڵەی ئێرانەوە، داواکەیان لێ سەلماندووین و تەنانەت کەوای بەری دایکەشای ئێرانیشیان بە بارمتە وەرگرتووە، جا ئەو دەمی حازر بوون کە بری پارە باسکراوەکە بدەن بە خاوەنشکۆ محەممەدعەلیشا.»

هەڵسووڕداسوورانی پادشا، بە لێبران و هێزی بڕوامەندانەی خەزاکەرانی سەر لەپێناو، تێکشکا و چەند جارێک هێزی قەززاق هەتا نێزیک بەهارستان ڕامالیان برد، بەلام تووشی بەرەنگاربوونەوەی پیاوانە و دلێرانەی خۆبەختکەران بوونەوە کە لە بەهارستان و مزگەوتی سپاساڵار و سەربانی خانووبەرەکانی دەورەی مەیدان دامەزرابوون و پاشەکشەیان پێکرا. لە لایەکی دیکەوە هەر کە هەواڵی پیلانی شا دژی سیستمی تازەی حکوومەتی بە شار و ناوچەکانی وڵاتدا بلاوبۆوە، کۆمەڵێک تەلگراف و نامەی پڕ هەڕەشەی نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان بەرەو تاران لووزەویان بەست و تەوریزی قارەمانی ئازادی گەفی لە شا کرد ئەگەر مەترسییەک

ساز بکا بۆ سەر حکوومەتی مەشرووتە و پارلمان و بەر بە لات و شەلاتان نەگری، هەزاران خەباتکاری گیان لەسەردەست دەنێری بۆ پایتەخت هەتا خوێنی خۆیان بکەنە بەختی ئازادی و حکوومەتی نوێ.

خۆ پەیتکردنی ئازادیخوازان و خەباتگێرانی تارانی و شارەکانی دیکەی وڵات بۆ بەرەنگاری و نووسرانی کۆمەڵێک وتاری توند و ئاگرینی ڕۆژنامەکانی نێوخۆ و گەلێک وتاری پڕ لە ڕەخنەی ڕۆژنامەکانی دەرەوە و ڕەنگدانەوەی پیلانی دڵنەخوازی شا لە کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆژنامەوانیی ئورووپادا و ناکامی و تێماویی کۆبۆبوونەوەکەی مەیدانی تۆپخانە. فتوای سێ کەلەمەلای مەجتەهیدی شیعەی دانیشتووی نەجەف کە دەیانگوت دەبێ لایەنگری لە مەشرووتە بکرێ، شای لە پەیکەردەی کەڵاڵەکەی خۆی پەشیمان کردەوە و ئەم ڕووداوە بە قازانجی ئازادیخوازان و بە زەرەد و بێئابڕووبوونی پیاوانی حکوومەتی ملهوڕانە برایەوە. ئەوەی ڕاستی بێ شا لەم ئەزموونەیدا تێشکابوو.

شا بە مەبەستی ئاشتی و سازان لەگەڵ نەتەوەپەرەوەران، عەزۆدۆلمولکی سەرۆکی خێڵی قاجار و یەکێک لە کۆنەسالانی خانەدانی پادشایەتیی کردە کەیخودا و نێوبژیوان و ڕۆژی ١٤ی مانگی سەولوودی ساڵی ١٣٢٦ی ک، کۆبوونەوەیەکی شکۆمەند بە بەشداربوونی وەزیران، مەزنانی بارگا، نوێنەرانی پارلمان، نەتەوەپەرەوەران، ئازادیخوازان، سەرۆکانی ئەنجومەنە نیشتمانییەکان، بەرپرسانی ڕۆژنامەکان و کۆمەڵێکی ئاوا لە دیوەخانی عەزۆدۆلمولک پێکهات و مەلیکولموتەکەللیمین وتارێکی ئاگرینی دا و لە کۆتاییی وتارەکەیدا بە مەبەستی پێکەوە هۆگربوونی پارلمان و شا داوای لە محەممەدعەلیشا کرد کە پێویستە تاقمێک لەو کەسانە دوور بخاتەوە و بیانێرێ بۆ تاراوگە کە خەڵک ناخۆشی دەوێن و بێزراون و بریتین لە:

ئەمیر بەهادوری جەنگ، موختاروددەولە، مەجدوددەولە، مەفاخیرولمولک، شاپشالی ڕووسی، مووەققەروسسەڵتەنە، موجەللەلوسسەڵتەنە و ئەمینولمولک.

کاتێک عەزۆدۆلمولک ئەم پەیامەی برد بۆ شا، ڕاست لەو کاتەدا کە خەڵک بە بۆنەی سەرکەوتنی خۆیان کردبوویانە جێژن و بازار و تەنانەت هەموو ئیدارەکانی دەوڵەتی داخرابوون. محەممەعەلیشا لە بیری ڕێخۆشکردندا بوو بۆ کۆدەتایەک کە دەبوو چارەنووسی دیاری بکا. شا بەڕواڵەت پێشنیارەکەی جەماوەری قبووڵ

کرد و لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەرا ڕایگەیاند کە ئەوانەی باسیان کراوە نێردراون بۆ تاراوگە. بەڵام دواتر ڕوون بۆوە کە ئەمیر بەهادوری جەنگ پەنای بردۆتە بەر باڵوێزخانەی ڕووسیا و ئەوانی دیکەش هەروا سەرقاڵی دارشتنی پیلان بوون دژی گۆرانخوازان.

لە دامێن و برانەوەی ئەم باسەدا بە پێویستی دەزانم کە جارێکی تر بەشێک لەو نووسراوەی ئیدوارد براون کە بە بۆنەی ئەم ڕووداوە دیرۆکییەوە هێناویەتی و نیشانە و ڕەنگدانەوەی سرشتی نەجیبانە و وەرەبەرزی و جوامێریی گەلی ئێرانە، لێرەدا بگێڕمەوە کە دەنووسێ:

«پێویستە کە من بە شێوەیەکی دیکە لە چوارچێوەی قەیرانەکە دەرباز بم و لا لە مەبەستێکی تر بکەمەوە. لە تەواوی باکووری ئێراندا کە شا و خەلکەکەی بەئاشکرا کەوتبوونە شەڕ و بەرەنگاری و بەکردەوە پایتەخت ببوو بە دوو باڵ، کەس دەستی بۆ سەر کەسێکی ئوورووپایی درێژ نەکرد. ئەمە کارێکی بەهەلکەوت و ڕێکەوت نەبوو. بەڵکوو ئازادیخوازان لیبرابوون کە ئابێ کارێکی وا بکەن ڕێ بۆ دەستێوەردانی ئەوان[1] تەخت بکرێ. ئەمەیە وڵاتی خورهەڵاتی و نیشتمانی ئیسلامی، وڵاتێکی ناشارستانی. داخوا ئوورووپا دەتوانێ نموونەیەکی دانبەخۆداگرتنی ئاوا [لە جەغزی خۆیدا] بەدی بێنێ؟»

**باغیشا و بەهارستان**

چارەنووس وا بوو کە باغیشا، وەکوو لە ناوەکەیەوە دیارە، بکرێتە ناوەندی سەرکردایەتیی هێزەکانی حکوومەتی پاوانخوازی سەرەڕۆ و بەهارستان کە بەهاری ئازادیی گەلی ئێران لەوێدا چرۆی دابوو، بکرێتە مەکۆی پارێزەران و خەباتکارانی گیانباز و بڕواداری ڕێگای ئازادی و سەربەستیی نەتەوەیی و خوێنی پاکی گیانبازان لە حەوشە و ژووری بەهارستان بڕژێ و داری ئازادی بدێرێ. چارەنووس وا بوو کە هێزی حکوومەتی سەرەڕۆ دوایین پەلەقاژەی خۆی بکا. هەتا خەڵکی جیهان چاویان بە کۆمەڵێک دیمەنی پڕ گوڕ و تین و شکۆمەندی بەرخۆدان و گیانفیدابوونی گەلی ئێران بکەوێ و مستێکی پۆڵایین لە دەمی ئەو

---

۱- ئوورووپاییەکان

کەسانەش بدرێ کە سەرهەڵدانی حکوومەتی مەشرووتە و ئازادیی ئێرانیان بە دەسکردی سیاسەتی تاوانبارانەی بریتانیا دادەنا.

بەرەبەیانی ڕۆژێکی سەرەتای هاوینی ١٢٨٧ی هەتاوی/ ژووەنی ١٩٠٨ی زایینی، محەممەدعەلیشا دوای ڕاوێژ لەگەڵ ڕاوێژکارە ڕووسییەکانی خۆی، یانی شاپشاڵ و لیاخۆف، وێڕای ئەم دوو کەسە و پاسەوانانی تایبەتی میری لە کۆشکی شار هاتەدەر و بەرەو باغیشا وەڕێکەوت. هەر لەو کاتەدا بە مەبەستی فریودان و بە لاڕێدا بردنی خەڵک و خافڵاندیان، دەستووری دا هەتا هێزەکانی قەززاق و دەستەی تۆپچییەکانی بەر دەمی بەهارستان بکەونە ڕاوێچکە و خۆنواندن. چەند ڕۆژێک بەرلەوەی کە محەممەدعەلیشا بچێتە باغیشا، لە تەورێز، لە نێوان زۆرەملان و لایەنگرانی حکوومەتی سەرەڕۆی شایەتی و ئازادیخوازاندا ببوو بە کێشە و هەرا و هەردک لا خەریکی جێدابەستن و خۆ تەیار کردن بوون.

تۆپخانەی حکوومەتی لە باغیشا دامەزرابوو بەرەو بەهارستان و هێزی پاسەوانانی تایبەتی میریش لە ژێر سەرکردایەتیی لیاخۆفدا، ئامادە و گوێقوڵاغی فەرمانی شا بوون. نیزیکەی شەشسەت خەزاکەری چەکدار و تاقمێک خەڵکی تەیار بە چەکی ساردی وەکوو شیر و کەتارە و خەنجەر و چیوچی دیکە لە دەوروبەری بەهارستان و مزگەوتی سپاسالار و یەکێک لە بیناکانی دەوری مەیدانی بەهارستان کێشکیان دەکێشا و هەموو چاوەڕوانی هێرشی قەززاقان و هێزەکانی حکوومەتی بوون و لەو باغ و کۆشکەلەدا بنەیان داکوتابوو کە ئەو کاتە ملکی زیللوسسولتان بوو.

هێزی پارێزەری ئازادی لەچاو سپای قەززاق و تۆپخانەی میری زۆر کەم و ناچیز دەهاتە بەرچاو، بەتایبەت کە تەواوی خەزاکەران شارەزا و شەردیدە نەبوون و تەنیا چەند کەس لە ئەفسەرانی پێشووی قەززاقخانە، وەکوو ئەبولفەتحزادە کە چووبوونە یاریدەی خەزاکەران، لە شێوەی شەریان دەزانی. هەروەها «میرزا سالەخانی وەزیر ئەکرەم»ی حوکمداری پێشووی تاران کە محەممەدعەلیشا لێی خستبوو، لەگەڵ نۆکەران و تفەنگدارانی چووبوویە پاڵ خەزاکەرانەوە. خەزاکەران هەموو ڕۆژێک تا شەودرەنگانێک لە سەنگەرەکانی خۆیاندا دەمانەوە و دواتر بەرەومال دەبوونەوە و تەنیا حەفتا کەسیان بۆ کێشک‌کێشان هەتا بەیانی لە بەهارستان و مەتەرێزەکانی دەوروبەری دەمانەوە.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممۆی ۲۱ی جەمادی یەکەمی ساڵی ۱۳۲٦دا، وەزیرەکان چوونە پارلمان و بە بیانووی نەمانی ناکۆکی و کێشەی نێوان دەوڵەت و گەل، لە لایەن محەممەدعەلیشاوە سێ بابەتیان وروووژاند:

۱- دەسەڵاتەکانی شا وەکوو دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ئاڵمان وابێ، یانی حکوومەت و وەزیرەکان دەبێ تەنیا وەڵامدەرەوەی پادشا بن و نابێ پارلمان مافی پشکنینی کارەکان و چاوەدێری و دانان و لابردنیانی هەبێ.

۲- دەبێ شا مافی ئەوەی هەبێ کە هەمیشە دەهەزار سەربازی چەکداری لە تاران بە دەستەوە بێ.

۳- دەبێ شا دەسەڵاتی تەواوی هەبێ لە کاروباری قۆشەندا و تەنیا خۆی وەزیری بەرگری هەڵبژێری و ئەویش هەر تەنیا وەڵامدەرەوەی پادشا بێ و خۆی هیچ دەسەڵاتێکی نەبێ.

ئەگەرچی زۆربەی نوێنەرانی پارلمان لەگەڵ بارگای میری و پادشا بە خۆفرۆشی تێوەگلابوون و پێیانخۆش بوو کە ڕەزامەندیی پادشا دابین بکەن و بۆی بکەونە چەقلەسەما، بەڵام خۆیان لە بەر شەپۆلی بیروڕای گشتیی ئازادیخوازانی سەر لەپێناو بۆ ڕانەدەگیرا و نەیاندەتوانی ئەو سێ خاڵەی پادشا کە دەبوو بە پێشێل کردنی یاسای بنەڕەتی و تێدابردنی مەشرووتە و حکوومەتی نیشتمانی، قبووڵی بکەن. جا هەر بۆیە پارلمان بەراشکاوی داواکانی محەممەدعەلیشای ڕەت کردەوە و وەزیرانی سەرووەشکێنکراو گەڕانەوە بارگا و لەو ڕۆژەوە بە یەکجاری پەیوەندی لە نێوان شا و پارلمان و گەلدا نەما و ئەو کارە قەوما کە لە دێرزەمانەوە شای خەیانەتکار و کۆشکی دەسەڵاتی رووسیا هەڵیان بۆ ڕەخساندبوو.»[1]

ڕۆژی سێشەممۆ دووهەمی پووشپەڕی ساڵی ۱۲۸۷ی هـ/۱۹۰۸ی ز، کە لە مێژووی شۆڕشی مەزنی ئێراندا بە خوێنی شەهیدانی گومناوی ڕێگای ئازادی تۆمار کراوە، محەممەدعەلیشا دوای ڕاوێژ لەگەڵ لیاخۆف، فەرمانی بە میرپێنجە[2]

---

۱- مێژووی مەشرووتەی ئێران، دوکتۆر مەهدی مەلیکزادە، بەرگی چوارەم، ل ٤١-٤٢.

۲- کەسرەوی لە مێژووی مەشرووتەدا دەنووسێ میرپێنجە عەلیئاغا هەر ئەو کەسەیە کە زۆر دواتر لە سپای ئێراندا بە ناوی سەرلەشکر (ژەنەڕاڵ) نەقدی ناسرا. نەقدی دوو برای بووە و ئەوانیش هەر ئەفسەری هێزی قەززاق بوون. قاسمئاغای برای بەشداری شەڕ و←

عەلی‌ئاغادا کە ١٢٠ سەربازی قەززاق لەگەڵ خۆی بەرێ و دەست بە سەر مەدرەسەی سپاسالاردا بگرێ و پاشان چەکدارەکانی لە گەرانگەری پارلمان و مەیدانی بەهارستان بینە پۆلپۆل و نەهێڵن خەلک کۆمەڵە ببەستێ. عەلی‌ئاغا مەدرەسەی سپاسالاری گرت، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە دەستەیەک لە ئازادیخوازان و خەزاکەران هەر لەوێ لێیان وەدەست هاتن و هەی‌دێیان لە خۆی و سەربازانی کرد و چونکە فەرمانی تەقەی پێ نەبوو، خۆی بۆ ڕانەگیرا و سەربازەکانی لە دەرەوەی مەدرەسە ڕیزیان بەست.

کاتێک لیاخۆف بە ڕووداوی مەدرەسەی سپاسالاری زانی، چەند دەستە و پەلێکی دیکەی قەززاقی ناردن بۆ دەوری پارلمان کە بریتی بوون لە ٢٥٠ پیادە و چوار تۆپ. ئەم هێزە نیزیکەی حەوتی بەیانی گەیشتە بەهارستان. ماوەیەک دواتر لیاخۆف ویڕای شەش کەس لە ئەفسەرانی بەردەستی خۆی چووە بەهارستان و جێگە و شوێنی دامەزرانی هێزەکانی حکوومەتی بە سەر کردەوە و دەستووری دا کە ڕووی هەر چوار تۆپەکان لە لای شەقامی «شائاباد» و شەقامی «بەهارستان»ەوە بەرەو لای پارلمان وەرسووڕێنن. لە لایەکەوە هەر دەهات و هێزەکانی قەززاق زیادیان دەکرد و لە لایەکی دیکەوە خەباتکاران و بازارییان و جەماوەری دیکە بەهەشتاو بەرەو بەهارستان و پارلمان دەچوون و بەرەبەرە پتر دەبوون. ئەم بارودۆخە هەتا ئەو دەمە درێژەی کێشا کە هێزەکانی قەززاق بوونە بەرگێڕەوەی خەلک بۆ چوونە مەیدانی بەهارستان و تەنانەت وای لێهات کە نەیانهێشت نوێنەرانی پارلمان وەدەرکەون و وردەوردە وایان بەرەگەی هاتوچۆ تەنی کە نەیاندەهێشت هیچکەس بچێتە نێو پارلمانەوە. جگە لە لق و دەستە و پەلەکانی سەربازانی قەززاق کە نیزیک دووهەزار چەکدارێک دەبوون، سەربازانی «سیلاخوری»ش[1] لە دەوروبەری مزگەوتی سپاسالار و بینای بەهارستان بۆ تێکهەڵچوون ئامادە ببوون.

---

تێکهەڵچوونەکان بووە لەگەڵ خەزاکەران و دواتر لە قەزوێن بە دەست ئازادیخوازان دەکوژرێ. ئەوی دیکەیان کازمئاغا بوو کە لە «باسمنج»ی ئازەربایجان کوژرا.

١- هەرێمی برووجێرد لەو سەردەمەدا بە سەر دوو ناوچەی سیلاخوری سەرێ و سیلاخوری خوارێ دابەش کرابوو. ئەم هێزانە لەو شوێنەوە هێندرابوون.و.

بەپێی نووسینی کەسرەوی و چەند کەسی دیکە لە نووسەرانی مێژووی مەشرووتە، لەو ڕۆژەدا زۆر کەس نەچوویوونە پارلمان، بۆ وێنە تەقی‌زادە کە ڕۆژ و شەوی پێش ڕووداوەکە بە پێداگری داوای کردبوو هەتا نوێنەران خۆیان وەپاش نەدەن و بچنە کۆبوونەوەی پارلمان، لە ماڵی خۆی وەدەرنەکەوت و کاتێک بینای پارلمان و مزگەوتی سپاسالار وەبەر تۆپی قەززاقان درا، بە سواری درۆشکەیەک کە دوو کەسی هیندی وێڕای بوون، لە ماڵەکەی خۆیڕا کە کەوتبوویە پشتەوەی مزگەوتی سپاسالار، چووبوویە باڵوێزخانەی ئینگلیس. وەک کەسرەوی دەڵێ بێهبەهانی، تەباتەبایی، حاجی ئیمامجومعەی خۆیی، حاجی میرزا برایمئاغا، موستەشاروددەولە، مومتازوددەولە، میرزا محەممەدسادق تەباتەبایی و حەکیمولمولک چوویوونە پارلمان.

بەرەنگاروەستانی خەزاکەران و قەززاقان ڕێخۆشکردن بوو بۆ شەڕ و پێکدادان، بەڵام هیچکامیان تەقەیان نەدەکرد، چونکە لە لایەکەوە فەرمان درابوو بە قەززاقان کە هەتا ئەوەندەی بۆیان دەکرێ خۆ لە تەقە کردن و خوێنڕشتن بپارێزن و لە لایەکی دیکەوە سەرۆکانی مەشرووتە و خەباتکاران، پیاوانی ئازا و بەجەرگی خۆیان ڕاسپاردبوون کە تەقە لە ئەفسەران و کەسانی ڕووسی نەکەن هەتا بیانوویەک بۆ دەستێوەردانی ڕووسان دانەتاشن.

بە مەبەستی نیشاندانی دیمەنی شکۆمەندی گیان بەختکردنی ڕۆڵە بوێرەکانی گەل لەم ڕۆژە دیرۆکییەدا، گێڕانەوەی چەند نووسەرێکی نێوخۆ و «م.پاولۆڤیچ»ی ڕووسی دەخەینە بەرچاو.

کەسرەوی نووسیویەتی:

«هەردک لا ساز و تەیار بەرەنگاری یەکتر چەقیبوون، بەڵام شەڕێک ڕووی نەدەدا. لەو هاتوباتەدا خوداڵێخۆشبوو سەید جەمالەددینی ئەفجەیی کە پیاوێکی بەشەرەف و چاونەترس بوو، لە گەرەکی «پامنار»ەوە بە سواری گوێدرێژ لە ماڵی خۆی وەدەردەکەوێ و جەماوەرێکی چەند سەت کەسی بەرەو پارلمان دەکەونە شوێنی. ئەم کۆمەڵە خەڵکە بۆ ئەوەی بە ڕێگای وادا نەڕۆن کە تووشی قەززاقێکی زۆر بین، بە کۆڵانی مزگەوتی «سیراجولمولک»دا دەڕۆن و بە تەختی بەربەرییەکاندا تێدەپەڕن و دەچنە شەقامی پۆستخانە[1] و لەوێشەوە خۆیان

---

١- ئیکباتانی ئێستا.

دەگەیەنتـە بـەر دەرگـای زیللوسسـولتان. ئەفسـەرانی ڕووسـی ویسـتبوویان بیانگێڕنەوە و کاتێک زانیبوویان کەس جوابیان ناداتەوە و هەر دێن، بە مەبەستی تۆقاندنیان ڕووی تۆپێک وەردەگێڕن و دەیتەقێنن. بەم تەقەی تۆپ هەڵتەقاندنە هیچکەس هیچی لێنایە، بەڵام گوێدێژەکەی ئەفجەیی لە ترسان بە سەر دەستاندا دێ و ئەویش بەردەبێتەوە و شوێنکەوتووانی لێی دەهاڵێن. لەو کاتەدا ئەفسەرێکی ڕووسی دەمانچەکەی دەردەکێشێ و تەقەیەک بە حەوادا دەکا. ئەم تەقەیە وەکوو نیشانەی داگیرسانی شەڕ ڕەنگدەداتەوە و قەززاق بەجارێک دەسرێژ دەکەن و لەو لاوە خەباتکارانیش وڵامیان دەدەنەوە. بەم شێوەیە کوشتار و خوێنڕشتن دەست پێدەکا و شریخوهوڕ و هەرا و هەڵلایەکی سەیر وڵاتەکە دادەگری. چونکە ئەفجەیی و یارانی دەورووبەری دەکەونە ژێر ڕەهێڵەی گوللە و سێ کەسیان کە یەکیان مامۆستایەکی قوتابخانە دەبێ دەکوژرێن و کەسێکی دیکەشیان بە سەختی بریندار دەبێ. پیاوەکانی وەزیر ئەکرەم وەختایەک دەبینن ئەفجەیی لەو شوێنە گرفتارە، خێرایەکی دەرگای خاتوو عوزما دەکەنەوە و لەگەڵ کوڕان و یارانی دەیبەنە ژوورەوە و ئاوا دەیپارێزن. لە لایەکی دیکەوە چونکە قەززاق بێسەنگەر بوون، پیاوانی ئەنگیوەی پارلمان و ئەنجومەنی ئازەربایجان بواریان نادەن و زۆریان لە خوێندا دەتلێننەوە. وای لێ دێ قەززاق خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و دەکشێنەوە سەر شەقام. بەڵام ئەفسەرێکی ڕووسی لە پەنا تۆپێک دەچەقێ و سەری لێ تێکناچێ و تەقەی پێدەکا. شەڕێکی قورس هەڵدەگیرسێ و هەوساری کاران لە چنگ دەردەچێ. ئەسپەکانی تۆپخانە کە باری گوللە و قۆرخانەیان لەسەر پشتی دەبێ، لە ژێر سایەی داران دەرەوونەوە و دەردەپەڕنە مەیدان و پەیتاپەیتا لە خوێنی خۆیان دەگەوزێن.»

«لە هەنگاوی یەکەمدا سەرکەوتن لە باڵی ئازادیخوازاندا ڕەنگی دایەوە. ئازادیخوازان وایان بە سەردا زاڵ بوون کە چەند کەسێکیان دەرپەڕین و ویستیان تۆپێک ڕابکێشن و بۆ لای پارلمانی بەرن. ئەگەر کالی و ئەکولیویی خۆیان وەلانابا و ئەفسەرانی ڕووسیان نەبواردبا، بێگومان شەڕەیان دەبردەوە. تەقە نەکردن لەو ئەفسەرانە کارێکی وای کردبوو کە بێباکانە لە مەیدانەکە بچەقن و قەززاقان و تۆپچییەکان بگێڕنەوە و تەقەیان پێ بکەن.»

«لەولاوە کاتێک لیاخۆف دەزانی شەڕ هەڵگیرساوە، بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە مەیدان و کاتێک چاوی بە بارودۆخەکە دەکەوێ، فەرمان دەدا کە تێکرای تۆپەکان بە ڕاست و چەپدا بیکەنە ئاگرباران و کەسانێکیشی بە سەرڕەو بردن بۆ باغی‌شا هەتا چەند تۆپێکی دیکەش بێنن. ئەو تۆپەی کە لە زارکی مەیدانەکەی دانابوو، ئاوری تفەنگی شۆڕشگێران دەرفەتی نەدەدا، بۆیە خێرایەکی کێشایانە سووچێکی شەقامەکە و دەستیان کرد بە ئاورباران.»

«شەڕەکە کەم‌وزۆر کاتەژمێرێکی کێشابوو؛ لەو ماوەیەدا بێهبەهانی و تەباتەبایی و ئەوانەی دیکەی نێو پارلمان چونکە هەموویان پیاوانی شەڕنادیدە بوون و بەو گوللە تۆپانە تۆقیبوون کە پارلمانی دەگرتەوە، دیواری پشتەوەی پارلمان کون دەکەن و بەو کاول و هەرەسانەی ئەو سەردەمی‌دا خۆیان دەگەیەننە پارکی ئەمینوددەولە و بەم چەشنە پارلمان چۆل دەبێ. ئەو چەکدارانەی کە لەوێوە و لە منارەکانی مزگەوتەوە شەڕیان دەکرد و تاقمێکی کەم بوون، بە دیتنی ئەم دیمەنە خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و لە سەنگەران دەکشێنەوە و ئاوا شەڕ لەولاوە دادەمرکێ؛ بەڵام ئەنجومەنی ئازەربایجان و میرزا ساڵەخان و پیاوەکانی کۆڵ نادەن و درێژە بە بەرخۆدان و بەربەرەکانی دەدەن؛ هەر بۆیە لیاخۆف دەستوور دەدا کە تۆپەکان لە شەقامی «شائاباد»ەوە[1] ڕاکێشنە مەیدانەکە و ڕوویان بەرەو جێی بنەگربوونی هێزەکانی ئەنجومەن و خانووەکانی خاتوو عوزما وەرسووڕێنن، هەروەها پەلە چەکدارێکی قەززاقی ناردن بۆ پشتەوەی قەرەوڵخانە،[2] هەتا لەوێشەوە شەڕ هەڵگیرسێنن.»

ماماتۆف دەنووسێ: «تۆپێک چەند گوللەی تەقاند، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە لە پەنجەرەی کۆشکەلی زیللوسسولتانەوە[3] تیرەندازێکی سێرەڕاست و ئەنگێوە بە تفەنگێکی «ماوزێر»ەوە پەیدا بوو، تۆپچی یەک بە دوای یەکدا دەکەوتن و شڵپەیان لێ‌دەهات. میرپێنجەی فەرماندەی تۆپخانە. لە پەنا سەرهێز لیاخۆف چاکی برین هێنا. پاش وەرسووڕاندنی تۆپەکە بەرەوڕووی ئەو شوێنە و دەسرێژی تفەنگان

---

١- ئێستا بۆتە شەقامی جومهووریی ئیسلامی.

٢- دەکەوتە بەرەوڕووی پارلمان و شەقامی سەفی‌عەلی‌شا.

٣- گۆیا ئەویش هەر یەکێک لە خانووبەرەکانی خاتوو عوزما بووە.

توانییان ئەو تیرەندازە مەترسیدارە لە جێی خۆی هەڵکەنن کە پتر لە دە کەسی ئەنگاوتبوو.»

«بەم شێوەیە شەڕ درێژەی کێشا و هاوکات چەند تۆپێکی دیکەش بێپشوو تۆپبارانی پارلمانیان دەکرد و وڵاتەکەیان دەکاولاند. نیو کاتەژمێرێکی مابوو بۆ نیوەڕۆ کە شەڕەکە چوار کاتەژمێرێکی پێچووبوو. ئەنجومەنی ئازەربایجان و دارودەستەی میرزا سالەخانیش سریوەیان بڕا و بەجارێک شەڕ و تێکهەڵچوون کۆتاییی پێهات. بەڵام تۆپ هەر دەیانشریخاند و ئاوریان لە دەم دەباری و دەرگا و پەنجەرە و خانووبەرەکانی خاتوو عوزما و زیللوسسولتان و حەوشەی ئەنجومەنیان دەکوتا. دوای درەنگانێک تۆپەکان لە چەقە کەوتن و نۆرەی تالان هات. چەکدارانی سیلاخوری و پەل و دەستەی دیکەش خۆیان گەیاندە کۆشکەلی بەهارستان و هەرچی وەبەردەستیان هات کۆیان کردەوە و بردیان. پاشان چوونە زگ خانووەکانی زیللوسسولتان و خاتوو عوزما و ئەنجومەنی ئازەربایجان و دەستیان لێ نەپاراستن و تەنانەت دەرگا و پەنجەرەکانیشیان دەرهێنان. هەروەها شالاویان بردە سەر ئەنجومەنی موزەففەرییە و ئەویشیان داڕووتاند. چونکە دەستەیەکیش لەوێوە تەقەیان کردبوو. وەکوو دەبینن، ئازادیخوازان لەبەر ناڕێکوپێکی و بێسەرکردەیی بەزین. دەنا ئەوانیش چاکیان ئازایەتی نواند.»[1]

م. پاولۆڤیچ دەنووسێ:

«شەڕ و لێکدان بۆ گرتنی پارلمان کاتەژمێر پێنجی بەیانی دەستی پێکرد و پاش حەوت کاتەژمێر تێکهەڵچوون، یانی دوازدەی نیوەڕۆ، پارێزەرانی بوێری پارلمان

---

١- کەسرەوی دوابەدوای گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە، ناوی چەند کەس لەو خەباتکارانەی کە ناسیونی و بیستوونی تۆماری کردوون کە بریتین لە: ئەسەدوڵلاخانی ئەبولفەتحزادە، ئەفسەری پێشووی قەززاق و دوو براکەی، حەسەنخانی پۆلادی سەرهێزی پێشووی قەززاق، مونشیزادە کارمەندی ئیداریی قەززاقخانە، حاجیبوسسولتان بە خۆی و دەستەیەک لە تفەنگدارانی موزەففەرەددینشاهی، سمایلخانی سەرابی، حامیدولمولک، سەید عەبدورڕەززاق، خوشکەزایەکی میرزا جانگیرخانی سوورئیسرافیل کە گۆیا ناوی ئەسەدوڵلاخان بووە. شوجاع لەشکری خەڵخالی، موسەییبخانی ئازەربایجانی، میرزا سالەخانی وەزیر ئەکرەم (ئاسەفوددەولە)، سولتانولعولەمای خوراسانی بەرپرسی ڕۆژنامەی «ڕووحولقودووس»، کە لە نووسینگەی ڕۆژنامەکەیەوە لە شەقامی «چرابەرق» لەگەڵ قەززاقان شەڕی کرد و پاش هێنانی چەند برینێک گیرا و بردرا بۆ باغیشا.

بەزین. میچ و بان و دیوارەکانی پارلمان داڕووخابوون. تەرمی سەدان گیانبازی ماوزێر بە دەست لە دەوروبەری مەیدانی پیرۆزی پارلمان و بینای ئەنجومەنی تەوریز لە کۆڵانی زیللوسسولتان لە خوێنی خۆیان تلیبوون. قەززاق لەبەر بە دەستەوەبوونی تۆپخانە سەرکەوتبوون. ئەمانە مەتەرێزەکانی دوژمنیان دەدایە بەر تۆپ و خومپارە. هێزەکانی قەززاق پاش سەرکەوتن. لەسەر مەیتی نەیاران ترس و دلەڕاوکەیەکی زۆریان نایەوە. ماڵی تەواوی مەشرووتەخوازانیان تاڵان کردن و کۆمەڵێکی بەرچاویشیان بردن بۆ زیندان. بەپێی ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان، وێڕای کاولبوونی پارلمان، پتر لە سیسەت کەس (ئاژاوەگێر) کوژرابوون، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ نیزیکەی ٢٥٠٠ کەس تیاچووبوون.»

«پارێزەرانی پارلمان کە زۆربەیان چەکی ساردی وەکوو خەنجەریان پێبوو، چەند جارێکیش هەڵیانکوتایە سەر تۆپخانەی دوژمن و هەر دەپازدە هەنگاوێک مابوو بگەنە سەریان، گەچی ئاگری تۆپخانە پاشەکشەی پێکردن. تەواوی کۆڵانەکانی دەورووپشتی پارلمان پڕ بوون لە تەرمی گیانبازان.»

«ئەمە بوو کار و چالاکیی ئەفسەرانی ڕووسی و باروودۆخی ڕۆژی ٢٣ی ژووەنی [١٩٠٨ی ز] لە تاران. هیچکەس ئەم ڕووداوەی نەدەشاردەوە و تەنانەت ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکانی حکوومەتی قەیسەریش بەوپەڕی ڕەزامەندییەوە باسی ئەم دیمەنانەیان دەکرد.»[1]

ئێستا دوو بەسەرهات دەگێڕینەوە کە دوکتۆر مەلیکزادە، کوڕی خەباتکاری گەورەی ئێران، خوداڵێخۆشبوو مەلیکولموتەکەللیمین لە کتێبی «مێژووی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران»دا نووسیویەتی:

بنکەی ژین

### ئەسەدوڵڵاخانی جانگیر

«ئەم لاوە تەمەن ٢٥ ساڵەیە، پوورزای میرزا جانگیرخان بوو. ئەسەدوڵڵاخان لە ڕەوشت بەرزیدا بە سەرگەلەی لاوانی خەباتکار دادەندرا. ئەگەرچی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆی ڕۆژنامەی «سوورئیسرافیل»ی کەوتبوویە ئەستۆی کە لەو ڕۆژە سەختانەدا لە پارلمان بەڕێوە دەچوو. بەڵام شەو و ڕۆژ لەو مەتەرێزدا خەریکی

---

١- شۆرشی مەشرووتەی ئێران، «م. پاولۆڤیچ»، «و. تریا» و «س. ئێرانسکی»، وەرگێرانی م. هوشیار، ل ١٠٨.

پاسەوانی بوو کە پێی ئەسپێردرابوو. سەرەنجام وەکوو بۆ خوێنەرانی دەگێڕینەوە، زۆر ئازایانە لە مەیدانی شەڕدا شەهید بوو.

دەوڵەتئابادی لە مێژووی ژیانی «یەحیا»دا دەنووسێ: «میرزا ئەسەدوڵلاخان لە ڕۆژانی مانگرتن و مانەوە لە بەهارستاندا زۆربەی زۆری هەر لەگەڵ من بوو. بە ڕۆژ زەحمەت و کوێرەوەریی ڕۆژنامەی سوورئیسرافیلی دەکەوتە سەر شانی و شەوانەش هەتا بەیانی لە سەر بانی پارلمان کێشکی دەدا. شەوی ٢٢ی مانگی جەمادی یەکەم کە من لە بەهارستان بووم، چاوم بەو لاوە خورجێن بە شانە کەوت کە چوو بۆ ئەو ژوورەی وا مانگرتووەکانی لێ بوون. ئەم خورجێنە پڕ بوو لە دوا ژمارەی ڕۆژنامەی سوورئیسرافیل کە بە هەزاران زەحمەت چاپ کرابوو.»

«پاش درەنگانێک و لە سێباری شەودا من خەوم لێکەوت و تاریکوڕوونی بەیانی لە خەو هەستام و بە سەرسوڕمانەوە تەماشام کرد کە ئەم لاوە هەروا خەریکی ڕێکوپێک کردنی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەیە. لێم پرسی بۆ چما نەنوستووی؟ لە وڵامدا گوتی چونکە شەوی لە سەنگەردا بووم و نەمتوانی دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە ڕێک بخەم، ئێستا کە ڕۆژ داهاتووە و بەریبەیانە، هەوڵ دەدەم کە لەگەڵ ئەنگووتنی گزینگی هەتاو ڕۆژنامە لە نێو خەڵکدا بڵاو ببێتەوە.»

«سەرم لە غیرەت و هەنگاوی پتەوی ئەم لاوە سوڕما کە تازە چەناگەی تووکی لێ ڕوابوو. هەرگیز چاوانی پاک و بێتاوان و ڕوخساری گوڵکردووی لەبەرچاوم ون نابێ و کە دەڕوانمە بەژنی شلک و ئەوتەمامی حکوومەتی نیشتمانی، دەزانم کە بە خوێنی لاوانی ئەوتۆ دێردراوە.» پاشان ئاوا درێژە بە نووسینەکەی دەدا: پاش ئەوەی کە تەرمی لە خوێندا شەلاڵی ئەسەدوڵلاخان دەکێشنە پای دیوار، میرزا جانگیرخان کە بە کوژرانی پوورزا و جیگرەکەی نەزانیبوو، لەناکاو دەگاتێ و بە سەر تەرمەکەیدا دەکەوێ. ئەگەرچی میرزا جانگیرخان ئەوی زیاتر لە برایەک خۆش دەویست، خۆی ناشەمزێنێ و دەستی ناشکێنێتەوە، ڕوو دەکاتە ئەو لاوانەی کە لە دەوری تەرمەکەی هاڵاون و دەڵێ ئەو ئەرکی خۆی لەپێناو نیشتماندا بەجێهێنا، ئێستا نۆرەی ئێوەیە. زوو برۆن و مەهێڵن کە زوڵم بە سەر ئازادیدا زاڵ بێ و دوژمنی بەدخوا بە کاوی دڵی بکا.»

بەسەرهاتەکەی دیکە سەبارەتە بە سوڵتانولعولەمای خوراسانی، بەرپرسی ڕۆژنامەی ڕووحولقودووس و ئاوایە:

«نووسینگەی ڕۆژنامەی ڕووحولقودووس لە باڵەخانەیەکی شەقامی چراب‌ەرق بوو. ئەم نامە نیشتمانییە لەو مەکۆی ئازادییەڕا دەهاتەدەر. هەر کە شەڕەکە هەڵگیرسا، بەرپرسی ڕۆژنامەی ڕووحولقودووس کە بەڕاستی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە و ئازادیخواز و فیداکارێکی شێلگیر بوو لەسەر ڕێبازی مەشرووتەخوازی و ئەگەر بمانەوێ نموونەیەک بێنینەوە بۆ وشەی ئازا هەر دەبێ بڵێین خوراسانی خۆیەتی، تفەنگی بە دەستەوە گرت و بە تاقی تەنیا بەری بە هێزێکی پەلاماردەر گرت کە وەکوو سێلاو بەرەو پارلمان گورمی بەستبوو. هەر ئەگەر تەقەی لە تفەنگی دەهات یەکێکی لێ دەگەوزاندن. ئەم پیاوە وەهای تەنگ بەو سەربازانەی نێو ئەو شەقامەوە هەڵچنی کە فەرماندەکانی توورە کردن و لێبڕان کە هەر چۆنێک بۆیان دەکرێ دەست بە سەر نووسینگەی ڕۆژنامەکەدا بگرن و بەرپرسەکەی بکووژن. جا هەر بۆیە لە چەندین لاوە سەدان کەس شاڵاویان بردە سەری و خۆیان گەیاندە نووسینگەی ڕۆژنامە و ئەو پیاوە ئازا و فرەزانە کە هەتا دوافیشەک دەستی لە شەڕ هەڵنەگرت و لە چەندین جێگاوە پێکرا و خوێنی لە بەژن و باڵای دەباری، گیرا و بە باڵبەستراوی و بێڕێزی بردیان بۆ لای باغیشا و دایانە دەست جەللادەکانی شا.»

ئەم باسە بە هێنانەوە و گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی دیکە کە کەسرەوی لە کتێبی «مێژووی مەشرووتە»دا نووسیویەتی، دادەکووژێنین. کەسرەوی سەبارەت بە یەکێک لە خەباتکارەکان کە شەوانە دەچووە ماڵ و بەرییەیانی دەهاتەوە پارلمان و نێو سەنگەری خۆی ئاوای نووسیوە:

«یەکێک لەوان کورتەژیاننامەیەکی خۆی نووسیوە کە کەوتۆتە دەستی من. ئەم بەستەزمانە لەم بارەیەدا ئاوای نووسیوە: کە ڕۆژ بۆوە هەواڵیان هێنا ئەوە بەری دەرگای پارلمانیان گرتووە. منیش بە پەلە جلوبەرگی سەربازیم پۆشی و هەر کە ویستم دەست بدەمە تفەنگەکەم کە بە بزمارێکەوە هەڵمواسیبوو، تەماشام کرد نەماوە؛ نەڕاندم ئەوە کوا تفەنگەکەم؟... ژنەکەم قورئانێک لەسەر دەستان لەگەڵ کچەکانم هاتە پێش و گوتی: ئاغا گیان من دەزانم هیچکەس دەسبارت لەگەڵ ناگرێ و بە تاقی تەنیا دەچی بۆ لای پارلمان! کوڕە لە مەودای ڕێیەدا دەتکووژن... لەم کاتەدا گرمەی توپ هات. خێرایەکی چوومە سەربان و بەرەوڕووی پارلمان دانیشتم و هۆرهۆر گریام.»

## کارەساتەکانی باغیشا و پەنابەرییەتی

باغیشا، بەهارستانی بەزاند و محەممەدعەلیشا ئەو ئەرکەی کە ئیمپراتۆری خۆرکڵاوی ڕووسیای قەیسەری پێی ئەسپاردبوو، بە دەستی ئەفسەرانی ڕووسی و هێزەکانی قەززاق و چەکدارانی دلرەقی سیلاخوری ڕایپەڕاند. پارلمانی نیشتمانی لەسەر گرێژنەی خۆی ترازا و ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەران پرشوبڵاو بوون. ئێوارەی ڕۆژی دووهەمی پووشپەڕی ساڵی ١٢٨٧ی هەتاوی/٢٣ی ژووەنی ١٩٠٨ی زایینی، محەممەدعەلیشا بەڕواڵەت ببوو بە فەرمانڕەوای بێبەرگیرەوەی وڵاتی پان و بەرینی ئێران و بەم سەرکەوتنەی دڵخۆش بوو. [پادشای قاجار] خۆی بۆ دیتنی ئەو دیمەنە دڵتەزێنانە ئامادە دەکرد کە بە ئەشکەنجە و کوشتنی ڕێبەرانی نەتەوەپەروەران و سەرۆکانی سەر لەپێناوی ئازادیخوازان بەدی دەهاتن. هەتا ئاوا هێندێک لەو گرێکوێرانەی دەروونی بکرێتەوە کە خۆراگری و کۆڵنەدانی ئازادیخوازان هەناوی ئەویان پێ هەژاندبوو.

یەکەمین هەنگاوی محەممەدعەلیشا بریتی بوو لە دەرکردنی فەرمانێکی پتەو بۆ دۆزینەوە و گرتنی سەرۆکانی ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەران، بەتایبەت مەلیکولموتەکەللیمین و میرزا جانگیرخانی سوورئیسرافیل و ئەوانی دیکە کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری. هەروەها بە فەرمانی شا، شێخ مەحموودی وەرامینی و سەید محەممەدی پەزدی کە سەرچەلەی ڕووداوی مەیدانی تۆپخانە بوون و دووسی کەسی دیکە کە هەموویان بە فەرمانی دادگا گیرابوون، بردیانن بۆ باغیشا و شا بە دەستی خۆی خەڵاتی کردن و دەستی ڕێزی لێنان.

وەکوو پێشتر باسی کرا، دەستەیەک لە سەرۆکانی مەشرووتە، بۆ وێنە بێهبەهانی و تەباتەبایی ڕۆژی دووهەمی پووشپەڕ [٢٣ی ژووەنی ١٩٠٨]، لە پارلمان کۆببوونەوە و تاقمێک لە نوێنەرەکان شانبەشانی خەباتکاران دەجەنگین و بۆ نموونە دەبێ باسی حاجی میرزا برایمئاغا بکرێ. وەکوو ئاشکرایە نوێنەرەکانی دیکە وەک دوکتۆر مەلیکزادە دەڵێ: «بەوپەڕی خوێڕییەتی و ترسەنۆکی هەڵاتن» یان چونکە پێشتر قەومانی ڕووداوەکەیان دەزانی، لە ماڵی خۆیاندا ماتەیان هەڵگرت و دوای بیستنی یەکەم گرمەی تۆپ، بیریان لە چوون بۆ جێپەنایەک کردەوە. ئەو تاقمە وەکوو تەقیزادە پەیوەندییان کرد بە «ستۆکس»ی جێگری باڵوێزی ئینگلیس لە تاران و بە سواری درۆشکەیەک کە کارمەندانی باڵوێزخانەی

تێدا بوو. خۆیان گەیاندە جێپەنایەکی هێمن و پارێزراو. جێگای سەرسوڕمانە کە زۆربەی نوێنەرانی ئازا و نیشتمانپەرست و سەرۆکان و ڕێبەرانی هەڵوێستنەگۆڕی ڕێگای ئازادی بە دەست پیاوکوژانی محەممەدعەلیشا شەکراوی گەشمەرگییان نۆشی و گەلێک لە پیاوان و لاوانی ئازادیخواز لە ڕووداوە خوێناوییەکەی بەهارستاندا بە گومناوی سەریان نایەوە؛ بەڵام ئەوانەی چووبوونە ژێر دالدەی هێور و ئارامی باڵوێزخانە، دواتر وەکوو کۆڵەکەی ئازادی و مەشرووتە هەژمار کران و وەکوو هەموو لایەک دەزانن، بێبراتەوە لە دامودەزگای میریدا دەستیان بە پلە و پێگەی بەرز ڕاگەیشت.

تاوێک پاش ئەوەی کە تەباتەبایی و بێهبەهانی پەنایان بردە پارکی ئەمینوددەولە، تاقمێک لە سەرکردەکانی شۆڕشگێران وەکوو مەلیکولموتەکەللیمین، میرزا جانگیرخانی سوورئیسرافیل، قازیی قەزوینی، میرزا داودخانی عەلیئابادی، قاسمخانی سوور و دەستەیەکی دیکە لە سەرۆکانی مەشرووتەش لە خانووبەرەیەکی نیوەکارەی نێزیک پارکی ئەمینوددەولە بنەیان داگرت. بەڵام چەند کاتەژمێرێک دواتر چەند هەزار سەرباز و قەززاق هەڵیانکوتایە سەر پارک و دەرگاکەیان شکاند و بە چەکەوە و تووڕە و تۆسن وەژوور کەوتن و هەر کەسێکی تووشی هاتن کوشتیان. بۆ نموونە حاجی میرزا برایمئاغای نوێنەری ئازەربایجان کە بێوچان شەڕی کرد و تفەنگی دانەنا و سەرەنجام بە چنگ قەززاقان کوژرا.

قەززاق چوون دەستیان بە سەرۆکانی ئازادیخوازان ڕاگەیشت و چەندەیان سووکایەتی پێکردن. هەمووی بە شێوەیەکی پوخت و پاراو لە دیرۆکەکانی سەبارەت بە سەردەمی مەشرووتەدا نووسراون و ئەم کتێبە ناتوانی چی دیکە بابەتەکە لە دوو بدا و هەر ئەوەندە بەسە پشت بە قسەکانی حەکیمولمولک ببەستین کە خۆی یەکێک بووە لە پەنابەرانی پارکی ئەمینوددەولە و دیمەنەکانی بە چاوی خۆی دیتوون و دەڵێ:

«من بە چاوی خۆم ئەو دیمەنە تاڵ و کارەساتبارم دیت کە سەربازێک ڕیشی سپیی «تەباتەبایی»ی هەڵدەکێشا و بە مستان داگژابوویە سەر و دەموچاوی.»

گەلێک زیندانیی سیاسی لە باغیشا بە کۆت و زنجیر بەسترانەوە و مەلیکولموتەکەللیمین و جانگیرخان کەوتنە دەمەقرەیەکی توند و مێژوویی لەگەڵ محەممەدعەلیشا. وەک دوکتور مەلیکزادە دەڵێ، مەلیکولموتەکەللیمین دەستی

ڕاداشت بۆ لای جانگیرخانی لاوی سیوسێ ساڵەی بەرپرسی ڕۆژنامەی سوورئیسرافیل کە بە جلوبەرگی تیتۆڵتیتۆڵ و خویناوی و قەڵافەتیی سەرتاپا زاماری لە پەنای ڕاوەستابوو و ڕووی کردە محەممەدعەلیشا و گوتی:

«بۆ بەدبەختیبان ئەمەیە ئاکام و بەرهەمی پادشایەتی و فەرمانڕەوایەتیی تۆ بە سەر خەڵکی ئێراندا. ئەمەیە بەروبووی ئەو سوێندانەی کە بۆ پاراستنی مەشرووتە و بەختەوەریی گەل خواردبووت، بەڵام ئەوەی کە هەڕەشەی کوشتنت لێکردووم و دەستوورت داوە هەتا سەرم تێدابەرن. بزانە کە بە کوژرانی من هیچ شتێکت وەچنگ ناکەوێ و قازانجێکت پێناگا، چونکە لە هەر دڵۆپە خوێنێکی من مەلیکولموتەکەللیمینێک بەدی دێ و ئەوانیش ئاڵای دادەوانی و مەشرووتە هەڵدەکەن.»

گیانیان شاد بێ مەلیکولموتەکەللیمین و میرزا جانگیرخان. یەکەمین قوربانیکراوانی باغیشا بوون کە بە فەرمانی محەممەدعەلیشا کوژران. کاتێک هەواڵی کوژرانی ئەو دوو مەردازایە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆژنامەوانیی زۆربەی وڵاتانی دنیادا لەگەڵ نارەزامەندی ڕەنگی دایەوە و شێوازی ملهوڕانە و کارەساتە خوێناوییەکانی محەممەدعەلیشا کەوتە بەر شەپۆلی ڕەخنە. پادشا بۆ پاراستنی ڕواڵەت و لەبەر ڕاستەی کاران و بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی خۆی بە یاسایی و بەجێوڕێ پیشان بدا، دەستووری دا هەتا دادگایەک بۆ لێپرسینەوە و سزادانی تاوانبارانی سیاسی پێک بێ.

شازادە محەممەدحەسەنمیرزا (موئەییەدوسسەڵتەنە) وەکوو سەرۆکی ئەم دادگا بێ نێوک و نێوەرۆکە هەڵبژێردرا کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی پێکهاتبوو. ئەندامانی دادگاکە بریتی بوون لە: سەدروڵئەشراف، سەرۆکی ئەنجومەنی «ئالی محەممەد» کە پێکهاتبوو لە لایەنگرانی حکوومەتی پاوانخوازی سەرەڕۆ؛ میرزا ئەحمەدخانی ئەشتەری، موئەییەدولمولکی حوکمداری تاران، ئەرشەدوددەولە، غولامڕەزاخانی میرپێنج و لێکۆڵەری دەزگای ئاسایش. کۆبوونەوەی دادگا لە ژێر خێوەتێکی گەورەدا، کە جێگای دانیشتنی چەند کەسێک دەبوو، پێکهاتبوو. وەزیران، پایەبەرزانی سەربازی و ئیداری، شازادەکانی قاجار و مەلاکانی لایەنگری حکوومەتی پاوانخوازانەی سەرەڕۆ تێیدا بەشدار بوون.

لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادگا، پیاوکوژان و ئەشکەنجەدەران و غولامانی سیستمی ملهوڕی هەموو ڕۆژێک و هەموو شەوێک دەچوونە دەستەی زیندانییەکان و بە قامچی وەریاندەگەرانی و بە ئەشکەنجەی دڕندانە و دڵتەزێن ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دەدا. وەکوو ئاشکرایە هەموو ڕۆژێک دەچوونە سوێی سولتانولعولەمای خوراسانی، بەرپرسی ڕۆژنامەی ڕووحولقودووس کە پیاوێکی خۆڕاگر و ئازا بوو و ئازاریان دەدا. تەنانەت نووسیویانە کە ڕووتیان دەکردەوە و لەسەر تاوەی سوورەوەکراو دایاندەنا و پاشان خنکاندوویانە و خستوویانەتە چاڵێکەوە. سەید جەمالەددینی واعیز کە دۆستەکانی بە جلوبەرگی گۆڕدراوی کەس‌نەناسەوە بەرییان کردە باڵی خۆراوای ئێران، لە هەمەدان تووشی زەفەرمولمولک هات کە پێشتر دیوناس و پێکەوە دۆست بوون و لە ماڵەکەی لای دا. ئەم حوکمڕانە کە بەڕواڵەت بیبوو بە میوانداری سەید و بە دەورەیدا دەهات و دەچوو، بەدزی لە محەممەدعەلی‌شای ڕاسپارد کە سەید لە ماڵی ئەوە. لە بارگای میری‌را فەرمانیان پێدا کە میوان و کۆنەدۆستەکەی خۆی بنێری بۆ برووجێرد و غولامانی چەکداری میری گرتیان و دایانە دەست ئەمیر ئەفخەمی حوکمڕانی برووجێرد. دوای چەند ڕۆژێک، نیوەشەوێکی پیاوکوژانی حوکمڕان چوونە نێو بەندیخانەی سەید و بە پەتێک خنکاندیان.

یەکێک لە ئاکامەکانی ڕووداوی دووهەمی مانگی پووشپەڕ و ڕەنگدانەوەی تاوانە چەپەڵەکانی محەممەدعەلی‌شا، کرانەوەی سەرلەنوێی دەرگاکانی باڵوێزخانەی ئینگلیس بوو بە ڕووی پەناخوازاندا. جگە لە حەکیمولمولک و مومتازوددەولەی سەرۆکی پارلمان کە پەنایان بردە بەر باڵوێزخانەی فەرانسە، نیزیکەی حەفتا کەس لە مەشرووتەخوازان لە باڵوێزخانەی ئینگلیس بوونە پەناگر. چەند کەس لەوانە بریتی بوون لە: تەقی‌زادە، موعازیدوسسەڵتەنە، میرزا عەلی‌ئەکبەرخانی دیهخودا، بەهائولواعیزین، سەید حەسەنی حەبلولمەتین و دەولەت‌ئابادی.

بەپێی نووسینی دوکتور مەلیکزادە، محەممەدعەلی‌شا لە ترسی ئەوەی کە نەکا پەناگربوونی ئازادیخوازان لە باڵوێزخانەی ئینگلیس‌دا گێچەڵی دیکەی لێ ساز بێ، کۆمەڵێک قەززاق و سەربازی ڕاسپاردن کە گەماڕۆی باڵوێزخانە بدەن و نەهێڵن هیچیان دەرباز بن و ڕێگاش نەدەن کەس هات‌وچۆی ئەوێ بکا. قەززاقەکان وێڕای ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەر شانیان، دەستیان کرد بە نانەوەی هەرا و خودبەسەرانە

تاقمێکیان گرتن. ئەم کارە نارەزامەندیی ئینگلیسییەکانی لێکەوتەوە و محەممەدعەلیشا کە بە شەرابی سەرخۆشکەری بادیهەوایی و سەرکەوتن هەر فیکەی سمێڵی دەهات و پشتی بە هێزی بەرچاوی رووسانەوە دابوو، تەلگرافێکی بۆ پادشای ئینگلیس لێدا و دژی هەڵوێست و هەنگاوی کاربەدەستانی باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە وەدەنگ هات و کەوتە گلە و سکاڵا. بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی شا، لە بارگای بریتانیاوە وڵامێکی توندی بۆ هاتەوە و شا لە هەمبەر نامەی باڵوێزی ئینگلیسدا بۆ وەزیری دەرەوە کە وەکوو دوایین هەڕەشە دەچوو، سەری پێملبوونی بەردایەوە. دەقی نامەکەی باڵوێزی ئینگلیس ئاوایە:

«قسە و هەڵوێستی هێژای بەرێزی پایەبەرزم بە گوێی مەزنانی وڵاتی خۆم راگەیاند کە لەسەر فەرمانی خاوەنشکۆی پاکسرشت، رائەسپێردراون هەتا پێناخۆشبوونی خۆیان سەبارەت بەو سووکایەتییانە دەرببڕن کە چەند رۆژێکە بە باڵوێزخانەی پادشای خاوەنشکۆی ئینگلستان کراون. بەگوێرەی رێنمایینامەیەک کە ئەمڕۆ لە وەزیری دەرەوەی ئینگلستانەوە کەیشتوتە دەستم، راسپێردراوم هەتا بە ئێوەی پایەبەرزی هێژا رابگەیەنم کە لەبەر ئەو بێڕێزییە دزێوانەی لە لایەن پۆلیس و بریگادی قەززاقەوە بە باڵوێزخانە کراوە، ئەگەرچی منی دۆستی ئێوە گوتوومە وا مەکەن و بەرەسمی ئەم کارانەم مەحکووم کردوون، بەڵام دەوڵەتی پادشای خاوەنشکۆی ئینگلستان دوای وردبوونەوەیەکی تەواو، خوازیاری وەدی هاتنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١- دەبێ دەورەی باڵوێزخانە پۆلیس و قەززاقی لێ نەمێنێ و نابێ کەس کاری بە جەماوەرەکەی ئینگلیس بێ.

٢- دەبێ وەزیری بارگا لە لایەن خاوەنشکۆی پێپیرۆز و وەزیری کاروباری دەرەوەش لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە جلی رەسمییەوە بێنە باڵوێزخانەی ئینگلیس لە دارولخەلافە[1] و بەرەسمی و بە شێوەیەکی روون و رەوان داوای لێبووردن بکەن و دەبێ پێشوەختە و لە جێی خۆیدا هەواڵی ئەم هەڵوێست و هەنگاوەمان پێ بدەن.

---

١- مەبەستی شاری تارانە کە پایتەختی ئێران بووە و ئێستاش هەروایە.و.

٣- تەواوی ئەو کەسانەی کە لەم دواییانەدا بۆ کاروباری باوی ڕۆژانە دەچوونە باڵوێزخانە یان لەوێوە دەردەچوون، نابێ ڕێیان لێ بگیرێ و دەبێ خێرا ئێزن بدرێن.

٤- دەبێ نامەیەکی دەستەبەربوون بە واژۆی شاهانشای خاوەنشکۆوە سەبارەت بە پاراستنی سەر و ماڵی ئەو کەسانەی کە پەناگرتووی باڵوێزخانەی ئینگلیسن بدرێ بەم دۆستەی خۆتان.

ئەگەر لە نێو پەناگرتووەکاندا کەسانێک هەبن کە تۆمەتی کاری مرۆکوژانەیان دراوەتە پاڵ، جگە لە تاوانی سیاسی کە لێخۆشبوون دەیگرێتەوە، دەبێ بەپێی ڕێسایەک لە بەردەم یەکێک لە ئەندامانی باڵوێزخانەی ئینگلیسدا لێپرسینەوەیان لێ بکرێ. ئێستا کە ئەم مەبەستانە بە ئێوەی هێژا ڕادەگەیەنم، ڕاسپێردراوم تا بڵێم ئەگەر لەرێوە ئەم داواکارییانە قبووڵ و بەوردی جێبەجێ نەکەن، دەوڵەتی پادشای خاوەنشکۆی ئینگلیس ناچار دەبێ کە هەر کارێکی بە پێویستی دەزانێ بیکا هەتا ویستەکانی وەدیبێن و لەم بوارەشدا خۆی بە هەق دەزانێ. لەگەڵ ئەم ڕێنماییناەمەیەی دەوڵەتی خۆم، مەرجەکانی سەرەوەش دەنێرم بۆ خزمەت شاهانشای خاوەنشکۆ.»

دوکتۆر مەلیکزادە پاش گێڕانەوەی دەقی نامەکەی سەرەوە دەنووسێ: تەواوی داواکان بەبێ کەم و کورتی جێبەجێ کران و دەستەیەک لە پەناگرتووەکان لەگەڵ کاربەدەستانی باڵوێزخانەی ئینگلیس وەدەرکەوتن و یەکسەر چوون بۆ ئورووپا. جەماوەرێکی زۆر وەختایەک بۆیان دەرکەوت کە شا ئاوا لە حاند ویستی بریتانیادا چۆکی داداوە، ویستیان کە جارێکی دیکەش وەکوو پەناگرتوو لە باڵوێزخانەی ئینگلیس کۆببنەوە، بەڵام ئینگلیسییەکان نەیانسەلماند و زۆر بەتوندی وڵامیان دانەوە.[1]

وەکوو باسمان کرد، کار و کردەوەی تاوانبارانەی محەممەدعەلیشا و لایەنگرانی حکوومەتی ملهوڕانە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆژنامەوانی و

---

١- دوکتۆر مەلیکزادە لە زمان دەوڵەتئابادییەوە دەنووسێ کە مەشرووتەخوازانی ساویلکە و نیازپاک لایان وابوو کە ئینگلیسییەکان لایەنگری مەشرووتەن و بە وەبەرتۆپدانی پارلمان نارازین، چونکە نەیاندەزانی کە ئینگلیسییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان، گوریان بۆ مەشرووتە و بۆ ئازادی هەڵدەکەند، هەتا مەشرووتە و مەشرووتەخوازانی تێدا بنێژن.

خەڵکی ئازادیبیری وڵاتانی ئوورووپاییدا ڕەنگدانەوەی خراپی لێکەوتبۆوە و لە هەمووان گرینگتر ئەو هەڵوێستە بوو کە ئازادیخوازانی ڕووسیا و جڤاتە پارلمانییەکانی ئینگلستان لە هەمبەر ئەم ڕووداوانەدا گرتیان. وەک دوکتۆر مەلیکزادە نووسیویەتی، ڕێبەرانی ئازادیخوازانی ڕووسیا کە لە وڵاتانی ئوورووپای ناوەندی و خۆراوادا بڵاو ببوونەوە، بەتایبەت «لینین»ی پێشەنگ و تیئۆریسیەنی سۆسیالیستە توندڕەوکان، توانیبووی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ئازادیخوازانی کۆچەری ئێران لە ئوورووپا دامەزرێنێ. لینین دەستووری دا بە لایەنگرانی خۆی لە قەفقاز هەتا یاریدەی مەشرووتەخوازانی ئێران بدەن و هەروەها لە ڕۆژنامەکانی خۆیدا چەند وتاری سەبارەت بە کارەساتەکانی دەستی بارگای ئێران و محەممەدعەلیشا نووسی و داوای لە جەماوەری ئازادبیری دنیا کرد کە پێویستە یاریدەی مەشرووتەخوازانی ئێران بدەن.

ئەوەی ڕاستی بێ دەوڵەتی ئینگلیس کە ئازادی و سیستمی تازەی ئێرانی کردبوو بە قوربانی ویست و ئامانجە سیاسییەکانی و دۆستایەتی لەگەڵ ڕووسیای قەیسەری، تاقمێک لە ئەندامانی پارلمانی ئینگلیس و کۆمەڵێک لە ئازادبیرانی ئەو وڵاتە وا بە زەبروزەنگی کارەساتباری ڕووسان و کارە دڵتەزێنەکانی محەممەدعەلیشا ژاکان کە لە پارلمانی ئەم وڵاتەدا لیژنەیەکیان پێکهێنا و زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لە سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی خۆیان گرت لە هەمبەر ئێراندا. وتەبێژی ئەم لیژنەیە لە پارلماندا وتارێکی پوخت و پاراو و بەتین و گوڕی پێشکەش کرد و گوتی دەوڵەتی ئینگلیس لە ئێراندا سیاسەتێکی زاڵمانە و پێچەوانەی بنەماکانی ویژدان و دادپەروەریی پەیڕەو کردووە و داوای لە ئەندامانی پارلمان کرد کە بێن و کارێکی وا بکەن تا دەوڵەتی ڕووس و ئینگلیس دەست لە کۆڵ خەڵکی ئێران بکەنەوە و لێیان گەڕێن هەتا لە کاری خۆیاندا سەربەخۆ بن.»[1]

**قۆناخی کورتی کامڕەوابوونی شا**

محەممەدعەلیشا پاش سەرکەوتنی قرچۆک و لەرزۆکی، لیاخۆفی کردە فەرمانداری سەربازیی تاران و بە مەبەستی ڕێگرتن لە پەنابردنی ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەران بۆ باڵوێزخانەکانی وڵاتانی دەرەوە لە تاران و هەروەها بۆ ئەوەی

---

١- مێژووی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران، د. مەهدی مەلیکزادە، بەرگی چوارەم، ل١٦٧.

دەستی بە مەشرووتەخوازان رابگا. فەرمانی لێبووردنی گشتیی دەرکرد. راگەیاندرانی فەرمانی لێبووردنی گشتی و رەنگدانەوەی حکوومەتی سەربازی لە تاران، کارێکی وای کرد کە تاقمێک لە ئازادیخوازانی سافیلکە لە حەشارگەی خۆیان وەدەرکەون و بکەونە دەست پیاوانی حکوومەتی دیکتاتۆرانەی میری. بەم شێوەیە پۆلێکی دیکە لە پیاوانی ئازادیبیری ئێران بوونە گیرۆدەی چنگی جەللادانی حکوومەتی ملهوڕی و گیانی خۆیان بەخت کرد.

دەقی راگەیاندنەکەی لیاخۆفی فەرمانداری سەربازیی تاران و لە راستی سپاسالاری یەکەمی ئێران ئاوا بوو:

«١- سەقامگیربوونی ئارامی و تەناهی لە شاردا بەتایبەت دراوەتە دەست بریگادی قەززاقی پادشای خاوەنشکۆ و ژاندرمە و هێزەکانی «خەلەج»[1] و «زەرەند»[2].

٢- ئەو کەسانەی کە دژی ئەم یاسا و رێسایانە بجوولێنەوە، زۆر بەتوندی سزا دەدرێن.

٣- هەر کەس زوڵم لە هەر کەس بکا، تەمێ دەکرێ.

٤- ئەگەر بێتوو لەماڵێکەوە تەقە لە پاسەوانێک بکرێ، ئەو ماڵە دەدرێتە بەر تۆپ و خاپوور دەکرێ.»

پاش ئەم راگەیاندنە دیسان تاقمێکی دیکەشیان گرتن و بردیانن بۆ باغیشا و هێندێکیان لە عەمباری دەوڵەتیدا بەند کردن. چەند کەسێک لە مەشرووتەخوازان کە نەیانتوانیبوو بڕۆن و لە تاران دەرباز بن، لە سامی گیران و ئەشکەنجەی ملهوڕان، خۆیان کوشت.[3]

لەم کاتەدا بارودۆخی سیاسیی ئێران، کەوتبووە سەر هەیکەل و قەڵافەتێکی تایبەت. زۆرێک لە دەوڵەتانی دنیا ئێرانیان بە وڵاتێکی دیموکرات و خاوەنی سیستمی پارلمانی ناسیبوو. دەوڵەتی موشیروسسەڵتەنە کە پێش هەڵوەشاندنەوەی پارلمان هاتبووە سەر کار و دەنگی باوەڕپێکران و متمانەی پارلمانی وەرگرتبوو، وەکوو دەوڵەتێکی یاسایی درێژەی بە کاری دەدا، بەڵام نە پارلمانێک و نە

---

١- ئەو هێزەی کە پێکهاتبوو لە چەکدارانی عەشیرەتی «خەلەج»ی تورک.و.

٢- چەکدارانی خەڵکی زەرەندی ناوچەی ساوە لە پارێزگای کرمان.و.

٣- مێژووی شۆرشی مەشرووتەی ئێران، د. مەهدی مەلیکزادە، بەرگی چوارەم، ل ١٧٠.

ناوەندێکی دیکەی یاسایی هەبوو کە لە نەبوونی پارلماندا، چاودێر بێ بە سەر کار و هەلسوکەوتی شا و دەولەتدا. ئەنجومەنی وەزیران چەند پیاوێکی خۆشناو، بەلام خۆپارێزی وەکوو موشیرووددەولە و موئتەمینولمولکی تێدا بوو. عەلائوددەولەی وەزیری دەرەوە بۆ ئەوەی نێوانی شا و بالوێزخانەی ئینگلیس خۆش بکاتەوە زۆر چاک هەلدەسوورا. سەعدووددەولە، پیاوی کۆنەکار و پیلانگێر بوو بە راوێژکاری تایبەتی شا و هەموو ڕۆژێک دەچووە دیداری. ئەمیر بەهادوری جەنگیش هەمیشە بە شەرفی دیداری پادشا کەولی شانازی دەکەوتە سەر شانی. بەم شێوەیە هەموو شتێک بۆ شادی و کامرەوایی پادشا دابین کرابوو. بەڕوالەت هیچ گرێ و کۆسپ نەمابوون و تەنیا دلەخورتەیەکی تاقەپرووکێن هەبوو کە شادی و کامەرانی و رابواردنی پادشای شێواندبوو. ئەویش بریتی بوو لە راپەڕینی مەردازایانی بەجەرگ و خەباتگێری ئازەربایجان. بەتایبەت خەباتکارانی گیانفیدای تەورێز. وەکوو ئاشکرایە ئێمە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەم ترس و دلەڕاوکەیەی شا چەند دروست و بەجێ بووە.[١]

---

١- مەلیکوششوعەرای بەهار، گەورەترین شاعیری هاوچەرخ، کە لە ئافی لاویرا سەرێکی پرشۆر و دلێکی کەیلی خۆشەویستیی بووە بۆ نیشتمان، لە قۆناخی کامرەوایی محەممەدعەلیشادا قەسیدەیەکی زۆر پاراوی «موستەزاد»ی هۆنیوەتەوە کە لێرەدا چەند بەیتێکی دەنووسینەوە:

باسی ئازادی لەگەل شاهی وەتەن رەوتی خەتایە
نیشی ئێرانی هەمووی هەر بە دەس و پەنجەی خوایە
رێگە و مەزهەبی شا خۆ بەتەنی ئاق و جودایە
نیشی ئێرانی هەمووی هەر بە دەس و پەنجەیی خوایە
شێخ و داروغەیی مە و شای وەتەن و میری مە مەستن
سەرلەبەر رۆیی ولات و هەموویان پیالە بە دەستن
لە دەس ئەم تیپە سیامەستە لە گش لاوە هەرایە
نیشی ئێرانی هەمووی هەر بە دەس و پەنجەیی خوایە
هەموو دەم دێت و دەچێت و دەخورێت و دەگورێت
ئاوی دەریایی زولم تیژە هەتاوان دەبڕێت
گەلە تیماوە گەمیی گیرە لە گێژاوی بەلایە
نیشی ئێرانی هەمووی هەر بە دەس و پەنجەیی خوایە

«بڕ: مێژووی حیزبە سیاسییەکان، نووسینی مەلیکوششوعەرای بەهار»

**تەورێز، شاری قارەمان**

لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد کە خەڵکی ئازارچێشتووی کرمان لە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی‌دا پێشەنگ بوون و دوای کوژرانی ناسرەددین‌شا بە دەست کەسێکی کرمانی، کۆمەڵێک ڕۆڵەی ئازا و گیانفیدای ئەو شارە قارەمانە دژی زوڵم و دەستدرێژییەکانی ڕوکنوددەولە وەخۆکەوتوون و چلۆن سەرەنجام بە چنگ محەممەدعەلی‌میرزای جێنشینی‌شا لەو ڕۆژگاری‌دا، شەکراوی شەهیدبوونیان نۆشیوە و لەپێناو بیر و باوەڕ و ئامانجی پیرۆزی خۆیان‌دا گیانیان بەخت کردووە. ئەم پیاوە بەجەرگانە، یانی حاجی شێخ ئەحمەدی ڕووحی، میرزا ئاقاخانی کرمانی و میرزا خەبیروددەولە دەبێ بە پێشڕەوانی شۆڕشی ئارام و گۆڕانی سیستمی سیاسیی ئێران دابندرێن.

دوای کرمان، تاران وەخۆکەوت و مەچەکی لێ هەڵماڵی و وەکوو باسمان کرد، بە خوێنی لاوان و ڕۆڵە بوێرەکانی توانی نەمامی ئازادی بدێرێ. هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی تاران، لە چەند شارستانێکیش‌دا جموجووڵ و شێوەیەک چالاکی وەبەرچاو دەهات کە لە هەمووان گرینگتر جووڵانەوەی خەڵکی دلێری تەورێز و ئازادیخوازانی ڕەشت بوو.

ئەوەی ڕاستی بێ تەورێز کە چەند ساڵێک جێگرەوەی‌میری لە کۆشی خۆی‌دا پەروەردە کردبوو، وەک دووهەمین پان ڕەنگە یەکەمین ئامانجی محەممەدعەلی‌شا بۆ سەرکوتکردنی ئازادی و ئازادیخوازی وەبەرچاو گیرابوو. لەو شارەش‌دا وەکوو تاران، کۆمەڵێک مەلای کۆنەپەرست و تاقمێک مرۆڤی دژی ئازادی شان‌بەشانی هێزەکانی حکوومەتی بە سەرکردایەتیی ڕەحیمخان و دەستەیەک لە ئەفسەرانی ڕووسی بیوونە بەرهەڵستێکی یەکگرتووی بەهێز دژی ئازادیخوازان. ڕۆژی دووهەمی مانگی پووشپەڕ کە ئازادیخوازان و خەنیمانی ئازادی لە تاران پێکداهاتن و تێکهەڵچوون و مەچەکەیان لە یەکتر ئەنگاوت و هێزی ئازادیخوازان گەلێکیان شەڵاڵی خوێن کران. لە تەورێزیش شەڕ و پێکدادان قەوما. هێزەکانی حکوومەتی و مەلا کۆنەپەرستەکانی و داروودەستە و لایەنگرانیان، کە لە گەڕەکی «دەوەچی»[1]، «سورخاب»، «باغمیشە» و «شەشکەڵان» بنەیان داکوتابوو، لەگەڵ

١- وشترەوان

هێزەکانی نەتەوەپەروەران و مەشرووتەخوازانی تەورێز کە لە گەڕەکی خەیابان[1]، ئەمیرخیز و نۆبەرە کۆ ببوونەوە، تێکهەڵچوون و هێزەکانی خەنیمی ئازادی بە سەریاندا دان. لە سەرۆکانی خەباتکاران، سەتارخان و هاوڕێیانی لە گەڕەکی ئەمیرخیز و باقرخان و خەباتکارانی گەڕەکی خەیابان و نۆبەرە لە تاخی خەیابان سەنگەریان دابەستبوو.

سەربازانی ڕەحیمخان لە دەرەوەی شار و لەسەر گردەکانی گەڕەکی «دەوەچی»را تەقەیان دەکرد و پێیان وابوو کە بە دووسێ کاتژمێران، بەرەنگاربوونەوەی ئازادیخوازانی خەباتکار تێکدەشکێنن. لە لایەکی دیکەوە گەیشتنی تەلگرافی محەممەدعەلی‌شا لە تارانەوە بۆ میرهاشمی دەوەچی، سەردەستەی مەلا کۆنەپەرستەکان، ئەوەندەی دیکەی ورە وەبەر هێزەکانی خەنیمی ئازادی نا و لایان وابوو چونکە تارانی قارەمان بە چۆکدا هاتووە، تەورێزیش بە هاسانی پێشل دەبێ و دەست بەردەداتەوە.

دەقی تەلگرافەکەی محەممەدعەلی‌شا کە ڕۆژی دووهەم یان سێیەمی تۆپبارانەکەی پارلمان گەیوەتە تەورێز، ئاوا نووسراوە:

«بەڕێزی پاک و بێگەردی ئاڵاهەڵگری شەریعەت ڕێزدار میرهاشم‌ئاغا ــ خوای مەزن بتپارێزێ ــ بەوپەڕی دەسەڵاتەوە، سەرکەوتنم بە دەستەوە هات، تەواوی ئاژاوەگێرانم گرتن. سەید عەبدوڵلام[2] دوورخستەوە بۆ خوراسان. مەلیکولموتەکەللیمین و میرزا جانگیرم سزا دان. هەرچی ئاژاوەگێرن گیراون؛ ئێوەش بە تەواوی هێز و تواناوە بە گژ ئاژاوەگێراندا بچنەوە و هەر وەختایەک داوام لێ بکەن، ئامادەم کە یاریدەتان بدەم. چاوەڕوانی وڵامم. سڵاوم هەیە بۆ مامۆستایانی ئایینی، خودا ئاگای لێیان بێ. پێویستە کە دەقی ئەم تەلگرافە بە مامۆستایانیش نیشان بدەی. محەممەدعەلی‌شای قاجار.»[3]

---

١- گەڕەکی سەرشەقام
٢- سەید عەبدوڵڵای تەباتەبایی
٣- مێژووی مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، بەشی ٣، لاپەرە ٦٧٦.

بەپێچەوانەی بۆچوونی هێزە سەرکوتکەرەکان، بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی ئازایانەی خەباتکارانی تەورێز چەند حەوتوویەکی درێژە کێشا و تەنانەت دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگای تەورێزیش لێکهەڵوەشا و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە ترسی گیان و سامانی خۆیان، کە شرەخۆران و لات و شەلاتی «دەوەچی» و سەربازانی حکوومەتی هەرەشە بوون لە سەریان و پەنایان بردبوویە بەر کۆنسوولخانەی فەرانسە و رووسیا، دیسانیش بەربەرەکانیی ئازادیخوازان درێژەی کێشا. تەنانەت لەو کاتەدا کە ئاگری کوانووی بەرەنگاریی خەباتکاران لە چەند گەڕەکێکی شار رۆدەمرکا و رەحیمخان دەیهەویست کە بچێتە نێو شار و دەست بە سەر مەتەریزەکانی خەباتکاراندا بگرێ، مەردازایەکی وەکوو سەتارخانی سەر لەپێناو، بە توندوتۆڵی چەکی لەسەر دەستان دەسووراند و لە حاند دەسرێژیی دوژمندا کۆڵی نەدەدا. لە گەرمەی شەڕەکەدا دەستەیەک خەباتکاری قەفقازی و تاقمێک پیاوی دەسکەرەوەی تەورێز وەکوو حوسێن باغبان و حاجی شێخ عەلیئەسغەر و میرکەریم لە گەڕەکی ئەمیرخیز و قەڵای حکوومەتی و مزگەوتی سەمسامخان وەفاداری سەتارخان بوون و شانبەشانی لە بەرەی بەرەنگاریدا راوەستابوون.

چوونی سەرکەوتووانەی رەحیمخان بۆ نێو شار کە دوای ۱۸ رۆژ تێکهەڵچوون لەگەڵ خەباتکاران دەستی دا، هیچ شوێنێکی نەکردە سەر وڕە و لێبڕانی سەتارخان و هاوڕێیانی و درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا. سەتارخان و یارانی و کۆمەڵێک ئازادیخوازی وەکوو عەلی میسیو، حاجی میرزا عەلینەقی گەنجەیی، حاجی محەممەدی باڵا و کەربەلایی حوسێن فشەنگچی لە مەتەریزی بەربەرەکانیدا چەقیبوون. کاتێک قۆشەنی حکوومەتی گەیشتە نێو شار و پێی وابوو سەرکەوتنی مسۆگەرە و هەموو شتێک یەکلایی بۆتەوە، بەرخۆدانی سەتارخان و ئازادیخوازانی بە هێند دانەنا؛ بەڵام کۆمەڵێک ویشکەمەلای کۆنەپەرست بێبڕانەوە فتوایان دەدا و رایاندەگەیاند کە مەشرووتەخوازان لە دین دەرچوون و ئاوا هانی لات و چەقۆکێش و شرەخۆرانیان دەدا هەتا هەڵکوتنە سەر ماڵ و سامانی ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەران و دایانرووتێنن و پشت لە ئازار و ئەشکەنجەیان نەکەنەوە.[1]

---

۱- ئەحمەد کەسرەوی لە کتێبی مێژووی مەشرووتەی ئێراندا، بە دووروودرێژی باسی رووداوە دڵتەزێنەکانی چەند هەفتە بەرخۆدانی شکۆمەندی دلێران و پاڵەوانانی تەورێزی←

بەرخۆدانی دلێرانەی سەتارخان و یارانی کە لەسەر تەوەرەی گەڵاڵە و تەگبیر و وریایی هەڵدەسوورا، میرهەرێمی ئازەربایجان و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی بە سەر ناهومێدی‌دا خست. هەر لەم سەروبەندەدا عەینوددەولە وەکوو سپاسالاری گشتیی هێزەکانی ئازەربایجان و ئەسروسسەتتەنەی سپادار وەکوو سەرلەشکری قۆشەنی ئازەربایجان بە خۆیان و هێزێکی گەورە و گرانەوە بەرەو تەورێز ئاژاوتیان، عەینوددەولە بەرلەوەی بگاتە تەورێز چەند نوێنەر و کەیخودایەکی بە مەبەستی دیدار و گوفتوگۆ لەگەڵ سەتارخان و سەرکردەی ئازادیخوازان ناربوویە تەورێز (ڕۆژی ١٢ی ڕەجەبی ١٣٢٦ی ک). هەر لەو ڕۆژانەدا وردەتێکهەڵچوونێک لە شاری تەورێز لە نێوان ئازادیخوازان و بەرەی دژی ئازادی‌دا دەقەوما.

محەممەدعەلی‌شا کە لای وابوو ڕەحیمخان و شوجاع نیزام و ملهورانی دیکە لەگەڵ هێزەکانی بەرفەرمانیان شۆڕشی تەورێزیان بۆ دادەمرکێ، بۆی روون بۆوە کە لەخۆوە پالی بە هیوایەکی ئاواوە داوە، بۆیە دەسەڵاتی تەواوی دایە عەینوددەولە و لەگەڵ ئەسروسسەتتەنەی سپادار و قۆشەنێکی گەورە و گران، بە مەبەستی شکاندنی بەرەنگاری ناردبوویە ئازەربایجان. عەینوددەولە پاش ئەوەی گەیشتە دەوروبەری شار، جارێکی دیکەش چەند کەیخودایەکی بۆ وتووێژ ناردن بۆ لای سەتارخان و باقرخان و خەباتکارانی دیکە. عەینوددەولە دەیهەویست بە دیدار و وتووێژ و هاویشتنی هەنگاوی هێمنانە دەسەڵاتی بە سەر خەباتکاران‌دا بشکێتەوە و هەڵیانبێچێ هەتا سەر وەبەر حکوومەتی زۆرەملی و سەرەڕۆ بێنن و هەروەها دیدار و دانیشتنەکان هێندە درێژە پێ بدا، هەتا هێزەکانی نێردراوی پایتەخت بگەنە تەورێز. کەسرەوی سەبارەت بەم ڕۆژانە نووسیویەتی:

«بەکورتی و پوختی عەینوددەولە بە فێڵەبازی دەجوولایەوە و پێشنیاری دەکرد کە تەورێزی هەموو چەکوچۆڵی خۆیان ڕادەستی ئەو بکەن و بە خاکەڕایی لەگەڵ پادشا تێکەون و داوای لێبووردنی لێ بکەن. پاشان دڵی دەدانەوە و دەیگوت ئەگەر بێتوو وا بکەن، ئەویش سەرلەنوێ مەشرووتە لە شا وەردەگرێتەوە بۆ خەڵک. لە درێـژەی قسـەکانی‌دا پەیتاپـەیتا باسـی دڵنـەرمیی میرانـەی دەکـرد و دەیگـوت محەممەدعەلی‌شا بۆ جەماوەری وڵاتەکەی پیاوێکی دڵسۆز و دڵۆوانە. تەورێزی لە

---

کردووە لە هەمبەر هێزەکانی خەنیمی ئازادی‌دا. خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەنرخە بۆ هەموو کەس پێویست و بەقازانجە.

ولامی‌دا دەیانگوت: مەشرووتە دوو ساڵ لێرەوبەر وەرگیراوە و کەس ڕێی ناکەوێ کە تێیدابەرێ و چونکە محەممەدعەلی‌شا یاسای بنەڕەتیی ولاتی پێشێل کردووە و پارلمانی تێکداوە، ئێمە ئەوەندە خۆڕادەگرین کە ناچار بێ پارلمان بکاتەوە. دەیانگوت: ئەگەر عەینوددەولە میرهەرێم و حوکمرانێکی یاسایی‌یە، دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا شوجاع نیزام و زەرغام و ڕەحیمخان و ئەوانەی دیکە بگرێ و بیانداتە دەست دادگا، چونکە ئەو تاقمە بە سەر تەورێزیان‌دا داوە و بە کوشتار و تالان شارەکەیان شێواندووە. ئەگەر عەینوددەولە ئەو داوایەمان جێبەجێ نەکا ئێمەش ڕەگەلی ناکەوین.»

ولامی مەردازایانی تەورێز بە پەیام و ڕاسپاردەکانی عەینوددەولە ڕوونی کردەوە کە خەباتکاران هەتا سەرکەوتنی یەکجارەکی دەست لە بەربەرەکانی و بەرخۆدان هەلناگرن و ڕووداوەکانی دواتر ئەم بۆچوونەیان سەلماند. شاری قارەمانی تەورێز هێندەی ئالای خەبات دژی حکوومەتی ملهوڕانەی لەسەر شانی دانا و داینەنا هەتا دامودەزگای محەممەدعەلی‌شا لە ئاست ویستی پتەوی خەلک‌دا خۆی بۆ ڕانەگیرا و دارما.

**یاریدەدرانی ئازادیخوازان لە دەرەوەڕا**

پێشتر باسمان کرد کە لە گەرمەی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی‌دا، چەندین کۆڕ و کۆمەلی ئازادیخوازی قەفقاز و ئیستانبوول ئەوەندەی دەستیان دەڕۆیی یاریدەی ئازادیخوازانی ئێرانیان دا. چونکە لەو کاتەدا جوولانەوەی ئازادیخوازی دژی دامودەزگای دەسەلاتی داپلۆسێنەری سولتان عەبدولحەمیدی دووهەم لە ولاتی عوسمانی‌دا توانیبووی پەدی بێ و بزووتنەوەی خەنیمانی دەسەلاتی بێبەرگیرەوەی قەیسەر لە سەرتاسەری ڕووسیا، بەتایبەت لە تفلیس و باکۆ و ئێرەوان دەستی پێکردبوو. وەکوو ئاشکرایە گەلانی ئێرانی و عوسمانی و ڕووسیا کەوتبوونە سەر ڕێبازی بزووتنەوەیەک کە ئاکامەکەی بۆ هەرسێکیان کەموزۆر و بە تۆزێک جیاوازییەوە، یەکسان بوو.

دەستەیەک ئازادیخوازی کۆچەر لە ئیستانبوول «ئەنجومەنی سەعادەتی ئێران»یان[1] پێکهێنا و بە ڕێکخستنی کەسانێکی ئێرانی و نائێرانیی مەشرووتەخواز.

---

١- «ئەنجومەنی بەختەوەریی ئێران».

توانییان کە زۆر چاک یاریدەی ئامانجی ئازادیخوازانی ئێرانی بدەن. وەکوو لە سەرەتای بەشی پێشوودا گوتمان، چونکە چەند مانگ پاش سەقامگیربوونی سیستمی مەشرووتە لە ئێراندا. عوسمانیش ئەم ڕەوتەی گرتەبەر. لەوی بە دواوە ئەنجومەنی سەعادەت بە ئازادییەکی زیاترەوە پەرەی بە پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕشگێرانی ئازەربایجان و زانایانی ڕووناکبیری نەجەف و کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆژنامەوانیی دنیا دەدا و ئەم کارانە بیوونە مایەی دڵگەرمیی خەباتکاران و دلێرانی ئازەربایجان. بەپێی نووسینی کەسرەوی، ئەنجومەنی سەعادەت وای خۆی دارشت و هێزی وەبەرهات کە ئەرفەعوددەولەی باڵوێزی ئێران لە ئیستانبووڵ، کە یەکێک بوو لە گەورەترین دوژمنانی مەشرووتە، لە ترسان بیوو بە مەشرووتەخواز و داواکارییەکانی ئەنجومەنی قبووڵ کرد و تەنانەت سیهەزار «مەنات»ی ڕووسیی وەکوو یارمەتی نارد بۆ تەورێز.

دەوری ئەرمەنییەکانیش لە شۆڕشی ئێراندا جێگای سەرنجە. لە مەودای سالانی ١٨٩٢ ـ ١٨٩٣ لە شاری «ژنێڤ»ی سویس (سویسرا)، ڕۆژنامەیەک بە ناوی «درۆشاک» بە زمانی ئەرمەنی بلاوکرایەوە کە زمانحالی ڕێکخراوی سۆسیالیست ناسیۆنالی ئەرمەنی بوو بە ناوی «داشناک» واتە یەکیەتی و یەکگرتن. ئەم ڕێکخراوەیە بە هەوڵ و تێکۆشانی کریستۆفێر میکائیلیان لە شاری تفلیس بناغەی داندرا. ئەو کەسانەی کە ڕۆژنامەکەیان بلاو دەکردەوە و هەرکام بە شێوەیەک هەولیان دەدا تاکوو گەشە بکا و بمێنی. ناوبانگیان بە «درۆشاکیست» رۆیی.

ئامانجی سەرەکیی «داشناک» خەبات بوو بە مەبەستی ڕزگاربوون لە چنگ زەبروزەنگ و چەوسێندرانەوە بە دەست کاربەدەستانی حکوومەتی پاوانخواز و ملهوڕی عوسمانی کە بەوپەڕی دلڕەقی و بێبەزەیی ئەرمەنییەکانی خاکی ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچووکیان قەڵتوبڕ دەکردن و ماڵ و سامانیان بە تالان دەبردن. هێندەی پێنەچوو کە چالاکی و کاری داشناک پەرەی گرت و بەرەبەرە هەتا ناوچە ئەرمەنینشینەکانی قەفقاز و ئازەربایجانی ئێرانیش پەلی هاویشت.[١]

---

١- دوکتۆر ئاوانس حەقنەزەریان، مامۆستای بەڕێزی زانستگای تاران، کۆمەڵێک زانیاریی سەبارەت بە ڕۆژنامەی درۆشاک و داشناک نایە بەردەستم، کە سپاسی دەکەم.

لێرەدا دەچینە سەر بابەتێک کە «و. تێریا»ی نووسەری رووس سەبارەت بە هاوکاریی خەباتکارانی مسولمانی قەفقاز لەگەڵ نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازانی ئێران نووسیویەتی:

«لەم کاتەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆرشی ئێران و شۆرشگێرانی تەوریز، چەند نوێنەرێک دەنێرنە ئەنجومەنی ناوچەی سۆسیال دیموکراتەکانی کرێکارانی قەفقاز و داوای یارمەتییان لێ دەکەن. کرێکارانی سۆسیال دیموکرات، پێش بڵاوبوونەوەی بڕیارنامەی لیژنەی ناوچەیی[1]، گوتیان ساز و تەیارن کە بەرەو ئێران بیزوون. ئەنجومەنی ناوچەی [تفلیس] بە وەبەرچاو گرتنی بیروبۆچوونی گشتیی کرێکاران، لێرا هەتا خۆوەربداتە نێو کاروباری ئێران و بڕیارنامەیەکی ئەوتۆی بڵاو کردەوە:

١- پێویستە کە ڕێکخراوی خۆجێیی و ئەو کەسانەی خاوەنی پێشینەی سەربازین لەگەڵ پسپۆران و پیاوانی شارەزا و بەئەزموونی بواری سەربازی خۆیان ئامادە بکەن.

٢- ئەم سپایە بەو چەکوچۆڵەی وەکوو بۆمب و تەفەنگ و هەر شتێکی دیکە کە ڕێکخراو دەستی پێی ڕادەگا تەیار دەکرێ و دەکرێتە چەند لق و پەلێک و بە جودا دەنێردرێتە ئێران.»

یەکەم دەستەی سۆسیال دیموکراتەکان لە تفلیسەوە بە سواری شەمەندەفەر نێردرانە «جولفا»ی سنووری ئێران و بەوپەڕی پارێز و بە شێوەیەکی نهێنی لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە.[2] تێپەڕین بەم ناوچەیەدا لەبەر هەڵسووڕانی سیخوڕانی قەیسەری یەکجار دژوار بوو. هەر بۆیە بە مەبەستی چوونە تەوریز ڕێگای شاخوداخیان گرتەبەر. تەواوی ڕێگاکە کەوتبووە ژێر چاوەدێریی لایەنگرانی حکوومەتی زۆرەملی؛ بەڵام دیسانیش ئەم دەستەیە خۆیان گەیاندە تەوریز و لە ژێر ئاڵای سەتارخاندا شەڕی قارەمانانەیان کرد.

لێرە بۆ یەکەم جار نارنجۆک کاری پێکراوە و هاوێژراوە. تەقینەوەی نارنجۆکان بوونە هۆی کوژرانی تاقمێکی زۆری دوژمنانی خەڵکی ئێران و لایەنگرانی سەرەڕۆیی زراویان چوو. ئەو زاڵمانەی کە گەیبوونە گیانەڵڵا، تووکیان لەو

١- مەبەست لیژنەی ناوچەی تفلیسە.

٢- کەسرەوی نووسیویەتی کە سەت کەس و هەموشیان گورجی بوون.

گورجییانە دەکرد کە لە قەفقازەوە هاتبوون و «هەورەبریسکە»یان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئێرانی پێشتر بە بوونی تەقەمەنییان نەدەزانی.

لە یەکەمین تێکهەڵچوونی تەورێزدا، چەند کەس لە سۆسیال دیموکراتەکانی قەفقاز تێداچوون. ئەوانەی کە بە دیل گیرابوون بە ئەشکەنجەی کارەساتباری دڵتەزێن کوژران. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ خەباتکارێکی زیاتری قەفقازی دەهاتن بۆ ئێران.

لیژنەی ناوچەی قەفقاز کەسێکی بۆ سەرکردایەتیی سۆسیال دیموکراتەکانی قەفقاز، نارد کە چووبوونە تەورێز. لەم کاتەدا ۲۲ کەس لە سۆسیال دیموکراتەکانی قەفقاز گەیشتنە تەورێز.[1] ئەمانە کە چل تفەنگی بەردانک و نێزیکەی پەنجا نارنجۆکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بە پێیان مەودای ئەو ۳۰۰ کیلۆمیترەیان بڕی کە لە ژێر چاوەدێریی هێزی خەنیمانی سەرەڕۆدا بوو.

مانگی دیسامبری ۱۹۰۸ لە جەنگەی تێکهەڵچوون لەگەڵ کۆنەپەرستاندا، بێجگە لە چەند کەسێکی تەورێزی، پێنج کەس لە سۆسیال دیموکراتەکانی قەفقازیش کوژران. لە شەڕ و لێکدانەکانی «سوفیان»یشدا[2]. حەوت کەس لە سۆسیال دیموکراتەکان پاش بە دیلگیران و ئەشکەنجەدرانێکی تاڵ و تاقەتپڕووکێن، دەسووتێندرێن. سەرجەم ۲۲ کەسیان کوژران و ژمارەیەکی بەرچاویشیان برینداربوون. پۆلێکیش دوای گیران دوورخرانەوە بۆ تاراوگەی سیبیریا.»

«و. تێریا» لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ:

«لێرەدا بەڕاستی ناکرێ کە باسی متەق لە خۆبڕین و بێدەنگبوونی پەستانەی نوێنەرانی سیاسیی ئورووپا نەکرێ.[3] ئەمانە نەک هەر تەنیا دژی شاڵاوی دڕندانەی هێزەکانی قەیسەری لە ئێران بێ هەڵوێست بوون، بەڵکوو ئەوەندەش کە بۆیان کرا، ڕاستییەکانیان ئاوەژوو کردەوە. لەم ماوەیەدا دەستەی سۆسیال دیموکراتەکانی قەفقاز بە سەرکردایەتیی لیژنەی ناوچەی قەفقاز بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیی. چەند کەسێکی شۆڕشگێڕ خۆیان گەیاندە شاری ڕەشت و لە ماڵی دوو خانی برا خۆیان

---

۱- کەسرەوی ویڕای ئەوەی کە پێی لێ دەنێ بە دەقی کتێبی نووسەرانی ڕووسیدا چۆتەوە و کۆمەڵێک زانیاریی سەبارەت بە یارمەتییەکانی خەڵکی قەفقازی بۆ ئێران لەوانەوە خواستۆتەوە، سەبارەت بە چوونی ئەو ۲۲ کەس خەباتکارە دەڵێ: «گۆیا ئەمانە هەر ئەو کەسانەن کە نێردراونە گیلان. ئێمە ئاگامان لێ نییە هاتبنە تەورێز.»

۲- سۆفیان شارۆچکەیەکە لە نێوان تەورێز و مەرەند.

۳- باسی نوێنەرانی سیاسیی ئورووپا لە تاران دەکا.

شاردەوە. ئەم دوو برایە لەبەر دوژمنایەتی لەگەڵ پادشا چووبوونە پاڵ ریزی شۆرشگێرانەوە. رۆژی ٢٥ی ژانوییەی ساڵی ١٩٠٩، کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ژێر چاوەدێریی سۆسیال دیموکراتەکان لە ماڵی خانەکان ئەنجام درا. لەم کۆبوونەوەیەدا چەند درۆشاکیستی وەکوو «یەفریم»یش بەشدار بوون.»

مرۆڤ کاتێک ئەم نووسراوانەی سەرەوە دەخوێنێتەوە کە سەید ئەحمەد کەسرەوی و چەند نووسەرێکی دیکەی مێژووی مەشرووتەی ئێران وەبالیان لەسەر کێشاون، ئەم راستەقینەیەی بۆ روون دەبێتە و بۆ هەموو کەسێکی دڵئاوێنەی ئاشقەئاشتی دەردەکەوێ کە رێگای گەلان هەموویان هەر یەکن و تەنیا دەوڵەتان و دەسەڵاتداران رێگای چەپەوانە هەڵدەبژێرن و بە رەوگەی وادا دەرۆن کە دژ بە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلانی جیهانە. لەم پەیوەندییەدا مەزنەخواناسی گەورەی ئێران مەولانا «مەولەوی»ی بەلخی دەڵێ:

گیانی گورگان و سەگان لێکتر جودا ‏ ‏ ‏ ‏ ‏ ‏ پێکەوەن وا گیانی شێرانی خودا

لووتکەی دەسەڵات لە رووسیای قەیسەری دەیهەوێ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێران، کە تەنیا بۆ رزگاربوون لە چنگ زوڵم و زۆریی دەسەڵاتداران بەدی هاتووە، سەرکوت بکا. سولتان عەبدولحەمیدی سولتانی ملهور و بەفیز و دەماری عوسمانی، دێتە یاریدەی محەممەدعەلیشا و هێز دەنێرێتە سنوورەکانی ئێران. بەڵام هەر لەو گەرمەی هەرایەدا، پیاوانی لەخۆبووردوو، بێئەوەی گوێ بدەنە وڵات و رەگەز و دینی خۆیان. ئەدیو و ئەناسیو پاڵەوپاڵی یەکتر رادەوەستن و یەکانگیر دەبن. مسوڵمانانی قەفقازی و ئەرمەنی، ئێرەوانی و ئێرانی و خەباتکارانی بوێری ئازەربایجانی و گیلانی شانبەشانی یەکتر لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەجەنگن و گیانی خۆیان بەخت دەکەن. ئەم راستەقینە پربایەخ و هێژایە زۆرجاران سوور بۆتەوە. «لۆرد بایرۆن»، شاعیری ناسکخەیاڵی ئینگلیسی چۆتە یاریدەی ئازادیخوازانی یۆنانی. «لافایات» و گەلێک بەرزەوەجاخی دیکەی فەرانسەوی بەشداری خەباتی گەلی ئەمریکا دەبن کە دژی وڵاتی داگیرکەر و بەکۆیلەبەری بریتانیا رادەپەرن. هەزاران نموونەی دیکەی ئەم شێوە هاودەردییەی گەلان پێکەوە لەسەر رووپەری مێژووی دنیا دەنەخشێ. بەڵام

دیسانیش دەسەڵاتدارانی هەرە باڵا نایانهەوێ یان ناتوانن کە لەم ڕاستەقینە ڕوون و ئاشکرایە حاڵی بین و تێیبگەن.

## پەیمانشکاندنی محەممەدعەلیشا

دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری ئەگەرچی دانی بە سیستمی مەشرووتەی ئێراندا هێنابوو، بەڵام بۆ پشتیوانی کردن لە محەممەدعەلیشا و بە بیانووی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو ناوچانەدا کە بەپێی پەیمانی خەیانەتکارانەی ١٩٠٧، توانیبووی لە بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی باکووری و ناوەندیی ئێران وەدەستی بێنێ، بەکردەوە لە شەڕی نێوان خەباتکارانی ئازای تەوریز و حکوومەتی پاوانخوازی ملهوڕی شاهانەدا، بە لای کۆنەپەرستان و کەڵەزەرانی ئازەربایجانیدا کەوتبوو. وەکوو ئاشکرایە ئینگلستان کە لەبەر پاریدەدانی ڕووسیای قەیسەری لە ئێراندا، لەبەرچاوی تەواو خەڵک، بەتایبەت نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان ڕەش ببوو. بە باری سیاسیدا دنەی پادشای دەدا کە ڕێ بۆ هەڵبژاردنێکی تازە و کرانەوەی پارلمان خۆش بکا و لەم ڕەوتەدا جۆرێک خۆی بنوێنێ کە جارێکی دیکە خەڵکی ساویلکە پێیان وابێ بریتانیا پشتیوانە بۆ سیستمی مەشرووتە و بۆ ئازادی.

هەوڵ و هەڵسووڕانی هاوبەشی سیاسیی ڕووس و ئینگلیس لە گەرمەی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی تەوریزدا دەستی پێکرد و نوێنەرانی ئەو دوو دەوڵەتە لە تاران، تێنیان بۆ محەممەدعەلیشا هێنا هەتا پارلمان بکاتەوە. دوکتور مەلیکزادە دەنووسێ:

«*ڕاپۆرتی چرچیل لە تارانەوە بۆ وەزیری دەرەوەی ئینگلستان*: بەپێی فەرمانی ئێوە ئەمڕۆ لەگەڵ بەڕێز بارناقسکی چوومە باغیشا. لە مەودای ڕێگادا ئەو یادداشتەم نیشانی بارناقسکی دا کە قەرار بوو بدرێ بە شا و ئەویش پێی ڕازی بوو. هەر کە گەیشتینە لای شا، ڕێزدار بارناقسکی ڕاسپاردەی باڵوێزخانەکانی پێڕاگەیاند. شا لە وڵامدا گوتی: دەوڵەتەکانی خۆتان دڵنیا بکەنەوە کە من بە کرانەوەی پارلمان ڕازیم و ئەو کارەی لە پێشوودا کردوومە دژی گۆڕانخوازان و ئەنجومەنەکان و چەپەڵکاران بووە بەگشتی و مەبەستم پاراستنی مەشرووتەیە کە خۆم یاساکەیم واژۆ کردووە.»

تین و تەوژم و کۆمەڵێک پەیام و ڕاسپاردەی سیاسی و ترس و تۆقین لە شکانی هێزەکانی حکوومەتی لە تەوریز وایان لە محەممەدعەلیشا کرد هەتا

جارێکی دیکە پەنا بەرێتەوە بەر فێڵوفرت. هەڵسوکەوتی شا و هەڵوێستەکانی لای هیچکەس شاراوە نەبوون. هەموو دەیانزانی ئەو کەسەی بتوانێ سوێندی بە قورئان بشکێنێ، زۆر بە هاسانی دەتوانێ خۆ لە پەیمان و مۆر و ئیمزای بدزێتەوە؛ بەڵام دیسانیش نووسراوی دەقی دەستخەتی شاهانە لە مانگی شابانی ۱۳۲٦ کۆچیدا، جارێکی دیکە دەلاقەیەکی ئومێدی بەرەورووی دڵی ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەراندا کردەوە و بەتایبەت ئەم ترووسکەیە لە تاران کە هەموو بارە قورسەکەی حکوومەتی ملهورانەی کەوتبوویە سەر شانی، رەنگی دایەوە.

لێرەدا دەچینە سەر دەقی دەستخەتی محەممەدعەلیشا:

«جەنابی سەرۆکوەزیرا پاش ئەوەی کە دەوڵەت لەبەر سەقامگیربوونی بارودۆخێکی رێکوپێک لە وڵاتدا و بۆ رێگرتن لە چەپەڵکاران و ئەنجومەنەکان و کەسانی لادین، کە خەڵکیان ئازار دەدا، پارلمانی هەڵوەشاندەوە، ئێمە بەڵێنیمان دا کە دوای هێوربوونەوەی بارودۆخەکە و برانەوەی خاشەی گۆرانخوازان و ئەنجومەنەکان و سەقامگیربوونەوەی تەناهی و رۆمرکانەوەی جەماوەر، پارلمانێک پێکبێنین کە یاساکانی لەگەڵ هەلومەرجی وڵات و رێوشوێن و رێسا پیرۆزەکانی ئیسلام یەکتر بگرێتەوە و ببێتە پشتیوان و پەرەپێدەری دادپەروەری. بۆیەمان وا کرد هەتا باڵ بە سەر تەواوی چین و توێژی رعیتەکانی خۆمان بکێشین کە خودای مەزن بە ئێمەی ئەسپاردوون ئاگامان لێیان بێ و لە ئاشتی و ئاسوودەییدا بژین و تێکدەران قەڵتوبڕ بکەین و ببینە پارێزەری دینی پیرۆزی ئیسلام کە یەکەمین ئەرکی سەر شانمانە. تەنانەت هەر ئەمەشمان بە تەواوی نوێنەرانی وڵاتانی دۆست راگەیاندووە. ئێستا کە وەختی دامەزرانەوەی پارلمان نیزیک بۆتەوە، لە گوێی ئێوەی بەرێز دەسرەوێنین کە پێویستە پارلمان بەپێی کۆمەڵێک مەرجی دیاریکراو و سنووردار و بەگوێرەی هەلومەرجی وڵات

پێک بێ و یاساکانی لەسەر بنەمای شەرعی ڕووناکیدەری ئیسلام دابڕێژرێن و بەر بە ئاژاوە بگری. ئێمە ڕۆژی ١٩ی مانگی شەشەکان کۆبوونەوە بە پارلمان دەکەین؛ هەر بۆیە بە تەواوی خەڵکی وڵات و هەموو چین و توێژی ڕعیتان ڕادەگەیەنین کە چونکە خودا خودی ئێمەی پیرۆزی کردوّتە پارێزەری گەل و نیشتمان و تاج و تەخت و مەزهەب و ئێمەش دەمانهەوێ کە ڕێبازی دادپەروەرانەی پێغەمبەر ڕەچاو بکەین، دەستوور دەدەم بە خەڵک و حوکمیان لێدەکەم کە دەبێ ئەندامانی پارلمان کەسانێکی بەدین بن. لە ڕێی ئەم پارلمانەوە کە بەپێی شەرع دەجووڵێتەوە، خەڵک دەحەسێتەوە و یاساکانی ئیسلام پارێزراو دەبن و بەرێوە دەچن و هەرا و ئاژاوەی ئەنجومەنەکان دەبڕێتەوە و خەڵک لە ژێر سێبەری بەسەرکردنەوەی ئێمەدا پشوو دەدەن. جا بۆیە دەستوور دەدەم بە ئێوە کە یاسای هەڵبژاردن و یاسای وڵات بەپێی شەرع دابڕێژن و بۆ سەرەتای مانگی شەشەکان ئامادەی بکەن تا هەردک مەجلیسەکە پێکبێن و ئاوا هەموو کەس ئەرکی سەر شانی خۆی بزانێ و کەس پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕانەکێشێ. بەڵام سەربزێوانی تەورێز هێندە تاوانبارن کە دەوڵەت ناتوانێ لەو لات و شەلاتانە خۆش بێ، هەر بۆیە بە هەموو لایەک ڕادەگەیەنین هەتا ئەو کاتەی کە تەورێز ئارام نەبێتەوە و سەربزێوان خاشەبڕ نەکرێن و خەڵکی ئەو شارە شەڕ و گەڕی ئەوانیان لە کۆڵ نەبێتەوە، نێوەرۆکی ئەم دەسخەتە تەورێز ناگرێتەوە. ٢٧ی شابانی ١٣٢٦، محەممەدعەلیشای قاجار.»[١]

---

١- مێژووی مەشرووتەی ئێران، دوکتۆر مەلیکزادە، بەرگی ٤، ل ١٩٢- ١٩٣.

محەممەدعەلی‌شا ئەم فەرمانەی نووسی و لە راستی‌دا پێی‌خۆش بوو کە پارلمانێکی قالۆر و بێ‌نیوەرۆک پێک بێ. هەروەک خۆی بەراشکاوی نووسیویەتی دەبێ ئەندامانی پارلمان هەموویان بریتی بن لە مەلاکانی سەر بە بارگای میری و مەزنان و کۆنەپەرستان و لایەنگرانی حکوومەتی پاوانخوازانەی زۆرەملی. هەتا بتوانی ئامانجە گڵاوەکانی خۆی و بۆ وێنە وەرگرتنی قەرز لە بێگانان درێژە پێ بدا و پارلمانیش بۆی بسەلمێنێ. کاتێک وەرگرتنی قەرز لە وڵاتانی وەکوو ئینگلیس و فەرانسە و بلژیک کە سەعدوددەولە دەڵاڵی بوو. هەرای ئایەوە و نەتەوەپەروەران و مەشرووتەخوازان و ئەنجومەنەکانی ئیشتمانی بە نامە و تەلگراف نارەزامەندیی خۆیان بە گوێی خەڵکی دنیا راگەیاند و ئەم هەڵوێستە لە رۆژنامەکان و کۆڕ و کۆمەڵانی ئیشتمانیی زۆربەی وڵاتانی جیهان‌دا رەنگی دایەوە. محەممەدعەلی‌شا کە لە حاند خۆراگریی ئازەربایجان و راپەڕینی خەباتکارانی گیلان و چالاکی و هەڵسووڕانی خێلی بەختیاری و خەباتکارانی فارس، ئیسفەهان، هەمەدان. قەزوین و کرماشان‌دا زۆر سەیر تێمابوو و بە چنگ بێ‌پوولییەوە دەناڵی، شانۆیەکی خەیانەتکارانەی تازەی گێڕا و دەستەی کۆمەڵێک مەلا و ئاخوندی کۆنەپەرستی دان هەتا فتوای حەرام‌بوونی مەشرووتە بدەن. پێشەنگی ئەم جووڵانەوەیە حاجی شێخ فەزلوڵڵای نووری، حاجی سەید ئەبولقاسمی ئیمام‌جومعە و زەهیرولئیسلام بوون. ئەمانە لە نامەیەک‌دا کە پێشکەشیان کرد بە خاکی بەر پێی وەکوو گەوهەری خاوەن‌شکۆی جێی هاوار و بانگی مسوڵمانان. بە یەکدەنگ گوتیان کە پارلمانی ئیشتمانی دژی ڕێ‌وشوێن و یاسا و رێساکانی ئیسلامە. محەممەدعەلی‌شا بۆ ئەوەی پیلانەکەی بیگرێ، لە رێی پیاوەکانی خۆیەوە تاقمێک لە بازرگانان و پیشەوەرانی هەڵخراندن هەتا دژی مەشرووتە و پارلمان بهاروو‌ژێن. کارگێری ئەم دیمەنە کۆمێدی ـ تراژیکە، یەکێک لە تاجرەکانی تاران بوو بە ناوی مەلیکوتتوججار.

دوکتۆر مەلیکزادە لەم بارەیەوە دەنووسێ:

«ئەم کۆمەڵەیان بردن بۆ تالارێکی کە شا لێی دانیشتبوو. مەلیکوتتوججار کە لە ریزی پێشەوە دەرۆیی و سەرۆکی تاجران بوو، هەر کە لە دوورەوە چاوی بە محەممەدعەلی‌شا کەوت ئەوە لەسەر تەختێکی زێرکفت پاڵی داوەتەوە. بە چۆک‌دا هات و دەستی بۆ لای درێژ کرد و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: ئەی خودایە لە

تاوانەکانمان خۆش بە! تاجرانی مەشرووتەخوا هێندە بەم کار و ئاکارەی ئەم پیاوە خوێرییە تێکچوون کە سەید مورتەزەوی بە دەنگێکی بەرز گوتی: هەی سەگباب!»

«ئەم تاقمە بە دەستی بەستراو بەرەوڕووی تەختی محەممەدعەلی‌شا ڕیزیان بەست و مەلیکوتتوججار ئەو وتارەی خوێندەوە کە پێشتر نووسیبووی. نێوەڕۆکی قسەکانی هێندەی مەرایی تێدابوو کە ئارەقەی شەرمی دەخستە سەر نێوچاوانی بیسەرەوە. هەرچی دژی مەشرووتە و یاسای بنەرەتی بوو بە دەمی‌دا هات و گوتی سەرلەبەری بازرگانان و کاسپکارانی تاران بڕوایان بە حکوومەتی گەلی و پارلمان نییە... . لەناکاو دەنگێک لە نێو ئەم کۆمەڵە خەڵکە بەرز بۆوە و گوتی قوربان ئەوەی بە خزمەتی موبارەکی ئێوەی ڕاگەیاند هەر قسەی خۆیەتی؛ گەلی ئێران مەشرووتەخوازە و لایەنگری مەشرووتەیە و ئەگەر کەسێک بەپێچەوانەی ئەمەی بە خزمەت ڕاگەیاندووی ڕاست ناکا. ئەمە دەنگی بازرگانێکی مەشرووتەخواز بوو بە ناوی میرزا ئەبولقاسمی ئیسفەهانی کە سەری خۆی لەسەر قسەکانی دانا. میرزا بەبێ ترس و تۆقین دەنگی ئازادیخوازانی ئێرانی گەیاندە بارگای میری... . محەممەدعەلی‌میرزا پاش خولەکێک تاسان و ڕامان وەخۆی هاتەوە و بۆ ئەوەی کە قسەکانی میرزا ئەبولقاسم لە دەرەوە ڕەنگ نەداتەوە، قسەکەی بە نەبیستراو دانا و چەند وشەیەکی بێسەرەوبەرەی بە دەمی‌دا هات کە خۆشی نەیدەزانی دەڵێ چی و پاشان بە سەرسارێی هەمووی ئیزن دان کە بڕۆن و ئەم شانۆگێڕانەش ئاوا بڕایەوە.»

پاش شەڕ و تێکهەڵچوونە توندوتیژەکانی تەورێز و چوونی عەینوددەولە بۆ ئەو شوێنە، چونکە ئەو پیاوە دڵڕەقە ڕێی دابینبوونی بژێوی خەڵکی شارەکەی بەست و ئازادیخوازان و چاونەترسانی تەورێزی تووشی باروودۆخێکی تاڵ و ئاڵەبار کردن، ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئازەربایجان کە دوای هەڵوەشێندرانەوەی پارلمان چووبوونە تەورێز، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی نەتەوەپەروەران لە تەلگرافخانە کۆبوونەوە و لێکدالێکدا تەلگرافیان بۆ تاران لێدا. ڕاست لەو سەروبەندەدا، یانی سەرەتاکانی خاکەلێوەی ساڵی ١٢٨٨ی هەتاوی/ مارسی ١٩٠٩ی ز. میرزا مستەفا ئاشتیانی و پۆلێک لە پەیرەوانی کە پەنایان بردبوویە بە [مەرقەدی] حەزرەتی عەبدولعەزیم، بە ئاماژەی شا بە دەستی تاقمێک لات و چەقۆکێش کوژران و جارێکی دیکە پایتەخت وەجوش هاتەوە. چەند ڕۆژ پاش ڕووداوەکەی تاران، لە

تەوریزیش باسکرویل، مامۆستای قوتابخانەی ئەمریکایی کە دەستەیەک لاوی خوێنگەرمی بۆ یاریدەدانی مەشرووتەخوازان تەیار کردبوو، لە شەڕی قەززاقان‌دا کوژرا و لە ڕێورەسمی ناشتنی تەرمەکەی‌دا خەڵک زۆر سەیر خرۆشا.[1]

ڕاست لەو ڕۆژانەدا کە برسییەتی تەنگی بە خەڵکی تەوریز هەڵچنیبوو، هەمیسان نوێنەرانی سیاسیی ڕووس و ئینگلیس کەوتنە نێوبژیوانی و کۆنسوولی ئینگلیس نامەیەکی نووسی بۆ ئەنجومەنی تەوریز (کە ببوو بە جێگرەوەی پارلمانی خۆجێیی). لەم کاغەزەدا پێی‌ڕاگەیاندن چونکە دەوڵەتی ئێران گەمارۆی چوونی ئازووخە و نان و پێخۆر لەسەر تەوریز لانابا، ڕووس و ئینگلیس لێبراون کە خۆیان ڕێگای پێداویستییەکانی بژێو بکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە سەربازان و هێزە نێردراوەکانی ڕووسیا لە قەفقازەوە هاتبوون و لە سنووری ئێران و ڕووباری ئاراس پەڕیبوونەوە و بەرەو تەوریز بەڕێوە بوون.

لە وڵامی ئەو تەلگرافانەدا کە لە لایەن ئەنجومەنی تەوریز و سەرکردەکانی ئازادیخوازان و نوێنەرانی ئازەربایجان بۆ شا و بارگای لێدرابوون، شا ئەم تەلگرافەی بۆ عەینوددەولە لێدا:

«شازادە عەینوددەولە! پێویستە لە ڕێی ئەوانەی کە ئێستا لە تەلگرافخانەن، خێرایەکی ئەم تەلگرافە بگاتە دەست ئەم سەرکردانە: شوجاعوددەولە، ئەمیرتومان، سەردار نوسرەت، ئەمیر موعەززیز، سالاری جەنگ و سەردار ئەرشەد. وەختایەک بارودۆخی تەوریزم بە گوێی ئاشنا کرا، بەڕاستی شوێنی تێکردم. تەوریز و ئازەربایجان ماڵی منە. ئیدی بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابم تەوریز لەوەی زیاتر تووشی برسییەتی بێ و دامێنێ. هەر کە ئەم تەلگرافەتان گەیشتە دەستی بە یەکجاری شەڕ ڕابگرن و ڕێگا بۆ هاتنی ئازووخە بکەنەوە و تەنانەت خۆشتان هەوڵ بدەن بۆ ناردنی کاروانی هێنانی بژێو و پێداویستی.»[2]

لە وڵامی ئەم تەلگرافەی شادا کە وەک کەپەنکی پاش باران وابوو، ئازادیخوازان و ئامادەبووانی تەلگرافخانە. تەلگرافێکیان لێدا بۆ وەزیران و

---

١- کەسرەوی دەنووسی، کاتێک باسکرویل ئەنگوا، دەستووری دا کە هاوڕێیانی ڕاکشێن و خۆیان مەڵاس بدەن و ڕووی کردە میرزا حاجی‌ئاغا ڕەزازادە و گوتی: حاجی‌ئاغا من ئەنگوام. ئەمەی گوت و مەقی لێبڕا.

٢- مێژووی مەشرووتەی ئێران، سەید ئەحمەد کەسرەوی، بەشی ٣، ل ٩٠٤ - ٩٠٥.

پایەبەرزانی بارگا کە لە تەلگرافخانەی تاران کۆبیوونەوە و لێرەدا بەشێکی دەگێرینەوە:

«بۆ خزمەت مەزنانی هێژا. بەراستی ئەوەی لێی دەترساین خەریکە بقەومێ. دوای لێدرانی تەلگرافی یەکەم، هەواڵێکی چاوەڕوانەکراوی چارەرەشیمان پێگەیشت و وڵات خۆڵی نەهامەتیی بە سەردا پێژرا و سەلامان لێ رابوو.[1] سەری خەنیمانی گەل و نیشتمان خۆش بێ. بۆیە هێندەمان پێداگری دەکرد کە ئەو بەڵایەمان تووش نەبێ. ئێستا بە تەلگراف پێیان راگەیاندین کە قۆشەنی رووس سنووربەزی کردووە و هەتا ئێستا ٣٥٠ کەسیان هاتوون و خەریکی لەشکرکێشانن. تازە ئەم کەسانەی کە وەکوو کۆری ماتەمگێران لە داخی چەند کەسێکیماڵوێرانکەر فرمێسکی پەژارە هەڵدەوەرێنن، هیچ هۆش و گۆشێکیان نەماوە... ، ئامادەبووانی تەلگرافخانە، ئەگەر ڕێچارەیەکەتان پێ شک دێ لە تاران بکەنەوە پێوشوێنی. ئەگەر فەرمایشتێکتان هەیە بیفەرموون.»[2]

لە ئاکامی فرتوفێڵ و پەیمانشکاندنەکانی محەممەدعەلیشادا، سەربازانی رووسی رۆژی هەشتەمی مانگی مەولوودی ١٣٢٧ی کۆچی، گەیشتنە دەورووپشتی تەوریز و لە پەنا پردی ئاجیچای[3] هۆردووبەزیان کرد. بۆ بەیانی سوارە و پیادەی رووسی لە شاردا ڕێژەیان دا و لە لایەن سەرۆکانی ئازادیخوازانەوە بەخێرهاتن کران و لایان لێ کرایەوە و زۆر توند لە کوێتی خەباتکارانیان سرەواند کە دەبێ خۆیان لە هەر چەشنە تێکهەڵچوونێک لەگەڵ سەربازانی رووسی بپارێزن. محەممەدعەلیشا سەرەنجام خۆی لە ئاست تین و گوشاری سیاسیی دەرەوە بۆ ڕانەگیرا و لە ترسی ئاکامی تاڵ و ناڵەباری هەڵەکانی. ڕاست لەو کاتەدا کە خەباتکارانی گیلان و ئیسفەهان دەیانهەویست هەتا پەرەو پایتەخت وەرێکەون، بەناچاری سەری لە بەرامبەر ویست و لێبڕانی خەڵکدا دانەواند و لە نیوەڕاستەکانی مانگی مەولوودی ١٣٢٧ی کۆچیدا، فەرمانی مەشرووتەی

---

١- لە دەقەکەدا نووسراوە: «انا لله و انا الیه راجعون»، یانی ئێمەش هەر ئی خوداین و هەر بۆ لای ئەو دەچینەوە، بەڵام لە ئەدەبیاتی فارسیدا ئەگەر کەس یان کەسانێک تووشی بەڵا و چۆرتمێک دەبن ئەم ئایەتەیان بە دەمدا دێ و هاوارە بۆ لێقەومان.و.

٢- مێژووی مەشرووتەی ئێران، سەید ئەحمەد کەسرەوی، بەشی ٣، ل ٩٠٤ - ٩٠٥.

٣- چۆمەتاڵ.

نووسی و لێبووردنی گشتیشی ڕاگەیاند. سەرکردەکانی هێزی کۆنەپەرستی پەلاماردەر یەکبەدوای‌یەکدا لە دەروازەکانی شاری تەوریز کشانەوە و ڕێگا بۆ ئازووخە و بژێو و پێداویستی کرانەوە و جارێکی دیکە تەوریز بووبەوە نوقمی جێژن و شادی و شادمانی. بەڵام بەداخەوە وەکوو کەسرەوی دەڵێ: «هاتنی ڕووسان بۆ ئێران دڵ و دەروونی هەموو لایەکی بە خەم و زووخاو ئاژنی و کەس نەیدەزانی ئەم میوانە بانگهێشتن‌نەکراوانە چەندە وڵات تووشی خەسارباری دەکەن.»

**سەرکەوتنی یەکجارەکی**

پێشتر باسمان کرد کە بێجگە لە ڕاپەڕین و بەرخۆدانی پیاوانی خەباتکاری تەوریز، لە ئیسفەهان و ناوچەی بەختیاری و گیلان و چەند شارستانێکی دیکەی ئێرانیش جموجووڵ و هەڵسووڕان بە مەبەستی ڕێکخستنی خەباتکاران لە نێو چینی سێهەمی وڵاتدا دەستی پێکردبوو. تێکرای ئەم یەکبوون و یەکییەتییەی نێوان هێزەکانی شۆڕشی مەزن بە مەبەستی خاشەکێشانی دامودەزگای حکوومەتی ملهوڕانەی محەممەدعەلی‌شا بوو.

یەکەمین هێزی خەباتکاران کە بە ئامانجی گرتنی پایتەخت لە بنکەی خۆیان وەدەرکەوتن، هەزار سواری بەختیاری بوون بە سەرکردایەتیی حاجی عەلی‌قولی‌خان (سەردار ئەسعەد)، کە ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ١٢٨٨ی هەتاوی بە ڕێگای «جۆشەقان» و «قوم»دا بەرەو تاران وەڕێکەوتن و بە سەر ئەو هێزەی حکوومەتی‌دا تێپەڕین کە لە کاشان بنەکر کرابوو. هەر لەو کات و ساتەدا سەرکردەکانی دیکەی بەختیاری بە دوای کۆکردنەوەی هێزی دیکەدا بوون هەتا بەرەو تاران بیانبزێون. هەواڵی کشانی سەردار ئەسعەد بەرەو پایتەخت، سام و ترسێکی وای خستە دڵ و دەروونی مەزنانی بارگا و پیاوانی دامودەزگای زۆرداری، کە هەموو وەزیرەکان، بێجگە لە سەعدوددەولە دەستیان لە کارەکانی خۆیان کێشایەوە و دەوری محەممەدعەلی‌شایان بەردا. کەسرەوی نووسەری مێژووی مەشرووتەی ئێران دەنووسێ:

«محەممەدعەلی‌شا هەر سەعدوددەولەی لەگەڵ ما. ئێمە زۆرمان تانە لەو پیاوە داوە و لێرەدا دەکەوینە پەسن‌دانی. ئەم کارەی پیاوانە و ئازایانە بوو. بەڵام ئەوانی

دیکە هەر چەندی تیر و تانەیان تێبگرین هەقی خۆیانە. ئەمانە ئەو کەسانەن کە هەمیشە بە دەورەی محەممەدعەلیمیرزادا دەسووڕانەوە و باب و کالیان مەزنانی بارگا بوون و زۆربەیان لەو کاتەدا کە محەممەدعەلیمیرزا پارلمانی دایە بەر تۆپ و هەوساری کارەکانی وڵات کەوتە دەستی لیاخۆف و شاپشاڵ، وەزیر بوون. هەموو ڕۆژێک لە باغیشادا چاویان بە ئاکاری زاڵمانەی لیاخۆف کەوت و لە تەرمی پەیڕەوانی میرزا جانگیرخان و مەلیکولموتەکەللیمین خورد بوونەوە کە گیانی خۆیان لەپێناو ئازادیدا بەخت کردبوو. بەڵام ئەوەندەیان پیاوەتی لە خۆیان نیشان نەدا کە وەدەنگ بێن و بڵێن کاکە وا نابێ. وەکوو دیارە ئێستا خێرایەکی خۆیان کەنار داوە و دەستیان لە کاریان بەرداوە و ویستوویانە ئاوا بەرەو مەشرووتە بێن و خۆیان لە دەستەی پیاوانی بارگا دەرباوێن.»[1]

قۆشەنی بەرفەرمانی سەردار ئەسعەد کاتێک لە قوم چەکداری تازەی بەختیاری و خەباتکارانی دڵخوازی ئیسفەهان و فارس چوونە پاڵی، هێزێکی پتری وەبەرهات. لە گەرمەی ئەم ڕۆژانەدا قەزوێن کەوتە بەردەستی هێزەکانی بەرفەرمانی محەممەدوەلیخانی تەسروسسەلتەنە(سپادار)[2] کە لە گیلانەوە هاتبوو. ئەم هێزە لە قەزوێنەوە هەتا «کەرەج» هیچ گرێی وەبەرنەهات. بەڵام لە لای پردی کەرەج لەگەڵ هێزەکانی ژێر ڕکێفی «بلینۆف» تووشی تێهەڵچوون بوون. یەفریمخان وێڕای «ئابراهامخان»ی[3] دۆست و هاوکاری خۆی، کە هەردووکیان ئەندامی باڵادەستی ڕێکخراوی «یەکییەتی و یەککگرتن» یان هەمان «داشناک»ی ئەرمەنییەکانی ئێرانی بوون، بە هەڵمەتێک هێزی قەززاقیان تێکشکاند.

ماوەیەک دواتر لەشکری بەرفەرمانی «سپادار» و «سەردار ئەسعەد» کە یەکەمیان لە کەرەج و ئەوی دیکەیان لە «ڕەباتکەریم» دامەزرابوو، پەیوەندییان لە نێوانیدا پەیدا بوو. لەم کاتەدا نوێنەرانی سیاسیی ئینگلستان لە لایەن باڵوێزخانەی

١- مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان، (بەرگی ٢ی مێژووی مەشرووتە)، سەید ئەحمەد کەسرەوی، چاپی دووهەم، ل٥١.

٢- لە جەنگەی شەڕ و تێکهەڵچوون و گیرانی قەزوین بە دەست خەباتکاراندا، تاقمێک لە کۆنەپەرستانی وەک شێخولئیسلام و هەروەها قاسمئاغا ـ لە چەکدارانی بریگادی قەززاق کە لە کاولاندنی بەهارستاندا دەورێکی بەرچاوی گێڕابوو ـ کوژران.

٣- ئابراهامخان مەشهوور بە بەختیاری دواتر چوویە نێو ڕیزی سپاوە و ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی/١٩٦٣ی ز، لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە تاران کۆچیدوایی کرد.

ئینگلیسەوە لە تاران چوونە دیداری ئەم دوو سەرکردەیە هەتا بەلکوو لە چوون بۆ تاران پەشیمانیان بکەنەوە، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا و تەنیا ئەوەی دیتبوویان یادداشتیان کرد و دواتر لە کتێبی «شین»دا کە بڵاوکراوەی ڕەسمیی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیایە چاپ کران.

خەباتکارانی گیلان و ئیسفەهان و بەختیاری. بەپێی ڕێککەوتنی نێوان دوو سەرکردەکە بەرەو تاران بزووتن. لەم شاڵاوەدا یەفریمخان و سەربازانی بەئەزموون و شەردیدەی بیوونە پێشەنگ و بەختیارییەکان کەوتبوونە باڵی ڕاست و خەباتکارانی گیلان لە باڵی چەپەوە بەرەوپێش ئەسپیان دەتاژاوت. شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی کە لە تارانەوە هەتا «کاروانسەرای سەنگی» هاتبوونە پێش، سێ ڕۆژی کێشا و هێزەکانی حکوومەتی شکان. پاشان بە مەبەستی گرتنی چەند جێگایەکی هەستیار و بارناسکی پایتەختیش لە نێو شاردا شەڕ سێ ڕۆژی درێژە کێشا و وای لێهات کە شا ڕۆژی ۲۵ی پووشپەڕی ۱۲۸۸ی هەتاوی/ جوولای ۱۹۰۹. دەستی لە تاج و تەخت و پلەی پادشایەتی هەڵگرت و پەنای بردە بەر کابەی ئاواتەکانی کە باڵوێزخانەی ڕووسیا بوو. بەم شێوەیە تەمەنی حکوومەتی ملهوڕانە و سێزدە مانگەی پادشایەک کە هەڵخەڵەتابوو بە تینی تاسە و ئەوینی ئەهریمەنانەی کەسانی دەوروبەری و جڵەوی کاروباری وڵاتی دابوویە دەست بێگانە و گەلی خۆی لە خۆڵ و خوێن گەوزاندبوو، بە نەگبەتی و بە ژاکاوی بنەی هات.

ڕۆژی ۲۵ی پووشپەڕ، ڕۆژی سەرکەوتنی یەکجارەکیی هێزی گەل بە سەر دوژمنانی ئازادیدا. تاران نوقمی جۆش و خرۆش ببوو. کەسرەوی لە درێژەی ئەم بابەتەدا دەنووسێ:

«سەردار ئەسعەد و سپادار. بەهارستانیان کردبوویە جێی نیشتەجێبوونی خۆیان و خەڵک پۆلپۆل دەچوونە وێ. شەقام لەبەر هەڵپشکووتنی جەماوەر هەر ژاوەی دەهات. لەم جەنگەیەدا دیمەنێکی زۆر جێیسەرنج و بایەخدار وەبەرچاوی حەشامەتی تارانی هات و ئەویش نەوی‌بوونی شان و شکانی شکۆی لیاخۆف بوو. لیاخۆف لە گەرمەی ئەو شادی و بەزم و هەرایەدا لەگەڵ ئەمیر موجاهید لە بانکی شاهانشاهی وەدەرکەوت و پێکەوە سواری درۆشکە بوون و ڕۆیشتن. بۆ کوێ دەچێ ئەم دوژمنە هەرە خراپەی ئازادی؟ دەچێ بۆ بەهارستان، بەڵێ بۆ

بەهارستان. دەچێ بۆ ئەو شوێنەی کە بە تۆپیان وێرانی کردبوو. دەچێ هەتا پەنا بەرێتە پێشەنگانی ئازادی تاکوو گیانی پارێزراو بێ. هیچ چارەیەکی نەماوە و سووکایەتی شانی گرتووە و دەترسێ کە خەڵک هەڵکەنە سەری و داوای کردووە کە ئەمیر موجاهید بێ و لە بانکەوە بیبا.»

«باڵوێزی ڕووس داوای کردبوو کە لیاخۆف بچێتە بەهارستان و خۆی ئەسپاردەی دەستی ڕێبەرانی ئازادی بکا و پەنایان بۆ بەرێ و ئەوانیش دڵنەوایی بدەن و ڕێگای بۆ خۆش بکەن هەتا لە ئێران وەدەرکەوێ. پارابۆوە کە یەکێک لە پێشەنگانی ئازادی هەتا بانکی شاهانشاهی -کە نیزیکترین جێ بوو بۆ مەیدانی تۆپخانە و قەززاقخانە- بێ و لەگەڵی بڕوا. بەم شێوەیە بکوژی میرزا جانگیرخان و مەلیکولموتەکەللیمین لە ئێران وەدەرکەوت و سزا نەدرا؛ بەڵام دوای ماوەیەک لە قەفقاز بە دەست گورجییەکان کوژرا.»[1]

### ئێوەرۆک و پێناسەی شۆڕشی ئێران

وەکوو دیتمان و بۆمان دەرکەوت گەلی ئێران، سەرەڕای ئەوەی کە بە باری سیاسی و سەربازیدا لە لایەن ڕووسیاوە چۆلەپێچ کرا و بریتانیا بە دووڕوویی و ئانەوەی کەند و کۆسپی سیاسی لەگەڵی تێکەوت. بەڵام لە ڕێی جووڵانەوەیەکی ئازایانە توانی شۆڕشی شکۆمەندی هەتا لووتکەی سەرکەوتن بەرێ و چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ کە چەندین سەدە بە چنگ پادشایانی ملهوڕ و لووتبەرزەوە بوو.

زۆربەی ڕێبەرانی شۆڕشی مەشرووتە لە چینی ناوەندیی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵین و گیانبەختکەران و جەماوەری چاونەترس و فیداکاری ئەم چینە بوون کە بە لەخۆبووردوویی و ئازایەتی توانییان ئازادی وەدەست بێنن. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە شۆڕشی مەشرووتە نەیتوانی شوێنێکی قووڵ بکاتە سەر باروودۆخی کۆمەڵایەتی و چینایەتی لە وڵاتی ئێراندا. لە سایەی ئەم شۆڕشەوە هەلومەرجی ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیی خەڵکیش هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهات. لەچاو سەردەمی پڕ زەبروزەنگی پێشوو، ئاڵوگۆڕێکی وا بەرچاو لە هەلومەرجی ژیان و پەیوەندییەکانی نێوان کرێکاران و زەحمەتکێشان و خاوەنکارانی چینی باڵادەستدا

---

١- مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان، ئەحمەد کەسرەوی، چاپی دووهەم، ل ٦٠-٦١.

بەدی نەهات. ڕێبەرانی شۆڕش دوای سەرکەوتن و پتەوبوونی بنەماکانی پارلمانی نیشتمانی، چارەنووسی مەشرووتەیان دایە دەست تێپەڕینی زەمان و ڕەوتی گەشە و پێگەیشتن و لایان وابوو کە هۆکاری زەمان خۆی دەبێتە بەدیهێنەری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و بەرچاو و هەستپێکراو کە بێگومان دوای هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی قووڵ و ڕیشەدار خۆی دەردەخا. لە ئاکامی ئەو شێوە بۆچوون و لێکدانەوەیەدا و بە پەیدابوونی کۆمەڵێک ناکۆکی لە نێوان سەرۆکانی شۆڕشدا لەسەر چەند پرس و بابەتێکی سیاسی و هەروەها بەو ڕەوت و ڕێبازەی کە حیزبەکان لە هەڵوێست و سیاسەتی خۆیاندا ڕەچاویان کرد، وا هات کە چارەنووسی حکوومەتی مەشرووتە بکەوێتە دەست کەسانێک کە لە نێو کاول و هەرەسی حکوومەتی پووکاوەی ملهوڕیدا بە شوێن قازانج و بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕان؛ یانی هەر ئەو چینە دەسەڵاتدارەی حکوومەتی پێشوو کە بە ڕەنگ و ڕوخسار و قەڵافەتێکی تازەوە لە قۆناخی دوای شۆڕشی مەشرووتەدا توانییان هەوساری کاران بە دەستەوە بگرن و ببنە کۆسپ لەسەر ڕێگای هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی چین و توێژە بەشخوراو و زەحمەتکێشەکانی ئێراندا. ئەم کەسانە بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ئەوانەی کە لەپێناو دامەزراندنی حکوومەتی مەشرووتەدا لە مەیدانی فیداکاری و ئازایەتیدا خۆیان نواندبوو، بەبێ ئێوبر قان و بەش و زێدەپارووی چینایەتیی خۆیان لە نێو کۆمەڵگادا پاراست و چونکە توانیبوویان ببنە پێوەرستی حکوومەتی ئازاد و بەڕواڵەت بکەونە ڕیزی ئازادیخوازان و وەکوو پشتیوانی بنەماکانی مەشرووتە خۆ بنوێنن، گەشە و پەرەیان بە کەسایەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی خۆیان دا.

لە بەشەکانی پێشوودا چووینە سەر باس و لێکدانەوە و شیکردنەوەی مەشرووتەخوازی و گوتمان چینی بەرهەمهێنی وڵات یانی جووتیاران کە پێکهێنەری زۆرینەی کۆمەڵگای ئێرانی بوون، نەگەرچی کەوتنە سەر ڕەوگە و ڕێبازی شۆڕش، بەڵام نە لە چەمکی مەشرووتە حاڵی بوون و نە بەکردەوە بوونە بەشداری سەرکەوتنی شۆڕش. لە ڕوانگەی جووتیاران و ڕەنجبەرانی ئێرانەوە، هێشتا دەرەبەگ وەک سەمبولی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی چاوی لێ دەکرا و جووتیار ژێردەستەی دەسەڵاتی بوو؛ نە دەوڵەتی دەناسی و نە یاسا.

بنکەی ژین

کارەسات و ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکانی سەردەمی پادشایەتیی ناسرەددینشا و موزەففەرەددینشا، شوێنەوارێکی هێندە قووڵی لەسەر ناخ و دەروون و باری کۆمەلایەتیی گەلی ئێران بەجێهێشتبوو کە تەنیا هەر بە گۆڕانی سیستمی سیاسی چارەسەر نەدەکرا و برینەکەی ساڕێژ نەدەبۆوە. ئێران لە ژێر باری قورسی پشتشکێن و تێل و بەندی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی داگیرکەری بەکۆیلەبەردا کەوتبوویە هەناسەبڕکە و دەیناڵاند. لەو ڕۆژگارەدا تەنیا حکوومەتێکی بەهێزی نیشتمانی و پشتبەستوو بە بیروڕای گشتی دەیتوانی سەرەڕای هێنانەگۆڕی چاکسازی لە بواری نێوخۆدا، دەستێکیش بە سەروڕووی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بکێشێ و کۆت و بەندی سیاسی و ئابووری لە دەست و پێی خەلک بکاتەوە. هەروەک بۆمان ڕوون دەبێتەوە حکوومەتی مەشرووتەی ئێران، ئەگەرچی لەسەر بناغەی پارلمانی نیشتمانی دامەزرابوو، کە ئەندامانی بریتی بوون لە کۆمەڵێک خەلکی پڕشۆر و نیشتمانخۆشەویست و خاوەنباوەڕ، بەلام تەنانەت وەکوو حکوومەتەکانی ڕابردووش نەدەهاتەوە و بۆ ئەنجامدانی چەند چاکسازییەکی وەکوو ئەوان دەستەوستان بوو. لە ڕاستیدا کاکڵ و نێوەرۆکی حکوومەتی ئێران لەچاو سەردەمی سیستمی ملهوڕانەی پێشوو، تەنیا بە باری یاسادانانەوە گۆڕانی بە سەردا هاتبوو. چوارچێوەندەی حکوومەت لەچاو ڕۆژگاری دەسەلاتی ملهوڕانە نەیتوانیبوو بە سەر گۆڕانێکی بنەماییدا بکەوێ و ماکە و هەوێنی ڕوانگەی دەسەلاتدارانی ئێستا، شتێکی وا لەسەر تەوەرەی دۆخی جاران نەترازابوو.

⁂

بنکەی ژین

بنکەی ژین

# بەشی ١٩

## پادشایەتیی ئەحمەدشای قاجار
(بەشی یەکەم)
(١٣٢٧ - ١٣٣٨ی ک/١٨١٢ - ١٨٢٢ی ز)

### I
١٣٢٧ - ١٣٣٣ی ک/١٨١٢ - ١٨١٧ی ز

### دەوڵەتی نوێ

دوابەدوای گیرانی تاران بە دەست خەباتکاران و هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و دەست لە کار کێشانەوەی محەممەدعەلیشا لە پلەی پادشایەتی، کۆمەڵێکی بەرچاوی گۆڕانخوازان و سەرۆکانی مەشرووتە لە بەهارستان کۆبوونەوە و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات ٢٢ کەس هەڵبژێردران هەتا چاوەدێر بن بە سەر ئەنجومەنی وەزیراندا. لە ڕاستیدا ئەم ٢٢ کەسە بریکار یان جێگرەوەی سەرۆکی دەوڵەت بوون و چونکە ئەحمەدشای سێزدە ساڵانەی کوڕی محەممەدعەلیشا کاتێک وەکوو پادشا هەڵبژێردرا هێشتا شەیتانی پێنەگەیبوو، عەزۆدولمولکی سەرۆکی بەتەمەنی خێڵی قاجار بە بریکاری داندرا. پێکهاتەی دەوڵەتی نوێ کە دەبوو لە ژێر چاوەدێریی ئەم لیژنە ٢٢ کەسییەدا ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ بریتی بوون لە:

١- محەممەدوەلیخانی نەسروسسەلتەنە (سپادار)، وەزیری بەرگری
٢- حاجی عەلیقولیخان (سەردار ئەسعەد)، وەزیری نێوخۆ

٣- ناسرولمولکی قەرەگوێزلوو، بۆ وەزیری دەرەوە دیاریکرا و بریار درا تاکوو ئەو لە ئورووپاوە دەگاتەوە وڵات، موشاویروسسەڵتەنە کاروباری وەزارەتی دەرەوە راپەرێنێ.

٤- فەرمانفەرما، وەزیری داد

٥- موستەوفیولمەمالیک، وەزیری دارایی

٦- سەردار مەنسوور، وەزیری پۆست و تەلگراف

هەروەها سەمسامولسسەڵتەنەی بەختیاری کە لە گرتنی ئیسفەهان و دەرپەڕاندنی هێزەکانی سەربازگەی حکوومەتیی ئەو شارەدا توانیبووی هونەری دەستوبردی بنوێنێ، کرایە حوکمداری ئیسفەهان و یەفریمخان لە گیلانەوە بە سەرۆکی دەزگای ئاسایشی تاران داندرا و لە نێو ئازادیخوازاندا کەسانێکی دیکەش ئەرک و پلەیان پێئەسپێردرا.

کەسرەوی دوای هێنانی ناوی وەزیرەکان، ئاوای نووسیوە:

«ئەگەر کەسێک لە لیزگەی ناوی وەزیرەکانی روانیبا و ئەندامەکانی لیژنەی [٢٢ کەسەی][1] ناسیبا، دەبوو هێندە دڵخۆش نەبێ، چونکە وەکوو ئاشکرایە زۆریان لە نیزیکانی محەممەدعەلیمیرزا و لە باغیشادا هاوبیری بوون. ئەم کارە بەراستی جێی سەرسوڕمانە کە پاش ئەم کشتە خوێنرژانە، یەکەم هەنگاوی حکوومەتی مەشرووتە دەستی ئەمانەی تێدابێ. توبلێی کێ لایەنگری ئەمانە بووبێ؟ باشە چۆن بوو کە خەڵک هەستیان بەم کارە نارەوایە نەدەکرد؟ جا لێرەوەیە کە دەکرێ نەهێنییەکانی مێژووت بە لاوە روون بێتەوە.»

یەکێک لە کارەکانی دەوڵەتی نوێ دابین کردنی پووڵ بوو. ئەم دەوڵەتە چونکە نەیدەتوانی دەستی گەدایی بۆ لای وڵاتانی بێگانە درێژ بکا و خەزێنەی وڵاتیش تاقە پووڵێکی سووتاوی تێدا نەبوو، بە زەبری زۆری خەباتکاران، دەوڵەمەندان و زەنگینانی بارگای وا لێ کردن هەتا هەرکام بڕە پووڵێک بە دەسقەرز بدەنە دەوڵەت. کەسرەوی دەنووسێ چونکە باوکی سەردار ئەسعەد بە دەست زیللوسسوڵتان کوژرابوو،[2] خێڵی بەختیاری دەیاندزاند و رقیان لێ هەڵگرتبوو.

---

١- نووسەری ئەم کتێبە خۆی لێی زیاد کردووە.و.

٢- حوسێنقولیخانی سەرخێڵی بەختیاری باوکی سەردار ئەسعەد بوو کە مانگی شابانی ساڵی ١٣٠٠ی ک، بە دەست زیللوسسوڵتان کوژرا.

[شازادەی قاجار] هەر کە بیستی دەسەڵاتەکەی محەممەدعەلیشا هەرەسی هێناوە و ڕووخاوە، بە هیوای وەچنگ هێنانی پلە و پێگەیەک بە دەریای خەزەردا خۆی گەیاندە گیلان. بە فەرمانی دەوڵەت لە ڕەشت گرتیان و بڕی ١٠٠هەزار تمەنیان لێ ئەستاند و ئازادیان کرد و ئەمەش گەورەترین دەسقەرز بوو کە لە دەوڵەمەندان وەرگیرابوو[!].

یەکێک لەو خاڵانەی کە کەسرەوی پێی هەڵبەزیوەتەوە و واقی پێی وڕماوە، دووچاوەکی کردنی حکوومەتی تازەی مەشرووتەیە لە چۆنیەتیی سزادانی تاوانباران و خەنیمانی ئازادیدا. دەوڵەت لەبری ئەوەی لە سەرتاسەری وڵات سێدارە بچەقێنێ و جینایەتکاران و تاوانبارانی چاوناسی سەرەکی و هەرە زلی ئەو هەمووە خوێنڕشتنە لە دار بدا، چەند بزەپیاوێکی بێ دەستوپلی بەرەژێری گرتن کە بەرەو سنووری وڵاتانی دراوسێ تەقیبوون و گوللەبارانی کردن،[1] بەڵام عەینوددەولە و کەسانێکی وەکوو ئەو کە توانیبوویان ئەو گشتە کارەساتانە بخوڵقێنن، سزا نەدران و خەڵەستن. ئێمەش وەکوو کەسرەوی هەقمانە بپرسین کە کامە هەڵوێست و سیاسەت توانیویەتی ئەم شانۆیانە بگێڕێ و ئاوا دووچاوەکی بکا و ببێتە پشتیوانی کۆمەڵێک جینایەتکاری گەورەی وەکوو عەینوددەولە؟ ڕەنگە لەم بابەتەشدا هەروەکوو ئەوانەی ڕابردوو، بە سانایی بکرێ جێپەنجەی ناپاکیی بریتانیا کە لە قوڵی کراسی سیاسەتییەوە هاتبوویەدەر، بناسرێتەوە؛ هەڵوێست و سیاسەتێکی مەترسیدار کە گەل و نیشتمانی ئێرانی خرۆشتوون بە ڕووسیای قەیسەری فرۆشت و دەرۆیی هەتا جارێکی دیکەش تاوانی دیرۆکیی خۆی بە یاریدەی دراوسێی ملهوڕ و غەدداری باکووری ئێران تازە بکاتەوە و بیگەیەنێتە سەرەنجام. ئەم سیاسەت و دیپلۆماسییە لە زەمانی ناسرەددینشادا ڕەنگی دایەوە و کاتێک باسی تۆپبارانی بووشێهر کەوتە بەرباس، بۆ ئەوەی کاری خۆی پاساو بداتەوە گوێی بە مەبەستی بەر گرتن لە خوێنڕژانی زیاتر وای کردووە.

١- هەستی دڵێنی و جوامێری و لێبووردەیی گەلی ئێران کە ئێمە زۆرجار ئاماژەمان پێکردووە، کارێکی وای کرد هەتا زۆرێک لە دوژمنانی مەشرووتە هەر کە هاتن و گوتیان لە کردەی پێشوویان پەشیمان بوونەوە، ببەخشرێن؛ بەڵام ئەو کەسانەی کە بە بڕیاری دادگای دەوڵەتی نوێی مەشرووتە مەرگیان بۆ براوبوویەوە بریتی بوون لە: سەنیع حەزرەت، حاجی شێخ فەزلوڵڵا نووری، ئاجودانباشی، میرهاشمی دەوەچی مەفاخیرولمەمالیک، بکوژی سمایلخان و میرزا مستەفا ئاشتیانی.

دیپلۆماسیی بریتانیا لە سەردەمی دەوڵەتی تازەپێگەیشتووی مەشرووتەی ئێراندا، بوو بە پشتیوانی پیاوانی دەسەڵاتداری سەردەمی ملهوڕی و چەند کەسێکی لە پلەی هەستیاری حکوومەتی مەشرووتەدا دانا و ڕووداوەکانی داهاتوو ئەم ڕاستەقینەیە دەسەلمێنن.

دەوڵەتی شلک و تازەی مەشرووتە، تووشی گەلێک کێشە و سەرێشەی هاڵۆز و پڕ گرێوگۆڵی نێوخۆ و دەرەوە بێوە. گرینگترینی ئەم گرێ و گرفتانە بریتی بوو لە هاتنی هێزەکانی ڕووسیای قەیسەری بۆ هەرێمی ئازەربایجان و پاشان گێلان و واندنی زەبروزەنگ و هەرا و نەڕڕەی مەیدانداری و دەستێوەردانی ئاشکرا لە کاروباری نێوخۆدا. ڕووسیا لەم قۆناخەدا بۆ جاری دووهەم ئێرانی بەتاقیدەکردەوە و دەیهەویست حکوومەتی مەشرووتە بڕووخێنێ و ئەگەر بۆی بکرێ هەرێمەکانی باکووری و باکووری خۆرنشینی لە ئێران دابڕێ و بیانخاتە سەر خۆی. ئەم دەستێوەردانانە بە هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی پەرەی ئەستاند و هێزە بەربڵاوەکانی ڕووس و قەززاق و تورکی قەفقازی و چەکدارانی دیکەی لەم شێوەیە کە سەر بە ئیمپراتۆریی قەیسەر بوون، هەرێمی ئەردەوێل هەتا قەزوێن و مەڵبەندی هەمەدان تاکوو کرماشانیان کردە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی عوسمانی و دەستیان لە هیچ تاوانێکی چەپەڵ نەپاراست. بەم شێوەیە، لە کاتێکدا کە تاران خەریک بوو بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی دەیکردە جێژن و لە مەشەد و ئیسفەهان خەڵک لەبەر گیرانی تاران بە دەست خەباتکاران کردبوویانە شادی و هەڵپەڕین، ئازەربایجان لە ژێر باری قورس و گرانی سیاسی و سەربازیی ڕووسیادا پەلەقاژەی دەکرد و دەیناڵاند. ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەرانی ئەو هەرێمە گیرۆدەی گرفتێکی ئاوا ببوونەوە و تەنانەت سەتارخان ناچار بوو کە بۆ داکووژاندنی ئاوری سەرهەڵدانی ئەردەوێل لەگەڵ هێزەکانی بچێتە ئەو شارە.

کێشەی زێر و گەواهێراتی میری کە محەممەدعەلیشا وەکوو بارمتە لە لای بانکی ئیستقرازی و بانکی شاهی و شوێنی دیکە داینابوو یان لەگەڵ خۆی بردبووی، بە دەستەبەربوونی دەوڵەتی ڕووس و ئینگلیس بۆ گێڕانەوەیان چارەسەر کرا. دەوڵەتی تازە دەستی بە سەر تەواوی ملکوماشی محەممەدعەلیشادا گرت و بڕیار درا کە دوور بخرێتەوە بۆ دەرەوەی وڵات و دەوڵەتیش هەموو مانگێک بڕی

سەتهەزار تمەن بۆ خەرجی بەڕێچوونی خۆی و بنەماڵەی دابین بکا؛ هەڵبەت بەو مەرجەی لەتەرکێن ڕوو نەکاتەوە ئێران.

پرسی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی نوێ لەگەڵ ڕووس و ئینگلیس و تەواوی ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ ئێران خاوەنی پەیوەندیی دیپلۆماسی بوون. لەو بەشەدا کە سەبارەت بە ڕووس و ئینگلیس، پێویست بە دووپات و شیتەڵکردنەوە ناکا، چونکە گوتمان کە ئەو دوو دەوڵەتە تەنانەت دەستیان وەردایە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی تازە و شای لێخراو و ڕووسیا بە پشتبەستن بە پەیمان‌نامەی ١٩٠٧ دەستی بە سەر بەشێک لە هەرێمەکانی باکوور و باکووری خۆرنشین‌دا گرت و سەربازانی ڕووسی هەموو ڕۆژێک لە کۆڵان و شەقامەکانی «تەورێز» و «خۆ»یە و چەند شارێکی دیکەی ئازەربایجان‌دا ڕێژەیان دەدا و ڕاوێهکەیان دەکرد و سروودیان دەخوێندەوە و دەستیان درێژ دەکرد بۆ سەر ماڵ و سامانی خەلک و بژیوی ژیان و پاشەکەوتی جەماوەری ڕەنجبەری گوندانیان بە تاڵان دەبرد. ئازادیخوازانیش لە ترسی ئەوەی کە تێکهەڵچوونیان لەگەڵ سەربازانی ڕووسی بە زەرەری مەشرووتەی شلک و تازەپێگەیشتوو بیڕێتەوە، ددانیان بە سەر جەرگی خۆیان‌دا دەگرت و گوێیان لە حاند ئەو گشتە زوڵم و زۆرە دەئاخنی؛ بەڵام بریتانیا وەک ئەوەی کە شواری کارەکەی بە دەستەوە بێ و بزانێ چۆن هەڵداوێ. لە هەموو قۆناخێک‌دا هەنگاو بە هەنگاو وریای ڕووسیای قەیسەری و دەوڵەتی تازەی ئێران بوو تا بزانێ چ دەکەن و کتێبی «شین»ی بڵاڤۆکی ڕەسمیی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ.

### خولی دووهەمی پارلمان و حیزبەکان

پاش گیرانی تاران، بەپێی گەڵالەیەک کە ئەنجومەنی هەرێمی ئازەربایجان بە نوێنەرایەتی لە لایەن تەواوی ئەنجومەنە هەرێمی و ناوچەیی‌یەکانی دیکەی ئێرانەوە ئامادەی کردبوو. هەڵبژاردن لە زۆربەی شارستانەکان‌دا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە دوو قۆناخ دەستی پێکرد. پاش ئەوەی کە نوێنەرانی تاران هەڵبژێردران. خولی دووهەمی پارلمانی ئێران ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٢٨٨ی هەتاوی/ نوامبری ١٩٠٩ی زایینی. لە گەرمەی خۆپیشاندانی پڕ تین‌وتاوی خەلکی پایتەخت‌دا دەستی کرد بە کار کە شارەکەیان ڕازاندبۆوە و کردبوویانە چراخان و

جێژن و شادی. بە بۆنەی دەست بەکاربوونی خولی دووهەمی پارلمان. لە سەرتاسەری دنیاوە تەلگرافی پیرۆزبایی بە سەر پارلمان و دەولەتدا باری و نوێنەرانی هەرێمەکانیش بەرەبەرە هەلبژێردران و هاتن بۆ تاران.

خولی دووهەمی پارلمان سێیەم رۆژی مانگی خەزەلوەری ١٢٨٨ی هەتاوی/ ٢١ی نوامبری ١٩٠٩ بە شێوەیەکی رەسمی دەستی کرد بە کار و هەر لەو رۆژەدا «موستەشارولدەولە» بە سەرۆکی پارلمان هەلبژێردرا. یەکێک لە جوانترین کارەکانی پارلمان ئەمە بوو کە لە کۆبوونەوەیەکی گەرموگوردا، رێز لە ئازایەتی و لێبڕان و گیانبەختکردنی پیاوانی دلێر و جوامێر گیرا. تەقیزادە لە وتارێکی دوورودرێژدا ناوی شەهیدانی رێگای ئازادیی ئێرانی[1] هێنان و حاجی سەید نەسروڵلا تەقەوی باسی خۆراگری و هەولی مەزنە مەلاکانی نەجەفی لەپێناو ئازادیی ئێراندا خستە بەرباس و تاریفی پیاوەتی تەباتەبایی و بێهبەهانیی هێنایە ئارا. وسووقوددەولە کەوتە پێداهەلدانی لەخۆبووردوویی و بوێریی سەتارخان و باقرخان و گیانبازانی ئازەربایجان و گەلالەیەکی بە مەبەستی رێزگرتن لە سەتارخانی سەرداری نیشتمانی و تێکرای خەباتکارانی تەورێز، بە مەبەستی پەسندکران پێشکەشی پارلمان کرد و لەرێوە پەسند کرا.

«پارلمان پێیوایە گیانبازی و سەر لەپێناوبوونی بەرێزان سەتارخانی سەرداری نیشتمانی و باقرخانی سالاری نیشتمانی و تێکرای بەجەرگانی تەورێز، یەکەمین هۆکاری بەدی هاتنی ئازادی و رزگاریی گەلی ئێران بوون بۆ دەرچوون لە ژێر نیری یەخسیری و کۆیلەبوونی بەردەستی زالمان و چەوسێنەران. لێرەدا سەبارەت بەو مەینەت و نەهامەتییانەی کە ئەو رۆلە ئازایانەی نیشتمان و سەرلەبەری خەلکی چاونەترسی ئازەربایجان لەپێناو بەختەوەریی هەتاهەتایی و خۆشناویی ئێراندا کێشاویانە، لە قوولایی دلی گەلی ئێرانەوە سپاسیان پێشکەش دەکری.»

---

١- کەسرەوی دەنووسێ کە تەقیزادە گوتوویەتی شەهیدانی ئازەربایجان سەریان گەیوەتە هەزار کەس، بەلام ئەوەی راستی بێ تەنیا دووهەزار کەس هەر لە تەورێز کوژرابوون.

دوابەدوای پەسندکرانی گەلالەکەی وسووقوددەولە، لەسەر پێشنیاری موئتازوددەولە، سپاسنامەیەکی ئاوا بە بۆنەی کار و خزمەتەکانی «سپادار» و «سەردار ئەسعەد» لە لایەن پارلمانەوە پەسند کرا:

> «*سپاسنامە*. پارلمانی نیشتمانی لە قووڵایی دڵی گەلی ئێرانەوە، سپاسی ئازایەتی و گیانبازیی ڕەشیدانەی بەرێز سپاداری گەورە و خەباتکارانی بەرفەرمانی و ڕێزدار سەردار ئەسعەد و سەرکردە مەزنەکان و سەرۆکان و سەرلەبەری خێڵی بەرزەجێی بەختیاری دەکا، کە بوونە بارێدەری ئازادیی ئێران و دەرچوون لە ژێر نیری بەخسری و کۆیلەبوونی بەردەستی زاڵمان و چەوسێنەران و لە ڕێگای بەختیاری و سەربەخۆیی ئێران‌دا تووشی دەرد و کوێرەوەرییەکی بەرچاو بوون. ئێمە لە خودای مەزن دەپارێینەوە کە بۆ بە ئاکام گەیشتنی کار و هەنگاوەکانیان لەپێناو ئازادی و حەسانەوەی گەلی ئێران‌دا دەستیان بە بن باڵی بگری.»

بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار نوێنەرانی گەل دوو کەسی گومناوی هەڵقولیوی چینی سێهەم یان بە واتایەکی دیکە دوو کەسی قووڵاییی کۆمەڵگایان خستنە بەرچاوان. نوێنەران سەتارخانی دەڵاڵی کڕین و فرۆشتنی ئەسپ و باقرخانی سەنگتراشیان پێکەوە نانە تایەکی تەرازوویەک و دوو دەرەبەگ و ملکداری گەورەی چینی هەرە باڵای کۆمەڵگایان لە تایەکەی دیکە نان و پێکیان هەڵکێشان و سەربەسەر هاتنەوە. ئەوەی ڕاستی بێ بەداخەوە دەبێ جارێکی دیکەش ئەم ڕاستەقینە تاڵە دووپات بکەینەوە کە تێپەڕبوونی زەمان و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو ئەم هاوپشتی و هاوسەنگییەی تێدابرد کە پارلمانی خولی دووهەم بناغەی دارشتبوو. سەتارخان و باقرخان و هەزاران گیانبازی هاوچینی ئەوان بەتەواوی فەرامۆش کران. بەڵام دەرەبەگان کە تەنیا ڕعیتەکان و پیاوانی ژێرخریدی خۆیان تەیار کردبوون و بەرەوپیری ڕێژنەی گوللەیان ناردبوون هەتا پێگە و دارایی و حوکمڕانی و دەسەڵاتی خۆیان بێپسانەوە بپارێزن. لەسەر کورسییەکانی پارلمان پاڵیان

دایـــەوە و خـۆیـــان و مـــاڵ و منـداڵیان شـەوپەڕی سـوودیان لــە مەشـرووتە و ئازادی وەرگرت.

ئەو شـادی و خۆشـی و ئۆخژنەی کە دوای سـەرکەوتنی خەباتکاران لە تاران، کۆڕ و کۆمـەڵی ڕۆژنامـەوانی و نەتـەوەییی وڵاتی داگرتبوو، لـە لایەکـەوە بـازاڕی بڵاڤۆکانی خۆش کرد و لە لایەکی دیکەوە خەڵکی هەمەڕەنگی لە دەورووبەری ئەو دوو حیزبـە سیاسـییە کـۆ کردنـەوە کـە یـەکیان لـەسەر ڕێبـازی شۆڕشـگێڕانە دەڕۆیشـت و ئـەوی دیکـەیان میانـەڕەو بـوو. هـەردک حیزبەکـە لـە هـەڵبژاردنی پارلمـاندا کەوتنـە چالاکی و هەڵسووڕان و پاش کرانـەوەی پارلمـان یەکـەمیان بـە نـاوی «دیمـوکراتی عـامییوون»[1] و دووهـەمیان بـە نـاوی «ئیجتمـاعیيوونی ئیعتیـدالییوون»[2] خۆیـان بـە پارلمـان ناسـاند. چەند حیزبێکـی وەکـوو «ئیتتیفـاق و تـەڕەقی»یـش[3] پێکهـاتن، بـەڵام چونکـە لـە پارلمـاندا خـاوەنی کورسـییەکی زۆر نەبوون، نەیانتوانی لە چارەنووسی داهاتووی وڵاتدا جێپەنجەیان دیار بێ. ئێستا سەبارەت بە کاکڵ و نێوەڕۆکی دوو حیزبە گەورە سیاسییەکە بابەتێک دەخەینە بەرچاو کە خودالێخۆشبوو «مەلیکوششوعەرای بەهار» نووسیویەتی:

«دیموکراتـەکان کـە ٢٨ کـەس بـوون، ڕقەبـەرەکانی خـۆیـان واتـە ئیعتیدالییوون [یان میانەڕەو]ەکانیان بـە کۆنەپەرست دادەنان. چونکە ئەوان لایەنگری هاویشتنی هـەنگاوی نـەرم و بـەپارێز و وەبـەرچاو گرتنی تێپـەڕبوونی زەمـان و پێگەیشـتنی دۆخەکە بوون و بڕوایان بـە کوشتن و تێدابردنی ملهوڕان و کۆنەپەرستان نەبوو، هەر بۆیە مەزن و ماقووڵان زیاتر پەنایان بۆ دەبرد. سپاداری گەورەی تۆنێکابۆنی، سەردار موحیبیی. دەوڵەتئابادییەکان. سەید عەبدوڵڵا بزورگی بێهبەهانی. سـەید محەممـەد بزورگـی تەباتـەبایی، دوو پێشـەنگی مەشـرووتە و زۆربـەی پیـاوانی قسەڕۆیشـتوو لەگـەڵ ناسـرولمولکی نایبوسسـەڵتەنە و فەرمانفـەرما و زۆربـەی پیاوماقووڵان و مـەلاکان و زۆرینـەی پارلمـانی خولی دووهـەم بوونـە لایـەنگر یـان ئەندامی ئەم دوو حیزبە. بە بڕوای پارێزگاران، دیموکراتەکان شۆڕشگێڕ و توندڕەو بـوون و لـە ڕۆژنامـەکانی خۆیـاندا ڕەخنـەیان لـێ دەگرتن و جـاری وایـە تۆمـاتی

١- پارتی دیموکراتی هەمووانی
٢- پارتی پارێزگارانی کۆمەڵگا
٣- پارتی یەکییەتی و پێشکەوتن

لادینبوونیشیان پێوەدەبەستن. حیزبی ئیعتیدالی توانیبووی لەگەڵ ٢٤ی موئتەلیفە، ٤ کەسی ئیتتیفاق و تەررەقی، ٣ کەس مەزنەمەلای پایەبەرز[1] و ٧ کەسی بێلایەن، هاوپەیمانییەک ساز بکا.»

«چەند بەندێکی بەرنامەی دیموکراتەکان بریتی بوو لە: سەربەخۆبوون و دابڕانی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی دینی، داندرانی ڕێوشوێنی ئەنجامدانی سەربازی، دابەشینی زەویوزار لە نێو جووتیار و پاڵە و ڕەنجبەراندا، بەگژداچوونەوەی ڕەوتی گرانی و شاردنەوە و پاوانی کەلوپەل و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، پێخوێندنی بە زۆرەملی، دانانی بانکی کشتوکاڵ، وەپێشدانی پێتاکی ڕاستەوخۆ لەچاو پێتاکی ناڕاستەوخۆ، دژایەتی لەگەڵ دامەزرانی ئەنجومەنی مەزنان[2] و چیوچی دیکەش، ئەم بیر و باوەڕ و تێڕوانینە کارێکی وای کرد کە دیموکراتەکان بکەونە بەر پەلاماری مەلاکان و کۆمەڵێکی بەرچاوی جووتیاران و ئاپۆرەی خەڵک؛ بەڵام چونکە گەلێک پیاوی چالاک و باوەڕمەند و دەمپاراو و نووسەریان هەبوون و لە ڕاستیدا ڕەخنەگر و زمانتاڵ بوون و وەک لایەنگری هەژاران و زەحمەتکێشان ناسێندرابوون، توانییان کە لە پارلماندا فراکسیۆنێکی ٢٨ کەسی پێک بێنن و لە دەرەوەش کۆمەڵێک گەنج و تەمەنداری چینی دووهەمیش لە خۆیان هاڵێنن. دیموکراتەکان توانییان چەند ڕۆژنامەیەکی قەڵەمپاراو و گونجاو و بەناوبانگی وەکوو «ئێرانی نەو»[3] لە تاران، «شەفەق» لە تەورێز و «نەوبەهار» لە خوراسان بڵاو بکەنەوە و دژبەرانی خۆیان بە ناوی خۆپارێز، کۆنەپەرست، ئاخوند، سەرمایەدار، مەزن و ماقووڵ بدەنە بەر تەوس و پلار.»

«سەرۆکانی دیموکرات بریتی بوون لە: سەید حەسەن تەقیزادە، حوسێنقولیخانی نەوواب، سولەیمانمیرزا، وەحیدولمولک و سەید محەممەدڕەزا موساوات. سەرۆکانی میانەڕەوان یان هەمان پارێزگارانیش بریتی بوون: میرزا محەممەدسادقی تەباتەبایی، میرزا عەلیئەکبەرخانی دێهخودا، حاجی میرزا عەلیمحەممەدی دەولەتئابادی، حاجی ئاغا شیرازی، قەواموددەولە

---

١- مەبەست ئەو مەزنەمەلا پایەبەرزانەیە کە بەپێی دەقی تەواوکەری یاسای بنەرەتی دەبوو بچنە پارلمانەوە.

٢- ئەنجومەنی پیران (مەجلیسی سەنا)

٣- ئێرانی نوێ

(شوکروللاخان). مەلا مەزنەکانی وەکوو سەید عەبدوللا بێهبەهانی و سەید محەممەد تەباتەبایی و تێکڕای پیاوانی قسەڕۆیشتوو ببوونە لایەنگری حیزبی ئیعتیدالییوون ئیجتماعییوون و ناسرولمولکی نایبوسسەلتەنە و سپاداری گەورەش هەر لەسەر ئەم پێوشوێنە دەڕۆیشتن. خانانی بەختیاری، بێجگە لە مورتەزاقولیخانی کوڕی سەمسامولسسەلتەنە کە ئەندامی فراکسیۆنی ئیعتیدال بوو، ئەوانی دیکە ـ بەتایبەت سەردار ئەسعەد ـ لەگەڵ هەردک بالآن حاوابوونەوە، چونکە موستەوفیولمەمالیک کە لە لایەن دیموکراتەکانەوە بۆ جێگر و سەرۆکایەتیی وەزیران پالێورابوو، دۆستایەتیی هەبوو لەگەڵ خانانی بەختیاری.»[1]

## هاڵۆزیی سیاسی و تیرۆر

شەڕەدنووکە و شەڕەقەڵەمی نێوان حیزبەکان و کۆمەڵانی ڕۆژنامەوانی و فراکسیۆنەکانی پارلمانی، بەتایبەت لە مابەینی دیموکراتەکان و ئیعتیدالییەکاندا، لە دەر و ژووری پارلمان، برەوی دابوو بە تۆمەت و قسەهەڵبەستن و ملانەی بیر و باوەڕی حیزبەکان باڵبالێن و پیلانگێرانی لێکەوتبووە. دەوڵەتی رووسیای قەیسەری داوای لە دەوڵەتی ئێران کردبوو کە سەتارخان و باقرخان لە تەورێزەوە بانگ بکاتە تاران. ئەم دوو پیاوە خەباتکار و سەر لەپێناوە لە تەواوی مەودای ڕێگادا خەڵک بەگەرمە پێشوازیی لێ کردبوون و لە پایتەختیش هەروا بەرەوپیریانەوە چووبوون؛ جا بۆیە دیپلۆماسیی رووسیا و ڕەنگە بریتانیا و تەنانەت دەستەیەک لە ڕێبەرانی مەشرووتە و کەسانێکی وەکوو سەردار ئەسعەد و فەرمانفەرماش، پێیان باش نەبوو لە تاران بمێننەوە و ویستیان کە بە دەستی مەزنەمەلاکانی نەجەف ئەو دوو پیاوە شۆڕشگێڕە رابکێشنە دەرەوەی ئێران. سەرکەوتووانی تاران کە ڕۆژێک شانبەشانی یەکتر بە هاودڵی و هاوڕێبازی چووبوونە پایتەختەوە و [توانیبوویان خاشەی دەسەڵاتی محەممەدعەلیشا بکێشن]، ئێستا کە سیستمێکی تازە دامەزرابوو، لەسەر باری یەکدلی و یەکزمانی ترازابوون و هەر کەس ملی ڕێچکە و ڕێگایەکی گرتبوو. یەفرێمخان دەستەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، موعیززوسسولتان تاقمی لایەنگرانی خۆی ڕێکخستبوون و بەختیارییەکان لە دەوری سەردار ئەسعەد هاڵابوون و هێزێکی سەربەخۆیان پێکهێنابوو. بەم شێوەیە

---

١- مێژووی حیزبە سیاسییەکان، مەلیکوششوعەرای بەهار، بەرگی یەکەم، ل٩-١٠.

ڕێگا بۆ گرژبوونی نێوان تاقمەکان و لێکترازانی نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان لەسەر ڕەوتی وەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان خۆش دەکرا و ئەو گشتە فیداکارییەی کە ئەمڕۆی بەدی هێنابوو پشتگوێ دەخرا و ئاوری ناتەبایی و دووبەرەکایەتی ڕۆژبەڕۆژ پتری بڵێسە دەدا و گڕی تێکهەڵچوونی سیاسی و بیر و باوەڕی حیزبی و ڕۆژنامەوانی زیاتری باڵا دەکرد.

ئاڵۆزیی سیاسی لە پایتەختدا هێندەی تەشەنە کرد کە شەوی نۆهەمی مانگی ڕەجەبی ١٣٢٨ی ک. چوار کەس لە گیانبازان خۆیان هاویشتە نێو ماڵی سەید عەبدوڵڵا بێهبەهانی و ئەو پێشەوا شۆڕشگێڕەی ڕێگای ئازادییان دایە بەر گوللە و کوشتیان.[1] بۆ سبەینێ، ڕۆژنامەکانی سەر بە حیزبی ئیعتیدالی، تیرۆری ناجوامێرانەی «بێهبەهانی»یان دایە پاڵ بەرەی دژبەری خۆیان یانی حیزبی دیموکرات. دووکان و بازار داخران و بوو بە هەرا و هوریا. خەڵک لە گەرمەی خۆپیشاندانەدا، تاوانەکەیان هاویشتە ئەستۆی تەقیزادە، یەکێک لە سەرۆکانی دیموکرات و داوایان لە دەوڵەتی ئێران کرد کە بینێرێتە تاراوگە و ئەویش لە تاوان پەنای بردە بەر سەردار ئەسعەد.[2]

کابینەی چوارەم هەڵوەشا و موستەوفیولمەمالیک کرایە سەرۆکوەزیر. ئەویش ئەنجومەنی وەزیرانی لە سەرۆکانی دوو حیزبە گەورەکە و کەسانی بێلایەن پێکهێنا. کاتێک بۆ جاری دووهەم تەقەی تفەنگی خافلۆژی لە تاراندا دەنگی دایەوە و «عەلیمحەممەدخانی تەربیەت» و «سەید عەبدوڕڕەززاق»، دوو ئەندامی

---

١- کەسرەوی نووسیویەتی کە یەکێک لەوانەی بێهبەهانی کوشتووە، خەڵکی قەفقاز بووە بە ناوی ڕەجەب سەرابی. ئەم کابرایە لە تاران چۆتە نێو ڕیزی چەکدارانی حەیدەر عەمووئۆغلی و سەرەنجام لە شەڕی مانگی محەڕرەمی ساڵی ١٣٣٠ی کۆچیدا، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ سەربازانی ڕووسی لە تەوریز فیشەکێک وەدەمی کەوت و کوژرا. ڕوحی شاد بێ بێهبەهانیش گۆیا گوللەیان بە دەمییەوە نابوو.

٢- کەسرەوی لە جێیەکی دیکەدا دەنووسێ، چونکە دەستەیەک لە مەلاکانی تاران دژی دیموکراتەکان وەخۆکەوتبوون و دەنگۆی ئەمەیان بڵاوکردبۆوە کە مەزنەمامۆستایانی نەجەف فتوایان لەسەر بێدینیی تەقیزادە داوە، وا تەما گیرابوو کە خودالێخۆشبوو بێهبەهانی لە لایەن مەزنەمامۆستایانی نەجەفەوە بچێتە پارلمان و فتواکەیان بڕابگەیەنێ. ئاشکرایە کە کارێکی ئاوا زەبرێکی توندی لە تەقیزادە و حیزبەکەی دەوەشاند و ڕەنگە لە نێو جەماوەردا جووڵانەوەیەک بە دژیان سازبووبا.

حیزبی دیموکرات کوژران. جارێکی دیکە ملانە و ناکۆکیی نێوان حیزبەکان بەتوندی دەستی پێکردەوە. دەڵێن حیزبی ئیعتیدالییوون بە تۆڵەی کوژرانی بێهبەهانی ئەو دوو ئەندامەی حیزبی دیموکراتی کردوونە ئامانج. لە ئاکامی گێرە و کێشەی حیزبی‌دا، تەقی‌زادە بەناچار لە ئێرانەوە رۆیی بۆ ئیستانبووڵ و پاشان لەوێشەوە چوو بۆ ئورووپا و هەتا دامەزرانی حکوومەتی پەهلەوی نەهاتەوە.

نوێنەرانی سیاسیی رووسیا و ئینگلیس تێیان بۆ دەوڵەت دینا کە هەرچی زووتر بکەوێتە چەکچنینەوەی دەستی خەباتکاران. بەڵام موستەوفیولمەمالیک کە دەیزانی ئەم کارە بەبێ رەزامەندیی سەرۆکانی نەتەوەپەروەران و خەباتکاران دەست نادا و لێی سوورسووریش بوو ئەگەر بێتوو بۆ چەکدامالینی خەباتکاران هێزی قەززاقی دەوڵەتی بێنێتە کایەوە، شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوخۆیی دەقەومێ، لەگەڵ سەرۆکانی خەباتکاران کەوتە گوفتوگۆ و رۆژی ٢٦ی رەجەبی ١٣٢٨ی ک. تەواوی سەرکردەکانی خەباتکارانی بانگهێشتنە پارلمان. دوای حەوت کاتەژمێر وتووێژ، پارلمان کەڵالەیەکی پەسند کرد کە بەپێی ئەو کەڵالەیە تەنیا لەشکرچیی حکوومەتی و پاسەوانان مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبوو. خەباتکاران دەبوو ٤٨ کاتەژمێر دوای بڵاوبوونەوەی راگەیاندراوی دەوڵەت، چەکەکانیان بدەنە دەست هێزەکانی ئاسایش یان لەشکری حکوومەتی و ئەگەر نەشیاندا سزا بدرێن. سەتارخان و باقرخان هەر لە سەرەتاوە پێی رازی بوون و سەرۆکانی دیکەی خەباتکاران پاشان رەزامەندییان لەسەر دەربڕی. بەم شێوەیە دەوڵەت رایگەیاند کە بەپێی ئەم یاسایە هەڵگرتنی چەک قەدەغەیە و خەڵک کە لە تەنینەوەی تروری سیاسی تۆقیبوون، بەم هەنگاوەی پارلمان و دەوڵەت دڵشاد بوون.

وەکوو ئاشکرایە یاسای قەدەغەبوونی چەکهەڵگرتن وەکوو چاوەروان دەکرا، بەرێوە نەدەچوو. چونکە خودی سەرۆکی حکوومەت و بەشێک لە وەزیرەکان ئەندامی حیزبی دیموکراتی شۆرشگێر بوون و ئەم حیزبە دەیهەویست هەر چۆنێک بێ چەک دانەنێ. سەردار ئەسعەد و فەرمانفەرما زۆریان دڵ لە سەتارخان ئێشابوو، چونکە ئەو پیاوە ئازا و فیداکارە کە نوێنەری راستەقینەی زۆرینەی ئاپۆرەی ئێران بوو، تەواو بەراشکاوی و بێباکی کەوتبوویە رەخنەگرتن لە هەڵسوکەوت و ئامانجی دەرەبەگانی وەکوو سەردار ئەسعەد و فەرمانفەرما و هاوبیرانیان. یەفرێمخان کە هەم سەرۆکی دەزگای ئاسایش و هەم فەرماندەی سپا

بوو. کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەرمەنی و مسوڵمانانی لایەنگری خۆی خزاندبوونە نێو ڕیزی سپا و توانیبووی ڕێکیان بخا. دەوڵەت لە لایەکەوە چەکی حەیدەر عەمووئۆغلی و پیاوەکانی و ئەندامانی دیکەی حیزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕی داماڵی و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو کەسانەی بردنە نێو ڕیزی سپا و چەکی دانەوە دەستی.

یەکێک لە دڵتەزێنترین دیمەنەکانی هاڵۆزکانی سیاسیی ئەم قۆناخە، ڕووداوی پارکی ئەتابەک بوو. کەسرەوی ئەم کارەساتە بە ناخۆشترین ڕووداوی مێژووی مەشرووتە و بە تاڵترین بەری داری چەپەڵکارییەکانی پێشەنگانی مەشرووتە دادەنێ و لە بەرگی دووهەمی مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجاندا بە دوورودرێژی باسی دەکا و ئێمە لێرەدا کورتە و پوختەی دەخەینەڕوو:

هەروەک لە پارلمان بەڵێنی دابوو، سەتارخان لەرێوە فەرمانی دا بە خەباتکارانی هاورێی کە چەکەکانی خۆیان بۆ ڕادەستکردنی دەوڵەت کۆبکەنەوە. بۆ ڕۆژی دواتر، یانی ٢٧ی ڕەجەبی ١٣٢٨ی ک. سەتارخانیان بانگهێشتن کردە «مێهراباد» و لە دەرکەوانانی پارکی ئەتابەکیان[1] ڕاسپارد کە نابێ خەباتکارانی هاورێی بەم بانگهێشتنە بزانن. بەڵام تاقمێک لە هاورێیانی پێیان‌زانی و سەتارخانیان لە مێهرابادەوە گێڕایەوە پارکی ئاتابەک. چەکدارەکانی «موعیززوسسولتان»یش چوونە پارک و داوایان کرد دەوڵەت ماوەیەکی سێ مانگ و نیوە و پووڵی تفەنگ و فیشەکەنیان بداتێیە کە قەرارە ڕادەستی بکەن. بوو بە هەرا و هەڵلا لە پارکدا و «سەرداری میللی» و «سالاری میللی» بە هاوکاریی شێخ سمایلی هەشتەرۆیی و موعینورروعایا و موعتەمیدوتتوججار هەوڵیان دا هەتا خەباتکاران هێور بکەنەوە، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا. تەنانەت گوێیان بۆ قسەکانی وەزیری پۆست و تەلگراف و حاجی سەید نەسروڵلا ئەخەوی شل نەکرد کە لە لایەن دەوڵەت و پارلمانەوە بۆ مرزەمکردنی خەباتکاران هاتبوون. قسەی تاڵ و توندیان بە دەمیدا هات و گوتیان دەوڵەت کەوتۆتە خزمەخزمە و دووچاوەکی لە بەڕێوەبردنی یاسای چەکداماڵیندا و خۆی لە چینەوەی چەکی لایەنگرانی یەفرێمخان و حەیدەر عەمووئۆغلی و سەردار ئەسعەد پاراستووە. وەکوو دیارە سەتارخان و باقرخانیش

---

١- پارکی ئەتابەک جێی حاوانەوەی سەتارخان و باقرخان بوو.

لەم بێبەڵێنبوون و پەیمانشکاندنەی هاوسەنگەرانی پێشوویان و ڕقەبەرانی ئێستایان و هەڵوێستی دەوڵەت نارازی بوون.

بەربەرەکانیی خەباتکاران لە پارک و گوێ شلنەکردنیان بۆ پەند و ئامۆژگارییەکانی سەرۆکان و سەرکردەکانی خۆیان و کاربەدەستانی دەوڵەت و پارلمان، وای کرد کە هێزەکانی حکوومەتی گەمارۆی پارکی ئەتابەکیان دا و کەوتنە خۆنواندنی سەربازی هەتا بەڵکوو خەباتکاران چەکەکانی خۆیان بە دەستەوە بدەن. لەو گرمەگرم و هەراهەرایەدا موعیززوسسوڵتان لە پارکەوە رایکرد و پەنای بردە بەر باڵوێزخانەی عوسمانی و «زەرغاموسسەڵتەی بەختیاری»ش ڕەوی بۆ ژێر داڵدەی گومبەزی شاعەبدولعەزیم. دوای گێرە و چەقە و هەرایەکی زۆر وا قەرار کرا کە دەوڵەت نیوەی مووچەی دواکەوتووی خەباتکاران بدا و بۆ نیوەکەی دیکەشی سەتارخان بە مەرجێک دەستەبەر بێ کە هەموویان بچن و چەکەکانیان رادەستی دەوڵەت بکەن. حاجی سمایلی ئەمیرخیزی لە لایەن «سەرداری میللی» و «سالار میللی»یەوە لەم بارەیەدا لەگەڵ دەوڵەت کەوتە گوفتوگۆ و توانی ڕەزامەندیی دەوڵەت وەدەست بێنێ.

راست لەو دەمەدا کە خەباتکاران یەکیەک چەکی خۆیان رادەستی نوێنەری سەتارخان دەکرد، لەناکاو دوو کەس لە پیاوانی عوسمانی بە ناوی «جەمیل بەگ» و «جەمال بەگ» هاتنە نێو پارک و یەکیان رووی کردە خەباتکاران و گوتی: «ئەم خەباتکارانە لەپێناو وەدەست هێنانی ئازادیدا هەوڵێکی زۆریان داوە و زۆربەیان باوک، برا یان کوڕی خۆیان لە دەست داوە و تفەنگەکانیشیان لە شەڕاندا لە چنگی دوژمن دەرهێناوە و ئێستا دەوڵەت کارێکی زاڵمانەیان لەگەڵ دەکا.» ئەم قسانە و شەپۆلی هرووژم و ژەنازەنای ئەو کەسانەی کە پۆلپۆل دەهاتنە پارک کاری دڵتەزێنی خۆی کرد و شریخەی فیشەکێک وڵاتی داگرت. یاران و هاوڕێیانی چەند مانگ لەمەوبەر پێکەوە تووشی شەڕ بوون. بەختیارییەکانی دەستەی سەردار ئەسعەد لە دەرەوەی پارکەوە شاڵاویان برد و لە شەڕێکی دڵهەژێندا، تاقمێک لە خەباتکارلن کوژران و نیزیکەی دووسەت کەسێکیش گیران و سەتارخانی سەرکردەی دلێری ئازادی برینی هێنا. هێندەی پێنەچوو کە

ئاگری شەڕەکە ڕۆمرکا و سەتارخان و باقرخان و کوڕێکی دوو ساڵەی سەتارخانیان بە سواری دڕۆشکە بردن بۆ ماڵی سەمسامولسەڵتەنە.[1]

کابینەی شۆڕشگێڕی موستەوفیولمەمالیک خۆی لە حاند ئەم ڕووداوە و هەرا و ئاژاوەکانی زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێران بۆ ڕانەگیرا و لێکهەڵوەشا. جارێکی دیکە «سپادار» بە هێنانی چەند وەزیرێکی میانەڕەو ئەنجومەنی وەزیرانی پێکهێنایەوە. پارلمان دەسەڵاتی پێدان هەتا بەوپەڕی هێزەوە بە گژ هەرا و هەڵلا و ئاژاوەدا بچنەوە و خاشەی بکێشن. بەڵام مەزنانی دەوڵەت هەڵەکەیان خواستەوە و کەوتنە گرتن و ڕاوەدوونان و دوورخستنەوەی نەیارانی سیاسیی خۆیان و دەستیان لە یارمحەممەدخان و حەیدەر عەمووئۆغلی و چەند کەسێکی ئاوا نەپاراست. هەروەها دەوڵەت بەرەورووی دوو گرێ و کۆسپی سەرەکیش ببۆوە کە بریتی بوون لە خەزێنەی بەتاڵ و شێواوی و ناسەقامگیریی سیاسیی وڵات. ئەم بارودۆخە کەمتاکورتێک هەتا هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی درێژەی کێشا و دەوڵەتی مەشرووتە بۆ دابینی پارە و تێر و تەیار کردنی هێزەکانی ئاسایش، ناچار بوو کە قەرز لە دەرەوە وەربگرێ.

## دوایین هەوڵی محەممەدعەلیمیرزا

محەممەدعەلیمیرزای شای لێکەوتووی قاجار، چەند مانگێک پێش برانەوەی ساڵی ١٣٢٧ی ک/١٩٠٩ی ز. خۆی دە دەسک نابوو هەتا بێتەوە ئێران و تاج و تەختی لە دەستچووی وەچنگ بێنێتەوە و کەمتاکورتێک ئەم تەمایەی لە ڕۆژنامەکان و کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانیدا ڕەنگی دابۆوە. ئەو لە پایتەختەکانی وڵاتانی ئورووپاییدا بۆ گەشت و سەیران دەخولایەوە و چاوی بە پیاوەکان و لایەنگرانی خۆی دەکەوت بە ئێرانی و بێگانەوە و دەیدواندن و لە شاری «ڤییەن» پاش گوفتوگۆی لەگەڵ یەکێک لە نوێنەرانی ڕووسیای قەیسەری بڕیاری دابوو کە بگەڕێتەوە ئێران.

چوونی لەناکاوی سپاداری سەرۆکوەزیر بۆ ڕەشت و مانەوەی لەو شارە و شلەژانی بارودۆخی دەوڵەت و چێندرانی تووی درۆ و بڵاوکرانەوەی دەنگۆ لە لایەن

---

١- سەتارخان کە لە گەرمەی خەباتی ئازایانەیدا سەلماندبووی پیاوێکی دەروونپاک و خاوەنبەڵێنە و بروای هەیە بە ئازادی، پاش ئەم ڕووداوە تاڵە چەند ساڵێک بە شەلی ژیا.

لایەنگرانی محەممەدعەلیمیرزاوە لە تاران و ناوچە و هەرێمەکانی وڵات و خۆبواردنی دەوڵەت لە دەردەستکردنی کەسانی ناسراوی دژی مەشرووتە، کە دەزگای ئاسایش ناوی چل کەسیانی ناردبوون بۆ ئەنجومەنی وەزیران و داوای گرتنی کردبوون، ئەم راستەقینەیەی روون کردەوە کە سپادار و تاقمێک لە وەزیرەکانی لە ژێرەوە لایەنگری محەممەدعەلیمیرزان؛ هەر بۆیە رۆژی ٢٩ی رەجەبی ١٣٢٩ی ک/١٩٩١ی ز، کابینەی سپادار لێکهەڵوەشا و سەمسامولسەڵتەنەی وەزیری بەرگری کرایە سەرۆکوەزیر و وەزیرەکانی لایەنگری شای لێکەوتووی لەسەر کار لابردن و وەزارەتی بەرگری هەر لە ژێردەستی خۆیدا مایەوە. کاتێک پەیتاپەیتا هەواڵی خۆ سازکردنی محەممەدعەلیمیرزا و هەوڵ و هەڵسووڕانی پیاوەکانی بۆ جاردانی تورکمانان دەگەیشتە دەستی دەوڵەت و پارلمان، دەوڵەتی نوێ تاقمێک لە لایەنگرانی چاوناسی محەممەدعەلیمیرزای گرتن کە بریتی بوون لە: مەجدوددەولە، ئەمینوددەولە، زەهیرولئیسلام و چەند کەسێکی دیکەی ئاوا.

شای لێخراو بە جلوبەرگی گۆڕاو بە خاکی رووسیادا خۆی گەیاندە دەشتی گورگان و هێندێک چەکوچۆڵیشی لە سندووقاندا لەگەڵ خۆی هێنا و هەموویان «مارکە»ی ناوی گراویان لەسەر درابوو. لە لایەکی دیکەوە «سالاروددەولە»ی براشی توانیبووی هێزێکی داخوازی کورد و لوڕ و خەڵکی شاران و گوندان لە باڵی خۆرنشینی ئێران پێکبێنێ و دوای گرتنی کرماشان هەڵیکوتایە سەر هەمەدان و دەستی لە کوشتار و تاڵانی ماڵ و سامانی دەرەبەگانی ناوچەکە نەپاراست.

دەوڵەت سێ هێزی بۆ بەرپەرچدانەوەی محەممەدعەلیمیرزا و سالاروددەولە تەیار کرد. هێزێکیانی بە سەرکردایەتیی خانانی بەختیاری ناردن بۆ هەمەدان هەتا بە گژ سالاروددەولەدا بچنەوە. خەباتکارانی گیلانی وەکوو هێزێک کە «میرزا کووچکخان»یشان لەگەڵ بوو، بە سەرکردایەتیی موعیززوسسولتان نێردران بۆ مازندەران و فیرووزکۆ و هێزی سێهەمیش بە سەرکردایەتیی یەفریمخان رێکخران و بۆ بەهاناوەچوون و یاریدەی هێزی دووهەم نێردران بۆ شارووود. بەختەوەرانە راست لەو سەروبەندەدا ئەو چەکوچۆڵانەی کە لە رووسیا کردرابوون، بە رێی بەندەرئەنزەلی و رەشت و قەزوێندا گەیشتنە تاران و تین و هەناوی وەبەر هەرسێک هێزەکە هێنا.

پارلمانی نیشتمانی بانگاوازێکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند کە بۆ کوشتن یان قۆڵبەستکردنی محەممەدعەلیمیرزا، ١٠٠هەزار تمەن، بۆ شوعاعوسسەڵتەنە ٢٥هەزار تمەن و بۆ سالاروددەولە ٢٥هەزار تمەن. خەڵات و دەسخۆشانەیەکی نەغداونەغدی داناوە. ئەم هەنگاوە زراوی محەممەدعەلیمیرزای بڕد و لایەنگرەکانیشی تۆقاند. وەکوو ئاشکرایە ئەم هەرایە بە قازانجی دەوڵەتی مەشرووتە بوو، چونکە سەرەڕای ئاژاوەگێڕانی رووسان و یاریدەدانی بەربڵاوی محەممەدعەلیمیرزا و هێزوەبەرنانی تاقمەکانی دژی ئازادی لە ئازەربایجان بۆ لێدانی قۆشەنی حکوومەتی، بەڵام دیسانیش شای لێخراو کەوتە نێو بازنەی گەمارۆی ئەو سپایەی کە دەوڵەت ناردبووی. ئەگەرچی «ئەرشەدوددەولە»ی یەکێک لە سەرهێزەکانی محەممەدعەلیمیرزا توانی هەتا ٤٨ کیلۆمیتریی پایتەخت بکشێ و سارلاروددەولەش بەرەو تاران ڕێ دابگری، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا. چالاکی و دەستوبردی ئازایانەی یەفریمخان و سەردار بەهادوری بەختیاری بەرپەرچی سپای بەرفەرمانی ئەرشەدوددەولەیان دایەوە و بە دیلیان گرت و ئاوا هیوا و ئاواتەکانی شای لێخراو بوونە بلقی سەرئاو. کەسرەوی سەبارەت بە گوللەبارانی ئەرشەدوددەولە بە دەستی خەباتکاران، لە زمان ڕێزدار «شووستێر»ی ڕاوێژکاری داراییی ئێرانەوە ـ کە یەکێک لە تامەزرۆیانی ئازادی و کەسێکی خزمەتکاری ئێرانی بوو ـ بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە و دەنووسێ:

«لە جەنگەی قسە و وتوویژاندا [ئەرشەدوددەولە] داوای لە سەرکردەکان دەکرد با لێی خۆش بن و نەیکوژن و پاشان گوتی با لێرەدا بیبرینەوە هەتاکوو من بخەوم. سەرکردەکان هەستان و بەڵێنیان پێدا بەو شەوە هیچی لێ ناکەن و لێی دەگەڕێن هەتا بخەوێ، بەڵام بەری‌بەیانی چوونە دەستەی و بۆ گوللەبارانی دەریانکێشا. بیست ژاندرمەیەک بردیانە لای دیوارێک و لەوێ ڕایانگرت و دەسرێژیان لێ کرد. ئەو چارەڕەشە دەستەکانی هەڵێنا و ڕاتلەکی و بەرەودەم بوو، بەڵام زانییان کە تەنیا فیشەکێکی ویکەوتووە و نەمردووە. چەند خولەکێک ئاوا خۆیان تێنەگەیاند و کاتێک ویستیان سەرلەنوێ گەللەبارانی بکەنەوە، ئەمجارەیان دەستەیەک چەکداری ئەرمەنییان ناردن. لەم کاتەدا ئەرشەدوددەولە هەستایە سەر

ئەژنۆ و بە دەنگی بەرز هاواری کرد: بژی محەممەدعەلیشا. بەڵام کە تەقەی لێکرا، کەوت و گیانی دەرچوو.»[١]

لە گەرمەی بگرەوبەردەی شکانی هێزی محەممەدعەلیمیرزادا، خۆی و شوعاعوسسەڵتەنەی برای رایانکرد و خۆیان گەیاندە گەمی و لێی سوار بوون و بەرەو گۆمۆشتەپە (گۆمیشان) ئاژاوتیان.[٢] تاقمێک مەلا و کۆنەپەرست و دەرەبەگی مازندەرانی کە بۆ پشتیوانیی محەممەدعەلیمیرزا هەستابوون، گیران و چەند کەسێکیان گوللەباران کران.

وەکوو دیارە سالارودەولە، تاقمێک لە دەرەبەگانی خۆرنشینی وڵاتی وەکوو داودخانی کەلهوڕ و کورەکانی و ئەزەرعەلیخانی پێشکۆیی[٣] و سەردار ئەشرەفی کوری والیی پشتکۆ و دەستەیەک لە شازادەکان و کۆنەپەرستانی ناوچە خێڵنشینەکانی لە دەوری خۆی کۆکردبوونەوە کە بەپێی بانگەشەی مەلاکانی سەر بە بارگای میری ببوونە دژی مەشرووتە. سالار بە پاڵپشتی ئەم دەستەوبەستانە توانیبووی بە سەر کرماشان و هەمەداندا زاڵ بێ و تەنانەت عەزودوسسولتانی براشی کردبوویە حوکمرانی کرماشان و وەکوو پێشتر باسمان کرد، لە کلکەی مانگی شابانی ١٣٢٩ی کۆچی/١٩١١ی زایینیدا، بە رێگای کرماشان و هەمەدان و نەهاوەند و برووجێرددا رووی کردە تاران. هێزە سەرەکییەکانی سالار هەر

١- مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان (بەرگی دووهەمی مێژووی مەشرووتەی ئێران)، کەسرەوی، چاپی دووهەم، ل ١٥.

٢- ئێدوارد براون و سایکس ئەم شێعرانەیان لە زمان محەممەدعەلیمیرزاوە ـ لە جەنگەی گەرانەوەدا بۆ ئێران ـ گێراوەتەوە:

ئەگەر تێپەرم بە لای تارانا ... وەکوو قەسابان، قەت راناوەستم
هەرچی بێگەمی درشت و وردی ... لە دەمی تۆپان شەرتە بیبەستم
دەبیرم سەری بریکاریمیر ... چون بۆتە تێکدەر بۆ بیر و هەستم
یەبی ئابروویی چاوی ئەحمەدشا ... دەکوژم بە کێرد، دەیخەمە مستم
دەردێنم جەرگی سەردار ئەسعەدی ... سپادار دەکوژم بە شیری دەستم
هەمان پارلمان دادەگرم بە تۆپ ... هەڵوای مەشرووتە دە ژار دەبەستم

٣- ئەزەرعەلیخان خەزووری سالارودەولە بوو.

سێ‌چوار هەزار کەسێک دەبوون. بەڵام هەتا زیاتر بەرەوپێش دەخوڕی، هاوڕێیانی زیادیان دەکرد و پۆل‌پۆل سەربەگێچەڵانی شارستانی و دێهاتی و خێڵاتی ڕەگەڵی دەکەوتن. ئەمیر نیزامی حوکمرانی هەمەدان و ئەمیر ئەفخەمی بەختیاری حوکمرانی بڕووجێرد، کە هێزی تۆکمە و تەواو و پارەی پێویستی حکوومەتیان بە دەستەوە بوو، بە کەمتەرخەمی لەگەڵ سالار تێکەوتن و هەردووکیان بەزین و چەک‌وچۆڵ و تۆپخانەی حکوومەتی کەوتە چنگ سالار.

سەرکردەکانی دەولەتی مەشرووتە یانی سەردار موحتەشەم و سەردار بەهادوری بەختیاری و یەفرێمخان، دوابەدوای یەکتر بە خۆیان و هێزەکانی بەرفەرمانیان هەڵیانکوتایە سەر سالارودەولە و تێکیانشکاند و لە «نۆبەران» بەرپەرچیان دایەوە. ئەویش مەیدانی شەڕەکەی چۆل کرد و بەرەو خۆرنشین ڕەوی و جارێکی دیکەش دەستی لە تالان‌وبڕو هەڵنەگرت و لە سەودای ڕێی گەرانەوەیدا خەڵکی داڕووتاند.

بەم شێوەیە دوایین هەوڵ و هەڵسووڕانی محەممەدعەلی‌میرزا و براکانی و لایەنگرانی بۆ گێڕانەوەی حکوومەتی ملهوڕانەی پێشوو بە ئاکام نەگەیشت؛ بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ کە دەولەتی شلک و تازەلاوی مەشرووتە هەتا ماوەیەکی درێژ بەرەورووی هەوڵ و تێکۆشانی ئاوا ببۆوە و پیلانی دەر و ژوور گەریان تێدەهاڵاند هەتا سیستمی پارلمانی تێدابچێ و ئەگەر تێشدانەچێ لاواز بێ.

### باروودۆخی دارایی و سیاسیی وڵات

لێکهەڵوەشانی شیرازەی کاروباری داراییی وڵات لە ماوەی شۆڕشی گەورەدا و پاشان بە سەردا سەپێنی خەرج و تێچووی قورس و گرانی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی نێوخۆ و بەربەرەکانی لەگەڵ بەکرێگیراوانی حکوومەتی ملهوڕی ڕابردوو و سەرەنجام کڕینی چەک‌وچۆڵ و تەیارکردنی سپا بۆ دەرپەراندنی محەممەدعەلی‌میرزا و یارانی و لە هەمووان گرینگتر تەیارکردنی هێزی ژاندرمە و پۆلیس و دابینی مووچەی دواکەوتووی کارمەندانی دەولەت، خەزێنەی دەولەتی بە سەر داماویدا خست. خەزێنە وا هەڵتەکابوو کە دەولەتی گەنجی مەشرووتە بە سەر کۆمەڵێک گرێ و گرفت و نەهامەتیدا کەوتبوو. لەو کاتەدا وڵاتانی دۆست و دراوسێی ئێران (!!) یانی رووسیا و ئینگلیس کارێکی وایان کردبوو کە هیچ

دەوڵەت و شەریکە و سەرمایەدارێکی وڵاتانی بێلایەن دەستی ئێران نەگرن و وامی نەدەنێیە و دەیانگوت ئەگەر ئێران وامی دەوێ بێوێنەیێ دەبێ لە رووس و ئینگلیسی وەربگرێ.

لە کابینەی موستەوفیولمەمالیکدا کە دیموکراتە شۆرشگێرەکان هاتبوونە سەر دەسەڵات، دەوڵەتی ئێران بە رەزامەندیی پارلمان، رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا واژۆ کرد، هەتا ئەم وڵاتە شاندێکی راوێژکاری دارایی بنێرێتە ئێران. بەپێی ئەم رێککەوتنە رێزدار مۆرگان شووستێر ساڵی ١٩١١ی ز. لەگەڵ شاندێک هاتە ئێران و جڵەوی کاروباری داراییی ئێرانی بە دەستەوە گرت. پارلمانی نیشتمانی کە تەواو بڕوای بە نیازپاکیی شووستێر و هاوڕێیانی هێنابوو، دەسەڵاتی دایە کە چۆن دەکرێ و شیاوە ئاوا بە باری داراییی ئێراندا بچێتەوە و چاکی بکا.

ئەگەرچی سێر پێرسی سایکس و چەند نووسەرێکی دیکەی ئینگلیسیی وەکوو وی، دەیانگوت شووستێر «لە کاروباری دارایی نازانێ» و پیاوێکی «سووک و چرووک و بێئەدەبە» و بۆ سەلماندنی قسەی خۆیان کردبوویانە هەرا کە گوێ ناداتە دابودەستووری باوی بارگایان لە چاوپێکەوتنی نوێنەرانی سیاسیی وڵاتانی دەرەوەدا؛ بەڵام لە راستیدا وا نەبوو. ئینگلیسییەکان بۆیە دژی بوون چونکە کەسێکی غەیری هاووڵاتیی خۆیان کاروباری داراییی ئێرانی بە دەستەوە گرتبوو و رووسە بیانووگرەکانیش دەیانگوت ئێمە بۆیە بە کاری شووستێر نارازین چونکە دەیهەوێ ملکوماڵی شوعاعوسسەڵتەنەی یاغی لە دەوڵەتی مەشرووتە ـ کە لە لای بانکی ئیستقرازیی رووس وەکوو بارمتەی وام داندرابوو ـ بە زەبری ژاندرمان بخاتە بەردەستی دەوڵەت.[1]

یەکێک لە کارە چاکەکانی شووستێر، کە باوەڕی بە هێزی قەززاق نەبوو، پێکهێنانی هێزێکی پاسەوانی تایبەت بوو بۆ گوومرگ و دامودەزگای دارایی و ماژۆر سی. بی. ستۆکس[2]، پاشکۆی سەربازیی پێشووی بریتانیا لە ئێرانی بۆ کردە

---

١- سایکس دەنووسێ کە شوعاعوسسەڵتەنە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو نەک رووسیا. لە درێژەدا دەڵێ: ئەوەی راستی بێ نێردرانی ژاندرمە بۆ جێگایەک کە ژەنەراڵ کونسوولی رووس و پاسەوانی پاراستنی ملکوماڵی شوعاعوسسەڵتەنەی لێ بوو، کارێکی نابەجێ بوو لە لایەن شووستێرەوە. ئەم کارە پرسێکی یەکجار روون و ساکاری بە سەر ئاڵۆزی و لە گرێژنە چووندا خست و ئێرانی تووشی باروودۆخێکی قەیراناوی کرد.

٢- ماژۆر پلەیەکی سەربازییە و لە ئێران دەبێتە سەرگورد(رائید).و.

فەرماندە. رووسیا زۆر توند دژی هەڵبژاردنی ئەم فەرماندەیە راوەستا و دەوڵەتی بریتانیا کە هێشتا بە ڕێبازی هاوکاری لەگەڵ رووسیای قەیسەریدا هەنگاوی دەنا، دەستووری دا بە ستۆکس کە لە ئێران وەدەرکەوێ و بڕواتە هیندووستان. بەم شێوەیە شووستێر لە یەکەم هەنگاویدا دوو دەوڵەتی دراوسێی کۆسپیان وەبەرهێنا و کارەکەیان لێ تێکدا و رووسیاش بەئاشکرا دژی راوەستا.

دوو کەس لە وەزیرەکانیش، یانی «ئیبراهیم حەکیمی» وەزیری دارایی و «وسووقوددەولە» وەزیری کاروباری دەرەوە نەیانتوانی لەگەڵ شووستێر خۆش نەبوو. لە راستی وەزیرەکان و مەزنانی بارگا و تەنانەت ناسرولمولکی بریکاریمیریش. چونکە شووستێر بەپێی ئەرکی سەر شانی دەجووڵاوە و دەستی وەبەردێنان هەتا هەر پێدانەدەن و نەیکەنە تەخشانپەخشان، دژی چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی بوون. لەم کاتەدا کە دەوڵەتی رووسیا تینی هێنا بۆ دەوڵەت و پارلمان کە دەبێ شووستێر لە ئێران نەمێنێ، هێندەی نەمابوو کە خولی دووهەم کۆتایی پێ بێ و ئاشکرایە کە لە نەبوونی پارلماندا، تەنیا کۆسپی سەر ڕێگای رووسان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی لادەچوو. هەر بۆیە لە سایەی چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی شۆڕشگێردا، ئەم خولەی پارلمان کە دەبوو رۆژی ٢ی مانگی ئیوجیژنانی ١٣٢٩ی ک/١٩١١ی ز. کاری بپرێتەوە. دەنگی دا کە تەمەنی ئەم خولە هەتا شەش مانگی دیکە درێژ بکرێتەوە. کەسرەوی گوتەنی: چونکە لەم کاتەدا کەس بە نەبوونی پارلمان رازی نەبوو، وای لێهات نوێنەرانی پارلمان کە هێندەشیان گوێ بە یاسا نەدەبزووت، بە تێکرای دەنگ شەش مانگ تەمەنی پارلمانیان درێژ کردەوە.

شووستێر کە ناچار بیوو هەتا ستۆکس لەسەر کارەکەی لابەرێ، چونکە دەیزانی رووس و ئینگلیس هەر بەڕواڵەت یاریدەی یەکتر دەدەن و دەنا لە ژێرەوە پێکەوە دوژمن و رقەبەری سیاسین، جارێکی دیکەش کەسێکی ئینگلیسیی کردەوە فەرماندەی پاسەوانانی خەزنەخانەی میری. کەسرەوی ئاوای پاساوی ئەم کارەی شووستێر داوەتەوە و نووسیویەتی شووستێر ویستوویەتی ئاوا پشتیوانیی گەل و کۆڕ و کۆمەڵانی رۆژنامەوانی و نیشتمانیی ئینگلستان (نەک دەوڵەتی ئینگلستان) بۆ خۆی دەستەبەر بکا و سەرنجیان رابکێشێ هەتا بتوانێ خۆی لە حاند گوشاری رووسیای قەیسەری رابگرێ.

دەوڵەتی رووس بۆ جاری دووهەم پەیامی خۆی گەیاندە گوێی پارلمان و دەوڵەت و گوتی دەبێ شووستێر بڕوا. هاوهات لە ئازەربایجان و هەرێمەکانی باکووری و خوراسان دەستی کرد بە جموجووڵ و خۆنواندنی سەربازی. رووسەکان لە مەشهەد گومبەزی پیرۆزی ئیمامڕەزایان دایە بەر دەسڕێژ و لە تەورێز و ئەردەوێل و گیلان بەربوونە گیانی ئازادیخوازان و ئەوەندەیان رووداوی تاڵ و دڵتەزێن خولقاندن کە پێویستی بە نووسینی کتێبێکی سەربەخۆیە. خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بارودۆخی سیاسیی ئێران لە ئاست دەوڵەتی رووس و ئینگلیس دەتوانن سەرێک لە کتێبی «دەمکوتکردن لە ئێراندا»، هەڵێنن کە بەڕێز مۆرگان شووستێر نووسیویەتی و هەروەها بچنەوە سەر «مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان»ی کەسرەوی کە باسی زوڵم و زۆری و کەلەزەرییەکانی سپای رووسیای تێدایە. هەر چۆنێک بێ خولی دووهەمی پارلمان هاوکات لەگەڵ هەڕەشەوگورەشەی رووسان و تەنینەوەی ناکۆکی و کێشەی نێوان دوو حیزبی دیموکرات و ئیعتیدالی و لافاوی نارەزامەندیی خەڵک و بزووتنەوە و سەرهەڵدانی هەرێمەکان، پێش تەواوبوونی ماوەی درێژکراوەی، هەڵوەشایەوە و شووستێر ئێرانی بەجێهێشت.

وەکوو باسمان کرد، دەوڵەتی مەشرووتە هەر دەیتوانی وام لە رووس و ئینگلیس وەربگری، هەر بۆیە ساڵی ١٣٢٩ی ک/١٩١١ی ز. سەرەنجام پاش دەمەقرە و کێشەیەکی زۆر، دوو وام لە بانکی ئیستقرازی و شاهانشاهی وەرگیران.

وامی یەکەم ١/١١١/١٠٠ لیرەی زێوی ئینگلیسی بوو کە دەبوو بە ٦٠ میلیۆن قرانی ئێران. ماوەی وامەکە ١٥ ساڵ بوو کە سەتی حەوتی خرابوویە سەر و لە داهاتی تەواوی گومرگەکانی ئێران دەگیردرایەوە و تەنیا هەرێمی فارس و کەنداوی فارسی لێ دەردەکرا. ئەم وامە بانکی ئیستقرازیی رووس دای بە دەوڵەت و بڕیار درا کە قیستی یەکەمی بە سوودومووەدەوە ببێتە ١٢٠/٨٠٠ لیرە و دەست بکرێ بە دانەوەی.

وامی دووهەم ١/٢٥٠/٠٠٠ لیرەی زێڕی ئینگلیسی بوو کە سەتی حەوتی سوود خرابوویە سەری و ماوەی درانەوەی ٥٠ ساڵ دیاریکرابوو. ئەم وامە بانکی شاهانشاهی لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە دایبووی. درانەوەی وامەکە داهاتی

گومرگەکانی کەنداوی فارس و بەندەرەکانی بووشیهر و لەنگە و موحەممەرە[1] و بەندەرعەبباس و شاری ئەهوازی لەگەڵ داهاتی تەلگرافخانەی ئێرانی وەک دەستەبەر بۆ داندرابوو. دەوڵەتی ئێرانی دەبوو هەموو ساڵێک بڕی ٦٢/٥٠٠ لیرەی زێڕی ئینگلیس وەکوو سوود بداتەوە.

دوای هەڵوەشانەوەی پارلمان، دەوڵەت و ناسروڵمولکی بریکاریمیر، تەواوی سەرۆکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵێک لە باڵی چەپی حیزبی ئیعتیدالی دوورخرانەوە بۆ قوم. ڕۆژنامەکانی سەر بە حیزبی دیموکرات داخران و رووسەکان لە هەرێم و مەڵبەندەکانی باکووری ئەوەندەی دیکەیان دوولک لەسەر ملی خەڵک دانا و زوڵمیان لێ کردن و ڕۆژنامە ئازادیخوازەکانیان داخستن و نووسەرەکانیان دوورخستنەوە بۆ تاران و هەرێمەکانی ناوەندی و باشووری.

قۆناخی بۆشاییی دەسەڵاتی [پارلمانی] کە لە پاش هەڵوەشانەوەی خولی دووهەمی پارلمان دەستی پێکرد، هەتا ئەو دەمەی کە ئەحمەدشا گەیشتە تەمەنی یاسایی، نیزیکەی سێ ساڵ و چەند مانگێکی کێشا و لەم ماوەیەدا ناسروڵمولک بێپسانەوە وەکوو فەرمانڕەوای ئێران بە مەیلی دڵی خۆی ئەنجومەنی وەزیرانی دەگۆڕین و خۆی لە ئاست دەرکردنی فەرمانی هەڵبژاردن و پێکهاتنی پارلمانی خولی سێهەم دەدزییەوە. رووسیای قەیسەری لەم ماوەیەدا ڕۆژبەڕۆژ گەشە و پەرەی بە دەسەڵات و خۆتێوەردانی دەدا لە کاروباری ئێراندا. وەکوو ئاماژەمان پێکرد، بە فیت و دنەی چەند خراپکارێک لە مەشەد ئاژاوەیەکی نایەوە و «سەید محەممەدی تالیبوحەق» و «یووسف‌خانی هەراتی» و کۆمەڵێکی دیکەی هان دان و لە مزگەوت و حەوش و دەرکوبانی مەرقەدی ئیمام ڕەزا کۆبوونەوە و دژی حیزبی دیموکرات و مەشرووتەخوازان و سەرەنجام دژی حکوومەتی ناوەندی و بە لاگیری لە محەممەدعەلیمیرزا ڕاپەڕین و خەڵکێکی بێتاوانیان کوشتن. رووسەکانیش بە بیانووی ئەوەی کە حوکمڕانی مەشەد و هێزەکانی حکوومەتی بۆ چەککردنی ئاژاوەگێڕان داماون، خۆیان تێوەردا و پاش دوورخستنەوەی سەرۆکانی حیزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕ - کە خودالێخۆشبوو مەلیکوششوعەرای بەهار، نووسەری ڕۆژنامەکانی «نەوبەهار» و «تازەبەهار»یش یەکێک بوو لەوان- هێزەکانی خۆیان لە حەوشە و دەوروپشتی مەرقەدی ئیمام ڕەزا دامەزراندن و

---

1- خورەمشار

گومبەزەکەیان دایە بەر گوللە. ئەم کارە ئەوەندەی دیکەی خەڵک سەبارەت بە هەڵوێست و سیاسەتی زاڵمانەی ڕووسیا توورە کرد و ئەم ڕقە لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا وەک لایەنگری و پشتیوانیی گەلی ئێران بۆ قۆشەنی عوسمانی، ڕەنگی دایەوە.

## دەسگیرۆیی و وامی تازە

دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە قۆناخی بە دەستەوەنەبوونی دەسەڵاتی یاسادانان یان هەمان پارلماندا کە بەڕواڵەت تەواوی کارەکان بە دەست ئەحمەدشاوە بوون و لە ڕاستیدا ناسرولمولکی قەرەگوێزلووی بریکاریمیر، هەمەکارەی حکوومەت بوو، لە دەسپێکی ئەم خولەدا جارێکی دیکەش خۆی لە وەرگرتنی قەرزانەوە وەردا و کورتە و پوختەی هەنگاوەکانی لە «گەنجی شایان»ی سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە وەردەگرین و لێرەدا دەیخەینەڕوو:

وامی یەکەم ۲۰۰هەزار لیرەی ئینگلیسی بوو کە سەتی حەوتی سوود خرابوویە سەر و بانکی شاهانشاهی دابینی کرد و نیوەی دەوڵەتی ئینگلیس و نیوەکەی دیکەشی حکوومەتی هیند دای. دانەوەی قەرزەکە ماوە و بری قیستەکانی بۆ دیاری نەکرا و وەکوو دەسگیرۆیی، داهاتی گوومرگانەی بەشی باشووری وڵاتی بە دەستەبەر بۆ دیاری کرا.

وامی دووهەم ۲۰۰هەزار لیرەی ئینگلیسی بوو کە سەتی حەوتی سوود خرابوویە سەر و بۆ ماوەی سێ ساڵ کە وەک یاریدەدان لە لایەن بانکی ئیستقرازیی ڕووسیاوە درا و داهاتی گوومرگانەی سەراسەری ئێرانی جگە لە هەرێمی فارس و کەنداوی فارسی وەکوو دەستەبەر بۆ دیاری کرا و قیستەکانی ٦ مانگە بوون. ئەم وامە مانگی جەمادی دووهەمی ۱۹۱۲/۱۳۳۱ درا بە ئێران.

وامی سێیەم ۲۰۰هەزار لیرەی ئینگلیسی بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو کە ساڵی ۱۳۳۱ی ک. بانکی شاهانشاهی وەکوو یارمەتیی دەوڵەتی ئینگلیس دابینی کرد و داهاتی گوومرگانەی باشووری بە دەستەبەر بۆ دیاری کرا و بڕیار درا ئەگەر گوومرگانەی باشوور ئەم وامە و وامەکانی دیکەی ئینگلیسییەکانی پێ پاک نەکرێ، لە داهاتی دیکەی دەوڵەتی قەرزەکان بدرێتەوە. سووتی ئەم وامەش هەر سەتی حەوت بوو.

وامی چوارەم ١٠٠هەزار لیرە بوو بەبێ دیاریکرانی ماوە و سووتی سەتی حەوتی خرابوویە سەر. بانکی شاهانشاهی سالی ١٣٣١ی ک/١٩١٢ی ز. ئەم وامەی دابوو بە ئێران و مەرجەکانیشی هەروەک وامەکانی پێشووی ئینگلیسییەکان وابوو.

جگە لەم وامانەی کە لە سەرەوە باسیان کرا، کۆنەقەرزەکانی سەردەمی موزەففەرەددینشا و ناسرەددینشاش کەوتبوونەوە سەر یەک و هەتا مانگی رەجەبی سالی ١٣٣١ی ک. سەرجەم ببوونە ٦/٧٥٤/٠٠٠ لیرەی ئینگلیسی،[١] یانی ٣٦/٤٧٢/٠٠٠ تمەنی ئێرانی. دەولەتی ئێران قەرزی دیکەشی لەسەر بوون کە گرینگترینیان ١٥ی مانگی مەولوودی ١٣٣٠ی ک/ مارسی ١٩١٢ی ز. «مێرنار»ی خەزێنەداری ئێران داویەتە دەست «بارکلەی» بالوێزی ئینگلیس لە تاران و بەم شێوەی خوارەوە بووە:

| | |
|---|---|
| قەرزی «شنیدێر»ی فەرانسەوی (بۆ کرینی چەکوچۆل) | ١٢/٠٠٠/٠٠٠ قران |
| " بانکی شاهانشاهیی ئێران | ٣/٢٠٠/٠٠٠ " |
| " بانکی ئیستقرازی | ١/١٢٠/٠٠٠ " |
| " تومانیانس | ٥٠٠/٠٠٠ " |
| " جەمشیدیان | ٤٠٠/٠٠٠ " |
| بابەتی قەرەبووی دزییەکانی پۆستی | ٢/٠٠٠/٠٠٠ " |
| بابەتی قەرەبووی خەسارەتی کەسانی ئینگلیسی لە جەنگەی شۆڕشدا | ٧/٠٠٠/٠٠٠ " |
| بابەتی قەرەبووی خەسارەتی کەسانی رووسی لە جەنگەی شۆڕشدا | ١٨/٠٠٠/٠٠٠ " |
| سەرجەم | ٤٤/٣٢٠/٠٠٠ قران |

بنکەی ژین

ئەوەی جێی داخە لەو لیژگەیەدا، دەبینین دەولەتانی ملهوڕی رووسیا و ئینگلیس کە بەراستی دەبوو لەبەر ئەو گشتە خەسارەتە گیانی و مالییەی کە لە جەنگەی

---

١- ئێران لەو برە پارەیە ٤/٧٥٠/٠٠٠ لیرە بە دەولەتی رووسیا و ٢/٠٠٤/٠٠٠ لیرە بە دەولەتی ئینگلیس قەرزدار بوو.

شۆڕشی مەشرووتە و ڕووداوەکانی دواتری‌دا بە سەر خەڵکی ئێرانیان هێنابوو، خەسارەتی قورس بدەن و قەرەبووی زیانەکان بکەنەوە. بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی و تەنیا بۆ ئەوەی کە پەردە بە سەر کار و کردەوەی دزێوی خۆیان بکێشن لە ئێران، پرسی قەرەبووی خەسارەتی خەڵکانی خۆیان ورووژاند و پارەیەکی قورسیان پێوەبەست و ٢٥ میلیۆن قرانیان بە ئەستۆی‌دا بڕی. ئەرێ داخوا گەلی ئێران زیانی بە ڕووس و ئینگلیس گەیاند یان سیاسەتی خەیانەتکارانەی دابەشینی ئێران و ڕەوتی توندوتیژ و نەگونجاوی ڕووسیا و دەستێوەردانی سەربازی بوو کە لەگەڵ کەتن و پیلان و فێڵەبازییە سیاسییەکانی بریتانیا دڵی گەلی ئێرانیان شکاند و گەردیان هاویشتە سەر ڕووحی؟! داخوا ئەم ڕەوت و ڕێبازانە نەبوون کە گیان و ماڵی گەلی نەجیم و ڕەشیدی ئێرانیان کردن بە تۆزی بانان؟ واتە ئەو گەلەی کە بە چنگ میران و بەگلەرانی هیچ و پووچ و لاوازەوە دەناڵێن! مێژووی ڕووداوەکانی ڕابردوو، وڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

وەکوو دواتر بەوردی باسی دەکەین، دوای هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی، خاکی ئێران بوو بە مەیدانی تراتێن و ڕمبازێن و شەرگەی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و یەکگرتووان. دەوڵەتی ئێران بە سەرۆکایەتیی میرزا حەسەن‌خانی موستەوفیولمەمالیک کە لە مانگی نێوجێژنانی ١٣٣٢ی ک تا ٢٤ی ڕەبیعی دووهەمی ١٣٣٣ی ک، لەسەر کار بوو، بە مەبەستی دانەوەی قەرزەکانی ڕووس و ئینگلیس داوای لێ کردن کە دوای بڕانەوەی شەڕی جیهانی لەسەری ڕاوەستن و ماوەکەی بۆ درێژ بکەنەوە. هەروەها داوای کرد تاکوو بڕی ئەو ٢٠٠هەزار تمەنەی کە مانگانە لە بانکان‌دا بۆ دانەوەی قیستەکان کۆ دەبنەوە، بخرێنە سەر خەزێنەی دەوڵەتی ئێران هەتا خەرجی دەوڵەتی پێ دابین بکرێ. پاش ماوەیەک دەبێ و نابێ، سەرەنجام ئەو دوو دەوڵەتە لە کلکەی مانگی قوربانی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی/١٩١٤ی زایینی‌دا، ڕەزامەندییان لەسەر داواکەی ئێران دەربڕی، بەڵام قەرار کرا لەبری گەڕاندنەوەی ٢٠٠هەزار تمەنەی مانگانە بۆ نێو خەزێنەی ئێران، هەموو مانگێک ٣٠٠٠٠ لیرەی ئینگلیسی بەپێی نرخی ڕۆژ و پسوولەی قەرزی دەستەبەرکراوی لە لەندەن بۆ دابین بکەن.

**تاج لە سەرنانی شا و پارلمانی خولی سێهەم و حیزبەکان**[١]

ناسرولمولکی بریکاری شا، لە حاند گوشاری بیروڕای گشتی و حیزبەکان و بەتایبەت لە بەرامبەر هەوڵ و هەڵسووڕانی ئەنجومەنی هەرێمی تەورێزدا، کە وەکوو پارلمانی خۆجێیی وابوو، خۆی بۆ ڕانەگیرا و بەناچار بە ناوی شاوە فەرمانی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی خولی سێهەمی پارلمانی دەرکرد و ماوەیەک دواتر ڕەوتی کارەکە دەستی پێکرد. هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە ئەحمەدشا گەیشتە تەمەنی یاسایی و مانگی گەلاوێژی ١٢٩٣ی هـ/١٩١٤ی ز. بە شێوەیەکی ڕەسمی تاجی پادشایەتیی نایە سەری. بەم شێوەیە سەردەمی بریکاریی ناسرولمولک و فەرمانڕەوابوونی کۆتایی پێهات و سێ حەوتوو دواتر، بێئەوەی وتارێک بدا یان ڕاپۆرتێک سەبارەت بە سەردەمی دەسەڵاتی خۆی بڵاو بکاتەوە، ئێرانی بەجێهێشت و ڕۆیی بۆ ئورووپا.

ڕاگەیاندراوی هەڵبژاردن ساڵی ١٣٣٢ی ک. دوو جار بڵاوکرابۆوە و ئەو دەمەی کە ئەحمەدشا تاجی نایە سەر و جڵەوی کاروباری وڵاتی بە دەستەوە گرت، هەڵبژاردن لە گەرمەی خۆیدا بوو. ئەگەرچی حیزبی دیموکرات پەیوەندیی باش بوو لەگەڵ ئینگلیسییەکان و بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە هەرێمەکان رووی خۆشیان پێ نیشان دەدا، واوێدەچوو کە ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێهەمدا تێبشکێ. کۆر و کۆمەڵانی سیاسی لایان وابوو کە حیزبی چەپ و گۆڕانخواز و توندرەوی دیموکرات، ئەمجار کەسی ناگاتە پارلمان. لەو ڕۆژانەدا بەپێی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک دەنگۆ لە لایەن ناسرولمولک و بەرپرسانی بریتانیاوە، واوێدەچوو کە ئەم حیزبە بە یەکجاری دەستی لێکبەرداوە و داری لەسەر بەردی نەماوە. باڵوێزی

---

١- «لە ڕێوڕەسمی تاج لە سەرنانی ئەحمەدشادا کۆمەڵێک لە باڵوێزان و نوێنەرانی سیاسیی وڵاتانی دەرەوە بەشدار بوون بۆ نموونە: گەورەباڵوێز و نوێنەری تایبەتی سوڵتانی عوسمانی، وەزیر موختاری فەرانسە، بلژیک، بریتانیا، ئاڵمان، رووسیای قەیسەری، ئەمریکا، ئۆتریش ـ مەجارستان (نەمسا ـ هەنگاریا) لەگەڵ نوێنەرانی سیاسیی ئیسپانیا و ئیتالیا و هەموویان بێجگە لە وەزیر موختاری ئەمریکا، دیارییان دا بە ئەحمەدشا. بۆ وێنە گەورەباڵوێزی عوسمانی میدالیای هەرە باڵا و ملوانکەی ئالی عوسمانی پێشکەش کرد. دیارییەکانی باڵوێزی رووسیا بریتی بوون لە سەماوەرێک و کەشەف و ئیستێکان و قەندان و چادان.» بڕ: «ئێران لە سەردەمی شەری گەورەدا» ، نووسینی مووەرریخودەوڵەی سپێهر.

ئینگلیس لە ڕێنمایینامەیەکی نهێنیدا کە ڕۆژی ۲۳ی مارسی ۱۹۱٤ی ز. بۆ نوێنەرانی سیاسیی بریتانیای نووسی، گوتی دیموکراتەکان کاریان کراوە و خاشەبراوە؛ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ دیموکراتەکان لە هەرێم و مەڵبەندەکانی وڵاتدا ڕیشاژۆیان کردبوو. لە خوراسان، ئیسفەهان، فارس و کرمان دیموکراتەکان زۆرینە بوون و لە ئاڵوگۆڕەکانی دواتری تارانیشدا لەبەر بەشداربوونی حەوت نوێنەری تاران لە ئەنجومەنی وەزیراندا، دیموکراتەکان زۆرینەی یەکلاکراوەیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردبوو. پاش تەواوبوونی هەڵبژاردن پێکهاتەی پارلمانی خولی سێیەم ئاوا بوو: ۳۱ کەس دیموکرات، ۲۹ کەس ئیعتیدالی، ۱٤ کەس هەیئەتی عیلمییە، ۲۰ کەس بێلایەن کە لەگەڵ دیموکراتەکان ببوونە هاوپەیمان. نوێنەرانی ئیعتیدالی بەناچار بوونە دوو دەستە و دەستەیەکیان لەگەڵ فراکسیۆنی دیموکراتەکان بوونە هاوپەیمان. پارلمانی خولی سێیەم بەم پێکهاتەوە ڕۆژی ۱۳ی سەرماوەزی ۱۲۹۳ی هـ/۱۹۱٤ی ز. لە قۆناخێکدا کە ئاوری شەڕی یەکەمی جیهانی بەشی زۆری ئورووپای گرتبۆوە و لە ئێران نزیک دەبۆوە، لە لایەن ئەحمەدشاوە کرایەوە.

پاش دەست بە کاربوونی پارلمان، لە ڕاستیدا حکوومەتی مەشرووتە کە لە سەردەمی بریکاربوونی ناسرولمولک و پاش هەڵوەشانەوەی پارلمانی خولی دووهەم، تێداچووبوو، سەرلەنوێ ژیایەوە و ڕۆژنامەکانیان بووژانەوە و لایەنگرانی مەشرووتەش ئاهێکیان هاتەوەبەر و تینێک لە دەروونیان گەڕا. ڕۆژنامەی «نەوبەهار» زمانحاڵی دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتیی مەلیکوششوعەرای بەهار، ڕۆژنامەی «شووڕا» زمانحاڵی ئیعتیدالییەکان بە سەرۆکایەتیی ئاسرولئیسلامی کرمانی، ڕۆژنامەی سەربەخۆی «ڕەعد» بە سەرۆکایەتیی سەید زیائەددینی تەباتەبایی و حەوتەنامەی «عەسری جەدید» بە سەرۆکایەتیی مەتینوسسەڵتەنە لە تاران دەست بە کار بوون و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەی وەکوو «ستارەی ئێران» سەر بە حیزبی دیموکرات و «بامدادی ڕەوشەن» لایەنگری یەکییەتیی ئیسلام و بڵاڤۆکی دیکەی لەم چەشنەش بڵاوکرانەوە.

## II

## ئێران لە قۆناخی شەڕی یەکەمی جیهانیدا

**(١٣٣٢- ١٩١٤/١٣٣٦ - ١٩١٨ی ز)**

### بەرایی

شەڕی یەکەمی جیهانی ٤٨ کاتژمێر پاش تێراخورین و دوامۆڵەتێک کە ئیمپراتۆری ئۆتریش (نەمسا) بۆ دەوڵەتی سێربستانی دیاری کرد،[1] ڕۆژی ٣٠ی ئاوریلی ١٩١٤ دەستی پێکرد و ئۆتریش پەلاماری سێربستانی دا و شەڕ لە ئورووپا هەڵگیرسا. هەروەک لە باس و بابەتی سەبارەت بە پەیماننامەی ساڵی ١٩٠٧دا باسمان کرد، زۆر لەمێژ بوو وڵاتانی گەورەی ئورووپا پێکەوە کەوتبوونە مشتومڕ و لە هەمبەر یەکتردا ڕاوەستابوون. ئاڵمان و ئۆتریش و ئیتالیا بەپێی چەند پەیماننامەیەکی هاوکاریی سەربازی کەوتبوونە دەستەی «یەککگرتووان» و فەرانسە و ڕووسیا و ئینگلستانیش لە بەرەی «هاوپەیمانان»دا کۆببوونەوە، بەڵام دوای هەڵگیرسانی شەڕ ئیتالیا لە دۆستانی خۆی هەڵبڕا و چوویە نێو ڕیزی هاوپەیمانان و ئیمپراتۆریی عوسمانی لە نێو بەرەی یەککگرتووەکان جێی ئیتالیای پڕ کردەوە.

ئیمپراتۆریی ئۆتریش ڕۆژی ٢٨ی ژوونییەی ١٩١٤ لەگەڵ سێربستان و ڕۆژی یەکەمی ئووت لەگەڵ ڕووسیا و ڕۆژی سێیەمی ئووت لەگەڵ فەرانسە و ئینگلیس و ڕۆژی چوارەمی ئووتی ١٩١٤ لەگەڵ ژاپۆن شەڕی هەڵگیرساند. ژاپۆن ڕۆژی ٢٣ی ئووت لەگەڵ ئاڵمان تێکهەڵچوو و بەم شێوەیە بە تێوەگلانی ئاڵمان و پەیدابوونی لە شەڕگەدا، ئاوری شەڕ تەواوی ئورووپای گرتەوە.

بە چوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی بۆ نێو دەستەی یەککگرتووان و کشانی ژاپۆن و وڵاتانی ژێرباڵی بریتانیا بۆ مەیدانی شەڕ، وردەوردە ئاگری تێکهەڵچوون ئاسیا و ئەفریقاشی گرتەوە. هاوپەیمانان بەتایبەت ڕووسیا و ئینگلیس لە بەرەی ئاسیای خۆرنشیندا لەگەڵ هێزەکانی ئاڵمان و عوسمانی بە گژ یەکداچوون. بەم شێوەیە سەرەڕای ئەوەی کە ئێران هاواری کردبوو بێلایەنە، بەڵام دیسانیش هێزە پێکهەڵپرژاوەکانی یەککگرتووان و هاوپەیمانان بە زۆربەی خاکی ئێراندا

---

١- هەرەشەی ئیمپراتۆری ئۆتریش لەبەر ترۆر کرانی وەلیعەهدی ئەو وڵاتە بوو لە شاری «سارایێڤۆ»ی سێربستان [بە دەستی خوێندکارێک].

بڵاوبوونەوە و خستنیانە ژێر ڕکێفی خۆیان. وای لێهات کە ناوچەکانی خۆرنشین و باکووری خۆرنشین و چەند هەرێمێکی باکووری ئێران بوونە جێگا و ڕێگایەکی بارناسکی سەربازی. ئەم ڕووداوانە لەو سەروبەندەدا قەومان کە ئەحمەدشا تازە شەیتانی پێکەنیبوو و تاجی نابوویە سەری و پارلمانی خولی سێهەم دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن کرابۆوە و دەستی کردبوو بە کار.

**هەشت مانگ قەیرانی سیاسی**

وەکوو ئاشکرایە لەو ڕۆژەوە کە خولی سێهەمی پارلمان دەستی کرد بە کار، قەیرانی سیاسی لە وڵاتدا ڕەنگی دایەوە و ئەنجومەنی وەزیران یەکبەدوای‌یەکدا هاتن و ڕووخان و لێکهەڵوەشان. موستەوفیولمەمالیک کە باوەڕپێکراوی فراکسیۆنی حیزبی دێموکرات و هاوپەیمانانی بوو، پاش چەند حەوتوویەک باس و ڕاوێژ سەرەنجام کابینەی نوێی بە پارلمان ناساند و کەڵاڵەکانی دەوڵەتی خۆی پێشکەش کرد.[1]

مشتومڕ و قسە و باس لەسەر پێشنیار و کەڵاڵەکانی دەوڵەت و دوودڵیی نوێنەران، ئاخرییەکەی وای کرد کە موستەوفیولمەمالیک دەست لە کار بکێشێتەوە. دوابەدوای لاچوونی سەرۆکوەزیر، موشیروددەولە (پیرنیا) وەکوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاری کرا. لەوی بەولاوە بە ڕیز عەینوددەولە و بۆ جاری دووهەم موشیروددەولە ئەنجومەنی وەزیرانیان پێکهێنا و هیچیان لە یەکدوو مانگ پتر خۆیان بۆ ڕانەگیرا و هەڵوەشانەوە. جارێکی دیکە پارلمان مەیلی نواند کە موستەوفیولمەمالیک بێتەوە مەیدان و ببێتەوە بە سەرۆکوەزیر. موستەوفیولمەمالیک کە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بێلایەنبوونی ئێرانی بە هەموو دنیا ڕاگەیاندبوو، زەمانێک هاتە سەر کار کە هێزەکانی عوسمانی لە سنوورەکانی باڵی خۆرنشینی ئێران پەڕیبوونەوە، سیخوڕان و کاربەدەست و ڕاسپاردە سیاسییەکانی ئاڵمان لە باشوور و خۆرنشین و باکووری خۆرنشینی ئێران سەرقاڵی چالاکی و هەڵسووڕان بوون و ڕووسیای قەیسەری بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی ئاڵمان و عوسمانی،

---

١- پارلمان لەم خولەدا ڕۆژی ١٦ی محەڕڕەمی ١٣٣٣ دەست بە کار بوو. لە کابینەی تازەدا عەینوددەولە بە وەزیری نێوخۆ هەڵبژێردرابوو.

هێزی زیاتری لە باڵی باکوور کۆکردبوونەوە. ئینگلیسییەکان سەربازانی هیندی و وڵاتانی یەکگرتووی بەکرێگیراو و ژێربالی خۆیان لە هەرێمی فارس و خووزستان دامەزراندبوون و لە نێو چەند هۆز و خێڵێکی عەرەبی سەر بە ئێران‌دا سەرقاڵی بانگەشە و ساز و تەیارکردنی هێز بوون.

هێزی ژاندرمە کە یەکێک لە ڕێکخستنەکانی دامودەزگای ئاسایشی سەردەمی مەشرووتە بوو، ئەفسەرانی ڕاوێژکاری سویدی بەڕێوەیان دەبرد و لە دابینکردنی باری ئارامی و هێمنایەتیی وڵات‌دا دەورێکی یەکجار گرینگی دەگێڕا و جێ‌پەنجەی دیار بوو، هەر بۆیە ڕووس و ئینگلیس گەڕیان تێهالاند و تێیانهەڵکێلا و کردیانە هەرا کە ئەفسەرەکانی ژاندرمەری، بەتایبەت ئەفسەرانی سویدی لایەنگری ئاڵمانن و بەم شێوەیە هەوڵیان دەدا هەتا چواریەندەی لە یەریەک هەڵوەشێنن. ئەوەی ڕاستی بێ چونکە خەزێنەی وڵات بە دەست ڕاوێژکارانی وەکوو «مێرنار» و یارانییەوە بوو و ڕووس و ئینگلیس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چاوەدێرییان بە سەردا دەکرد، نەیاندەهێشت لە جەنگەی خۆی‌دا مووچە و پێداویستی و خەرج‌وبەرجی مانگانەیان بگاتە دەستی و چەتیان تێدەخست. دواتر باسی هەڵوێست و دژکردەوەی ژاندرمەری دەکەین لە هەمبەر سیاسەتی ڕووس و ئینگلیس‌دا و لێرەدا تەنیا دەبێ ئەوەندەمان لە بیر بێ کە هێزی ژاندرمە تەنیا هیوایەک بوو کە پارلمان و نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان دڵیان پێی خۆش بوو. لەم هێزەدا چەند ئەفسەرێکی خوێندەواری وەکوو محەممەدتەقی پێسیان و مەسعوودخان[1] و کەسانێکی ئاوا خزمەتیان دەکرد. ئەم ئەفسەرانە کە ئەوینداری نیشتمان و پاراستنی مەشرووتە بوون، دەیانزانی کە ڕووسیای قەیسەری چ دەرد و مەرەدێکی بە سەر خەڵکی وڵات هێناوە و فرت‌وفێڵ و پیلانگێرانی بریتانیا چۆن کارەساتی تاڵ و دڵتەزێنی لێکەوتۆتەوە.

**دەوری خەڵکی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا**

دەوڵەتی نەبەگە و خۆنەگر و لەرزۆکی ئێران کە هەر بە چەند هەفتە یان چەند مانگ جارێک یەکێک لێی دەبوو بە سەرۆک. لە حاند قەیرانی دەستێوەردانی سەربازیی یەکگرتووان و هاوپەیمانان و سستی و دردۆنگیی پارلمانی خولی

---

[1]- دوکتور مەسعوود کەیهان

سێیەمدا هیچ کارێکی بەرێوەچێی لە چنگ نەدەهات. جا هەر بۆیە چارەنووسی خەڵک درابووە دەست هەست و سۆزی خۆیان. ئەو کەسانەی کە هەر مەیلیان لە کاری چەکداری و ڕەنگدانەوەی دەستوتفەنگ بوو، زۆریان فەرق پێنەدەکرد بۆ کێ چووبانە مەیدان. بەم شێوەیە هەم هاوپەیمانان و هەم ڕاسپاردە و سیخوڕانی ئالمانی هەلیان بۆ ڕەخسا کە لە ناوچەی ژێر سێبەری خۆیاندا، کەسانێکی ئەوتۆ تەیار بکەن.

ئەوەی ڕاستی بێ دەوری سەرەکیی خەڵک کە دەوڵەت و پارلمان دەستیان لێ بەربابوون لە شەڕی نێوان خەنیماندا جێگای سەرنجە. پێشتر باسمان کرد کە هەستی گەلی ئێران دژی زوڵم و زۆرییەکانی ڕووسیای قەیسەری و سیاسەتی ناپاکانەی بریتانیا زۆر چاک هاروورژابوو. خەڵکی دڵئاگای وڵاتی ئێمە بۆیان ڕوون ببۆوە کە هەر بەڵا و نەهامەتییەکی وا داوێنی خەڵک و نیشتمانی گرتۆتەوە، هەمووی هەر دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێست و هەنگاوی دراوسێیانی باکووری و باشووری. شوێنەواری شاڵ و ئالەباری ڕقبەرقەی ئەم دووانە و پاشان پێکەوەسازانیان، لە هەموو ئاستێکی سیاسی و ئابووریی وڵاتی ئێراندا ڕەنگی دابۆوە. سایکس کە خۆی لە هەڵکەوت و ڕووداوەکانی سەبارەت بە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ئێران دەورێکی گرینگ و کاریگەری گێڕابوو، بێزرانی ئینگلیسییەکان لەبەرچاوی خەڵکی ئێران ئاوا پاساو دەداتەوە:

«ڕق و ناخۆشەویستییەکی تێکەڵ بە ترس و تۆقین سەبارەت بە ڕووسان لە نێو جەماوەری ئێرانیدا ڕەنگی دابۆوە، بەڵام لە نێو ناوەندەکان و کۆڕی کەسانی ئاگاداردا، دەیانگوت بریتانیای گەورەی بەزێنەری ناپلێۆن سەرەنجام شەڕەکە دەباتەوە، کەچی بەگشتی چونکە ئێمە ببووینە هاوپەیمانی ڕووسان زۆر لەبەرچاوان ڕەش بووین.»

دەبێ بڵێین ڕاستەقینە شتێکی دیکەیە کە سایکس لە حەورەنگیلەی وشە و ڕستەی چاوخەڵەتێنی خۆیەوە پێچاوە. گەلی ئێران تاوانەکانی ئینگلیسی سەبارەت بە خۆی و نیشتمانەکەی لە بیر نەچۆتەوە و هێشتا مەرەکەبی واژۆی پەیمانی ۱۹۰۷ ویشک نەبۆوە کە جارێکی دیکەش دەستی سیاسەتی بریتانیا لە قۆڵی ڕووسیاوە هاتەدەر و بە دابەشینی سەرلەبەری ئێران بۆ دوو هەرێمی ژێردەستە و داگیرکراو لە ساڵی ۱۹۱۵دا، تاوانی مێژوویی خۆی کامڵ کرد.

بەپێچەوانەی بۆچوونی سایکس، هەم رووسیای قەیسەری و هەم بریتانیای گەورە لەبەرچاوی گەلی ئێران بێزرابوون. خەڵکی وشیاری وڵاتەکەمان بێئەوەی هەر تۆزێکیش گەلانی رووس و ئینگلیسیان ناخۆش بوێ، چونکە هەتا ئەو کاتە ئاڵمان هیچ خراپەیەکی دەرهەق نەکردبوو، مەیلی بە لای سیاسەتی ئەو وڵاتەدا شکایەوە و رێگای بۆ پیاوان و هەوڵگرانی ئەو وڵاتە لە ئێران خۆش کرد.

بە مەبەستی روونبوونەوەی دەوری خەڵک لە شەردا، دەبێ تیشک بخەینە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پشتیوانیی خەڵکی [ئێران] لە حکوومەتی عوسمانی کە هاوپەیمانی ئاڵمان بوو، بێجگە لە رەنگدانەوەی هەست و سۆزی دینی، دەگەڕایەوە سەر هۆکارێکی دیکەش، لە روانگەی خەڵکەوە عوسمانی دوژمنی دوژمنەکانیان، واتە رووس و ئینگلیس بوو. کاتێک دەیاندی کە هێزەکانی عوسمانی لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە سەرقاڵی شەڕن، بە شێوەیەکی سروشتی هەستیان دەبزووت و بە هەموو بارانێدا یاریدەی دراوسێی مسوڵمانی خۆیان دەدا و ئاوا هەم کوڵوکۆی دینیی خۆیان دادەمرکاند و هەم ئاوا رقی خۆشیان بە رووس و ئینگلیس دەرشت و تۆڵەی زوڵمەکانی رابردوویان دەکردەوە.

٢- بۆیە کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانی بە لای سیاسەتی ئاڵماندا شکابوونەوە، چونکە دەیانهەویست بە مەبەستی خەبات دژی رووسیای قەیسەری چەک و تەقەمەنی لەو وڵاتە وەربگرن. بیری وەرگرتنی چەکوچۆڵ لە ئاڵمان و تەیارکردنی هێزەکانی نەتەوەیی بۆ بە گژداچوونەوەی رووسان و دەرپەراندنیان لە ئێران وای تەشەنە کرد، کە پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لە نێوان کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانی و کارگێڕانی ئاڵمانیدا دامەزرا، ئەم کار و دەسپێشخەرییانە وایان کرد کە چەند لک و پەلێک بۆ یاریدەدانی هێزەکانی ئاڵمان و عوسمانی لە نێو خەڵکدا پێک بێن.

٣- وەکوو باسمان کرد ژاندرمەری تەنیا دەزگایەکی ئاسایشی باوەڕپێکراوی کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانی بوو. سایکس و نووسەرانی دیکەی ئینگلیسی دەڵێن کە ئەفسەران و راوێژکارانی سویدی ئەو هێزەیان بە قازانجی یەکگرتووەکان هێنابوویە مەیدان. لەو کاتەدا چەکدارانی قەززاق هێشتا لە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی رووسیدا بوون و ژمارەیان دەگەیشتە هەشتهەزار کەسێک و بێگومان هێزی قەززاق تەنیا بە رێبازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی رووسیادا هەنگاوی دەنا. سەربازانی

قەززاق زۆربەیان دڕ و توندوتیژ و نەخوێندەوار و نەزان بوون و بەپێچەوانەی ئەوەی کە خۆیان پێوەهەڵدەنا، ناشیاو و ناکارامە بوون. وەکوو ئاشکرایە ئەفسەرانی هێزی ژاندرمەری زۆربەیان لاوانی تامەزرۆ و نیشتماندۆست بوون و چونکە هەر لە سەرەتای پێکهاتنەوە ئەم هێزە ناکۆکی و کێشەی لەگەڵ قەززاقان بۆ ساز ببوو، بە دژی هەڵوێستی ئەوان کە لە خەتی رووسەکانیان لانەدەدا، ژاندرمەکان ببوونە لایەنگری هێزەکانی یەکگرتوو. وای لێهات کە لە گەرمەی شەردا، لە زۆربەی ئەو شوێنانەی وا بە شەرگەی نێوان هاوپەیمانان و یەکگرتووەکان دادەندران، ژاندرمەکان و خەڵکی داخواز دژی هێزەکانی رووس دەجووڵانەوە و زەبریان لێ دەوەشاندن.

٤- چالاکیی بێوچانی ئاڵمانییەکان لە ئێراندا بۆ توندوتۆڵتر کردنی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ گەلی ئێران رۆژبەرۆژ پتر پەرەی دەستاند و وای لێهات کە ساڵی ١٩١٥ تا ١٩١٦ دەستەیەک لە هەواڵگرانی شارەزای ئاڵمانی ـ کە نیدێرمایێر و واسمۆس ئەوانی ناوبەدەرەوەیان بوون ـ توانییان چەندین دەستە و پەلی نیشتمانی چەکدار و تەیار بکەن و بیانێرنە یاریدەی قۆشەنی عوسمانی کە لەسەر رەوگەی بەغدا ـ قەزوێن و کرماشان ـ سابڵاغ[1] لەگەڵ سپای رووسیای قەیسەری سەرقاڵی شەڕ بوون.

## کۆچکردن و حیزبەکان

چالاکی و هەڵسوورانی ئاڵمانییەکان لە ئێراندا و تێکۆشانی دەستەیەک لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات وەکوو «تەقیزادە» لە بێرلین و کەسانێکی دیکە لە ئیستانبووڵ و گوشاری رووسەکان و لە ریسمەچوونی کارەکان و خاوی و بێوازیی پارلمانی خولی سێیەم، توانی بزووتنەوەیەک لە نێوان سەرۆکانی حیزبەکان و ئازادیخوازاندا بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو دژی هاوپەیمانان، بەتایبەت رووسیا بەدی بێنێ. ئەم حەوڵودەولە وردەوردە لەگەڵ هەڵوێست و سیاسەتی دەوڵەتی یەکتری گرتەوە و سەرۆکان و سەرکردەکانی ژاندرمەریش بە پیرییەوە چوون.

---

١- ساوجبلاغ

لە ئاکامی ئەم کار و چالاکییانەدا، کلکەی مانگی قوربانی ١٣٣٣ی ک/ خەزەلوەری ١٢٩٤ی هەتاوی/١٩١٥ی زایینی، قەزوین کەوتە بەر شالاوی هێزەکانی رووسیا و گیرا و پاشان خۆیان ئامادە کرد و بە مەبەستی گرتنی پایتەخت بەرەو تاران وەڕێکەوتن. موستەوفیولمەمالیکی سەرۆکوەزیر، لە ڕێی مەلیکوششوعەرای بەهار و سولەیمانمیرزاوە بە نەهێنی دەستووری دا بە کومیتەی [سەرکردایەتیی] حیزبی دیموکرات کە بڕۆنە قوم. ژاندرمەری بە چەک و جبەخانەوە و تاقمێک لە نوێنەرانی پارلمان و خەلک و بالوێزی ئالمانیش چوونە قوم. موستەوفیولمەمالیک لەبەر بزووتنی هێزەکانی رووسیا بەرەو تاران، لێبڕابوو کە شا و ئەنجومەنی وەزیران لە تارانەوە ڕاگوێزێتە ئیسفەهان. مەلیکوششوعەرای بەهار کە خۆی پەیامی سەرۆکوەزیری بە کومیتەی [سەرکردایەتیی] حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند هەتا بڕۆنە قوم، سەبارەت بە ڕاگوێزرانی شا بۆ شاری قوم دەنووسێ:

«ڕۆژی حەوتەمی مانگی محەرەم، شار هەر ژاوەژاو و قریوەقریوی بوو. هێزەکانی ژاندرمە دەستەدەستە، سوارە و پیاوە دەهاتن و دەچوون. دڕۆشکە و ئەسپ دیار نەبوون. هەوالی بڕیاری دەولەت سەبارەت بە ڕۆیشتنی شا و ئەنجومەنی وەزیران و بارگا و دیوانی بالای میری بە پاشەکەوتەوە لە تاران. لە شاردا دەنگی دابوویەوە. بارگای میری هارووژابوو. دڕۆشکەی شایان لە دوو ئەسپی کوێتی چوارپەل قایم بەستبوو. سوارانی پاسەوان بە ڕیز چەقیبوون. پۆلیس و ژاندرمە لە دەرگای ئەندەروونەوە هەتا دەروازەی حەزرەتی عەبدولعەزیم(س.خ) جەلله ببوون و بەکورتی شا دەیهەوێ بڕوا. بۆ کوێ دەچێ؟ وەللا بۆ ئیسفەهان.»[1]

«ئەم هەواڵە بۆ من کە پێشتر بیستبووم، هێندەم گوێ پێنەدەدا. بەلام شارێکی چوارسەدهەزار کەسەی خستبوویە ترس و دلەڕاوکە و پەلەقاژە. خۆ ڕوون نەبوو شا بۆچی دەڕوا، ڕەنگە بۆیە بڕوا چونکە قۆشەنی ڕووس خەریکە دێ! من دانی

---

١- ئەم دیمەنەی کە مەلیکوششوعەرا باسی دەکا، ٢٦ سال دواتر یانی مانگی خرمانانی ١٣٢٠ی هـ/١٩٤١ی ز. بە نیزیکبوونەوەی قۆشەنی رووسیا لە تاران دووپات بۆوە، بەلام ئەمجارەیان بەراستی ڕەزاخان تەمای گرت کە پایتەخت لە تارانەوە ڕاگوێزێ بۆ ئیسفەهان.

بەیانی پاش بیستنی ئەم هەواڵە چوومە پارلمان. لەوێ بۆم دەرکەوت کە لەم دوو ڕۆژەدا بەشێکی دیکەش لە نوێنەران ڕۆیشتوون و لە قوم جەمبوورەیان داوە.»

«ماینەوە هەتا بوو بە نیوەڕۆ. جێگرانی سەرۆکی پارلمان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران گەڕابوونەوە. ئەو نوێنەرانەی کە لەوێ دەخولانەوە، بۆ بیستنی هەواڵی تازە بە پێشوازیانەوە چووین و دەورەمان دان. موئتەمینولمولکی سەرۆکی پارلمان گوتبووی پادشا ناڕوا. نوێنەرانیش تەمایان گرتبوو هەتا ئەرکی سەر شانیان ڕاپەڕێنن. داخوا ئەرکی یاساییی نوێنەرانی پارلمان دەبێ چ بێ کە شا و ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ڕۆیشتنن؟ ئەویش کۆڕەو و بزووتنێکی سیاسی! بەم پێیە نوێنەرانیش دەنگیان لەسەر کۆچکردن دا.»

«لەسەر ئەم ڕێوشوێنە بوو کە لە دەروازەی تارانەوە هەتا دەروازەی قوم، کاروانی کۆچەر و بارگە و بنەی ژاندرمە و بار و بارخانەی سووک و قورسی پاشەکەوت و پێداویستی و قورخانە و تەقەمەنی و ئەسپ و درۆشکە و کەر و داشقە و تەنانەت پیادەی لیقەوماویش وەکوو پوورەی هەنگ تێکهاڵابوون. یەکێک لە کۆچەرانی ئەم کۆڕەوە پڕەنس «هێنری ڕویس»ی باڵوێزی ئاڵمان بوو کە بە پشتبەستن بە قسەی سەرۆکوەزیر لە شوێنی کاری خۆی بەرەو جێگایەکی دیکە تلاسا بیوو.»

سپاساڵاری وەزیری بەرگری و کامرانمیرزا[1] و سەمسامولسەڵتەنەی بەختیاری و تاقمێکی دیکەی پیاوی کۆنەساڵ چووبوونە بارگا هەتا پادشا لە چوونی بۆ ئیسفەهان پەژیوان بکەنەوە. ماوەیەک دواتر باڵوێزانی ڕووس و ئینگلیسیش تێکەڵیان بوون. ئەگەرچی ئەحمەدشا جاری یەکەم داوای دوو باڵوێزەکەی بۆ دیدار و چاوپێکەوتنی بردەوەپاش، بەڵام سەرەنجام توانییان چاویان پێی بکەوێ و بەڕاشکاوی پێیان ڕاگەیاند بێتوو لە تاران ببزوێ و بڕوا، لەسەر دەسەڵات لای دەبەن و یەکێکی دیکەی لە جێی دادەنێن. ئەحمەدشا بەگوێرەی خووخدە و ڕوانگەی دیموکراتییانەی خۆی، گرتنی بڕیارەکەی دایە دەست ئەنجومەنی وەزیران و سەرەنجام دەوڵەت لە بڕیاری چوون بۆ ئیسفەهان پاشەگەز بووە. هەفتەی داهاتوو سەرۆکی پارلمان ئەم بڕیارەی بە نوێنەرانی بنەگرتووی قوم ڕاگەیاند. تاقمێکیان گەڕانەوە تاران و تاقمێکیش هەر لەو شارە مانەوە. هەروەها

---

١- کامرانمیرزا باوکی دایکی پادشا بوو.

قزشەنی رووسیا رووی لە هاتن بۆ تاران وەرگێرا و بە فەرمانی باڵوێزی رووس لە نێزیک کەرەجەوە گەڕانەوە قەزوین.

### دەوڵەتی نیشتمانی

کومیتەی بەرگریی نیشتمانی کە لە قوم پێکهاتبوو لە چەند سەرکردەیەکی دێموکراتی وەکوو سولەیمانمیرزا، میرزا سولەیمانخانی مەیکەدە، میرزا محەممەدعەلیخانی کلووپ(فەرزین)، وەحیدولمولک(شەیبانی)، حاجی فەتەنولمولک(جەلالی)، ئەدیبووسسەلتەنەی سەمیعی و کەوکێی دیکە، هاوکار بوو لەگەڵ «شونمان» کاربەدەستی دەوڵەتی ئاڵمان. هەر کە قزشەنی رووسان لە دوو لاوە پەلاماریان بردە سەر قوم و هێزی ژاندرمە و چەکداری گەلەجاریان تێکشکاندن، لە قومەوە چوونە کاشان و لەوێشەوە رۆیشتن بۆ ئیسفەهان. لەم کۆچەدا کۆمەڵێکی بەرچاوی مرۆڤی ئازادە و خەباتکارانی سەردەمی شۆڕشی گەورە لە هەر چین و توێژ و پیشەیەکیش رەگەڵیان کەوتن. هەروەها چەند کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبەکانی دیکە وەکوو سەید محەممەدسادق تەباتەبایی لە حیزبی ئیعتیدالییوون و سەید حەسەن مودەڕریس و پیاوانی لەم شێوەیەش چوونە ئیسفەهان. ئەم دەستە و تاقمانە وردەوردە لە ئیسفەهانەوە بەرەو کرماشان کۆچ و باریان لێنا کە ئەو کاتە بە دەست هێزەکانی عوسمانییەوە بوو. لەو شارەدا «نیزاموسسەلتەنە»ش گەیشتە لایان و دەوڵەتێکی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی نیزاموسسەلتەنە پێکهات کە مودەڕریس تێیدا بوو بە وەزیری داد و وەزیرەکانی دیکە بریتی بوون «فەتەنولمولک» و «سووەر» و «سالارلەشکر» و «فەرزین».

رەنگە دەوڵەتی نیشتمانی لە کرماشان توانیبای بە یاریدەی هێزەکانی عوسمانی و ئاڵمان و بە پشتیوانیی مالیی ئاڵمان، کە ئەو کاتە بە باری دارایی‌دا یارمەتیی عوسمانیی هاوپەیمانیشی دەدا، مەکۆیەکی بەهێز بۆ خەبات دژی هاوپەیمانان یان لانیکەم بۆ پاراستنی هەرێم و مەڵبەندەکانی خۆرنشینی ئێران لە هەمبەر سپای رووسیای قەیسەری‌دا دامەزرێنێ؛ بەڵام هێندەی پێنەچوو کە لە لایەکەوە ناکۆکی کەوتە نێوان مەزنان و سەرۆکانی حیزبی دێموکرات و ئیعتیدالی و لە لایەکی دیکەوە ناتەبایی لە نێوان مەزنانی عوسمانی و ئاڵمانی‌دا رەنگی دایەوە. عوسمانییەکان بەو کار و هەڵوێستەی ئاڵمانییەکان نارازی بوون کە راستەوخۆ

لەگەڵ کوڕ و کۆمەڵانی نیشتمانیی ئێران پەیوەندییان دامەزراندووە و دەیانگوت نابێ وابێ و پێویستە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی نیشتمانی لە ڕێی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانییەوە بێ. دەستەیەک لە گەورەگەورە و مەزنانی دەوڵەتی نیشتمانی ئەم بۆچوونەی عوسمانییان دەسەلماند، بەڵام زۆربەیان دەیانگوت ئێمە پشتمان بە بەڵێنەکانی دەوڵەتی ئاڵمان بەستووە و خەباتمان دەست پێکردووە و باوەڕمان بە ڕووڕاستیی تورکان نییە و دەبێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاڵمانییەکان تێکەوین و ببینە هاوبەڵێن و هاوپەیمان. چونکە دەوڵەتی موستەوفیولمەمالیک پێی وابوو دامەزراندنی پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ ئاڵمان ناگونجێ، سولەیمانمیرزای سەرگەلەی حیزبی دێموکرات کە سوور بوو لەسەر بەستنی پەیمان لەگەڵ ئاڵمانییەکان، لەم ململانییە سیاسییەدا بەزی. بە بڕوای دەوڵەتی موستەوفیولمەمالیک، ئەگەر پەیوەندییەکی ئاواش دامەزرابا، چونکە ئاڵمان وڵاتێکی دوورەدەست بوو بۆ ئێران و چەند خاڵێکی ناڕوونیش لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانیدا هەبوون، بزووتنەوەی نیشتمان بەبێ خۆتێوەردانی راستەخۆی تورکانی عوسمانی نەیدەتوانی بەهرە لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئاڵمان وەربگرێ.

لە گەرمەی بگرەوبەردەی ململانێی سیاسیی دوو حیزبی دێموکرات و ئیعتیدالیدا کە سێبەری هاویشتبوویە سەر دەوڵەتی نیشتمانی و پرسی کۆچ و ڕەو، سپای ڕووسیای قەیسەری لە خانەقین توانی هێزی حکوومەتی نیشتمانی بشکێنێ. ئەم تێشکان و تووشی مەترسیبوونە، کۆتایی هێنا بە کەلەوەکێشیی دوو حیزبەکە و سەرۆکانی دێموکرات و ئیعتیدالی ڕێککەوتن و هەردک حیزبەکانیان هەڵوەشاندنەوە و ئەم بارودۆخە هەتا شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیا و گەڕانەوەی سپاکەی لە ئێرانەوە درێژەی کێشا و سەرەنجام پاش ئەم قۆناخە دوو حیزبەکە سەرلەنوێ لە تاران دامەزرانەوە.

## نەوتی باشوور

لە بەشی چاردەهەمی ئەم کتێبەدا باسی چۆنییەتی وەرگیرانی پاوانی هەڵێنجان و بەرهەمهێنانی نەوتی باشوور قسەی لێکرا کە چۆن ویلیام ناکس دارسی توانیبووی لە موزەففەرەددینشای قاجاری وەربگرێ. باسەکەمان هەتا ئەو

شوێنە درێژە پێدا کە دەوڵەتی بریتانیا لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دەریاوانیی ئەو وڵاتە ویستی تاکوو چەند پشکێک لە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران بکڕێ. ئەم بیرۆکە هەتا دەهات و دنیا لە شەڕی یەکەم نیزیک دەبۆوە، زیاتر ڕەنگی دەدایەوە، سەرەنجام دەوڵەتی ئینگلیس بەپێی یاسایەک کەساڵی ١٩١٤ لە پارلمانی ئەو وڵاتە پەسند کرا، لە ڕێگای کڕینی پشکی ئاسایی و پشکی دانستە و بەستنی ڕێککەوتننامەی کڕینی نەوت لەو کۆمپانیایە و دیاریکردنی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکە لە لایەن دەوڵەتی بریتانیاوە، بەراستی توانی ڕەوت و ڕێبازی گشتیی کۆمپانیا و لە ئاکامدا سیاسەتی نەوتیی ئێران بە دەستەوە بگرێ.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆتێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئینگلیس لە کاروباری نەوتی ئێراندا، نارەزامەندیی توندی لە ئێران و ئورووپا لێکەوتەوە و قوونەشەڕی هەراکە هەتا پارلمانی ئەو وڵاتەش ڕۆیی. دەوڵەتی ئێران لە ڕێی وەزارەتی دەرەوەی خۆیەوە نارەزامەندیی دەربڕی، بەڵام باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران وڵامی دایەوە کە «ئەم سەودایە تەنیا بە مەبەستی ڕێخۆشکردنە بۆ فرۆشی نەوت و بە هیچ شێوەیەک دەوڵەتی ئینگلیس نە بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمپانیایە و نە هیچ دەورێکی دەبێ لە پەیوەندییە بازرگانی و سیاسییەکانی کۆمپانیاکەدا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران». وەکوو ئاشکرایە ئەم قسانە وا نەبوون و دەوڵەتی بریتانیا تەنانەت بەپێچەوانەی بەڵێنیی بەرواڵەتی کە هیچ دەورێک ناگێڕێ، دەستی لە کاروباری بازرگانی و ئاسایی کۆمپانیاشدا هەبوو.

شۆڕشی ئارام و گۆڕانی سیستمی سیاسیی ئێران و ئازادیی قەڵەم و ڕۆژنامەوانی، پرسی نەوتی باشووری خستبوویە سەر زمانان. بەڵام لەو کاتەدا دەوڵەتی ئێران هێشتا هەر پەیوەندیی بە کۆمپانیایەکی بازرگانییەوە هەبوو و خەڵک زۆر چاک نەیاندەزانی نەوتی ئێران چی لێ دێ و کۆمپانیاکە چ دەکا. بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی بابەتەکە وەزیری کانگاکانی ئێران ڕۆژی پێنجەمی مانگی قوربانی ١٣٣٤ی ک، چوویە کۆبوونەوەی پارلمان هەتا دەربارەی نەوت و پەیوەندییەکانی کۆمپانیاکە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، وڵامی نوێنەرانی بداتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دەست کرا بە خوێندرانەوەی پاواننامەکەی دارسی و لە گەرمەی کارەکەدا وەزیر وڵامی نوێنەرانی دەدایەوە کە زۆربەی پرسیارەکان بە باری گومان و دڕدۆنگیدا

سەبارەت بە کاروباری کۆمپانیاکە داڕێژرابوون. سەرەنجام لیژنەیەکی شەش کەسی بۆ پێداچوونەوە بە پاوانامەی نەوت لە لایەن پارلمانەوە دیاری کرا.

لە نێو ئەو نارەزامەندییانەدا کە سەبارەتن بە خۆتێوەردانی ئینگلستان لە کاروباری نەوتی باشووری ئێران، نارەزامەندیی «شێخ محەممەد خەیابانی» و «ڕەمزی مەکدۆناڵد»ی سەرۆکی حیزبی کرێکاری ئینگلیس جێگای سەرنجن و ئێمە دەقاودەق لە ڕووی کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران»ی نووسراوی مستەفا فاتح رایاندەگوێزین:

گیانی شاد بێ خەیابانی لە وتارێکی گەرموگوڕی خۆیدا لە تەورێز گوتی:

«ئەو پاوانەی کە دراوە بە دارسی نابێ ڕابگوێزرێ بۆ ئیمپراتۆریی ئینگلستان، چونکە ئاڵۆزی و پەرێشانی و دڵنیگەرانیی ئێرانی بە دوای‌دا هاتووە. ئەم سەودایە نادروست و ناپاکانە بووە، چونکە دەوڵەتی ئینگلستان هەرگیز نەیدەتوانی کە پاوانێکی ئاوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەوڵەتی ئێران وەربگرێ. ئینگلستان هاتووە و «دارسی»ی وەپێش داوە هەتا ئاوا پاوانەکەی پێ بستێنێ و ڕوخساری دزێوی ئەمپریالیزمانەی خۆی لە پشتی وی حەشار بدا. ئەمە کارێکی فێڵەبازانە و نادروست و گزیکارانە بووە.»

ساڵی ١٩١٤ لە کۆبوونەوەیەکی پارلمانی بریتانیادا کە «چرچیل»ی وەزیری دەریاوانی سەبارەت بە قازانج و لایەنە باش و بەرچاوەکانی قەراردادەکەی دەوڵەت لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران وتاری دەدا، مەکدۆناڵدی سەرۆکی حیزبی کرێکار، بە دانی وتارێکی توندوتیژ بە گژ سیاسەتی دەوڵەتی بریتانیادا چۆوە و گوتی:

«دەوڵەت دەڵێ کە قەراروبڕی لەگەڵ کۆمپانیای نەوت تەنیا ڕێککەوتنێکی بازرگانییە. ئەمە قسەیەکی پێچەوانەیە، چونکە ئەگەر دارایی و کەرەستە و ئامرازەکانی کۆمپانیای نەوت لە ئێران بکەونە بەر پەلاماری بەختیارییەکان و عێل و عەشیرەتی دیکە، خۆ کۆمپانیا ناتوانێ کە نەوتی پێویست بدا بە وەزارەتی دەریاوانی و جا ئەو کاتە ئەمپریالیستەکان وەدەنگ دێن و دەیکەنە هەرا و دنەی دەوڵەت دەدەن هەتا بچێتە هانای کۆمپانیای نەوت و وای لێ دەکەن کە خۆ لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەربدا.»

«سیاسەتی کۆمپانیای نەوت لە ئێراندا لەسەر رەوتی داگیرکەرانە دەڕوا و زەبر لە سەربەخۆییی ئەم وڵاتە دەوەشێنێ، چونکە کۆمپانیا بەو پووڵانەی کە دەیدا بە بەختیارییەکان و عەرەبەکانی خووزستان بۆ ئەوەی ماڵ و دارایییەکانی بپارێزن، دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لاواز دەکا و پەرە بە حکوومەتی خانخانی و خێڵاتی دەدا. من پێشنیار دەکەم کە دەوڵەت خۆ لە سیاسەتێکی ئاوا ئەمپریالیستییانە لابدا و دەستیان لێ هەڵگرێ و هێز وەبەر حکوومەتی ناوەندی بنێ هەتا خودی دەوڵەتی ئێران ئەرکی پاراستنی ماڵ و دارایی کۆمپانیا وەئەستۆ بگرێ و یا لە داهاتوودا هەلومەرجێکی وا نەیەتە پێش کە پێویست بێ دەوڵەتی ئینگلیس دەستوەربداتە کاروباری نێوخۆی ئێران.»[1]

لەو کۆبوونەوەیەدا سێر ئێدوارد گرێی وەزیری دەرەوەی ئینگلیس و گرێدەری پەیماننامەی دابەشینی ئێران لەگەڵ رووسیا لە ساڵی ١٩٠٧ و ١٩١٥دا، نوێنەرانی پارلمانی دڵنیا کردنەوە کە هیچ کاتێک دەوڵەتی بریتانیا پێویستی بە دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆی ئێران نابێ. پاریزرانی هێڵی لوولەی نەوت و دەزگا و دامەزراوە و کەرەسەکانی کۆمپانیا ئەگەر پێویستیان بە ئاگاداری لێ کران بێ، تەنیا دوو پەلە سەربازیان بەسە و چوونی ئەمانەش هیچ زەبرێک لە سەربەستیی ئێران ناوەشێنێ. سەرەنجام پارلمان پێشنیاری دەوڵەتی پەسند کرد.

دەوڵەتی بریتانیا بەپێچەوانەی پێشنیارەکەی مەکدۆناڵد، نەک تەنیا هێزی وەبەر حکوومەتی ناوەندی نەنا کە لە جەنگەی قەیرانی شۆڕشی گەورەدا تووشی هەزاران گرێ و گرفتی سیاسی و دارایی ببوو، بەڵکوو بەرواڵەت هات و خۆی راوەشاند و گوتی پشتیوانم بۆ مەشرووتەخوازان. بەڵام بە نەهێنی لەگەڵ رووسیا دەستی تێکەڵ کرد و ئەوەندەی توانی هەوڵی دا هەتا دەوڵەتی شلکی مەشرووتە لاواز بێ. لە ماوەی بەردەوامبوونی شەریشدا، جارێکی دیکە بە شێوەیەکی دۆستانە ئێرانی لەگەڵ رووسیا بەش کرد و سیاسەتی ئەمپریالیستیی بریتانیا کە رەمزی مەکدۆناڵد

---

١- بەداخەوە ئەم دەرفەتانەی کە دەرەخسان بۆ ئەوەی بریتانیا خۆ لە نێو کاروباری نێوخۆی ئێران وەربدا، زۆرجاران چەندپات دەبوونەوە. جێی سەرسوڕمانە کە گەمی شەرکەرەکانی بریتانیا بە مەبەستی رێگرتن لە وەگەرخستنی دەسەڵاتی نیشتمانیی ئێران و سواربوون بە سەر سەرچاوەکانی نەوتیدا، ساڵی ١٣٣٠ی هـ/١٩١٥ی ز، بە فەرمانی دەوڵەتی کرێکاری ئینگلیس بەرەو ئاوەکانی ئێران بزووتن.

لە وتارەکەی خۆیدا چەند جارێکی ئاماژە پێکردبوو. تەنانەت ڕێگای نەدا کە مافی پاوانانەی نەوت بدرێ بە دەولەتی ئێران. کاتێک کە هێزەکانی هیندی و ئوسترالیایی و ئینگلیسی دەستیان داگرتبوو بە سەر بەشی هەرە زۆری خاکی ئێراندا و خەسارەتێکی بەرچاویان بە گەل و نیشتمانی ئێران دەگەیاند. کاتێک ئێران بە نارەزامەندی بەرەورووی کۆمپانیای نەوت بۆوە و گوتی لە پەیمانی خۆی لاداوە و هەقی پاوانانەی نەداوە. کۆمپانیا کردی بە هەرا و گوتی چونکە ئێران نەیتوانیوە هێمنایەتی لە هەرێمی خووزستان بپارێزێ. بە سەر خەسارباریدا کەوتووە و پاوانانەی بۆ نادرێ.

وەکوو ئاشکرایە کۆمپانیای نەوت. یانی داردەستی سیاسەتی ئەمپریالیزمی بریتانیا. لەبری ئەوەی کە هەوڵ بدا دەولەتی ناوەندی بەهێز بێ و داوای لێ بکا هەتا هێمنایەتیی ناوچە نەوتەوەرەکانی وڵات دابین بکا. وای بە بەرژەوەند زانیبوو کە بە دانی بەرتیل دڵی خانانی بەختیاری و سەرۆکە دەستڕۆیشتووەکانی خووزستان، واتە یەکێکی وەکوو شێخ خەزعەل وەدەست بێنێ و لە بەرامبەر هێزی حکوومەتی مەشرووتەدا قوتیان بکاتەوە. بەم کارە هەم دەیتوانی ڕێ لە شاڵاوی چاوەڕواننەکراویان بگرێ بۆ سەر ناوچە نەوتەوەرەکان و هەم واشی نیشان بدا کە دەولەتی ناوەندی بەهێز و هەناوە. تیتاڵ تێهاڵاندن و هێنانەگۆری حیساباتی بێ‌ڕێوجێی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و بەرپێنگ پێکرتنی ئێران. بەتایبەت پرسی قەرەبووی زیان و زەرەدی نەبوونی تەناهی کە ئەویش هەر لە سایەی سەری هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمەوە بوو، ئەوەندە بێ‌شەرمانە و دوور بوو لە ویژدان و جوامێری کە هەر باسی ناکرێ. دەولەتی بریتانیا وێڕای پێشێلکردنی هەڵوێستی بێ‌لایەنانەی ئێران، بەشێکی زۆری ناوچە و هەرێمەکانی خۆرنشین و باشووری خۆرنشین و باشووری ئێرانی کردبوویە مەیدانی تراتێن و هۆردووگای قوشەنچییانی خۆی و وڵاتانی ژێرباڵی و گەنم و پێداویستی و بژیو و مەڕ و ماڵاتی بە نرخێکی کەم و چرووک لە دەست خەڵک دەرهێنابوون و کردبوویە قاتی‌وقڕی لە باڵی خۆرنشین. ئێستا کە شەڕ برابۆوە و شاڕێی ئێران توانیبووی دەورێکی یەکجار کاریگەر لە سەرکەوتنی بریتانیادا بگێڕێ، ئەوجار هاتبوو داوای قەرەبووی خەسارەتی لە ئێران دەکرد و ئەو تۆزە هەقەش کە دەبوو بابەتی ئیمتیاز و پاوانی

نەوت بیدا و بە فرتوفێڵ شتێکی وای بە بەرەوە نەهێشتبوو، دەیەویست ئەویش بقاچێنێ.

دەوڵەتی ئێران بە خستنەرووی کۆمەڵێک بەڵگەی روون و پتەو داوای بنەمای کۆمپانیای نەوتی بردەوەپاش و وەبیری هێنایەوە کە کۆمپانیا لە چوارچێوەی پاوانامەکە لای داوە و بەراشکاویش بۆ کۆمپانیای نووسی کە ئێران بەپێی پاوانامەکە لە تەواوی قازانجەکانیدا شەریکە و بەشی هەیە لە دەزگا و دامەزراوە و کۆمپانیاکانی دیکەی سەر بە کۆمپانیای نەوتدا کە بریتین لە شەریکەی بەرهەمهێنانی بەرایی، شەریکەی نەوتی بێرمێ، شەریکەی گەمییەوانی و ئەوانی دیکەش؛ بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە کۆمپانیای نەوت بۆ دانی بەشی ئێران هێندێک لەو شەریکانەی دەرهاویشتوون. ئەم ناکۆکییانەی نێوان کۆمپانیای نەوت یان بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی بریتانیا و دەوڵەتی ئێران هەروا درێژەی کێشا هەتا پرسی پەیماننامەی ساڵی ١٩١٩ هاتە پێش و ئێمەش وێرای لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو پەیماننامەیە، بە شوێن مەبەستەکەدا دەرۆین.

### کومیتەی سزادان

میرزا برایمخانی مونشیزادە و ئەسەدوڵلاخانی ئەبولفەتحزادە، کە هەردووکیان ئەفسەری سپای قەززاق بوون و لە جەنگەی شۆرشی گەورەدا چووبوونە نێو ریزی ئازادیخوازانەوە، لە گەرمەی بگرەوبەردە و هەرای سێهەم ساڵی شەری یەکەمی جیهانیدا، تەمایان گرت کە بە مەبەستی سزدانی خەیانەتکاران و ناپاکان و بێگانەپەرستان و سیخوران کومیتەیەک بە ناوی کومیتەی سزادان پێکبێنن و بە نووسینی نامەی هەرەشاوی و ئەگەر پێویست بوو بە کەفی توندوتیژتریش، کارێکی وا بکەن تا ئەو کەسانە لە رەوت و رێبازی خۆیان پەشیمان بکەنەوە. هێندەی پێنەچوو کە محەممەدنەزەرخانی «میشکاتولمەمالیک»یش چووە نێو ریزی ئەوان و «کەریم دەواتگەر» و چەند هاورێیەکی رەشەکوژی بۆ وەکردەوەگێرانی ئامانجەکانی کومیتەی سزادان، خۆیان ئامادە کرد. یەکەم رەشەکوژی لە رۆژێکی مانگی رەبیعی دووهەمی ساڵی ١٣٣٥ی ک/١٩١٦ی زایینیدا، لە تاران ئەنجام درا و «سمایلخان»ی سەرۆکی عەمباری دەغڵودان لە جەنگەی گەرانەوەیدا بۆ ماڵ بە دەست دوو کەسی نەناسراو کوژرا. پاشان بەرەبەرە و یەکبەدوای‌یەکدا خودی

کەریم دەواتگەر و مەتینوسسەنتەنەی بەرپرس و نووسەری رۆژنامەی «عەسری جەدید»[١] کە بە نۆکەری بێگانەیان دەزانی،[٢] لەگەڵ میرزا موحسینی موجتەهید لە ماوەی چوار مانگدا کوژران. ئەم تیرۆرانە کە ڕاگەیاندراوی توندوتیژ و ئاگرینی کومیتەی سزادان بە دوایاندا دەهات، سێبەری ترس و تۆقینی بە سەر وڵات کێشا. دەزگای ئاسایش کە لەو کاتەدا سەرهەنگ «وێستیداهیل»ی سویدی سەرۆکی بوو، بە مەبەستی گرتنی ئەندامانی کومیتەی سزادان کەوتە هەوڵ و هەڵسووڕان.

بەشێک لە دەقی یەکەم ڕاگەیاندراوی کومیتەی سزادان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

«هاونیشتمانان! مەتینوسسەنتەنە کوژرا و کۆڵ و باریکی قورسی خەیانەت و بێشەرەفیی لەگەڵ خۆی برد. ئێمە کۆمەڵگامان لە ملۆزمێکی چەپەڵ پاک کردەوە، هەتا پەندێک بێ بۆ تەواوی کەسانی خەیانەتکار، بەڵکوو ڕەوت و ڕێبازی خۆیان بگۆڕن. بەڕاستی ئەوپەڕی سەرشۆڕی و شەرمەزارییە بۆ گەلێک کە ڕادەی نیشتمانفرۆشی و سیخوڕی و خزمەتکردنی بێگانان وەهای پەرە تێدا گرتبێ کە خودی ئەو ملۆزمە ناپاکانەش چاکە و خراپەی خزمەتەکانی ئێران دەدەنە دەم با و شەپۆلی ڕەخنە گرتن. لە هەموو شتێک خراپتر ئەوەیە کە ئەم کەسانە بە ڕوانگە و بیری شەیتانی و گڵاوی خۆیان،

---

١- سەردەمی نوێ

٢- مەلیکوششوعەرای بەهار دەنووسێ: «خودالێخۆشبوو مەتینوسسەنتەنەی بەڕێوەبەری عەسری جەدید لە وتارێکی ڕۆژی ٣ی محەڕڕەمی ١٣٣٤ی کۆچیدا نووسی: [لە ساڵانی ڕابردوودا چەکداری ڕووسی و ئاڵمانی و عوسمانی بە تاڵانی پایتەختی ئێراندا تەدەگەران و چەکوچۆڵ و بۆمبا لە دەوروبەرانەوە تەرژابوویە تاران.] ئاشکرایە کە ئەم ڕستانە بۆ پاساودانەوەی بزووتنی قۆشەنی ڕووس لە کەرەجەوە بۆ ناوەند نووسرابوون. من پاش ئەوەی کە بیستم قۆشەنی ڕووس بەرەو تاران بزووتنووە، لە «نەوبەهار»دا وتارێکم نووسی و ئەم سەردێرەم بۆ دانابوو «دوژمن هێرشی هێنا». لە ژمارەی دواتردا وتارێکم لە وڵامی وتارەکەی «عەسری جەدید»دا نووسی و ناوم نا «دۆستیش هێرشی هێنا». ڕۆژنامەی [نەوبەهار] لەڕێوە قفڵی لێدرا و ڕاگیرا و بە منیشیان گوت کە لە تاران وەدەرکەوم.» بڕ: مێژووی حیزبە سیاسییەکان، بە قەڵەمی مەلیکوششوعەرای بەهار.

هەموو تاقم و دەستە و کەسانی نیشتمانپەرست دەکەنەوە هیچ. لە هەلومەرجێکی ئاوا بارناسکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کە بە میلیۆنان پیاو و ژنی گەلانی دنیا داکۆکی لە بوون و مان و سەربەستیی نیشتمانی خۆشەویستی خۆیان دەکەن، بۆ چارەڕەشییان لە ئێرانی شێواو و سەرووەشکێنکراودا، کەسانێک هەر بە ڕێبازی سیخوڕی، نیشتمانفرۆشی، خەیانەت و جینایەتدا هەنگاو دەنێن.... .»

«کومیتەی سزادان داوا لە تێکرای هاونیشتمانان دەکا کە تەواوی خەیانەتکاران لە هەر جلوبەرگ و پلەیەکدا بناسێنن. لە کۆتاییدا کومیتەی سزادان بە دەنگێکی بەرز ئەم ڕستە بێگەرد و ئاسمانییە بە گوێی خەیانەتکاراندا دەدا: ئەو خاک و سەرزەمینەی کە شوێنی نیشتەجێبوون و مەزنایەتی بووە بۆ ئێرانییانی خاوەنشکۆ و شانازی، نابێ چی دیکە ببێتە هێلانەی سیخوڕی و خەیانەتی تاقمێک چەپەڵ.»

«ئەگەر ئێوە ناتانهەوێ ڕەحم بە دایکی نیشتمان بکەن، لانیکەم بەزەییتان بە دایک و ژن و منداڵی خۆتاندا بێ و لێتان سوور بێ کە لە سەدەی بیستەمدا تازە ناکرێ چی دیکە درێژە بە خەیانەت و سیخوڕی بدرێ. لەم سەدەیەدا سیخوڕی و بێشەرەفی و نیشتمانفرۆشی بە بێگانە مەحکوومە بە نەمان و بڕانەوە و تێداچوون.»

لە درێژەی کار و هەنگاوەکانی کومیتەی سزاداندا، کەسانێکی دیکەی وەکوو میرزا حەمەحوسێنی عیمادولکیتاب، سەیفی قەزوینی، میرزا عەلیئەکبەرخانی ئەرداقی برای قازی شەهید ئەرداقی و بەهادوروسسەنتەنەی خانی کورد چوونە نێو ڕیزەکانی کومیتەکەوە. ماوەیەک دواتر ئەرداقی بە کومیتەی ڕاگەیاند کە لەم

سەرویەندەدا تاقمێکی دە کەسی لە بەرەی شەڕی دووچۆمان[1] گەڕاونەوە تاران و دەیانهەوێ بە مەبەستی خزمەتکردنی نیشتمان کومیتەیەک پێکبێنن و پێشنیاریان کردووە کە لەگەڵ کومیتەی سزادان بکەونە هاوکاری. سەرۆکانی کومیتە ڕەزامەندیی تەواویان لەگەڵ ئەم پێشنیارە دەرنەبڕی. بەڵام چەند ڕۆژ دواتر میرزا موحسینی موجتەهید ترۆر کرا. چونکە ئەرداقی بە کومیتەی ڕاگەیاندبوو کە ئەو تاقمە دە کەسییە لێبڕاون هەتا موجتەهید بکووژن و لەسەر ڕەزامەندی و نارەزامەندیی کومیتە بەند نابن و کاری خۆیان دەکەن. وەکوو ئاشکرایە ئەم ترۆرەش خرایە سەر دۆسییەی کومیتەی سزادان و پۆلیس پتر کەوتە گەڕان و هەڵسووڕان.

بەهادوروسسەلتەنە ناو و نیشانی تەواوی ئەندامانی کومیتەی سزادانی دایە دەست سەرهەنگ «وێستێداهیل»ی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی ئێران و ئەویش ڕۆژی سێیەمی شەشەکانی ۱۳۳۵ی ک. ئەندامانی کومیتەی گرتن. بەهادوروسسەلتەنە بۆیە ئەهێنییەکانی کومیتەی لە قاو دا. چونکە سەرەڕای دەرکرانی فەرمانی کوژرانی موتەخەبوددەولە، چارەنووسی «کەریم دەواتگەر»ی ترۆریستی کومیتە وای تۆقاندبوو کە ئەویش لە گیانی خۆی بترسێ.

هەر پاش ئەوەی کە سەمسامولسەلتەنە ئەنجومەنی تازەی وەزیرانی پێکهێنا، ئەندامانی کومیتەی سزادانی ئازاد کردن. بەڵام هێندەی پێنەچوو کە کابینەکەی لێکهەڵوەشا و وسووقوددەولە بوو بە سەرۆکوەزیر و فەرمانی گیرانەوەی ئەندامانی کومیتەی دەرکرد. میشکاتولمەمالیک لە پاش ئازادکرانی چووبوویە مازندەران. هەتا چەند مانگێک دەستیان پێیڕانەگەیشت و خۆی پەنا دا. ئیحسانوڵلاخانی ئەندامێکی دیکەی کومیتە ڕەوییبوو بۆ ناوچەی لێرەوار و لەوێشەوە خۆشیبوو بۆ قەفقاز هەتا بەشداری شۆڕشی نێوخۆی ڕووسیا بێ. ڕەشیدوسسولتان لە «کەن» گیرا و بە کەیخودایەتی و تکای وسووقوددەولە، میرزا عەبدولحوسێنی سەعاتساز ڕزگاری هات. حوسێنخانی «لەلە» و ڕەشیدوسسولتان لە دار دران. ڕەشیدوسسولتان لە جەنگەی لە داردانیدا، وێڕای ماڵئاوایی لە جەماوەری دەورووبەری، هاواری دەکرد: «مەرگ و نەمان بۆ خائینان!»

---

۱- مەبەستی عێراقە.

مونشیزادە و ئەبولفەتحزادە کە راستیدا بناغەدانەری کومیتەی سزادان بوون، لە باغیشا زیندانی کران و دوای چەند رۆژێک بە ناوی نێردران بۆ تاراوگە لە کەلاتی نادری، لە تارانەوە رایانگواستن و رۆژی ٢٦ی نیوجیژنانی ١٣٣٦ی ک، گەیشتنە سمنان. بۆ بەیانی دوو ئەسپی بێرەخت و زینیان بۆ هێنان هەتا سواری بن و لەگەڵ ژاندرمان بەرەو مەشەد برۆن. تازە دەدوازدە کیلۆمیتریک لە سمنانەوە دوور کەوتبوونەوە کە ژاندرمەکان پێشنیاریان پێکردن وا چاکە هەتا لە چایخانە چایەک دەخۆنەوە، ئەوان وردەوردە لە پێشدا بڕۆن. هەر کە مونشیزادە و ئەبولفەتحزادە چەند هانگاوێک لە چایخانە دوور کەوتنەوە، ژاندرمەکان کردیانە هەرا و هوریا و وایان نواند کە زیندانییەکان هەڵاتوون و لەڕێوە تەقەیان لێ کردن. ئەبولفەتحزادە کە گوللەیەکی وەسەر دڵی کەوتبوو ئەوەندەی بڵێی یەکودوو گیانی دەرچوو و مونشیزادە هەڵیکردە سەر ژاندرمەکان و لەگەڵیان تێکهەڵچوو، بەڵام سەرەنجام بە فیشەک و بەزەبری قونداغی تفەنگ ئەویشیان کوشت و نەیانهێشت لە هاواڵەکەی بەجێبمێنێ.

عیمادولکیتاب و میرزا عەلیئەکبەرخانی ئەرداقی و میشکاتولمەمالیک هەرکام یەکی ماوەی پێنج ساڵ دوورخرانەوەیان لە تاران بۆ برایەوە و ئەوانی دیکەش لە پێنج ساڵەوە تا پازدە ساڵ زیندانیان بۆ برایەوە یان بڕیاری دوورخرانەوەیان بە سەردا برا؛ بەڵام بەهادوروسسەنتەنە کە لە شەڕەکانی لەگەڵ «سمایلئاغای سمکۆ»دا[1] سیخوڕیی دەکرد بۆ هێزەکانی حکوومەتی، سەرەنجام بە شێوەیەکی کارەساتبار کوژرا.

بنکەی ژین

## شۆڕشی ڕووسیا

ئێمە کە لێرەدا سەرباسی شۆڕشی ڕووسیامان هێناوەتە گۆڕ، نامانهەوێ کە بکەوینە سەر بابەتی شیکردنەوە و لێکدانەوەی هۆکارەکان و ڕەوتی بەدی هاتنی شۆڕش. چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە نێوەرۆکی کتێبەکەی ئێمەوە نییە؛ بەڵکوو بۆیە

---

١- سمایلئاغای سمکۆ لە کوردیدا و ئیسماعیلئاقای سمیتقۆ لە فارسیدا وەکوو ناو و ناسناو بوونە باو، دەنا سمایلئاغا هەر «سمکۆ»یە و دووپاتی ناوەکەی خۆی لێی بۆتە ناسناو. سمایلئاغای شکاک یان سمکۆی شکاک دەربڕینێکی دروستە، دەمتوانی وا بنووسم، بەڵام کۆمەڵ وای دارشتووە و لە کوردیدا بەپێچەوانەی فارسییەکە چەشنێک خۆشەویستیشی تێدایە.و.

ئاماژەی پێدەکەین چونکە شۆڕشی مەزنی ڕووسیا، سەرەڕای ئەوەی کە سیستمی سیاسی و هەلومەرجی کۆمەلایەتی و ئابووریی دراوسێی باکووریی ئێرانی ئاڵوگۆڕ پێکرد، توانی شوێنی گرینگ و بەرچاو لەسەر بارودۆخی سیاسی و پەیوەندییەکانی ولاتی ئێمە لەگەڵ ڕووسیا و ئینگلیس دابنێ کە بریتین لە:

١- کاریگەری و شوێندانانی لەرێوەی شۆڕشی ڕووسیا، لە کارکەوتنی هێزی شەرکەری بوو لە بەرەی ئێراندا و قوشەنی ڕووسیای قەیسەری لە ناوچە و هەرێمەکانی باکووری و باکووری خۆرنشینی ئێران گەڕانەوە ولاتی خۆیان.

٢- دوای قەومانی شۆڕش و هاتنە سەر کاری حیزبی شۆڕشگێری بۆلشویک، هێزەکانی ئینگلیسی لە باشووری خۆرنشینی ئێرانەوە بەرەو ئازەربایجان و قەفقاز و خوراسان بزووتن؛ چونکە دەولەتی بریتانیا دەیهەویست هەتا بە باری دارایی و سەربازیدا یاریدەی ڕووسە سپییەکان و سەرۆکەکانیان بدا کە دژی حکوومەتی تازەی سۆڤییەت ڕاپەڕیبوون. بەم شێوەیە دەسەلات و برشتی سەربازیی ئینگلیس هەتا باکووری ئێرانیش پەلوپۆی هاویشت.

٣- چونکە بنەمای سیستمی تازەی حکوومەتی ڕووسیا، واتە حکوومەتی سۆڤییەت[1] لەسەر بناغەی سۆسیالیزم و پشتیوانی لە چینی زەحمەتکێشان و بەربەرەکانی لەگەڵ هەر چەشنە کولۆنیالیزم و ئەمپریالیزمێک دامەزرابوو، بێگومان نەیدەتوانی لەگەڵ ملهورییەکانی حکوومەتی ڕووخاوی قەیسەری هاودەنگ و تەبا بێ. هەر بۆیە حکوومەتی سۆڤییەتی پێی خۆی لە ڕێککەوتننامەی ڕووس و ئینگلیس سەبارەت بە دابەشینی ئێران کێشایەوە و پاشان ڕایگەیاند کە هەر چەشنە دەسکەوت و ئیمتیازێکی سیاسی و دیپلۆماسی و شتی لەم چەشنە کە حکوومەتی قەیسەری بە زۆرەملی لە ئێرانی ئەستاندەوە، هەلیدەوەشێنێتەوە و لە بر دەکەوێ.

٤- خەباتکارانی قەفقاز کە دژی حکوومەتی ملهورانەی محەممەدعەلیشا شانبەشانی برا ئێرانییەکانی خۆیان کەوتبوونە بەرخۆدان و ئێستا لە ڕووسیادا تووشی شۆڕشێکی ئاوا مەزن بیبوونەوە، لەگەڵ شۆڕشگێرانی ڕووسیا بوونە هاودەنگ و پتر لە پێشوو خۆیان بە هاودەردی ئازادیخوازانی ئێران دانا و گوتیان خەباتکارانی ئێرانی برا و هاوپشتی گەرموگوڕی خۆیانن. لەبەر ئەم هاودەردی و

---

١- سۆڤییەت واتە ئەنجومەنی نوێنەرانی کرێکاران، جووتیاران و سەربازان لە حکوومەتی تازەی ڕووسیادا.و.

بڕوابوونە بەوەی کە سیستەمی سۆڤییەت تەنیا ڕێگای ئازادی و دابینبوونی بەختەوەریی گەلانە، تاقمەکانی بۆلشویکی قەفقاز بە لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئازادکردنی گەلی ئێران، ملی ڕێگای کەوشەنی ناوچە و هەرێمەکانی باکووری وڵاتی ئێمەیان گرتەبەر و توندڕەوان و شۆڕشگێڕانی گێلانیان لەگەڵ خۆیان کردنە هاودەنگ و پاشان حکوومەتی بۆلشویکیی گێلانیان دامەزراند.

هیچ گومانی تێدا نییە کە شۆڕشی مەزنی ڕووسیا یان وەک خوابەخشیو مەلیکوششوعەرای بەهار دەڵێ «پەرجۆی سیاسی» لەو هەلومەرجە ناسک و قەیراناوییەدا کە سپای ڕووسیای قەیسەری گەیبوویە نێزیک پایتەخت و قۆشەنی عوسمانیش پێوەبوو کە هەلکوتێتە سەر تاران و «باراتۆف»ی سەرکردەی سپای ڕووس ببوو بە هەمەکارەی پایتەخت، هەلکەوتێکی دەگمەن بوو. لەو بارودۆخەدا کە بیرۆکەی ڕاگوێزرانی شا و ئەنجومەنی وەزیران لە تارانەوە بۆ مازندەران لە نێو مەزنان و پێشەنگانی حکوومەتدا تەنیبوویەوە، شۆڕشی ڕووسیا بەری بە سپای ڕووسیا گرت لە ئێراندا و حکوومەتی گەنجی مەشرووتەی لە ژێر باری تاقەتپڕووکێنی دیپلۆماسی و زەبر و زۆری پەرەگری داگیرکەرانی ڕووسیا دەرهێنا و ئۆخژنێکی خستەوە بەری.

مەلیکوششوعەرای بەهار سەبارەت بە ڕووداوەکانی پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی شۆڕشی ڕووسیا لە ئێراندا ئاوای نووسیوە:

«ڕۆژێکی کۆمەڵێک دیموکرات لە مزگەوتی شا کۆببوونەوە و منیش لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی ئەهێتیی حیزبی دیموکرات، قسەم بۆ دەکردن. لە جەنگەی قسەکانم گوتم: دوو دوژمن لەو شانەوشانی کەسێک ڕاوەستاون و پەتێکیان خستۆتە ئەستۆی و هەرکام لە لایەکەوە سەری پەتەکە ڕادەکێشن و دەیانهەوێ بیخنکێنن و ئەو سیابەختەش پەلەقاژە دەکا. لەناکاو یەکێک لەو دوو خەنیمانە سەری پەتەکە بەردەدا و دەڵێ ئەی بێچارە من برای تۆم و پیاوەی چارەڕەش ڕزگاریی دەبێ. ئەو پیاوەی کە پەتەکەی دەوری گەردنی ئێمەی بەرداوە لێنینە.»

لە درێژەی تۆکمە و تەواوکردنی قسەکانی خوابەخشیو بەهاردا دەبێ بڵێین هەر پاش ئەوەی کە ڕووسیای قەیسەری پەتی لە ملهاڵاوی گەلی ئێرانی بەردا، خەنیمێکی دیکە کە بریتانیا بێ زۆر بە شارەزایی و چالاکی دەستەکەی دیکەی لە قۆڵی ناجوامێرانەی هێنایەدەر و کاری خنکاندنی ئێرانی بەتەنیا گرتە ئەستۆی کە

پێشتر بڕیار وابوو لەگەڵ ڕووسیای قەیسەری بیکا. لەم قۆناخەوە بەرەودوا تەنیا ئیمپراتۆریی بریتانیا بوو کە بە هەردک دەستان دوو سەری پەتەکەی دەکێشا. لە پێشوودا هەڵوێست و سیاسەتی تیژ و نەگونجاوی ڕووسیا وا توند سەری پەتەکەی لای خۆی دەکێشا کە نەیدەهێشت ئێران هەناسە هەڵکێشێ. بەڵام دیپلۆماسیی بریتانیا بەپێی هەلومەرجی زەمان شلە و توندەی پێدەکرد و دەرفەتەکانی دەقۆزتەوە کە ئینگلیسی دەرفەتی زەمان بە گرینگترین هۆکارەکانی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان دەزانن.

٥- گرینگترین شوێنهاتی ڕووخانی حکوومەتی قەیسەری و هاتنە سەر دەسەڵاتی حکوومەتی سۆسیالیستیی یەکییەتیی سۆڤییەت کە تەواو بەپێچەوانەی کاپیتالیزمی بریتانیا ملی ڕێگای بەرەوپێشچوونی گرتبوویەبەر، گری و گرفتێکی تازەی سیاسی بوو بۆ بریتانیا و ئەویش بریتی بوو لە ململانی لەگەڵ بیروباوەڕی حکوومەتی سۆڤییەت لە سەرتاسەری سنوورەکانی ڕووسیادا، بۆ نموونە بریتانیا لە درێژاییی سنووری هاوبەشی ۲٥۰۰ کیلۆمیتریی ڕووسیا لەگەڵ ئێراندا تووشی کێشەیەکی ئاوا هاتبوو. بریتانیا ئەم زۆرانبازییە ڕاستینەی خستە سەرووی گەڵاڵە سەرەکییەکانی دیپلۆماسیی خۆی. هەوڵ و هەڵسووڕانی ئینگلستان لەم پێناوەدا لە نێوخۆی ڕووسیادا هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە. بەڵام لێرا کە لانیکەم زۆر توند پێش بە تەنینەوەی بیروباوەڕی لێنین و یارانی بگرێ لە ئێران و عوسمانی و سنوورەکانی هیندووستان. ئاکامی ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە کودەتای سالی ۱۲۹۹ی هـ/۱۹۲۰ی زایینی و ڕووداوەکانی دیکەی دوای قۆناخی کودەتادا ڕەنگی داوەتەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی شۆڕشی ڕووسیا و دەست لە کار کێشانەوەی نیکۆلای دووهەمی قەیسەری ڕووس و پێکهاتنی حکوومەتی کاتی، تەلگرافێکی پیرۆزبایی بۆ دووما یان پارلمانی تازەی ڕووسیا لێدرا تاقمێک لە نوێنەرانی پێشووی خولی یەکەم و دووهەم و سێهەمی پارلمانی نیشتمانی لەسەر پێشنیاری سەید زیائەددینی تەباتەبایی، بەرپرسی ڕۆژنامەی «ڕەعد» کە ئەو کاتە ـ یانی مارسی ۱۹۱۷ ـ بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە چووبوویە ڕووسیا، تەلگرافەکەیان لێدا و ئەمە بە یەکەمین هەڵوێستی نێوخۆی ئێران

دادەندرێ. لێرەدا دەقی تەلگراف و وڵامەکەی دەخەینە بەرچاو کە لە کتێبی «ئێران لە شەڕی گەورەدا» بە قەڵەمی مووەرریخوددەولەی سپێهر تۆمار کراوە:

«پێترۆگـراد، بـەرێز سـەرۆکی پارلمـان، پارلمـانی بـەرز (دووما)!

لـە کاتێـکدا کـە گـەلی مـەزنی رووس لـە سـایەی گیانبـەختکردنی رۆڵـەکانی و لـە بیـران نەچوونـەوەی ئازایەتیی نوێنەرانی خۆی لەپێناو ئامانجێکی گەورەدا توانی سـەرکەوتنی یـەکجارەکی وەدەسـت بێنـێ، نوێنـەرانی خولەکانی پێشووی پارلمانی ئێران کە لە تاران، بەوپەڕی شادمانی، پیرۆزبایی و دەسخۆشی دەکەن لەو ئەنجومەنە پایەبـەرزە بـە بۆنـەی خـەباتێکی فیداکارانـە کـە تـەنیا داکۆکیکـەران و پارێزەرانی راستەقینە شانی وەبـەردێنن. ئـەو مەشـخەڵەی کـە دەسـتانی ئـاوا بـەهێز لـە نێـوان خۆرهـەڵات و خۆرنشـیندا چەقاندوویانـە، پرشـنگێکی درەوشاوەیە کە سەرەنجام دنیا رووناک دەکا و هەرچی تاریکییە دەیبەزێنێ و ئەو گەلانە سەردەخا کە بە شوێن ئامانج و بنەمای هاوبەشدا دەڕۆن و ڕێگایان بۆ خۆش دەکا هەتا لە کەشێکی پڕ ئەوینی برایانەدا یەکتر بناسن. بژی رووسیای ئازادیخواز.»

حاجی ئیمام جومعەی خۆیی، میرزا حەسەن، موستەوفیولمەمالیک، موشیروددەولە و ٨٤ واژۆی دیکە.

وڵامی پارلمانی رووسیا بۆ نوێنەرانی پارلمانی نیشتمانیی ئێران:

«لە پێترۆگرادەوە بۆ تاران؛ نوێنـەرانی پێشووی پارلمانی نیشـتمانی؛ هـاتنی نامـەی پیرۆزبـایی و ئـەو ئاواتانـەی کـە ئێـوە و هاوکارەکانتـان لـە کـاتی سـەرکەوتنی ئـازادی لـە رووسیـادا خـواستبـووتـان، بـە قووڵی هەستی بزاوتین. بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم کە بـە ناوی دووماوە سپاستان بکەم. تەواو لەگەڵ ئەم بۆچوونەتانم کە هێندەی

> بێناچێ ئەو بنەما و ڕێوشوێنە بەرز و باڵایانەی وا ئێستا لەم وڵاتەدا پەیڕەو دەکرێ، بە شێوەیەکی ئاشتییانە بە سەر دنیادا زاڵ دەبێ و دەشێ گەلانی جیهان بە هەست و ویستی گەرموگوڕ و برایەتی، کە باشتر لە هێزی دڕندانە دەتوانێ وەدی هاتنی قازانج و ئاواتەکانیان دابین بکا، یەکانگیر بکا. ***ڕۆدزیانکۆ، سەرۆکی دووما***.»

پێویستە لێرەدا ئەم مەبەستە وەبیر بێنینەوە کە قۆناخی یەکەمی شۆڕشی ڕووسیا لە ئێراندا کە دەست لە کارکێشانەوەی نیکۆلای دووهەم و سەرۆکایەتیی «کرێنسکی»ی لێکەوتەوە، نەیتوانیبوو ڕەنگدانەوەی هەبێ. هەڵوێست و سیاسەتی دەوڵەتی کاتیی ڕووسیا لەچاو ڕابردوو سەبارەت بە ئێران ئاڵوگۆڕێکی وای بە سەر نەهات. ئەگەرچی تەواوی تێل و پەند و سەرپەشانە و ئیمتیازەکانی ڕابردوو توورهەڵدرابوون. ئەوەی ڕاستی بێ ئاکامی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبری ١٩١٧ کە چارەنووسی ڕووسیای دایە دەست حیزبی بۆلشویک و لینینی ڕێبەری. لە ئێراندا خۆی نواند و ئێران یەکەم وڵات بوو کە دانی بە حکوومەتی تازەی سۆسیالیستیی سۆڤییەتدا هێنا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبری ١٩١٧ و هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی بۆلشویکی لینین و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ کە پێکهاتبوو لە چەندین کۆمیسارپای نیشتمانی (کۆمیساریا لەبری وەزارەتخانە)، ڕۆژی ١٦ی دیسامبری ١٩١٧، حکوومەتی یەکییەتیی سۆڤییەت ئەم ڕاگەیاندنەی بڵاو کردەوە. لێرەدا دەچینە سووی کتێبی «ئێران لە جەنگەی شەڕی گەورەدا» بە قەڵەمی مووەرریخوددەولەی سپێهر و بەشێکی دەخەینە بەرچاوان:

> «ئورووپای دڕندەی چاوبرسی کە لە ماوەی سەدان ساڵدا ژیان و دارایی و ئازادیی مسوڵمانانی ڕۆژهەڵات، ئێرانییەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، هیندووەکان و تەواوی توخم و تورەمەکانی دیکەی کردوونە پاوانی خۆی و دەیانچنێتەوە، لەگەڵ تاڵانکەرانی شەڕخواز دەیانهەوێ وڵاتەکانیان دابەش بکەن. ئێمە ڕایدەگەیەنین کە ڕێککەوتننامەی نەهێنی سەبارەت بە دابەشینی ئێران

دڕیندرا و شوێنەواری نەما. هەر کە شاڵاوی شەڕ کۆتایی پێهات، قۆشەنی ڕووس لە ئێران وەدەردەکەوێ و دیاری کرانی چارەنووسی ئێرانییەکان دەدرێتە دەست خۆیان... . لەم کاتەدا کە تەنانەت مسوڵمانانی هیند دژی زوڵم و زۆرەملی و تەپەسەرکران و تین و تەوژمی بێگانە ڕاپەڕیون، نابێ بێدەنگ دانیشن و دەبێ هەلەکە بقۆزنەوە و داگیرکەران لە خاکی خۆتان دەرپەڕێنن و ئێمە گەلانی چەوساوە بۆ ڕزگاری دەخەینە ژێر داڵدەی ئاڵای خۆمان. ئەی مسوڵمانانی ڕووسیا، ئەی مسوڵمانانی ڕۆژهەڵات، لەم ڕەوتی ژیانەوەی دنیادا، ئێمە چاوەڕوانین کە لەگەڵمان ببنە هاوباوەڕ و یاریدەمان بدەن. کۆمیسێری کاروباری نیشتمانی: ***ئیستالین ـ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسێرەکانی نیشتمانی: لینین*** »

لە سایەی هەوڵ و هەڵسووڕانی تاقمێک ئازادیخوازی ئێرانی کە دانیشتووی بێرلین بوون، لە جەنگەی نووسرانی پەیمانی شەڕبڕانەوەی ئالمان و ڕووسیا لە «بێرست لیتۆڤسک»[1]. لە بەندی دەی پەیمانەکەدا پێویستیی چۆڵکرانی خاکی ئێران لە لایەن هێزەکانی ڕووسیا و عوسمانییەوە گونجێندرا و ئەم پەیماننامەیە لە کۆنگرەی ئەنجومەنەکانی حکوومەتی تازەی یەکییەتیی سۆڤییەتدا بە ٧٨٤ دەنگی بەڵێ، پەسند کرا. ئەو کەسانەی کە لە ئالمان هەڵدەسووڕان و توانییان بە دیدار و وتوویژ لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە شوێنپەنجەیان بە پەیماننامەکەوە دیار بێ بریتی بوون لە: ئیزاموسسەڵتەنەی مافی، تەقیزادە، حوسێنقولیخانی نەوواب و وەحیدولمولکی شەیبانی. بەندی دەهەمی پەیماننامەکە ئاوا نووسرابوو:

«سپاسالارانی هێزەکانی عوسمانی و ڕووس سوورن لەسەر ئازادی و سەربەخۆیی و پاریزرانی چوارچێوەی خاکی

---

١- پەیمانی بێرست لیتۆڤسک کە لە نێوان حکوومەتی تازەی ڕووسیا لەگەڵ ئالمان مۆر کرا، بۆیە بوو هەتا حکوومەتی ڕووسیا بتوانێ لە نێوخۆی وڵاتەکەیدا بەرهەڵستی نەیاران و دژی شۆڕشان ببێتەوە.

> ئێران و ئامادەن کە هێزەکانی خۆیان لە ئێران بەرنە دەرەوە. ئەو سەرکردە و سپاسالارانە هەرچی زووە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دەکەونە گوفتوگۆ هەتا لەسەر چۆنیەتیی وردەکارییەکانی پاشەکشە لە خاک و تەواوی بنەما و ڕێوشوێنە پێویستەکانی ئەم کارە ڕێک بکەون.»[1]

وەکوو ئاشکرایە هەڵوێستی بریتانیا لە ئاست ئەم ڕووداوانەدا زۆر جێی پەندوەرگرتنە. دەوڵەتی بریتانیا لە یەکەم هەنگاوی‌دا بەندی دەهەمی پەیمانەکەی لە ڕۆژنامەی «تایمز»دا وا بەراوەژوو کردەوە کە ڕەنگدانەوەی دڵخوازی لە کۆڕ و کۆمەڵانی ئازادیخوازی ئینگلستان و وڵاتانی ژێرچەپۆکەی خۆی‌دا کاڵ بێتەوە و نموودی نەمێنێ. لە هەنگاوی دووهەمدا بریتانیا چەند کەس لە کاربەدەستانی ڕەسمیی حکوومەتی تازەی ڕووسیای لە هەرێمی خوراسان گرتن. لە تۆڵەی ئەم کارە، لێپرسراوانی بالای یەکییەتیی سۆڤییەت چەند بەرپرسێکی ئێرانییان لەو وڵاتە گرتن کە بریتی بوون لە ئەسەد بەهادور، کارداری باڵوێزخانەی ئێران لە پێترۆگراد، سەرکونسوولی ئێران لە حاجی تەرخان[2] و کونسوولی ئێران لە قەفقاز. ئاشکرایە ئەگەر هاتبا ئیازپاکیی ئێران بۆ پایەبەرزانی حکوومەتی سۆڤییەت ڕوون نەبووبایەوە، ڕەنگە ئەم کارە تەواوی ڕیسەکەی کردبایەوە خوری و نێوانی تەواو تێکدابان. مووەرریخوددەولەی سپێهر سەبارەت بە بەراوەژووکرانەوەی پەیماننامەی بێرست لیتۆڤسک لە لایەن ڕۆژنامەی «تایمز»ی لەندەنەوە دەنووسێ:

> «... زۆر شتێکی سەیرە کە ڕووس دەیهەوێ ئێران ئازاد بێ و دان بە سەربەستبوونی‌دا دەنێ و ئینگلیسییەکان کە هەمیشە بەردی دڵسۆزی و پاراستنی گەلانی لاواز لە سینەیان دەدەن و بەتایبەت کە ماوەیەک بە دانی بەڵێنیی گەرم و نەرم گوێی ئێرانییەکانیان ئاخنیبوو، ئەمڕۆ چاویان بە فەرمانی ئازادیی ئێرانیش هەڵنایە و بەبێ ترس و خەجاڵەتباری وای بەراوەژوو دەکەنەوە کە بۆ هەتاهەتایە دەبێتە هۆی ڕووڕەشبوونیان.»

---

١- ئێران لە جەنگەی شەڕی گەورەدا، مووەرریخوددەولەی سپێهر، ل ٤٧٣.

٢- ئاستاراخان کە لە کوردی‌دا بۆتە «هەشتەرخان» و ئاردەکەی بەناوبانگ بوو.و.

## III

**(١٣٣٦ - ١٣٣٩ی ک/١٩١٧- ١٩٢٠ی ز)**

### دەوڵەت و بزووتنەوەی باشوور

کابینەی یەکەمی وسووقوددەولە لە مانگی رەجەبی ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی‌دا لیکهەلوەشا و رۆژی چاردەی شابانی ئەو ساڵە دەولەتیکی نوێ بە سەرۆکایەتیی عەلائوسسەنتەنە پیکهات. لەم کابینەیەدا موستەوفیولمەمالیک کرابوویە وەزیری راویژکار و موشیروددەولە بە وەزیری بەرگری و موئتەمینولمولک بە وەزیری ریگاوبان و بازرگانی و موحتەشەموسسەنتەنە بە وەزیری دارایی داندرابوون. خودی عەلائوسسەنتەنە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وەئەستۆ گرتبوو. ئەم ئەنجومەنی وەزیرانە هەتا کۆتاییی ساڵ خۆی راگرت و کاتیک لیکهەوەشا، جاریکی دیکەش عەلائوسسەنتەنە راسپیردرا هەتا کابینەی تازە پیکبینێ. ئەمجارەیان موستەوفیولمەمالیک و حەکیمولمەمالیک و موحتەشەموسسەنتەنە ئەندامی کابینەی نەبوون. بەڵام وەزیرەکانی پیشوو هەر لە شوینی خۆیان مابوون و قەواموسسەنتەنە کرابوویە وەزیری نیوخۆ.

کابینەی دووهەمی عەلائوسسەنتەنە تەنیا دوازدە رۆژی دەوام هینا و دوابەدوای وی ئەم کەسانە بۆ ماوەیەکی کەم و کورت بوونە سەرۆکوەزیر: عەینوددەولە (شەشەمی سەفەری ١٣٣٦ی ک)، موستەوفیولمەمالیک (سیهەمی رەبیعی دووهەمی ١٣٣٦ی ک)، سەمسامولسەنتەنە (١٩ی رەجەبی ١٣٣٦ی ک) لەگەڵ وسووقوددەولە (٢ی شەشەکانی ١٣٣٦ی ک)، بەڵام کابینەی دووهەمی وسووقوددەولە نیزیکەی دوو ساڵیکی خۆ راگرت.

بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئیران لەم چەند مانگەدا یەکجار هاڵۆز و پەریشان بوو. لەبەر هاتنی هیزی هاوپەیمانان و یەکگرتووان و داگیرکرانی خاکی ئیران و راماڵدرانی ئازووخە و بژیو و نان و پیخۆری وڵات، قاتیوقڕی و برسییەتی و پاشان دەرد و پەتا زۆربەی ناوچەکانی خۆرنشین و باکووری خۆرنشینی ئیرانی گرتەوە و پۆلپۆل خەڵکی بێئەنوای بەرەو دنیای نەبوون راپیچەک دا. ئینگلیسییەکان بە ناوی پاراستنی تەناهی لە ریگاوبانەکانی باشوور، کە ئەو کاتە خیڵاتی قەشقایی و چەندیکی دیکەش کردبوویانە جیی تراتینی خۆیان، هیزیکی بە ناوی پۆلیسی باشوور (S.P.R) لە چەکدارانی داخواز، سەربازانی

هیندی و ئەفسەرانی ئینگلیسی پێکهێنا. کە لە ڕاستیدا بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی «واسمۆس» و «نیدیرمایێر»، کاربەدەستانی زۆر چالاکی ئاڵمانی ئەم کارە کرا. هێزەکانی ئینگلیسی دوای شۆڕشی ڕووسیا و ڕاوەستان و پەکخرانی چالاکی و شاڵاوی قۆشەنی ڕووسیای قەیسەری لە ناوچە و مەڵبەندەکانی باکووری و خۆرنشینی ئێران، ڕوویان کردە باڵی خۆرنشین و باکووری خۆرنشین و پاشان بەرەو خوراسان چوون. دوای ئەوەی لەو ناوچانە بڵاوبوونەوە، چەند لق و پەلێکیان ناردنە یاریدەی [میرزا] کووچک[خانی] جەنگەلی کە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی حکوومەتی بۆلشویکیی گیلان هەتا قەزوین داپەڕیبوون و چەند دەستەیەکی دیکەش چەکدار بەرەو قەفقاز بەڕێکران. لە ئازەربایجان «شێخ محەممەد خەیابانی» و لە گیلان کووچکخانی جەنگەلی و لە مەڵبەندەکانی دیکەش کەسانێکی وەکوو «ماشەڵلاخان» و «نایب حوسێن کاشی» ڕاپەڕیبوون یان هەرایان نابوویەوە. هێزە پارتیزانەکانی دلێر و خەباتکاری دەشتستانی پێداپێدا هەڵیاندەکوتایە سەر پۆلیسی باشوور و تەنگیان بە ئینگلیسییەکان هەڵچنیبوو.[1] قەشقاییەکان بە سەرۆکایەتیی سەولەتوددەولە کە ڕەنگە لە لایەن چەند وەزیرێکەوە پشتیوانیی لێ کرابێ، توانیبووی پیاوانی تیرە و خێڵاتی قەشقایی، دەشتی، تەنگستانی و کازێروونی بە مەبەستی گرتنی شیراز و دەرپەڕاندنی ئینگلیسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی هێزی پۆلیسی باشوور، ڕێک بخا و بیانبزوێنێ. ئەم ڕووداوانە قەیرانێکی وا ئاڵۆزیان لە وڵاتدا بەدی هێنابوو کە هیچ دەوڵەتێک پتر لە چەند حەوتوو یان چەند مانگێک خۆی بۆ ڕانەدەگیرا و دەرووخا.

هێرشی «سەولەت» بۆ سەر شیراز و هەڵگیرسانی بزووتنەوەی دژی ئینگلیسیی جەماوەری فارس، ئەگەرچی ئاڵمانییەکان توانیبوویان ڕێکی بخەن و گەڵاڵەی بۆ دابڕێژن، بەڵام دیسانیش یەکێکە لە دیمەنە پڕ جۆش و خرۆشەکانی دژی بێگانە لە ئێراندا و ئێستاش چەند برگەیەک لە نووسراوەکانی سێر پێرسی سایکس لێرەدا دەخەینە بەرچاو:

---

١- هێزە ئینگلیسییەکانی بنەگرتووی شیراز، جگە لە چەند لق و پەلێکی پۆلیسی باشوور بریتی بوون لە: لقێک نیزەداری بەنگالی (هیندی)، سێ لق تفەنگداری بێرمەیی و پەنجابی، یەکینەیەکی ئاگربارانی شاخستانی و دەستەیەک ڕاجپوت (ڕاجستانی) لەگەڵ دەستەیەک بەلووچ.

بەشێک لەو ڕاپەگەیاندراوەی سەولەتی قەشقایی کە ڕۆژی ١١ی شابانی ١٣٣٦ی ک/ مانگی مەیی ١٩١٨ی زایینی بڵاوی کردۆتەوە ئاوایە:

«من بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنم قۆشەنی پۆلیسی باشوور کە حکوومەتی ئێران دانی پێدانەهێناوە. کارێکی وای کردووە هەتا قەشقاییەکان و جەماوەری کازێروون و دەشتی و دەشتستانی و تەواوی مەڵبەندەکان، لەسەر فەرمانی دەوڵەتی ئێران بە مەبەستی پاراستنی ئیسلام وەخۆکەون.»

سەولەت هاوکات لەگەڵ هاندان و ڕێکخستنی هێز بۆ گرتنی شیراز. کۆمەڵێک تەلگرافیشی لێدەدا بۆ پایتەخت هەتا دەوڵەت دان بە پۆلیسی باشووردا نەنێ و لە لایەکی دیکەشەوە لە شیراز و ناوچەکانی دیکەی فارس. کۆمەڵێک ڕاگەیاندراو لە زمان مەلایانەوە بڵاو دەکرانەوە و خەڵکیان بۆ خەبات دژی بێگانەکان هان دەدا. یەکێک لەم بانگەوازانە ئاوا نووسرابوو:

«ئەی خەڵکی شیراز! ئەی جەماوەری خافڵاوی خەوتوو! ئەی خەڵکی نەزان! ئەی جەماوەری بێدین و بێشەرەف و تەوەزەل. ئێوە لە ژنان کەمترن! هەستن برۆن خەیانەتکاران بکووژن. خەنیمان لەماڵی خۆیاندا گۆڕەهوو کەن و هەرچی دوژمنی دەرەکییە قەڵتوبڕیان کەن!»

هێزەکانی قەشقایی لە شابانی ساڵی ١٣٣٦ی کۆچیدا. هرووژمیان کردە سەر شیراز. لەشکری بریتانیا و یەکینەکانی پۆلیسی باشوور کە لەو شارە و دەوروبەری وێڕای دابەستنی مەتەرێز ئامادەی بەرەنگاری بوون، پتر کەوتنە نێو هەلومەرجێکی نالەبار و لە یەکدوو تێکهەڵچوونیاندا لەگەڵ چەکدارانی سەولەت، ئینگلیسی شکان و قەشقایی سەرکەوتن. وەکوو ئاشکرایە ڕاست لەو سەروبەندەدا جارێکی دیکەش خەیانەت و بێگانەپەرستی و قرسواری کاری خۆی کرد و هەنگاوی یەکێک لە خانەکانی قەشقایی گەیشتە فریای ئینگلیسییەکان. ئێستاش چۆنیەتیی ڕووداوەکە لە زمان خودی سێر پێرسی سایکسەوە دەخەینە بەرچاو کە خۆی فەرماندەی چالاکی و زەبروەشاندنی هێزەکانی بریتانیا بووە لەو کاتەدا:

«کاتێک من[1] گەیشتمە شیراز و بۆم دەرکەوت کە دەبێ لەگەڵ قەشقاییەکان بکەومە شەڕ و بەرەنگای. بەوردی سەرنجم دا و زانیم کە دەبێ لەگەڵ سەردار ئیحتیشامی برا گەورەی سەولەتوددەولە بناغەی دۆستایەتی دامەزرێنم. ئیحتیشام

---

١- سایکس

دووجار کرابوویە ئیلخان.[1] بەڵام چونکە برا چووکەکەی زیاتر بە لێوەشاوەیی جووڵابوویەوە، ئەو هەوساری کاری بە دەستەوە نەمابوو. لە سەرەتای هەراکەوە من تینم بۆ فەرمانفەرما[2] هێنا کە سەوڵەت لابەری و کاکی لە جێی دابنێ، بەڵام شازادەی پیری کامڕەوا پێیخۆش نەبوو تاران دڵی لێ برەنجێ.

بەختەوەرانە دوژمن ڕۆژی ١٩ی ژووەن تەلی تەلگرافی هەڵبڕی و من توانیم بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە ڕەزامەندیی فەرمانفەرما دەستەبەر بکەم؛ چونکە بۆم ڕوون کردەوە کە بە دابڕانی تەلی تەلگراف، ئەو ئازادە کە بەرژەوەندیی دەوڵەت چۆنی دەخوازێ ئاوا بجووڵێتەوە. کاتێک ئەم کێشە بنەڕەتییە چارەسەر کرا، بێگومان «قەوام» لەبەر ئەو دوو زەبرە گورچووبڕەی کە لە دوژمنی ناخۆشەویستی وەشاندبوو، ملی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێمە ڕاکێشا. فەرمانفەرما بەرزترین هونەری سیاسیی خۆی هێنایە کایەوە؛ محەممەدخانی کەشکوڵی، دوژمنی قەستەسەری سەوڵەت بە خۆی و شەشسەد چەکدارەوە هات و دواتر هێندەی پێنەچوو کە زربرایەکی سەوڵەت بە ناوی عەلیخان لێی هەڵبڕا و دایە پاڵ سەردار ئیحتیشامی برای بەر و پشتی خۆی.»

بەم شێوەیە سەوڵەت و هاوڕێیانی لەسەر ڕێ و ڕەوگەی نێوان شیراز و ئابادە و فیرووزئاباد کەوتنە بەر پەلاماری هێزە خۆفرۆشەکانی سەر بە بریتانیا، یانی سەردار ئیحتیشام و قەوام و کۆمەڵێکی دیکەش کە هێزەکانی ئینگلیسی یاریدەیان دەدان. چەکدارانی سەوڵەت لەم شەڕ و تێکهەڵچوونانەدا تێکشکان و ئاوا بزووتنەوەی باشوور داکووژا.

سەمسامولسسەڵتەنە لە کابینەی دووهەمی خۆیدا هەنگاوێکی یەکجار گرینگی هەڵێنایەوە و بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکانی حکوومەتی تازەی ڕووسیا کە دەیگوت لە ڕوانگەی ئەوانەوە تەواوی قان و پەیمانەکانی ڕابردوو بە هەڵوەشاوە دادەندرێن. لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران لە مانگی شەشەکانی ١٣٣٦ی ک/ ئاگۆستی

---

١- سەرۆکی خێڵ، سەرکردەی خێڵ.

٢- سایکس لە کتێبی «مێژووی ئێران»دا وێنەیەکی فەرمانفەرمای چاپ کردووە کە بە دەسخەتی خۆی لە پەنا وێنەکەی ئاوای نووسیوە: «یادگار بێ بۆ دۆستی خۆم ئاغای سایکس. ئەم وێنەیەم لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا پێشکەش کردووە.» عەبدولحوسێنی فەرمانفەرما، ٢٧ی جەمادی یەکەمی ١٣٣٢.

١٩١٨دا. پەسندکراوێکی بڵاو کردەوە کە لێرەدا بەشێکی لە کتێبی «مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان»ی «ئەحمەد کەسرەوی» وەردەگرین:

«وەکوو دیارە دەوڵەتی تازەی ڕووسیا. ئازادی و سەربەستبوونی تەواوی گەلانی کردۆتە ئاوات و ئامانجی و بەتایبەت چەند جارێک بە شێوەی ڕەسمی و نارەسمی ڕایگەیاندووە کە تەواوی ئیمتیازە وەرگیراوەکانی لە ئێران و پەیمانەکانیش بە هەڵوەشاوە دەزانێ... .»

«جا چونکە وەکوو ئاشکرایە ئەو قان و پاوان و پەیماننامانە[1] هەموویان بە زەبری زۆر و تین و گوشار و بە دژی بەرژەوەندییەکانی وڵات سەروبەریان لێکدراوە و هێندێکی دیکەش دوای ڕاگەیاندرانی حکوومەتی مەشرووتە بەپێچەوانەی دەقی ڕوون و ڕەوانی یاسای بنەڕەتی داسەپێندراون یان نەخراونە بواری جێبەجێکران یان بە شێوەیەکی یەکجار نەقوستان کاریان پێکراوە و لە چوارچێوەی خۆیان لایانداوە. نەک تەنیا مافی دەوڵەتیان تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵکوو ئاڵوگۆڕ و هەڵگێڕانەوەیان بە کۆمەڵێک بیانووی خەساربارێ سیاسی و ئابووری. بە زەرەدی سەربەخۆیی دەوڵەت و نیازەکانی گەل بوون. بەگشتی چونکە دەوڵەت و گەلی ئێرانیش مافی ئەوەی هەیە کە وەکوو تەواوی وڵاتان و گەلانی جیهان کەلک لە کانگا و سەرچاوەکانی سامان و ئازادیی سروشتیی خۆی وەربگرێ. ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی مانگی شەشەکانی ١٣٣٦ی ک/ ئاگۆستی ١٩١٨دا. بڕیاری دا کە تەواوی پەیماننامە و قەراروبڕی و ئیمتیازە بەرباسەکانی سەرەوە هەڵبوەشێنەوە. لێرەوە وەزارەتی بەرزمجێی کاروباری دەرەوە ڕادەسپێرێ کە دەقی ئەم پەسندکراوە بە نوێنەرانی وڵاتانی دەرەوە لە بارگای ئێران و باڵوێزانی دەوڵەتی پایەبەرزی ئێران لە هەندەران ڕابگەیەنێ. هەروەها پێویستە کە وەزارەتی بەرزمجێی ڕێگاوبان و بازرگانی و کشتوکاڵ هەر چۆنێکی شیاوە و بۆی دەکرێ، نێوەرۆکی پەسندکراوەکە بۆ ئاگاداربوونی خەڵک بڵاو بکاتەوە.»

---

١- دەوڵەت لێرەدا مەبەستی پەیماننامەکانی گوڵستان و تورکمانچای و تێکڕای ڕێککەوتننامەکانی بازرگانی و سەرلەبەری ئەو قان و پاوانە ئابووری و سیاسییانە بوون کە هەتا بەرلە شۆڕشی مەشرووتە. دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری لەگەڵ ئێرانی واژۆ کردبوون یان لە ئێرانی وەرگرتبوون.

ئەم هەنگاوەی کابینەی سەمسامولسسەلتەنە کە زیاتر پشتئەستوور بوو بە کەسانی ئازادیخواز و حیزبی زیندووکراوەی دیموکرات، هەنگاوی بەجێ و شایانی دەستخۆشی بوو. ئەم کارە بە باری سیاسی و بەپێی هەلومەرجی تازەی شۆڕشی ڕووسیا و ئاکام و ڕەنگدانەوەکانی لە ئێراندا یەکجار پێویست بوو. هیچ دوور نییە ئەگەر بریتانیا خۆی لە بارودۆخەکەوە وەرنەدابا و برشت و تەنینەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی ئەو دەوڵەتە نەبوویا بە جێگرەوەی ڕووسیای قەیسەری، ڕەنگە کابینەی سەمسامولسسەلتەنە ئاکامی دڵخوازی لەو پەسندکراوەی خۆی وەرگرتبا. یانی ئەگەر بریتانیا وەک بۆخۆی دەیگوت دۆستی ڕاستەقینەی ئێران بوویا و هێزی وەبەر حکوومەتی ناوەندی نابا، ئاکامەکە بە چاک دەردەچوو.

کەسرەوی پێی وایە سەمسام بۆیە سەرکەوتوو نەبووە چونکە پەسندکراوێکی دیکەی بە مەبەستی «هەلوەشاندنەوەی کاپیتولاسیۆن» پەسند کردووە و دەکری بڵێی کە بەڵگەهێنانەوەی کەسرەوی لێرەدا یەکجار بەرێوجێ و دروستە، چونکە ئەم مافە یەکەمجار لە نێو دەقی پەیماننامەی تورکمانچای‌دا بۆ ڕووسیای قەیسەری وەبەرچاو گیرابوو. دەوڵەتانی دیکەش بەپێی دەستەواژەی «کامیلەتولویداد» کە لە پەیماننامەکانی خۆیاندا لەگەڵ ئێران گونجاندبوویان، توانیبوویان مافێکی ئەوتۆ وەدەست بێنن. ئێستا کە پەیماننامەکانی ئێران لەگەڵ ڕووسیای قەیسەری بە هەلوەشاوە داندرابوون، بێگومان ئەم مافە بۆ یەکییەتیی سۆڤییەتیش دەچۆوەپاش و بنەی دەبرا. وەکوو ئاشکرایە نەمانی ئەم مافە بۆ ڕووسیا خۆ بەڵگە نەبوو لەسەر ئەوەی کە وڵاتانی دیکەش چاو لە مافی خۆیان بپۆشن. ئەویش لە جەنگەیەکدا کە حکوومەتی ناوەندیی ئێران کەوتبوویە کەنەفتی و ئەوپەڕی بێهێزی. بەپێی ئەم بارودۆخە لە ماوەی سێ ساڵ و چەند مانگی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا، دوازدە کابینە لە ئێراندا پێکهاتن و دوازدەهەمینیان کابینەی دووهەمی سەمسامولسسەلتەنە بوو کە چەند ڕۆژ دوای بڵاوکرانەوەی ئەو پەسندکراوانە ڕووخا.

## حیزبەکان و خولی چوارەمی پارلمان

دوای شۆڕشی ڕووسیا، ١٨ کەس لەو دیموکراتانەی کە لە تاران مابوونەوە یان لە هەندەرانەوە گەڕابوونەوە ئێران، بۆ نموونە یەکێکی وەکوو مەلیکوششوعەرای

بەهار، لیبران هەتا حیزبی لیکبڵاوبووی خۆیان زیندوو بکەنەوە. ئەوان دەیانهەویست کە لە کابینەی یەکەمی وسووقوددەولە نیزیک ببنەوە و وەک مەلیکوششوعەرا دەلێ جڵەوی ڕەوتی زەمانەکە بگرن و دەوروبەری شا و کاربەدەستانی باڵا بگرن و نەهێڵن هیچ بێگانەیەک دەستوەربداتە کاروباران و دەوڵەتێکی وا بەهێز دابمەزرێنن کە تازە ڕێ لە خۆتێوەردانی غەواران بگرێ.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی زیندووکراوەی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەت ڕێککەوتبوو کە لە ماوەیەکی کەمدا هەڵبژاردنی پارلمان دەست پێبکا؛ بەڵام لێکدابڕانی حیزبی و جوێبوونەوەی تاقمێک و پێکهاتنی دەستەیەکی نوێ بە ناوی «ڕێکخراوی دێموکراتەکانی دژی دامەزرانەوە[ی حیزب]»[1] لە لایەن سەید محەممەدی کەمەرە و هاوڕێیانی، کە هەموویان ئەندامانی پێشووی حیزبی دێموکرات بوون، کەڵاڵەکەی حیزبی دێموکراتیان تێکدایەوە؛ بەتایبەت کە ئەم باڵە لە ڕێی ڕۆژنامەی زمانحالی خۆیانەوە بە ناوی «ئەستێرەی ئێران»[2] لەگەڵ حیزبی دێموکرات و ڕۆژنامەکانی سەر بەو حیزبە، وەکوو «ئێران»، «نەوبەهار» و «زمانی ئازادی»[3] کەوتنە بەربەرەکانی و دەمەتەقەی قەڵەمی. بەم شێوەیە ئەو هەلومەرجەیان شێواند کە حیزبی دێموکرات توانیبووی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی پارلماندا دەستەبەری بکا. سەرەڕای ئەمەش لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پارلماندا کە نێوەڕاستەکانی سالی ١٣٣٦ی ک، لە تاران دەستی پێکرد، هەردک باڵی دێموکرات پێکەوە زۆرینەی کورسییەکانیان بۆخۆیان مسۆگەر کرد.

مەلیکوششوعەرای بەهار سەبارەت بە ئاکامی بێفەڕی ئەم دابڕانە و هۆکارەکانی ئاوای نووسیوە:

«[ڕێکخراوی دێموکراتەکانی] دژی دامەزرانەوە[ی حیزب] خودبەخود تێداچوو، بەڵام دووبەرەکییەکی دزێوی خستە نێو حیزبی دێموکرات و پەلی هاویشت بۆ هەرێمەکان و ناوچەکانیش و ئەو بڕیارە فرە باشەی کە پیاوانی زانای حیزبی دێموکرات لە یەکەم سالی شۆڕشی ڕووسیا لە کۆبوونەوەی هەژدە کەسیدا گرتبوویان، بەتاڵ کرایەوە. جنێوفرۆشی و ئابڕووبەرەیی و دوژمنشادی جێگای

---

١- تشکیلات دموکراتهای ضد تشکیلی

٢- ستارەی ایران

٣- زبان آزادی

هەڤالیتی و یەککگرتوویی گرتەوە و گومانی تێدا نییە ئەم کارە پیلانێکی گەورەی سیاسی بوو کە نە تەنیا بە فیتی تاقمێک پیاوماقوولی بەپارێز سەری گرتبوو، بەڵکوو بێگانەش تێیدا بەشدار بوون. ئەم کارەش بۆ لاگیری و پشتیوانی لەو پێشەنگ و سەرجەلانە بوو کە لە ناوچەکانی سنووری یان ئیسلامبووڵ و بێرلین بۆی دانیشتبوون و پێیانخۆش نەبوو کە هیچکەس لە ناوەندی [وڵات] جێگایان بگرێتەوە و بناغەی ئەم ناکۆکی و دووبەرەکاتییە لەسەر تاکپەرستی و خۆ بەزلزانی دامەزرابوو.»[1]

ماوەیەکی کورتی دوای شۆڕشی ڕووسیا، وردەوردە شوێنەواری شکانی یەککگرتوووان و سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە بەرەکانی شەڕدا خۆی نواند. لەو سەروبەندەدا «براڤین» لە لایەن «لێنین»ەوە هاتە تاران و چەند پەیامێکی دۆستایەتیی هێنا و حیزبی دیموکرات زۆر بە گەرموگوڕی پێشوازیی لێکرد. ڕۆژنامەکانی ئەم حیزبە چەندین وتاریان بۆ تاریف و پێداهەڵدانی شۆڕشی ڕووسیا و ڕێبەرانی ئەو وڵاتە تێدا نووسرا و لەو وتارانەدا هیوای ئاسۆیەکی ڕووناک بۆ داگیرسانی پەیوەندییەکی دۆستانە و هەڵسوکەوتی باشی نێوان ئێران و یەکییەتیی سۆڤییەت خوازرابوو.

وەکوو پێشتر باسمان کرد دوای ڕوودانی شۆڕشی ڕووسیا و پاشەکشەی ڕەوتی دیپلۆماسیی ڕووس و کوێربوونەوەی ڕەوتی باڵادەستیی سیاسی و سەربازیی ئەو دەوڵەتە لە دامودەزگای ئاسایش و دارایی ئێراندا، بێگومان مەیدان بۆ خەنیمی لەمێژینی ڕووسیا، واتە بریتانیا، لە ئێراندا بە چۆڵوهۆلی مابۆوە. حیزبی دیموکرات کە دەیگوت دژبەرانی سیاسی و دوژمناکانی هەموویان پیاوی بریتانیان، بە شوێن کەسێکی وادا دەگەڕا کە بتوانێ دەوڵەتێکی خاوەنبڕشت دامەزرێنێ. وسووقودەولە کە لەگەڵ قەواموسسەڵتەنەی برای بەشداری چەند کابینەیەک بیبوون، بۆ جاری دووهەم ڕۆژی ٢٩ی شەشەکانی ١٣٣٦ وەک سەرۆکوەزیری تازە هەڵبژێردرا. ئەندامانی کابینەی نوێ بریتی بوون لە: موشاویرولمەمالیک وەزیری دەرەوە، نوسرەتوددەولە وەزیری دادوەری، موشارولمولک وەزیری دارایی، نەسیروددەولە وەزیری پەروەردە و ئەوقاف و دەبیرولمەمالیک وەزیری بازرگانی و ڕێگاوبان. سەردار هومایوون کرابوویە

---

١- مێژووی حیزبە سیاسییەکان، نووسینی مەلیکوششوعەرای بەهار، ل ٢٨ ـ ٢٩.

سەرپەرستی وەزارەتی بەرگری و موحاسیبولمەمالیک بە وەزیری پۆست و تەلگراف داندرابوو. بەڕێوەبردنی وەزارەتی نێوخۆش خرابوویە سەر شانی خودی وسووقوددەولە.

وەکوو لە سەرەوە باسمان کرد، تەنیا وڵاتێکی بەهێز کە لەو زەمانەدا دۆستایەتی یان دوژمنایەتیکردنی لەگەڵ ئێران، شوێنی دادەنایە سەر چارەنووسی وڵات و گەلی ئێمە، بریتانیا بوو. کابینەی وسووقوددەولە کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە بە گرتن و سزادانی تاقمێک لە سەرکردەکانی «کومیتەی سزادان» توانیبووی زەبروزەنگ بنوێنێ و بە خۆشکردنی ڕێگای هەڵبژاردنی پارلمان شیابوو هەتا کەسانی نیشتمانی و ئازادیخواز و مەزنان و سەرۆکانی حیزبی دیموکرات بە لای پشتیوانی لە خۆیدا رابکێشێ، دەرگای وتووێژ لەگەڵ بریتانیای کردەوە. وەکوو دواتر دەچینەوە سەری، سەودای ئەم دیدار و پێواژۆیانە کە تەواو لە بەرژەوەندیی بریتانیا بوو، هەتا زەمانی نووسرانی پەیماننامەی ساڵی ١٩١٩، لە نێوان دەوڵەتی وسووقوددەولە و ئیمپراتۆریی بریتانیادا درێژەی کێشا.

مەلیکوششوعەرای بەهار سەبارەت بە گۆڕانی ئەنجومەنی وەزیران و هاتنە سەر کاری وسووقوددەولە دەنووسێ:

«... لەبری ئەواوی ئەو کارانەی کە دەبوو بکرێن، تەنیا کابینەی دووهەمی ئاغای وسووقوددەولە هاتە سەر کار؛ کابینەیەک کە دەبوو هەلەکە بقۆزێتەوە و هەوساری کاروباران وا بە دەستەوە بگرێ کە نەکرێ بە تۆپیش لە چنگی دەربهێندرێتەوە... لەم قۆناخەدا ئەوەندەمان نەهێنیی مێژوویی هەیە کە دەبێ لیفەیان لەسەر هەڵنەدرێتەوە، چونکە بە سەت وتاریش پێناوەستێن کە باسیان بکەین... یەکێک لەو نهێنییانە شایە. بەڵێ خوالێخۆشبوو ئەحمەدشا یەکێک لەو کۆسپانە بوو کە هەتا ئەو ڕۆژە لەبەر وی و شێوەی بیر و بۆچوونی نەمانتوانی ئەو دەوڵەتە پێکبێنین کە بە دڵی خۆمان بێ. نەک ئێمە بەڵکوو هیچکەس بەگوێرەی بیر و بۆچوونی ئەو خودابەخشیوە نەیدەتوانی لە شێوە و شێوازی ئاسایی دەربچێ.[1] سەرۆکی دەوڵەتی ئێمەش یان نەیویست یان نەیوێرا کە ڕەوت و ڕێبازی

---

١- بۆ زانیاری دەربارەی بیر و بۆچوون و ڕەوشتی ئەحمەدشا، دەڕوانینە ئەو برگانەی کە مووەررێخوددەولەی سپێهر لە کتێبی «ئێران لە جەنگەی شەڕی گەورەدا» نووسیوێتی:
«... شێوەی پەروەردەکراتی ناسرولمولک و پەند وەرگرتن لە بەدبەختییەکانی باوکی، وایان کردبوو هەتا پابەندی یاسای بنەڕەتی بێ و خۆی لە کاروباری دەوڵەت وەرنەدا. سەروبنی قسەی ئەوە بوو کە من بەرپرسیار نیم. هەمیشە لە بێگانان بەدگومان بوو و هەرگیز هەڵسوکەوتی دراوسێیەکانی لەگەڵ محەممەدعەلیشا لە بیر نەدەچۆوە.←

«ئاتاتورک»[1] یان «مووسۆلینی»[1] ڕەچاو بکا و ئەم کارە دواتر کرا، بەڵام بە دەست تاقمێک قەزڕاق نەک بە دەست پۆلێک زانا و ئازادیخواز.»

---

وای لێهات کە دوای نووسرانی پەیماننامەی ١٩١٩، هەر چەندی دەوڵەتی ئینگلیس ئینی بۆ هێنا هەتا قۆڵ لەسەر ئەو پەیماننامە بێقەرە بکێشێ، بەڵام ملی نەدا و لە شەوەخوانێکی ڕەسمیدا، لە وڵامی وتاری سەرۆکی شارەوانیی لەندەن و لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەدا، خۆی شلوێ نەکرد و لای لەو مەبەستە نەکردەوە و هیچی نەدرکاند. ئەم هەڵوێست و هەنگاوەی کارێکی وای کرد کە لە گەشتەکەیدا بۆ پاریس زۆر بە گەرموگوڕی و بە ڕێزەوە لە لایەن دەوڵەتی فەرانسەوە پێشوازیی لێ بکرێ و ئەویش هەتا ئاخری تەمەنی هەر هۆگری فەرانسە بوو. مێژوونووسی ئینگلیسی کریستۆفێر سایکس، ئاوا باسی سوڵتان ئەحمەدشا دەکا: بێبڕیاربوونی ئەم لاوە کاڵ و خەپەتۆڵە چاوجوان و خەواڵووە، ئێرانی بەرەو مەندی و مەتێنی برد. ئەگەر لەو کاتەدا پادشایەکی لێبڕاوی بەدەسەڵات هاتبایە سەر دەسەڵات، بێگومان ئەم وڵاتە کەوتبایە لە هەڵدێرێکی سامناکەوە هەڵدەدێرا.»

«ئەوەندەی ئاگامان لە ژیانی تایبەتیی سوڵتان ئەحمەدشایە، بۆمان ڕوون بۆتەوە کە لاوێکی دڵزوان و خاوەن بەزەیی و بەئەدەب بووە. دەنگی هەڵنەدێنا و بە نەرمی قسەی دەکرد. چونکە دەیزانی بە یەرییەوە هەیە قەڵەو بێ، زۆری نەدەخوارد. چێشت و نان و پێخور و دەستاوی ئێرانیی لە خورد و خۆراکی فەرەنگی پێ خۆشتر بوو. دڵی بە ئارەق و شەرابەوە نەدەتووسا و بڕوای بە ڕێوڕەسم و هاتوبیاتی بارگا نەبوو. دەروێشانە و دیموکراتانەی بیر دەکردەوە. باوەڕی هەبوو بە ڕاسپاردەکانی ئیسلام، بەڵام نوێژی نەدەکرد و ڕۆژووی نەدەگرت. مەیلی لە ڕاو و کایەی بیلیارد و تێنیس بوو. زۆر هۆگری مووسیقای کۆنباو بوو. کەسێکی ترسەنۆک و بەپارێز و پشوودرێژ و فێڵەزان و ڕازدار بوو. بە شێوەیەکی سروشتی ئادەمیزادێک بوو لەچەر و لە بیری کۆکردنەوەی زێڕ و زیودا بوو. لەو سیهەزار تمەن مانگانەیەی کە بۆ بارگای میری برابۆوە، هەموو جارێ شتێکی وەلادەنا. لە ڕێی تێوەگلان لە کار و گەمەی بوورس و کڕین و فرۆشتنی زێڕەوە، سامانێکی چاکی خستبوویە سەریەک. زۆری خزم و کەسەکانی، بەتایبەت دایک و باوکی خۆش دەویستن... نەکەوتبوویە سەر ڕێچکەی ئاکاری ناڵەباری محەممەدعەلیشا، بەڵام هەمیشە لە حاند پەریڕوخسارانی ناسک و نازەنیندا هەڵدەخلیسکا.»

«پێش ئەوەی ژن بێنێ لە ئاوری ئەوینی «کۆنتس لیگۆنتێ»ی کچی وەزیر موختاری ئۆتریشدا سووتابوو. هاوینی کۆشکی مەتزەرییەی ئایە بەردەستی باڵوێزخانەی ئۆتریش هەتا بە ڕۆژ لە نیاوەرانەوە لەگەڵ ئەو کیژە جوانە سەرقاڵی گەشت و سەیران و ئەسپسواری و کایەی تێنیس بێ.»

١- مستەفا کەماڵپاشا (ئاتاتورک)(١٨٨١ـ ١٩٣٨، ئەفسەرێکی عوسمانی بوو کە حکوومەتی کۆماریی لەو وڵاتەدا دامەزراند و ناوی عوسمانیی گۆڕی بە تورکیا و هەتاکوو ما هەر سەرکۆماری وڵاتەکەی بوو.

لە بەشەکانی پێشوودا، لە نووکەوە هەتا ساڵی ١٣٣٦ی ک/١٩١٧ی ز، باسی بەسەرهات و چارەنووسی پارلمانەکانی ئێرانمان کرد و بەپێی کورتە و پوختەی باسەکان پارلمانی خولی یەکەم بە فەرمانی محەممەدعەلیشا و بە تۆپی هێزەکانی ژێر ڕکێفی لیاخۆفی ڕووسی بوو بە تۆوی هەرزن. خولی دووهەمی پارلمان لەبەر هەڕەشەی دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری هەڵوەشایەوە و خولی سێهەمی پارلمان لە ماوەی ساڵانی سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی و تێرژانی هێزەکانی ڕووس و ئینگلیس و عوسمانی و کۆچی ژمارەیەکی بەرچاوی نوێنەرانی پارلمان و بەگشتی لاوازی و سستی و داماویی دەوڵەتەکان و ئاژاوە و ئاڵۆزیی سیاسی لە وڵاتدا ڕووی کردە توانەوە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر نوێنەرانی پارلمان، نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەل و چاونەترس و ئەوینداری نیشتمان بوویان، هەرگیز لە سەنگەری ئازادی یانی پارلمانی نیشتمانی نەدەبزووتن و چۆلیان نەدەکرد و بەم کارە نارەوایە نەدەبوونە هۆی بەدی هاتنی قۆناخی بۆشاییی دەسەڵات لە ئێراندا.

وەکوو دیارە خولی چوارەمی پارلمان بە سەر چارەنووسێکی سەیردا کەوت، چونکە لە زەمانی کابینەی دووهەمی سەمسامولسەڵتەنەوە (ڕەجەبی ١٣٣٦ی ک)، پەیتاپەیتا بەڵێنیی هەڵبژاردن دەدرا، کەچی هەر پاش دەس پێکردنی هەڵبژاردن لە سەرەتاکانی پێکهاتنی کابینەی دووهەمی وسووقوددەولەدا، دیسانیش چەند گرێ و کۆسپێک پەیدا بوون و بەگشتی هەتا ئەندامانی ئەم خولەی پارلسان هەڵبژێردران، سێچوار ساڵێکی پێچوو. وەکوو ئاشکرایە هەڵبژێردرانی زۆرینە بۆ پێکهاتنی

---

١- [بێنیتۆ] مووسۆلینی [١٨٨٣ ـ ١٩٤٥ی ز]، سەرۆکی [دیکتاتۆری] ئیتالیا و ڕێبەری حیزبی فاشیستی ئەم وڵاتە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، [دوای ئەوەی کە بە پشتیوانیی لایەنگرانی خۆی کە زۆربەیان سەربازانی قوتاربووی شەڕی یەکەم بوون حیزبی فاشیستی میلانی پێکهێنا، شا ڤیکتۆر ئێمانوئێلی سێهەم، ساڵی ١٩١٩ ڕایئەسپارد کە حکوومەت پێک بێنێ، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە دەوڵەتی کردە دیکتاتۆریکی دڵرەق بە سەر گەلەوە، ساڵی ١٩٢٨ پارلمانی هەڵوەشاندەوە. دەستی بە سەر ئیتیۆپی و ئالبانیدا گرت. ئاوا لە وڵاتانی خۆراوایی دوور کەوتەوە و لە ئاڵمان نێزیک بۆوە. ساڵی ١٩٤٠ ئیتالیا لە شەڕی دووهەمی جیهانییەوە گلا. پاش چەند جارێک شکان و بەزینی گیرا، بەڵام پەلێکی ڕزگاریدەری ئاڵمانی توانی دەربازی بکا و لە باکووری ئیتالیا حکوومەتێکی گوێ لە مستی دامەزراند. دوای ڕووخانی حکوومەتی ئاڵمان، پارتیزانەکانی ئیتالیایی گرتیان و لە داریان دا.و.]

پارلمان لە سەردەمی سەرۆکوەزیرایەتیی وسووقوددەولەدا بەدی هات (خرمانانی ١٢٩٨ی هەتاوی/١٩١٩ی ز).

## نەوتی باکوور[1]

کابرایەکی «گورجی»ی خەڵکی رووسیای قەیسەری بە ناوی خۆشتاریا کە خۆی بە دۆستی «سارانۆف»ی وەزیری دەرەوەی رووسیا و ئەویندار و دڵبەستەی ئێران نیشان دەدا. دوای مانەوەی ماوەیەک لە تاران. رۆژی ٢٧ی ژانوییەی ١٩١٦/ ڕێبەندانی ١٢٩٤ی هـ. توانی قەراروبڕییەک لەگەڵ محەممەدوەلیخانی خەلعەتبەری ناسراو بە نەسروسسەڵتەنە[2] ـ کە مانگی شابانی ١٣١٢ی ک. ئیزنی هەڵێنجانی نەوتی مەڵبەندی تۆنیکابۆن و کۆجوور و کەلارۆستاقی مازندەرانی لە ناسرەددینشا وەرگرتبوو ـ بە مەبەستی هەڵێنجان و چنینەوەی بەهرەی داهاتی نەوتی ئەو شوێنانە واژۆ بکا.

بەپێی پوختەی ئەم قەراروبڕییە. محەممەدوەلیخانی سپاسالاری گەورە. مافی پشک و پاوانەکەی خۆی داوە بە خۆشتاریا و ئەویش بەڵێنی داوە کە لانیکەم هەتا ساڵێک پاش روونبوونەوە و چارەسەرکرانی گێرە و کێشەی رووسیا لەگەڵ یەکگرتووەکان. گەڕان و پشکنینی سەبارەت بە نەوت ئەنجام بدا و ئەگەر نەوتی دیتەوە. ٥٠هەزار مەنات وەکوو دیاری بداتە خزمەت بەڕێزی بەرزەجێی سپاسالاری گەورە و هەر کە دەستی کرد بە هەڵێنجانی نەوت. ١٠٠هەزار مەناتی دیکە وەکوو پێشەکی بدا و پاشان هەر پووتە نەوتێک بە یەک «کۆپێک» بقەبڵێنێ. سپاسالاری گەورە مافی ئەوەی هەبوو کە نوێنەرێک لە ناوچەی هەڵێنجانی نەوت دابنێ هەتا چاوەدێر بێ بە سەر هەڵێنجانی بڕی نەوتەکەدا.

ئەم قەراروبڕییە نووسرابوو بۆ ٩٩ ساڵ و چونکە سپاسالار خۆی ناندرابوو بە سەرۆکوەزیر و وسووقوددەولە بە وەزیری دەرەوە و پارلمانیش گاڵە درابوو.

---

١- بەشی هەرە زۆری بابەتەکانی سەبارەت بە نەوتی باکوور لە کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران» بە قەڵەمی مستەفا فاتح وەرگیراوە و جاری وایە دەقاودەق و جاری واشە کورتە و پوختەیەتی. ساڵی چاپ ١٣٥٥ی هـ/١٩٧٦ی ز.

٢- محەممەدوەلیخان دوایە سەرناوی سپادار و سپاسالاری گەورەی باربوو کرا و دوای گرتنی تاران و ژیانەوەی مەشرووتە. ماوەیەک بوو بە سەرۆکوەزیر.

ڕێککەوتنەکەی لە نووسینگەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران تۆمار کرد. لەبەر گوشاری ڕووسیای قەیسەری، هەر لەو ساڵەدا دەوڵەتی ئێران قانی هەڵێنجان و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و قیل و مێوی سروشتیی لە سەرتاسەری گێلان و مازندەران و ئەستەراباد (گورگان)ی بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ دا بە خۆشتاریا و سێ مەڵبەندی تونیکابۆن و کۆجوور و کەلارۆستاقی کە پێشتر سپاسالار دابووی بە خۆشتاریا، لە چوارچێوەی ئەم قەراروبڕییە دەرهاویشت.

بەگوێرەی ئەم قەراروبڕییە تازەیەی ساڵی ١٣٣٤ی ک/ ١٩١٦ی ز. دەوڵەتی ئێران مافی چاوەدێری و وردبینیی هەبوو بە سەر کاری گەڕان و پشکنین و هەڵێنجانی نەوتی باکووردا و خۆشتاریا لە ئەستۆی بوو کە هەموو ساڵێک یان هەر زەمانێک کە دەوڵەتی ئێران ڕاپۆرتی چۆنیەتیی کاری هەڵێنجان و بەهرەچنینەوەی بوێ، بیخاتە بەردەستی و بۆی ڕوون بکاتەوە کە ئەو کۆمپانیایەی کارەکان دەکا داهات و دەرکەوتی چۆنە. هەروەها دەبوو لە بەشە قازانجی تایبەت سەتی شازدە بدا بە دەوڵەتی ئێران و کۆمپانیای هەڵێنجانی نەوت دەبوو بێجگە لە کارمەندانی پسپۆڕ و شارەزای کارزان، هەموو کارمەند و کرێکارێکی دیکەی ئێرانی بن. خۆشتاریا لە ئەستۆی بوو کە هەر چاڵ و چاوەیەکی تازە بدۆزێتەوە لەرێوە بە وەزارەتی ڕێگاوبانی ڕابگەیەنێ و دوو دەق نەخشەی ئەو جێیانەی کە نەوتیان تێدا دۆزراوەتەوە لانیکەم بە پێوەری $\frac{1}{1000}$ پێشکەش بە دەوڵەت بکا. ئەگەر پێی وابوو کە هەڵێنجانی نەوت بەهرەی لێ هەڵدەگیرێ، ١٠٠هەزار مەناتی نەغد و ١٠٠هەزار مەنات وەکوو دەستەبەریی بێوەرگێرانەوە بدا بە وەزارەتی ڕێگاوبان، بەڵام ئەم برە پارەیە هەر جارێک دەدرێ و دووپات نابێتەوە.

تەواوی مەکینە و کەرەسە و پێداویستییەکانی هەڵێنجانی نەوت گوومرگانەیان لێوەرنەدەگیرا و خۆشتاریا دەبوو کە دوای تەواوبوونی ماوەی قەرارەکە سەرلەبەری چاڵە نەوت و زەوی و بینا و مەکینە و سازکراوەکانی بازنەی هەڵێنجانی نەوت و هەرچی هەیە و نییە و ڕادەگوێزرێ یان ڕاناگوێزرێ تێکرایان بدا بە دەوڵەتی ئێران. ئەگەر ماوەی پێنج ساڵ بە سەر وەرگرتنی پاوانەکەدا تێپەرێ و خۆشتاریا دەست نەکا بە هەڵێنجانی نەوت، پاوانەکە هەڵدەوەشێتەوە.

هێشتا خۆشتاریا هیچی لەو پاوانە گەورەیەی کە بە زەبری زۆری دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری وەریگرتبوو، نەچنیبۆوە کە شۆڕشی مەزنی ڕووسیا قەوما و

وەکوو ئاماژەمان پێکرد گۆڕانی بە سەر ڕێبازی سیاسیی ئەو دەولەتەدا هێنا و ڕایگەیاند کە تەواوی قەراروبڕی و قانەکانی پێشوو لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەلوەشاونەوە. بەلام خۆشتاریا بە مەبەستی فرۆشتنی قان و پاوانەکەی خۆی ڕۆیی بۆ ئورووپا. لە ئورووپا چاوی کەوت بە بەرپرسانی «ڕۆیال دۆچ» و ئەوانیش دوای وتووێژ لەگەل بەرپرسانی ئێرانی بۆیان ڕوون بووە کە ئەم قەراروبڕییە هەلوەشاوەتەوە و بە باری یاسایی‌دا تێکچۆتەوە. هەر بۆیە خۆیان پاراست و نەیانکڕی. کۆمپانیاکانی فەرانسەویش پاش ئەوەی مەبەستەکەیان بۆ ڕوون بۆوە و زانییان کە دەولەتی ئێران سەری وەبەرناهێنێ، خۆیان لە کڕینی لادا. سەرەنجام خۆشتاریا ڕۆیی بۆ لەندەن و لەگەل کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران کە خاوەنی قانی هەلێنجانی نەوتی باشووری ئێران بوو کەوتە دانیشتن و گوفتوگۆ.

ئینگلیسییەکان کە دوای شۆڕشی ڕووسیا ببوونە تاقەسوارەی مەیدانی سیاسەتی ئێران و کابینەی ئالقەبەگوێ و تێبەستەی خۆیان، یانی کابینەی «وسووقوددەولە»یان هێنابوویە سەر کار، پاوان‌نامەکە و دەقی فەرمانەکەی ناسرەددین‌شا و قەراروبڕییەکەی نێوان خۆشتاریا و سپاسالاریان بە سەت‌هەزار لیرەی نەغد کڕی و بەلێنییان پێدا کە لە داهاتووش‌دا دراوی دیکەی دەدەنێیە. مانگی مەیی ۱۹۲۰، کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران، شەریکەیەکی تێبەستەی بە ناوی «شەریکەی نەوتەکانی باکووری ئێران»ی بە سەرمایەی سێ میلیۆن لیرەوە دامەزراند و لە لەندەن ناوی تۆمار کرد. سێر چارلز گرینۆی، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران و خۆشتاریا و ڕابێرت واتسۆن، یەکێک لە کارگێڕانی کۆمپانیای نەوتی بێرمێ (بورما) لەگەل کابرایەکی دیکە بە ناوی «ژاکلی» ببوونە بەڕیوەبەرانی شەریکەی نەوتی باکوور.

دەولەتی ئێران بە سەرۆکایەتیی مەشیروددەولە بەپێی یادداشتێکی ڕەسمی کە ناردی بۆ بالوێزخانەی ئینگلیس لە تاران، وەبیری هێنایەوە کە دەولەت و گەلی ئێران دان بەو قان و پاوانەی خۆشتاریادا ناهێنێ کە بە دەستی زۆر و گەلەگایی لە دەولەتانی پێشووی ئێران ئەستێندراون و ئەو پاوان‌نامەیە کە لە لایەن پارلمانی ئێرانەوە پەسند نەکراوە بەتالە و پشتی پێنابەسترێ. لە لایەکی دیکەوە دەولەتی ئەمریکا کە لەگەل ئینگلستان لەسەر نەوت و قازانج و بازاڕی فرۆشتنی کەوتبوویە ملانە و ڕقبەرقە و لایەنگری «دەروازەی ئاوالە» و دژی هەر چەشنە پاوانکرانێکی

نەوت بوو لە لایەن یەک یان چەند وڵاتێکەوە لە دنیادا. لە بابەت سات و سەودای ئینگلیسییەکان لەگەڵ خۆشتاریا، نارەزامەندیی خۆی بە دەوڵەتی بریتانیا ڕاگەیاند. ئەم کێشمەکێش و ململانەیەی نێوان ئەمریکا و ئینگلیس چەندین ساڵ درێژەی کێشا و سەرەنجام ئەمریکا تێیدا سەرکەوت.

دەوڵەتی ئیتازۆنی (هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) سەبارەت بە پاوانـنامەی خۆشتاریا داوای ڕوونکردنەوەی کرد لە باڵوێزخانەی ئێران لە واشینگتۆن. حوسێنی عەلا، وەزیر موختاری ئێران لەو وڵاتە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و بەڕاشکاوی گوتی کە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران دەیهەوێ پاوانی نەوتی پێنج هەرێمی باکووری ئێران وەدەست بێنێ و دەوڵەتی ئێران وای پێ باشترە کە ئەم قان و پاوانە بدا بە دەوڵەتی ئەمریکا.

«لەو کاتەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەستوور دەدا بە وەزیر موختاری خۆی لە تاران کە پێویستە ئەم مەبەستانەی خوارەوە بە وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕابگەیەنێ:

١- کۆمپانیاکانی ئەمریکایی وەخۆدەکەون هەتا قانی نەوتی هەرێمەکانی باکووری ئێران وەدەست بێنن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هیوادارە کە لەم هەنگاوەدا سەرکەوتوو بن.

٢- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا شادمانە کە دەوڵەتی ئێران هەستی بەم مەبەستە کردووە کە سەرچاوەیەکی گرینگی ئابووری نابێ ببێتە پاوانی تاقە کۆمپانیایەک.

٣- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە پاوانی بەرهەمێکی گرینگ و خاوی وەکوو نەوت لە لایەن دامەزراوەیەکی دەرەکیڕا، بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتی یەکسانە لەگەڵ کەسانی وڵاتانی دیکە.

٤- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە گوێی ئێران هەڵدێنێ کە بە باری پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیی ئێران و بە لایەنی ڕێکبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بەرژەوەند وا دەخوازێ کە ئەم قان و پاوانە نەوتییە ڕابگیرێ، هەتا کۆمپانیاکانی ئەمریکایی دەرفەتی ئەوەیان هەبێ کە لەو بابەتەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بکەونە گوفتوگۆ.»

لە دیدارێکی نێوان وەزیر موختاری ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی ئێراندا سەبارەت بەم بابەتانە گوفتوگۆ دەکرێ و وەزیری دەرەوەی ئێران دەڵێ کە پاوانی خۆشتاریا هەڵوەشاوەیە و لەمەڕ درانی پاوانی نەوت بە کۆمپانیاکانی ئەمریکاییش ناتوانی هیچ بیر و بۆچوونێک دەرببڕێ، چونکە پارلمانی نیشتمانی داخراوە و دەبێ ئەم بابەتە پاش کرانەوەی پارلمان بە شێوەیەکی ڕەسمی و یاسایی، بکەوێتە بەرباس و لێدوان.»[1]

دووسێ مانگ بەرلە کۆدەتای ١٢٩٩ی هـ/ نوامبری ١٩٢٠ی ز، نوێنەرێک لە لایەن کۆمپانیای نەوتی باشوورەوە بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و وەرگرتنی قانی هەڵێنجانی نەوت لە خوراسان و ئازەربایجان و تێنهێنان بۆ ئێران بە مەبەستی سەلماندنی پاوانی خۆشتاریا گەیشتە تاران. دیدار و گوفتوگۆیەکانی ئەم نوێنەرە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئێران جارێکی دیکەش نارەزامەندیی باڵوێزخانەی ئەمریکای لێکەوتەوە لە تاران. دەوڵەتی ئێران بە وەزیر موختاری ئەمریکای ڕاگەیاند کە ئێران تووشی تەنگەژەی ماڵی هاتووە و چاو لە دەستی بریتانیایە هەتا یاریدەی بدا. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا وامێکی ٢ میلیۆن دۆلاری بدا بە ئێران، پشتی لە بریتانیا دەبێتەوە و نیازی پێی نامێنێ. هەڵبەت درانی ئەم وامە دەبێ ڕێخۆشکەری وەرگیرانی قان و پاوانی نەوت و گەلێک کانگای دیکەی ئێران بێ بۆ ئەمریکا.

کاتێک نارەزامەندیی دەوڵەتی ئەمریکا و ملنەدانی دەوڵەتی ئێران بۆ دانی پاوانی نەوتی خوراسان و ئازەربایجان و سەلماندنی پاواننامەی خۆشتاریا ڕەنگی دایەوە و کاری خۆی کرد. دەستەی کارگێری و بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران بە سەر بێهیواییدا کەوت و زانی هیچی بۆ ناکرێ؛ هەر بۆیە جارێکی دیکە دیپلۆماسیی بریتانیا بە شێوەی ناجوامێرانەی پێشووی تێکەوت و وەکوو جاری‌جاران کە توانیبووی چەندین دەوڵەتی ئێران بە چۆکدا بێنێ، خۆی نواند و لە لەندەن بە کۆمیسێری نەوتی دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاند کە چونکە پرسی نەوتی باکوور بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە، کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران پاوانانەی دەوڵەتی ئێران لە بابەت پاوانی دارسییەوە نادا بە ئێران، بە بۆچوونی

---

١- ئەم چەند برگەیە لە کتێبەکەی مستەفا فاتح وەرگیراوە و ئەویش وەریگرتووە لە کتێبی «پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٠دا».

مستەفا فاتح بۆیە بریتانیا ئەم ڕەوت و ڕێبازە نارەوایەی هەڵبژاردووە هەتا گەف لە دەوڵەتی ئێران بکا و بیترۆقێنێ.

لەو سەروبەندەدا، یانی دوو مانگ پاش ئەم قرەیە، کۆدەتای ٣ی ڕەشەمەی ١٢٩٩ی هـ/٢٢ی فێوریەی ١٩٢١ی ز. قەوما و دواتر چەند هەلکەوتێکی دیکەش روویان دا کە شوێنیان کردە سەر دۆخی نەوت و وەرگیرانی قان و پاوان و ئەم باسە لە بەشی دواتردا درێژە پێدەدەین.

## رێککەوتننامەی ساڵی ١٣٣٧ی ک/ ١٩١٩ای زایینی

رووحی شاد بێ مەلیکوششوعەرای بەهار کە بێگومان وسووقوددەولە و قەواموسسەتتەنە، دوو دەورگێری سەر شانۆی سیاسەتی ئەو سەردەمەی ئێرانی خۆش ویستوون، پاش ئەوەی باسی کورتە و پوختەی هەنگاوە بەجێ و باشەکانی دەولەتی بەهێز و کابینەی دووهەمی وسووقوددەولە دەکا، چەند نموونەیەکی وەکوو بە دوادا چوون و گرتن و سزادانی ئەندامانی کومیتەی سزادان و قۆلبەستکردن و لە داردانی ماشەڵڵاخان و نایب حوسێنی کاشی لە مەیدانی تۆپخانە و پێچانەوەی تۆماری تەمەنی دوو ڕێگری بەناوبانگی وەکوو ڕەجەبعەلی و جەعفەرقولی دەکا و دواتر دەچێتە سەر باسی ڕەزا جووزانیی یاغی کە سەرداری جەنگ لە ئیسفەهان سەری تێدا برد. بەهار لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێ:

«ئەم کار و هەنگاوانە تەناهی و ئارامییان بە دوای خۆیاندا هێنا و بوونە دەسپێکی چاکسازی و ئەگەر درێژەی کێشابا و هەتا ئەمڕۆ نەپسابایەوە، تووشی ئەهامەتییە دیرۆکییەکانی ئێستا و ڕابردوو نەدەبووین؛ بەڵام دەڵێی ڕاستە کە ئێران تووک لێکراوە. ئەم قسە پووچ و بێبنەمایە کاتێک لەگەڵ ڕەوتی مێژوو بەراورد دەکرێ، لە هەموو جێگایەک بە بیری مرۆڤی بیرکەرەوەدا تێدەپەڕێ.»

«وسووقوددەولە لە ساڵی دووهەمی دەسەلاتیدا بەرەورووی کۆمەڵێک داواکاریی تازە بۆوە کە سەرچاوەیان دەگەڕایەوە سەر شۆڕشی ڕووسیا و ئادەمیزادی بیرمەند دەزانن هۆکارە ڕاستەقینەکەی چییە و چۆنە. یەکێک لەو

داوایانە هاتنە بەرباسی نووسرانی ڕێککەوتنی نێوان [ئێران و ئینگلیس بوو لە ساڵی ١٩١٩دا][١].»

«ئێران کەوتبوویە نێو بارودۆخێکی مەترسیدارەوە. هێشتا شەڕی نێونەتەوەیی نەبڕابوویەوە. عوسمانی هاتبوویە نێو خاکی ئازەربایجان و لە قەفقاز و ئێرەوان و باکۆ بنەی داکوتابوو. دەوڵەتی بریتانیاش بێجگە لە پۆلیسی باشوور، چەند هێزێکی لە خوراسانەوە بردبوونە ناوچەی دووچۆمان و لە دەورووبەری زەنجان و قەفقاز لەگەڵ عوسمانییەکان ویککەوتبوون. ئینگلیسی لە بەندەرئەنزەلیش تەقەمەنی و جبەخانەیان کۆکردبوویەوە و لە خوراسانیشەوە دەیانهەویست بەرەو ئەوبەری دەریای خەزەر ببزوون. شەڕەکە خەریک بوو کە بە قازانجی هاوپەیمانان دەبڕایەوە، بەڵام ئەمجار ئاگرێکی تازە بە ناوی بۆلشویک لە باکووری ئێرانەوە بڵێسەی دا.»[٢]

گیانی شاد بێ مەلیکوششوعەرای بەهار لە جێگایەکی دیکەش باسی پێویستبوونی پێکهاتنی حکوومەتێکی بەهێز و دەسەڵاتی کردووە و ئەگەر ئەو قسانەی لەگەڵ وتەکانی سەرەوەی پێکبگرین، دەگەینە ئەم ئاکامە کە لە ڕوانگەی بەهارەوە دەوڵەتی وسووقوددەولە هەمان دەوڵەتە بەهێزەکەیە و پێی وایە نووسرانی ڕێککەوتنی ١٩١٩ لەگەڵ بریتانیا بە زەبری زۆری مێژوو بووە و بە تەنیا دەرووی دەربازبوونی دەزانێ لەو گرێ و گرفتەی دەوڵەت تووشی هاتووە و بە باشی زانیوە.

ماوەیەکی کەم پێش بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئورووپا، سێر «چارلز مارلینگ»ی وەزیر موختاری ئینگلیس لە تاران جێی خۆی دا بە «سێر پێرسی کاکس»ی وەزیر موختاری تازەی ئەو دەوڵەتە لە ئێران. نوێنەرە سیاسییە تازەکەی بریتانیا خاوەنی پێشینەیەکی درێژخایەنی کار و خزمەت بوو لە خاکی ئێران و عوسمانیدا (بەتایبەت لە هەرێمی دووچۆمان و بەغدا). وەک سایکس دەڵێ کاکس پیاوێکی باوەڕپێکراوی پایەبەرزانی ئینگلیسی بوو. دیدار و وتووێژەکانی سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە ماوەی نۆ مانگێکی کێشا و ڕێکەوتی ٩ی ئووتی ١٩١٩ لە تاران واژۆ کرا.

---

١- نووسەر لە دەقەکەی بەهاری زیاد کردووە.و.

٢- مێژووی حیزبە سیاسییەکان (ڕووخانی حکوومەتی قاجاران)، نووسینی مەلیکوششوعەرای بەهار، ل ٢٤.

ئەم ڕێککەوتنە پێکهاتبوو لە پێشەکییەک و شەش بەند و کورتە و پوختەی بریتی بوو لە: پێملبوونی بریتانیا بۆ ئەوەی کە ڕێز لە سەربەخۆیی و چوارچێوەی خاکی ئێران بگرێ و ڕاوێژکارانی پسپۆڕ بۆ دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئێران دابین بکا و لە بواری ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و ڕایەڵەی پەیوەندی و دانی وام بە ئێران - بەپێی ڕێککەوتنێکی دیکە- هەنگاو باوێ.

لە بەندی شەشەمی ڕێککەوتنەکەدا پێکهاتنی لێژنەیەکی پسپۆڕی هاوبەش بە مەبەستی وردبوونەوە و پێداچوونەوە بە بری گومرگانەی دیاریکراو وەبەرچاو گیرابوو. هەروەها دەوڵەتی بریتانیا ئامادە ببوو هەتا بۆ دابینی مووچە و مانگانەی ڕاوێژکارانی مالی و سەربازیی ئینگلیس و یەکدەستکردنی سپای ئێران لەسەر کیسەی دەوڵەتی ئێران، بری ٢ میلیۆن لیرەی ئینگلیسی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بدا بە ئێران و سەتی ٧ی سوود لێوەربگرێ.

کورتە و پوختەی نێوەرۆکی ڕێککەوتنی ١٩١٩ لەگەڵ قەراروبڕیی سەبارەت بە وام و ئەو نامانەی کە لە نێوان دەوڵەتی بریتانیا و دەوڵەتی ئێراندا ئاڵوگۆڕ کراون لە چەند خاڵێکدا خۆیان دەبیننەوە:

١- بریتانیای گەورە جڵەوی کاروباری دارایی و سپای ئێران لە ڕێی پسپۆڕان و ڕاوێژکارانی خۆیەوە بە دەستەوە دەگرێ کە خودی ئێران مووچەیان دابین دەکا.

٢- بریگادی قەززاق و ژاندرمەری هەڵدەوەشێنەوە و سپایەکی یەکدەست و یەکرەنگ لە ژێر چاوەدێری و سەرکردایەتیی ئەفسەرانی ئینگلیسیدا پێکدێ.

٣- بری وەرگیرانی گومرگانە بەرواڵەت بۆ پاریزرانی مافی ڕاستەقینەی ئێران و لە ڕاستیدا بە قازانجی بریتانیا بگۆڕدرێ.

٤- بریتانیا بەگوێرەی پەیماننامەکانی نێوان دوو وڵاتەکە ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو کە هەتا بۆ قەرەبووی خەسارەتەکانی سەردەمی شەڕ و پێداچوونەوە بە داوا و سکاڵاکانی ئێران لەسەر دیاریکرانی سنوورەکانی ئێران، یاریدەی ئەم وڵاتە بدا.

٥- بریتانیای گەورە بەوپەڕی دڵاوایی و مەزنایەتیی تایبەتی خۆی(!!) چاوی لە حاند وەرگرتنی خەرج و تێچووی ڕاگرتن و بەخێوکردنی سپای خۆی لە ئێراندا دەپۆشی. کە بۆ سەلماندنی بێلایەنبوونی ئێران بە پێویستی دانابوو، هەڵبەت مەرج

ئەوە بوو کە ئێرانیش داوای بژاردنی هیچ خەسارەتێک نەکا کە قۆشەنی بریتانیا لێی دابوو.

سەرنج بدەن! خودی بریتانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سنووری بێلایەنبوونی ئێرانی بەزاندووە و خاکی ئەم وڵاتەی کردوتە مەیدانی تراتێن و شەڕانخێویی سەربازانی بەنگالی و سینێگالی و ئینگلیسی و بە کڕین و شاردنەوەی پێداویستی و بژیوی خەڵکی ئەم خاکە، گەلی ئێرانی تووشی قاتیوقڕی کردووە و بە میلیۆنان تمەنی خەسارەت لە وڵاتی ئێمە داوە و ئێستا بەوپەڕی رووهەڵماڵاوی بەزاندنی خالی بێلایەنبوونی بە پاراستنی بێلایەنی دادەنا و لە حاند ئەو تاوانە دزێوەدا ئێرانی بە قەرزداریاری خۆی دەزانی. لە ڕاستیدا ئەم برە دراوەی کە دەبوو بریتانیا بۆ قەرەبووی شەڕ و خەسارباریکرانی وڵات و گەلی ئێران بیدا، بەم شێوەیە و بە نووسرانی پەیمانی ١٩١٩ و ڕێککەوتن لەسەر وەرگیرانی وام و چەند ڕێککەوتننامەیەکی دیکە تێدا دەچوو.

ئێستا بڕوانن و بزانن کە سێر پێرسی سایکس سەبارەت بەم پەیمانە چی نووسیوە:

«پێم وایە جێی داخە کە ئەم ڕێککەوتنە ئەگەرچی بەرلە پەسندکرانی پەیماننامەی ئاشتی [یانی پەیماننامەی ڤێرسای][1] نووسرابوو، بەڵام خێرا نەگەیەندرایە کۆبوونەوەی کۆمەڵی گەلان. وەک لۆرد «گرێی. ئێف. فالان» دەڵێ، لێرەدا مەبەست یاریدەدانی وڵاتێکی لاواز بوو کە بەڕاستی دەبوو کۆمەڵی گەلان تێیدا بەشدار بووبا و زۆر جێی داخە کە ڕێی بەشداربوون بۆ ئەنجومەن خۆش نەکرا. ئەم کارە ئاکامێکی هەڵە و پێچەوانەی لێکەوتەوە لە دنیادا و وڵاتانی وەکوو فەرانسە و ئەمریکا لایان وابوو ئێمە ئێرانمان وەکوو پاپۆلەیەکی چەور و نەرم هەر بۆ خۆمان وەلا ناوە.»

«ئەنجامدانی هەر کارێک لە وڵاتێکی وەکوو ئێران ئەوەندە دژوارە کە ڕەنگە دڵسۆزیی ئەو دوو دەوڵەتەی کە باسیان کرا. ڕێککەوتنەکەی لێکهەڵوەشاندبا. ئەگەر ئەم مەبەستانە بخەینە لاوە، چونکە پەیمانەکە دەبوو بە هۆی پێکهێنانی کەشێکی باوەڕپێکی لە نێوان ئینگلیس و ئێراندا، زۆر بە قازانج بوو. ئێران نیازمەندی دەستێکی بەهێزی فیداکارییە و بریتانیای گەورەش تەنیا دراوسێیەکە کە دەتوانێ

---

١- نووسەر زیادی کردووە.و.

یاریدەی بدا. هەروەک لە رابردوودا زۆر دیتراوە، بەوپەڕی دڵاوایی دەستی هاوکاری کردنی ڕەهێش داوە.[١] دیسانیش دەبێ وەبیری بێنینەوە کە لەو ڕەوتی یاریدەدان و کارکردنەدا، بێگومان ئاشتیی ئاسیا و ئارامیی سنوورەکانی ئێمەش خۆی دەدۆزییەوە.»

وسووقوددەولە سەبارەت بە پەیمانی ١٩١٩ بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و لە ڕۆژنامەکانی «ڕەعد» و «ئێران»دا پەیتاپەیتا وتار دەربارەی قازانج و لایەنە باشەکانی پەیمانەکە دەنووسرا و جاری واش بوو بە فەرمانی وسووقوددەولە بە مەبەستی ڕەچاوکردنی ڕواڵەت، ڕەخنەش لە چەند جێیەکی ڕێککەوتنەکە دەگیرا هەتا وا نیشان بدرێ کە هەر کەس هەر ڕەخنەیەکی کە هەیەتی دەتوانێ بیدا بە ڕۆژنامان؛ بەڵام ئەم ڕاوێچکە و خۆنواندنە سیاسییانە خۆیان لە ئاست لافاوی نارەزامەندیی کۆڕ و کۆمەڵانی حیزبی و نەتەوەیی بۆ ڕانەگیرا.[٢]

بێجگە لە پەیمانی ١٩١٩، هەروەک باسمان کرد سێر پێرسی سایکس نامەیەکیشی نووسی بۆ وسووقوددەولە و لەو نامەیەدا بە مەبەستی دەربڕینی هەستی نیازپاکانەی بریتانیا، ڕایگەیاند کە ئینگلستان ئامادەیە هەتا داواکانی ئێران لە چوار بابەتدا بسەلمێنێ:

١- پێداچوونەوە بە پەیمان و ڕێککەوتننامەکانی نێوان هەردک لادا.

٢- قەرەبووکرانەوەی وڵاتی ئێران لە لایەن وڵاتانی خەنیمی تێکهەڵچووی دیکەوە (یانی جگە لە ئینگلستان).

٣- پێداچوونەوە بەو سنوورانەی ئێراندا کە هەردک لا لەسەری کۆک بن و بە کارێکی ڕەوای بزانن.

---

١- ئەگەر مەبەستی سایکس لە دڵاوابوونی بریتانیای گەورە دانی وام بێ بە ئێران لە ڕێی بانکی شاهانشاهییەوە، دەبێ بڵێین ئەگەر وابێ خۆ جوولەکەکان و سەرافەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەموو کەسی دنیا دڵاواترن، چونکە قەرز دەدەن بە هەموو کەس بەڵام بە سووتێکی قورس، بریتانیاش ئەو قەرزەی کە دەیدا بە ئێران سەتی ٧ی سووت داویشتە سەری و بەراستی ئەوەندە قورس بوو کە کەڵی دادێنا.

٢- خودابەخشیو مەلیکوششوعەرای بەهار کە ئەو کاتە بەرپرس و کارگێڕی ڕۆژنامەی ئێران بووە دەنووسێ: «من لام وابوو دەبێ خەڵک بۆ دەربڕینی بیر و باوەڕی کۆک و ناکۆکی ئازاد بێ... لە ڕۆژنامەی ئێرانیشدا ئەم ڕێبازەم ڕەچاو کردبوو و وتاری ئەبا و ناتەبا لەگەڵ پەیمانەکەم تێدا بڵاو دەکردەوە.» بڕ: مێژووی حیزبە سیاسییەکان، نووسینی مەلیکوششوعەرای بەهار.

٤- دەبێ زەمانێکی دیاریکراو و هەلومەرجێکی گونجاو بۆ وەدی هاتنی ئەم خالانەی سەرەوە وەبەرچاو بگیرێ و خێرایەکی بخرێتە نێو وتووێژی دوو وڵاتەکەوە.

دژایەتیکردن لەگەڵ ڕێککەوتننامەکە بۆ ئازادیخوازان و کەسانی نیشتمانی ببوو بە هۆکارێکی سەرقاڵبوونی سیاسی و بۆ پووچەڵبێژان و دەمەوەرانی خۆ بە سیاسیناسێن و بەرژەوەندخوازانیش ببوو بە بیانووی شاتوشووت و هێندێک مەلاش هاتن هێز و دەسەڵاتی خۆیان پێوەرانا. لە تاران کەسانێکی وەکوو موستەشاروددەولە و مومتازوددەولە و حاجی موحتەشەموددەولە و چەند کەسێکی دیکەش کەوتنە دژایەتی و مەلاش بە ناوی شینگێران بۆ ئیمامان لە مزگەوتی شێخ عەبدولموحسین خێوەتیان هەڵدا. بەڵام وسووقوددەولە لە سێباری شەودا خێوەتەکانی لێ کۆکردنەوە و بە ناوی «حکوومەتی سەربازی»، ڕێی لە کۆبوونەوەی خەڵک گرت. سەرۆکوەزیر، موستەشاروددەولە و هاوڕێیانی لە تارانەوە دوورخستەوە بۆ کاشان و میرزا حوسێنخانی سەبا، بەرپرسی ڕۆژنامەی «ئەستێرەی ئێران»ی هەڵداشت بۆ قەزوێن و بەم شێوەیە نەیهێشت جەماوەر لە دەوری یەکتر بهاڵێن و توانی پێش بە خۆپیشاندان بگرێ. ئەوەی ڕاستی بێ بە پشتیوانیی ئەحمەدشا دژایەتی دژی پەیمانەکە وەکوو خەباتێکی شێلگیر لە بەرامبەر دەولەتی وسووقوددەولەدا هەروا درێژەی کێشا.[1]

---

١- میرزادەی عیشقی شاعیری لاوی پڕ تینوتاوی ئەو سەردەمە کە بێئەوەی بزانێ یان نەزانێ ببوو بە داردەستی وەدی هاتنی ئامانجی چەند ڕۆژنامەوانێک و پیاوانی شارەزای← بواری سیاسەت و سەرەنجام سەری خۆشی لەسەر دانا، سەبارەت بە پەیمانی ١٩١٩ چەکامەیەکی هۆندۆتەوە کە لێرەدا چەند بەیتێکی دەخەینە بەرچاو:

ناوی جەللادی وەتەن بژنەوی دڵ، خوێن دەدەڵێنێ
ئەی ئەگەر تووشی بێ چۆن چاوی بە دیداری هەڵێنێ
هەر لەرێوە قسەکەی تێکەڵی سەرنێزەیە دوژمن
ئەو کە دەیگوت دەبێ قورئان سەرەوبەر پاکی نەمێنێ
وەی لە دەس ئەو زلەمیوانە کە هێژ دانەبەزیوە
بە چرە و گوررەوە دێ و خانەخوێ دەردەپەڕێنێ
نەقلی مشک و پشەم دێتەوە یادی بە سەری تۆ
پیرە ئینگلیسی بە پەیمانی چلۆنمان دەچەزێنێ←

هەڵبژاردنی تاران بۆ خولی چوارەمی پارلمان پێش پێکهاتنی کابینەی وسووقوددەولە ئەنجام درابوو. لە سەرەتای دەست بەکاربوونی کابینەی وسووقوددەولەدا هەڵبژاردنی ناوچە و هەرێمەکانی وڵات درێژەی کێشا و هەروەک باسمان کرد ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە سێ‌چوار ساڵێکی پێچوو هەتا گەیشتە سەرەنجام، بەڵام دیسانیش پارلمان پێکهات و پەیماننامەکەی هەڵوەشاندەوە. کابینەی وسووقوددەولە لەبەر ئەم هەنگاوەی پارلمان دەستی لە کار کێشایەوە و سەرلەنوێ موشیروددەولە بوویەوە بە سەرۆکوەزیر.

وەکوو ئاشکرایە ئەحمەدشا لە جەنگەی مانەوەی لە لەندەن، نەچووبوویە ژێر باری گوشاری باڵادەستانی بریتانیا کە دان بە پەیمانی ١٩١٩دا بنێن و گوتبووی: «من پادشایەکی دیموکراتم و دەبێ دەوڵەت و پارلمان دەنگی لەسەر بدەن.» هەروەک مەلیکوششوعەرای بەهار بەراشکاوی نووسیویەتی، ئەحمەدشا زۆر توند دژی دەوڵەتی وسووقوددەولە بووە.

بەرلەوەی کە چواربەندەی سست و لەرزۆکی پەیماننامەکە بەرەورووی شەپۆلی دژایەتی‌کردنی دەسەڵاتی یاساداناں ببێتەوە، ئەرمیتاژ سمیت، یەکێک لە زانایان و پسپۆرانی هەڵکەوتەی کاروباری دارایی ئینگلستان گەیشتە ئێران هەتا بۆ دارشتنی بنەمای دارایی و خەزێنە و گوومرگی وڵات و بەشەکانی دیکە چەند گەڵاڵەیەک ئامادە بکا. هەروەها ژەنەراڵ «دیکسۆن»ی ئینگلیسی بە مەبەستی خوێندنەوە و وردبوونەوە دەربارەی کاروباری سەربازی و پێکهێنانی سپایەکی یەکدەست لە ئێراندا دامەزرێندرا. هەردک راوێژکارە ئینگلیسییەکە بە هاوکاریی کاربەدەستان و ئەفسەرانی ئێرانی دەست بەکار بوون و چەند گەڵاڵەیەکیش ئامادە کران.

لە کۆمیسیۆنی سەبارەت بە تێبینی و وردبوونەوە لە کاروباری سەربازی‌دا کە دیکسۆن و ئەفسەرانی ئینگلیسی و ئێرانی تێیدا بەشدار بوون، ئەفسەرانی ئینگلیسی پێشنیاریان کرد کە پلەی سەربازی لە «سەروان»ەوە[1] بەرەو سەر تایبەتی

---

مەبەستی عیشقی لە هێنانە بەرباسی ئەمانی قورئان، ئاماژەیە بە وتاری لۆرد «گلادستۆن»ی سەرۆکوەزیری ئینگلیس لە پارلمانی بریتانیادا کە گوتبووی مەرجی پێشکەوتنی سیاسیی بریتانیا لە وڵاتانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی نێوەراستدا، ئێداچوونی ئەمانی قورئانە لە نێو مسوڵمانان.

١- نەقیب

بنکەی ژین

ئەفسەرانی ئینگلیسی بێ و ئێرانی مافی ئەوەیان نەبێ کە لە سوتوان یەکەمی[1] هەورازتر برۆن. چەند ئەفسەرێکی ژاندرمەری کە بەشداری کۆمیسیۆنەکە بوون لەم پێشنیارە وەجواب هاتن. بۆ نموونە کۆلۆنێل[2] فەزلوللاخان یەکێک لە ئەفسەرانی شارەزا و لە ئینگلستان خوێندوو، چونکە ژێری ئەم گەلالەیەی کۆمیسیۆنی واژۆ نەکردبوو، وەزیری بەرگری زۆر توند بە گژیدا چۆوە و ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی سالی ۱۲۹۹ی هەتاوی، یانی/۱۹۲۰/۳/۲۱ لە مالی خۆیدا خۆی کوشت هەتا سووکایەتیی پێملبوونی بێگانەی نەکەوێتە سەر شانی.

لە کلکەی مانگی ڕەجەبی ۱۳۳۸ی ک/ ژووەنی ۱۹۲۰دا، ئەفسەرانی ئینگلیسی دەستیان بە سەر دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتیی ژاندرمەریدا گرت و ویستیان قەززاقخانەش بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە و ئەگەرچی ماوەیەکی درێژ بوو کە بانکی شاهانشاهی مووچەی قەززاقخانەی دابین دەکرد، بەلام دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی ئەو شوێنە سەری وەبەر ئەفسەرانی ئینگلیسی نەهێنا. ئەفسەرانی قەززاق ملیان نەدا و لە ولامدا گوتیان بریگادی قەززاق هێزێکی تایبەتی خودی پادشایە و بەبێ ئیزنی ئەحمەدشا ناچینە ژێر باری کەسەوە.

### نەوتی باشوور

لە پاژی دووهەمی ئەم بەشەدا باسی ناکۆکییەکانی نێوان دەولەتی ئێران و کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێرانمان کرد کە لە ڕاستیدا دەمڕاست و بریکاری دەولەتی بریتانیا بوو لە ئێراندا. ئەو دەمەی کە بریتانیا داوای نیومیلیۆن لیرەی بابەتی قەرەبووی کونبوونی لوولەی نەوت کرد، دەولەتی ئێران نامەیەکی بۆ ئەو کۆمپانیایە نووسی و ڕوونی کردەوە کە قەراروبڕییەکە چارەسەرکرانی ئەم چەشنە ناکۆکییانەی تێدا ڕەچاو کراوە و دەبێ مەیەستەکە بخرێتە بەر دەنگی چەند کەیخودایەک. کۆمپانیا ولامی داوە ئەگەر نێوبژیوانی و کەیخودایەتییەکە بۆ دیاری کردنی بڕی خەسارەتەکە بێ قبوولی دەکا، بەلام ئەگەر بۆ ئەوە بێ کە کەیخوداکان بێن و بیروڕای خۆیان دەرببڕن و بلێن کە دلخوا کۆمپانیا هەقی خۆیەتی داوای خەسارەت بکا یان نا. قبوولی ناکا و ئەوان دەسەلاتی ئەم کارەیان

---

۱- ملازم یەکەم

۲- سەرهەنگ، عەقید

پێنەدراوە. ئاشکرایە ئەگەر دەوڵەتی ئێران پێشنیارەکەی کۆمپانیای سەلماندبا، بە سەری زمان وەباڵی دەکێشا کە کۆمپانیا خەسارباربووە و دەبێ دەوڵەت سەری وەبەربێنێ.

دوای واژۆی ڕێککەوتننامەی ١٩١٩، نوسرەتوددەولە کە ماوەیەک دوای پێکهاتنی کابینەی وسووقوددەولە لە وەزارەتی دادوەری‌را چووبوویە وەزارەتی دەرەوە، ڕۆیی بۆ لەندەن و دوای دامەزراندنی ئەرمیتاژ سمیت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی ئێران، سەبارەت بە ناکۆکیی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کۆمپانیای نەوت کەوتە باس و ڕاوێژ. نوسرەتوددەولە لەسەر ڕاسپاردەی سمیت لەگەڵ یەکێک لە ژمێریارانی سوێندخواردووی شارەزای ئینگلیسی بە ناوی سێر «ویلیام مەکلین تاک» کە پسپۆڕی بواری لێکدانەوە و شیکردنەوەی پاواننامە و پێداچوونەوە بە کاری کۆمپانیاکانی خاوەن پاوان بوو، کەوتە گوفتوگۆ و داوای لێکرد کە بە حیساباتی کۆمپانیای نەوت‌دا بچێتەوە و ڕوونی بکاتەوە کە داخوا لە ساڵانی ڕابردوودا ئێران لە داهاتی نەوت تەواو پشکی خۆی پێ تایبەت دراوە یان نا؟ هەروەها ئەم پرسیارەی هێنایە ئارا کە داخوا بە قازانجی ئێرانە کە شێوازی وەرگرتنی پاوانانە کە سەتی شازدەی لە داهاتی پاڵاوتەی کۆمپانیا بۆ وەبەرچاو گیراوە، بگۆڕێ بۆ بڕێکی دیاریکراو لە هەر تۆنێک و ئاوای وەربگرێ یان وا نەکا؟

مەکلین تاک، چونکە ژمێریارێک بوو سوێندخۆر و پێملی ویژدانی خۆی، ڕاپۆرتێکی چڕوپڕی نووسی و پێشکەشی دەوڵەتی ئێرانی کرد اجەمادی یەکەمی ١٣٣٨ی ک.)[1]. کورتە و پوختەی بیر و بۆچوونی مەکلین تاک کە زۆر بەڕوونی لە ڕاپۆرتەکەدا دەریبڕیوە ئاوایە:

یەکەم: ئەگەر دەوڵەت بنەما و شێوازی وەرگیرانی پاوانانە بگۆڕێ بۆ بڕێکی دیاریکراو لە هەر تۆنێکدا ـ کە ئەو کاتە کۆمپانیا گوتبووی حازرە بۆ هەر تۆنێک ٢/٥ شیلینگ بداـ بە قازانجی دەوڵەت نییە.

---

١- «بەداخەوە ئەم ڕاپۆرتە کە یەکجار گرینگ بوو و لە جەنگەی میللیکرانی نەوت‌دا دەکرا کەلکی زۆر بەجێی لێوەربگیرێ، نەکەوتە بەردەستی خەڵک و لە ئێران بڵاونەکرایەوە.» بڕ: پەنجا ساڵ نەوتی ئێران، نووسرانی مستەفا فاتح. واوێدەچێ کە ئەم ڕاپۆرتە بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مافەکان و دەسەڵاتی ئێران لە دیوانی دادوەریی نێونەتەوەیی لاهە و ئەنجومەنی ئاسایش‌دا کەلکی لێوەرگیرابێ.

دووهەم: کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران تەواوی هەقی ڕەوای دەوڵەتی ئێرانی وەکوو پاوانانە نەداوە و بڕی ٥٣٥/٠٠٠ لیرە بە ئێران قەرزدارە.

نوسرەتوددەولە بەگوێرەی دەقی ڕاپۆرتی مەکلین تاک لەگەڵ مەزنانی کۆمپانیای نەوت لە لەندەن کەوتە گوفتوگۆ و لەگەڵیان ڕێککەوت کە ئێران دوای وەرگرتنی بڕی ٥٠٠هەزار لیرە لە کۆمپانیای نەوت، حیساباتی دواکەوتەی خۆی لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە یەکلایی بکاتەوە. بەم شێوەیە ناکۆکیی دەوڵەت و کۆمپانیا چارەسەر کرا و ئێستاش دەچینە سەر دەقی ئەو نامەیەی کە سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای نەوت لە لەندەن بۆ نوسرەتوددەولەی نووسیوە و لە دەقی کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران» وەرگیراوە و دەقاودەق دەخەینە بەرچاو:

«پایەبەرزی هێژا شازادە نوسرەتوددەولە، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، من زۆر شادمانم کە بەم شێوەیە دەتوانم ئەم ڕێککەوتنەی خوارەوە واژۆ بکەم کە سەبارەتە بە هێندێک پرسی هەڵپەسێراوی نێوان دەوڵەتی ئێمە و کۆمپانیای ئێوە. خۆشحاڵم کە ئێوە قۆڵتان لەسەر ئەو خاڵانە کێشاوە کە دەوڵەتی ئێران ئامادەیە لایان لێ بکاتەوە:

یەکەم: دەبێ وەرگێرانی ئەو سەنەتی شازدەیەی کە لە قازانجی پاڵاوتە وەبەرچاو گیراوە و لە بەندی دەهەمی پاوانامەی دارسی (٢ی مانگی مەیی ١٩٠١دا) نووسراوە، بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ٤ی ژووەنی ١٩٢٠ کە ڕێزدار مەکلین تاک و ڕێزدار «لیلوید» دایانڕشتووە، بەڵام هێشتا وردەکارییەکانی دیاری نەکراوە، لێکدانەوە و شیکردنەوەی لەسەر بکرێ.

دووهەم: داواکردنی مافی دەوڵەت لەسەر کەیانین و گواستنەوەی نەوت لە ڕێی ئەو کەشتییانەوە کە وردەکارییەکانی لە ڕێککەوتننامەی ٤ی ژووەنی ١٩٢٠دا هاتووە، بەردی لەسەر دابندرێ و کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێرانیش دەستەبەر دەبێ کە:

١- بڕی ٥٠٠هەزار لیرەی نەغدی ئینگلیسی یان ١٠٠هەزار پشکی ئاسایی کۆمپانیا کە خاوەنی مافی دەنگدان نییە، سەبارەت بەو هەق و حیساباتە بدا بە دەوڵەتی ئێران کە هەتا ٣١ی مارسی ١٩١٩ داوایان دەکا.

٢- دەبێ دەست لە تەواوی ئەو داراییيانەی خۆی هەڵبگرێ کە سەبارەتە بەو خەسارەتانەی کۆمپانیا دەڵێ بە شکانی لوولەی ڕاگواستنی نەوت لە مانگی فێورییەی ١٩١٩دا ویی کەوتووە.

٣- کۆمپانیا دەبێ دەست لەو داوای هەڵبگرێ کە دەڵێ سەتی سێ لە بەشەقازانجی ئێران کەم دەکاتەوە. چونکە ناچار بووە وەکوو دەمچەورانە بیدا بە خانانی بەختیاری.

لە کۆتاییدا شانازیم پێدەبرێ کە بە یەکێک لە دۆستانی گەرموگوڕی ئەو پایەبەرزە هێژایە دابندرێم. **س. گرێنۆی**.»

نوسرەتوددەولە ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای نەوت دەربڕی لە ٢٨ی ژووەنی ١٩٢٠دا؛ بەڵام وەکوو پێشتر باسمان کرد، مانگێک دوای ئەو ڕێککەوتنە، کابینەی وسووقوددەولە خۆی لە حاند تین و گوشاری کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانی و پارلمانی و ڕۆژنامەوانی پێ ڕانەگیرا و چونکە ئەحمەدشاش پشتیوانیی لە نەیارانی دەکرد، لێکهەڵوەشا. دەولەتی وسووقوددەولە کە دەیهەویست هەتا دەستی ئەرمیتاژ سمیت لە کاروباری دارایی و گوومرگی ئێراندا نەمێنێ، ڕایئەسپارد کە بڕواتە لەندەن و بکەوێتە چارەسەرکردنی کێشەکانی دەولەتی ئێران لەگەڵ کۆمپانیای نەوت.

ئاکامی ئەرک و ڕاسپاردەی ئەرمیتاژ سمیت ئاڵوگۆڕێکی گرینگی لە ڕێککەوتننامەی نێوان نوسرەتوددەولە و سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیادا بەدی هێنا کە بریتییە لە:

١- ئەو پێنسەد هەزار لیرە قەرزەی کە دەبوو کۆمپانیا بیدا بە دەولەتی ئێران، هەڵکشا بۆ یەک میلیۆن لیرە.

٢- لە حیساباتی درانی سەتی شازدە بابەتی پاوانانە و بەشەقازانجی دەولەتی ئێران لە داهاتی پاڵاوتەی کۆمپانیا، چەند ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی دەولەتی ئێران ڕووی دا.

ئەرمیتاژ سمیت لە دەقی ڕاپۆرتەکەی خۆیدا بۆ دەولەتی ئێران، ئەم خاڵانەشی خستوونەڕوو:

«١- وا باشە کێشە و ناکۆکییەکان لەگەڵ کۆمپانیا بە شێوەیەکی هێمنانە چارەسەر بکرێن و نەخرێنە بەردەستی نێوبژیوانان.

٢- پێی وابوو پێویست ناکا وەرگیرانی هەقی سەتی شازدەی پاوانانەی ئێران لە داهاتی پاڵاوتە ئاڵوگۆڕی بە سەر بێ، مەگین ئەوەی کە کۆمپانیا ئامادە بێ کە بۆ هەر تۆنێک ٦ شیلینگ بدا و گوتبووی ئەوەندەی بزانم کۆمپانیا ئامادەیە کە بۆ هەر تۆنێک ٥ شیلینگ بدا.

٣- پێی وابوو نابێ ماوەی پاوان‌نامەکە درێژ بکرێتەوە.

٤- پێی وابوو کۆمپانیا لە سات و سەودای خۆیدا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەنگاوی بەپارسەنگ و ڕەوای هەڵنەهێناوەتەوە.»

مستەفا فاتح پاش خستنەڕووی ئەم خاڵانەی سەرەوە، دەنووسێ کە دەوڵەتی ئێران ڕێککەوتن‌نامەی «ئەرمیتاژ سمیت»ی پەسند نەکرد و دانی پێدانەهێنا، بەڵام شێوەی وەرگیرانی پاوانانەی ئێران، هەتا زەمانی هەڵوەشانەوەی پاوان‌نامەی دارسی لە سەردەمی پادشایەتیی ڕەزاخانی پەهلەویدا (سالی ١٩٣٢)، هەر لەسەر پێ‌وشوێنی هەمان ڕێککەوتن‌نامەیە دەڕۆیی. دەقی قەرارۆبڕی و پێکهاتنەکەی سمیت لەگەڵ کۆمپانیای نەوت، سالی ١٣٠١ی هـ/١٩٢٢ی ز. لە تاران چاپ و بڵاوکرایەوە.

***

بنکەی ژین

# بەشی ٢٠

## لە سەروبەندی کۆدەتاوە هەتا ڕووخانی حکوومەتی قاجاران
## (بەشی دووهەم)

### پادشایەتیی ئەحمەدشا
**(١٣٣٩ - ١٣٤٤ی ک/١٩٢٠ - ١٩٢٥ی ز)**

### I
### ڕووداوەکانی ساڵانی ١٣٣٧ - ١٣٣٨

#### نوێنەری ئێران لە کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریسدا

شاندی نوێنەرایەتیی ئێران لە کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریسدا کە ڕێگای بۆ پێکهاتنی کۆمەڵی گەلان خۆش دەکرد، بە مەبەستی خستنەرووی چەند داوایەکی ئێران بە سەرۆکایەتیی فیرووزمیرزا نوسرەتوددەولەی وەزیری کاروباری دەرەوە لە کابینەی دووهەمی وسووقوددەولەدا، ڕۆیی بۆ پاریس. داواکانی ئێران بریتی بوون لە: دەبێ کۆمەڵێک بابەتی سیاسی چارەسەر بکرێن، بەتایبەت پرسی سەربەخۆیی و پارێزراتی چوارچێوەی خاکی ئێران ڕەچاو بکرێ و خۆ لە کاروباری نادوەریی ئەم وڵاتە وەرنەدرێ و کاپیتۆلاسیۆن هەڵبوەشێتەوە و گێرە و کێشەی ئابووری، بۆ نموونە قەرەبووی ئەو خەسارەتانە بکرێتەوە کە لە جەنگەی شەڕدا وڵاتانی نەیار، سەرەڕای بێلایەن مانەوەی ئێران، بە سەریان هێناوە. دەوڵەتی ئێران لە ڕاگەیاندراوێکدا کە باسی مافە ڕەواکانی خۆی کردبوو، باسی وەرگێرانەوەی ئەو ناوچە و هەرێمانەشی کردبوو کە دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری و بریتانیا بە زۆری و زۆرداری لێیان دابڕیبوو. ئێران داوای کردبوو کە دەبێ هەموویان بخرێتەوە سەر خاکی ئێران و سوورە لەسەر داوای خۆی.

سەبارەت بە چارەسەری چەند پرسێکی سیاسی، هەڵوەشانەوەی خێرای ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٠٧ و ١٩١٥ لە پلەی یەکەمدا دەهاتن و چونکە سیستمی حکوومەتی گۆڕابوو لە ڕووسیا و هەموو قەراروبڕی و پەیمانەکانی زەمانی پێشوو لە ڕوانگەی حکوومەتی تازەوە بە هەڵوەشاوە داندرابوون، بریتانیاش بەناچاری سەری وەبەرهێنا.

لەسەر هەڵوەشاندنەوەی مافی کاپیتۆلاسیۆن، بریتانیا و فەرانسە و چەند وڵاتێکی دیکە کە ئەم مافەیان بۆ کاربەدەستانی سیاسیی خۆیان وەچنگ هێنابوو، گوتیان چونکە دادگاکانی ئێران لەسەر تەوەرەی ڕێوشوێنی شەرع هەڵدەسووڕێن و هێشتا داموودەزگای دادەوەریی سەردەمی مەشرووتە هەروا نەبەگەیە و خۆی نەگرتووە و هێشتا تەناهیی دادوەری لە ئێران سەقامگیر نەبووە، ئەم دەوڵەتانە هەتا زەمانێکی کە هەلومەرجی پێویست بۆ پارێزرانی سەر و ماڵی کەسانی وڵاتەکەیان لە ئێراندا نەڕەخسێ، دەست لە مافی کاپیتۆلاسیۆن هەڵناگرن.

سەبارەت بە قەڵەمڕەوی خاکی ئێران و گەڕانەوەی سنوورەکانی بۆ سەر دۆخی جاران، ئێران داوای کرد ناوچەکانی مەرو، بەلخ و خیوە تا جەیحوون و هەر حەقدە هەرێمەکەی قەفقاز تاکوو دەربەند و ناوچە و مەڵبەندەکانی لێواری چەپی ڕووباری دیجلە یانی «وان» و «مووسڵ» و «دیاربەکر» بگەڕێنەوە نێو چوارچێوەی خاکی ئێران. ئەم ناوچانە کەمتاکورتێک سنووری سروشتیی ئێران بوون و لەگەڵ جەغزی دەسەڵاتی سەردەمی سەفەوی و پاشان ئەفشار و سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی قاجاران یەکتری دەگرتەوە.

کێشەی وەرگێرانەوە و قەرەبووی خەسارەتی شەڕ کە لەبەر نەپارێزرانی هەڵوێستی بێلایەنی دەردی بە سەر وڵات و گەلی ئێران هێنابوو، زۆر بە وردەکارییەکی چڕوپڕەوە لە دەقی داوانامەکەی ئێراندا گونجێندرابوو.

سایکس سەبارەت بە خستنەڕووی داواکانی ئێران بە شێوەیەکی ئاوا یەکجێ دەنووسێ:

«... لە لایەکی دیکەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە سپای ڕووس ئێرانی لە چنگ ژێرچەپۆکەبوونی تورکان ڕزگار کرد و بە پلەیەک خوارتر توانی ئارامی و تەناهی لە باشووری ئێراندا سەقامگیر بکا. خەرجکرانی پارەیەکی زۆر و بە کڵۆ لە لایەن

وڵاتانی نەیارەوە و پێشکەوتی ئامراز و رایەڵوپۆی پەیوەندی لە باشوور و خۆرهەڵات و جەرگەی ئێراندا، ئەم وڵاتەی لە جاران دەوڵەمەندتر کرد.»

سایکس لە جێگایەکی دیکەدا دەنووسێ:

«زۆر جێی داخە کە ئیزنی شاندی نوێنەرایەتیی ئێران نەدرا هەتا داواکانی خۆی بخاتە بەردەمی کۆنفرانسی ئاشتیی [پاریس]. وایان نواند چونکە ئەندامانی شاندەکە سووکایەتییان پێکراوە، داواکەیان وەرنەگیراوە؛ بەڵام ئەم مەبەستە زیاتر جێی داخە کە دەوڵەتی ئێران لەبەر نەبوونی سیاسەتمەدارانی شارەزا، قسەی ئاوا سەیروسەمەرە لە لایەن نوێنەرانییەوە هاتبوویە ئاراوە.»

## پەیوەندییەکانی ئێران و رووسیا

دوای هەڵگیرسانی شۆرشی رووسیا و دەست لە کارکێشانەوەی نیکۆلای دووهەمی قەیسەری رووس و پێکهاتنی حکوومەتی کرێنسکی، لە هەرێمی قەفقاز چەند حکوومەتێکی نیمچەسەربەرخۆ لە لایەن نەتەوەپەروەران و حیزبە میانەرەوەکان و سۆسیال دیموکراتەکانەوە دامەزران. بۆ نموونە باکۆ کرایە ناوەندی حکوومەتی ئازەربایجانی قەفقاز و حیزبی سۆسیال دیموکرات بە رێبەرایەتیی محەممەدئەمین رەسووڵزادە سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی «ئێرانی نوێ» ئەم ئەرکەی خستە سەر شانی. ئەم حکوومەتە ئامادە بوو کە سەرلەنوێ ئازەربایجانی قەفقاز بخاتەوە سەر خاکی ئێران و لەپێناو وەرگرتنەوەی هەرێم و ناوچەکانی دیکەی قەفقازیشدا یاریدەی دەوڵەتی مەشرووتەی ئێران بدا و بۆ ئەم مەبەستەش چەند نوێنەرێکی ناردنە تاران.

وسووقوددەولە لە کابینەی دووهەمی خۆیدا، شاندێکی بە سەرۆکایەتیی سەید زیائەددینی تەباتەبایی، بەرپرس و نووسەری رۆژنامەی «رەعد» ناردە باکۆ هەتا سەبارەت بە داهاتووی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لەگەڵ ئەم حکوومەتە تازەیە بکەوێتە وتووێژ و هەر پەیمان و رێککەوتنێکی کە پێویستە بینووسێ.

سەید زیائەددین لە بواری پەیوەندیی سیاسی و گەیاندن و گواستنەوەی کاڵا و کەلوپەل و چەند بابەتێکی دیکەدا لەگەڵ دەوڵەتی باکۆ، واتە دەوڵەتی موساوات، کە ناوی حیزبی سۆسیال دیموکراتی قەفقاز بوو، رێککەوتننامەیەکی نووسی و

دەقەکەی بۆ پەسندکران ناردە تاران. بەڵام ئەنجومەنی وەزیران نەیتوانی کە خێرایەکی بڕیاری لەسەر بدا. دەوڵەت بۆ روونبوونەوەی زیاتری برگە و بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە سەید زیائەددینی بانگ کردەوە تاران. چونکە دەوڵەت هێندێکیانی هەر نەدەسەلماند. ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی کە نوێنەری ئێران گەیشتەوە ئەنزەلی، بۆلشویک دەوڵەتی موساواتیان ڕووخاند و حکوومەتی تازەی سۆڤییەتی لێ دامەزرێندرا.[1]

وەکوو پێشتر باسمان کردووە، حکوومەتی تازەی سۆڤییەت هەر لە سەرەتای دەست بە کاربوونییەوە، بە مەبەستی ڕەخساندنی هەلومەرجێکی لەبار لەپێناو باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، چەند هەنگاوێکی هەڵێنایەوە. بۆ نموونە ترۆتسکی کۆمیسێری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی لینین، چەند جارێک تەلگرافی لێدا و ڕایگەیاند کە پێوەن هەتا نێوانیان لەگەڵ ئێران خۆش بکەن. هەروەها چەند جارێکیش لە ڕێی نوێنەرانی خۆیەوە کۆمەڵێک بەند و برگە و مەرج و ڕێوشوێنی بۆ بەستنی چەند پەیمان و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران وەکوو پێشنیار خستەڕوو؛ بەڵام چونکە لەو دەمەدا هێشتا هێزە دژی شۆڕشەکانی ڕووسیای سپی بە سەرۆکایەتیی «کۆلچاک» و «دێنیکین» و بە پشتیوانیی ئینگلیس و فەرانسە، کەوتبوونە بەرەنگاربوونەوەی سپای سووری بۆلشویکەکان و هێشتاش ئاسۆی سەرکەوتنی دژی شۆڕشان ڕووناکی دەنواند. دەوڵەتی ئێران بە سەرساردی لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی سۆڤییەت بەرەوڕوو بووە. وەک مەلیکوششوعەرای بەهار دەڵێ: «حیزبی دیموکرات و ڕۆژنامەکانی ئێران و نەوبەهار. کە هەردووکیان هەر مەلیکوششوعەرا خۆی وتارەکانی دەنووسین. بەخێرهاتنی نێردراوانی ڕووسیان کردن و دەستی ڕێزیان لێنان و دەوڵەت و پیاوانی دەوڵەت لەبەر دڵی پادشا و دەوڵەتی بریتانیا ڕووی خۆشیان پێ نیشان نەدەدان.»

مانگی شابانی ۱۳۳۸ی ک. هێزی بەزیوی دێنیکین لە دەریای خەزەر کە بریتی بوو لە ۱۵ گەمیی شەڕکەر و بارهەڵگر. لە باکووە بەرەو بەندەرئەنزەلی کشانەوە و

---

۱- شاندی سەربازیی بریتانیا کە دوای شۆڕشی ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی ژەنەراڵ دونستێرڤیل، بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەکانی دژی شۆڕشی ڕووسیا چووبوویە قەفقاز. ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانیش پشتی حکوومەتی موساواتی باکۆی گرتبوو، بەڵام دیسانیش دونستێرڤیل هیچی بۆ نەکرا و نەیتوانی خۆی لە حاند کۆدەتای بۆلشویکەکان ڕابگرێ.

داوایان لە دەولەتی ئێران کرد هەتا مافی پەنابەربوونیان بۆ دابین بکا. بە فەرمانی دەولەت و بە نێوبژیوانیی نوێنەرانی سەربازیی بریتانیا لە باکوور، وا بریار درا کە سەربازانی رووسی چەک بکرێن و گەمییەکانیش دەستیان بە سەردا بگیرێ.

وسووقوددەولە کە تۆقییوو لە رووسانی دژی شۆرش و هەوالی شکانی هێزەکانی کۆلچاک و کەسانێکی ئاوای بە گوێی ئاشنا کرابوو، تەلگرافێکی بۆ حکوومەتی سۆڤییەت لێدا و رایگەیاند کە ئامادەیە رێککەوتننامەی لەگەل بنووسێ و لە راستیدا ئەم هەنگاوە دەبێ وەکوو بە رەسمیناسینی حکوومەتی تازەی یەکییەتیی سۆڤییەت چاوی لێ بکرێ. دەولەتی لێنین لە وەلامدا رایگەیاند ئەگەر دەولەتی ئێران مەیلی لە دیدار و گوفتوگۆیە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوانمان، دەبێ هێزەکانی ئینگلیسی لە خاکی خۆی دەربکا و بێتوو وا نەکا، سپای سوور هێرش دەکاتە سەر ئێران. دەقی وەلامەکەی دەولەتی یەکییەتیی سۆڤییەت لە ژمارە ٢٠ی مانگی شابانی ١٣٣٨ی رۆژنامەی «ئێران»دا بلاوکرایەوە[1] و هێندەی پێنەچوو بۆلشویکەکان کە کەوتبوونە پەیکەردەی هێزی دەریاییی دێنیکین لە دەریای خەزەر، گەیشتنە ئاوەکانی ئێران و هەر کە نێزیک بوونەوە لەرێوە بە ١٢ کەشتیی شەرکەر، ئەنزەلییان دایە بەر تۆپ. دوو کاتژمێر دوای ئەم پەلامارە لەناکاوە، کاربەدەستانی بەندەرئەنزەلی ئالای سپییان هەلدا و بە سواری لۆتکە خۆیان گەیاندە کەشتییەکانی رووسی و پرسیاریان کرد کە بۆچی وا دەکەن؟! «گازلنۆڤ»ی دەریاسالاری رووسە سوورەکان وەلامی داوە کە ئێمە کەوتووینە پێوشوێنی گەمییەکانی دێنیکین و دەمانهەوێ دەستیان بە سەردا بگرین و پێوەین

---

١- سایکس دەنووسێ: «پاش کودەتای باکۆ، رۆژنامەکانی تاران بێگومان بە دنەی پارەی بۆلشویکەکان بانگەشەیان دەست پێکرد. بۆ نموونە رۆژنامەی نیوەرەسمیی ئێران، لە زمانی هەوالنێری «تایمز»ەوە سووری دەکردەوە کە بنەماکانی بۆلشویسم زۆر وەکوو رێوشوێنەکانی قورئان دەچێ و تەواوکەری نوێباوی ئەو کارانەیە کە پێغەمبەری خودا لە دیندا دەستی پێکردبوو.» نووسراوەکەی سایکس، ئەویش لە زمان هەوالنێری رۆژنامەی تایمزی لەندەنەوە و لە هەلومەرجێکی ئەوتۆی سیاسیدا، وێناچێ وابێ و جێی متمانە بێ، بەلام ئەوەی راستی بێ هەروەک خوالێخۆشبوو مەلیکوششوعەرای نووسەری رۆژنامەی «ئێران»یش خۆی پێی لێناوە، تەنیا حیزبی دیموکرات و رۆژنامەکانی ژێر چاوەدێریی خودی بەهار، دەستی رێزیان لە نوێنەرانی دەولەتی سۆڤییەت ناوە و بێگومان ئەم رێزگرتنە لە ئاست سەرساردیی دەولەت لەگەل نوێنەرانی ناوبراو، پێویست بووە.

هەتا هێزەکانی بریتانیاش لە خاکی ئێران دەرپەڕێنین. دەریاسالاری ڕووسی گوێی بۆ داوای بەرپرسانی بەندەرئەنزلی ڕاگرت کە پەلاماری خاکی ئێران نەدا و ئەوانیش بە تەلگراف لەگەڵ تاران دەدوێن هەتا بزانن وڵام و هەڵویستیان چییە؛ بەڵام پێش ئەوەی کە ئەم دەرفەتە کۆتاییی پێ بێ، چەند لق و پەلێکی هێزی سوور لە دە کیلۆمیتریی ڕۆژهەڵاتی «غازیان» دابەزین و بەرەو غازیان ڕێگایان کوتا.

وەکوو سایکس دەڵێ ژەنەراڵ دونستێرڤیل چونکە قۆشەنێکی لاواز و بێهێزی بە دەستەوە بوو یان وەک مەلیکوششوعەرای بەهار دەڵێ چونکە تێکهەڵچوون لەگەڵ بۆلشویکەکانی لە ئێراندا بە قازانجی بریتانیا نەدەزانی و ئیزنی پاراستنی گیلانیشی نەدرابوویە، دەستی لە غازیان و ڕەشت بەردا و پاشەکشەی کرد بۆ مەنجیل. هەروەها ئەوەندەی بۆی کرا ڕووسە سپییەکانی لەگەڵ خۆی بردن و سەرەنجام قەززاقی ئێران و هێزەکانی دونستێرڤیل هەتا قەزوین کشانەوە. گیلان کەوتە چنگ بۆلشویکەکان و دەوڵەتی ئێران زراوی تۆقی و دەنگی نارەزامەندیی خۆی گەیاندە مۆسکۆ و سکاڵای بردە کۆمەڵی گەلان و هەروەها سەرکۆنەی هێزەکانی ئینگلیسیشی کرد کە بۆچی بە مەبەستی پاراستنی گیلان نەچوونە هانای هێزەکانی قەززاق؛ بەڵام نوێنەرانی فەرانسە لە کۆمەڵی گەلان بەراشکاوی ڕایانگەیاند کە چونکە ڕێککەوتننامەی سەربازیی نێوان ئێران و ئینگلیس، یانی ڕێککەوتننامەی سالی ۱۹۱۹ لە کۆمەڵی گەلان تۆمار نەکراوە، سکاڵای ئێران کاری لەسەر ناکرێ و ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆمەڵی گەلان بەدەرە. لەو کاتەدا ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن ئەم کارەی بە «کالتەجارییەکی شکۆمەند» وێنا کرد.

میرزا کووچکخانی جەنگەلی، کە دواتر دەچینەوە سەر ژیان و بەسەرهات و کارەکانی، هەلی لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندیی قۆزتەوە و بوو بە هاوپەیمانی حیزبی پێکهاتووی بۆلشویکەکانی قەفقازی و ڕووسی و ئێرانی لە گیلان و دەستی بە سەر ئیدارەکانی دەوڵەتیدا گرت و هێندەی پێنەچوو کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی هەتا مازندەران پەرە پێدا و دامەزرانی کۆماری باکووری ڕاگەیاند.[1] جگە لە

---

١- کۆماری بۆلشویکیی گیلان لە سەرەتاکانی سالی ۱۳۰۰ی هـ/۱۹۲۱ی زایینیدا، خاوەنی هێزێکی ڕێکوپێکی ۸۵۰۰ کەسی بووە و تۆپخانە و ڕەشاش و چەکوچۆلی چاکی بۆ دابین کراوە.

بالوێزخانەی ئینگلیس بە تەواوی بالوێزخانەکانی وڵاتانی دەرەوەی راگەیاند کە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لەبەر نووسینی رێککەوتننامەی ١٩١٩ رەسمییەتی نەماوە و ئەو حکوومەتێکی تازەی بینات ناوە.

میرزا کووچکخان و ئیحسانوڵلاخان دوو هەڵسووڕێنەری سەرەکیی شانۆی شۆرشی سووری گیلان، رۆژی ٢٠ی رەمەزانی ١٣٣٨ی ک/ ١٨ی جۆزەردانی ١٢٩٩ی هەتاوی/ ٨ی ژووەنی ١٩٢٠ی ز. لە راگەیاندراوێکدا کە دەقاودەق بڵاوی دەکەینەوە، پێکهاتنی دەوڵەتی تازەیان بە خەڵکی گیلان راگەیاند:

«بۆ ئاگاداربوونەوەی تەواوی خەڵکی بەرێز رایدەگەیەنین کە کومیتەی شۆرشی سوور پاش دامەزرانی حکوومەتی تازە و راگەیاندرانی ئاشکرای، ئەم کەسانەی خوارەوەی کردوونە کۆمیسێری[1] دامودەزگاکانی حکوومەتی و دەیانناسێنێ و پێویستە کە جەماوەر بۆ کاروباری خۆیان سەردانیان بکەن و هەر ئیدارەیەک بەپێچەوانەی یاسا و راستی بجوولێتەوە، بێئەوەی کە لە رووبا بمێنن لەرێوە رایبگەیەنن. [بەرپرسەکان بریتین لە:]

١- کۆمیسێری کاروباری نێوخۆ: میرشەمسەددین،
٢- " کاروباری دەرەوە: سەید جەعفەر (موحسینی)
٣- " دارایی: میرزا حەمەعەلی ویقارسسەتتەنەی پیر بازاری
٤- " دادوەری: مەحموودئاغا
٥- " پۆست و تەلگراف: نەسروڵلا
٦- " پەروەردە: حاجی محەممەدجەعفەر
٧- " رێگاوبان: میرزا حەمەعەلی خومامی
٨- " بازرگانی: میرزا ئەبولقاسم فەخرایی

**سەرکۆمیسێر و کۆمیسێری بەرگری، میرزا کووچکخان**

گیانی شاد بێ مەلیکوششوعەرای بەهار با بزانین کە دەربارەی پەیوەندییەکانی ئێران و رووسیا چی نووسیوە:

---

[1] کۆمیسێر: بەرپرس، لێپرسراو

«دەوڵەتی ئێران تەماشای کرد کە تووشی گێژاوێکی سامناک هاتووە. من دوو ساڵێک بوو کە لەگەڵ سەرۆکوەزیر[1] سەبارەت بە پێشکەوتنی دەوڵەتی یەکییەتیی سۆڤییەت باس و دەمەتەقەم بوو. دوای ئەوەی کە نامە ١٨ بەندییەکەی لێنین و ترۆتسکی گەیشتە ئێران، هەڵمدەپێچا کە هەر چۆنێک هەیە و بۆی دەکرێ دەرگای نامەگۆڕینەوە و نێوانخۆشی لەگەڵ مۆسکۆ بکاتەوە و جارێکیش ئەم لەبلەبانییە کاری خۆی کردبوو. ئێستا روون بۆوە کە دەوڵەت لەم بوارەدا زۆر لەسەر خۆی چووە. دەوڵەت پاش رووداوی ئەنزلی لە رێی نوسرەتوددەولەوە کە هێشتا لەگەڵ شا بوو لە پاریس، زۆر توند نارەزامەندیی دەربڕی و سکاڵایەکی دوورودرێژی نارده کۆمەڵی گەلان و هەروەها فەرمانیشی دا کە لە رێگای «کۆپێنهاگ»ەوە مەبەستەکە بە دەوڵەتی سۆڤییەت رابگەیەنن.

رۆژی ٧ی شابانی [١٣٣٧ی ک] «چیچرین»ی کۆمیسێری دەرەوەی سۆڤییەت، تەلگرافێکی لە وڵامی تەلگرافەکەی مانگی پێشووی دەوڵەتدا ناردەوە کە تێیدا نووسرابوو: هەروەک ساڵی ١٩١٨ بە وەزیر موختاری ئێرانمان راگەیاندووە، ئامادەین هەتا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دەرگای دۆستایەتی بکەینەوە. سێ رۆژ دواتر دیسان کۆمیسێری دەرەوە تەلگرافێکی دوورودرێژتری نارد و سەبارەت بە کارەکانی دەریاسالاری دەوڵەتی سۆڤییەت کەمتاکورتێک داوای لێبووردنی کرد و گوتی بە مەبەستی وەرگرتنەوەی هێزی نەیاران[2] وای کردووە. خۆ دەنا ئێمە ورپای دۆستایەتیی ئێرانین و پێشتریش لە ٢٦ی ژووەنی ١٩١٩دا، لە رێی «ترۆتسکی»ی کۆمیسێری دەرەوەی ئەو کاتە، ١٨ بەندمان وەکوو پێشنیار ناردۆتە لای دەوڵەتی ئێران و ئێستاش هەر لەسەر پەیمانی خۆمان ماوین. هیواداریین کە خودی ئەم رووداوە تازانە[3] دەرگای دۆستایەتی بخەنە سەر گازەرای پشت.[4]»

**خەیابانی و ئازادیستان**

شێخ محەممەد خەیابانی [١٨٧٨ـ١٩٢٠]، کە یەکێک بوو لە ئازادیخوازان و خەباتکارانی سەردەمی شۆرشی مەشرووتەی ئێران لە تەورێز، لەگەڵ یاران و

---

١- وسووقوددەولە

٢- هێزەکانی دێنیکین

٣- حکوومەتی شۆرشگێری گیلان

٤- مێژووی حیزبە سیاسییەکان، مەلیکوششوعەرای بەهار، ل ٤٣ ـ ٤٥.

دۆستان و هاوبیرانی خۆی لە تەواوی قۆناغەکانی بزووتنەوە و شۆڕشی گەورە و بەرخۆدان دژی هێزەکانی داپڵۆسێنەر، شانبەشانی ڕێبەران و سەرکردە ئازادیخوازەکانی وەکوو سەتارخان و باقرخان و هاوڕێبازەکانیان، خەباتی کردبوو. وەکوو دیارە کۆنسوولخانەی ئاڵمان لە تەورێز، دوای شۆڕشی ڕووسیا، چونکە ڕووس و عوسمانی پێکهاتوون، ئەو چەکوچۆڵانەی نەدایە عوسمانی کە داینابوو دژی ڕووسان دە کاری بکا. ئەم شوێنە ببوو بە ناوەندێکی دژی نیشتمانی یان ڕەنگە ناوەندێکی شۆڕشگێڕی بۆ لێدان و ڕووخاندنی حکوومەتی مەشرووتە و دامەزراندنی حکوومەتی بۆلشویکی لە ئازەربایجان. لە لایەکی دیکەوە بەپێچەوانەی ویستی نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازانی تەورێز، دەوڵەتی ناوەندی جارێکی دیکەش عەینوددەولەی کردبۆوە حوکمرانی ئازەربایجان و ناردبووی. هەروەها لەسەر چەند پرسێکی نێوخۆیی و بیروڕا و ڕێبازی جیاواز، ناکۆکی کەوتە نێوان خەیابانی و کەسانێکی دیکە و بەم شێوەیە وردەوردە ڕێگا بۆ هەڵگیرسانی جووڵانەوەی خەیابانی دژی حکوومەتی ناوەندی تەخت کرا.

بێگومان شێخ محەممەد خەیابانی پیاوێکی نیشتمانخۆشەویست و بە باری نەتەوەییدا زۆر دەمارگرژ و دوژمنی سەرسەختی بێگانان و دژی هەر چەشنە دەستێوەردانێکی غەواران بووە لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا و ویستوویەتی کە حکوومەتێکی نیشتمانی و سەربەخۆ و بەهێز دابمەزرێ؛ بەڵام چونکە پێی وابووە کە باڵادەستانی سەردەم کەسانێکی لێنەوەشاوە و بێهێزن، ویستوویەتی کە خۆی ئەو حکوومەتە بەهێزە نیشتمانی و چاک و شیاوە دامەزرێنێ. گومانی تێدا نییە کە وەدی هاتنی ئاواتەکانی خەیابانی دەبوو لە تەورێز و ئازەربایجانەوە دەست پێ بکا و بتوانێ تەواوی ئێران بتەنێتەوە. کەسرەوی سەبارەت بە خەیابانی ئاوای نووسیوە:

«... ئێمە دەتوانین بڵێین کە خەیابانی وەکوو زۆر کەسی دیکە چاکەی ئێرانی بە ئاوات دەخواست و پێی وابوو تەنیا ڕێگای وەدی هاتنی ئەم ئامانجە بە دەستەوە گرتنی حکوومەتە. دەیهەویست چواربەندەی دامودەزگای حکوومەتی هەڵوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ سازی بکاتەوە و یاساکان بگۆڕێ؛ هەروەک چۆن لەو سەروبەندەدا میرزا کووچکخانیش لە جەنگەڵ بە شوێن ئاواتێکی ئاوادا هەنگاوی دەنا. ئەوان لایان وابوو ئەمە تەنیا ڕێگای چاکە و بەرژەوەندیی ئێرانە. لە لایەکی

دیکەوە خەیابانی دەیهەویست تەنیا خۆی ئەم ئەرکە راپەڕێنێ و کەسی نەدەکردە هاوبەشی کارەکانی.»

ئەوەی کە سەبارەت بە ئاوات و ئامانجەکانی خەیابانی باسی کرا، کووچکی جەنگەلی و کەسانێکی وەکوو ئەویش دەگرێتەوە کە خاوەنی دەردی نیشتمان و هەستی نەتەوەیی بوون. هەر چەند کە بگوترێ ئەم کەسانە خەڵکێکی لووتبەرز و دەسەڵاتپەرست بوون، بەڵام وەکوو کەسرەوی دەڵێ تەنیا بە شوێن چاکەی ئێران و سەربڵندیی نیشتماندا هەنگاویان دەنا. لێرەدا تەنیا پرسیارێک بەجێیە کە داخوا ئەم کەسانە لەو هەلومەرجە تایبەتە سیاسی و کۆمەلایەتییەدا توانیبوویان ڕێگایەکی ڕاست و دروست هەڵبژێرن؟ یان داخوا ئەوەندەیان هێز بە دەستەوە بوو کە هەتا گەیشتن بە ئامانجی دوایی دەست لە ڕێبازەکەی خۆیان هەڵنەگرن؟ ڕووداوەکانی داهاتوو وڵامی ئەم پرسیارانە ڕوون دەکەنەوە کە دواتر دەچینە سەریان. ئەوەی ڕاستی بێ لەم بابەتەوە هیچ نووسەر و مێژوونووسێک مافی ئەوەی نییە کە کار و هەنگاوی نیشتمانخۆشەویستانەی «خەیابانی» و «کووچکی جەنگەلی» و «پێسیان» و کەسانێکی ئەوتۆ بە هەڵە و نارەوا لێکبداتەوە و ئەم پیاوە چاکە سەر لەپێناوانە بخاتە ڕیزەی کەسانێکی وەکوو سمایلئاغا سمیتقۆ[1] و ماشەڵلاخانی کاشی یان دەرەبەگان و شێخانی سەربزێوی وەکوو شێخ خەزعەل و سەرۆک خێڵانی لوڕ و قەشقایی و کەسانێکی ئاوا.

خەیابانی لە ڕۆژی ١٦ی ڕەجەبی ساڵی ١٣٣٨ی کۆچیڕا بە یاریدەی سەردار ئینتسار، سەرۆکی سپا و چەند هاوڕێیەکی بەرچاوروونی وەکوو «فیووزات» بەرپرسی پەروەردەی تەورێز و سمایلی ئەمیرخیزی دەستی پێکرد. لەم ڕۆژەدا توانی زیندانییەکی سیاسی لە زیندانی ئاسایشی تەورێز ڕزگار بکا و بۆ سبەینێ تاقمێک لە کۆنە خەباتکارەکان و بەشێک لە دیموکراتەکان چوونە پاڵ خەیابانی. قوتابییانی قوتابخانەکان بە شەقام و بازاڕانەوە وەربوون و دووکانیان بە دووکانداران داخستن و چونکە سەربازان و پاسەوانانی دەزگای ئاسایش (شارەبانیی پێشوو) چەند مانگێک بوو مووچەیان وەرنەگرتبوو، بە مەبەستی

---

١- بەداخەوە نووسەر بەبێ وردبوونەوە پرسی «سمکۆ»ی ئاوا ورووژاندووە، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕ: سمکۆ (ئیسماعیلئاغای شکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، نووسینی محەممەدڕەسووڵ هاوار، چاپی یەکەم، سوید، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥.

وەرگرتنی مووچەی خۆیان بانگیانهێشتنە ناوەندی ڕاپەڕینی خەیابانی یانی نووسینگەی ڕۆژنامەی «تەجەددود». بەم شێوەیە پەیوەندیی پاسەوانەکان لەگەڵ ناوەندی دەزگای ئاسایش هەڵبڕا و خەڵک هەڵیانکوتایە سەر ئاسایش. سەرۆکی دەزگای ئاسایش کە پیاوێکی سویدی بوو بە ناوی کاپیتان بیورلینگ بە فەرمانی ئەمینولمولکی بریکاری میرهەرێمی ئازەربایجان لەگەڵ هاوڕێیانی بەبێ دەستکردنەوە لە ئاسایش وەدەرکەوتن و چوونە «باسمنج»ی سەر ڕێگای نێوان تەورێز ـ تاران. هەتا بە تەلگراف پەیوەندی بکەن بە تارانەوە. بەم شێوەیە دەزگای ئاسایش و هەوساری کاروباری شار کەوتە دەست خەیابانی. ڕۆژی پێنجشەممۆ ١٩ی خاکەلێوەی ١٢٩٩ی هـ/٨ ی ئاوریلی ١٩٢٠ی ز، ئەم ڕاگەیاندراوەی خوارەوە لە لایەن «دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆبوونەوەکان» بە دوو زمانی فارسی و فەرانسە بڵاوکرایەوە:

«ئازادیخوازانی شاری تەورێز، چونکە زنجیرەیەک هەنگاوی کۆنەپەرستانەی دژی حکوومەتی مەشرووتەی خۆجێیی خۆی دەنواند و لە ناوەندی هەرێمی ئازەربایجان‌دا بە شێوەی بیرۆکەیەکی یەکلاکراوە وڵاتی داگرتبوو، دەرهەڵبوون و بە مەبەستی دەربڕینی نارەزامەندی و مەحکووم کردنی توند و پتەوی ئەم کارە ڕاپەڕیون.»

« ئازادیخوازانی تەورێز ڕایدەگەیەنن کە سەرلەبەری داخوازەکانیان لەسەر چەند خاڵێک ساغ بۆتەوە کە بریتین لە: دڵنیابوونەوە لەوەی کە کاربەدەستانی حکوومەتی، بە شێوەیەکی ئازادانە ڕێز بۆ سیستەمی حکوومەتی وڵات و یاسای بنەرەتی دادەنێن و لێی‌دەرناچن و بە ڕووراستی دەیپارێزن و بەڕێوەی دەبەن. ئازادیخوازان دەزانن گەلەکەی یەکجار ناسکە و لێبڕاون کە هەر چۆنێکی بۆیان دەکرێ ڕێکوپێکی و تەناهی سەقامگرتوو بکەن. داوای ئازادیخوازان لە دوو قسە واوەتر ناچی: سەقامگیربوونی ژیانێکی هێمنانە بۆ هەموو کەس و وەکردەوەگەڕانی حکوومەتی مەشرووتە. »

ئەحمەدی کەسرەوی کە یەکێک بووە لە هاوبیران و کۆنەدۆستانی خەیابانی و لە جەنگەی بزووتنەوەکەدا خۆی کێشاوەتەوە و درێژەی بە ئەرکی دەوڵەتی داوە لە دادگای تەورێزدا و پێی کەوتۆتە بەر شەپۆلی ڕووساردی و وەک خۆی دەڵێ

لایەنگرانی خەیابانی چزڵەپێچیان کردووە و ئازاریان داوە. سەبارەت بە وتارەکانی خەیابانی دەنووسێ:

«لەو سەروبەندەدا هەموو ڕۆژێ کۆمەڵێک خەڵک لە حەوشەی [ڕۆژنامەی] تەجەددود کۆدەبوونەوە. خەیابانی وای دانا کە بە مەبەستی سەرقاڵکردنیان هەموو ڕۆژێک خۆی بێتە بەرەوە و قسەیان بۆ بکا. وردەوردە ئەم وتارانەی خەیابانی خۆیان بوونە چیرۆکێک، چونکە هەر کات وتاری دەدا، چەند کەس لە پەیڕەوانی خەیابانی و تاقمێک ماستاوچی قەرەچیوعزیزیان دەگێرا. بۆ نموونە لە گەرمەی وتار و لە کۆتاییدا یەکبەخۆیان چەپڵەیان لێدەدا و دەیانکردە گرمە و هەرا. لە ڕۆژنامەی «تەجەددود»دا بە ڕستەی سەیر باسی ئەم کارەیان کردووە و نووسیویانە:

چەپڵەلێدانی وەک هەورەتریشقە و چەپڵەڕێزانی وەکوو هەورەبرووسکە! جاری وایە چەند کەسێک لەوەش تێپەڕیون و زۆر بە ڕیاییبازی تێکەوتوون و تاویان داوەتە خەیابانی و لەسەر دەستان گێراویانە. جاری وابوو دەیانگوت: ئەگەر ئەمریکا «ویلسۆن»ی هەیە، ئێرانیش خاوەنی «خەیابانی»یە.

حاجی سمایلی ئەمیرخیزی یار و هاوکاری خەیابانی، پێشنیاری کرد چونکە «ئازەربایجان» لەپێناو وەدەست هێنانی ئازادی و مەشرووتەدا هەوڵێکی زۆری داوە، وا چاکە ناوی بگۆڕێ بۆ «ئازادیستان». وەکوو دیارە چونکە خەڵکی قەفقازی خۆرهەڵاتی یانی دانیشتووانی باکۆ و شیروان ناوی کۆماری «ئازەربایجان»یان هەڵبژاردبوو بۆ دەوڵەتی خۆیان و ئاواتەخواز بوون کە ئازەربایجانی ئێرانیش بخەنەوە سەر خۆیان. پێشنیارەکەی ئەمیرخیزی بۆ گۆڕینی ناوی ئازەربایجان و کرانی بە «ئازادیستان» چاکی پێشوازی لێکرا، ئەگەرچی خەڵکی ئازەربایجان هەرگیز ئامادە نەبوون دەست لە تۆرەمەی ئێرانیبوونی خۆیان هەڵبگرن. بەپێی فەرمانی خەیابانی تەواوی کاغەزە ڕەسمییەکان ناوی «ئازادیستان»یان لەسەر چاپ کرا. دواتر خەیابانی لە نامەنووسینەکانی خۆیدا بۆ تاران ئەم مەبەستەی ورووژاند کە «دەبێ دەوڵەتی ئازادیستان بە ڕەسمی بناسرێ». ئەم ناوە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی مەیلی جوداییخوازانەی خەیابانی بوو کە بێگومان ڕێی بۆ نەگبەتی و هەڵدێرانی خۆش کرد.

ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە رەوتی ڕێباز و سیاسەتی خەیابانی‌دا روویان داوە، کردوویانەتە ئادەمیزادێکی رەمزاوی. خەیابانی هاوکات لەگەڵ درێژەدانی دوژمنایەتیی توندوتیژی لەگەڵ ئینگلیسییەکان، پەیوەندی هەبوو لەگەڵ کۆنسوولخانەی ئاڵمان لە تەورێز و دەستی کردبوو بە نارەناری سەربەخۆیی نێوخۆی ئازەربایجان(ئازادیستان)، جاری وابوو بە مەبەستی چاوترساندنی تاران و دەولەتی ناوەندی، لەگەڵ ئەو بۆلشویکانەی تەورێز کە تاقمێکیان دامەزراندبوو، هەستی هاودەردیی دەنواند و هەلی واش بوو کە بەپێی وتار و ئاکاری دژی ڕێبازی بۆلشویکی دەجووڵایەوە.

وەکوو لە سەرەوەتر باسمان کرد، ئەحمەد کەسرەوی کەوتبوویە باڵی ئاکۆک لەگەڵ خەیابانی و بێجگە لەویش کەسانێکی وەکوو «سولتانزادە» و «عەلی‌ئاغا هەینەت» لە ڕێبەرانی دیموکراتیش دژی ڕێبازی سیاسیی خەیابانی و بیری جوداییخوازانەی بوون. کەسرەوی لە کتێبی «مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان»دا باسی ئەوەی کردووە کە ماژۆر ئێدمۆند سەرۆکی بەشی سیاسیی باڵوێزخانەی بریتانیا، کە بە ناوی دیداری ئازەربایجان چووبوویە تەورێز چاوی پێی‌کەوتووە. کەسرەوی دەڵێ کابرای کاربەدەستی ئینگلیسی داوای لێ‌کردووە هەتا دژی خەیابانی راپەڕێ و ئەوانیش دەبنە پاڵپشتی. پاشان باسی گوفت‌وگۆی خۆی دەکا لەگەڵ کەربەلایی حوسێن‌ئاغا فشەنگچی، نوێنەری وسووقوددەولەی سەرۆک‌وەزیر و دەڵێ ئەویش هەر پێشنیاری ئەوەی کردووە تاکوو کەسرەوی و یارانی دژی خەیابانی بکەونە بەربەرەکانی. کەسرەوی دەڵێ داواکەی هەردووک لام بردەوە پاش و گوتم چونکە خەیابانی لەپێناو ئازەربایجان‌دا راپەڕیوە، خۆی و هاوڕێیانی هەرگیز لێی هەڵنایەژنەوە و دژی راناوەستن. ماژۆر ئێدمۆند لە ڕێی «وەرامخانی ئەرمەنی»، یەکێک لە پەیرەوانی خەیابانی‌را، دیداری لەگەڵ کرد و لەو چاوپێکەوتنەدا وا بەڵێن درا کە ئینگلیسی دەست لە دژایەتی‌کردنی خەیابانی هەڵبگرن، بە مەرجێک کە خەیابانیش بە لای بۆلشویکەکانی‌دا نەشکێتەوە و هەستی هاوسۆزییان لەگەڵ دەرنەبڕێ.

عەینودەولە لە ئاست راپەڕینی خەیابانی‌دا بە ئانقەست یان بە هەڵە چەند کارێکی کرد کە بە قازانجی خەیابانی برایەوە و لە پایتەختیش دەمەقرە و شەرەدندووکەیەکی توندوتیژی قەڵەمی کەوتە نێوان لایەنگران و دژبەرانی

بزووتنەوەی خەیابانی. ڕۆژنامەکانی ئێران و ڕەعد زۆر توند هەڵیانکوتایە سەر خەیابانی و ئەویش لە جەنگەی وتاردانیدا لە تەوریز وڵامی نووسینەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیەی دایەوە. بەگشتی ئەم سەرهەڵدانە کە دەرۆیی هەتا خێرایەکی کەف و کوڵی بنیشێتەوە، بۆ ماوەیەک بازاڕی چەرە و گورە و دەمبەدەمەی حیزبەکان و ڕۆژنامەکانی بۆ ماوەیەک گەرم کردبوو.

خەیابانی کە بەڵێنی دابوو بە ئینگلیسییەکان تاکوو ناوەندی پەرەپێدانی بیروڕای کۆمۆنیستی یانی کۆنسوولخانەی ئالمان لە تەوریز کۆ بکاتەوە و «کورت ووستراواو»ی باڵوێزی ئالمان دەربکا کە لە باڵوێزخانەی ئالمانەوە لە تاران فەرمانی گەڕانەوەشی پێدرابوو، بەڵام ئەو گوێی نەدابوویە، بەڵێنەکەی بردەسەر. کۆنسوولی ئالمان لە گەرمەی ڕووداوەکەدا (١٤ی ڕەمەزانی ١٣٣٨ی ک.) کوژرا و بەم شێوەیە کوانوویەکی مەترسی کە لە جەرگەی تەوریزدا پەدی هاتبوو، لێکهەڵوەشا و لە تەوریز تەنیا هێزێک کە لە بەرامبەر خەیابانیدا مایەوە، قەزاقخانە بوو کە ئەرکی پاراستنی شار و کۆشکەڵی «عالیقاپوو»ی[1] خرابوویە سەر شانی. ئەوەی ڕاستی بێ چونکە هێزەکانی قەزاق لە جەنگەی گەرانیان بە نێو شاردا جاری وایە کاری ناڵەباریان دەکرد و دەکەوتنە شەڕەنگێزی، خەیابانی لە وتارێکی ڕۆژی ٥ی شەشەکانی ١٣٣٨ی کۆچیدا لە تەوریز بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە «لەوەی بەولاوە هەر قەزاقێک مافی خەڵک پێشێل بکا و پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕابکێشێ دەکوژرێ. هەر بۆیە تازە هیچ قەزاقێک نابێ بە چەکەوە بێتە نێو شار و بازاڕ و نابێ لە کاروانسەراکانی نێو شار بنە دابگرن.»

لەبەر هەڕەشەی خەیابانی، قەزاقەکان لە نێو شارەوە بانگکرانەوە قەزاقخانە و خۆیان بۆ پەلاماردانی بنکەکانی خەیابانی و لایەنگرانی ئامادە کرد. حاجی موخبیروسسەڵتەنە کە لە لایەن کابینەی موشیروددەولەوە دەسەڵاتی تەواوی درابوویە هەتا بۆ داکووژاندنی سەرهەڵدانەکە بڕواتە ئازەربایجان، لە نیوەڕاست مانگی قوربانی ١٣٣٨ی کۆچیدا گەیشتە تەوریز. لەم قۆناخەدا هێزی پێویست بۆ دەمکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی خەیابانی و گێرانەوەی «عالیقاپوو» دابین کرابوو. ڕۆژی ٢٩ی قوربان هێزەکانی قەزاق هرووژمیان کردە نێو شار و پاش

---

١- شوێنی نیشتەجێبوون و حاوانەوەی محەممەدحەسەنمیرزای جێگرەوەیمیر و بنەماڵەکەی. لەو کاتەدا تەنیا بنەماڵەکەی لەوێ بوون و جێگرەوەیمیر لە تاران بوو.

دەرپەراندنی لایەنگرانی خەیابانی لە عالیقاپوو. هەلیانکوتایە سەر مالی رێبەرانی راپەرینەکە و دەستیان کرد بە کوشتار و تالان و خودی خەیابانیش لە جەنگەی بەرەنگاری و لە ژێرخانی مالی یەکێک لە دۆستانیدا بە زەبری گوللەی قەززاقان کوژرا (١٩٢٠). قەززاق تەرمەکەیان بە راکێشراکێش هێنایەدەر و لەسەر شەقام فرێیان دا و بەم شێوەیە چیرۆک و بەسەرهاتی راپەرینی خەیابانی کۆتایی پێهات.

کەسرەوی لەم بارەیەدا دەنووسێ:

«بەم شێوەیە خودالێخۆشبوو خەیابانی کوژرا و سەری تێداچوو. بەراستی دەبێ ئەو بە کوشتەی شانۆگێرانی رووبینان و چەپلەرێزان و بژیبژیی بە درۆی خەلک دابنێدرێ. دیمەنێکی دزێو کە لە چارەنووسی خەیابانیدا دووپاتبوونەوەی چەپلەرێزانی زەمانی مان و وتاردانی بوو. پاش کوژرانیشی رەنگی دایەوە و ئەوانەی هەتا دوێنێ چەپلەیان بۆ لێدابوو، ئەمرۆ بە دەوری تەرمەکەیدا دەسوورانەوە و چەپلەیان لێ دەتەقاند و زۆر ناحەز دەجوولانەوە.»[1]

یەکێک لە ئاکامە بێفەرەکانی کوژرانی خەیابانی ئەمە بوو کە دەستەیەک لە یاران و لایەنگرانی بە مەبەستی ئەستاندنەوەی تۆلە وەخۆکەوتن و بەم شێوەیە ئاوری ئاژاوەی سمایلئاغای سمیتقۆی سەربزێوی زالم و خوێنخۆرەوەی ئازەربایجان سەری هەلدایەوە کە بەپێی سیاسەتی وسووقوددەولە داکووژابوو. لە گەرمەی شەڕ و تێکهەلچوونی هێزەکانی دەولەتی لەگەل ئەم گەردنکەشە بێباکەدا، هێزەکانی حکوومەتی زەبری قورسیان لێوەشا و خەلکی چەوساوەی ئازەربایجانی خۆراوایی خەسارەتێکی زۆریان بە ئەستۆیدا برا و ئەم تێکهەلچوونانە هەتا ماوەیەک دوای کۆدەتای ١٢٩٩ی هـ/١٩٢١ی ز، درێژەیان کێشا.

---

١- هەروەک کەسرەوی نووسیویەتی هەبوون کەسانێک کە بەروالەت خۆیان بە دۆستی خەیابانی دادەنا، بەلام دوای کوژرانی وەخۆکەوتن و پەتیان خستە تەرمی بێگیانی و بە شەقاماندا رایانکێشا. هەتا ئاوا خۆیان لە دامودەزگایەکی بەهێزی تازە نێزیک بکەنەوە کە موخبیروسسەلتەنە بیوو بە سەرۆکی.

## II
## لە کۆدەتای [ڕەشەمەی] ١٢٩٩ڕا هەتا خەزەڵوەری ١٣٠٤ی هەتاوی

[فێوریەی ١٩٢١ تا ئۆکتۆبری ١٩٢٥ی ز]

### کابینەی موشیروددەولە

موشیروددەولە کە پاش لێکهەڵوەشانی کابینەی وسووقوددەولە ڕۆژی ١٨ی شەشەکانی ١٢٣٨ی ک/ پووشپەڕی ١٢٩٩ی هـ/١٩٢٠ی ز. هاتبوویە سەر کار. بە مەبەستی هێورکردنەوەی بیروڕای گشتی و سڕینەوەی تەواوی ئەو هۆکارانەی کە ببوونە هۆی ڕووخانی حکوومەتەکەی وسووقوددەولە. ڕایگەیاند کە کار بە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩١٩ ناکا لەگەڵ ئینگلستان. پاشان لەگەڵ ئەحمەدشا. کە هەروا مانگێک دەبوو لە گەشتی دووهەمی ئورووپای گەڕابۆوە، بەپێچەوانەی وسووقوددەولە کەوتە سەر ڕێبازی هاوکاری و پێکەوەسازان و شا و سەرۆکوەزیر دەستیان وەدەستی یەکتر دا و بە مەبەستی ڕەواندنەوەی مەترسیی بۆلشویکەکانی گیلان. کە هەتا ناوچەیەکی مازندەرانیش تێراچووبوون. هێزێکی قەززاقیان خستە بەرکار.

وەکوو پێشتر باسمان کرد. دەوڵەتی تازە موخبیروسسەڵتەنەی وەکوو میرهەرێم ناردە ئازەربایجان و ئەویش بەپێی شارەزایی و ئەزموونی تایبەتی سیاسیی خۆی پاش ئەوەی کە گەیشتە تەورێز لەگەڵ دێموکراتەکان پێکهات و بە یاریدەی قەززاقان خاشەی سەرهەڵدانی خەیابانیی کێشا.

دووهەم هەنگاوی موشیروددەولە بە دواداچوونی سکاڵای ئێران بوو دژی سۆڤییەت لە کۆمەڵی گەلان. ئێران لە کۆمەڵی گەلاندا کەوتبوویە پێوشوێنی ڕادرانی هێزەکانی سۆڤییەت لە خاکی ئێران کە پێشتر کابینەی وسووقوددەولە سەرەتای بۆ دامەزراندبوو، بەڵام بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئورووپا لەو ڕۆژگارەدا و لەبەر ئەندامنەبوونی سۆڤییەت لە کۆمەڵی یەککگرتووی گەلاندا و سەرساردی نواندنی فەرانسە. ئەندامی گرینگ و کاریگەری کۆمەڵی گەلان لەگەڵ داوا و سکاڵای ئێران. کارەکە هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتەوە.

ئینگلستان بۆ ئەوەی کە بتوانێ لە هەلێکی گونجاوی دیکەدا دەستی بە ئامانجەکانی خۆی ڕابگا، لەم کاتەدا کە ڕێککەوتننامەی ١٩١٩ بەری پێگیرابوو و هێزەکانی قەززاقی ئێران و قوشەنی ئینگلیس لە ڕەوگەی نێوان قەزوێن ـ ڕەشت

لەگەڵ بۆلشویکان تێکگیرابوون و هیوایەکی سەرکەوتن لە ئارادا بوو، بێجگە لە کۆلۆنێل «سمایس» شاندی سەربازیی خۆی لە ئێران کێشایەوە و «ئەرمیتاژ سمیت»یش دەستی لە کار بەردا و هێزەکانی ئینگلیسی لە خوراسان وەدەرکەوتن و گەڕانەوە هیندووستان. هێزەکانی بریتانیا هێندێک چەکوچۆڵ و جبەخانەی خۆیان بە دەوڵەتی ئێران فرۆشت و دایانە دەست ژاندرمەریی خوراسان کە پێی هەستا و هێزی وەبەرهات.

شێخ حەسەنی چاکووتاهی ڕۆڵەی بوێری ئێران، کە شانبەشانی دلێرانی تەنگستانی دژی پۆلیسی باشوور و هێزەکانی ئینگلیسی دەجەنگی، هەر لەم بەینانەدا کەوتە نێو داوی ئینگلیسییەکان و خۆی و کوڕانی ئازا و دەستەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیانی وەفاداری بەشێوەیەکی کارەساتبار کوژران و ئەم کارەساتە لەسەر حیسابی سەقامگیربوونی تەناهی لە باشووری ئێراندا تۆمار کرا. پاش ئەوەی کە حکوومەتی موشیروددەولە توانی کۆتایی بە ڕاپەڕینەکەی خەیابانی بێنێ و لە مازندەران بۆلشویکەکانی هەسدایەوە و هیوادار بوو کە بەتەواوی خاشەی بزووتنەوەی بۆلشویکیی باکوور بکێشێ. پلە و بایەخی بەرز بۆوە؛ بەتایبەت کە هێزەکانی قەزاقی ئێران لە گیلانیش زۆر توند بە گژ بۆلشویکەکاندا چووبوون و هەتا کەناری دەریای خەزەر لە ئەنزەلی ڕاویان نابوون.

وەکوو دیارە دەوڵەتی موشیروددەولە کە پەنجا و پێنجەمین کابینەی سەردەمی مەشرووتە بوو، سەرەڕای ئەو هەنگاوە باشانەی کە لەپێناو هێنانەدیی تەناهی و هێمنایەتی کردبوونی و بەرهەڵستی سەرهەڵدان و جوداییخوازییەکان ببۆوە، وردەوردە تووشی نارەزامەندیی کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانی و سیاسی و ڕۆژنامەوانی بۆوە. کوژرانی خەیابانی لە تەورێز و هەنگاوی خودبەسەرانەی پۆلیسی باشوور لە کوشتنی شێخ حەسەن و یارانیدا، کارێکی وای کرد کە کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانی لە تاران پێی بهارووژێن. هەر لەو سەروبەندەدا دەوڵەتی موشیروددەولە هەنگاوی هاویشت هەتا هەرچی زووتره پەیوەندیی ئاسایی و سیاسی لەگەڵ حکوومەتی یەکییەتیی سۆڤییەت دامەزرێنێ. بۆ ئەم مەبەستە موشاویرولمەمالیکی باڵوێزی ئێرانی لە ئیستانبووڵ وەکوو وەزیر موختار ناردە مۆسکۆ انێوجێژنانی ١٣٢٨ی ک.). ئینگلیسی هیچ خۆشییان لەم کارەی ئێران نەهات و پرسی یارمەتییەکانی بانکی شاهانشاهیی ئێرانیان هێنایە ئارا و گوتیان

چونکە ڕێککەوتننامەی ئێران و ئینگلیس پەسند نەکراوە. تازە بانک ناتوانێ هیچ پارەیەک وەکوو پێشەکی بدا بە دەولەت. وتوویژی پایەبەرزانی ئێرانی لەگەڵ ئینگلیسییەکان ئاکامی دایەوە و وا بڕیار درا کە هەتا سێ مانگی دیکە بانک یاریدەی مانگەومانگی بدا و هێزەکانی ئینگلیسی کە لە بەرامبەر بۆلشویکەکانی گیلاندا پشتی هێزەکانی قەززاقیان بەردابوو و کشابوونەوە مەنجیل، بچنەوە یاریدەیان. هەڵبەت بۆیە ئەم سێ مانگە دیاری کرابوو هەتا دەولەت بتوانێ لەو ماوەیەدا ڕێککەوتننامەی ۱۹۱۹ لە ڕێی پارلمانەوە پەسند بکا. بەڵام موشیروددەولە لە ئاست ملنەدانی نوێنەرانی پارلمان کە لە کۆبوونەوە دەچوونە دەرەوە و پارلمانیان لە زۆرینە دەخست، نەیتوانی داوای ئینگلیسییەکان وەدی بێنێ. دەولەت لە نێو هەلومەرجێکی لێڵ و نادیاری سیاسیی وڵاتدا، کە تەنانەت زۆربەی پیاوانی سیاسیش ئاگایان لە ڕووداوەکانی پشتی پەردەیەوە نەبوو، دەستی لە کار کێشایەوە.

## کابینەی فەتحوڵڵا ئەکبەر (سپادار)

دوای دەست لە کار کێشانەوەی موشیروددەولە، داوا لە خۆی و موستەوفیولمەمالیک و فەرمانفەرما کرا کە سەرۆکایەتیی دەولەتی نوێ وەستۆ بگرن. بەڵام هیچیان نەچوونە ژێر بار و سەرەنجام ئەحمەدشا هات و فەتحوڵڵا ئەکبەر، واتە سەردار «مەنسوور»ی کردە سەرۆکوەزیر. سپادار، دوای ئەوەی کە محەممەدوەلیخانی تونیکابونی سەرناوی سپاسالاری گەورەی پاربوو کرا و لە سەردەمی مەشرووتەدا بوو بە سەرۆکوەزیر، یەکەمین سپادار بوو کە گەیشتە ئەم پلەیە. سپادار لە مانگی سەرماوەزی ۱۲۹۹ی ک/ دیسامبری ۱۹۲۰ی زایینیدا بوو بە سەرۆکی دەولەت، بەڵام دوای سێ مانگ دەستی لە کار کێشایەوە و جارێکی دیکەش بە پێداگریی ئەحمەدشا سەرۆکایەتی وەزیرانی قبوول کردەوە و ڕۆژی حەوتەمی جەمادی دووهەمی ۱۳۳۹ی ک ـ یانی ۵ ڕۆژ پێش کودەتای سێهەمی حووت [ڕەشەمەی ۱۹۲۱ی ز]، کابینەی خۆی بە حەوت وەزیرەوە پێکهێنا و بە پادشای ناساند.[1]

---

۱- کار و ئەرکەکان ئاوا دابەش کرابوون: سپاداری گەورە سەرۆکوەزیر و وەزیری نێوخۆ، حاجی موحتەشەموسسەڵتەنە وەزیری دەرەوە، سالارلەشکر وەزیری دادوەری، ←

گیانی شاد بێ مەلیکوششوعەرای بەهار، بەپێی دەقی نووسینەکانی خۆی لە کتێبی «مێژووی حیزبە سیاسییەکان»دا، دەڵێ کابینەکانی موشیرودەولە و سپادار دوو کابینەی مارە بە جاش بوون، چونکە کۆدەتای سێهەمی رەشەمە کە دەبوو رەزاخانی میرپێنجە بیکا، چەند مانگێک بوو لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی نێوخۆ و تۆڕی پەیوەندییەکانی بریتانیادا لەگەڵ پایەبەرزانی ئێرانی لە دەر و ژووری وڵات، رێی بۆ خۆش کرابوو. ئەوەی راستی بێ کابینەی لەرزۆکی سپادار رەشتی نەک تەنیا نەیتوانی بە شوێن کار و هەنگاوەکانی موشیرودەولەدا بڕوا، بەڵکوو لە نێو بارودۆخی تاڵ و شێواوی سیاسیی وڵاتدا بۆ مانەوەی خۆشی تێمابوو.

**کۆدەتای ٣ی رەشەمەی ١٢٩٩ای هـ/٢٢ی فێورییەی ١٩٢١ای زایینی**

پێش ئەوەی کە بچینە سەر باسی رێخۆشکران بۆ کۆدەتا و ئەو رووداوە گرینگە دیرۆکییە بخەینە بەرباس، بە پێویستی دەزانین کە لێرەدا بەشێک لە نووسینەکانی محەممەدرەزا[شا]ی پەهلەوی لە رووی کتێبی «رەزاشای گەورە»وە بخەینە بەرچاو:

«لە درێژەی رۆژگاردا، رووداوەکان مرۆڤ بۆ دانی بڕیارێکی تەواو ئامادە دەکەن و کاتێک هەلەکە رەخسا، ئەو کات رووداوێک یان زنجیرەیەک رووداو دەبنە پریشکەیەک ئاور بۆ نێو خەزێنەی باروووت. ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی هێزەکانی قەززاق لەگەڵ سەربزێوان تێکهەڵچوون، بەڵام خەیانەتی ئەفسەرانی بێگانە شکستی بە سەر شانیدا هێنان و بە دەرد و مەرەدیکی یەگجار زۆر لەگەڵ ئەفسەرەکانی خۆیان هەتا مەنجیل و پاشان تاکوو قەزوێن پاشەکشەیان کرد. ئەم رووداوە کارێکی وای کرد کە باوکم تەمایەکی یەکلاکەرەوە بگرێ. گومانی تێدا نییە کە رۆژانی بەرلە کۆدەتا، ئەم شکستە گرێ و گرفتێکی زۆر گرینگ بوو کە بیری باوکمی لە خۆی شەتەک دابوو.»

ئەم راستەقینە تاڵە حاشای لێ ناکرێ کە دەسەڵاتدارانی باڵای سەردەمی مەشرووتەش هەر لە رەنگ و توخمی تاقمی دەسەڵاتدارانی سەردەمی دیکتاتۆری و

---

سەردار موعتەمید وەزیری پۆست و تەلگراف، ئەمینولمولک وەزیری پەروەردە و ئەوقاف، نەسرولمولک وەزیری بازرگانی و رێگاوبان، ئەمیر نیزام وەزیری بەرگری، میرزا عیساخان سەرپەرستی وەزارەتی دارایی.

جەماوەرێکی خۆ بەزلزان و چاوچنۆک یان ئەوپەڕییەکەی کەسانێکی وەکوو موستەوفیولمەمالیک بوون کە لە جەنگەی قەیراندا ئەم پەندەی «سەعدی»یان دەکردە ئاوێزەی گوێیان کە دەڵێ:

***گەلێ قازانج لە دەریا هەڵڕژاوە/ بەڵام وریا بە لێی، خۆ بگرە لاوە!*** لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا پێویست بوو کە پیاوێک لە قووڵاییی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەڵقوڵێ و خاوەنی دەماری پیاوانە و لێبڕان و تەمای پتەو بێ و بە دەرد و مەرگی کۆمەڵ بزانێ. ئەم کەسە خودی ڕەزاخانی میرپێنجەی سەوادکووهی، ئەفسەری قەززاق و فەرماندەی هێزی قەززاقی سەربازخانەی هەمەدان بوو کە بە فەرمانی دەوڵەت لە بەرەی ڕێگای نێوان قەزوێن ـ ئەنزەلی بەرەنگاری بۆلشویکەکان ڕاوەستابوو. ئێستاش نموونەیەک لە قۆناخەکانی کار و خزمەتی ڕەزاخان بە قەڵەمی محەممەدڕەزا[شا]ی پەهلەوی:

«لەناکاو وێرای هێزی بەرفەرمانی لە تارانەوە ڕۆیی بۆ هەمەدان. تەنیا ئەسپێکان پێ بوو کە لەبری ئامبولانس کاریان پێدەکرد. کاتێک گەیشتبوویە هەمەدان لاقوولەتەری وایان برین هێنابوو کە ماوەیەک بە جێوبان بۆی کەوتبوو. ڕەنگە ئەو دەمەی کە لە ڕێگادا لاقەکانی بلۆقیان دەردەکرد، بۆی دەرکەوتبێ کە خەڵک چ دەکێشن. ڕەنگە هەر ئەو دەمەی کە لە تاوی ژانی لاقی خوێنتێزاوی خەوی لە چاوی تۆرابوو، لای خۆی سوێندی خواردبێ کە کارێکی وا بکا هەتا خەڵکی ئێران بەبێ گری ئەو شارەوشاران بکەن و بار و بەرهەمی خۆیان ڕاگوێزن و تازە وا نەمێنێ کە لەبەر نەبوونی ئامرازی هاتوچۆ، کۆرپەی چل ڕۆژەیان لە بیابان ویشک هەڵێ.»[1]

وەکوو دیارە مەلیکوششوعەرای بەهار لە کتێبەکەی خۆیدا وا سەبارەت بە کۆدەتا دواوە کە دەردەکەوێ کەسانێکی وەکوو سەید حەسەنی مودەڕڕیس و شازادە فیرووزمیرزا نوسرەتوددەولە و پیاوانی ئەوتۆ پێشتر بیریان لە کۆدەتا کردۆتەوە. ڕەنگە ڕاست لەو سەروبەندەدا کە کابینەی سپادار ڕەشتی لەسەر کار

---

١- «ڕەزاخان چل ڕۆژە بوو کە باوکی لە دەست دا. دایکی بۆ درێژەی ژیان هێنایە تاران هەتا بە یارمەتیی خزمانی مێردەکەی بژی. ئەم منداڵە شیرەخۆرە لەبەر ویشکەبەندی مەودای ڕێیە، سەرما دەیشەنگێوی و چی وای نامێنێ کە هەر ئەو کاتە خونچەی ژیانی سیس هەڵگەڕێ.» بڕ: ڕەزاشای گەورە، نووسینی محەممەدڕەزا[شا]ی پەهلەوی.

بووە. لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات گەڵاڵەی هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی بەهێز و توانا داڕێژرابێ. هیچ گومانی تێدا نییە کە بریتانیا و کەسانێکی وەکوو مێستێر «نۆرمان»ی وەزیر موختاری ئینگلیس و کۆلۆنێل سمایس ـ تەنیا راوێژکاری سەربازیی بریتانیا کە دوای وەدەرکەوتنی شاندی سەربازیی ئەو وڵاتە لە ئێران مابۆوە ـ لەگەڵ دەستەیەک پیاوی سیاسی و ئیشتمانی کە هەموویان لە بێسەرەوبەرەیی سیاسی و قەیران وەگیان هاتبوون، بەم کارە رازی بوون و زۆربەی خەڵکیش خوازیاری هاتنە سەر دەسەڵاتی حکوومەتێکی بەهێز و بڕست بوون کە توانییای هێمنایەتی و تەناهی لە سەرتاسەری وڵات سەقامگیر بکا. لە هەمووان گرینگتر خودی شا بوو کە لەبەر بیر و خەیاڵی حکوومەتی بۆلشویکیی گیلان و پەلامار و شاڵاوی هێزەکانی بۆلشویک لە قەزوینەوە بۆ سەر تاران ئاراوقارای لێهەڵگیرابوو.

راست لەو کاتەدا کە هێندەی نەمابوو هێزەکانی ئێران بە سەر بۆلشویکەکانی گیلاندا زاڵ بن و بیانبەزێنن. لەبەر پەیدابوونی ناکۆکی لە نێوان ئەفسەرانی رووسی و ئینگلیسیدا کە دەیانهەویست هێزی قەززاقیان لە ژێر رکێفیدا بێ. ڕەزاخان و هێزەکانی لە ئەنزەلی خۆیان لە حاند بۆلشویکەکانی ئەنزەلی بۆ نەگیرا و شکان. کەمتەرخەمی و خاوەخاوی ئەفسەرانی رووسی ئەم مەرەدەیان بە سەر سپای قەززاق هێنا و بە راکەراکە بەرەو قەزوین رەوین و لە گوندی ئاغابابا کۆبوونەوە. مەلیکوششوعەرای بەهار دەنووسێ:

«سەردارسپا[1] پێی گوتم کە سەرکردەکانی رووسی لە دوایین شەردا کەمتەرخەمییان نواند. من هێزەکەی خۆم بە کوێرەرێ و کەژ و کۆی سەخت و چڕدا دەرباز کرد و رووت و برسی گەیاندمە قەزوین؛ بەڵام لە مەودای رێگادا جاری وابوو هەتا ملان بە زۆنگاوانددا رۆدەچووین و هەڵی وابوو پەلەدار و تیکانی لێرەوار بەری پێڵاوی قەززاقی وا هەڵدەدڕی کە لە پشتی پێی دەهاتەوەدەر. بەراستی ئەوەندە ناهومێد بووم کە ویستم بێمەوە تاران و دەستی ژن و منداڵم بگرم و سەر بنێمە بیابان و روو بکەمە کێو و تەلانی دوورەدەست.»

لە سەرەتای دامەزرانی کابینەی یەکەمی سپاداردا، ئاکامی وتوویژەکانی موشاویرولمەمالیکی نوێنەری ئێران لە مۆسکۆ لەگەڵ پایەبەرزانی سۆڤییەت وەکوو

---

١- مەبەستی رەزاخانە.

گەڵڵەیەکی ٢٦ بەندی لە ڕێی تەلگرافەوە نێردرا بۆ دەوڵەتی ئێران. سپادار دوای باس و ڕاوێژ لەگەڵ گەورەپیاوان و سیاسەتوانانی ئێرانی، ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕی و هەڵوێستەکەی خۆی بە مۆسکۆ ڕاگەیاند و ئەحمەدشا بەم کارە تۆقی. لە لایەکی دیکەوە کاربەدەستانی ئینگلیسی فەرمانیان دا بە خەڵکی وڵاتی خۆیان کە دەبێ هەرچی زووە لە خاکی ئێران وەدەرکەون. بانکی شاهانشاهی چەند لقێکی خۆی لە شاران کۆکردەوە و ڕایگەیاند هەر کەس پارەیەکی لە بانک داناوە با بچێ وەریبگرێتەوە و دەتوانێ پارەی کاغەزیش لەگەڵ سکە بگۆڕێتەوە. بەم کارەی ئینگلیسییەکان پادشا و خەڵک ترسیان ڕێنیشت و بە سەر نیگەرانیدا کەوتن.

شا دەیهەویست خولی چوارەمی پارلمان بکاتەوە، بەڵام لەسەر داوای ئەنجومەنی ئازەربایجان و یازدە کەس لە نوێنەرانی پارلمان هەتا کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی ئازەربایجان لەم کارەی پەشیمان بووە. ڕاست لەو سەروبەندەدا ٣٩ نوێنەری پارلمان بەیاننامەیەکیان لە ڕۆژنامەی «ڕەعد»دا بڵاو کردەوە و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ١٩١٩ی نێوان ئێران و ئینگلیس دەربڕی. هەروەها لەگەڵ میستێر نۆرمانی وەزیر موختاری ئینگلیس کەوتنە گوفتوگۆ و قنیاتیان پێهێنا کە ئەگەر خولی چوارەمی پارلمان دەست بە کار بێ و دەوڵەتێکی بەهێز بێتە سەر کار، پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ سۆڤییەت دادەمەزرێ و ئاوا مەترسیی دژەی کۆمۆنیزم بۆ ئێران بە یەکجاری دەڕەوێتەوە و بەم شێوەیە هیچ پێویستییەک بە ڕێککەوتننامەی ١٩١٩ نامێنێ و دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤییەت هەلێکی گونجاو بۆ ئێران دەڕەخسێنێ هەتا تەواو خاشەی بۆلشویکەکانی گیلان بکێشێ.

مەلیکوششوعەرای بەهار سەبارەت بە کودەتا دەنووسێ:

«ئێوارەیەکی درەنگی ڕۆژی یەکشەممۆی ٢ی ڕەشەمە، هەواڵنێری ڕۆژنامەی ئێران بە مەبەستی کۆکردنەوەی هەواڵ ڕۆیشتبوو. کاتژمێر ٩ی شەو گەڕایەوە و هەواڵی هێنا کە ڕەزاخانی میرپێنجەی دانیشتووی قەزوێن بە خۆی و دووهەزار قەزاقەوە بە مەبەستی گەڕانەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆیان بەرەو [تاران] بەڕێوەن و هیچ مەترسییەک لە ئارادا نییە و ئەم هەواڵە لە ژمارەی سبەینێی ڕۆژنامەی ئێراندا بڵاو کرایەوە.»

وەکوو دیارە ئەم هەواڵە ڕۆژی دووشەممۆ ٣ی ڕەشەمەی ١٢٩٩ی هەتاوی لە ڕۆژنامەی ئێراندا بڵاو کرایەوە. بەڵام ڕاست لەو کاتەدا لەبری ئەوەی کە ڕەزاخانی

میرپێنجه بگه‌ڕێته‌وه نێو ماڵ و منداڵی خۆی. به لێبڕاوی ده‌ستی به سه‌ر پایته‌خت‌دا گرت و ته‌واوی دامووده‌زگا و ڕایه‌ڵه و دامه‌زراوه سه‌ربازی و دارایی‌یه گرینگه‌کانی تارانی خسته ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆی و له ڕاستی‌دا کوده‌تای کردبوو.

فه‌تحوڵڵا نووری ئیسفه‌ندیاری له وتارێک‌دا به ناوی «شۆڕشی حکوومه‌ت له ئێران‌دا؛ ده‌وڵه‌تی تازه‌ی دژی بۆلشویک» له زمان هه‌واڵنێری تایمزی له‌نده‌نه‌وه ده‌نووسی:[1]

«تایمز. ٢٤ی فێوریه‌ی ١٩٢١/٦ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٢٩٩ی هه‌تاوی؛ ئه‌و ته‌لگرافه‌ی که ٢١ی فێوریه له سه‌رچاوه‌یه‌کی ئینگلیسی‌را له تارانه‌وه گه‌یشتۆته له‌نده‌ن، ده‌ڵێ که سێ‌هه‌زار قه‌ززاقی چاونه‌ترسی ئێران له سه‌ربازخانه‌کانی قه‌زوێن و هه‌مه‌دانه‌وه به سه‌رکردایه‌تیی ڕه‌زاخان هه‌ر له‌و ڕۆژه‌دا به‌ره‌و تاران بزووتوون. ده‌وڵه‌ت بۆ ئه‌وه‌ی لێیان حاڵی بێ و بزانێ چییان ده‌وێ چه‌ند نوێنه‌رێکی نارده لایان، به‌ڵام قه‌ززاقه‌کان گوتیان بێ‌ونه‌بێ ده‌چینه نێو شار. ڕه‌زاخان گوتوویه‌تی قه‌ززاقه‌کان لێبڕاون هه‌تا دژی بۆلشویکه‌کان بکه‌ونه به‌ربه‌ره‌کانی و هه‌ر بۆیه ئه‌و ئیزن نادا که ده‌وڵه‌تی بێکاره و بێ‌کیفایه‌تی ئیستا له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵات بمێنێ. هێزه‌کانی قه‌ززاق ده‌یانهه‌وێ که دامووده‌زگایه‌کی تۆکمه و ئابرووم‌ه‌ندی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی پێک‌بێنن و به‌ته‌واوی وه‌فاداری شا ده‌بن. ئه‌وان هاواریان ته‌نیا له چنگ سپاسالاری گه‌وره‌یه و خراپه‌ی که‌سی بێگانه‌یان ناوێ. قه‌ززاقه‌کان ڕێک‌وپێک و ئارام گه‌یشتنه نێو شار و ده‌ستیان به سه‌ر ته‌واوی دامووده‌زگاکانی ده‌وڵه‌تی‌دا گرت و بنه‌یان لێ داکوتان. سپاداری سه‌رۆک‌وه‌زیر په‌نای برده به‌ر باڵوێزخانه‌ی ئینگلیس و پاش ئه‌وه‌ی به‌ڵێنیی وه‌رگرت که گیانی پارێزراو ده‌بێ، له باڵوێزخانه وه‌ده‌رکه‌وت. ڕه‌نگه سه‌ید زیائه‌ددین جێی بگرێته‌وه.»

پێش‌بینییه‌که‌ی هه‌واڵنێری ڕۆژنامه‌ی تایمز که ڕۆژی ٢١ی فێوریه‌ی [١٩٢١ی ز] هه‌واڵه‌که‌ی ناردبوو بۆ له‌نده‌ن و لای وابوو سه‌ید زیائه‌ددین ده‌بێته سه‌رۆک‌وه‌زیر، له‌گه‌ڵ قسه‌که‌ی مه‌لیکوششوعه‌رای به‌هار که ده‌ڵێ سه‌ید زیائه‌ددین په‌یوه‌ندییه‌کی زۆر نێزیکی بووه له‌گه‌ڵ مێستێر «هاروارد»ی کونسووڵی بریتانیا له تاران، په‌رده له‌سه‌ر ئه‌م ڕاسته‌قینه‌یه لاده‌دا که ئینگلیسییه‌کان پێشتر به کوده‌تایه‌کی ئاوایان زانیوه. زۆریش وێده‌چێ که به ئه‌حمه‌دشایان سه‌لماندبێ و ڕازییان کردبێ

---

١- رابوونه‌وه‌ی ئێران، گردوکۆی فه‌تحوڵڵا نووری ئیسفه‌ندیاری، ل ٤، چاپی تاران.

کە با کودەتا بکرێ و دەوڵەتێکی بەبڕشتی سەربازی بێتە سەر کار. مەلیکوششوعەرا بەگوێرەی نووسینەکانی «شەهریوەر»، دەڵێ میستێر نۆرمان بەرلە قەومانی کودەتا چاوی بە ئەحمەدشا کەوتووە و لەو دیدارەدا وا قەرار دانراوە کە دەوڵەتێکی خاوەنبڕشت بێتە سەر کار و ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکا:

۱- رێککەوتننامەی ساڵی ۱۹۱۹ بە ڕێزەوە هەڵوەشێتەوە و پەیوەندیی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا دامەزرێ.

۲- پەیوەندیی دۆستایەتیی ئێران لەگەڵ سۆڤییەت دەبێ هەر ئەوەندە بێ کە هەم رێ لە دەستێوەردانی سەربازیی ئەو دەوڵەتە بگرێ و هەم بەرژەوەندییەکانی بریتانیاش خەساریان پێ نەگا.

۳- لەشکر و سپای ئێران هەموویان بخرێنە سەر شکڵ و شێوازێک و چلهەزار سەربازێک دابین بکەن.

مەلیکوششوعەرا وێرای گێڕانەوەی ئەو قسانە لە زمان «ئەحمەد شەهریوەر»ەوە. دەنووسێ «ئەوەی ئێستا کە دەینووسم هەم لە نووسینەکەی ئەحمەد شەهریوەردایە و هەم خۆم لە چەند کەسێکی ئاگادارم بیستووە کە شا لەو دەمەدا پێشنیاری بە سەرۆکوەزیر کردووە پێویستە ۵۰۰ قەززاق بێجگە لە پاسەوانانی تایبەتی میری لە تاران بن و دەبێ فەرمان بدەی تا خێرایەکی ئەم تاقمە لە قەزوێنەوە بەرەو تاران وەڕێ کەون.»

## کابینەی سەید زیائەددین

یەکەمین دەوڵەتی کودەتا بە سەرۆکایەتیی سەید زیائەددینی تەباتەبایی، بەڕێوەبەر و نووسەری رۆژنامەی «ڕەعد» پێکهات و ماوەی هەفتەیەک سەرۆکوەزیر و یاریدەرە سەربازییەکەی یانی ڕەزاخانی میرپێنجە بەبێ ئەنجومەنی وەزیران جڵەوی کاروباری وڵاتیان بە دەستەوە بوو. مەلیکوششوعەرای بەهار بە دوو شێوە ڕەوتی رووداوەکانی گێڕاونەوە کە هەردووکیان لێرەدا دەخەینە بەرچاو:

«لە بەرەبەیانەوە بە فەرمانی دەورگێڕەکانی کودەتا. بەپێی گەڵاڵەیەکی رێکوپێک بگربگر دەستی پێکرد. پیاوانی دەزگای ئاسایش لەگەڵ پەلێک چەکداری

دە کەسی بە دوای یەکتردا ریز دەبوون و دەرویشتن. چەکدارانی قەززاق دەکەوتنە شوێن کارمەندەکەی ئاسایش و ئەو دەبوو بە سەرجەلەیان. قەززاق بە جلوبەرگی پەشمینی رەنگبۆر و رەخت و فیشەکانی تازەوە دەهاتن و دەچوون و بە دڵنیایی هەنگاویان هەڵدێنایەوە. هەرکام لەم پەلە چەکدارانە خەنیمی ماڵی یەکێک لە گەورەپیاوانی وڵات بوون کە لێی وەژوور دەکەوتن و دەیانگرت و ئەگەر یەکێکی زۆر مەزن و ماقووڵ بوویا کەلوپەلی ماڵەکەیان دەپشکنی و پاشان سەر بە مۆریان دەکرد و ئەویشیان بە دیل دەبرد. هیچکەس نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن و چی بە سەر دێنن. هەر کەس کەولی دوو قرانی دێنا، ئەو رۆژە گیرا. مەگین ئەو کەسەی کە هیوادار بوون لەگەڵیان هاوبیر بێ یان دەترسان بیگرن و بە بۆچوونی «بەرێزان» نەدەکرا بخرێتە نێو ریزی خەیانەتکارانەوە. ئەم کەسانە ئەوەندە کەم بوون کە بە پەنجەی دەست دەبژێردران؛ بۆ نموونە سەمسامولسەڵتەنە، خانانی بەختیاری، هەیئەت، موئتەمینولمولک و چەند کەسێکی دیکەی ئەوتۆ. بەکورتی لە ماوەی هەفتەیەکدا نیزیکەی هەشتا کەسی هەمەرەنگ و لە هەر دەستە و چین و توێژێک کەوتنە بەندیخانە و زۆربەیان لە بینای قەززاقخانەدا بەند کران کە دەروانیتە سەر مەیدانی مەشقی پێشوو. جێگاکە هێندە تەنگەبەر بوو کە هەر تاقمەی لە ژوورێکیان پەستاوتبوون.»

«رۆژی پێنجشەممۆ ٧ی رەشەمەی [١٢٩٩ی هـ/٢٥ی فێوریەی ١٩٢١ی ز] لە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانەوە تەلەفۆنم بۆ کرا و گوتیان «گالاری» وەرە. سەرۆکوەزیر کلاوێکی کەولی وەک تورکانی نابوویە سەری و لە دوایین ژووری باشووری چاوی پێم کەوت. هێشتا دەولەتی پێکنەهێنابوو. لەو دیدارەدا دەستخۆشیم لێکرد. سەرۆکی دەولەت گوتی: ئەگەر من کودەتام نەکردبا، دڵنیا بن کە مودەرریس کودەتای دەکرد و هەموومانی لە دار دەدا.»

ئەوەی کە سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە سەبارەت بە گرتنی پایەبەرزان و ماقووڵان و دەولەمەندانی تاران نووسیویانە. شتێکی سەیر نییە و بۆ هەر کودەتایەک رەوتێکی سروشتییە و دەبێ بەر بە تەواوی چالاکی و جووڵانەوەی سیاسی و خراپکارانەی ئەو کەسانە بگرێ کە رەنگە ببنە کۆسپی سەر رێگای بە ئامانج گەیشتنی. سەید زیائەددینیش هەر وای کرد. رۆژنامەکانی داخستن و هەتا چەند رۆژێک ئیدارەکانیشی گاڵەدان. پیاوانی بەناوودەنگ و دژبەرانی سیاسیی

خۆی گرتن و بەپێی ڕاگەیاندراوێک لە تاران حکوومەتی سەربازیی ڕاگەیاند کە ناوی «ڕەزا»ی لە پای نووسرابوو. ڕاگەیاندراوەکە بە ڕستەی «فەرمان دەدەم» دەستی پێکردبوو و هەر چەند لەبەروەی کە زۆر توند نووسرابوو کۆکرایەوە. بەڵام ڕێوشـوێنی ڕەقوتـەقی سـەربازی، بەتایبـەت دەربـارەی کـۆڕ و کۆبوونـەوە و ڕۆژنامـەکان زۆر توند ڕەچاو کرا. سـەرەنجام ڕۆژی دووشـەممۆ ١٩ی ڕەشـەمەی ١٢٩٩ هەتاوی، سەید زیائەددین ئەنجومەنی وەزیرانی بە خزمەت ئەحمەدشا ناساند کە بریتی بوون لە:

١- سەید زیائەددین: سەرۆکوەزیر و وەزیری نێوخۆ

٢- نەییرولمولک (هیدایەت): وەزیری پەروەردە و ئەوقاف و عەنتیکە

٣- مودیرولمولک (جەم): وەزیری دەرەوە

٤- میرزا عیساخان: وەزیری دارایی

٥- دوکتۆر موئەددەبوددەولـە (نەفیسـی): وەزیـری تەندروسـتی و خێروخێراتـی هەمووانی

٦- موشیر موعەززەم (خواجەوی): وەزیری پۆست و تەلگراف

٧- مووەقەروددەولە: وەزیری بازرگانی و ڕێگاوبان

٨- عەدلولمولک (دادگەر): سەرپەرستی وەزارەتی نێوخۆ

٩- مەنسووروسسەلتەنە (عەدل): سەرپەرستی وەزارەتی دادوەری

١٠- سەرگورد[1] مەسعوودخان (کەیهان): وەزیری بەرگری

مەسـعوودخان ڕۆژی ٧ی خـاکـەلێـوەی ١٣٠٠ی هـەتاوی، واتـە ١٩٢١/٣/٢٧/ لـەبـەر هەبوونی کۆمەڵێک گرێوگۆڵ لە کاروباری وەزارەتەکەیدا دەستی لـە کـار کێشـایـەوە، بەڵام لێی نەسەلمێندرا و لە پلەی خۆیدا مایەوە. جاری دووهەم ڕۆژی ٧ی بانەمەڕی ١٣٠٠ی هەتاوی، دیسان دەستی لە کار کێشایەوە. بەڵام ئەمجارەیان لێی قبووڵ کرا و ڕەزاخانی سەردارسپا (میرپێنجەی پێشوو) لە جێی داندرا و بوو بە وەزیری بەرگری و سەرگورد مەسعوودخان وەکوو وەزیری ڕاوێژکار هەر لە کابینەدا مایەوە. هەر لەو مانگەدا ئەنجومەنی وەزیران چەند ئاڵوگۆڕێکی دیکەشـی تێدا کرا، بۆ نموونـە مودەبیرولمولک بـوو بـە وەزیـری دارایی و موعیززوددەولـە (ئەبەوی) کرایە وەزیری دەروە.

---

١- ماژور، ڕائید

مەلیکوششوعەرا سەبارەت بە سەید زیائەددین دەنووسێ:

«ئەوەی راستی بێ سەید زیائەددین پیاوێکی شۆڕشگێڕ و ئازا بوو، بەڵام بە باری زانستی و مەنتیقی‌دا شتێکی وای دەربارەی بنەما نەگۆڕەکانی شۆڕش و ڕەوت و ڕێبازی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و فاشیزم نەدەزانی و لە نێو ڕێکخستنەکانی حیزبی و شانەی کۆڕ و کۆمەڵی [سیاسی‌دا] کاری نەکردبوو. لە بواری کۆمەڵایەتیش‌دا - بەپێی ڕێسای هەر نووسەرێک- زیاتر هەر لە قسەی کردبوو هەتا کردەوە. لەچاو حیزبایەتی و ڕێکخراوەیی بوون پتر مەیلی بە لای دەستەبرایەتی‌دا شکابۆوە. هەر بۆیە پاش ئەوەی لەگەڵ تاقمێک قەززاق توانی دەست بە سەر تاران‌دا بگری، پتر خەیاڵاتی کۆن و ڕابردوو لە مێشکی‌دا هەڵقولین و لە قەزوێنەوە هەتا تارانیش تینی فەرماندەرانی قەززاقی دا و ئامادەی کاری کردن و هارووژاندنی هەتا تۆڵە لە پیاوانی تاران بکەنەوە و چاویان لە هەژار و دەوڵەمەند نەبێ و ئابێ دە سەریانەوە بچن و بە فەرمانی وی هەموویان گرتن. هەتا ئێرە هەر بە دوای خەیاڵات و مەشقی لەمێژینەی بیری خۆی‌دا دەڕۆیی و دەجووڵایەوە. لەوێ‌را تێما کە چ بکا؟! خاوەنی هیچ ڕەوت و ڕێبازێکی دیاری‌کراو نەبوو. نە کۆمۆنیست بوو کە هەموان بکوژێ؛ نە فاشیست بوو کە لەگەڵ مەزن و ماقووڵان بکەوێتە هاوکاری و توندڕەوان و کۆمۆنیستەکان دەمکوت بکا؛ نە حیزبێکی هەبوو کە کار بۆ هاوڕێبازانی خۆی دابین بکا و خەڵکی دیکە لە کار بکا، نە خاوەنی عێل و عەشیرەتێک بوو کە خزمانی دەوروبەری بە سەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنێ و نە وەکوو بۆ خۆی گوتوویەتی، پێشتر لانی‌کەم سەت کەسێکی دۆستی شیاوی باروەدۆخەکەی لە خۆی هاڵاندبوو کە دوای سێ مانگان سەردارسپا نەتوانێ بەرەی لە ژێر پێی دەرکێشێ.»

## پەیمان‌نامەی ئێران و سۆڤییەت

پێشتر باسمان کرد کە لە سەردەمی دەسەڵاتی فەتحوڵڵا ئەکبەردا، پێواژۆی نێوان موشاویرولمەمالیکی وەزیر موختار و نوێنەری تایبەتی ئێران لە مۆسکۆ لەگەڵ پایەبەرزانی دەوڵەتی سۆڤییەت ئاکامێکی لێکەوتەوە و پەیمان‌نامەیەکی ٢٦ی بەندی ڕێکخرا و بە تەلگراف بە دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندرا و فەتحوڵڵا ئەکبەر (سپادار) پاش باس و ڕاوێژ لەگەڵ چاوناسان و سیاسەتوانانی دیاری ئێرانی،

ڕەزامەندیی دەوڵەتی ئێرانی لەسەر ئەو پەیماننامەیە بە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤییەت و موشاویرولمەمالیک ڕاگەیاند.

بەستراتی پەیمانی نێوان ئێران و سۆڤییەت کە تەواوی ڕێککەوتننامە و پەیماننامەکانی سەردەمی حکوومەتی پێشووی ڕووسیای لەگەڵ ئێران پێهەڵدەوەشایەوە و ئاوا بناغەی پەیوەندییە تازەکانی حکوومەتی سۆڤییەتی لەگەڵ ئێران دارشت. یەکێک لە پرشنگدارترین سەرکەوتنە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی ئێرانە کە سەرەرای تەواوی ئەو گیروگرفتە سیاسی و ئابوورییانە وەدەستی هێناوە. ئەم پەیمانە کە هاوکات لەگەڵ کودەتای ڕەشەمەی ١٢٩٩ی هـ/ فێوریەی ١٩٢١ی ز. لە مۆسکۆ واژۆ کرا. سەیر ئینگلیسییەکانی تۆقاند. [ئینگلیسی ئەوەندە لەو وتوویژانە تۆقیبوون] کە هەواڵنێرانی ڕۆژنامە ئینگلیسییەکانی دانیشتووی مۆسکۆ، هەموو ڕۆژێک سەبارەت بە دیدار و گوفتوگۆی نێوان نوێنەری ئێران و «کاراخان»ی کۆمیسێری کاروباری دەرەوەی سۆڤییەت، ڕاپۆرتیان دەناردەوە لەندەن و سەبارەت بە گەڵاڵەکردنی پەیمانی دۆستانەی نێوانیان دەدوان. بۆ وێنە هەواڵنێری «دەیلی هرالد» ڕۆژی ٢٦ی ژانوییەی ١٩٢١ بە ڕۆژنامەکەی خۆی ڕاگەیاند کە چاوی بە کاراخان کەوتووە و وتوویژی لەگەڵ کردووە و گوتوویەتی یەکییەتیی سۆڤییەت بە هیچ شێوەیەک نایهەوێ کە دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەربدا. ڕۆژنامەی «دەیلی هرالد» دوایەدوای ڕاپۆرتی هەواڵنێرەکەی خۆیدا لە مۆسکۆ ئاوای نووسیوە:

«هەروەک حکوومەتی سۆڤییەت لە مێژووی حکوومەتانی دنیادا تاقە و وەکوو هیچ حکوومەتێکی دیکە ناچی. ئەم پەیمانەش هەر بەڵگەنامەیەکی سەیرە.[1] بەپێی ئەم پەیماننامەیە تەواوی قەراروبڕی و ڕێککەوتننامەکانی پێشووی ڕووسیا و ئێران هەڵدەوەشێنەوە و هەموو ماف و پاوانێکی کە ڕووسیا قازانجی لێ چنیونەوە دەچنەوە پاش و بەتاڵ دەکرێنەوە. بەگوێرەی دەقی ئەم پەیمانە، پەیماننامەی ساڵی ١٩٠٧ی نێوان ڕووسیا و ئینگلستان کە ئێرانی پێ کرابوویە دوو ناوچەی ژێر دەسەڵات هەڵوەشاوەتەوە.»

«ئەو ناوچە و هەرێمانەی ئێران کە لە ڕابردوودا خراونە سەر ڕووسیا، دەخرێنەوە سەر خاکی ئێران. ئەو قەرزانەی کە ئێران لە ڕووسیای وەرگرتوون و

---

١- مەبەستی پەیمانی نێوان ئێران و سۆڤییەتە.

سوودی سالانەی لە چەند ملیۆن لیرەی ئینگلیسی تێدەپەڕێ، لەسەر ئەستۆی دەولەتی ئێران هەلدەگیرێ. ئەو بانکانەی کە حکوومەتی پێشووی رووسیا لە ئێران دایمەزراندوون و زۆر بەتوندی ژیانی ئابووریی ئەم ولاتەیان خستبوویە ژێر چاوەدێری، بە خۆرایی دەدرێن بە ئێران. رێچکەی ئاسنی رووسیا لە ئێراندا ئەسپاردەی دەستی ئەم دەولەتە دەکرێ و هەموو قان و پاوانەکان هەلدەوەشێنەوە. ئێران سەرلەنوێ مافی کەشتیئاژوان لە دەریای خەزەردا وەدەست دێنێتەوە. ئەو ئیمتیازانەی کە بۆ کەسانی بێگانە وەبەرچاو گیراون و کارێکی پڕ لە سووکایەتین هەلدەوەشێنەوە. ئەو خەسارەتانەی کە جەنگەی پەلاماری گەمییەکانی دێنیکین لە بەندەرئەنزەلی وەشاون، قەرەبوو دەکرێنەوە. تێهەلێنانەوە و بژاردنی ئەم زەرەدانە کارێکی یەکجار گرینگە و رووسیا بە دل دەیکا و دەیهەوێ بەم دەستبەرداربوون و پشوودرێژییە نێوانێکی گەرموگوڕ و دۆستانە لەگەل ئێران دامەزرێنێ و رێگا بۆ پەرەی بازرگانی و کرانەوەی رێگای گەیاندن و گواستنەوەی ئازاد دەستەبەر بکا.»

«بەلام سەبارەت بە بواری سەربازی، تەنیا خالێکی کە رووسیا لەم پەیماننامەیەدا هێناویەتی بەم چەشنەیە: ئەگەر خاکی ئێران لە لایەن هێزێکی بێگانەوە بکرێتە بنکەی هەلمەت و شالاوی دوژمنانە و ئێرانیش نەتوانێ بەر بەم پەلامارە بۆ سەر خاکی خۆی بگرێ، رووسیا مافی ئەوەی دەبێ کە لە خاکی ئێراندا زەبری بەرەنگاری بوەشێنێ.»

پەیمانی فێورییەی ١٩٢١ی نێوان ئێران و سۆڤییەت، بەپێچەوانەی بۆچوونی هەوالنێری رۆژنامەی دەیلی هرالد، بەلگەنامەیەکی سەیر نەبوو کە بەرلە واژۆکرانی وەکوو راپۆرت ناردبوویەوە لەندەن. ئەوەی راستی بێ ئالوگۆڕی سیاسی لە رووسیادا و بەرەورووبوونی حکوومەتی شۆرشگێری نوێ لەگەل هەزاران گرێ و گرفتی سیاسی و سەربازی و ئابووری و پێویستیی بەدی هێنانی هێمنایەتی لە سنوورەکانی ئەو ولاتەدا، بەتایبەت لە سنوورەکانی باشووری دراوسێی ئێران و عوسمانی و ئەفغانستان دەوری بەرچاویان لە گەلالە کردن و رێکخستن و واژۆی ئەم پەیمانەدا گێڕا. هەروەها هەنگاوی گەرموگوڕی ئێران بەرەو رووسیا و سرشتی حکوومەتی سۆسیالیستی لە بەدی هێنانی کەشێکی ئاوادا کاریگەر بوون، هەلبەت دەستبەرداربوونی رووسیا لە گەلێک پشک و پاوانی سیاسی، ئابووری و دارایی و بەخشینەوەیان بە ئێران شایانی پێزانینە و لە هەلومەرجێکی ئاوا ناسکدا

زۆر بە قازانجی وڵاتی ئێمە شکایەوە و بارێکی قورسی لەسەر شانی دەوڵەت و گەلی ئێران هەڵگرت و تەواوی ئەم هەنگاوانە دەگەڕێتەوە سەر دامەزرانی حکوومەتی سۆسیالیستی لە ڕووسیادا.

ئەو مەبەستانەی کە لە پەیمانی فێورییەی ١٩٢١ی نێوان ئێران و سۆڤییەتدا جێگای سەرنجن و پێویست بە شیکرانەوەن بریتین لە دوو بابەت:

١- حکوومەتی سۆڤییەت بەرلە واژۆکرانی پەیمانی ١٩٢١، یانی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٨دا کە دەسەڵاتی بە سەر مۆسکۆدا شکابۆوە، بەراشکاوی ڕایگەیاند کە تەواوی ڕێککەوتن و پەیماننامەکانی حکوومەتی قەیسەری لەگەڵ دراوسێیانی، بۆ نموونە لەگەڵ ئێران بە هەڵوەشاوە دەزانی. هەروەک هەواڵنێری دەیلی هراڵد نووسیویەتی، پاشان دەوڵەتی سۆڤییەت بەپێی پەیمانی فێورییەی ١٩٢١ پێی لێناوە و ئۆباڵی لەسەر کێشاوە کە بەشێک لە خاکی ئێران بە دەستی زۆر و کەڵەگایی لە سەردەمی قەیسەریدا داگیر کراوە و دەبێ بگەڕێتەوە سەر قەڵەمڕەوی ئێران. وەکوو باسی کرا شاندی نوێنەرایەتیی ئێران لە کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریسیشدا ئەم پرسەی وروژاند و داوای کرد کە ناوچە و هەرێمەکانی قەفقاز و باکووری خوراسان بدرێتەوە بە ئێران؛ بەڵام نە لەرێوە دوای بەسترانی پەیمانەکە و نە لە ساڵانی دواتردا هەرگیز تەنانەت بستێکیش لەو ناوچە و هەرێمانە نەدرانەوە بە ئێران. هەروەها بریتانیای گەورەش کە دەهات و دنیایەکی لافی دۆستایەتی لێدەدا لەگەڵ ئێران، بچووکترین هەنگاوی لەپێناو دەستەبەربوونی مافی ئێراندا هەڵنەهێنایەوە. تۆبڵێی دواتر ڕەوت و ڕێباز و ڕوانگەی مەزنانی حکوومەتی سۆڤییەت سەبارەت بە ئێران تووشی ئاڵوگۆڕ بووبێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە پێداچوونەوە و شیکردنەوەی وردی حکوومەتی ئێران لە پاش ساڵانی ١٣٠٣ی هەتاویدا بدۆزرێتەوە و ئەم بابەتە لە چوارچێوەی نێوەرۆکی کتێبەکەی ئێمەدا خۆی نابینێتەوە.

٢- حکوومەتی سۆڤییەت کە لە ڕۆژانی سەروبەندی واژۆی پەیمانەکەدا کەوتبوویە بەر گەفی هێزەکانی ئینگلیسی لە پێگە و بنکەکانی ئێرانەوە و هێزەکانی فەرانسە و ئەمریکا لە سنوورەکانی باڵی ئاسیا و ئورووپایەوە گوێیان لێ لە کڵاوی دەرپەڕاندبوو. بە مەبەستی پێکهێنانی پشتێندەیەکی پاراستن بۆ داهاتووی. لە پەیماننامەکەی ١٩٢١دا ئەم خاڵەی گونجاند کە ئەگەر ئێران بکرێتە بنکەی شاڵاو بۆ

سەری مافی ئەوەی هەیە هێز بنێرێتە نێو خاکی ئێران. سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی ئێران کە دیبوویان حکومەتی سۆڤییەت ئاوا دەستی لە زۆر شت کێشاوەتەوە و بە سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسییان لێکدەدایەوە. هەرگیز لایان وانەبوو کە دراوسێی گەورەی باکووری بە حاڵودووبەلاش دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئێران؛ هەر بۆیە بێ‌ئەوەی ئەو بەندەی پەیماننامەکە و ئاکامەکانی داهاتووی ڕەچاو بکەن، قبووڵیان کرد و بەڕاستی هەقیش وابووکە بیکەن. چونکە ئێران هەرگیز وڵاتێکی شاڵاوبەر نەبووە و قەت بە ویست و دڵی خۆی نەیویستووە کە دراوسێیانی زیان لە دراوسێ‌بوونی ببینن. بێجگە لەوەش ئەوەندە تێبینی و بیری دوارۆژە کە دەبێ لە بیر و مێشکی سیاسەتمەدارانی بەئەزموونی وڵاتێکدا بێ، لە هزر و بیری مەزنان و سیاسەتوانانی ئێرانی‌دا نەبوو.

هەر چۆنێک بووبێ پەیمانی فێورییەی ١٩٢١ی نێوان ئێران و سۆڤییەت پاش پەسندکرانی دوو دەوڵەتەکە ڕووی ڕەسمی‌بوونی بە خۆیەوە بینی. تیئۆدۆر ڕۆتشتاین کە پێشتر ئەندامانی شاندی نوێنەرایەتیی بازرگانیی ڕووسیا بوو لە لەندەن، کرایە وەزیر موختاری تازەی سۆڤییەت لە ئێران و بە مەبەستی چاوەدێری بە سەر پەیڕەوکرانی پەیمانەکەدا ڕووی کردە ئێران و لە کابینەی سەید زیائەددین‌دا بە دەوڵەت ناسێندرا و پاشان باوەڕنامەکەی خۆی دایە خزمەت ئەحمەدشا.

## کار و هەنگاوەکانی سەید زیائەددین و ڕووخانی کابینەکەی

مەلیکوششوعەرای بەهار، سەید زیائەددینی بە کابرایەکی فاشیست داناوە و ئاوای دەربارەی نووسیوە:

«سەید زیائەددین دەمپاراو بوو. وەکوو دیارە فاشیست[1] بوو، بەڵام هیچی لە ڕێوشوێنی فاشیزم نەدەزانی. لەو سەردەمەدا پەتای دیکتاتۆری بۆ

---

١- وشەی ئیتالیاییی «فاشیسمۆ» لە «فاشیس»ی زمانی لاتینی وەرگیراوە و ئەویش تەورێک بووە کە چەند شیشێکی هاوتەریب لە دەوری دەسکەکەی شەتەک دراوە و وەکوو هێمای دەسەڵات لە بەردەم پادشایانی ڕۆمی داندراوە. مووسۆلینی ئەم نیشانەیەی وەکوو هێمای حیزبی «فاشیست»ی ئیتالیا هەڵبژارد... .

فاشیزم جووڵانەوەیەکی سیاسی و ڕێبازی سیاسییە و بە شوێن پێکهێنانی حکومەتی دیکتاتۆری و دژی پارلمانی‌دا دەڕوا. بەئاشکرا دەوڵەت بە مەزنی هەموولایەک←

بەرهەڵستبوونەوەی کۆمۆنیزم لە دنیادا ببوو بە باو. سەید زیائەددین بۆ بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی کۆمۆنیزم قوت کرابۆوە و بەپێی دابی باوی دنیا کابرایەکی فاشیست بوو. بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێ نەبوو بۆ سەپاندنی ئەم چەشنە دەسەڵاتە، یان بە کەمتەرخەمی نەیتوانیبوو هەڵیانبژێرێ. هەر بۆیە لە کاروباری خۆیدا داما و دوای دەرپەڕاندنی لە ئێران و گیرسانەوەی لە فەرەنگ لە وتوویژێکی بڵاوکراوەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک، دانی پێداهێنابوو کە لەم ڕەوت و ڕێبازەدا خاوەنی هاوڕێ و هاوکار نەبووە.»

ئەم هەڵسەنگاندنەی مەلیکوششوعەرای بەهار سەبارەت بە سەید زیائەددین بەو شێوەیەی کە لە کتێبی مێژووی حیزبە سیاسییەکاندا هاتووە و وەک بۆخۆی دەڵێ بەشی هەرە گرینگیشی لە کتێبی «ئەحمەد شەهریوەر» وەرگرتووە، ناکرێ هەمووی وابێ. چونکە ئەو کاتی، مەلیکوششوعەرا بە باری سیاسیدا کەوتۆتە باڵی دژبەری حکوومەت و وەک خۆی دەڵێ بە فەرمانی سەید زیائەددین زیندانی کراوە. بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەم کارە شوێنی کردۆتە سەر چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی سەرۆکی دەوڵەتی کودەتا و بەڕێوەبەری کودەتا یانی ڕەزاخانی میرپێنجە لە لایەن بەهارەوە و ئەو خوایەخشیوە پێی وایە کودەتا لە لایەن بێگانەوە گەڵاڵەی بۆ داڕێژراوە و بە شوێن ئامانج و بەرژەوەندییەکی دیاردا هەنگاوی ناوە. بەهار بە ڕەشبینی لە هەموو کارەکانی دەوڵەتی کودەتا و سەردەمی دەسەڵاتی سەید زیائەددین و ڕۆژگاری برشت و دەسەڵاتی سەردارسپا، یانی ڕەزاخانی میرپێنجەی ڕوانیوە. جگە لەمەش چۆن دەکرێ کەسێک فاشیست بێ، بەڵام ئاگای لە چوارچێوەی بنەماکانی بیر و باوەڕی فاشیزم نەبێ؟ هەروەها دەبێ بزانین خۆ هەر کەسێکی کە دژی کۆمۆنیزم بێ، ناکرێ بە فاشیست ئاودێر بکرێ. ئەمە ئاوێکە کە زۆر دواتر، یانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی «ئیستالین»دا لە سۆڤییەت وەکوو بەڵگە و بیانوویەک بۆ کافراندنی دژبەرانی سیستمی حکوومەتی سۆڤییەت کاری پێدەکرا. نەک لە زەمانی دەسەڵاتی سەید زیائەددیندا کە هێشتا بنەماکانی پێکهاتە و ڕێکخستنەکانی فاشیستی لە ئیتالیا و ئاڵمان نەیانتوانیبوو پنجیان دابکوتن و ئەو دوو دەوڵەتە بەئاشکرا نەیاندرکاندبوو کە خەنیمی ڕێبازی کۆمۆنیزمن.

---

دەزانی و پشتئەستوورە بە ڕەگەزپەرستی و خەنیمی گەلسالاری و کۆمۆنیزم و لیبرالیزمە. فاشیسم پاوانی دەسەڵات لە چنگ حیزبێکدا بە ڕەوا دەزانی... .و.

وەکوو ئاشکرایە کابینەی سەت رۆژەی سەید زیائەددین لە ماوەی دەسەلاتی‌دا چەند کەسێکی بەناوبانگی وەکوو تەیموورتاش و فەرمانفەرمای گرتن و کەوتە پەیکەردەی موسەددیقوسسەڵتەنە و چەندین بەیانییە و راگەیاندراوی توند و ئاگرینی بڵاو کردەوە و دەرکەی مەیخانانی داخستن و قەدەغەی لەسەر کڕین و فرۆشتنی ئارەق و شەراب دانا. بەڵام بێجگە لەم کارانە چەند هەنگاوێکی دیکەی هاویشتن کە بریتین لە:

١- سەید زیائەددینی سەرۆکوەزیر فەرمانی دا بە کۆلۆنێل محەممەدتەقی‌خانی پیسیانی سەرۆکی ژاندرمەریی خوراسان هەتا ئەحمەدی قەوام (قەوامولسەڵتەنە)ی والیی خوراسان بگرێ. پیسیان ئەرکەکەی راپەڕاند و قەوامی لەگەڵ پۆلێک پاسەوان نارده تاران و شا فەرمانی دا هەتا لە بەندیخانەی پەستێون. (هەر ئەم گیراوە دڵنەخواز و نەخوازراوە بوو کە ماوەیەک دواتر لە نێو بەندیخانەدا حوکمی سەرۆکوەزیرایەتیی لە ئەحمەدشا وەرگرت.)

٢- لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٠٠ی هـ/١٩٢١ی زایینی‌دا، سەرگورد مەسعوودخانی وەزیری بەرگری راسپێردرا کە برواتە قەزوین و ئەو قەزاقانە وەربگرێ کە لە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی ئینگلیسی‌دا بوون.

٣- وا قەرار کرا کە هێزەکانی ئینگلیسی هەتا بانەمەری ١٣٠٠ی هـ/ ئاوریل ـ مەیی ١٩٢١ کەسیان لە خاکی ئێران نەمێنێ و سەرلەبەری پۆلیسی باشوور بدەنە دەست دەوڵەتی ئێران. رۆژی ٨ی شابانی ١٣٣٩ی ک/ گلکەی خاکەلێوەی ١٣٠٠ی هـ ، دەوڵەت بە بڵاوکردنەوەی راگەیاندراوێک لە رۆژنامان‌دا روونی کردەوە کە هێزەکانی ئینگلیسی قەزوینیان چۆل کردەوە و لەشکرێکی ژاندرمە و قەززاق بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی بۆلشویکان و سەرکوتکردنی کووچکی جەنگەڵی لە مەنجیل بنەیان داکوتاوە.

٤- لە نیوەی شابانی ١٣٣٩ی کۆچی و رۆژی دیداری شادا، رەزاخانی میرپێنجە کە پێشتر لە لایەن ئەحمەدشاوە سەرناوی سەردارسپای پاربوو کرابوو، لە کابینەی کۆدەتادا وەکوو وەزیری بەرگری بە پادشا ناسێندرا و بۆ بەیانی‌را دەرکەوت دەوڵەتی سەید زیائەددین هێندەی پێناچێ کە دەرووخێ.

رووداوێکی روون و سروشتی بوو کە بە هاتنە سەر کاری سەرۆکوەزیری نوێی زیندانی‌کراوی سەید زیائەددین، سەرۆکوەزیری پێشوو لە ئێران نەمێنێ.

ڕۆژی ١٧ی ڕەمەزانی ١٣٣٩ی ک/ ٤ی جۆزەردانی ١٣٠٠ی هەتاوی/٢٥ی مەیی ١٩٢١، پاش نووسران و بڵاوبوونەوەی فەرمانی شا بۆ لابردنی سەید زیائەددین، ناوبراو لەگەڵ سەرگورد مەسعوودخان و کۆلۆنێل کازمخانی فەرمانداری سەربازیی تاران و سەرۆکی دەستەی کارگێریی حیزب، لە ژێر چاوەدێریی کۆمەڵێک پاسەوانی قەززاقدا بە ڕێی بەغدادا ڕوویان کردە ئورووپا. خەنیمانی سەید زیائەددین دەوڵەتەکەیان بە «کابینەی ڕەش» ناودێر کرد.[1]

## کابینەی قەوامولسەڵتەنە

قەوامولسەڵتەنە لە بەندیخانەی سەید زیائەددیندا هەواڵی پێگەیشت کە سەید زیائەددین لەسەر کار لادراوە و ئەویان لە جێی داناوە. ئەحمەدی قەوام (قەوامولسەڵتەنە) ڕۆژی ٢٧ی ڕەمەزانی ١٣٣٩ی ک/ ١٤ جۆزەردانی ١٣٠٠ی هەتاوی، یانی دە ڕۆژ دوای لێکهەڵوەشانی کابینەی کودەتا لە کۆشکی «فەرەحئاباد»ی تاران ئەنجومەنی وەزیرانی بە خزمەت ئەحمەدشا ناساند:

قەوامولسەڵتەنە، سەرۆکوەزیر و وەزیری نێوخۆ؛ سەردارسپا، وەزیری بەرگری؛ دوکتۆر موسەددیقوسسەڵتەنە، وەزیری دارایی؛ موحتەشەموسسەڵتەنە، وەزیری کاروباری دەرەوە؛ موستەشارووددەولە، وەزیری ڕاوێژکار؛ مومتازووددەولە، وەزیری پەروەردە و ئەوقاف؛ عەمیدوسسەڵتەنە، وەزیری دادوەری؛ موشاروسسەڵتەنە، وەزیری پۆست و تەلگراف؛ حەکیمووددەولە، وەزیری تەندروستی و خێروخێرات و ئەدیبوسسەڵتەنە (سەمیعی)، وەزیری ڕێگاوبان و کشتوکاڵ و بازرگانی.

بنکەی ژین

---

١- چەند کار و هەنگاوێکی سەید زیائەددین وای کرد هەتا بەشێک لە ڕووناکبیران، بەتایبەت چین و تووێژی ئاپۆرەی کۆمەڵگا بەگشتی بینە لایەنگری، بۆ نموونە «عارفی قەزوینی»، شاعیری نەتەوەیی ئێران هۆنراوەیەکی پڕ شۆڕی بۆ داناوە و لە بڕبەندیدا دەڵێ:

ئەی کە سەرپەنجەیی هەق پشت و پەناتە وەرەوە
چەم بە دڵ چاوەڕوان، شێتی نیگاتە وەرەوە

[شیعرەکەم کورت کردەوە.و.] بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: دیوانی عارفی قەزوینی، چاپی چوارەم، ل ٤١١- ٤١٤.

بەکورتی بەرنامەی دەوڵەتی قەواموسسەڵتەنە بریتی بوو لە: دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ چینی سێهەمی کۆمەڵ، پێکهێنانی چاکسازی لە حاڵوباڵی وەرزێراندا، سەرنجدانە سەر کاروباری کشتوکاڵ، وەگەڕخستنی بانکی ئیستقرازی کە بەپێی پەیمانی فێوریەی ١٩٢١ی نێوان ئێران و سۆڤییەت، ئێران ببوو بە خاوەنی، کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی سامان لە ڕێی دامەزراندنی کۆمەڵێک شەریکە و وەگەڕخستنی کانگاکان، ڕاکێشان و تێوەدانی سەرمایەکانی نێوخۆ لە کاروباری ئابووری و دابینکردنی وامی نێوخۆ بۆ چالاکبوونی دامودەزگاکانی دەوڵەتی، دەست پێوەگرتن بە بوودجەوە و دەرهاویشتنی خەرجوبەرجی زیادە، تۆکمە و تەسەلکردنی هێزەکانی ئاسایش، گەشەدان بە بواری فەرهەنگی، چاکسازی لە سیستمی دادوەریدا و هەڵوەشاندنەوەی کاپیتۆلاسیۆن، سەرنجدانە سەر باری تەندروستی و پەرەپێدانی ناوەندەکانی ئەم بوارە لە وڵاتدا.

خولی چوارەمی پارلمان دەنگی متمانەی دایە ئەنجومەنی وەزیرانی قەواموسسەڵتەنە و چونکە سازابوو لەگەڵ ئەحمەدشاش و تاقمێک لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی تاران و شاران ببوونە پشتیوانی دەوڵەت. زۆر بەگوڕ هێرش بۆ سەر سەید زیائەددین و کودەتا لە رۆژنامەکان و کۆمەڵانی سیاسی و پارلمانیدا دەستی پێکرد.[1] هێشتا بۆلشویکەکانی گیلان سەرکوت نەکرابوون و کووچکخانی جەنگەڵی لە پەنای لێرەواردا دژی دەوڵەتی ناوەندی دەجووڵایەوە و لە لایەکی دیکەوە کۆلۆنێل محەممەدتەقیخانی پێسیان، سەرۆکی ژاندرمەریی خوراسانیش سەری لە ئاست فەرمانی حکوومەتی ناوەندی بادابوو.

لە پارلمانی نیشتمانیدا کێشە کەوتبوویە نێوان باڵی زۆرینە یانی چاکسازیخوازان و باڵی کەمینەی حیزبی تازە دامەزراوی سۆسیالیست کە سەید محەممەدسادق تەباتەبایی و سولەیمانمیرزا پێشەنگی بوون و هەڵیاندەسووراند. سۆسیالیستەکانیش خۆیان ببوون بە دوو باڵ؛ باڵی چەپ کە بە لای رەوت و

---

١- «سەردارسپای وەزیری بەرگری، وەختایەک شەپۆلی هێرش بۆ سەر بەرێوەبەری کودەتا پەرەی ئەستاند وەجواب هات و گوتی: سەیرە! من لێرەم و خەڵک دەیانهەوێ بەرێوەبەری کودەتا بدۆزنەوە. من بەرێوەبەری کودەتا بووم.» بڕ: مێژووی حیزبە سیاسییەکان، نووسینی مەلیکوششوعەرای بەهار.

ڕێبازی سۆڤییەتدا شکابۆوە و باڵی ڕاست کە پێی وابوو میانەڕەوی لە داشکانی ئاشکرا بەو لایەی دیکەدا باشترە. سۆسیالیستەکانی خولی چوارەمی پارلمان و حیزبەکەیان «هەیئەت»یان پاڵاوتبوو بۆ سەرۆکوەزیرایەتی و چاکسازیخوازان یانی زۆرینە بە لای هەڵبژاردنی قەواموسسەڵتەنەدا شکابوونەوە. بەم شێوەیە کەمتاکورتێک زۆرینەیەکی نەگۆڕ و کەمینەیەکی بگۆڕ لە پارلماندا خۆیان دەنواند و قەواموسسەڵتەنە بە پشتیوانیی شا و زۆرینەی پارلمان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ملی نا لە کار و هەڵسووڕان.

هێرش بۆ سەر سەید زیائەددین و بەدیهێنەرانی کودەتا بە هەستی هارووژاوی دژی ئینگلیسی دەستاودرابۆوە و لە ڕۆژنامە دیار و بەرچاوەکانی ئەو سەردەمەی ئێراندا ڕەنگی دابۆوە. لۆرد کورزۆن وەزیری دەرەوەی بریتانیا ڕۆژی ٢٦ی ژوونییەی ١٩٢١/ گەلاوێژی ١٣٠٠ی هەتاوی، لە پارلمانی ئینگلستان دەربارەی ئێران وتاری دا و خۆی بە دۆستی لەمێژینە و خەمخۆری ئێران و خوازیاری پێشکەوتن و بەختەوەریی گەلی ئێران دانا. ڕەنگدانەوەی وتارەکەی لۆرد کورزۆن لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا شەپۆلێکی ڕق و تووڕەبوونی ئاپۆرەی خەڵکی ئێرانی دژی لۆرد و سیاسەتی تاوانبارانەی بریتانیا بە دوایدا هات. لە ڕۆژنامەکانی تاراندا، بەتایبەت لە «ئەستێرەی ئێران» و «ئێران»دا چەند وتارێکی توند و سارد و سووک دژی بریتانیا و سیاسەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە لە ئێراندا بڵاو کرانەوە.

لە وتارێکی توند و ئاگرینی ڕۆژنامەی «ئەستێرەی ئێران»دا، پاش پەلاماردانی لۆرد کورزۆن و پێکەوە هەڵسەنگاندنی پەیمانی فێورییەی ١٩٢١ی نێوان ئێران و سۆڤییەت لەگەڵ پەیمانی ١٩١٩ی نێوان ئێران و ئینگلیس و تاریف و پێداهەڵدانی پەیمانی یەکەم و بە قوڕدا ڕۆبردنی پەیمانی دووهەم، ئاوا نووسرابوو:

«ئینگلستان بە بەستنی پەیمانی ١٩٠٧ و هەڕەشەی ١٩١١ و پەیمانی ١٩١٩، پێکهێنانی پۆلیسی باشوور، ناردنی ئەرمتیاژ سمیت، هێنانی سەربازانی هیندی و دەست بە سەرداگرتنی خاکی ئێران، بەرگرتن لە چاکسازی و قەرزوقۆڵەی دەرەکی و هەڵسووڕانی نوێنەرانی خۆی لە ئێران، بە گەلی ئێرانی سەلماند کە هیچ پێی خۆش نییە ئێران وڵاتێکی مەزن و خاوەندەسەڵات و پێشکەوتوو بێ، بەڵکوو دەیهەوێ کە بۆ پەرەی سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی، ئێران ببێتە وڵاتێکی وەکوو میسر. دەوڵەتی ئینگلیس خوازیارە کە ئێران خاوەنی سپایەکی ڕێکوپێک بێ، بەڵام

وەکوو پۆلیسی باشوور و لە ژێر رکێفی ئەفسەرانی ئینگلیسی و سەر لەپێناوی فەرمانەکانی دەوڵەتی [ئینگلیسی هینددا] بێ. ئەم دەوڵەتە دەیهەوێ بارودۆخی دارایی ئێران باش و جێی رەزامەندی بێ. بەڵام وەکوو میسر خۆی دوولینگەی بە ملیدا هێنابێ و بەپێی فەرمانی راوێژکاران و بەرێوەبەرانی ئینگلیسی بەرێوەبچێ.»

رۆژنامەی تایمزی لەندەن لە ژمارەی ٢٩ی ئووتی ١٩٢١دا، سەبارەت بە رەنگدانەوەی وتارەکەی لۆرد کورزۆن لە رۆژنامەکان و کۆڕ و کۆمەڵانی نیشتمانیی ئێراندا ئاوای نووسیبوو:

«لێکدانەوەی نێوان لۆرد کورزۆن و رۆژنامەکانی تاران لەسەر سیاسەتی ئینگلستان عەرز و ئاسمانیان نێوانە و لێکدابرانێکی قووڵ دیارە کە رەنگە لە بنبنەوەیدا راستەقینەیەکی زەق بدۆزرێتەوە. بێگومان لایەنی خراپی سیاسەتی ئینگلستان زۆر لە ئاوزرانی حکوومەتی پێشووی قەیسەری رووسیا واوەتر چووە و ئەو ژینگە و ئاقارەی کە رۆژایەک بۆ گەلی ئینگلیس شادیهێن بوو، ئێستا بەتەواوی گۆڕاوە.»[1]

## چارەنووسی میرزا کووچکخان [١٨٧٨_ ١٩٢١ی ز]

وەکوو پێشتر باسمان کرد، میرزا کووچکخانی جەنگەڵی یەکێک بوو لە خەباتکارانی ئازای شۆرشی مەشرووتە و پیاوێکی بەدین و بەشەرەف و نیشتماندۆست و خوازیاری سەربەستی و مەزنایەتیی ئێران بوو. کووچکخان لە جەنگەی شەری یەکەمی جیهانیدا «کومیتەی یەکێتیی ئیسلام»ی لە گیلان دامەزراند و دەیهەویست حکوومەتێکی سەربەخۆی دوور لە دەستێوەردانی بێگانە بەدی بێ. کۆمەڵێک هاورێ و هاوکاری وەکوو دوکتۆر حیشمەت تالەقانی، حاجی ئەحمەد کەسمایی و سوڵتان داوبخانی ئەفسەری ژاندرمەری و غولامرەزاخانی برای و ئیحسانوڵلاخان و کۆلۆنێل محەممەدتەقی پێسیان سەرۆکی ژاندرمەی نێردراو بۆ زەنجان و تاروم و دەستەیەک لە خەڵکی ئازادیخوازی رەشت و گیلان پشتیوانییان لێدەکرد و هاوکات کاربەدەستانی باڵای ئالمانی و عوسمانیش لە ئاست رووسیای قەیسەریدا یاریدەری بوون و هێزیان وەبەردەنا.

---

١- رابوونەوەی ئێران، گردوکۆی فەتحوڵڵا نووری ئیسفەندیاری.

وەکوو پێشتر باسی کرا، میرزا ماوەیەکیش شانبەشانی هێزەکانی ئینگلیسی بە مەبەستی دەرپەڕاندنی بۆلشویکەکان لە گیلان کەوتبوویە سەر بواری هاریکاری و پاشان خۆی لەگەڵ ئیحسانوللاخان دایە پاڵ حکوومەتی شۆڕشگێری گیلان. پاش ئەوەی کە هێزە شۆڕشگێڕەکانی بۆلشویک خۆیان لە حاند هێرشی هاوبەشی ئینگلیسی و قەزاقان بۆ ڕانەگیرا، میرزا لە «پەسیخان»ی ناوچەی جەنگەڵ ماتەی هەلگرت و دژی حکوومەتی ناوەندی ڕاپەڕی.

ژەنەراڵ دونستێرڤیل فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیس لە باکووری ئێران سەبارەت بە میرزا کووچکخان گوتوویەتی: «بزووتنەوەی جەنگەڵ لە لایەن میرزا کووچکخانەوە کە شۆڕشگێڕیکی ناسراو و ئیدەئالیستێکی بەشەرەف و بەویژدانە هەلگیرساوە... بە بڕوای من میرزا یەکێکە لە نیشتماندۆستانی ڕاستەقینە و پیاوی ئاوا لە ئێراندا کیمیایە.»

تێکچوونی بارودۆخی وڵات لە کلکەی ساڵی ۱۳۲۸ و سەرەتاکانی ساڵی۱۳۲۹ی ک/ ۱۹۲۰ – ۱۹۲۱ی زایینیدا، میرزای دژی دەسەڵاتدارانی ناوەندی تێژتر و لێبڕاوتر کرد و لە نێو هەرێمی لێرەواردا چوویە قاپێلکی خۆیەوە و بەرەنگاری هێزەکانی قەزاق چەقی.

دەولەتی سەید زیائەددین کە میراتگری سەرکەوتنە درەوشاوەکانی کابینەی سپادار و موشیرووددەولە بوو سەبارەت بە بەستنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ حکوومەتی سۆڤییەت، پاش دڵنیابوونەوەی لەوەی کە تازە دەولەتی رووسیا پشتیوانی لە حکوومەتی بۆلشویکیی گیلان ناکا و پشتی دەولەتی ناوەندی دەگری هەتا دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی لە گیلان سەقامگرتوو بێ، بڕیاری دا کە شۆڕشی گیلان و ڕاپەڕینی میرزا کووچکخان بنەبڕ بکا.

تیئۆدۆر ڕۆتشتاین وەزیر موختار و نوێنەری تایبەتی سۆڤییەت لە ئێران، ڕۆژی ۸ی بانەمەڕی ۱۳۰۰ی هەتاوی/ کلکەی ئاوریلی۱۹۲۱، کاتێک باوەڕنامەی خۆی پێشکەشی ئەحمەدشا کرد، وتارێکی دا و لە ئاخری قسەکانیدا گوتی:

«با خاوەنشکۆی پایەبەرز دڵنیا و خاترجەم بێ کە دەولەتی من پێیخۆشە بەگوێرەی ئەو بەڵێنانە بجووڵێتەوە وا لە جەنگەی بەستنی پەیمانی نێوانماندا داویەتی و بەوپەڕی گەرموگوڕی سەبارەت بە تێکەوەپێچانی تۆماری تەمەنی کێشەی گیلان بەخێرایی هەنگاو هەڵدێنێتەوە.»

شاڵاوی سەربازی دژی سەربزێوانی گیلان هەر دوابەدوای پێکهاتنی دەوڵەتی قەواموسسەڵتەنە دەستی پێکرد و هێزەکانی سەربزێوان لە بەشی هەرە زۆری هەرێمی مازندەران دەرپەڕێندران. ئیحسانوڵڵاخان لە تونێکابون بەرگەی هێزەکانی دەوڵەتی نەگرت و دەیهەویست بڕواتە رووسیا. بەڵام میرزا و «خاڵۆ قوربان»[1] کە ماوەیەک پێشتر دڵیان لە ئیحسانوڵڵاخان ئێشابوو، جارێکی دیکە چوونەوە یاریدەی و هێزێکی دووهەزار کەسەییان لە نێوان لاهیجان ـ سفیدروود کۆکردەوە و بەرەورووی هێزەکانی حکوومەتی کەوتنە بەرەنگاری، ئەم هێزەش بەزی و سەرکردەکانی حکوومەتی شۆڕشگێری گیلان دوژمنایەتییەکی سەختیان کەوتە بەینی. ئیحسانوڵڵاخان بەرەو باکۆ رەوی و خاڵۆ قوربان لە میرزا هەڵبڕا و حەیدەر عەمووئۆغلی بە دەستی میرزا کوژرا و وەکوو پێشتر باسی کرا کشایەوە ناوچەی لێرەوار و لە پەسیخان ماتەی هەڵگرت (مەحەررەمی ١٣٤٠ی ک/ رەزبەری ١٣٠٠ی هـ / ١٩٢١ی ز).

شەر و پێکدادانی نێوان قۆشەنی حکوومەتی و پاشماوەی حکوومەتی شۆڕشگێری گیلان و میرزا درێژەی کێشا. کابینەی قەواموسسەڵتەنە لە پارلماندا لێی بوو بە هەرا، بەڵام سەردارسپا کۆڵی نەدا و خاشەبڕکردنی کێشەی گیلانی خستە سەر شانی خۆی و مانگی رەزبەری ١٣٠٠ی هەتاوی، خۆی لەگەڵ قۆشەنی بەرەو باکوور بزووت.

هاوینی ١٣٠٠ی هەتاوی لە گەرمەی تێکهەڵچوونی هێزەکانی حکوومەتیدا لەگەڵ سەربزێوانی گیلان، باڵوێزخانەی سۆڤییەت لە تاران قسەکانی وتووێژی سەعدوڵلاخانی حوکمرانی مازندەرانی لەگەڵ رۆژنامەی ئێران وەدەرخستەوە کە گوتبووی هەتا ئێستاش سپای سوور لە گیلان ماوە. سەرەنجام هاوکات لەگەڵ بزووتنی سەردارسپا بۆ باکوور پاشماوەی سپای سوور کە بریتی بوون لە دوو

---

١- «لە پاشکۆی رۆژنامەی ژمارە ٢٠ی رۆژنامەی «کورد»ی چاپی ورمێدا نووسراوە کە خاڵۆ قوربان رۆژی ٢٩ی رەمەزانی ساڵی ١٣٤٠ی کۆچی لە شەری ساباڵاغ(مەهاباد) کوژراوە... . بڕ: پاشەرۆک، هێمن، ل ٩-١١، چاپی یەکەم ١٣٦٢ی هـ/ ١٩٨٣ی ز.و.

فەوجی ۸۰۰ کەسی و ٦۰۰ کەسی خاکی ئێرانیان چۆل کرد و گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.[1]

تێئۆدۆر ڕۆتشتاین بەپێی ئەو بەڵێنەی کە دابووی بە ئەحمەدشا، هەوڵی دا هەتا بە میرزا کووچکخان بسەلمێنێ کە وا باشە واز لە کەڵەوەکێشی لەگەڵ دەوڵەت بێنێ و خۆی بە دەستەوە بدا. بۆ ئەم مەبەستە چەند نامەیەکی لێ نووسی. بەڵام میرزا کەوتبوویە نێو باروودۆخێکی تاڵ و ناڵەبارەوە. میرزا پێیخۆش نەبوو کە خۆ بە دەست هێزەکانی حکوومەتەوە بدا چونکە بڕوای نەبوو بەم دەوڵەتە و نەشیدەویست کە بڕواتە وڵاتی سۆڤییەت و هەست و سۆز و دەمارگرژیی دینی ببوونە ڕێگری. لە لایەکی دیکەشەوە دەیزانی کە خۆی لە ئاست هێزی تەیاری دەوڵەتیدا بۆ ناگیرێ کە خودی سەردارسپا سەرکردایەتیی دەکردن. دیسانیش بەرەنگاربوونەوەی پێ لە ڕاکردن بۆ ڕووسیا یان خۆ بە دەستەوەدانی حکوومەتی بە باشتر زانی و ئەوەندەی بەربەرەکانی کرد هەتا بە تاقی تەنیا مایەوە. ئەو دەمەی کە سەردارسپا گەیشتە ڕەشت و خالۆ قوربان خۆی دابوو بە دەستەوە، میرزا لەگەڵ دۆستێکی خۆشەویستی ئالمانیی خۆی لە کەلی نێوان تالش و خەڵخاڵ سەرما بردی (سەرماوەزی ۱۳۰۰ی هـ/ نوامبر- دیسامبری ۱۹۲۱). کەسێکی تالشی سەری میرزای بڕی هەتا بە تەمای وەرگرتنی خەڵات بیداتە دەست سەرکردەی قۆشەنی حکوومەت و بەم شێوەیە جووڵانەوەی جەنگەڵ کۆتاییی پێهات.

**ڕاپەڕینی پێسیان و چارەنووسی**

کۆلۆنێل محەممەدتەقیخانی پێسیان [۱۸۹۲-۱۹۲۱ی ز]، فەرماندەی ژاندرمەریی خوراسان، وەکوو پێشتر باسی کرا بە فەرمانی سەید زیائەددینی سەرۆکوەزیر، قەواموسسەڵتەنەی والیی خوراسانی گرت و لەگەڵ پۆلێک پاسەوان ناردی بۆ تاران. پێسیان ئەفسەرێکی خوێندەوار و هوشیار و نیشتمانخۆشەویست و کەسێکی دەمارگرژی نەتەوەیی بوو؛ بەڵام ئەم ئەفسەرە چاک و هێژایە پیاوێکی لووتبەرز و ئاشقە دەسەڵاتیش بوو. کاتێک ئەم هەواڵەی بە گوێی ئاشنا کرا کە

---

۱- «کێکاتۆ»ی سەرکردەی ئەو دوو فەوجە، هەر ماوەیەکی کەم پێش بزووتنی لە ڕەشت لە «سەوزەمەیدان»ی ئەو شارە وتارێکی دا و بەڵێنیی تازە کردەوە و گوتی ئەگەر دیسانیش پێویست بێ دێتەوە یاریدەی شۆڕشگێران (واتە سەربزێوانی باکوور).

قەواموسسەڵتەنە کراوەتە سەرۆکوەزیر. بێونەبێ لە نەمانی پلە و پێگەی خۆی تۆقی، بەتایبەت کە هەر ماوەیەکی کورت پاش پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ، لەسەر دەستووری پایتەخت میرزا سەدرا ناسراو بە مەجدوسسەڵتەنە کرایە سەرپەرستی هەرێمی خوراسان. کۆلۆنێل کە لە سەردەمی حکوومەتی سەید زیائەددیندا بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی خوراسانی بە دەستەوە بوو، هەر لە پلەی سەرۆکایەتیی ژاندرمەریدا مایەوە و چونکە ئەم کارەی بە سووکایەتی بە خۆی دانا و پێی وابوو چەشنێک تۆڵەکردنەوەی قەواموسسەڵتەیە، لێبڕا کە دژی دەوڵەتی ناوەندی ڕاپەڕێ.

ئەگەرچی ڕۆژایەکی میرزا کووچکخان و پێسیان پێکەوە هاورێ و هاوکار و هاوبیر بوون، بەڵام ڕاپەڕینەکەیان بە بارێکدا پێکەوە جیاواز بوو. وەکوو باسی کرا میرزا کووچکخان دەیهەویست ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژگار بە مەبەستی وەدی هاتنی ئامانجەکانی خۆی بقۆزێتەوە و خۆی و یارانی خەڵکی ئاسایی بوون، بەڵام کۆلۆنێل پێسیان ئەفسەرێکی خاراو و بەئەزموون و خوێندەوار و فەرماندەی هێزێکی تەیاری ٨٠٠٠ کەسی بوو. ئەو دەیتوانی لەو قۆناخە ئاڵۆز و قەیراناوییەدا کە سەرتاسەری ئێران لە ئاوری شێوان و کۆمەڵێک سەرهەڵدانی ناوچەییدا گرگر دەسووتا و لە پایتەخت ڕێکخستنی پتر لە دووسێ هەزار سەربازی چەکداری کارا بۆ دەوڵەتیش دەستی نەدەدا، شەقە سەرئێشەیەک بۆ دەوڵەتی قەواموسسەڵتەنە بەدی بێنێ. جگە لەمەش خەڵکی خوراسان، بەتایبەت جەماوەری مەشەد محەممەدتەقیخانیان خۆش دەویست و ئەگەرچی ئەو بە فەرمانی دەوڵەت یان هەر بە بۆچوونی خۆی چەند کەسێکی گرتبوون یان دووری خستبوونەوە بۆ تاراوگە و بێگومان خەنیمێکی زۆر لێی خەفتابوون، بەڵام زۆربەی ڕووناکبیران و چاکسازیخوازانی خوراسان لایەنگری بوون. [ئەم خۆشەویستییە وای ڕەنگدابۆوە] کە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی داندرانی مەجدوسسەڵتەنە وەک سەرپەرستی هەرێمی خوراسان، لە کۆبوونەوەیەکدا لەسەر بانگهێشتنی کۆلۆنێل، کۆمەڵێک خەڵکی مەشەد لە هەموو چین و توێژەکان لە ناوەندی ئیدارەی هەرێم کۆبوونەوە و پاش ئەوەی کە کۆلۆنێل بەکورتی باسی هێندێک لە کار و خزمەتەکانی خۆی کرد، لیژنەیەکی شەش کەسی لە نێو جەماوەرەکە هەڵبژێردرا کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە: حاجی فازلی موجتەهید، میرزا مورتەزاقولیخان، حاجی شێخ

محەممەدکازمی تاجر، سەردار نوسرەت (ئەمیرتەیموور)، حاجی حوسێنئاغا مەلیک و شێخ حەسەنی پایین خەیابانی. ئەندامەکانی ئەم لیژنەیە لە تەلگرافخانە کۆبوونەوە هەتا هۆکاری راپەرینی کۆلۆنێل و مەرجەکانی رازی بوون و چۆنیەتیی سەر وەبەر حکوومەتهێنانی بە خزمەت ئەحمەدشا رابگەیەنن.

کورتە و پوختەی مەرجەکانی کۆلۆنێل ئەمە بوو کە هیچ شتێک لە گوژمەی ژاندرمەریی خوراسان کەم نەکرێتەوە و پلەی ئەفسەرانی ژاندرمەری بەگوێرەی پەسندکراوی دەولەتی پێشوو (کابینەی کودەتا) هەوراز بروا و ئیزن بدرێ بە کۆلۆنێل هەتا بۆ درێژەی خوێندنی ماوەی دوو سال بروا بۆ ئورووپا و چەند داوایەکی دیکەشی جێبەجێ بکرێن. هەر ئەو رۆژە لە بارگاوە ولام هاتەوە کە ئەحمەدشا تەواوی مەرجەکانی کۆلۆنێلی قبوول کردووە، بەلام ئیزنی نادا کە دەست لە خزمەت هەلبگرێ و بروا و بە پێویستی دەزانێ تا بە هیواداری و شادمانییەوە درێژە بە خزمەتی سەربازییانەی خۆی بدا. کۆلۆنێل بە هاتنەوەی ولامەکە ئۆخژنی بە دەروونیدا گەرا و خێرایەکی کاروباری هەرێم و خانەمیری خوراسانی ئەسپاردە دەست مەجدوسسەلتەنە و خۆی رۆیی بۆ دەرەوەی شاری مەشهەد.[1]

قەوامولسەلتەنە زۆر چاک دەیزانی سەرهەلدانی کۆلۆنێل چەندە گرینگە و ئەم ئەفسەرە لە خوراسان جێگە و پێگەی چۆنە و زەمانێک کە خۆی میرهەرێم بوو لە خوراسان ئەم مەبەستەی بۆ روون ببۆوە، بۆیە دەیهەویست هەرچی زووترە و ئەوەندەی دەکرێ بەبێ شەر و تێکهەلچوون خێرەسەربوونی کۆلۆنێل لە کۆل بکاتەوە. قەوام هات و «سەمسامولسەلتەنەی بەختیار»ی کردە میرهەرێمی خوراسان و سەمسامولسەلتەنە پێش بزووتنی لە تارانەوە، بە تەلگرافێک کۆلۆنێلی وەکوو سەرپەرستی هەرێم دیاری کرد. کۆلۆنێل بەپێی دەقی تەلگرافێک کە رۆژی دەهەمی مانگی گەلاوێژی ١٣٠٠ی هەتاوی/ یەکەمی ئاگوستی ١٩٢١، بۆ سەمسامولسەلتەنەی لێداوە، چەند مەبەستێکی درکاندووە کە دەکرێ بە لێ وردبوونەوەیان هەتا رادەیەک هۆکارە سەرەکییەکەی سەرهەلدانی ئەو ئەفسەرەمان بۆ روون بێتەوە. ئێستاش دەچینە سەر دەقی ئەو تەلگرافە کە لە کتێبی «مێژووی حیزبە سیاسییەکان»دا تۆمار کراوە:

---

١- مەلیکوششوعەرای بەهاری لە کتێبی «مێژووی حیزبە سیاسییەکان»دا ئەم قسانەی لە زمان سەردار نوسرەت (ئەمیرتەیموور)ەوە گێراوەتەوە.

«بۆ خزمەتی موبارەکی پایەبەرزی بەرێزی هێژا جەنابی سەمسامولسەڵتەنە، والیی مەزنی خوراسان، شان و شکۆت هەر پایەدار بێ؛ پاش دەربڕینی هەستی خۆ بە کەمزانی و سەر لەپێناوی، ئێستا مەبەستەکانی خۆم بە خزمەت ئێوە رادەگەیەنم و هیوادارم کە بەوردی لێیان بڕوانی.»

«پاش گۆڕینەوەی زنجیرەیەک تەلگراف بەپێی دڵنیابوون لە وەرگیرانی مەرجەکانم، ئەگەرچی هیچ ئامادەی خزمەت نەبووم و لێم سوور بوو کە هیچکەس بە خەیاڵیدا نایە هەتا خزمەتەکانی من بخوێنێتەوە، تەنیا و تەنیا لەبەر نەشکاندنی رێزی میرانەی پادشا، رۆژی ١٣ی جۆزەردان دەستم لە کاروباری حکوومەتی هەڵگرت و وەکوو سەرۆکی هێزە چەکدارەکان درێژەم بە خزمەتی رووراستانەی خۆم دا. ئێستا هەروەک دەمزانی لە رۆژی یەکەمەوە لە هەردک بابەتەکەوە گری و کۆسپی تاڵ و ناخۆش کە گێرانەوەیان دەبێتە هۆی درێژدادری، منیان لە کارەکەم سارد کردۆتەوە و زۆربەی کاتەکانم کە دەبێ سەرقاڵی رێکوپێکاندنی هێزەکانی حکوومەتی بکرێ، بەختی داکۆکی کردنم کردووە.»

«سەرپەرستی هەرێم ئەگەرچی لە سایەی دەسەڵاتی سپادا حکوومەتی کردووە و زۆر بەگەرمی سەرقاڵی لابردن و دانانی حوکمڕانانی تازە و وەرگرتنی دیاری و خەڵات بووە، بەڵام مرۆڤایەتی و ئەدەب و پشوودرێژی و پێملبوونی لە رادەبەدەری منی تێنەهێناوە و هەر چۆنێکی بۆی کرابێ خەڵکی هان داوە کە بە تانە و تەشەر و قسەی تاڵ زمانیان لە هێزەکانی حکوومەت دەرکێشن. سەرپەرستی هەرێم دەستی لە دانی راپۆرتی هەڵە و هەڵبەستراو هەڵنەدەگرت.»

«وڵامی پێشنیارەکان و داواکارییەکان لە ناوەندەوە هەموویان بە چەشنێک بوون کە هەر منداڵێکی شیرەخۆرەش هەستی بە بەرهەڵستبوونەوەیەکی تەواو دەکرد و دەبوو هەمیشە ژیانی خۆی لە مەترسی و وەشانی زەبردا ببینێ. بەکورتی ئەوەی کە لەو دوو مانگەدا لە خوراسان رووی داوە، هەموویان دەگەڕێنەوە سەر بۆچوونی خودی جەنابی سەرۆکوەزیر و ئەستاندنەوەی تۆڵە و هیچی دیکە. پاش ئەوەی کە بەراستی بۆم دەرکەوت سەرکەوتوو نابم، رۆژی ٢٨ی پووشپەڕ بە ئاماژە پارامەوە کە یان کۆتایی بێنن بە خزمەتم یان دەست لەم کار و شێوازە هەڵبگرن. بەڵام وڵامێکی روون و یەکلاکراوە نەدرایەوە.»

«بەکورتی، تەماشام کرد خۆ ئەوە شەرەف و ئابرووی خۆم و ژێردەستەکانم و تەناهیی هەرێمێکی ئاوا گرینگ کەوتۆتە مەترسی، بۆیە دوای دەست لە کار کێشانەوەی سەرپەرستی هەرێمەکە گوێم بۆ تکا و پاڕانەوەی خەڵک کلۆر کرد و راستەوخۆ شانم وەبەر کاران دا. جا چونکە بەراستی هیچ هیوایەکم بە پایەبەرزی هێژا جەنابی سەرۆکوەزیر و سەرپەرستی رێزداری هەرێم نەمابوو، بەپێی خزمایەتی لەگەڵ پلەبەرزی مەزن جەنابی موشیروددەولە، خودا بمکا بە قوربانی، مەبەستەکەم هێنایە ئارا و رۆژی ۷ی گەلاوێژ ئەو گەورەپیاوە گەیاندییە خزمەت خاکی بەر پێی پیرۆزی پادشا و بۆ چارەرەشییان هەتا ئێستا دەستخەتی وڵامەکەم نەگەیوەتە دەستی؛ بۆیە تکا دەکەم کە تەشریف بێنن.[1] چونکە ئەوەی ئەم دەولەتە و لانیکەم خودی سەرۆکوەزیر لە خوراسان کردوویانە بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی وڵاتە. من خۆم هیچ باوەڕ و متمانەیەکم بە جەنابیان نییە و هەر بۆیە هیچ ئەرکێک وەئەستۆ ناگرم و ناتوانم دەسەڵاتیشم هەبێ و چاو لە حاند زوڵم و زۆرەملی بقووچێنم.»

«پایەبەرزی بەرێز تکاتان لێدەکەم وەرن لە رووی دڵسۆزی‌را رێگایەک بۆ دەست لە کار کێشانەوەی بەندە بدۆزنەوە یان ئەوەی کە بە داواکانم رازی بن، خودا لەو سەرەی ئاگادارە کە باروودۆخەکە هەر ئاوا نامێنێ و رێی تێناچێ کە بەم شێوەیە کاروباری وڵات بکەونە سەر سکەی خۆیان. سەربازێک چی لە ئەستۆیە هەمووی بە خزمەت راگەیاندن و ئەگەر بێتوو کارەساتێکی تاڵ و ناڵەبار بقەومێ تەواو خۆم بەبێ تاوان دەزانم و ئامادەم تا لە هەر دادگایەکدا کە بە دادپەروەری بەرێوە بچێ، قسەکانی خۆم بەپێی بەڵگەنامەی پتەو سوور بکەمەوە! محەممەدتەقی.»

لە روانگەی دەولەتی ناوەندیی ئێرانەوە کۆلۆنێل محەممەدتەقیخانی سەرۆکی ژاندرمەریی خوراسان بە یاغی و سەربزێو ناندرابوو. قەواموسسەڵتەنە هەم پیاوانی دەسەڵاتدار و سەرخێڵان و دەرەبەگانی خوراسانی دژی کۆلۆنێل تێن دەدا و هەم بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەیهەویست کە بەر بە هەڵگیرسانی شەری نێوخۆی نێوان دوو باڵی هێزەکانی دەولەتی بگرێ و هەر چۆنێک کە بۆی دەلوێ کۆلۆنێل بەرەو سازان و ئاشتی و پێکهاتنی هێمنانە بەرێ. تەنانەت پێشنیاری پێکرد

---

۱- یانی تەشریف بێنن بۆ تەلگرافخانە هەتا راستەوخۆ بکەوینە ئاڵوگۆری بیرورا.

بنکەی ژین

هەتا مووچەی دوو ساڵەی خۆی هەڵبگرێ و بڕوا بۆ ئورووپا. بەڵام چونکە لە نێزیک مەشـەد پێشی گرتبوو بە کۆلۆنێل «گولرووپ»ی سویدی، سەرۆکی ژاندرمەری و هاورێیانی و چەکی لێ داماڵیبوون و ڕێی نەدابوون بچنە نێو شارەوە. بەئاشکرا لە حکوومەت هەڵگەڕابۆوە و گوێی بۆ پێشنیارەکانی دەوڵەت شل نەکرد.

مەلیکوششوعەرای بەهار دەڵێ، کۆلۆنێل نە خەڵکی بێگانە و هەندەرانی دەبوغزاندن و نە دەستی بۆ بەردەدانەوە و نە دەبوو بە نۆکەریان؛ بەڵام جارێکی لە سەرەتاکانی حکوومەتی سەید زیائەددیندا کە هەڤاڵ ڕۆتشتاین (وەزیر موختاری سۆڤییەت لە ئێران) بە خاکی خوراساندا دەچوو بۆ تاران، کۆلۆنێل شەوێکی زۆر چاکی میوانداری دەکا... . پەیوەندیی لەگەڵ ئینگلیسییەکانیش خراپ نەبووە و تەنانەت دەڵێن کە کۆنسوولی ئینگلیس کەوتۆتە نێوان کۆلۆنێل و دەوڵەت و ویستوویەتی کە پێکیان بێنێتەوە. کەچی سەری نەگرتووە. ئەوەی ڕاستی بێ کۆلۆنێل پاش تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەت نێوانی لەگەڵ کۆنسوولی ئینگلیس ناخۆش بووە و لای لە داوای ئینگلیسییەکان نەکردۆتەوە. تەواوی ئەو کەسانەی کە پەیوەندییەکیان هەبوو بە کۆنسوولخانەوە یان تەنانەت تێکڕای ئەو پلەدارانەی کە گومانیان لێ دەکرا نێوان و هاتوچۆیەکیان هەبێ هەمووی گرتن و تەلگرافچییەکانی ئینگلیسیی لە تەلگرافخانەی مەشەد وەدەرنان و کارەکانی کۆنسوولخانەی خستە ژێر چاوەدێری و پشکنینی.

کەللەرەقی و خۆراگریی کۆلۆنێل و ملنەدانی بۆ هەر شێوە سازانێک لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، سەرەنجام کارەساتی خوراسانی بەدی هێنا. کۆلۆنێل ماوەیەکی زۆر لە ئاست هێرش و پەلاماری کەلەجاری دەرەبەگانی «خوراسان» و «قاینات» کە ڕۆژبەڕۆژ پتر دەبوون و دەسەلاتیان پەرەی دەستاند، بەوپەڕی فیداکاری و ئازایەتیی بێوێنەوە خۆی ڕاگرت و سەرەنجام لە دوایین تێکهەڵچوونی دلێرانەیدا لەگەڵ چریکە کوردەکانی قووچانی ڕۆژی دووشەممۆ یەکەمی مانگی سەفەری ١٣٤٠ی ک/ ٩ی ڕەزبەری ١٣٠٠ی هەتاوی، لە جەعفەرئاباد، پاش ئەوەی کە بە تاقی تەنیا مایەوە و هەتا دوایین فیشەک شەڕی کرد، کوژرا. کوردەکانی قووچانی کاتێک تووشی تەرمەکەی هاتن لە رووی دروشم و کۆمەڵێک نیشانەی سەربازیڕا ناسییانەوە و سەریان بڕی و بردیانەوە قووچان. بەم شێوەیە دەوڵەتی

قەواموسسەلتەنە لە بەرامبەر راپەڕین و سەرهەڵدانەکانی نێوخۆدا دەسکەوتێکی دیکەشی وەچنگ هێنا.[١]

مەلیکوششوعەرای بەهار پاش ئەوەی کە پەسنی ئاکاری جوان و مەزنایەتی و نیشتمانخۆشەویستی و سرشتی بەرزی محەممەدتەقیخانی داوە و باسی چاوپێکەوتنی نێوانیانی کردووە، ئاوای نووسیوە:

«ئەمە دوایین دیداری من بوو لەگەڵ ئەم پیاوە کە ئەوەندەی گەورە و لێوەشاوە بوو، نەیتوانی هێندە کار بکا. لە راستیدا یەکێک بوو لەو هەزاران مرۆڤە بەکەڵکە ئێرانییەی کە هەر بە فشە تێداچوون. نازانم چۆنە کە ئەم گشتە شادەمیزادە تێدادەچن؟ وەکوو ئەوە وایە کە لە ئێراندا کرمێک هەبێ کە پێی دەڵێن «کرمی شادەمخۆر». بەشێک لە لاوەکان کە بۆنێکی تایبەتیان لێ دێ، یانی بۆنی شەرەف و لێوەشانەوە و تێگەیشتنیان لێ دێ، ئەو کرمە بە بۆنەکە دەیاندۆزێتەوە و دەیانخاتە ژێر چاوەدێری و ریشەی هەموویان دەقرتێنێ. جاری وایە بە ناخیاندا رۆدەچێ و ژەهریان تێدەرێژێ و ئەگەر کاری لێ نەکردن، ژەهر دەپرژێنێتە کەسانی بەرەورووی‌یان، سەرۆکەکانیان، هاوڕێیان و هاوکارانیان و [بیری] ئەوان دژی ئەم لاوانە ژاراوی دەکا. بەکورتی هەتا ئاخری تەمەن و رۆژگاری پیریش هەر بە دوای ئەم لاوانەدا دەڕوا تاکوو بیانکوژێ یان پەکیان بخا.»

### نەوتی باکوور و ئەمریکاییەکان

لە بەشی پێشوودا باسی نەوتی باکووری ئێران یانی بازنەی نەوتی خوراسان و مازندەران و تونێکابون کرا. پاش کۆدەتا چەند کۆمپانیایەکی گەورەی ئەمریکایی بە مەبەستی وەرگرتنی قان و پاوانی هەڵێنجانی نەوتی ئێران بە شێوەیەکی شێلگیرانە هاتن و وتوویێژی نێوان باڵوێزخانەی ئێران لە واشینگتون لەگەڵ پایەبەرزانی ئەمریکایی و لە تاران لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و وەزیر موختاری ئەمریکا گەیبوویە ئاکام و پێشتر باسی کرا. دەوڵەتی ئێران پرسیاری لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا کرد و گوتی ئەگەر گرێی تێدا نەبێ باڵوێزخانەی ئێران لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی «نیوجێرسی» یەکێک لە کۆمپانیا گەورە نەوتییەکانی

---

١- کۆلۆنێل کە لە دایکبووی ئەورێزە، لە جەنگەی کوژرانیدا ٣٢ ساڵی تەمەن بووە (١٣٠٩ـ ١٣٤٠ی کۆچی).

ئەمریکا بە مەبەستی دانی ڤانی نەوتی باکوور دەکەویتە وتوویژ. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامێژی بۆ پێشنیارەکەی ئێران کــردەوە و پاش زنجیرەیەک دیدار و گوفتوگۆ لە نێوان باڵوێزخانەی ئێران و نوێنەرانی ئەو کۆمپانیایەدا لە واشینگتۆن قەراردادی درانی ڤان و پاوانی نەوتی باکووری ئێران بە کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل کە هەر هەمان کۆمپانیای ستاندارد ئۆیلی نیوجێرسییە، نووسرا و واژۆ کرا و لە کۆبوونەوەی رۆژی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٠٠ی هەتاویی پارلمانی خولی چوارەمدا پەسند کرا.[١]

پاواننامەی هەڵێنجانی نەوتی باکووری ئێران، سەرەتا لە کۆبوونەوەی داخراوی پارلماندا خرایە بەرباس و لێدوان و پاش رازی بوونی زۆربەی نوێنەران وەکوو پەسندێکی خێرا لە کــۆبــوونەوەی ئــاشکــرادا خــرایــە بەر بـاس و لـە ٥ بەنددا پەسند کرا.

بەندی یەکەم: پارلمانی [ئێران] درانی پاوانی هەڵێنجانی نەوت لە هەرێمەکانی ئازەربایجان، خوراسان، گیلان، ئەستەراباد و مازندەران بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەدا بە کۆمپانیای ستاندارد ئۆیلی ئەمریکایی:

بەندی دووهەم: ماوەی ئەم پاوانە نابێ لە پەنجا ساڵ تێپەڕێ.

بەندی سێهەم: بەشی دەوڵەت پترە لە سەتی دەی نەوت و هەرچی ماکەی نەوتییە و کۆمپانیا لە چاڵەکان هەڵیدێنجێ و ئەم برە پێش ئەوەیە کە هیچ خەرج و تێچوویەکی بخرێتەسەر.

بەندی چوارەم: مەرجەکانی دیکەی ئەم پاوانە وەکوو گۆڕینەوەی داهاتی دەوڵەت بە دراوی ڤورس یان هەر چۆنێکی دەوڵەت پێی باش بێ. لەگەڵ شێوەی وەرگرتن و شێوازی چاوەدێری کردنی دەوڵەتی ئێران و داهاتی کۆمپانی و ئەو مەرجانەی کە پاوانەکەیان پێ‌هەڵدەوەشێتەوە و تێکرای مەرجە پێویستەکان بە مەبەستی پاراستنی مافی حکوومەت و نیشتمان، دەوڵەت هەموویان دەنووسێ و رێکوپێکیان دەکا و پاش پێکهاتن لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو، وەکوو پێشنیار دەینێرێتە پارلمان.

بەندی پێنجەم: کۆمپانیای ستاندار ئۆیل بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ئەم پاوانە بدا بە هیچ دەوڵەت یان کۆمپانیا یان کەسێک و ئەگەر بیهەوێ لەگەڵ دەسمایەدارانی

---

١- نوامبری ١٩٢١ی زایینی.

دیکە بکەویتە شەریکایەتی، دەبێ پەسندی پارلمانی ئێرانی لەسەر بێ. ئەگەر ئەم بەندە رەچاو نەکرێ پاوانەکە هەڵدەوەشێتەوە.»[1]

مەلیکوششوعەرا دەڵێ پاش پەسندکرانی پاوانامەکە کە «وەکوو بۆمب تەقی و هەموو دنیای سەردەم گرمەی تەقینەوەکەی گوێ لێ بوو» دوو دراوسێی باکووری و باشووری کەوتنە دژایەتی و دەربڕینی نارەزامەندی. دەوڵەتی سۆڤییەت دەیگوت لە کابینەکانی سەردەمی داخرانی پارلماندا، پاوانی نەوتی باکوور دراوەتە خۆشتاریای رووسی و بەپێی بەندی سێزدەهەمی پەیمانی نێوان ئێران و سۆڤییەت (٢١ی فێوریەی ١٩٢١)، دەوڵەتی ئێران نابێ ئەو پاوانانەی کە سەردەمی حکوومەتی قەیسەری لە ئێران وەرگیراون و بەگوێرەی پەیمانی تازە هەڵوەشاونەوە، بدا بە لایەنێکی دیکە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی سۆڤییەت بەپێی یادداشتێکی دیکە داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد کە پارلمانی ئێران دەبێ بۆ پەسندکرانی پەیمانی نێوان ئێران و سۆڤییەت هەنگاوی خێرا باوێ. دەوڵەتی بریتانیاش نارەزامەند بوو، چونکە دەیگوت خۆشتاریا پاوانامەکەی خۆی بە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و ئێران فرۆشتۆتەوە و دەوڵەتی ئێران مافی ئەوەی نییە لە هەرێمی باکووری ئێران کە سەبارەت بە پاوانی خۆشتاریا، پاوانی هەڵێنجانی نەوت بدا بە لایەنێکی دیکە.

دەوڵەتی ئێران بە هێنانەوەی بەڵگەی پتەوی ژیرمەندانە وڵامی نارەزامەندییەکانی سۆڤییەت و بریتانیای دایەوە و دەیگوت ئەوەی راستی بێ پاوانامەی خۆشتاریا بە هیچ شێوەیەک هەڵگری باری یاسایی و رەسمی نەبووە و پارلمانی ئێران پەسندی نەکردووە هەتا دەوڵەتی سۆڤییەت بیخاتە سەر قان و پاوانەکانی حکوومەتی رووسیای قەیسەری یان دەوڵەتی بریتانیا خۆی بە خاوەنی پاوانەکە بزانێ و [پێی کڕیوەتەوە]. بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەربڕینی نارەزامەندیی سۆڤییەت و بریتانیا سەبارەت بە پاوانامەی نەوتی باکوور هەستی خەڵکی هارووژاند و دەروونی وەکوڵ هێنان. لە پارلمان و کۆڕ و کۆمەڵی نیشتمانی و رۆژنامەوانیدا دەنگ و هەرایەکی زۆری نایەوە و ئاخاوتنی توند و وتاری تیژ لە پارلمان و رۆژنامانەدا دەنگیان دایەوە و جارێکی دیکەش رۆژنامەکان و پارلمان چوونەوە سەنگەری پێشەوەی بەربەرەکانی لەگەڵ بێگانان. حیزبی دێموکرات کە

١- پەنجا ساڵ نەوتی ئێران، مستەفا فاتح.

ئەو کاتە وەک بەهێزترین حیزبی پلە یەکەمی ئێران خۆی دەنواند و لە پارلمانیشدا توانیبووی فراکسیۆنێکی چالاک و خاوەنبڕشت پێکبێنێ، لە راگەیاندراوێکدا پشتیوانیی خۆی بۆ دەولەت و پارلمان دەربڕی کە دەنگیان لەسەر پاوانامەی نەوتی باکوور داوە و روونی کردەوە کە زۆری پێناخۆشە سۆڤییەت و بریتانیا کەوتوونە دەستتێوەردان و بەئاشکرا رایگەیاند کە حیزب ئامادەیە داکۆکی لەم هەنگاوەی دەولەت و پارلمان بکا.

ئینگلیسییەکان هەر پاش ئەوەی کە هیچیان لە نارەزامەندیی بێهوودەی خۆیان سەبارەت بە درانی پاوانی نەوتی باکوور وەچنگ نەکەوت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج رێگایەکی دیکەیان هەلبژارد و لۆرد کودمەن راوێژکاری تەکنیکیی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس بەروالەت بە مەبەستی بەشداربوون لە کۆبوونەوەی سالانەی دامەزراوە نەوتییەکانی ئەمریکا و لە راستیدا بۆ سازان و پێکهاتن لەگەل کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل لە لەندەنەوە رۆیی بۆ ئەمریکا. وەکوو لە بەشی پێشوودا گوتمان ئەمریکا لە بواری نەوتدا خۆی لایەنگری رەوت و رێبازی «دەروازەی کراوە» بوو، یانی پێی وابوو کە پاوانی هەر چەشنە کان و کانگایەک بۆ ولاتێکی تایبەت کارێکی نابەجێیە و هەر بەم پێیەش لۆرد کودمەن لەگەل بەرپرسانی ئەمریکایی و کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل کەوتە گوفتوگۆ و سەرەنجام رۆژی ٣١ی دیسامبری ١٩٢١، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بالوێزخانەی ئینگلیس لە واشینگتۆن لەسەر ئەم خالەی خوارەوە رێککەوتن:

«ئەگەر ولاتانی ئەمریکا و ئینگلیس بە پێویستی بزانن هەتا داوایەک دەربارەی پاوانامەی خۆشتاریا لە ئێران بوروووژێنن، نابێ هیچکام لەم دوو دەولەتانە بەبێ ئاگاداریی یەکتر هەنگاوێکی یەکلاکراوە باوێن.»[1]

بەم شێوەیە دیپلۆماسیی کۆنەکاری بریتانیا، توانی سیاسەتمەدارانی تازەکاری ئەمریکایی بخاتە تەلەوە و جارێکی دیکەش قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێران بکاتە چەورەپارووی پێکهاتنی دوو دەولەتی بەهێزی دەرەکی. ئەم مەبەستە درێژەی کێشا و وای لێهات کە بالوێزی ئێران لە واشینگتۆن زۆر توند نارەزامەندیی دەربڕی و رایگەیاند کە دەولەتی ئێران هەرگیز بە خۆتێوەردانی کۆمپانیای نەوتی

١- پەنجا سال نەوتی ئێران، نووسینی مستەفا فاتح، لە کتێبی «پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا»، بەرگی ٢، ل ٦٥٥ وەرگیراوە.

ئینگلیس و ئێران لە پاوانی نەوتی باکوور رازی نابێ. پاش ئەم هەرایە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رێی کارداری باڵوێزی خۆیەوە لە تاران بە دەوڵەتی ئێرانی راگەیاند کە کۆمپانیای ستاندار ئۆیل و کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس لەسەر هەڵێنجان و بەرهەمهەڵگرتنی نەوتی باکوور پێکەوە رێککەوتوون و چونکە دەوڵەتی ئەمریکا لایەنگری سیاسەتی ئابووریی «دەروازەی کراوە»یە، ئەم قەراروبڕییەی نێوانیان پەسند دەکا.

پارلمانی خولی چوارەم کە بەراستی دەبێ بە یەکێک لە باشترین و چالاکترین پارلمانەکانی سەردەمی مەشرووتە دابندرێ، لەگەڵ دەوڵەتی قەوامولسەڵتەنە لە بەرامبەر ئەمریکا و ئینگلیسدا لەرێوە دژکردەوەی توندیان نواند. دەوڵەت دەستی لە وتوویژەکانی سەبارەت بە وەرگرتنی قەرز لە بانکی ئەمریکایی مۆرگان - کە پەلێکی دەچووە سەر پاوانی نەوتی باکوور- هەڵگرت و پارلمانی ئێران لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٠١ی هـ/ ١٥ی ژووەنی ١٩٢٢دا، بەندی یەکەم و پێنجەمی پاوانناسەی سەرچاوەکانی نەوتی باکووری ئاوا گۆڕین و چاکی کردن:

بەندی یەکەم: پارلمانی [ئێران] دراتی پاوانی هەڵێنجانی نەوت لە هەرێمەکانی ئازەربایجان، خوراسان، گیلان، ئەستەراباد و مازندەران بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەدا بە کۆمپانیای ستاندار ئۆیل (یان کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراوی سەربەخۆی دیکەی ئەمریکایی).

بەندی پێنجەم: کۆمپانیای ستاندار ئۆیل یان هەر کۆمپانیایەکی ئەمریکایی کە قبووڵ بکرێ، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ئەم پاوانە بدا بە هیچ دەوڵەت یان کۆمپانیا یان کەسێکی تر و ئەگەر بیهەوێ لەگەڵ دەسمایەدارانی دیکە بکەوێتە شەریکایەتی، دەبێ پەسندی پارلمانی ئێرانی لەسەر بێ.

تێوەدان و گونجاندنی رستەی (یان کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراوی سەربەخۆی دیکەی ئەمریکایی) لە بەندی یەکەمدا، یەکێکە لە شاکارەکانی نوێنەرانی ئاگادار و بەرچاوڕوونی پارلمانی خولی چوارەم. ئەم کارە لە راستیدا رێگایەکی تازە بوو کە خرابوویە بەر دەمی دەوڵەت هەتا بتوانێ رقبەرقەیەک لە نێوان کۆمپانیا گەورە نەوتییەکانی ئەمریکادا بەدی بێنێ و ئاوا دەستی دەوڵەت و پارلمان ئاواڵا کرا هەتا بە دڵخوازی خۆی لەسەر پێشنیارەکانی سەبارەت بە هەڵێنجانی نەوتی باکوور کە

دواتر دەگەیشتە لایان بڕیار بدا. ئەم ڕستەیە ڕێگای خۆش کرد کە زۆر بە ئازادی قەراروبڕی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە واژۆ بکرێ کە ئێران پێی باشن و قبوولیان دەکا.

پاش چاککردن و پەسندکرانی ئەم بەندانە، هەروەک چاوەڕوان دەکرا، ڕقبەرقەیەکی توند لە نێوان کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکایی‌دا لەسەر نەوتی باکووری ئێران دەستی پێکرد و پاش ئەوەی کە لە مانگی قوربانی ١٣٤٠ی ک/ ئووتی ١٩٢٢دا، کۆمپانیای نەوتی «سینکلەر» نوێنەرێکی نارده تاران و چەند پێشنیارێکی سەبارەت بە وەرگرتنی قان و پاوانی نەوتی باکوور خستە بەردەستی دەوڵەتی ئێران، وەک مستەفا فاتح لە کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران»دا نووسیویەتی، کێشمەکێشێکی سەیر لە نێوان لایەنگرانی ستاندار ئۆیل و سینکلەردا پەیدا بوو. لایەنگرانی کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس و لایەنگرانی سینکلەر هەتا ئەندازەیەک لە لایەن باڵوێزخانەی سۆڤییەتەوە پشتیوانییان لێدەکرا. نوێنەران و وەزیران و بەرپرسانی کاروباران گەلێکیان بەڵێنی دەدرایە. ڕۆژنامەکان و هەڵپەرستانی بێگانەپەرستیش وەخۆکەوتبوون و هەر دەستەیەک سینگی بۆ یەکێک لەم دوو کۆمپانیایە دەکوتا هەتا خێروبێرێکیان بە سەردا بڕژێ.

سینکلەر لە سەفەری پێشووی‌دا بۆ سۆڤییەت توانیبووی هەتا ڕێگای بەستنی پەیمانێک لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤییەت بۆ بەرهەمهەڵگرتن و هەڵێنجانی نەوت و ڕاپەراندنی کاروباری نەوتی ئەو وڵاتە خۆش بکا. چونکە سینکلەر لەگەڵ «هاردینگ»ی سەرکۆماری ئەو سەردەمی ئەمریکا دۆست بوو، زۆر هیوادار بوو بتوانێ کارێکی وا بکا کە دەوڵەتی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕەسمی دان بە حکوومەتی سۆڤییەت‌دا بنێ و ئاوا حکوومەتی سۆڤییەت بێتێ و بیکاتە پشتیوانێکی پتەو بۆ وەرگرتنی مافی پاوانی هەڵێنجانی نەوتی باکووری ئێران. بەڵام ڕاست لەو سەروبەندەدا هاردینگ پێراهات و سینکلەر بەشی لە پارێدەدانی برا. دوای ماوەیەک سینکلەر لەبەر مامەڵەی دزی‌وفزیی نەوت لەگەڵ وەزیری نێوخۆی ئەمریکا کەوتە بەر لێپرسینەوەی دادگا و زیندانی و تاوانانەی بۆ برایەوە و کاتێک سۆڤییەت ئەم ڕووداوەی بینی قەراروبڕییەکانی خۆی لەگەڵ هەڵوەشاندەوە.

ئەوەی راستی بێ پارلمانی ئێران لە جەنگەی هەرا و هەڵلای توندوتیژی سیاسیی نێوان لایەنگرانی سەردارسپا و دژبەرانیدا کە توانیبووی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و رۆژنامەوانی و خودی پارلماندا رەنگ بداتەوە. یاسایەکی پەسند کرد کە چەند مەرجێکی بنەرەتیی سەبارەت بە دانی قان و پاوانی نەوتی باکووری بە کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراو و سەربەخۆی ئەمریکایی تێدا گونجێندرابوو. بەم پێیە دەبوو بانکە سەربەدەرەوەکانی ئەمریکا دە میلیۆن دۆلار وام بدەن بە ئێران و جەغزی پاوانەکەش بریتی بوو لە خوراسان و ئازەربایجان و دوو هەرێم لە سێ هەرێمی باکووری (گیلان و مازندەران و گورگان). مەرجەکانی یاسای پێشوو لەگەڵ ئەو بەندانەی کە چاککرابوون لەم یاسا تازەیەدا گونجێندرابوون و دەوڵەت توانی بەپێی یاسای نوێ قەراردادێک لەگەڵ نوێنەرانی سینکلەر بنووسێ (سەرماوەزی ١٣٠٢/ دیسامبری ١٩٢٣). بەپێی ئەو قەراروبڕییە پاوانی نەوتی خوراسان، ئازەربایجان، مازندەران و گورگان درایە کۆمپانیای نەوتی سینکلەر. سەردارسپای سەرۆکوەزیری سەردەم لە کۆڕێکی جێژندا کە بە بۆنەی بەستنی قەراردادی نەوت لە تاران گیرابوو، رووی کردە کارداری باڵوێزخانەی ئەمریکا و گوتی: «من لام وایە ئەم هەل و هەلکەوتە یەکێک لە باشترین رووداوەکانی مێژووی ئێرانە. ئێمە دەمانهەوێ چی دیکە ئینگلیس و رووس دوولینگە بە سەر ئابووریماندا شۆڕ نەکەنەوە و واژۆی ئەم پاواننامەیە لەگەڵ شەریکەیەکی ئەمریکایی، سەرەتای دامەزرانی پەیوەندییەکی پتەوتر دەبێ لە نێوان ئێران و ئەمریکادا.»[1]

خۆراگریی دەوڵەت و پارلمان لە ئاست نارەزامەندی و تەنگ و چەڵەمەنانەوەی دەوڵەتی ئینگلیس سەبارەت بە نەوتی باکوور هەروا درێژەی کێشا و راست لەو سەروبەندەدا کە دەوڵەت چاوەڕوانی ئاکامی کار و هەنگاوەکانی کۆمپانیای سینکلەر بوو، کارەساتی جێی داخی کوژرانی «ماژۆر ئیمبری»ی کۆنسووڵی ئەمریکا لە تاران قەوما. ئەو لە زمان خەڵکی رەمەکیی تارانەوە بیستبووی کە «سەقاخانە»ی[2]

---

١- پەنجا ساڵ نەوتی ئێران، مستەفا فاتح.

٢- سەقاخانە شوێنێکی متەفەرەکە کە لە هێندێک ڕێوبان و رەوگان بە مەبەستی شکاندنی تووندایەتیی ڕێبواران ساز دەکران. ئەم شوێنانە وەکوو حەوشەی تەکیە و خانەقای خزمان وان کە مەرقەدیان تێدایە و خەڵک دەچن بۆ گەیشتن بە مرازی دڵیان شەمی تێدا هەڵدەگیرسێنن یان پەرۆ و شاڵی لە شەباک و کێلی دەهاڵێنن. ئاوخانەیەک کە رەنگ و بۆنی دینیی پێوەیە، کانییە مرادان.و.

شەقامی شێخ هادی پەرجۆی کردووە و کوێری تێدا چاک بۆتەوە و خەڵکیش بە مەبەستی روونبوونەوەی رووداوەکە لە دەورەی سەقاخانە کۆبوونەوە. هەستی داودۆزانەی تایبەتی ئەمریکایی هانی دەدا کە بڕوا و هێندێک وێنە لە سەقاخانە و ئاپۆرەی خەڵکەکەی دەوروبەری هەڵبگرێتەوە. هەر کە ئیمبری ویستی دەست بە کار بێ، پاسەوانێک خۆی و هاوڕێیەکەی حاڵی کرد کە رەنگە ئەم کارە هەرا و هەڵلای لێ ساز بێ. ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکەی لێی سواری درۆشکە بۆوە هەتا بگەڕێتەوە. بەڵام لەناکاو دەنگەدەنگێک لە نێو خەڵکەکەدا تەشەنەی کرد و چەند کەسێک گوتیان کە کۆنسوولی ئەمریکا وێنەی لە سەقاخانە هەڵگرتۆتەوە، لافاوی خەڵک بەرەو درۆشکە لووزەوی بەست و ئیمبری بە دەست جەماوەرەکە کوژرا.

ئەم کارەساتە کە لە شێوەی خۆیدا هەڵکەوتێکی تازە بوو، دەوڵەت و تاقم و دەستەی نوێخوازانی زۆر پەرێشان و نیگەران کرد. دەوڵەتی ئێران خوێنی «ئیمبری»ی بژارد و ٦٠هەزار دۆلاری دا بە پاشەوارەکانی و ١١٠هەزار دۆلاریشی بابەتی بردنەوەی تەرمەکەی بە سواری کەمێی هێزی دەریایی دایە دەوڵەتی ئەمریکا. ئێران بۆ وەدەستهێنانەوەی دڵی باڵادەستانی ئەمریکا هەنگاوی پتەوی هاویشت و رۆژنامەکانی ئەمریکا و ئینگلیسیش چۆنیەتیی رووداوەکەیان بۆ روون بۆوە و زانییان کە بزووتنی هەستی دەمارگرژانەی دینی و کەمتەرخەمیی خودی ئیمبری و وێنەهەڵگرتنەوەی لە سەقاخانە کارەساتەکەی خوڵقاندووە. بەڵام رۆژنامەکان و کەسانێکی نێوخۆ و دەستەوبەستەی سەر بە پرسی نەوت رووداوەکەیان زۆر گەورە کردەوە و چەند ئەوەندەیان پێوەنا و لە کۆڕ و کۆبوونەواندا کردیانە بنێشتەخۆشکە. قسەکە هێندەی درێژە کێشا و جوورایەوە کە چەند رۆژنامەیەکی تورکیا نووسییان پیاوەکانی سۆڤییەت خەڵکیان تێن داوە هەتا ئیمبری بکووژرێ. هەروەها لە چەند رۆژنامەی ئەمریکادا نووسرا کە سەرمایەدارانی ئینگلیسی و ئەمریکایی بوونە هۆی کوژرانی ئیمبری لە ئێران.

لە کۆتاییی ئەم باسەدا بڕگەیەک لە نووسینی مستەفا فاتح کە سەبارەت بە تێداچوونی پاوانی نەوتی باکوور و لە کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران» وەرگیراوە، دەقاودەق دەخەینە بەرچاو:

«ئەوەی کە گوتوویانە لەبەر کوژرانی ئیمبری کۆمپانیای سینکلەر دەستی لە پاوانی نەوتی باکوور هەڵگرتووە، قسەیەکی تەواو پووچ و بێمانایە. کاربەدەستانی

ڕەسمیی ئەمریکا کە زۆر چاک و بێلایەنانە کەوتوونە هەڵسەنگاندنی بابەتەکە، گوتوویانە کە هەر کۆمپانیایەکی ئەمریکایی کە پاوانی نەوتی باکووری وەدەست هێنابا، ناچار بوو هەتا لەگەڵ ئینگلیسییەکان کلکی لیکهاڵیتێ بۆ ئەوەی بتوانێ نەوتی باکوور لە ڕێگای کەنداوی فارسەوە ڕابگوێزێ یان دەبوو لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤییەت ڕێک بکەوێ هەتا بە ڕێی قەفقازدا نەوت هەناردەی دەرەوە بکا. دەوڵەت و گەلی ئێران پاوانی هەڵێنجانی نەوتی نەدایە کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل، چونکە ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ ئینگلیسییەکان کاکەوبرالەی کردبوو. پاوانی هەڵێنجانی نەوت درا بە سینکلەر کە دەیگوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکا. هەر پاش ئەوەی کە دەوڵەتی سۆڤییەت قەراروبڕییەکەی - پێش کوژرانی ئیمبری - لەگەڵ کۆمپانیای سینکلەر هەڵوەشاندەوە و ڕوون بۆوە کە کۆمپانیای سینکلەر ناتوانێ نەوتی باکوور بە ڕێی قەفقازدا ڕابگوێزێ، سەربەخۆ پاوانەکە بۆخۆی هەڵوەشایەوە.»

## کابینەی موشیروددەولە

قەواموسسەڵتەنە جڵەوی یەکێک لە چالاکترین و پرکارترین کابینەکانی سەردەمی مەشرووتەی بە دەستەوە گرت و جگە لە تێپەڕاندنی یاسای نەوتی باکوور و بە پەسند گەیاندنی پەیمانی دۆستایەتیی ئێران و سۆڤییەت و پەیماننامەی نێوان ئێران و ئەفغانستان و ئێران و چین لە خولی چوارەمی پارلماندا، وەکوو باسمان کرد توانی بە سەر ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانی نێوخۆشدا زاڵ بێ و هەتا ئەندازەیەک هێمنایەتی لە وڵاتدا سەقامگیر بکا؛ بەڵام وەکوو دیارە واوێدەچێ کە کار و هەنگاوەکانی قەواموسسەڵتەنە لەگەڵ ڕوانگەی ئەحمەدشا و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی مەیلەو چەپ و سرشتی سەربازانەی سەردارسپا نەگونجابێ. لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر وروووژاندنی کێشەی نەوتی باکوور، هەم سۆڤییەت و هەم ئینگلستان سەبارەت بە دەوڵەتی قەواموسسەڵتەنە ڕەشبین و نارازی بوون، وردەوردە لە پارلمانیشدا زۆرینەی لایەنگری دەوڵەت لە کەمییان دا و کەمینەی دژی دەوڵەت بوونە زۆرینە.

قەواموسسەڵتەنە دوای دەمەقرەیەکی توندوتیژی نێوان وەزیری دارایی و دەستەیەک لە نوێنەرانی دژبەری دەوڵەت، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممۆ، ٢٥ی بەفرانباری ١٣٠٠ی هـ/ ژانوییەی ١٩٢٢ی پارلماندا، دەست لە کار

کێشانەوەی خۆی پێشکەشی ئەحمەدشا کرد. ئەویش کە مانگێک بوو بارگە و بنەی سەفەری دووهەمی خۆی دەپێچایەوە بۆ فەرەنگستان، دەست لە کار کێشانەوەی قەواموسسەڵتەنەی قبووڵ کرد و موشیروددەولەی کردە سەرۆکوەزیر. موشیروددەولە کە بۆ جاری پێنجەم سەرۆکایەتیی دەولەتی وەئەستۆ گرتبوو، رۆژی ٥ی رێبەندانی ١٣٠٠ی هـ/ ژانوییەی ١٩٢٢، کابینەی خۆی ئاوا بە خزمەت پادشا ناساند:

١- موشیروددەولە، سەرۆکوەزیر و وەزیری نێوخۆ ٢- سەردارسپا(رەزاخان)، وەزیری بەرگری ٣- حەکیمولمولک، وەزیری کاروباری دەرەوە ٤- ئەبیرولمولک، وەزیری پەروەردە ٥- تەیموورتاش، وەزیری دادوەری ٦- ئیعتیلائوسسەڵتەنە، وەزیری پۆست و تەلگراف ٧- ئەدیبوسسەڵتەنە(سەمیعی)، وەزیری رێگاوبان ٨- مودیرولمولک(جەم)، سەرپەرستی وەزارەتی دارایی.

ئەحمەدشا ماوەیەک بوو کە بەرواڵەت بە مەبەستی چارەسەریی نەخۆشییەکانی و لە راستی بۆ دوور بوون لە کۆمەڵێک گێرە و کێشەی سیاسی و داواکارییەکانی نوێنەرانی سیاسیی رووس و ئینگلیس و سەرلەبەری ولاتانی ئورووپایی، خۆی بۆ سەفەری ئورووپا دە دەسک دەنا، بەڵام مەزنانی پارلمان و سیاسەتوانانی کۆنەکاری ئێرانی لەو هەلومەرجەدا رازی نەبوون کە شا بڕوا و لە پایتەخت دوور کەویتەوە، بۆیە چەند جارێک ویستیان کە پەشیمانی بکەنەوە. رەنگە ئەوان بۆیە ئەوەندە پێداگر بووبن کە ئەحمەدشا لەو سەفەرەی پەژیوان بێتەوە، چونکە دەیانزانی زنجیرەیەک هەڵسووڕاسووری سیاسی لە نێوخۆی ولاتدا بە مەبەستی هاتنە سەر دەسەڵاتی سەردارسپا لە ئارادایە. پیاوچاکانی ئەو رۆژگارە لایان وابوو کە ونبوونی شا و دەرچوونی لە ولات، پەرە بە چالاکییە سیاسییەکانی دژی شا دەدا و رێگا بۆ سەردارسپا خۆش دەکا هەتا ـ بە لێکدانەوەی ئەو مەزن و سیاسەتمەدارانە ـ بەرە لە ژێر پێی ئەحمەدشا دەرکێشی و بەپێی دەسەڵات و مەیلی خۆی حکوومەت بکا؛ بەڵام ئەحمەدشا تەمای خۆی نەگۆڕی و سەرەنجام رۆژی ٦ی رێبەندانی ١٣٠٠ی هەتاوی، نامەیەکی نووسی بۆ جێگرەوەی‌میر هەتا بێتە تاران و وەکوو بریکاری فەرمانڕەوا سەرقاڵی ئەرک و کار بێ. هەر لەم کاتەدا فەرمانی سەرۆکوەزیرایەتیی موشیروددەولەی نووسی و پاشان بە رێگای

خانەقین و بەغدادا رووی کردە ئورووپا و سەردارسپا بۆ بەرێکردنی کەژاوەی میری هەتا خانەقین لەگەڵی رۆیی.

کابینەی موشیرودەولە (پیرنیا) بە سەر قەیرانی سیاسی و بارودۆخێکی لێڵ و ئاڵۆزبڵۆزدا کەوت کە بەپێی بۆچوونی مەلیکوششوعەرای بەهار دەگەڕایەوە سەر هەڵوێست و هەنگاوەکانی سەردارسپای وەزیری بەرگری و یەکێک لە نیشانەکانی بریتی بوو لە تەنینەوەی ڕێوشوێنی حکوومەتی سەربازی و پەیکەردە و ئازاردانی چەند ڕۆژنامەنووسێکی وەکوو فەرروخیی یەزدی بەرپرس و نووسەری ڕۆژنامەی «تۆفان» کە وێرای چەند ڕۆژنامەنووس و ئازادیخوازێکی دیکە چوویە بالوێزخانەی سۆڤییەت و دەستەیەکی دیکە لە [مەرقەدی] حەزرەتی عەبدولعەزیم پەناگیر بوون و سەرەنجام تاقمێک لە ئازادمەردان و دژبەرانی سەردارسپا لە پارلمان مانیان گرت و داوایان لە دەوڵەت کرد هەتا حکوومەتی سەربازی هەڵوەشێنێتەوە. باڵوێزی ڕووسیاش چووە دیداری سەردارسپا و داوای لێکرد هەتا دەست لە ئازار و ئێشاندن و پەیکەردەی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان هەڵبگرێ. بەڵام قەومانی شەڕێکی چووکە لە نێوان پۆلێک جوولەکە و مسوڵماندا لە گەڕەکی جوولەکانی تاران، بوو بە بیانووی درێژکردنەوە و تێژبوونەوەی حکوومەتی سەربازی.

لە گۆشە و کەناری پایتەخت چەند خۆپیشاندانێک دژی دەوڵەتی موشیرودەولە ڕوویان دا و کەسانێک بە دانی وتار بەشداری کۆبوونەوەکان بوون. تەنانەت لە پارلمانیشدا موشیرودەولەیان هەڵپێچا کە بۆچی ئەحمەدشا کۆڵێک گەواهێراتی میرانەی لەگەڵ خۆی بردۆتە ئورووپا. سەرەنجام ڕۆژی ١٠ی ڕەمەزانی ١٣٤٠ی ک/ بانەمەڕی ١٣٠١ی هەتاوی کابینەی موشیرودەولە لێکهەڵوەشا و حکوومەتەکەی ڕووخا. سەرۆکوەزیر بە تەلگراف دەست لە کار کێشانەوەی خۆی بە ئەحمەدشا ڕاگەیاند و سەردارسپا بێئەوەی هیچ ئەرک و پلەیەکی خرابێتە سەر شانی، فەرمانی دا بە جێگرانی وەزارەتخانەکان کە هەتا هەڵبژاردنی وەزیرانی تازە کاروباری وەزارەتخانەکان بەڕێوەبەرن.

پارلمان و کەیخوایانی تێبین و سۆسیالیستەکان وەخۆکەوتن هەتا موشیرودەولە لە بەرامبەر کەتن و پیلانی خەنیمانیدا بپارێزن و پاش پێکهاتنی چەند لێژنەیەک و وتوویژی پێویست، جارێکی دیکە پارلمان دەنگی متمانەی دایەوە

بە موشیروددەولە و بە تەلگراف هەواڵەکە بە ئەحمەدشا راگەیاندرا و شا رەزامەندیی لەسەر داخوازەکە دەربڕی و بە موشیروددەولەی راگەیاندەوە، بەڵام موشیروددەولە نەیتوانی لەگەڵ سەردارسپا رێک بکەوێ. «بەرواڵەت وەزیری بەرگری رازی نەبوو بە هەڵبژاردنی وەزیرەکان و ئەوەش زۆر سەیرە کە وەزیرێک دوای دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆکی دەوڵەت هەر لەسەر کار بێ و تەنانەت لەسەر دانانی وەزیرەکان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی دواتر یەکودوو بکا.»[1]

بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێنەرانی هێژا لەگەڵ بەشێک لە راستییەکانی بارودۆخی سیاسیی ئەو رۆژگارە، چەند برگەیەک لە وتارێکی رۆژی ١٨ی ئاوریلی ١٩٢٢ی تایمزی لەندەن دەخەینە بەرچاو کە لە کتێبی «رابوونەوەی ئێران»، گردوکۆی فەتحوڵلا نووری ئیسفەندیاری‌دا تۆمار کراوە:

«رۆژنامەکانی ئێران بە نووسینی زنجیرەیەک وتاری توندوتیژ و پڕ لە سووکایەتی هەڵدەکوتنە سەر بریتانیای گەورە و رووسیا و هەروەها خانەدانی پادشایەتیی ئێرانیش.»

«رۆتشتاینی وەزیر موختاری بۆلشویک زۆر بە توندی کەوتۆتە بەر شەپۆلی سەرکۆنە و رەخنە و سەرۆکوەزیرەکانی پێشوو یانی سەید زیائەددین و وسووقوددەولە بە نۆکەری ئینگلستان تۆمەتبار کراون. رۆژنامەکان رایانگەیاندووە کە ئەم دوو کەسە لەگەڵ موشیروددەولەی سەرۆکوەزیری ئێستا و موئتەمینولمولکی برای کە سەرۆکی پارلمانە دەبێ بە تاوانی رابوون دژی بەرژەوەندییەکانی وڵات لە دار بدرێن. شا و جێگرەوەی‌شا تاوانی بە بادانی سامانی وڵاتیان خراوەتە سەر شانی و دەڵێن شا بە هاموشۆی بۆ ئورووپا و جێگرەوەی‌شا لەبەر گەڵاڵیی و خۆش‌رابواردن گوناهبارن. هەروەها نوێنەرانی پارلمان بە کورانی نارەسەنی وڵات دەزانن کە بە شێوەیەکی پڕ شەرمەزاری بە فەرمانی بارگای لەندەن هەڵبژێردراون و بوونە سەرۆکی کار و دەسەڵات.»

### کابینەی قەوامولسەڵتەنە

لە جەنگەی بەدی هاتنی ئەو قەیرانە گرژ و ئاڵۆزەدا کە پاش رووخانی کابینەی موشیروددەولە بارودۆخەکەی تەنیبوو و ئاوبراو بۆ پێکهێنانەوەی کابینەیەکی نوێ

---

١- مێژووی حیزبە سیاسییەکان، مەلیکوششوعەرای بەهار، ل ٢١٢.

تێمابوو، پارلمان جارێکی دیکە ڕووی کردەوە قەواموسسەلتەنە و شیرەشوانەی بۆ هێنایەوە و ئەحمەدشاش لە پاریسەوە تەلگرافی لێدا و قەواموسسەلتەنەی کردەوە سەرۆکوەزیر. هەر لەو هاتوباتەدا حەمەحەسەنمیرزای جێگرەوەیمیریش کە پاش کودەتای ١٢٩٩ی هەتاوی، چووبوویە ئورووپا و لە جەنگەی دووهەم گەشتی پادشادا بۆ ئورووپا لە ئیستانبووڵ بوو، گەڕایەوە تاران.

قەواموسسەلتەنە ڕۆژی ٢٥ی شەشەکانی ١٢٤٠ی ک/ کلکەی مانگی جۆزەردانی ١٣٠١ی هەتاوی، دەوڵەتی خۆی پێکهێنا و بە پارلمانی ناساند کە بریتی بوون لە:

١- قەواموسسەلتەنە، سەرۆکوەزیر و وەزیری کاروباری دەرەوە ٢- سەردارسپا، وەزیری بەرگری ٣- موحتەشەموسسەلتەنە، وەزیری دادوەری ٤- وەحیدولمولک(شەیبانی)، وەزیری پۆست و تەلگراف ٥- عەمیدوسسەلتەنە، وەزیری ڕێگاوبان ٦- قەهیمولمولک، وەزیری دارایی ٧- مەنسوورلمولک، سەرپەرستی وەزارەتی نێوخۆ.

ئەحمەدشا ڕۆژی ٨ی سەرماوەزی ١٣٠١ی هـ/ نوامبری ١٩٢٢، لە سەفەری دووهەمی ئورووپای گەڕایەوە و گەیشتەوە بەندەربووشێهر و لەو شارە و شیراز و ئیسفەهان لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکرا و ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز گەیشتەوە پایتەخت و بەپێی ڕێوڕەسمێکی کە پێشتر کەلالەی بۆ داڕێژرابوو، کەژاوەی میرانەی بەپێی پێویست پێشوازیی لێکرا.

سولەیمانمیرزای سەرۆکی فراکسیۆنی کەمینەی سۆسیالیستەکان و هاوپەیمانانی پارلمان، وەحیدولمولکی وەزیری پۆست و تەلگرافی کابینەی قەواموسسەلتەنەی بۆ لێپرسینەوە بانگ کردە پارلمان. مەبەستی لێپرسینەوەکەش تۆماتی ئەو دزیوقزێیانە بوو کە لە ڕەوتی چاپ و بڵاوکردنەوەی تەمری پۆستی و کاری ئەوتۆدا خرابوونە ئەستۆی وەزارەتخانەکەی، بەڵام لەبەر داکۆکی کردنی قەواموسسەلتەنە، پارلمان بە زۆرینەیەکی قرچۆک دەنگی متمانەی دایەوە قەواموسسەلتەنە.

شاندی دارایی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر [ئارتوور چێستێر] میلسپۆ [١٨٨٢ـ١٩٥٧ی ز. پسپۆڕی بواری دارایی] بەپێی بودجەیەکی داخراو کە دوکتۆر موسەددیقوسسەلتەنە لە کابینەی پێشووی قەواموسسەلتەنەدا ڕێکی خستبوو، بۆ چاککردنی بارودۆخی دارایی وڵات تێدەکۆشان و وا چاوەڕوان دەکرا کە

بارودۆخەكە بەرەو باشی بروا. بەڵام پێكهاتەی پارلمان رۆژبەرۆژ بە زەرەدی قەوام گۆڕانی بە سەردا دەهات و سەرەنجام رۆژی ٥ی رێبەندانی ١٣٠١ی هەتاوی، دەوڵەتی قەوام رووخا.

**كابینەی موستەوفیولمەمالیک**

موستەوفیولمەمالیک كاندیدای سۆسیالیستەكان و بە كوتەی رۆژنامەی تایمزی لەندەن بەربژاری سۆڤییەتەكان كرایە سەرۆكوەزیر. بەڵام ماوەی بیست رۆژان نەیتوانی دەوڵەتی خۆی پێک بێنێ و سەرەنجام رۆژی ٢٥ی رێبەندانی ١٣٠١ی هـ/ فێورییەی ١٩٢٣ دەوڵەتی لەرزۆكی موستەوفیولمەمالیک بەم شێوەی خوارەوە پێكهات:

١- موستەوفیولمەمالیک، سەرۆكوەزیر و وەزیری نێوخۆ ٢- سەردارسپا (رەزاخان)، وەزیری بەرگری ٣- نەسروڵمولک، وەزیری دارایی ٤- زەكائولمولک (فرووغی)، وەزیری دەرەوە ٥- مومتازولمولک، وەزیری دادوەری ٦- موحتەشەموسسەلتەنە، وەزیری پەروەردە ٧- ئەدیبوسسەلتەنە (سەمیعی)، سەرپەرستی وەزارەتی نێوخۆ.

رۆژنامەی «مورنینگپۆست»ی لەندەن لە ژمارەی ١٧ی مارسی ١٩٢٣دا ئاوا دەربارەی داهاتووی دەوڵەتی تازە دەدوێ:

«لە نێو ئەم وەزیرانەدا تەنیا سەردارسپا لێوەشاوەیە بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەتخانەكەی خۆی. لە رووی ناچارییرا موستەوفیولمەمالیک كراوەتە سەرۆكوەزیر و وێناچێ كە دەوڵەتەكەی هێندە بخایەنێ. ئێران ئەمڕۆ پێویستی بە پیاوێكی لێهاتووی نیشتمانپەرستە هەتا بتوانێ گەمیی شكاوی [لەو گێژاوە] دەرباز بكا.»[1]

هەر ئەم رۆژنامەیە لە ژمارەی رێكەوتی ٢٣ی مەیی ١٩٢٣ی خۆیدا ئاوای نووسیوە:

«گرفتێكی گەورە و مەترسیداری بارودۆخی ئێستای ئێران، هەنگاوەكانی وەزیری بەرگرییە كە ناكرێ بەروونی بلێی ئەم وڵاتە بۆ كوێ دەبا و تووشی چ چارەنووسێكی دەكا. تەنانەت دەوڵەتیش هیچ شتێک سەبارەت بەم مەبەستە و

١- رابوونەوەی ئێران، گردوكۆی فەتحوڵڵا نووری ئیسفەندیاری.

خودی وەزیری بەرگری نازانی کە ڕۆژبەڕۆژ کەسایەتی و برشتی دەسەڵاتی بە فیتی [کەڵاڵەی] سیاسی هەوراز دەچێ. بێگومان ڕەزاخانی سەردارسپا لێنابڕێ هەتا جەغزی دەسەڵاتی بەرتەسک بکاتەوە هەتا لەگەڵ هێزەکانی گەورەتر و توندوتیژتر لە خۆی تێکهەڵنەچێ. بۆیە هەروا لەسەر ڕەوت و ڕێبازی رابردووی خۆی دەڕوا. کەسایەتیی دیار و بەسامی وەزیری بەرگری لە نێو جەغزی تاریک و لێڵی ئەنجومەنی وەزیراندا وەکوو خۆر دەدرەوشێتەوە.»[1]

یەکێک لە کارەکانی دەوڵەتی موستەوفیولمەمالیک ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پارلمانی نیشتمانی بوو کە دەبوو لە ڕۆژی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٠٢ی هـ/ ئاوریلی ١٩٢٣ی زایینەوە دەست پێ بکا. لە تاران کەسانێکی وەکوو موستەوفیولمەمالیک، قەوامولسەڵتەنە، مودەڕڕیس، ئاشتیانی، سولەیمان‌میرزا و یێهبەهانی بە نوێنەر هەڵبژێردران. بەڵام هەڵبژاردنی شارستانەکان کەم‌وزۆر بەتەواوی کەوتە بەردەستی حیزبێکی تازە کە مەلیکوششوعەرای بەهار پێی گوتووە «دیموکراتی سەربەخۆ» و ڕۆژنامەکانی ئینگلیسی ناویان ناوە حیزبی «ڕادیکاڵ» و خودایارخانی دۆست و هاوکاری نیزیکی سەردارسپا ئەم حیزبەی هەڵسووڕاندووە. هەر ئەم پارلمانە دەبوو خاشەی بارگرژی و کەتن و پیلانە سیاسییەکان بکێشێ و سەبارەت بە هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو کەسە، یانی ئەحمەدشا و سەردارسپا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدا و بێتە پشتیوانی ئەو کەسەی کە هەڵیبژاردووە و هێزی وەبەربنێ.

### کابینەی یەکەمی سەردارسپا

دەوڵەتی موستەوفیولمەمالیک لە پارلماندا کەوتە بەر لێپرسینەوە و هەڵپێچران و سەرۆکوەزیر لە کۆبوونەوەی ئاشکرای پارلماندا وتارێکی گرینگی دا و وەکوو «عیشقی» دەڵێ «ئەسکۆیێ لە دیزەی هەموان وەردا» و سەرەنجام لە نێو شەپۆلی لافاوی لایەنگران و دژبەرانی لە پارلمان و ڕۆژنامەکانی نێوخۆ و دەرەوەدا بەناچاری دەستی لە کار کێشایەوە و هەمان‌هەمان موشیروددەولە بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەت ڕاسپێردرا و ڕۆژی یەکەمی نێوجێژنانی ١٣٤١ی ک/ جۆزەردانی ١٣٠٢ی هەتاوی، ئەندامانی کابینەی هەڵبژاردن کە بریتی بوون لە:

---

١- ڕابوونەوەی ئێران، گردوکۆی فەتحوڵڵا نووری ئیسفەندیاری.

سەردارسپا، دوکتۆر موسەددیقوسسەڵتەنە، زەکائولمولک، حەکیمولمولک، حەکیموددەولە و ئیعتیلائوسسەڵتەنە.

پارلمانی خولی چوارەم لە دوایین کۆبوونەوەکانی خۆیدا، یاسا و ڕێسای وەرگرتنی ٥ ملیۆن دۆلار وامی لە بانکەکانی ئەمریکایی پەسند کرد و ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان موشیروددەولە (پیرنیا) دەولەتی بە پارلمان ناساند و بەکورتی کار و گەلالەکانی داهاتووی ڕوون کردەوە. ئەوەی ڕاستی ئەم دەولەتەش وەکوو دەولەتی موستەوفیولمەمالیک نەیتوانی بە سەر گرفتەکانی نێوخۆیی و گوشارە سیاسییەکانی دەرەکیدا زاڵ بێ کە لە لایەکەوە بەرواڵەت بە قازانجی دەولەت و لە لایەکی دیکەوە و لە هەناوی خۆیاندا بۆ بنکۆڵ کردنی بوون. تەمەنی پارلمانی خولی چوارەمیش برایەوە و خولی پێنجەم کە زۆربەیان لایەنگری حکوومەتی سەردارسپا بوون، پێکهات.

موشیروددەولە ڕۆژی یەکەمی مانگی خەزەلوەری ١٣٠٢ی هـ/٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٢٣، دەست لە کار کێشانەوەی خۆی پێشکەشی شا کرد و چەند ڕۆژ دواتر بەپێی فەرمانی شا سەردارسپا بوو بە سەرۆکوەزیر و شەست و شەشەمین کابینەی سەردەمی مەشرووتەی پارلمانیی ئێرانی بە خزمەت شا ناساند کە ئاوا پێکهاتبوو:

١- سەردارسپا (رەزاخان)، سەرۆکوەزیر و وەزیری بەرگری ٢- زەکائولمولک (فرووغی)، وەزیری دەرەوە ٣- مودیرولمولک (مەحموود جەم)، وەزیری دارایی ٤- سولەیمانمیرزا (ئەسکەندەری)، وەزیری پەروەردە و ئەوقاف و دەسکردی عەنتیکە ٥- خودایارخان، وەزیری پۆست و تەلگراف ٦- موعازیدوسسەڵتەنە، وەزیری دادوەری ٧- میرزا قاسمخانی سوور، سەرپەرستی وەزارەتی نێوخۆ.

ڕۆژنامەی ئینگلیسیی نیەرئیست [ڕۆژهەلاتی نیزیک] لە ژمارەی ٢٩ی نوامبری ١٩٢٣ی خۆیدا ئاوای نووسی:

«سەردارسپای سەرۆکوەزیری ئێستای ئێران پیاوێکی بەزییک و زاکوون و کارامەیە و بۆ هەر کارێکی کە مەیلی لێ بێ شارەزا و لێهاتوویە. ئەو لە کار و گەلالەی دەولەتی خۆیدا بابەتێکی تازەی ورووژاندووە و لەبری زنجیرەیەک چاکسازیی پڕ کوێرەوەری، هەموو هەوڵ و هەڵسووڕانی خۆی کردۆتە بەختی پاراستن و باڵ بە سەرکێشانی بەرژەوەندییەکان و دانەبڕانی خاکی ئێران و

پێی وایە کە دەبێ یاساکانی سەبارەت بەم ئەرکانە لە هەموو بارێکەوە ڕێزیان لێ بگیرێ. هیواداریین کە سەردارسپا پارێزرانی پەیوەندیی باش لەگەڵ بریتانیای گەورە بخاتە نێو ڕیزی بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوە.»

یەکەمین شوێنەواری سەرۆکایەتیی سەردارسپا گەشتی تازەی ئەحمەدشا بوو بۆ ئورووپا. ئەحمەدشا کە بۆ سەری سێجارە بارگە و بنەی بەرەو ئورووپا تێکنابوو، جێگرەوەی‌میری وەکوو بریکاری فەرمانڕەوایەتی دانا و لە کلکەی مانگی خەزەلوەری ١٣٠٢ی هەتاوی‌دا بە ڕێی بەغدادا ڕۆیی بۆ ئورووپا. ڕۆژی یەکەمی سەرماوەز گەیشتە ئەسکەندەرییەی میسر و بۆ بەیانی بە سواری کەشتی بەرەو لەنگەرگای مارسێی وەڕێکەوت و ڕۆژی حەوتەمی سەرماوەز گەیشتە پاریس.

سەردارسپا لە ماوەی دوو ساڵدا هەنگاوی گرینگی هەڵێنانەوە و تۆماری تەمەنی حکوومەتە خۆجێیی و ناوچەیی‌یەکانی تێکەوەپێچان کە دوای کودەتای ١٢٩٩ی هـ/١٩٢٠ی ز. دامەزرابوون و لەپێناو بەدی هێنانی یەکییەتیی سیاسی‌دا تێکۆشا. شێخ خەزعەل، شێخی خودبەسەر و گەردنکەشی موحەممەرە کە دەسەڵاتی بە سەر خووزستان‌دا شکابووە، خۆی دایە دەست سەردارسپا و سەرکردە سەربزێوەکانی لورستان دوابەدوای یەکتر دەمکوت کران و گیران و لە دار دران. بە هەوڵ و کۆڵنەدانی سەردارسپا و سەربازانی فیداکار ڕێگای نێوان تاران بۆ خووزستان بە ڕێی برووجێرد و خورەمئاباد و دزفوول‌دا لێدرا. ئازەربایجان لە پاشماوەی چەند یاغی و سەربزێوێکی وەکوو سمایل‌ئاغای سمکۆ و کەسانێکی وەکوو وی پاک کرایەوە و بەرەبەرە سەربازخانەی سپای تازەی ئێران لە ناوەندی پارێزگاکان و شارستانەکان و سنوورەکانی وڵات داندران. ئەم کارانەی سەردارسپا لە لایەکەوە کەوتە بەر سەرنجی بەشێکی زۆری پیاوانی تێبین و ئەم کێشە و مڵانە سیاسییە نێزیکەی دوو ساڵی کێشا؛ یانی لە سەرتاسەری خولی پێنجەمی پارلمان‌دا نەپسایەوە و سەرەنجام سەردارسپا تێیدا سەرکەوتوو بوو.

**کابینەی دووهەمی سەردارسپا و [ورووژانی پرسی دامەزرانی] کۆمار**

ئەوەی ڕاستی بێ وەختایەک ئەحمەدشا ڕۆیی بۆ ئورووپا، دەنگۆی دەست لە کار کێشانەوەی بڵاو بۆوە. سەردارسپا ئەگەرچی وای دەتواند کە پیاوێکی

شادۆستە. بەلام لە راستی زۆر توند دژی فەرمانڕەوایەتیی خانەدانی قاجاران بوو. لەو سەرویەندەدا وتاری زۆر تیژ و ئاگرین و پڕ سووکایەتی دژی ئەحمەدشا و باوک و باپیرانی لە رۆژنامەکانی ئێران و چەند رۆژنامەیەکی دەرەوەدا بلاو دەبوونەوە. جا لە رووی تەواوی ئەم نیشانانەوە دەکرێ وای بۆ بچین کە زەمزەمەی دامەزرانی حکوومەتی کۆماری لە ئێراندا بە دڵی سەردارسپا بووبێ و بەپێی ئەم ئامانجە لێبڕابێ هەتا دەستی خانەدانی قاجار ـ کە جگە لە چارەڕەشی و نەگبەتی بۆ گەل و نیشتمانی ئێران. هیچی دیکەیان پێ نەبوو ـ لە بەرۆکی خەلکی ئێران بکاتەوە.

لە نێوەراست مانگی بەفرانباری ١٣٠٢ی هەتاویدا، رۆژنامەی مورنینگ‌پۆستی لەندەن لە زمان هەواڵنێرەکەی خۆی لە پاریسەوە هەواڵێکی بلاو کردەوە و نووسی «رادیک»ی نوێنەری سیاسیی سۆڤییەت لە بێرلین، تەلگرافێکی نهێنیی لێداوە بۆ «چیچەرین»ی وەزیری دەرەوەی سۆڤییەت و هێندێکی باسی باروودۆخی ئێران کردووە و گوتوویەتی پارلمانی ئێران فەرمانی دامەزرانی حکوومەتی کۆماریی پەسند کردووە و شا دەستی لە پلەی خۆی کێشاوەتەوە.

دوو مانگ دوای بلاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە رۆژنامەیەکی ئینگلیسیدا، پارلمانی خولی پێنجەم لە ٥ی رەشەمەی ١٣٠٢ی هەتاویدا دەست بە کار بوو هەتا لە باوەرنامەی نوێنەران بکۆڵێتەوە. پارلمان لە سەرەتای خاکەلێوەی ١٣٠٣ی هەتاوی‌را کەوتە سەر باری رەسمی بوون و دوازدە کەس لە نوێنەران سەرلەنوێ قنیاتیان بە سەردارسپای دەست لە کار کێشاوە هێنا کە بێ و دەولەتێکی تازە پێک بێنێ. لە کلکەی مانگی خاکەلێوەی ١٣٠٣ی هـ/ ئاوریلی ١٩٢٤دا سەردارسپا کابینەی تازەی بە پارلمان ناساند کە بریتی بوون لە:

١- سەردارسپا. سەرۆک‌وەزیر و وەزیری بەرگری ٢- زەکائولمولک (فرووغی)، وەزیری دەرەوە ٣- مودیرولمولک (مەحموود جەم) وەزیری دارایی ٤- ئەمیر ئیقتیدار. وەزیری پۆست و تەلگراف ٥- موعازیدوسسەلتەنە. وەزیری دادوەری ٦- موشاویروددەولە. وەزیری ڕێگاوبان ٧- میرزا قاسم‌خانی سوور، وەزیری نێوخۆ.

لەم سەرویەندەدا دەنگەدەنگ و نارەزاری کۆماری‌خوازی لە تاران و چەند شارستانێک تەشەنەی کرد. کۆمەڵێک لە سەرناسانی وڵات و زۆربەی کارمەندانی

دەوڵەت و کۆمەڵانی خەڵک بۆ پشتیوانی کردن لە پێکهێنانی کۆمار خۆپێشاندانیان کرد و لەم بوارەدا چەند کەسێک وتاریان دا. لە بریتانیا ئەنجومەنی پیرانی ئینگلیس سەبارەت بە بارودۆخی ئێران دەوڵەتیان پرسیارپێچ کرد و لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوە، وتارێکی تێر و تەسەلی سەبارەت بە بارودۆخی ئێران پێشکەش کرد. لە لایەکی دیکەوە لە کاتی سوێندخواردنی پارلماندا، نوێنەرانی سۆسیالیست و هاوپەیمانەکانیان، کە لایەنگری حکوومەتی کۆماری بوون، خۆیان لە خواردنی سوێندی وەفاداری سەبارەت بە شا پاراست. بەڵام ٦٠ کەس لە نوێنەران کە زۆرینە بوون، بەپێی دابی حکوومەتی مەشرووتە سوێندیان خوارد و بەم شێوەیە کۆماریخوازان لە پارلماندا شکستیان هێنا. لە دەرەوەی پارلمانیش پاش بڵاوبوونەوەی چەند ڕاگەیاندراوێکی پێشەوایانی دینی و مەزنەمەلایانی قوم بە دژی دامەزرانی حکوومەتی کۆماری و پەلاماری توندوتیژی چەند ڕۆژنامەیەک بۆ سەر ئەم پرسە، هەوڵی دامەزرانی حکوومەتی کۆماری لە ئێراندا نەزۆک مایەوە.[1]

---

١- میرزادەی عیشقی یەکێک لەو کەسانە بوو کە زۆر توند دژی دامەزرانی حکوومەتی کۆماری بوو. میرزادە کە شاعیر و نووسەرێکی ناسک و پڕ شۆری هەمەدانی بوو، چەند وتارێکی توند و ئاورینی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، بەتایبەت لە «سیاسەت»دا نووسی. عیشقی لە وتارێکی خۆیدا نووسیبووی: «مەبەستێک کە زۆر وەکوو گاڵتەجاری دێتە بەرچاو هەرای شوانەوێڵەکانی سەقزییە کە خوازیاری [دامەزرانی حکوومەتی] کۆمارین، بەڵام من خۆم بە کۆلێک سەر و قژ و کاکۆڵ و گراوانەوە دژی [دامەزرانی حکوومەتی] کۆمارییم... داخوا شوانەوێڵەکانی سەقز دەزانن کۆمار چییە؟ کۆمار دەخورێ؟ کۆمار دەپۆشرێ؟ کۆمار دەدروێتەوە یان کۆمار نانی پێدەکەن؟! کۆمار ناوی داعبایە؟ کۆمار ناوی گیایە؟»

میرزادەی عیشقی لەبەر نووسینی ئەم وتارانە و بڵاوکردنەوەی کاریکتاتۆرێکی ڕەخنەگرانە بە ناوی «سەمیولی کۆمار» لە ڕۆژنامەی «قەرنی بیستەم»دا، بەرەبەیانی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٠٣ی هـ/ جووڵای ١٩٢٤، لەماڵی خۆی دوو کەس دایانە بەر گوللە و جەنگەی نیوەڕۆیە ماڵئاوایی لە ژیان کرد. تەرمەکەی بەوپەڕی ڕێزەوە لە نێو پەژارەی خەڵکی کۆڵان و بازاردا بە دەست یارانی هاوڕێباز و هاوبیری سیاسیی خۆی لە گۆڕستانی «ئیبنی بابوویە» نێژرا.

[محەممەدڕەزا کوڕی حاجی سەید ئەبولقاسم کوردستانی، کوردە و ساڵی ١٢٧٢ی کۆچی لە هەمەدان پێی ناوەتە جەغزی ژیان. پاش ئەوەی دەخوێنێ و پێدەگا وەکوو شاعیرێکی ئازادیخواز و گۆڕانخواز خۆی دەنوێنێ. بەپێی نووسینی ڕۆژنامەی شەفەقی سورخ (ساڵی دووهەم، ژمارە ١٩، ل٤)، محەممەدڕەزا (میرزادەی عیشقی)، خۆی ←

**درانی چەند دەسەڵاتێک بە سەردارسپا**

سەردارسپا وێڕای تێکۆشان بۆ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە سەرتاسەری ئێران، بەتایبەت لە خووزستان و گورگان کە دوو ناوەندی گەورەی سەرهەڵدان و خودبەسەری و سەرپێچی بوون دژی حکوومەت، لە چنگ دەستێوەردانی شا و جێگرەوەی‌شا لە کاروباری وڵاتدا، هاواری بردە بەر پارلمان و داوای کرد کە دەسەڵاتی تەواوی هێزە چەکدارەکانی بدەنە دەستی یان لێی گەڕێن کە دەست لە کار بکێشێتەوە. پارلمانی خولی پێنجەم لە نێو شەپۆلێکی توند و بەگوڕمی دژایەتیی کەمینەدا، سەرکردایەتیی تەواوی هێزە چەکدارەکانی دایە چنگ سەردارسپا و تەواو رێی بۆ خۆش کرد هەتا بەپێی پێویست ئەم دەسەڵاتە بخاتە گەڕ کە بەگوێرەی یاسا تایبەتی پادشا بوو. بەم شێوەیە تازە بریکاری پادشا دەرفەتی مانەوەی لە ئێراندا بە شیاو نەزانی و خێرایەکی بەرەو ئورووپا رۆیی.

ماوەیەکی زۆر بوو کە لە رۆژنامەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا کۆمەڵێک هەواڵی جۆراوجۆر سەبارەت بە تەمای ئەحمەدشا لەمەڕ گەڕانەوەی بۆ ئێران بڵاو دەکرایەوە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی هەر هەواڵێک سەبارەت بە تەمای شا، هەواڵێکی دیکە دەهات و ئەوەی پێشووی دەبردەوە پاش و لە رۆژنامەکانی

---

کردۆتە بەربژاری نوێنەرایەتیی شاری سنە بۆ خولی پێنجەمی پارلمان، بەڵام دەنگی نەهێناوەتەوە (١٣٠٢ی هـ/١٩٢٣ی ز).

عیشقی پاش ئەم تێشکانە، دەکەوێتە سووکایەتی کردن بە تورەمەی خۆی کە کوردە و ئاوا پەلاماری دەدا. وەکوو لە خودی ئەم دەقەش‌دا نووسراوە لە زۆربەی شارەکانی ئێران بیری دامەزرانی حکوومەتی کۆماری رەنگی داوەتەوە. بەم پێیە شاری سەقزیش لەم کاروانە بەجێ نەماوە و شێخ رەئووف زیایی لە بیرەوەرییەکانی خۆی‌دا زۆر بەرووتی ئەم مەبەستەی درکاندووە (بر: یادداشت‌هایی از کردستان، خاطرات شیخ رئوف ضیایی، ١١٠،١١١، انتشارات صلاح‌الدین ایوبی، ١٣٦٧ خورشیدی [١٩٨٨م].

بەپێی نووسینی رۆژنامەی شەفەقی سورخ (سالی دووهەم، ژمارە ٩٦، ل ٢، ١٩ی حووتی ١٣٠٢/١٠ی مارسی ١٩٢٤)، تەلگرافی کۆماری‌خوازی بۆ تاران لێدراوە و ٦٤٠ کەس شێخ و مەلا و بازرگان و کاسبکار و پیشەوەر ئیمزایان کردووە... . سپاس بۆ بەڕێز دوکتور سمایل شەمس و دوکتور خالید تەووەککولی کە ئەم زانیارییانەیان بۆ کردمە دیاری.و.]

دەرەوەدا رەنگی دەدایەوە. بۆ وێنە لێرەدا دەقی دوو هەواڵی رۆژنامەکانی دەرەوە دەخەینە بەرچاو.

هەواڵی یەکەم: رۆژنامەی تایمزی لەندەن، ١٩ی فێوریییەی ١٩٢٥:

«رەزاخانی سەردارسپای سەرۆکوەزیر، سەری وەبەر ئەو بڕیارەی پارلمان هێناوە کە کردوویەتی بە سەرکردەی تەواوی هێزە چەکدارەکانی ئێران و هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی و بەرپرسیاربوون لە حاند پارلمانی بۆ پەسند کردووە و سەرلەنوێ داوا لە شا دەکرێتەوە هەتا بگەڕێتەوە ئێران... .»[1]

هەواڵی دووهەم: دەیلی تەلگرافی لەندەن، ١٣ی ئۆکتۆبری ١٩٢٥:

«ئێستا کە روون بۆتەوە شا لە چوونەوە بۆ وڵاتی خۆی پەژیوان بۆتەوە، رەنگە ئەو هەرا و هەڵلا و هارووژانەی کە بە فیتی تاقمێک لە لایەنگرانی توندرەوی پادشایەتی و مەلایان دژی رەزاخانی سەردارسپای سەرۆکوەزیری بەدەسەڵاتی ئێران بەدی هاتبوو، دامرکێ و بیرێتەوە. بەراستی سەیرە، بۆلشویکەکان کە لە بزووتنەوەی تازەی کۆماریخوازیدا دژی پادشایەتی و مەلایان پشتیوانی رەزاخان بوون، ئێستا بوونە پالپشتی لایەنگرانی شا. ئەوان بۆیە ئاوا هەڵویستیان گۆڕیوە کە رەزاخان خۆی لە ئاست ئەوان زۆر وریا و وشیار و یەکجار بەهێز نیشان داوە و بە دنەی ئەوان نێوانی خۆی لەگەڵ ئینگلیسییەکان تێکنەداوە.»[2]

### نەوتی شۆرەکانی خووریان

وەکوو پێشتر باسمان کردووە ناسرەددینشا لە جەنگەی دەسەڵاتیدا گەلێک قان و پاوانی لە کاغەز کردوون و هەر لەسەر ئەم پێوشوێنە سالی ١٢٩٧ی ک/١٨٧٩ی ز. سێ فەرمانی بە ناوی حاجی عەلیئەکبەری ئەمینمەعادن نووسیوە و مافی ئەوەی پێداوە کە بەرهەم لە کانگای مس و قورقوشم و زاخەشینە و بەردەخەلووز و نەوتی شۆرەکاتی خووریانی شارستانی سمنان هەلبگرێ و پاش دە ساڵان دەیەکی کانگاکان بداتە دەستی دەوڵەت.

حاجی عەلیئەکبەر پێش ئەوەی دەست بکا بە بەرهەمهەلگرتن لەو سەرچاوە سروشتییانە کۆچیدوایی کرد و قارەمانخانی سەردارئەعزەم کە دایکی کچی ناسرەددینشا بوو و لەبەر پاراستنی سامانی زۆر و زەوەندی خۆی سەری

---

١- ٢- رابوونەوەی ئێران، گردوکۆی فەتحوڵڵا نووری ئیسفەندیاری.

بردبوویە ژێر باڵی پاراستنی ڕووسیای قەیسەری. بە ئاماژەی ڕووسان فەرمانەکانی ناسرەددینشای لە میراتگرانی حاجی عەلیئەکبەر بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ بە کرێ گرت و ٢٥٠٠ تمەنی نەغدی بۆ بژاردن و بەڵێنی دا کە هەتا ٥ ساڵ هەموو ساڵێک ٤٥٠٠ تمەن و لەو ساڵەوە بەرەودوا هەموو ساڵی ٥٠٠٠ تمەنیان کرێی کانگاکان بداتێ و هەروەها سەتی شەش لە قازانجی پاڵاوتەی داهاتی کانگاکانیشیان بداتە دەستی و بری مافی دەوڵەتیش لە ئەستۆی خۆی بێ (١٣٣٥ی ک/١٩١٦ی ز).

لەبەر قەومان و پەرەئەستاندنی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵگیرانی بەرهەم لەو کانگایانە نەگونجا و پاشەوارەکانی حاجی قەرارەکەیان لەگەڵ سەرداری ئەعزەم هەڵوەشاندەوە و ساڵی ١٣٤٢ی ک/ ١٩٢٣ی ز. قەراروبڕییەکی تازەیان لەگەڵ حاجی محەممەدسادقی بانکی لەسەر کانگاکان نووسی. ئەویش بەپێی وەکالەتنامەیەک کە لە پاشەوارەکانی حاجی عەلیئەکبەری وەرگرتبوو، کانگاکانی بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ بە کرێ دان بە مورتەزاخانی فتووحیقەیام (یەمینولمولک). ماوەیەک دواتر خۆشتاریا کە فەرمانێکی پووچەڵ و سووتاوی سەبارەت بە کانگاکانی هەرێمەکانی باکوورەوە بە دەستەوە بوو و پێشتر باسی کرا، هاتە مەیدان و بە یاریدەی چەند مەزن و ماقوولێک کە هەمیشە بۆ ئەو جۆرە دەڵالی و هەڵپەسەڵپیسانە ئامادە بوون، وەخۆ کەوت هەتا هەر چۆنێکی کە بۆی دەکرێ فەرمانەکانی میراتگرانی حاجی عەلیئەکبەر لە نووسینگەکانی حکوومەتی ئێراندا تۆمار بکا. وەکوو دیارە لەو سەروبەندەدا دەوڵەت ڕایگەیاندبوو کە هەر کەس فەرمان یان پاواننامەیەکی پێیە سەبارەت بە سەرچاوەکانی وڵات دەبێ بچێتە نووسینگەی وەزارەتی ڕێگاوبان و تۆماری بکا؛ جا بۆیە خۆشتاریا لەگەڵ نوێنەری حاجی محەممەدسادقی بانکی کە فەرمانەکانی بە دەستەوە بوو، چوویە وەزارەتی ڕێگاوبان و مانگی پووشپەڕی ١٣٠٣ی هـ/ جوولای ١٩٢٤ی ز. فەرمانەکان تۆمار کران.

دوای بەدی هاتنی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و کاردانەوە و کێشەکێشی نێوان میراتگرانی حاجی عەلیئەکبەر و فتووحیقەیام و خۆشتاریا، سەرەنجام خۆشتاریا بە یاریدەی دۆستان و دەڵاڵە ئێرانییەکانی خۆی توانی کە شەریکەیەک بە

دەسمایەی پەنجا ملیۆن قران بە ناوی شەریکەی هاوپشکی نەوتی خووریان دامەزرێنێ.

مستەفا فاتح لە کتێبی «پەنجا ساڵ نەوتی ئێران»دا ئاوای نووسیوە:

«پشکەکانی ئەو شەریکەیە بێ ناو بوون. بانکی «رووس وێسی»ی رووسی خاوەنی سەتی ٦٥ی پشکەکان بوو. خۆشتاریاش سەتی سی و پێنجەکەی دیکەی خرایە بەردەستی کە بەشێکی وەکوو هەقی دەلالی بۆ خۆی دانا و ئەوی دیکەشی بە سەر دۆستە ئێرانییەکانیدا دابەش کرد. ئەوانەی کە دەیانگوت لەو شەریکەدا بەشدار بوون یەکیان تەیموورتاش بوو کە بایی یەکمیلیۆن قرانی بەش هەبوو. ئاغا میر قەفقازی حەمزەوی (ئەمیر مونەززەم) بایی پێنسەدهەزار قرانی بەش پێبرابوو. «ستوودە» بایی سەتهەزار قران و ئەمینمەعادن بایی سەتهەزار قران و چەند کەسێکی دیکەش بە شێوەی جیاواز، پشکیان درابوویە. لەو رۆژگارەدا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە بایی دوومیلیۆن قران پشک پێشکەش بە کاربەدەستانی بالاتر کراوە. بەلام چونکە وەرگیرانی قبوول نەکرابوو. هەر ئەو کاتە بەخشرابوویە بانکی پەهلەوی (بانکی «سێپەهـ»ی ئەمرۆ).»

رەوتی ئەم رووداوانە سەبارەتە بە سالی ١٣٠٤ی هـ/ ١٩٢٥ی ز. یانی دوایین رۆژەکانی تەمەنی حکوومەتی قاجار و باس و لێدوان دەربارەی رووداوەکانی دواتر لە چوارچێوەی بابەت و نێوەرۆکی ئەم کتێبەی ئێمەدا ناگونجێ؛ بەلام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە نەوتی خووریان هەرگیز نەگەیشتە قۆناخی هەلێنجان و بەپێی تێپەربوونی زەمان، پاوان و فەرمان و شەریکەی هاوپشکی نەوتی خووریان تێداچوون.

## رووخانی حکوومەتی قاجاران

دەولەتی سۆڤییەت کە بەپێچەوانەی ویستی سەردارسپا بیوو بە پالپشتی ئەحمەدشا و بنەمالەی قاجار، وای بە بەرژەوەند زانی کە لەم بوارەدا دەست لە پێداگری هەلبگرێ. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پارلمانی خولی پێنجەم لەسەر دژایەتی کردنی خانەدانی قاجار پێکهاتن و سێلاوی تەلگراف و نامە بۆ لابردنی ئەحمەدشا لەسەر دەسەلات لە شارانەوە بەرەو پارلمان و دەولەت لووزەوی بەستبوو. هەروەها لە نێو کۆر و کۆمەلی نیشتمانی و رۆژنامەوانیشدا بۆ ئەم

مەبەستە هەوڵی بێوچان دەدرا و سەرەنجام پارلمانی خولی پێنجەم لە سەرەتاکانی مانگی خەزەڵوەری ١٣٠٤ی هەتاوی‌دا، بە زۆرینەی دەنگ برانەوەی پادشایەتیی خانەدانی قاجاری پەسند کرد و رایگەیاند.[1]

هەروەها بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی داهاتووی وڵات، پارلمانی خولی پێنجەم پەسندی کرد کە «ئەنجومەنی بنچینەدانان»[2] پێک بێ و ژمارەی ئەندامەکانی دەبێ دووهێندەی ژمارەی نوێنەرانی پارلمان بێ. جگە لەمەش هەتا کۆتایی هاتنی کاری ئەنجومەنی بنچینەدانان، پارلمان حکوومەتی کاتیی دایە دەستی رەزاخان.

ئەنجومەنی بنچینەدانان کە خێرایەکی پێکهات. لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٠٤ی هـ/١٢ی دیسامبری ١٩٢٥ی زایینی‌دا، بە زۆرینەی دەنگی ٢٥٧ کەس لە ٢٦٠ کەسی ئامادەبوو، بەندێکی تاقانەی وای پەسند کرد کە ئاڵوگۆری لە سێ بەندی ٣٦ و ٣٧ و ٣٨ی پاشکۆی یاسای بنەرەتی‌دا بەدی هێنا و بەپێی ئەو بەندانە پادشایەتیی مەشرووتەی ئێران لە لایەن ئەنجومەنی بنچینەدانانەوە درا بە خودی رەزاخانی پەهلەوی و خانەدانی.

لە کۆتایی‌دا بە پێویستی دەزانم کە بڵێم لە تەواوی ئەو ماوەیەدا وا لە تاران هەوڵ و هەڵسووڕانی سیاسی بۆ لەسەر کار لابردنی ئەحمەدشا لە ئارادا بوو، ئەو بێ‌ئەوەی شڵوێ بێ و خۆی بشەمزێنێ و گوێ بەو کارانە ببزوێ، لە ئورووپا خەریکی گەشت و سەیران بوو. رۆژنامەی دەیلی هرالدی ئینگلیسی نووسیویەتی: شای لێخراو ماوەیەکی زۆر لە شاری «نیس»[3] بنەی داکوتاوە و دەڵێن لەسەر مێزەکانی [قوماری] مۆنت کارلۆ هێندەی دۆراندبوو کە ناچار بوو بەشێک لە گەواهێراتی خۆی بفرۆشێ.

***

---

١- ٨٠ دەنگی بەڵێ و ٥ دەنگی نەخێر.

٢- مەجلیسی موئەسسان یان هەمان ئەنجومەنی بنچینەدانان، ئەنجومەنێکە کە بۆ دانانی یاسای تایبەت و گۆڕین و لێکدانەوەی بەندەکانی یاسا پێک دێ.

٣- لەنگەرگایەکی خۆش و دڵگری فەرانسەیە لە لێواری دەریای مەدیتەرانە و سەیرانکەران رووی تێدەکەن.و.

بنکەی ژین

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکانی نێوخۆ:

١- مێژووی نوێ، نووسینی جانگیرمیرزا (کوڕی عەباس‌میرزای جێگرەوەی‌میر)، چاپی تاران، خرمانانی ١٣٣٨ی هـ/١٩٥٩ی ز، ئامادەکردنی عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی. ئەم کتێبە سەبارەتە بە ڕووداوەکانی سەردەمی قاجاران لە سالی ١٢٤٠ەوە تا ١٢٦٧ی ک/ ١٨٢٤-١٨٥٠ی ز.

٢- جامی‌جەم، نووسینی فەرهادمیرزا موعتەمیدوددەولە، تاران ١٢٧٢ی ک/١٨٥٥ی ز. ئەم سەرچاوەیە سەبارەتە بە جوغرافیا و پوختەیەک لە مێژووی ولاتانی دنیا و کورتەیەک لە جوغرافیای هەرێم و ناوچەکانی ئێران، نووسەر ئاوری لە دیرۆکی بەرلە ئیسلامی ئێران داوەتەوە و بەکورتی باسی ژیان و بەسەرهاتی پادشایەتیی قاجاران دەکا هەتا سالی ١٢٧٠ی ک/١٨٥٣ی ز.

٣- مێژووی بەسەرهاتی مەسعوودی، نووسینی سولتان مەسعوودمیرزا زیللوسسولتان (دووهەم کوڕی ناسرەددین‌شا)، تاران ١٣٢٥ی ک/١٩٠٧ی ز. ئەم ژێدەرە سەبارەتە بە دیرۆک و سەفەرنامەی فەرنگستان.

٤- حەقایقولئەخباری ناسری، نووسینی میرزا سەید جەعفەرخانی حەقایقنگاری خوورمەوجی، بەرگی یەکەم، تاران ١٢٨٤ی ک/١٨٦٧ی ز. ئەم کتێبە لەمەر ڕووداوەکانی سەردەمی قاجاران نووسراوە و هەتا سالی ١٢٨٠ی ک/١٨٦٣ی زایینی بر دەکا.

٥- فارسنامەی ناسری، نووسینی حاجی میرزا حەسەن شیرازی ناسراو بە فەسایی، تاران ١٣١٢ی ک/١٨٩٥ی ز. ئەم سەرچاوەیە بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەم سەبارەتە بە سەربووردەی پادشایان و فەرمانڕەوایان و مەزنانی فارس لە سەرەتای ئیسلامەوە هەتا ١٣١١ی ک/١٨٩٣ی زایینی و بەشی دووهەمی دەربارەی بارودۆخی جوغرافیایی و دیرۆکیی فارس نووسراوە.

٦- ناسیخوتتەواریخ، نووسینی میرزا محەممەدتەقی لیسانولمولکی سپێهر، تاران ١٣٣٧ی ک/١٩١٨ی ز. ئامادەکردنی جانگیر قایم‌مەقامی. ئەم سەرچاوەیە سەبارەتە بە مێژووی بەربلاوی سەردەمی قاجار و سێ بەرگە و سەرلەبەری ڕووداوەکان هەتا سالی ١٢٧٣ی ک/١٨٥٦ی زایینی لە خۆ دەگری.

٧- ڕەوزەتوسسەفای ناسراو بە ڕەوزەتوسسەفای ناسری، کە پاشکۆ یان درێژەی ڕەوزەتوسسەفای نووسینی «میرخواند»ە. بەرگی دەهەمی سەبارەتە بە ڕووداوەکانی

ڕۆژگاری سەفەوییەکان، ئەفشارەکان، زەندەکان و قاجارەکان. ڕەزاقولیخانی هیدایەت ئەم کتێبەی نووسیوە و لەسەر ڕووداوەکانی زەمانی حکوومەتی قاجارانە هەتا ساڵی ١٢٧٣ی ک/ ١٨٥٦ی ز.

٨- مونتەزەمی ناسری، نووسینی محەممەدحەسەنخانی سەنیعوددەولە (کە دوای نەمانی «حاجی عەلیخانی موقەددەم مەراغەیی فەراشباشی»ی باوکی، سەرناوی ئیعتیمادوسسەڵتەنەی ئەوی بە میرات پێبرا. حاجی عەلیخان بکوژی ئەمیرکەبیر بوو.) ئەم کتێبە لە تاران چاپ کراوە و سەبارەت بە ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١١٩٤ تا ١٣٠٠ی ک/ ١٧٨٠-١٨٨٢ی ز. ئەم سەرچاوەیە بە زنجیرە باسی ڕووداوە دیرۆکییەکانی ئێران دەکا و هێندێک هەڵکەوت و ڕووداوی وڵاتانی دیکەی دنیاشی خستووەتە بەرباس.

(وەکوو ئاشکرایە سەرچاوەکانی ٦-٨، بە بایەخدارترین بەڵگەنامەکانی سەردەمی قاجاران دادەندرێن و هەتا ڕادەیەک بڕانەوەی دەسەڵاتی ناسرەددینشایان لە خۆ گرتووە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ چونکە نووسەرانی ئەم کتێبانە لە دەورگێڕانی سیاسیی ئەو سەردەمە و تێکەڵاوی بارگای فەرمانڕەوایانی قاجار بوون، زۆرجاران خۆیان لە درکاندنی ڕاستییەکان پاراستووە. ڕەنگە لەبەر پاراستنی گیان و سامان و پلەی خۆیان ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانیشیان ئاوەژوو کردبێتەوە. ئێمە لە دەقی ئەم کتێبەدا هەموو جارێک لە جێی خۆیدا باسی ئەم مەبەستەمان کردووە. کتێبی ناسیخوتتەواریخ یەکێکە لە درێژترین و تەواوترین مێژووەکانی سەردەمی قاجار و بە پەخشانێکی یەکجار ڕێک و ڕەوان و پاراو نووسراوە و نموونەی پەخشانی سەردەمی خۆیەتی.)

٩- میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر، نووسینی عەبباس ئیقبالی ئاشتیانی، ئامادەکردنی ئێرەج ئەفشار، تاران ١٣٤٠ی هـ/١٩٦١ی ز، بڵاوکراوەی زانکۆی تاران، ژمارە ٧٠٦. دوکتۆر ئەسغەر مەهدەوی وەکوو دیاری بەخشیویەتی بە زانکۆی تاران.

١٠- مێژووی ڕامیاری و دیپلۆماسیی ئێران، نووسینی دوکتۆر عەلیئەکبەر بینا، بەرگی یەکەم (١١٣٤-١٢٤٣ی ک)، تاران ١٣٣٧ی هـ/١٩٥٨ی ز، بڵاوکراوەی زانکۆی تاران، ژمارە ٤٦٦.

١١- بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەدەیەک بە سەر کوژرانی ئەمیرکەبیردا (ژیان و بەسەرهاتی میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر)، نووسینی حوسێن مەککی، چاپی دووهەم، ڕەزبەری ١٣٢٩ی هـ/ ئۆکتۆبری ١٩٥٠ی ز.

١٢- ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی سیستەمی حکوومەتی ئێران لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمی کۆچیڕا هەتا ١٣٠١ی ک، نووسینی جانگیر قایممەقامی، چاپی یەکەم، تاران ١٣٢٦ی هـ/١٩٤٧ی ز.

١٣- سنوورەکانی ئێران، نووسینی موهەندیس محەممەدعەلی موخبیر، چاپی یەکەم، تاران ١٣٢٤ی هـ/١٩٤٥ی ز.

١٤- بیرەوەرییە سیاسییەکانی میرزا عەلیخانی ئەمینوددەولە، ئامادەکردنی حافز فەرمانفەرمائیان، تاران ١٣٤١ی هـ/١٩٦٢ی ز. ئەم سەرچاوەیە کە ئێمە لەم کتێبەدا زۆرجارمان باس کردووە و گەلێک بابەتمان لێ راگواستووە، پڕە لە گەلێک دیمەن و رووداوی سەبارەت بە سەردەمی ناسرەددینشا. ئەمینوددەولە کە یەکێکە لە دەورگێرانی ناوبەدەرەوەی رۆژگاری حکوومەتی ناسرەددینشا بە رقەبەرێکی سەرسەختی میرزا عەلیخانی ئەمینوسسولتان دانراوە. ئەم کتێبە کە دەبێ ئەمینوددەولە نووسیبێتی سەرچاوەیەکی رەخنەگرانە و بایەخدارە. ئەمینوددەولە لەم کتێبەدا رقەبەرانی سیاسیی خۆی و ناسرەددینشاشی داوەتە بەر تیر و تانە و هەمووی رەخنەباران کردوون. نووسەر هەموو ئاکارێکی دزێو و نالەباری داوەتە پاڵ خەنیمانی و خۆی لەم کارە نەپاراستووە. ئەوەی راستی بێ ئەگەر سەرچاوەیەک هەبووبا بە ناوی «بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمینوسسولتان»، رەنگە باسی ئەوەی تێدا کرابا کە ئەمینوددەولە چەندەی خەیانەت کردووە و چەندەی ماڵ و سامان بردووە.

١٥- کەنداوی فارس، نووسینی دەریادار بایوندور، چاپی تاران.

١٦- گەنجی شایان (شایگان) یان باروودۆخی ئابووریی ئێران، سەید محەممەدعەلی جەمالزادە، بێرلین ١٣٣٥ی ک/١٩١٦ی ز.

١٧- نیوسەدە کۆیلایەتیی ئابووری، نووسینی ع. دانیشپوور، تاران، رەشەمەی ١٣٢٨ی هـ/ ١٩٥٠ی ز.

١٨- بانکی شاهانشاهی و ئیمتیاز، نووسینی ع. دانیشپوور، چاپی دووهەم، تاران، گەلاوێژی ١٣٢٦ی هـ/١٩٤٧ی ز.

١٩- بەسەرهاتی مووسیقای ئێران، نووسینی رووحوڵڵا خالەقی، بەشی یەکەم، تاران، رەشەمەی ١٣٣٣ی هـ/١٩٥٥ی ز.

٢٠- بەسەرهاتی من، نووسینی عەبدوڵڵا موستەوفی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، تاران.

٢١- پەنجا ساڵ نەوتی ئێران، نووسینی مستەفا فاتح، تاران ١٣٣٥ی هـ/١٩٥٦ی ز.

٢٢- مێژووی لەخەورابوونی ئێرانییەکان، نووسینی محەممەد نازمولئیسلامی کرمانی، چاپی دووهەم، تاران، رەشەمەی ١٣٣٢ی هـ/١٩٥٤ی ز. بڕوانە پێشەکی و بەرگی ١-٣ کە هەتا مانگی رەمەزانی ١٣٢٤ی کۆچی بڕ دەکا.

٢٣- مێژووی مەشرووتەی ئێران، نووسینی سەید ئەحمەد کەسرەوی، چاپی سێیەم، تاران، گەلاوێژی ١٣٣٠ی هـ/١٩٥١ی ز.

٢٤- مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان (بەرگی دووهەم، مێژووی مەشرووتەی ئێران)، نووسینی سەید ئەحمەد کەسرەوی، چاپی دووهەم، جۆزەردانی ١٣٣٣ی هـ/ ١٩٥٤ی ز.

٢٥- مێژووی شۆڕشی مەشرووتەی ئیران، نووسینی دوکتۆر مەهدی مەلیکزادە، بەرگی چوارەم (ئاوابوونی ئەستێرەی ئازادی)، تاران ١٣٣١ی هـ/١٩٥٢ی ز.

٢٦- ژیاننامەی مەلیکولموتەکەللیمین، نووسینی مەهدی مەلیکزادە، تاران، بانەمەڕی ١٣٢٥ی هـ/ مەی ١٩٤٦ی ز.

٢٧- کورتەمێژووی حیزبە سیاسییەکان (ڕووخانی حکوومەتی قاجاران)، نووسینی مەلیکوششوعەرای بەهار (مامۆستای زانکۆ)، بەرگی یەکەم، ساڵی نووسران ٢١-١٣٢٢ی هەتاوی، تاران ١٣٢٣ی هـ/١٩٥٤ی ز.

٢٨- ئیران لە جەنگەی شەڕی گەورەدا، نووسینی مووەڕریخوددەولەی سپیهر، تاران ١٣٣٦ی هـ/١٩٥٧ی ز.

٢٩- ڕابوونەوەی ئیران، گردوکۆی فەتحوڵڵا نووری ئیسفەندیاری، چاپی یەکەم، تاران، پووشپەڕی ١٣٣٥ی هـ/ جوولای ١٩٥٦ی ز.

٣٠- مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاوچەرخی ئیران، نووسینی سەعید نەفیسی، بەرگی یەکەم، تاران ١٣٣٥ی هـ/١٩٥٦ی ز.

٣١- بزووتنەوەی ئەدەبیی ئیران لە سەردەمی قاجاردا، نووسینی برایم سەفایی، چاپی دووهەم، تاران.

٣٢- مێژووی شارستانییەتی تازەی دنیا و ئیران، نووسینی عەبباس پەرویز، تاران ١٣٣٩ی هـ/١٩٦٠ی ز.

٣٣- بەند و برگەکانی یاسای بنەرەتی و تەواوکەر و پاشکۆکانی، ئامادەکردنی حەسەن فەسیحی شیرازی (ئیحسان)، تاران ١٣٤٢ی هـ/١٩٦٣ی ز.

٣٤- ڕەزاشای گەورە، نووسینی محەممەدڕەزا[شای] پەهلەوی. کتێبەکە ١٨ لاپەڕەیە و پڕە لە وێنە و بە خەتی نەستەعلیق نووسراوەتەوە.

### دووهەم: سەرچاوەکانی دەرەوە (بە قەڵەمی نووسەرانی دەرەوە):

٣٥- مێژووی ئیران، نووسینی سێر جان مەلکۆم، وەرگێرانی میرزا سمایل ناسراو بە حیرەت، بە وێنەچاپ لە رووی چاپی بەمبەئی‌را چاپ کراوەتەوە. کتێبەکە دوو بەرگە و سەبارەتە بە مێژووی ئیران لە ڕۆژگاری «پیشدادییان»ەوە هەتا برانەوەی حکوومەتی ئاغامحەممەدخانی قاجار. (نووسەرەکە ئینگلیسییە).

٣٦- مێژووی ئیران، نووسینی سێر پێرسی سایکس، وەرگێرانی محەممەدتەقی فەخری داعی گیلانی، بەرگی دووهەم، چاپی دووهەم، تاران ١٣٣٥ی هـ/١٩٥٦ی ز.

٣٧- مێژووی قاجار، نووسینی ڕابێرت گرانت واتسۆن، وەرگێرانی عەبباسقولی ئازەری، تاران ١٣٤٠ی هـ/١٩٦١ی ز. (نووسەرەکە ئینگلیسییە).

٣٨- مێژووی وێژەی ئێران لە سەرەتای سەردەمی سەفەوی‌را هەتا ئێستا، نووسینی پرۆفسۆر ئیدوارد براون، وەرگێرانی غولامڕەزا ڕەشید یاسەمی، چاپی دووهەم، تاران ١٣٢٩ی هـ/١٩٥٠ی ز. (نووسەرەکە ئینگلیسییە).

٣٩- شۆڕشی ئێران، نووسینی ئیدوارد براون، وەرگێران و پەراوێز بۆ نووسینی ئەحمەد پەژووهـ ، تاران، خاکەلێوەی ١٣٢٩ی هـ/١٩٥٠ی ز.

٤٠- شەڕی نێوان ئێران و ئینگلیس، نووسینی کاپیتان هێنت، وەرگێرانی سەعادەت نووری، چاپی تاران، (نووسەرەکە ئینگلیسییە).

٤١- مێژووی ڕۆژنامان و وێژەی ئێران لە سەردەمی مەشرووتەدا، نووسینی پرۆفسۆر ئیدوارد براون، بەرگی ١-٢، وەرگێرانی محەممەد عەبباسی، چاپی تاران، لەگەڵ بەرگی سێهەم، وەرگێرانی ڕەزا ساڵحزادە، چاپی تاران.

٤٢- سەفەرنامەیەک لە خوراسانەوە هەتا بەختیاری، نووسینی «هانری ڕێنی»ی ئاڵمانی، وەرگێرانی م. فرەوەشی (موتەرجیم هومایوون)، تاران ١٣٣٥ی هـ/١٩٥٦ی ز.

٤٣- سێ ساڵ لە بارگای ئێراندا (ساڵی ١٣٠٦ تا ١٣٠٩ی ک/١٨٨٨-١٨٩١ی ز)، نووسینی دوکتۆر ژان باتیست فێڤرییە (پزیشکی تایبەتی ناسرەددین‌شا)، وەرگێرانی عەبباس ئیقباڵ ئاشتیانی، تاران ١٣٢٦ی هـ/١٩٤٧ی ز. (نووسەرەکە فەرانسەوییە).

٤٤- ئەرک و ڕاسپاردەکانی گاردان لە ئێراندا، نووسینی دوکتۆر ئالفرید دو گاردان، وەرگێرانی عەبباس ئیقباڵ ئاشتیانی، تاران ١٣١٠ی هـ/١٩٣١ی ز. (نووسەرەکە فەرانسەوییە).

٤٥- گەشتێک بۆ ئێران، نووسینی پرەنس ئالیکسیس سۆلتیکۆف، وەرگێرانی دوکتۆر موحسین سەبا، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران و چاپی کتێب، تاران ١٣٣٦ی هـ/١٩٥٧ی ز. (نووسەرەکە ڕووسییە).

٤٦- شۆڕشی مەشرووتەی ئێران و ڕیشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی، نووسینی م. پاولۆڤیچ، و. تیریا و س. ئیرانسکی، وەرگێرانی م. هوشیار، تاران ١٣٣٠ی هـ/١٩٥١ی ز. (نووسەرەکان ڕووسین).

٤٧- ئەو ئێرانەی کە من ناسیومە، نووسینی ب. نیکیتین، وەرگێرانی م. فرەوەشی، چاپی تاران، (نووسەرەکە ڕووسییە).

**

بەشێک لە شیعر و بابەتەکانی شاعیران و نووسەران لە دیوانی مەلیکوششوعەرای بەهار، سەرجەمی دیوانی فرووغیی بەستامی، دیوانی عارفی قەزوینی و سەرجەمی دیوانی وێنەداری میرزادەی عیشقی وەرگیراون. دیوانی فرووغیی بەستامی ساڵی ١٣٤٢ی هـ/١٩٦٣ی ز، بە هەوڵی حوسێن نەخەعی چاپ کراوە.

بنکەی ژین

## لیزگەی ناوەکان

(ئـ)
ئابادان، ٣٦٢، ٣٦٤، ٤٧١
ئابادە، ٣٢، ٧٢٢
ئابراهامخان، ٦٥٩
ئابوت، ٣٥٢
ئاتاتورک، ٧٢٨
ئاجودانباشی، ٢٤١، ٢٦٢، ٣٦٤، ٣١٦، ٦٦٧
ئاجیچای، ٦٥٧
ئاخێن، ٢٢٠
ئارارات، ١٠٢، ٢٥٤
ئاراس، ٢١، ٤٤، ٥٠، ٦٦، ٩٩، ١٠٠، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٩، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ٣٠١، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٩١، ٦٤٨، ٦٥٦
ئاراڵ، ٢٩٥، ٥١٦
ئارپاچای، ١٠١
ئارتوور چێستێر، ٨٠٤
ئارتوور هاردینگ، ٣٥٣، ٣٥٤
ئارنۆلد ویلسۆن، ٣٦٠
ئاریستۆڤ، ١١٤، ١١٥
ئازادخان، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢
ئازادیستان، ١٢، ٧٥٨، ٧٥٩
ئازەربایجان، ٢٠، ٢١، ٢٤، ٢٦، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٤٤، ٤٩، ٥٠، ٦١، ٧٢، ٧٥، ٧٧، ٨٣، ٨٤، ٨٧، ٨٨، ٩٤، ١٠٧، ١١٤، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٣٠، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٥، ١٤٦، ١٥٨، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٢، ١٨٤، ١٨٦، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٥٤، ٢٥٧، ٢٦٣، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٥٦، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٩، ٤١١، ٤١٥، ٤١٦، ٤٤٨، ٤٥٣، ٤٨٥، ٤٩٧، ٥٠٤، ٥٣٤، ٥٧٩، ٦٠٠، ٦٠١، ٦٠٣، ٦٠٥، ٦٠٩، ٦١٢، ٦١٣، ٦٢٥، ٦٢٧، ٦٢٨، ٦٢٩، ٦٣٤، ٦٤١، ٦٤٥، ٦٤٧، ٦٥٠، ٦٥٥، ٦٥٦، ٦٥٩، ٦٦١، ٦٦٨، ٦٦٩، ٦٧٠، ٦٧٧، ٦٨١، ٦٨٢، ٦٨٦، ٧١٢، ٧٢٠، ٧٢٣، ٧٣٤، ٧٣٦، ٧٤٩، ٧٥٥، ٧٥٧، ٧٥٨، ٧٥٩، ٧٦٠، ٧٦١، ٧٦٢، ٧٦٨، ٧٩٣، ٧٩٦، ٧٩٨، ٨٠٨، ٨١٩
ئازەری، ١٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٨٢٠
ئاستاراخان، ٢١٩، ٤٠٩، ٤٧٠، ٧١٨
ئاسەفوددەولە، ١١١، ١١٤، ١١٥، ١٢٠، ١٦١، ١٧٥، ١٧٦، ٦٠١، ٦٢٩
ئاسیا، ٢٠، ٥٥، ٦٥، ٧١، ٧٧، ٨٦، ٨٩، ٩٣، ١١١، ١٢٥، ١٢٦، ١٤٠، ١٨٧، ٢٠٤، ٢١٧، ٢٥٦، ٤٥٤، ٤٥٥، ٥١٦، ٥٨٨، ٥٩٠، ٥٩٤، ٦٤٧، ٦٩٣، ٧٣٩، ٧٧٦
ئاشاقەباش، ٣، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٩، ٣٤
ئاشتیانی، ٦٩، ٧٦، ٨٣، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٥، ١٥٦، ١٨٠، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٥، ١٩٧، ٢٧٧، ٤٠٥، ٤٣٤، ٨٠٦، ٨١٧، ٨١٨
ئاغا میر قەفقازی حەمزەوی، ٨١٤
ئاغابابا، ٧٦٧
ئاغاقەتحوللا، ٣٨٩، ٣٩٠
ئاغامحەممەدخان، ٣، ٤، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٨٥، ٩٣، ٩٥، ١٣٠، ٢١١،

٢٨٢،٢٨٣،٢٨٨،
٣٧٧،٣٨٢،٣٩١،٣٩٢،٤١٨،٤٨٧،٤٩٥،٨٢٠
ئاغامحەممەدخانی کرمانی، ٢٨٨
ئاغامووسا، ٤٨٧
ئاغانەجەفی، ٤٣١
ئاقاخان، ١٦٢،٥، ١٦٨،١٦٨، ١٦٩، ١٧١،١٧٢،
١٧٩،١٩٨، ١٩٩،٢٠٠،٢٠٥، ٢١١، ٢٣٦،
٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨،٢٦٧، ٢٧٩، ٣٧٩، ٥١٨
ئاقاخانی محەللاتی، ١٦٨، ١٧١، ١٧٢،
٢٠٥، ٢٦٧
ئاقاخانی یەکەم، ١٦٩
ئاقدەربەند، ٢٠٤
ئاقسەرا، ١٣٦
ئاققزیووتلوو، ٢٠، ٢١
ئاگریی بچووک، ٢٥٥
ئالزاس. لۆرین، ٥٨٨
ئالی بوویە، ٤٧٢
ئالی زیاد، ٤٧٢
ئالی عوسمان، ٢٠، ٦٩١
ئامورست، ١١١
ئانادیلی(رۆژنامە)، ٦٠٩
ئانتوان زیشکا، ٣٥١
ئاندریئاس، ٢٢٦
ئانوڤیر، ٣١٢
ئاوانس حەقنەزەریان، ٦٤٧
ئاورەحمانپاشا[ی بەبە]، ١٢٩،١٣٠،١٣٢،
١٣٣،١٣٤
ئالبانی، ٧٢٩
ئالمان، ٦٣، ٢١٢، ٢٢٠، ٢٢٢،٢٣٢، ٢٨٩،
٣١١، ٣٢٧،٣٥٨، ٣٧٠،٣٧٨، ٣٩٥،٤٥٣،
٤٥٥، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦٥، ٤٧٠، ٥٨٨، ٥٨٩،
٥٩٠، ٦١٣، ٦٩١، ٦٩٣، ٦٩٤،٦٩٥،٦٩٦،
٦٩٧، ٦٩٨، ٦٩٩، ٧٠٠، ٧٠١،٧٠٨،
٧١٧،٧٢٠، ٧٢٩، ٧٥٥، ٧٥٩، ٧٦٠،
٧٧٨،٧٨٣،٨٢١
ئوچکلیسا، ٦٦، ٩٧، ١١٤
ئوچمیازین، ٦٦، ٩٧، ٩٨
ئورووپا، ٧، ٦٣، ٦٦،١١٦، ١٢٦،١٢٨ ،
٢١٢، ٢٢١،٢٢٧،٢٦١، ٢٦٢، ٣١١، ٣٧٨ ،
٤٥٥، ٤٦٣، ٤٦٦، ٤٧٠، ٥١٦،٥٢٨،٥٣٥،
٥٤٧، ٥٦٩، ٥٨٨، ٥٩٣،٦٢١، ٦٣٩، ٦٩٢،
٦٩٣، ٧١٦، ٧٦٢،٧٧٦، ٨٠٤
ئورووپاییەکان،١٧٨، ٣٤٨، ٤٣٠، ٥٠٣،
٥٢٦،٥٧٥، ٦٢٢
ئوڤیانووسییە، ٥١٦
ئەبولحەسەن، ٤٧٤
ئەبولحەسەنخان، ٨٦، ١٠٤، ١٠٥، ١١١،
١١٥، ١٦٨، ١٧١، ٢٦٦، ٣١٢، ٤٠٣
ئەبولحەسەنخانی شیرازی، ١٠٤، ١٠٥،
١١١، ١١٥، ٢٦٦، ٣١٢، ٤٠٣
ئەبولحەسەنخانی کوهەکی، ١٦٨
ئەبولحەسەنی جیلوە، ٤٧٤
ئەبولحەسەنی گولشەن، ٤٨٥
ئەبولفەتحخانی جەوانشیر، ٩٩
ئەبولفەتحزادە، ٦٢٣، ٧١١
ئەبولقاسمی قەراهانی، ١٤٦
ئەحمەد پەژووه، ٥٢٦، ٨٢١
ئەحمەد چەڵەبی، ١٢٩
ئەحمەد شەهریوەر، ٧٧٠، ٧٧٨
ئەحمەد کەسرەوی، ٥١٢، ٥١٩، ٥٢٠،
٥٢٢، ٥٢٣، ٥٢٧، ٥٤٢، ٥٤٩، ٥٥٠، ٥٥٦،
٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦٣، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٧٢، ٥٧٩،
٥٨٨، ٦٠٠، ٦٠١، ٦٠٧، ٦٠٩، ٦١٢، ٦٢٤،
٦٢٦، ٦٢٩، ٦٣٢، ٦٤٣، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٧،
٦٤٨، ٦٤٩، ٦٥٠، ٦٥٦، ٦٥٧، ٦٥٨،
٦٥٩،٦٦٠، ٦٦١، ٦٦٦، ٦٦٧، ٦٧٠، ٦٧٥،

٦٧٧، ٦٨١، ٦٨٢، ٦٨٥، ٦٨٦، ٧٢٣، ٧٥٥،
٧٥٦، ٧٥٧، ٧٥٩، ٧٦١، ٨١٩
ئەحمەدخان، ٩٨، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٤
ئەحمەدشا،١١، ٥٠٨، ٦٦٥، ٦٩١، ٧٤٥، ٧٦٩،
٧٨١، ٨٠٤
ئەحمەدی قەوام، ٥٦٠، ٧٧٩، ٧٨٠
ئەخلات، ١٣٧
ئەدلونگ، ١١٩
ئەدیبوسسەنتەنە، ٧٨٠، ٨٠١، ٨٠٥
ئەراک، ٦١، ١٧٩
ئەرباب پەرویز، ٤٦٤
ئەردەشیرمیرزا، ٣٠١
ئەردەویل، ٤٤، ١٧٤، ٦٦٨، ٦٨٦
ئەردەلانییەکان، ١٣١
ئەرزەروم، ٥، ٦، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨،
١٣٩، ١٤٠، ١٨٢، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤٣، ٢٤٤،
٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٢، ٢٥٥، ٢٥٨،
٢٥٩، ٣١٩، ٤٠٩، ٤٧١
ئەرشەدودەولە، ٦٣٥، ٦٨١
ئەرفەعوددەولە، ٦١٢، ٦٤٧
ئەرمەنستان، ٩٤، ١٢٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧،
١٣٨، ١٣٩، ٤٩٥
ئەرمەنی، ٨٣، ٨٤، ٩٧، ١١٩، ٢٤٠، ٢٩٨،
٤٣٨، ٤٤٦، ٦٤٧، ٦٥٠، ٦٧٧، ٦٨١
ئەرمەنییەکان، ٦٦، ٥٥٣، ٦٤٧، ٦٥٩
ئەرمیتاژ سمیت، ٧٤١، ٧٤٣، ٧٤٥، ٧٤٦،
٧٦٣
ئەستەراباد، ٢١، ١٢٣، ٧٣١، ٧٩٣، ٧٩٦
ئەستێرەی ئێران (رۆژنامە)، ٧٢٥، ٧٤٠،
٧٨٢
ئەسعەدپاشا، ١٣٤، ٢٤٥
ئەسغەر مەهدەوی، ٨١٨
ئەسکەندەرییە، ٨٠٨
ئەسەدئاباد، ٢١٢، ٢١٦

ئەسەدوللاخان، ٦٢٩، ٦٣٠، ٦٣١
ئەسەدوللاخانی ئەبولفەتحزادە، ٦٢٩،
٧٠٧
ئەسەدوللاخانی جانگیر، ١١
ئەسلاندووز، ١٠٣
ئەشرەف، ١٧، ٢٤، ٢٥، ٣٣، ١٠٠، ٤٦١،
٤٦٢
ئەفجەیی، ٦٢٧
ئەفریقا، ٢١٧، ٣٧٣، ٤٥٥، ٥٢٤، ٥٨٨،
٥٩٠، ٦٩٣
ئەفشار، ١٧، ٢٤، ٢٧، ٣٢، ٣٩، ٤٦، ٤٨،
٥٧، ٦٧، ٨٦، ١٠٢، ٤٧٥، ٧٤٨
ئەفشاران، ٢٨، ٤٧٢، ٤٧٦، ٤٩٢، ٨١٨
ئەفغانستان، ٨١، ١١١، ١٦٦، ٢١٧،
٢٦٨، ٢٧٩
ئەفغانەکان، ٢٤، ٢٥، ٣٢، ٦٠، ١٦٣، ١٧٠،
١٧٧
ئەکبەرخان، ٢٠٦
ئەلبورز، ٣٨، ٤٩٢
ئەلحەدید (رۆژنامە)، ٦٠٨
ئەلیکساندر، ٥٠، ٩٥، ٩٦، ١١٩، ١٥٩،
٣٠٦
ئەلیکساندرمیرزا، ٩٩
ئەلیکساندر، ٧٣، ٩٤، ٩٦، ١٠٨، ١١٠،
٢٢٠، ٢٠٥، ٣٠٦
ئەلیکساندرڤیسک، ٢٨٩
ئەمانوللاخانی ئەردەلان، ١٢٩، ١٣١
ئەمریکا، ٧، ٨، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٣٩،
٤٦٤، ٥٦٩، ٦٥٠، ٦٨٤، ٦٩١، ٧٣٢، ٧٣٣،
٧٣٤، ٧٣٨، ٧٥٨، ٧٧٦، ٧٩٢، ٧٩٥، ٧٩٦،
٧٩٧، ٧٩٨، ٧٩٩، ٨٠٠، ٨٠٤
ئەمریکایی، ٣٢٦، ٣٥٨، ٤٦٤، ٥٢٨، ٦٥٦،
٧٣٣، ٧٩٢، ٧٩٣، ٧٩٥، ٧٩٦، ٧٩٨، ٧٩٩،
٨٠٠، ٨٠٧

ئەمیر ئەفخەم، ٤٢٧، ٦٣٦، ٦٨٣
ئەمیر ئیقتیدار، ٨٠٩
ئەمیر بەهادور، ٥٤٨، ٥٥٠، ٦١٧، ٦٢١،
٦٤١
ئەمیرخیز، ٦٤٣، ٦٤٤
ئەمیرکەبیر، ٦، ١٢٢، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٥،
١٥٦،١٦١، ١٧٤، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢،
١٨٣، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١،
١٩٢، ١٩٣، ١٩٥، ١٩٧، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١،
٢٠٢، ٢٠٣، ٢١١، ٢١٢، ٢١٨، ٢٢٢، ٢٢٥،
٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٣٦،
٢٣٧،٢٤٤،٢٥٢، ٢٥٤، ٢٧٩، ٣٠٢، ٣٠٣،
٣٠٤، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٦٧، ٣٧٨،٣٧٩،
٣٨٣، ٣٨٦، ٣٨٨، ٣٩٢، ٣٩٥، ٣٩٧، ٤٠٢،
٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤١٧،٤٢١،
٤٥٣،٤٧٢، ٤٨٦، ٥٠٧، ٥١٨، ٥٢١، ٨١٨
ئەمیر موجاهید، ٦٦٠،٦٦١
ئەمیرنیزامی گەرووسی، ٢٢٧
ئەمین حەزرەتی ئابدارباشی، ٤١٩
ئەمینخاقان، ٣٣٠
ئەمینوددەولە، ٨٤، ١١١، ٢٣٦، ٣٣٠، ٣٣١،
٣٣٢،٣٣٣، ٣٣٤،٣٣٦، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨١،
٣٨٣، ٣٨٤، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩،
٣٩٨، ٣٩٩، ٤١٦، ٤١٧، ٤٢٢، ٤٢٤، ٤٢٧،
٤٣٤، ٤٦١، ٤٦٢،٤٨٩، ٥١٨، ٥٢٠، ٥٢١،
٥٢٢، ٥٢٣، ٥٣٦، ٦٣٤، ٦٨٠، ٨١٩
ئەمینوززەرب، ٤٢١، ٥٦٦، ٥٧٩
ئەمینوسسوڵتان، ١٠، ٢١٥، ٢٢١،
٢٢٧، ٣٠٠، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٣٤،
٣٣٩، ٣٤٩، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٦٨، ٣٧٠، ٣٧١،
٣٧٢، ٣٨٣، ٣٨٥، ٣٩٠، ٣٩٢،٣٩٨، ٣٩٩،
٤٠٤، ٤٦٢، ٤٦٣، ٥١٨،٥٢١، ٥٢٢، ٥٤٦،
٥٨٧، ٥٨٨،٥٩١، ٨١٩
ئەمینولمولک، ٢٢٥، ٢٧٧، ٢٧٨، ٣٢٥،
٣٨٥، ٤١٧،٤٢٢، ٤٢٣، ٤٢٤، ٤٢٥،
٦٢١،٧٥٧، ٧٦٥
ئەنتاکییە، ٤٠٩
ئەنزەلی، ٤١٧،٧٥١
ئەنوەر ئەفەندی، ٢٤٤
ئەهواز، ٧، ٢٧٦، ٢٩٢، ٣٦٠، ٣٧١
ئەهەر، ٣٤١
ئەڵلاقولیخانی خارەزمی، ١٦٧
ئیبراهیم سەفایی، ٤٨٣، ٤٨٦، ٤٩٤، ٤٩٥
ئیبنی بابوویە، ٨١٠
ئیتالیا، ٦٤، ٦٦، ٢١٢، ٢٢١، ٣٧٠، ٤٥٤،
٥١٧، ٥٩٠، ٦٩١، ٦٩٣، ٧٢٩، ٧٧٧، ٧٧٨
ئیتالیایی، ١٠٧، ٢٣٠، ٢٣٣
ئیتتیحاد(رۆژنامە)، ٦٠٨
ئیتیۆپی، ٧٢٩
ئیجلالوسسەڵتەنە، ٦٠٠
ئیحتیشام، ٧٢١، ٧٢٢
ئیحتیشاموددەولە، ٢٧٦،٤٢٧
ئیحسانوڵلاخان، ٧١٠، ٧٥٣، ٧٨٣، ٧٨٤،
٧٨٥
ئیدوارد براون، ٨٣، ٣٧٠، ٤٧٦، ٤٨٤،
٤٨٥، ٤٨٦، ٤٨٩، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥١٢، ٥٢٥،
٥٢٦، ٥٢٧، ٥٢٩، ٥٥٦، ٥٥٩، ٥٦٧، ٥٧٥،
٥٩١، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٦٠٢، ٦٠٤، ٦٠٩،
٦١٤، ٦١٥، ٦١٩، ٦٢٢، ٦٨٢، ٨٢١
ئیرەج ئەفشار، ٨١٨
ئیزابیلا، ٣١٤
ئیزۆلسکی، ٥٩٣
ئیسپانیا، ٧، ٦٤، ٣١٤، ٣١٥، ٣٢٢، ٣٢٥،
٣٣٩، ٦٩١
ئیستالین، ٧١٧، ٧٧٨
ئیستانبوول، ٢٢١، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٥٠،
٢٥٥، ٢٥٨، ٢٦٢، ٢٦٩، ٣١١، ٣١٣، ٣١٤،

٣١٩، ٣٢٥، ٤٠٩، ٥٠٣،٥٢٠، ٦٠٣، ٦١٢،
٦١٣، ٦٤٦، ٦٧٦، ٦٩٨، ٧٦٣، ٨٠٤
ئیسفەراین، ٤٨
ئیسفەندەقە، ١٧١
ئیسفەندیارخان، ١٧١
ئیسفەهان، ٣، ٢٤، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٧، ٣٨،
٤١، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٧٢،٧٨، ٨٣، ٨٤، ١٤٤،
١٤٥، ١٥٧، ١٦٦، ١٧٤، ١٨٩،٢٠٠، ٢٠٥،
٢٠٦، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٤٣، ٢٨١، ٣٠٣، ٣١٧،
٣٨٣،٤٠٣، ٤٠٩، ٤٢٢،٤٢٧، ٤٣١،٤٣٤،
٤٥٤، ٤٦٩، ٤٧٤، ٤٨٢، ٤٩١،٥٠٨،
٥١٢،٥٤٨، ٥٥٨، ٥٦٤، ٥٩١، ٥٩٦،
٥٩٧،٦٠٠،٦٠٢، ٦٥٤، ٦٥٧، ٦٥٨، ٦٥٩،
٦٦٠، ٦٦٦، ٦٦٨، ٦٩٢، ٦٩٩،
٧٠٠،٧٠١،٧٣٥، ٨٠٤
ئیسکاتلەند، ٣٥٤
ئیسلامبوول، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٩، ١٤٠،
٢١٣،٢١٤، ٢١٦، ٤٠٦، ٧٢٦
ئیسین، ٢٨٧
ئیعتیزادوددەولە، ٦١
ئیعتیلائوسسەلتەنە، ٨٠١، ٨٠٧
ئیعتیمادوسسەلتەنە، ١٩٤،١٩٥، ٣٧٩،
٣٨٢،٣٩٢، ٤٧٧،٨١٨
ئیلام، ٣٢٤، ٣٤٤
ئیلیس، ٩٠
ئیمامجومعەی خۆیی، ٦٢٦
ئیمامویردیمیرزا، ١٤٦
ئیمامی عەلی، ٢١٩
ئیمامی مەسقەت، ٧، ٢٦٨، ٢٨٣، ٢٨٤،
٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٧، ٢٨٨
ئیمام رەزا، ١٧٥، ٦٨٦، ٦٨٧
ئیمبری، ٧٩٩
ئینگلستان(زۆربەی لاپەرەکان)
ئیڤان زینۆڤییڤ، ٢٩٩

ئۆتریش، ٦٤، ٦٥، ١١٢، ١٨٦، ٢١٢،
٢١٥، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٢،٢٢٥، ٢٢٦،٢٣٠،
٢٣١، ٢٣٢، ٢٤١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٣١١،٣٥١،
٣٩٥، ٤٠٩، ٤١٠،٤١٧،٤٥٣، ٤٥٨، ٤٥٩،
٤٦٦، ٤٧٠، ٥١٦،٥٤٦، ٥٨٩، ٦٩١، ٦٩٣،
٧٢٨
ئۆدیسا، ٢٩٠، ٣٠٨
ئۆزیەک، ٢٠، ٢٢، ٢٠٣، ٢٠٤
ئۆزیەکان، ١٧، ١٩، ٢١، ٤٩
ئۆکتای قائان، ٤٨٥
ئیدمۆند، ١٨٨، ٣٦٦، ٧٥٩
ئیدمۆند سلید، ٣٦٦
ئیدوارد بورجیس، ١٨٩
ئیراق، ٣١، ٣٥٧
ئیران(زۆربەی لاپەرەکان)
ئیران (رۆژنامە)، ٢٢٨، ٧٢٥، ٧٣٩، ٧٥١،
٧٦٨، ٧٨٢، ٧٨٥
ئیرانسکی، ٥٣١، ٥٣٤، ٦٣٠، ٨٢١
ئیرانی نەو(رۆژنامە)، ٦٠٨، ٦٧٣
ئیرایکلی، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٩، ٩٥، ٩٦
ئیرگیرویپوولو، ٣٥٤
ئیرنیست رینان، ٢١٤
ئیرەوان، ٥، ٤٤، ٤٦، ٦٦، ٧٥، ٩٧، ٩٨،
٩٩،١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣،١٠٨،
١٠٩،١١٣، ١١٤، ١١٦،١٢٠،١٥٠، ١٦١،
١٨٢، ٤٠٩، ٤٩٥، ٦٤٦،٦٥٠، ٧٣٦
ئینگلیس، ٤١٦، ٤٢٠

(ب)

باب، ١٢٧، ١٢٩، ١٧٣، ١٧٤، ١٨٣، ٢٢٢،
٣٨٠، ٤٤٨، ٥١٢، ٦٥٩
باباخان، ٣٥، ٤٤، ٥٤، ٩٦
بابان، ١٢٧، ١٢٩

بابول، ٣٥

بابی(هەم ناو هەم ڕێباز)، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥،٣٢٤، ٥١٨، ٥٤٧، ٦١٨

بادکوبە، ٥، ٩٩، ١٠٤، ٢٢١، ٤٠٩

باراتۆف، ٧١٣

بارامیرزای قاجار، ١٨٩

بارتلۆمی، ١١٧

بارسیلۆن، ٣١٥

بارفرۆش، ٣٥

بارکلەی، ٦٨٩

بارناڤسکی، ٦٥١

بارەکزایی، ١٥٨، ١٦٤، ٢٠٥

بارۆن فرانسوا جان، ٣١١

باسکرویل، ٦٥٦

باغمیشە، ٦٤٢

باغی لالەزار، ٢٣٦

باغیشا، ١١، ٦٢٢، ٦٢٣، ٦٢٨، ٦٢٩، ٦٣٢، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٥، ٦٤٠، ٦٥١، ٦٥٩، ٦٦٦، ٧١١

باقرخان، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٣، ٢٧٤، ٦٤٣، ٦٤٥، ٦٧٠، ٦٧١، ٦٧٤، ٦٧٦، ٦٧٧، ٦٧٩، ٧٥٥

باکۆ، ٩٣، ١٠٠، ١٠٢، ٤٠٩، ٤٧٠، ٥٨٧، ٦٤٦، ٧٣٦، ٧٤٩، ٧٥٠، ٧٥١، ٧٥٨، ٧٨٥

بامدادی ڕەوشەن( ڕۆژنامە)، ٦٩٢

بایەزید، ٦٧، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ٢٤٣، ٢٥٥، ٤٧١

بالکان، ١٠٩، ١١٠، ١٢٢،١٢٥، ١٢٦، ٤٧٠

بالوولپاشا، ١٣٦

بدلیس، ١٣٧

برایم حەکیمی، ٦٨٥

برایم سەفایی، ٨٢٠

برایمپاشا، ١٢٩، ٢٤٢

برایمخان،٢٧، ٤١، ٤٤، ٤٥، ٨٥، ١٣٠، ٧٠٧

برایمخانی مونشیزادە، ٧٠٧

برایمخەلیلخان، ٥٠، ٩٩، ١٠٠، ١٧٧

براڤین، ٧٢٦

بڕووجێرد، ٦٠، ١٤٧، ٤٩٢، ٦٢٥، ٦٣٦، ٦٨٢، ٦٨٣، ٨٠٨

برووسە، ٢٤٨

برووکسیل، ٣١٢

بریتانیا ،٦٣، ٦٤، ٦٥، ١٠٩، ١١٠،١١١،١٥١،١٥٤، ١٥٥، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٧، ١٦٨، ١٧١، ٢٠٠، ٢٠٩، ٢١٧، ٢٢٠، ٢٢٦، ٢٣٧، ٢٥٨، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٢،٢٧٣،٢٧٤، ٢٧٥،٢٧٩، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٩، ٢٩٠،٢٩٥، ٢٩٩، ٣١٥، ٣٢١، ٣٤٦،٣٤٧،٣٦٧، ٣٧٣، ٣٩١،٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٣، ٤٥٧، ٤٦٣، ٤٧١، ٥١٥، ٥٢٤، ٥٢٩، ٥٣٥، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩٦، ٦٢٢، ٦٣٧، ٦٣٨، ٦٥٠، ٦٥١، ٦٦١، ٦٦٧، ٦٦٩، ٦٧٤، ٦٨٤، ٦٩٠، ٦٩١، ٦٩٢، ٦٩٣، ٦٩٥، ٦٩٦، ٦٩٧، ٧٠٣، ٧٠٤، ٧٠٥، ٧٠٦، ٧٠٧، ٧١٢، ٧١٣، ٧١٤، ٧١٨، ٧٢١، ٧٢٢، ٧٢٤، ٧٢٦، ٧٢٧، ٧٣٣، ٧٣٤، ٧٣٦، ٧٣٧، ٧٣٨، ٧٣٩، ٧٤١، ٧٤٢، ٧٤٧، ٧٤٨، ٧٥٠، ٧٥١، ٧٥٢، ٧٥٩، ٧٦٣،٧٦٥، ٧٦٧، ٧٦٩، ٧٧٠، ٧٧٦، ٧٨٢، ٧٩٤، ٧٩٥، ٨٠٣، ٨٠٨،٨١٠

بزورگمیهر، ٢٣٥

بلژیک، ٧،٢٢٠، ٢٢٦، ٢٢٧، ٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٣٩، ٣٤٩، ٣٧٢، ٤١٦-٤٢٠، ٤٥٥، ٤٥٧، ٤٥٩، ٥٢١، ٥٢٢، ٥٤٩، ٥٦٩، ٥٧٤، ٦٥٤، ٦٩١

بلینۆف، ٦٥٩

بوخارا، ٤٩، ٥٠، ٥٨، ٥٩، ٩٠، ١٠٦، ١٦٧، ٢٣٧، ٢٩٧
بورازجان، ٢٧٢، ٢٧٧
بورلز، ٣٥٣
بورما، ٣٥٩، ٣٦٢، ٥١٥، ٥٩٠، ٧٣٢
بولاتولق، ١٣٧
بووربۆن، ٣٢٣
بووشێهر، ٧، ٧٦، ٧٨، ٨٢، ٨٦، ٨٨، ١٦٤، ١٧٢،٢٢٦، ٢٢٩، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٥، ٢٧٧، ٢٧٩،٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٧، ٢٨٩، ٢٩٠، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٤٥، ٣٤٩، ٤٠٩، ٤٥٣، ٤٧١، ٦٦٧، ٦٨٧، ٨٠٤
بووکینگهام، ٢٢٠
بەحرەین، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٨، ٣٣٧
بەحری‌پاشا، ٢٤٥، ٢٤٦
بەختیاری، ٢٩
بەختیارییەکان، ٥٣٣، ٦٧٤، ٧٠٤، ٧٠٥
بەخش‌عەلی‌خانی یووزباشی، ١٧٠
بەردەسیر، ١٧١
بەستام، ١٥٨، ١٦١، ١٧٧
بەسرە، ٦٠، ٨٠، ١٣٠،٢٤٠، ٢٨٢، ٣٥٧، ٤٠٩، ٥١٣
بەعقوویە، ٤٠٩
بەغدا، ٥، ٣١، ٨٠، ٨٢، ١٢٧،١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٧، ١٣٩، ٢١٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٦، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٧٨، ٢٨٩، ٣٥٧، ٤٠٩، ٤٦٩، ٤٧١، ٤٩٧، ٦٩٨، ٧٣٦، ٧٨٠، ٨٠٢، ٨٠٨
بەگەخان، ٤٩
بەلووچ، ١٧١، ٧٢٠
بەلووچستان، ١٧٠، ١٧١، ٢٠٦، ٢٣٧، ٢٨٨، ٢٨٩، ٣٣٧، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٩١، ٤١٥، ٤١٦، ٥٥٣
بەمبەئی، ٧٣، ٧٩، ٨٠، ١٧١، ٢٦٦، ٢٦٨، ٢٧٥، ٢٩٠، ٤٠٩، ٨٢٠
بەمپوور، ١٧١
بەندەرعەبباس، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٩
بەندەرریگ، ٨٢، ٢٨٢
بەنی کەعب، ٢٤١، ٢٥٣، ٢٩٢
بەهائولواعیزین، ٦٣٦
بەهادور جۆنگ، ٧٧
بەهادوروسسەنتەنە ،٧٠٩، ٧١٠، ٧١١
بەهارستان، ١١، ٣٨٨، ٦٠٠، ٦٠١، ٦١٤، ٦٢٠، ٦٢٢، ٦٢٣، ٦٢٥، ٦٢٩، ٦٣١، ٦٣٣، ٦٦٠، ٦٦١، ٦٦٥
بەهمەنی، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٨٠
بیجار، ٤١٢، ٤٩٥
بیزاریووس، ٢٠١
بیسمارک، ١٩٧، ٢٢٠، ٣٧٨
بیورلینگ، ٧٥٧
بۆئیر، ٣٧٣
بۆردوو، ٤٠٩
بۆسفۆر، ١٠٩
بۆتان، ٦٧، ٧١، ٧٢
بۆهلیر، ١٨٧، ٢٠٩
بێبیتۆڤ، ٢٥٥
بێرسێت لیتۆڤسک، ٧١٧، ٧١٨
بێرلین، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٤١٣، ٤١٧، ٤٢١، ٦٩٨، ٧٧٧، ٧٢٦، ٨٠٩، ٨١٩
بێرمەیی، ٧٢٠
بێرمێ، ٣٥٩، ٥٩٠، ٧٠٧، ٧٣٢
بێرنارد، ٧١
بێهبەهانی، ٥٤٧، ٥٥١، ٥٥٤، ٥٥٦، ٥٦٥، ٥٦٧، ٦٠٠، ٦٢٦، ٦٢٨، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٧٠، ٦٧٢، ٦٧٥، ٦٧٦، ٨٠٦

(پ)
پاتاق، ١٣٠
پارکی ئەتابەک، ٦٧٧، ٦٧٨
پارکی ئەمینودەولە، ٦٢٨، ٦٣٤
پاریس، ٧،١٢، ٧٤، ٧٥، ١٨٨، ١٩٠، ٢١٤،
٢٢١، ٢٢٧، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٢، ٢٦٤، ٢٧٧،
٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨٨، ٢٩٩، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٨،
٣١٩،٣٢٠، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٣٥، ٣٣٩،
٣٤٤، ٣٥١،٣٥٢، ٣٧٢، ٤٠٦، ٤٠٩، ٤١٨،
٥٠٨، ٥٣٠، ٦٠٥، ٦١٣، ٧٢٨، ٧٤٧، ٧٤٩،
٧٥٤،٧٧٦، ٨٠٤، ٨٠٨، ٨٠٩
پاسکیویچ، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٩
پاشاخان، ٣٨٥
پامنار، ٦٢٦
پاولۆڤیچ، ٥٣١، ٥٣٢، ٥٩٥، ٥٩٦، ٦١٥،
٦٢٦، ٦٢٩، ٦٣٠، ٨٢١
پرووس، ٦٣، ٦٥، ٢٢٠، ٢٢٣، ٣٢١، ٣٧٨
پریم، ٤١٦، ٤٢٠
پرۆسپێر بووری، ٣٢١
پرۆسکی، ١٨٧
پریتیمەن، ٣٥٨، ٣٥٩
پشتکۆ، ٦٨٢
پول کرووگێر، ٣٧٣
پەریخان، ٥٠٥
پەسیخان، ٧٨٤، ٧٨٥
پەناخان، ٤٦٠
پەنجاب، ١٦٦، ٧٢٠
پەهلەوی، ٥٨٤، ٦٧٦، ٧٦٥، ٧٦٦، ٨١٤
پیرقولیخانی شامبەیاتی، ٤٥
پیرنیا، ٣٥٦، ٦٩٤، ٨٠٢، ٨٠٧
پیشاوەر، ١٥٩، ١٦٦
پۆتسۆف، ٣٠٠
پۆتسیڤ، ٣٢٣
پۆتی، ٢٢١، ٤٨٩
پۆتینجێر، ٨٧، ١٦٣
پۆرتۆغال، ٢٨٠، ٤٥٤، ٤٥٥
پۆشە، ٢٣٠
پۆلاک، ١٨٧
پۆلۆک، ٢٠٦
پیتری گەورە، ٩٣
پیترۆگراد، ٣٤٨، ٧١٥، ٧١٨
پیتریزبوورگ، ٧٥، ١٠٥، ١٨١، ٢١٩،
٢٢٠، ٢٢١، ٣٠٤، ٣٠٥، ٣٠٧، ٤٠٣، ٤٠٩،
٥٩١، ٦٠٣، ٦١٤، ٦١٥
پیرۆڤسکی، ١٥٨، ١٦٤
پیسیان، ١٢، ٦٩٥، ٧٥٦، ٧٧٩، ٧٨١،
٧٨٣، ٧٨٦، ٧٨٧
پیشدادییان، ٨٢٠

(ت)
تاتار، ١٩، ٢٠، ١٥٤
تاجولملووکخانم، ١٩٨
تاران، (زۆربەی لاپەرەکان)
تاروم، ٧٨٣
تازەبەهار، (رۆژنامە) ٦٨٧
تازیان، ٢٨٧
تاقیکەسرای، ٢٣٥
تاکستان، ١٤٦، ٤١٩
تالبۆت، ٣٦٨
تالش، ٩٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١١٤،
٧٨٦
تامسزن شارژدافری، ٣٤٧
تایلەند، ٥٩٠
تایمز، ٢٥٨، ٥٥٦، ٧١٨، ٧٥١، ٧٥٢،
٧٦٩، ٧٨٣، ٨٠٣، ٨٠٥، ٨١٢
ترابووزان، ٢٥٠، ٤٠٩، ٤٦٩

ترانسڤال، ٣٧٢، ٥٢٤
ترۆتسکی، ٧٥٠، ٧٥٤
ترۆمسۆڤ، ١٠٢
تریزیل، ٧١، ٧٢
تساریتسین، ٢١٩
تفلیس، ٣، ٤٤، ٤٥، ٤٩، ٩٣، ٩٦، ٩٩، ١٠٢، ١٠٧، ١٠٨، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٣، ٢٢١، ٢٩٠، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٠٨، ٤٠٩، ٤٦٩، ٦٤٦، ٦٤٧، ٦٤٨
تورکستان، ٢٠، ٢١، ٥٧، ٩٣، ١١٩، ٢٠٥
تورکمان، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٨، ٣٤، ٣٥، ٣٩، ١١٤، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ٢٠٤/٢٠٥، ٢٧٢، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٢، ٣٧٧، ٣٧٩، ٥٥٣
تورکمانچای، ٥، ٣٤، ١١٣، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢٢، ١٢٤، ١٤٣، ٢٠٨، ٢٥٦، ٢٦١، ٢٦٧، ٢٧٩، ٢٩١، ٢٩٥، ٢٩٧، ٣٠١، ٣١٩، ٣٢٣، ٣٢٧، ٣٣٩، ٤٠٧، ٧٢٣، ٧٢٤
تورکمانەکان، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٣٤، ١٥٨، ١٧٦، ١٧٧، ٢٠٣، ٢٩٨، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٦١٢
تورک، ٢٠، ٢١، ٨٨، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٠، ٢٤٥، ٥٠٨، ٦٠٩، ٦٦٨
تورکیا، ٧٢٨، ٧٩٩
تورکی، ٢٢، ٢٩٦، ٤٨٢، ٥٠٤، ٥٧٨، ٦٠٩
تولووزان، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٩٣
تومانتیانس، ٦٨٩
تەباتەبایی، ٤٨٠، ٥٤٠، ٥٤١، ٥٤٨، ٥٤٩، ٥٥١، ٥٥٢، ٥٥٣، ٥٥٤، ٥٥٦، ٥٦٥، ٥٦٧، ٦٢٦، ٦٢٨، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٤٣، ٦٧٠، ٦٧٢، ٦٧٣
تەبەت، ٥٩١
تەبەس، ١٦٢
تەجەددود (رۆژنامە)، ٧٥٧، ٧٥٨
تەختیتاووس، ٩٩
تەرگەوەر، ٢٤٣، ٦١٢
تەقیزادە، ٥٧٩، ٦٠٠، ٦٠١، ٦١١، ٦٣٣، ٦٣٦، ٦٧٠، ٦٧٣، ٦٧٥، ٦٧٦، ٦٩٨، ٧١٧
تەکە، ٢٩٨
تەنگستان، ١٧، ٣١، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٨٠، ٧٢٠، ٧٦٣
تەوریز، ١١، ٧٢، ٨٤، ٨٥، ٩٧، ٩٨، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٧، ١١٠، ١١٤، ١١٥، ١١٩، ١٢١، ١٢٢، ١٣٣، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٨، ١٥٣، ١٥٧، ١٥٨، ١٧٨، ١٨٠، ١٨٢، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٦٦، ٢٩٠، ٢٩١، ٣٠٥، ٣٠٨، ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٥، ٣١٧، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٣١، ٣٣٥، ٣٨٣، ٣٩١، ٤٠٣، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١٦، ٤١٧، ٤٢١، ٤٦٨، ٤٧٠، ٤٩١، ٥١٢، ٥١٨، ٥٣٣، ٥٥٨، ٥٦٤، ٥٧٩، ٥٩٦، ٦٠٠، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٣، ٦١٧، ٦٢٠، ٦٢٣، ٦٤١، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٤٧، ٦٤٨، ٦٤٩، ٦٥١، ٦٥٣، ٦٥٥، ٦٥٦، ٦٥٧، ٦٥٨، ٦٦٩، ٦٧٠، ٦٧٤، ٦٧٥، ٦٨٦، ٦٩١، ٧٠٤، ٧٥٤، ٧٥٥، ٧٥٦، ٧٥٧، ٧٥٩، ٧٦٠، ٧٦٢، ٧٦٣
تەهمووورس، ٩٦
تەیموور، ١٩، ٢٠، ٤٩٧، ٤٩٩
تەیموورتاش، ٧٧٩، ٨٠١، ٨١٤
تەیموورشا، ٥٩، ١٦٦، ٢٠٦
تەیمووری، ٢٠، ٣٨٢، ٤٦٨، ٤٩٢
تەیموورییەکان، ٦٦
تیلیسیت، ٧٣، ٧٥، ٧٦، ٨٣
تۆپراققەلا، ٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨
تۆفان (رۆژنامە)، ٨٠٢
تۆلۆزان، ٢١٩
تۆماسبمیرزا، ٢٧٢
تۆنیکابون، ٦٧٢، ٧٦٤
تیریا، ٥٣١، ٥٣٢، ٦٤٨، ٦٤٩، ٨٢١

(ج)

جاجەرم، ٤٨
جاسک، ٢٩٠، ٣٤٥
جام، ١٨٣
جان کوردەن، ٣٦٦
جانگیر قایمەقامی، ٢٣٢، ٢٣٣، ٨١٧، ٨١٨
جانگیرخان، ١٧٧، ٦٠٦، ٦١١، ٦٢٩، ٦٣٠، ٦٣١، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٥، ٦٥٩، ٦٦١
جانگیرخانی گورجی، ١٧٧
جانگیرمیرزا، ١٤٤، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٩، ٣٨١، ٤٧٦، ٨١٧
جانمحەممەدخان، ٤١
جولفا، ٣٠٩، ٣١٧، ٤١٧، ٤٦٩، ٤٧٠، ٦٤٨
جوولیووس، ٣٠٩، ٣٤٦، ٣٤٨
جوین، ١٧٧
جەزیرەی ئەخەزەر، ٢٤٦، ٢٥١
جەعفەرخانی بەیات، ٥٨
جەعفەرقولی، ٣٣، ٣٤، ٥٠٨، ٧٣٥
جەعفەرقولی خانعەموو، ٥٠٨
جەعفەرقولیخان، ٣٨، ٩٧، ١٦٥، ١٧٦
جەعفەرقولیخانی دونبولی، ٩٧
جەعفەرقولیخانی شادلوو، ١٧٦
جەلالەددینپاشا، ١٣٤
جەلالەددینمیرزا، ١٦٥
جەلالی، ٧٠١
جەلایر ئیروون، ٢١
جەلاییری، ١٠٢
جەمالبەگ، ٦٧٨
جەمشیدیان، ٤٦٤، ٤٦٥، ٦٨٩
جەمیلبەگ، ٦٧٨
جەوادخانی زیادئوغلی، ٩٦
جەوانشیر، ٤٤، ٤٥، ٥٠، ١٠٠، ٤٦٠
جەیحوون، ٢٠٥، ٢٩٥، ٢٩٧، ٣٩١، ٧٤٨
جەیران، ٣٧٩، ٣٨٦
جیروفت، ١٧١
جیمز ئۆترام، ٢٦٩
جیمز مۆریە، ٨٦، ٩٠
جیهانبەگلوو، ١٣١
جیهانسوزشا، ٣٤، ٣٥، ٥٥، ٦٠
جۆرج گراهام، ٥١٢
جۆرجی سێیەم، ٨٤، ٨٧
جۆشەقان، ٦٥٨
جۆنز، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٢٧٢

(چ)

چابەهار، ٢٨٣
چارکۆفسکی، ٢٣١، ٢٣٢
چارلز گرینوی، ٣٦٢، ٧٣٢
چارلز مارلینگ، ٧٣٦
چاکووتاهی، ٢٧٠
چالانچیخان، ٥٠٨، ٥٠٩
چالەسوور، ٣٥٧، ٣٦٠
چرابەرق، ٦٢٩، ٦٣٢
چراغعەلیخانی کەلهور، ١٨٤
چرچیل، ٣٦٤، ٣٦٦، ٦٥١، ٧٠٤
چەهریق، ١٧٤
چیمەنی سولتانییە، ٨٠، ٨٧، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٦، ١٢٩
چیمەنی کالپووش، ٤٨
چین، ٥١٦، ٥٩٠، ٥٩١، ٨٠٠
چینی رۆژهەلاتی، ٥٩٠
چۆمی تەجەن، ٢٩٨
چۆمی تێرێک، ٥٠
چۆمی سیروان، ١٣١، ١٣٧
چێچرین، ٧٥٤، ٨٠٩

چیکیشلەر، ٣٠٠

(ح)

حاجی ئەحمەد کەسمایی، ٧٨٣
حاجی ئیلخانی، ٣٦٣
حاجی برایمخان، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٤، ٧٨، ٨٥، ١٣٦، ١٥٠، ١٩١، ٣٨٢، ٣٩٢
حاجی برایم، ٥٢
حاجی تەرخان، ٢١٩، ٧١٨
حاجی حوسێنئاغا مەلیک، ٧٨٨
حاجی حەمەحەسەنی ئەمینوززەرب، ٢٢٧
حاجی سمایلی ئەمیرخیزی، ٦٧٨، ٧٥٨
حاجی شێخ موحسین، ٣٠٥، ٣٣٤، ٤٠٤
حاجی عەلیئەکبەر، ٥٦٦، ٨١٢، ٨١٣
حاجی عەلیخانی موقەددەم مەراغەیی، ١٩٥، ١٩٦، ٨١٨
حاجی فازلی موجتەهید، ٧٨٧
حاجی محەممەدجەعفەر، ٧٥٣
حاجی محەممەدسادقی بانکی، ٨١٣
حاجی محەممەدی کەلباسی، ١٢٢
حاجی مەلا هادی سەبزەواری، ٤٧٤
حاجی میرزا ئاغا بلووری، ٦٠٩
حاجی میرزا ئاغاسی، ١٥٣، ١٧٥، ٢٤٣، ٣١٢، ٤٠٣
حاجی میرزا جەبارە، ١٨٩
حاجیئاغا رەزازادە، ٦٥٦
حاجیبوسسولتان، ٦٢٩
حافز، ٣٣٠، ٣٨٨، ٤٨٧، ٥١٢، ٨١٩
حافز فەرمانفەرمائیان، ٣٣٠، ٣٨٨، ٨١٩
حافزمحەممەدپاشا، ١٣٥
حامیدولمولک، ٦٢٩
حلله، ٤٠٩

حوسێن پەرویز، ٦١١
حوسێنی پیرنیا، ٣٥٦
حوسێن سەعادەتنووری، ٢٦٩، ٨٢١
حوسێن مەککی، ١٨١، ٣٠٤، ٨١٨
حوسێن نەخەعی، ٨٢١
حوسێنخان، ٧١٠
حوسێنخانی ئاجوداتباشی، ١٧٣، ٢٤١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٣١٥، ٣١٦
حوسێنعەلیمیرزا، ١٤٤، ١٤٧
حوسێنقولی، ٣٤، ٣٠٢
حوسێنقولیخان، ٦٠، ١٠٠، ٦٦٦، ٦٧٣، ٧١٧
حوسێنقولیخانی نەوواب، ٦٧٣، ٧١٧
حوسێنی عەلا، ٧٣٣
حوسێنی کوری عەلی، ٣٣٢، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٩٧، ٤٩٨، ٤٩٩
حورری یەزیدی کوری ریاحی، ٥٠٧
حەبلولمەتین ( هەم ناوبانگ هەم رۆژنامە)، ٥٢٠، ٥٢١، ٥٢٢، ٥٥٩
حەبیبوللاخانی شاسەیوان، ١٦٤، ١٧١
حەزرەتی هەباس، ٥٠٦
حەسار، ١٤، ٣٠٠، ٣٠١
حەسەن پیرنیا، ٣٥٦
حەسەن فەسیحی شیرازی، ٥٧٠، ٨٢٠
حەسەن پیرنیا، ٣٥٦، ٥٩٧
حەسەنخانی بەدیع، ٥١٣
حەسەنخانی پزلادی، ٦٢٩
حەسەنخانی ساریئەسلان، ١٠٨
حەسەنخانی فەیلی، ١٣٧
حەسەنخانی قەزوینی، ١٣٨
حەسەنعەلیخانی دەریابەگی، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٥
حەسەنعەلیمیرزا، ١٤٤، ١٤٧

حەسەنقەڵا، ١٣٧
حەشەراتولئەرز (رۆژنامە)، ٦٠٨، ٦٠٩
حەکیمولمولک، ٦١٠، ٦١١، ٦٢٦، ٦٣٤، ٦٣٦، ٨٠١، ٨٠٧
حەلیلە، ٢٧٤
حەمەحوسێنی عیمادولکیتاب، ٧٠٩
حەمەحەسەنمیرزا، ٣٣٠، ٨٠٤
حەمەحەسەنی ئیسفەهانی، ٢٢٨، ٤٢٠
حەمەدئاغای کەهیا، ١٣٧
حەمەدەمینرەئووفپاشا، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠
حەمەعەلیپاشا، ١٢٨
حەمەعەلیخانی ئەمینوسسەلتەنە، ٣٣٢
حەمەعەلیخانی شامبەیاتی، ١٣٠
حەمەقولیمیرزا، ١٤٧
حەمەرەحیمخانی نەسەقچیباشی، ٣٩٤
حەیدەر عەمووئۆغلی، ٦٠٠، ٦٧٥، ٦٧٧، ٦٧٩، ٧٨٥
حەیدەرعەلیخان، ١٣٦
حەیدەرقولیخانی شادلوو، ١٧٧
حیرەتپاشا، ١٣٢
حیسامولسەلتەنە، ١٨٤، ٢٠٣، ٢٠٨، ٢٠٩، ٤١٧، ٤٩١
حیشمەت تالەقانی، ٧٨٣
حیشمەتوددەولە، ٢٩٨

(خ)

خاتوو عوزما، ٦٢٧، ٦٢٨، ٦٢٩
خارک، ٧، ٧١، ٧٣، ٨٠، ٨١، ٨٤، ١٦٤، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٩، ٢٧٧
خارەزم، ٩٠، ١٠٦، ١٠٧، ١٦٧، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٩٥، ٢٩٧
خالیدپاشا، ١٢٩
خانلەرمیرزا، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٩
خانەدانی پەهلەوی، ٥٧٠
خانەقین، ٤٠٩، ٧٠٢، ٨٠٢
خانی ئەردیتی، ١٧٦
خاڵباز، ١٣٩
خاڵۆ قوربان، ٧٨٥، ٧٨٦
خواجە نیزامولمولک، ١٩٧
خودائافەرین، ٩٩
خودادادی ئیسفەهانی، ٥١
خودایارخان، ٨٠٦، ٨٠٧
خوراسان، ١٧، ١٤٥، ٤٧٧، ٧٣٦، ٨٢١
خوسرەومحەممەدپاشا، ١٣٧
خوسرەومیرزا، ٦٠، ١٢٢، ١٢٣، ١٤٦، ١٨١، ١٨٢
خووریان، ٨١٢، ٨١٤
خورەمئاباد، ٤٧٠، ٨٠٨
خورەمشار، ٢٤٠، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٥٠، ٢٥٣، ٢٧٢، ٢٧٦، ٣٧١، ٤٥٢، ٤٧١، ٦٨٧
خەلەج، ٦٤٠
خەلیلخانی قەزوینی، ٧٩
خەمسە، ٢٤، ٣٢
خەمیر، ٢٨٤
خەیابان، ٦٤٣
خەیابانی، ١٢، ٧٠٤، ٧٢٠، ٧٥٤، ٧٥٥، ٧٥٦، ٧٥٧، ٧٥٨، ٧٥٩، ٧٦٠، ٧٦١، ٧٦٢، ٧٦٣، ٧٨٨
خەلخال، ٤٤، ٦٠٦، ٧٨٦
خیوە، ١٠٦، ٢٠٣، ٢٠٥، ٢٩٧، ٧٤٨
خۆ (شاری خۆی)، ٦١، ١١٤، ١١٥، ١٣٦، ١٣٨، ٤٦٩، ٦١٣، ٦٦٩
خۆشتاریا، ٧٣٠، ٧٣١، ٧٣٢، ٧٣٣، ٧٣٤، ٧٩٤، ٧٩٥، ٨١٣، ٨١٤

(د)

داردانێل، ١٠٩

دارسی، ٨، ١٦٤، ١٦٧، ٣٥٠، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٥٦، ٣٥٧، ٣٥٨، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٦٢، ٤٧١، ٧٠٢، ٧٠٣، ٧٠٤، ٧٣٤، ٧٤٤، ٧٤٦

داغستان، ٤٩، ٩٤، ١٠٤

دالگۆوروکی، ١٢٢، ١٢٣، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٦٧، ٣٠٢، ٣٠٣

دامغان، ٣٣، ٣٤، ٣٨، ١٥٨

دانووب، ١٢٢

دانیشپوور، ٤٦٤، ٤٦٧، ٤٦٨، ٨١٩

داود، ٦٦، ١٩٦

داودپاشا، ١٣٥، ١٣٧

داودخانی کەلهور، ٦٨٢

دالتۆن، ٣٥٣

دالکی، ٢٧٣

درووموندولف، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣

درۆشاک، ٦٤٧

دزفوول، ٦١، ٢٥٤، ٨٠٨

دو سێرسی، ٣١٧

دومانتوڤیچ، ٢٣١

دونبولی، ٦١

دونستێرڤیل، ٧٥٠، ٧٥٢، ٧٨٤

دووال، ٥٠٨

دووچۆمان، ١٢٧، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٦، ١٣٩، ١٤٠، ٧١٠، ٧٣٦

دووستمحەممەدخان، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠، ١٦٤، ١٦٦، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٣، ٢٩٦

دووڤێر، ٢٢٠

دەبیروددەولە، ٥٧٦

دەربەند، ٤٦، ٤٩، ٥٠، ١٠٢، ١٠٤، ٧٤٨

دەرویشپاشا، ٢٥٣، ٢٥٥

دەرەگەز، ٢٠٣

دەریادار بایوندور، ٨١٩

دەریای خەزەر، ٢٠، ٢٤، ٣٠، ١٠٠، ١٠١، ١٠٤، ١١٦، ١١٧، ١٢٤، ٢٢١، ٢٨١، ٢٩٥، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٧، ٣٤٠، ٣٤٢، ٣٧١، ٤٥٤، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٩٧، ٥٢٦، ٥٩٣، ٦٦٧، ٧٣٦، ٧٥٠، ٧٥١، ٧٦٣، ٧٧٥

دەریای سوور، ٢٨٩

دەریای عوممان، ٢٨٠، ٣٤٥، ٤٥٣، ٤٦٩

دەریای مەدیتەرانە، ١٤٠، ٤٥٣، ٨١٥

دەریای مەرمەرە، ١٠٩

دەریای رەش، ٧٠، ٧٢، ١٠٩، ١٢٦، ٢٢١، ٢٥٠، ٢٥٧، ٤٦٩

دەشتی ئەرژەن، ٣٢

دەنیز، ٢٤٤

دەوەچی، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٤٤

دەوڵلوو، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٣٣، ٩٨

دەوڵەتئابادی، ٦٣١، ٦٣٦، ٦٧٣

دەوڵەتشا، ٦٨، ١٠٢، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٧، ١٣٩

دەیلەم، ١٩٧، ٤٨٢

دەیلی تەلگراف (رۆژنامە)، ٨١٢

دەیلی هەراڵد (رۆژنامە)، ٧٧٤، ٧٧٥، ٧٧٦، ٨١٥

دیئوولافوی، ٣٢٤، ٣٤٣

دیاربەکر، ٤٠٩، ٧٤٨

دیکسۆن، ٧٤١

دۆستالیخان، ٣٨٥، ٤٨٧

دیخورگان، ١١٥

دیلابلانێش، ٦٧، ٨١

دیمیر، ٣٤٢

دینیکین، ٧٥٠، ٧٥١، ٧٥٤، ٧٧٥

دیهخودا، ٦٠٦، ٦٣٦، ٦٧٣

(ر)
رابێرت گرانت واتسون، ١١٨، ١٢١، ١٢٥، ٢٧٧، ٨٢٠
راجستانی، ٧٢٠
رادیک، ٨٠٩
رامهورمز، ٣٦٠
رانجیت سینگی، ١٥٩
راولینسون، ١٤٦، ١٦٤، ١٧٠
روکنوددەولە، ١٤٥، ٥٤٧، ٦٤٣
رووباری ئەترەک، ٢٩٨، ٣٠١
رووحولقودووس (رۆژنامە)، ٦٠٤، ٦٠٦، ٦٢٩، ٦٣١، ٦٣٢، ٦٣٦
رووحوڵلا خالەقی، ٥٠٠، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٧، ٥١٠، ٥١١، ٨١٩
رووس، رووسیا (زۆربەی لاپەرەکان)،
رەباتکەریم، ٦٥٩
رەجەب سەرابی، ٦٧٥
رەجەبعەلیخان، ٥٠٩
رەحیمخان، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٦
رەزا جووزانی، ٧٣٥
رەزا ساڵحزادە، ٨٢١
رەزا قەزوینی، ١٣٤
رەزائییە، ٢٤٣
رەزاخان، ١٨٧، ٥٢٤، ٥٨٣، ٦٩٩، ٧٤٧، ٧٦٥، ٧٦٦، ٧٦٧، ٧٦٨، ٧٦٩، ٧٧٠، ٧٧٢، ٧٧٨، ٧٧٩، ٨٠١، ٨٠٥، ٨٠٦، ٨٠٧، ٨١٢، ٨١٥
رەزاخانی پەهلەوی، ٥٨٤، ٧٤٦، ٨١٥
رەزاخانی میرپێنجە، ٧٦٥، ٧٦٦، ٧٦٨، ٧٦٩، ٧٧٠، ٧٧٨، ٧٧٩
رەزاشای گەورە، ٧٦٥، ٧٦٦، ٨٢٠
رەزاقولیبەگ، ١٢٣
رەزاقولیخان، ٢٠٣، ٢٤٢، ٤٧٩
رەزاقولیخانی هیدایەت، ٥٥، ١٢١، ١٢٤، ١٥١، ١٩١، ٢٠٣، ٢٢٩، ٣٧٩، ٤٧٥، ٤٧٩، ٤٨٤، ٤٩٢، ٨١٨
رەشت، ٥٠، ١٠٠، ٢١٩، ٢٢٦، ٣٠٩، ٤٠٩، ٤١٧، ٤٦٩، ٤٧٠، ٥١٢، ٥٦٤، ٥٨٧، ٥٩٦، ٦٠٨، ٦١٧، ٦٤٢، ٦٤٩، ٦٦٧، ٦٧٩، ٦٨٠، ٧٥٢، ٧٦٢، ٧٦٥، ٧٦٦، ٧٨٣، ٧٨٦
رەشیدوسسوڵتان، ٧١٠
رەعد (رۆژنامە)، ٦٩٢، ٧٣٩، ٧٤٩، ٧٦٠، ٧٦٨، ٧٧٠
رەواندز، ٢٤٣
ریدیریو، ٢٢٥
ریشار، ١٨٧
ریشیلوو، ١٩٧
ریتولیز، ٢٥٧، ٣٦٠، ٣٦١
رۆتشتاین، ٧٧٧، ٧٨٤، ٧٨٦، ٧٩١، ٨٠٣
رۆدزیانکۆ، ٧١٦
رۆستەم، ٨٧
رۆستەمخانی زەند، ٦٠
رۆستەمە جوو، ٥٠٨
رۆم، ٢٠١، ٧٧٧
رۆمانیا، ٤١٠
رۆمیوو، ٦٧
رۆیتێر، ٢٩٠، ٣٠٩، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٤٩، ٥٥٩
ریبوول، ٧١

(ز)
زاتی، ١٨٧
زمانی ئازادی (رۆژنامە)، ٧٢٥
زولفەقارخان، ٤٨٩

زوهرە، ٥٠٨
زەرەقان، ٤١
زەرەند، ٦٤٠
زەفەروسسەنتەنە، ٥٤٧، ٦٠٧
زەکائولمولک، ٨٠٥، ٨٠٧، ٨٠٩
زەکیخان، ٣٥، ٦٠
زەمانخانی برووجێردی، ٥٠٤
زەمانشا، ٤٩، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٧٨، ٧٩
زەنجان، ١٤٦، ٤١٩، ٧٣٦، ٧٨٣
زەند، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٧، ٣٩، ٢٨١، ٤٧٢، ٤٧٥، ٨١٨
زەندییە، ٢٤، ٢٨، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤٤، ٤٧، ٦١، ١٦٨
زەهاو، ١٣٠، ١٣١، ١٣٤، ٢٤٧، ٢٥٤
زەهیروددەولە، ١٨٤، ٢٠٧، ٢٠٩
زەهیرولئیسلام، ٦٥٤، ٦٨٠
زەیداباد، ١٧٠
زەینولعابیدین، ٤٩٩
زەینولعابیدینی شیروانی، ٤٧٧
زەینولعابیدینی مووسەوی، ٤٧٨
زەرغاموسسەنتە، ٦٧٨
زەرگەندە، ٣٥٤
زیادئوغلی، ٩٧
زیللوسسولتان، ٥، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٩، ١٥٨، ١٩٧، ٢٢٩، ٤٠٣، ٤٣١، ٤٧٧، ٦٢٣، ٦٢٧، ٦٢٨، ٦٢٩، ٦٣٠، ٦٦٦، ٨١٧
زوبوڤ، ٥٠، ٩٥، ٩٦
زینەب، ٤٩٨، ٤٩٩، ٥٠٦، ٥٠٧

(ژ)
ژاپۆن، ٣٧٥، ٥١٥، ٥١٦، ٥٢٤، ٥٨٩، ٦٩٣
ژالکی، ٧٣٢

ژنێف، ٦٤٧
ژوانین، ٦٧، ٨١، ٣١٦
ژوبیر، ٦٦، ٦٧، ٨١
ژین، ٤٥٤

(س)
سابا نوویان، ٢١
سابلاغ (سابلاخ ، ساوجبلاغ)، ٤٠٩، ٦١٣، ٦٩٨، ٧٨٥
ساحەبدیوان، ٤٩٤
ساحیبی کوری عیباد، ١٩٧
سادقبەگ، ١٣٥
سادقخانی شوقاقی، ٥٨
سادقی گورجی، ٥١
سارانزف، ٧٣٠
سارم ئەفەندی، ٢٤٣
سارووق، ٦١
ساری، ٣٣، ٤٨، ٤٠٩
ساریئەسلان، ١٠٨
ساسانی، ٢٣٥، ٤٩٩
ساعیدولمولک، ٢١٩
سالار، ٦، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٣، ٢٠٣، ٤٠٧، ٦٧٨، ٦٨٢
سالارلەشکر، ٧٠١، ٧٦٤
سالاروددەولە، ٥٤٣، ٦٨٠، ٦٨١، ٦٨٢، ٦٨٣
سالیان، ١٠١، ١٠٢
سامخانی ئیلخانی، ٢٠٨
سامەرا، ١٣٧، ٤٣٥
سایکس، ١٣٠، ١٦٠، ٢٠٠، ٤١٣، ٤٤٩، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٣٠، ٦٨٢، ٦٨٤، ٦٩٦، ٦٩٧، ٧٢١، ٧٢٢، ٧٣٦، ٧٣٩، ٧٤٨، ٧٤٩، ٧٥١، ٧٥٢

ساپینقەلا، ٦١٣
سپاداری گەورە، ٦٧١، ٦٧٢، ٦٧٤، ٧٦٤
سپاسالار، ١٨٦، ١٩٥، ٢٠٠، ٢٢٣، ٣٨٨، ٤٢٧، ٥١٩، ٦١٦، ٦٢٠، ٦٢٣، ٦٢٥، ٦٢٦، ٧٣٠
ستاکیر، ٢٧٢
ستال، ٢٢٦
ستراتکونا، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٦٢
ستریتیر، ٣٥٤
ستوودە، ٨١٤
ستۆدارت، ١٦٤
ستۆکس، ٦٣٣، ٦٨٤، ٦٨٥
ستۆکهۆلم، ٧٥٦
سرووشی ئیسفەهانی، ٤٩١
سفەتوڵلای جەمالییە، ٢١٦
سکۆبیلیف، ٢٩٨
سمایس، ٧٦٣، ٧٦٧
سمایل شەمس، ٨١١
سمایلئاغای هەولێری، ١٣٢،
سمایلئاغای سمکۆ، ٧١١، ٧٥٦، ٧٦١، ٨٠٨
سمایلبەگی دامغانی، ٩٩
سمایلخان،٧٩، ١٥٠، ٦٦٧، ٧٠٧
سمایلخانی سەرابی، ٦٢٩
سمایلی ئەمیرخێزی، ٧٥٦
سمایلی یەکەم، ٣٩١
سمنان، ٧٢، ١٥٨، ٣٥٠، ٧١١، ٨١٢
سنە، ١٢٩، ١٣٠، ٤٠٩، ٨١١
سواستۆپۆل، ٢٥٧
سورخاب، ٦٤٢
سولەیمانپاشا، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٥
سولەیمانپێغەمبەر، ٥٣٩
سولەیمانخان، ٦١، ٢٠٠
سولەیمانخانی دەرەگەزی، ١٧٧
سولەیمانخانی مەیکەدە، ٦٠٠، ٧٠١
سولەیمانمیرزا، ٦٦٩، ٦٧٣، ٧٠١، ٧٠٢، ٧٨١، ٨٠٤، ٨٠٦، ٨٠٧
سولەیمانی (سولەیمانییە)، ٥، ١٢٧، ١٢٩، ١٣٧، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٦، ٢٤٧، ٤٠٩
سولەیمانی تونیکابونی، ٤٧٨
سوورئیسرافیل (هەم رۆژنامە هەم ناوبانگ)، ٦٠٦، ٦١٠، ٦١١، ٦٢٩، ٦٣٠، ٦٣١، ٦٣٣، ٦٣٤
سووەر، ٧٠١
سوید، ٦٩٥، ٦٩٧، ٧٠٨، ٧٥٦، ٧٥٧
سویس، ٢٢١، ٦٤٧
سورەییا (رۆژنامە)، ٥٢٣
سولتان داودخان، ٧٨٣
سولتان عەبدولحەمید، ٢١٦، ٢٢١، ٦١٢، ٦٤٦، ٦٥٠
سولتان مراد، ٢٠٨، ٢٥٣
سولتان مستەفاخان، ٨٦
سولتان مستەفای چوارەم، ١٣٢
سولتان مەحموودخانی دووهەم، ٨٦، ١٣٢، ٢٤٢
سولتانئاباد، ١٧٩
سولتانزادە، ٧٥٩
سولتانولعولەمای خوراسانی، ٦٠٤، ٦٠٦، ٦٢٩، ٦٣١، ٦٣٦
سولتانییە، ٥٨، ٦٧، ١١٠، ١١١
سەبا، ١٧٩، ٢٥١، ٤٨١، ٤٩٥، ٥٦٩، ٥٨١، ٥٨٢، ٥٨٣، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٨٧، ٧٠٤
سەباحی ئیسفەهانی، ٤٨١
سەبزەوار، ٤٨، ١٧٧
سەبزەواری، ٤٧٤
سەبعە، ٢٨٦

سەتارخان، ٦٤٣، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٨، ٦٦٨،
٦٧٠، ٦٧١، ٦٧٤، ٦٧٦، ٦٧٧، ٦٧٨، ٦٧٩،
٧٥٥
سەحاب، ٤٨٠
سەدرولمەمالیک، ١٦٩
سەدرەک، ٩٨
سەراب، ٤٤
سەرتاق نوویان، ٢١
سەردار ئەسعەد، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠، ٦٦٥،
٦٦٦، ٦٧١، ٦٧٤، ٦٧٥، ٦٧٦، ٦٧٧، ٦٧٨،
٦٨٢
سەردار ئەشرەف، ٦٨٢
سەردار ئینتسار، ٧٥٦
سەردار بەهادور، ٦٨١، ٦٨٣
سەردار موحتەشەم، ٦٨٣
سەردار موحیبی، ٦٧٢
سەردار مەنسوور، ٦٦٦
سەردار نوسرەت، ٧٨٨
سەردارئاوا، ١١٤
سەردارسپا، ١٢، ٧٦٧، ٧٧٢، ٧٧٣، ٧٧٨،
٧٧٩، ٧٨٠، ٧٨١، ٧٨٥، ٧٨٦، ٧٩٨، ٨٠٠،
٨٠١، ٨٠٢، ٨٠٣، ٨٠٤، ٨٠٥، ٨٠٦، ٨٠٧،
٨٠٨، ٨٠٩، ٨١١، ٨١٢، ٨١٤
سەروجیهان، ١٦٩
سەرەخس، ٦، ١٧٨، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٥
سەعدوددەولە، ٥٧٢، ٥٧٩، ٦٠٧، ٦١١،
٦١٨، ٦٤١، ٦٥٤، ٦٥٨
سەعدوللاخان، ٧٨٥
سەعدی، ٣١٦، ٤٨٦، ٤٨٧، ٧٦٦
سەعید نەفیسی، ٨٢٠
سەعیدخان، ٢٨٤، ٢٨٦، ٤٠٤
سەفەوی، ١٧، ١٨، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣،
٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٩، ٦٦، ١٢٢، ١٢٧، ١٢٩،
٢٥٤، ٢٨٠، ٢٨٢، ٣٩١، ٣٩٥، ٤٠١، ٤١٨،
٤٢٩، ٤٣٠، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٦٨، ٤٧١، ٤٧٢،
٤٧٣، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٩، ٤٩٢، ٤٩٧، ٥٠٠،
٥٠٥، ٧٤٨، ٨١٨، ٨٢١
سەفیپارخان، ١٣١
سەفییەددینی ئورمەوی، ٥٠٤
سەقز، ٨١٠، ٨١١
سەلجووقییەکان، ١٩٧، ٤٧٢
سەلیمخانی سێیەم، ١٣٢
سەماوە، ٤٠٩
سەمساموسسەلتەنە، ٦٦٦، ٦٧٤، ٦٧٩،
٧٠٠، ٧١٠، ٧١٩، ٧٢٢، ٧٢٤، ٧٧١، ٧٨٨،
٧٨٩
سەمەرقەند، ٩٠، ٢٩٧
سەمیعی، ٧٠١، ٧٨٠، ٨٠١، ٨٠٥
سەنایی، ٤٩٤
سەنیعوددەولە، ١٥٠، ١٩٤، ١٩٥، ٢١٥،
٢٢٩، ٤١٧، ٤٢٢، ٤٧٥، ٥٧٢، ٦١٢
سەوزەمەیدان، ٧٨٦
سەولەتوددەولە، ٧٢٠، ٧٢١، ٧٢٢
سەید ئەبولقاسمی ئیمامجومعە، ٦٥٤
سەید ئەحمەد تەباتەبایی، ٥٤٨
سەید ئەحمەدخان، ٥٠٧
سەید جەعفەر، ٧٥٣، ٨١٧
سەید جەلیل ئەردەویلی، ٦١١
سەید جەمال، ٦، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٦،
٢٢٩، ٥٢٧، ٥٩٩، ٥٢٦، ٥٢٩، ٥٤٨، ٦٠٠،
٦٠٢، ٦١٠، ٦١١، ٦٢٦، ٦٣٦
سەید جەمالەددینی ئەسەدئابادی، ٦،
٢١٢، ٣٢٩، ٥٢٩، ٦٦١
سەید جەمالەددینی ئەفجەیی، ٦٢٦
سەید حەسەنی حەبلولمەتین، ٦٣٦
سەید زیائەددین تەباتەبایی، ١٢، ٦٩٢،
٧١٤، ٧٤٩، ٧٥٠، ٧٦٩، ٧٧٠، ٧٧١، ٧٧٢،

٧٧٣، ٧٧٧، ٧٧٨، ٧٧٩، ٧٨٠، ٧٨١، ٧٨٤، ٧٨٦، ٧٨٧، ٧٩١، ٨٠٣

سەید سوورمیلی، ٢٨٥، ٢٨٨

سەید سەفدەر، ٢١٣

سەید عەبدوررەززاق، ٦٢٩، ٦٧٥

سەید عەبدوللا بێهبەهانی، ٥٧١، ٦٧٤، ٦٧٥

سەید عەلیمحەممەدی باب، ٥، ١٧٢، ٢٠٦، ٢٦٧

سەید عەلیمیرزا، ٤٩٢

سەید کازم یەزدی، ٦٠٨

سەید محەممەد تەباتەبایی، ٤٧٤؛ ٥٣٩، ٥٤٧، ٥٤٨؛ ٥٥٢، ٦٧٤

سەید محەممەد شەبستەری، ٦٠٨

سەید محەممەدسادق تەباتەبایی، ٧٠١، ٧٨١

سەید محەممەدی ئیسفەهانی، ٤٨٠

سەید محەممەدی تالیبوحەق، ٦٨٧

سەید محەممەدی تەباتەبایی، ٥٤١

سەید محەممەدی کوری سالم، ٢٨٥

سەید محەممەدی کەمەرە، ٧٢٥

سەید محەممەدرەزا شیرازی، ٦٠٦

سەید مورتەزەوی، ٦٥٥

سەید نەسروڵلا ئەخەوی، ٦٧٧

سەید نەسروڵلا تەقەوی، ٦٧٠

سەید رەزا شیرازی، ١٧٢

سەیفولمەلیک، ٧، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٠٧

سەیفی قەزوینی، ٧٠٩

سەڵماس، ١١٥، ٦١٢، ٦١٣

سیادەهەن، ١٤٦، ٤١٩

سیام، ٥٩٠

سیبکی، ١٣٥

سیبیریا، ٦٤٩

سیرجان، ١٧٠

سیستان، ٥٩، ١٦٧، ١٧٠، ٢٠٨، ٢٠٩، ٣٣٧، ٥٥٣

سیسیانۆف، ٩٦، ٩٧

سیلاخور، ٦٢٥، ٦٢٩، ٦٣٣

سیمزنیچ، ١٦٣

سینکلەر، ٧٩٧، ٧٩٨، ٧٩٩

سلێمانپاشای کەرکووک، ١٣١

سلێمانخانی ساحیبئیختیار، ٢١٣

سۆفیان، ٦٤٩

سۆلتیکۆف، ١٥٣، ١٥٤، ٤٧٧، ٨٢١

سۆڤییەت، ١٠٤، ٧٢٤، ٧٧٤، ٧٩٧، ٨٠٥

سێر ئاستین لیارد، ١٦٥

سێر پێرسی سایکس، ٨٦، ١٣٠، ١٣٥، ١٦٠، ١٦٥، ١٧١، ١٧٤، ٢٠٠، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٩٢، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٦٨، ٤٠٠، ٤٠١، ٤١٣، ٤٤٩، ٥٢٨، ٥٥٧، ٧٢٠، ٧٢١، ٧٣٨، ٧٣٩، ٨٢٠

سێر پێرسی کاکس، ٧٣٦

سێر جان مەکنیل، ١٦٢، ١٦٤، ٢٦٦

سێر جان مەلکوم، ٤، ٤٣، ٤٤، ٥١، ٧٠، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ١١١، ٨٢٠

سێر گۆر ئووزلی، ٨٨، ٨٩، ٩٠

سێر ویلیام ئووزلی، ٨٨

سێر هارفورد جۆنز، ٨٢، ٨٣

سێربستان، ٦٩٣

سێمیرۆم، ٤٠

سێمینۆ، ٣١٧

سێند، ١٧١، ٢٨٩

سێنیگال، ٧٣٨


(ش)

شاپشال، ٦٠٧، ٦١٤، ٦١٩، ٦٢٠، ٦٢١، ٦٢٣، ٦٥٩
شاتزماسب، ٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ١٢٧
شاخەلیلوڵلا، ١٦٨، ١٦٩
شادلوو، ١٧٦، ١٧٧
شارباتوو، ٤٩٩
شاروخشا، ٢٧، ٤٨، ٥٧
شاروخمیرزا، ٤٦
شاروخ، ٤٨، ٥٨
شارەزوور، ١٢٧، ١٢٩، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٧، ١٣٩، ٢٤٢
شاری بابەک، ١٧٠
شاری رەی، ٢٢٧، ٢٣٤
شارلی دەهەم، ٣١٦
شاسمایل، ٢٩، ٣٠
شاسولەیمانی سەفەوی، ٢٣، ١٢٧
شاسوڵتان حوسێنی سەفەوی، ٢٤
شاسەیوان، ٥٥٤
شاشوجاع، ٥٩، ١٦٦، ١٦٧، ٢٠٦
شاعەبدولعەزیم، ٢١٥، ٢١٦، ٢٣٤، ٤٠٣، ٦٧٨
شاقولیخان، ٥٥
شاقولیمیرزا، ١٤٩، ٥٠٤
شاکرپاشا، ١٣٢
شام، ٢٠، ١٢٨، ٢٣٨
شامرادمیرزا، ٥٠٤
شامیرخانی ئەرمەنی، ١٠٧
شاهەباسی دووهەم، ١٨، ٤٧٣
شاهەباسی یەکەم، ٢٨٠، ٤١٨، ٤٧٣
شاروود، ١٦٤، ١٧٧، ٦٨٠
شارەزا، ٤٠
شمری زیلجەوشەن، ٤٩٨
شوانکارە، ٤٤٧
شوجاع لەشکری خەڵخاڵی، ٦٢٩
شوجاع نیزام، ٦٤٥، ٦٤٦
شوجاعوددەولە، ٦٥٦
شوعاعوسسەنتەنە، ٥٠٨، ٥٥٨، ٦٨١، ٦٨٢، ٦٨٤
شوئمان، ٧٠١
شووستێر، ٦٨١، ٦٨٤، ٦٨٥، ٦٨٦
شووشتەر، ٢٧٦، ٣٥٣، ٣٦١
شووشی، ٤٥، ٥٠، ٥٨، ١٠٠، ٤٦٠
شوورا (رۆژنامە)، ٦٩٢
شەشکەلان، ٦٤٢
شەفت، ١٠٠
شەفەق (رۆژنامە)، ٦٧٣
شەفەقی سورخ (رۆژنامە)، ٣٥١، ٨١٠، ٨١١
شەککی، ١٠٤
شەمسەددینلوو، ٩٧، ٩٨
شەمیران، ١٢٣
شەمیل، ٢٨٤، ٢٨٧
شەهرەک، ٤١
شەهریوەر، ٧٧٠
شەیبانی، ٧٠١، ٧١٧، ٨٠٤
شیراز، ٦، ٨، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٤، ٨٤، ٨٥، ١٧٣، ١٧٤، ١٩٠، ٢٠٦، ٢١٥، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٧٧، ٢٨١، ٣١٨، ٣١٩، ٣٨٢، ٣٨٣، ٣٩٢، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٠٩، ٤٥٤، ٤٦٩، ٤٨٣، ٤٨٥، ٤٩٤، ٥٠٣، ٥٠٥، ٥٠٨، ٥١٢، ٥٤٣، ٥٥٨، ٥٦٤، ٦٠٦، ٦٧٣، ٧٢٠، ٧٢١، ٨٠٤
شیروان، ٤٦، ٥٠، ٩٣، ١٠٤، ١٠٥، ٧٥٨
شیل، ١٦٤، ٣٤٤
شۆرەکانی خووریان، ١٢
شۆرەگوڵ، ٥، ٩٧، ٩٨

شێخ ئەحمەدی رووحی، ٢١٦، ٥١٧، ٥١٨
شێخ بەهائەددینی عاملی، ٤٧٣
شێخ حەسەنی چاکووتاهی، ٢٧٠، ٢٧٤، ٧٦٣
شێخ خەزعەل، ٣٦٤، ٧٠٦، ٧٥٦، ٨٠٨
شێخ سمایلی هەشتەرویی، ٦٧٧
شێخ سەیف، ٢٨٧
شێخ عوبەیدیللای شەمزینان، ٣٣٥
شێخ فەزلوڵلا نووری، ٦٦٧
شێخ لەحساوی، ١٣٢
شێخ محەممەد عەبدە، ٢١٤
شێخ محەممەدجەعفەری لەحساوی، ١٣٢
شێخ محەممەدجەعفەری نەجەفی، ١٣٤
شێخ مووسا، ١٣٨
شێخ مەحموودی وەرامینی، ٦١٨، ٦٣٣
شێخ هادی، ٧٩٩
شێخ هادی نەجمئابادی، ٥٤٧
شێخ رەئووف زیایی، ٨١١
شێخالیخانی زەنگەنە، ١٢٢
شێخعەلیمیرزا، ١٤٧
شێخولملووک، ١٤٧
شێربوورگ، ٢٢١
شێرمحەممەدخان، ١٦٢
شیل، ٣٦٥

(ع)
عادڵشا، ٢٧
عارفی قەزوینی، ٥١٠، ٥١١، ٥٧١، ٧٨٠، ٨٢١
عوبەیدیللای کوری زیاد، ٤٩٨، ٤٩٩
عوتەیبی، ٢٨٢
عوسمانی، ٥، ٦، ١٠، ١٧، ٢٢، ٢٤، ٢٦، ٥٩، ٦٤، ٦٦، ٦٧، ٧٠، ٧٧، ٨٦، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١١٠، ١١٣، ١١٨، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٨٢، ٢٠٨، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢١ *(ویرای زۆربەی لاپەرەکان)*
عومان، ٢٨٣
عەباسقوڵی ئازەری، ١١٨، ١٢١
عەبباس ئیقباڵ ئاشتیانی، ١٥٢، ١٥٦، ١٩٥، ٢٧٧، ٤٠٥، ٤٧٧، ٨١٧، ٨١٨، ٨٢١
عەبباسقوڵی، ١٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٨٢٠
عەبباسقوڵیخان، ٣٠٥
عەبدولعەزیم، ٣٣، ١٥٠، ٢٢٤، ٣٣٠، ٣٩٣، ٤٢٧، ٥٤٨، ٥٤٩، ٥٥١، ٦٥٥، ٦٩٩، ٨٠٢
عەبدولقادری مەراغەیی، ٥٠٤
عەبدولمحەممەد، ٢٨٥، ٢٨٧
عەبدولمەجیدخانی یەکەم، ٢٤٣
عەبدولمەجیدی یەکەم، ٢٤٢
عەبدولوەهابپاشا، ١٣٢
عەبدولوەهابی نەشات، ٤٠٣، ٤٨٢
عەبدوررەحیم ئالبۆف، ٥٢٢
عەبدوررەحیم خەڵخالی، ٦١١
عەبدوڵلای کوری مەسعوود، ١٣٦
عەدالەت، ٦٠٩
عەدلوسسەلتەنە، ٦٢٠
عەدلولمولک، ٧٧٢
عەرەب(عەرەبەکان، عەرەبی)، ١٥، ٤١، ١٣٠، ١٣١، ١٣٤، ١٦٥، ٢١٥، ٢١٧، ٢٢٩، ٢٤٠، ٢٤٨، ٢٧٤، ٢٨٠، ٢٨٢، ٤٣٥، ٤٧٤، ٤٨٢، ٤٨٤، ٧٠٥
عەرەبستان، ١٣٦، ٢٤٠، ٥٠٤، ٥١٥
عەزیزوسسولتان، ٣٣٠

عەزودولمولک، ٣٠٤، ٣٣٢، ٣٩٣، ٥٦٤، ٦٢١، ٦٦٥
عەسری جەدید (رۆژنامە)، ٦٩٢، ٧٠٨
عەسکەران، ٥، ٤٥، ٩٩، ١٠٠
عەسکەرخان، ٧٣، ٧٥
عەلائوددەولە، ٥٤٩، ٥٥٠، ٥٥٢، ٥٩٨، ٦٤١
عەلائوسسەتتەنە، ٥٧٦، ٧١٩
عەلائولمولک، ٥٢٢، ٥٧٦
عەلی میسیو، ٦٤٤
عەلیئابادی مازندەران، ٤٩٤
عەلیئاغا، ٦٢٤، ٦٢٥، ٧٥٩
عەلیئەشرەفخانی سەرتیپ، ٣٠٠
عەلیئەکبەر بینا، ١١٢، ٨١٨
عەلیئەکبەرخانی ئەردالی، ٧٠٩، ٧١١
عەلیپاشا، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١
عەلیخانی سیکووهە، ٢٠٨
عەلیشا، ١٤٤، ١٤٥، ١٦٩
عەلیمحەممەد فرەوەشی، ٥٣١
عەلیمحەممەدخانی تەربیەت، ٦٧٥
عەلیرەزاپاشا، ٢٤٠، ٢٤٢
عەمووئۆغلی، ٦٠٠
عەمیدوسسەلتەنە، ٧٨٠، ٨٠٤
عەولاپاشا، ١٣٣، ١٣٤، ٢٤٢، ٢٤٣
عەولاخانی قەرەگویزلوو، ١٧١، ٢٨٤
عەینوددەولە، ١٠، ٣٣٥، ٣٤٣، ٥٤٤، ٥٤٦، ٥٤٧، ٥٤٨، ٥٤٩، ٥٥٠، ٥٥٢، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٤، ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٥٥، ٦٥٦، ٦٦٧، ٦٩٤، ٧١٩، ٧٥٥، ٧٥٩
عیززەتوددەولە، ١٩٦
عیساخان، ٢٠٩
عیشقئاباد، ٣٠٠، ٣٠١، ٥٥٣
عیلام، ٣٢٤، ٣٤٤
عیمادولکیتاب، ٧١١
عیراق، ١٢٧، ١٣٩، ١٤٠، ٢٤٠، ٢٤٢، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٦، ٤٣٥، ٤٧٩، ٥٠٦، ٧١٠

(غ)
غازیان، ٤٥٢، ٧٥٢
غولامرەزاخانی میرپێنج، ٦٣٥
غووریان، ١٦٢، ١٦٥، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٦٥
غولامرەزاخانی موعەززیز، ٥٠٢

(ف)
فابوویە، ٧١، ٧٢
فارس، ١٥، ٢٤، ٢٩، ٣٢، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٦٠، ٦١، ٧٨، ١٤٤، ١٤٧، ١٥٧، ١٧٠، ١٧٣، ١٨٣، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢٧٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٦٨، ٣٧١، ٤٠٩، ٤١٥، ٤١٦، ٤١٧، ٤٤٨، ٤٧٧، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٩٣، ٤٩٤، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٧، ٦١٢، ٦٥٤، ٦٥٩، ٦٨٦، ٦٨٨، ٦٩٣، ٦٩٥، ٧٢٠، ٧٢١، ٨١٧
فارسی (زمان)، ٨٨، ١٤٠، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٩٦، ٣١٢، ٣١٦، ٣٥٤، ٣٦٣، ٤٣٨، ٤٧٦، ٤٨٣، ٤٩٣، ٥٠٤، ٥٠٧، ٥٢١، ٦٠٣، ٦٠٩، ٧٥٧
فازلخانی گەرووسی، ١٨١، ٤٩٥، ٤٩٦
فارابی، ٥٠٤
فالکینهاگین، ٣٠٩
فرانسوا، ٢١٩، ٢٢١
فرانسوا گیزۆ، ٣١٦، ٣١٨
فرانکفۆرت، ٢٢٠
فرانکلین پیرس، ٣٢٥
فرووغوددەولە، ٤٨٥
فرووغوسسەلتەنە، ٣٧٩، ٢٨٦
فرووغی، ٤٨٥، ٤٨٧، ٤٨٨، ٨٠٧، ٨٠٩

فرووغیی بەستامی، ٤٨٧، ٨٢١
فرەوەشی، ٥٣١، ٨٢١
فریدریک گۆڵدسمید، ٢٨٩
فشەنگچی، ٦٤٤، ٧٥٩
فوئادپاشا، ٢١٢
فورات، ٤٩٠ ، ٤٩٨
فەتاحپاشا، ١٣١
فەتحعەلیخان، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٧١، ٧٨، ٩٦، ١٠٧، ١١٤، ٤٨١، ٤٩٥
فەتحعەلیخانی کاشانی، ٤٨١
فەتحعەلیخانی نووری، ٧١، ٧٨
فەتحعەلیخانی رەشتی، ١١٤
فەتحعەلیشا، ٤، ٤٧، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٤، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٩، ٩٠، ٩٢، ٩٤، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٣، ١١٥، ١١٩، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٩، ١٤٠، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٥٠، ١٥٨، ١٦٩، ١٨١، ١٨٢، ١٨٦، ١٩١، ٢١١، ٢٣٠، ٢٣٩، ٢٥٦، ٢٨٠، ٢٨٣، ٢٨٦، ٢٨١، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٥، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤١٠، ٤٦٠، ٤٦١، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٦، ٤٨٧، ٤٩٣، ٤٩٤، ٤٩٥، ٤٩٦، ٥٠٨، ٥٣٧، ١٣٦، ٢٨٠، ٣٣٩، ٣٨٠، ٤٠٣، ٤٠٧، ٥٨٨
فەتحوڵڵا ئەکبەر، ١٢، ٧٦٤، ٧٧٣
فەتحوڵڵا نووری ئیسفەندیاری، ٧٦٩، ٧٨٣، ٨٠٣، ٨٠٥، ٨٠٦، ٨١٢
فەتحوڵڵامیرزا، ٥٠٨
فەتەنولمولک، ٧٠١
فەخرولمولک، ٥٧٦
فەخری داعی، ٤١٣، ٨٢٠
فەرانسە، ٤، ٧، ٤٧، ٥٥، ٥٦، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٩، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ١٠١، ١٥٣، ١٥٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٩٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١١، ٢١٢، ٢١٤، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٧، ٢٢٩، ٢٣٣، ٢٤١، ٢٥٠، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٤، ٢٦٧، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٨٢، ٢٨٤، ٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٣٩، ٣٤٣، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٨، ٣٦١، ٣٧٠، ٣٧٨، ٣٩٣، ٤٠٩، ٤١٠، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥٨، ٤٥٩، ٥٠٣، ٥٠٧، ٥٠٨، ٥١٦، ٥١٧، ٥٤٥، ٥٦٩، ٥٧٥، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٠، ٦٠٥، ٦٣٦، ٦٤٤، ٦٥٠، ٦٥٤، ٦٨٩، ٦٩١، ٦٩٣، ٧٢٨، ٧٣٢، ٧٣٨، ٧٤٨، ٧٥٠، ٧٥٢، ٧٥٧، ٧٦٢، ٧٧٦، ٨١٥
فەراهـ، ٥٩، ١٦٤، ٢٠٩
فەراهان، ١٧٩، ٤٩٣
فەرروخخان، ٢٦٩
فەرروخیی یەزدی، ٨٠٢
فەرزین، ٧٠١
فەرمانفەرما، ١٤٤، ١٤٧، ١٥٨، ١٧٠، ٢٠٨، ٣٣٤، ٦٦٦، ٦٧٢، ٦٧٤، ٦٧٦، ٧٢٢، ٧٦٤، ٧٧٩
فەرەجوڵلاخانی ئەفشار، ١٣١
فەرەحئاباد، ٧٨٠
فەرەیدوونمیرزا، ٢٠٤
فەزلعەلیخانی قەرەباغی، ١٧٠
فەزلوڵلاخان، ٧٤٢
فەسایی، ٤٧٧، ٨١٧
فەلەستین، ٢٠، ٥٣٩
فەهیمولمولک، ٨٠٤
فەروخسییەرمیرزا، ١٧٠
فیرووزکۆ، ٣٣، ٤٨، ٦٨٠

فیرووزمیرزا، ١٤٧، ٤١٧، ٥٠٨، ٧٤٧، ٧٦٦
فیشیر، ٢٥٨، ٣٦٥
فین، ١٩٢، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦
فینکین‌شتاین، ٤، ٦٨، ٦٩، ٧١، ٩١
فیووزات، ٧٥٦
فووریە، ٤٧٧
فیریە، ٣١٧

(ڤ)

ڤامبیری، ٢٠٤
ڤیتکاویچ، ١٥٩، ٢٩٦
ڤیسکۆنت داون، ٣٧٤
ڤیکتۆر گولانتز، ٤٦٤
ڤیکتۆریا، ١٥٥، ٢٧٦
ڤیلنا، ٢٢٠
ڤییەن، ٦٥، ٢١٩، ٢٢١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٣١٥، ٤٠٩، ٦٧٩
ڤۆلگا، ٢١٩
ڤێردیە، ٧١
ڤیلادی قەفقاز، ٢٢١، ٣٠٢
ڤینیز، ۴۵۴

(ق)

قائانی، ١٩٨، ٤٨٥، ٤٨٦، ٤٨٧، ٤٨٩
قاجار، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١١، ١٢، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٥، ٧٠، ٧٦، ٨٢، ٨٣، ٨٥، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٥، ١١٠، ١١٨، ١١٩، ١٢١، ١٢٢، ١٢٤، ١٢٨، ١٣٠، ١٣٤، ١٣٦، ١٣٧، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٧، ١٥٠، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦، ١٧٩، ١٩١، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٧، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٤، ٢١١، ٢٢١، ٢٢٤، ٢٢٩، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٧٠،٢٧٢، ٢٨٠، ٢٩٣، ٢٩٥، ٣٠٤، ٣٢٩، ٣٦٨، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨١، ٣٨٢، ٣٨٣، ٣٨٤، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٨، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٣، ٣٩٥، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٧، ٤١١، ٤١٢، ٤١٩، ٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣٣، ٤٣٩، ٤٤١، ٤٦١، ٤٦٩، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٨٦، ٤٨٧، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٤، ٤٩٥، ٤٩٧، ٥٠٠، ٥٠٦، ٥٠٨، ٥١٢، ٥٢٧، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٧، ٥٤٢، ٥٥٦، ٥٦١، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٧٣، ٥٧٨، ٥٨٣، ٥٨٩، ٦٠٧، ٦٢١، ٦٣٣، ٦٣٥، ٦٤٣، ٦٥٣، ٦٦٥، ٦٦٧، ٦٧٩، ٧٠٢، ٧٣٦، ٧٤٨، ٨٠٩، ٨١٤، ٨١٥، ٨١٧، ٨١٨، ٨٢٠
قاجار نوویان، ٢١
قاجارەکان، ٣، ١٥، ١٧، ٢١، ٢٢، ٣٠، ٣١٥، ٤٠٢، ٤٣٢، ٤٥٥، ٨١٨
قارس، ١٣٨، ٢٥٥
قارەمان‌خانی سەرداری ئەعزەم، ٨١٢
قازی شەهید ئەرداقی، ٧٠٩
قازی قەزوینی، ٦٣٤
قاسمئاباد، ٤١٥
قاسمئاغا، ٦٥٩
قاسمئاغای حەیدەرانلوو، ١٣٥
قاسمخان، ١٣٩، ٣٠٥، ٣٨٥، ٦٣٤، ٨٠٧
قانوون (رۆژنامە)، ٣٣٥، ٥١٧
قایمەقامی فەراهانی، ١٣٩، ١٤٨، ٣٩٢، ٤٧٢
قاینات، ٧٩١
قایین، ١٦٢
قزل‌رەبات، ١٣٤، ٤٠٩

قوبیە، ١٠٤
قوتبەددین حەیدەر، ٤٤٧
قوتبەددینی شیرازی، ٥٠٤
قوتوور، ٢٤٣، ٢٥٣، ٢٥٦
قوستەنتەنیە، ٦٦، ١١٢، ٣٤٧
قوم، ٦١، ١٤٤، ١٨٩، ٣٣٤، ٤٦٩، ٤٨١، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٦٣، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٨٧، ٦٩٩، ٧٠٠، ٧٠١، ٨١٠
قووچان، ٣٠٠، ٥٥٣، ٧٩١
قولیخانی شاهی، ٥٠٧
قەپان، ١٠٧، ١٠٨
قەجەر، ٢١، ٥٠٤
قەراجەداغ، ٨، ٩٩، ١٥٠، ٢٦٥، ٣٤١
قەرایی، ٦١٤
قەرەباغ، ٤٤، ٤٥، ٩٩، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١١٣
قەرەتەپە، ١٣٤
قەرەکلیسا، ١٣٨، ٢٥٠
قەزوین، ٢٤، ٥٨، ٨٤، ١٣٠، ١٤٦، ٢١٣، ٣٠٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٤١٩، ٤٦٨، ٤٦٩، ٥٩٦، ٦٥٤، ٦٥٩، ٦٦٨، ٦٨٠، ٦٩٨، ٦٩٩، ٧٠١، ٧٢٠، ٧٤٠، ٧٥٢، ٧٦٢، ٧٦٥، ٧٦٦، ٧٦٧، ٧٦٨، ٧٧٠، ٧٧٣، ٧٧٩
قەسری شیرین، ٢٣٧، ٣٥٣، ٣٥٧، ٥٩١
قەشقایی، ١٤، ١٥، ٥٥٤، ٧١٩، ٧٢٠، ٧٢١، ٧٥٦
قەفقاز، ٣، ٤، ١٩، ٢٠، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٩، ٥٠، ٥٧، ٥٩، ٦٥، ٧٢، ٧٤، ٨٣، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ٩٨، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٢، ١١٣، ١١٦، ١١٧، ١٢٠، ١٢٢، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٥٤، ١٦١، ٢٠٨، ٢٢١، ٢٣١، ٢٥٧، ٢٨٣، ٢٩٥، ٢٩٧، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٠٩، ٣٩٠، ٥٢٤، ٥٣٣، ٥٨٩، ٦٠٦، ٦٠٩، ٦١٤، ٦١٥، ٦٣٩، ٦٤٤، ٦٤٦، ٦٤٧، ٦٤٨، ٦٤٩، ٦٥٠، ٦٥٦، ٦٦١، ٦٦٨، ٦٧٥، ٧١٠، ٧١٢، ٧١٨، ٧٢٠، ٧٣٦، ٧٤٨، ٧٤٩، ٧٥٠، ٧٥٢، ٧٥٨، ٧٧٦، ٨٠٠
قەنبەرعەلیخانی ماقی، ٢٤٢
قەندەهار، ٥٩، ٦٩، ٨١، ٩٢، ١٥٩، ١٦٠، ١٦٦، ١٦٧، ١٧١، ٢٠٥، ٢٩٦
قەوام، ٧٢٢، ٧٨٨، ٨٠٥
قەوامودەولە، ٢٩٨، ٦٠٧، ٦٧٣
قەوامولسەلتەنە، ١٢، ٥٦٠، ٧٣٥، ٧٧٩، ٧٨٠، ٧٨١، ٧٨٢، ٧٨٥، ٧٨٧، ٧٨٨، ٧٩٠، ٧٩٢، ٧٩٦، ٨٠٠، ٨٠٤، ٨٠٦
قەوامولمولک، ٢٧٤، ٤٠٤
قەیسەرمیرزا، ٥٩
قەرنی بیستەم (رۆژنامە)، ٨١٠
قەلای شووشی، ٤٦٠
قیشم، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٧، ٣٥٠، ٤٥٤
قزیووشلوو، ٣، ٢١، ٢٢، ٢٣

(ک)

کابول، ٤٩، ٧٨، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠، ١٦١، ١٦٦، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٩٦
کاترین، ٤٥، ٩٥
کاترینی دووهەم، ٤٤، ٤٩، ٥٠، ٩٤
کاخت، ٤٥
کاراخان، ٧٧٤
کارچیکۆف، ١٩٧
کارنۆتا، ١٨٧
کاروانسەرای سەنگی، ٦٦٠
کاروون، ٧، ٢٧٦، ٢٩١، ٣٦٢
کازمئاغا، ٦٢٥
کازمەین، ١٢٧، ٢١٩، ٤٠٩

کازیروون، ٧٢٠
کاساکۆفسکی، ٣٣١، ٣٣٤
کاشان، ٥٩، ١٦٦، ١٧٩، ١٨٩، ١٩٢، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦، ٢٠١، ٣٣٩، ٣٤٤، ٣٤٥، ٤٦٩، ٤٧٣، ٤٨١، ٦٥٨، ٧٠١، ٧٤٠
کاکس، ٧٣٦
کالینین‌گراد، ٢٢٠
کامران‌میرزا، ٥٩، ٦٠، ١٥٨، ١٦١، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٧، ٢٣٣، ٢٦٥، ٢٩٦، ٤٠٢، ٤٣٥، ٥٧٧، ٧٠٠
کانەدایی، ٣٦٠
کانینگ، ١١١
کاوفمان، ٢٩٨
کتابچی‌خان، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٦
کرماشان، ١٣٠، ١٣٦، ١٣٩، ٢١٩، ٢٥٤، ٢٥٧، ٤٠٩، ٤١٦، ٤١٧، ٤٥١، ٤٦٩، ٤٧١، ٥٠٤، ٦٥٤، ٦٦٨، ٦٨٠، ٦٨٢، ٦٩٨، ٧٠١
کرمان، ٣، ٤٠، ٤٢، ٤٣، ٤٥، ٥١، ٥٣، ١٤٧، ١٥٧، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٨، ١٧٠، ١٧١، ٢٣٤، ٢٨٦، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٩، ٣٤٤، ٣٥٠، ٣٨٣، ٣٨٩، ٤١٥، ٤١٦، ٤٤٧، ٤٦٩، ٤٧٤، ٤٨٥، ٥١٧، ٥١٩، ٥٢٢، ٥٢٣، ٥٢٦، ٥٣٩، ٥٤٧، ٥٦٤، ٥٩٢، ٦٤٠، ٦٤٢، ٦٩٢، ٨١٩
کرند، ١٣٤
کریستی، ٨٧، ٨٩، ١٠٣
کریستۆفیر سایکس، ٧٢٨
کریستۆفیر میکائیلیان، ٦٤٧
کرۆمک، ١١٠
کرینسکی، ٧١٦، ٧٤٩
کورت ووستروا، ٧٦٠
کورد (کوردی)، ١٧، ١٣١، ١٧٦، ١٧٧، ١٨٨، ٥٥٤، ٦٨٠، ٧٠٩، ٧٥٦، ٧٨٥، ٧٩١، ٨١٠، ٨١١
کوردبەچە، ١٢١
کوردستان، ١٠٢، ١٢٩، ١٣١، ١٣٥، ١٣٩، ٢٤٢، ٢٥٤، ٤١٢، ٤١٦، ٥٤٣، ٨١٠
کورزۆن، ٢٤٤، ٢٩٩، ٣٤٦، ٣٧٨، ٥٩٤، ٧٢٨، ٧٨٢، ٧٨٣، ٨١٠
کوورا، ٤٥، ٥٠، ١٠١
کووفە، ١٧٢، ٤٩٨
کووکەلان، ٢٨، ٤٨، ١٧٧
کوهەندل‌خان، ١٥٩، ١٦٤، ١٦٧، ١٧٠
کەربەلا، ١٢٣، ١٢٧، ١٣٣، ١٤٠، ١٧٦، ٢١٥، ٢١٩، ٢٥٥، ٤٠٩، ٤٣٩، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٩٠، ٤٩٦، ٤٩٧، ٤٩٨، ٤٩٩، ٥٠٤
کەربەلایی محەممەدقوربان، ١٧٩، ١٨١
کەرکووک، ١٣٧، ٤٠٩
کەرەج، ٦٥٩، ٧٠١، ٧٠٨
کەریم دەوانگەر، ٧٠٧، ٧١٠
کەریمخانی زەند، ٢٩، ٣٤، ٣٥، ٣٧، ٤٧، ٥٢، ٥٥، ١٤٩، ٢٨١، ٢٨٢، ٣٩١، ٤٥٤، ٤٧٩، ٤٩٥، ٥٠٥
کەلات، ١٧٧
کەلاتی نادری، ٧١١
کەلارۆستاق، ٧٣٠، ٧٣١
کەلبعەلی‌خان، ٩٧، ٩٩
کەلکەتە، ١٥٥، ٤٠٩
کەمەرە، ٦١
کەن، ٧١٠، ٧٢١
کەنداوی فارس، ٤١، ٧٣، ٧٨، ٨٢، ٨٤، ١٦٦، ٢٠٠، ٢٢٦، ٢٥٤، ٢٧٦، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٩٠، ٣٠٩، ٣٣٧، ٣٤٥، ٣٤٩، ٣٥٧، ٣٦٨، ٣٧١، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٦٩، ٤٧١، ٥٢٦، ٥٩٢، ٦٨٦، ٦٨٧، ٦٨٨، ٨٠٠، ٨١٩
کەنگرلوو، ٩٩
کەهیا، ١٣١، ١٣٢، ١٣٤
کیکانۆ، ٧٨٦
کینگلوود، ٢٩٠

کۆجوور، ٧٣٠، ٧٣١
کۆچاتۆسکی، ٣٧٥
کۆدمەن، ٣٦٦
کۆلچاک، ٧٥٠، ٧٥١
کۆلۆنێل کازمخان، ٧٨٠
کۆلێتروفسکی، ١٠٣
کۆنت تولیستۆی، ٧٥
کۆنت دو سارتیژ، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢١
کۆنت دو سێرسی، ١٥٣، ١٥٥، ٣١٧،
٣١٨
کۆنت دو گۆبینوو، ٣٢١، ٣٢٤
کۆنت دو مۆنت فریت، ٤٣٥
کۆنتس لیگۆنتی، ٧٢٨
کۆنیگسبیرگ، ٢٢٠
کۆلن، ٢٢٠، ٢٨٠

(گ)
گاردان، ٤، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٣،
٧٤، ٧٥، ٧٦، ٨١، ٨٣، ١٠١، ٣١٧، ٤٧٧،
٨٢١
گازانۆف، ٧٥١
گاماسیاو، ١٣١
گریبایدۆف، ١١٩، ٤٩٣
گرێی، ئیف، فالان، ٧٣٨
گلادستۆن، ٧٤١
گلاسکۆ، ٣٦٠
گوادەر، ٢٨٣، ٢٨٩
گورجستان، ٥، ٤٤، ٤٥، ٥٠، ٦٨، ٧٠،
٧٤، ٨٧، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٨،
١٢٤
گورجی، ٤٥، ١٠٠، ١١٩، ١٢١، ١٣٠،
٦٤٨، ٦٦١، ٧٣٠
گورگان، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧،
٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٨،
٤٨، ١٠٦، ١١٤، ١٥٨، ١٦٦، ٣٠١، ٣٥٦،
٣٧٥، ٤٠٩، ٤٥١، ٦٥٠، ٦٨٠، ٧٣١، ٧٩٨،
٨١١
گورگینخان، ٩٦
گوکچای، ١٠٣، ١٠٧، ١٠٨، ١١١، ١٢٥
گولرووپ، ٧٩١
گووداویچ، ٤٩، ٥٠، ٧٤، ٩٥، ١٠١، ١٠٢
گولستان، ٨٩، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٧،
١٠٨، ١٠٩، ١١٦، ١١٨، ١٢٤، ١٤٣، ٢٠٨،
٢٢٦، ٤٠٧، ٤٨٦، ٤٩٢، ٥٦٧، ٧٢٣
گەنجە، ٥، ٩٣، ٩٤، ٩٦، ٩٧، ٩٩، ١٠٠،
١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ٤٨١
گەرووس، ٤١٢
گەرەکی جوولەکان، ٨٠٢
گیرشمەن، ٢
گیۆم، ٢٢٠
گیۆمی یەکەم، ٢٢٠، ٢٢٢
گور ئوورزلی، ٩٠، ١٠٣
گۆکتەپە، ٢٩٨
گۆمۆشتەپە، ٦٨٢
گیلان، ٢٤، ٣٠، ١٠٠، ١٠٦، ٤٠٩، ٤١٢،
٥٨٧، ٦٤٩، ٦٥٠، ٦٥٤، ٦٥٧، ٦٥٨، ٦٥٩،
٦٦٠، ٦٦٦، ٦٦٧، ٦٦٨، ٦٨٠، ٦٨٦، ٧١٣،
٧٢٠، ٧٣١، ٧٥٣، ٧٥٣، ٧٥٤، ٧٦٢، ٧٦٤،
٧٦٧، ٧٦٨، ٧٨١، ٧٨٣، ٧٨٤، ٧٨٥، ٧٩٣،
٧٩٦، ٧٩٨

(ل)
لارستان، ٣٢، ٢٨٦
لاقایات، ٦٥٠
لامی، ٧١، ٧٢، ١٨١

لاورێنس، ٢٢٠
لاهوور، ١٥٩
لاهیجان، ٧٨٥
لوتفاباد، ٢٠٢
لوتفعەلیخان، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٣، ٤٤، ٢٨٢، ٣٩٢
لوومێر، ٥٠٧، ٥٠٨
لوویی چاردەهەم، ٣٧٨
لوویی سێزدەهەم، ١٩٧
لوویی شازدەهەم، ٦٠٥
لوویی فیلیپ، ٣١٦، ٣١٨، ٣٢٠
لووڤر، ٣٢٤، ٣٤٤
لوهاڤر، ٤٠٩
لور، ٢٩، ٦٠، ٥٥٤، ٦٨٠، ٧٥٦
لورستان، ١٣٧، ٢٥٤، ٤٣١، ٤٧٠، ٤٩٢، ٥٤٣، ٨٠٨
لەزگی، ٩٤
لەندەن، ٧٩، ٨٠، ٨٦، ٨٧، ٩٠، ١٥٤، ٢١٥، ٢٢٠، ٢٢٧، ٢٥٨، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٧٨، ٢٨٩، ٢٩٠، ٣١٦، ٣٣١، ٣٤٦، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٦٢، ٣٦٩، ٣٧٢، ٤٠٣، ٤٠٩، ٥٥٦، ٥٩٨، ٦٩٠، ٧١٨، ٧٢٨، ٧٣٢، ٧٣٤، ٧٤١، ٧٤٣، ٧٤٤، ٧٤٥، ٧٥١، ٧٥٢، ٧٦٩، ٧٧٤، ٧٧٥، ٧٧٧، ٧٨٣، ٧٩٥، ٨٠٣، ٨٠٥، ٨٠٩، ٨١٢
لەنکەران، ٥٠، ١٠١، ١٠٣، ١١٤، ٤٠٩
لەهێستان، ١٥٨، ١٦٤، ١٨٧، ٣٧٢، ٤٥٣، ٤٧٠
لیاخوف، ٣٠٩، ٦١٤، ٦١٥، ٦١٧، ٦٢٣، ٦٢٤، ٦٢٥، ٦٢٨، ٦٣٩، ٦٤٠، ٦٥٩، ٦٦٠، ٦٦١، ٧٢٩
لیانازوف، ٣٠٨، ٣٤٢
لیسانمولکی سپێهر، ١٢١، ١٩٢، ١٩٤، ١٩٩، ٢٠١، ٢٢٩، ٣٧٩، ٤٩٢، ٤٩٣، ٨١٧
لینچ، ٢٩١، ٢٩٢، ٥٩٤
لیندزی، ٨٧، ١٠٣، ١٤٧، ٣٤٢
لۆرد ئۆکلەند، ١٥٩
لۆرد بایرۆن، ٦٥٠
لۆرد کوردەن، ٧٩٥
لۆرد کوڤلی، ٢٧٧، ٢٧٨
لۆرد ویلیزلی، ٧٩
لیئۆپۆلدی دووهەم، ٢٢٠
لیلوید، ٧٤٤
لینین، ٦٣٩، ٧١٣، ٧١٤، ٧١٦، ٧١٧، ٧٢٦، ٧٥٠، ٧٥١، ٧٥٤
لینینگراد، ٧٥

(م)
م. هوشیار، ٥٣١، ٦٣٠، ٨٢١
ماتاوس، ٨٣
مادرید، ٣١٥
مارسیی، ٣٢٣، ٤٠٩، ٨٠٨
مارشال ماکماهۆن، ٢٢١
مارکووس دو لاڤالیت، ٣١٧
ماریۆت، ٢٥٣
ماریۆتی، ٢٥٣
مازارۆویچ، ١٠٧، ١٠٨، ١٣٥
مازندەران، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣٣، ٣٥، ٣٨، ١٤٧، ١٨٩، ٣٠٢، ٣٥٦، ٤١٧، ٤٨٧، ٦٨٠، ٧١٠، ٧١٣، ٧٣١، ٧٥٢، ٧٦٢، ٧٦٣، ٧٨٥، ٧٩٢، ٧٩٣، ٧٩٦، ٧٩٨
ماژۆر ئیمبری، ٧٩٨
ماژۆر ئیدمۆند، ٧٥٩
ماشەڵلاخان، ٧٢٠، ٧٣٥
ماشەڵلاخانی کاشی، ٧٥٦
ماکو، ٦١، ١٣٦
ماگناتین، ٢٠٦

مالاکا، ٥١٦
ماماتین، ٣٦٠
ماماتۆف، ٦٢٨
مانتێت، ٨٧
مانش، ٢٢١
مالتسوڤ، ١١٩، ١٢١
مالەمیر، ٣٦١
محەللات، ١٦٨، ١٦٩
محەممەد عەبباسی، ٨٢١
محەممەد نەجات، ٦١١
محەممەدئەمین ڕەسووڵزادە، ٧٤٩
محەممەدئەمینخان، ٢٠٣، ٢٠٤،٢٩٧
محەممەدبیرایم، ٤١٩
محەممەدتەقیخانی حەکیم، ٤٧٧
محەممەدتەقیمیرزا، ١٤٧
محەممەدحەسەنخانی سەنیعوددەولە، ٨١٨
محەممەدحەسەنمیرزا، ٧٦٠
محەممەدخانی بەغاییری، ١٧٧
محەممەدخانی زەند، ٦٠
محەممەدخانی زەنگەنە، ١٢٢، ١٨٢
محەممەدخانی قاجار، ٣٦، ٩٧، ٢٧٠
محەممەدخانی کەشکوڵی، ٧٢٢
محەممەدسادقخانی قاجار، ٣٠١
محەممەدشا، ١٨٢، ١٩١، ٢٣١، ٣١٧، ٤٠٠
محەممەدعەلی ئاشتیانی، ١٠٧
محەممەدعەلی تەجریشی، ٢٧٩
محەممەدعەلی جەماڵزادە، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٥٦، ٣٦٧، ٤١٣، ٤١٧، ٤١٩، ٤٢١، ٤٥٨، ٦٨٨، ٨١٩
محەممەدعەلی موخبیر، ١١٧، ٢٥٥، ٣٠٠، ٨١٨
محەممەدعەلیپاشا، ١٠٩، ١٣٦، ٢٤٢
محەممەدعەلیخانی شیرازی، ٤٠٤
محەممەدعەلیخانی ماکۆیی، ١٧٧
محەممەدعەلیشا، ١٠، ١١، ٣٢٩، ٥٠٨، ٥٣٤، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٤، ٥٧٧، ٥٧٨، ٥٧٩، ٥٨٣، ٥٨٤، ٦٠١، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٥، ٦١٦، ٦١٧، ٦٢٠، ٦٢١، ٦٢٣، ٦٢٤، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٥، ٦٣٦، ٦٣٨، ٦٣٩، ٦٤١، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٥٠، ٦٥١، ٦٥٢، ٦٥٣، ٦٥٤، ٦٥٥، ٦٥٧، ٦٥٨، ٦٦٥، ٦٦٧، ٦٦٨، ٦٧٤، ٦٨٢، ٧١٢، ٧٢٧، ٧٢٨، ٧٢٩
محەممەدعەلیمیرزا، ١١، ٦٨، ١٠٢، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٣، ٣٣٩، ٣٧٥، ٤٧٢، ٥١٨، ٥٤٣، ٥٤٦، ٥٤٧، ٥٥٨، ٥٦٨، ٥٧١، ٦٠٧، ٦٤٢، ٦٥٥، ٦٥٩، ٦٦٦، ٦٧٩، ٦٨٠، ٦٨١، ٦٨٢، ٦٨٣، ٦٨٧
محەممەدمیرزا، ٦٠، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٥١، ١٥٨
محەممەدنەبیخان، ٨٠
محەممەدوەلیخانی، ٤٩، ٥٨، ٦٥٩، ٦٦٥، ٧٣٠، ٧٦٤
محەممەدڕەزا، ٣٠٤، ٦٠٦، ٧٦٥، ٧٦٦، ٨١٠، ٨٢٠
محەممەدڕەزا موساوات، ٦٠٧، ٦١١، ٦٧٣
محەممەدڕەزا[شای] پەهلەوی، ٣٠٤، ٨٢٠
مستەفا خانعەموو، ٥٠٨
مستەفا فاتح، ٣٤٧، ٣٥٠، ٤٦٤، ٤٦٥، ٧٠٤، ٧٣٠، ٧٣٤، ٧٣٥، ٧٤٣، ٧٤٦، ٧٩٤، ٧٩٥، ٧٩٧، ٧٩٨، ٧٩٩، ٨١٤، ٨١٩
مستەفاخانی دەوەللوو، ٤١، ٤٥، ٤٦

مسکین، ٤٨٥، ٤٨٧
موئتەمینوددەولە، ٦١٢
موئتەمینولمولک، ٢٩٩، ٤٠٤، ٤٠٨، ٧١٩، ٧٧١
موئەیەدبوددەولە، ١٨٧، ٧٧٢
موئەییەدوددەولە، ٢٧٢، ٢٨٤
موئەییەدوسسەلتەنە، ٦٣٥
موئەییەدولمولک، ٦٣٥
موجاهید(رۆژنامە)، ٦٠٨،
موجتەهیدوششوعەرا، ٤٨٠
موحاسیبولمەمالیک، ٧٢٧
موحتەشەمی کاشانی، ٥٠٠
موحسین سەیا، ١٥٤، ٤٧٧، ٨٢١
موحسین نەجمئابادی، ٦١١
موحسین‌خانی موشیروددەولە، ٢٥٨، ٤٦٨
موحەممەرە، ٧، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٦، ٢٥٠، ٢٥٣، ٢٧٦، ٤٥٢، ٦٨٧، ٨٠٨
موحیبعەلی‌خان، ٢٥٨
موخبیروددەولە، ٤٢٠، ٤٢١، ٥٦٦
موخبیروسسەلتەنە، ٥٨٨، ٧٦٠، ٧٦١، ٧٦٢
موختاروددەولە، ٦٢١
مودەرریس، ٧٠١، ٧٦٦، ٧٧١، ٨٠٦
مورتەزاخانی فتووحی‌قەیام، ٨١٣
مورتەزاقولی‌خان، ٣٤، ٦٧٤
مورغاب، ١٦٤
مورنینگ‌پۆست (رۆژنامە)، ٨٠٥
موزەففەرەددین‌شا، ٨، ١٩٨، ٢٥٨، ٢٨٩، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٧، ٣٤٠، ٣٤٣، ٣٥٣، ٣٦٨، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨، ٤١٦، ٤١٩، ٤٢٠، ٥١٥، ٥٢٠، ٥٢٣، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٦، ٥٤٩، ٥٥٣، ٥٥٤، ٥٥٨، ٥٦٠، ٥٦٢، ٥٦٣، ٥٦٨، ٥٧١، ٥٧٨، ٦٠٤، ٦٦٣، ٦٨٩، ٧٠٢
موزەففەرەددین‌میرزا، ٢٣١، ٢٣٥
موساوات (رۆژنامە و ناسناو)، ٦٠٠، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦١٠، ٦١١، ٧٤٩
موستەشاروددەولە، ٦٢٦، ٦٧٠، ٧٤٠، ٧٨٠
موستەوفی، ٤١٠
موستەوفیولمەمالیک، ١٢، ٢٣٦، ٤١٠، ٥٩٩، ٦١٢، ٦٦٦، ٦٧٤، ٦٧٥، ٦٧٦، ٦٧٩، ٦٨٤، ٦٩٠، ٦٩٤، ٦٩٩، ٧٠٢، ٧١٥، ٧١٩، ٧٦٤، ٧٦٦، ٨٠٥، ٨٠٦، ٨٠٧
موسەددیقوسسەلتەنە، ٧٧٩، ٧٨٠، ٨٠٤، ٨٠٧
موسەییب، ٤٠٩
موسەییب‌خانی ئازەربایجانی، ٦٢٩
موشاویروسسەلتەنە، ٦٦٦
موشاویرولمەمالیک، ٧٢٦، ٧٦٣، ٧٦٧، ٧٧٣، ٧٧٤
موشیر موعەززەم، ٧٧٢
موشیروددەولە، ٦، ١٢، ٢٢٣، ٢٣٦، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٤، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٩٠، ٣١١، ٣١٤، ٣٣٤، ٣٥٦، ٣٨٨، ٣٩٦، ٣٩٨، ٤٠٤، ٤٢٨، ٥٤٩، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٢، ٥٦٤، ٥٧٦، ٥٧٩، ٥٨٧، ٦١٢، ٦٤١، ٦٩٤، ٧١٥، ٧١٩، ٧٤٦، ٧٦٢، ٧٦٣، ٧٦٤، ٧٦٥، ٧٨٤، ٧٩٠، ٨٠١، ٨٠٢، ٨٠٣، ٨٠٦، ٨٠٧
موشیروسسەلتەنە، ٥٧٦، ٦٤٠
موعازیدوسسەلتەنە، ٦٣٦، ٨٠٧
موعتەمیدوتتوججار، ٦٧٧
موعتەمیدوددەولە، ١١١، ١٤٧، ١٧٤، ٤٠١، ٤٧٧، ٥٠٨، ٨١٧
موعیززوددەولە، ٤٩٧، ٧٧٢

موعیززوسسولتان، ٦٧٤، ٦٧٧، ٦٧٨، ٦٨٠
موعینورروعایا، ٦٧٧
موغان، ٤٦، ٥٠، ١٠٣، ١١٦، ١١٧
مومتازوددەولە، ٦٢٦، ٦٣٦، ٦٧١، ٧٤٠، ٧٨٠
مونشیزادە، ٦٢٩، ٧١١
مووتسوو هیتو، ٥١٦
مووسڵ، ٧٤٨
مووسۆلینی، ٧٢٨، ٧٧٧
مووش، ١٣٥، ١٣٧
موودەققەروسسەڵتەنە، ٦٢١
مەئینوسسەڵتەنە، ٦٩٢، ٧٠٨
مەجارستان، ٢٢١، ٦٩١
مەجدوددەولە، ٦٢١، ٦٨٠
مەجدوسسەڵتەنە، ٧٨٧، ٧٨٨
مەجمەر، ٤٨٠
مەجیدخانی ئەفغانی، ٢٠٨
مەحموودئاغا، ٧٥٣
مەحموودپاشا، ١٣٧
مەحموودخانی دووهەم، ٢٤١
مەحموودخانی مەلیکوششوعەرا، ٤٩١
مەحموودمیرزا، ٥٩، ١٥٨
مەحموودی ئەفغان، ٢٤، ٢٠٠
مەدانلوو، ١٣١
مەدینە، ٢٤٨
مەراکیش، ٥٩٠
مەرگەوەر، ٢٤٣، ٦١٢
مەرو، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٢٧، ٢٩٧، ٢٩٨، ٧٤٨
مەرەند، ٣٤١، ٦٤٩
مەریوان، ٥، ١٣١
مەزدەک، ٦١٨
مەزنەدەریای هیند، ٦٤، ٨٠، ٢٠٠
مەساروود، ٣٤٢
مەسجیدسولەیمان، ٣٦١، ٣٦٢، ٣٦٣، ٣٦٤
مەسعوود کەیهان، ٦٩٥
مەشهەد، ٢٥، ٢٦، ٤٦، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٨، ٦٠، ١٥٨، ١٦١، ١٦٤، ١٦٨، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٣، ١٨٤، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢٢٦، ٢٦٤، ٣٨٣، ٤٠٧، ٤٠٩، ٤١٣، ٤٣٩، ٤٦٨، ٤٧٤، ٥٦٤، ٦٦٨، ٦٨٦، ٦٨٧، ٧١١، ٧٨٧، ٧٨٨، ٧٩١
مەعسوومە، ١٤٤
مەغول، ١٣، ١٤، ١٩، ٣٧٩، ٣٨٢، ٣٩٥، ٤٦٨، ٤٩٢، ٤٩٧
مەفاخیرولمولک، ٦٢١
مەفاخیرولمەمالیک، ٦٦٧
مەکدۆناڵد، ١١٥،١٢٥، ٧٠٤، ٧٠٥
مەکران، ٢٨٣
مەککە، ١٧٣، ٢١٣، ٢٤٨
مەکلین، ٢٨٩، ٣٥٥، ٧٤٣، ٧٤٤
مەکنیل، ١٦٣، ١٦٧، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٦
مەلا حوسێن یەزدی، ١٦٩
مەلا سەدرا، ٤٧٣، ٤٧٤
مەلا موحسینی فەیزی کاشانی، ٤٧٣
مەلا نەسروددین، ٦٠٩
مەلازگرد، ١٣٧
مەلاعەموو (رۆژنامە)، ٦٠٩
مەلایر، ١٤٧
مەلکەمخان، ٥٢٩، ٥٣٩، ٥٤٠
مەلکوم، ٧٠، ٧٨، ٧٩، ٨٥، ٨٧، ١١١
مەلەکە ڤیکتۆریا، ١٥٤، ١٥٥، ٢٢٠، ٢٦٢
مەلیک مەحموودی سیستانی، ٢٤، ٢٥
مەلیکزادە، ١٩٨، ٥٢٢، ٥٢٥، ٥٤٤، ٥٤٧، ٥٩٧، ٥٩٩، ٦٠١، ٦٠٢، ٦٠٩، ٦١١، ٦١٤،

٦٢٤، ٦٣٠، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٦، ٦٣٨، ٦٣٩،
٦٤٠، ٦٥١، ٦٥٣، ٦٥٤، ٨٢٠
مەلیکوتتوججار، ٦٥٤، ٦٥٥
مەلیکوششوعەرا، ٤٨٠، ٤٩٢، ٦٩٩، ٧٢٥،
٧٥٠، ٧٧٠، ٧٧٣، ٧٧٨، ٧٩٤
مەلیکوششوعەرای بەهار، ٦٤١، ٦٧٢،
٦٧٤، ٦٨٧، ٦٩٢، ٦٩٩، ٧٠٨، ٧١٣، ٧٢٥،
٧٢٦، ٧٢٧، ٧٣٥، ٧٣٦، ٧٣٩، ٧٤١، ٧٥٠،
٧٥٢، ٧٥٣، ٧٥٤، ٧٦٥، ٧٦٦، ٧٦٧، ٧٦٨،
٧٦٩، ٧٧٠، ٧٧٧، ٧٧٨، ٧٨١، ٧٨٨، ٧٩١،
٧٩٢، ٨٠٢، ٨٠٣، ٨٠٦، ٨٢٠، ٨٢١
مەلیکولموتەکەللیمین، ٢١٥، ٥٢٢، ٥٢٥،
٥٤٣، ٥٤٤، ٥٤٨، ٥٦٤، ٥٩٧، ٥٩٨، ٥٩٩،
٦٠٠، ٦٠٢، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١١، ٦٢١، ٦٣٠،
٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٥، ٦٤٣، ٦٥٩، ٦٦١، ٨٢٠
مەمەسەنی، ٣٢
مەمەشخان، ٥٨
مەنجیل، ٧٥٢، ٧٦٤، ٧٦٥، ٧٧٩
مەنچووری، ٣٧٥
مەندەلی، ٤٠٩
مەندەلیج، ١٣١
مەنزەرییە، ٧٢٨
مەنسوورلمولک، ٨٠٤
مەنووچیهرخان، ١١٥، ١٤٧، ١٧٣
مەهاباد، ٦١٣، ٧٨٥
مەهدی، ١٥٢، ١٧٣، ٣٠٥، ٣٨٥، ٤٧٤،
مەهدی عولیا، ١٨٥، ١٩٣، ١٩٨
مەهدیخان، ٣٥، ١٣٤
مەهدیخانی سەرهەنگ، ٢٧٥
مەهدیعەلیخان، ٧٧، ٧٨
مەهدیقولیمیرزا، ٢٠٢، ٢٠٣، ٣٠٤
مەهدییە، ١٦٨، ١٧٣
مەیامی، ١٧٧
مەیدانی ئەرگ، ١٢٣
مەیمەند، ١٦٤
میتلەند، ٢٦٥
میرابوو، ٥٧٥
میرپینجە، ٦٢٤، ٧٦٩
میرخواند، ٨١٧
میرداماد، ٤٧٣
میرزا ئاغا، ٥، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٤،
١٥٥، ١٥٦، ١٦٢، ١٧٠، ١٧٦، ١٨٥، ٢٠٦،
٢٤٣، ٢٦٤، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢١، ٣٩٢، ٣٩٥،
٤٠٥، ٤٨٦، ٦٠٩
میرزا ئاقاخانی کرمانی، ٢١٦، ٥١٧، ٦٤٢
میرزا ئاقاخانی نووری، ١٥١، ١٧٩، ١٩٣،
١٩٧، ١٩٩، ٢١١، ٢٣٦، ٢٥٦، ٢٦٨، ٢٨٠،
٣٠٥، ٣٣١، ٣٧٩، ٣٨٤، ٤٢١، ٤٨٦
میرزا ئەبولحەسەنخانی سەنیعولمولک،
٢٢٨
میرزا ئەبولقاسم فەخرایی، ٧٥٣
میرزا ئەبولقاسمی ئیسفەهانی، ٦٥٥
میرزا ئەبولقاسمی فەراهانی، ١٤٦، ١٤٧
میرزا ئەبولقاسمی قایمەقام، ٥، ١١٠،
١١١، ١١٥، ١٣٦، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٤٩،
١٥٨، ١٨١، ١٩١، ٤٩٢، ٤٩٣
میرزا ئەحمەدخان، ١١٧، ٦٣٥
میرزا ئەحمەدی گورجی، ٤٩٦
میرزا ئیسحاق، ١٨١
میرزا برایمئاغا، ٦٢٦، ٦٣٣، ٦٣٤
میرزا بزورگ، ١٨٠، ٤٩٣
میرزا تەقیخان، ١٢٢، ١٣٩، ١٤٠، ١٥٢،
١٥٣، ١٥٥، ١٥٦، ١٦١، ١٧٤، ١٧٨، ١٧٩،
١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٢، ١٩٣،
١٩٤، ١٩٥، ١٩٧، ٢٠١، ٢٢٥، ٢٤٤، ٢٤٥،
٢٤٦، ٢٤٩، ٢٥٢، ٢٥٤، ٣٠٢، ٣٠٤، ٣١٩،
٣٨٤، ٣٨٦، ٣٩٥، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤٥٣،
٥١٨، ٥١٩، ٨١٨

میرزا تەقیخانی فەراهانی، ١٢٢، ١٣٩، ١٤٠، ١٦١
میرزا جانگیرخانی شیرازی، ٦٠٦
میرزا جەعفەرخانی موشیرولمولک، ٢٤٠
میرزا جەعفەری حەقایقنگار، ١٩٥
میرزا حوسێنخان، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٣٦، ٢٩٠، ٢٩٨، ٣٤٧، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٩٦، ٤٠٤، ٥١٩، ٧٤٠
میرزا حەسەن شیرازی، ٤٧٧، ٨١٧
میرزا حەسەنخانی خەبیرولمولک، ٥١٨
میرزا حەسەنی شیرازی، ٢٨٨، ٤٣٤
میرزا حەسەنی موجتەهید، ٤٣٤، ٤٣٥
میرزا حەسەنی رەشیدییە، ٥٢٠، ٥٥٩
میرزا حەمەعەلی، ٤٩١، ٧٥٣
میرزا داودخانی عەلیئابادی، ٦٣٤
میرزا سادقی حەکیم، ٣٠٥
میرزا سادقی وەقایعنگار، ١٣٢
میرزا سالح، ١١٣، ١٨٧
میرزا سالەخان، ٦٠١، ٦٢٢، ٦٢٨، ٦٢٩
میرزا سەعیدخان، ٢٣٢، ٢٩٩، ٤٠٤، ٤٠٨
میرزا شەفیع، ٦٧، ٧٥، ٨٩، ١٣٢
میرزا عەبباس، ٣٠٢، ٣٠٤
میرزا عەبدولحوسێنی سەعاتساز، ٧١٠
میرزا عەلیئەسغەرخان، ٣٠٠، ٣٢٢، ٣٢٦، ٣٢٩، ٣٥٦، ٣٨٣، ٣٨٥، ٣٩٢، ٤٦٣، ٥٢٣، ٥٤٤، ٥٤٦، ٥٥٨، ٥٨٧، ٥٩٨
میرزا عەلیئەکبەرخانی قەزوینی، ٦٠٦
میرزا عەلیتەقی فەراهانی، ١٨١
میرزا عەلیخان، ٢٢٥، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٢، ٣٣٤، ٣٣٦، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨١، ٣٨٣، ٣٨٤، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٩٨، ٤١٦، ٤١٧، ٤٢٢، ٤٢٣، ٤٢٤، ٤٣٤، ٤٦١، ٤٦٢، ٥٠٢، ٥١٧، ٥٢٠، ٥٢٦، ٨١٩
میرزا عەلینەقی گەنجەیی، ٦٤٤
میرزا عەولا، ١٨٩
میرزا عیسا، ١٤٨، ١٨٠، ٤٩٣، ٧٦٥، ٧٧٢
میرزا فورسەتی شیرازی، ٢١٥
میرزا فەتحعەلی دەربەندی، ٥٠٤
میرزا قاسمخانی ئەوریزی، ٦٠٦
میرزا کووچکخانی جەنگەڵی، ١٢، ٤٨٣، ٦٨٠، ٧٢٠، ٧٥٢، ٧٥٣، ٧٥٥، ٧٥٦، ٧٧٩، ٧٨١، ٧٨٣، ٧٨٤، ٧٨٦، ٧٨٧
میرزا محەممەدتەقی ئازەربایجانی، ١٨١
میرزا محەممەدسادق تەباتەبایی، ٦٢٦
میرزا محەممەدعەلی، ٦، ١٠٧، ١٩٠، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٢، ٣١٨، ٣١٩، ٣٩٥، ٤٠٤، ٤٧٨، ٧٠١
میرزا محەممەدعەلیخان، ٦، ١٩٠، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٢، ٣١٨، ٣١٩، ٣٩٥، ٤٠٤، ٧٠١
میرزا محەممەدعەلیخانی کلووپ، ٧٠١
میرزا مستەفا ئاشتیانی، ٦٥٥، ٦٦٧
میرزا موحسینی موجتەهید، ٧٠٨، ٧١٠
میرزا مورتەزاقولیخان، ٧٨٧
میرزا مووسا، ١٠٠
میرزا مەسعوود گەرمروودی، ١٩٠
میرزا مەسعوود مستەوفی، ١١٧
میرزا مەسعوودی ئەنساری، ٤٠٣
میرزا مەسیحی موجتەهید، ١٢٣
میرزا مەلکەمخان، ٢٢٤، ٣٣٥، ٥٠٤، ٥١٧، ٥١٩، ٥٢٩، ٥٣٩، ٥٤٠
میرزا نەسروڵلا ئەردەویلی، ١٥١
میرزا هەباسی بەستامی، ٤٨٥
میرزا یووسفخانی گورجی، ١٠٠
میرزا رەزا قەزوینی، ١٣٤
میرزا رەزا کرمانی، ٢١٦، ٢٣٤، ٣٣٠، ٥٢٣، ٥٣٥
میرزا رەزا مونشی، ٢٧٥
میرزا رەزا موهەندیس، ١٨٦

میرزا ڕەزاخانی قەزوینی، ٦٨، ٧١

میرزا ڕەزیخان، ٢٩٨

میرزای ئاشتیانی، ٤٣٤، ٤٣٥

میرزای شیرازی، ٤٣٤، ٤٣٥

میرشەمسەددین، ٧٥٣

میرقاسمخانی، ٣٧٩

میرمەعسووم، ٤٩

میرهاشمی دەوەچی، ٦٤٣، ٦٦٧

میسر، ٦٦، ١٠٩، ١٣٦، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٥، ٢١٧، ٢٤٢، ٣٤٣، ٥٩٠، ٦٠٣، ٧٨٢، ٨٠٨

میسیۆ نیکۆلا، ٣٢٤

میسیۆ هیدنە، ٣٩٣

میشکائولمەمالیک، ٧٠٧، ٧١٠، ٧١١

میلان، ٢٢١

مینا، ٥٠٨

میناب، ١٧١، ٢٨٤، ٢٨٧

مینتۆ، ٨١

مۆرگان، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٦٠، ٦٨٤، ٦٨٦، ٧٩٦

مۆریس، ٨٣

مۆسکۆ، ٧٤، ١٨١، ٢٢٠، ٢٢١، ٣٠٣، ٣٠٥، ٧٥٢، ٧٥٤، ٧٦٣، ٧٦٧، ٧٧٣، ٧٧٤

مۆنتیت، ٣٤٢

میترانسۆر، ٢٣٠

میتێرنیخ، ١١٢، ٢٦٢، ٢٦٣، ٣١٥

میرنار، ٦٨٩، ٦٩٥

مینچیکۆف، ٥، ١١٠، ١١١، ١١٢

میهراباد، ٦٧٧

میهرابخان، ٨٦

میهرابە ئەرمەنی، ٥٠٨

مینیجەر دارسی، ٨٨

مینیجەر هارت، ١١٠

(ن)

ناپلئون، ٤٧، ٥٥، ٥٦، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٦، ١٠١، ١٨٩، ٢٣٠، ٢٧٧، ٢٧٨، ٣١٦، ٣١٧، ٣٢٠، ٣٢١، ٣٢٤، ٦٩٦

ناپیر مەلکۆم، ٥٢٦

نادرشا، ١٨، ٢٦، ٢٧، ٢٩، ٤٨، ٥٢، ٥٥، ١٢٧، ١٢٩، ١٤٠، ٢٣٩، ٢٨١، ٣٩١، ٤١٨، ٤٥٤

نادرمیرزا، ٤٦، ٤٨، ٥٨

نارینقەلا، ١٣٧

نازمولئیسلام، ٣٧٥، ٥١٨، ٥٢٢، ٥٢٣، ٥٢٦، ٥٢٩، ٥٤٠

ناسروسسەلتەنە، ٥٤٤

ناسرولئیسلامی کرمانی، ٦٩٢

ناسرولمولک، ٤٠٤، ٥٥٢، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٧٤، ٥٧٦، ٦١٢، ٦٦٦، ٦٧٣، ٦٧٤، ٦٨٥، ٦٨٧، ٦٨٨، ٦٩١، ٦٩٢، ٧٢٧

ناسرەددینشا، ٥، ٦، ١٤٣، ١٥٦، ١٦٥، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٢، ١٨٤، ١٩١، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ٢٠٢، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١١، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣١ *(ونیوای زۆربەی لاپەرەکان)*

ناسرەددینمیرزا، ١٢٢، ١٨٢، ٤٩١

نایب حوسێن کاشی، ٧٢٠، ٧٣٥

ناڵەی میللەت ( ڕۆژنامە)، ٦٠٩

نوسرەتوددەولە، ٢١٩، ٥٠٨، ٧٢٦، ٧٤٣، ٧٤٤، ٧٤٥، ٧٥٤، ٧٦٦

نوقرە، ١٦٢

نووح، ٢١

نووز، ٢٢٦، ٣٧٢، ٤١٦، ٤٢٠، ٥٤٩، ٥٧٤، ٥٧٥

نەجەفخانی زەند، ٦٠
نەجەف، ١٢٣، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٣، ١٣٤،
١٤٠، ١٧٦، ١١٣، ٢١٥، ٢١٩، ٢٥٥، ٢٥٧،
٤٠٩، ٤٣٩، ٤٨٧، ٥٥٨، ٦٢١، ٦٤٧، ٦٧٠،
٦٧٤
نەجیبپاشا، ١٣٩
نەخجەوان، ٩٧، ١١٤، ١١٦
نەردیفی، ١٧٦
نەریمانخان، ٣٠٥
نەزەرئاغا، ٤٠٦
نەزەرعەلیخانی پیشکۆیی، ٦٨٢
نەسروسسەنتەنە، ٦٤٥، ٦٥٩، ٦٦٥، ٧٣٠
نەسرولمولک، ٧٦٥، ٨٠٥
نەسروللا، ٧٥٣
نەسرولّلامیرزا، ٦١
نەسیروددەولە، ٤٢٢، ٧٢٦
نەشات، ٤٨٢، ٤٨٣
نەفتوون، ٣٦٠
نەمسا، ٦٤، ٦٥، ١١٢، ١٨٦، ٢٢٢، ٢٣١،
٢٦٢، ٣٥١، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١٧، ٤٥٨، ٥١٦،
٥٨٩، ٦٩١، ٦٩٣
نەوبەهار (رۆژنامە)، ٦٧٣، ٦٨٧، ٦٩٢،
٧٠٨، ٧٥٠
نەوروزخان، ٨٣، ١٣١
نەوشار، ٣٠٨
نەهاوەند، ١٣٩، ٦٨٢
نەیشابوور، ٥٨، ١٧٧، ٤٦٨
نەییرولمولک، ٧٧٢، ٨٠١
نیاوەران، ٧٢٨
نیزاموسسەنتەنە، ٧٠١
نیزامەددین غەففاری، ٣٥٦
نیس، ٨١٥
نیکلسۆن، ٥٩٣
نیکیتین، ٥٣١، ٥٣٤، ٨٢١
نیکۆلا، ١٠٤، ١٦١، ٣٠٠، ٣٤١
نیکۆلا کورماکۆف، ٣٤١
نیکۆلا گورمین کاراوایۆف، ٣٠٠
نیکۆلای دووهەم، ٧١٤، ٧١٦، ٧٤٩
نیکۆلای یەکەم، ١١٠، ١٢٢، ١٦٠، ٣٠٥،
٣٠٦
نیگارستان، ١٥٠
نیەرئیست (رۆژنامە)، ٨٠٧
نیوئۆرلێئان، ٣٢٥
نیویۆرک، ٣٢٥
نۆبەران، ٦٨٣
نۆبەرە، ٦٤٣
نۆرمان، ٧٦٧، ٧٧٠
نۆشیروان، ٢٣٥
نۆفۆچیرکاسک، ٣٠٤
نیدیرماییر، ٦٩٨، ٧٢٠
نیسیلرود، ٣٠٦

(و)
واتسۆن، ١٢١، ١٥٦، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٤،
٢٥٧، ٢٥٨، ٤٠٧، ٧٣٢
واسمۆس، ٦٩٨، ٧٢٠
واشینگتۆن، ٧٣٣، ٧٩٢، ٧٩٥
وان، ١٣٥
ورمێ، ٢٤٣، ٢٩١، ٤٠٦، ٤٠٩، ٥٠٤،
٦١٢، ٧٨٥
وسووقوددەولە، ٥٦٥، ٥٦٦، ٦٧٠، ٦٧١،
٦٨٥، ٧١٠، ٧١٩، ٧٢٦، ٧٢٧، ٧٢٩، ٧٣٠،
٧٣٢، ٧٣٥، ٧٣٦، ٧٣٩، ٧٤٠، ٧٤١، ٧٤٣،
٧٤٥، ٧٤٧، ٧٤٩، ٧٥١، ٧٥٤، ٧٥٩، ٧٦١،
٧٦٢، ٨٠٣
وەحیدولمولک، ٦٧٣، ٧٠١، ٧١٧، ٨٠٤
وەرامخانی ئەرمەنی، ٧٥٩

وەرشەو، ٣٧٢
وەزیر ئەفخەم، ٥٧٦، ٥٨٧
وەزیر ئەکرەم، ٦٢٣، ٦٢٧، ٦٢٩
وەقایعنگار، ١٠٨، ١١٠، ١٢٩
وەقایعی ئیتیفاقییە(رۆژنامە)، ١٨٨، ٢٢٨
وەکیل، ٣٤، ٣٥
وەلیخانی سپادار، ٤١٨
ویسال، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٥
ویلسۆن، ٧٥٨
ویلهۆلم، ٢٢٠
ویلیام ماگناتین، ٢٠٦
ویلیامز، ٢٤٤
وینستیداهیل، ٧٠٨، ٧١٠

(هـ)
هاتفی ئیسفەهانی، ٤٧٩، ٤٨٠
هاردینگ، ٣٣٧، ٣٥٣، ٣٥٥، ٧٩٧
هاروارد، ٧٦٩
هانری رینێ، ٨٢١
هالدیچ، ٢٨٩
هوشیار، ٧٨٦
هولەند، ٦٤، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٤، ٣٧٣، ٤١٠، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦١، ٥١٦
هومایوون فرەوەشی، ٤٧٨
هووتەم شیندلێر، ٤٢٠
هووسە، ٣٢٤
هەباسئاغا، ٦٠٠، ٦٠١، ٦٠٢، ٦٠٣، ٦٠٥
هەباسئاوا، ٤٠٥
هەباسمیرزا، ٥٧، ٥٩، ٦٠، ٦٧، ٧١، ٧٢، ٧٥، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٤، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٧، ١٠٨، ١١٠، ١١١، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١١٨، ١٢١،١٢٣، ١٢٢، ١٣٠، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٩، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٨، ١٥٨، ١٨١، ١٨٢، ١٨٦، ١٨٩، ٢٣٩، ٢٨٠، ٣٤٢، ٣٨١، ٣٩٠، ٤٧٢، ٤٩٣، ٨١٧
هەباسی دووهەم، ٣٩١
هەباسی مازندەرانی، ٥١
هەباسی یەکەم، ٣٩١
هەرات، ٤، ٥، ٦، ٤٩، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦٩، ٧٨، ٧٩، ٨١، ٩٢، ١٠٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠، ١٦١، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٧، ١٨٣، ١٨٤، ٢٠٥، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٩٥، ٢٩٦، ٣١٥، ٣١٧، ٣٢٤، ٣٩١، ٤٨٦، ٤٩١
هەزاربەیزا، ٣٩
هەزاوە، ١٧٩، ٤٩٣
هەشتادان، ٢٨٩
هەمدەمولملووکخانم، ١٩٨
هەمزەمیرزا، ١٥٦، ١٥٧، ١٧٧، ١٨٣
هەمەدان، ١٣٠، ١٤٧، ١٧٠، ٢١٣، ٢١٦، ٢١٩، ٢٢٦، ٢٨٤، ٣٠٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٤٠٩، ٤١٩، ٤٢٧، ٤٤٧، ٤٥١، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٩٥، ٤٩٦، ٥٤٣، ٦٣٦، ٦٥٤، ٦٦٨، ٦٨٠، ٦٨٢، ٧٦٦، ٨١٠
هەنگاریا، ٢٢١، ٢٣١، ٦٩١
هەولێر، ١٣٣، ١٣٤
هەیئەت، ٧٧١، ٧٨٢
هیدایەت، ٢١، ١٢٢، ٤٧٩، ٧٧٢
هیرمەند، ٣٣٧
هیند، ٦٤، ٦٥، ٦٩، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٩٠، ١١١، ١٥٩، ١٦٠، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٣، ٢٠٠، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٩، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٧، ٢٢٦، ٢٦٧، ٢٧٩، ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩٠، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٧١، ٤٠٩، ٤٥٩، ٤٧١، ٥١٥، ٥٧٤، ٥٩٠، ٥٩١، ٦٠٣، ٦٨٨، ٧١٧، ٧٨٣

هیندوکوش، ١٦٠
هیندووستان، ٤، ٥٦، ٦٤، ٦٥، ٦٩، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٩، ٩٠، ٩١، ١١١، ١٥٩، ١٦٠، ١٦٣، ١٦٥، ١٦٦، ١٧١، ٢١٣، ٢١٤، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٩٠، ٢٩٦، ٣٤٤، ٣٤٦، ٣٥٧، ٣٦٠، ٣٦٢، ٣٧١، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٧، ٤٦٥، ٥٢٠، ٥٩٥، ٦٨٥، ٧١٤، ٧٦٣
هیندووەکان، ٧٩، ٧١٦
هیۆلاک، ٢٦٩
هۆرمز، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٧، ٤٥٤
هۆزی بەختیاری، ١٦٥
هۆلاکۆخانی مەغۆل، ٢١، ٣٧٩
هێراکلیووس، ٤٤، ٤٩، ٩٤
هیمن، ٧٨٥
هێنت، ٢٦٩، ٢٧٠، ٨٢١
هێنری دیتێردینگ، ٣٦٥
هێنری ویلۆک، ١١٠، ١١١، ١١٢
هێنری رینێ دالمۆنی، ٤٧٨

(ی)
یارمحەممەدخان،١٦٣،١٦٥، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٧،١٨٣، ١٨٤، ٦٧٩
یاسەمی، ٤٧٦، ٤٨٦، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥١٢، ٨٢١
یافس، ٢١
یاقووبە، ١٣١
یوخاریباش، ٢٢، ٢٣، ٢٥، ٣٣
یووسفخانی هەراتی، ٦٨٧
یەحیا، ٤٤٧، ٦٣١
یەزد، ٥٩، ٨٤، ١٦٩، ٣٤٤، ٤٦٤، ٤٦٩، ٥٧٤، ٦٠٨
یەزیدی کوڕی موعاویە، ٤٩٩
یەغما، ٤٨٩، ٤٩٠
یەفریمخان، ٦٥٩، ٦٦٠، ٦٦٦، ٦٧٤، ٦٧٦، ٦٧٧، ٦٨٠، ٦٨١، ٦٨٣
یەکاوی عارەبان، ٨٠، ٢٤٠، ٢٤٧، ٢٥١، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٧٦
یەمووت، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٠، ١١٤، ١٧٨، ٢٩٨
یێرمۆلۆڤ، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١١٢، ١١٣
یۆنان، ١١٠
یۆنگ، ٣٦٣

بنکەی ژین

## بەرهەمەکانی سەلاحەددین ئاشتی

١. بێدەنگیی دەریا(نۆڤلێت)، ژان برووڵێر(ڤێرکۆر)، بە هاوبەشی لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەلی حەسەنیانی)، وەرگێران لە فارسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١.

٢. کوێری(رۆمان)، ژۆزێ ساراماگۆ، وەرگێران لە فارسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠١، چاپی دووەم: چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧.

٣. خەبیامی هەژارانە(لێکۆڵینەوە)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠١، چاپی دووەم: چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤، چاپی سێهەم: (لە ژێر چاپ دایە).

٤. بەم هەمووە تاوانەوە لێبووردنی چی؟ (راپۆرت و لێدوانی سیاسی)، جاناتان رەندڵ، وەرگێران لە فارسییەوە، مەکتەبی راگەیاندنی ی. ن. ک، سلێمانی ٢٠٠٣.

٥. نەتەوەخوازی(توێژینەوە و لێکدانەوە)، دوکتور عەبدوڵلا ئەبریشەمی، وەرگێران لە فارسییەوە. چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٣.

٦. کەریم خانی زەند(مێژوو)، جان ر. پێری، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥.

٧. ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان(مێژوو)، پرۆفیسۆر ئارتوور کریستێنسێن، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦.

٨. شەوێک و خەوێک - بستووی ژیان(بیرەوەری و شێعرەکانی محەممەد نووری)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی سەلاحەددین ئاشتی. بنکەی ژین. سلێمانی ٢٠٠٦.

٩. ئێرانی سەردەمی سەفەوی(مێژوو)، دوکتور راجر سەیڤری، وەرگێران لە فارسییەوە. بنکەی ژین. سلێمانی ٢٠٠٦.

بنکەی ژین

١٠. تاپۆ و بوومەلیل(بەشێک لە پەخشانەکانی سوارە ئیلخانیزادە)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی سەلاحەدین ئاشتی، دەزگای چاپەمەنی پانیذ، تاران ١٣٧٩/ ٢٠٠٠.
١١. کتێبی دیاربەکرییە(مێژوو)، ئەبووبەکر تارانی، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.
١٢. شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی(مێژوو)، بەرگی دووەم، شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.
١٣. مێژووی ئەفشار(مێژوو)، میرزا رەشید ئەدیبوششوعەرا، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨.
١٤. ئەشکانییەکان(پارتەکان)، (مێژوو)، مالکۆم کالیج، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٠.
١٥. کردهای امپراتوری عثمانی(تاریخ)، دکتر جلیل جلیل، ترجمه از کردی به فارسی، نشر پانیذ، تهران ١٣٨١ شمسی/ ٢٠٠٢م.
١٦. تاریخ خروج اکراد و قتل [و] غارت شیخ عبیدالله بدبنیاد و اغتشاش و فتنه زیاد در مملکت آذربایجان در سنه ١٢٩٧، علی بن امیر گونەخان افشار، تدقیق، تصحیح و حاشیەنگاری: انور سلطانی، محمدعلی سلطانی و صلاح‌الدین آشتی، چاپ مرکز ژین، سلیمانیه ٢٠٠٨.
١٧. مێژووی ئێران: سەردەمی هەخامەنشییەکان (مێژوو)، پێداچوونەوەی: ئیلیا گێرشیڤیچ، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٢.
١٨. مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام (مێژوو)، رۆمەن گیرشمەن، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٣.
١٩. ئێرانی سەردەمی پادشایەتیی قاجاران (مێژوو)، عەلی‌ئەسغەر شەمیم، وەرگێران لە فارسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٤.

***